هەواڵنامەی کتێب

# فەرهەنگی

## چەمك و زاراوەكانی زانستە كۆمەڵایەتیەكان

## ئینگلیزی عەرەبی كوردی

# ناسنامەی کتێب:


ناوی کتێب : فەرهەنگی چەمك و زاراوەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان

ناوی نووسەر: د. ئەحمەد زەکی بەدەوی

ناوی وەرگێڕ: محەمەد فاتیح

پێداچوونەوەی: د.محمد شوانی

دیزاین و کۆمپیوتەر: زانا احمد کریم

چاپ: چاپی یەکەم

ساڵی : ٢٠٢٠

چاپ: چاپخانەی


فەرهەنگی

چەمك و زاراوەکانی

زانستە کۆمەڵایەتیەکان

هەواڵنامەی کتێب

# فەرهەنگی
# چەمك و زاراوەكانی زانستە كۆمەڵایەتیەكان
## ئینگلیزی عەرەبی كوردی


نووسینی

**دكتۆر ئەحمەد زەكی بەدەوی**

وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی كوردی

**محمەد فاتیح**

پێداچوونەوەی چەمكەكان

**دكتۆر محەمەد شوانی**

مامۆستا لە زانكۆی سەلاحەدین

# سەرەتایەك لەبارەی ئەم فەرهەنگەوە

کاری ئەکادیمی و ڕەوشی توێژینەوەی زانستی لەهەرێمی کوردستان وەکو هەموو بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵگاکەمان پڕن لەگرفت، یەکێك لەو گرفتانە کەمی سەرچاوە بە زمانی کوردی و نەشارەزایی توێژەرانمانە لەزمانی بێگانە، لێرەوە یەکێك لەئامرازو میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ئەم گرفتە وەرگێڕانە، بەتایبەت وەرگێڕانی فەرهەنگە زانستیەکان خزمەتێکی گەورە بەپرۆسەی توێژینەوەی زانستی و گەشەکردنی زمانی ئەکادیمی کوردی دەکات.

وەرگێڕانی فەرهەنگی زانستی کارێکی نەتەوەیی گرنگە، پێویستە خەمی وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی پلاندانان و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بێت، کۆمەڵێك مامۆستای شارەزاو بەئەزمونی بواری زانستە جیاوازەکان ئەنجامی بدەن لەهەرێمی کوردستاندا، چونکە وەرگێڕانی فەرهەنگی زانستی پێویستی بەتیمێك لەپسپۆڕانی زانستە لەیەك نزیکەکان و هەوڵوتەقەلای بەگروپی دەوێت، دوواتر بودجەی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت و هاوکاری مادی و مەعنەوی و وەرگێڕەکان بکرێت، لەدەزگاو دامەزراوەی تایبەتدا چاپ و بلاوبکرێنەوەو بخرێنە بەردەستی زانکۆ و ناوەندەکانی توێژینەوە.

لەکۆمەڵگای ئێمەدا پرۆژەو بەرنامەی لەو جۆرە نیە، بۆیە ئەمە خەمی کەسانی هۆشیارو دڵسۆزو نیشتمانپەروەرە، ئەوەتا دەبینین کەسایەتیەکی وەکو مامۆستا (محمد فاتح) بەتەنیاو لەو تەمەنەو لەو ڕەوشە تەندروستی و ئابوری و پڕ قەیرانەدا شانی داوەتە بەر ئەم ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانیە پیرۆزە، سەرەڕای نەبوونی هیچ هاوکاری و پشتیوانیەك خەمی هەنگاوەکانی دوواتریش وەك چاپ و بلاوکردنەوەو گەیاندنی بە زانکۆ و ناوەندەکانی توێژینەوە ,ئەرکەکەی گرانترو سەختتر کردووە.

ئەمڕۆ قوتابیان و خوێندکارانی قۆناغی کۆتایی پەیمانگاو کۆلیژەکان و ئاستی ماستەرو دکتۆراش لەزانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکاندا، گرفتی دیاریکردن و پێناسەی چەمکەکانیان هەیە، بۆیە بەدڵنیاییەوە وەرگێڕانی ئەم فەرهەنگە لەزمانی عەرەبیەوە بۆشاییەکی گەورە لەبواری توێژینەوەی زانستی بە زمانی کوردی پڕدەکاوە، کاریگەریەکانی ئەم فەرهەنگە لەنەوەی ئایندەی ناوەندەکانی توێژینەوەدا بەڕوونی دەردەکەوێت، دڵنیام زۆربەی توێژەرانی کورد پەنای بۆ دەبەن، هەروەکو چۆن لەماوەی پەنجا ساڵی ڕابردودا بەدەگمەن ئەکادیمیستێکی عەرەب ئەگەر هەبێت ئەم فەرهەنگەی بەکار نەهێنابێت لەتوێژینەوەکانیدا، بۆ توێژەرانی کوردیش دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ.

فەرهەنگی چەمك و زاراوەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەرهەمی کاری دەیان ساڵی زانای میسری (پرۆفیسۆر دکتۆر ئەحمەد زەکی بەدەوی)ە، لەنوسینیدا پشتی بەنزیکەی دوو سەد فەرهەنگی ئینگلیزی و فەرەنسی و عەرەبی بەستووە، بۆ یەکەمجار لەساڵی 1978 چاپ و بلاوکراوەتەوە، دوواتر بەهۆی گرنگی و بایەخیەوە لەپرۆسەی توێژینەوەدا چەندینجار چاپکراوەتەوە، ئەم فەرنگە بۆ توێژەرانی کورد بەرهەمێکی دەگمەن و کەموێنەیە، (هەرچەندە لە ناونیشانە کوردیەکەدا چەمك و زاراوەکانمان لە یەك

جیا نەکردوەتەوە و لە عەرەبیەکە تەنیا فەرهەنگی زاراوەی زانستە کۆمەڵایەتیەکانە بەڵام لە راستیدا فەرهەنگی چەمك و زاراوەکانە)بۆیە چ لەهەڵبژاردنیدا بۆ وەرگێڕان و چ لەوەرگێڕانەکەشدا مامۆستا (محمد فاتح) شایانی دەست خۆشی و سوپاس و رێزو پێزانینە، ئەم کارەی بەشداریەکی گەورەی لەهەڵچنینی بناغەی زمانی ئەکادیمی کوردیدا کردووە، هیوای تەمەندرێژی و تەندروستیەکی زۆر باش و هەمیشە سەرکەوتنی بۆ دەخوازم، هیوادارم منیش لەپێداچونەوەکەمدا توانیبێتم ئەم کارە جوانە جوانتر بکەم و بەزمان و دەربڕێنێکی رەوانتر بیخەینە بەردەستی توێژەرانی کوردزمان، هەر ئەوەش ئامانجی ئێمەبووە.

هەواڵنامەی کتێب

**دکتۆر محمد شوانی**

2020/7/12

# پێشەكی وەرگێڕ

فەرهەنگ، كتێبێكە چەندین زانیاری گشتی دەگرێتە خۆی دەربارەی چەند بابەتێكی زانین، یان تایبەت دەبێت بەبابەتێكی دیاریكراو، زانیاریەكانیش بەشێوەیەكی كورت دەخاتە ڕوو، لەو كارەشدا، پشت بە ڕێكخستنی وردتر دەبەستێ و بەپێی ڕێك پێكییەكی ئەلف و بێی، بۆ ئەوەی لەكاتی گەڕانەوە بۆی و بەمەبەستی سوود وەرگرتن لێی، ئاسان بێتە بەردەست.

فەرنگ بەكارێكی گرینگ دادەنرێت لەبواری زانستی، لەبەر ئەوەی زانیارییە بنچینەییەكان و راستیە سەرەتاییەكان دەخاتە ڕوو، دەربارەی جۆرەها بابەتی زانستی و ژیانی مرۆڤایەتی.

دیارە كتێبخانەی كوردیش بەو بڕەی لەخۆی گرتووەو بەردەوامیش پێی دەگات لەفەرهەنگ و ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بەباسەكەوە هەیە، ئەوانە زیاتر دەربارەی زانستەكانی زمان و زانستە پراكتیكی و سروشتیەكانن، تاوەك زانستە كۆمەڵایەتیەكان، زانستە كۆمەڵایەتیەكان كەمتر بایەخیان پێ دراوەو كەمتریش فەرهەنگێك دەربارەیان بكەوێتە بەردەست، ئەمە سەرەڕای بوونی كێشەیەكی گەورە لەناو زانستە كۆمەڵایەتیەكان (بەتایبەتی لەزمانی كوردی) ئەویش بریتیە لەبیروڕای جیاوازو راڤەكردنی لەیەك نەچوو بۆ زۆر زاراوەو بابەتەكانی.

دەكرێ بڵێین كێشەی گەورە لەبەردەم ئەوانی لەبواری زانستە كۆمەڵایەتیەكان كار دەكەن، لەهەر زمانێكدا بێت، جیاوازییە لەچەمكەكاندا، دیارە ئەوەش كۆسپە لەبەردەم پێشكەوتنی ئەو زانستە.

نووسەری ئەم فەرهەنگە دكتور ئەحمەد زەكی بەدەوی شارەزایەكی ناسراوو بەتوانایە لەم بوارە، ناوبراو مامۆستای كۆلیجی ئادابی زانكۆی ئەسكەندەرییە بوو، هەروەها لەپەیمانگای باڵای كار گوزارییە كۆمەڵایەتیەكانی ئەسكەندەرییە، پسپۆرە لەمەڵبەندی نەتەوەیی بۆ توێژینەوە كۆمەڵایەتیەكان لەوڵاتی میسر.

ناوبراو ژمارەیەكی گەورەی نووسین و كتێب و فەرهەنگی داناوە لەبوارەكانی كۆمەڵناسی، بازرگانی و دارایی، راگەیاندن، كارگێڕی، پلاندانان و گەشەپێدان، پەروەردەو فێركردن، یاسا، ئابوری، بەزمانەكانی عەرەبی و فەرەنسی و ئینگلیزی.

كتێبی فەرهەنگی زانستە كۆمەڵایەتیەكان یەك لەكتێبە باش و دیارەكانی ئەو نووسەرەیە، نزیكەی چوار هەزار زاراوە دەگرێتە خۆی لەبوارەكانی ئەنثرۆپۆلۆژیا، گەشەپێدان و پلاندانانی كۆمەڵگە، دیموكرافی، ئابوری ، جوگرافیای مرۆڤایەتی، پەیوەندییەكانی كار، یاسا، لۆژیك و میتودەكانی توێژینەوە، پەروەردەناسی، ڕێبازە فەلسەفیەكان، فەلسەفەی مێژوو، سیاسەت، كارگێڕی گشتی و تایبەت، بەرگری شارستانی، ئابوری كۆمەڵایەتی، یاسای كۆمەڵایەتی، دەروونناسی كۆمەڵایەتی، كارگوزاری كۆمەڵایەتی، كۆمەڵناسی، ئامار.

نووسەر لەپێشەکی کتێبەکەی ئاماژەی بۆ زۆر خاڵ کردووە دەربارەی شێوەی کارکردن لەنووسینی ئەم فەرهەنگە، بۆیە پێویست ناکات بەدووبارە کردنەوەیان، بەڵام لەمیانەی وەرگێڕانی کتێبەکە بۆ سەر زمانی کوردی هەندێ تێ بینی هەیە پێویست بەبەرچاو خستنیان دەکات:

1- نووسەر لەکاتی ڕاڤەکردنی زاراوەکان، بەرامبەر هەر زاراوەیەکی ئینگلیزی زاراوە فەرەنسیە هاوتاکەی دانابوو، بەڵام من تەنها لەپاشکۆی کتێبەکە لستی زاراوەکان بەپێی ئەلف و بێی ئینگلیزی و هاوتا فەرەنسەکانیانم خستۆتە ڕوو.

2- دووپاشکۆم بۆ کتێبەکە داناوەو بەم شێوەیە:

ا) زاراوەکان بەپێی ئەلف و بێی ئینگلیزی و بەرامبەر زاراوە فەرەنسیەکان و واتاکانیان بەزمانی کوردی.

ب) لستی زاراوەکان بەپێی ئەلف و بێی کوردی.

لەکۆتاییدا دەبێ ئەوە بڵێم کە کارێکی لەم جۆرە بێ کەم و کورتی نابێت، بۆیە هیوادارم هاوکارم بن بۆ ڕاستکردنەوەو تەواو کردنی لەئایندەدا، هەروەها دەبێ زۆر سوپاسی هەموو ئەو مامۆستاو بەڕێزانە بکەم کەیارمەتیان داوم لەم بارەوە، بەتایبەتیش دکتۆر محەمەد شوانی کەئەرکی پێداچوونەوەی چەمکەکانی گرتە ئەستۆی خۆی...

وەرگێڕانی

**محمد فاتح**

هەولێر/ 2020

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

زانستە کۆمەڵایەتیەکان لەساڵانی دواییدا، بڵاوبوونەوەیەکی گەورەیان بەخۆیانەوە بینیوە، ئەو زانستانە لەناو کۆلێژ و پەیمانگا جیاوازەکاندا بایەخی زیاتریان پێدراوەو گەیشتوونەتە ئاستێکی گەورەی پێشکەوتن، بۆیە بەشێوەیەکی فراوان بەکار هێنراون، لەدامەزراوەکانی حکومەت و پرۆژە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکاندا، هەروەها لەزۆر بواری ژیانی کۆمەڵایەتیش بایەخی زیاتریان پێدراوە، دیارە ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ پێویست بوون بەبابەتەکە بەمەبەستی دووبارە رێکخستنەوەی جیهانی نوێ.

لەلایەکی دیکەوە پسپۆری لەبواری زانستە کۆمەڵایەتیەکان، رووی لەزۆربوون کردووە، ئەو زانستانە بەو هۆیەوە چەندین لقی جۆراوجۆریان لێ بۆتەوە، لەوانە: کۆمەڵناسی بەلقەجیاوازەکانیەوە، ئەنثرۆپۆلۆژیا، دەروونناسی کۆمەڵایەتی، ئابوری کۆمەڵایەتی، کۆمەڵناسی یاسا، کارگێری و رێکخستن، پەیوەندییەکان، لەبواری کارو هەل و مەرجەکانی، پلاندانان و رێکخستنی کۆمەڵگە، گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، رێبازەکانی تۆێژینەوەی کۆمەڵایەتی.

دیارە باس و بابەتەکانی ئەو زانستانەش، چالاکیە جیاوازییەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە، ئەگەر وەك تاك بێت یان گروپ یاخود کۆمەڵگە، میتۆدی زانستیش دەبێتە رێگای تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەکان، هەموویانیش بەیەکەوە بۆ خزمەتکردنی مرۆڤ هاوکار دەبن، بابەتەکانیانیش لەچوار چێوەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان دەرناچن.

دیاردە کۆمەڵایەتیەکان، ئابوری یان سیاسی یاخود هونەری یانیش ئەدەبی، هیچیان سەربەخۆنین، یان لەحاڵەتێکی تەنهایی و گۆشەگیرنین، دوور لە بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی، بۆیە لەتوانادانیە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان لە یەکتر دوور بخرێنەوە، لەبەرئەوەی پشت بەیەکتر دەبەستن و کارتێکردنیان لەسەر یەکتر دەبێت و هەندێکیان کاریگەرییان دەبێت بەسەر هەندێکی دیکە، هەروەها هەر گۆڕانێك لەبوارێك لەبوارەکانی کۆمەڵگە روودات ئەوا رەنگدانەوەی دەبێت لەچەند بوارێکی دیکە.

بۆیە دەبێ ئێمەخۆشحاڵ بین ئەو بزاڤە خۆکردەی رووی لەرێك و پێکردنی ئەنجامەکانی تۆژینەوەی زانستە کۆمەڵایەتیەکان کردووە، بەمەبەستی گەیشتن بە لێکۆلینەوەیەکی هەمەلایەن بۆ کۆمەڵگە، چونکە بێ ئەو بزاڤە ناکرێ هەر گونجاندن و رێك و پێکیەك بێتەدی لەنێوان کێشە جیاوازەکاندا.

توێژینەوەی پسپۆری دەبێ لەپەیوەندییەکی توندی بەردەوامدا بێت بەو توێژینەوانەی کە لەبوارەنزیکەکانی دیکە ئەنجام دەدرێن، ئەو پسپۆرانەی تەماشای پشتی خۆیان ناکەن، ئەوانە شایانی ئەوەن رێژەیەك لەشتەکان بەهەڵە ببینن.

هەروەك لەباسەکەمان دەردەکەوێت، کەئاراستەیەکی بەهێز هەیە بۆ روخاندنی سنورە کۆن و نەریتەکانی نێوان زانستە کۆمەڵایەتیەکان، لەگەڵ ئاڵوگۆڕکردنی پەیوەندی لە نێوانیاندا، ئەو ئاراستەیەش رێگای

هیـــواو ئومێـــده بـــەرەو کۆمەڵناســـیەکی تـــەواوکار، کـــەڕێگا بەهـــەموو زانیاریـــەکان دەدات، بـــاس و لێکۆڵینەوەکانیان دەربارەی مرۆڤ، یاخود کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەئەنجام بگەیینن.

بۆیـە توێژینەوەچـەمك و زاراوەکـانی هـەر زانسـتێك لەزانسـتە کۆمەڵایەتیـەکان بەتـەنها، تاڕادەیـەك بـە توێژینەوەیەکی ناتەواو دادەنرێت، لەکاتێکدا لەتوانادا هەیـە ئـەو زانستە بەشێوەیەکی ئاسان و بەردەست تێگەیشتنیان بۆ بکرێت، ئەگەر توێژینەوە بۆ زاراوەکان هەمەلایەن بێت.

لەو مەرجانەی پێویستن بۆ پەرەپێدان و پێشکەوتن لەهەر بوارێك لـەبوارەکانی زانست، فەراهـەم بـوونی زاراوەی وردی تەواو پێویست لەم بوارەدا، لەگەڵ بوونی ڕێککەوتنیش لەسـەر نـاوەرۆکی زۆربـەیان لەلایـەن ئەوانـەی لـەو بـوارە کاردەکەن، بەتایبـەتیش کاتێ زانسـتەکە هێشتا لـەبواری تـەواو کـردن و گەشـە کـردن دەبێت.

کێشەی گەورە لەبەردەم ئەوانی لەبواری بابەتە کۆمەڵایەتیەکان کار دەکەن، لەهـەر زمانێـك، نـەبوونی ئـەو جۆرە زاراوانـەیـە، لەدوایشدا دژواری ڕێککەوتن لەسـەر ناوەرۆکـەکانیان، لەراسیشـدا هەنـدێ زاراوەی بـەکار هێنراو کە ئاماژە بۆ یەك چەمك دەکەن، ڕەنگە جیاوازییەکی تەواویان تێدا هەبێت، هەروەها ڕەنگە مانای پێویست نەگەێنن هەندێ جار، بۆیـە لەزیانـەکانی فرەیـی ئـەو زاراوانـەو پابەنـد نـەبوونیان بەیـەك ڕێساو بنـەما لەبەکارهێنانـدا، سـەر لێشـێواندنی نووسـەرو خوێنەریشـە بەیەکـەوە، هـەروەها بـەردەوام نـەبوونی پێشکەوتنە لەبواری بەرهەمهێنانی زانستی.

سەرەڕای ئەوانە، ئەوانەی لەم بوارەدا کاردەکـەن، پەیوەندییـەکی تووندییان لەنێوانـدا نیـە، دەربـارەی ئـەو توێژینـەوەو لێکۆڵینەوانـەی پێـی هەڵدەسـتن، هـەروەها لـەو ڕێساو یاسایانەی کـە دایدەڕێـژن، بۆیـە هـەر یەکەیان زاراوەیەك دادەنێت بەپێی بیرو بۆ چوونی خۆی و بەوشێوەی کـەتێی دەگات، ئەمـەو کاریگەرییـە ڕۆشنبیریەکانیش جیاوازیان تێدا هەیە لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە، لەکاتێکدا دەبینـین وڵاتـانی عێـراق و سودان زیاتر کاریگەرن بـەکولتوری ئینگلیـزی، ئـەوا باکوری ئـەفریقیا کولتـوری فەرەنسـی بەسـەریدا زاڵـە، ڕەنگە لەوڵاتێکی دیکەدا زیاتر لەکولتورێك کۆبووبێتەوە، هەروەك لەمیسر ڕوویداوە، دیارە ئـەو دیاردەیـەش بووە بەهۆی سەرلێشێواوی لەدیاریکردنی زاراوەکان و شپرزەیی لەبەکار هێنانیان و تێکـەڵکردنی زۆربـەیان، کە هەر وشەیەك لەزۆر باردا هەمان مانای نابێت، ئەویش بەتایبەتی لەوڵاتانی دواکەوتوو دەردەکەوێت.

ڕەنج و کۆششێکی زۆر بەخشراوە بۆ گواسـتنەوەی زاراوەکـانی زانسـتە کۆمەڵایەتیـەکان و وەرگێڕانیـان یـان گۆڕینیان بۆ سەر زمانی عەرەبی، دیارە ئـەو هـەوڵ و ڕەنجانـەش کـارێکی زەحمـەت و درێـژ خایـەن بوونـە، ناکرێ لەگرینگیان کەم بگرێتەوە، لەبەر ئەوەی بۆ شاییەکی لەکتێبخانەی عەرەبی پڕ کردۆتەوە.

هەروەها ئەوکارە، یارمەتیەکی کارا بووە لەنزیکردنەوەی ئەو زانستانە بۆ مێشك و بیرکردنـەوە، بـەڵام ئـەو هەوڵ و کۆششانە نەگەیشتوونەتە ڕادەی دانانی فەرهەنگێکی زاراوەیی ڕاڤەکراو، کەزاراوەکە پێناسـە بکات، لەگەڵ شێوە جیاوازەکانی بەکار هێنانیان، بەڵکو ئەو هەوڵ و کۆششانە لەو ئاستە وەستاون کە دانانی لستی درێژی جیاواز بن بۆ ئەو زاراوانە، لەگەڵ بەرامبەرەکەی لەزمانی عەرەبیدا.

بێگومان یەکخستنی ئەو زاراوانەو پێناسە کردنیان یارمەتیدانە بۆ تێگەیشتن و ئاسانکردنی ماناکانیان و نزیك کردنەوەیان لەمێشك، هەروەها ئاسانکارییە بۆ پرۆسەی بەیەك بەستنەوەی نێوان ئەوانی گرینگی بەزانستە کۆمەڵایەتیەکان دەدەن لەگەڵ ئەوانی لەبواری گەشەپێدان و چاودێری کۆمەڵایەتی کاردەکەن، ئەمڕۆ ئەو شارەزایانەی کەهەڵدەستن بە ئامادەکردنی یاساکان لەدەوڵەتە عەرەبیەکان، ئەو جۆرە پەیوەستیەو هاوکاری نێوانیان و ئاڵوگۆڕکردنی شارەزایی و زانیاریەکان کۆیان دەکاتەوە.

کۆنگرەی دوازدەهەمی کاروباری کۆمەڵایەتی و کار، کەلەقاهیرە بەستراوە لەمانگی مایسی/ 1968، بایەخی بەو بابەتە داوەو داواشی کردووە کار بۆ یەکخستنی ئەو زاراوانەی بکرێت کە تایبەتن بەگەشەکردن و چاودێری کۆمەڵایەتی.

هەروەها کۆنگرەی راگرانی پەیمانگا کارگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان کەلەشاری قاهیرە بەسترا لەشوباتی/ 1971، لەژێر چاودێری کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی و پەیمانگەی کاری کۆمەڵایەتی، کە لەکۆنگرەی یەکەمی وەزیرانی کاروباری کۆمەڵایەتی عەرەبی لەئازاری ( 1971) بڕیاری لەسەر درا، ئە کۆنگرەیە بڕیاریدا بەکارکردن لەسەر یەکخستنی زاراوە بەکار هێنراوەکان لەبوارە کۆمەڵایەتیەکان، وەك ئاسانکارییەك بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە بەراورد کارییەکان.

لەماوەی کاری نووسەرو سەرقاڵبوونی بەکاری وانە وتنەوەو فێرکردنی زانستە کۆمەڵایەتیەکان لەکۆلیژەکانی ئاداب و پەروەردەو پەیمانگاکانی کارگوزاری کۆمەڵایەتی بۆ ماوەیەکی دووردرێژو بەشداریکردنی لەزۆربەی ئەو کۆنگرانەی کەباسکردنی ئەو زانستانەی گرتۆتە خۆی، هەروەها هەستانی بەکاری کۆکردنەوەو پێناسە کردنی ژمارەیەکی زۆری ئەو زاراوە کۆمەڵایەتیانەو لەسەر راسپاردن و داواکاری کارگێڕی کاروباری کۆمەڵایەتی لەئەمینداری گشتی کۆمکاری دەولەتانی عەرەبی و مەڵبەندی نەتەوەیی بۆ توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و تاوانکاری، لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای چاودێری هونەرو ئاداب و زانستە کۆمەڵایەتیەکان و کۆمەڵەی میسری بۆ ئابوری سیاسی و ئامارو یاسارێژی، ئەوا بابەتە پێویستیەکان بۆ دانانی ئەم فەرهەنگە فەراهەم بوون.

نووسەر دەستی بەکارکردن کرد، هەنگاوی یەکەمیش کۆکردنەوەو دەست نیشانکردنی زانستە کۆمەڵایەتیە بنچینەییەکان بوو، لەو کارەشی پشتی بەپۆلینکردنی شێوازی دەیەی جیهانی بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەست، ئەو شێوازەی یەکێتی جیهانی بۆ تۆمارو بەبەڵگەکردنی ئەو زانستانەی پێشتر ئاماژەیان بۆ کرا.

پاشان نووسەر هاتە سەر کۆکردنەوەی زاراوە کۆمەڵایەتیەکان، کەئەویش پرۆسەیەکی وردو ماندووکەرە، زاراوەی کۆمەڵایەتی ئەو وشەیەی یان ئەو دەربڕینەی کە مانایەك و بەهایەکی تایبەت هەڵدەگرێت بۆ ئەو کەسەی لەبواری بابەتە کۆمەڵایەتیەکان کاردەکات، دیارە کارێکی ئاسانیش نیە دانانی سنورێکی یەکلاکەرەوە یان چەند پێوەرێك کە ئەو رادەیە دیاری بکات لەکۆکردنەوەی زاراوەکان بۆ ئەوەی کاری پێ بکرێت.

نووسەر لەکۆکردنەوەی زاراوە کۆمەڵایەتیەکان پشتی بەچەند فەرهەنگێکی زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەستووە، بەهەردوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی، وەك سەرچاوەش لەکۆتایی کتێبەکە ئاماژەیان بۆ کراوە،

هەروەها پشتی بەپێڕستەکانی ئەلف و بێی زاراوەکان بەستوە کەلەزۆر کتێبی زانستە کۆمەڵایەتیەکان ناویان هاتووە.

لەدیاریکردن و بژاردنی زاراوەکان، نووسەر ڕەچاوی ئەم خاڵانەی کردووە:

1- لەبەر ئەوەی زاراوە بەکار هێنراوەکان لەچەند زانستێکی کۆمەڵایەتی تایبەتەوە، وردەکاری زۆر دوورو درێژیان هەڵگرتووە، بۆیە نووسەر کەمترین رادەی ئەو زاراوە بنچینەییە بەکار هێنراوانەی ڕوونکردۆتەوە لەو زانستانەی کە دەکرێ هاوکاربن لەپەرەپێدانی زانست و خزمەتکردنی کێشەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، بێ ئەوەی باس لەو زاراوانە بکرێت کە زۆر پسپۆرین.

2- لەهەڵبژاردنی زاراوە کۆمەڵایەتیەکان ڕەچاوی ئەوە کراوە، ئەو زاراوانە بن کەزۆر بەرەو ڕووی خوێندکار یان توێژەر دەبنەوە لەو زانستانە، هەروەها گرینگیان هەبێت بۆ پێشکەوتنی گریمانەو راستیە بنچینەییەکان و ڕوونکردنەوەی تێڕوانینی ئەو زانستە، ئەویش بەهۆی بەراوردکردنی ئاماژەکارییە جیاوازەکانی زاراوەکە.

3- وەرگرتنی سیفەتە زاڵبوەکەی زاراوەکە، هەروەها رادەی بڵاوبوونەوەی وەك زاراوەیەك لەزاراوە کۆمەڵایەتیەکان.

4- دوور خستنەوەی ئەو وشانەی لەسنورێکی تەسکدا بەکار دەهێنرێن و لەلایەن یەك لەتوێژەران داهێنراوە.

5- دوور خستنەوەی ئەو زاراوانەی تایبەتن بەڕێ و رەسمە ئاینیەکان، یان سیستمە سیاسییەکان، ئەوانی لەسنورێکی تەسك بەکار هێنراون.

6- دوور خستنەوەی ئەو زاراوانەی باوو ناسراون، بەهۆی پەیدا بوونی زاراوەی زانستی تازە.

ژمارەی ئەو زاراوانەی لەم فەرهەنگە کۆکراونەتەوە دەگاتە چوار هەزار زاراوەی پۆلین کراو بەپێی پیتەکانی ئەلف و بێ لەزمانی ئینگلیزیدا.

هەنگاوی دووەم، وەرگێڕانی زاراوەکان بوو بۆ سەر زمانی عەرەبی، لێرەدا ئەم خاڵانە ڕەچاوکراون:

أ) رادەی بەکەڵك هاتنی زاراوەکە لەڕووی کارپێکردنەوە، هەروەها دیاریکردنی واتاکەی دیاریکردنێکی تەواو.

ب) پێداچوونەوە بەزاراوەکە بەپێی بەڵگە زانستیە جیاوازەکان، پێش ئەوەی کاری پێبکرێت.

ت) هەڵبژاردنی ئەو زاراوانەی زیاتر باون و بەکار دەهێنرێن.

ث) دیاریکردنی نزیکترین وەرگێڕان یان لێوەرگرتن یاخود ناساندن کە لەگەڵ ئاماژەکانی زاراوەکە ڕێکدەکەوێت، ئەگەر ئەو زاراوەیە پێشتر بەعەرەبی نەکرابوو.

ج) دوورکەوتنەوە لەوشە عەرەبیە گرانەکان، ئەوانی بەکارهێنانیان دژوارە لەناوخەڵك.

ح) دوور کەتنەوە لەو وشانەی ئاڵۆزو ناروونن.

خ) بژاردنی ئەو زاراوانەی کە زۆر کورت و پوختن.

بەڵام هەنگاوی سێیەم لەکارکردن، بریتی بوو لە پێناسەکردنی زاراوەکان کەلایەنێکی گرینگ و دژواربوو، لەکارەکە، لەبەر ئەوەی پێناسەکردنی زاراوە، ئاماژە بۆ وشەو بۆ مانا مەبەستدارەکەشی دەکات، لەم حاڵەتەشدا ئاڵۆزی و ناڕوونی لادەچێت، بەتایبەتیش ئەو زاراوانەی بەشدارن لەئاخاوتندا، جیاوازیشن لەمانادا.

کاری دانانی پێناسەکان دەبێتە هۆی دۆزینەوەی چەندین پێوەری لەیەکچوی ورد بۆ زاراوەکان، ئەو کارە لەگەڵ پێناسەکردنێکی وردی زاراوەکان، دوو ئامانج بەدی دێنێ، بیرۆکەیەکی ئاشکراو ڕوون دەداتە کەسەکە، دەربارەی سیفەتی بابەتەکە تا ئەگەر پێشتر شارەزایشی بۆنەبێت، هەروەها هاوکار دەبێت بۆ ئەوەی بەڕاستی بابەتەکە جیاوازبکاتەوە تائەگەر شارەزایشی لەسەر هەبێت.

بۆیە نووسەر بەپشتیوانی فەرهەنگی گشتی و پسپۆریەکان پێناسەکانی داناوە، سەرەڕای دەیان سەرچاوەی دیکە، لەگەڵ راڤەکردنی زاراوەو روونکردنەوەی ماناو ئاماژەکان، هەروەها رەچاوکردنی کورتکردنەوەو بێلایەنی لەکارەکە بەپێی توانا.

لەکۆتایی ئەم فەرهەنگە دوو پاشکۆ هاوپێچ کراون، یەکەمیان بۆ زاراوە عەرەبیەکانی تایبەت بەزاراوە کۆمەڵایەتیەکان کەلەفەرهەنگەکەدا هاتووە، دووەمیشیان بۆ زاراوە فەرەنسیەکان، بۆ ئەوەی توێژەر لەکاتی پێویست بۆیان بگەڕێتەوە، بەم کارەشی گەڕان بەدوای وشەکە لەفەرهەنگەکەدا ئاسان دەبێت بەهەریەك لەزمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسی.

هەروەها لەفەرهەنگەکەدا لەبەرامبەر هەر زاراوەیەکی ئینگلیزی زاراوەیەکی فەرەنسی دانراوە، نووسەر لەوکارەی بەرەو ڕووی هەندێ ئاستەنگ بۆتەوە لەوەرگێڕانە فەرەنسیەکەی دەربارەی زۆر لەزاراوە ئینگلیزییەکان، ئەویش بەهۆی تازەبوونی زاراوەکان و نەبوونی فەرهەنگی ئینگلیزی فەرەنسی تایبەت بەزانستە کۆمەڵایەتیەکان.

نووسەر پێ خۆشحاڵە، سوپاسی گەرم و ڕێزی بۆ هەموو ئەوانەی هاوکاری بوونە پێشکەش بکات، کەبیرو باوەڕی بەنرخیان لەئامادە کردنی ئەم فەرهەنگە خستۆتە روو، لەکۆتایشدا ئەم فەرهەنگە وا ناگەیێنی، کەکارەکە گەیشتۆتە پلەی تەواو کاری، فەرهەنگەکان هەروەك (سامویل جونسون) وتوویەتی: (وەك کاتژمێرەکان ناکرێ چاوەڕوانی ئەوە بکەین کەکامیان تەواو وردن، بەڵام خراپترینیان باشترە لەنەبوون) .

هیوای نووسەر لەدانانی ئەم فەرهەنگە کەلەرووی جۆرایەتیەوەیە یەکەمە لەزمانی عەرەبی، ئەوەیە هەندێ بۆ شایی پڕبکاتەوە لەو ئاڵۆزی و ناروونیەی هەیە دەربارەی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان و بەشداریش بێت لە یەکخستنیان، هەروەها هۆکارێکیش بێت بۆ زیاتر توێژینەوە لەبەکار هێنانی زمانی عەرەبی بۆ ئەوەی پێشکەوتنی زانستی بگرێتە خۆی و بگەینە کاروانی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان، بەپشیتوانی یەزدان.

دکتۆر ئەحمەد زەکی بەدەوی

ئەسکەندەرییە 1977

# بەشی یەکەم

# چەمك و زاراوەكان

# A

**Abandonment** التَرك – الهجر بەجێهێشتن

بـەو حاڵەتـە دەگوترێـت کەیـەکێك واز لەیـەکێك بهێنێـت، لەگـەڵ دەسـت هـەڵگرتن لەهـەموو مافێـك کەپەیوەسـت بێـت بەخۆیەوە.

لەڕووی یاساییەوە، دەوترێت دەست بەرداری مندااڵن کەئـەوەش تاوانێکە دەکەوێتـە سـەر ئـەو کەسـەی پاراسـتنی منـداڵێکی لەئەستۆدایەو وازی لێدێنێت و بەجێی دەهێڵێت بەبێ خۆراك یان شوێنێك بۆ حەوانەوە.

بەجێهێشـتن لـەڕووی سـایکۆلۆژییەوە، هەڵوێسـتێکە دەبێتـە هـۆی گـرژی و پسـاندنی پەیوەسـتیە هەسـتیارییەکانی نێـوان تاکەکان، ڕەنگە ئەو هەڵوێستەش ببێتە هۆی کاردانـەوە الی تـاکی بـەجێ هێڵـراو، بۆیـە تووشـی خـەم و پـەژارەو رق و قـین دەبێتەوە.

**Abduction** ١– الخَطف ڕفاندن

ڕفانـدنی مرۆڤێـك بـەفێڵ لێکـردن یـان بـەهۆی بـەکارهێنانی توونـدو تیـژی، ئـەم بۆچـوونە ئـەو الیەنـەش دەگرێتـەوە کەئافرەتێك تەمەنی بچووك بێت و بفڕێندرێت بەشێوەیەکی ناڕاست، ئەویش بەمەبەستی هاوسەرگیری یـان دەسـت درێـژی سێکسی، یاخود بۆ کاری لەش فرۆشی.

٢– قیاس احتمالي پێوەری گریمانکاری

لەلۆژیکـدا جـۆرە پێوەرێکـە: ڕادەگەورەکـەی (کەهـەڵگری ئەنجامەکەیـە) جێگـای بـڕوا پێکردنـی تـەواوە، هـەروەها ڕادە بچووکەکەشی (کەبابەتی پێشەکیەکەیە) بۆیە لەدوایدا ئەنجامەکە گریمانەیی دەبێت.

**Ability** القُدرة توانین

لێهاتوویی

توانای ڕاستی مرۆڤ لەسەر جێبـەجێکردنی کارێـك، یـان گونجانـدن بەسـەرکەوتوانە لـەکاردا، ئـەو بـارەش بـەکرداری هەسـت پێکراو یاخود بەئەقڵانی دێتەدی، ڕەنگە ئەو توانایە زگماکی یان بەدەست هاتوو بێت.

لێرەدا توانا گشتیەکان (general abilities) هەیە، ئەوەش وەك هۆکارێکی هاوبەش وایە بەپلـەی جیـاواز لەگـەڵ هـەموو توانا تایبەتیـەکان، یـان لەگـەڵ چـەند گروپێکی، هـەروەها توانـا تایبەتیـەکان (special abilities) هەیـە، کەهەنـدێکیان جیاواز دەبن لەهەندێکی دیکەیان بەپێوانە بۆ ئەو بوارەی کاری تێدا دەکەن، یاخود بۆ جۆری کارەکە.

دەوترێت توانا لەسـەر کـارکردن (working ability) ئـەویش ئامـاژەیـە بـۆ ئاسـتی توانـای تـاك لەسـەر جێبـەجێ کردنـی کارەکە، ئەگەر بەهۆی ڕاهێنانەوە بێت، یان بەبێ ڕاهێنان.

بەاڵم توانا بەمانای (capacity) ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەو پەڕی توانای مرۆڤ کە بتوانێت جێبەجێی بکات.

**Social ability** تەماشا بکە: توانای کۆمەاڵیەتی......

**Ability tests** اختبارات القدرة تاقیکردنەوەی تواناکان

پێوانـەکردنی توانـای کرێکـار بـۆ بەجێگەیانـدنی چـەند ئـەرکێکی دیـاریکراو، وەك توانـای میکـانیکی و توانـای نووسـین و هونەری.

تافیکردنەوەی تواناکان، یان بوونی ئامادەیی بۆ کار دەبێتە هاوکار بۆ دوورخستنەوەی ئەو تاکانەی وەك پێویست توانایان نەبێ بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان، ئەمەو هەڵبژاردنی ئەو تاکانەی کە ئامادەییان هەیە بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکان، دەرفەتیان پێدەدات بۆ بەدەست هێنانی شارەزایی پێویست بەهۆی ڕاهێنان و فێربوونەوە.

**تاکێك توانای کارکردنی هەبێت**    **فرد قادر على العمل**    **Able-bodied person**

ئەوتاکەی تەندروستی و تواناکانی یارمەتیدەدات بۆ بەجێگەیاندنی کارێکی جەستەیی، کەکاروپیشەسازییە بنەڕەتیەکان پێویستیان پێی دەبێت، وەك کارکردن لەبواری کشتوکاڵی و ڕاوچێتی، یان کانەکان...هتد.

**بێکارێك توانای کاری هەیە**    **العاطل القادر على العمل**    **Able-bodied unemployed**

کەسی بێکار لەگەڵ بوونی توانای کارکردنی، لێرەدا ئەو کەسە بێکارانەی توانای کردنیان هەیەو دوور دەخرێنەوە، ئەو کەسانەن کەناکرێ بەکار بهێنرێن (unemployables) واتا ئەو بێ ئیش و کارانەی توانای کارکردنیان نیە.

**دەست نوێژ**    **الوضوء**    **Ablution**

پاککردنەوەی چەند بەشێکی لەشی مرۆڤ، وەك ئەرکێکی ئایینی.

تەماشا بکە: خاوێن کردنەوە    **purification**

**لادان نائاسایی**    **الشذوذ**    **Abnormality**

دەرچوون لەحاڵەتی مام ناوەندی، یان ئەوەی باوەو ئاساییە، دەربارەی هەر نموونەیەك یاخود خەسڵەتێك، بەڵام دەرچوونێکی ئاشکرا، بەزەرورەت لادان مانای نەخۆشی یان شەڕانگێزی ناگرێتە خۆی، ڕەنگە دیاردەی لادان نائاسایی ڕووی بەرەو سەرکەوتن و سەرەوە بێت (super - normal)، یانیش بەرەو خوارەوە، (sub-normal)، کەسی بلیمەت لەگەڵ ئەوەی سەرکەوتووە، بەڵام هەر بەنائاسایی دادەنرێت، کەسی دەبەنگ و تاوانبارو شێتیش، هەریەکە لەوانە بەلادەر نائاسایی - دادەنرێت، بۆیە ئەم دیاردەیە لەڕووی ڕاڤەکردنەوە ڕاڤە کردنێکی گشتی، بەدیاردەیەکی سروشتی دادەنرێت.

تەماشابکە: لادانی کۆمەڵایەتی    **social abnormality**

سایکۆلۆجیای نائاساییەکان    **Abnormal psychology**

**ڕەفتاری نائاسایی**    **السلوك الشاذ**    **Abnormal behavior**

واتە، لادان لەنموونەی ڕەفتارە چاوەڕوانکراوەکان، یان ئەوانی پێچەوانەی بەهایەکی سەلمێنراون، مەبەستیش لێی خودی ئامانجێکی دیاریکراو نیە، بۆیە ڕەفتاری نائاسایی جیاواز دەبێت لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە یان دەروونیەوە بەپێی جیاوازی کولتورەکان، یاخود بەپێی قۆناغە مێژووییەکان، یانیش هەڵوێستە کۆمەڵایەتیەکان.

کۆمەڵناسان، زاراوەی لادان (deviance) بەکار دەهێنن لەبەرامبەر زاراوەی گونجان (لەیەکچوون) (conformity) بۆ باسکردنی دوو شێوازە ڕەفتاری جیاواز لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە.

**شوێنی نائاسایی**    **المكان غير العادي**    **Abnormal place**

ناوچەیەکی کارکردنی دژوار، یان نالەبار (awkard) لەکانەکانی خەڵوز، ئەو بارەش ڕێگر دەبێت لەبەردەم کرێکاری کانەکان بۆ دەرهێنانی ڕادەیەکی ئاسایی لە ماددەی خەڵوز.

رادەی کریّ  رۆژانە ی کرێکارانی ئەو کانانەش بەشێوەیەکی باو زیاتر دەبێت لەکرێی ئەو جۆرە کارکردنەی کەلەشوێنە ئاساییەکانی دیکە هەیە.

### دەروونزانی لەریز بەدەر　علم النفس الشواذ　Abnormal psychology

ئەم زانستە توێژنەوە لەهۆیەکانی دیاردە نائاساییەکانی رەفتاری مرۆڤ دەکات، وەك بێ توانایی ئەقلی، تێکچوونی کەسایەتی و نەخۆشیە دەروونی و ئەقلیەکان نموونەی: نێروسیس (neurosis) (دڵەڕاوکێ) و سایکوسیس (psychosis) (تێکچوونی بیرو ویژدان و رەفتار)، هەروەها لێکۆڵینەوە لەحاڵەتەکانی بلیمەتی و سەرکەوتنی توانا ئەقلیەکان دەکات.

### هەڵوەشانەوەیی　مذهب أنصار الألغاء　Abolitionism

رێبازەکە، باوەڕی بەکۆتایی هێنانە بەسیستمێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی، کەباوەڕوایە تووشی گەندەڵی بووە، ئەم رێبازە بەوانەش دەگوترا کە داوای ئازازد بوونی کۆیلەو نەهێشتنی بازرگانی کردن بەکۆیلەوە یان دەکرد لەویلایە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەتایبەتی لەنێوان (1830  1860).

### دانشتوانی ڕەسەن　السكان الاصليون　Aborigines

مەبەست لەم زاراوەیە لەولاتانی سەربەخۆ، ئەو دانشتوانە خێڵەکی و نیمچە خێڵەکیانەیە کەبەدانیشتوانی ڕەسەن دادەنرێن، بەهۆی پەیوەندییان بە دانشتوانی ئەو ولاتە یان دانشتوانی هەرێمێکی جوگرافی ولات، کەلەئەنجامی هێرش و داگیرکاری ئیستعماری نیشتەجێ بوونە لێی.
ئەو دانشتوانە بنەچەییانە، بارودۆخی یاسایی و ژیانیان، نزیکترە لەسیستمە کۆمەڵایەتی و ئابوری و کولتورییە باوەکانی پێشو، تادەگاتە سیستمە نوێیە نیشتمانیەکانی ولات.

### لەباربردن　الاجهاض　Abortion

کۆتایی هێنان بەحاڵەتی  سکپڕی  پێش ئەوەی بگاتە رادەی ژیان لەدەرەوەی منداڵداندا، لێرەدا دوو جۆر لەباربردن هەیە، لەباربردنی خۆکرد کەبەبێ مەبەست روویداوە  هەروەها لەباردنی بەئەنقەست، دیارە ئەویش چەندین هۆی کۆمەڵایەتی هەیە، مەبەستی پاراستنی تەندروستی دایکی دووگیان و مانەوەیەتی لەژیان.
لەچەند ولاتێکدا هەندێ جار رێگا بەلەباربرن دەدرێت، ئەویش لەچەند حاڵەتێکی دیاریکراو.

### خاڵیکردنەوە  بەتاڵکردنەوەی هەڵچوونی　التنفيس  التفريغ الانفعالي　Abreaction

کاردانەوەکانی بوونەوەری زیندو بۆ خۆ رزگارکردن لەو یادەوەرییە شاراوەییانەی هەیەتی و ئازاریشی پێدەگەیێنێت و دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ و شپرزەیی دەروونی لای کەسەکە.
ئەو کاردانەوانەش لەرێگای ئاخاوتن یان هەڵس و کەوت دەردەکەوێت، هەروەها ڕەنگە بەشێوەیەکی رێککەوت بێت بەهۆی هەڵەو مەرجێك وەك هاندەر بۆ ئەوکارە، یاخود خواردنەوەی برێکی زۆر لەمادە کحولیەکان، یانیش لەرێگای شیکردنەوەی دەروونی کەلەلایەن پزیشکی دەروونیەوە جێبەجێ دەکرێت و نەخۆشەکە هاندەدات بۆ ئەوەی بیرەوەریەکانی خۆی دەربڕێت.

### ئامادەنەبوون - بزری -　ظاهرة الغياب　Absenteeism

دابڕان لەکارکردن، یان ئامادە نەبوونی کرێکاران بۆ کارکردن لەرۆژانی پێویست، ئەگەر ئەو کارە ئارەزوومەندانە بێت یاخود بەناچاری.
ئەوانی لەبواری ئامارکاردەکەن، بۆ چوونیان وایە کەئامادەنەبوون دەبێت ئەو لایەنە نەگرێتە خۆی کەبەهۆی مۆڵەتی

سالأنه يان مانگرتن ياخود وەستانی کار روودەدات.
هەروەها دەوترێت ئامادەنەبوونی بەبڕيار (ڕەسمی) ( authorized absenteeism)، و ئامادەنەبوونی بەبيانو (بەڵگە) (justified absenteeism)، هەروەها ئامادە نـەبوونی بـێ بيـانو، (unjustified absenteeism)، کاريگـەری هـەر حالـەتێك جيـاواز دەبێت بـەپێی حالەتەکـە، لەدەروونناسـيدا، باسـی خلافـان (ئـەقل رۆيـين) (absentmindedness) ، هاتووە، بەمانای درێژە پێدان لەبيرکردنەوە بەپلەيەك کە تاك ئاگانەبوونی لەدەوروبەری خۆی زۆر زياد  دەکات.

**خاوەندارتی بزر** — المُلكية الغيابية — **Absentee ownership**

حاڵەتێکە بەهۆيەوە خاوەندارێتی پرۆژەکە لەبەڕێوەبەرايەتيەکەی جيا دەبێتەوە.
ڕەنگە زاراوەکە ئامـاژە بـۆ خاوەندارييەتيـەکی بزربکات دەربـارەی زەوی، کـاتێ کەسـێك پارچـەزەوييەکی کشتوکاڵی دەبێت بەڵام بەڕێوەبردنەکەی و سوودوەرگرتن لێی بۆ کەسێکی ديکە بەجێ دەهێڵێت.
ديارەی جياکردنەوەی بەڕێوەبردن لەمولکيەت بۆ ئەو پێشکەوتن و پەرەسەندنە دەگەڕێتەوە دەربـارەی سيسـتمی کارگێڕی و ڕێکخستن کەپراکتيك کردنی پێويستی بە شارەزايی هونەری پسپۆری دەبێت، ڕەنگە ئەوەش لای ئەوانە پەيدا نـەبێت کە سەرمايەدارن بۆ دروستکردنی پرۆژەکان

**کلتوری ڕەها** — المُطلَّق الثقافي — **Absolute cultural**

بريتيـە لـەپێوەرێکی کۆمەڵايـەتی، يـان بەهايـەك خـەڵکی لـەکلتورێکی ديـاريکراودا لەسـەر ئاسـتی جيهـانی هەسـت بەپراکتيکردنی دەکەن، بۆيە لەديدياندا ئە وکولتورە بوونی لای هەموو خەڵکدا دەبێت و لەهەموو سەردەمێکيشدا.
نموونەی ئەو کولتورە، شێوەکانی هاوسەرگيری نێوان يەك پياوو ژندا، ئەو شێوە هاوسەرگيرييە لەديدی ئەو خەڵکەدا ڕێك و جووتە لەگەڵ شێوە سروشتی و مۆراليەکەی ڕێکخستنی خێزانی.
هەروەها ڕەنگە ديموکراسييەت رەهايـەکی کلتـوری بێـت لەکۆمەڵگەيەکدا، کۆمۆنيسـتيش ڕەهايـەکی کولتـوری رەهـايی بێـت لەکۆمەڵگەيەکی ديکەدا، ئەوەی جێگای سەرنجدانە کە کولتورە ڕەهاکان لەکۆمەڵگە نوێيەکانـدا بـەرەو کەمبوونـەوە دەچـن لەگەڵ زۆربوون و گەشەکردنی کولتورە ڕێژەييەکان.

**حوکمڕانی ڕەها** — ١ – الحُكم المُطلق الاستبدادية — **Obsolution**

يەك لەشێوەکانی حوکمڕانيە، دەسەڵاتی باڵا بەدەستی شايەك يان گروپێکی بچووك دەبێت، بەپێی دەستور يان بـێ دەسـتور، ئەم جۆرە حوکمڕانيە بەدەسەڵاتی بێ سنور، يان بەزۆرداری جياواز دەکرێتەوە

**ڕەها گەری** — ٢ – مَذهب الاطلاق المُطلّقية

بەپێی بۆ چوونی ئەم ڕێبازە، ياسا کۆمەڵايەتيەکان، ئەگەر ئايديای پەيوەندار بـن بەبيرۆکـەی ئـەوەی کـە دەبـێ ببێـت، يـان ڕەفتاری ڕێك و پێك دابين بکات بەپێی ئەو هەل و مەرجەی کە هەيە، ئەو ياسايانە يەکن لەهەموو سەردەمێك و لەهـەموو بارو دۆخێکی کۆمەڵايەتی، ئەوانە کۆتايی و هەتا هەتاين.

**هەڵمژين** / **جێ تيا بوونەوە** — الأمتصاص / الأستغراق — **absorption**

يەك لەشێوەکانی پەيوەنديیە لەنێوان دوو کۆمەڵ.
بەشداريکردنی کۆچبەران لەژيانی ئـابوری ئـەو وڵاتـەی کۆچيـان بـۆی کـردووە بەمـژين (absorption) دادەنرێـت، بـەڵام

تێکـەڵبوونیان لەسیستمی کۆمەڵایـەتی بەیەکسانی لەگـەڵ دانیشـتوانە ڕەسـەنەکان، ئـەوا بەگونجانـدنی کولتـوری (acculturation) دادەنرێت، ئەگەر خوو نەریتی دانیشتوانیان وەرگرت و کاریگەربوون بەو بەهایانەی لایان باوە، ئـەوە بەلەیەکچوون (هاوشێوە) (assimilation) دادەنرێت، هـەروەها مەبەسـتیش لەسـەرقاڵبوون و خایانـدن لەدەروونناسـیدا، سەرقاڵبوونی ئەقلە بەبابەتێکی هزری یان هەستیاری سـەرقاڵبوونێکی گشـتی، ڕێگـر دەبێـت لـەوەی کـەڕوو لەلایـەکی دیکـە بکات.

**Abstinence** الامتناع خەڵوەت

الزُهد التقشف بەتەنگ دونیا نەهاتن

دوورکەوتنەوەی ئارەزوو مەندانەی تەواو لە تێرکردنی ئارەزووەکان، بەکاریگەری قەدەغـەکراوەکان(taboos)، یـان بـەهۆی کاریگەری ڕێگرتنـە مۆڕالیـەکان، هـەروەك لەحاڵـەتی دوورکەوتنـەوەی پیـاو لـە هاوسـەرەکەی (بـۆ مەبەسـتی سێکسـی) وەك ئامرازێك بۆ ڕێگرتن لەدووگیانی.

**Abstract social class** الطبقة الاجتماعية المجردة چینی کۆمەڵایەتی ئەبستراکت

چینێکە پێکدێت لەکۆمەڵە کەسانێك یان لەتوێژێکی کۆمەڵایەتی، ئەندامانی هەست بە بوونیان دەکەن تاڕادەیـەك لەسـەر ئاستی هەست و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان، یەکگرتن یان ڕێکخسـتنیان لەناودانیـە، کـە دەکـرێ ئاسـتی کۆمەڵایـەتیان بـۆ ئاستی کۆمەڵگە بەرزبکاتەوە.

چینەکۆمەڵایەتیە ئەبسـتراکتەکان جیـاواز دەبـن لـەو توێـژە کۆمەڵایەتیانـەی توێـژەران لەتوێژینـەوەکانیان باسـیان دەکـەن، نموونەی ئەو چینانەش، ژنانی ناوماڵ، ئەوانی ئارەزووی تایبەتیان هەیە.

ئەم زاراوەیە لەلایەن (جورج هربرت مید) لەزانستی کۆمەڵایەتی بەکار هێنراوە، کاتێ جیـای کـردەوە لەچـینی کۆمەڵایـەتی دەست نیشان کراو.

**Abstraction** التجريد داماڵین (ڕووتکردن) ئەبستراکت

واتە داماڵینی خەسـڵەتێکی هاوبـەش یـان مانایـەك لـەناو چـەندین نموونـەدا، کـە راسـتی بـوونی لەناویانـدا دێتـەدی، دواتـر پێکهێنانی وێنەیەکی لەمێشکدا، وەك چاکەو جوانی، مەبەسـتیش لـەداماڵین (لـەمیتۆدەکانی توێژینـەوە) جیاکارییـە لـەنێوان خەسلەتەکانی یان ئاکارەکانی هەڵوێستێك، بۆ دیاریکردنی ڕەگەزە هاوبەشەکانی کە ئەوەش خەسڵەتێکی بنچینەییە بۆ هـەر توێژینەوەیەك.

دەربارەی داماڵین لەتۆژینەوە کۆمەڵایەتیەکان چـەندین ڕەخنـەو نـارەزایی دەخرێتـە ڕوو، گرینگترینیـان ئـاڵۆزی هەڵوێسـتە کۆمەڵایەتیەکانە، هەروەها تەنها بوونی ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکان و قورس بوونی شتە هەست پێکراوەکان لەسەر داماڵین.

لەکۆتاییدا دەکرێ داماڵین ببێتە حاڵەتێك باس لە شتەکان بکات لەڕووە دەرەکیەکەی نەك ناوەوە.

بەڵام وا دەردەکەوێت لەتوێژینەوە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکانەوە، کەتوانای ملکەچ کردنی دیاردە کۆمەڵایەتیـەکان بـۆ دامـاڵین هەبێت.

**Abstractionism** التجريدية داماڵینگەری ئەبستراکشیونزم

خـراپ بـەکارهێنانی دامـاڵین، بەتایبـەتی ئاراسـتەی ڕوو لـەزیادە ڕۆیـی بـۆ دامـاڵین لـەجیاتی بـەکارهێنانی راسـتیە هەسـت پێکراوەکان

ئابوری فرەیی — إقتصاد الوفرة — **Abundance, economy of**

حاڵەتێکە، تێیدا هێزی گشتی کڕین دەبێتە هۆی مانـەوەی ئاسانکارییەکانی بەرهـەم هێنـان، دیـارە ئـەوەش لەئـەنجامی ئـەو چالاکیە ئابوورییە دێتە دی، کەبەهەموو وزەکانی کار دەکات.

هـەروەها هەنـدێ جار زاراوەکـە بـۆ باسکردنی ئـەو حاڵەتـە بـەکار دەهێنرێت کەپێداویستیەکان بـەتێری دەست دەکـەون، بەشـێوەیەك هـەمووتاکێك لەتوانایـدا دەبێـت تـەواوی پێداویسـتیەکانی ژیـانی دەسـت بکـەوێت، لەگـەڵ هەنـدێ هۆیـەکانی رابواردن.

ستەم — التعسف — **abuse**

جەور

لەیاسادا مانای لادان لەبەکار هێنانی ماف دێت، زیانیش بەخەڵکی دیکە دەگەیێنێ و پێویست بەلێپرسینەوە دەکات، ئەمـەو سـتەم روودەدات ئەگـەر مەبەسـت لەبـەکار هێنـانی مـاف تـەنها زیـان گەیانـدن بێـت بەخـەڵکی دیکـە، یـاخود ئـەو بەرژەوەندییانەی کەهەوڵی جێبەجێکردنی دەدرێت نـاڕەوا بـوون، یـاخود کـەم بایـەخ بـوون و لەگـەڵ ئـەو زیانـە نـاگونجێن کەتووشی خەڵکانی دیکە دەبێتەوە.

لەجۆرەکانی ستەم، سنورتێپەڕاندنی دەسەلات، وەك ئەوەی فەرمانبەرێك بەهەنـدێ کـردار هەسـتێت بەرامبـەر تاکێـك، یـان بەرامبەر کەسایەتیە گشتیەکان، یاساش بەکەتنی دادەنێت.

ئەگادیمیگەرێتی — النزعة الاكاديمية — **Academism**

زانستگەری

پەیرەو کردنی شێوازی نەریتی باو لەبوارەکانی هونەرو ئەدەب لەرووی شێوەو بابەتدا.

لەفێربوونـدا، دەوترێـت بەرهـەمی زانسـتی (academic achievement) وەك ئاماژەیـەك بـۆ ئـەو زانینـەی بەدەسـت دەهێنرێت و ئەو شارەزاییەی کەگەشەی پێدەدرێت لەبابەتەکانی خوێندن لەخوێندنگاکان، هـەروەها دیـاریکردنی ئـەو پلـەو نمرانەی کەبەدەست دەهێنرێت لەئەزموونەکان.

هـەروەها دەوترێـت ئـازادی زانسـتی (academic freedom) واتـە ئـازاد بـوونی مامۆسـتایان لـەناو کۆلیـژو زانکۆکـان دەربارەی ئەو بابەتانەی کەباس دەکرێن لەهۆڵەکانی خوێنـدن، ئازادانـەش بـیرو بـۆ چوونی خۆیـان لـە ئاسـت ئـەو بابەتانـە دەربڕن کە جیاوازی بیروڕای لەسەرە، بەمەرجێك رێگا بدرێت بەدەربڕینی بیروبۆ چوونە جیاوازەکانیش.

خێرایی — التعجيل — **Acceleration**

تاوپێدان

زیادبوون لـەهێزی پاڵنـەری شـتێکی جوڵاو، ئـەم زاراوەیـە لەسـەر جوڵـەی کۆمەڵایـەتی پیـادە دەبێـت ، یـان ئـەو پرۆسـانەی کەتێکڕای گۆڕانکاریەکان دەگرێتە خۆی.

دەوترێت، خێرایی لەگۆڕانی کۆمەڵایەتی (acceleration of social change) واتە زۆر بوونی خێرایی لەتێکڕای کات بـۆ گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی، لێـرەدا خـاو بوونـەوەی جولـە (deceleration) واتـە دابـەزینی تێکـڕای خێرایـی بەرامبـەر بەخێرایی دێت.

لەئابوریدا دەوترێت، پرەنسیپی خێرایی (acceleration principle) ئەم پرەنسیپە ئەوە روونەکاتەوە کەچۆن گۆڕان لەقەبارەی داواکاری لەسەر بەکاربردن و دواتریش بەرهەمهێنان، ڕەنگە ببێتە هۆی گۆڕانی دوو هەندەیی لەوەبەرهێنان یان ڕاگرتن لە زۆربوونی بەرهەم هێنـان، بـەڵکو ڕەنگـە تـەنها دابـەزینی تێکڕای زۆر بوونەکـە، ببێتـە هـۆی دابـەزینی قـەبارەی ڕەهای وەبەر هێنان.

**Acceptance** — التَقَبُل / القبول — وەرگرتن / پەسندکردن

شارەزایی یان سیماو روخسارێك یاخود رەفتارێك، بەئاراستەیەکی ئەرێنی بەرامبەر چەمکێك یان بڕیارێك، جیاواز دەکرێتەوە.

مەبەست لەوەرگرتن لەدەروونناسیدا، دانپیانانی کەسێك بەخودی خۆی، بەو شێوەی هەیە لەسەرباره راستیەکەی، کە لایەنە لاوازو کەم و کورتیە مرۆییەکان دەگرێتە خۆی، بەلاَم بێ ئەوەی ئەو دیاردانە لەتواناکانی کەم بکەنەوە، هەر بەپێچەوانەی ئەو هەڵوێستە بەردەوامبوونی کەسەکە لەبەراوردکردنی خودی خۆی بەکەسانی دیکەو کارکردن بۆ کەم کردنەوە لەپێگەی خۆی.

زاراوەی ڕازی بوون یان ناڕازی بوون (acceptance and rejection) لەتیۆرییەکانی پەیوەست بەکەسایەتیەوە بەکار دەهێنرێت ، ئەوەش نیشانەی بەردەوام بوونی ئەقلێکی کراوە یان داخراوەیە بەرامبەر بەئەزمون یان شتەکان یاخود خەڵك و گروپەکان لەلایەن تاکێکەوە، یاخود کۆمەڵێك.

هەردوو وشەی رازی بوون و ناڕازی بوون لەم بارەوە بەتەنها هیچ مانایەك هەڵناگرن، هەر چەندێ تێبینی پلەیەك لەوەرگرتن و رازی بونمان کرد، ئەوا بەرادەیەکیش ناڕازی بوون یان پێچەوانەکەی دەگرێتە خۆی.

**Accession rate** — مُعدل ألتحاق العُمال — ڕێژەی هاتنەڕیزی کرێکاران

مەبەست لەم زاراوەیە، تێکرای ئەو کرێکارە نوێیانەی لەماوەیەکی دیاریکراودا پەیوەندی بەکارەوە دەکەن، ئەو تێکراییەش دەردەهێنرێت بەجارانکردنی ژمارەی ئەو کرێکارانەی پەیوەندییان کردووە لەو ماوەیەدا بەژمارە (100)، ئەنجامەکەشی دابەش دەکرێتە سەرناوەندی ژمارەی کرێکاران لەو ماوەیەدا.

**Accident** — العَرض — ڕووداو

خەسڵەتێکی کاتیە، یان ناجەوهەرییە بۆ شتێك، بەردەوام بەکار دەهێنرێت لەبەرامبەر ئەوەی جەوهەرییە یان بنچینەییە.

**Accident, industrial of Lab our** — أصابة العمل — ڕووداوی کار

کارێکی کتوپڕی دەرەکیە، جەستەی مرۆڤ تووشی زیان دەکات، ڕوودانی کاریش ئەو حاڵەتیە کەلەکاتی کارکردن یان بەهۆیەوە ڕوو دەدات.

ڕوودانی کار بەخراپترین کارەساتەکانی پیشەسازی ئامێری دادەنرێت و ئەنجامەکانی زیانێکی زۆری کۆمەڵایەتی و ئابوری دەبێت، ئەو زیانانەی کرێکار تووشی دەبێت و پێویست بەچاودێری و چارەکردن دەکات، هەروەها دەبێتە هۆی پەککەوتن یان مردنی، سەرەڕای ئەوانەش دەبێتە هۆی کەمی بەرهەمی کرێکار و زۆر بوونی تێچووەکانی بەرهەم هێنان بەهۆی ئەو خەرجییانەی لەچارەکردنی کرێکارو لە قەرەبوو کردنەوەیان خەرج دەکرێت.

یاسا وا پێویست دەکات کەلایەنی پەیوەندار لەناو حکومەت ئاگادار بکرێتەوە، ئەویش بەمەبەستی سەرپەرشتی و جێبەجێکردنی یاساکانی کار (notification of accidents) هەروەها خاوەن کار پابەند دەکات کەژیانی کرێکاران دابین بکرێت بەرامبەر بەو ڕووداوانەی کرێکار تووشیان دەبێت لەماوەی کارکردندا (accident insurance) و پابەند بوون بەقەرەبوو کردنەوەیان لەو زیانانەی کەلێیان کەوتووە (accident benefit)

**Accident proneness** — الاستعداد للاصابة — ئامادەیی بۆ ڕوودان

ئامادەیی لای هەندێ کرێکار بۆ تووش بوون بەڕووداوەکان، کە جار لەدوای جار تووش بوونیان دووبارە دەبێتەوە، ئەویش بەهۆی کەمی توانا ئەقلیەکانیان دەبێت یاخود بەهۆی کەمی باوەڕیان بەتواناکانیان لەڕوو بەڕووبوونەوەی ژیاندا.

توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە ڕێژەیەکی بچووکی کرێکاران بەرپرسن لە ڕێژیەکی گەورەی ڕووداوەکانی کار.

**Accidental variations** — التغيرات العرضية أو الفجائية — گۆڕانە کتوپڕەکان

ئەو جۆرە گۆڕانکاریانەی تووشی بەهاکانی دیاردەکە دەبن، لەئەنجامی چەند هۆیەك یان چەند هۆكارێكی نائاسایی یاخود چەند ڕووداوێكی کتوپڕی ڕادەبەدەر، کە پێشتر بیری لێ نەکراوەتەوە، نموونەی ڕوودانی بوومەلەرزە یان ئاگرێكی گەورە کەزیانی زۆر بێت، یاخود لافاوێكی تووند، یانیش هەڵگیرساندنی جەنگ.

ئەو گۆڕانکاریانە لەتواناد نیە پێش بینی ڕوودانیان بکرێت، هەروەها دیاریکردنی ڕادەکەی یان ئاراستەکەی، یا خود خۆ ئامادەکردن بۆ بەرەنگار بوونەوەی زیانەکانی یانیش بەکار هێنان و سوود وەرگرتن لێیان.

بەکورتی، ئەو گۆڕانکاریانە پێڕەوی هیچ یاسایەك و ڕێسایەك نابن، هەروەها دووبارەش نابنەوە، جارێك ڕووی لەزیاد بوونە و جارێکی دی ڕووی لەکەمبوونەوەیە، ئەوی لەوانی دیکەی جیاواز دەکاتەوە، ئەوەیە کاتی درێژە ناکێشێت، بۆیە لەم بارەدا پێی دەوترێت گۆڕانکاری کورت خایەن.

هەر بۆ خۆ ڕزگار کردن لەم بارە ڕاڕایی و بێنەو بەرەیە لەدانانی خشتەی زانیاریەکان، ئەوا خشتەی زانیاریەکان ئامادە دەکرێت لەسەر بنچینەی زانیارییە سەرچاوەییەکانی کە لێی وەرگیراوە، ئەویش بێ گوێدانە ئەو حاڵەتە ڕاڕاییە لابەلایانە لەڕێگای وێنەکێشانی هێڵێكی ئاسان و ڕێگا خۆشکەر کەلەگەڵ هێڵە بنچینەییەکە یەکدەگرێتەوەو باسی دوورو درێژو دیاردە ڕاڕاییەکان پشت گوێ دەخات.

**Acclimatization** — الأَقلَمة / التأقلم — ڕاهاتن / خۆگونجاندن

پرۆسەیەکە بەهۆیەوە کۆچبەران لەگەڵ ژینگە نوێیەکە ڕادێن، هەروەها مەبەست لەراهاتن بۆ نموونە: گونجاندنی هزری و کۆمەڵایەتە لەگەڵ ئەنجوومەن و کۆمەڵە کۆمەڵایەتیەکان.

**Accommodation** — الملائمة، التلاؤم / التراضي المُتبادَل — سازدان / گونجاندنەوە

یەك لەدیاردەکانی کارلێکردنی کۆمەڵایەتیە، لەو حاڵەتەدا هەموو ئەو لایەنانەی ململانێ لەنێوانیاندا هەیە، ڕێكدەكەون لەسەر شاردنەوەی ململانێیەکانیان و ڕاگرتنی ڕکابەری لەنێوانیاندا بەشێوەیەکی کاتی.

تاك یان گروپ، پەنا بۆ ڕازیبوونی ئاڵ و گۆڕ دەبەن، ئەویش بەکاریگەری تێگەیشتن لەهەڵوێستەکەو ڕوونبوونەوەی مەحاڵی سەرکەوتن بەسەر بەرامبەردا، ئەو ڕازیبوونە ئاڵوگۆڕەش کۆتایی بەململانێ ناهێنێ، بەڵکو دوای دەخات و دەیشارێتەوە.

**compromise** — تەماشابکە: سازش

**Accommodation house** — المأوى — پەناگە

هۆکارێکی ئامادەکراوە بۆ نیشتەجێبوون بەشێوەیەکی گونجاوو بەردەوام، وەك ئەو خانوانەی بۆ کرێکاران دروست دەکرێن لە ناوچەی کانەکان.

ڕەنگە ئەو پەناگەیە بۆ ڕوو بەرووبوونەوەی چەند حاڵەتێکی نائاسایی دیاریکراو بێت (emergencyaccommodation) پەناگەی فریاکەوتن وەك ئەو خێوەتانەی لەشوێنی بوومەلەرزەو ئاگر کەوتنەوە دادەمەزرێن.

**Accomplishment** — الانجاز — بەجێهێنان

**Cf. performance** — جێبەجێکردن

**accord** — الاتفاق — ڕێکەوتن

ڕێککەوتنی دوو لایەن لەسەر بابەتێك بەشێوەیەکی نافەرمی، کەهێشتا وردەکارییەکانی ڕێککەوتنی لەسەر نەکراوە، یان مەرجەکانی تۆمار نەکراوە.

**Cf. agreement** — پەیمان ڕێککەوتن

**Accordance** | المطابقة، الموافقة | لەیەکچوون

**Cf. conformity** | لەیەکچوون، گونجان

**Accountability** | المسؤولية | بەرپرسیارییەتی

پابەندبوونی تاك بەكارێك كەپێی سپێردراوە لەرِێگەی خستنەڕووی چۆنیەتی پێ هەستانی بەو كارە.

**Cf. responsibility** | لێپرسینەوە

**Accretion** | التزايد، النمو | زۆربوون، گەشەكردن

گەشەكردن یان زۆر بوونی شتێ، بەوەی دێتە سەری، وەك زۆربوونی رووبەری زەوی بەكاریگەری سروشت.

**Cf. development** | پەرەسەندن

**Acculturation** | التبادل الثقافي، الامتزاج الثقافي | ئاوێتە بوونی كلتوری، تێكەڵبوونی رۆشنبیری

ئەوپرۆسەیەی كەبەهۆیەوە رۆشنبیری لەنێوان چەند گروپێكی كلتور جیاواز دەگوازرێتەوە، ئەویش بەهۆی پەیوەندییە بەردەوام و راستەوخۆكانەوە.

دیاردەی بەرۆشنبیریكردن ولاَمدانەوەی جیاوازی دەبێت بەپێی بارودۆخەكان، لەو حاڵەتانەش:

1- وەرگرتن (پەسندكردن)، مەبەستیش لێی خواستنی بەشی گەورەی كلتورە نوێیەكە، كەهەموو جۆرەكانی رەفتارو بەهاناوخۆییەكانی ئەو كلتورە دەنوێنێ.

2- گونجاندن، ئەویش بریتیە لەچەسپاندنی ئەو رەگەزە كلتوریەی قبولكراوە، بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ هاوتاكانی لەكلتورە خوازراوە بۆماوەییەكە رِەنگە ئەنجامی كۆتایش بریتی بێت لە: گونجاندنی یەكلایەنە، یان توانەوەی كلتوری (هەڵكردنی ئاڵوگۆڕ).

3- كاردانەوە، بریتیە لەو بزووتنەوە میللیانەی كەدژی بەرۆشنبیركردنی دەرەكی پەیدادەبن، - لەمیانەی ئەودیاردەیەش، گەل جەخت لەسەر ئەو بەهایانە دەكات كە شێوازە رەسەنەكانی ژیانی دەیگرێتە خۆی.

**Acculturation, antagonistic** | اكتساب ثقافة الخَصم | وەرگرتنی كلتوری دوژمن

كۆمەڵگەیەك خەسڵەتێكی كلتوری كۆمەڵگەیەكی دیكە بەكار بهێنێت، بۆ ئەوەی بەر هەڵستی كردنی بەرهەڵستیەكی كاراتر بێت، نموونەی ئەو جۆرە بەكارهێنانە هەروەك چۆن هیندییە پێست سوورەكانی ئەمریكا پێی هەستان، كاتێ تفەنگیان بەكارهێنا بۆ بەرهەڵستی كردنی سپی پێستەكان، ئەو ئامێرە لایان نەزانرا بوو بەر لەدۆزینەوەی كیشوەری ئەمریكا.

**Acculturation, marginal** | التثقيف الهامشي | وەرگرتنی كلتوری پەراوێزی

واتە، كورتكردنەوەی پرۆژەی بەدەست هێنانی خەسڵەتە رۆشنبیرییەكان لەنێوان دوو كلتوری دراوسێدا، لەسەرئاستی دەرەكی هەردوولایان.

**Accumulation** | التَجمع، التراكم | كۆبوونەوە، كەڵەكەبوون

مەبەست لەزاراوەی كۆبووە لەئەنثروپۆلۆژیا، ئەو كردارەی دەبێتە هۆی گەشەپێدانی رۆشنبیری، كەهەموو خەسڵەتە رۆشنبیرییە جیاوازەكان كۆدەكاتەوە، وەك بیرو باوەڕەكانی، ئامێرەكان، شێوازە تەكنولۆجیەكان...هتد

Accuracy | الدِقة | وردی
بێ هەڵەیی

گونجاندن و هاوجووتی بیرۆکەیەك یان بیروڕایەك بۆ ڕاستی یاخود بۆ واقیع، هەروەها ڕزگاربوون لەهەڵە.

Achievement | الانجاز، المنجز | بەجێهێنان، ئەنجامدان

پێشکەوتن بەرەو ئامانجی دیاریکراو، ئەم زاراوەیە بەشێوەیەکی گشتی، بەواتای گەیشتن بەئامانجێك، بەکار دەهێنرێت ئەگەر ئەو گەیشتنە ڕێگری، لێکرابێت یان نەکرا بێت.

Social achievement — تەماشا بکە: بەجێنێنانی کاری هەرەوەز

Ana-accomplishment — بەجێهێنان، تەواوکردن

Achievement, level of | مستوى الاقتدار | ئاستی لێهاتوویی

ئەو ئاستەی کەتاك دەتوانێت بەڕاستی پێی بگات، هەستی تاك بەدووری لەنێوان ئەو ئاستەی کەئارەزوویەتی و ئاستی تواناکانی، ئەو حاڵەتە تووشی دڵە ڕاوکێی دەروونی و بێ ئومێدی دەکات.

Achievement tests | اختبارات التحصيل | ئەزموونەکانی دەسکەوت

ئەم تاقیکردنەوانە دەسکەوتی تاك لەچەند بابەتێکی دیاریکراودا دەپێوێ، لەهەندێ باریشدا دەست نیشانکردنی لایەنەکانی کەم و کورتیە لەو بابەتانە، یان لەهەندێ کارامەییە بنچینەییەکان.

ئەو تاقیکردنەوانە لەڕاستیدا، تاقیکردنەوەی زانیاری و کارامەییەکانن، نەك تاقیکردنەوەی تواناو ئامادەییەکان.

action | العَمَل، الاجراء | کار، کردە

کۆمەڵە جوڵەو هەڵس و کەوتێکی ڕێك و پێکە، مەبەستی کارتێکردنە لەجیهانی دەرەکی و بەدیهێنانی ئامانجێکە، لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە دەوترێت: کاری هاوبەش (corporate action)، هەروەها کاری جەماوەری (popular action) کەبریتیە لەو کارانەی کۆمەڵەتاکێك بەشداریان تێدا دەکات.

Action, direct | العمل المباشر | کاری ڕاستەوخۆ

پەنابردن بۆ هۆکارە ناسیاسییەکان، وەك مانگرتن و زیان پێگەیاندن، ئەویش بۆناچار کردنی حکومەت، بەجێبەجێکردنی چەند کارێك لەبواری سیاسی یان کۆمەڵایەتی یاخود ئابوری بەرامبەر ئەوەش کاری سیاسی دێت (political action)

Social action — تەماشابکە: کاری کۆمەڵایەتی

Action, judicial | الدَعوى القضائية | دادگایی
داوای داوەری

مافێکی بڕیار لەسەر دراوە بۆ هەموو تاکێك کەپەنابەرێتە بەر دادگا بۆ بەدەستهێنانی مافێك زەوت کرابێت لێی، یان سامانێکی لێ داگیر کاربێت.

| | | |
|---|---|---|
| **Action, legal** | **التصرف القانوني** | **ماڤ ڕاپەڕاندنی یاسایی**<br>**ڕەفتاری یاسایی** |

کارێك لەسەر ئیرادە ئەنجام دەدرێت، ئەویش کاتێ روو لەکارێك دەکرێت کە شوێنەوارێکی یاسایی دیاریکراوی دەبێت بەڵام یاسا قەدەغەی نەکردووە، ئەوکارەش لەسەر رێککەوتنی ئیرادەی دوولایەن دەبێت، نموونە: گرێ بەستی فرۆشتن و بەکرێدان و بریکاری، یان لەسەر ئیرادەی یەك لایەن دەبێت، نموونەی وەسیەتنامە، لەتاوان رزگارکردن (گەردن ئازادکردن)، هەروەها وازهێنان لەمافێك.

| | | |
|---|---|---|
| **Action, political** | **العمل السياسي** | **کاری سیاسی** |

ئەو هەوڵ و کۆششانەی کەپارتە سیاسییەکان پێی هەڵدەستن بۆ ئەوەی بگەنە دەسەڵات لەڕێگەی هەڵبژاردنە گشتیەکانەوە، ئەویش بەمەبەستی جێبەجێکردنی بەرنامەکانیان، یان دەربڕینی بیرورا دەربارەی پرۆژەو بەرنامەی ئەو پارتەی کە دەسەڵات دەگرێتە دەست.

| | | |
|---|---|---|
| **Action frame of reference** | **الأطار المرجعي**<br>**للفعل** | **چوارچێوە**<br>**ژێدەریەکەی کردە** |

ئامرازێکی بیرلێکردنەوەیە، (پارسۆنز) بەکاری هێناوە بۆ شیکردنەوەی سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان و سیستەمە کەسایەتیەکان، چوارچێوە سەرچاوەییەکەی کار، جەخت لەسەر بکەر دەکات لەڕووی ئەو بەهاو ئامانجانەی کە رەفتاری بکەر ئاراستە دەکات لە چەند هەڵوێستێکی دیاریکراودا.

| | | |
|---|---|---|
| **Action research** | **البحث المقترن بالاصلاح** | **توێژینەوەی پەیوەست بەچاکسازی** |

هەندێ لەزانستە کۆمەڵایەتیەکان (کۆمەڵناسی، دەروونناسی کۆمەڵایەتی وەك نموونە)، گرینگی بەگۆڕینی هەڵوێستە کۆمەڵایەتیەکان دەدەن لەگەڵ هەوڵدان بۆ ئاراستەکردنیان بەرەو چاکسازی یان پێشکەشکردنی یارمەتیدان بۆ ئەوانەی پێویستیان بەهاوکاری هەیە.

توێژینەوەی پەیوەست بەچاکسازی مەبەستی جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانەیە، ئەو لەو کاتەی کەهەوڵی پەیداکردنی زانیاری دەدات بەمەبەستی تێگەیشتن لە شیکردنەوەی دیاردەکان، لەهەمان کاتدا هەوڵدەدات سوود لەو زانیاریانە وەربگرێت بۆ مەبەستی پراکتیکیەکان.

| | | |
|---|---|---|
| **Action theory social** | **نظرية الفعل الاجتماعي** | **تیۆری کردەی کۆمەڵایەتی** |

گرینگترین لقە لەبابەتی رەفتارگەری کۆمەڵایەتی، ئەم تیۆرییە بایەخی بەچەمکی کرداری کۆمەڵایەتی داوەو روونیشی دەکاتەوە وەك جۆرێك لەرەفتاری تاك کە لەلایەن بەهاکانەوە پشتگیری و پاڵنراوە، ئەوکارەش وەك هەوڵێك بۆ دانانی ڕاڤەیەك بۆ ڕەفتاری مرۆڤایەتی.

ئەم تیۆرییە، رەفتاری توندرەوی لاپەسەند نیە، داکۆکیش لەسەر مانای خودی هەڵوێستی بکەر دەکات، ئاماژەش بۆ پێویستی لێکۆڵینەوە لەو هەڵوێستە دەکات لەبەر رۆشنایی بەهاتایبەتیەکانی بکەر، هەروەها پێش بینیەکانی بۆ بەدەنگەوە هاتنی ئەوانی دیکە.

تیۆری کاری کۆمەڵایەتی، لێکۆڵینەوە لەرەفتاری مرۆڤایەتی دەکات، ئەویش لەمیانەی ئەو هەڵس و کەوتانەی کەکەسەکان پێی هەڵدەستن لەچەند هەڵوێستێکی سنورداری رۆشنبیری و لەچەند سیستمێکی دیاریکراوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان.

**ئەکتیڤیزم** | مذهب الفاعلية | **Activism**

**ڕێبازی کارگەرایی** | المذهب العملي

ڕێبازێکی مۆرالیە، کار بەپێوەری ڕاستی دەزانێت، واتە کاری بەرهەم هێن تایبەتمەندی و خەسڵەتێکی ڕاستیە، بەڵام ئەوە واناگەیێنێ کە ڕاستی ڕەوایە، لەبەر ئەوەی سوود بەخشە، بەڵکو مانای ئەوەیە کە ئێمە ڕاستەوخۆ لە ڕاستی تێبگەین بەهۆی کارەوە.

مەبەست لەئەکتیڤیزم لەدەروونناسیدا، ئەو ئاراستەیەی کەچالاکی ئەقلی و جەستەیی بەبنچینەی فێربوون دادەنێت.

**کارایی** | النشاط | **avtivity**

هەر کردارێکی ئەقلی یان ڕەفتاری یاخود بایۆلۆژی، بەندە بەوزەی گیان لەبەری زیندوو، هەروەها بەخۆکردی جیاواز دەکرێتەوە زیاتر لەوەی وەلامدانەوە بێت.

**تەماشابەکە: چالاکی کۆمەلایەتی** | **Social activity**

**تەبابوون** | التكيّف | **Adaptation**

**گونجاندن** | التكيْيف

لەزیندەوەر زانیدا، گۆڕانە لەزیندەوەر، ئەگەر ئەو گۆڕانە لەبونیاد بێت یان لەفەرمان، ئەو گۆڕانە والەزیندەوەر دەکات کەزیاتر توانای پارێزگاریکردنی ژیانی خۆی هەبێت، یان پاراستنی نەوەو ڕەچەڵەکانی.

ئەوەندەی ماناکەی پەیوەندی بەدەروونناسی کۆمەلایەتیەوە هەبێت، گۆڕانە لەرەفتاری تاك بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ تاکەکانی دیکە، بەتایبەتیش بەپێڕەو کردنی داب و نەریتەکان و گوێ ڕایەڵی بۆ ڕێ و ڕەسم و پابەندییە کۆمەلایەتیەکان.

**خوپێوەگرتن** | الأدمان | **Addiction**

ڕاهاتنی تاك لەسەر خواردنەوەی سڕکەرەکان (narcotics) یان مادە بێ هۆشکەرەکان (drugs) یاخود ئەلکهولیەکان (alcoholics) بەرادەیەك کە لێی دوور کەوتنەوە زەحمەت دەبێت.

**ئەلکهولیەکان** | **Cf. alcoholism**

**بڕیاردان بەپێی یاسا** | الحُكم | **Adjudication**

هەموو بڕیارێك دادگا دەری بکات و پەیوەست بێت بەناکۆکییەك و خرابێتە بەردەم ئەنجوومەنی دادگا.

ئەو بڕیارە سەرەتایی دەبێت ئەگەر لەلایەن دادگایەکی پلەیەك دەرکرابێت، بڕیارەکە کۆتایی دەبێت ئەگەر ڕێگای تێ هەڵچوونەوەی پێ نەدرێت.

**سازان** | التوافق | **Adjustment**

زاراوەیەکی سایکۆلۆژیە زیاتر لەوەی سوسیۆلۆژی بێت، مەبەست لەم زاراوەیە دۆزینەوەی پەیوەندییەکی گونجاوە لەنێوان تاکێك یان گروپێك لەگەڵ هەلویستێکی کۆمەلایەتی دیاریکراودا. ئەم زاراوەیە بەمانای تەبابوون (adaptation) بەکار دەهێنرێت بەشێوەیەکی ڕەها.

بەلام واباشترە بەکارهێنانی کورت بکرێتەوە لەسەر جۆرێك لەتەبابوونی کۆمەلایەتی یان چارەسەری دەروونی، کەپێویست بکات کەسەکە کاتێ بەرەو ڕووی کێشەیەکی ئاکاری یان ململانێیەکی دەروونی دەبێتەوە لەداب و نەرێت و ئاراستەکانی بگۆڕێ بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو کۆمەڵەی لەسێبەریدا دەژی، بگونجێت.

**Administration** ادارة کارگێڕی

وەك باوە، ئەم زاراوەیە لەبواری کاری حکومەتدا بەکار دێت، مەبەستیش لێی ڕێکخستنی هەوڵ و کاری تاك و گروپەکانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو، کەهەموو قۆناغەکانی پلاندانان، ڕێکخستن، بەکارهێنان و ئاراستەو ڕاگەیاندن و چاودێری و دارایی دەگرێتەوە.

**Administration, Local** الادارة المحلية کارگێڕی خۆجێی

سیستمێکی یاساییە، دەرفەت دەدات بەبەخشینی کەسایەتی مەعنەوی بە یەکە کارگێڕییەکان، بەمەبەستی بەڕێوەبردنی چەند پرۆژەو بەرژەوەندییەك و ڕێکخستنی ئەو ئەنجومەنانەی کە نوێنەرایەتی ئەویەکانە دەکەن، ئەو ئەنجومەنە کارگێڕیانە ڕەنگدانەوەی ویست و چالاکیەکانی ناوچە کە دەنوێنن.

**Administration, personnel** ادارة الافراد بەڕێوەبردنی کارمەندان

ئەو کارگێڕییەی هەڵدەستێت بەنەخشەکێشانی هەوڵ و کۆششی تاکەکان و سەرپەرشتی کردنیان و ئاراستەو ڕێك و پێکردنی نێوانیان، ئەویش بەمەبەستی دەستەبەرکردنی بەجێگەیاندنی کارەکە بەو پەڕی تەواوی و رازی بوونی باش، هەروەها بەدیهێنانی هاوکاری توند لەنێوانیاندا بۆ گەیشتن و جێبەجێکردنی ئامانجەکانی پرۆژەکە.

**Administration, of public authority** المصالح العامة بەرژەوەندی گشتی
ئیدارەی گشتی

ئەو دام و دەزگایانەی بەچالاکی هەڵدەستن لەسنوری فەرمان و ئەرکی کارگێڕی دەوڵەت، لەبەڕێوەردنی ئەو چالاکیانەش هەرچی لەتوانا دابێت بەکاری دەهێنن لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی گشتیە لەهەردوو ڕووی ماف و دەسکەوتەکان.

**admission** القُبول رازی بوون
پەسندکردن

مەبەست لەم زاراوەیە، رازی بوونی گروپێك یان ڕێکخراوێك یاخود ئەنجومەنێك بەوەرگرتنی تاکێك، ئەوەش پاش دڵنیابوون لەرازی بوونی ئەو تاکە بەپێوەرەکانی یان سیستمەکانی یاخود یاساکانی، هەروەها توانای ژیانی لەگەڵ ئەو لایەنە هەبێت.

**Adolescence** المراهقة هەرزەکاری
باڵق بوون

بریتیە لەقۆناغێکی گەشەکردن کە لەتەمەنی پێگەیشتنەوەدەست پێ دەکات، واتە لەتەمەنی (13) ساڵییەوە بەنزیکی تەمەنی پێگەیشتن کۆتایی دێت لەدەوروبەری (18) یان (20) ساڵی، ئەو ماوەیە بەتەمەنی پێگەیشتنی ئەقلی و هەڵچوونی ئەقلی و کۆمەڵایەتی دادەنرێت.

**Adoption** التّبني هەڵگرتنەوە
بەخێوکردن

یەك لەهۆکارە کۆمەڵایەتی و یاساییەکانە بۆ چاودێریکردنی ئەو منداڵانەی کەخێزانە سروشتیەکانیان لە دەستداوە، یان ئەوانی خێزانیان نیە، یاخود ئەوانەی خێزانەکانیان بەخێویان ناکەن لەبەر هۆیەك یانیش بەهۆی دۆخێکی کۆمەڵایەتی نائاسایی.

هەڵگرتنەوەی یاسایی بەپێی گرێبەستێك ( adoption agreement) دەبێت یان بەپێی بڕیارێك لەدادگا (adoption decree) ئەویش پاش هەستان بەپشکنینێکی ورد (baby-tests) دەربارەی ئەو خێزانەی نیازی هەڵگرتنەوەی هەیە، بۆ ئەوەی منداڵەکە مافی چاودێری مادی و دەروونی لەباری بۆ پەیدا ببێت.

هەڵگرتنـەوە دەبێتـە هـۆی دروسـت بـوونی چـەند پەیوەندییـەك لـەنێوان منداڵەكـەو ئـەو خێزانـە، كـەهیچ پـەیوەسـتیەكی سروشتی لەنێوانیانـدا نیـە، بـەو هەڵگرتنەوەیـە ئـەو منداڵـە دەبێتـە ئەنـدامێكی هەمیشـەیی لـەو خێزانـەی هەڵیگرتۆتـەوە (adoptive parents)، و هەمان ماف و ئەركی هەیە وەك هەر منداڵێكی شەرعی.
بـەڵام هەڵگرتنـەوەی سـادە (simple adoption) ئـەوە بریتیـە تـەنها لـە مامەڵـەكردنی منـداڵ وەك یـەك لەئەنـدامانی خێزان.

**adoration** العبادة پەرستن

ڕێزگرتنی تاك بۆ هێزی خواوەندی، لەكاتێكدا وشەی (worship) بەمانای ڕێزگرتنی بەكۆمەڵ دێت بۆ ئەو هێزە.
تەماشابكە: پەرستن **worship**

**adult** المراهق، الراشد / البالغ گەنج / لاو (پێگەیشتو)

ئەو كەسەی تەمەنی (21) ساڵ تێپەڕ دەكات، لێهاتوویی تەواوی دەبێت واتـە لێهـاتوویی پێویسـت بـوون و لێهـاتوویی ئـەرك بەجێگەیاندن، هەندێ كۆمەڵی خۆرسك چەند داب و نەریتێك بەكار دێنن كاتی مرۆڤ دەگاتە تەمـەن گـەورەیی، وەك داب و نەریتی بالغی (puberty rites) و داب و نەریتی فێركردنی سەرەتایی (initiation rite)

**Adult education** تعليم الكبار فێركردنی تەمەن گەورەكان

واتە: ئەو دەرفەتە پەروەردەییانەی دەرەخسێت بۆ ئەوانی تەمەنی تەمەنیان لەتەمەنی چوونە قوتابخانە تێپـەڕیوە، ئامـانجیش لـەو دەرفەتانە، نەهێشتنی نەخوێنـدەواری و پـەروەردەی تەندروسـتی و پێگەیانـدنی كارامەییـەكان و گەشـە پێـدانی كەسـایەتی تاكە، هەروەها خوڵقاندنی هەستی بەرپرسیاریەتی كۆمەڵایەتیە.
زۆرترین شێوەكانی ئەو فێركردنە، وتارخوێندنەوە، كۆڕبەستن، خوێندنەوەو ڕاهێنان، ڕەنگە ئەو شـێوانە فـراوانتر ببنـەوەو شێوەی خوێندن بەنامە ئاڵوگۆڕكردنیش وەربگرێت.
ئاراستە كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریەكان، هاوكار بوونە لەسەر زۆر بـوونی بایەخـدان بەپـەروەردەی گـەورەكان، هـەروەها كۆچكردن لەگوندەوە بۆ شار كاریگەری هەبووە لەسەر پێویستی ئەو جۆرە پەروەردەیە.
هەوڵەكان بۆ فێربوونی گەورەكان بەهەڵمەتەكانی نەهێشتنی نەخوێندەواری دەستی پێكرد، دواتر ڕووی لەپەرەپێدانی تـاك كرد بەرەو پەروەردەی هەمەلایەنی تەواوكار بۆ ئەوەی ئەو تاكە بۆ ژیانی سەردەمیانە ئامادە بكرێت.
ئەمەو زۆرێك لـەو چاڵاكیانەی دەركـەوتن كـە پەیوەنـدییان بـەفێركردنی گـەورەوە هەیـە، ئـەویش وەك كولتـوری كردەیـی، پەروەردەیی بنچینەیی، فێركردنی لەڕێگای فەرمانەوە، پەروەردەی جەماوەری، پەروەردەی میللی، پـەروەردەی كۆمەڵایـەتی فێربوونی بەردەوام و فێربوونی درێژە پێدراو.

**Adultery** الزنا / الخيانة الزوجية زینا / داوێن پیسی

ئەنجامدانی كاری سێكسی لەلایەن یەك لەهاوسـەرەكان لەگـەڵ كەسـێكی دیكـە نـەك هاوسـەرەكەی خـۆی، دیـارە ئـەو كـارەش دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەو پابەندییەی نێوانیان كە یاسا دەیسەپێنێ بەسەرهاوسەرەكان لەكاتی هاوسەرگیریدا.
بەو پەیوەندیكردنە سێكسییەی نێوان پیاوێكی ڕەبەن و ژنێك كەشووی كردبێت، یان لەنێوان ژنێك كەشـووی نـەكردبێت لـە گەڵ پیاوێكی خاوەن ژن، دەوترێت پەیوەندی حەرام (Fornication)

**Adulthood** — الرُشد / سن الشباب — گەنج

ئەو ماوەیەی کەپێگەیشتنی بایۆلۆژی و ئەقلی و هەستیاری جیاواز دەکرێتەوە، لەو ماوەیەدا تاك بەرپرس دەبێت لەکارو بارە تایبەتیەکانی ژیانی.

**advance** — التقدم — پێشکەوتن

**Cf. progress** — گەشەکردن، پێشکەوتن

**Advance, cash** — السُلفة / القَرض — پێشینە / قەرز

بەپێی ڕێککەوتنێك، کەسێکی ئاسایی یان مەعنەوی بڕێك پارە وەك قەرز دەدات بەکەسێکی دیکە، ئەویش بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و بەرامبەر بەسوودێکی سنودار، نموونەی ئەو قەرزانەی خاوەن کار بەکرێکارانی دەدات.

بەپێی یاساکانی کار ئەو بڕە پارە مانگانەیە دیاری دەکرێت کە لەڕۆژانەی کرێکارەکە دەبردرێت بەرامبەر بەو قەردەی کەوەری گرتووە، هەروەها یاساکان خاوەن کار پابەند دەکەن بەوەرنەگرتنی هەر جۆرە سوودێك لەسەر ئەو قەرزانە.

**advancement** — الترقية — بەرزبوونەوەی پلە / پێشخستن

بەرز بوونەوەی کارمەند بۆ پلەیەکی بەرزتر لەڕووی بەرپرسیاری و دەسەلاتەوە لەپێگەی ئێستای، لەزۆر باردا پلە بەرزکردنەوە زیادەی موچەی لەگەڵ دەبێت.

**Advertising** — الاعلان — بلاوکراوە / ئاگاداری

ئاگاداری، بریتیە لەبلاوکردنەوە بەهۆکاری جیاواز، مەبەستیشی سەرنج ڕاکێشانی جەماوەرە بۆ کالایەکی دیاریکراو یان بۆ کارێك لەکارەکان، لەکۆندا بلاوکردنەوە لە ڕێگە کەسێك دەبوو کە بەشەقام و بازارەکاندا دەسووڕایەوە.

ڕاگەیاندن گرینگی بەرزبۆ تەوە لەئاکامی زۆربوونی بەرهەم و بایەخدان بەدابەشکردنی بەرهەمەکان لەسنورێکی فراوان بۆ ئەوەی بگاتە دەستی بەکار بەران، ئەم حاڵەتەش واپێویست دەکات کەبەکاربەران و ئەوانی لەچاوەڕوانیدان ئاگاداربکرێنەوە بەبوونی کەل و پەل و کەرەستەکان و هانیش بدرێن بۆ کڕینی لەڕێگەی ڕاگەیاندن و هۆکارە جیاوازەکانی بلاوکردنەوەدا.

دیارە ئاکامەکانی ئەم دیاردەیەش زۆرکاریگەر دەبێت لەسەر ویست و ئارەزووەکان کەبەهۆی کاری ڕاگەیاندنەوە دەخولقێن، ئەوانە دەبنە دیاردەی دروستکراو، نەك ئارەزووی ڕەسەنی بەکاربەربێت.

لەم بارەوە ڕاگەیاندن بەچەند قۆناغێك تێپەڕ دەبێت: سەرنج ڕاکێشان، وروژاندن، بایەخپێدان و خولقاندنی ئارەزوو بۆ کەڵ و پەل، هەروەها ڕازی کردنی بەکاربەرو هاندانی بۆ کارکردن.

**Advisory authority** — السلطة الاستشارية — دەسەلاتی ڕاوێژکاری

دەسەلاتی ڕاوێژکاری لەهەر پرۆژەیەکدا، سروشتەکەی کارێکی یارمەتیدەرانەیە، بۆ دەسەلاتی جێبەجێکردن، ئەو دەسەلاتە ڕاوێژکارییە هەڵدەستێ بە پێدانی بیروراو خستنە ڕووی پێش نیازو ڕاسپاردەکان، یان ڕاوێژکردن.

ئەگەر ئەو پێش نیازو ڕاسپاردانەش بڕیاری لەسەر درا، ئەوە بەناوی دەسەلاتی جێبەجێ کردنەوە دەردەچێت.

پشتگیری | التأيید | **Advocacy**
لایەنگری

ئاراستەیەکە بەهۆیەوە تاك یان گروپێك بەئاشکرا لایەنگری و پشتگیری خۆی بۆ کارێك دەردەبڕێت

جوان ناسی | علم الجمال (الاستطيقا) | **aesthetics**

ئەم زانستە لقێك بوو لەفەلسەفە، لێکۆڵینەوەکانی لەبواری فەلسەفەی جوانیدا بووەو خۆشی لەهونەردا دەنوێنێ، هەروەها ئەو بەها هونەریانەی کەلایەنە هونەریەکان هەڵدەسەنگێنێ و هەست بەجوانی لای تاکەکان دەوروژێنێت.
فەیلەسوفەکان دابەش دەبنە سەر دوو ئاراستە: یەکەمیان جوانی لەڕووی بابەتیەوە دەکاتە بوونەوەرێك لەخودی شتە جوانەکە، ئاراستەکەی دیکە: جوانی دەبەستێتەوە بەتێگەیشتنی خودی، لای کەسی تێگەیشتوو.
لەم رۆژگارەدا جوانی لای فەلسەفە گوازرایەوە، ئەو زانستە بایەخ بەلێکۆڵینەوەی کاروبارە هونەریەکان و پرۆسەکانی بەرهەمی هونەری و دیاردە هونەریەکان دەدات...هتد.

ویژدان | الوجدان | **affection**
هەست | الشعور

ئەو دیاردە دەروونیانەن لەڕووی کاریگەریان، بەچێژو ئازارەوە، لەبەرامبەر دیاردە دەروونیەکانی دیکە کە بەتێگەیشتن و زانین جیاواز دەکرێنەوە، ئەو دیاردانەش، ویژدان، هەڵچوون و هەست و ئارەزووەکان دەگرێتەوە.
دەوترێت، پەرچەکرداری عاتیفی (affectivity) واتە ئامادەیی تاك بۆ چێژتنی هەست و سۆزنواندن و هەڵچوونەکان.

پەیوەندیکردن | ١- الانضمام | **affiliation**
چوونە ڕیز | الانتساب

بریتیە لەو پەیوەندییە شەرعییە یان شێوەییە (روالەتی)، یاخود هاوکارییەی نێوان دوو کۆمەڵ یان زیاتر، یانیش چوونە ڕیزی کۆمەڵەیەك و یان یەکێتیەك تەنها بۆ لایەنگری و پاڵپشتی کردنێکی ئەدەبی کۆمەڵەکە، بێ ئەوەی بەڕاستی پلەی ئەندامییەتی هەبێت.

سەلماندنی خزمایەتی | ٢- ثبوت النسب

داوایەکی تایبەتە، تێیدا داوای سەلماندنی باوکایەتی منداڵێك دەکرێت، یان دانان بەو باوکایەتیەو بەدەستهێنانی بڕیاری دادگا- بەو باوکایەتیە (affiliation order)، ئەو لایەنەی بەپێی بڕیارەکە مافی باوکایەتی منداڵەکەی وەرگرت، ئەوە پێویست دەکات بڕەپارەیەك بۆ بەخێوکردنی ئامادە بکات.

پەیوەندییەکانی ژن خوازی | ١- روابط المصاهرة | **Affinity**

خزمایەتیەکە، بەهۆی هاوسەرگیری لەنێوان پیاوو خزمەکانی ژنەکەی پەیدا دەبێت، یان لە نێوان ژن و خزمەکانی پیاوەکەی.
ئەم زاراوەیە لەنووسینە ئەنثرۆپۆلۆجیەکان بەکار دەهێنرێت وەك ئامازەیەك بۆ سەلماندنی پەیوەندی خزمایەتی لەڕێگەی بەدواداچوونی لق و پەلی خزمایەتیەوە.

هۆگری | ٢- الصلة، الألفة

پەیوەندییەکە لەنێوان بوونەوەرە بایۆلۆجیەکان، لەیەکچوونێك لەبوونیادی گشتی دەگرێتە خۆی و بەڵگەشە لەسەر یەکیەتی ڕەچەڵەك.
لەدەروونناسیدا، دەوترێت هۆگری کۆمەڵایەتی (Social affinity) مەبەستیش لێی، ئەو هێزە ڕاکێشەرانەیە کە هەندێ لەتاکەکان والێدەکات لەیەکتر نزیك ببنەوە، ئەویش بەهۆی بەشداریکردنی ویژدانی نێوانیان یان بەهۆی ئینتمایان بۆ

گروپێکی دیاریکراو لەڕووی تەمەنەوە، یاخود فەرمان و کاری کۆمەڵایەتی یانیش لەڕووی ئایدیۆلۆجیەوە، یان یەکگرتنی بەهاکان و لەیەکچوونی ئەزموونە کەسایەتیەکان.

**بەردەوامی بەدەنگەوەهاتن** | موالاة العناية | **Aftercare**

ئەو زاراوەیە بەکاردەهێنرێت وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو هەوڵ و خزمەتگوزاریانەی دەدرێت، بۆ ئەو کەسانەی کەلەدامەزراوە جیاوازەکانەوە چاودێری کراون، نموونەی نەخۆشخانەکان، خانەی نەوجوانان...هتد، ئەوکارەش دوای دەرچوونیان لەو دامەزراوانە درێژەیان دەبێت.

**هاوسەرگیری بێ پێوەری** | اللامعيارية في الزواج | **A gamy**

نەبوونی هەر جۆرە ڕێساو بنەمایەك، ئەگەر لەوانە بێت کە لەئەندامانی کۆمەڵ داوادەکرێت بەوەی هاوسەرگیرییەکە لەناو خۆی کۆمەڵ بێت، یان ڕێگا بەو جۆرە هاوسەرگیرییە نەدرێت. واتە کۆمەڵ شێوازی هاوسەرگیری بەسەر ئەندامانی ناسەپێنێت، کەهاوسەرگیرییەکە ناوخۆیی (endogamy) بێت، یان هاوسەرگیرییەکە دەرەکی (exogamy) بێت، کەواتە کۆمەڵ گرینگی ناداتە ئەم بوارە.

ئەم زاراوەیە لەزانستی بایۆلۆجیا لەلایەن (Robert Lowie) وەرگیراوە.

**تەمەن** | العُمر<br>السِن | **age**

ئەو ماوەیەی تێپەڕ بووە لەرۆژی لەدایك بوونی تاکەوە، ئەو ماوەیە پێی دەوترێت تەمەنی زەمەنی (chronological age)، ژیانی مرۆڤایەتی دابەش دەکرێتە سەر چەند قۆناغێك (age classes) بەپێی گەشەکردنی تاکەکان، وەك قۆناغی منداڵی، قۆناغی گەنجی، قۆناغی پیاوەتی و قۆناغی پیری.

لەم قۆناغانەشدا پەیکەری سالان، یان پەیکەری تەمەن پێکدێت: ( age structure or age pyramid)

یاسا قۆناغەکانی تەمەن دابەش دەکاتە سەر دووقۆناغ: تەمەنی خوار بالغی (minority) و تەمەنی پێگەیشتن (majority).

لەدەروونناسیدا، ئەو تەمەنەی کەلەگەڵ پلەی ژیری تاك دەگونجێ پێی دەوترێت تەمەنی ئەقلی (mental age)، لەکاتێکدا بەپلەی گەشەکردنی جەستەیی تاك دوترێت تەمەنی فسیولۆجی (physiological age)

**سەردەم**<br>**چەرخ** | العصر | **Age (history)**

ماوەیەکە لەکات و ساتدا، بەچەند مێژوویەکی دیاریکراو سنووردارکراوە، یان بەچەند خەسڵەتێکی تایبەت، وەك سەردەمەتاریکەکان (dark ages) کەئاماژەیە بۆ چەند ماوەیەکی دیاریکراو لەمێژووی ئەوروپا، دەکەوێتە نێوان داڕمانی ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی لەسەدەی پێنجەمی زایینی و سەردەمی راپەڕین لەسەدەی یازدەهەم، هەروەها چەرخی ئەتۆم (atomic age)، ئەو سەردەمەش لەدۆزینەوەی ئەتۆمەوە دەست پێدەکات لەچلەکانی (سەدەی بیستەم) تا ئەمڕۆ.

دەگوترێت سەردەمی زێڕین (golden age) ئەویش ئەو سەردەمەیە کەمەزنترین دانەرو نووسینە هزرییەکانی تێدا دەرکەوتووە لەمێژوودا

**تەمەنی کارکردن** | سن الالتحاق بالعمل | **Age, hiring**

کەمترین ئاستی تەمەنە، تێیدا ڕێگا دەدرێت بەتاك دەست بەکار بکات ڕەنگە هەر دامەزراوەیەك سنورێکی دیاریکراو دابنێت بۆ کارکردن، لەو ڕادەیە زیاتر بێت کەیاسا دیاری کردووە.

**Age, minimum** حَدّ السِن الادنى لایەنی کەمی تەمەن

مەبەست لەم زاراوەیە، کەمترین تەمەن ڕێگا بەهەرزەکاران دەدات بۆ کارکردن، ئەو تەمەنەش لەسەر ئەو بنچینەیەدیاری دەکرێت کەلەماوەیدا خوێندنی بەزۆر کۆتایی دێت و بە(15)ساڵ دیاری دەکرێت.

**Age, old** الشیخوخة پیری

پیری ئەو تەمەنەیە کەتێیدا گەشە کردنی مرۆڤ دەوەستێت، هەروەها ئەو گەشەکردنە دەگۆڕێ بەرەو دیاردەکانی هەڵوەشاندنەوەو دابەزینی پلەبەپلە لەتوانای ئەندامەکانی بۆ هەستان بەئەرکەکانی.

دیارە دیاری کردنی تەمەنی پیری کارێکی دژوارە، چونکە ئەو دیاردەیە پەیوەستە بەچەند هۆکارێك، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ بووترێت کەلەتەمەنی (65)ساڵیدا دەست پێدەکات.

پیری بەکێشە رەق و ئازاردارەکان دادەنرێت بۆ کەسی بەتەمەن، بەهۆی تووش بوونی بەلاوازی بەشێوەیەکی گشتی، هەروەها دابەزینی داهات و حاڵەتی مەعنەوی.

دەوڵەتان بایەخ بەپیرەکان دەدەن، بەدابینکردنی پێویستیەکانی پشوودان و بیمەی کۆمەڵایەتی دژی پیری و ( old age insurance)، لەگەڵ هەندێ یارمەتی کەپێشکەش بەپیران دەکرێت (old age assistance) و ڕێکخستنی خزمەتگوزارییە جیاوازەکانی چاودێری.

**Age-set- or Age-grade** طبقة العُمر فئة العُمر الاجتماعیة توێژی تەمەنی کۆمەڵایەتی

زۆرێك لەکۆمەڵگە سەرەتاییەکان ئارەزووی پۆلینکردنی تاکەکانیان هەیە بۆ چەندین توێژو چین، ئەویش لەسەر بنچینەی نزیك بوونەوەیان لەتەمەن، لەگەڵ چاوپۆشین لەو جیاوازییە ئابوری و کۆمەڵایەتیانەی کەهەیە لەناویاندا.

ئەندامانی یەك چین ناوێکی هاوبەش هەڵدەگرن کەپێی دەناسرێن و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراویانیش دەبێت، هەروەها شێوازە رەفتارێکی دیاریکراو لەمامەلەکردنی هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی دیکە پێڕەو دەکەن لەگەڵ وەرگرتنی هەڵوێستێکی یەکگرتوو بەرامبەر بەچینەکانی دیکە.

هەرتاکێك ئینتیمای بۆ چینی تەمەنی خۆی دەبێت، ئەوەش دوای تێپەڕبوونی بەچەندین نەرێت و ڕێ و ڕەسمی تەرخانکراو، هەروەها چالاکیەکی کۆمەڵایەتی لەجۆرێکی تایبەت دەست پێدەکات (جەنگی یان ئاینی و ....هتد)

**Agency** المؤسسة دامەزراوە

ئەم زاراوەیە لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەو دامەزراوەیە دەوترێت کەبەچالاکییەك هەڵدەسێت و پەیوەستیش دەبێت بەپێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان، ڕەنگە دەمەزراوەکە گشتی بێت (public) یان تایبەت (private).

**Agency snop** هیئة المساومة الممثلة لعمال المنشئة ئەنجوومەنی کاروباری کرێکارانی دامەزراوەکە

یەك لەسیستمەکانی گفتوگۆی بەکۆمەڵە، لێرەدا کرێکاران هەموویان لەگەڵ چاوپۆشین لەوەی سەربەسەندیکابن یان نەبن، نوێنەرەکانی خۆیان هەڵدەبژێرن بۆ گفتوگۆ بەکۆمەڵەکان، هەروەها ئەو باجانەش دەدەن کە ئەو گفتوگۆیانە پێویستی دەکات.

**Agent, business** وکیل أعمال النقابة بریکاری کاروباری سەندیکا

فەرمانبەرێکی تایبەتە، ئەرکی سەرشانی چاودێری کردنی بەرژەوەندییەکانی سەندیکایە، بەتایبەتیش جێبەجێکردنی

پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامانی سەندیاو خاوەن ئیش و کار، ئەوانی ئەو کرێکارانە لایان کار دەکەن.

پسپۆری گەشەپێدانی کۆمەڵگە | أخصائي تنمية المجتمع | **Agent, change**

واتە، ئەو کەسەی لەکۆمەڵگەی خۆجێی توێژینەوە دەکات بۆ دۆزینەوەی پێداویستیەکانی و ڕێکخستنی ئەو هۆکارانەی کە دەکرێ بەهۆیەوە دەرامەت و شارەزاییەکان ئاراستە بکرێن بەڕێگایەکی سەرکەوتووانە بەرەو خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە.

گردبوونەوە | الجمع
ئاپۆرە | الحشد
**Agglomeration**

گردبوونەوەی تاکەکانە هەندێکیان لەگەڵ هەندێك بەبێ هەر جیاوازییەك و بێ ئەوەی هەر جۆرە پەیوەستیەکی بەردەوام بەیەکیان ببەستێتەوە.
ئەم زاراوەیە ئاماژە بۆ نموونەیەکی دیاریکراو لەیەکگرتنی کۆمەڵایەتی، یان جیاکاری لەپرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەکات.
بەزۆری جیاوازی لەنێوان گردبوونەوەو کۆمەڵ، دەکرێت لەسەر سێ ئاستدا بێت، گردبوونەوە ئەو هێزە کۆمەڵایەتیەی نیە کە دەبێتە هۆی بەیەك بەستنەوە یان پەیوەندی و ڕێکستنی کاریگەرانە، هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و هۆشیاری خودی لای کەمە.
ئاستی دووەم، پەیوەندی بەو هۆکارانەوە هەیە کە تاکەکان وا لێدەکات بچنەناو گروپەکان، نموونەش نیشتەجێ بوونی جوگرافی، لەکۆتاییدا گربوونەوە بەوە دەناسرێت (جیاوازدەکرێتەوە) کە ڕێکەوتنی کاتی و ناجێگرە.
بۆیە تاکەکان ئەندامیەتی گردبوونەوە بەدەست ناهێنن وەك ئەوەی لەحاڵەتی کۆمەڵدا هەیە.

گردبوونەوە | الجمع
ئاپۆرە | الحشد
**aggregation**

**Cf. agglomeration**

ژمارەی کۆکراوەیی | الرقم التجميعي | **aggregative index**

ئەم ڕێگایە لەئاماردا بەکار دەهێنرێت بۆ بەدەست هێنانی ژمارە پێوانەییەکانی ئەو گۆڕانکاریانەی کە روو دەدەن لەبڕە دیاریکراوەکاندا.
دەکرێ ژمارەی گردبوونەوەکە ئەژمار بکرێت بەهۆی کۆکردنەوەی نرخی ئەو کالایانەی کەلامان هەیە، وەك نموونە لەساڵی بەراوردکاریدا، هەروەها کۆکردنەوەی نرخەکان لەساڵی بنەڕەتدا، دواتر دەرئەنجامی کۆی یەکەم دابەش دەکەین بەسەر دەرئەنجامی کۆی دووەم، پاشان ئەنجامی دابەشکردنەکە جارانی سەد دەکرێت، بەمانایەکی دیکە ئەو ژمارەیە بریتی دەبێت لەئەنجامی کۆی نرخی کالاکان لەساڵی بەراوردکاریدا لە شێوەی چەند ڕێژەیەکی سەدی، لەئەنجامی کۆکردنەوەی هەموو ئەو نرخانە لە ساڵی بنەڕەتیدا.

دەست درێژی | الاعتداء
شەڕانگێزی | العدوان
**aggression**

ڕەفتارێکە ئامانجی زیان گەیاندنە بەکەسی دیکە یان بەخود، یان هەر هێمایەکی دیکە جێگای بگرێتەوە، ڕەفتاری دەست

درێـژی کـردن، وەك قـەرەبوو کردنێکـە بـۆ ئەوحاڵەتـە بێبەشـیکردنەوەی (frustration) کەکەسـی دەسـت درێـژیکراو بەسەریدا هەستی پێدەکات.
لەدەروونناسـیدا دەوترێـت دەسـت درێـژی راسـتەوخۆ (direct aggression) واتـە ئـەو دەسـت درێژییـەی راسـتەو خـۆ ئاراسـتەی سەرچاوەی دامرکاندنەکە دەکرێـت، ئەگـەر کەسـێك بێـت یـان شـتێك، هـەروەها دەوترێـت دەسـت درێـژی گـۆڕاو (displaced aggression) کە ئەویش دەست درێژییەکە ئاراستەی سەرچاوەی دامرکاندنەکە نەکراوە.
شەڕانگێزی لەڕووی سیاسییەوە بەکارهێنانی هێـزی چەکدارە، یـان هەڕەشـەکردنە لەبـەکار هێنـانی لەڕێگـەی سـنورێکی دان پیـانراوی نێودەوڵـەتی، بەرپرسـیاری ئـەو کـارەش دەکەوێتـە سەرشـانی حکومـەتێك کەبەڕاسـتی دەسـەڵاتدار بێـت، ئـەویش لەئەنجامی کاروکردەوەکانی یان بەهۆی کەمتەرخەمیەوە، ئەگەر بیانووەکەی بەرگری کردنی لەخود نەبێت.
هەندێ لایەن، فشاری ئابوری، یان دەست تێوەردانی ئایدیۆلۆژی وەك دەست درێژی ڕاستەوخۆ تەماشا دەکەن.

**چوونە تەمەن** — **التقدم في العُمر** — **aging**

واتە، بەردەوام بوونی تەمەنی تاکەکان بەرەو قۆناغی پیری، کاتێ ڕێژەی پیرەکان لەکۆمەڵگە زۆر دەبێت، ئەوا ئەو دیاردەیـە ئاماژەیەکە بـۆ ئـەوەی کـە کـۆی دانیشـتوان بـەرەو پـیری دەڕۆن، یـان تەمـەنیان ڕووی لەسـەر کەوتنـە، بـەڵام ئەگـەر ڕێـژەی تەمـەنی بچووك لەکۆمەڵگەدا زۆر بـوو، ئـەوا بـەو دیاردەیـە دەوترێـت گـەنج بـوونی دانشـتوان (rejuvenation) یـاخود گەڕانەوەیان بەرەو گەنجێتی.
کێشەی زۆر بوونی بەردەوام لەژمارەی دانشتوانی بەتەمەن لەکێشەگرینگەکانی چەرخی تازەیـەو پێویست بەچاودێرییەکی تایبەت دەکات.

**وروژاندن** — **الأثارة** — **agitation**

دەبـڕین بـەئاخاوتن یـان بەنووسـین دەربـارەی سـتەمکاری چـین و گـروپ و کۆمەڵـەکان، هـەروەها هەوڵـدان بـۆ وروژانـدنی ناڕەزایی و خوڵقادنی دڵە دڵە ڕاوکێ بەمەبستی ڕاپەڕین و جولاندنی خەڵك و گۆڕان لەبارو دۆخەکەدا بکرێت.
ئەو کەسەی مەبەستی وروژاندنە، هەوڵدەدات کارتێکردنی بەسەر بیروباوەڕو رەفتاری ژمارەیەکی گەورەی تاکەکاندا هەبێت، تابەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراو بجوڵێن.
وروژانـدن بەشـێکە جیانابێتـەوە لەهـەر هەڵمـەتێکی پڕوپاگەنـدە لـەڕێگای ئاخـاوتن وتـارو پـەیام گەیانـدن، لەکاتێکـدا پڕوپاگەندە ئاماژەیە بۆ بوارەکانی ئەو چالاکیەی کە ئامانجی کارتێکردنە لەجەماوەر ئەویش بەهۆی نووسینەوە.
دوای بەکار هێنانی ئێزگەو تەلەفزیۆن، تواناکان بۆ پەیوەندیکرن بەجەماوەری فراوان زۆرتربوو، کەپێشـتر ئـەو توانایـە بـۆ پەیوەنـدیکردن نـەبووە، تـەنها ڕێگـای پەیوەنـدیکردن، نووسـین بـووە، بۆیـە هـەردوو زاراوەکـە لەیـەك مەبەسـت و مانـا یەکدەگرنەوە.

**خزمایەتی هێڵی باب** — **القرابة العاصبة – فرع الاب –** — **agnation**

ئـەم زاراوەیـە بـەکار دێـت لەلێکۆڵینـەوە ئـەنثرۆپۆلۆجیـە نوێیـەکان، مەبەسـتیشی خزمایـەتی یـان پەیوەسـتیە لـەڕێگای نێرینەوە، ئەم بۆ چوونە هیچ جۆرە ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی ناگرێتە خۆی.
تەماشابکە: لقی دایك — Matrilindeal
یەکلا بنەچەیی — Unilineal

**نازانمکاری** | **اللاأدرية** | **agnosticism**
**گومانکاری**

زاراوەکە لەدانانی هیکس ە سالی 1869 . ماناکەشی نکۆڵیکردنە لە بەهای ئەقل و توانایی لەسەر زانین. واتە باوەڕهێنان بەوەی مرۆڤ هیچ شتێك نازانی زیاتر لەدیاردە مادییەکان نەبێت، هۆکاری یەکەمی و ئەو جیهانەی نەبینراوە، ئەوانە شتەکانن کەناکرێ بزانرێن، هەروەها زاراوەکە بەو بیروڕایە دەوترێت کە دەڵێت: میتافیزیکیا هیچە.

**چاکسازی کشتوکاڵی** | **الاصلاح الزراعي** | **Agrarian raform**

رێکخستنێکی ئابورییە، دەبێتە هۆی سنوردار کردنی خاوەندارێتی تاك بۆ کشتوکاڵ، هەروەها بەدیهێنانی جۆرێك لەداد پەروەری کۆمەڵایەتی، ئەویش بەهۆی پێکهاتنی چینێك لەخاوەندارێتی بچووکی کشتوکاڵی، ئازاد لەدەستدرێژی موڵکداری دەرەبەگ.

**رێککەوتن** | **الأتفاق** | **agreement**
**گرێبەست** | **العَقد**

گرێبەست، رێککەوتنی دوو ویستە یان زیاتر بۆ دروستکردنی پەیوەستیەك لە نێوان دووکەس یاخود زیاتر، یانیش هەموارکردنیەتی هەروەها کۆتایی هێنان بە پەیوەستیەکی پێشوتر.
گرێبەست لەسەر سێ کۆڵەکە هەڵدەستێ، ئەوانیش: رەزامەندی ڕاست و ڕەوا، بابەتێکی دیاریکراو یان بوونی پابەند بوونی، هەروەها هۆیەکی ڕەوا بۆ ئەو پا بەند بوونە. لەیاسای نێودەوڵەتی، مەبەست لە رێککەوتن، گرێبەستنە لەسەر وردەکاریەکان یان ئەو کاروبارانەی گرینگی یاساییان هەیە، ئەوانە بەپلەی سێیەمدا دێن لەڕووی گرینگی گرێبەستەکە.
ئەو بابەتانەی شایانی ئەوەنین لەپێناویدا پەیمان (treaty) یان ڕێکەوتنامەیەك (convention)، ببەسترێت ئەوانە دەخرێنە چوارچێوەی گرێبەستێك (agreement)

**گرێبەستی کاری هاوبەش لەسەر ئاستی ناوچەیەك** | **عقد العمل المشترك على مستوى المنطقة** | **Agreement area**

گرێبەستێکە مەرجەکانی کار دەست نیشاندەکات، ئەو مەرجانەش بەسەر زۆربەی یان هەموو ئەو کارمەندو کرێکارانە پێڕەو دەکرێت کەلەپیشەسازییەك و لەسنووری ناوچەیەکی دیاریکراو (شارێك یاخود پارێزگایەك) کاری تێدا دەکرێت.

**گرێبەستی کاری هاوبەش** | **عقد العمل المشترك** | **Agreement collective labour**

رێکەوتنێکە مەرجەکانی کار ڕێك دەخات لەنێوان سەندیکایەك یان زیاتر، لەسەندیکاکانی کرێکاران، یاخود لەنێوان یەکێتی سەندیکاکان و خاوەن ئەو کاروبارانەی کە کرێکاران بەکاردەهێنن ئەوانی سەر بەو سەندیکیایانەن، یان دامەزراوەکانی خاوەن کاروبارەکانی.
هەردوولا پەیمان دەدەن ڕێز لەو مەرجانە بگرن کەلەگرێبەستەکانی کاردا هاتووە.

**گرێبەستی کاری گشتگیر** | **عقد العمل الشامل** | **Agreement, industrywide**

گرێبەستێکی کاری هاوبەشە، هەموو کرێکارانی پیشەسازی دەگرێتەوە، بەمەبەستی یەکخستنی مەرجەکانی کار لەو دامەزراوانەدا.

**Agremetn, method of** قانون الاتفاق أو التوافق ميتۆدی سازان

ئەم زاراوەیە لەلۆژیکدا ئاماژە بۆ ڕێبازی دۆزینەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ڕووداوەکان دەکات، بەتایبەتیش نێوان هۆکارێك و ئەنجامێك، ئەویش بە سەرنجدانی پەیوەست بوونی دوو دیاردە بەبەردەوامی واتە، ڕوودانیان بەیەکەوە، سەرەڕای جیاوازی هەل و مەرجی دەوروبەریان.

**Agricultural extension service** خدمات التوعية في المناطق الزراعية خزمەتگوزاری هۆشیاری لەناوەندە کشتوکاڵیەکان

مەبەست لەم دەستە واژەیە، هەوڵەکانی ڕێنمایی و هۆشیار کردنەوەیە، کە ئامانجیان ڕووناکبیرکردنی کشتیاران و بەرچاو ڕوونیانە، ئەویش دەربارەی ئەوبابەتانەی کەدەبنە هۆی زۆر بوونی بەر هەمەکانیان.

**Agricultural ladder** السُلَم الزراعي ڕیزبەندی کشتوکاڵی

مەبەست لەم زاراوەیە، گواستنەوەی گوندنشینانە، لەچینێکەوە بۆ چینێکی دیکە، ئەویش بەپێی پلەبەندییەك. ئەم کارە پەیوەستە بەهاوسەنگی نێوان تێکڕای ڕێژەی (تاك / زەوی)، بۆیە گۆڕینی دۆخی کۆمەڵایەتی تاك لەکرێکارییەوە (Labourer) بۆ کرێ گرتە (tenant) بۆ خاوەنداری (owner)، لەسەر پلەو ڕادەی قەرەبالغی یان جولەی دانشتوانی گوند دەوەستێت.

**Agricultural revolution** الثورة الزارعية شۆڕشی کشتوکاڵی

گۆڕینی ئەو شێوازانەی بەکار دەهێنرێن لەکشتوکاڵدا، نموونەی کاری دەستی ساکارو بەکار هێنانی ئاژەڵ، بەرەو بەرپێوەبردنی ئامێری و کشتوکاڵی پشت بەستوو بەکەرەستەو ئامێرە بزوێنەرەکان.
هەروەها شۆڕشی کشتوکاڵی، پراکتیك کردنی زانستیش دەگرێتەوە لەبواری کشتوکاڵیدا، وەك بەکارهێنانی پەینی کیمیاوی و لەناوبردنی مێش و مەگەزو...هتد.
ئەم هەنگاوانە دەبنە هۆی زۆر بوونی بەرهەم و کەم بوونەوەی ڕێژەی کرێکارانی بەکار هاتوو لەکاروباری کشتوکاڵیدا.

**Agricultural rites** طقوس الزراعة ڕێ و ڕەسمی کشتوکاڵی

لەئەنثرۆپۆلۆجیا مەبەست لەم زاراوەیە، ئەوڕێ و ڕەسمە تایبەتیانەیە دەربارەی زەوی و ئامادەکردنی و کێلاندنی، هەروەها پاراستنی بەرهەمەکەی، لەم بوارەدا هێزی جادوی بەکۆمەڵ بەکار دەهێنرێت بۆ بەرگریکردن لەهەر کاریگەرییەك کەتووشی بەرهەمی کشتوکاڵی ببێت و زیانی پێ بگەینێت.

**Agricultural worker** العامل الزراعي کرێکاری کشتوکاڵی کشتیار

کرێکاری کشتوکاڵی، ئەو کەسەیە کەلەژێر چاودێری خاوەن زەوی کشتوکاڵی کاردەکات، لەچاندن و کێلاندنی ئەو زەوییەو بەرهەڵستی کردنی نەخۆشیە کشتوکاڵیەکان و کۆکردنەوەی بەرهەم و پەروەردەکردنی پەلەوەرو مەڕو مەڵات، هەموو ئەو کارانە بەرامبەر ڕۆژانەیەك.

کرێکارانی کشتوکاڵی زۆرینەی دانشتوان پێکدەهێنن لەوڵاتانی گەشەسەندوو، بەڵام ئاستی گوزەرانیان بەزۆری کەمترە لەئاستی گوزەرانی کرێکارانی پیشەسازی، هەروەها بارودۆخی کاری کرێکارانی کشتوکاڵ بەتەواوەتی جیاوازە لەبارودۆخی کاری کرێکارانی پیشەسازی، بۆیە ئاساییە کەیاساکانی تایبەت بەکاری کرێکارانی کشتوکاڵی دەربچێت.

**کشتوکاڵ** **الزراعة** **Agriculture**

بریتیە لەکارپێکردن و سوود وەرگرتن لەدەرامەتە بەر هەمهێنراوە سروشتیەکان، لەبەر هەمەکانی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری، بۆبەکار هێنانیان لەپرکردنەوەی پێداویستیەکانی کشتیاران یان بەمەبەستی فرۆشتنی لەبازاڕەکان.
زاناکانی ئەنثرۆپۆلۆجیا وا دەبینن کەقۆناغی کشتوکاڵی دوای قۆناغی ڕاوکردن و ئاژەڵداری دێت، ئەو قۆناغە دوای ماڵیکردنی ئاژەڵ هات.
هەروەها بۆ چوونیان وایە کشتوکاڵی ناکێڵاندن (horticulture) بە قۆناغێکی زیاتر سەرەتایی دادەنرێت، لەو سەردەمە دەست یان تەور بەکار هێنراوە لەکشتوکاڵدا، شان بەشانی بەرپرسیاریەتی ژن لەکشتوکاڵ، ئەمە لەگەڵ بچووکی قەبارەی کێڵگەکان.
کشتوکاڵ، قۆناغێکی پەرەسەندنی دواتری بەخۆوە دیت، لەو ماوەیەدا کشتوکاڵ چەند ناوچەیەکی گەورەتری زەوی گرتەوە، ئەویش بەبەکارهێنانی ئاژەڵ بۆ بار هەڵگرتن و ڕاکێشان و کێڵان.

**یارمەتیدان** **المساعدة / العَون** **Aid**

ئەو یارمەتیەی ئەنجومەنە کۆمەڵایەتیەکان پێشکەشی دەکەن بەو تاکەی کە پێویستی پێی دەبێت، ئەو یارمەتیەش بەزۆری ئابوری یان مادی (material) دەبێت.
ئەو تاکەی پەنا بۆ لایەنە دادوەریەکان دەبات و توانای ئەوەی نیە ئەو باجانەی لەسەریەتی بیدات، دەکرێ یارمەتی دادوەری بەدەست بێنێ (Free legal aid) .

**بێ ئامانج** **اللاهدفي** **Aimless**

ئەو زاراوەیە بەشێوەیەکی ئاسایی، بەو رەفتارە دەوترێت کەمەبەستی جێبەجێکردنی ئامانجێك نیە، ئەو شێوە رەفتارەش هیچ ئامانجێك ناخاتە ڕوو کە هەڵگری بەها کۆمەڵایەتیەکان یان بابەتیەکان بێت.

**خوو گرتن بە کهول خواردنەوە** **الادمان علی المشروبات الکحولیة** **Alcoholism**

زیادەڕۆیی لەخواردنەوەی مادە کەهولیەکان (alcoholism liquors of beverages) بۆ ئاستێکی ڕاهاتن لەسەری یان پشت بەستن پێی.
ئەو رەفتارە، ئاسەواری پزیشکی ترسناکی هەیە، زیانی بۆ تەندروستی کەسی خووگر (alcoholic) دەبێت لەڕووی جەستەیی و ئەقلیەوە، هەروەها ڕێگر دەبێت لەبەردەم پەیوەندییە کەسایەتیەکان و لەبەردەم چالاکی تاك.
خوو گرتن لەسەر خواردنەوەی مادە کەهولیەکان، چەند نەخۆشیەکی لێ پەیدا دەبێت وەك ورێنە (alcoholic hallucination) هەروەها تێکچوونی بیرو هۆش (alcoholic psychosis) کەبەنەخۆشی دەروونی دادەنرێتچەند دەزگایەکی کۆمەڵایەتی هەڵدەستن بەچاودێری کردنی ئەو کەسانەی کە تووشی ئەو ڕەفتارە بوونە(car of alcoholics and their families) لەگەڵ خێزانەکانیان، هەروەها دروست کردنی چەند شوێنێك بۆ چارەسەرکردنیان (homes for treatment of alcoholics)

**Algebraic method** المنهج الجبري میتۆدی تۆژینەوەی جەبری

بەکارهێنانی هێما گشتیەکان بۆ گۆڕینی هەڵوێستە پەیوەندارەکان بەکێشەکە بۆ شێوازو هاوکێشەو زانیاریەکان بەمەبەستی تیشك خستنە سەر ئەو پەیوەندییانەی هەیە لەنێوان ئەو هۆکارە زۆرانەی کەکێشە کە دەیانگرێتە خۆی.

**Alien** الغريب الاجنبي بێگانە

کەسی لەدایك بوو لەوڵاتێکی بیانی و هەر لەوڵاتێکی بیانی نیشتەجێ بێت، نەك لەناو هاوڵاتیانی خۆی، زۆربەی وڵاتان دەزگایەکی پۆلیسی تایبەت پێکدێنن بۆ بێگانە (aliens department) .

هەروەها لەو وڵاتانە چەند خزمەتگوزارییەکی کۆمەڵایەتی بۆ بێگانەو کۆچبەران رێك دەخرێت (services for aliens and migrants) .

لەهەندێ وڵات پشت بەکرێکارانی بیانی دەبەسترێت (alien labour and migrants)، بۆ هەندێ کاروبار، بەڵام بە جۆرێك کە ڕکابەری کرێکارانی نیشتمانی نەکات.

کارکردن بەو کرێکارە بیانیانە، بەپێی یاساکانی کار دەبێت، هەروەها یاساکانی نیشتەجێ بوونی بێگانەکان رێکدەخرێت، چەند مەرجێکیش دادەنرێت بۆ ئەگەری پێدانی ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەی تێیدا نیشتەجێبوونە، وەك دیاریکردنی ماوەیەك بۆ نیشتەجێ بوونیان، سەرەڕای چەند مەرجێکی دیکە.

بێگانەکان دابەش دەبنە سەر چەند توێژێکی جیاواز، لەوانە بێگانەی دوژمن (alien enemy) و بێگانەی نیشتەجێ بوو (resident) هەروەها بێگانەی تێپەڕ بوو (non resident) لەگەڵ ئەو بێگانەیەی کەسەر بەوڵاتێکی دۆستە (alien friend).

**Alien friend** ١ – الاغتراب نامۆبوون

بە بۆچوونی مارکسیزم، هەندێ لەتاکەکانی ناوکۆمەڵگە لەکارو بارەکانیان دووردەکەونەوە لەبەر چەند هۆیەکی بابەتی شاراوە، لەپەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان و لەسیستمی دەسەڵاتداری چینایەتی، دیارە ئەو حاڵەتەش دەبێتە هۆی جیابوونەوەیان لەکار یان لەبەرهەمهێنان، لەهەمان کاتدا دەبێتە هۆی نامۆ بوونیان لەسروشت و لەخودی خۆیان، ئەوەش وا دەگەیێنێ کەکار دەبێتە شتێکی دەرەکی بۆ کرێکار نەك وەك بەشێك لەسروشتەکەی، بۆیە حاڵەتێك لەهەژاری و پەککەوتەیی و ناڕازی بوونی لا دەخوڵقێ و ناتوانێت ئازادانە گەشە بەوزەی فسیولۆجی یاخود ئەقلی خۆی بدات و ئازادی و سەربەخۆیی خۆی لەدەست دەدات و دەبێتە موڵکی کەسێکی دیکەیانیش کۆیلەی شتە مادییەکان، دەسەلاتدارانیش هەڵس و کەوتی پێوە دەکەن وەك هەڵس و کەوتیان بە کاڵاو کەل و پەلی بازرگانی.

2- دوورکەوتنەوەی هەردوو هاوسەر لەیەکتر.

3- کەم وکورتی ئەقلانی و دوورکەوتنەوە لەحاڵەتە ئاساییەکەی ئەقل.

4- گۆڕین یان گواستنەوەی خاوەندارێتی لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە.

**Alimony** النفقة نەفەقە

- خەرجی پێ ژیان -

جۆرێکە لەقەرەبوو کردنەوە بۆ ئەو ژنە خەرج دەکرێت کەبەتەلاقدان لەهاوسەرەکەی جیا دەبێتەوە، بۆ ئەوەی بەو بڕەپارەیە بژێت، دیارە ئەو نەفەقەیەش بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەبێت، بڕەکەشی بە رێکەوتنی هەردوولایان بەبڕیاری دادگا دیاری دەکرێت.

هەروەها نەفەقە دەدرێت بەهەندێ کەس لەلایەن خزمە هەبووەکانیان.

**allegiance** — الولاء / الطاعة — **دڵسۆزی - گوێڕایەڵی / مەلکەچی**

ئەو زاراوەیە بەکار دەهێنرێت وەك هێمایەك بۆ ئەو پەیوەندی و هەست و سۆزانەی (رومانتیکی و یاسایی) کە تاك بەکۆمەڵ یان بەنەریت و رێ و ڕەسمەکانی (symbols) دەبەستێتەوە، یاخود دڵسۆزی دەربڕین بۆ ئەوەی کەتاك بەڕاستی دەزانێت، وەك خێزان یاخود کار یانیش نیشتمان.

ملکەچی ڕەنگە سروشتی (natural) بێت و دەبێتە ئەرك بەسەر هەموو هاولاتیەك بەرامبەر دەسەلات و بەرامبەر ئەو نیشتمانەی کە تێیدا دەژێت، ئەویش بەرامبەر پاراستنی ژیانی و ئاسوودەیی.

هەروەها ڕەنگە ملکەچی خۆجێی بێت یان ڕاستی (local or actual) ئەو ملکەچیەش لەکەسی بیانیش چاوەڕوان دەکرێت بەرامبەر حکومەتی ئەو وڵاتەی کە تێیدا نیشتەجێ بووە.

**alliance** — ١ – التحالف — **هاوپەیمانی**

پەیوەندییەکە، پێکهاتووە لەنێوان دووکەسی یان دووگروپ یاخود زیاتر، ئەویش لە سنوری کۆمەڵەیەکی هاوبەش بەرەو ڕووی هێزە دەرەکیە بەرهەڵستکارەکان دەبێت.

بەم بۆ چوونە، دەکرێ باس لە هاوپەیمانیەتی نێوان سەرکردە سیاسییەکان بکەین، یاخود پەیمانیەتی لەنێوان زانست و سامان دژ بەنەخۆشی، ئەم زاراوەیە لەسیاسەتی نێودەوڵەتی بەکار دەهێنرێت وەك ئاماژەیەك بۆ ئالوگۆڕکردنی پارمەتیەدارایی و سەربازییەکان، لەنێوان چەند دەوڵەتێك بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هێزە نێو دەوڵەتیە بەرهەڵستکارەکان.

هاوپەیمانیەتی حاڵەتێکی مامناوەندییە لەنێوان رێکەوتن (entente) و نێوان یەکگرتن (union)، هاوپەیمانیەتی لەیەکەمیان توندتر دەبێت لەدووەمیشیان لاوازترە.

٢ – المصاهرة — **هاوسەرگیری**

پەیوەندییەکی خزمایەتیە، لەنێوان دوو خێزان بەهۆی هاوسەرگیرییەوە دروست دەبێت.

**Allopatric group** — الجماعة المنعزلة — **گروپێکی گۆشەگیر**

گروپێکی کلتورییە، لەناوچەیەکی جوگرافی تایبەت بەخۆی، نیشتەجێ بووە، هیچ گروپێکی کولتوری دیکە بەشداری ناکات لەناوچەکە.

لەبەرامبەریدا، گروپە (لەپاڵ یەکەکان) بەیەکەوە نیشتەجێن (sympatric group)، ئەوانە لەسەر پارچەزەوییەکی تێکەڵاو دەژین، بێ لەدەستدانی خودی خۆیان.

**allowance** — الاعانة / المكافأة — **دەستگرتن / پاداشت**

بڕە پارەیەکە بۆ کرێکاران خەرج دەکرێت بەپێی هەل و مەرجێکی تایبەت، لەوانە: پارمەتیدانی خێزانی (family allowance) کە بۆ کرێکار خەرج دەکرێت بەرامبەر ئەرکە خێزانیەکەی و پارمەتیدانی منداڵەکانی (children allowance)، مەبەستیش ئەو بڕە پارەیەی کە بۆ باوکی منداڵەکان خەرج دەکرێت، سەرەڕای رۆژانەکەی یان موچەکەی، ئەویش بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەرکی خێزانی و پارمەتیدانی نیشتەجێبوون، (lodging allownce) ئەویش ئەو بڕە پارەیە کەدەدرێتە کرێکار بۆ کرێی خانوەکەی دەبێت، لەکاتی گواستنەوەی بۆ شارێکی دیکە بەمەبەستی کارکردن.

هەروەها یارمەتی گوزەران (maintenanceallowance) ئەو بڕە پارەیە دەگرێتەوە کە بەهۆی هەل و مەرجی دیاریکراوی گوزەران دەدرێتە کرێکار.
یارمەتیدانی نەخۆشیش (sicknessallowance) ئەو بڕەپارەیەش ڕەنگەڕێژەیەکی سەدی بێت لەرۆژانەی (موچە)کەی، یاخود ڕەنگە یەك بڕە پارە بێت بدرێتە کەسی نەخۆش، ئەوی ژیانی دابینکراوە، وەك قەرەبوویەك بەهۆی پەککەوتنی لەکاتی پەککەوتن.

**Alms** | خێرکردن، زەکات | الحسنة، الصدقة، الزكات

ئەو یارمەتیەی کە دەدرێتە تاکە هەژارەکان، مەبەستیش لێی پاداشتە لەخوداوە نەك خەڵات و پایەبەرزی، ئەم کارەش لەزەکات فراوانترە.
ئەو دەزگایەی خێر دەبەخشێنێتەوە، پێی دەوترێت (almonry) واتە دەزگای خێر بەخشینەوە، هەروەها ئەو دەزگایەی دەست کورتان تێیدا نیشتەجێن پێی دەوترێت (almshouse) - خانوی خێرخوازی - .
بەڵام (almsman) ئەو کەسەیە کە پێویستی بەیارمەتیدان هەیە، ئەم زاراوەیە پێشتر بەو کەسەش دەوترا کەبەکاری خێرکردن هەڵدەستا.

**Ana: charity**

**Almoner** | پسپۆری تەندروستی کۆمەڵایەتی | الأخصائية الصحية الاجتماعية

**Cf. medical social work** | تەماشابکە:

**Almoning** | خزمەتگوزاری تەندروستی کۆمەڵایەتی | الخدمة الطبية الاجتماعية

**Cf. medcal social work** | تەماشا بکە

**Alteration** | گۆڕین | التبديل، التحويل، التعديل

واتە گۆڕینی شتێك، کەدەسکاری هەندێ دیاردەکانی دەگرێتە خۆی، لەبایۆلۆجیا مەبەست لەگۆڕین، ئەو گۆڕانکارییە نامیراتیەی لەبوونەوەردا ڕوودەدات بەکاریگەری ژینگە.

**Alternation** | دوای یەکداهاتن، نۆرەکاری | التعاقب، التناوب

بەدوایەکدا هاتنی شتەکان، یان نۆرەکاری نێوان شتەکان، بەجۆرێك یەکیان جێگای ئەوی دیکە بگرێتەوە، بۆیە دەوترێت بەدوا هاتنی نەوەکان، (alternation of generation) واتە ڕوودانی چەند شێوەیەکی جیاواز لەو نەوانەی بەدوای یەکدادێن، بەجۆرێك نەوەی هاتوو لەباوکانی جیاواز دەبێت.
هەروەها دەوترێت لەبڕی یان نۆرەکاری، یاخود بژاردەیەك لەنێوان دوو کاردا (alternative) ئەوەش وەك دەنگێکی جێگرەوە (alternative vote) بۆ سیستمی دەنگدان، ئەگەر بەپێی ئەو دانگدانە کاندیدی دەنگدەر سەرنەکەوت، ئەوا دەنگەکەی دەگوازرێتەوە بۆ پالێوراوێکی دیکەو دەبێتە کەسی هەڵبژێراو بۆ جێگرەوەی یەکەم.

**Altrenatives culture** البدائل الثقافية شوێن گرەوە کلتوریەکان

دوو وێنـە یـان زیـاتر لەوێنـەکانی ئـەو رەفتـارەی کـە کۆمەڵگەیـەکی دیـاریکراو پەسـندی دەکـات لەهەڵوێسـتێکی دیـاریکراو، ئەلتەرناتیفەکانیش چەند وەڵامدانەوەیەکی جیاواز دەنوێنن لەئاست هـەمان ئـەو هەڵوێسـتانە، یـان بریتـی دەبـن لەچـەند هۆکارێکی هونەری جیـاواز بـۆ جێبـەجێ کردنـی ئامانجـە لەیەکچووەکان لـەکلتورە سـادەکاندا لەلایـەن زۆرینـەی ئەنـدامانی کۆمەڵگە، لەکاتێکدا دژوارە هەمان هەڵوێست بێتەدی لەکولتورە ئالۆزەکاندا.

**Altruism** الأيثار خۆنەویستی

الغيرية ئەویدی خوازی

رەفتارێکـە، بـەپێی ئـەو ڕەفتـارە تـاك یەکەمایـەتی کارەکـانی بـۆ رازیکـردن و سـودی ئـەوانی دیکـە دەبێـت، هـەروەها دوور خستنەوەی زیان لێیان. زانای بەناوبانگ دورکهایم ئەم زاراوەیە بەو کۆمەڵگەیە یان ئەو کۆمەڵە هەڵدەدات، کەتێیـدا تـاك بەتەواوی تێکەڵی دەبێت و بەرژەوەندییەکانیشی جیاواز نابن لەگەڵ بەرژەوەندی کۆمەڵ.

لەناو ئەو کۆمەڵە، تاك ڕادەهێنرێت کەلەتاکایەتی خۆی دوور بکەوێتەوەو ڕێز لەئەرك بگرێت و گـوێ ڕایـەڵی کۆمـەڵ بێـت، ئەویش بۆ بەدی هێنانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵ پێش هەر شتێکی دیکە.

**Egoism** تەماشا بکە: خۆپەرستی

**Amalgamation** الادماج تێکلاوبوون

مەبەست لەم زاراوەیە ئاوێتە بوونی دوو یەکە یان زیاتر لەگەڵ یـەکتر، لەئـەنثرۆپۆلۆژیـا لـەنێوان رەچـەڵەکە جیاوازەکـان تێکەڵ بوون دەکرێت، لەبواری کارگێڕی و ڕێکخستن.

تێکەڵ بوون لەنێوان کۆمەڵەو دامەزراوەکان دێتەدی، بەجۆرێك یەك ڕێکخراوی لێ پێکدێت.

**Ana.fusion** تەماشابکە: تێکەڵبوون

**Amateurism** الهواية ئارەزوو

کارکردنی تاك لەبواری چالاکیەك بەبێ ئەوەی ببێتە پیشـەی، هـەروەها ئامانجیشـی بـەزۆری لـەو کـارە پەیـداکردنی کـرێ و دەسکەوتی دارایی نیە.

**Ambidexterity** الضَّبط سەرەوکاری

- بەکار هێنانی دەست -

خەسڵەتێکە، کرێکار پێی دەناسرێت، ئەویش لەڕێگای تواناکانی لەبەکار هێنانی هـەردوو دەسـتی یـان هـەردوو پێیـەکانی بـۆ ڕاپەراندنی کاروبارەکان بەشێوەیەکی ڕێك و پێك، دەوترێت باشـی بکـە یـان دابینـی بکـە (ambidexter) بـەو تاکـەی کـە بەم خەسڵەتە جیاواز دەکرێتەوە.

**Ambiguity** اللّبس لێڵ

ناڕوونی

مەبەست لەم زاراوەیە لەمیتۆدەکانی توێژینەوە، ئەو گومانـەی هەنـدێ جار لەزانیارییـە مێژوویـەکان یـان لەزانیارییـەکانی دیکە دەردەکەوێت، ئەوانی بەڕێگای لێکۆڵینەوە کۆکراونەتەوە.

بەڵام ئەو زانیاریانەی کە لەڕێگای تاقیکردنەوە کۆدەکرێنەوە دەربارەی دیاردەیەکی دیاریکراو، زۆر جار دەبنە هۆی گەیشتن بەچەند دەرئەنجامێکی دوور لەلێلی و گومان.

دووفاقی ویژادنی — الأزدواج الوجداني — **Ambivalence**
دوانەیی هەستەکان — ثنائية المشاعر

زاراوەیەکە قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی بەکاری دەهێنێت، وەك ئاماژەیەك لەسەر بوونی چەند ئاراستەیەکی هەڵچوونی ناکۆك بەرامبەر کەسێك لەیەك کاتدا، یان بوونی هەڵوێستە ئەرێنی و نەرێنییەکان لەیەك کاتدا، نموونەی ئەو ئاراستانە: خۆشەویستی و رق و قین، یاخود سەروەری و ملکەچی...هتد.

نەمانی یادەوەری — فقدان الذاكرة — **Amnesia**
لەبیرچوونەوە

کەم وکورتییەکی فەرمانبە، تواناکانی بەتەواوی یان بەشێکی لەدەست دەدات بۆ بیرکردنەوەی ئەزموونە رابردووەکان، ڕەنگە ئەو لەبیرچوونە سنوردار بێت (Localized amnesia) واتە تەنها ئەو رووداوانە دەگرێتەوە کەپەیوەستن بەکات و ساتێك یاخود دیاردەیەکی دیاریکراو، هەروەها دەکرێ لەبیرچوونەکە ڕابردوو بگرێتەوە (retroactive amnesia) واتە بێ توانایی لەسەر بیرکردنەوەی هەر رووداوێك کەپێش تاسانەکە یانیش کەم و کورتیە فەرمانیەکە ڕوویدا بێت.

بەخشینی گشتی — العفو الشامل — **Amnesty**
لێبوردنی گشتی

لەدەست چوونی مافی بەرزکردنەوەی داوای گشتی و ڕێگرتن لە بەڕێوەبردنی ڕێکارییەکانی دادگایی دژی تاوانباران، بەتاوانی سیاسی لەزۆربەردا.

تەماشابکە: لێ خۆش بوون — **Pardon**

نا ڕەوشت — بمعزل عن الاخلاق — **Amorality**
دووره ڕەوشت

رەفتارێك یان ئاراستەیەکی دوورە رەوشت یاخود ناڕەوشتی، واتە دوورە لەبواری ڕەوشتەوە وناکرێ بڕیاری لەسەر بدرێت بەڕاست یانیش بەهەڵە، وەك ڕەفتاری ئاژەڵ، ئەو جۆرە ڕەفتارە ڕەفتارێکی بێلایەنە، نەبەڕەوشتی و نەبەناڕەوشتی ناناسرێت، لەبەر ئەوەی ئەو دوو خەسڵەتە پێویست بەوە دەکات کردارەکەو مەبەست لەو کردارە یاخود دووری لێی لێکدانەوەی بۆ بکرێت، ئەوەش کاری ئاژەڵ نیە.

لەباربردنی — الاستهلاك المالي — **Amortization**
قەرز

کەمکردنەوەیەکی پلە بەپلەیە، لەسەر بەهای سەرمایەکان کە بەدرێژایی ژیانی ئابوری روودەدات، هەروەها مەبەست لەوزاراوەیە دانەوەی پلەبەپلەیە بۆ بەهای قەرزێك، ئەویش لەڕێگای پێکهێنانی دەست مایەی کۆکراوە.

نوشتە — التعويذة — **Amulet**

تەماشابکە: جادووگیان لەبەرکردن — **Ana charm and incarnation**

سەیران و خۆشی | التسلية الترويج | **Amusement**

بەسەر بردنی كاتی بێ ئیشی لەڕێگای ڕابواردن و سەیران

تەماشابكە: ڕابواردن، یاری مێشك **Recreation**

خانه نوێبوونەوە | تجدد الخلايا في الاجسام الحية | **Anabolism**

زێندەپاڵ

بریتیە لەگۆڕینی خواردەمەنیەكان بۆ مادەی زیندوو لەلایەن جەستەوە .

تەماشابكە: پێكهێنانی كۆمەڵایەتی **Social anabolism**

جیاوازی مێژوویی | المفارقة التاريخية | **Ana chronism**

شتێك، دادەنرێت یان ڕوودەدات كەلەسەردەمی ڕاستی خۆیدا نەبێت، وەك ئەوەی نووسەرێك بەهەڵە هەندێ جاریش بەئەنقەست، ڕووداوێك یان كەسێك یاخود ئامرازێك یانیش زمانێك و یان هەرشتێكی دیكە (لەم بارەوە) بەكار دەهێنێت لەكاتێكی دیاریكراودا، كەتێیدا نەژیاون یاخود بوونیان نەبووە...هەند

لێكچوون | التمثيل | **Analogy**

لێكچوون، بەمانا لۆژیگیەكەی بڕیاردانە لەسەر هەرشتێكی دیاریكراو، هەلگری خەسلەتێك، ئەویش بۆ بوونی خودی ئەو خەسلەتە لەشتێكی دیكەی دیاریكراودا هاوشێوەی ئەو، لەخەسلەتێك یاخود لە چەند خەسڵەتێكی دیكە.

بەڵگاندنی لێكچوونی هەروەك لەهەڵێنجانی زانستی پشت دەبەستێت بەباوەڕی بەبوونی، بەدوایەكدا هاتن لەڕوو داوەكاندا، هەروەها بوونی سیستم لەشتەكاندا.

بەڵگاندیش بەلێكچوون سوودی تەنها بۆ گومان كردن یاخود تەنها بۆ گریمانە كردن دەبێت، بەلام پلەكانی گومان كردن تێیدا جیاواز دەبێت بەپێی ئەو خەسڵەتە، یانیش ئەو خەسڵەتانەی كە هەردوو بەشەكە تێیدا بەشداردەبن.

لێكچوون دوو جۆر دەبێت، یەكەمیان: ئەو جۆرەیە كەپشت بە خەسڵەتێك یان چەند خەسڵەتێكی بەناكاو پەیدا بوو دەبەستێت، بەرێككەوتیش بوونیان لەدووبەشدا بووە، واتە كۆكەرەوەی نێوان سەرچاوەو لق، هۆكاری بڕیاردان نەبووە، بەڵكو تەنها بەهۆی هاوشێوەو لێكچوواندندا بووە.

جۆری دووەمیشیان: ئەوی كۆكەرەوە تێیدا هۆكاری بڕیاردان بووە، واتە هۆكارێك بووە لەبوونی ئەو خەسلەتەی كەبڕیار لەسەر بوونی دەدات لەجۆرەكە.

شیكردنەوە | التحليل | **Analysis**

گێڕانەوەی شتێك بۆ ئەو ڕەگەزانەی لێی پێكهاتووە، ئەگەر مادی بن یان مەعنەوی، ئەوەش لەبەرامبەر دیاردەی پێكهاتن دێت، كە دووبارە بوونیاد نانەوەی بەشەكان دەگەینێت لەچەند یەكەیەكی تەواودا.

شیكردنەوە دابەش دەبێتە سەر: شیكردنەوەی ئەزموونی (experimental analysis) كەپشتی پێ دەبەسترێت لە ڕێبازی ئەزمونگەری بەهەموو قۆناغە جیاوازەكانیەوە لە سەرنجدان، تاقیكردنەوە، هەڵێنجان.

شیكردنەوەی ئەقلی ( rationalanalysis) كەمەسەلەكانی لۆژیكی وێنەی بەكار دەهێنن بۆ گەیشتن بەسەلماندنی ڕاستیەكان.

تەماشابكە: شیكردنەوەی كۆمەڵایەتی **Social analysis**

**Analysis, statistical** | التحليل الاحصائي | شیکردنەوەی ئاماری

شیکاری ئاماری لەمیتۆدەکانی توێژینەوە، توێژەر پەنای بۆ دەبات بۆ پۆلینکردنی ئەو زانیاریانەی کەدەستی دەکەوێت، ئەویش بە مەبەستی پێدانی وێنەیەکی وردی ئەو زانیاریانە، هەروەها بۆ دیاریکردنی ئەو پلەیەی کە دەکرێ بەهۆیەوە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەگشتیکردن بکرێت بەسەر ئەو کۆمەڵگایەی کە نموونەکەی لێوەرگیراوە، هەروەها بەسەر کۆمەڵگاکانی دیکەشدا، لەگرینگترین ئەو شێوازە ئاماریانەی بەکار هاتوون لەشیکاری زانیاریەکان، بریتیە لە:

پێوەرەکانی ڕووکردنە چەق، وەك تێکرا، ناوەڕستینە، جۆر.

پێوەرەکانی پەرش و بڵاوی، وەك مەودا، لادانی پێوەری.

پێوەرەکانی پەیوەست بوون، بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندی یان پەیوەستی نێوان گۆڕاوە جیاوازەکان، هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی هێما ئاماریەکان جیاوازیەکانی نێوان دووکۆمەڵگە یان زیاتر.

**Analysis Of variance** | تحليل التباين | شیکاری لێك نەچوون

گۆڕان گرینگیەکی ئاماری گەورەی هەیە، سوودی لەبەراوردکردنی نموونەو گروپەکان دەبێت، هەروەها زانینی ڕادەی گونجانیان یان گۆڕین و جیاوازییان، بۆ گەیشتنیش بەو حاڵەتانە چەند هەنگاوێکی ئاماری پێرەو دەکرێت کەبەڕێبازی شیکردنەوەی گۆڕان دەناسرێت.

لەکاتی بەراورد کردنی چەند گروپێك بەو ڕێبازە، دەکرێ لەپلەی گونجانیان یاخود جیاوازییان دڵنیابین، ئەویش بەڕێگایەکی ئاماری ورد.

گرینگی گۆڕان و جیاوازی لەڕووی ئامارییەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەلەسەر کۆ ئەنجامی چەند بڕێکی دیاریکراودا بونیاد دەنرێت.

بۆیە بەردەوام دەکرێ شیکردنەوەی گۆڕانی گشتی بوونیاد نراو لەسەر هەموو کۆی حاڵەتەکان ئەنجام بدرێت بۆ چەند ژمارەیەك لەو گۆڕاوە بچووکە بوونیاد نراوانە لەسەر ئەو گروپانەی کە ئەو کۆی گشتیە بۆی دابەش بووە.

هەر لەبەراوردکردنی ئەو گۆڕان و جیاوازییە بچووکانەوە، دەکرێ بەڵگە بهێنینەوە لەسەر ڕادەی گونجان لەو نموونەیەی جێگای توێژینەوەیە، هەروەها لەسەر ڕادەی گرینگی ئەو فاکتەرانەی کەدەستی لەئەنجامەکاندا هەبووە.

**Anarchism** | الفوضوية | ئەنارشیزم / ئاژاوەگەری

ڕێبازێکە بانگەشە بۆ نەهێشتنی چاودێری سیاسی دەکات لەناو کۆمەڵگە، هەروەها بیروڕای وایە کەدەوڵەت گەورەترین دوژمنی تاکە، نەهێشتنی دەوڵەتیش زاڵبوونە بەسەر هەموو دەردو ئازارێك، ئەم ڕێبازە بۆ چوونی وایە کەزانست و ئەقل دوو کۆڵەکەن پشتیان پێ دەبەسترێت لەئاراستەکردنی خەڵك.

هەندێ لەپێڕەوکارانی ئەم ڕێبازە بۆ چوونیان وایە کەگواستنەوە بۆ کۆمەڵگای ئەنارشیزمی دەبێت بەشێوەیەکی پلەبەپلەی ئاشتیانە بێت، لەکاتێکدا هەندێکی دیکە بۆ چوونیان وایە کەگواستنەوە بۆ کۆمەڵگای ئەنارشیزمی دەبێت بەیەك هەنگاوو لەڕێگای شۆڕش و توندو تیژییەوە بێت.

شۆڕشی خوێندکاران کە لەکۆتایی شەستەکانی (سەدەی رابردوو) هەڵگیرسا لەوڵاتانی ئەوروپا، نوێترین دەربڕین بوو دەربارەی ئەنارشیزمی، ئەو بزاڤە گوزارشت لەو ڕەوتە چەپە دەکات کەلە خەباتدایە دژی بورژوازییەت و دژی مارکسیزمی کلاسیکی، داواشی لێیان دەکرد کە کۆتایی لەدەوڵەت و دامەزراوەکانی بهێنن.

ئەنارشیزمی ڕەنگە بەشێوەی تاکرەوی بێت و نەبێتە هۆی تێکدانی سیستمی خاوەنداریتی تایبەت، لەکاتێکدا ئەنارشیزمی کۆمۆنیزمی، سیستمی خاوەنداریتی تایبەت دەگۆڕێتەوە بەسیستمی خاوەنداریتی بەکۆمەڵ بێ دەستێوەردان لەلایەن دەوڵەتی سیاسییەوە.

**Ancestor worship** — عبادة الاسلاف — پەرستنی پێشینان
- باب و باپیران -

ئاینێکە لەهەندێ کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا باوە، بەپێی بیروباوەڕەکانی ئەو ئاینە، رۆحی باب و باپیرانی مردوو دەکرێ کارتێکردنی لەرێرەوی ژیانی کۆمەڵدا هەبێت، ئامانجی ئەو جۆرە پەرستنەش رازیکردنی باب و باپیرانە، هەروەها بۆ پارێزگاری و هاوکاریکردنی کۆمەڵ و تاکە.

**Ancestry** — سلسلة نسب الاسلاف — بنەچەی باب و باپیران

حاڵەتی پێشینان (باب و باپیران) لەخزمە ڕاستەوخۆکان یان لەدەوروبەردا بن.

**lineage** — تەماشا بکە: بنەماڵە

**Androcracy** — سيطرة الرجال — پیاو سالاری

بارێکە پیاو تێیدا زاڵ دەبێت، بەتایبەتیش کاتێ بەشێوەیەکی بنچینەیی پشت بەهێزی توندو درندەیی دەبەستێت، هەروەها دەوترێت جەخت کردن لەسەر دیاردەی نێرێتی (andro centrism)، واتە بەکارهێنانی خەسلەتەکانی نێرێتی وەك پێوەرێکی بنچینەیی بۆ دەسەلات و هەڵسەنگاندن.

**Androlepsy** — احتجاز الرهائن — بارمتەگرتن

گروپێك ئەندامانی گروپێکی دیکە بەند بکات و دەستیان بەسەردا بگرن، بۆ ئەوەی گروپی دووەم ناچار بکرێن کە بەکارێك هەستن، یان یارمەتی و بەشدارییان بکەن لەبابەتێکی دیاریکراودا.

**Animism** — مذهب حيوية المادة / الانيمية — ڕەوتی زیندەگەری / ئەنیمیزم

ڕێبازێکە لەلایەن تایلەر ەوە بانگەشەی بۆ کراوە، مەبەست لێی راڤەکردنی دروستبوونی ئاینەکانە، ناوەرۆکەکەشی ئەوەیە کەهەموو بوونەوەرەکان لەجیهانی سروشتیدا هەلگری هەستن، ئەم باوەڕەش بلاوە لەناو زۆربەی گروپە سەرەتاییەکان. داروچیاو بەردو هەموو ئەوانی هاوشێوەیانن، وا تەماشا دەکرێن وەك ئەوەی کەسایەتی زیندووبن، بۆیە بەزۆری مرۆڤ مامەلەیان وەك مامەلەکردنی لەگەڵ هاو ڕەگەزەکەی خۆی دەبێت، لەرازیکردن و هەڵس و کەوت و ئەو جۆرە کاروبارانە.

لەپێداویستیەکانی ئەو ڕێبازەش، باوەڕهێنان بەوەی کەگەردوون ژمارەیەکی گەورەی رۆح دەگرێتە خۆی، ئەوانی بوونی مادی هەست پێکراویان هەیە، ئەو رۆحانە دەست لەکارو بارەکان وەردەدەن، لەنێوان ئەو رۆحانەش، ئەوانی کاریگەرییان هەیە، رۆحی مردووەکانە، هەر لەم باورەوەش ڕێبازی پەرستنی پێشینان (باب و باپیران) سەری هەڵدا.

**Animosity** — العداوة — دوژمنایەتی

**Hostility** — تەماشابکە: شەڕانگێزی

**Anihilation** — المحو الأبادة / الفناء — لەناوبردن / نەهێشتن

نەمانی شتێك یان خەسڵەتە بنچینەییەکەی بەجۆرێك کەهیچ بوونێکی نەمابێت، لەناوچوونیش لای سوفیگەری بریتیە لەهەست نەکردنی کەس بە خودی خۆی.

**Anomaly** | الشذوذ | نائاسایی بوون
لەڕیز بەدەر

مەبەست لەم زاراوەیە لەلۆژیکدا، هەر شتێك کە نائاسایی بێت، یان پێچەوانەی پێوەربێت، یاخود لەدەرەوەی دەستورو ڕێسا بێت.

**Anomie, anomy** | الأنومية
اللامعيارية | بێ دەستوری
بێ پێوەری

وشەیەکی فەرەنسیە، ئاماژە بۆ دارمانی بونیادی کلتوری دەکات، دیاردەکە بەشێوەیەکی تایبەت کاتێ دەردەکەوێت کەپەیوەندییەکانی نێوان پێوەرو ئامانجەکولتوریەکان، لەگەڵ توانا کۆمەڵایەتیەکانی لای تاکەکان، بۆ ئەنجامدانی کارێك کە لەگەڵیدا بگونجێت، هەڵدەوەشێتەوە.
بۆیە دیاردەی ئەنۆمی دەبێتە ئەو حاڵەتە کەبەرامبەر بەهاوکاری کۆمەڵایەتیە، ئەگەر یەکگرتنی کۆمەڵایەتی ئاماژە بۆ جۆرێك لە تەواوکاری ئایدیۆلۆجی کۆمەڵایەتی بکات، ئەوا ئەنۆمی بریتیە لەحاڵەتی ئاژاوەو نەمانی ئاسودەیی و لەدەستدانی پێوەرەکان.

**Ana. Normlessness**

**Anonymity** | أنعدام التميز
الغفلية | غافلێتی
نەناسراوی

خەسڵەتێکە بەجەماوەر دەلکێت، چونکە جیاوازی لەنێوان تاکەکانی نامێنێ، ئەویش بەهۆی گەورەیی ژمارەکە لەلایەکەوە، هەروەها لەبەر ئەوەی حاڵەتێکی کاتیە لەلایەکی دیکەوە.
قەبارەی جەماوەرو جۆری کار لەیەککردن، هەستی تاکگەرایی لەلای ئەندامانی ناهێڵێت، تێیدا هەر یەکێکیان بایەخ بەتاکەکانی دیکە نادات و لەهەمان کاتدا هەست ناکات کە کەس سەرنجی دەداتێ یان بایەخی دەداتێ وەك تاکێك.

**Antagonism** | الخصومة
العَداء التنافس | دوژمنایەتی
ناکۆکی

ناکۆکییەکی توونده لەنێوان دوو شتدا، ڕەنگە کەسایەتی بێت یان بەدەر لەوە، ئەو ناکۆکییە یەك لەدیاردە ئاشکراکانی دوژمنایەتیە، ڕەنگە دوژمنایەتی ئاراستەی تاکێك یان بیرۆکەیەك یاخود بزووتنەوەیەك بکات.

**Antagonistic Cooperation** | تعاون الخصوم | هەرەوەزی ناتەباکان

هاوکارییەکە، بەهۆیەوە دوژمنایەتیەکە بەناچاری کپ دەبێتەوە، ئەویش بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجی هاوبەش.

**Antecedent** | السابق
السلف | پێشو
پێشووان

هەموو شتێکی پێشو یان رابردوو لەڕووی پەرەسەندنی رووداوەکانەوە، پێچەوانەکەشی پاشینەیە وەچە = (descendent)، واتە ئەوەی هاتۆتە خوار، یاخود لەدایك بووی پێشووانە.

**Anthropocen trism** | التمركُز حَول الانسان
مركزية الانسان | مرۆڤ تەوەری
ناوەندێتی مرۆڤ

ئاراستەیەکە بۆ چوونی وایە کە مرۆڤ ڕاستەقینەی ناوەندییە لە گەردوندا، هەموو راستیەکانی دیکە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە.

**زانستی بنەچەیی** علم أصل
**مرۆڤ و پەرەسەندنی** الانسان و تطوره **Anthropogenesis**

بەبۆچوونی زانایان داروین، هکسلی، هیگل مرۆڤ لەئاژەڵەوە پەرەی سەندووە، بەڵام فردریك ئەنجلز، بۆ چوونی وایە کە هێزی بزوێنەر لەدروست بوونی مرۆڤ کاری کۆمەڵایەتی سەرەتایی بووە.
ئەو بۆ چوونانەش پێچەوانەی بۆ چوونی ئەفسانەی ئاینی و ئایدیالیزمیەکانە دەربارەی سەرچاوەی پیرۆزی مرۆڤ.

**جوگرافیای مرۆیی** الجغرافية البشرية **Anthropogeiography**

توێژینەوە لەپەیوەندییە ئاڵوگۆڕەکانی نێوان مرۆڤ و ژینگەدا، لەگەڵ کاریگەرییە تووندەکانی ژینگە بەسەر مرۆڤداو بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، هەروەها توێژینەوە لەدابەش بوونی ڕەگەزی مرۆڤایەتی بەپێی خەسڵەتە جەستەیی و زمانەوانی و کلتوریەکان.

**مرۆڤ پەرستی** عبادة الانسان **Anthropolatry**

پەرستنی مرۆڤ بەو دیدەی کە خودا بێت یان پەرستنی خودا وەك زیندەوەرێکی مرۆیی.
زۆربەی شارستانیەتە کۆنەکان زیندەوەرە مرۆییەکانیان دەکرد بەخودا، ئەو ئاراستەیەش جۆراوجۆریەتیەکی لێ پەیدابووە لەناو فۆلکۆرو ئاین لەچەندین وڵاتاندا.

**پرەنسیپی مرۆیی** المبدأ الانساني **Anthropologism**

ئاراستیەکی هزرییە، مادییەتی سەردەمی پێش مارکس جیاواز دەکاتەوە، چونکە لەمیانەیدا واتەماشای مرۆڤ دەکرا کە بەرزترین بەرهەمی سروشتە، هەر بەو پێیە هەموو دیاردەو خەسلەتە مرۆڤایەتیەکان ڕاڤە دەکران و بۆ سەرچاوە سروشتیەکەی دەگەڕێنرێتەوە.
ئەو ئاراستەیە لەڕوویەکی دیکەوە تەماشای یەکبونی مرۆڤ و سروشت دەکات لەبەرامبەر بیرکردنەوەی ئایدیالیزمی بۆ مرۆڤ، هەروەها لەبەرامبەر ئەو دوالیزمیەی هەیە لەنێوان جەستەو رۆحدا.

**مرۆڤناسی** الانثروبولوجيا **Anthropology**

زانستێکە تایبەت بە توێژینەوە لەمرۆڤ، وەك بوونەوەرێکی فیزیکی و کۆمەڵایەتی، لەم زانستەوە کۆمەڵە زانستێکی پسپۆری تایبەتمەندی لێ جیا دەبێتەوە بۆ توێژینەوە لەمرۆڤدا، وەك: ئەنثرۆپۆلۆژیای فیزیکی و ئەنثرۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و ئەنثرۆپۆلۆژیای کلتوری.

**مرۆڤناسی پراکتیکی** الانثروبولوجيا التطبيقية **Anthropology, applied**

هونەرێکی زانستی و کردارییە، متمانە دەکاتە سەر هەوڵەکانی سوود وەرگرتن لەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەی زانستی شیکاری لەلقەکانی ئەنثرۆپۆلۆژیا دەیگاتێ، هەروەها بەکارهێنانی لەرووە زانستیە کردارییەکانەوە، ئەویش بۆ رووبەڕووبوونەوەو چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵە دواکەوتووەکان، یان ئەو کەرتە دواکەو تووانەی لە کۆمەڵگە شارستانیەکاندا هەیە.
لەسەرەتای کارەکانیدا، ئەنثرۆپۆلۆژیای کردارەکی، بایەخی بەچارەسەرکردنی کێشەکارگێرییەکانی تایبەت بەناوچە کۆلونیالیەکان داوە.

**Anthropology, cultural** الانثروبولوجيا الثقافية ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوری

توێژینــەوەکانی دەربــارەی مرۆڤــە، وەك بوونــەوەرێکی شارســتانی کەلــەکلتورێکی دیــاریکراودا دەژیــت، ئــەم زانســتە توێژینەوەلەکلتورە جیاوازەکانی مرۆڤی سەرەتایی و لەداب و نەریتەکانی دەکات.

ئەم زاراوەیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەکاری دەهێنن بەواتای ئـەنـترۆپۆلۆژیـای کۆمەڵایـەتی کە لـە بـەریتانیا بـەکار دێت.

**Anthropology, Functional social** الانثروبولوجيا الاجتماعية الوظيفية ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی وەزیفی

ئەم لقە لەزانستی ئەنترۆپۆلۆژیا، توێژینەوەلەسیتەمە کۆمەڵایەتیەکانی نـاو کۆمەڵگـە دواکـەوتووەکان دەکات، هـەروەها ئـەو رۆڵانەی کەلەنێوان سیستم و رێکخستنە جیاوازەکانەوە دروست دەبن لەپەیوەندییەکانیان بەبونیادی گشتیەوە.

ئەو کارەش بۆ زانینی ئەو حاڵەتە ئاڵۆزکاوییـەی کەلـەنێوان سیسـتمەکان و مرۆڤـدا دروسـت بـووە، کـاریش بـۆ یـەکگرتوویی بونیادی کۆمەڵایەتی و بەردەوام بوونی بەیەك بەستنەوەی قەوارەکەی دەکات.

**Anthropology, physical** الانثروبولوجيا الفيزيقية ئەنترۆپۆلۆژیای فیزیکی مرۆڤناسی جەستەیی

گرینگی بە توێژینەوەو بەتوێکاری بونیادی جەستەیی و پەیکەری فیزیکی جۆری مرۆڤایەتی دەدات، هەروەها بەدواداچوون دەربارەی پەرەسەندنی مێژوویی بۆ پێکهاتەی ئەندامیەتی و خەسلەتە جیاکارەکـانی رەچـەلەکە مرۆییـەکان دەکـات، بـەپێی ئەو بەدواداچوونەش، زاناکانی ئەم بوارە رەگەزەکان بۆ چەند ڕەچەلەکێك و خێزانێکی مرۆڤایەتی، جیاواز پۆلین دەکەن.

**Anthropology, socail** الانثروبولوجيا الاجتماعية ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی

ئەم لقەی ئەنـتـرۆپۆلۆژیـا، بایـەخ بـە توێژینـەوە، لەشـێوە سـەرەتاییە سـاکارەکانی کۆمەڵگـە مرۆڤایەتیـەکان دەدات، ئـەویش لەقۆناغە سەرەتاییەکانیپەرەسەندنیدا کەبەڕوونی یەکگرتنی تەواوی بونیادی دەردەکەوێت.

کەواتە ئەو توێژینەوەیە قۆناغە زیاتر پەرەسەندووپێکهاتووەکان ناگرێتەوە لە گەشەکردنی ئەو کۆمەڵگایانە.

ئەم لقەی ئەنترۆپۆلۆژیا تارادەیەك، بەبەشێك لە ئەنترۆپۆلۆژیای کلتوری دادەنرێت.

**Anthropology, synthetic** الانثروبولوجيا التركيبية ئەنترۆپۆلۆژیای پێکهاتەیی

لقێکە لە ئەنترۆپۆلۆژیا، هەوڵدەدات دیدێکی تەواوکارانەی هەبێت بۆ هەریەك لە ئەنترۆپۆلۆژیای فیزیکی و شوێنەوارناسی و زمانەوانیەکان و ئەنترۆپۆلۆژیای تیۆری و زانستە مێژووییەکان و کلتور.

**Anthropometry** الانثروبو متريا علم القياس التشريحي ئەنترۆپومتری مرۆڤ پێوانەیی

ئەم زانستە گرینگی بـە توێژینـەوە پێوەریـەکانی رەچـەڵەکە مرۆڤایەتیـەکان دەدات، لـەو خەسـڵەتە فیزیکیانـە دەکۆڵێتـەوە کەجیاوازییان لەنێواندا دەبێت، وەك: ڕەنگی پێست، یـان درێـژی بـاڵا یـاخود شـێوەی سـەرگوێ و چـاوو پـرچ، یـاخود جـۆری خوێن..هتد.

**Anthropometry, applied** تحقيق الشخصية مرۆڤ پێوانەی پراكتیكی

وەرگرتنی پێوانەكانی تاوانباران بۆ بەراورد كردنیان و ناسینی ئەو كەسەی بەكارەكە هەستاوە، پاشان لەجیاتی ئەم كارە، پەنجە مۆر وەرگیرا.

**Anthropomor phism** التشبيه بالانسان بەمرۆڤ جواندن

مەبەست لەم زاراوەیە، ئەوەیە كە مرۆڤ پێوەرە بۆ هەموو شتەكان، هەروەها مەبەست لێی سەلماندنی خەسلەتەكانی خودایە تاڕادەی لێكچوواندنی بە خەسڵەتەكانی مرۆڤ.

هەروەها ئەم زاراوەیە بەهەموو ڕێبازێك دەوترێت كەهەوڵی راڤەكردنی دیاردە فیزیكی و بایۆلۆژییەكان دەدات بەچەند واتایەكی پەیوست بەدیاردە مرۆڤایەتیەكان.

**Anti - colonialism** مناهضة الاستعمار دژە كۆلۆنیالیزم

بزووتنەوەیەكە دژایەتی ئیستعمار دەكات بەتایبەتیش ئەو دەوڵەتانەی كاری پێدەكەن، هەروەها ئەم ڕێبازەكار دەكات، دژ بەدەسەڵاتداری سیاسی و ئابوری و كلتوری كەلەلایەن چەند دەوڵەتێكی ئەوروپی و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاوە كاری پێدەكرێت لەئاست نەتەوەو وڵاتان و گەلانی نا ئەوروپی.

**Anti discrimination** النزعة المضادة للانفصال دژە جیابوونەوە

ئەو رەوتەیە كەبەرهەڵستی هەر جۆرە جیاكارییەك دەكات لەنێوان تاكەكاندا، بە تایبەتیش لەڕووی بنەچەوە، هەروەها بەرگری لەیەكسانی نێوانیان دەكات لەهەموو ماف و ئەركەكاندا.

**Anti labour** معارضة الحركة النقابية دژە سەندیكایی

هەر كارو كردارێك دژ بە بەرژەوەندییەكانی كرێكاران و بزووتنەوەی سەندیكایی بێت، وەك قبول نەكردنی دامەزراوەیەك بۆ كرێكارە سەندیكاییەكان بەمەبەستی كاركردن لە دامەزراوەكە، یان رازی نەبوون بەبڕینی بەشە ئابوونەوەی سەندیكا لە موچەی كرێكاران.

**antinomy** التناقض دژبەیەكی ناكۆكی

مەبەست لەم زاراوەیە، بوونی دژایەتیەكی بنچینەیی لەنێوان چەند بنەمایەك یان چەند یاسایەك، هەر یەكەیان وادەریدەخات كەوا راستیەكی ئاشكرا بێت.

نموونەی: وا دانێین جیهان سنووردارەو سنووردارنیە، هەتا هەتایەو هەتا هەتا نیە...هتد.

لەكاتی جێبەجێكردنی كرداری بۆ ئەو بنەمایانە یان ئەو یاسایانە، لەسەر دیاردەیەكی تایبەت، ئەوا حاڵەتی دژایەتی و ناكۆكیەكە دەردەكەوێت.

**Anti pathy** النفور رقەبەرایەتی

واتە دوژمنایەتی یان رق و قینێكی توند بەرامبەر كەسێكی دی، یان هەر شتێكی بەتەنها، زاراوەكە لەكاتی بەكارهێنانی بەشێوەیەكی دروست، ئاماژەیە بۆ هەستی توندی ڕق و قین، زیاتر لەوەی هەڵوێستێك یاخود دۆخێك ببێتە هۆو بیانووی.

دیاره ئەم ڕەوتە یان ئەو ئاراستەیە، دەبێتە هۆی چەندین شێوەی جیاوازی و لێکترازان و هەڵوەشاندنەوە لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵێك، دەست پێدەکات بەدوور کەوتنەوە تا دەگاتە بەرهەڵستی و ململانێ.

تەماشا بکە: بەتەنگ یەکەوە هاتن sympathy

**دژە کۆمەڵگەیی المضاد للمجتمع antisocial**

ئەم زاروەیە بەئاراستەیەك لەرەفتاردا دەگوترێت کەبەرِق و قین بەرامبەر کۆت و بەندو یاسا کۆمەڵایەتیەکان و دەرچوون لێیان جیاواز دەکرێتەوە.

دەوترێت گروپی دژە کۆمەڵگە (antisocial group) بەو کۆمەڵەی کەکار دژی بەرژەوەندی گەورەی یەکێتی کۆمەڵایەتی دەکات، هەر بە خۆشی بەشێکە لەو کۆمەڵە.

**دژەبابەتی / ناتەبایی نقیضة القضیة / نقیض الدعوی Anti thesis**

ڕووبەڕوو بوونەوەی دوو مەسەلە، بەدژایەتی یان بەناکۆکی، لای هیگل دژی مەسەلەکە قۆناغی دووەمە لەقۆناغەکانی میتۆدی لۆژیکی.

**دڵەڕاوکێ القلق Anxiety**

حاڵەتێکە لەهەڵچوون، ترس یان سڵەمینەوەی لەگەڵ پەیدادەبێت، ڕوو دەدات وەك کاردانەوەیەك بۆ مەترسییەکی ڕاستی دەرەکی، ڕەنگە دڵەڕاوکێ نەخۆششییەك بێت، وەك دڵە ڕاوکێی نیروسیس (anxiety neurosis)، یان وەك هیستریای دڵە ڕاوکێیەتی (anxiety hysteria)

**سیاسەتی ڕەگەزی / ئەپارتاید التفرقة العنصریة apartheid**

یەك لەدیاردە بنچینەییەکانە بۆ ئەو بارودۆخە ڕەگەزیانەی کەلەباشوری ئەفریقیا بڵاوبۆتەوە، لەوناوچانە جیاوازی ڕەگەزپەرستی بڵاوبۆتەوە لەنێوان قولە ڕەشەکان و ئەوروپیەکان، لەبواری یاسایی و بەکردەییش.

**زمان گیران (قسەنەکردن و تێنەگەیشتن) أفازیا حُبْسة aphasia**

لەدەستدانی توانا لەسەر بەکارهێنانی زمان یان کەموکورتی لەوبوارەدا ئەویش بە هۆی تووش بوونێکی مێشك، ڕەنگە ئەودیاردەیە هەستیاری بێت هەر وەك لەحاڵەتی تێنەگەیشتنی زمان، یاخود بزوێنەری بێت هەر وەك لەحاڵەتی نەبوونی توانا لەسەر قسەکردن.

زانای نەرویجی (H. Head) نەخۆشیەکانی زمان بۆ چوار بەش دابەش دەکات.

1- دەرنەبڕینی زاراوەیی (verbal aphasia) زەحمەتە بەکار هێنانی وشەکان لەهەر دوو حاڵەتی قسەکردن و نووسین، پێکهێنانی وشەکە ناتەواو دەبێت.

2- دەرنەبڕینی ناوەکان (nominal aphasia) نەخۆش، ناوەکان خراپ بەکار دەهێنێت هەروەها پەککەوتوو دەبێت لەتێگەیشتنی مانای وشەکان، لەگەڵ چەند حاڵەتێکی دیکە.

3- بێ توانای ڕستە سازی (Syntatic aphasia)، نەخۆش پەکی دەکەوێت لەپێکهێنانی وشەکان بەپێی پێویستی

ڕەستەکەو ڕێزمانی زمانەکە.
4- تێنگەیشتنی هێماکان (semantic aphasia) نەخۆش توانای تێگەیشتنی مانای ئاخاوتن و ئاراستەی پێکهاتنی وشەکانی نابێت، هەروەها درککردن لەمەبەستی قەسەکەر، ڕەنگە توانای لەتێگەیشتنی چەند وشەیەك بەجیا، یاخود دەستەواژەیەکی کورتی هەبێت.

| | | |
|---|---|---|
| بێ هەستی<br>دڵ ساردی | بلادة الاحساس<br>خمود الحس | apathy |

حاڵەتێکی دەروونیە، بەبێ توانایی لەسەر وەڵامدانەوە یان بەدەنگەوە هاتنی وێژدانی جیاواز دەکرێتەوە، ئەو کەسە گرینگی نادات بەوەی کە لەدەورووبەری ڕوو دەدات لەڕووداوەکان، هەروەها وەڵامی بۆیان نابێت بەهیچ شێوەیەك.

| | | |
|---|---|---|
| هەڵگەڕانەوە | الرِدَّة | apostasy |

وازهێنانی تاك لەئاینەکەی یان بیروباوەڕەکەی یاخود حزبەکەی و دەرچوونی لە سیستمی کلێسایی یانیش یاسائاینیەکان.

| | | |
|---|---|---|
| زانینی پاشینە | المكتسب البُعدي<br>أو اللاحقي | aposteriori |

ئەو زانیارییەی دوای تاقیکردنەوە بەدەست دێت، یان ئەوەی پشتی پێ بەستراوە، بەرامبەرەکەشی دەسکەوتی پێشینە یاخود سەرەتاییە (a priori) ئاماژە بۆ ئەو زانیاریە دەکات کەپێش تاقیکردنەوە بەدەست هاتووە.
بەڵگاندنی ناڕاستەوخۆ (دوایی) لەلۆژیکدا هاوتای هەڵێنجانە (induction) هەروەها بەڵگاندنی پێشینە هاوتای دەرئەنجامە (deduction)

| | | |
|---|---|---|
| کردن بەخوا | التألية | apotheosis |
| تەماشا بکە: وەك خودا تەماشاکردن | | deification |

| | | |
|---|---|---|
| درکی ناوەکی<br>هەست پێکردن | الادراك الباطن | apperception |

درککردن بەراستیە سەرەتاییە زەروریەکان و بیروباوەڕە ئاشکراو ڕوونەکان لەبواری هەستدا، دەوترێت درکردنی ناوەکی مەبەستدار (tendentious apperception) وەك هەوڵێك بۆ پێکهێنانی جیهانی بینراو لەشێوەیەکدا کەئارەزووی زۆرداری دەیسەپێنێت

| | | |
|---|---|---|
| داواکاری | الطلب<br>الالتماس | application |

داوایەکە لەلایەن کەسێکەوە بەرز دەکرێتەوە، بۆ بەدەستهێنانی خزمەتگوزارییەك یان یارمەتیەك یاخود کارکردنێك (applicant) ڕەنگە داواکار، ئەو داوایەی بە شێوازی تایبەتی خۆی بنووسێت یانیش لە شێوەی فۆرمێکی تایبەت بەرزی دەکاتەوە (application blank or form) دیارە کارێکی ئاساییە لەگەڵ کەسی داواکار چاوپێکەوتن سازبکرێت، ناویشی

لێبنرێت چاوپێکەوتنی لێکۆڵینەوە لەڕاستی زانیاریەکان (application interview)

دامەزراندن | التوظف / التعيين | **appointment**

پەیوەندیکردنی فەرمانبەر بەکارەکەی بەپێی ئەو مەرجانەی پێویستن بۆ دامەزراندن، هەروەها بەپێی دەرچوونی بڕیاری پێویست لەلایەن کارگێڕی ئەو دامەزراوەی کەکاری تێدا دەکات.

بڕینەوەی بەش | تخصيص الانصبة | **apportionment**

پرۆسەیەکە مەبەست لێی دابەشکردنی نوێنەرانە لە ئەنجوومەنەکانی نوێنەرایەتی ئەویش بەپێی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەجیاوازەکان یان دابەشکردنی ئەرکی باج و داهاتەکان بەپێی ژمارەی دانیشتوانی هەر ناوچەیەك یاخود دابەشکردنی خەرجیەکانی دەوڵەتە بەسەر دامەزراوە جیاوازەکانی حکومەت، هەروەها دابەشکردنی بەرپرسیاریەتیە بەو شێوەی کەلەگەڵ کاتدا دەگونجێ، یان پلەی بەشداریکردنە، ئەوەندەی پەیوەندی بەکاروبارە جیاوازەکان هەیە.

پەیبردن | الادراك | **apprehension**

تێگەیشتنی ڕاستەوخۆ بۆ ناوەرۆکی شتێك یان کارێك، بەبۆچوونی هەندێ کەس ئەوتێگەیشتنە راستەوخۆ ڕوودەدات، واتە پێش توێژینەوە یان پشکنین و بەشێوەیەکی سەربەخۆ لێیان، لەکاتێکدا هەندێ کەسی دیکە وای بۆ دەچن کە ئەو تێگەیشتنە ئەنجامێکی بەستراوە بەداب و نەریتەکان یان بەشارەزاییە کۆبۆوەکانی پێشو لەناومێشکدا.

شاگرد / بەروەستا | المُتدرِّج | **apprentice**

هەرکەسێك، نێر بێت یان مێ، لەگەڵ خاوەن کارێك بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، گرێ بەندێك دەبەستێت، کەلەژێر چاودێری و کارگێڕی ئەودا کاربکات، ئەویش لەبەرامبەر پاداشتێك، بەمەبەستی فێربوونی پیشەیەك یان کارێك.

شاگردی پیشەیی | التلمذة الصناعية | **apprenticeship**

سیستمێکە ئامانجی پێگەیاندنی وەستای شارەزایە، ئەویش بەهۆی پەیوەندیکردنی کەسی شاگرد بەدامەزراوەیەك و بەپێی گرێ بەندێکی تایبەت، بەمەبەستی ڕاهێنان نەك بەرهەم هێنان، دیارە ئەو کارەش لەبەرامبەر پاداشتێك یاخود بەخشیشێك دەبێت.

تەرزە بیرکردنەوە | الاتجاه الفكري / المنحى | **Approach**

مەبەست لەم زاروەیە لەمیتۆدەکانی توێژینەوە، ئاراستەیەکی هزرییە بەرەو بابەتێك یان هەر هەڵوێستێك، ڕەنگە ئەو ئاراستەیە بابەتیانە بێت و (objective approach) دووریش بێت لەبەرژەوەندی کەسێتی یان لایەنگری، هەروەها ڕەنگە ئاراستەکە خودی بێت (subjective approach) لێرەدا ئەو ئاراستەیە کاریگەر دەبێت بە بەرژەوەندی کەسی یان بەلایەنگری.

**approbation** التصديق پەسندکردن

ڕەزامەندی دەسەڵاتێکی باڵا لەسەر کارێك کەدەسەڵاتێکی خوارووتر پێی هەستاوە، ڕاستگۆیی ئەو کارەش بەحاڵەتی پەسەندکردنەکە دەبەسترێتەوە.

**appropriation** ١- المخصص تەرخانکردن

پرۆسەیەکە، بەپێی ئەو، دەسەڵاتی یاسادانان بڕەپارەیەك بۆ ڕوویەك لە ڕووەکانی خەرجکردن تەرخان دەکات، ئەویش بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

٢- الاستیلاء
الحیازة
دەست بەسەر داگرتن

دەست گرتن بەسەر شتێك بەمەبەستی خاوەندارێتی، یاسا ماف دەداتە کەسێك کەدەستی بەسەر شتێکی گوازراوە گرت و خاوەنی نەبێت، ئەو ببێتە خاوەنی.

بەڵام زەوی و زاری نەکێڵراوو نەڕواو، ناکرێ دەستی بەسەربگیرێت تەنها بەڕێگا پێدانی دەوڵەت نەبێت.

**Approval, social** التحبیذ الاجتماعي پەسندکردنی کۆمەڵایەتی

**Social approval** تەماشا بکە: پەسندکردن، بەلاوە باش بوون

**aptitude** الاستعداد ئامادەباشی لێهاتویی

بریتیە لەتوانا بوون و ئامادەییەکی خۆرسکانە بۆ بەدەست هێنانی زانیارییەکی دیاریکراو، یان چەند کارامەییەکی گشتی یاخود تایبەت، یانیش چەند شێوە بەدەنگەوە هاتنێك، بەجۆرێك ئەو حاڵەتانە تاك بگەێنێتە ئاستێك لەبەس بوون یان توانین ئەگەر ڕاهێنانی تەواوی وەرگرت.

هەروەها پێناسەی لێهاتوویی (ئامادە باشی) دەکرێت، بەوەی: خێراییەکی چاوەڕوانکراوە لەفێربوون، ئەویش لەبوارێك لەبوارەکاندا، ئەمەو دەکرێ پێوانەی لێهاتوویی بکرێت بەهۆی تاقیکردنەوەکانی لێهاتوویی (aptitude tests)

**Arbitrary tendency** النزعة التحکیمیة ئارەزووی بڕیاردان

لەلۆژیکدا: دەرچوونی بڕیارێکە، دەربارەی هەربابەتێك بێت، ئەو بڕیارە واپێویست دەکات کە لەنێوان چەند ئەلتەرناتیڤێکی جیاواز یەکێکیان بژاردە بکرێت کەبێ بەڵگەش بێت.

ڕەنگە ئەو هەڵبژاردنە بەئارەزوو بێ بناغە بێت، یانیش پشت بەئەقل ببەستێت، بەڵام لەحاڵەتی دووەم و لەوەرگرتنی بڕیارەکە، بەڵگە بابەتیەکان ناتەواون.

لەسیاسەتدا: دەسەڵاتی بڕیاردان کەیاسایەك سنووورداری ناکات، دەکرێ ئەو دەسەڵاتە لەبەڕێوەبردنی حوکمڕانیدا ڕەها بێت، یاخود ڕێژەیی واتە دەسەڵاتەکەی لەسنورێکی دیاریکراودا بێت.

دەسەڵاتی حکومەت دەسەڵاتێکی زۆردارانەو دەست بەسەرداگرتن دەبێت، ئەگەر بەپێی دەستور کاری پێ نەکات، یاخود بەپێی نەریتێکی دەستوری نەبێت.

**arbitration** التحکیم ناوبژیکردن

مەبەست، پەنابردنە بۆ لایەنی سێیەم لەلایەن دوولایەنی ناکۆکەوە، کێشە جیاوازەکانیان دەخەنە بەردەمی، ئەویش لەکۆتایدا چارەسەرییەك بەسەر هەردوولا دەسەپێنێت.

ناوبژیکردن لەکێشەکانی کارکردن دەکرێ ئارەزوومەندانە بێت یان بەزۆر بێت.
ناوبژیکرن بەچارەسەرییەك دادەنرێت بۆ زۆر کێشە، ئەو چارەسەریە ڕێگر دەبێت لەبەردەم وەستانی کار کەزیانی زۆری بۆ خاوەن کار دەبێت.
هەروەها کۆمەڵگە دوور دەخاتەوە لەکێشەو ململانێی زۆر بواری چالاکییە کۆمەڵایەتیەکان، بۆیە بەباشترین ئامراز دادەنرێت بۆ دەستەبەر کردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی.

ئەرکیولۆژی
شوێنەوارناسی
**archaeology** علم الآثار

لقێکە لەئەنثرۆپۆلۆژیا، گرینگی بەدۆزینەوەی پاشماوەکانی مرۆڤی کۆن دەدات لەگەڵ ئاسەوارە ژێرخاك و شارەوەکان، ئەویش بەمەبەستی زانینی ئەو سیستمانەی کەلەسەری دەرۆیشتن، ئەم زانستە هەوڵدەدات ئەو زانیاریانەی لەتۆمارگە نووسراوەکاندا هاتووە تەواو بکات، زانایانی ئەرکیولۆژی توێژینەوە لەپاشماوە کلتوریەکانی وەك خانوو بەرەو ئامرازەکان و دروستکراوە قورپییەکان و شتە هونەریەکان دەکەن، هەروەها ئێسکی ئاژەڵ و گیانداران.
ئەو چالاکیەش ئەوە دەگەیێنێ کە ئەرکیۆلوژیا توێژینەوە لەئاسەوارە شاراوەو ژێرخانە کلتورییە مادییەکان دەکات.

کۆنەگەرێتی
**archaism** الاوضاع القديمة

مەبەست لەم زاراوەیە، ئەو هەڵ و مەرجەکلتوری وکۆمەڵایەتیەی گروپە سەرەتاییەکانە، کەبەرێکخستنێکی کۆمەڵایەتی خۆرسك و تەکنۆلۆجیایەکی سەرەتایی و بیروباوەڕی بت پەرستی یان ئەنیمی جیاواز دەکرێتەوە، هەروەها دوور کەوتنەوە لە گۆڕان و نوێکاریی (misoneism).

نموونەی دێرین
**archetaype** الطراز الاصلي أو الاولي

جۆر، یان نموونەی بنچینەیی، بریتیە لەدانانی وێنەیەك بۆ خودی دیاردەیەك لەدیاردەکان، یان ئەو وێنەیە، فۆرمێکی مێژوویی یەکەمی دیاردەکەیە.
نموونەی بنچینەیی لەدەروونناسیدا، ئەو نموونەیەیە کە گروپێك دەنوێنێ، وەك ئەو شێوانەی کەلە ئەفسانەکان دەردەکەون، لەگەڵ ئەو نموونانەی کەتاك لە خەونەکانی دەیبینێ و گوزارشت لەچەندین جۆری هاوبەشی بونیادی کۆمەڵایەتی دەکات.

ناوچە
هەرێم
**area** المنطقة

ڕووبەرێکی دیاریکراوە بەدیاردەو روخسارەکانیەوە، ڕەنگە شوێنێك بێت بۆ کارێکی دیاریکراوی تایبەت وەك چالاکی کارگێڕی (administrative are) یان کارگوزاری (service area) یاخود بەدۆخێکی ئاوەدانکاری دیاریکراو جیاواز دەکرێتەوە وەك ناو چەیەکی نیشتەجێ بوون (dwelling area) یانیش کاریگەر دەبێت بەچەند ڕووداوێکی دیاریکراو، وەك ئەو ناوچەیەی بەرەو ڕووی بێ بازاڕی و قەیرانی ئابوری دەبێت، هەروەها وەك ئەو ناوچەیەی بەرەو ڕووی کارەسات دەبێتەوە (distressed are)
بەو توێژینەوانەی کەژمارەیەك پسپۆر بەشداری تێدا دەکەن، دەوترێت توێژینەوەکانی ژینگە (area studies)، کە دەربارەی ژینگەی مرۆڤایەتی و دەرامەتە سروشتیەکان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری ئەنجام دەدرێن.
**Cf. cultural area** ناوچەیەکی کلتوری

**aresample** العيّنة المساحية نموونەی فرەقۆناغ

یەك لەڕێگاكانی هەڵبژاردنی نموونەكانە ئەگەر قەبارەی كۆمەڵگەی بنچینەیی گەورە بێت و ئاسانیش نەبێت بۆ توێژەر شێوازە راهاتووەكان بەكار بهێنێت لەهەڵبژاردنی نموونەكان، بەهۆی بڵاوبوونەوەی یەكەكانی نموونەكە لەچەند رووبەرێكی جوگرافی لقاو لق، هەروەها بەهۆی دژواری ئامادەكردنی لستی دوورو درێژ بۆ هەموو یەكەكان، ئەوا دەكرێ توێژینەوە لەچەند ناوچەیەكی دیاریكراودا چڕبكرێتەوە، ئەویش بەپێرەوكردنی شێوازی چەند قۆناغێك بۆ هەڵبژاردنی نموونەكە( multi stage sampling).

هەڵبژاردنیش لەسەر چەند ئاستێك دێتەدی، دەست پێدەكات لەئاستە گشتیەكانەوە بەرەو ئاستە تایبەتیەكان، هەندێ جار بەو نموونەیەش دەوترێت نموونەی كۆمەڵەكان (clushter sampling) یان نموونەی ڕووبەری، لەبەر ئەوەی ئامانجی نوێنەرایەتیكردنی چەند رووبەرێكی فراوانە بەڵام بەنموونەیەكی بچووك، ئەویش وەك ئامادەكارییەك بۆ هەڵبژاردنی تاكەكانی نموونەكە لەڕووبەرە جیاوازەكانەوە.

**argument** الدليل بەڵگەهێنانەوە

بیانوو

واتە ئەوی پێویست دەكات بۆ سەلماندنی كارێك یان هەڵوەشاندنەوەی، ڕەنگە بەمانای بەڵگەش بەكار بهێنرێت.

دەوترێت گفتوگۆ (argumention) ئەویش وەك ئاماژەیەك بۆ زنجیرەیەك لەو بەڵگانەی كە بۆ سەلماندنی رایەك یان بەدرۆخستنەوەی ئەو ڕایە، دەهێنرێتەوە، یاخود ڕێگایەكە بۆ خستنەڕووی بەڵگەكان و سوود وەرگرتن لێیان.

**aristocracy** الأرستقراطية ئەریستوكراسی

خانەوادەیی

ئەو چینەكۆمەڵایەتیەی خاوەن پێگەیەكی باڵایەو بەزۆریش بەوە دەناسرێت كە (باشترین خێزانەكان) دەگرێتە خۆی، جیاوازیش دەكرێنەوە بەوەی جێگای ڕێزو ڕەچاوكردنی كۆمەڵگەیە هەروەها بەرەفتارە رۆشنبیریەكەی و دەست رۆیی لەبوارە كۆمەڵایەتی و سیاسیەكاندا، دەناسرێت.

ئەم چینە پێكدێت لەو پیاوماقوڵانەی كە گەیشتوونەتە پلەو پێگەی كۆمەڵایەیتان، بەهۆی میراتەوە، دواتر ئەو پێگانەیان جێگیر بوون بەسەر پێگەو رۆڵی چینە كۆمەڵایەتیەكانی دیكە.

**Arithmetic mean** الوسط الحسابي ناوەندە ژمێرەیی

تێكڕای ژمێرەیی

ناوەندە ژمێرەیی، خەسلەتی نواندن یان حاڵەتی نموونەیی لەكۆمەڵێكدا روون دەكاتەوە، ئەوەش بەخۆرزگاركردن لەگۆڕانكارییە لابەلاكان دێتەدی، هەروەها بۆ بەدەستهێنانی بەهایەكی ناوەندی كە نوێنەرایەتی گروپە بنچینەییەكان بكات، ئەویش بەمانای ئەوەی هاوسەنگی زۆر بوون لەچەند بڕیارێك دەستەبەردەكات لەگەڵ كەم بوونی لە چەندین بڕیاری دیكە، و خۆ دەربازكردن لە كاری بەرێكەوت لەچەند حاڵەتێك بێ ئەوانی دیكە.

**armistice** الهدنة ڕێكەوتنی شەڕ ڕاگرتن

ڕێككەوتنێكە لەنێوان دەوڵەتانی شەڕكەر، لەسەر ڕاگرتنی هەموو كردارە جەنگیەكان، ڕەنگە ئەو ڕێككەوتنە پەیوەندی بەناوچەیەكی دیاریكراودا یان بۆ ماوەیەكی دیاریكراو هەبێت، یاخود بێ هەر جۆرە دیاریكردنێك بێت.

پەیمانی شەڕ راگرتن ئاماژەیەك نیە لەسەر ڕێككەوتنی كۆتایی، بەڵكو تەنها لەسەر راگرتنی كردارە جەنگیەكان كورت دەبێتەوە.

**Army** الجيش سوپا

کۆی هێزه سەربازیەکانە لەدەوڵەتدا، ئەرکیشی پارێزگاریکردنی خاکەکەیەتی هەروەها بەرگریکردنە لەهەر دەسدرێژییەك، ڕۆڵ و پێگەی سوپا پەیوەست دەبێ بەبواره سیاسی و ئابوری و تەکنۆلۆجیە باوەکانەوە.

**art** الفن هونەر

ڕاڤەکردنێکە بۆ جوانی دەربارەی بیرە رووتو هەستیارەکان، هەروەها گواستنەوەی ماناو هەست و سۆزە بۆ ئەوانی دیکە بەهۆی ئەو کارەی کەبەشارەزایی و کارامەیی جیاواز دەکرێتەوە.

هونەر نواندنێك نیە بۆ واقیع، هەروەها لاسایی کردنەوەی سروشت نیە، بەڵکو خولقاندنە بۆ چەند پەیوەندییەکی نوێ لەنێوان چەند رەگەزێك کەلەژیان و کۆمەڵگەو سروشت وەرگیراون.

هونەر دیاردەیەکی سروشتی کۆمەڵایەتیە، هەوڵدەدات لەڕێگای هێماکانەوە وەڵامی نهێنیەکانی ژیان بداتەوە، هەروەك ئامازەیەك بۆ ئەو شارەزایی و چالاکیەی کە دەبەخشرێت بۆ بەرهەم هێنانی هەر شتێکی جوان.

دەوترێت: هونەرە جوانەکان (fine art) بەمۆسیقاو ئەدەب و هونەرە بینراوەکان و هونەرە لێکدراوەکان (combined arts)، وەك سەماو شانۆو ئۆپێراو هونەرە کردەییەکان (applied arts) وەك نیگارکێشانی وردو چنین و کاری گۆزەو چینی.

**Arti fact** المصنوعات اليدوية دروستکراوی دەستی

ئەو شتانەی مرۆڤ دروستی دەکات بەلێهاتوویی کەبەیەك لەڕەگەزەکانی کلتوری مادی دادەنرێت، ئەم زاراوەیەش بەزۆری لەشوێنەوار ناسی بەکار دێت.

**Arti ficer** الصانع الماهر پیشەگەرێکی دانا

**Cf. artisan** پیشەساز، وەستا

**artisan** الصانع خاوەن پیشە

صاحب الحرفة وەستا

ئیشکەرێکی دەستیە، بۆ خۆی کار دەکات و ژمارەیەکی بچووکی کرێکاران هاوکاری دەکەن، ئەوپیشەگەرانە لەڕووی یاساکانی کاروباجەوە پارێزراون.

**Ana.crafts man**

**ascendancy** ١ – السَطوة هەژمونگەرایی

الهيمنة دەسەڵاتی ڕەها

بالآیی لەهێزو دەست ڕۆیی یان لەپێگەدا، ڕەنگە ئەو دەست ڕۆییە بەتەنهایی بێت، بۆ چەند خەسڵەتێکی کەسێتی یاخود چەند کارامەییەکی دیاریکراو بگەڕیتەوە کەتاك پێی جیاواز دەکرێتەوە، هەروەها ڕەنگە کۆمەڵایەتی بێت و ئامازەش بێت بۆ گواستنەوەی تاك و کۆمەڵان بەرەو پێگەیەکی کۆمەڵایەتی باڵاتر.

**Ana.ascenion** تەمەشابکە: دەسەڵاتداری کۆمەڵایەتی

**Social ascension**

**submission** ملکەچی

ژیانی سۆفیتی | الزُهد ، النُسك | asceticism
ڕەبەن | التقشف

زیادە ڕۆیی لەدژایەتیکردنی حەزەکانی جەستەو ئارەزووەکانی دەروون و نەفرەت کردن لەداواکاریەکانی ژیان و پێداویستیەکانی و پشت گوێ خستنی خود.

بەزۆریش ژیانی سوفیتی لەئەنجامی ئاراستەیەکی ئاینیەوە دێت، یان مەبەست لێی بەدەست هێنانی تەواو کاری خودە.

هەروەها زاراوەی ژیانی سۆفیتی بەو ڕێبازە رەوشتیە دەوترێت کە خۆشی و ئازارەکان بەهەند وەرناگرێت و خۆی دوور دەخاتەوە لەتێرکردنی غەریزە زگماکیەکان و ویستە هەستیاری و سروشتیەکان.

حستنەپاڵ | المنسوب والمكتسب | Ascription
دەسکەوت | المُعطى و المتخذ | achievement

مەبەست لەم دەربڕینە، ڕێك نەکەوتنە لەنێوان دووشێوە لەو شێوانەی کەتاك دەکەوێتە بازنەیەوە لەچوار چێوەیەکدا، واتە بەپێی پێگەسنوردارەکەی لەهەڵوێستێکدا، یان بەپێی ئەنجامی کارەکانی لەهەلوێستە لەبارەکان.

بەدەربڕینێکی دیکە، ئەو کێشەیەی کەدەردەکەوێت، ئەوەیە کەئایا پێویست دەکات مامەڵەکردنی کەسێك بەپێی کەسێتی بێت، یاخود بەپێی کرداری یانیش ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت لێی لەهەڵوێستێکدا بەجێی بگەیێنێت.

لەدوایشدا، ئەوا مامەڵەکردنی تاك بەپێی ئەو پێگەیەی کە کاری تێدا دەکات و لەگەڵ هەڵوێستە دیاریکراوەکەشیدا ناگونجێت، ئەوا ئەو مامەلەیە، مامەلەیەکی خستنەپاڵ دەبێت تا ئەگەر هەڵوێستەکە، هەڵوێستێکی بەرهەمداریش بێت.

ئاستی بەرزخوازی | مستوى الطموح | Aspiration, level of

واتە ئاستی بەئەنجامگەیاندنی کارێك یان ئاواتێك کەکەسێك بۆ خودی خۆی دیاریدەکات، هەروەها پێش بینی جێبەجێکردنی دەکات بەپێی هەڵسەنگاندنی بۆ تواناو ئامادەکاریەکانی خۆی.

دەکرێ ئەم زاراوەیە بەکاربهێنرێت وەك ئاماژەیەك بۆ هەر شتێك کە تاك چاوەڕوانی بکات لەڕووی شێوازی بەجێگەیاندنی کارەکانی، ئەگەر ئەو شتە پەیوەست بێت بەبزاردنی ڕادەی ئارەزوویستەکانی تاك یاخود بەهەڵوێستی خۆی لەژیانیدا بەشێوەیەکیگشتی.

کۆبوونەوە | تَجمُع تجهُر | assemblages
گردبوونەوە

لەیاسای گشتیدا، مەبەست لەکۆبوونەوە، گرد بوونەوەی چەند تاکێکە، ئەوانی ڕێککەوتوون لەگەڵ یەکتر بۆ ئاڵ و گۆڕکردنی بیروڕاو بەرگریکردن لەبیروباوەڕەکانیان یان چەند بەرژەوەندییەکی دیاریکراودا، ئەو گردبوونەوانە لەچەند جێگایەکی گشتی ڕێکدەخرێت و یاسا ڕێگایان پێدەدات، ئەگەر زیانی بۆ ئاسایش گشتی نەبێت.

گردبوونەوە لەڕێگای گشتی هەندێ جار دەبێتە هۆی دڵە ڕاوکێ بۆ ئاسایش و ئاسودەیی گشتی.

ئەو کردبوونەوانە شێوەی جیاواز وەردەگرن، لەوشێوانەش: کۆڕەو (corteges) و خۆپیشاندانەکان (manifestations).

کۆبوونەوەی گشتی | الاجتماع العام | Assembly

بەیەك گەیشتنی ژمارەیەك خەڵك لەیەك جێگا چەندین جار بۆ باسکردنی چەند بابەتێك کەپەیوەست بێت بەسیاسەت و ژیانی گشتیەوە، ئەو کۆبوونە لەسەرچەند شێوەیەك بەڕێوەدەچێت، لەوانە:

کۆبوونەوە میللیەکان (popular assemblies)، تێیدا تاکەکان بەیەك دەگەن بۆ باسکردنی ماف و بەرژەوەندییەکانیان.

کۆبوونەوە سیاسییەکان (political assemblies) کە دەستور بڕیاری لەسەرداوە، نموونەی: کۆمەڵەی گشتی (general

assemblies) و ئەنجومـەنی دامەزرێنـەر (canstitiuent assemblies)، کـە ئـەویش ئەنجومەنێکـە بەهەڵـژاردن ئەندامانی دیاری دەکرێن، ئەرکیان دانانی یاسا بنچینەییەکانە (دەستورەکان) بۆ وڵات.

**Assembly line** خط التجميع هێڵی کۆکردنەوە (بەرهەمهێنان)

ڕێکخستنی ئامێرو کەرەستەو ئامرازوکرێکاران بەشێوازێك ڕێگای ڕۆیشتن بەو بەرهەمە دەدات کەبەڕێوەیە و بەدوایەکیشدا لەپرۆسەیەکەوە بۆ پرۆسەیەکی دیکە، تائەنجامدانی کاری بەرهەمهێنانەکە، هەر بەپێی ئەم سیستمە کرێکار جێگۆرکێی پێ ناکرێت، بەڵکو لەجێگای خۆی دەمێنێتەوە، لەکاتێکدا ئـەو بەشـانەی کـەکاری تێـدا دەکات لەبـەردەمی دەجولێن تاپۆڵەکـەی خۆی تـەواو دەکات، پاشـان دەگوازرێتـەوە بـۆ قۆنـاغی دوایـی کەبەسـەر چـەند ئامێرێـك هەڵواسـراون، بـەم جـۆرە هاوکـاری لەنێوان کرێکارو ئامێر زۆرتر کاریگەری دەبێت.

**assent** الموافقة ڕازی بوون

**Cf. accordance** ڕێککەوتن

**assimilation** التماثُل لێکچواندن
الاستيعاب تێکەڵاوی

1- لێکچونی تاك و کۆمەڵان لەخەسلەت و بەرژەوەندی و ئامانجەکانیان بەهۆی گونجانەوە.
بـەم کارەشـیان کولتـوری یـەکتری قبوڵدەکـەن و هەنـدێکیان، لەگـەڵ هەنـدێك لـەوکولتورە جیاوازانـەش یـەك جـۆر کولتـور پێکدێنن و لەناویانیش باو دەبێت.
دەوترێت، لێکچوونی تـاك ئاراسـتەیی (unilateral assimilation) واتـە ونبـوونی یـەکگرتوویی کولتـوری، تایبەتمەنـد بەکۆمەڵێك، ئەویش لە ئەنجامی وەرگرتنی تەواو بۆ کولتوری گروپێکی سەربەخۆ.
هەروەها دەوترێت، لێکچوونی دوانەیی ئاراستە (bilateral assimilation) واتە توانتەوەی کولتوری ئەو گروپـە لەگـەڵ کولتـوری ئـەو گروپـەی پێشـوازی لێکـراوە بـەو هۆیـەوە خەسـلەتە سـەرەتاییەکانیان لەدەسـت دەدەن و کولتـورێکی نـوێ دەردەکەوێت.
2- لەدەروونناسیدا، لێکچواندن پرۆسەیەکە هزرپێی هەڵدەسێت، بـۆ دۆزینـەوەی ئـەو هاوشـێوەییەی هەیـە لـەنێوان دیـاردە جیاوازەکـان، یـان ئـەو کـردارەی کـەتاك پێـی هەڵدەسـێت، بەڕاڤـەکردنی ڕاسـتییەك یـاخود شـارەزایی و ئـەزمونێکی تـازەو بەستنەوەی بەزانیاریەکانی پێشو.
(سبنسەر) مەبەستی لەم زاراوەیە گواستنەوەیە لەهاوشێوەوە بـەرەو جیـاوازی، لەکاتێکـدا (لالانـد) مەبەسـتی لـەم زاراوەیـە، گۆڕانە لەجیاوازییەوە بەرەوهاوشێوە.
دەوترێت: خستنەسـەری تێگەیشتوانە (assimilative projection) واتـە، فێربـوونی نائاگـایی بـۆ ئـەوانی خێـزان یـان گەڕەك یاخود گروپ، ئەوانی تاك ئینتمای بۆیان هەیە دەیخەنە سەری و پاڵی.
تەماشابکە: لێکچواندنی کۆمەڵایەتی **Social assimilation**

**assistance** المساعدة العون یارمەتی

مەبەسـت لێـی یارمەتیـە نەختینەکانـە (monetary) یـان ئـەو یارمەتیـەی (عەینیـە) لەهـەمان جـۆرە (in kind) کەدەدرێتە کەسانی هەژارو بێ دەرامەت ئـەوانی پێویسـتیان بەیارمەتیـدان دەبێـت (eligibility of assisstance) دوای

لێکۆڵینەوە لەحاڵەتی کەسی داواکار، سوودمەند دەبێت لەیارمەتیدان پێی و (recipient of assistance) یارمەتیکەی دەست دەکەوێت بەپێی پێوەری یارمەتیەکان (scale of assistance allowance).
بەپرۆسەی پێدانی یارمەتیەکان بەهۆی دەوڵەتەوە دەوترێت یارمەتیدانی گشتی (public assistance)، هەروەها ئەو زاراوەیە بەو ئەنجومەنەی بەرپرسە لەو چالاکیە دەوترێت.
زاراوەی سەندوقەکانی یارمەتی (assistance fund) بەو سەندوقانەش دەوترێت کەکارگێڕی دامەزراوە جیاوازەکان یان خودی کرێکاران دایدەمەزرێنن.
ڕەنگە هەڵسوڕاندنیشی لەڕووی داراییەوە هەر لایەن و بەتەنها پێی هەستن، یان بەبەشداری هەردوولا، بۆ پێشکەش کردنی یارمەتیەکان بۆ کرێکاران لەبارودۆخی کارەساتە جیاوازەکانی وەك نەخۆشی و مردن....هتد.

**Assistance, public social** المساعدات الاجتماعية العامة یارمەتیە کۆمەڵایەتیەگشتیەکان

مەبەست لێی ئەو یارمەتیانەیە کەبەشێوەی دراو یان کەل و پەل دەوڵەت دەیداتە کەسانی پێویست بە یارمەتی، ڕەنگە یارمەتیە نەختینەکان بەیەك جار بێت، یاخود بەچەند جارێك مانگانە بدرێت.

**Assistance, technical** المساعدة الفنية یارمەتی تەکنیکی

بریتیە لەو یارمەتیەی کە دەوڵەتە پێشکەوتووەکان یان ئەنجوومەنە نێودەوڵەتیەکان بۆ دەوڵەتانی دواکەوتووی دەنێرن، ئەو جۆرە یارمەتیانەش بریتی دەبن لە کەسانی پسپۆر یاخود دامەزراندنی ئەو پرۆژانەی کەوڵاتانی دواکەوتوو پێویستیان پێی دەبێت.

**Assistance schemes** نظم المساعدة نەخشە و سیستمەکان یارمەتیدان

جۆرە سیستمێکن، یارمەتی نەختی یان کەل و پەل دەدەن بەدەست کورت و هەژاران، بەبێ هەر جۆرە مەرجێکی تایبەت، و بێ ئەوەی پارەی بەشداریکردنی یان بڕەبەشی پێویست بدەن.

**association** ١– المنظمة الرابطة ڕێکخراو
کۆمەڵە

ڕێکخستنێکی فەرمیە، ئەندامیەتی بەدەست دێت بەهۆی پێدانی ئابوونەوە، ئەو ڕێکخستنە چەند ئامانجێکی هاوبەشی دیاریکراوی هەیە، پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی بریتی دەبن لە جۆرە پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕی بیرو ڕاو بەدەنگەوە هاتنەکان، کە شێوەی بەردەوامی وەردەگرێت و جیاوازیش دەبێت لەجۆری پەیوەندییەکاتیەکان.
دەوترێت : پرۆسەکانی بەیەك گەیاندن (associative processes) نموونەی هاوکاری و ئاشت بوونەوەو گوێ ڕایەڵی.

٢– الترابط هاوبەندی (پەیوەست بوون)

لەکاتی توێژینەوە لەدیاردەی پەیوەستی (correlation) لەنێوان دوو دیاردەی گۆڕاودا، پەیوەندی نێوان ئەو دیاردانەی کە پێوانە ناکرێن لەڕووی ژمارەوە، پێی دەوترێت پەیوەندی بەیەك گەیشتن و تێکەڵی، نموونەی ئەو پەیوەندییەی لەنێوان ڕەگەزی کەس و ئاینەکەی هەیە، هەروەها لەنێوان جۆری کەسەکەو جۆری ئەو کارەی کەپێی هەڵدەستێ.

**Association, voluntary** المنظمة الاختيارية کۆمەڵەی خۆبەخش

گروپێکە خەسلەتێکی خۆویستانەی هەیە، پێکهاتووە لەچەند کەسێك بۆ مەبەستێکی دیاریکراو کەدەستکەوتی مادی بەدوادا نیە، ئەو گروپە ملکەچی سیستمێکی بنچینەییە ئامانج و مەرجەکانی ئەندامیەتی و کاروباری کارگێڕی و

پارەپێدان...دیاری دەكات.

پەیوەست بوونی بیرۆكەكان
بەیەك گەیشتنی هزرەكان
تداعي المعاني
**Association of Ideas**

ئەم زاراوەیە لەدەروونناسیدا بەكار دەهێنرێت، بەواتای پێكەوە بەستن یان هاوپەیوەندێتی، ئەوەش بریتیە لەو پرۆسەیەی كەپەیوەندییە فەرمانیەكان، لەنێوان جۆرەها چالاكی دەروونی جیاواز پێكدێنێت.
دەوترێت یاساكانی هاوپەیوەندێتی (lawsof association) كەبریتیە لە یاساكانی دژایەتی و لێكچوون و پەیوەستی لەشوێن و كاتدا.
هەروەها لەشیكردنەوەی دەروونیدا، دەوترێت هاوپەیوەندێتی ئازاد (free association) ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كەتاك هەوڵی پەكخستنی توانا ڕەخنەییەكانی دەدات، لەگەڵ وازهێنان لەئازادی بیروڕا گواستنەوە لەبابەتێكەوە بۆ بابەتێكی دیكە، بۆیە زنجیرەی بیروهزرەكان بەرەو گەیشتنی ئەو بابەتە دەچێت كەبە كلیل دادەنرێت، بۆ هۆیە شاراوەكەی پشتی دیاردەكان.

پەیوەست گەرایی
المذهب الترابطي
**associationism**

ئەو ڕێبازەی ژیانی ئەقلی ڕاڤە دەكات بەوەی ئەنجامی ئەو پەیوەستیەیە كەلەنێوان هەست و بیروهزرەكاندا دروست دەبێت، یان لەنێوان وروژێنەرو وەڵامدانەوە.
هەروەها بەپێی بۆ چوونی ئەم ڕێبازە، یاساكانی هاوپەیوەندێتی، هەموویان بۆ یەك یاسا دەگەڕێتەوە كە ئەویش یاسای تێكەڵبوون و بەیەك گەیشتنە.
گرینگی ئەو یاسایەش لەدەروونناسیدا، وەك گرینگی یاسای (هێزی ڕاكێشان)ە لەزانستی ئاسماندا.
ئەم ڕێبازە لەلایەن چەندین تیۆرییەوە، رووبەڕووی بوونەتەوەو بڕیار لەسەر سەربەخۆیی چالاكی بیركردنەوە دەدەن.

گریمانە
الفَرض
**assumption**

گریمانە پێناسە دەكرێ، كەبەگشتی كردنێكە بەپێی چەند بنەمایەك، دروستی و دەسەڵاتی جێگای تاقیكردنەوە دەبێت، توێژەر هەوڵدەدات لەڕاستگۆیی ئەو گریمانەیە بكۆڵێتەوە بۆ ئەوەی وەك ڕێگایەك بەكاری بهێنێ بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەكردنی دیاردەكان.
دەكرێ ئەركەكانی گریمانە بەم جۆرە كورت بكرێنەوە:
1- ئاراستەكردنی توێژەر بۆ ئەو زانیاریانەی پێویستە بەدەستی بكەوێت، ئەویش بە مەبەستی یارمەتیدانی بۆ دۆزینەوەی چەند وەڵامێك دەربارەی كێشەی توێژینەوەكەی هەروەها ڕاڤەكردنی.
2- گریمانە یارمەتی توێژەر دەدات لەسەر ڕێكخستنی ئەو زانیاریانە ڕێكخستنێكی لۆژیكی و بەڕێگایەكی دروست، كەڵكیشی بۆ دەبێت لەكاتی شیكردنەوەی ئەو زانیاریانە.
3- گریمانە یارمەتی توێژەر دەدات بۆدیاریكردنی بواری توێژینەوەكەی و دانانیشی لەچوارچێوەیەكی لەبار بەپێی تواناكان.
گریمانەكان دەردەهێنرێن بەڕێگای زەین ڕوونی یان خەملاندن یاخود بەكارهێنانی ئەنجامەكانی توێژینەوەیەك یانیش چەند توێژینەوەیەكی پێشوتر، یان بەهۆی دەرئەنجامێكی لۆژیكییەوە.

ئەستێرەناسی
التنجيم
**astrology**

ئەستێرەناسی، واتە زانینی ئەو دیوی سروشت (غەیب)، زانستێكە پشتی بەو تیۆرییە دەبەستێ كە باس لە كارتێكردنی ئەستێرەكان دەكات لەكاروباری مرۆڤدا.
ئەستێرە گەری زانستێكی زۆر كۆنە بەبنچینەی ئەستێرەوانی كۆن (Astronomy) دادەنرێت، ئەستێرە گەری

لەچاخەکانی ناوەڕاست تێکەڵاوی هەردووزانستی کیمیای کۆن و چادوگەری ببوو، دواتر لەزانستی ئەستێرەکان، جیابۆوە، دوای دەرکەوتنی (کوبەرنیکوس).
دۆزینەوەی بەخت لەئەستێرەگەری بریتیە لەنەخشەیەکی ئاسمان لەکاتی لەدایك بوون بازنەی کەلووەکانی لەسەر دیاریکراوە، دەوترێت کەخانوو یان هێما لە حاڵەتی بەرزبوونەوەی لەکاتی لەدایك بوونەوەی کەسەکە، ئەوا خەسلەتەکانی کەسەکەو رادەی ئامادەیی بۆ نەخۆشی دیاری دەکات، هەروەها تووشبوونی بۆ هەندێ لەخۆشیەکانی ژیان یان ئیش و دەردەسەری.

**Asylum**      الملجأ      پەناگە

ئەو شوێنەیە کەکەسی بێ دەرەتان بەدڵنیایی خۆی تێدادەبینێتەوە، مەبەستیش ئەو جێگایەی کەمنداڵانی بێ دایك و باوك یان ئەوی پەککەوتەیە یاخود هەژاران، پەنای بۆ دەبەن بەمەبەستی چاودێریان.
دەوترێت مافی پەنابردن (right of asylum) واتە دانپیانانی یاسا یان نەریتەکان بەمافی چوونە ناو وڵاتێك و بەدەست هێنانی مافی پارێزگاریکردن بۆ ئەوانی هەڵاتوون لەچەوساندنەوەی سیاسی و ئاینی و ڕەگەزی

**Atavism**      الارتداد      جارانگەری

مەبەست لەم زاراوەیە، گەڕانەوە بۆ شێوازی پێشینان، بەڵگەش لەسەر ئەو بۆچوونە، دەرکەوتنی خەسڵەتێکی جیاواز لەتاکێکدا، کەلە نەوەی پێشوتر ڕاستەوخۆ نەدەبینرا، هەندێ جار ئەو خەسڵەتە جیاوازە تایبەت بووە بەبنەچەو بەجۆرێك، بەڵام لەپاش چەند نەوەیەك دووبارە دەردەکەوێتەوە هەروەها چەند ئاراستەیەکی کۆنی پێشینان دەبینرێت، ئەویش بە دەرکەوتنی خەسڵەتێکی دیاریکراو کەڕەنگە لای ئەو ڕەگەزە یان ئەو گروپە نائاسایی بێت، بەڵام لای ڕەگەزێکی پێشینەی گریمانە کراو، ئەو دیاردەیە کارێکی ئاسایی بووە.(ئەتاڤیزم)، گەڕانەوە بۆ سەرچاوە، بەشێوەیەکی ئاسایی لەسەر بنچینەی یاساکانی (مەندل) لەبۆماوەزانی (genetics)دا ڕاڤە دەکرێت لە ئەنجامی کۆکردنەوەی نێوان ئەو فاکتەرە بۆ ماوەییانەی کە خەسلەتەکانی تاکە گریمانە کراوەکەی پێشینان دیاری کردووە.لەقوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی، گەڕانەوە بۆ سەرچاوە، بریتیە لە بەرپا کردنی هاندەرە غەریزییەکان.

**Atheism**      الالحاد / انکار الالوهیة      خوانەناسی / بێ باوەڕی

ئینکاری لەبوونی هەر خوایەك، یان دانپیانەنان بەخوایەکی ناسراو، لێرەدا مانای یەکەم زیاترباوە، هەروەها خوانەناسی هەموو بەڵگەکانیان لاپەسند نیە کە بیرمەندان دەیهێننەوە لەسەر بوونی خودا.
چەمکی خوانەناسی جیاواز دەبێت بەجیاوازی کات و شوێن، ڕەنگە پەرەسەندنی مانای خوانە ناسی هاوتەریب بێت لەگەڵ پەرەسەندنی بیرۆکەی توندرەوی، چەندی ژمارەی توندرەوەکان زۆربن، ئەوا ژمارەی خوانەناسانیش لەناو خەڵك زۆر دەبن، پێچەوانەکەشی ڕاستە.

**Ana. paganism**      خوانەناسی

**Athletics**      العاب القوی      یاری لەشجوانی

ئەو کۆشش و هەوڵانەی کەبەهۆیەوە تاك لەشی گورج و گۆڵ و دەبێت، هەروەها لێهاتوویی و توانای بەرگەگرتنی دەبێت، سەرەڕای پارێزگاریکردنی لەشی، بەهۆی ڕاهێنان و کاری بەردەوامی ڕێك و پێك، دیارە ئەویش لەپێناو رکابەری تاکێکی دیکە یاخود رکابەری بەکۆمەڵ دەبێت.

**Sports**      تەماشابکە: یاریەکانی وەرزش

**Atomic method** المنهج الذري **میتۆدی گەردیلەیی**

ئەو ڕێبازەیە کەمرۆڤ بەیەکەی تاکی دەزانێت لەپێکهێنانی کۆمەڵگە، هەروەها ڕێبازەکە هەڵدەسێت بەلێکۆڵینەوە لەو یەکانەو کارتێکردنی ئاڵ و گۆڕی نێوانیان، ئەم ڕێبازە بەپێچەوانەی ڕێبازی جەشتەڵتە (gestalt).

**Atomism** المذهب الذري **گەردیلە گەری**

تیۆرییەکە، یەکە سادە بنچینەییەکان بەڕەگەزە کۆتاییەکانی ڕاستەقینە دادەنێت.

تیۆریی گەردیلەیی لەزانستە کۆمەڵایەتیەکان، بۆ چوونی وایە کەهەموو دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی وەك کۆمەڵەو سیستم و چینە کۆمەڵایەتیەکان و کولتور، دەبێ چارەسەربکرێن بەو هەندەی کۆی گشتی کاری تاکەکان دەنوێنێ، دواتر ئەو کارانەی کەتاکەکان پێی هەڵدەستن، ئەوانە یەکە بنچینەییە وێنا کراوەکانن کەبەکار هێنراون لەشیکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەکی گشتی.

**Social atom** تەماشابکە: ناوکەی کۆمەڵایەتی

**Atomi zation** التفتيت **کەرتبوون**

- شکانی گەردیلەیی -

هەڵوەشاندنەوەو شل بوونەوەی پەیوەستیە کۆمەڵایەتیەکانی ناوخێزان یان دراوسێیەتی، یاخود ئەو گروپانەی مۆرکێکی سەرەتاییان هەڵگرتووە.

هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیوەندی و نەریتانە زۆرتر دەبن چەندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لاوەکی بن یان مۆرکی کەسێتیان هەڵگرت، هەروەها زۆردەبن لەگەڵ دیاردەی شارنشینی.

**Atonement** التكفير **گوناه پاککردنەوە**

ڕێککەوتنی نێوان خوداو مرۆڤی تاوانبار، هەروەها مەبەست لەم وشەیە ئێش و ئازارەکانی مەسیح و مردنیەتی، وەك پاککردنەوەیەك بۆ تاوان و هەڵەکانی مرۆڤ.

**Expiation** تەماشا بکە: گوناه سڕینەوە

**Attention** انتباه **هۆشداری**

**بەئاگایی**

سازاندن و گونجانە لەنێوان هەردووچاو و گوێچکەکان لەگەڵ ئەندامەکانی دیکەی هەست.

بۆ ئەوەی مرۆڤ دەرفەتی بۆ دروست بێت تالە ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆی تێبکات، هۆشداری هەنگاوی یەکەمە بۆ تێگەیشتن.

هۆشداری، ڕەنگە خۆکردانە بێت (spontaneous attention) لەئاکامی وریا بوونەوەی مێشك بێت بۆ شتێکی دەرەکی کەسەرنجی ڕاستەو خۆی ئەو کاتەی مرۆڤ دەوروژێنێت.

هەروەها هۆشداری ڕەنگە ویستی بێت (voluntary attention) ئەویش بەئاگایی مرۆڤە بۆ شتێك کە بە خۆرسکی ئارەزووی ناکات، وەك بەئاگایی خوێندکار بۆ وانەیەك کەلای زەحمەت بێت.

**Attitude** الاتجاه **ئاراستە**

**هەڵوێست**

بارێکە لەئامادەیی یان خۆ گۆرجکردنەوەی دەماری و دەروونی، لەمیانەیدا شارەزایی کەسەکە ڕێك و پێك دەبێت، ئەو

بارەش كاریگەری بەسەر ئاراستەو جولەی بە دەنگەوە هاتنی تاك دەبێت بۆ هەموو ئەو بابەت و هەڵوێستانەی كە ئەو بەدەنگەوە هاتنە دەوروژێنێت.
ئاراستەكان ڕەنگە ئەرێنی یان نەرینی بن، هەروەها ڕەنگە گشتی یاخود جۆرایەتی بن.
ئاراستەی كۆمەڵایەتی **Cf. social attitude**

**پێوەرەكانی ئاراستە** مقاييس الأتجاهات **Attitude scales**

شێوازەكانی پێوانەی ئاراستەكان بەسەر دوو بەشدا دابەش دەبن، ئەوانیش :
1- پێوەرە زاراوەییەكان:
ئەم پێوەرە لەژمارەیەك دەستەواژە (یەكەكان) پێكدێت،ئەوانە جیاواز دەبن لەڕووی توندوتیژی و رادەیان، داواش دەكرێت لەو كەسەی توێژینەوەكەی لەسەر ئەنجام دەدرێت، هەڵوێستی خۆی یەكلا بكاتەوە بەرازی بوون یان قبول نەكردنی.
مەرجە لەو دەستەواژانەی كەپێوەری زاراوەییان لێ پێكدێت، چەند هەڵوێستێك بەڕاستی بنوێنن، كەمانای ئاراستەكە دەربخەن و بەجۆرێك نزیك بێت لە واقیعەوە، هەروەها رەنگدانەوەبن بۆ ئەوەی لەتوانا دایە بكرێت لەو هەڵوێستانە، ئەوەش بۆ ئەوەی ئاراستە زاراوەییەكە لەگەڵ ئاراستە راستیەكەی تاك یەكبگرێتەوە.
2- شێوازەكانی خستنە سەر (projective techniques) :
كاركردنی ئەم شێوازانە لەسەر بنچینەی میكانیزمی خستنە سەر دەبێت لەتیۆریی شیكردنەوەی دەروونیدا، واتە لەسەر بنچینەی گریمانەی ئەوەی كەرێكخستنی تاك بۆ هەڵوێستێكی ئاڵۆزو شاراوەی ناسنوردار لەڕووی بونیادەوە، ئاماژەیە بۆ تێگەیشتنی گشتی لەسەر بەدەنگەوە هاتن بۆ ئەو هەڵوێستە.
بۆیە ئەو شێوازانە بەوە جیاواز دەكرێنەوە كە بەرەو ڕووی تاك دەبنەوە بەچەند هەڵوێستێكی ئاڵۆز و شاراوە، هەروەها چەندین وەڵامدانەوەی جیاوازیان لا دەوروژێنێت.
ئەمەو رەنگە ئەو هەڵوێستانە بریتی بن لەوێنەیەكی نائاشكرا، نموونەش لەسەر ئەوە: تاقیكردنەوەی پەڵەمەرەكەب، یان وێنەیەكی شێواو، هەروەها لەتاقیكردنەوەی تێگەیشتنی بابەتەكە یاخود چەند دەستەواژەیەكی ناتەواو، لەگەڵ تاقیكردنەوەی هاوپەیوەندێتی ئازاد.

**تایبەتمەندی** الخاصة **Attribute**
**خەسڵەت** الصفة

خەسڵەتێكە یان تایبەتمەندییەكە، بوونی هەیە یا خود زانراوە لەكەسێكدا یانیش لەشتێكی پێوراو، بۆیە نێرومێ دوو خەسڵەتن بۆ گۆڕاوی ڕەگەز.
لەلۆژیكدا زاراوەی دانە پال (attribution) بەكار دەهێنرێت، دەوترێت، دانەپاڵی شتێك لەسەر شتێك، واتە خستنەپاڵی لەبڕیارەكەی، یان خستنە پاڵی كارێك بۆ كارێكی دیكە، ئەگەر بەشێوەی ئەرێنی بێت یان نەرێنی، بۆیە ئەگەر بڕیارماندا بەشتێك لەسەر شتێكی دیكە، ئەوا بڕیاردراو پێی دەوترێت (دراوەپاڵ) ئەوی بڕیاریشی لەسەر دراوە پێی دەوترێت بابەت.

**جەماوەری** جمهور المشاهدين **Audience**
**بینەران**

گردبوونەوەیەكە لەلایەن خەڵكیەوە، وریایی و ئاگاییان لەسەر كارتێكردنێكی دەرەكی چڕدەبێتەوە، وەك جەماوەری سینەماو تەلەفزیۆن، خەسڵەتی بنچینەیی لەوگردبوونەوەیە، ئەوەیە كە پەیوەندیكردنەكە بەیەك ئاراستە دەبێت، واتە لەكارتێكردنەوە (هەست جولێنەرە) بەرەو تاكەكانی ئەو گردبوونەوەیە، بەزۆریش هیچ وەڵامدانەوەیەك نابێت بەئاراستەی پێچەوانە، تەنها لەحاڵەتی وتار خوێندنەوەو نواندن نەبێت.
دەوترێت شیكردنەوەی جەماوەری بینەران (andience analysis) واتە لێكۆڵینەوە لەسروشتی بەدەنگەوە هاتنی بینەران بۆوەرگرتنی زانیاریەكان یاخود پڕوپاگەندەكردن.

**Audiovisual aids** | المُعينات السمعية والبصرية | هۆیەکانی بیستن و بینین

ئەو ئامرازانەی بەکار دەهێنرێن لەفێربوون و ڕاهێناندا، وەك نەخشەو وێنەکان، هەروەها فیلمە سینەمائیەکان، لەگەڵ ئەو وێنانەی لەڕێگای چرای سیحرییەوە پەخش دەکرێن و ڕاڤەش دەکرێن.

ئەو هۆکارانە بەکار دەهێنرێن لەبارێکی ئاسایدا بۆ فێرکردنی گروپە بچووکەکان لەبەر ئەوەی یارمەتیان دەدات وەك ئاسانکارییەك لەفێر بووندا.

**Augur** | الكهانة / العَرافة | جادووگەری

باسکردنی غەیب و ئاشکراکردنی لایەنە شاراوەکەی، لەگەڵ دەنگوباس و ڕووداوەکانی ئایندەو ڕابردوو، هەروەها بۆ جادووگەر ئەوە دەگەڕێتەوە، کەباس و ئاماژە بۆ ئایندە دەکات و چی روو دەدات.

ئەمەو ئاماژە بۆ ئەوەش دەکرێت، کە هەر جادووگەرێ بیروڕاو پێش نیازەکانی چەند جنووکەیەك وەردەگرێت، پەیڕەویشیان دەکات، گوێی لێیان دەبێت ئەوان دەنگوباسەکانی بۆ دەگوازنەوە.

**Ana. Divination**

**Austerity** | التَقشف | سۆفیتی / دەست گرتنەوە

بەشێوەیەکی گشتی مەبەست لەم زاراوەیە، ژیان و گوزەرانی سەخت و دڕ بەهۆی ناتەواوی پێدایستیەکانی مرۆڤ، زاراوەکە لەڕووی سیاسییەوە مەبەست لێی بەرنامەیەکی حکومەتە، مۆرکێکی ئابوری هەڵگرتبێت، ئامانجی سنوردانان بێت بۆ خەرجی زیادو دەست بڵاوی لەکڕینی کەل و پەل و پێداویستیەکانی بەکاربردن، هەروەها هاندان بێت بۆ پاشەکەوت و کار کردن بۆ زۆر بوونی بەر هەمهێنان، ئەویش بەمەبەستی چارەسەرییەك بۆ قەیرانێکی ئابوری کەوڵات پێیدا تێپەڕ دەبێت، یاخود بەهۆی کۆتایی هاتنی جەنگێك کە بەسەر وڵاتدا هاتبێت، ئەگەر بەشێویەکی سەرکەوتووانە بێت یانیش دۆراو.

**Autarchy** | ١– حكومة الفرد | دەسەڵاتی تاکەکەسی / - زۆرداری -

حکومەتێکە تەنها یەك کەس سەرکردایەتی دەکات بەدەسەڵاتێکی رەها جیاواز دەکرێتەوە، لەبەرامبەریدا سیستمی دیموکراسی دێت، کەبەپێی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان کاردەکات.

**Ana. Absolutism and autocracy** | حکومەتی ملهورو ئۆتوکراسی

٢– الاكتفاء الذاتي | خۆبژێوی

مەبەست لەم زاراوەیە، ئاراستەی دەوڵەت بۆ سنوردار کردنی داهاتەکان لەکاڵاو کەل و پەلە بەکارهاتووەکان. هەروەها هاندانی پیشەسازییە خۆجێییەکان بۆ ئەوەی جێگای ئەو کاڵایانە بگرێتەوە کە لەدەرەوە دەهێنرێن لەگەڵ پشت بەستن لەسەر دەرامەتە خودییەکان.

بۆ ئەم زاراوەیە بەزۆری وشەی ئینگلیزی (autarky) بەکاردەهێنرێت.

**Authenticity** | الأصالة، الصحة | ڕەسەنی / دروستی

هەموو شتێکی تەواو و ڕاست و جێگای باوەڕ، یان سەلمێنراو لەلایەن لایەنێکی فەرمییەوە، دەوترێت بەڵگە نامەیەکی فەرمی (authentic document) واتە ئەو بابەتەی کەفەرمانبەرێکی گشتی (یان کەسێك) ئەرکی گشتی پێ

سپێردراوەو، دەیسەلمێنێ کەلەسەر دەستی خۆی ئەو ئەرکە هاتۆتەدی، یاخود لەلایەن کەسانی پەیوەندارەوە، ئەو کارەش بەپێی هەل و مەرجە یاساییەکان ئەنجامدراوە.

**Authoritarianism** | النزعة التسلطية | مەیلی خۆسەپاندن

مەبەست لەم بۆچوونە لەڕووی سۆسیۆلۆژیەوە، جەخت کردنە لەسەر لایەنی زاڵبوون و هێزو ملکەچی بۆ داب و نەریت و زاراوە باوەکان، هەروەها ئارەزووی ئەوەی کە هەندێ هاندەری نەستی و نائاگایی بەسەر جیهانی دەرەکیدا باربکرێت.

**Authority** | السلطة | دەسەلآت

بریتیە لەو هێزە سروشتیە، یان مافی شەرعی لەهەڵس و کەوتو دەرکردنی بڕیارەکان لەکۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، ئەو شێوەیەش لەهێزدا دەبەستڕێتەوە بەناوەندێکی کۆمەڵایەتی کەئەندامانی کۆمەڵگەپێی ڕازی دەبن وەك هێزێکی شەرعی، دواتر ملکەچی ئامۆژگاری و بڕیارەکانیش دەبن.زیادە ڕۆیی لەدەسەلآت، یان نەبوونی چاودێرییەکی توونـد لەسەر بەکارهێنانی ئەوا دەبێتە هۆی خراپ بەکار هێنانی ئەو دەسەلآتە (abuse of authority)، ئەوی بەو ئاراستەیەش دەناسرێت پێی دەوترێت کەسێکی زۆردار (authoritarian) ئەو کەسەش دەسەلآتی خۆی بەهۆی هێزەوە بەسەر خەڵکدا دەسەپێنێت و بەویستی گەلیش نابێت.

**Authority, administrative** | السلطة الادارية | دەسەلآتی کارگێری

دەسەلآت لەبواری رێکخستن و کارگێری، تاك ئەو دەسەلآتە لەو ئەرك و فەرمانەوە بەدەست دێنێت کەکاری تێدا دەکات، ئەو پێگەیە مافی هەڵس و کەوت و دەرکردنی فەرمانەکانی دەداتێ، ئەو دەسەلآتدارییەش چەند جۆرێکە لەوانە:

دەسەلآتی جێبەجێکردن (line authority) واتە دەسەلآتی سەرۆك بەسەر کەسانی ژێر دەسەلآتەکانی خۆی، بۆ جێبەجێکردنی کاروبارەکان.

دەسەلآتی ڕاوێژکاری (staff authority)، واتە دەسەلآتی دەرکردنی ئامۆژگاری و ڕاسپاردەو پێش نیازەکان.

هەروەها دەسەلآت لەسەر بنەمای ئەرك (functional authority) ئەوەش بریتیە لەو دەسەلآتەی کەخاوەنەکەی کاری پێدەکات بەسەر یەکە کارگێرییەکان، مەرجیش نیە کەخۆی سەرۆکیان بێت.

**Autism** | الاجترارية<br>الانطوائية | خەیاڵ پلاوی<br>کەنارگیری

جۆرێکە لەبیرکردنەوە، بەو ئاراستە خودیانە جیاواز دەکرێتەوە کەپێچەوانەی واقیعە، لەگەڵ درێژەپێدان لەبیرکردنەوەی خەیاڵ، بەجۆرێك ئەو ئارەزووانەی تێربکات کەنەهاتونەتەدی.

دەوترێت بیرکردنەوەی خەیالی (autistic thinking) بۆ ئەو جۆرە بیرکردنەوانەی کەخەیاڵ جێگای ڕاستی دەگرێتەوە.

**Day dreams** | تەماشابکە: خەونی بێداریی

**Day dreams**<br>**Autobiography** | تاريخ الذات<br>التاريخ الشخصي | ژیاننامە

مەبەست لێی، مێژووی ژیانی نووسەرە بۆ خودی خۆی، لەو مێژووە بەسەر هاتەکانی ڕابردوو دەگێڕێتەوە ئەویش بەپێی بیرو بۆچوونێکی یەك لایەنە، مێژووی خود یارمەتیدانە بۆ توێژینەوە لەپێکهاتەی دیاردەکان یان سیستەمەکان، لەبەر ئەوەی جۆری مێژووی ژیانی ئەندامانی هۆزێك یان ڕەچەڵەکێك یاخود کۆمەڵێك ڕووندەکاتەوە، هەروەها لایەنەکانی بایەخپێدان و ئاراستەو جۆرەکانی ململانێ ڕووندەکاتەوە.

مێژووی خود جیاوازی دەبێت لەگەڵ بەسەرهاتی ڕۆژانە (diaries) هەروەها لەو تۆمارەی کە ڕووداوەکانی ڕۆژ بەڕۆژی (journals) تێدا تۆمار دەکرێت، ئەوانی لەژیانی تاکدا ڕوو دەدەن و دەیپارێزێت بۆ بەکارهێنانی یاخود بۆ بەسەر بردنی کاتی خۆش.

لەنووسینەوەی مێژووی خود شێوازی وەرگێڕانی ژیانی کەسێتی (biographical method) ، پەیڕەو دەکرێت.

**بەکاربردنی خودی** — الاستهلاك الذاتي — **autoconsumption**

واتە، بەکارهێنانی بەشێك لەبەر هەمهێنانی کۆتایی بۆ مەبەستی بەکاربردنی تایبەت، ئەو کارەش لەکەرتی کشتوکاڵ دێتەدی، چونکە کەسی سوودمەند تەنها بۆ بەشێکی بازار بەرهەم دەهێنێت، بەڵام لایەکی گەورەی بەرهەمەکەی بۆ خۆی بەکار دەهێنێت.

**ئۆتۆکراسی**
**حوکمی تاکە کەس** — الأتوقراطية — **Autocracy**

حکومەتێکە لەلایەن یەك کەسەوە یان گروپێکی بچووك یاخود حزبێك بەڕێوە دەچێت.

ئەو حکومەتە پابەند نابێت بەدەستور یانیش بەیاساوە.

زاراوەی ئۆتۆکراسی (autocracy) بەکار دەهێنرێت بۆ ئەو کەسەی دەسەڵاتەکانی ڕەهابن و تەنها خۆی بڕیار لەسەر ئەو سیاسەتە بدات کە پیادەی دەکات، بێ هیچ بەشدارییەك.

ئەم جۆرە حکومەتە چەندین شێوەی هەیە، وەك: حکومەتی کەمایەتی (oligarchy)، حکومەتی دیکتاتۆرییەت (dictator ship) بەرامبەرەکەشی دیموکراسیەت (democracy) دێت.

جیاوازی لەنێوان دەسەڵاتی ئۆتۆکراسی و دیکتاتۆرییەت هەیە، لەڕووی دەسەڵاتی ڕەهاوە، لەیەکەمیان خەڵکی (هاوڵاتیان) ملکەچ دەبن ئەویش لە ترسی سزادان، بەڵام لەسیستمی دیکتاتۆری خەڵکی ملکەچی دەسەڵات دەبن تەنها بەهۆی ترسەوەیە.

تەماشابکە: ڕژێمی پابەندنەبوو بەدەستور **Absolutism**

**ڕەخنە لەخۆگرتن** — النقد الذاتي — **Autocritic**

ئەو بیروڕایەی تاك دەری دەبرێت دەربارەی کاروکردەوەکانی یان ڕەفتارەکانی، ئەویش بەمەبەستی چاککردنی بەشێوەیەکی واقعیانە، یاخود دانان بەلایەنەکانی کەم و کورتی پەیوەندییەکانی بەو لایەنانەی جێگای بایەخدانیەتی و گرینگە لای تێکەڵاویان ببێت.

حزبە کۆمۆنیستەکان پەیڕەوی ئەم ڕێبازە دەکەن، کاتێ ئەندامانی لە بنەماو ڕێساکانی حزب لادەدەن.

**بەئامێرکردن**
**خۆکاری** — التشغيل الاتوماتيكي / اليسير الذاتي — **Automation**

توانای کەرەستەو ئامێرە میکانیکیەکان، یان کارەباییەکان لەسەر خۆ بەڕێوەبردن لە ڕێکخستنی پرۆسەکانی بەرهەمهێنان بەبێ دەستێوەردان لەلایەن مرۆڤەوە.

خۆکاری لەوە دەرناچێت بێت لەبەکارهێنانی ئامێرەکان (mechanization) لەگەڵ تێکەڵکردنی قۆناغەکانی بەرهەمهێنان بەشێوەیەکی ئامێری، هەروەها ئەم کردارە پێویستی بەکارێکی فیکری بەرزی هەیە بۆ چاودێریکردنی بەڕێوەبردنی بەرهەم و سەرپەرشتی کردنی ئامێرو ئاراستەکردنیان.

خۆکردەیی، نێوان شێوەکانی تەکنولۆجیای پێشکەوتوو شێوازەکانی کارگێری کۆدەکاتەوە، بەجۆرێك پرۆسەی بەرهەمهێنان دەکاتە پرۆسەیەکی بەردەوام و کاریگەرییەکی نایاب و گەورەشی دەبێت بەسەر هێزەکانی بەرهەمهێنان و هۆکارەکانی دیکەی کار.

لەدەروونناسیدا دەوترێت کاری خۆ کردەیی بەو پرۆسەیەی کەبە هۆیەوە تاك راهاتووە لەسەر کارێك، ئەنجامی دەدات بێ هەر بیرکردنەوەیەکی هۆشیارانە.

**Automatism** مذهب الحركة الذاتية التلقائية – ڕێبازی خۆبزوێنی

ئەو تیۆریەیە کەدەڵێت، ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ یان ئاژەل بەئامێردەچن، لە ڕووی وردی جولەو بەدوایەکدیهاتنیادا.
لەدەروون ناسیدا، مەبەست لەزاراوەی خۆبزوێنی، ئەو دیاردەیەیە کەجەستە لە خۆیەوە دەریدەکات بێ ئەوەی وەڵامدانەوە بێت بۆ هەر ئاگایی و ریاکردنەوەیەکی دەرەکی.

**Autonomy, political** الاستقلال السياسي الذاتي ئۆتۆنۆمی - سەربەخۆیی -

ئۆتۆنۆمی لەسیاسەتدا، بەواتای کۆمەڵێك یان میللەتێك، هەڵدەستن بەرێکخستنی کاروباری خۆیان بێ هەر جۆرە فشارێکی دەرەکی.
ئەم زاراوەیە لەبنچینەدا بەکار هێنراوە بەمانای مافی دەوڵەت لەحوکمڕانی خۆی و دەرکردنی یاساکانی بێ دەستێوەردانی دەسەڵاتێکی دەرەکی.
بەڵام لەڕاستیدا، زاراوەی ئۆتۆنۆمی بەجۆرە دەوڵەتێك دەوترێت کە سەروەری ناتەواو بێت، ئەوڵاتە ئەگەرچی سەربەخۆیی ناوخۆیی هەیەو دەسەڵاتی دەرکردنی یاساکانی و بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی هەیە، بەڵام پەیوەستە بە سیاسەتی دەوڵەتێکی گەورە، بەتایبەتی لەبوارەکانی سیاسەتی دەرەکی و بەرگری و ئابوری نیشتمانی.
لەبەرامبەر زاراوەی ئۆتۆنۆمی، زاراوەی ملکەچی (heteronomy) دێت.

**Autosuggestion** الايحاء الذاتي الاستهواء الذاتي بەخۆ وتن خۆخستنە سەرباوەر

پێگەیاندنێکە، یان پێش نیازێکە لەلایەن خودەوەو بۆ خۆی دەردەچێت، ئەو پێگەیاندنە وا دەنوێنێ کەپێش نیازێکە بۆ سوودی کەسەکە دەگەڕێتەوە، نموونەش: کاتێ نەخۆش هەوڵدەدات رەفتاری خۆی یان حاڵەتی نەخۆشیەکەی خۆی باش بکات، ئەوە دووبارە دەکاتەوە کەرۆژ بەدوای رۆژ تەندروستی ڕوو لەباشی دەکات.

**suggestion** تەماشبکە: نیگا، پێگەیاندن

**Averages, statistical** المتوسطات الاحصائية ناوەندە ئاماریەکان

تێکڕای ئاماریی بۆ کۆمەڵێ لەو بەهایانەی کە برێکی گۆڕاو وەریان دەگرێت، ئەوە بریتیە لەبەهایەك، ئەو زنجیرە بەهایانە دەنوێنێ باشترین نواندن، بەجۆرێکیش دەکرێ وەك بەڵگەیەکی جیاوازی ئەو گروپە لەوانی دیکە وەربگیرێت، هەر بەهۆیەوە ئەو ئاراستەیە دەزانرێت کە ئەو بەهایانە بەکۆمەڵ وەریدەگرن، مەبەستیش لە بەکارهێنانیان لەتوێژینەوەکانماندا، وازهێنانە لە هەڵێنجانی تاکەکانی هەموو گروپەکە، چونکە تاکەکان هەندێکیان تووشی بارودۆخی تایبەت دەبنەوە، دیارە ئەوەش بیرۆکەی هەڵەمان دەداتێ دەربارەی گروپەکەو ئاراستەکانی، سەرەڕای ئەوەی کە ئەو ڕێگایە دژوارو مەحاڵە لەڕووی کردارییەوە لەئامارە گەورەکاندا.

**خوليا**

**حەز**

**الهواية**

**Avocation**

**تەماشابکە: حەز**

**Hobby**

**پەیوەندییە پەڕاوێزەکان**

**علاقات التحاشي**

**Avoidance Relationships**

زۆر لەکۆمەڵگا سەرەتاییەکان کۆت و بەندی توند دەسەپێنن بەسەر پەیوەندی نێوان ئەندامەکانیان، هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی دیکە، لێیان قەدەغەدەکرێت پەیوەندیکردن بەچەند کەسانێکی دیاریکراو کە لەنێوانیاندا خزمایەتیەکی دیاریکراو دروست بێت.

بۆیە پێویست دەکات لەژیانی رۆژانە ئەو جۆرە کەسانە خۆیان دووربگرن لەیەکتر، دیارە ئەو جۆرە پەیوەندییەش بەشێوەیەکی تایبەت لەپەیوەندی پیاو بەخەسوویەوە، هەروەها لەپەیوەندی ژن بەخەزوریەوە دەردەکەوێت، هەر چەندە چەند کۆمەڵگەیەك وایان پێویست دەکرد کەبرا خۆی دووربگرێت (لەدانشتن یان ئاخاوتن) لەگەڵ خوشکەکەی.

زانایانی دەروونناسی بۆ چوونیان وایە کە ئەو قەدەغەکردنانە، ئامانجی دوورکەوتنەوەیە لەترسی پەیدابوونی زینا لەگەڵ کەسانی قەدەغەکراو (مەحرەم)، هەرچەندە ئەم بۆ چوونە تەنها بوارێکی بچووك دەخاتە ڕوو.

زانایانی کۆمەڵناسی و ئەنثرۆلۆژیا (رەگەزناسی) بۆ چوونیان وایە کە مەبەست لەو دیاردەیە پارێزگاری کردنە لەسەر ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لەنێوان نەوەکانەوە یەك بەدوای یەك لەلایەکەوە، هەروەها لەنێوان هەردوو رەگەز لەلایەکی دیکەوە.

**تەماشابکە: پەیوەندییەکانی گاڵتەکردن**

**Joking relationship**

**پەیوەندی**

**- خاڵ و خاڵۆزایەتی -**

**صِلة الخؤولة**

**Avunculate**

پەیوەندییەکی تایبەتە لەنێوان خاڵ و کچی خوشك (خوشکەزا) بەتایبەتیش کاتێ کەسی یەکەم دەسەڵاتی دەبێت بەسەر کەسی دووەم، هەروەها کاتێ کەسی دووەم میراتی کەسی یەکەمی بۆ دەمێنێتەوەو شوێنی دەگرێتەوە.

هەروەك دەوترێت دەربارەی نیشتەجێ بوونی خێزان لەماڵی ژنی (هاوسەر) (avunculate) و عەشیرەتی خاڵوان (avun cul clan) واتە ئەو عەشیرتەی کە پێڕەوی ئەو سیستمە دەکات.

**بڕیاری فەرماندان**

**١- قرار التحكيم**

**Award**

بڕیارێکە لەلایەن ئەنجومەنە پسپۆریەکانەوە دەردەچێت دەربارەی چەند بابەتێکی دیاریکراو، وەك بڕیارەکانی ئەنجومەنەکانی ناوبژی کردن (arbitration award) دەربارەی ململانێیەکانی کار لەنێوان خاوەن کاروکرێکاران.

هەروەها بڕیاری سەندیکاکان (trade union awards) کەسەندیکاکانی کرێکاران دەریان دەکات، دەربارەی چەند بابەتێکی کارکردن.

**پاداشت**

**بەخشین**

**٢- المكافأة**

ئەو بڕە پارەیەیە کەبۆ کرێکاران خەرج دەکرێت دەربارەی ئەو کارە زیادەی کە ئەنجامیداوە لەکارکردندا، وەك پاداشتەکانی هاندان (incentive awards) کەبۆ کرێکاران خەرج دەکرێت بەرامبەر بەپاشەکەوت کردن لەکەرەستە سەرەتاییەکان، یان باشکردنی بەرهەم یاخود ئامادە بوونی رێك و پێك لەکاردا.

هۆشیاری | الوعي / الادراك | Awareness

تەماشابکە: هۆشیاری ئاگایی | | Consciousness

ئەکسیولۆژی / بەها ناسی | مَبحث القيّم | Axiology

لێکۆڵینەوەیەکی میتۆدییە، دەربارەی سروشتی بەهاکان، هەروەها جۆروپێوەرەکانی، لەفەلسەفەدا، زۆرینەی گفتوگۆکان دەربارەی مۆرالناسی و جوان ناسی، تیۆرییەکی دیاریکراو لەبەهاکاندا گریمانە دەکات.

بەڵگە نەویستی | البديهية / المبدأ | Axioms

بەڵگەنەویستی، مەسەلەیەکی سەلمێنراوە بەخودی خۆی، لەتواناشدا نیە، بەڵگەی لەسەر بهێنرێت، بەراستیش دادەنرێت بێ بەڵگە بۆ هەموو ئەوانەی لەواتاکەی تێدەگەن.
سێ خەسڵەتی هەیە:
یەکەمیان: سەلماندنی دەروونی، واتە ئاشکرایی راستەوخۆ بۆ دەروون، بەبێ هۆکارو بەبێ بەڵگەی لۆژیکی.
دووەمیان: یەکەمایەتی لۆژیکی، واتە بنەمایەکی سەرەتاییە، پوخت نەکراوەتەوە لەهی دیکە.
سێیەمیان: رێسایەکی وێنەیی گشتیە لەبەرامبەر بنەماتایبەتیەکانی پەیوەندار بەحاڵەتێکی دیاریکراودا لەحالەتە تایبەتیەکانی زانست، یان بەناساندنێکی دیاریکراودا.

# B

**Baby farming** حضانة الاطفال **دایەنگەی منداڵ**

لەیاسادا، پابەندییەك هەیە بەرامبەر منداڵ، بۆ پەروەردەکردنی و هەستان بە پارێزگاری و ئاراستەکردنی بەرەو چاکە، لەبنچینەدا دایەنی بۆ ژنانە، ئەرکی یەکەمی دایکە بە خێوکردنی منداڵ.

ئەگەر دایك نەبوو، ئەوا بۆ دایەن چەند مەرجێك هەیە، دەبێ خزمایەتی بەدایکی منداڵەکە نەبێت و تەمەنی گەورەو ئەقلی تەواو بێت، هەروەها توانای پەروەردە کردنی منداڵی هەبێت.

**Babyhood** مرحلة الطفولة الاولى **کاتی کۆرپایەتی**

**- سەرەتا ساوایەتی -**

قۆناغی یەکەمی منداڵیە، کۆتایی دێت کاتێ تەمەنی منداڵ دەگاتە سێ ساڵ، بەڵام قۆناغی دووەم لەساڵی سێیەمەوە دەست پێ دەکات تاشەش ساڵی، منداڵ لەو دوو قۆناغە پێویستی بەچاودێرییەکی تایبەت هەیە.

لەڕووی گەشەکردنی فیزیۆلۆژیەوە، منداڵ بەتەواوی پشت بەدایکی دەبەستێ، ئەو پەیوەستیەی نێوان منداڵ و دایکی لەو دوو قۆناغەدا پێداویستیە بەردەوامەکانی دێنێتەدی، ئەگەر بەشێوەی سروشتی بێت یان پیشەیی .

لەبارێکدا دایك توانای بەخێوکردنی منداڵەکەی نەبێت، ئەوا بەدایەنێك (baby famer) دەیسپێرێت، هەروەها ڕەنگە لەماوەی نەبوونی دایك وەك بەخێوکەرو چاودێر، ئەوا پەنابۆ کەسێکی دیکە بەرن وەك سەرپەرشتیاری منداڵ (baby sitter).

منداڵ لەڕووی گەشە کردنی دەروونیەوە، ئەوا قۆناغی منداڵی گرینگیەکی گەورەی هەیە بۆ پەروەردەکردن، چونکە منداڵ فێری داب و نەریتی کۆمەڵایەتی دەبێت لەڕێگای خێزانەوە، هەروەها بەهاوکاری دایك و باوکیەوە، بنەماو پێوەرەکانی کولتورەکەی وەردەگرێت، هەروەها پێوەرەکانی گونجان و سەرکەوتنی، ئەمەو ئەو قۆناغە پڕ دەبێت بەرووداوە دەروونیەکان هەر لەوقۆناغەشدا بنچینەکانی نەست و نائاگایی پێکدێت.

**Back tracking** استبقاء قُدامى الموظفين **هێشتنەوەی فەرمانبەرەکۆنەکان**

کەمکردنەوەی ژمارەی فەرمانبەران، لەگەڵ هێشتنەوەی فەرمانبەرو کارمەندە کۆنەکان لە دامەزراوەکە، هەندێ جار بەو زاراوەیە دەوترێت (bumping)

**Back wardness** التخلف **دواکەوتن**

مەبەست لەدواکەوتن، بێ جولەیی و وەستانی گەشەکردنە، ڕەنگە ئەو دواکەوتنە گشتی بێت، هەموو بوارەکان بگرێتەوە، یان تایبەت بێت و لەبوارێکی دیاریکراودا دەردەکەوێت، وەك دواکەوتنی کلتوری (cultural back ward ness) کەبەزاڵبوونی نەریتەکۆنەکان جیاواز دەکرێتەوە، یاخود دواکەوتنی ئەقلانی، واتە کەمبوونەوەی پلەی ژیری.

**Social back wardness** تەماشابکە: دواکەوتنی کۆمەڵایەتی

تەرازوو — ١- الميزان — **Balance**

مەبەست لەزاراوەی تەرازوو لەئابووری ناسیدا، یەکسانی لەنێوان سەرچاوە داراییەکان و داشکاندنەکانە، گرینگترین تەرازووە ئابوریەکانیش، تەرازووی پارەپێدانە (balance of payments) و تەرازووی بازرگانی (balance of trade)یە.

هاوسەنگی — ٢- التوازن

واتە پارێزگاریکردن لەو دۆخەی کەئەگەری جێگیر کردنی هەیە، هەروەها دوورکەوتنەوە لە هەر ئارەزووویەك بۆ گۆڕینی.
مەبەست لەهاوسەنگی لەفەلسەفەدا، هێمایەکی ئاشکرا یان شاراوە کەبەهۆیەوە لەشتەکان و ماناکانیان تێدەگەین، هەروەها دەتوانین بڕیاریان لەسەر بدەین.
لەدەروونناسیدا دەوترێت، هاوسەنگی ئەقلانی (mental balance or balance of mind) واتە تەواوکردنی پرۆسە ئەقلیەکان، هەروەك لەرەفتاری ئاقلانی و گونجاندن دەردەکەوێت.

تەماشابکە: هاوسەنگی کۆمەلآیەتی — **Social balance**

هاوسەنگی هێز — توازن القوى — **Balance of power**

سیاسەتێکە ئامانجی ڕێگرتنە لەتێکچوونی ئەو هاوسەنگیەی کەهەیە، هەروەها نەهێشتنی دروست بوونی گردبوونەوەیەکی نێو دەوڵەتی زاڵ (تكتل)، بەجۆرێك دەوڵەتێك بەتەنیا خۆی، یان بەهاوپەیمانی چەند دەوڵەتێکی دیکە نەتوانێت ئیرادەی خۆی بەسەر دەوڵەتێکی دیکە بەسەپێنێت، یاخود هەڕەشە لەسەروەری و سەربەخۆیی بکات.

بودجەی گشتی — الميزانية — **Balance sheet**

بودجە — **Cf. budget**

دەنگدانی نهێنی — الاقتراع السري — **Ballot**

ئەم زاراوەیە لەسیاسەتدا بەکار دەهێنرێت وەك هاومانایەك بۆ دەنگدان، ئاماژەیە بۆ ئەو ڕێگایەی کەدەنگدەران لەسەری یەکلادەبنەوە، بەشێوەیەکی ئاسایی ئاماژەیە بۆ ئەو فۆرمە چاپکراوەی دەنگدان کەناوی پاڵێوراوان دەگرێتە خۆی بۆ پێگەو پلەوپایەیەك، یان ئەو زانیاریانە دەگرێتەوە کە دەخرێنە بەردەم دەنگدەران بۆ ئەوەی بیروڕای خۆیان لەسەری یەکلابکەنەوە، بەڕازی بوون بێت یاخود بەپێچەوانەی.
دەوترێت، یەکسانی دەنگەکان (balloting)، واتە کەهیچ پاڵێوراوێك ژمارەی یاسایی دەنگەکانی بەدەست نەهێنابێت، بۆیە ئەنجامەکەشی نەرێنی دەبێت و پێویست دەکات هەڵبژاردنەکە دووبارە بکرێتەوە.

دەستە — ١- العصبة — **Band**

تاقم — الزمرة

بریتیە لەگروپێکی خۆجێی، یان کۆمەڵە خێزانێك لەگەڵ یەکتر دەژین و چەند پەیوەندییەکی ڕووبەڕوو بەیەکیان دەبەستێتەوە، بەتایبەتی لەکۆمەڵگە کۆچەری و ناکۆچەریەکان.
دەستە لەخێڵ بچووکترە، قەبارەکەشی پەیوەستە بەرادەی سوود وەرگرتنی لە لەوەڕو ڕاو لەو ناوچەیەی کەتێیدا دەبێت، ڕێکخستنی ئەو دەستەیەش بە شێوەیەکی سادە دەبێت، هەروەها چاودێری کۆمەلایەتی تێیدا مۆرکێکی ڕەسمی وەرناگرێت.

تاقمە چەتەیەك ٢- العِصابة

گرووپێكە، پێكهاتووە بۆ مەبەستێكی گشتی، بەزۆری تاوانكاری دەبێت، زۆربەی ئەو چەتە تاوانكارییە نوێیانە لەشارەكاندا دەبن، ئەوانە بەرهەمی كۆمەڵگەی پیشەسازین، كاری رێكخراوەییان ورد دەبێت و هاوكاریان دەبێت بۆ هەڵسوڕاندنی چالاكیەكانیان، شارەزاییان بەرێگا هونەرییە نوێیەكانی كاروباری بازرگانی و كردارە سیاسییە گەندەڵیەكان، ئەوا یارمەتی دەریان دەبێت لەچالاكیەكانیان.

بەزۆری چالاكیەكانیان چڕ دەبێتەوە لەدەوروبەری قوماركردن و داوێن پیسی و فرۆشتن مادە كحولیەكان و داوو دەرمانی قەدەغەكراو.

شریتی داتاكان
دیاگرامی مێلەیی
الاشرطة البيانية
**Bar sharts**

مەبەست لەنەخشەكانی روونكردنەوە لەئامارد‌ا، دۆزینەوەی ئامرازێكە بۆ بەراورد كردن، ئەویش بەبەكارهێنانی شریتی ئاسۆیی جیاواز لەدرێژییان، بەشێوەیەك لەبار بێت لەگەڵ بڕی هەر توێژێكی بەشدارو چەسپاندنی لەسەر بنچینەی یەك سەر بۆ لای ڕاستی ستوونەكان یان بۆ لای چەپیان، لەنموونەی ئەوانەش، شریتی ساكار (simple bar chart) كە زۆرترین جۆری بەكار هێنراوە لەنواندنی روونكردنەوەو، پشتیش لەسەر جیاوازی درێژی شریتەكان دەبەستێت، ئەمەو لەبارێكی ئاسایدا نەخشەكان رێك دەخرێن بەپێی درێژیەكانیان.

بەربەرییەت
دڕاندایەتی
الوحشية
الهمجية
**Barbarity**

یەك لەدیاردەكانی كۆمەڵگای سەرەتاییە، یان هەر كلتورێك كەخاوەن زمانێكی نووسراو نەبێت، كلتورە مادییەكەشی بریتی بێت لە لەوەڕاندن و كشتوكاڵ.

هەروەها مەبەست لێی ئەو پەڕی دڵرەقی و ئازاردانی دەروونیە بەهۆی ئەنجامدانی تاوانەوە.

دانوسانی
بەكۆمەڵ
المفاوضة الجماعية
**Bargaining, collective**

بریتیە لەكۆبوونەوەی نێوان نوێنەرانی خاوەن كارو كرێكاران، بەمەستی لەیەك تێگەیشتن و ئاڵوگۆڕ كردنی بیروڕاكان دەربارەی چەند بابەتێكی كار لەگەڵ هەوڵدانی هەر بەرەیەك بەڕازیكردنی بەرەكەی بەرامبەر بەبیروڕاكانی خۆی، ئەویش بەمەبەستی نزیكردنەوەی نێوان هەردوولاو گەیشتن بەبەستنی پەیمانی كاری هاوبەش.

یەكەی سەودا كردن
وحدة المساومة
**Bargaining unit**

كۆمەڵە كرێكارێك دەكرێ وەك یەكەیەك تەماشابكرێن بۆ نوێنەراتیكردنی كرێكاران لەمامەڵەو سەودا كردنی بەكۆمەڵ، یان كۆمەڵە خاوەن كارێك، حكومەت یاخود كرێكاران ڕازی دەبێت پێیان وەك بریكار لەمامەڵەو سەودای بەكۆمەڵ.

ئاستەنگ
ڕێگر
الحاجز
العائق
**Barrier**

جیاكەرەوەی نێوان دووشت، وەك جیاكردنەوەی نێوان غەریزەو ئەقل، یان ئەو شتەی كەهەندێ خەڵك لەهەندێكی دیكە

جیادەکاتەوە، وەك بەربەست و ڕێگرە ڕەچەلەکیەکان یاخود ڕەگەزیەکان.

Colour barrier — تەماشابکە: بەربەستی ڕەنگ

Social barrier — ڕێگری کۆمەڵایەتی

**Barter** — المقايضة — ئاڵ و گۆڕکردن

سەودا

مەبەست لەم زاراوەیە، گۆڕینەوەی کاڵاو خزمەتگوزاریەکانە لەنێوان تاك و کۆمەڵاندا، ئەوانی خۆیان بەرهەمی دەهێنن، ئەو گۆڕینەوەیەش ڕاستەو خۆ لەنێوانیاندا دێتەدی ئەم شێوازە لەسەوداو گۆڕینەوە لەگەڵ ئابوریەکی سەرەتایی ڕێکدەکەوێت کەپێداویستیەکانی سنوردار دەبێت، بۆیە پێویستی بەبەکارهێنانی دراو نەدەکرد.

**Base culture** — ثقافة أساسية — کلتوری بنچینەیی

بریتیە لەکۆمەڵە خەسلەت و ئاکارێکی کلتوری لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا، ئەم زاراوەیە بەزۆری وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو کلتورەبەکار دەهێنرێت کە ڕێگا خۆش دەکات بۆ پەیدابوونی داهێنانەکان.

**Basic data** — البيانات الاساسية — زانیارییە بنەڕەتیەکان

زانیارییە بنەڕەتیەکان، یان سەرەتاییەکان، پێکدێن لەزنجیرەیەك ژمارە، یاخود ڕەنووس، کۆ کراوەتەوە لەسەر شێوەی خشتەیەکی ئاماری.

بەشێوەیەکی ئاسایی لەو جۆرە خشتانە، ڕوونکردنەوەکان (زانیاریەکان) پۆلین دەکرێن بەپێی چەند گۆڕاوێکی دیاریکراو یانیش بەپێی چەند بەهایەکی گۆڕاوی دیاریکراو، وەك تەمەن، یان بەپێی چەند ئاکارێك یاخود چەند خەسڵەتێکی دیاریکراوی وەك نێرییەتی و مێیەتی.

**Basic personality culture** — البناء الاساسي للشخصية / الصيغة العامة للشخصية — بونیادی بنچینەیی کەسێتی / شێوازە گشتیەکانی کەسێتی

چەمکێکە بۆ لێکدانەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە خەڵکی لەکولتورێکی دیاریکراودا، ئارەزووی لەیەك نزیکبوونەوە یاخود لەیەکچوونیان هەیە، ئەو لەیەکچوونەش لەمۆرکی کەسێتی نێوان زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگە، بۆبەشداریکردنیان لەچەند شارەزایی و هەل و مەرجێکی کولتوری و کۆمەڵایەتی گشتی دەگەڕێتەوە.

**Bastard** — النَغل، أبن الزنا — زۆڵ

کەسێکی لەدایك بوو بەهۆی پەیوەندییەکی ناشەرعی، هیچ پەیوەستیەکی سروشتی نیە بەهیچ کەسێکەوە، تەنها دایکی نەبێت کە، ئەرکی بەخێوکردنیشی دەکەوێتە سەری، تەنها ئەگەر بڕیارێك دژی باوکی دەرچوو بەسەڵماندنی باوکایەتی منداڵەکە.

لەم ڕۆژگارەدا لەجیاتی ئەو زاراوەیە، زاراوەی (illegitimate child) لەدایك بووی ناشەرعی بەکاردەهێنرێت.

Adoption — تەماشابکە: هەڵگرتنەوە

Legitimacy — حەڵاڵ زادە

**Battery of tests** | مجموعة الاختبارات | چەند تاقیکردنەوەیەك

کۆمەڵە تاقیکردنەوەیەك بەپێی یاسا لەسەر کۆمەڵگەیەك، بۆ ئەوەی هەموو ئەنجامەکانی توانای بەکارهێنانیان هەبێت لەبەراوردکردندا.

**Begging** | التسول | سواڵکردن

داواکردنی پارمەتی لەخەڵکی و لەڕێگا گشتیەکان، سواڵکردن لەهەندێ وڵات بەتاوان دادەنرێت ئەگەر کەسەکە جەستەی تەواو و دروست بێت، یان ئەگەر هەڕەشەی بەکارهێنا لەکاتی داوای پارمەتیەکە، یاخود ئەگەر چووە ناو ماڵێکەوە بەبێ مۆڵەت دان، هەروەها ئەگەر دامەزراوەی چاکە خوازی هەبێت ئەوا سوالکردن قەدەغە دەکرێت.

**Ana. Mendacity** | سوالکەر

**Behavior** | السلوك | ڕەفتار

هەرکارێك بوونەوەری زیندوو وەڵامدانەوەی تەواوی بۆی هەبێت، دەربارەی هەر هەڵوێستێك وەڵامدانەوەکەشی وەڵامدانەوەیەکی ڕوون و بەرچاو بێت، ئەگەر بەشێوەی ماسولکەیی یان ئەقلی یاخود هەردووکیان بێت بەیەکەوە، دیارە ئەم وەڵامدانەوەیەش پشتی بەئەزموونی پێشووی تاك دەبەستێت.

هەروەها ڕەنگە زاراوەی رەوشت بەکاربهێنرێت وەك هێمایەك بۆ ئەو وەڵامدانەوە رووکەشیە دەربارەی پرۆسە ناوخۆییەکان، بۆیە جیاوازی دەبێت لەنێوان رەفتاری ئاشکرا یان ڕووکەش (explicit or overt) لەگەڵ رەفتاری شاراوە یان نادیار(implicit or covert).

بەرەفتار دەوترێت ڕێباز، یان رەفتاری ئاراستەکراو (conduct) کاتێ رەفتار خەسڵەتێکی زگماکی یاخود ئاراستەکراو وەردەگرێت، هەروەها ڕەنگە رەفتار خۆرسك بێت (innate) کەبریتیە لەڕەفتارێکی هاوبەشی نێوان هەموو تاکەکانی جۆرێك (phylogenic)، هەروەها ڕەنگە وەرگیراویش بێت (acquired) کە ئەوەش تایبەتە بەتاك (antogenic) و ئەبێ هەموو تاکەکانی یەك جۆربگرێتەوە.

**Behaviour, Collective** | السلوك الجماعي | کۆ رەفتاری

**Collective behavior** | تەماشابکە:

**Behaviour, compulsive** | السلوك القهري أو القسري | رەفتاری زۆرەملێ - ناچار بوون -

رەفتاری ناچاری، ئەوجۆرە رەفتارەیە کەتاك پاڵدەدات بۆ هەستان بەهەندێ هەڵس و کەوت بەبێ ویستی خۆی، یان بێ ئاگایی، ئەوەش وەك سیستمێکی ڕێك و پێك (complisive orderlines)، واتە پەیڕەوکردنی سیستمێك کەژیانی تاك تێیدا لەسەریەك شێوە بێت و بێ هەر گۆڕانێك.

لێرەدا، ئەو تاکەی کەزیادە ڕۆیی دەکات بەو ئاراستەیە، ئەوا پێی وەترێت کەسێتی زۆر لەخۆکەر (compulsive personality)، ئەو جۆرە کەسێتیەش بەمانای دوور کەوتنەوەی تەواو دێت لەحاڵەتی نەرم و نیانی، هەروەها ئەو کەسە توندو رەق دەبێت و پارێزگاری لەسیستم دەکات و خۆی بەزانا دەزانێت.

**Behaviour, covert** السلوك المستتر ڕەفتاری شاراوە

ئەو جۆرە ڕەفتارەیە کە زەحمەتە کەسانی تر ببینن یان تێی بگەن، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە ڕەفتارە چەندین هەست و بیرو بۆ چوون دەگرێتە خۆی، ئەوا دەکرێت لەڕەفتارە دیارەکانی تاك، یاخود لەباسکردنی ئەزموونە تایبەتیەکانی، لێی تێبگەین یانیش بۆمان دەربکەوێت.

**Behaviour, overt** السلوك الظاهر أو المكشوف ڕەفتاری ئاشکرا

بریتیە لەو ڕەفتارەی تاك کەدەکرێ تێی بگەین و تۆمار بکرێت، لەبەرامبەر ئەو ڕەفتارە شاراوەیەی کەلەڕێگەی هەست و بیرو بۆ چوونەکانەوە تێی دەگەین و دەردەکەوێت.

**Behaviour, political** السلوك السياسي ڕەفتاری سیاسی

ڕەفتاری سیاسی، هەڵس و کەوتی کەس و گروپ و تاکەکان دەگرێتەوە، لەگەڵ کاردانەوەکانیان، ئەوەندەی پەیوەندی بەکاروباری حوکمڕانیەوە هەبێت، ئەویش لەڕێگەی ئەو توێژینەوە ئەزموونیەی کەیەکەکانی شیکردنەوە تێیدا لەتاك و گروپەکان پێکدێت، نەك لەڕەگەزەکانی بونیادی شێوەیی یان ڕوخساری.

هەروەها ڕەفتاری سیاسی هەموو جۆرە دیاردە سیاسییەکان دەگرێتەوە، لەناویانیشدا ڕەفتاری هەڵبژادرن (electoral behaviour).

**Behaviour, social** السلوك الاجتماعي ڕەفتاری کۆمەڵایەتی

بریتیە لەڕەفتاری کەسێك یان چەند کەسێك، ڕوودەدات وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ ڕەفتاری کەسانی دیکە، بێ ئەوەی ئەو کەسانە بوونێکی سروشتیان (جەستەیی) هەبێت.

ئەو دیاردەیەش ئەوە دەگەیێنێ، کەوەڵامدانەوەی کەسەکە لەبەر ڕۆشنایی ڕەفتاری چاوەڕوانکراوی کەسانی دیکە ڕوو دەدات، هەرچەندە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، بەدەنگەوە هاتنێکە بۆ کەسانێك یان چەند گروپێکی دیکە، بەڵام ڕەنگە وەك هەبوونێکی فیزیکی زیاتر لەکەسێك نەگرێتەوە.

**Behaviour pattern** النمط السلوكي شێوازی ڕەفتاری

زنجیرەیەك کردارە، لەیەکچوو جێگرن تاڕادەیەك، چەند کەسانێك یان چەند گروپێك پێی هەڵدەستن، دەبێتە هۆی بەدەنگەوە هاتن بۆ هەڵوێستێکی دیاریکراو.

**Behaviour sciences** العلوم السلوكية زانستە ڕەفتاریەکان

مەبەست ئەو زانستانەیە کە توێژینەوەکانیان تەنها بەڕەفتاری مرۆڤایەتیەوە خەریکی، ئەو زانستانە لەتوێژینەوەکانیان پێڕەوی شێوازی زانستیانە دەکەن، وەك: زانستەکانی ئەنثرۆپۆلۆژیاو کۆمەڵناسی و دەروونناسی.

بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لەناو خودی زاناکانی کارگێڕی باوە، ئەوانی پشتیان بەزانستە کۆمەڵایەتیەکان دەبەستن لەتوێژینەوە دەربارەی دیاردە بوونیادی و ڕەفتاریە ڕێکخراوەکانی کار، هەروەها لەوەرگرتنی ئەو بڕیارانەی پەیوەستن بەڕێکخستنی کاروبارەکان و جێبەجێکردنی ئامانجەکان.

قوتابخانەی رەفتاری
رەفتارگەرایی | المذهب السلوكي | Behaviourism

یەك لەڕێبازەكانی دەروونناسیە، هەست و ئاگایی وەك بابەت، هەروەها دەروون پشكنین وەك میتۆد قبوڵ ناكات، ئەم ڕێبازە لایەنی ئەقلی و كاریگەرییە دەروونیەكان پشت گوێ دەخات، لەبەر ئەوەی ملكەچی سەرنجدانی راستەوخۆ نابێت، لەلێكۆڵینەوەكانیدا پشت تەنها بەرەفتار دەبەستێت، كەدەكرێ لەدەرەوە ببینرێت لەبەر ئەوەی وەڵامدانەوەیەكی فسیولۆجیە بۆ بەئاگاهێنەرە دەرەكیەكان، یان ئەنجامی كارتێكردنێكی ئاڵ و گۆڕی نێوان بوونەوەری زیندوو ژینگەیە.

رەفتارگەرایی
كۆمەڵایەتی | السلوكية الاجتماعية | Behaviourism, social
تەماشابكە | | Social Behaviourism

بوون | الوجود | Being

هەموو شتێكی هەبوو، یان دەكرێ هەبێت، یاخود هەموو ئەوانی بەڕاستێتی بناسرێن، ئەوەش لە لۆژیكدا گشترین توێژەكان دەگەیێنێ، كەهەموو شتێك دەگرێتەوە تەنها خۆی نەبێت.

باوەڕ
بڕوا | الاعتقاد | Belief

واتە پەسندكردنی هەر بیروڕایەك وەك راستیەك، ئەو پەسندكردنەش بە زەرورەت كارێكی هزرییە، ئەگەر چی ڕەنگە كاریگەری هەبێت بەسۆزو هەستەوە.
بەهەر حاڵ ئەو بڕوابوونە ئامادەكارییەكی ئەقلانی دەخوڵقێنێ لای تاك، بەكاریش دەهێنرێت وەك بنچینەیەك بۆ كاری هەڵبژاردە.ڕاستگۆیی لەباوەڕهێناندا تەنها پشت بەڕاستیە بابەتیەكان نابەستێت دەربارەی ڕایەكی دیاریكراو، لێرەدا چەند باوەڕێكی هەڵەو چەندین باوەڕی ڕاستگۆ هەیە.

لەشەڕدا بوون | القتالية | Belligerency
جەنگاوەری | الاشتراك في الحرب |

مەبەست لەم زاراوەیە، ماف و ئەركەكانی شەرڤانانە لەجەنگداو لەبەرامبەر دوژمن، لەو بوارەدا دەبێ ئەو ئامرازو شێوازانە تێپەڕ نەكرێت كەلەجەنگدا بەكارهاتوون بۆ شكاندنی هێزەكانی دوژمن و دەركردنی لەمەیدانی شەڕدا.
هەروەها دەبێ ئەو ئامرازو شێوازانە توندو تیژی و كاری دڕندانە نەگرنە خۆیان و دووریش بن لە ئابڕوبردن، پێویست دەكات كردارەكانی شەڕ تەنها دژ بەو كەسانە بێت كەلەهەردوو بەرەی شەڕدا بەشدارن، ئەوانە نەگرێتەوە كەخەڵكی مەدەنین و چەكیان هەڵنەگرتووە بەرامبەر دوژمن و بەشداریان لەكارە جەنگیەكان نەكردووە.

ئینتیما
بوون بەئەندام | الانتماء | Belongingness

مەبەست لەم زاراوەیە، ئینتمای تاكە بۆ كۆمەڵ، لەبارێكی ئاسایدا تاك ئارەزووی ئینتمای هەیە بۆ گروپێكی بەهێز كەكەسایەتی خۆی لەناویدا ببینێتەوە، وەك خێزان، یان یانەیەك، یاخود كۆمپانیاو كارگەیەك، بۆ ئەوەی پێگەیەكی نایابی هەبێت.

**Benediction** المباركة پیرۆزکردن

پاڕانەوە لەیەزدان بۆ بەخشینی خۆشی و بەهرەوەری بەشتێك یان کەسێك، بەتایبەتیش ئەوپیرۆزییەی کەپیاوی ئاین دەیبەخشێت دوای نوێژکردنی.

**Ana. Blessing** پاڕانەوە لەخودا

**Benefit** المَزِيّة چاکێتی

ڕەوشتی باش

کۆی ئەو مافانەیە کەسیستمی یارمەتیدان، یان بیمەی کۆمەڵایەتی بڕیاری لەسەر دەدات بۆ کەسی سوودمەند (beneficiary) یاخود بۆ خێزانەکەی.

ڕەنگە ئەو چاکە کارییە بەپارە (cash benefit) بێت، وەك پارمەتی و قەرەبوو هەروەها موچەکان، هەروەها ڕەنگە چاکەکاریەکان عەینی (benefit in kind)بن، بەشێوەی کەل و پەل و شتی دیکەی وەك: چاودێری پزیشکی و خزمەتگوزاری پێگەیاندن و کەرەستەی قەرەبووکردنەوە.

بەجێگەیاندنی ئەو چاکەکاریانە ڕەنگە لەسەر هاوکاری و باربۆکردنی خاوەن کارگەکان یان کرێکاران یاخود هەر دوولایان بوەستێت، یاخود لەسەر ئەو پارمەتیانە ناوە ستێت.

هەموو ئەوانی بۆ کرێکار خەرج دەکرێت، لەپاشکۆکانی موچە، وەك پارەی بارگرانی ژیان و زیادەی ساڵانەو یارمەتیەکانی دیکەی وەك ژنهێنان، جەژنانە، منداڵانە....ئەوانە دەسکەوتی زیادەدەبن (fringe benefits) موچەئاساییکە پڕ دەکەنەوە.

**Benevolence** الاحسان چاکەکاری

فعل الخير یارمەتیدان

مەبەست لەم زاراوەیە، پیاوچاکی و دڵ فراوانیە، یان پێشکەشکردنی پارەو خواردن و جل و بەرگە بۆ دەست کورت و هەژاران، ئەو کارانەش خەسلەتێکی مرۆڤایەتی سروشتین، سەرچاوەکەی ئەو ڕەفتارەیە کە خۆ نەویستی و چاکەکاری ناوەرۆکەکەیەتی.

**Cf. charity**

**Benevolent fund** صندوق المساعدات سندوقی یارمەتیدان

سیستمێکە دادەنرێت بۆ یارمەتیدانی چەند توێژێکی دیاریکارو، بەمەبەستی ڕوو بەڕوو بوونەوەی بارە نائاساییە جیاوازەکانی ژیان، وەك نەخۆشی و پەککەوتن، دیارە ئەوانی سوودمەند دەبن لەم بوارە، خۆیان بەشداری ناکەن لەپارە پێدان.

**Bestiality** مضاجعة الحيوان جووت بوون لەگەڵ ئاژەڵان

جۆرە لادانێکی سیکسیە، بریتیە لەپەیوەندیکردنی سیکس لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵ.

**Sexual perversions** تەماشابکە: لادانە سیکسیەکان

**نیشان کردن** **الخطوبة** **Betrothal**

**مارەکردن** **الخطبة**

بەڵێنێکی هاوبەشە، یان پەیمانێکە لەنێوان پیاوێك و ژنێك، دەربارەی سازدانی هاوسەرگیری لەئایەندەیەکدا، لەهەندێ باردا ڕەنگە ئەو بەڵێنە جێبەجێ نەکرێت، بۆیە لەو حاڵەتەدا پێویستە لایەنی هۆکار قەرەبووی لایەنی دیکە بکاتەوە.

**گرەو** **المراهنة** **Betting**

**مەرج کردن** **الرِّهان**

ڕێکەوتنێکە لەنێوان دوولایەن، یەکێکیان جەخت دەکات و ئەوی دیکە ئینکاری ڕووداوێکی دیاریکراو دەکات، هەردوولا مەرج دادەنێن کەلایەنی هەڵە (دۆڕاو) بڕێك پارە بداتە لایەنی ڕاست (بـراوە)، واتـە بـوونی گرەوێك لەسـەرپارە (stake)، پاش دەرکەوتنی راستی ڕووداوەکە.

هەروەها ڕەنگە ئەو گرەوە بەشداریکردن بێت، چەند گرەوێکی دیکەشی کۆ بکاتەوە، دواتر دەسکەوتەکان لـەنێوان براوەکـان دابەش دەکرێت.

**لایەنگری** **التَحيُّز** **Bias**

ئاراسـتەو لێکدانـەوەیـەکی ئەقلیـە بـۆ بڕیـاردان لەسـەر کاروبارەکـان ئـەویش پـێش تێگەیشـتنی تـەواو لەڕاسـتیەکان، دیـارە ئەوکارەش لەژێر کاریگەری ئەزموونەکانی پێشتر، یان چەند هۆکارێکی هەڵچوانەی خودی دەبێت و دەبنـە هـۆی هەڵـەکردن لەبڕیاردان.

زاراوەکە لەئاماردا ئاماژەیە بۆ هەندێ خەملاندن و هەڵسەنگاندنی ناڕاست دەربارەی چەند دیاردەیەك کەپشتیان بەهەنـدێ نموونە بەستووە لەسەرنج دان و زانیاری و دەبنە هۆی شێواندنی پرۆسەکانی کۆکردنەوەی زانیاریەکان و راڤەکردنیان.

بەڵام ئەو نموونەیەی کەلایەنگری تێدا بەدی دەکرێت، ئەو نموونەیە بەشێوەیەك پێکدێت کەنابێتە نوێنەری ئـەو کۆمەڵگە بنچینەییەی لێی وەرگیراوە.

هەرلەم بـوارەدا، زاراوەی وەڵامدانـەوەیـەکی لایەنـداری بـەکار دەهێنرێـت، ئـەوەش ئاماژەیەکە بـۆ چـەند کارڕاییـەك و ڕێ و شوێنێکی ئەو توێژینەوەیە کەهانی توێژەران دەدات بۆ دەربڕینی چەند زانیارییەکی ناڕاست.

**بیبلیوگرافیا** **البيبلوجرافيا** **Bibliography**

**لستی سەرچاوەکان**

بریتیە لەهەر جۆرە لستێکی چاپەمەنی دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو، یان نووسین و کتێبەکانی خودی نووسەرێك.

بیبلوگرافیا، ڕەنگە بەشێوەیەکی سەربەخۆ بڵاوبێتەوە یان وەك چەند بەشێك لەکتێب و بڵاوکراوەی خولی، هەروەها ڕەنگـە ماوەیەکی سنووردار بگرێتە خۆی، یاخود بە دوای یەکدا بڵاوبکرێتەوە بۆ ئەوەی رووە تازەکەی خۆی بپارێزێت.

هەروەها ڕەنگە ئەو نووسینانەش بگرێتە خۆی کە لەچەند وڵاتێکی جیاوازدا بڵاوبوونەتەوە، ناوەرۆکەکانیشی بـەپێی پیتـی = ئەلف و بێ ڕێك دەخرێن و بەناوی نووسـەرەکان، یـانیش بـەکاتی بڵاوکردنـەوە پـۆلین دەکـرێن لەگـەڵ ڕوونکردنـەوەیان، یاخود بێ ڕوونکردنەوە.

سیستمی پەرلەمانی دووئەنجومەنی — النظام البرلماني المزدوج — **Bicameralism**

بوونی دوو ئەنجوومـەن کـەپێکهاتوون لەنوێنـەرە هەڵبـژێردراوەکانی گـەل، ئـەویش بـۆ بـەڕێوەبردنی ئەرکـەکانی دەسـەڵاتی یاسایی، ئـەو دوو ئەنجوومەنـە، یـەکێکیان بـۆ نوێنەرانـە (deputies)، ئـەوی دیکـەیان بـۆ پیرانـە (senators) دەبـێ لەئەنجومەنی دووەم، ڕەچاوی نوێنەرایـەتی بەرژەوەندییـەکانی ناوچـە جیاوازەکـان بکرێـت، کەلەئەنجومـەنی یەکـەم بـەدی نایەت.

دیارە نوێنەرایەتی کردنی هەموو بەرژەوەنـدی و ناوچـەکان بـەبوونی تـەنها ئەنجوومـەنی نوێنـەران (unicameralism) جێبەجێ نابێت

داواکاری دامەزراندن — طلب وظائف — **Bidding**

شێوزێکی ڕاگەیاندنی ناوخۆییە لەدامەزراوەیەك، دەربارەی بوونی شوێنی بەتاڵ بۆ کارو فەرمانبەران، ئـەویش بەمەبەسـتی پڕکردنەوەی ئەو شوێنانە بە پێی چەند مەرجێك.

دوو ژنی دوو مێرد — الزواج على ضُر — **Bigamy**

سیستمێکی هاوسەرگیرییە، ڕێگا بەپیاو دەدات کە بەشێوەیەکی یاسایی لەگەڵ دوو ژن هاوسەرگیری بکـات، یـان ژنێـك لەگـەڵ دوو پیاو هاوسەرگیری بکات لەیەك کاتدا.

ئـەم سیسـتمە بـەپێی مەرجـەکانی و لـەڕووی پیادەکردنیـەوە، جیـاوازی تێـدا دەبێـت بـەپێی جیـاوازی نێـوان کۆمـەڵگاکان، لەهەندێ کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی ڕێگای پێدەدرێت و لەهەنـدێکی دیکـە تـەنها لەحاڵـەتی ناچاریدا ڕێگـای پێـدەدرێت، وەك ئەوەی ژنەکە نەزۆك بێت یان نەخۆش بێت.

لەم بوارەدا ئەم جۆرە هاوسەرگیرییانەی خوارەوە بەدی دەکرێت:

1- دوو خوشك شوو بەپیاوێك بکەن (sororat)

2- پیاوێك مێردی ژنێك بێت، هەروەها کچی ژنەکەشی هاوسەری بێت، بەڵام لەپیاوێکی دیکە هاتبێتە خوارەوە.

3- پیاوێك دووژنی هەبێت بەڵام هیچ پەیوەندییەکی خزمایەتی لە نێوانیاندا نەبێت.

4- پیاوێك ژنی برا مردووەکەی خواستبێ (levirate).

بەزۆریش تەمەن گەورەیی ژن هۆیە بۆ ئەوەی پیاو ژنی دووەم بهێنێ، هەروەها ڕەنگە چەند هۆکـارێکی کۆمەڵایـەتی ببێتـە هۆی ئەوەی پیاو ژنی دووەمی هەبێت، وەك پێگە کۆمەڵایەتیەکەی وەك رابەرێك، یاخود ئارەزوو لـەکۆ کردنـەوەی سـەروەت و سامان، یانیش بەدەست هێنانی دەست ڕۆیی کۆمەڵایەتی.

دەمارگیری کوێرانە — التعصب الاعمى — **Bigotry**

تەماشای دەکارگیری بکە: **Fanaticism**

خزمایەتی دوولایەنی | القرابة ذات الجانبين | **Bilateral kin ship**

ئەم زاروەیە بەكار دەهێنرێت بۆ لێكۆڵینەوە لەخزمایەتی بەچەندین ڕێگا، هەموو شێوازەكانی خزمایەتی واباس دەكرێن كەدوو لایەنی هەیە، ئەگەر پەیوەستیە خزمایەتیەكان بەكەس و كاری باوك و دایك بەیەكەوە بۆ تاك هاتەدی، ئەو حاڵەتەش وادەگەێنێ كەپەیوەندییەكانی خزمایەتی یەك لایەنە نیە، كەئەوەش بەهایەكی كۆمەڵایەتی دەگرێتە خۆی بۆ زیاتر لەئاراستەیەكی جۆری حزمایەتی، هەروەها ڕەنگە ئەو زاراوەیە هەندێ جار بەكاربهێنرێت وەك هاوتایەك بۆ هاوسەرگیری یەكتربڕ (تێكەڵاو) (cross marriage)

تەماشابكە: **Cf. unilateral**

پرۆژەی یاسا | مشروع قانون | **Bill**

واپرۆژیەك، یان ڕەشنووسی یاسایەك، لەهەر قۆناغێكی پێش پەسندكردنی كۆتایی بێت، بەڵام ئەم وشەیە چەند واتایەكی دیكەشی هەیە كە دەقەهاوپێچەكانی و بارودۆخە لەبارەكە بۆ بەكارهێنانی بڕیاری لەسەر دەدەن.

هەر لەبەر ڕۆشنایی پراكتیك كردنی ئەمریكیەكان، كاتێ پێش نیازێك ئامادە دەبێت بۆ ئەوەی بخرێتە بەردەم ئەنجوومەنی یاسادانان، ئەوا ناوی لێدەنرێت بەڵگەنامە (bill)، بەڵام كاتێ ئەنجوومەنی یاسادانان ڕەزامەندی لەسەر دەردەبڕێت، ئەوا دەبێتە یاسایەكی دانراو (Legislation)، هەروەها كاتێ دەسەڵاتی جێبەجێكردن پەسندی دەكات و هەموو ڕێ و شوێنەكانی بڕیار دراو لەسەری تەواو دەبێت، ئەوا دەبێتە یاسا (law).

سیستمی دووكانزایی | نظام المعدنين | **bimetallism**

بەپێی ئەم سیستمە هەریەك لەدراوەكانی زێڕو زیو، هێزێكی سەرفرازی ڕەهای دەبێت، دوای دیاریكردنی ڕێژەی نێوانیان.

دوو مۆدی جووتە شێواز | ثنائي المنوال | **Bimodal**

لەئاماردا جووتە شێواز لەو جەماوە دووبارە بوونەوەیە دەردەكەوێت كە دوو لوتكە یان دوو كات دەگرێتەوە، هەردووكیانیش ژمارەیەكی گەورەی چەند حاڵەتێك دەگرنە خۆیان، نێوانیشیان ماوەیەك یاخود چەند ماوەیەك لێكیان جودادەكاتەوە كەژمارەیەكی كەمتری ئەو حاڵەتانە دەگرێتەوە.

دابەشكردنی دوانەیی دابەشكردنی دوو ڕستەیی | التوزيع الثنائي توزيع ذات الحدين | **Binomial distribution**

بۆ دابەشكردنی دوو ڕستەیی یان دابەشكردنی دوو ڕادە لەئاماردا، چەند بەكار هێنانێكی كردەیی بە سوودی هەیە، بەتایبەتیش لەو بابەتانەی پەیوەستن بەپشكنینی باشی بەرهەم، لێرەدا پشكنین بۆ نموونەكە دەكرێت، لەسەر بنچینەی جۆرایەتی بۆ دابەشكردنی تاكەكانی، بۆ هەردوو حاڵەتی باش و چاك یاخود باركەوتوو سەرنەكەوتوو.

ژیاننامە | السيرة الشخصية<br>تاريخ الحياة | **Biography**

ژیاننامە، باسکردنێکی تەواوی ژیانی تاك دەخاتە ڕوو، بەهۆی باسکردن و وەسف کردن و شیکردنەوەی ڕەفتارو ژیانی کەسێتی و ژینگەکەی.

ژیاننامە بەسەر چاوەی زانیاریەکان دادەنرێت کەدەکرێ پشتی پێ ببەسترێت لە توێژینەوەدا، ژیاننامە مێژووی پەرەسەندن و گۆڕانەکان لەژیانی تاکدا دەگرێتەوە، هەر لەنەش و نماکردنیەوە تابەدەنگەوە هاتنە جیاوازەکانی بۆ ئەو کارتێکردنانەی کەتاك پێیدا تێپەڕ بوونە لەسەرەتای ژیانیەوە، کاریگەریشی هەبووە لە پێکهێنانی بەهاو ئاراستەکانی.

هەروەها ژیاننامە، فەلسەفەی تاك لەژیاندا دەگرێتە خۆی، لەگەڵ ئەو ئەزموون و شارەزاییانەی کە بەدەستیانی هێناوەو جۆری ئەو قەیرانە دەروونی و ئەقلیانەی کارتێکردنی لەبونیادی کەسێتی کردووە.

بەکارهێنانی ژیاننامە تەنها لەبواری لێکۆڵینەوە دەروونیەکان سوود بەخش نیە، بەڵکو لەبواری هەموو توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکانیش.

ئەو ژیاننامانە، ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تاك ئاشکرا دەکەن لەگەڵ ڕادەی کاریگەری تاك بەهۆ کارەکانی ئەو ژینگەیەی دەوروبەری داوە.

پێویست دەکات، پێش پشت بەستن بەو جۆرە بەڵگەنامانە، ئەوانە شیبکرێنەوە، شیکردنەوەیەکی ورد، بۆ دڵنیابوون لەڕاستیەکانی.

کۆمەڵناسی<br>زیندەوەر | علم الاجتماع<br>البيولوجي | **Biological sociology**

ئەو زانستەیە کەتوێژینەوە لەپەیوەندی و کاریگەرییە کۆمەڵایەتیەکان دەکات، دەربارەی پرۆسەکان بۆماوەیی بایۆلۆژی و جۆراو جۆری و هەڵبژێری و زاوزێی نێوان دانشتوان.

هەروەها لەو تیۆرییانە دەکۆڵێتەوە کە پەیوەستن بەجیاوزییە ڕەگەزی و تاکیەکان لەگەڵ کارتێکردنە کۆمەڵایەتیەکان.

ئۆرگانیزم<br>ئاراستەی زیندەوەرزانی | الاتجاه<br>البيولوجي | **Biologism**

ئەو تیۆرییەیە کەباس لەڕاستیە بایۆلۆژیەکان دەکات، وەك بنچینەیەك بۆ توێژینەوەو ڕاڤەکردنی گشتی و کۆتایی، ئەویش لەپەیوەستیەکانی بەژیان لەسەر هەموو ئاستەکاندا.

یان بریتیە لەئارەزوویەك بۆجێبەجێ کردنی چوارچێوە تیۆرییەکە بەسەر ڕەفتاری مرۆڤایەتی لەبایۆلۆژیادا.

ئەم زاراوەیە دوور خستنەوەی گونجان و لەبار بوونی هەر نموونەیەکی تیۆریی کۆمەڵایەتی یاخود سایکۆلۆژی دەگرێتە خۆی.

سیستمی دوو حزبی | نظام الحزبين | **Bipartism**<br>پارت | | **Cf. party**

**Birth control** تنظيم النسل ڕێکخستنی وەچەخستنەوە

ئاراستەیەکە بۆ ڕێگرتن لەمنداڵبوون، بۆ ئەو مەبەستەش چەندین هۆکار بەکار دەهێنرێت، لەم بوارەشدا جیاوازی هەیە لەنێوان هۆکارە مادییەکان و هۆکارە نامادییەکان.

هۆکارە مادییەکان بریتین لەچەند ئامێرێکی پارێزەر، ڕێگا دەگرن لەبەیەك گەیشتنی تۆماوی پیاو بەهێلکۆکەی ژن، یان چەند دەرمانێکە تۆماوەکە لەناو دەبات.

بەڵام هۆکارە نامادییەکان، وەك دوورکەوتنەوەی پیاو لەجووت بوون لەگەڵ ژنەکەی، یاخود وەستانی سووڕی مانگانەی ژنە.

لەو حاڵەتانەشدا پیاو دوور دەکەوێتەوە لەجووت بوون لەگەڵ ژنەکەی، کاتێ ئامادەیی تێدا بێت بۆ سکپڕبوون، تەنها لەبارێکدا لەگەڵی جووت دەبێت کە دڵنیا بێت لەوەی سکی پڕ نابێت.

**Birth rate** معدل المواليد تێکڕای لەدایك بوون

هاوکێشەیەکی ژمارەییە، بریتیە لەکەرتێك سەرەوەی کۆی ئەو لەدایك بوونانەی ناوکۆمەڵگەیە، لەماوەیەکی دیاریکراودا، ژێرەکەشی کۆی ئەو ساڵانەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگە لەماوەیدا ژیاون، دیارە ئەو تێکڕاییەش بەزۆری بەهەزار ئەژمار دەکرێت و ماوەکەشی یەك ساڵ دەبێت.

**Birth right** الحق بالوراثة مافی بۆماوەیی

مافی بۆماوەیی لەموڵکیەت، یان پێگەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەت، دیارە ئەو حاڵەتەش وەك ئەنجامێك دەبێت بۆ لەدایك بوونی تاك.

ئەوەی پەیوەستە بەو مافەوە شەرعیەتی منداڵ و پێگەی لەناو خێزان و جۆرەکەیەتی (نێر، مێ)، هەروەها پلەی بەدوایەکدی هاتنی و ....هتد.

**Birth rites** طقوس الميلاد ڕێ و ڕەسمی لەدایك بوون

ئاهەنگەکانی ئەو نەریتانەی کە عەشیرەتە سەرەتاییەکان پێی هەڵدەستان لەکاتی لەدایك بوونی منداڵ، ئامانجی ئەو ئاهەنگانەش پاکردنەوەی دایك و منداڵەکەیە لەگڵاوی و ئەو پیسییەی کە ڕوودەدات لەکاتی لەدایك بووندا، هەروەها پاراستنی منداڵەکەیە لەرۆحە شەڕانگێزییەکان و پێدانی هێزو توانایە پێی.

**Biverbal definition** التعريف بالمرادف پێناسە بەهاوتا

مەبەست لەوە لەلۆژیکدا، پێناسەکردنی شتێك بێت بەزاراوەیەکی هاو واتا، کە ڕوونترو ئاشکراتر بێت لێی، بۆ ئەوەی توانای دیاریکردنی هەبێت لە مێشکداو لەگەڵ وێناکدرنی بەپێی ڕاستی شتەکە.

ڕەنگە ئەو پێناسەکردنە بەنموونە هێنانەوە بێت یاخود باسکردنی خەسلەتەکانی شتە پێناسەکراوەکە بێت.

**Biosocial characteristics** الخصائص الحيوية الاجتماعية خەسلەتەکانی کۆمەڵایەتیە زیندەییەکان

مەبەست ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەیە کەبەشێوەیەکی بنچینەیی بەهۆی فاکتەرە بایۆلۆجیەکانەوە دیاری دەکرێن، یان بەپێی ئەو پێکهاتە ئۆرگانیانەی کەهێما گەریەکی کۆمەڵایەتیان هەیە بۆ بوونەوەری مرۆیی.

بەدەربڕینێکی دیکە، زاراوەکە بەکار دەهێنرێت وەك ئاماژەیەك بۆ خەسلەتەکانی ئەو بوونەوەرە بایۆلۆجییەی کەلەئەنجامی کارتێکردنە ژیانی و کۆمەڵایەتیەکان دێنە بەرهەم نموونەی ڕەفتاری سێکسی.

جادووی ڕەش | السحر الاسود | **Black magic**

جادووی ڕەش ئەو جادوویە کەئامانجی گەیاندنی زیانە بەهەندێ خەڵك، لەبەرامبەریشدا جادووی سپی هەیە، ئامانجی پاراستنی ڕۆحەکانە لەهێزە شەڕانگێزەکان و لەبەختی خراپ.

تەماشابکە: | سیحر | **Magic**

پارەوەرگرتن بەهەڕەشە | النصب بالتهدید | **Black mail**

- سەرانە -

کەتنێکە یەکێك پێی هەڵدەسێت، ئەویش بەهۆی هەڕەشەوە، ئەگەر بەڕێگای نووسین بێت یان بەزارەکی و درکاندنی نهێنیەکان یاخود بلاوکردنەوەی ڕووداوێك.

ئەو کارەش بەمەبەستی ڕووتکردنەوەی کەسێك یانیش ڕزگاربوون لەقەرزو هەر جۆرە بەڵێن و پابەند بوونێك ڕوودەدات.

ئەم وشەیە لەکۆندا بەکار هێنراوە بۆ ئەو برە پارەیەی کە دەدرێت بەمەبەستی خۆڕزگاکردن لەکارێك.

ئینگلیزەکان پارەیان دەدایە گەورە دەسەلاتداران و سەرۆك هۆزەکان بۆ پاراستنی گیان و ماڵیان لەهەڕەشەی چەتەو ڕێگران.

کوێری | العمی | **Blindness**

مەبەست لێی، ئەو حاڵەتانەی دەکەونە نێوان کوێری تەواوو حاڵەتەکانی دیکەی نزیك لەو دیاردەیە، لەو حاڵەتانەش، ئەو تیژ بینیەی (central visual acuity)، دەگاتە 20/200 یان کەمتر لەچاوی بەهێزدا، ئەویش دوای بەکارهێنانی چاویلکە.

هەروەها ئەو حاڵەتانەش دەگرێتە خۆی کەتیژی بینین لە 20/200 زیاتر دەبێت.

بەلام لێرەدا خەوش و کەم و کوریەکی دیکە هەیە، کە ڕەنگە ببێتە هۆی سنورتەسکی رادەی بینین.

ئەمەو دەوترێت کوێری دەروونی (psychic bilndness) واتە نەبینین، هەر چەندە چاوەکان هیچ کەم و کورتیان نەبێت لەڕووی فسیۆلوجییەوە.

ئابلۆقە | الحصار | **Blockade**

گەمارۆدان

یەك لەو ڕێ و شوێنانەیە کە لەکاتی جەنگ دەوڵەتان پەنای بۆ دەبەن، بەجۆرێك ڕێگا لەهاتن و دەرچوونی کەشتیەکان دەگیرێت بۆ کەناراوەکانی دەوڵەتە دوژمنەکە.

ئەو کارەش بەمەبەستی ڕێگرتن لەبازرگانی دەرەکی و لاوازکردنی داهاتەکانی ئەو دەوڵەتە دەبێت، کەپشتی پێی دەبەستێ بۆ درێژە پێدانی جەنگ.

ئابلۆقە لەڕاستیدا ئاراستەدەکرێت دژ بەو دەوڵەتەی کەهەڵوێستی دوژمنانەی هەیە، بەلام لەهەمان کاتدا کاریگەری دەبێت بەتایبەتی بەسەر دەوڵەتە بێلایەنەکان ئەوانی پابەند دەبن بەڕێزگرتن لەو ئابلۆقەیەو لەمەرجەکانیشی.

برای خوێنی | أخوة الدم | **Blood brotherhood**

نەریتێکی کۆمەلایەتیە لەکۆمەڵگە سەرەتاییەکان بلاودەبێتەوە، تاك بەهۆیەوە دەتوانێت چەند پەیوەستیەکی نیمچە خزمایەتی (pseudo kinship) بخولقێنێت لەگەڵ کەسانێك لەکۆمەڵگەیەکی دیکە.

لەئەنجامەکانی ئەو پەیوەستیە درێژە پێدان و گەیشتنی ماف و ئەرکە ڕاستیەکانی برایەتیە بەلایەنەکانی برای خوێن، بەهۆیەوە ئەوانە دەتوانن سەردانی ئەو ناوچانە بکەن (یان بە ناوچەکە تێپەڕبن) کە دراوسێیەك نیشتەجێی بووەو، ئەگەری دوژمنایەتی لێدەکرێت.

هەروەها ڕەنگە هەندێ ڕێ و ڕەسم بەڕێوەبچێت بۆ پێکهێنانی ئەو جۆرە پەیوەندییە وەك ئاڵ و گۆڕکردنی هەردوولا بۆ بڕێك لەخوێنی هەر لایەکیان.

**Blood relationship** | قرابة العَصَب او الدم | **خزمی هاوخوێن**

ئەو خزمایەتیەیە کەتەنها لەزنجیرەی نێرینەوە دروست دەبێت، بەڵام ئەوە خزمایەتی هاوسەرگیری نیە.
گرینگی پشت بەستن بەو خزمایەتیە بۆ زاڵبوونی پیاوان (andro cracy) دەگەڕێتەوەو کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەمیراتگریدا.

**blood sacrifice** | أضحية الدم القُربان | **قوربانی**

ئەو قوربانیانەی پێشکەشی خواکان دەکرێن لەکاتی بەجێگەیاندنی نەریت و رێ و ڕەسمە ئاینیەکانەوە، ئەویش بەمەبەستی بەدەست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگارو یارمەتی و فریاکەوتنەکانی.

**Blood vengeance** | الثأر | **تۆڵە**

هەوڵدانی کەس و کاری کوژراوەکە بۆ تۆڵە کردنەوە لەبکوژەکە ئەویش بەکوشتنی، یان کوشتنی یەك لەخزمەکانی.
ڕەنگە لەتوانادابێت لەتۆلە سەندنەوە واز بهێنرێت، بەپێدانی خوێن بایی (blood money) کوژراوەکە.
تاوانەکانی تۆڵە سەندنەوە لەناوچە گوندنشینەکان بڵاودەبنەوە، بەهۆی چەند هۆکارێك وەك پێگەی خێزان و رادەی خزمایەتی و دەسەڵاتی نارەسمی لەوناوچانە.
دیارە ئەو دیاردەیەش ئەرك و بەرپرسیاریەتی کۆمەڵ (نەك تاك) زیاد دەکات دەربارەی هەڵەی یەك لەئەندامانی.

**Blood ealth** | الفدية الدية | **رزگارکەرانە خوێن بژاردن**

ئەوبڕە پارە نەختیەیە (یان کەل و پەل و شتی مادی) کەبکوژ یاخود خێزانەکەی، دەیداتە کەسووکاری کوژراو، بۆ دوورکەوتنەوە لەتۆڵە سەندنەوە.

**Blood money** | تەماشابکە: خوێن بایی

**Blue coller Worker** | العامِل ذو الياقة الزرقاء | **کرێکارە یاخەشینەکان**

کرێکاری دەستی، یان هەر کرێکارێك کە کارەکەی لەبناغەدا پێویستی بەڕەنجی جەستەیی هەبێت، زیاتر لەهەستانی بەهەر کارێکی دیکە کەمۆرکێکی ئەقلانی یاخود کۆمەڵایەتی هەبێت ئەو توێژەش کرێکارانی شارەزاو ناشارەزا دەگرێتەوە، وەك کرێکارانی کارگەوکانەکان و بیناسازی.
ئەو زاراوەیەش بەکار هاتووە بۆجیاوازی لەنێوان کرێکارانی دەستی و ئەوانی یاخەکانیان سپیە وەك فەرمانبەران.

**Board of directors** | مجلس الادارة | **ئەنجوومەنی کارگێڕی**

ئەنجوومەنی بەڕێوەبەری پێکدێت لەچەند کەسانێك، لەلایەن ئەندامانی ڕێکخراوێکەوە هەڵدەبژێردرێن بۆ بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکە، سیستمی تایبەت بەرێکخراوەکە، ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەن و کاتی کۆبوونەوەکانیان و چۆنیەتی وەرگرتنی بڕیارەکان دیاریدەکات..هتد.

جێی حەوانەوە
نشینگە

المثوى النزل – البنسيون

**Boarding house**

ئەوجێگایەی کە خواردن و نیشتەجێبوون بۆ ئەو میوانانە ئامادە دەکات، ئەویش بەرامبەر بەکرێیەکی کەم.
بەنسیون جیاوازە لەئوتێل، بەوەی ئوتێل ڕێگای حەوانەوە بەهەر کەسێك دەدات ئەگەر ژوری بەتاڵی هەبێت.
چەند دامەزراوەیەکی دیکەش هەیە، خواردن و جێگای حەوانەوە ئامادە دەکەن، بەڵام ئەوانە ئامانجی تایبەتیان هەیە، نموونەی بەشەناوخۆیی قوتابخانەکان (boarding school) و باغچەی منداڵان و شوێنی مێرد منداڵانی سەرەڕۆ، یاخود شوێنی پیرو پەککەوتە (boarding homes for children or delin quents or aged) هەموو ئەو دامەزراوانە بایەخ و چاودێری بەوانە دەدەن کە لەو شوێنانە دەحەوێنەوەو نیشتەجێی بوونە.
تەماشابکە: ئوتێل **Hotel**

دەزگای واتایی

هيئة معنوية

**Body corporate**

گروپێکە ڕێگای کارکردنی یاسایی پێدەدرێت، دەبێتە خاوەن ماف و دەسەڵات، هەروەها ئەرکی دارایی و شوێنێکی سەربەخۆی دەبێت، نوێنەرێکی دەبێت گوزارشت لەویستەکانی دەکات.

جوان پۆشی
لەشجوانی

اللياقة البدنية

**Body fitness**

مەبەست لێهاتوویی جەستەیە بۆ پێدایستیەکانی کار، ڕەنگە ئەو لێهاتووییە سنوردار بێت (partially fit)، واتە توانای تەواوی لەبار فەراهەم ناکات بۆ پێداویستیەکانی کار.

بولشەفیك

البلشفية

**Bolshevism**

ڕێبازێکی کۆمۆنیستیە لەلایەن لینینەوە داڕێژراوە، زاراوەکەش لەوشەی ڕوسی (bolche) وەرگیراوە، بەمانای زۆرینەی تووندڕەو دێت، ئەو کارەش بۆ جیابوونەوەی کەمایەتیەك لەلایەنگرانی لینین دەگەڕێتەوە لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانی و مانەوەی زۆرینەی ئەندامە کۆمۆنیستەکان لەگەڵ لینین.
بەبۆچوونی لینین گواستنەوەی کۆمەڵگە لەسیستمی سەرمایەدارییەوە بۆ سیستمی کۆمۆنیستی مەحاڵەبێتەدی، بەڵکو پێویست بەماوەك دەکات وەك قۆناغێکی گواستنەوە، لەو ماوەیەدا پێویستە ڕێبازی سەرکردایەتی بەکۆمەڵ پیادە بکرێت، تاکاتی گۆڕنی ئەقلیەت و هۆشیاری خەڵك.
سیستمی کۆمۆنیستی لەڕوسیا بونیاد نراوە لەسەر بیرۆکەی یەکبوونی دەولەت و دەسەڵات، هەروەها نەهێشتنی هەر جۆرە چەوساندنەوەیەکی مرۆڤایەتی و هەر جۆرە دابەشکردنێکی کۆمەڵگە بۆ چین و توێژی جیاواز لەگەڵ دامەزراندنی سیستمی سۆیسالستی بۆ کۆمەڵکە.
ئەو بنەما بنچینەییانەی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی، بەلشەفیەکان بەڕاستی پیادەیان کرد، هەر لەسەرەتای سەرکەوتنیان بەسەر دەسەڵاتدا، زنجیرەیەك یاسای نائاساییان بڕیاردا، وەك نەهێشتنی مولکیەتی تایبەت، گواستنەوەی خاوەنداڕێتی زەوی و دامەزراوە تایبەتیەکان بۆ بن دەسەڵاتی دەوڵەت، کەسەرپەرشتی بەکارهێنانیان دەکات.
هەموو کارگەکان خاوەنداڕێتیان گوازرایەوە بۆ لای دەوڵەت و خرایە ژێر چاودێری و کارگێڕی ئەنجوومەنێکی ئابوری باڵا، هەروەها کلیسە و ئاین لە دەوڵەت جیاکرایەوە، چەندین یاساو ڕێنمایش دەرچووە دەربارەی چاودێری کاروباری کرێکاران و خوێندن بەخۆڕایی.
تاقیکردنەوەکە مەترسیدار بوو، بەڵام باروودۆخی کۆمەڵگەی ڕوسیا، کە زۆرینەی کرێکارو جوتیار بوون و زۆرداری دەوڵەتی قەیسەری ڕوسی زۆری چەوساندبوونەوە، ئەزموونەکەی بەرەو سەرکەوتن برد.

**Bond, mutual** | الرابطة المشتركة | پەیوەستی هاوبەش

پەیوەندییەکە ڕێککەوتوون لەسەری، یان سەپێنراوە، لەنێوان دووکەس یاخود زیاتر بەیەك دەبەستێتەوە، ئەویش لەچەند پەیوەندییەکی ئاڵ و گۆڕی نێوان هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی دیکە.

**Bondage** | العبودية الاسترقاق | کۆیلایەتی بەندایەتی

لەدەستدانی تاك بۆ ئازادی و ملکەچبوون بۆ کەسانی دیکە، مەبەست لەم زاراوەیە بەجۆرێکی تایبەت باری ئەوتاکانەی کەبەستراونەتەوە بەزەوییەوە، ئەوانە لەگەڵ زەوییەکەدا دەفرۆشرێن، ئەگەر خاوەنداریێتی زەوییەکە کەوتە دەستی دەسەلاتدارێکی دیکەوە.

**Slavery** تەماشابکە: کۆیلە

**Boredom** | المَلَل | بێزاری وەڕس بوون

بێزاری حاڵەتێکی دەروونیە، پەیدا دەبێت بەهۆی ئەنجامدانی کارێك بێ ئەوەی هاندەرێکی بەهێزی هەبێت، یان ناچارکردنی تاك لەسەردرێژە پێدانی کارێك کەئارەزووی لەسەر نەبێت.
هەندێ نووسەر جیاوازی ناکەن لەنێوان وەڕس بوون و ماندوبوون لەکارکردندا، بەڵکو وادەبینین کەیەك حاڵەتی دەروونیە، بەڵام بەزۆری کرێکاران جیاوازی لەنێوان هەردوو حاڵەتەکە دەکەن، ئەوان دەڵێن، ئەوە کارێکە وەڕس بوونی تێدایە بەڵام نەك ماندوو بوون، یاخود کارێکی پڕماندوو بوونە، بەڵام وەڕس بوون هەڵناگرێت.
لەڕاستیدا هەر دوو حاڵەتەکە جۆرە هەستکردنێکە پاڵنەریشن بۆ سڵەمینەوەو ناڕەزایی بوون، هەروەها ڕەنگە لەچەند خەسڵەتێکدا بەشداربن، نموونەی بێ ئارامی و بێزاری و باویشکدان و بێ توانایی و نەبوونی ئارەزووی بەردەوام بوون لەسەر کارکردن، لەگەڵ ڕەنجدان و هەوڵی زۆر بۆ پارێزگاریکردن لەئاستی بەرهەمهێنان، بەڵام بێزاری بەزۆری بەهۆی جۆراوجۆری کارکردنەوە دەڕوات و کەم دەبێتەوە، لەکاتێکدا هەست کردن بەماندوو بوون، تەنها پشودان و مەلەکردن کەمی دەکاتەوە یاخود لەناوی دەبات.
تێگەیشتن لەسروشتی بێزاری و لەشێوازی وروژاندنی ئارەزوو بۆ کارکردن، دووکارن بەپێویست دەزانرێت بۆ چاککردنی شێوازەکانی کارکردن و بارودۆخەکەی.
ئەمەو لایەنی سایکۆلۆجی لەگەڵ ئەندازیاری پیشەسازی هاوکاردەبن بۆ چاککردنی ئەو شێوازو بارودۆخانە.

**Bonus** | المنحة المكافأة | پاداشت ڕێزلێنان

بڕە پارەیەکی زیادەیە (دەخرێتە سەرموچە یان کرێ یاخود نرخی کارەکە) دەدرێتە کرێکار لەبۆنەکاندا، یانیش لەچەند کاتێکی دیاریکراودا، وەك جەژن و کۆتایی ساڵی دارایی و بەدەست هێنانی قازانجی ساڵانە.
ڕەنگە ئەو بڕە پارەیە بدرێتە کرێکار بەهۆی بارودۆخی کارەکە یان لەبەر چالاکی خودی کرێکار بێت، وەك خەلاتێکی پسپۆری (proficicency bonus) هەروەها خەلاتی بەرهەمی باش (quality bonus) لەگەڵ پاداشتی داهێنان (suggestion bonus)

**Borough** البَلدة شارۆچكه

ئەم وشەیە لەئینگلتەرا بەهەموو شارۆچكەیەك دەوترێت، كە قەشە یان مەتران یاخود لەڕابردوودا كلێسەیەكی هەبوو بێت، بەشێوەیەكی ئاسایی شارۆچكە بچووكترە لەشار، فەرمانێكی شاهانە خەسلەتەكانی شارۆچكە دیاری دەكات كە ئەنجوومەنێكی تایبەت (borugh council) بەڕێوەی دەبات، شارۆچكەش لەسەر دوو جۆرە.

شارۆچكەیەك شارەوانی هەبێت (municipal borough) كەخاوەن دەسەلآت و سەربەخۆییەكی سنوردارە.

شارۆچكەی هەرێم (county boraugh) كەدەسەلآت و سەرخۆیی زۆرترە .

**Borstal** الاصلاحية خانەی چاكسازی مێرد منداڵان

چەند دامەزراوەیەكە، لەوڵاتی ئینگلتەرا بەو ناوە دەناسرێن، بەمەبەستی حەوانەوەو چاككردنی نەوجوانە لاسارەكانە، ئەوانی تەمەنیان لەنێوان (15 21) ساڵ دەبێت.

ئەوانە لەودامەزراوانە ماوەی (6) مانگ بۆ (5) ساڵ دەمێنەوە، لەپەناگەی تایبەت دەخەون نەك لەشوێنی زیندانی، رۆژانە بەرنامەی فێربوون و ڕاهێنانی پیشەسازییان هەیە.

**Boss** المُقدم المُشرف – الرئس خاوەن كار سەرۆكی كۆمەڵە

دەربڕینێكی باوە، ئاماژە بۆ كردنێكە بۆ كەسی سەرپەرشتیار، یان خاوەن كار، یاخود هەرتاكێك مافی دەركردنی فەرمانەكانی هەبێت بۆ ئەوانی لەژێر چاودێری كاردەكەن.

وشەی (boss) لەسیاسەتدا، بەوسەرۆكە دەوترێت كە دەسەلآتەكانی بەشێوازی ڕاست و ئاشكرا بەدەست نەهێناوە، بەڵكو بە شێوازی چەوت و بەكارهێنانی فێڵ و ساختەكاری.

**Boundaries** الحدود التخوم سنوور

هەرێمی هەر دەوڵەتێك سنوری هەیە، ئەو سنورە جیای دەكاتەوە لەهەرێمی دەوڵەتانی دەوروبەری، دیاریكردنی ئەو سنورانەش گرینگی خۆیان هەیە، چونكە لەو سنورەوە سەروەری دەوڵەتی خاوەن هەرێم دەست پێدەكات و دەسەلآت و سەروەری دەوڵەتانی دەوروبەری كۆتایی دێت، هەر لەپشتی ئەو سنورەش سەروەری و دەسەلآتی ئەو دەوڵەتە كۆتایی دێت و دسەلآتی دەوڵەتی دیكە دەست پێدەكات، ئەو سنورانەش ڕەنگە سروشتی بن یان دەسكرد.

لەئاماردا دەوترێت سنوری توێژ (class boundary) واتە سنوری سەرەوەو سنوری ژێرەوەی توێژی ئاماری، ئەو پێوانەیەی دەكەوێتە نێوان هەردوو سنورەكەوە پێی دەوترێت (پانتایی توێژ).

لەدەروونناسیدا دەوترێت سنوری ناوچەی سایكۆلۆجی (psychological boudariss)، بۆ كۆی شوێنەكان لەهەر ناوچەیەكی بوارەكەدا، ئەو شوێنانە ئەگەر ژینگەیەك ڕێكیانی خست ئەوا هەندێكیان لەو ژینگە بنچینەییەی هەرێمەكە دەردەچن، دەكرێ لەڕاستی بوونی سنور لەناوژینگە یاخود كەسەكە لێكۆڵینەوە بكرێت، ئەویش بەهۆی جولەوە یان پەیوەندیكردن، بەلآم ئەوەنەبێتە هۆی ناچاری كە سنوری ناوچە سایكۆلۆجیەكە ڕێگر بێت لەبەردەم جولەو پەیوەندیكردن.

## Bourgeois democracy — الديمقراطية البورجوازية — ديموكراسی بورژوازی

بیرۆكەیەكە سەرچاوەكەی بۆ كارل ماركس دەگەڕێتەوە، بەكورتی ئەم بیرۆكەیە بریتیە لەوەی كە ناكۆكییە ناوخۆییەكان كرۆكی ئابوری سەرمایەدارییەو بەهۆیەوە دەوڵەتی دیموكراسی بورژوازی دادەمەزرێت كەلەسەر بناغەی سیستمی پەرلەمانی هەڵدەسێت، بەتایبەتیش سیستمی حزبایەتی.

هەروەها كاتێ دەسەڵاتی دەوڵەت رووی لەلاوازی دەكات، بورژازییەت ناچار دەبێت چەند دەسكەوتێك بداتە جەماوەر، ئەویش لەسەر شێوەی فراوانكردنی سنوری مافەكانی هەڵبژاردن و دانانی بەئازادی رۆژنامەگەری و كۆبوونەوەو....هتد.

## Bourgeoisie — البورجوازية — بۆرژوازییەت

زاراوەیەكی فەرەنسیە لەبنچینەدا، ئاماژە بۆ ئەو چینە ناوەڕاستە دەكات كە دەكەوێتە نێوان چینی خانەوادەكان و چینی كرێكار.

زاراوەی بورژوازییەت لای سۆسیالست و كۆمۆنیستەكان بەمانای چینی سەرمایەداری چەوسێنەر بەكار دەهێنرێت لەناو حكومەتە دیموكراسیە رۆژ ئاواییەكان، كەخاوەنی هۆیەكانی بەرهەم هێنانەو دەست دەگرێت بەسەر زێدەبایی كار كەچینی زەحمەتكێش پێی هەڵدەسێت.

دوای گەشەكردنی سیستمی سەرمایەداری نوێ، وشەی بورژوازییەت بەسەر ئەو كەسانە پیادە دەبێت كە بەرژەوەندییەكانیان پەیوەستە بەخاوەن هۆیەكانی بەرهەم هێنان.

كارل ماركس جیاوازی دەكات لەنێوان بورژوازییەتی گەورە ( Grand Bourgeoisie)، كە پێكهاتوون لەگەورە سەرمایە داران و خاوەن سامان و پیشە سازی و گەورە موڵكداران، لەگەڵ بورژوازییەتی بچووك (petty bourgeoisie) كە چەند دەستەو توێژێكن لەبەرهەم هێنەرە بچووكەكان و خاوەن پیشەكان.

## Boycott — المقاطعة — پەیوەندی برین

زاراوەی - پەیوەندی برین بەواتای رێككەتنی گروپێك لەگروپەكان لەسەر بڕیاردانی بەكۆمەڵ بەڕاگرتنی هەموو جۆرە پەیوەندییەك و قبوڵنەكردنی گفتوگۆ دەربارەی هەر مامەلەیەك، لەگەڵ كەسێك یان دامەزراوەیەك یاخود دەوڵەتێك، بەڵام بەبێ پەنابردن بۆ بەكار هێنانی هێز.

زاراوە ئینگلیزییەكە لە (captaion Charles Boy cott) وەرگیراوە، كەبەو شێوەیەوە مامەلەی لەگەڵ كراوە لەكاتی تێكچوونی باری ناوچەكانی ئیرلەندا لەكۆتایی سەدەی نۆزدەدا، بەتایبەتیش ساڵی (1880) .

لەبواری كاركردن، مەبەست لەزاراوەی پەیوەندنی برین رێككەوتنی كرێكارانە لەسەر مامەڵەنەكردن لەگەڵ خاوەن كار، یان كارتێكردن لەكرێكارانی دیكە بۆ ئەوەی پاڵپشتی كرێكاران بن لەفشار خستنە سەر خاوەن كار ئەویش بەمەبەستی هەموار كردنی بارودۆخی ئەو كاركردنەی زیان بەو كرێكارانە دەگەیێنێت كەبەشدارن لەو رێككەوتنە.

لێرەدا دوو جۆری سەرەكی پەیوەندی برین هەیە، پەیوەندی برینی سەرەتایی: ئامانجی ڕاگرتنی مامەڵەكردنە لەلایەن ئەو كرێكارانەی ڕاستەوخو پەیوەندییان بەدیاردەكە هەیە.

هەروەها پەیوەندی برینی لاوەكی: ئامانجیش لێی راگرتنی مامەڵەكردنە لەلایەن ئەو كەسانەی كەلەدەرەوەی گروپی كرێكارانن.

پەیوەندی برین لەڕووی نێو دەوڵەتیەوە، بەكار هێنراوە بۆ ئامانجی سیاسی، هەروەك سەرنج دەدرێت، لەماوەی جەنگی یەكەمی جیهانی وڵاتی چین ئەو شێوازەی بەكار هێناوە بەرامبەر كەرەستەی یابانی.

هەروەها گاندی رابەری هیندستان، بەكاری هێناوە بۆ مامەلەنەكردن بەكەرستەو بەرهەمەكانی ئینگلیز.

بەدەركەوتنی رژێمی نازیزم، نیشتمان پەروەران لەزۆر وڵاتانی جیهان هەستان بە دژایەتیكردنی ئەلمانیاو نەكڕینی هەر كاڵاو كەل و پەلێكی ئەو لاتە.

**Boyhood** | الصِّبا | لاوێتی
سن الصِّبا | کاتی منداڵی

قۆناغێکی پێش باڵغ بوونە، لەنێوان (13-10) ساڵیدا، ئەم قۆناغە بەزۆر بوونی گەشەی لەش و چاڵاکی گەورەو دەرکەوتنی ئارەزووە ڕەنگاورەنگەکانەوە جیاواز دەکرێتەوە.
هەروەها ئەم قۆناغە سەرەتای جیابوونەوەیە لەدەسەڵاتی باوك و دایك، بەرەو دەسەڵاتی دەستەو گروپ و کاریگەری توندی لاو بەو لایەنانە.

**Boyscouts** | الكشافة | دیدەوانی

بزووتنەوەیەکی وەرزشی کۆمەڵایەتی پەروەردەییە، پێکدێت لەڕێکخستنی هەرزەکاران لەچەند تیپێك لەژێر چاودێری سەرکردەیەکی ڕاهێنەر، ئامانجیشی ڕاهێنانی لاوانە لەسەر ژیانی سەخت و توند، هەروەها پشت بەستن بە خۆ، ئەویش لەڕێگای ژیان لەدەرەوەو لەباوەشی سروشت.

**Boys clubs** | أندية الصبيان | یانەی منداڵان

بریتیە لەو ناوەندانەی، بەکار دەهێنرێن بۆ سوود وەرگرتن لەکاتی بێ ئیشی منداڵان، هەروەها چاودێرییان لەهەر کارو کێشەو مەترسییەك کەتووشیان دەبێت لەئەنجامی سەرگەردانیان لەشەقام و کۆڵانەکان.
ئەوناوەندانە دەرفەت بۆ ئەو منداڵانە خۆش دەکەن کە ئارەزوو تواناکانیان دەربخەن و هاوکارییان بکرێت بۆ بەدەست هێنانی کارامەیی و شارەزایی جۆراوجۆر لەچەندین بواری بەسوودی ژیان.
کارکردن لەویانەنانە لەسەر بنچینەی سیستمی بەڕێوەبردنی خودی دەبێت.

**Brain** | الدَماغ، المُخ | مێشك
العقل | ئەقڵ

ناوەندی درککردن و هەست کردن و کۆئەندامی دەمارییە لەمرۆڤدا، لەو ناوەندەوە شەپۆلە دەمارییەکان دەردەچن، هەر بەهۆی مێشکەوە زانیاری لەجیهانی دەرەوە بۆ مرۆڤ دەگوازرێتەوە، ئەویش لەڕێگەی هەستە جیاوازەکانەوە.
دەوترێت ئەنجوومەنی شارەزایان (brain trust) کەبریتیە لە کۆمەڵە شارەزایەك، ڕاوێژو ئامۆژگاری دەخەنە ڕوو، هەروەها یارمەتیدان بۆ داڕشتنی سیاسەتێك.
دەوترێت وزە لێبرانی توانا زانستیەکان (brain drain) واتە کۆچکردنی پسپۆران لەبواری جیاوازدا بۆ کارکردن لەدەرەوەی وڵاتدا، دیارە ئەو کارەش دەبێتە هۆی لاواز بوونی ئەو چاڵاکیانە لە وڵاتە ڕاستیەکەی خۆیان.
هەروەها دەوترێت شووشتنەوەی مێشکەکان (brain washing) وەك هێمایەك بۆ ئەوەی خەڵکی هەڵوێست و ڕەفتاری خۆیان بگۆڕن و ئاراستە بکرێن ئاراستەیەکی جیاواز، ئەوەش لەڕێگای شێوە جیاوازەکانی فشارە جەستەیی و سایکۆلۆجیەکان، لەگەڵ قبوڵکردنی ئەوەی بەسەریاندا دەسەپێنرێت لەلایەن کەسانی دیکەوە.
بەکارهێنانی ئەو شێوازانە لەدەوڵەتە دیکتاتۆرییەکان باو بووە، لەپێناو قەناعەت پێکردنی هاوڵاتیان بەملکەچی بۆ ئەو سیستمەی کەهەیە.
دەوترێت ، - هەڵمەتی ئەقلانی یان بیرکردنەوەی داهێنەرانە (brain storming)، وەك هێمایەك دەربارەی یەك لەپرۆسەکانی گفتوگۆی بەکۆمەڵ، کەلەمیانەیدا تاکەکانی کۆمەڵ هاندەدرێن بۆ ئاڵ و گۆڕکردنی بیرو ڕاکان و گفتوگۆ کردن بێ بەرنامەی پێش وەخت، بەڵام تەنها ئامانجە بنچینەییەکە دیاری دەکرێت، مەبەستیش لەوە، خوڵقاندنی زۆرترین هزرو لێکدانەوەو پێش نیازی داهێنەرانە، لەسنوری کاتێکی کەمدا.

| | | |
|---|---|---|
| Bread winner | العائل<br>المعيل | خێزان بەخێوکەر<br>ژێنەر |

مەبەست ئەنـدامێکی خێزانێـك ئـەرکی بـەخێوکردنی هەڵـدەگرێت، یـان کـاری پەیـداکردنی پێویسـتیەکانی ژیانــە بـۆ خێزانەکەی.

| | | |
|---|---|---|
| Break down, nervous | الانهيار العصبي | ورە بەردانی دەماری |

حاڵەتی تێکچوونی بیرو ویژدان و رەفتارە، یان نەخۆشی هەستە دەمارییـە، تـاك پـەك دەخـات و پێویستی بەمانـەوە هەیـە لەنەخۆشخانە.

| | | |
|---|---|---|
| Bribery | الرشوة<br>الارتشاء | بەرتیل<br>بەرتیل وەرگرتن |

رێککەوتنێکـە لەسـەر بەجێگەیانـدنی کارێـك، یـان سـوود وەرگرتنێکـە بەرامبـەر هەسـتان بـەکارێك، یـاخود رازی نـەبوون بەجێبەجێکردنی ئەرکێك کە بەشێکە لەکاری بەرتیل وەرگر، کارەکەشی بەشێکە لەخزمەتی گشتی.
لەبارێکی ئاسایدا، هەردوولا بەرامبەر یاسا تاوانبارن، بەڵام یاسا لەلایەنی بـەرتیل دەر دەبورێت ئەگـەر لایـەنی پەیوەنـداری ئاگادار کردەوە، یان دانی بەکارەکەی خۆی نا.

| | | |
|---|---|---|
| Bride | العروس | بووك |

ژن لەکاتی بەبووك بردنی، یان ئەوی کەشوودەکات، یاخود ئەوی تازە شووی کردووە.
دەوترێت مارەیی (bride price or bride wealth) مەبەستیش ئـەو برەپارەیـە کـە زاوا دەیداتـە بـاوکی بـووك، وەك نرخێکـی بووکەکـە، مەبەسـت لەپێـدانی ئـەو بـڕە پارەیــەش قــەرەبوو کردنــەوەی کـەس و کـاری بووکەکەیـە، چـونکە خزمەتکردنی بووك لەدەست دەدەن.
کـاری خزمـەتکاری بـووك (bride - service) یـەك لەشـێوەکانی هاوسـەرگیرییە بـەپێی ئـەو هاوسـەرگیرییە، پیـاو کـە هاوسەرێکی دەست دەکەوێ، هاوسەرەکە لەخزمەتکردنی کەس و کاری خۆی بـەردەوام دەبێـت، دیـارە ئـەو کارەشـی لـەجیاتی مارەییەکەیەتی .

| | | |
|---|---|---|
| Bread casting<br>Radio bread cast | الاذاعة | ئیزگە<br>تەماشابکە: |

| | | |
|---|---|---|
| Brotherhood | الاخوة | برایەتی<br>هاورێیەتی |

مەبەست لەبرایەتی ئەو پەیوەستیە خزمایەتیەی هەیە لەنێوان دوو برای یەك باوك، دەوترێت برادەرایـەتی، یـان رێکخـراو یاخود سەندیکا (Legal brother hood) ئەو رێکخـراوە یـانیش ئـەو سـەندیکایە، رۆڵـەکانی یـەك پیشـە دەگرێتـەخۆی، بەمەبەستی هاوکاریکردنیان بۆ بەرگریکردن لەبەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان و پەرەپێدانی بارو گوزەرانیان.

| | |
|---|---|
| Blood brother hood | تەماشابکە: برای خوێن |

**Budget** | الميزانية / الموازنة | بودجه

بودجه داهاتەکانی دەوڵەتێك یان دامەزراوەیەك یاخود ئەنجوومەنێك دەگرێتە خۆی لەگەڵ خەرجیەکانی و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.
بودجە بەڕەنگدانەوەی دارایی دادەنرێت بۆ سیاسەتەکانی دامەزراوەیەك، ڕەنگە بودجە بۆ ساڵی رابردوو دابنرێت ئەوەش بەبودجەی کۆتایی دادەنرێت، هەروەها رەنگە بۆ ساڵی داهاتوو دابنرێت، ئەوەش بەپرۆژەی بودجە دادەنرێت.
بەشێوەیەکی ئاسایی، چاودێری دارایی لەڕێگەی بودجەی خەملاندنەوە دێتەدی (budgetary control).
دیارە ئەوەش هۆکارێکە بۆ چاودێریکردنی چالاکیەکانی پرۆژەی بودجەکە لەڕێگەی پێش بینی کردن بەئاستی هەر چالاکیەك بەوردی و بەوریایی، هەروەها وەرگێڕان و گۆڕینی ئەو هەڵسەنگان و خەملاندنانە بۆ بەهاونرخە داراییەکان.
دەوترێت بودجەی کۆمەڵایەتی (social budet) بۆ کۆی تێچووە تەرخانکراوەکان بەمەبەستی جێبەجێکردنی یارمەتیە گشتیە بریار لەسەر دراوەکان و دەستەبەرکردنی کۆمەڵایەتی.

**Budget, family** | الميزانية العائلية | بودجەی خێزانی

روونکردنەوەیەکە بۆ باری دارایی، ئەو ڕوونکردنەوەیە ڕێکخراوە بەپێی داهات و خەرجیە ڕاستیەکان و ئەو حاڵەتانەی کەپێش بینی دەکرێن، ئەوەش بەڕەچاوکردنی ئەوەی خێزان یەکەیەکی کۆمەڵگەیە.
توێژینەوە تایبەتیەکان دەربارەی بودجەی خێزان، گرینگی بەدوو ئامانجی سەرەکی دەدەن.
1- بەدەست هێنانی ئەو ئامارو زانیاریانەی کە سوود بەخش دەبن بۆ پێکهاتنی ئاستێکی پێوانەیی بۆ تێکڕای خەرجییەکانی گوزەرانی خێزان، لەو ژمارەیەش دوو ژمارەی پێوانەیی لێ جودا دەبنەوە، یەکێکیان بۆ شارەکانەو ئەوی دیکەش بۆدێهات و گوندەکان، بۆ ئەوەی هەردوو ژمارەکە وەك پێوەرێك بن بۆ گۆڕان لەخەرجی و تێچوەکانی گوزەران لەگوندو شاردا بەشێوەیەکی گشتی.
2- پێوانە کردنی رادەی نەرمی و گونجانی داهات (in come elasticity) بۆ زانینی رادەی گۆڕانی ڕێژەیی لەخەرجکردن لەسەر بوارە جیاوازەکان، ئەویش بەهۆی گۆڕان لەداهاتدا بەشێوەیەکی ڕێژەیی.

**Building cooperatives** | جمعيات بناء / المساكن التعاونية | کۆمەڵەکانی دروستکردنی خانووبەرەی هەرەوەزی

کۆمەڵەیەکە، ئەو کەسانە دەگرێتە خۆی کەویستی بەدەست هێنانی خانووی نیشتەجێ بوونیان هەیە، ئەو کۆمەڵانە بەشێوەیەك خانووەکان دروست دەکەن بۆ ئەوەی تێچووی دروست بوونی کەم بێت، هەروەها لەتوانادا بێت خانووی باش بۆ گوزەران دروست بکەن، بەو پێیەش کەئارەزووی لەسەردا دەبێت.

**Built up area** | البُقعة الحضرية | رووبەری شارستانی

مەبەست لەم زاراوەیە، ئەو رووبەرەگەورەیەیە کە ناوچەیەکی بونیادنراوە بەخانووبەرە، بەشەکانی ئەو ناوچەیە بەیەکەوە پەیوەستن بێ پچڕان، تا ئەگەر چەند ئەو ڕووبەرە سەربەیەکەی کارگێڕی جیاوازیش بن.

**Bumping** | استبقاء قُدامى الموظفين | هێشتنەوەی فەرمانبەرە کۆنەکان

**Back tracking** | تەماشای دەرنەکردنی فەرمانبەرو کۆنەکان بکە

- بیرۆکراسیەت -
دەسەڵاتی کارگێری

البيروقراطية

**Bureaucracy**

بیروکراسییەت، بریتیە لە جۆرە ڕێکخستنێك کەپشت بەدەسەڵاتی ڕەسمی و دابەشکردنی کاری کارگێڕی دەبەستێت لەڕووی فەرمانیەوە لەنێوان ئاستە جیاوازەکاندا، هەروەها پشت بەو بڕیارە ڕەسمیانە دەبەستێت کە لەلایەن سەرۆکی دامەزراوەکانەوە بۆ کارمەندو فەرمانبەران دەردەچێت.
ڕێکخستنی بیروکراسییەت بەجۆرە ڕێنمایی و ڕاوێژکارییەك دادەنرێت بۆ کاری کارگێڕی.
هەروەها زاراوەکە ئاماژەیەکە بۆ ئەرك بەجێگەیاندن لەکاروباری حکومەت، یاخود ڕێکخستنی کاروباری حکومی، ئەم زاراوەیە ڕەنگە بەکاریش بێت وەك گوزارشتێك دەربارەی دەسەڵاتی فەرمانبەران بێ گوێدانە بەرژەوەندییەکانی جەماوەر و هەر بەرپرسیارییەتیەك لەبەرامبەریان.

نەخۆشیەکانی بیروکراسییەت

امراض البيروقراطية

**Bureau pathology**

مەبەست لەنەخۆشیەکانی بیروکراسیەت، چەند دیاردەیەکە لەڕووی ڕەفتاری و کارگێڕی و ڕێکخراوەییەوە، کەڕەنگە تووشی ڕێکخراوەکان بێت و کارتێکردنی هەبێت بەسەر تواناکانیان، بۆیە سیستمی بیروکراسیەت بەرەو ئاراستەیەکی نەرێنی دەگۆڕێت و ئەم خەسلەتانەش هەڵدەگرێت:
سەرپێچی کردنی گیانی یاساکان، ئاڵۆزی توونـدو پابەنـدبوون بـەدەقی ڕێنماییەکان، چەق بەستنی پرۆسەی کارگێڕی، خۆلادان لەبەرپرسیاریەتی، تا دەگاتە ڕادەی گەندەڵی کارگێڕی، کەحاڵەتەکانی بەرتیل و سوود وەرگرتن لەدەسەڵات و واسیتەولادان لەئامانجەکانی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی هەڵدەگرێت.

گروپی بیروکراسی

الجماعة البيروقراطية

**Bureaucratic group**

گروپێکی فەرمیە، لەئامانجەکانی خۆی لایداوە، چاودێریکردن تێیدا لەدەستی چەند کەسێك ماوەتەوە، دەسەڵاتیان لەژێر دەستی خۆیان بەتووندی پاراستووە.

پاڵپشتی کردنی بیرۆکراسیەت
چڕکردنەوەی ڕێکخستنی فەرمی

تدعيم البيروقراطية
التركيز على التنظيم الرسمي

**Bureaucratization**

پرۆسەیەکەبەهۆیەوەڕێکخستنی فەرمی خەسڵەتەکانی بیروکراسیەت وەردەگرێت بەشێوەیەکی بەردەوام، ئەمەو ڕوخساری سەرەکی بۆ ئەم پرۆسەیە خۆی لەداڕشتنێکی شێوەیی بۆ بنەماو ڕێ و شوێنەکان دەبینێتەوە.
ئەوەی جێگای سەرنجدانە کەپاڵپشتی کردنی بیروکراسییەت چەندین پلەو ئاستی جیاوازی هەیە لە ڕێکخستندا، زیادە ڕۆیش لەکاری فەرمیدا دەکرێ هەست بەئامانجەکان لەدەست بدات.

ڕێ وڕەسمەکانی ناشتن

الطقوس الجنائزية

**Burial rites**

ئەو نەریت و ڕێ و شوێنانە گوزارشت لەگواستنەوەی مرۆڤ دەکەن لەژیانی ئێستادا بۆ ژیانی کۆتایی، ئەو نەریتانە جێگای مانەوەی مردوو دابین دەکەن، زیندووەکانیش خۆیان لەمەترسی مردووەکان دەپارێزن.
خەڵکی لەمردووەکانیان ڕزگار دەبن بەناشتنیان، یان بەستووتاندنیان، یاخود بەهەر شێوازێکی دیکەبێت، تەرمی مردووەکە ئامادەکردنێکی تایبەتی بۆ دەکرێ لەکاتی ناشتنی.
بەپێی نەریت وا باو بووەکە ئەو شتانەی لای مردوو بەنرخ بوونە لەگەڵ خۆی بنێژرێن.

کارگێڕی کارو پرۆژە بازرگانیەکان | إدارة الاعمال<br>ادارة المشروعات التجارية | Business administration

زانستێکە لێکۆڵینەوە لەڕێکخستنی پرۆژەکانی بازرگانی و هۆکارەکانی بەڕێوەبردنی دەکات، ئەویش لەبەر رۆشنایی ئەزموونە زانستیەنوێیەکاندا، بۆ ئەوەی پرۆژەکان بتوانن هەموو ئەو ڕێگایانە بەکار بهێنن کە دەبنە هۆی دەست گرتنەوە لە خەرجی، هەروەها زۆر بوونی قازانج، لەگەڵ دەستە بەرکردنی پەرەپێدان و پێشکەوتنی ئەو پرۆژانە.

بەڕێوەبردنی کارو بار جیاواز دەبێت لەبەڕێوەبردنی گشتی، لەبەر ئەوەی یەکەمیان ئامانجی قازانج کردنەو پەیوەستە بەتوێژینەوە ئابوریەکان، لەکاتێکدا دووەمیان ئامانجی بەجێگەیاندنی خزمەتگوزاری گشتیەو پەیوەستە بەزانستە سیاسییەکان.

تەمەشا بەڕێوەبردن بکە: Administration

خولی ئابوری<br>تەنگەژەی بازرگانی | الدورة الاقتصادية | Business cyele

خولی ئابوری پێی دەوترێت خولی بازرگانیش، ئەو دیاردەیە بریتیە لە حاڵەتێکی بێ باری و گۆڕان تووشی ئەو ئابوریانە دەبێتەوە کە بەشێوەیەکی تایبەت پشت بە پرۆژەی تایبەت دەبەستن، لەڕێکخستنی بەرهەمهێنانی کاڵاکان و دابەشکردنیان.

ئەو بێ بارییە بەچەند حاڵەتێك لەفراوان بوون جیاواز دەکرێتەوە لەخودی خۆیداو لەهەموو بوارەکانی ژیانی ئابوریش لەیەك کاتدا بەدی دەکرێت، وەك: دەسکەوت و خەرجکردنی داهات، بەرهەمهێنانی پیشەسازی، کاروکرێکاری، بازرگانی، چاڵاکی لەبازاڕی دارایداو نرخی کاڵاکان.

ئەو فراوان بوونە بەهەمان شێوە حاڵەتێك لەپوکانەوەی گشتی بەدوایدا دێت، بۆیە ئاسانترین دەربڕین دەربارەی خوولی ئابوری، بریتیە لەوەی بەدوایەکدا هاتنی خۆشگوزەرانی و بێ بازاڕییە.

لەم بارەوە چەندین تیۆری، داڕێژراوە بۆ ڕوونکردنەوەی دیاردەی خولی ئابوری، هەندێ لەو تیۆریانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە خوڵی ئابوری دیاردەیەکە بەڕووتی و پەتی پەیوەندی بەبەهای دراو هەیە، بەڵام چەند تیۆرییەکی دیکەش داکۆکی لەسەر ئەوە دەکەن کە هۆیەکانی ئەو دیاردەیە لەبونیادو سروشتی بەرهەمهێناندایە.

پرۆژەی ئابوری | المشروع التجاري | Business enterprise

تەماشای پرۆژە بکە: Enterprise

بەڕێوەبەردنی پرۆژە بازرگانیەکان | إدارة المشروعات التجارية | Business management

تەماشا بەڕێوەبردنی کار بکە Business administration

ڕێکخستنی پرۆژە بازرگانیەکان | تنظيم المشروعات التجارية | Business organization

تەماشایرێکخستن بکە: Organization

پرۆژە (گەڵاڵەنامە)

**By laws** اللوائح

قەواڵەکان

گەڵاڵە نامە لەیاسای گشیتدا، کۆمەڵە کارێکی یاسایییە، لەلایەن دەسەڵاتێکی دیکەوە دەردەچێت نەك پەرلەمان، مەبەستیش شیکردنەوەی ئەو پرەنسیپ و ڕێنمایی و یاسایانەیە کەیەیوەستن بەیاساکان، ئەویش بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاخود دانانی یاسایەك لەچەند بابەتێك کەهێشتا وەك یاسارێك نەخراوە.

دەوترێت، پیرانی شار (by law men) بۆ ئەو کەسانەی کە نوێنەرایەتی دانشتوانی شارێك دەکەن و چەند پلەو دەسەڵاتێکی کارگێڕیان پێ دەسپێردرێت بەپێی سیستمەکانی شارەوانی.

**Ana. Regulations** پەیرەو

# C

**Ca’ canny** اضراب التباطؤ في الانتاج **مانگرتنی تەمەڵی کردن لەبەرهەمهێناندا**

زاراوەیەکە لەئینگلتەرا بەزۆری بەکار هاتووە لەپێش جەنگی یەکەمی جیهانی، ئەم زاراوەیە بەهاوتای وشەی (slow down strike) دێت، کرێکاران پەنا بۆ ئەم کارە دەبەن وەك ناڕەزایی دەربڕینێك لەسەر زیاد بەکارهێنانی ئامێرو هۆکارەکانی بەرهەم هێنان.یان وەك ناڕازاییەك دەربارەی ئەو سیاسەتانەی کەخاوەن کار پیادەی دەکات.

**Cadre** نظام أجور الوظائف وتدرّجها **سیستمی کرێی ئەرکەکان و ڕیزبەندی کردنیان**

ئاشکراکردنی پیشەو فەرمان و کارو بارەکانی ناو دامەزراوەیەك، یان ڕێکخراێك، لەگەل پلە داراییەکانی بەرامبەر هەریەکەیان و ئەو بڕە موچەیەی دیاریکراوە بۆ هەر فەرمانبەرێك یان کارێك.

**Calamity** الكارثة **کارەسات**

ئەو کارەسات و بەڵایانەی تووشی توێژێکی دانیشتوان دەبێت بەهۆی کاری خەڵکەوە بێت، یان قەزاو قەدەرەوە، وەك بوومەلەرزەو برسێتی و لافاوو جەنگەوە.

دیارە ئەو دیاردانە پێویست دەکات کە کاربکرێت بۆ لادانی ئاسەوارەکانیان و پەنا پردن بۆ چەند هۆکارێکی نائاسایی.

بۆیە حکومەت و دامەزراوە نێو دەوڵەتیەکان گرینگی دەدەن بەفریاکەوتنی لێقەوماوان.

**Calendrical rites** شعائر التقويم الفلكي **بۆنە نەریتیەکانی ساڵنامەی گەردوونی**

چەند ڕێ و ڕەسم و نەریتێکە، بەرێکوپێکی کاریان پێدەکرێت، ئەویش بەپێی ڕوودانی کاروڕووداوە سروشتیە چاوەڕوانکراوەکانی وەك: دەست پێکردنی وەرزەکان، شوێن و حاڵەتەکانی مانگ یاخود ڕۆژ، یانیش هەر شتێکی دیکە لەوبارەوە.

**Calling** الحرفة / المهنة **پیشە** / **کار**

**Craft** تەماشای پیشە ، کار بکە:

**Camera lism** علم الخزانة **کۆگاکەرێتی** / **گەنجینە گەرێتی**

**Cf. public finance**

خێوەتگا

**Camp** | المعسكر

ئۆردوگا

پارچە زەوییەکە خێوەتگایەکی لەسەر دروست دەکرێت، یان چەند ژوورو کەپرێك بۆ حەوانەوەی کۆمەڵە کەسانێك.

لێرەدا چەند جۆرێکی جیاوازی خێوەتگا هەیە، لەوانە خیوەتگای رابواردن (recreation camps)، ئەوانە لەشوێنی چۆڵدا دادەمەزرێن بۆ ئەوەی بۆ بەشداربوانی ژیانێکی تەندروست دابین بکات و بتوانن ئەو کاتانە لەشوێنی هەوای پاك و ژیانی سادەو دوور لەسەر ئێشەوئاڵۆزی شارەکاندا بەسەر بەرن، سەرەڕای خولقاندنی گیانێکی لێك تێگەیشتن و هاوکاری لەنێوانیاندا.

هەروەها خێوەتگای کارکردن (work camps) ئامانجی هاندانی لاوانە بۆ بەشداریکردن لەبوونیادنان و ئاوەدانکردنەوە، لەگەڵ ڕێزگرتن لەکاری دەستی چەندی سادەش بێت.

خێوەتگای پەنابەران (refugee camps)، ئەم جۆرەیان، پەنابەران تێیدا دەحەوێتەوە تاکاتی گەڕانەوەیان بۆ نیشتمانی خۆیان یان جێگایەکی دیکەیان بۆ ئامادە دەکرێت.

زاراوەی ئۆردوگا، وەك هێمایەکی خوازراو، بەکۆمەڵە کەسانێك دەوترێت کە لایەنگری تیۆرییەك یاخود ڕێبازێکی دیاریکراوبن، نموونەی بەرەی ڕۆژهەڵات و بەرەی ڕۆژئاوا، بەو هەندەی دوو ئاراستەی ئایدیۆلۆجی دەنوێنن نەك چەند دۆخێکی جوگرافی.

**Camps, international work** | معسكرات العَملالدولية | ئۆردوگای کارە نێودەوڵەتیەکان

پێکدێت لەکۆمەڵە کەسانێکی سەربە چەندین دەوڵەتی جیاواز، ئەوانە کۆ دەبنەوە لەگەڵ یەك وەك گروپێکی خۆبەخش، هەر چەندە جیاوازیشن لەڕووی ئاین و زمان و رەچەڵەك، بەڵام خەسڵەتێکی باڵا کۆیان دەکاتەوە ئەویش کار کردنە لەپێناو کۆمەڵگەی گەورەی مرۆڤایەتی.

چالاکیەکانیان لەبنچینەدا لەناو ئەو خێوەتگایە لەسەر کاری دەستی چڕ دەبێتەوە.

شاڵاو

**Campaign** | الحَملة

هەڵمەت

بریتیە لەچەند پرۆسەیەکی پەیوەست بەیەکەوە، بۆ جێبەجێکردنی ئامانجێکی دیاریکراو ئەو شاڵاوو هەڵمەتانەش چەند جۆرێکن لەوانە پەلاماری سەربازی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری.

مرۆڤ خۆری

**Cannibalism** | أكل لحوم البشر

درندەیی

کاری خواردنی گۆشتی مرۆڤ هەندێ جار، ئەوەش وەك یەك لەڕەگەزەکانی خۆراك تەماشا بکرێت، بەڵام ئەو کارە زیاتر بۆ تۆڵە کردنەوە لەدوژمن یان بۆ بەدەست هێنانی خەسلەتە رۆحییەکانی قوربانی یاخود وەك بەجێگەیاندنی ئەرکێکی ئاینی و نەریتی کاری پێکراوە.

**Ana. Anthropophagy** | گۆشتی مرۆڤ خۆری

فەرمایشتەکانی کەنیسە | الشريعة الكنسية / القانون الكنسي | **Canon**

کۆمەڵە بنەمایەکی یاساییە، وەرگیراوە لەئەنجیل و لەنووسینەکانی قەشەو پیاوانی ئاینی و فەرمانەکانی ئەنجوومەنی کلێسەو پاپاکان.
هەموو ئەو دەقانە لەیاسای کلێسەییدا کۆ کراونەتەوە، کەکلێسەی مەسیحی لەسەردەمە سەرەتاییەکانی کاری پێکردوون.
هەروەها زاراوەکە ئاماژەیەکە بۆ ئەو ڕێساو نۆرمە لۆژیکیانە، یان ئەو بنەمایانەی کەوەك بنچینەیەك بۆ زانین کاریان پێکراوەو دەبنە هۆی گەییشتن بەڕاستی.

توانایی / توانست | ١- المقدرة / الوُسْع | **Capacity**

توانایی چاکترین ئاستە دەکرێ مرۆڤ پێی بگات بەهۆی کارێکەوە، ئەگەر ڕاهێنان یان فێربوونی لەباری بەدەست هێنا، توانایی چەند جۆرێکە:
جەستەیی (physical capacity)
هۆشیاری (intellectual capacity)
دەستی (manual capacity)
پیشەیی (protessional capacity)

شایستە / شیان | ٢- الاهلية

بریتیە لەحالەتی ئەو تاکەی کە یاسابڕیار لەسەر دروستی ئەو پەیوەندییە یاساییانە دەدات کەتاك پێوەی بەستراوەتەوە، ئەویش لەسەر دوو جۆرە:
شایستەی ماف هەبوون (capacity of enjoyment) واتە، توانای کەسەکە بۆ وەرگرتنی مافەکانی و بەرگە گرتن بەرامبەر پابەندییەکان.
شایستەی ئەرك بەجێگەیاندن (capacity of exercise)، واتە توانای کەسەکە لەبەدەست هێنانی مافەکانی و پابەند بوونیش بەرامبەر ئەرکەکانی ئەو حالەتانەش بەپێی تەمەن دەگۆڕێن و پلەبەندییان دەبێت، منداڵی ناجیاواز بێ شایستەییە، واتە هەڵگری ئەو خەسلەتە نیە بەڵام منداڵی جیاواز، شایستەییەکی ناتەواوی دەبێت، کەسی بەتەمەنی تەواو، شایستەی تەواوی دەبێت، بەڵام ئەگەر تووشی ڕووداوێك نەبوو بێت، وەك شێتی یان دەبەنگی یاخود گەوجی یانیش بێئاگایی.

بزاوتی بەرەو باڵا | حركة الصعود | **Capillarity**

تەما شابکە: **Social capillarity**

سەرمایە | ١- رأس المال | **Capital**

بریتیە لەو سەرچاوەو سەرمایە داراییە مادییانەی بەکار دەهێنرێن بۆ بەرهەم هێنانی سامان، یان هەستان بەخزمەتگوزارییە ئابورییەکان.

لێرەدا چەند جۆرێکی جیاوازی سەرمایە هەیە، ڕەنگە ئەو سەرمایە بەهاداری بێت، یان بریتی بن لەکەرەستەو کەل و پەلی جێگیر، یاخود دەستاو دەست بەکارهاتوو.
دەوترێت چڕی سەرمایە (capital intensity) مەبەستیش ئەو پرۆژانەن کە ڕەگەزی سەرمایە بەپلەیەکی گەورە بەکاری دەهێنن لەئاست ڕەگەزەکانی دیکە.

پایتەخت ٢- العاصمة

ئەو شارەیە کەحکومەت و دامەزراوە ناوەندییەجیاوازەکانی تێدا دەبێت، ئەوانی کاروباری دەوڵەت بەڕێوەدەبەن.

کاڵای سەرمایەیی السِلع الرأسمالية **Capital goods**

ئەو کەرەستەو ئامێرانەی لەپیشەسازیدا بەکار دەهێنرێن، بەڵام ئەوانە ناگرێتەوە کە دەفەوتێن و بێ کەڵك دەبن، ئەو کەرەستەو ئامێرانە بەکەرەستەی پیشەسازی و دروست کردن دەناسرێن، کەپێداوسیتەك ئامادەکات بۆ بەکارهێنان، بەڵام بەڕێگایەکی ناڕاستەوخۆ.

سەرمایەی مرۆیی رأس المال البشري **Capita, human**

مەبەست لەم زاراوەیە، سەرچاوەو سەرمایەی وڵات لەو کارامەییانەی کە تاك بەدەستی هێناوە بەهۆی فێربوون و ڕاهێنانەوە، سەرمایەی مرۆیی یان دەرامەتە مرۆییەکان بۆ وەبەرهێنان بەکار دەهێنرێن لەپرۆسەی گەشەپێدانی ئابوریدا.
بۆیە ئامادەکردنی تاکەکان و پێگەیاندنیان و بەرزکردنەوەی ئاستی هونەرییان بە فاکتەری چوارەم دادەنرێت لەنێوان فاکتەرەکانی: گەشەپێدان، بەشان ڕەگەزەکانی کاروسروشت و سەرمایە.

ڕێژەی نێوان سەرمایەوکار النسبة بين رأس المال والعمل **Capital labour ratio**

مەبەست بڕی سەرمایەی وەبەرهێنراو بەگوێرەی هەر کرێکارێك ئەویش لە کاتێکی دیاریکراودا، ئەو بڕەش دەردەهێنرێت بەدابەشکردنی سەرمایەی بەکارهێنراو لەبەرهەمدا، بەسەر ژمارەی کرێکاران.
لەو پیشەسازیانەی سەرمایەکانیان چڕە، ئەو ڕێژە ڕوو لەبەرزبوونەوە دەکات، لەکاتێکدا لەویشە سازیانەی کرێ و کرێکارانی زۆرە، ئەوا ڕێژەکە روو لە دابەزین دەکات.

سەرمایەداری کردن الرسملة **Capitalization**

بەواتای، پرۆسەی هەڵسەنگاندنی بەهای داهاتی ساڵانە، کەبە بەهای ئەو سەرمایەیەی پێویست دەکات لەژێر دەست بێت لێك دەدرێتەوە، بۆ ئەوەی لەتوانادا بێت ئەو داهاتە بەدەست بکەوێت، ئەو داهاتە سالانەیەش ئەژمار دەکرێت لەسەر بنچینەی تێکڕایەکی دیاریکراو لەقازانج.

سەرمایەداری الرأسمالية **Capitalism**

سیستمێکی ئابورییە، بریتیە لەخاوەندارێتی تایبەت بۆ دەرامەت و سامانەکان، واتە تاکەکان ببنە خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان، وەك زەوی و پرۆژەکانی پیشەسازی و بازرگانیەکان، بەرهەمیش لەبەرژەوەندی ئەو خاوەندارانە دەبێت.
سەرمایەداری پشت بەخاوەندارێتی تاك و بازاڕی ئازادو بەرهەم لەپێناو قازانج دەبەستێت، لێرەدا چەند جۆرێك سەرمایەداری هەیە: سەرمایەداری نادیار (ونبوو) (absentee capitalism) واتە سەرمایەداران پارەکانیان لەپشکی کۆمپانیاکان وەبەر دەهێنن و هیچ چاودێریەك لەسەر ئەو وەبەرهێنانە نیە.

سەرمایەداری سەرکێش (adventure capitalism)، واتە وەبەرهێنانی سارمایە بەگەڕان بەدوای بازاری تازەدا.

سەرمایەی چاودێرکراو ڕێك و پێك (contrdled or regulated capitalism) ئەم جۆرە سەرمایەدارییە بەدەستێوەردانی دەوڵەت لەڕێکخستنی چەند ڕوویەکی چالاکی ئابوری جیاواز دەکرێتەوە.

سەرمایەداری دەوڵەت (state capitalism) ئەم جۆرە سەرمایەدارییە دروست دەبێت کاتێك دەوڵەت دەبێتە خاوەن بەشتێکی گەورە یاخود کەمی هۆیەکانی بەرهەمهێنان.

**سەرمایەداری ژیری - هزری** | **الرأسمالية الفكرية** | **Capital lism, intellectual**

بەپێی بۆ چوونی لایەنگرانی ئەم ڕێبازە، تەکنیکاران، بەتایبەتی ئەو ئەندازیارانەی کاری پرۆژەکان بەڕێوە دەبەن لەگەڵ گەورە فەرمانبەرانی پرۆژەکان، ئەوانە بوونەتە فاکتەری سەرەکی پەرەپێدان و باڵابوونی کۆمەڵگە، هەروەها ئەوانە ئەرکی بەڕێوەبردنی ژیانی ئابورییان بەدەستەوە گرتووە.

ئامانجی ئەم توێژە، زۆرکردنی بەرهەمهێنانی پرۆژەکان و چاککردنی شێوازەکانی و فراوانکردنی کارەکانیەتی، بۆیە کۆمپانیا گەورەکان لەبەڕێوەبردن و هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی، کەوتۆتە دەستی بەڕێوەبەرەکانیان، نەك خاوەن سەرمایەکان.

بەم پێیە خاوەن سەرمایەکان لەبواری چالاکی ڕاستی کشاونەتەوەو بوونەتە چینێکی بێکارو لەسەر داهاتی سامانەکانیان دەژین.

**سەرمایەداری میللی** | **الرأسمالية الشعبية** | **Capitalism, popular**

ڕێبازی سەرمایەداری میللی، کۆمەڵە بیروڕایەك دەگرێتە خۆی و لەهەوڵی بەلگە هێنانەوەیە لەسەر ئەوەی کەسیستمی سەرمایەداری مۆرکە چینایەتیە ئاشکراکەی خۆی لەدەستداوە، واتە مۆرکی دەسەڵاتی خاوەن سەرمایەکان، ئەو سیستمە بووە بەسیستمێکی میللی یان نیمچە میللی، ڕەنگە لەگەڵ خودی سیستمی سۆسیالستی جیاوازی نەبێت.

لەو بەلگانەی کەخاوەن ئەو بیروڕایانە دەیهێننەوە، بڵاوبوونەوەی کۆمپانیا هاوبەشەکانە، کەسەرمایەی هەزاران پشکی هەرزانی تێدایە، ئەویش بەشێوەیەکی ڕێژەیی.

دیارە ئەوەش بڵاوبوونەوەی خاوەنداریێتی دەگەیێنێ لەنێوان چینە جیاوازەکانی کۆمەڵ، کە هیچ بوارێك بەجێ ناهێڵێ بۆ قسەکردن دەربارەی زاڵبوونی ئەریستۆکراتیەتی دارایی و پیشەسازی.

هەروەها هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی کرێی کرێکاران و موچەی تاکەکانی چینی ناوەڕاست لەگەڵ کەمکردنەوەی پشکی چینی خاوەندارەکان، ئەویش بەهۆی بەرزبوونەوەیەکی توندی باج بەسەر داهاتەکانیان، هەموو ئەو دیاردانە، تارادەیەکی گەورە ئەو جیاوازییە کۆمەڵایەتیە توندوتیژانە دەتوێنێتەوە کە سەرمایەداری کۆنی پێ جیاواز دەکرێتەوە.

**مافە تایبەتیەکان** | **الأمنيازات** | **Capitulations**

مەبەست ئەو مافە تایبەتیانەیە کەدەسەڵاتدارانی وڵاتێك دەیبەخشنە هاوڵاتیانی دەوڵەتە بیانیەکان، پەیدابوونی ئەو دیاردەیەش بۆ ویستی چەند فەرمانڕەوایەکی دەوڵەتە ڕۆژهەڵاتیەکان دەگەڕێتەوە بەپێدانی ئەوروپیەکان مافی بازرگانی کردنیان، لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە، هەروەها دەستە بەرکردنی ئازادی کەسێتی و ئاینیان.

بەڵام دواتر ئەو شێوازە لەڕێڕەوی بنچینەیی خۆی لایدا ئەویش بەهۆی لاوازی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە بەجۆرێك کە ئەو حاڵەتە بووە کۆت و ڕێگر لەبەردەم دەوڵەتانی ماف بەخشیو، هەروەها گۆڕانیشی بەسەردا هات بۆ شێوەیەك لەپەیمان لەنێوان دوولایەن، کەچەندین مافی تایبەتی گەورەی دەگرتە خۆی بۆ هاوڵاتیانی دەوڵەتە بیانیەکە، کەبوارەکانی یاسای مەدەنی و بازرگانی و تاوانی دەگرتەوە.

**Caprice** | النزوة | هەوەسکاری

مەبەست ئەو گۆڕانکارییە کتوپڕانەیە لەشێوازی رەفتاری تاك، دیارە بنچینەی ئەو دیاردانەش، چەند بیروباوەڕو هەستە خێرا لەناوچووەکانە، کە ناکرێ پێش بینیان بۆ بکرێت.

**Caravan** | القافلة | کاروان

کۆمەڵە کەسانێکن بەیەکەوە، مەبەستیان سەردان یان بازرگانی دەبێت، خۆیان رێکخستوەو هاوکاری یەکترن و بەرگری لەیەك دەکەن، ئەویش لەماوەی سەفەرە دوورو درێژەکەیان بۆ چەند ناوچەو وڵاتێکی ناحەزو پڕمەترسی.
کاروانە بازرگانیەکان بەستراوەنەتەوە بەمێژووی رۆژهەڵاتی نزیك هەر لەسەرەتاکانی شارستانییەتەوە، ئەو کاروانانە بۆ ماوەی دوورو درێژ کەوتوونەتە پێش بازرگانیە دەرياييەکانەوە.

**Care** | الرعاية | چاودێری
سەرپەرشتی

مەبەست لەچاودێری ئەوخزمەتگوزاریانەیە کەبەتاك دەگەینرێت لەچەند بارێکی دیاریکراودا، ڕەنگە چاودێرییەکە پزیشکی (medical care) بێت، یان چاودێری منداڵان (children’s care) بێت، یاخود چاودێری دایکایەتی ( mothers care)بێت، هەروەها دەکرێ چاودێری نەو جەوانان بێت (protective care of juveniles).
دەکرێ ئەو سەرپەرشتی و چاودێرییە بەهۆی دامەزراوەکان و لەناو دامەزراوەکانەوە بێت (institutional car)، یاخود بەڕێگای دیکەوە نەك دامەزراوەکان بێت (non institutional car)، چاو دێریش دوو جۆرە:
چاودێری خۆپاراستن (preventive care) یانیش چاودێری چارەسەری (curative care).

**Career** | مَسلك الفرد المهني<br>خط مهني | ڕێبازی پیشەیی تاك<br>شێوەی ژیان

مەبەست لەم زاراوەیە، مێژووی ژیانی پیشەیی تاکە، هەروەها ئەو کارەی کە زیاتر لەژیانیدا لەسەری بەردەوام بووە، لەگەڵ جێگۆڕکی کردنی لەنێوان ئەو کاروپیشە جیاوازانە کەلەسەریان بەردەوام دەبێت و بەزۆری پێی هەڵدەسێت، هەروەها پلەبەندی پیشەیی.

**Cartel** | الكارتل | کارتیل<br>یەکگرتنی بەرهەمهێنەرەکان

زاراوەیەکە ئاماژە بۆ جۆرە ڕێکخستنێك دەکات، ئەو ڕێکخستنە چەند پرۆژەیەکی سەربەخۆ ، یان چەند تاکێکی چەوسێنەر دەگرێتەوە، ئەویش بەمەبەستی هەستان بەشێوەیەك لە کارتێکردنی کۆت و بەندکراو، یاخود پاوانکاری بەسەر بەرهەمێك یانیش فرۆشتنی کەل و پەل و کاڵایەك، ڕەنگە کارتیل لەسەر ئاستی نیشتمانی یان نێودەوڵەتی بێت.

**Case** | الدعوى | داواکردن<br>داخاوازی

**Action** | تەماشا بکە: داوا

ژياننامە
تاريخ الحالة
**Casehistory**
مێژووی بار

توێژینەوەیەکی قوڵە بۆ ژیانی کەسێکی دەست نیشانکراو، هەر لە سەرەتای منداڵیەوە تادەگاتە ئەمڕۆ.

ڕەنگە ئەو زاراوەیە بەکار بهێنرێت وەك ئاماژەکردنێك بۆ ئەزموون و شارەزاییەکانی تاك، یان حاڵەتەکانی نەخۆشی و فێربوونەکانی یاخود چارەسەرییەکان.

دەکرێ زانیاریەکان دەربارەی مێژووی ئەو بوارانە بەچەند ڕێگایەك کۆبکرێنەوە، لەوانە بەکارهێنانی بەسەرهات و چیرۆکەکانی ژیانی کەسەکە، کەپێیدا تێپەڕ بووەو خودی کەسەکە نووسیویەتی، هەروەها نامەو وتارو بەڵگە یاساییەکان و ئەو چاوپێکەوتنانەی تاك سازیداوە لەگەڵ خەڵکێکی دیکە، سەرەڕای سەربوردەکانی ژیان.

مێژووی ژیان دەکرێ بەکاربهێنرێت بۆ تێگەیشتن لەرەفتاری کەسێکی دیاریکراو یان تیشك خستنە سەر ڕۆڵ و پێگە کۆمەڵایەتیە دیاریکراوەکانی، یاخود ڕێڕەوی ژیانی پیشەیی.

میتۆدی توێژینەوەی بار
طريقة دراسة الحالة
**Case study method**

واتە ئەو ڕێبازەی کەپێڕەو دەکرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و ئامارە زانستیەکانی پەیوەست بەهەر یەکەیەك ئەگەر تاك بێت یان دامەزراوە، یاخود سیستمێکی کۆمەڵایەتی و یانیش کۆمەڵێکی خۆجێی و گشتی.

کاری ئەو ڕێبازە لەسەر بنچینەی قوڵبوونەوە دەبێت لەلێکۆڵینەوەیەکی دیاریکراو لەمێژووی ئەو یەکەیە، یان لێکۆڵینەوە لەهەموو ئەو قۆناغانەی کە یەکەکە پێیدا تێپەڕ بووە، ئەویش بەمەبەستی گەیشتن بەچەند ئەنجامێکی گشتی زانستیانەی پەیوەست بەو یەکەیەی کەلێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجامدراوە، هەروەها بەو یەکانەی کە هاوشێوەی ئەون.

حزمەتگوزاری
خدمة الفرد
**Case work**
تاك

خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی یەك لەو ڕێگایانەیە بایەخ بەو تاکە دەدات کە بەرەو ڕووی کێشە کۆمەڵایەتیەکان یان دەروونیەکان بۆتەوە، ئەو لێکۆڵینەوەیەش بەتێگەیشتن دەبێت لەمێژووی پەرەسەندنی حاڵەتەکە (case history) هەروەها هەوڵدانیش بۆ تێگەیشتن لەکەسێتی و لەرەفتارو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی و هاوکاریکردنی بۆ گەیشتن بەبارێکی گونجانی کۆمەڵایەتی و کەسێتیەکی چاکتر.

خزمەتگوزاری تاك بەسێ قۆناغی تێکەڵاو تێپەڕ دەبێت، ئەوانیش بریتین لە: توێژینەوە لەحاڵەتەکەو دەست نیشان کردنی کێشەکە، هەروەها چارەسەرکردنی.

لێرەدا پسپۆری خزمەتگوزاری تاك (case worker) ڕێبازی خزمەتکردنی تاك بەکار دەهێنێ.

هەر لەبەر ئەوەی پسپۆرانتوێژینەوەلەحالەتەکەو چارەسەرکردنی دەکەن، ئەوا ئەو حالەتە بەحالەتێکی چالاك دامەزراو (active case)دادەنرێت، بەڵام ئەگەر حالەتەکە کۆتایی هاتبوو، ئەوا بەحاڵەتی نەجوڵاو وەستان دادەنرێت ( inactive case)

هەڵوەشاندنەوە
النقض
**Cassation**

تانە لێدان لەبڕیاری دادگابەهەڵوەشاندنەوەی، ئەو کارەش ڕێگایەکی نائاساییە دەگیرێتە بەرتانە لێدان لەهەندێ لەوبڕیارانەی کەبەکۆتایی دادەنرێت.

دیارە ئەو حاڵەتەش کەڕوو دەدات بەهۆی هەڵەیەك دەبێت لەڕاڤەکردنی یاساکەیان لەجێبەجێکردنی یاخود بەهۆی

بەتاڵبوونێکی جەوهەری دەبێت لەبڕیارەکەو لەکارراییەکانی.
تانە لێدانیش بەهەڵوەشاندنەوە لەبەردەم دادگای پێداچوونەوە دەبێت.

**Casual labour or worker** | العامِل العَرضي | کرێکاری کاتی - بەڕێکەوت -

ئەو کرێکارەیە کەلەکارو باری ناکاو بەڕێکەوت بەشێوەیەکی کاتی بەکار دەهێنرێت، دیارە ئەو حاڵەتەش بەشێك نیە لەو کارانەی خاوەن کارپێی هەڵدەسێت، کرێکاری کاتی ڕێکەوت بەزۆری لێهاتوویی و شارەزایی پێویستی نیە لەکارە پسپۆریەکاندا.

**Caste** | الطائفة المغلقة | تائیفەی داخراو

گروپێکی داخراوە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە، بنچینەکەی هۆ کارێکە بۆ حاڵەتی بۆ ماوەیی یان ملکەچی بۆ داب و نەریتەکەی دەگەڕێتەوە، ئەم گروپە جیاوازە لەحاڵەتی چین (class)، بەوەی بنەمایەکی ئاینی هەیە، هەروەها زیادە ڕۆیی هەیە لەحالەتی داخراوەییەکەی، چالاکی کۆمەڵایەتیشی نیە.
سیستمی تائیفە لەناو میللەتە جیاوازەکان زانراوە، باشترین نموونەش ئەو بارە کەلە هیندستان هەیە.
چەمکی تائیفە لەم ماوەیەدا فراوانتربووە بەجۆرێك تێکەڵاوی چەمکی چین بووەو بەکار دەهێنرێت وەك دیاردەیەکی مەجازی (خوازراو) بۆ بەدگۆیی، بۆیە دەوترێت ڕۆحی تائیفە.

**Castration complex** | عُقدة الخصاء | ترس لە خەساندن

ترسێکە لەنەستی مرۆڤدا، بەوەی ئەندامی سیکسی لەدەست بدات یان توانای لەسەر سیکس نەمێنی، دیارە ئەوەش بەهۆی ڕێگرتن و قەدەغەکردنی ویست لە چێژە سیکسیەکاندا دەبێت.

**Casuistry** | الافتاء | رادەربڕین فەتوا

ئەو پرەنسیپەیە، یان ئەو ڕێبازەیە کە پەیوەستە بەجێبەجێکردنی کردەیی بۆ بنەماکانی رەوشت، دیارە ئەو حاڵەتەش دەبێتە هاندەر بۆ ئەوەی تاك بتوانێت بریارێك وەربگرێت دەربارەی کێشەیەکی رەوشتی دیاریکراو، کەچەندین ئەرکی ناکۆك دەگرێتە خۆی.
ڕەنگە ئەو کارەش بەشێوەی وتارخوێندنەوە (سۆفستی) یان بەڵگاندن کۆتایی بێت، ئەویش لەڕێگای پێوانەیەکی بەتاڵەوە.

**Catabolism** | الهَدم | فەوتان زیندەرووخان

یەك لەدیاردەکانی میتاپۆلیزمە (گۆڕانی خۆراکی) لەبوونەوەری زیندوودا، ئەو کارەش وێرانکردنی گەردییە ئاوێتەییەکان بۆ گەردییە سادەکان دەگرێتە خۆی، لەگەڵ بەرپابوونی وزەی شاراوە.

**Category** | ١ – الفئة | توێژ

ئەو وشەیە ئاماژەیە بۆ چەند فۆرمێك لەشتەکان یاخود کاروکردەوەکان یان ئەو پەیوەندییانەی کەبەشێوەیەکی ڕێك و پێك و دووبارە بوونەوە دەردەکەون، بەجۆرێك ئەوچینە دەکات بەشتێك کەدەکرێ پێش بینی بۆ بکرێت، هەروەها زاراوەکە بەخودی شتەکەش دەوترێت.
دەوترێت ئاراستەیەکی پۆلێنکراوەیی (categorical attitude) واتە ئارەزوو بۆ پۆلینکردنی بابەت و روو داوەکان

لەچەند توێژو گوتەیەك، ئەو ئارەزووە بۆ پۆلینکردن تایبەتمەندنی و خەسلەتەکانی هزری مرۆڤایەتی بەگشتی جیاواز دەکاتەوە، بەتایبەتی لەبەکار هێنانە، زمانەوانیەکان، هەروەها ئەو ئاراستەیە بۆ پۆلینکردن توانا بەمرۆڤ دەدات کە درك بەرووە لەیەکچووەکان بکات لەنێوان شتەجیاکان، لەگەڵ کۆکردنەوەی دیاردەکان لەچەند شێوازو جۆرێك و ناویانیشی لێ بنێ سەرەڕای بەگشتی کردن.

بۆیە مرۆڤ ناتوانێت بەدەنگی بابەتێکەوە یان ڕووداوێکی دیاریکراوەوە بێت، ئەگەر لەدۆخێکی گۆشەگیردا بێت، بەڵکو ئەو بەدەنگەوە هاتنە وەك بەشێك لەسیستمێکی گشتی بۆ پۆلینکردن دێت.

گوتە ٢- المقولة

لەلۆژیکدا مەبەست لەم زاراوەیە، یەك لەوێنە بنچینەییەکانی تێگەیشتن یان شێوازەکانی بیرکردنەوە دەگەینێت، کە ئەو بڕیارە دەیگرێتە خۆی وەك ئەوەی گشتی و ئەندەکی هەروەها ئەرێنی و نەرینی بێت.

تەماشا بکە: گوتە کۆمەلأیەتیەکان **Social categories**

داخی دڵ ڕشتن
پاکژکردنەوە النفيس الاعلائي **Catharsis**

بەرپاکردنی ئەو هەست و سۆزو ئاواتانەی پێشیان خواردۆتەوەو خەفەکراون، ئەویش لەڕێگەی دەربڕینیان یان بەرز ڕاگرتنیان، یاخود قەرەبوو کردنەوەیان..هتد.

هەروەها مەبەست لەم زاراوەیە، کەمکردنەوە بێت لەو هەستانە، چونکە مانەوەیان لەبارێکی نەست و نائاگایی دەبنە هۆی شلەژانە جەستەییەکان یاخود دەروونیەکان.

چارەسەری دەروونی لەم بارەدا کاردەکات بۆ پاکبوونەوەی نەخۆشەکە لەوەی کە لەناخیدا کۆبۆتەوە لەو ڕەگەزە خەفەبووانە.

نەهێشتنی گرێ دەروونیەکان **Cf. abreaction**

بارگەی هەڵچوون الشُحنة الانفعالية **Cathexis**

بیروهۆش خستنە سەرکەسێك یان شتێك گرتنە خۆو بەکار هێنانی وزەو هێزی هەڵچوون ئامێز، هەروەها وروژاندنی ئەو وزەیە دەربارەی هەڵوێستێك یان کەسێك، یاخود کارو ڕووداوێك.

زاراوەکە ئاماژە بۆ چەندین پلەی جیاواز دەکات لەبایەخپێدان و سەرنج ڕاکێشان، یاخود بۆ ئاشکراکردنی ئەو ئامانجەی کەرەفتارێکی دیاریکراو ڕوو لەجێبەجێکردنی دەکات.

ئەنجوومەنی حزبی اللجنة الحزبية **Caucus**

لیژنە یان ئەنجوومەنی حزبی، لەژمارەیەك ئەندامانی پارتێکی دیاریکراو پێکدێت، بەئامانجی هەڵبژاردنی سەرکردەکانی حزب، هەروەها پالأوتنی چەند ئەندامێك بۆ ڕاپەڕاندنی چەند ئەرکێکی دیاریکراو، یان بۆ دانانی سیاسەت و پلانی حزب لەگەڵ ڕێکخستنی کاروبارەکان.

هۆ السبب
هۆکار العِلة **Case**

هەر شتێك ئاسەوارێك و پاشماوەیەکی لێ پەیدابێت، یان هەر جولەیەك یاخود گۆڕانێك یانیش ئەو حالەتەی کەبەزەروورەت دەکەوێتە پێش هەر ڕووداوێك.

دەوترێت هۆیی (لەبەر ئەوە) (causal)، یان هۆ کارێتی (causality) واتە بەدوایەکدی هاتنی ڕووداوەکان سنوردار دەبن و

بەو پەیوەندییەی کەلە نێوان هۆو ئەنجامدا هەیە دەبەسترێنەوە.
لەئەگەری بوونی هۆ، رووداوەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی یان تەنها بەڕێکەوت روونادەن، بەڵکو بەیەك شێواز پەیوەست دەبن، رووداونی هەریەکێکیان دەبێتە هۆی رووداونی ئەوانی دیکە.
هۆکارێتی (causation) واتە دۆزینەوەی پەیوەندنی نێوان هۆو هۆکار.
هۆی کۆمەڵایەتی (social causation) بۆ چوونێکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەرەفتاری کۆمەڵایەتی و نموونە کۆمەڵایەتیەکان بەستراونەتەوە بە یاساکانی هۆکارێتی، دەکرێ ڕوونیش بکرێنەوە لەبەر رۆشنایی هۆ و ئەنجام.

| رەبەنی | العُزوبة<br>التَبتُل | Celibacy |
|---|---|---|

حاڵەتی ژن نەهێنان، ئەم حاڵەتە بەسەر کەسێك پیادە دەبێت کەبڕیاری دابێت نەچێتە ناو ژیانی هاوسەرگیرییەوە، هەندێ کەس ئەم ڕێبازە دەگرنە بەر وەك جۆرێك لەژیانی دوور لەخۆشی و چوونە خەڵوەت و ژیانی پەرپووتی.
کۆمەڵگە سەرەتاییەکان، بەسووکی تەماشای ئەو کەسانەیان دەکردو بەکەسی ناسروشتیان دادەنا.

رەبەنی **Ana. Bachelorship**

| زیندان | ١ – زنزانة | Cell |
|---|---|---|

ژورێکە لەزیندان، تایبەتە بە بەندکردنی تەنیایی.

| شانە | ٢ – خلية | |
|---|---|---|

بچووکترین یەکەی بنچینەییە لەرێکخراوێك یان هەر بزووتنەوەیەك، بەتایبەتیش لەپارتە کۆمۆنیستەکان، شانە بەنهێنی کار دەکات و بڕیارەکانی بەزۆرینەی دەنگ وەردەگرێت لەڕووی تیۆرییەوە، بەڵام لەڕووی کردارییەوە ئەو حاڵەتە کەم بەرچاو دەکەوێت.

| چاودێری | الرقابة | Censorship |
|---|---|---|

پرۆسەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی بەجۆرو مۆرکە گشتیەکەیەوە، ئەنجامی کۆمەڵایەتی گەورەی کاریگەریان دەبێت، ئەوانە دەبنە بابەتێك بۆ چاودێریکردن و ئاراستەکردن لەلایەن کۆمەڵگەوە، ئەویش بەرێگای یاساوە.
بەم شێوەیە چاودێریکردن لەڕووی یاساییەوە بریتیە لەپابەند بوونێکی فەرمی بۆ هەر لێکدانەوەیەکی گشتی، کەباوەڕ وایە هەڕەشە لەدەسەڵاتی فەرمانڕەواو یاسای کۆمەڵگە دەکات.
لێرەدا دوو جۆر چاودێری هەیە: قەدەغەکردن (پێش بڵاوبوونەوە)، سزادان (دوای بڵاوبوونەوە).
چاودێریکردن، بوارەکانی کتێب و رۆژنامەو فیلمی سینەمایی و ڕۆمان و شانۆ گەری و ...هتد، دەگرێتەوە، ئەگەر چاودێری لەلایەن دەسەڵاتەوە بەکارهێنرا بۆ چەوساندنەوە ئەوا ئازادی پەیوەندیکردن سنوردار دەکات.
لەقوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی، مەبەست لەچاودێری کردن، ئەو کارەیە کەلایەنە هۆشیاریەکەی مرۆڤ پێی هەڵدەستێت لەکپ کردن و خەفەکردنی چەند ئارەزوو یادگارییەك، هەروەها ڕێگرتن لەوەی دەرکەوتنی بگاتە ئاستی هەست پێکردن.

| چاودێری رەوشتی<br>یان کۆمەڵایەتی | الرقابة الخُلقية<br>أو الاجتماعية | Censor ship, moral or social |
|---|---|---|

رازی نەبوون یان گلەیی و گازندە کردن لەلایەن کۆمەلانی خەڵکەوە بەرامبەر ئەندام و تاکەکانی کۆمەڵ، بەهۆی ملکەچی نەبوونیان بۆ بنەما ڕەوشیتەکان یاخود بۆ بەها سەلمێنراوەکانی ناو کۆمەڵ.

**Sensus** التعداد سەرژمێری

کارێکە حکومەت پەنای بۆدەبات، ئامانجی کۆکردنەوەی زانیارییە دەربارەی دانشتوان ئەویش لەسنوری وڵاتێك و لەمێژووییەکی دیاریکراودا، وەك ژمارەی دانشتوان لەڕووی ڕەگەزو تەمەن و حاڵەتی هاوسەرگیری و خوێندەواری و پیشەوئاین..هتد.

سەرژمێری بەپێی پڕکردنەوەی فۆرمی سەرژمێری (senus schedule)، دێتەدی، کەبەهۆیەوە زانیارییە جیاوازەکان کۆ دەکرێنەوە.

ئەمەو بەکارهێنانی مێژوویی بۆ زاراوەکەلەبواری ئاماری دانشتوان، بووە بەهۆی پارێزگاری کردن لێی، وەك بەڵگە هێنانەوەیەك دەربارەی شیکردنەوەی گشتی یان تەواوی دانشتوانلەبەرامبەر ئەو شیکردنەوە کەمە(بەشە شیکردنەوەی) یاخود ئەو ڕووپێوەی بەهۆی نموونەکانەوە ئەنجام دەدرێن.

**Center, culture** المركز الثقافي / منطقة الثقافة مەڵبەندی (ناوچەیەك) ڕۆشنبیری

ئەو شوێنەیە کە سیمایەکی کولتوری، یان پێکهاتەیەکی کولتوری تایبەتی تێدا باوە، لەو وێنانەی کە زۆرتر بڵاوو لەیەکچوون.

**Central business core** قلب المدينة مەڵبەندی ناوەندی شار

ئەم زاراوەیە بەو بەشەی ناوەندی کاروبارەکانی شار دەوترێت، ئەو شوێنە ناوەندی سەرەکی کارکردنی شارەکەیە، هەروەها سەرچاوەی چالاکی ناوخۆییەو شوێنی بەیەك گەیشتنەوەی کاروبارە دەرەکیەکانە.

بەزۆریش لەخانوو بەرەی نیشتەجێ بوون پێکهاتووە، بەڵام بەشی گەورەی بریتیە لە دام و دەزگاو بانك و بازاڕو ئۆتێل و نووسینگەی ڕەسمی و دامەزراوەی کارگێڕی و بازرگانی و گشتی و ....هتد.

**Ana. Central business district, central cooercial district, central traffic district.**

**Central tendency** النزعة المركزية ڕووکردنە چەق مەیلی ناوەندێتی

لەئاماردا مەبەست لەزاراوەی ڕووکردنە چەق، چڕکردنەوەی دابەشکردنی دووبارە بووەکانە لای بەهایەکی ناوەندە گۆڕاوێك، کە ئەوە زیاتر زانیاریەکان دەنوێنێ.

لێرەدا چەند جۆرێك لەناوەندەکان هەیە، وەك:

نێوانە ژمێرەیی arithmetic mean

باو جۆر - mode

ناوەڕاستە mdian

نێوانە ئەندازەیی geometric mean

نێوانە هارمۆنی harmonic mean

**Centralization** المركزية ناوەندێتی ناوەندگەرایی

مەبەست لەناوەندێتی لەناو کۆمەڵگەی شارستانی، ئارەزووی خەڵکە بۆ گردبوونەوە لە دەوری چەقی خاڵێك لەشارەکە، یان لەچەقی چەند خاڵێکی ناوەند لەشارە گەورەکاندا، نموونەش لەسەر ئەوە، ناوچەی بازرگانی شارەکەیە.

لەڕووی سیاسییەوە مەبەست لەناوەندێتی، ئەو سیستەمەیە کە بەهۆیەوە بەڕێوەبردنی وڵات ملکەچی ناوەندێکی سەرەکی

دەبێت، دیارە دژی ئەم سیستمەش، ناناوەندێتیە (decetralization).
لەبواری کارگێڕیدا مەبەست لەناوەندێتی، چڕکردنەوەی دەسەڵاتی دەرکردنی بڕیارەکانە کە لەژێر دەسەڵاتی لایەنێك یاخود یەك کەس بێت.
سیستمی ناوەندێتی بەبنەمای پلە بەندی سەرۆکایەتی جیاواز دەکرێتەوە، لەو سیستمەدا دەسەڵاتی جێبەجێکردن شێوەیەکی قوچەکی وەردەگرێت، هەر پلەیەك (ئاستێك) دەبێتە پاشکۆی پلەی سەرووتر، بەم جۆرە تاکارەکە دەگاتە سەرۆکایەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

**Ceremony** الشَعيرَة نەریتی کۆمەڵایەتی و ئاینی
الحفل المراسمي ئاهەنگی ڕەسمی

دەربڕینی هەست و ئاراستە هاوبەشەکانە، کە لەمیانەی چەند کاروکردارێکی ڕێك و پێکی ڕەسمیەوە ئەنجام دەدرێت، ئامانجیش پاڵپشتی کردنی پەیوەندییە هاوکارییەکانە لەنێوان کەسە بەشدار بووەکانی ناو ئەو ئاهەنگە.
لەجۆرەکانی ئەو نەریت و رێ و ڕەسمانە، ئاهەنگەکانی بونیادنان (building ceremonies)، کە لەکاتی دروست کردنی خانوبەرەی نوێی ئەنجام دەدرێت، هەروەها ئاهەنگی وەرزەکان (seasonal ceremonies) کە لەکاتی گۆڕانی وەرزەکان ساز دەکرێت.

**Certainty** اليقين دڵنیا بوون
بڕوا

بەرزترین پلەکانی دڵنیابوونە کەپشت بەچەند بەڵگەیەکی چەسپاو دەبەستێت و هیچ گومانێکی بەدوادا نابێت.
وشەی (certitude) هاوتای وشەی (certainty)یە، بەڵام یەکەمیان زۆرتر ڕووتکراوەتەوەو پەیوەستە بەخودەوە، لەکاتێکدا دووەمیان پەیوەستە بەدیاردەو لایەنە بابەتیەکانەوە.

**Chain system** طريقة السلسلة سیستمی زنجیرەیی

کاتێ ژمارە پێوانەییەکان بەکار دەهێنرێن لەئاماردا بۆ ڕوونکردنەوەی جولەی هەر دیاردەیەك و لەماوەیەکی دوورو درێژدا، ئەوا ڕەگەزی کات تێکەڵ بەبابەتەکە دەبێت، چونکە ئەگەر ماوەکە درێژەی کێشا لەنێوان ساڵێکدا یان ئەو ماوەی لەبنچینەدا بۆی دانراوە، کەبەساڵ بەراورد دەکرێت، ئەوا کات زامنە بۆ ڕوودانی گۆڕانێك لەو بارودۆخەی کە دەوربەری دیاردەکەی داوەو تۆژینەوەی لێدەکەین، هەر لەو بارەشدا ژمارە پێوانیەکەی لێ پێکدێت.
بۆ نموونە کاتێ توێژینەوە لەژمارە پێوانەییەکەی نرخەکان دەکرێت بە گوێرەی ساڵێکی دیاریکراودا، ئەوا دەبێت دڵنیابین لەبەردەوام بوونی دۆخە ئابوریەکان لەسەر هەمان حالەت ئەگەر بەنزیکردنەوەش بێت لەماوەی کاتی بەراوردکردنەکە چونکە ئەگەر جێگیری ئەو دۆخە ئابوریانە دەستەبەر نەکەین ئەوا توێژەر کار بۆ پێکهێنانی زنجیرەی کاتی دەکات لەژمارە پێوانەییەکان، هەرساڵێکیش بەگوێرەی ساڵی پێشوی، ئەوەش وەك بنچینەیەك.

**Chamber of commerce** الغرفة التجارية ژووری بازرگانی

چەند ئەنجوومەنێکن، پێکدێن لەبازرگانەکانی شار بۆ بەرگریکردن لەبەرژەوەندییەکانیان لەبەردەم دامەزراوەکانی حکومەت، هەروەها ئامادەکردنی پێشانگاو بازاڕەکان، لەگەڵ یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکانی نێوانیان و کۆکردنەوەی زانیاری و ئەو ئامارانەی کەپێویستیان دەبێت.

**Champer of deputies** مجلس النواب ئەنجوومەنی نوێنەران

Parliament — تەماشا بکە: پەرلەمان

**Chance** — المصادفة — ڕێکەوت

لەئامارردا، ڕووداوێکی هەڕەمەکییە، پێچەوانەی ئەو سیستەمەیە کەباوە، زەحمەتە پێشبینی بکرێت، بەڵام دەکرێ ڕوونبکرێتەوە بەپێی تیۆری ئەگەرێتی.

**Chance factors** — عوامل المصادفة — هۆکارەکانی ڕێکەوت

هۆکارەکانی ڕێکەوت لەمیتۆدەکانی توێژینەوەدا، بریتین لەچەند فاکتەرێکی گۆڕاو و نەزانراو، ئەوانە لەگەڵ خودی لێکۆلینەوەیەك گونجاونابن، ئەو فاکتەرانە کاریگەرییان لە ئەنجامی توێژینەوەکان دەبێت تاڕادەیەك، بەڵام ئەو کارتێکردنە هیچ هێمایەکی تایبەتی نیە، لەبەر ئەوەی هیچ دەسەڵاتمان بەسەریدا نیە، بەڵکو ناتوانین هەموو فاکتەرەکان بناسین کەدەکرێ کاریگەریان لەئەنجامێکی دیاریکراودا دەبێت.

دەوترێت: جیاوازییەکانی ڕێکەوت (chance variations) بۆ جیاوازییەکانی نێوان ئەو نموونانەی کەلەکۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا وەردەگیرێت و لە بنچینەدا بۆ فاکتەرەکانی ڕێکەوت دەگەڕێتەوە.

**Change, cultural** — التغيير الثقافي — گۆڕانی کلتوری

Cultural change — تەماشا بکە:

**Change, social** — التغيير الاجتماعي — گۆڕانی کۆمەڵایەتی

Social change — تەماشا بکە:

**Change technological** — التغيير التكنولوجي — گۆڕانی تەکنۆلۆژی

Technologicalchange — تەماشا بکە:

**Character** — الخُلق / الطبع — خەسلەت / تایبەتمەندی

سیستمێکی هەمەلایەنەی تەواوکارە لەسیماکان، یان لەخەسلەتە ئەقلیەکان یاخود لە دیاردە ڕەفتاریەکان، کەسێکی پێ جیاواز دەکرێتەوە.

ئەو سیمایانە پێکهاتەی دەروونی مرۆڤ دادەمەزرێنن و دەرفەتیشی پێ دەدەن کەبەرامبەر هەڵوێستە جیاوازەکان ڕەفتارێك بگرێتە بەر گونجاو بێت لەگەڵ خودی خۆیدا.

ڕەنگە چەمکی ڕەوشت تێکەڵاوی چەمکی کەسێتی ببێتەوە تاڕادەیەك، بەڵام جیاوازی سەرەکی لەنێوانیاندا ئەوەیە کەبایەخدانی زۆر بەڕەوشت ڕوو لەئیرادە دەکات و بەڕەنگی بەهاکان ڕەنگ دەگرن، لەکاتێکدا لەکەسێتیدا دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی ڕەفتار دەگرێتەوە بەشێوەیەکی تایبەت.

**Character disorder** — أضطراب السلوك — تێکچوونی ڕەفتار

چەند حاڵەتێکی شپرزەیی و شڵەژانیە، تووشی ڕەفتاری مرۆڤ دەبێت، سەرچاوەکەشی هۆکارە جەستەییەکان نیەو

حالەتەکەش بەشێك نیە لەنەخۆشیەکانی شێتی و مێشك تێکچوون، بەڵام ئەم نەخۆشیە پەیدا دەبێت وەك کاردانەوەیەك بۆ بارودۆخی نالـەباری ژینگـە، جۆرەکانیشی زۆرن لەشێوەی کێشە کەسێتیەکان دەردەکـەون، نموونـەی: نینـۆك قرتانـدن، میـز کردن لەکاتی خەوتن، هەڵچوون و توڕە بوون لەناکاو، یان لەشێوەی لادانی هەرزەکاران.

**بونیادنانی خەسلەت** — **بناء الخُلق** — **Character structure**

بونیادنانی کەسێتی، بریتیە لەلێکدانەوەیەکی گریمانەیی ڕاڤەکراو، بەبەریش هاتووە لەهەندێ دیاردەی رەفتاری، کە کۆمەلـە ئاراستەو بەهایەك ئاشکرا دەکەن، هەروەها لەگەڵ چەندین پاڵنەرو هاندەری وەرگیراو.
لەتایبەتمەنـدی و جیـاوازی ئـەو جـۆرە بونیادنانـە، پەرەسـەندییەتی لـەماوەی رۆژگـاردا، لەبـەر ئـەوەی بەرهـەمی ئـەزمون و شارەزایی تاکە.

**رووبەری بەخەسلەتکردنی کولتوری** — **منطقة التبلور الثقافي** — **Characterization, are of culture**

ناوچەیەکی دیاریکراوە، تێیدا خەسلەتەکانی یەکگرتنی گروپێکی کۆمەلایەتی تایبەت پەرە دەسێنێت.
ڕەنگـە ئـەو زاراوەیـە بـەکار بهێنرێت وەك ئامـاژە یـەك بـۆ ئـەو ناوچـەیەی کەرەچـەڵەك تێـدا پەرەدەسـتێنێت، ئـەویش لەئەنجامی پرۆسەکانی گونجان و ڕاهاتن، هەروەها ڕەنگە بەکار بهێنرێت بۆ وەسفکردنی ناوچەیەکی کولتوری دیاریکراو.

**خەسلەت ناسی**
**خەسلەتەکانی کەسێتی** — **عِلم الطباع** — **Characterology**

زانستێکە لەخەسلەت و کەسێتی دەکۆڵێتەوە، هەروەها زانینی ئەو تایبەتمەندییە بنچینەییانەی جۆرەها خەسڵەت و ڕەوشت پێکدێنێت، لەگەڵ دەرخستنی ئەو تایبەتمەندییانەی کە دەکرێ بەهۆیەوە خەسلەت و شێوەی تاکەکان پۆلین بکرێن.
ئەمە لەگەڵ رادەی پراکتیـك کردنـی ئـەو راسـتیانە لـەبواری: تەندروسـتی دەروونـی و فێربـوون و ئاراسـتەکردنی پیشـەیی و سیاسی و زانینی تاوان و ....هتد.

**کاریزما**
**بەهرەی پێشڕەوی** — **الالهام**
**الكاريزما** — **Charisma**

خەسڵەتێکە یـان تایبەتمەندییـەکی نائاساییە لای تـاك دێتـەدی، بۆیـە تواناکانی لـەڕادە بـەدەر دەبـن، ئـەم زاراوەیـە لـەڕووی ئاخاوتنەوە بەمانای (خواپێ بەخشیو) دێت، واتە ئـەو کەسـەی خـوا دەینێرێت بـۆ زرگـار کردنـی نەتەوەکـەی، ئـەو کەسـەش رابەرێکە خاوەن هێزێکی لەڕادەبەدەرو چەندین خەسڵەتی بەدەگمەن و توانای رۆحی هەیە.
سیستمی کاریزما، پشت بەگوێ رایەڵی دەبەستێت بۆ پالەوانەکەو قوربـانی دان لـەپێناو هێنانـەدی پەیامەکـەی، هـەر بـەڕادەی ئەنجامدانی رابەر بۆ ئەو جۆرە کارانەی کە لەرادە بەدەرن، ئەوا دەتوانێت لایەنگر بۆ رابەرایەتیەکەی خۆی کۆ بکاتەوە.
سـەرکردایەتی بەئیلـهام، پشـت بەقارمانیـەتی یـان پـیرۆزی سـەرکردە دەبەسـتێت، زیـاتر لـەوەی پشـت بەدۆخـە ڕەسمیەکـە ببەستێت.

**سەرکردایەت**
**کاراما** — **القيادة**
**الملهمة** — **Charismatic leadership**

نموونەیەکە بۆ سـەرکردایەتی، پشـت بەخەسـڵەتەکانی قارەمانیـەتی یـان پـیرۆزی و پایەبـەرزی کەسـی سـەرکردە دەبەسـتێت، زیاتر لەوەی پشت لەسەر هەلومەجە ڕەسمیەکە ببەستێت، ئەگەر بە شێوەیەکی میراتی بێت یاخود وەرگیراوی ئەو پێگەیە.

سەرکردەی کاریزما، یانیش سروش بەخشی، ڕەنگە لەلوتکەی دەسەڵاتدابێت، یان لەدەرەوەی دەسەڵات، واتە هیچ کارێکی ڕەسمی نیە لەهەر زنجیرەیەکی سەرۆکایەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەزامەندییەکی جەماوەری زۆری لەسەر دەبێت.

**Charity** — الاحسان — چاکە

خۆشەویستی مرۆڤ

ئەم وشەیە دوو مانای هەیە، مەبەست لەیەکەمیان جۆرێکە لەهەست کردن یان لایەنگری ئەو تاکانەی کەتووشی کێشەو ماندو بوون هاتوون، مەبەست لەدووەمیانیش : ئەو هۆکارەی کەبەهۆیەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو تاکانە دەکەین، هەردوو ماناکەش پەیوەستن بەئاینەوە.

هاوکاریکردنی ئەو نەدارو دەست کورتانەش، چەند ڕێکخراوێکی خێرگوزاری پێی هەڵدەسێت

Charity organizations or charitable organization or corparations.

ئەو ڕێکخراوانە هەڵدەستن بەکۆکردنەوەی پارەو داهات لەئەنجوومەنەکانەوە، ئەو بەخشین و پیتاکانەی کە کۆدەکرێنەوەش لەبواری چاکەکاریدا، شێوەو حاڵەتەکانی لەیاسای بنچینەیی ئەو ڕێکخراوانە ڕوونکراونەتەوە.

**Charm** — التعويذة، الطَلسم / الرُقية — جادوو / نوشتە

بریتیە لەتەنێکی بچووک، ئاسانە بۆ کەسێك هەڵگرتنی، وەك مورووەکی شین، باوەڕیش وایە کەجادوو کاریگەرییەکی سیحری هەیە، دەکرێ سوود بەخش بێت یان زیان بەخش.

ئەو جادوەی دەبێتە هۆی پەیداکردنی بەخت و هێز، پێی دەوترێت چاوەزاری (talismant)، بەڵام ئەوەی پارێزگاری تاك دەکات ئەوە پێی دەوترێت نوشتە (amulet) کەلەکۆسپ و مەترسیەکان دووری دەخاتەوە.

**Chart** — الرسم البياني / اللوحة — هێلکاری ڕوونکردنەوە / خشتە

ڕیزکردنی ڕووداوەکان ریزکردنێکی سیستمی لەسەر هێڵی ڕوونکردنەوەکە (خشتە)، لەگەڵ بەراوردکردنی نێوان برەکان و ئاراستەکان، هەروەها چۆنیەتی بڵاوبوونەوە یان دابەشبوون.

**Ana: diagram** — وێنەی ڕوونکردنەوە

**chastity** — العفة / الطّهارة — داوێن پاکی

مەبەست لەداوێن پاکی خۆڕاگرتن و ڕێگرتنە لەئارەزووە دەروونیەکان، هەروەها دوورکەوتنەوە لەهەر جۆرە پەیوەندیکردنێکی سیکسی لەپێش و لەدوای هاوسەرگیری، جگە لەگەڵ کەسی هاوسەر نەبێت.

ئەو ڕەفتارە لای کۆمەڵگا سەرەتاییەکان هیچ کێشەیەك ناگرێتە خۆی، لەبەر ئەوەی لای ئەوان لەگەڵ تەمەنی بالغ بوون هاوسەرگیری دێتەدی، بەڵام لەکۆمەڵگە پێشکەوتووەکان کەتێیدا پیاو و ژن بەرەو ڕووی زۆر حاڵەتی وروژێنەر دەبنەوە، ئەوا هەر دوو ڕەگەز دژوارە لایان بتوانن بەو کارە هەستن.

لایەنگرانی شیکاری دەروونی بۆ چوونیان وایە کەچەسپاندنی غەریزەی سیکسی ڕەنگە لای هەندێ کەس هۆکاری زۆر نەخۆشی بێت.

**Chauvinism** — التعصب / الوطني — شوڤینیەت / دەمارگیری نەتەوەیی

زیادە ڕۆیی لەنیشتمان پەروەرێتی تاڕادەی توندڕەوی کوێرانەو ڕەگەز پەرستیەکی درۆزنانە.

ئەم وشەیە لەناوی (Nicolas chauvin) وەرگیراوە، کەیەك لەسەربازانی کۆماری یەکەمی فەرەنسا بووە، ئەوەی دەربڕی بەئاشکرا لەنیشتمان پەروەرێتی و پەیوەست بوونی بەناپلیۆن، جێگای گاڵتە پێکردنی هاوڕێکانی بووە.

پێشەوا | الزعيم | Chief
سەرۆك | الرئيس

مەبەست لەپێشەوا لەڕووی ئەنثرۆپۆلۆجیەوە، سەرکردەیەك لەسیستمێکی کۆمەلآیەتی و لەسەر ئاستێکی کولتوری نزم، وەك عەشیرەت یان هۆز.

سەرکردە لەکۆمەڵگە سەرەتاییەکان بەهۆی سیستمی پشتاو پشتیەوە ئەو پێگەیە دەگرێتە دەست، چونکە لەو بارەدا ڕێگری لەهەڵوەشاندنەوەی کۆمەلآیەتی دەکرێت، کەبەهۆی پەککەوتنی دەسەلآت لەکاتی نەبوونی جێگر بۆ سەرۆك روو دەدات.

هەروەها ڕەنگە ئەو پێگەیە لەڕێگای هەڵبژاردنەوە دیاری بکرێت، لەو حالەتەشدا دەبێ سەرکردە هەلگری هەندێ خەسلەت بێت کەکۆمەڵ بەپێویستی دەزانێت، وەك لێهاتوویی سەربازی و خەسلەتە ئاینیەکان و توانای لەسەر وتار خوێندنەوە...هتد.

منداڵبوون | الوَضع | Child birth
| الانجاب

منداڵبوونی ژن، ئەو کردارە بەزۆر داب و نەریت دەور دەدرێت بۆ پارێزگاری منداڵەکە لەزۆرگیانی شەڕانگێزی و بۆ ئەوەی توانای ژیانی هەبێت، هەروەها هەندێ نەریت و ڕێ و رەسم بەکار دەهێنرێت بۆ ئەوەی ئەو منداڵە لەسەر هەمان ئەو ڕێبازە ئاینیە بێت کە بنەماڵەکەی پێڕەوی دەکات.

لادانی منداڵان | انحراف الاحداث | Child deline quency
تەماشا بکە: | | Juvenile delinquency

کارکردن | تشغيل | Child labour
بەمنداڵان | الاحداث

بەکارهێنانی منداڵان لەکاروباری جیاوازدا، پێش ئەوەی گەشەیان تەواو بکەن، ئەو کار پێکردنە لەتەمەنی منداڵیدا، یان لەکاروبارێکی شەکەتدا، ئەوە دەبێتە هۆی دواخستنی گەشەکردنی جەستەییان و ڕێگرتن لەوەی خوێندنی بنچینەیی بەدەست بێنن.

بۆیە یاسای کار لایەنی کەمی ئەو تەمەنەی دیاریکردووە کەدەکرێ کار بەمنداڵان بکرێت، هەروەها ژمارەی سەعاتەکانی کارکردنیشی دیاریکردووە، لەگەڵ ئەو جۆرە کارانەی کەدەکرێ پێی هەستن، ئەمەو ڕێگای کارکردنی شەوانەی لەمنداڵان قەدەغە کردووە، سەرەڕای کارکردن لەبواری قورس و دژوار کەزیان بەتەندروستیان بگەیێنێت.

مردنی منداڵان | وفيات الاطفال | Child mortality

لێرەدا مەبەست ئەو منداڵانەیە کەتەمەنیان یەك ساڵی تێپەڕ نەکردووە، لێکۆڵینەوە دیموگرافیەکان گرینگی بەمردنی منداڵان دەدەن بەهۆی هەستیاری گەورەی دیاردەکە، دیارە ئەو جۆرە مردنانەش ڕوو لەزۆر بوون دەکەن بەهۆی نزمی ئاستی

ڕۆشنبیری و گوزەرانی خەڵك و نەبوونی خزمەت گوزارییە تەندروستیەكان.
بەرزبوونەوەی تێكڕای مردنی منداڵان لەو تەمەنەدا، زیانێكی گەورە بە دەوڵەت دەگەیەنێت، ئەو منداڵانە كەدەمرن و پێش ئەوەی تەمەنیان بگاتە ئاستی كاركردن و بەشداری بكەن لەبەرهەم هێنان، چونكە لەلایەن دەوڵەتەوە خەرجییەكی زۆریان لێدەكرێت لەداهاتی نەتەوەیی، لەبوارەكانی خزمەتگوزاری تەندروستی و كۆمەڵایەتی جۆراو جۆرەوە.

**Child protection** رعاية الاحداث چاودێری منداڵان

هەركارێك ئەنجام بدرێت لەگەڵ منداڵ بەمەبەستی گەشەپێدانی تواناو هێزی بەرگری كردن و ڕێگرتن لەهێزو ویستی بەدەنگەوە هاتنی بۆ كارتێكردن و وروژێنەرە زیان بەخشە دەرەكیەكانی دەوروبەر، ئەویش بەمەبەستی ڕێگرتن لەهەر جۆرە لادان و بەد ڕەفتارییەك ڕەنگە تووشی بێت.
خزمەتگوزاری كۆمەڵایەتی جۆری جیاوازی منداڵی بەرەو روو دەبێتەوە، لەوانە منداڵی بەجێ هێڵراو (بێكەس) (abandoned) و منداڵی بەش بڕاو (بێ گوزەران) (deprved) و ئەو منداڵانەی جێگای حەوانەوەیان نیە (homeless) لەگەڵ منداڵانی ناشەرعی (illegitimate) و ئەو منداڵانەی هەڵس و كەوتی خراپیان لەگەڵ دەكرێت (maltreated) هەروەها ئەو منداڵانەی نەخۆشی جەستەییان دەبێت (physically handicapped) و منداڵی بەكێشە (problem child) و منداڵیتنەگونجاو (maladjusted)، ئەو كارەش لەڕێگای لێكۆڵینەوە لە حاڵەتی هەر منداڵێك و بڕیاردان لەسەرچارەسەری گونجاو بۆی دەبێت.

**Child psychology** سيكولوجية الطفل / علم النفس الطفل دەروونناسی منداڵ

لقێكە لە لقەكانی دەروونناسی، لەگەشەكردنی ژیانی ئەقلی و رەفتاری منداڵان دەكۆڵێتەوە، لەرۆژانی لەدایكبوونەوە تادەگاتە تەمەنی پێگەیشتن.

**Child social work or child welfare** الخدمة الاجتماعية للطفولة خزمەتگوزاری كۆمەڵایەتی منداڵ

ئامانج لەچاودێری منداڵ، لێكۆڵینەوە لەباردۆخی منداڵە لەناو خێزانەكەی و لەبوارەكانی تەندروستی و دەروونی و كۆمەڵایەتیەوە، هەروەها ئامادەكردنی ئەو بوارەی كە بەكەڵكی ژیانێكی جێگیر دێت لەگەڵ چارە سەركردنی ئەو كێشانەی كەبەرەو ڕووی دەبێتەوەو چارەكردنی نەخۆشی و فەراهەم كردنی داودەرمان بۆی.
لەم بوارەدا دامەزراوەی زۆر هەیە بایەخ بەمنداڵ دەدات، وەك: نۆرینگەی منداڵان (child clinic)، نۆرینگەی ئاراستەكردنی منداڵان (child guidance clinic)، دادگای منداڵان (child court)، مەڵبەندی دابەشكردنی شیر ( child nutrition centre)، نەخۆشخانەی منداڵان (child hospital)، مەڵبەندی چاودێری منداڵ(child welfare centre).

**Child welfare** رفاهية الاطفال خۆشگوزەرانی منداڵان
**Child socialwark** تەمەشا بكە:

**Childhood** مرحلة الطفولة قۆناغی منداڵی

بریتیە لەقۆناغی نێوان كۆتایی شیردان و تەمەنی باڵغی، ئەم قۆناغە دابەش دەبێتە سەر سێ بەش:
قۆناغی منداڵی سەرەتایی (early childhood) كەدەكەوێتە نێوان كۆتایی شیردان و تەمەنی شەشساڵی، قۆناغی منداڵی

ناوەڕاست (mid childhood) دەکەوێتە نێوان ساڵانی شەش بۆ دە، قۆناغی کۆتایی (late childhood) نێوان ساڵی دە بۆ دوازدە، کەپێی دەوترێت قۆناغی پێش هەرزەکاری، (preadolescence).

فاڵ گرتنەوە | فَن قِراءة الكف | **Chiromancy**

ئەم هونەرە بایەخ بەخوێندنەوەی هێڵەکانی ناو لەپ دەدات، بۆ ئەوەی بە هۆیەوە ڕەوشتی مرۆڤ، لەگەڵ کارامەیی کێشەو بەخت و دەسکەوتەکانی دەربخات، هەروەها چەندین کاروباری دیکەی شاراوەی ژیانی ئەو مرۆڤە.

سوار چاکی | الفروسية | **Chivalry**
جوامێری | الشهامة

خەسڵەتێکە چینی خانەدانەکان لەسەردەمی دەرەبەگایەتی پێی جیاواز دەکرێتەوە، هەروەها ئاماژەشە بۆ نموونەی باڵای شکۆیی و ڕەفتاری خانەدانەکان.
بەڵام وشەکە لەسەردەمی نوێدا ئاماژەیە بۆ خۆش دوانی لەگەڵ ژنانی لاوازو پەك کەوتوو.

پێگەیەکی بژاردە | مكانة مُختارة | **Choice status**

زاراوەیەکی سۆسیۆلۆجیە، ئاماژە بۆ ڕەوشی تاکێکی دیاریکراو دەکات لەناو گروپێك یان خودی کۆمەڵگەیەك، ئەو ڕەوشە پشت بەچەند حاڵەتێك دەبەستێت لەهەڵبژاردنی دیاردە ئەرێنی و نەرێتیەکان کە تاك بەرەو ڕوویان دەبێتەوە لەیەك لەتاقیکردنەوە، (سۆسیو مەترییەکان) پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان.

کرنۆلۆژیا
لستی ڕووداوەکان بەدوای یەکدا | الترتيب التسلسلي للوقائع | **Chronology**

ئەو زانستەیە کە مێژووی وردی ڕووداوەکان و ڕێکخستنیان دیاری دەکات بەپێی زنجیرەی کاتەکانیانەوە.
کرنۆلۆژیا دووجۆرە: کرنۆلۆژیای ڕەها (absolute chronology) ئەم جۆرەیان مێژووی ڕووداوەکان بەساڵ دیاری دەکات.
کرنۆلۆژیای ڕێژەیی (relative chronology)، ئەم جۆرەیان مێژووی ڕووداوەکان بەپێی هەندێك بۆ هەندێکیان دیاریدەکات.
دەوترێت میتۆدی توێژینەوەی مێژوویی بەپێی ڕیزبەندی ڕووداوەکان (chronological method) وەك ئاماژە بۆ کردنێك دەربارەی ڕێبازی فێربوونی مێژووی کەبەو پێیە مێژوو بەگشتی بۆ چەند ماوەیەك دابەش دەکرێت و هەر یەکیان چەند ساڵێك دەخایەنێت.

سینەما | السينما | **Cinema**

بریتیە لەو وێنە جوڵاوانە کەئامێری سینەما لەسەر پەردەی تایبەت دەیخاتە ڕوو.
سینەما بەگرینگترین هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری دادەنرێت، ئەویش بەهۆی دیاردەکانی و ڕوژاندن و هاندان و تامەزرۆکردن کەدەیگرێتە خۆی، هەروەها سینەمابە یەك لەهونەرە بەکۆمەڵەکان دادەنرێت، وەك چالاکیەکی کۆمەڵایەتی جۆرێکی بەتەواوی جیاواز لەوروژاندن و هەست بەخۆشی کردن دەخولقێنێ، دیارە ئەو دیار دانەش لەبوارەکانی خوێندنەوەو رادیۆو هەندێ هونەری دیکە بەدی نایێت.
لەسینەمادا بینەر لەمیانەی ئەو هەڵوێستەی کە دێتە بەرچاوی و هەستی ڕەزامەندی بەرامبەری دەبێت، ئەوا کەسێتی خۆی

لەمیانەی ئەو هەڵوێستە بەرجەستە دەکات.
هەندێ خەڵك روو لەسینەما دەکەن وەك دوورکەوتنەوەیەك لەو دۆخەی تێیدا دەژین، یان بۆ ئەوەی لێی جیاببنەوەو خۆیان بە کارێکی دیکە سەرقاڵ بکەن، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت وەك پشوودان.

**Vicious circle, vicious** الدورة المفرغة بازنەی بەتاڵ

بریتیە لەجۆرە رێکخستنێکی بازنەیی، هەر لایەکی پشت بەلایەکی دیکە دەبەستێت، واتە دەبێ لەبارێکی هۆکارێتی بێت بۆ ئەوەی پێشەوەی و هۆکاریش بێت بۆ ئەوەی بەدوایدا دێت، بازنەی بەتاڵ لەلۆژیکدا، ئەو هەڵەیەیە کەبەهۆی پێناسە کردنی شتێك یان سەلماندنی بەبەڵگەوە دروست دەبێت.

**Vicious circie of poverty** تەماشا بکە: بازنەی بەتاڵی هەژاری

**Circular reaction** الاستجابة الدائرية پەرچە کرداری بازنەیی

یەك لەشێوەکانی کاری کۆمەڵایەتیە، کاتێ کاروبارە دیارەکانی زیندەورێك یان زیاتر، دەبنەهۆی وروژاندنی زیندەوەرانی دیکە، بەجۆرێك بەدەنگەوە هاتنەکانیان بەڕۆڵی خۆیان دەبنە وروژێنەرێکی زیاتر بۆ کاروباری دیکە.

**Circulation (economics)** التوزيع (في علم الاقتصاد) دابەشکردن - لەئابوریناسیدا -

مەبەست لەدابەشکردن لەئابوریناسیدا، دابەشبوونی داهاتی نەتەوەییە (قەوارەی ئەو پارەیەی لەئاڵوویردایە) لەنێوان فاکتەرەکانی ئەو بەرهەمهێنانەی بەشداری دەکەن لە خولقاندنی ئەو داهاتەو دواتریش دابەش بوونەکە دێتەدی لەسەر شێوەی سوودو قازانج وکرێ.
هەروەها ئەم زاراوەیە لەبواری ئەو بەشە بازرگانیە بەکار دەهێنرێت کە پەیوەستە بەجولەی کاڵاو کەرەستەکان لەلایەن بەرهەم هێنەرەوە بۆ بەکاربەران.

**Circulation of elilte** دورة الصفوة سووری دەستەبژێری

پرۆسەیەکە بەو پێیە کەسەکان لەپێگە کۆمەڵایەتیە نزمەکانەوە سەردەکەون بەرەو پێگە بەرزەکان، بۆ پڕکردنەوەی پلەکانی دەستە بژێری.

**Citizen** المواطن هاونیشتمانی هاوڵاتی

ئەندام لە دەوڵەتێك، ئەو وەك هەر ئەندامێکی دیکەی ئەو دەوڵەتە ماف و ئیمتیازانی تەواوی هەیە کە دەستوری وڵات دابینی کردووە، هەروەها هەمان ئەو ئەرکانەی لەسەرە کەدەستوری وڵات سەپاندوویەتی.
لێرەدا پێویست دەکات جیاوازی لەنێوان هاوڵاتی (citizen) و کەسی ژێردەستە (رەعیە) (subject) و کەسی پاشکۆ (ressortssant) بکەین.
هاوڵاتی، تەواوی مافە سیاسیە مەدەنیەکانی هەیە لەناو ئەو دەوڵەتەی کە ئینتیمای بۆی هەیە، بەڵام کەسی ژێردەستە کەدانیشتووی وڵاتێکە، ئەو مافەکانی ناتەواون، کەسی پاشکۆش، ئاماژەیە بۆ دانشتوی وڵاتێك بەڵام وڵاتەکەی پاشکۆی دەوڵەتێکی دیکەیەو ملکەچی سیستمی پارێزگاریکردنە، یان سپاردنە، یاخود لەژێر چاودێرییە.

**Citizenship** المواطنة هاوڵاتی بوون

هاوڵاتی بوون، خەسلەت و تایبەتمەندی هاوڵاتی دێت، ئەرك و مافەنیشتمانیەکانی دیاری دەکات، تاك مافەکانی خۆی دەزانی و ئەرکەکانیشی جێبەجێ دەکات، ئەویش بەهۆی پەروەردەی نیشتمانیەوە دێتەدی.

هاوڵاتی بوون، بەجۆرێکی تایبەت، بەملکەچی بۆ نیشتمانەکەی جیاواز دەکرێتەوە، لەگەڵ خزمەتکردنی لەکاتەکانی ئاشتی و جەنگ، هەروەها هاوکاریکردنی هاونیشتمانیانی دیکە لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتیەکان.

**City** المدينة شار

گردبوونەوەیەکی دانیشتوان و شوێنێکی ئاوەدانی هەمیشەیی گەورەیە، بەشێوازە شارستانیەکەی بۆ ژیان جیاوازدەکرێتەوە.

پێناسەی زۆر بۆ شارکراوە، بەپێی ژمارەی دانشتوانی، یان جۆری ئەو پیشەیەی زاڵە بەسەریدا، یاخود بنچینە ئابوریەکەی دانشتوانی، یانیش ئاستی کارگێڕی و روخساری شارستانی.

بە بۆچوونی (sarokin) شار چەند بنچینەیەکی هەیە پێی جیاواز دەکرێتەوە، لەوانە: پیشە، ژینگە قەبارە، چڕی دانشتوان، یەکگرتوویی یان ململانێی دانشتوان، جیاوازی چینە کۆمەڵایەتیەکان، بزاوتی کۆمەڵایەتی، سیستمی کار لەیەککردن

تەماشا بکە: شارۆچکە **Borough**

شاری گەورە **metroplis**

**City, commercial** المدينة التجارية شاری بازرگانی

جۆرێکە لەشارەکان، بەوە جیاواز دەکرێتەوە کەپیشەسازی تێیدا چڕ نیە، مۆرکە گشتیەکەشی لەوە دەردەکەوێت کە وەك ناوەندێکە بۆ دابەشکردن و ئاڵ و گۆڕکردنی کاڵا ئابورییەکان.

ئەم جۆرە شارانە زیاتر لەبەیەك گەیشتنی رێگاکانی هاتووچۆکردنی سەر زەوی و ناو دەریا دروست دەبن.

**City industrial** المدينة الصناعية شاری پیشەسازی

جۆرێکە لەشارەکان، بەمەڵبەندی پیشەسازی یان دەرهێنانی کانەکان دەناسرێت.

شاری پیشەسازی بەزۆری بچووك دەبێت، هەروەها یەك یاخود دوو جۆرە پیشەسازی تێدا بلاودەبێتەوە، ئەگەر چی شاری پیشەسازی خزمەتگوزاری بۆ دانشتوانی یانیش ناوچەکەی دەوروبەری ئامادە دەکات، بەلام چەند هۆکارێکیش هەیە وەك شوێن، رەنگە رێگر بێت لەبەردەمی بۆ ئەوەی وەك مەڵبەندێکی گرینگی بازرگانی کاربکات.

**City, primate** المدينة الرئيسية شاری سەرەکی

ئەوشارەیە کەقەبارەی زۆر گەورەترە لەشارەکانی دیکەی دەوڵەت، بەجۆرێك بەشێکی گەورەی وەبەرهێنان و دەستی کارکردن لەخۆ دەگرێت، هەروەها زاڵ دەبێت بەسەر شێوازە کلتورەیەکە، ئاسەواری خراپیش بەجێ دەهێڵێت بەسەر گەشەکردنی شارەکانی دیکە.

لەو شارەدا خەرجی و بەکاربردن ئاستێکی بەرزی دەبێت بەبەراورد بۆ تێکڕای بەرهەمهێنان.

**City residential** مدينة الأقامة السكنية شاری نیشتە جێبوون

ئەو جۆرە شارە ناوچەیەکی نیشتەجێبوون پێکدێنێت لەسنوری شارێکی گەورەدا، شاری نیشتەجێ بوون لەرووی ئابورییەوە پشت بەشارێکی گەورەتر لە خۆی دەبەستێت و دەبێتە سەرچاوەیەکیش بۆ دەستی کارکردن بۆی، بۆیە ئەم جۆرە شارە

بنچینەی ئابوری ئەو شارانەی نابێت کە هەمان قەبارەیان هەیە.

نەخشەکێشانی شار | تخطيط المدينة | **City planning**

ئەندازیاران زاراوەی نەخشەکێشانی شارەکان، تەنها بۆ نەخشەکێشانی مادی (physical planini) و گوزەران و ژیانی شار بەکار دەهێنن.

واتە، دیاریکردنی پێداویستیەکانی شار لەشوێنی حەوانەوەو ڕێگاکانی هاتووچوو فوتابخانەو...هتد، پاشانیش دیاریکردنی لەبارترین شوێن بۆ دروست کردنی ئەو خانوو بەرانەی کەئەو جۆرە چالاکیانە دەگرێتەوە.

زۆربەی کۆمەڵناسان بۆ چوونیان وایە کە نەخشەکێشانی شارەکان لەوبارە فراوانترە، ئەو نەخشەکێشانە دەبێ پلانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و مادی بگرێتەوە، لەڕاستیدا جیاکردنەوەی نێوان لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و مادی لەپلانداناں ڕەنگە کارێکی ئەستەم بێت، ئەم کارە پرۆسەیەکی هەمەلایەنەیە.

هەرێمی شار | أقليم المدينة | **City region**

- هەرێم -

بریتیە لەناوچەی دەرەوە کەدەبێتە پاشکۆی شارەکە، یان لەبواری خزمەتگوزاریەکانی دەبێت، ئەوەش وا دەگەیێنێ، کە ناوچەی دەست رۆیی و سنوری ئەو هەرێمە (ناوچەی شارەکە) بەتەواوی ئاشکرانیە، بۆیە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بۆ هەندێ خزمەتگوزاری یان شوێنی کاڵاو کەل و پەلە شارییەکان بەتەواوی لەگەڵ یەك ناگونجێن.

مەرج نیە ناوچەی شار ناوچەیەکی گوندنشین بێت، ڕەنگە ئەو بوارە بکەوێتە سنوری شارێکی گەورەی دیکەوە، هەروەها دەکرێ لەسنوری هەرێمێکی ناسەرەکی شارێکی مەزن بێت، بەوجۆرە ئەو هەرێمە بریتی دەبێت لەکۆمەڵە شارێکی بچووك لەسەر چەند ئاستێکی جیاوازدا.

سنوری هەرێمی شارو بوارەکانی جیاواز دەبن بەپێی گرنگی شارەکەو جۆری ناوچەکەو رادەی پەرەسەندنی ڕێگاو بانەکانی و چڕی دانشتوانی و ....هتد.

دەسەڵاتی شارەکە بەسەر هەرێمەکەی کەم دەبێتەوە بەپێی دوورکەوتنەوە لە شارەکە.

ناوچەی شاری | **Ana. Urban field**

ڕووبەری بیناسازی شار | منطقة عمران المدينة | **City settlement area**

تەماشا بکە: هەرێمی شار | **City region**

دەوڵەتی شار | دولة المدينة | **City state**

- شارە دەولەت -

شارێکە بەدەوڵەتێکی سەربەخۆ دادەنرێت و ملکەچی هیچ یەکەیەکی سیاسی لەخۆی گەورەتر نیە، کارە تایبەتیەکانی دەوڵەتی شار درێژە دەکێشێت بۆ دەرەوەی شارەکە کە چەندین شاری بچووك و گوندو ناوچەی جوتیاری دەگرێتە خۆی، ئەوانی دەکەونە ناوچەکانی دەوروبەری شارەکە.

ئەو شارانە بەشێوەیەکی تایبەت لەمێژووی رۆمان و یۆنانی کۆندا دەرکەوتوون، لەو شارستانیانە چەندین شار دروست بوونەو چالاکیە سیاسی و هزری و ئاینی و بازرگانیەکان تێیدا چڕ بوونەتەوە.

زانستی پەروەردەی نیشتمانی | علم التربية الوطنية | **Civics**

ئەو زانستەیە کە پەیوەندی هاوڵاتی بەژینگە کۆمەڵایەتیەکەی ڕووندەکاتەوە، لەگەڵ هەموو ئەو بابەتانەی کەبەهۆی ئەم پەیوەندییەوە دروست دەبن، لەسیستم و یاساو ماف و ئەرکەکان.

ئەم زانستە بەشێوەیەکی تایبەت لێکۆڵینەوە لەیاسای دەستوری و کارگێڕی دەگرێتەوە.

**یاخی بوونی مەدەنی** **العصيان المدني** **Civil disobedience**

ملکەچ نەبوون بەرامبەر دەسەڵاتدارو بەرهەڵستی کردنی تاکەکان بۆ دەسەڵاتدارە مەدەنیەکان، ئەویش وەك ناڕازی بوونێکی سیاسی و خستنەڕووی چەند داواکاریەکی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی.

ڕەنگە ئەو یاخی بوونەش نەدانی باج و دژایەتی یاساو سیستمە ناوخۆییەکانیش بگرێتەوە.

**یاسای مەدەنی** **القانون المدني** **Civil law**

یاسایەکە، پەیوەندیە تایبەتیەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە ڕێکدەخات، بێ سەرنجدان بۆ ژیانی گشتیان کەپەیوەندی دەبێت بەیاساگشتیەکەوە.

ئەو پەیوەندییە یاساییانەی کەیاسای مەدەنی ڕێکیان دەخات لەداڕشتنی یاساتازەکاندا، پەیوەست دەبن بەدوو دیاردەی کۆمەڵایەتی دێرینەوە، ئەوانیش: خێزان و خاوەنداریێتیە.

**ئازدییە مەدەنیەکان** **الحريات المدنية** **Civil liberties**

ئەو ئازادیانە دەرفەت بەمرۆڤ دەدەن کەبەویستی خۆی کاربکات بێ ئەوەی پابەندبێت بەهەر دیاردەیەك ڕێگری لێ بکات لەبەردەم کارەکەی.

ئەو ئازادیانەش بریتین لە: ئازادی ئاخاوتن و نووسین و بلاوکردنەوەو بیروباوەڕو کۆبوونەوە، بێ هیچ چاودێرییەك.

**مافە مەدەنیەکان** **الحقوق المدنية** **Civil rights**

ئەو مافانەی کەیاسا ڕێگای پێدەدات بۆ هەموو دانشتوانی دەوڵەت، ئەو مافانە گشتی ترە لەو مافە سیاسییانەی پەیوەستن بەهەڵبژاردنی فەرمانڕەواکان و بەشداریکردن لەکاروباری سیاسی و دەسەڵات کەهاوڵاتیان کەڵکی لێوەردەگرن، واتە دانیشتوانی دەوڵەت نەك بیانیەکان.

هەروەها ئەو مافانە لەمافە سروشتیەکان بەوە جیاواز دەبنەوە کە بەهایەکی یاساییان هەیە شان بەشانی بەها فەلسەفیە نموونەییەکەی.

مافە مەدەنیەکان ڕێژەیین، ئەو مافانە ڕەهانین، هەڵ و مەرجەکەی بەپێی سەردەم و شوێن خۆی دەگونجێنێت.

ڕاگەیاندنی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ (1948) سەر ژمێرییەك بۆ ئەو مافە مەدەنیە ڕەسەنانە دەگرێتە خۆی، کەپێویست دەکات هەموو مرۆڤێك لەجیهاندا سوودی لێ وەربگرێت.

**هزمەتگوزارییە مەدەنیەکان** **الخدمة المدنية** **Civile service**

کۆی ئەو کەسانەی لەکارەکانی بەڕێوەبردنی دامەزراوە حکومیەکان دامەزراون و کاردەکەن، ئەوە جگە لەئەندامانی هێزە چەکدارەکان و فەرمانبەرە هەڵبژێردراوەکان.

بواری کارگوزارییە مەدەنیەکان لەسەردەمی نوێدا فراوان بووە، دیارە ئەویش بەهۆی زۆربوونی بواری فەرمانبەریتیەکانی دەوڵەت.

**ڕەوشی مەدەنی** **الحالة المدنية** **Civil status**

کۆی ئەو خەسلەت و مەرجانەیە کە یاسای مەدەنی دیارییان دەکات و بەهۆیەوە پەیوەندییە تایبەتیەکانی نێوان تاکەکان لەکۆمەڵگەدا ڕێك دەخرێن.

ئەو خەسلەت و مەرجانەش دەبنەماڵ بەسەر ئەو کەسەو بەسەر شوێنی نیشتەجێ بوونی و پێگەیاسایییەکەی.
ئەو پێگەیەش بەو دەوڵەتەوە دیاریدەکرێت کە تاك ئینتمای بۆ هەیە لەگەڵ خێزان و ئەو ڕێبازەی کە باوەڕی پێی هەیە.

**جەنگی ناوخۆ** | **الحرب المدنية او الاهلية** | **Civil war**

ململانێیەکی توندو تیژە لەنێوان دوو بەرەی ناو دەوڵەتێك، هەریەکەیان هەوڵدەدات زاڵبێت بەسەر دەسەڵات، یان هەوڵی سەربەخۆیی دەدات بەجیابوونەوەی لەدەوڵەت.
جەنگی ناوخۆ جیاوازە لەشۆڕش، لەبەر ئەوەی هێزە شەڕکەرەکان لەو جەنگەدا پشتیان بەڕێکخستنێکی سیاسی دەبەستن و دەتوانن سەرکەوتنی کۆتایی بەدەست بهێنن.

**شارستانیەت** | **المدنية الحضارة** | **civillization**

شارستانیەت دژی کۆچەریتیە، هەروەها ڕووبەڕووی درندەیی و کیۆێتیە، شارستانیەت قۆناغێکی بەرزە لەقۆناغەکانی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی، خۆی دەنوێنێ لەبەدیهێنانی پێشکەوتن لەبوارەکانی ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و دیاردەکانی پێشکەوتنی زانستی و هونەری و ئەدەبی، کەلەناو کۆمەڵگەوە لەوەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکەکی دیکە دەگوازرێتەوە.

**شارستانیەتی بەر لەپیشەسازی** | **حضارة ماقبل الصناعة** | **Civillazation, pre-industrial**

ئەو شارستانیەتە لەئاستێکی بەرزی پەرەسەندنی هونەری و ئەدەبی و فەلسەفی و تەکنولۆجی بووە، بەلام ژیانی ئاوەدانی تێیدا نەگەیشتە ئاستی خەسلەتە تایبەتیەکانی کۆمەڵگەی پیشەسازی تازە.
نموونەی ئەوانەش، شارستانیەتی ئەسیناو ڕۆما، یان وڵاتانی چین و هیندستان لەسەدەی نۆزدەهەمدا.

**هاوڵاتێتی باش** | **المواطنة الصالحة** | **Civism**

مەبەست لەم زاراوەیە، ملکەچی هاوڵاتیە بۆ نیشتمانەکەی و بایەخدانی بەبەرژەوەندی گشتی، لەبنچینەدا مەبەست لەم زاراوەیە دڵسۆزی هاوڵاتی بووە بۆ بنەماکانی شۆڕشی فەرەنسا.

**داواکردن** | **المطالبة** | **Claim**

داواکردنی مافێك یان بەرپرسیاریەتیەك لەسەر کەسێکی دیکە، لەگەڵ خستنەڕووی ئەو داواکارییە بۆ بەردەم لایەنە کارگێڕییەکان پێش پەنابردن بۆ دادگا.
لەم بارەوە داواکردنی بەکۆمەڵ هەیە کە کرێکاران دەیخەنە ڕوو بۆ چاککردنی مەرج و بارودۆخەکانی کارکردن.

**هەست تیژی** | **الاستشفاف** | **Clair voyance**

واتە، بوونی توانا لەسەر بینینی شتە نادریارەکان، یان ئەو ڕووداوانەی کە ڕوو دەدەن لەدوورەوەو بێ بەکار هێنانی هەستە ئاساییەکان و بێ پابەند بوون بەڕەهەندەکانی کات و شوێن.

**عەشیرەت تیرە** | **العشيرة** | **Clan**

کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی سەرەتاییە، دەگەڕێتەوە بۆ باپیرەیەك یان تەوتمێك، ئەندامانی بەشداری دەکەن لەیەك

خاوەندارێتی و هاوکاری یەکتر دەکەن لەحالەتی بەرگریکردن لەعەشیرەت.
عەشیرەت تەسکترە لە ئێل کەبەهەمان کولتوری سەرەتایی جیاواز دەبێتەوە.

تەماشا بکە: خزمان — Sib

ئێل — Tribe

یەکگرتنی عەشیرەتەکان — Phratry

چین — ١ – الطبقة — class

توێژێکی گەورەی خەڵکە، لەناو سیستمێکی چینایەتی، بەبوونی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابوری جیاواز دەکرێتەوە لەئاست توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا.
چین لەبارێکی نارێکخراوەییدایە، بەڵام ئەو تاکانەی کەلێی پێکدێن، ئەوانە هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی دیکە لەڕووی فێر بوون و باری ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەرفەتەکانی ژیان وەك یەکن.
هەندێ لەتوێژەران، لەبنچینەدا چین بەخاوەن سروشتێکی ئابوری دادەنێن، لەکاتێکدا هەندێکی دیکەیان جەخت لەسەر: هۆکارەکانی دەسەڵات و شێوازی ژیان و ئاراستەو پلەی یەکگرتووییان دەکەن.
هزری کۆمۆنیستی بۆ چوونی وایە کە ململانێی چینایەتی دەبێ کۆتایی پێ بێت و کۆمەڵگای ناچینایەتی بێتەدی.

تەماشا بکە: توێژی چینایەتی — Social stratum

توێژ — ٢ – فئة

لەلۆژیکدا بریتیە لەسەرجەم ئەو بابەتانەی کەچەند خەسڵەتێکی هاوبەش بەیەکیان دەبەستێتەوە، دەوترێت توێژێکی لاوەکی (لقە چین) (sub - class)واتە کەوتۆتە ناوبەشێکی فراوانتر لەخۆی، هەروەها توێژی گشتی (universal class) واتە هەمەلایەن.
توێژ ڕەنگە کۆتایی پێ هاتووبێت (سنوردار) (finite class) کاتێ ژمارەیەکی سنووردار لەژمارەکان دەگرێتە خۆی، هەروەها توێژی ناکۆتایی ناسوردار (infinite class)، کە پێکدێت لەچەند ژمارەیەك ناکرێت دیاری بکرێت، ڕەنگە توێژ بەتاڵ بێت (empty class) وەك توێژی گیانلەبەری یەك شاخ کەگیانداریکی ئەفسانەییە، هەروەها توێژی نابەتاڵ (non-empty class) کەژمارەیەکی کەم یان زۆری ئەندامان دەگرێتە خۆی.

چینی ئاسوودە — الطبقة المترفة — Class leisure
- خۆشگوزەران -

مەبەست لەم زاراوەیە ئەو توێژەی ناوکۆمەڵگەیە، کەبەهۆی دۆخی کۆمەڵایەتیەوە دەتوانێت لەئاستێکی ژیاندا بژێت کە بەرزتربێت لەئاستی ئاسایی بەبێ ئەوەی ڕاستەو خۆ بەهەر چالاکیەك هەستێت بۆ ئەوەی خۆی بژینێت.
بناغەی ئەو دۆخە تایبەتمەندییەش بۆ پێگەمیراتگەرییەکەی یان بۆ داهاتی موڵکایەتی زەوی ، یاخود بوونی سەرمایە دەگەڕێتەوە.

چینی خوارەوە — الطبقة السُفلى — Class lower

ئەم زاراوەیە جۆرە ناساندن و تایبەتمەندی و رەوشتێك دەگرێتە خۆی کە تاڕادەیەك لێڵ و ئاڵۆزی پێوە دیارە.
زاراوەکە ئاماژەیە بۆ پێگەی چینێکی کۆمەڵایەتی، تاکەکانی بەشێوەیەکی گشتی بەچەند ئاستێکی نزم دەناسرێن لەڕووی

داهات و فێربوونەوە.
هەروەها چۆنیەتی تێڕوانینیان بۆ خۆیان لەگەڵ چۆنیەتی بینییان لەلایەن خەڵکەوە، ئەویش لەبەر ڕۆشنایی سیستمی چینایەتی کۆمەڵگە.
چینی خوارەوە هەندێ جار بۆ دوو توێژ دابەش دەبێت:
چینی زۆر خوارەوە (lower class) کەپێکدێت لەکرێکارە ناشارەزکان، ئەوانی لەخراپترین گەڕەکەکانی شارەکە دەژین چین و کۆمەڵایەتیەکانی دیکەش بەچاوێکی سووك تەماشایان دەکەن لەڕووی ڕەوشتیەوە.
چینی سەرووی خوارەوە (upper lower class)، ئەوانە پێکدێن لەچەند تاکێکی خاوەن ڕێز، لەچەند گەڕەکێك دەژین کەلەڕووی ژیانەوە باشترن لەوانی دیکە، زۆربەشیان لەکرێکارانی خزمەتگوزاری و پیشەسازیەکانن.
ئەوانە سەرەڕای نەخوێندەواری و هەژاریان تاڕادەیەك، بەڵام چەند خەسڵەتێکی چینی ناوەڕاستیان هەڵگرتووە، وەك پاك و خاوێنی و هەست بەبەرپرسیاریەتی بەرامبەر کارەکانیان.

**Class middle** | **الطبقة الوسطى** | **چینی ناوەڕاست**

توێژێکی دانشتوانە لەسیستمی پلەبەندی چینایەتی کۆمەڵگە، دەکەوێتە نێوان هەردوو چینی خوارەوەو چینی باڵا.
تاکەکانی ئەم چینەرادەیەکی لەباری داهاتیان هەیە لەگەڵ ئاستێکی خوێندەواری باش، ئەم چینە فەرمانبەرو کرێکارانی شارەزاو سەرۆکی دەستەکانی کاروپیاوانی کاروپیشەو بازرگانی دەگرنە خۆیان...هەتد.
لەو بەهایانەی باون لەناو ئەندامانی ئەم چینە و پێی جیاواز دەکرێنەوە، وەك: ڕێزلەبەرپرسیاریەتی و ڕێز لە خودوکار هەڵدەگرن.

**Class privileged** | **الطبقة المحظوظة** | **چینی بەختیار**

**Upper class** | تەماشای چینی باڵا بکە:

**Class upper** | **الطبقة العليا** | **چینی بالا**

ئەو چینەی ناوکۆمەڵگایە کە توانای زاڵبوونی هەیە بەسەر چینەکانی خوارەوە، ئەویش بەهۆی دەسەڵاتی گەورە و سامان و دەست ڕۆییەکەی، خەسلەتەکانی چینی باڵا لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکەجیاواز دەبێت، بۆیە پێویست دەکات لەهەر کۆمەڵگەیەك چەمکەکە بەتەنها دیاری بکرێت، بەپێی بەهاکانی و بونیادی دەسەڵات لەوکۆمەڵگەیە، سەرەڕای شێوازی دابەش بوونی سامان و ...هتد.
بەزۆری وەك چینێکی دەست ڕۆیشتو تەماشای چینی باڵا دەکرێت، هەر لەپێوەرە تایبەتیەکانی ئەوچینە، ڕەچەڵەك و خاوەنداریێتی و ئەریستوکراتیەتە، هەروەها بەرەچەڵەك هاتنەخوارەوەی چەند نەوەیەك لەکۆچبەران کە بنەماڵەی تاك لە دەوڵەتەتازەکاندا ئینتمایان بۆی هەیە، لەگەڵ شێوازی ژیان و ...هتد.
دەوڵەتە سۆسیالستەکان لەڕووی ڕەسمیەوە هاندەرنین بۆ باس کردنی چینەباڵاکان ئەویش لەبەر چەند هۆیەکی ئایدیۆلۆجی، بەڵام ئەوحاڵەتە ڕێگر نابێت لەبەردەم بوونی جیاوازی چینایەتی لەسەر شێوەی دەسەڵات و دەست ڕۆیی و سامانداری.

**Class working** | **الطبقة العاملة** | **چینی کرێکار**

لەوگروپە کرێکاریە دەستیانە پێکدێت کەلەکاروباری پیشەسازیدا کاردەکەن و توێژەکانی خوارەوەش پێکدێنن لەنێوان چینەکانی کۆمەڵگە، دیارە هۆیەکەشی بۆ داهات و پێگەیان دەگەڕێتەوە، سەرەڕای ئەو بارودۆخەی دەوروبەریانی داوەو ئەو

کێشانەی لەئەنجامی ئەو بارودۆخانەی دروست بوونە.

تەماشا بکە: پرۆلیتاریا **Proletariat proletariat**

ململانێی چینایەتی **الصراع الطبقي** **Class conflict**

ململانێیەکە بەهۆی دژایەتی بەرژەوەندییەکانی نێوان چینە جیاوازەکانەوە دروست دەبن و سەرهەڵدەدەن.

تەماشا بکە: تێکۆشانی (ململانێ) چینایەتی **Class struggle**

هۆشیاری چینایەتی **الوعي الطبقي** **Class consciousness**

مەبەست لەم زاراوەیە، درککردن بەئینتما بۆ چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوو چوونە پاڵ ئەو چینە، دیارە ئەو حاڵەتەش هەستی هاوکاریکردن لەگەڵ کەسانی دیکەی ناوهەمان چین دەخوڵقێنێ، هەروەها باوەڕ بوون بەوەی کە بەرژەوەندییە کەسێتیەکانی تاك پشت بەبارودۆخی گشتی چینەکۆمەڵایەتیەکە دەبەستێت.

دەوترێت، هۆشیاری چینایەتی ساختە (false class consciousness) واتا یەکگرتنی تاك لەگەڵ چینێکی کۆمەڵایەتی کەلەڕاستیدا ئینتمای بۆیان نیە، ئەوەش کاتێ ڕوودەدات کە ئەو چینە کار بەچەند سیاسەتێکی چینایەتی و بەرژەوەندییەك بکات، کەلەگەڵ بەرژەوەندییە بابەتیەکانی ناگونجێت.

تەورك بوونی چینایەتی **التبلور الطبقي** **Class crystallization**

واتە تەبابوون، یان ڕێککەوتنی چەند پێوەرێك، یاخود چەند مەرج و ڕێ و شوێنێك بۆ پلەو پایەی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، بۆ ئەوەی بەیەکەوە سیستمێك بۆ چینە کۆمەڵایەتیەکان پێکبێت.

کاتێك لێرەدا پلەیەکی بەرز لەتەورك بوون و پێکهاتنی چینایەتی بوونی دەبێت، ئەوا ئەو کەسانەی پلەو پایەکی باڵا دەگرنە دەست بەپێی پێوەرێکی دیاریکراودا، ئەوانە هەروەها پلەو پایەی بەرز دەگرنە دەست بەپێی پێوەرێکی دیکەی، وەك: داهات، پیشە فێربوون، باری خێزان و بنەماڵە، شێوازی ژیان.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو دیاردەیە چینە کۆمەڵایەتیەکان ئاشکراو جیاکاردەبن، لەم بارەدا تەنها کەمترین رادە لەحاڵەتی چوونە ناویەك یاخود تێکەڵبوون روو دەدات لەنێوان چینە جیابووەکان.

لەهەر بارێکدا دیاردەی تەورك بوونی چینایەتی لاواز بێت، ئەوا پێوەرەکانی پلەی کۆمەڵایەتی دژ دەبن و جیاکرەوە چینایەتیەکانیشی نادیار دەبن.

چوونەپاڵ یەکی چینایەتی **التوحد الطبقي** **Class identification**

تەماشا بکە: هۆشیاری چینایەتی **Class conscious ness**

بەرژەوەندییە چینایەتیەکان **المصالح الطبقية** **Class interests**

ئەو بەرژەوەندییانەی کۆمەڵێك بایەخیان پێدەدات و ڕەنگە لەگەڵ بەرژەوەندی گروپەکانی دیکە دژبن، دیارە ئەوکارەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی ململانێی چینایەتی.

پێکهاتەی چینایەتی | التركيب الطبقي | **Class structure**

- بونیاد -

لەم بوارەدا چەند تیۆرییەك هەیە دەربارەی بونیادی کۆمەڵایـەتی، لەوانـە: تیۆرییەکـەی کـارل مـارکس کەکۆمەڵگە لەسـەر بنچینەی دۆخە ئابورییەکەی دابەش دەکاتە سەر چینی کرێکاران و چینی سەرمایەداران.

تیۆرییەکەی جید نجز کەچینەکانی کۆمەڵگە لەسـەر بنچینەی ئاراسـتە کۆمەڵایەتیـەکان بـۆ چوارچـین دابەشـیان دەکات، ئەوانەش:

چینی کۆمەڵایـەتی (social class) مەبەسـتیش بـژاردەی کۆمـەڵن، چـینی ناکۆمەڵایـەتی (non social class) واتـە جەماوەر.

چینی کۆمەڵایەتی ساختە (pseudo social class) ئەوانەش بـریتین لـەو خەڵکـەی یارمـەتی دەدرێـن لەلایـەن کەسـانی دیکە.

لەکۆتایشدا چینی دژ بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە (antisocial class)

ململانێی چینایەتی | الصراع الطبقي | **Class struggle**

مەبەست لەم زاراوەیە بەپێی تیورییەکەی کارل مارکس، ئەو ململانێیەی لەناو کۆمەڵگای پیشەسازی تازە روو دەدات لـەنێوان سـەرمایەداران لەلایەکـەوە، لەگـەڵ چـینی کرێکاران لەلایـەکی دیکـەوە، تـا ئـەو کاتـەی چـینی کرێکـار سـەردەکەوێت بەسـەر سەرمایەداران.

بەڵام نامارکسیەکان، مەبەستیان لەخەباتی چینایەتی ئەو ناکۆکییەیە کە ڕەگ و ڕیشەی لەناو چـین و توێـژەکانی کۆمەڵگـەدا هەیە، لای ئەوان تەنها هۆکارە ئابووریەکە هاندەر نیە بۆ ئەو دیاردەیە، بەڵکو چەندین هۆی دیکـەش هەیـە بەشـداری دەکات لەدروست بوونی ئەو ململانێیە، وەك: دابەش بوونی نایەکسانی دەسکەوت و دەسەڵات.

تەماشا بکە: هۆشیاری چینایەتی **Class consciousness**

کۆمەڵگای ناچینایەتی | المجتمع اللاطبقي | **Classless society**

تەماشا بکە: **Society, classless**

کلاسیزم (کلاسیکی کۆن) | الكلاسيكية التقليدية | **Classicism**

لە ئـەدەب و هونـەردا مەبەسـت لـەم زاراوەیـە، ڕێزلێگـرتن و بەتەنگـەوە هاتنـە بـۆ شـێوە لاساییگەرییەباوەکان و ئـەو بنـەما سەلمێنراوانەی کەداب و نەریتەکان لەسەری جێگیر بوونە، دیارە ئـەم کـارەش دەبێتـە هـۆی ئاشـکرایی و دەرکـەوتنی بیرۆکـەو بەتام بوونی شێوازەکەی و ڕێکخستنی بڕگەکانی.

بەڵام لەموسیقادا، بریتیە لەبایەخدان بەباتگەری بیرۆکەکەو جەخت کردنە لەسەر هاوسەنگی بونیادو بەراوردکردن لـەنێوان مۆسیقای کلاسیکی رۆمانسیەت لەزۆربارەدا.

قوتابخانەی لاساییگەری کۆن لەئابوریدا، لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمدا دروست بووە، لەکەسایەتیەکانی ئەو قوتابخانەیـە (ئادەم سمیث، ریکاردو، سالی) ئەم قوتابخانەیە باوەڕی بەئابوری ئازاد هەیە.

پۆلێنکردن | التصنيف | **Class ification**

مەبەست لەزاراوەکە، پۆلین کردنی شتەکانە بەسـەر چـەند بـەش و بابـەتێك، لەسـەر ئـەو بنچینەی کە ئـەم کـارە جیـاوازی کردنیان لەیەك ئاسان دەکات.

مەبەست لەپۆلین کردن لەبواری میتۆدەکانی توێژینەوە، پرۆسەی پۆلین کردنی زانیاریەکانە بۆ چـەند توێـژێك بەمەبەسـتی

ئاسانکردنی تێگەیشتن و شیکردنەوەی ئەو زانیاریانە.
تویژ لەپۆلین کردندا ئەوەیە کە دەکرێت جیاوازبکرێتەوە، هەروەها چەند خەسلەتێکی تایبەتی هەیە جیاواز لەوانی دیکە.

پۆلینکردنی پیشەیی | التصنيف المهني | Class ification occupational

بەهۆی زۆری و فرەیی کاروپیشەکان، ئەوا بۆ چەند گروپێك پۆلین دەکرێن بەپێی مەبەست لەو پۆلینکردنەدا.
لەم بوارەدا پۆلینکردنی پیشەکان هەیە بەپێی سەر ژمێری گشتی دانشتوان، ئەو پۆلینکردنە لەکاروباری پلانداناں و پیشەکان بەکار دەهێنرێت، ئەوەش بەپێی نازناوە پیشەییەکان و ئەو خەسلەت و ئەرکانەی کەلەخۆی دەگرێت.
هەروەها پۆلینکردن لەنووسینگەکانی دامەزراندنیش کاری پێدەکرێت.

سیستمی خزمایەتی پۆلینکراو | نسق القرابة التصنيفي | Class ificatory kinship system

سیستمێکە بۆ خزمایەتی، بەپێی ناوەرۆکی وشەکە ئاماژە کردن نیە بۆ یەك تاك، بەڵکو بۆچینێك لەخزمان، وشەی مام ئاماژەیە بۆ ئەو کەسانەی کەپەیوەندی خزمایەتیان لەگەڵ یەك نیە، بەڵام ئاماژەیە بۆ دۆخێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، واتە کۆمەڵ نەك تاك بریتیە لەیەکەی کۆمەڵایەتی.

لێك جودابوونەوە | الانشقاق الانقسام | cleavage

لەڕووی سیاسییەوە، مەبەست لەو زاراوەیە، دابەش بوونی نێوان ئەندامانی کۆمەڵێکی سیاسییە، یان سیستمێکی سیاسی، دابەش بوون پێچەوانەی ڕێککەوتنە، ڕەنگە هۆیەکانی دابەش بوون بۆ جیاوازی بیرو بۆ چوون بگەڕێتەوە دەربارەی ئامانجە سیاسییەکان، یاخود جیاوازی لەسەر شێوازو هۆکارەکانی گەیشتن بێت بەو ئامانجانە، ئەویش بەهۆی ئاراستە یانیش ئایدیۆلۆجیەکانەوە، یان سەرکردایەتی و هەندێ ڕێ و شوێن بێت...هتد.
هەروەها ڕەنگە دابەش بوون ڕەگ و ریشەی داکوتا بێت لەناو پێکهاتەی کۆمەڵەی سیاسییەوە، وەك کۆمەڵگەیەکی دابەش بوو بەسەر چەند تائیفەیەك یاخود ئەو کۆمەڵگەیەی چەندین بیروباوەڕو ڕێبازی ئاینی جیاوازی تێدایە.
تەواوکاری سیاسیش، ئامانجی زاڵبوونە بەسەر دابەشبوون تا ئەو رادەیەی کەسیستمی سیاسی توانای کارکردن و درێژەپێدانی هەبێت.

بەزەیی پێ هاتنەوە | الرأفة الرحمة | clemency

لێبوردنی خاوەن دەسەڵات لەتاوانباران و وازهێنان لەسزادانیان.
تەماشا بکە: لێبوردن | pardon

رابەرانی کلێسە - قەشەکان - | الاكليروس الكهنوت | clergy

ئەوانە رابەرانی کلێسەی مەسیحین، ئەرکیان خزمەتکردنی ئاینی مەسیحییەتە، هەروەها وشەکە ئاماژەشە بۆ یەك

لەئەندامانی پارتێکی سیاسی کە داوای زیادکردنی دەسەڵاتی ئەکلیرۆس دەکات لەدەوڵەتدا.
دەوترێت رەوتی ئەکلیرۆسی (clericalism) بۆ بیرورا یاخود ئەو چالاکیە سیاسیەی بەرگری لەمافی کلێسە دەکات بۆ بەشداریکردنی لەکاروباری دەسەڵات، ئەویش بەهۆی پارت و بزووتنەوە سیاسییەکان.

لێتوێژراو
العميل
**client**
- نوێنەر -

مەعمیل لەبواری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیدا، ناوێکی باوە بەو کەسە دەوترێت کەداوای هاوکاری دەکات، هەندێ جاریش وشەی مەسەلەی (case) پێ دەوترێت، ئەو زاراوەیەلایەنی ناکەسێتی و ناتایبەتی دەنوێنێ لەکێشەی تاکدا ئەویش، لەڕووی پەیوەست بوون پێوەی بە هەردوو حاڵەتی کارتێکردن و کارتێکراوەوە.
بایەخدان بەکەسێتی عەمیل رووی لە بەرزبوونەوە کردووە، لەو کاتەوەی کە خزمەتگوزاری تاك رزگاربووە لەبازنەی کێشەکە لەروخسارە دەرەکیە ئابورییە و کۆمەڵایەتیەکەی بۆ بازنەی خودی تاك لەکارتێکردنی لەگەڵ ئەو کێشەیە.

کەش و هەوا
الجو
**climate**
باری گشتی
المناخ

مەبەست لەم زاراوەیە، وەك حاڵەتێکی خوازراو، ئەو خەسلەتانەی باون لەدەورو بەری تاك، کەبەشێوەیەکی کشتگیر وەرگیراون نەك بەشێوەیەکی شیکاری، بۆیە دەوترێت کەش و هەوای کۆمەڵایەتی (social climate) وەك ئاماژەیەك بۆ ئاراستەی ئەو چەمکە بنچینەییانەی بڵاودەبنەوە لەناو کۆمەڵگەیەك یان نەتەوەیەك.
هەروەها دەوترێت کەش و هەوای هزری (climate of ideas) واتە کۆی ئایدیانەتەوەیی و شارستانیە قبوڵکراوەکان بەشێوەیەکی گشتی.
ئەو کەش و هەوایە سەرچاوەیەکی گشتی پێکدەهێنێت بۆ هزرو بیرکردنەوەی هاوڵاتیان لەهەر شارستانیەك.
لەگەڵ کەش و هەوای بیروڕاکان (climate ofopinion)، واتە ئەو تیۆری و بیروباوەڕانەی کەلەناوکۆمەڵێك بڵاودەبنەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، کارتێکردنیان دەبێت لەبیروباوەڕو هزری کۆمەڵ و ئاراستەشیان دەکات.

مرحلة
**Climax stage**
قۆناغی لوتکە
الذروة

قۆناغێکی مەزندەکراوە لەگەشەکردنی ناوچەیەکی شارنشینی، لەوقۆناغەدا پەیوەندییە ئیکۆلۆجیەکان (ژینگەیی) لەبارێکی هاوسەنگ دەبن.
ئەو قۆناغە کۆمەڵە پەیوەندییەك دەگرێتە خۆی لەنێوان مەڵبەندی شار یان مەڵبەندی دەسەڵات و نێوان ناوچەکانی دەورو بەری یاخود ئەو هەرێمەی کەشارەکەی تێدایە.

بنکەی نۆژداری
العيادة
**clinic**
دیدەنگەی پزیشکی
شوێنێکە تاکەکان تێیدا ئامادە دەبن بۆ دەست نیشانکردنی نەخۆشی و چارەسەرکردنیان، ئەگەر نەخۆشیەکان جەستەیی بن یان دەروونی.

ڕەنگە ئەو بنکەیە تایبەت بێت بەچارەسەرکردنی جۆرێکی دیاریکراو لەنەخۆشیەکان، وەك بنکە پزیشکیەکانی ددان یان چاو یاخود منداڵان، هەروەها دەکرێ ئەو بنکەیە گشتی بێت (poly clinic) بۆ چارسەرکردنی جۆرەها نەخۆشی جیاواز.
ئەو بنکە پزیشکیانە ڕەنگە جێگیربن (settledclinic) یاخود جێگۆڕکێ (itinerary clinic).

دەروونزانی نۆرینگەیی | علم النفس الاكلينيكي | **Clinical psychology**

یەك لەلقەکانی دەروونناسیە، گرینگی بەلێکۆڵینـەوەکانی پەشـێوی دەروونـی و چارەسـەرکردنی دەدات، ئـەو کـارەش بـە هـۆی کلینیکی نەخۆشیە دەروونیەکانەوە دێتەدی، لەو کلینیکانەش:
بنکـەکانی ڕێنمـایی منـداڵان (child guidance clinics) کەبەشـێوەیەکی ئاسـایی لەکێشـەکانی هەڵچـوونی منـداڵان دەکۆڵێتەوە.
کلینیکی دەروونـی پـەروەردەیی (psycho educational clinics)، لـەو دیاردانـە دەکۆڵێتـەوە کەپەیوەسـتن بەڕێـژەی خوێندن و فێربوون، یاخود ڕەفتاری قوتابی لەقوتابخانە.
کلینیکـە دەروونیـەکان بـۆ منـداڵانی لادەر (clinics for juvenile delinequents) کـە دەبەسـترێنەوە بـەدادگاکانی منداڵان، هەروەها کلینیکە دەروونیـەکانی پزیشـکی ئـەقلی (psychiatric clinics)، دیـارە ئـەم بەشـەیان لەنەخۆشـیەکانی دەروونی شێتی یان نەخۆشیە ئەقلیەکانی مێشك تایبەتن.

کۆمەڵناسی نۆرینگەیی | علم الاجتماع الاكلينيكي | **Clinical sociology**

تەماشا بکە: **Sociology, clinical**

دەستە تاقم | الثُلة | **clique**

یەکەیەکی کۆمەڵایەتیە، لەڕووی پێکهاتنەوە توونـدو تۆڵەوە لقێکـە لەچـینێکی کۆمەڵایـەتی، مامەڵەکردنی تاکەکانی لەگـەڵ یەکتردا لەسەر ئاستێکی یەکسان دەبێت و هاوکاری یـەکتریش دەکـەن تاڕادەیـەکی گـەورەو لەگـەڵ دوورخسـتنەوەی تاکـەکانی دیکەی کۆمەڵگەی خۆجێی، بەزۆریش ئەو دەستەیە خەسلەتی گۆشەگیری هەیە.
تەماشا بکە: تاقم **Band**

دامەزراوەی داخراو ئەندامەتی زۆرەملێ | المنشأة المغلقة | **Slosed shop**

مەبەست لەم زاراوەیە لەبواری پەیوەندییەکانی کارکردن، ئـەو دامەززراوەیـە کەتـەنها ئەنـدامانی سـەندیکای دانپێنـراو کـاری تێدا دەکەن، ڕەنگە ئـەم مەرجـەش لەگرێبەسـتە هاوبەشـەکاندا تۆمارکرابێـت، دیـارە ئـەو حاڵەتـەش دڵنـەوایی و ئاسـوودەیی بەسەندیکا دەبەخشێت (union securiry)، بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی سـەندیکاکان ئەومەرجـەیان لاپەسـندە، لەکاتێکـدا خاوەن کارەکان دژی دەوەستن.
لەبەرامبەر دامەزراوەی داخراو، دامەزراوەی کراوە هەیە (open shop) ئەم دامەزراوەیە مەرج ناخاتـە بـەردەم کرێکـارانی کەپەیوەندییان بەسەندیکاوە هەبێت.

سەندیکای داخراو | النقابة المغلقة | **Closed union**

ئەو سەندیکایەی پەیوەندیکردن پێوەی کارێکی دژوار دەبێـت، ئـەوەش بـەهۆی بـوونی چـەند مـەرجێك وەك: بەرزبوونـەوەی بـاجی پەیوەنـدیکردن، یـان بـوونی مـەرجی ڕاهێنـانی دوورو درێـژ یـاخود ئەنجامـدانی تاقیکردنەوەیـەکی توونـد پـێش

پەیوەندیکردن بەسەندیکاوە.

ئەو پیشەسازییەی کەسەندیکای کرێکارانی بەو مەرجانە کاردەکەن، ئەوە بەپیشەسازییەك یاخود پیشەیەکی داخراو (closed trade) دادەنرێت.

ژمارەیەکی زۆر لەو سەندیکا پیشەییانە (craft unions) پیادەی ئەو سیاسەتەیان دەکرد لەرابردوودا، بەڵام ئەوانە ڕوویان لەنەمان کرد.

**یانە** | **النادي** | **club**

بریتیە لەکۆمەڵە کەسانێك چەند ئامانجێکی هاوبەش بەیەکان دەبەستێتەوە، هەروەها چەند خەسڵەتێك لەیەکیان نزیك دەکاتەوە، بۆیە کۆبوونەتەوەو هۆگرییەك لەنێوانیاندا دروست بووە لەپێناو سوود وەرگرتن لەکاتی بێ ئیشیان بەشێوەیەك کەڕەزامەندی لەنێوانیاندا بێت و ئارەزووەکانیانیش تێر بکات.

هەندێ یانە بۆ بەرژەوەندی قۆناغێکی تایبەتی تەمەندا کار دەکەن، وەك یانەکانی منداڵ و لاوان، هەروەها هەندێکی دیکەیان لەخزمەتی پیشەیەکدا دەبن وەك یانەی مامۆستایان و یانەی کرێکاران، چەندیانەیەکی دیکەش دروست بوونە بۆ پیشەیەکی دیاریکراو، وەك یانەکانی وەرزش و مۆسیقا، چەند یانەیەکیش بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری بەخەڵکی ناوچەیەکی جوگرافی دامەزراوە، وەك یانەکانی ناو گوندەکان.

**گردبوونەوە** | **التجمع** | **cluster**

لەئامار دان مەبەست لەم زاراوەیە، گرووپێکی بچووکی گۆڕاوەکانە پەیوەستی هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی دیکەیان بەرزترە لەو پەیوەستیەی کە هەر یەکێکیان بەگرووپە گەورەکەوە دەبەستێتەوە.

**پشتگیری** | **التضافُر** | **coalition**
**هاوپەیمانیەتی** | **الائتلاف**

کۆمەڵە تاکێك، یان چەند گرووپێك کەپەیوەندییان بەچەند حزبێکی سیاسییەوە هەیە، یەکدەگرن بەشێوەیەکی کاتی، ئەویش بەمەبەستی هەستان بەکارێکی هاوبەش لەکاتی ڕوودانی قەیرانەکاندا، وەك ڕوخاندنی وەزارەتێك یان پێکهێنانی وەزارەتێك.

بەڵام لەبواری پەیوەندییە نێو دەوڵەتیەکان، مەبەست لەم زاراوەیە گردبوونەوەی چەند دەوڵەتێك و یەکگرتنیان دەگەیەنێت، بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئامانجێکی هاوبەش، وەك شەڕکردنی دەوڵەتێك.

**دەقی یاسا** | **مدوّنة** | **code**
**دەستور** | **القانون**

بریتیە لەودەقەیاساییانەی تایبەتن بەلقێك لەلقەکانی یاسا، کۆکراونەتەوە لە چەند بەش و بڕگەیەك بەمەبەستی کارپێکردنیان، نموونەی یاسای مەدەنی (civil code) و یاسای دادخوازی مەدەنی (code of civil procedure) و یاسای سزاکان (penal code) هەروەها یاسای کار ڕاییەکانی کەتن (code of criminal procedure) لەدەربڕینی عەرەبیدا، جیاوازی ناکرێت لەنێوان یاسابەمانای (Law) و یاسایە مانای (code)، وەك زاراوەیەکی خوازراو بەکۆمەڵە یاساو بنەمایەك دەوترێت.

**Code moral** — الشَريعة الخلقية — **فەرمایشتی ڕەوشتی**

ئەو کۆمەڵە ڕێساو بنەمایانەیە، کەئەندامانی کۆمەڵگە دەیزانن و پێ ڕازین، ئەوەی لەچوارچێوەشی دەرچێتە دەرەوە بەرەو رووی لێپرسینەوەی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە لەسەر ئاستە جیاوازەکانی تووندوتیژیدا.

**Code of ethies** — قواعد السلوك المهني — **ڕێساکانی ڕەفتاری پیشەیی**

مەبەست ئەو بنەماو بەهایانەیە کە ڕەفتاری تاك ئاراستە دەکات لەکارکردندا، نموونەش، ئەو ڕێساو بنەمایانەی ئەندامانی یەك پیشە پابەند دەبن پێوەی و پێڕەوی دەکەن، وەك دادوەران، پارێزەران، پزیشکان...هتد.

**coding** — ترميز البيانات — **بەهێماکردنی زانیاریەکان**
**- کۆد دانان -**

بەهێماکردن لەئاماردا بەکاردەهێنرێت لەحاڵەتی پۆلێنکردنی ئامێری بۆ کارتە کونکراوەکان (punched cards)، ئەویش لەجیاتی زانیاریە زاراوەییەکان دادەنرێت ئەوانی باسی هەردیاردەیەك دەکەن.بەچەند هێمایەکی ژمارەیی کەلەلایەن توێژەر هەڵدەبژێردرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ بابەتی باسەکەدا گونجاو بێت و لەرابەرێکی تایبەت تۆمار دەکرێت بۆ ئەوەی دواتر ئاسان بێت کێڕانەوەی هێماکان بۆ زانیارییە بنچینەییەکان کەلەجیاتیان دانراوە.

**coeducation** — التعليم المختلط — **خوێندنی تێکەڵاو**

واتە فێربوونی هەردوو ڕەگەزی نێرومێ نەك لەهەمان قوتابخانە بەڵکو لەهەمان پۆلیشدا، ئامانج لەم جۆرە فێربوونە کەمکردنەوەی کاریگەرییە خراپەکانی هەست و دڵەڕاوکێی سیکسیە، هەروەها ئەم جۆرە فێربوونە پشت بەو بنەمایە دەبەستێت کەکوڕوکچ یەکسانن لەئاستی عەقلیاندا، بۆیە هەریەکیان دەتوانێت بەو کارە هەستێت کەئەوی دیکە ئەنجامی دەدات.

ئەم بۆ چوونە پێچەوانەی ئەو دابەش بوونە نەریتگەرییە کۆنەیە دەربارەی ئەرکی هەردوو ڕەگەزەکە کە جیاوازی لەنێوانیان دەکات.

بەپێی ئەو بۆ چوونە کۆنە، ئەرکی پیاو پەیدا کردنی پێداویستیەکانی ژیانە بۆ خێزان (bread winning)، لەکاتێکدا ئەرکی ژن بەڕێوەبردنی کاروباری ناوماڵە (home-managing). ئەو چەمکەش گۆڕانی بەسەرداهات دوای ڕزگاربوونی ژن لەڕووی ئابورییەوە، هەروەها ئاراستەی یەکسانی بوون لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا.

**coefficient** — المُعامِل — **هاوکۆڵکە**
**فاکتەری هاوبەش**

مەبەست لەزاراوەی هاوکۆڵکە لەئاماردا، ئەو پێوەرەیە، یان ئەو ژمارەیەیە کە بەهۆیەوە پەیوەندی نێوان دیاردەکان دەپێورێت، وەك :

هاوکۆڵکەی پەیوەستی (پێوەلکاوە) (coefficient of correlation)

هاوکۆڵکەی گۆڕان بەربلاو (coefficient of variation)

هاوکۆڵکەی پێکهاتن (یەکبوون) (coefficient of colligation)

هاوکۆڵکەی ڕێککەوتن (هاوکۆك) (contingency coefficient)

هاوکۆڵکەی گەڕانەوە (لاربوون) (coefficient of regression)

هاوکۆلکەی چەمانەوە (coefficient of skewness)

**coercion** — القهر، الاجبار / الاكراه — زۆرلێکردن / ناچارکردن

مەبەست لەم زاراوەیە، پرۆسەی زۆرە ملێ کەبەزۆری لەرێگای تۆقاندنەوە لەلایەن کەسێکەوە ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەوەی کەسی زۆر لێکراو دژ بەئازادی خۆی بەکارێك هەستێ.

ئەو دیاردەیە پشت بەچەوساندنەوەو زۆرداری دەبەستێت، تێیدا کەسی چەوسێنەر یان زۆردار داواکانی خۆی بەسەرکەسی چەوساوە یان ژێردەست دەسەپێنێت، دیارە ئەو داواکاریانەش لەگەڵ ئامانجە دوورەکانی کەسی چەوساوە ناگونجێت، کارەکەش بەرێگای بەکار هێنانی هێزی جەستەیی راستەوخۆ، یاخود کارتێکردنی سایکۆلۆجی و تۆقاندنەوە یانیش بەهۆی هەڕەشەو ئەشکەنجەدانەوە دەبێت.

لەیاسادا ئەگەر سەلێنرا کەمرۆڤ زۆری لێکراوە یان ناچارکراوە، ئەوا بەرپرسیاریەتی پوچەل دەبێتەوە بەرامبەر بەو کارەی کەپێی هەستاوە، ئەو زۆر لێکردنەش دەبێ دەرەکی بێت نەك دەروونی، وەك فشاری ئارەزووەکان (بۆ نموونە).

هەروەها دەسەڵاتی هەندێ کەس بەسەر خەڵکانی دیکە یاخود رێزو شکۆیان بەسەر دەروونـدا، ئەو دیاردەیە بەزۆر لێکردن دانانرێت تا ئەگەر گەیشتە رادەی ترسیش، وەك دەسەڵاتی باوکان بەسەر منداڵەکانیان.

هەروەها دەوترێت زۆر لێکردنی جەستەیی (corporalcoercion) واتە زینـدانیکردنی کەسی قەرزار تا ئەو کاتەی قەرزەکەی دەداتەوە، یاخود کەس و کاری لەجیاتی ئەو قەرزەکە دەیدەنەوە، ئەو دیاردەیەش لەرابردوودا بەکار هێنراوە.

**coexistence** — التعایش — پێکەوەژیان

ژیانی چەند گروپێك لەگەڵ یەکترو لەیەك کاتدا، کۆچبەران کێشەی بەیەکەوە ژیان لەنێوان خۆیان و دانشتوانە رەسەنەکان دەوروژێنن، رەنگە ئەو بەیەکەوە ژیانە روو لەتوانەوە (fusion) بکات لەنێوان تائقەو گروپەکان بەجۆرێك کار لەیەککردن دروست بێت لەنێوانیانداو هەر لایەکیان خەسلەتەکانیان لەدەست بدەن، یاخود روو لەتێکەڵاو بوون (integration) بکەن، بەشێوەیەك کە هەندێکیان لەناو هەندێکی دیکە بتوێنەوە، یانیش هەر پارێزگاری لەجیابوونەوەی رەگەزیان دەکەن، کە داب و نەریت و یاساو سیستەمەکانیان کۆسپ بۆ جیابوونەوە دروست دەکەن لەنێوانیاندا.

لەسیاسەتدا دەوترێت: پێکەوە ژیانی ئاشتیانە (pacific coexistence)، واتە رێکەوتن لەنێوان دوو دەوڵەت یاخود زیاتر بۆ ئەوەی لەجەنگ دوور بکەونەوەو خۆیان لەمەترسیەکانی بپارێزن، هەروەها هەوڵی هاوکاری ئابوری و کولتوری و زانستی بدەن لەنێوان خۆیاندا.

**Coffee house** — المقهی — قاوەخانە

دامەزراوەیەکە بۆ کات بەسەربردن، زۆربوونی بێکاری بەهۆی کەمبوونەوەی کاتەکانی ئیش کردن، هاوکاربووە بۆ زۆربوون و بڵاوبوونەوەی ئەو جۆرە شوێنانە.

قاوەخانە، یارمەتی ئەوانە دەدات کە زۆر رووی تێدەکەن، وەك شوێنێکی پشودان وهەڵاتن لەکێشەکانی خێزان و کارکردن، هەروەها دەبێتە دەرفەتێك بۆ پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی و زاڵبوون بەسەر دیاردەی گۆشەگیری کە حاڵەتی گەشەکردنی بەپەلەی شارستانی دەیسەپێنێ.

بەڵام قاوەخانە هەندێ لایەنی خراپیشی هەیە، بۆیە هەوڵێکی زۆر دەدرێت بۆ رێکخستنی هەندێ بواری چالاکی رۆشنبیری لەو شوێنانەدا.

**cognation** — قرابة الرحم — بەرەداك

خزمایەتی نێوان ئەوانی لەلایەن دایکەوە هاتوونەتە خوارەوە (matrilateral) پێی دەوترێت خزمی دایك.

لەبەرامبەردا خزمانی لایەنی باوك (agnation) دێن.

زانین | المعرفة | **cognition**
درككردن | الادراك

پرۆسەیەكە بەهۆیەوە تاك تێدەگات و دەوروبەری خۆی راڤە دەكات و لێكدانـەوەی بـۆی دەبێت، ئـەو پرۆسـەیە هـەموو ئـەو كردارانە دەگرێتەوە كەبەهۆیەوە تاك زانینی دەست دەكەوێت، بەبیركردنـەوەو یادكردنەوەو ئەندیشـەكردن و بـەگشتی كـردن و بڕیاردان.

بەیەكەوە ژیانی هاوبەش | المعاشرة المشتركة | **cohabitation**

بەیەكـەوە ژیـانی پیاوێـك لەگـەڵ ژنێـك لەسـێبەری ژیـانی هاوسـەرگیری و بەشـێوەی ژن و مێردایـەتی، مـەرجیش نیـە پەیوەندیكردنی سیكسی لەنێوانیاندا ڕووبدات.
هەندێ جاریش حالەتەكە ئەوە دەگەیێنێ بەبوونی پەیوەندییەكی ناشەرعی لە نێوان پیاو ژنێك هەبێت.

هاوبەندی | الترابط | **Coherence**
پەیوەستی

پێكهێنانی یەكەیەك بەشەكانی پەیوەستیەكی ئۆرگانی هەیە لەنێوانیاندا بێ هەرناكۆكیەك.
لەلۆژیكدا مەبەست لـەم زاراوەیـە، ئەوبیروڕایـەی كـەدەڵێت، ڕاسـتی هـەر دەسـتە واژەیـەك یـان كێشـەیەك یـاخود بڕیارێـك، بەڕادەی پەیوەست بوونی لەگەڵ بڕیارەكانی دیكەمان دیاری دەكرێت.
واتـە: ڕاسـت دەبێـت ئـەگـەر گونجـاو بێـت لەگـەڵ چـەند ڕاسـتیەكی دیكـەی بڕیـار لەسـەردراو، یـاخود لەگـەڵ زانیاریـەكانمان بەشێوەیەكی گشتی.
لەبەرامبەر زاراوەی هاوبەندی زاراوەی لێك جیابوونەوە (incoherence) هەیە، كەبەمانای ناپەیوەستی دێت.

پێكەوەلكان | التماسك | **Cohesion**

مەبەست لەزاراوەكە لەڕووی سوسیۆلوجیەوە، زۆر بوونی ئەو پەیوەندییە ئەرێنیانەی كەلەبواری ناوخۆی كۆمەڵدا دەبزوێن.
چەندی ئەو پەیوەندییانە لەزۆر بووندابن، ئەوا پێكەوە نووسانی كۆمەڵ زۆرتر دەبێت.
هەروەها چەندی ئەوپەیوەندییانە پەرش و بڵاوببنەوەو ڕوویان لەكۆمەڵی دەرەكی كرد، ئەوا پێكەوە نووسانی ناوخۆیی لاواز دەبێت.
لەلۆژیكدا مەبەست لەپێكەوەلكان، خەسلەتی هـزرە یـان ئـەو دەرخسـتنەیە كەهـەموو بەشـەكان لـەنێوان خۆیانـدا بەتوونـدی یەكدەگرن.

- تیپ | الفَوج | **cohort**
نەوە | الجیل

كۆمەڵە كەسانێك بەشـداری دەكـەن لـەڕووداوێكی دیـاریكراوو لەماوەیـەكی سـنوورداردا، وەك كۆمەڵـەی ئـەو لـەدایك بووانـەی لەكاتێكی دیاریكراودا لەدایك بوونە، هەروەها كۆمەڵەی ئەو گەنجانەی كەبوونەتە سەربازی بەزۆر لەتەمەنێكی دیاریكراودا.
مەبەسـتیش لەشـیكردنەوەی فـەوج (cohort analysis) ڕێگـای شـیكردنەوەی زانیاریەكانـە كەبەهۆیـەوە لەشـارەزایی تاكەكانی كۆمەڵەكە (تیپێك) لێكۆڵینەوە ئەنجام دەدرێت، لە ژیانیان بێت یان لەماوەیەكی سنورداری ژیانیان.

ڕێككەوتن لەگەڵ یەكدا | التوافق | **Coincidence**

ڕوودانی دووكار لەهەمان كاتدا یان لەهەمان شوێندا، لەگەڵ جیاوازی هۆیەكان.

کاری هاوبەش
العَمَل المشترك
collaboration
هەرەوەز

هاوکاری کردنی تاکێك لەگەڵ تاکێکی دیکە، یان چەند کەسانێك لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە بۆ جێبەجێ کردنی کارێکی هاوبەش.
هەروەها مەبەست لەم زاراوەیە هاوکاریکردنی دوژمنی داگیرکەرە.

قۆناغی خۆراك
مرحلة
Collection food stage
کۆکردنەوە
جمع الغذاء

یەك لەشێوەیەکانی ژیانی سەرەتاییە، لەبنچینەدا پشت بەکۆکردنەوەی ڕووەك دەبەستێت، پاشان قۆناغەکانی ڕاو، لەوەڕاندن، کشتوکاڵ، بەدوایداهات.
تەماشا بکە:
Food collection

کاری بەکۆمەڵ
العمل الجمعي
Collective action
تەماشا بکە: کاری هەرەوەزی
Social action

سەوداکردنی بەکۆمەڵ
المساومة الجماعية
Collective bargaining
تەماشا بکە:
Bargaining collective

کۆ ڕەفتار
السلوك الجمعي
Collective behavior

مەبەست لەزارەوەکە، چەند حاڵەتێکی بەدەنگەوە هاتن و شێوازێك لەرەفتاردا کەلەیەکیش دەچن، لەلایەن هەندێ کەسانەوە کەبەدەنگی هەست جولێنەرێکی هاوبەشەوە دێن.
ڕەفتاری بەکۆمەڵ ڕەفتارێکی ئاسایی و باو نیە، واتە ملکەچی پێوەرە ئاشکرا بڕیار لەسەر دراوەکان نابێت.
ئەگەرچی پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان تاڕادەیەك ڕەفتاری کۆمەڵایەتی سنوردار دەکەن، بەڵام لەحاڵەتی ڕەفتاری بەکۆمەڵ، پێش بینیە کولتوریەکان شاراوەو سنورداریش نین، ڕەنگە دژ بەیەکیش بن بەجۆرێك هەڵوێستەکە بەنادیاریکراوەیی تارادەیەکی گەورە پشت گوێ دەخات.
ڕەفتاری بەکۆمەڵ جیاواز دەبێت لەرەفتاری گروپ (behaviorgroup) ، لەبەر ئەوەی لەحالەتی یەکەمدا ڕێکخستن و کار لەیەککردنی نێوان کەسەکان فەراهەم نابێت کەدەیانکاتە گروپێکی کۆمەڵایەتی.
شێوەکانی ڕەفتاری بەکۆمەڵ لەچەند نموونەیەکی جیاواز دەردەکەوێت، وەك: ڕەفتاری جەماوەرو بڵاوبوونەوەی داب و نەریت و مۆدەو پێکهاتنی بیروڕای گشتی و دروست بوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان.

کۆ هەستی
الشعور الجمعي
Collective conscediouness

تەماشا بکە:
Consciousness collective

کێڵگەی هەرەوەزی
المزرعة الجماعية
Collective farm
تەماشا بکە: کێڵگە کۆمەڵایەتیەکانی ڕوسیا
kolkhozes

بیرکردنەوەی بەکۆمەڵ | العقل الجماعي | Collective mind
تەماشا بکە: ئەقلی بەکۆمەڵ | Group ming

هاوسەرگیری بەکۆمەڵ | الزواج الاباحي | Collective marriage

جۆرە هاوسەرگیرییەکە روودەدات لەنێوان هەر ژن و پیاوێك لەکۆمەڵگەدا، واتە هەر ژنێك دەبێتە موڵکی هەر پیاوێك و هەر پیاوکێکیش دەبێتە موڵکی هەر ژنێك.
ئەو دیاردەیەش بەشێوازی داوێن پیسی دەچێت لەسەردەمی نوێدا.

موڵکداری بەکۆمەڵ | المُلكية الجماعية | Collective property

مەبەست لەم زاراوەیە، خاوەندارێتی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەیە بۆ دام و دامەزراوەو دەزگا گشتیەکانە، ئەو دامەزراوانەی تەرخان کراون بۆ بەرژەوەندییەکانیان، وەك ڕێگاو بانەکان، باخچەگشتیەکان لەبەر ئەوەی ئەندامی کۆمەڵگەیەکی رێکخراون، بەڵام بەبێ ئەوەی کەسیان بەشێکی دیاریکراوی تێدا هەبێت.

وێناکردنی بەکۆمەڵ | التصورات الجماعية | Collective representations

ئەم زاراوەیە ئەمیل دورکایم دایهێناوە، وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو هێمایانەی کەبەهایەکی هزری هاوبەش و مانایەکی سۆزدارییان هەیە لای هەموو ئەندامانی کۆمەڵ.
هەروەها لێکدانەوەو ڕوونکردنەوەی بەکۆمەڵ ڕەنگدانەوەیەکە بۆ مێژووی کۆمەڵگە، واتە ئەزموونەکانی لەماوەی مێژوودا، حاڵەتەکە گوزارشت لەهەستە بەکۆمەڵەکان و ئەو هزرانە دەکات کەدەبنە هۆی یەکگرتوویی و خەسلەتە نایابەکەی کۆمەڵ، ئەوەش بەهۆکارێکی گرینگ دادەنرێت بەشداری لەهاوکاری و یەکگرتنی کۆمەڵگە دەکات.

ئاسایشی گشتی | الامن الجماعي | Collective security

ئەو دەستەبەریەی کەکۆمەڵەی دەوڵەتان بەهۆیەوە ئەمن و ئاسودەیی هەر دەوڵەتێك بەدی دێنن و پارێزگاری خاکەکەشی دەکەن.
بۆ بەدیهێنانی ئەو کارەش پەنا بۆ ڕێکخستنی هەوڵە هاوبەشەکان دەبەن، بەمەبەستی ڕێگرتن لەهەر دەست درێژییەك لەسەر ئاشتی جیهان.

کۆمەڵێی
ڕێبازی هاوبەشێنی | الجماعية | cellectivism

سیستمێکی ئابوری کۆمەڵایەتیە، هۆیەکانی بەرهەم هێنان و دابەشکردن دەخاتە ژێر چاودێری دەوڵەت، ئەویش بەهۆی چەند ئەنجوومەنێکی گشتی یان چەند کۆمەڵەیەکی هەرەوەزی، بەڵام تەنها سامان و دارایی بەکاربردن دەبێتە موڵکی گشتی.
لەبنچینەدا، مەبەست لەم زاراوەیە خستنەڕووی وێنەیەکی نازۆرداریە بۆ سۆسیالیزم یاخود کۆمۆنیزم.

مرۆ کۆیی
- میللەت - | الجمع البشري | Collectivity

کۆمەڵە تاکێکن، تەبایی و ڕێکخستن لەپێکهاتن و بەرژەوەندییەکانیان، یان کاروبارە هاوبەشەکانیان باو دەبێت. دەوترێت کۆمەڵی ئەپستراکت.. رووت. (abstract collectivity)، وەك پیشەو پارت و چین، دیاردەکانی ئەپستراکت دروست دەبن ئەگەر کۆمەڵ بەیەکێتی و ویست و بەردەوامی ناسرا.

بەکۆمەڵکردن التجميع collctivization
هاوبەشێنی کردن

مەبەست لەم زاراوەیە لەسۆسیالیزم، گواستنەوەی هەموو یان بەشێکی هۆیەکانی بەرهەم هێنانە وەك زەوی و کارگەکان، لەخاوەنداریێتی تاکەوە بۆ خاوەندرێتی بەکۆمەڵ.
ڕەنگە خاوەنداریێتی نوێ، دەوڵەت یان دەسەلاتی گشتی، یاخود نەتەوە، یانیش کۆمەڵە کارمەندێك بێت.

پێکەوەبەستن الرَبط colligation
پێکەوە کۆکردنەوە الجمع

بەستنەوەی نێوان چەند شتێك یان چەند تاکێك یاخود چەند گروپێك، مەبەست لەم وشەیە لەلۆژیکدا کۆکردنەوەی ڕاستیە جیاوازەکانە بەئامانجی گەیشتن بۆ حاڵەتی بەگشتی کردن.

کۆلۆنیالیزم الاستعمارية colonialism
داگیرکاری

دەوڵەتێك دەسەلاتی خۆی بەسەر هەرێمێك لەدەرەوەی سنوری خاکەکەی بەکاربهێنێت، بەم کارەش ئەو هەرێمە قەوارەی تایبەتی خۆی و کەسێتی نێو دەوڵەتی لەدەست دەدات، ئەو دەسەلاتدارییە کۆلۆنیالیە هەموو کاروبارەکان دەگرێتە دەست، سەرەڕای دەسکەوتە ئابورییەکانی هەرێمەکە، کەدەوڵەتە داگیرکارەکە چاوی تێ بڕیوەو بەشێوەیەکی زۆر دارانە سوودی لێوەردەگرێت.

داگیرکراو ١ – المستعمرة Colony
کۆلۆنی

دەوڵەتێکی دواکەوتووە، هەموو دانیشتوانەکەی ملکەچی دەسەلاتی دەوڵەتێکی پێشکەوتووتر دەبن، بەلام نابێتە بەشێك لەو دەوڵەتە، ڕەنگە بەپێی پلەی پێگەیشتنی سیاسی جۆرێك لەحوکمڕانی ئۆتۆنۆمی پێ بدرێت.
دەوترێت کۆلۆنیەکانی نیشتەجێکردن (population colonies) وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو ناوچە داگیرکراوانەی کەخەڵکی دەوڵەتە دەسەلاتدارەکەی بۆ دەگوازرێتەوە، ئەگەر ژمارەیان زۆر بوو لەسەر خاکەکەی خۆی.
هەروەها دەوترێت کۆلۆنیەکانی چەوساندنەوە (exploitation colonies) واتە ئەو ناوچە داگیرکراوانەی سوود لەسامانە سروشتیەکەی وەردەگیرێت.

لۆبی ٢ – الجالية

گردبوونەوەی کۆچبەران لە وڵاتێکەوە بۆ ئەو وڵاتانەی کە کۆچیان بۆی کردووە لەگەڵ پارێزگاریکردنیان لەسەر داب و نەریتە ڕەسەنەکانیان.

کۆسپی ڕەنگ حاجز اللّون Colour bar
جیاوازی ڕەگەزی (نەتەوەیی) Cf. discrimination, racial

ستوونی داتایی الاعمدة البيانية Column chart
زانیارییە ستوونیەکان

ستوونەکانی زانیاری لەئاماردا، یەك لەو شێوازانەن کە بۆ ڕوونکردنەوەو ڕاڤەکردن سوودیان لێوەردەگیرێت، ئەو شێوازانە ئاراستەیەکی ستوونی وەردەگرن، بەزۆریش بەکار دەهێنرێن بۆ حاڵەتەکانی زنجیرەکاتیەکان (زەمەنیەکان) ئەگەر ئەو بەهایانەی ماوە زەمەنیەکان دەنوێنن سنوورداربن.

بەڕێوەبردنی هاوبەش | الادارة المشتركة | **comanagement**

بەڕێوەبردنی دامەزراوەکە بەهۆی چەند نوێنەرێکی خاوەن کارو کرێکاران، ئەوەش بەهەڵبژاردن یان دامەزراندن دەبێت کە بۆ ئەو کارە دیاری دەکرێن.
ئامانجی ئەو سیستمەش گونجاندنە لەنێوان بەرژەوەندییەکانی هەریەك لە سەرمایەداران و بواری کارەکە.

سەرکردایەتی ڕەسمی | القيادة الرسمية | **command**
فەرمان کردن | الأمرة

ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ دەرکردنی بڕیارەکان و بەکارهێنانی دەسەڵات، دەوترێت یەکگرتنی سەرچاوەی بڕیارەکان (unity of command) واتە هەموو کارمەندو ژێر دەستێك ملکەچی یەك سەرۆك بێت.
هەروەها دەوترێت، زنجیرەی بڕیارەکان (chain of command) واتە پێویست بەبوونی زنجیرەیەك لەپەیوەندییەکانی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆ دەکات لەسەرۆکەوە بەرەو خوار بۆ کارمەندو ژێر دەستەکانی ناودامەزراوەکە بەجۆرێك هەموو ئاستەکان بگرێتەوە لەسەرەوە بۆ خوارەوە.

هاوخوانی | المعايشة | **commensalism**
هاونشینی | المرافقة

کارلێکردنی نێوان تاکەکان، یان ئەو گروپانەی کەبەکاروئەرکی وەك یەك هەڵدەستن، ئەو لەیەکچوونەش لەبەجێگەیاندنی ئەرك و فەرمانەکان دەبێتە هۆی پەیدابوونی هەستێك بەهاوکاری کۆمەڵایەتی و بنچینەیەك بۆ کاری هاوبەش.
لەلایەکی دیکەوە دەبێتە هۆی پەیدابوونی رکابەری بۆ بەدەست هێنانی هەمان پێگە.
ڕێکخراوەکانی کرێکاران و کۆمەڵە پیشەییەکان هەوڵدەدەن زاڵبن بەسەر ئەو رکابەریەی کە بەهۆی هاونشینیەوە لەنێوان ئەندامانی دروست دەبن.

جێگا بازرگانیەکانی رابواردن | الملاهي التجارية | **Commercial amusements**

بریتیە لەچەند شوێن و دامەزراوەو ئامرازێك بەمەبەستی رابواردن، کەبەزۆری ئاراستەیەکی نالەبارو نەرێنیان هەیە، بۆ بینەرو میوانەکان ئامادە دەکرێن بەمەبەستی قازانج و دەسکەوتی مادی، لەبەرامبەریش شوێنی رابواردنی ئەرێنی هەیە.

ڕابواردن بۆ بازرگانی کردن | الترويج التجاري | **Commercial recreation**

تەماشا بکە: **Commercial amusements**

شۆڕشی بازرگانی | الثورة التجارية | **Commercial revolution**

بریتیە لەزنجیرەیەك گۆڕانکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی کەلەکۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست و سەرەتاکانی سەدەی نوێ لەرۆژ ئاوای ئەوروپا رویانداوە، ئەو گۆڕانکاریانە ئەم بوارانە دەگرێتە خۆی: نەمانی سیستمی دەرەبەگایەتی، رزگارکردنی تاك لەحالەتی پەیوەست بوونی بەزەوی و فراوانبوونی شارەکان و گەشەکردنی سیستمی پشتیوانەیی، هەروەها پەرەسەندنی بازرگانی نێو دەوڵەتی و بازرگانی لەنێوان ناوچە تەرخان کراوەکان بۆجۆرەها کاڵای جیاواز، لەگەڵ گەشەکردنی بازاڕی کراوەو زۆر بوونی سامانی، وەك دراو نەك زەوی.
دەرئەنجامەکانی ئەو شۆڕشە بازرگانیە، دەرکەوتنی چینی بازرگانە، کەبووە چینێکی خاوەن دەسەڵاتی ئابوری و سیاسی گەورە، ئەمەو شۆڕشی بازرگانی کەوتە پێش شۆڕشی پیشەسازییەوە.

بازرگانی کردن　　　　التتجیر　　　　**commercialization**

ئەو کردارانـەی ئامانجیـان قازانجـە، لـەبوارەکانی پیشەسازی و کشـتوکاڵ و ئـاڵ و گـۆڕکردن، ئـەو کردارانـە پێشـتر لەکۆمەڵگـە خۆڕسکەکان نەبوونە.

دیاردەی بازرگانی کردن لەبوارەکانی رۆشنبیری و فێربوون و پزیشکی، بـەهۆکارەکانی کـەم و کورتی دەزانرێت کەلەسیسـتمی کۆمەڵایەتی نویّ کاری پێدەکرێت، مەبەستیش لێی گۆڕینی ئەو چالاکیانەیە بۆ چەند جۆرەکەل و پـەلێك کەبەرهـەمهێنان و بەکاربردنیان ملکەچی یاسای بازار بکرێن.

لیژنە
کۆمیتە　　　　١ – اللجنة　　　　**commission**

تەماشا بکە: لیژنە　　　　**committee**

دەسەڵات پێدان (راسپاردن)　　　　٢ – التفویض

فـەرمانێکی نووسـراوە، حکومـەت دەریـدەکات و دەدرێتـە کەسـێك کەدەسـەڵاتی پێـدەدرێت بـۆ هەسـتان بەچـەند ئـەرکێکی دیاریکراو.

بەڵێن　　　　١ – التعهد
پابەندبوون　　　　الالتزام　　　　**Commit ment**

پابەند بوون ڕەنگە یاسایی بێت، هەروەها ڕەنگە حالەتێکی رەوشتیش بێت کـە بـە هـۆی بەڵێنێکەوە دروست نابێت، بـەڵکو بەهۆی سروشتی مرۆڤەکەوە دێتەدی، کاتێ توانای هەڵبژاردنی دەبێت لەنێوان باشەو خراپەدا.

بوونگەراییە هاوچەرخەکان بۆ چوونیان وایە کە پابەنـدبوون، گرینگـی دانـە بەراسـتکردنەوەی ئێسـتا لـەپێناو دروسـتکردنی ئاینده، ئەوەش جێبەجێ نابێت تەنها بە بوونی ئازادی نەبێت.

تەماشا بکە:　　　　**Engagement**

فەرمانی
بەندکردن　　　　٢ – أمر الحبس

گرتن و بەندکردنی کەسێك لەبەندیخانە یان دامەزراوەیەکی چاکسازی یاخود هەر شوێنێکی دی.

لیژنە
کۆمیتە　　　　اللجنة　　　　**Committee**

کۆمەڵە تاکێکن، دادەنرێن یان هەڵدەبژێردرێن، بۆ لێکۆڵینەوەو لـەدەرکردنی چـەندین بڕیـار یـاخود راسـپاردە دەربـارەی ئـەو بابەتانەی دەخرێنە بەردەستیان، کاروبارەکانیشیان پەیوەست دەبێت بەجۆری ئەو کۆمیتەیەی کەدامەزراوە.

کۆمیتە لەئەنجومەنێکەوە هەڵدەقوڵێت کە گەورەتربێت لەژمارەی ئەندامانی، ئەو بابەتانەی دەخرێنـە بـەردەم لیژنـە یـانیش ئەنجومەن ڕەنگە هەمان شێوەبن، بەڵام کار ڕاییـەکانی لیژنەکـە بەشـێوەیەکی ئاسـایی مـۆرکێکی ڕەسمـی کـەمتری پێـوە دیـارە لەوەی کەئەنجومەن پێی هەڵدەسێت (کەبەخۆشـی لیژنەکـەی دروسـت کـردووە) هـەروەها ئـەو ئەنجومەنـە خـاوەن دەسـەڵاتە لەدەرکردنی بڕیارەکان.

لیژنە (کۆمیتە) چەندین جۆری هەیە:

| | |
|---|---|
| لیژنەی متمانە پێدان بەئەندامانی | C. on credentials |
| لیژنەی دامەزراندن | c. on nominations |
| لیژنەی دارشتنی یاساکان | c. on rules & regulations |
| لیژنەی ڕاوێژکاری | Advisory. C. |
| لیژنەی ڕێکخستن (ڕێك و پێکردن) | Coordinating. C. |
| لیژنەی جێبەجێکردن | Executive. C. |
| لیژنەی سەرکردایەتی | Steering. C. |
| لیژنەی هونەری (تەکنیکی) | Technical. C. |
| لیژنەی تایبەت | A dhot. C. |

ئەو کۆمیتانە (لیژنانە) بۆ بابەتێکی دیاریکراو پێکدێن و کۆتایی بەکارەکانیان دێنن دوای ئەنجامدانی ئەرکەکانیان.

بەڵام (k.c. wheare) لیژنـەکان بـۆ

شەش جۆر دابەش دەکات:

| | |
|---|---|
| لیژنەی ئامۆژگاری | C. to advise |
| لیژنەی لێکۆلینەوە | C. to inquire |
| لیژنەی گتوگۆ | C. to negotiate |
| لیژنەی یاسادانان | C. to Legislate |
| لیژنەی کارگێری | C. to administer |
| لیژنەی پشکنین و چاودێری | C. to scrutinize and control |

زۆرێـك لەئەنجومەنـەکان وەك لیژنـە تەماشـا دەکـرێن، بـەڵام لـەژێر نـاوی جیـاواز، وەك ئەنجومـەن (council)، نووسـینگە (bureau) یاخود دەسـتەی راوێـژکاران (panel)، هـەروەها لـەنوێترین زاراوەی هاوتـا زاراوەی (working party) بـەکار دەهێنرێت.

لەوڵاتانی بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دەستەواژەی (ئەو هێزەی ئەرکێکی دیاریکراو دەگرێتە دەست) بەکار دەهێنرێت.

وشەی لیژنە، هاوتایەکی شپرزەی هەیە، ئـەویش زاراوەی (commission)ە، کەبـەمانای لیژنـە دێـت، زۆر جـاریش هـەردوو زاراوەکە بەکار دەهێنرێن بێ ئەوەی بەڕوونی لێك جیابکرێنەوە.

| | | |
|---|---|---|
| کەل و پەل | السِلعة | commodity |
| تەماشا بکە: | | good,economic |

| | | |
|---|---|---|
| یاسای گشتی | القانون العام | Common law |

کۆمەڵە بڕیارو چەند تیۆرییەکی زانستیانەیە، بەڵام نەنووسراوەتەوە، دروست بوەو دەسەڵاتەکانی لەداب و نەریتی سـەلمێنراو لەسەردەمە دوورەکانەوە وەرگرتووە.

بنەماو ڕێسا پێویستیەکان ڕێکدەخرێن بەمەبەستی پارێزگاریکردنی لە گیان و سامان ومافی خەڵکی.

خاوەندارێتی هاوبەش | الملكية المشتركة | **Common property**

ئەو شتەی کۆمەڵ خاوەنیەتی، خاوەندارییەکەش هاوبەش دەبێت، بێ ئەوەی هیچ تاکێك بەتەنها مافی لەبەشیکیدا هەبێت، نموونەی ئەو زەوییەی موڵکی کۆمەڵی راوچیە سەرەتاییەکانە.

بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی ئابوری ئەو خاوەندارییە کۆتایی دێت و لەجێگای ئەودا دان بەمافەکانی تاك بۆ خاوەندارێتی دەنرێت.

ژیری زگماکی | الادراك الفطري | **Common sense**

واتە ژیری کردەیی یان تێگەیشتنی تەواو دروست، بەجۆرێك تاك بڕیار لەسەر شتەکان بدات، ئەویش بەشێوەیەکی راست و پتەو پڕ بەپڕ.

هەروەها مەبەست لەم زاراوەیە، بیروڕای هاوبەشە، یاخود بیروڕای خەڵکیە بەگشتی کەلەئەنجامی ئەزموونێکی مرۆڤایەتی گشتگیرەوە دەردەچێت، ئەو زانین و تێگەیشتنە خۆرسکیە، لەبەرامبەر زانینی میتۆدی زانستی دەوترێت.

کۆمنویلس | الكومنويلث | **Common wealth**

یەکێتی گەلان | رابطة الشعوب

کۆمەڵە کەسانێك یان چەند دەوڵەتێك، بەرژەوەندییەکی هاوبەش بەیەکیان دەبەستێتەوە.

ئەم زاراوەیە بەکۆمەڵەی دەوڵەتانی بەریتانیاش دەوترێت، کەبریتین لەچەند دەوڵەتێکی سەبەخۆ، هەریەکەیان ڕەگەز نامەی سەربەخۆ دەداتە هاوڵاتیەکانی، بەڵام هەر هاوڵاتیەك لەوانە پەیوەندییەکی کەسێتی بەملکەچبوون بەتاجی بەریتانیا دەیبەستێتەوە.

کۆمەڵێکی بچووك | الكوميون | **Commune**

مەبەست لەم شێوە کۆمەڵە، لەسەدەکانی ناوەڕاست، بریتی بوون لەپێکهاتەیەك کە چەند چینێکی پیشەسازو بازرگانی دەگرتەخۆی، بۆبەرگریکردن لەبەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان و پاراستنیان.

دواتر ئەم زاراوەیە بەیەکە کارگێڕییە دابەشبووەکان دەوترا، لەوڵاتانی فەرەنساو ئیتالیا و سویسرا.

بەکۆمەڵ کردن | الكوميونية | **Communalism**

ڕێبازی حوکمڕانی خۆجێی | مذهب الحكم المحلي

بریتیە لەو بۆ چوونەی کەدەڵێت کۆمەڵگە دەبێ لەچەند کۆمەڵگەیەکی خۆجێی (communes) پێك بێت، هەر یەکەیان خودموختاری خۆی هەبێت لەگەڵ چەندین پسپۆری و دەسەڵاتی فراوان، هەروەها لەگەڵ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەندی کەلەیەکە سیاسییە گەورەکان دەردەکەوێت.

پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی | الاتصال الاجتماعي | **Communicaltion social**

بریتیە لەو کارەی کەبەهۆیەوە لەیەك تێگەیشتن ئاڵوگۆڕ دەکرێت لەنێوان زیندەوەرە مرۆڤایەتیەکانەوە، یان بریتیە لەو کارەی کە بەهۆیەوە واتاکان لەمرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی دیکە یاخود لەکۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دیکە دەگوازرێتەوە.

پەیوەندیکردن لەرێگای رۆژنامەو ئیزگەو تەلەفزیۆنەوە کاریگەری گەورەی هەبووە بەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیەوە، لەبەر ئەوە کارلێکردنی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە زۆربووە، هەروەها ئاسۆی هەرگروپێك فراوانتر بووە بەهۆی پەیوەندیکردنی بەبەشەکانی دیکەی جیهان و سوود وەرگرتنی لەکولتورو هونەرو زانستە جیاوازەکان.

تەماشا بکە: پەیوەندیکردنی جەماوەری **Mass communication**

هۆیەکانی پەیوەندیکردن | وسائل الاتصال | **Communication media**

بەهۆیانەوە، پەیوەندیکردن لەنێوان تاکەکان دێتەدی، گرینگترین ئەو هۆیانەش: نامە گۆڕینەوە، کۆبوونەوە، بڵاوکراوەو گۆڤارەکان...هتد.

پەیوەندییە کارگێڕییەکان | الاتصالات الادارية | **Communications administrative**

ئەو پەیوەندیانەی لەنێوان ئاستە کارگێرییەکان دێنەدی، ئەگەر ئەو پەیوەندییانە ستونی بن، واتە لەنێوان کارگێڕی باڵاوە بەرەو ئاستەکانی ناوەڕاست و خوارەوە، یان پەیوەندیکردنی ئاسۆیی لەنێوان بەشە کارگێڕییە جیاوازەکان.
دەوترێت تیۆری پەیوەندییەکان (communication theory)، ئەو تیۆرییە لەبوارە مادی و سایکۆلۆجی و سوسیۆلۆجیەکان دەکۆڵێتەوە، دەربارەی پرۆسەکانی راوێژکردن و ئاڵوگۆڕکردنی بیروباوەڕو زانیاریەکان، لەنێوان کەسە بەشداربووەکان لەچالاکیەکی دیاریکراودا، یاخود کارمەندەکانی لەیەک چوارچێوەدا.

یەك هەستی | وحدة الشعور | **Communion**

بەشداریکردنی ئەندامانی کۆمەڵگە لەچەندین تێگەیشتن و بیروبۆچوونی دیاریکراو، کەهەندێکیان بەهەندێکی دیکەوە دەبەسترێتەوە، ئەو چەمکە لەئاینی مەسیحیەت بەیەکگرتنی رێبازی ئاینی دەوترێت.

کۆمۆنیزم | الشيوعية | **Communism**

رێبازێکی ئابوری و کۆمەڵایەتیە، لەسەر بنچینەی کۆتایی هێنان بەموڵکایەتی تاکەکەسی دادەمەزرێت، هەروەها دەستیۆەردانی کارای دەوڵەت لەژیانی خەڵك و ملکەچکردنیان بۆ چاودێری خۆی و ئاراستەکردنیان ئاراستیەکی ماددی و هزری.
بنەمای بنچینەیی بۆ ئەو ڕێبازە لەوە کورت دەکرێتەوە (هەر کەسێ بەپێی تواناکەی، هەر کەسێ بەپێی پێویستی).
بەلای ئەم ڕێبازە ئەرکی هەرکەسێك ئەوەیەکە تەنها بەپێی تواناکەی کاربکات و هەرکەسێك بەپێی خۆی بەشی بدرێت.

کۆمۆنیزمی سەرەتایی | الشيوعية البدائية | **Communism primitive**

زاراوەیەکی ساختەو هەڵخەڵەتێنەرە، لەهەندێ نووسینی ئەنثرۆپۆلۆجی بەکار دەهێنرێت بۆ باسکردنی ئەو سیستەمە ئابورییەی کەلەسەر بنەمای بەس بوون و خۆتێرکردن دامەزراوەو لەناو چەند کۆمەڵگایەکی سەرەتایی بڵاوبۆتەوە، کەتاکەکانی بەشداری دەکەن لەمولکیەت و لەبەکارهێنانی هۆکارەکانی بەرهەم هێنانی کەل وپەل و کاڵاکان، دیارە ئەو ژیانەش بارودۆخە تایبەتیە دژوارەکەیان دەیسەپێنێ بەسەریاندا.
ئەو بارودۆخەی گوزەران، هەر وەك باو بووە لەوکۆمەڵگایە سەرەتاییانەی، لەسەر کاری راوکردنی ئاژەڵ ژیاون.
ئەم جۆرە سیستەمەش، نموونەی باڵابووە لای پیاوانی ئاینی مەسیحیەت لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا.

کۆمەڵگەی خۆجێی | ١ – المجتمع المحلي | **community**

کۆمەڵە کەسانێکن لەسەر پارچە زەوییەکی دیاریکراو دەژین، چەند پەیوەندییەکی هەمیشەیی تاڕادەیەك، نەك پەیوەندی لابەلای و کاتی بەیەکیان دەبەستێتەوە.
چالاکی رێك و پێکیان هەیە، بەپێی چەند رێساو شێوازێکی پێ زانراو لەسەری دەڕون، هەروەها گیانێکی بەکۆمەڵ لەنێوانیاندا باوە، ئەو هەستەشیان لا دروست بووە کەهەموویان سەر بەیەك کۆمەڵگان.

کۆمەڵەی دەوڵەتان ٢– الجماعة الدولية

چەند دەولەتێکن، هەندێ بەرژەوەندی و ئامانجی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە.

سندوقی دارایی هاوبەش صندوق التمويل المشترك **Community chest**

دامەزراوەیەکە، ئەو هەوڵانە رێکدەخات کە تایبەتن بە کۆکردنەوەی پارەو داهات لەکۆمەڵگەی خۆجێی، بەجۆرێك کەهیچ ئەنجومەنێك یان کۆمەڵەیەك یاخود دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی لەوکۆمەڵگەیە بەشە گەورەکەی ئەو داهاتە بۆ خۆی داگیرنەکات و ئەنجومەنەکانی دیکەش پشت گوێ بخات، کەژینگە زۆر پێویستی بەکارو بارەکانیان هەیەو ئەوانیش پێویستیان بەهاوکاری دەبێت.

گەشەپێدانی کۆمەڵگە تنمية المجتمع **Community development**

پرۆسەی سازادن و رێکخستنی هەوڵەکانی تاك و گروپەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، هەروەها ئاراستەکردنیان بۆ کاری هاوبەش لەگەڵ ئەنجومەنە حکومیەکان، ئەویش بەشێوازی دیموکراسیانە، بەمەبەستی چارەکردنی کێشەکانی کۆمەڵگەو بەرزکردنەوەی ئاستی رۆڵەکانی لەبواری ئابوری و کۆمەڵایەتی و کولتورییەوە، لەگەڵ رووبەڕوو بوونەوەی پێداویستیەکانیان لەرێگەی سوود وەرگرتنی تەواو لەهەموو دەرامەتە سروشتی و مرۆڤایەتی و هونەری و داراییەکانی ژێر دەست.

رێکخستنی کۆمەڵگە تنظيم المجتمع **Community organization**

بوژانەوە لەرێگای کاری خۆجێی لەو ناوچانەی کەئاستەکانی ژیان تێیدا بەشێوەیەکی رێژەیی بەرز دەبێت و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان پێشکەوتوو دەبن بە بەراورد لەگەڵ ناوچەیەکی دیکە، بەڵام ئەو کارە پێویستی بەپلەیەکی بەرزتر لە هاوکاری و دەس پێشخەری هەیە لەلایەن کۆمەڵگەوە.

بۆیە رێکخستنی کۆمەڵگە ڕوو لەرێك و پێك کردنی ئەو هۆکارانە دەکات کەدەکرێت بەهۆیانەوە دەرامەت و شارەزایی و لێهاتووییەکان ئاراستەبکرێن بەرەو بەدی هێنانی خۆشگوزەرانی بۆ کۆمەڵگە.

کۆمەڵگەی ئاوێتە - فرەگروپ = المجتمع المركب **Community multi group**

ئەو کۆمەڵگایەی چەند گروپێك دەگرێتە خۆی و تاك ئینتیمایان بۆ دەکات، ئەو تاکەی ئەندامە لەیانەیەك و لەکۆمەڵەیەکی هەرەوەزی، هەروەها لەسەندیکایەکی کرێکاری ئەو هەڵس و کەوتەکانی جیاواز دەبن بەپێی جیاوازی هەر گروپێك، ئەمەو بەهۆی بڵاوبوونەوەی پسپۆری لەکاردا ئەوا لەنێوان تاکەکاندا هاوکارییەکی ئۆرگانیش دروست دەبێت. ( solidarite organique).

کۆمەڵگەی سادە المتجمع البسيط **Community uni-group**

واتە کۆمەڵگەی خۆڕسك، لەبەر ئەوەی تاکەکانی ئینتیمایان بۆ یەك گروپ هەیەو هەڵس و کەوتەکانیان هاوشێوەی کۆمەڵگەی لادێی دەبێت، هەر بەهۆی لەیەکچوونی تاکەکانشی ئەوا هاوکارییەکی میکانیکی لەنێوانیاندا دروست دەبێت.

هاتووچۆی رۆژانە ١– الانتقال اليومي التحركات اليومية **Commutation**

راهاتن لەسەر جێگۆڕکێ لەدەوروبەرەوە بۆ ناوەڕاستی شار، بەمەبەستی کارکردن، هەندێ جاریش بۆ جێبەجێکردنی چەند کارێکی کۆمەڵایەتی، یان بۆ پشوودان و رابواردن.

کەمکردنەوەی سزا | ٢ – تخفيف العقوبة

گۆڕینی سزاکان، لەسزایەکی زۆر توونـدەوە بۆ سـزایەکی سـووکتر، ئـەو گۆڕینـەش دەسـەڵات دەیبەخشێت کـەمافی لێبـوردنی بەدەستە.

**Companion** | الرفيق | هاوڕێ

ئـەو تاکەیـە کـە کۆمـەڵ پێی رازی دەبێت، دەوترێت هاوڕێیـەکی نەویسـتراو (rejected companion)، بـۆ ئـەو تاکـەی کۆمەڵ پەسندی ناکات کەبەشداری چاڵاکیەکان بکات.

هـەروەها دەوترێـت هاوڕێیـەکی ڕێگاپێـدراو بەبەشـداریکردنی (tolerated companion) مەبەسـتیش ئـەو تاکـەی کـە کۆمەڵ رازییە بەبەشدار بوونی لەچاڵاکیەکانی.

**Company** | الشركة | کۆمپانیا

کۆمپانیا بریتیە لەگرێبەستێك لەنێوان دووکەس یان زیاتر دەبەسترێت، بەوەی هەموو لایەکان بەشداری بکـەن لەپرۆژەیـەکی دارایی، ئەویش بەهۆی ئامادەکردنی برێك لەسەرمایە وەك پشکی بەشداری لەپرۆژەکە کەڕەنگە قازانج بکات یان زەرەر.

کۆمپانیاکان چەند جۆرێکن:

کۆمپانیای پشکدار (joint stok co.) ئەم کۆمپانیایە پێکدێت لـە ژمارەیـەکی گـەورەی بەشـدار بـووان و بەسـەرمایەیەکی گەورەوە، ئەم کۆمپانیایە لەبارێکی ئاسایی ناوێکی تایبەت هەڵدەگرێت، بەڵام ناوی بەشدار بووانی دەرناخات.

کۆمپانیای بەرپرسـیاریەتی سـنووردار (Limited company)، ئـەو کۆمپانیایـە، یاسـا ژمـارەی بەشـداربوونی دیاریـدەکات، هەر یەکە بەپێی ڕادەی بەشەکەی بەرپرسیاریەتی خۆی هەڵدەگرێت.

کۆمپانیای هاوبـەش (partner ship)، ئـەو کۆمپانیایـە لەژمارەیـەکی کـەمی ئەنـدامان پێکـدێت کـە (4 - 5) کـەس تێپـەڕ ناکات، کار لەپرۆژەیەکی بازرگانی دەکەن و بەرپرسیاریەتیەکەی سنوردار نابێت.

کۆمپانیا گەورەکان لەکۆمەڵگەی نوێدا دەسەڵاتێکی گەورەی هەیە، لەدیاردەکانی ئەو دەسەڵاتە فراوانـە، ئـەو ڕۆڵـە گەورەیـەی کەدەیگێڕێت لەبڵاوکردنەوەی کاڵاکان و بڕیاردان لەسـەر ئـەو بابەتانـەی جێگای چێژن و ئاراسـتەکردنی جۆرەکانی جل و بەرگ، ئەویش لەڕێگای هۆیەکانی راگەیاندنی جەماوەری.

**Company town** | مدينة الشركة | شاری کۆمپانیا

کۆمەڵـە خانوویەکـە بـۆ نیشـتەجێبوون، لەسـەر پارچـە زەوییـەك دروسـت دەکرێـت کـە هـەمووی یـان هەنـدێکی مـوڵکی کۆمپانیایـەکی پیشەسـازییە، ئـەو خانوانـەش بەشـێوەیەکی سـەرەکی تـەرخان دەکـرێن بـۆ نیشـتەجێ بـوونی کرێکـارانی کۆمپانیاکە.

خودی کۆمپانیا کە زۆر بواری چاڵاکیەکانی ئەو شارە بەڕێوە دەبات بەپێی ئەو سیاسەتەی کە دایرشتووە لەم بارەوە.

**Company unio** | نقابة عمال المنشأة | سەندیکای کرێکارانی دامەزراوەکە

ئەو سەندیکا کرێکارییەی ئەندامیەتی تێیدا تەنها ئـەو کرێکارانـە دەگرێتـەوە کەلەیـەك دامـەزراوەکار دەکـەن، یـان لای یـەك خاوەن کارن.

**Comparative method** | المنهج المقارن | میتۆدی بەراوردکاری

مەبەست لەم زاراوەیە لەکۆمەڵناسیدا، ڕێگایەکە بۆ بەراوردکردنی نێوان کۆمەڵگا جیاوازەکان، یان نێوان چەند گروپێك یاخود چەند سیستمێکی کۆمەڵایەتی لەناو یەك کۆمەڵگە، بەمەبەستی دەرخستن و ئاشکراکردنی ڕووەکانی لەیەکچوون و جیاوازی نێوان دیاردە کۆمەڵایەتیەکان، هەروەها دەرخستنی هۆیەکانیشی.

ئەو کارەش بەپێی چەند تاقیکردنەوەیەك دێتەدی کەوا دەکات ئەو دیاردانە دەرفەتی بەراوردکردنیان هەبێت، وەك ڕووە مێژوویی و ئەپنۆگرافی و ئامارییەکان، بەپێی ئەو شێوازە بۆ بەراوردکردن، دەکرێ بگەینە دارشتنێك بۆ تیۆرییە کۆمەڵایەتیەکان.

تێکەڵبوونی کلتورەکان **Cf. cross cultures**

بەشکردنی (کەرتکردنی) دەروونی التجزئة النفسية **Compartmentalization**

مەبەست لەم زاراوەیە، جیابوونەوەی ڕەفتاری تاکە، لەبیرکردنەوەی کە بەرەو چەند ئاراستەیەك دەڕوات و هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ یەکتردا نابێت، تاك بۆ خۆی درك ناکات بەشێوەکانی ئەو ناکۆکیەی هەیە لەجۆرەکانی بیرو ڕەفتاری. هەر بەپێی ئەو دیاردەیە، ئەوا تاك گوێ ڕایەڵی کۆمەڵە پێوەرێکی دژ بەیەك دەبێت لەمیانەی چەند هەڵوێستێکی جیاوازدا، بێ ئەوەی هەست بەهیچ ململانێیەکی ناوخۆیی یان شپرزەییەك بکات.

بژاردن
خستنەبڕی التعويض **compensation**

1- لەیاساکانی کارو بیمەی کۆمەڵایەتی، بژاردن و قەرەبوکردنەوە، بریتیە لەبڕێك پارە کەبەیەك جار یان چەند جارێك دەدرێت، وەك قەرەبو کردنەوەی پەککەوتنی کاتی یاخود بەردەوامی، کەبەهۆی تووش بوونی لەکاردا، کەسەکە پەکی دەکەوێت.

2- لەدەروونناسیدا خستنەبڕ، هەوڵدانێکە لەلایەن تاکەوە، کاتێ هاندەرە بنچینەییەکەی بەرەوڕووی هەندێ دیاردەی شاراوە دەبێت و دەوری دەگرن، نموونەی هەست کردن بەکەم و کورتی و لاوازی، یاخود هەوڵی زاڵبوون بەسەریاندا و دەرخستنی چەند خەسلەتێك کەجێگای ویست و ڕەزامەندی بن، هەروەها زیادە ڕۆیی لەو کارەدا بەمەبەستی بەدەست هێنانی ڕادەیەك لەتێربوون، واتە بنچینەی خستنەبرەکە هەست کردنە بەکەم و کورتی وپەککەوتن، ترسیشە لەنووشستی هێنان.

لێوەشاوەیی
پسپۆری ١ – الاختصاص **Competence**

مەبەست لەم زاراوەیە لەیاسای کارگێڕیدا، بریتیە لەلێهاتوویی یەك لەدەسەڵاتە گشتیەکان بۆ هەستان بەچەند کاروبارێکی دیاریکراو، دەوترێت: پسپۆری وەزیرو پارێزگار..هتد. هەروەها لەکارراییە یاساییەکان دەوترێت، پسپۆری دادگای بەرایی یان دادگای تێهەڵچوونەوە.

لێهاتوویی
توانست ٢ – الجدارة، القُدرة

تەماشا بکە: توانست **Ability**

ڕکابەری
ململانێ المنافسة
التنافس **competition**

یەك لەدیاردەكانی كارلێكردنی كۆمەڵایەتیە، بریتیە لەهەوڵدانی هەموو تاكێك یان گروپێك بۆ بەدەست هێنانی گەورەترین بەش، لەشتی نایاب یاخود شتی دەست نیشانكراو.
ئەو زۆر كەمیە لەشتەكان سەرچاوەی ركابەرییە، ئەگەر شتەكان بەڕادەی پێویست، تاك یانیش گروپەكان تێربكات و بەردەست بێت، ئەوا پێش برکێ و ململانێ هیچ پێویستی نەدەكرد.
ڕەنگە ئەو ململانێیە ڕاستەوخۆ بێت تاك هەستی پێ بكات، هەروەها دەكرێ ناراستەوخۆش بێت و هەستی پێ نەكرێت، وەك ئەوەی تاك درك بەوە نەكات كە ئەوپیشەیەی ئەو گرتویەتیە دەست، ئەوە كەسێكی دیكەی بێبەش كردووە لەوكارە.
ڕەنگە ململانێیەكە دروست كەرودامەزرێنەر بێت (constructive)، ببێتە هۆی گەشەپێدانی شارەزایی و لێهاتوویی و ئامادەكردنی دۆخە تەواوەكان بۆ پێشكەوتن لەكاردا.
هەروەها ڕەنگە ململانێیەكە روخێنەریش بێت (destructive) ئەگەر ئامانجی سوود وەرگرتن بێت لەهەڵوێستەكە بەدەركردنی كەسانی دیكە، یان زاڵبوون بەسەریاندا.

**گرێی دەروونی** | **العقدة النفسية** | **complex**

لای قوتابخانەی شیكردنەوەی دەروونی، گرێی دەروونی لەكۆمەڵە شارەزابوون و ئەزمونێكی خەفەكراو پێكهاتووە، بەڵام بەردەوامیش كارتێكردنی دەبێت لەسەر بیركردنەوەو رەفتار، ئەگەر چی تووشی خەفەكردن و لەبیركردنەوەش بووە.
گرێی دەروونی چەند جۆرێكی هەیە، لەوانە:
گرێی ئەلیكتر (Electracomplex) واتە پەیوەست بوونی كچ بەباوكیەوە لەگەڵ بوونی ناكۆكی لەگەڵ دایك.
گرێی ئۆدیب (Oedipus complex) واتە ویستی منداڵ بۆ دەست داگرتن بەسەر باوكی، بۆ ئەوەی جێگای ئەو بگرێتەوە لای دایكی.
هەروەها گرێی خۆ بەكەم زانین (inferiorty comples) كەپێكهاتەیەكە لەهەست و سۆزی شاراوە، ئەوەش بەهۆی هەست كردن بەپەككەوتنێكی ئەندامی یاخود دەروونی یاخود كۆمەڵایەتیەوە.

**پێكهاتەی كلتوری** | **المركب الثقافي** | **Complex, culture**

تەماشا بكە: **Culture comlex**

**تێگەیشتن** | **١ – الفهم** | **comprehension**

**درك پێكردن** | **الادراك**

تێگەیشتن لەدەروناسیدا بریتیە لەكرداری درك پێكردن، ئەو كردارە پشتی بەژێری دەبەستێت، واتە بوونی توانا لەسەر ڕێكخستنی شتەكان یان هەڵوێستەكان یاخود ڕووداوەكان.

**هەمەلایەن** | **٢ – الشمول**

لەلۆژیكدا، كۆی خەسلەتە هاوبەشەكانە، كەڕەگەزێك یان جۆرێك یاخود بابەتێك جیاواز دەكاتەوە.

**سازش** | **١ – التسوية** | **compromise**

**چارەسەری مام ناوەندی** | **الحل الوسط**

ڕێككەوتنێكە لەڕێگای وازهێنانی لایەنەكان لەداواكاریە هاوبەش و ئاڵ و گۆڕكراوەكانیان دێتەدی، ئەم كارەبریتیە لەپرۆسەیەكی ڕێككەوتن لەسەر بنچینەی ئاڵاو گۆڕكردنی بیروڕاكان، تا دەگاتە ئەو بارەی كەهەموو لایەنەكانی ململانێ زیاتر رازی دەبن بەو حالەتەی كەپێش ئاڵۆگۆڕكردنی بیروڕاكان هەبووە، دیارە ئەوەش كارێكی دیموكراسیانەیە بەتایبەتی لەبواری كارگێڕیدا.
لەقوتابخانەی شیكردنەوەی دەروونی دەوترێت (دارشتن یان پێكهێنانی سازشەكە) (compromise for mation) كەیەك لەشێوەكانی رەفتارو ئەو هاندەرانەیە ئەوانی تێكەڵبوونی نێوان هێزەكانی خەفەكردنی دەروونی و هاندەرە رەمەكیە

کپکراوەکان دەگرێتە خۆی.
ئەم فێڵە هەستیارییە دەبێتە هۆی هەموارکردنی هاندەرە خەفەکراوەکانی ئەو (id) بەجۆرێك توانای هەڵاتنی دەداتێ لەچاودێری (من) (ego) یان خود، هەروەها دەرفەتی دەربڕینی دەداتێ بەشێوەیەکی کاتی ئەویش بەهۆی چەند شێوەیەکی هیچ و بێ کەڵکی دەربڕین.

لەیەك رازی بوون
گونجاندنەوە
٢– التراضي

لەشیکردنەوەی دەروونیدا، مەبەست لەزاراوەی لەیەك رازی بوون، ئەو چالاکیەیە کە کاریگەری هەریەك لە حالەتەکانی خەفەکردن و هاندەرە غەریزییەکان، ڕەنگدانەوەیان تێیدا دەبێت ئەوانی خواستی خۆئاشکرا کردنیان هەیە.
لەم بارەدا هاندەرە خەفەکراوەکان تووشی رادەیەك لەهەموارکردن دەبن، بۆیە دەرفەتی دەرچوونیان دەبێت.
تەماشا بکە: سازیان ، گونجاندنەوە accommodation

ئازادکردن بە سوێندان التبرئة باليمين compurgation
ژمارەیەك دراوسێ، هەستن بەسوێند خواردن بەوەی بروایان بەکەسی داوالێکراو یان تاوانبارکراو هەیە، بەو سوێندەی کەخواردوویەتی و ناوبراو دوورە لەهەر بەرپرسیارییەتیەك یان دوورە لەو کەتنەی کەخراوەتە پاڵی، دیارە ئەم جۆرە کارانەش بەسەر چوو کۆنن.

هێزی ویستن النزوع conation
سەرەتای چالاکیەکی ئامانجدار، واتە رووە کاراکەی ئیرادە، یان و یست، یاخود وروژاندنی هەستخوازی.

چەق بەستن
چڕکردنەوە
التركيز، التركُز concetration
چەق بەستن لەڕووی ئیکۆلۆجییەوە ئاماژەیە بۆ ئەوپرۆسەیەی کە دانشتوان لەناوچەیەکی دیاریکراودا کۆدەبنەوە بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئامانجە کۆمەڵایەتیەکانی وەك: ژیان و گوزەران، کارکردن، رابواردن و حەسانەوە.
لەدەروونناسیدا، مەبەست لەزاراوەی چەق بەستن، چڕکردنەوەی ئاگایی یان هەوڵدان هەروەها ئاراستەش بکرێن بەرەو بابەتێکی دیاریکراو.
لەڕووی ئابورییەوە، زاراوەی چڕکردنەوە، بریتیە لەپەرەسەندنی بەرهەم و گەیشتنی بەرۆڵی دامەزراوە گەورەکان، ئەویش دەبێتە هۆی لاوازبوونی رۆڵی دامەزراوە بچووکەکان.
لەبارێکی ئاسایدا، چڕکردنەوە بەتێکەڵبوونی چەند دامەزراوەیەك دێتەدی، تێکەڵبوونێکی ئاسۆیی (یەك چالاکی دەبێت) یاخود بەشێوەیەکی ستوونی (چەند چالاکیەکی دەبێت).

مانای دامالراو
هزر، چەمکی گشتی
المعنى المجرد
المدرك الكلي، المفهوم العام
concept
بۆ چوونێکی فەلسەفیە، واتە جەوهەرێکی رووت (چییتی شت)، لەجیاتی ماددەی کەسێتی، هەروەها دەربارەی دیاردە جیانەبووەکان لەماددە، وەك بڕ، ڕەنگ، دەنگ، بۆن، تام، گەرما، سەرما.
درکی ئەقلی رامان (conception) لەدەروونناسیدا، بریتیە لەو زانینەی کەراستەوخۆ بەهۆی هەستەکانەوە درکی

پێناکرێت، بەڵام ئەو زانینە ئەنجامن بۆ کارەکانی بیر.
هەروەها بۆ پێکهێنانی چەمکی گشتی ئەوا پێویست بەکرداری ئەپستراکت داماڵین و پرۆسەی بەگشتی کردن دەکات.
لەبەرامبەریدا تێگەیشتن، درکی هەستی (perception) هەیە.

**conceptualism** | المذهب المعنوي | وێناگەری
التصورية | ئەندیشەکاری

ڕێبازێکی فەلسەفیە، یان تیۆرییە، دیدی وایە کە بابەتەکانی هزرو هێماپێکراوەی ناوە گشتیەکان ئەوانە بیری رووتن، تەنها لەئەقلدا بوونیان هەیە، ئەقل خۆی پێکیانی دێنێت.
لەبەرامبەریدا ڕێبازی واقیعەت (realism) هەیە.

**concession** | عقد الامتیاز | مافی بەکارهێنان
گرێبەندی تایبەتمەند

مەبەست لەم زاراوەیە لەیاسای کارگێریدا، ئەو گرێبەستەیە کەبەپێی ئەو دەوڵەت ئەرکی بەڕێوەبردنی دامەزراوەیەکی ئابوری گشتی و بەکارهێنانی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەتاکێك یان کۆمپانیایەك دەسپێرێت، ئەویش بەهۆی کارکردن و هەندێ سەرچاوەی دارایی کەلەلایەن بەڵێندەرەوە ئامادە دەکرێت و لەسەر بەرپرسیاریەتی خۆی.
لەبەرامبەر ئەو کارە، باج میرانە لەوانە وەردەگیرێت کەسوود لەو پرۆژە گشتیە وەردەگرن.

**concilition** | التوفیق | پێکهاتن
رازی بوون

هەوڵدانێکە بۆ نزیکردنەوەی بیروڕای ناکۆك لەنێوان دوولایەنی ململانێ و بۆ گەیشتن بەڕێککەوتنێکی دۆستانە بەرەزامەندی هەردوولا.

**Concrete social class** | طبقة أجتماعیة | چینێکی کۆمەڵایەتی
واقعیة | کۆنکریتی

گروپێکە وەك یەکەیەکی کۆمەڵایەتی کاردەکات، ئەندامانی لەگەڵ یەکتر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە، نموونە: حزبە سیاسییەکان، یانەو سەندیکا پیشەییەکان.

**Concubinage** | التَسري، التَسرُر | هاوسەرێتی بەنهێنی
الأستسرار | دۆستایەتی بەنهێنی

ئەو حاڵەتەی دروست دەبێت لەنێوان پیاوێك و ژنێك، بەیەکەوە دەژین وەك دوو هاوسەر، بێ ئەوەی پەیوەندییەکەیان شەرعی بێت، ئەگەر ژیانێکی تەواو بژین لەهەموو روویێکەوە، ئەوا پێی دەوترێت پەیوەندییەکی ئازادانە (union libre)، یان هاورێی گیانی بەگیانی.
بەرامبەردا، دۆستی دانپیانراو هەیە بۆ ژنێك کەمێردی هەبێت (cicisbeism) ئەو حاڵەتەش پەیوەندکردنی ژنێکە (کەهاوسەری شەرعی هەیە) بەزیاتر لەپیاوێك.

پێشبڕکێی کۆمەڵایەتی | التنافس الاجتماعي | Concurrence, social
تەماشا بکە: پێشبڕکێی کۆمەڵایەتی | Social competition

تاوانبار کردن | الإدانة | condemnation

مەبەست لەم زاراوەیە لەیاسای مەدەنیدا، بڕیاردان لەسەر لایەنی نەیار، بە هەموو یان هەندێ لەداواکاریەکانی لایەنی هاو دژ بەڵام لەیاسای سزاداندا، بریتیە لەبڕیاری سزادان بەسەر هەر کەسێك کەبەسەرپێچیەك یاخود کەتنێك یانیش تاوانێك هەستا بێت.

چڕکردنەوە | التكثيف | condensation

مەبەست لەم زاراوەیە لەقوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونیدا، لایەنگری بۆ پێکهێنانی چەند یەکەیەك، ئەویش لەچەند ڕەگەزێك کەناکرێت بەیەکەوە کۆبکرێنەوە لە دۆخی نا ئاگاییدا، چونکە ناکۆکەکان کۆدەبنەوە بێ هەر تەنگاوییەك، دیارە ئەوەش لەگرینگترین کردارەکانی پرۆسەی نائاگاییە، لەبەر ئەوەی یاساکانی لۆژێك بوونیان لە نەست نائاگاییدا نیە.

مەرج | الشرط | condition

لەیاسادا مەرج کارێکی داهاتووە، ڕوودانی نەهاتۆتەدی، بۆ بەدی هێناتنی پێویست بە پابەندبوون دەکات، یان نەمانی ئەو پابەندییە.

کاردانەوەی مەرجدار | الفعل المنعكس الشرطي / الاقتران الشرطي | Conditioned reflex

مەبەست، ئەو وەڵامدانەوە ڕاستەوخۆیە کەئەندامێك پێی هەڵدەستێت لە ئاست ئاگاکارییەکی نوێ، نەك هەمان ئاگاکاریە سروشتیەکە یان بنچینەییەکەی ئەو وەڵامدانەوەیە.

لەخەسلەتەکانی ئاگاکاریە تازەکەدا نیە کە ئەوجۆرە وەڵامدانەوەیە بوروژێنێت، بەڵام ئەو، ئەو خەسلەتەی چەندین جار بەدەست هێناوە بەهۆی پەیوەستی بەئاگاکارییە سروشیتەکەوە، بەو مەرجەش کە ئاگاکارییە تازەکە بەچەند چرکەیەك پێش ئاگاکارییە سروشتیەکە رووبدات.

یەکەم کەس لێکۆڵینەوەی لەسەر وەڵامدانەوەی (کاردانەوە) مەرجدار ئەنجامداوە، زانای فسیۆلۆجی روسی بافلوف بووە. هەروەها (watson) دامەزرێنەری قوتابخانەی رەفتار خوازی لەدەروونناسیدا (behaviorism) کار دانەوەی مەرجداری بەبنچینەی بەدەست هێنان و فێربوون داناوە، ناوبراو هەموو کرداره رەفتاریخوازەکان بۆ چەند کاردانەوەیەکی ئاوێتە دەگەڕێنێتەوە.

پەرچەکرداری مەرجداری | فعل منعكس شرطي | Conditioned response
تەماشا بکە: | Conditioned reflex

مەرجەکانی کار / مەرجەکانی دامەزراندن | شروط العمل | Conditions employment

بریتیە لەو مەرجانەی کە لەچوارچێوەیدا کرێکار پەیوەندی بەکارێکەوە دەکات، وەك: کرێ و کاتەکانی کارکردن و ...هتد، کە لەگرێبەستی کارکردندا تۆمار کراون، هەروەك باویشە یاسا کەمترین ئاستی ئەومەرجانەی تێداباس کراوە.

**Conditions living** أحوال المعيشة بارودۆخی ژیان

ئەم بابەتە لایەنەکانی ژیانی تاك دەگرێتەوە، وەك شوێنی نیشتەجێ بوون و خواردن و جل و بەرگ، دیارە ئەو لایەنانە بەشێوەیەکی ئاسایی پەیوەست دەبن بەڕادەی داهات و بەو ژینگەیەی کەتاك تێیدا دەژێت، هەروەها ئەو چینە کۆمەلاّمەتیەی ئینتمای بۆی هەیە.

**Conditions social** الاحوال الاجتماعية بارودۆخی کۆمەڵایەتی

**Social conditions** تەماشا بکە:

**Conditions, working** ظروف العمل هەل و مەرجی کار

**Working conditions** تەماشا بکە:

**conduct** السلوك الموَجّه / المسلك الاخلاقي ڕەفتاری ئاراستەکراو (مەرجداری)

ڕەفتارێکە جێگای ڕێزە، یان ئاراستەکراوە لەبەر رۆشنایی داب و نەریتدا (mores)، یاخود لەبەر رۆشنایی ئاست و بنەماکانی پەروەردەو ڕەوشت.

دەوترێت، رەفتاری ئاشکراو دیار (overt conduct)، هەروەها رەوشتی نهێنی و شاراوە (covert conduct).

**confederation** ١– اتحاد تعاهدي / –كونفيدرالي – کۆنفیدرالی / یەکێتیەکی هاوپەیمانی

ڕێککەوتنی نێوان دوو دەوڵەت یان زیاتر بەپێی پەیمانێکی نێو دەوڵەتی، بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی هاوبەش کەچەندین دامەزراوەیی پسپۆری دیاریکراوی دەبێت، ئەویش بەمەبەستی رێکخستنی سیاسەتی دەوڵەوتەکانی ئەندام لەو یەکێتیە، لەگەڵ پارێزگاریکردنی هەر دەوڵەتێك لەو دەوڵەتانە لە کەسێتیە نێو دەوڵەتیەکەی خۆی.

٢– الأتحاد العام کونفیدراسیون / یەکێتیەکی گشتی

ئەو جۆرە یەکێتیە لەنێون چەند رێکخراوێکی جیاواز دێتەدی، وەك: کۆمەڵەکان یان سەندیکاکان لەسەر ئاستی نەتەوەیی بۆ یەکخستنی هەولەکانیان لەو بابەتانەی کەسوودی هاوبەشیان هەیە.

ئەو شێوە یەکێتیە گشتیە فراوانترە لەیەکێتی نێوان رێکخراوەکان لەسەر ئاستی هەرێمایەتی (federation or alliance).

**Conference** مؤتمر رسمي کۆنفراس

مەبەست ئەم زاراوەیە، ئەو کۆبوونەوە فەرمیانەیە کە گرینگیەکی تایبەتی خۆیان هەیە، لەڕووی ئامانج و ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی، وەك بەستنی پەیمانی و ڕێککەوتنەکان.

**confession** — الاعتراف — دان پیانان

دان پیانان لەئایندا، لەئاینی مەسیحیەت کەسێك دان بنێت بەهەڵەکانی خۆی لەبەردەم پیاوانی ئاینی، دەبێ ئەو کەسەی کەدانیش دەنێت بەهەڵەکانی پەشیمان بێت و تۆبە بکات بەڕاستی و بەجۆرێك بڕیار بدات کە نەگەڕێتەوە سەر هەڵەکانی پێشوی بەهیچ جۆرێك، هەروەها دوور بکەوێتەوە لەو هەڵ و مەرجەو ئەو هۆکارانەی تووشی هەڵەی کردووە، ئەو کارانەی کەتێکمانی دابوو چاکیان بکاتەوە، ئەمەو نابێت پیاوانی ئاینی نهێنی ئەو دان پیانانە ئاشکرا بکەن.

لەیاسادا دان پیانان بریتیە لەدانپیانانی داوا لێکراو یان تاوانبارکراو، کەبەئاشکرا یان لەناوەرۆکی دانپیاناکەیدا دەرکەوێت، دان بنێت بەڕاستی ئەو ڕووداوانەی کەدراونەتە پاڵی.

**configuration** — صيغة كلية / تشكيل — پەیکەربەندی پێکهاتن

واتە، تەماشا کردنی بابەتەکە وەك گشتێکی ڕێك و پێك لەگەڵ یەك، نەك وەك کۆمەڵە بەش بەشێکی جیابۆوە، یان وێنەی شتێك هەر وەك بەشێوە گشتیەکەی دەردەکەوێت، نەك بەبەشەکانی.

تەماشا بکە: پێکهاتەی کۆمەڵایەتی — **Social cofigurtion**

**Confinement** — ١- الوضع — منداڵبوون

کرداری منداڵبوونی ژن و دانانی منداڵەکەی، ئەویش دوای (270) ڕۆژ لە حاڵەتی دووگیانی.

بەپێی یاسا ژنی کارکەر مافی پشودانی هەیە، بەهۆی منداڵ بوونیەوە، ئەو پشوودانەش چەند ڕۆژێك پێش و پاش منداڵبوونەکە دەکێشێت و مووچەی تەواویش وەردەگرێت.

٢- الحبس الانفرادي — بەندی تەنیایی

جۆرە زیندانییەکە، توندترین شێوازەکانی بەندکردنە، بەکار دەهێنرێت لەزیندانەکان، لەم بارەدا بەندکراو دەخرێتە ژورێك بەتەنهاو کەسی تێدانیە، تەنها ئەو پێخەف و شوێنەی لەسەری دەخەوێت.

**confiscation** — المصادرة — دەست بەسەر داگرتن

جۆرە سزایەکە، بابەتەکەی دەستگرتنی حکومەتە بەسەر سامانی تاوانبارێك، دەست بەسەر داگرتنەکەش دووجۆرە:

دەست بەسەر داگرتنی گشتی، هەموو سامانی کەسێکی تاوانبار دەگرێتەوە، ئەم جۆرەسزادانە ئەو جۆرە تاوانانە دەگرێتەوە کە پەیوەندییان بەئاسایشی دەرەکی دەوڵەت هەیە.

هەروەها دەست بەسەر داگرتنی تایبەتیش هەیە، ئەو جۆرە سزایەش ئەو بابەت و شتانە دەگرێتەوە کەبڕیار لەسەر لەناوبردنیان یاخود گۆڕینیان بۆ مولکی گشتی (حکومەت) یانیش بۆ دامەزراوەیەکی خێرخوازی دەدرێت.

**Conflict** — الصراع — ململانێ

یەك لەشێوازەکانی کار لەیەککردنی کۆمەڵایەتیە، دروست دەبێت بەهۆی ناکۆکی بەرژەوەندیەکان، لەئەنجامی هەڵوێستێکی رکابەرییەوە، هەر لایەکی رکابەر نەیارەکەی خۆی دەناسێ و تێدەگات کەهیچ ڕێگایەك نیە بۆ ڕێککەوتن لەنێوان بەرژەوەندییەکانی و بەرژەوەندی دژەکەی، بۆیە ئەو رکابەرییە وەردەگەڕێت و دەبێتە ململانێ، لەم بارەدا هەر لایەك هەوڵدەدات لایەکەی دیکە بڕوخێنێ و زاڵبێت بەسەریدا.

ململانێ لەدەروونناسیدا حاڵەتێکی هەڵچوونی بەئیش و ئازارە، ئەویش بەهۆی ناکۆکی لە نێوان ئارەزووە دژەکان و تێر نەکردنی پێداویستیەکان و ڕێگا نەدان بەدەربڕینی ئارەزووە خەفەکراوەکان دەربارەی خودو هەستەکانەوە، دێتەدی.

تەماشا بکە: ململانێی کۆمەڵایەتی — **Social conflict**

**Conflict of laws** | تنازع القوانين | ململانێی یاساکان

مەبەست لەم زاراوەیە لەڕووی یاساییەوە، دیاردەیەك بەهۆی جیاوازی لەنێوان یاساکان دروست دەبێت، کەویستی جێبەجێکردنیان لەسەرە، ئەو دیاردەیەش دووجۆرە:

1- ململانێی یاساکان بەهۆی شوێنەوە، ئەو حاڵەتەش بریتیە لەتەنگ پێ هەڵچنین لە نێوان دوویاسای دژبەیەك یان زیاتر، ئەو یاسایانەش بۆ دوو دەوڵەت یاخود زۆرتر دەگەڕێنەوە، لەهەندێ دەقەکانی پەیوەندییەکی یاسایی بەیەك لەڕەگەزەبیانیەکان هەیە بەلای کەم.

2- ململانێی یاساکان لەڕووی کاتەوە، ئەم دیاردەیەش بریتیە لەهەڵوەشاندنەوەی بنەمایەکی یاسایی بۆ ئەوەی بنەمایەکی یاسایی نوێ جێگای بگرێتەوە.

ناکۆکی لەنێوان دوو بنەما یاساییەکە دەست پێدەکات، دەربارەی بەڕێوەبردنی بارودۆخەکان و ئەو ئاسەوارە یاساییانەی کەلەسێبەری بنەما کۆنەکان دەستیان پێکردووەو بەردەوامیشی هەیە لەسێبەری بنەما یاساییەتازەکاندا.

**Conflictin organization** | التعارض و الصراع داخل المنظمة | ململانێ لەناو ڕێکخراو

دۆخێکە بەهۆی لاوازی ورەو بیروباوەڕو ناکۆکی دەسەڵاتەکانەوە سەرهەڵدەدەن، لەگەڵ نەبوونی ئامانج و دەسەڵاتی ئاشکراو ڕوون.

**Conflict theory** | نظرية الصراع | تیۆری ململانێ

یەك لەو تیۆرییە زۆرانەی کۆمەڵگایە، وا تەماشای دیاردە کۆمەڵایەتیەکان دەکات لەڕابردوو ئێستاو ئایندەدا، وەك ئەوەی ئەنجامێك بێت بۆ ململانێ، هەروەها دیدی بنچینەیشی بۆ پرۆسەی کۆمەڵایەتی لەبەر ڕۆشنایی ئارەزووە شەرانگێزییەکانی مرۆڤدایە، نەك لەسەر بنچینەی هاوکاری کۆمەڵگاکان.

تیۆرییەکە جەخت لەسەر ململانێ دەکات وەك دیاردەیەکی بنچینەیی یان وەك ڕاستیەکی داهێنەرانە، یاخود بەلای کەم وەك شتێك کە نەتوانرێت دەستی لێ هەڵبگیرێت لەژیانی کۆمەڵایەتیدا، زیاتر لەوەی لادانێکی ڕووخێنەرانە بێت یانیش پەسندکراو نەبێت.

**Conformity** | المطابقة / التماثل | لەیەکچوون / هاوشێوەبوون

مەبەست لەزاراوەکە ڕازی کردنی ڕەفتارە، یان حاڵەتەکە لەگەڵ شێوازێکی بڕیار لەسەر دراو کەملکەچی ئاستێکی کولتوری باو دەبێت، مەبەستیش لەسیاسەتی پەیڕەوکردن و تەبایی لەبواری چاودێری کۆمەڵایەتی، شێوازێك بێت لەچاودێری ئاراستەکراو، ئەگەر بەئاشکرا بێت، یاخود لەناوەخندا، بۆ ئەوەی بارودۆخە جیاوازەکان لەگەڵ چەند پێوەرێك پێکەوە تەباو گونجاوبن.

دەوترێت: هەڵگەڕانەوە، ناتەبایی (non-conformity) و هەروەها جیابووەکان (non-conformists) ئەویش وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوانەی لەحزبە سیاسیەکانیان دوورکەوتوونەتەوە، یان ئەوانی لەڕێبازی ئاینی باودا جیابوونەتەوە.

**confusion** | الخلط / الالتباس | تێکەڵاوکردن / شپرزەیی

دیاردەیەکە جۆرێکە لەناڕوونی ئەو شتانەی دەبنە هۆی سەر لێ تێکدانی تاك و درك نەکردن بەناوەڕۆکی شتەکان بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا، بۆیە دەوترێت تێکەڵ و پێکەڵ (یان سەرلێ شێواندنی) لۆژیکی (Logical confiusion) واتە

ئەو تێگەیشتنە هەڵەیەی کەبە هۆی خراپ بەکار هێنانی وشەیان خراپ تێگەیشتنی، دروست دەبێت.
بەڵام لەدەروونناسیدا:
1- تێکەڵاو بوونی هزرەکان دەگەیێنێ بێ هەر جۆرە پەیوەستیەکی لۆژیکی لەنێوانیاندا، بە جۆرێك ئەو ئەنجامانەی کەسی تووشی بوو پێی دەگات، ئەوە بەر هەمی پێشەکیەکان نابێت.
2- حاڵەتێکی دەروونیە، بەنەبوونی بیرکردنەوەی ئاشکراو روون دەناسرێت، هەروەها جۆرێکە لە شپرەزە بوونی هەڵچوونانەو سەر لێ شێواندن لەتێگەیشتن.

قەرەبالغی
جەنجالی
الازدحام
congestion

گرد بوونەوەیەکی زۆری خەڵك یان کەڵەکەبوون بەرادەیەکی توندو ناسروشتی.
ڕەنگە ئەو قەرەبالغیە لەڕێگاو بانەکاندا رووبدات بەهۆی زۆری ژمارەی دانشتوان و خراپی ڕێگاکان، هەروەها ڕەنگە لەسەر زەویش رووبدات بەهۆی چڕی دانشتوان.
هەروەها جەنجالی لەشوێنەکانی نیشتەجێ بوون روودەدات، ئەویش بەهۆی دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون یەك بەشان یەکەوە بێ ئەوەی هەر بۆ شاییەکی تێدا هەبێت، وەك پێویست، یان جەنجالی لەژوورەکان بەهۆی زۆری ژمارەی تاکەکانی هەر خێزانێك.

کۆمەڵبوون
تۆپەڵبوون
التَجمُع
الجَمع
conglomeration

جۆرە گردبوونەوەیەکی دانشتوانە کە لەناوچەیەکی سنورداردا دەژین، بچووکترین ئەو یەکانە لەناوچە گوند نشینەکان پێی دەوترێت کوێرە دێ (homlet) ئەو گوندە بچووکە، ژمارەیەکی بچووکی خانووی تێدایە، بەڵام گوندی ئاسایی بریتیە لەگردبوونەوەیەکی کەمێك گەورەتر، خەڵکی گوندیش ژمارەیان کەمەو زۆربەیان بەکاری کشتوکاڵی خەریکن.

کۆنگرەی گشتی
المؤتمر العام
congress

کۆنگرەی گشتی ژمارەیەکی گەورە لەبەشداربوان دەگرێتە خۆی، ڕەنگە بگاتە چەند سەد کەسێك، ڕێگاش بەتاك و ڕێکخراوەکان دەدرێت بۆ بەشداریکرن تێیدا، لەوانی پەیوەندییان بەو کارەوە هەیە لەگەڵ کەسانی پسپۆڕیش.
کۆنگرە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو درێژە بەکۆبوونەوەکانی دەدات و چەند بابەتێك گفتوگۆی لەسەر دەکرێت کەخراوەتە بەردەمی، لەگەڵ دەرکردنی چەندین راسپاردە کەبەفراوانی بڵاودەکرێتەوە.
کۆنگرە گشتیەکان بەشێوەیەکی ئاسایی مێژوو کاتی بەستنیان دیاری دەکرێت، کەڕەنگە درێژە بکێشێت لەساڵێکەوە بۆ چەند ساڵێك.

مەزەندە کردن
التخمین
conjecture

پشت بەستن لەسەر گریمانەکان، کاتێ زانیاریەکان بەردەست نەبن بەوردی بۆ دیاریکردنی بەهای گۆڕاوێك.

بەیەك گەیاندن
پێکەوە بەستن
الوَصل
الاقتران
conjunction

مەبەست لەم زاراوەیە رووداني رووداوێك لەیەك کات و شوێندا.

روودانی چەند شتێك لەیەك كاتدا (بارودۆخ) ١ – اتفاق الظروف في وقت ما **conjuncture**

كۆمەڵە هێزێك یان هەل و مەرجێك، كەهەڵوێستێكی كۆمەڵایەتی دیاریكراوی پێ جیاواز دەكرێتەوە، بەجۆرێكی تایبەتیش ئاڵۆزبوونی هەڵ و مەرجەكان لە كاتێ هەڵوێستێكی نالەبار یاخود بەرێكەوت ڕوودانی.

تویژینەوەی بابەتیانەی هەمەلایەن ٢ – الدراسة الموضوعية الشاملة

تویژینەوەی بابەتیانە بۆ هەل و مەرجەكانی ئابوری نەتەوەیی، كەلە بنچینەدا پشتی بەو ئامارانە بەستووە كەتایبەتن بەبەرهەم هێنان و نرخ و داهات و بەكار بردن و پاشەكەوت ..هتد، ئەوەش بۆ دیاریكردنی ئاراستەكانی ئێستاو ئاینده.

چەمك المفهوم **connotation**

لەلۆژیكدا مەبەست لەچەمكی ئاخاوتن (مانای وشەیەك)، ئەو خەسلەتانەی كە ئەگەر لەتاكێكدا بوونیان هەبوو، ئەوا شایانی ئەوەیە پێی بوترێت ئاخاوتن، هەروەها ئەگەر لەتاكێكدا بوونیان نەبوو ئەوا پێی ناوترێت ئاخاوتن.
بەدەربرینێكی دیكە ئەو خەسلەتە بنچینەییانەی كە دەچنە ناوپێناسەی شتەكان و پۆلینكردنیان و جیاوازی كردن لەنێوانیان و نێوانی هی دیكە، ئەو خەسلەتانە بەشداری دەكەن لەچەمكی ئاخاوتندا مانای وشەكە - .

پەیوەستداریتی الرَبطية **connectionism**

بەپێی ئەم زاراوەیە، هەموو كرداره ئەقلیەكان، بریتیە لەبەیەك بەستنەوەی پەیوەندییە هزرییەكان یان ئەوانی بەدەست كەوتوون لەنێوان هاندەرو وەلآمدانەوەكان.

هاوخوێن رابطة الدَم **consanguinity**

مەبەست لەم زاراوەیە هاتنە خوارەوەیە لەرەچەلەكێكی هاوبەش، لێرەدا پلەی هاوخوێنی بۆ نێرو مێ بەهۆكارێكی گەورە دادەنرێت لەدیاریكردنی مافیان لەهاوسەرگیریدا.
دەوترێت، گروپێكی خاوەن یەك بنەچە (consanguine group) بۆ ئەو گروپەی لەسەر بنچینەی پەیوەندی خوێن پێكدێت، ئەگەر گریمانە بێت یان خەیال.
هاوخوێنی دوو جۆرن: خزمایەتی دوور (collateral consanguinity) ئەوانەی ئەم جۆرە دەیانگرێتەوە، براو خوشك و منداڵانی براو خوشك، مام و پورو خاڵ.
خزمایەتی ڕاستەوخۆ (Lineal consanguinity) وەك خزمایەتی نێوان كورو باوك، باپیرەو بابی باپیرە..هتد.

ویژدان الضمير **Conscience**

واتە ئەرك بەجێگە یاندنێكی تەواو، بەپێی ئەو پێوەرە ڕەوشتیانەی كە تاك هەڵیگرتووەو دەبێتە هۆی رەزامەندی لەسەر ئەو كارانەی كەخۆی پێی هەڵدەسێت یان نیازی وایە پێی هەستێت، یاخود نكۆڵی كردن لێیان.
وێژدان لایەنی هەست پێكردنە بەو فەرمانەی كەهەڵدەسێت بەبڕیاردان لەسەر ئەوەی كەخاوەنەكەی پێی هەڵدەسێت، یانیش هەركارێك سوورە لەسەر ئەنجامدانی، ویژدان خۆی لە منی باڵا دەنوێنێ.

**Conscientious objector** المستنكف ضميرياً نارازی ویژدانی

هەر کەسێ دژی هەڵگرتنی چەك یان بوونی بەسەرباز بێت لەهێزە چەکدارەکان لەبەر چەند هۆیەك کەپەیوەندییان بەبنەما رەوشتی یان ئاینیەکان هەیە.

**Conscious exprience** الخبرة الشعورية ئەزموونی ئاگایی

ئەزموون و شارەزاییەکانی تاکە، کەلە ساتێکی دیاریکراودا توانای بەبیرهێنانەوەو رێکخستنیانی دەبێت، لەگەڵ دەربڕینی لەرێی ئاخاوتنەوە.

ئەوشارەزاییانەش بوارەکانی هەستە ناوخۆییەکان و هزرو بیرو باوەڕەکانی دەگرێتەوە، هەروەها رەفتاری ئاشکرای تاك یان ئەوانی دیکەش دەگرێتەوە.

**Consciousness** الوعي هۆش
الشعور ئاگایی

تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ خۆی و دەوروبەرەکەی، تێگەیشتنێکی ڕاستەوخۆ، کە بنچینەی هەموو زانینێکە، دەکرێ دیاردەکانی هۆشیاری بۆ سێ سەرچاوە بگەڕێنینەوە:

1- تێگەیشتن و زانین 2- وێژدان 3- ویست و خواست

هەرسێ دیاردەکە پەیوەستن بەیەکترەوە پەیوەستیەکی تەواو.

هۆشیاری چەند پایەیەکی جیاوازی هەیە، ئەوانەش :

1- ئاگایی ئاشکراو دیار.

2- نائاگایی (unconsciousness)، کەویست و ئارەزووە خەفەکراوەکان دەگرێتەوە.

3- پێش ئاگایی (preconscious)، ئەم پایەیەش هەموو شاراوەکانی دوای ئاگایی هۆشیاری ڕاستەو خۆ دەگرێتەوە، دەکرێ تاك ئامادەی بکات هەرکاتێ ویستی، ئەم پایەیە قۆناغێکی ناوەڕاستە لەنێوان هۆشیاری و ناهۆشیاری.

**Social consciousness** تەماشا بکە: هۆشیاری بەکۆمەڵ (کۆمەڵایەتی)

**Consciousness, collective** الشعور الجمعي کۆهەستی

واتە هۆشیاری تاکەکان بەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی نێوانیان و بەئەزموونە هاوبەشەکانیان، ڕەنگە ئەو هۆشیارییە گەشەبکات بەرەو بەشداریکردن لە هەڵگرتنی بەرپرسیارییەتی بوژاندنەوەی کۆمەڵگاکەیان، هۆشیاری بەکۆمەڵ پێشی دەوترێت هۆشیاری کۆمەڵایەتی Social consciousness

**Conscription** الخدمة العسكرية الالزامية خزمەتی سەربازی زۆرەملێ

بوون بەسەرباز لەهێزە سەربازییەکانی وڵاتێکدا بەجۆرەجیاوازیەکانیەوە، بەڵام بە شێوەیەکی زۆرە ملێ و ناچاری، ئەو کارەش جێبەجێ دەکرێت کە تاك دەگاتە تەمەنێکی دیاریکراو، ماوەی سەربازییەکەشی بەشێوەیەکی ئاسایی بڕیاری لەسەر دراوە.

لەبەجێگەیاندنی ئەو ئەرکە، ئەو تاکانە دەبەخشرێن کەحاڵەتی جەستەیی و ئەقلیان تەواو نیە و بۆیە ڕێگایان پێ نادرێت کەبەو کارە هەستن.

خزمەتی بەزۆرەملێ **Ana. Compulsory service**

کۆدەنگی الاجماع **Consensus**

ڕێککەوتن

ئەو بڕیارە بەکۆمەڵانەی لەوەرگرتنیان هەموو ئەندامانی کۆمەڵ بەشداری تێدا دەکەن، ئەوەش لەئەنجامی درك پێکردن و بیرکردنەوە دێت.

هەرکاتێ ئەو تاکانە کۆدەنگ بوون لەسەر کارێك ئەوە دەبنە یەك گیان.

تەماشا بکە: ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی **Social consensus**

پارێزگاریکردن الحفاظ **Conservation**

پاراستن

مەبەست لەزاراوەی پارێزگارێتی لەبوارەکانی ئابوریناسی و زانستە سیاسییەکان و یاسادا، دەستگرتنەوەو پاشەکەوت کردن لەکەس و زیندەوەرو شتەسادەو شتە ئالۆزەکان دەگەیێنێ، ئەویش لەگروپە جۆراوجۆرەکانی داروردەخت و ماسی و ڕوبارو دارستان و گۆماوو کەنارەکانی دەریاو خاکدا، یان پاراستنی ئەوشتانە لەماوەی بەکارهێنان یاخود کارتێکردنە زیادەڕۆییەکان و یانیش بواری ناپێویستی وەك دزیکردن یان وێرانکردن.

لەهەمان کاتدا پارێزگارێتی، لەناوەڕۆکدا ئەوە دەگەیێنێ ئەو بەکارهێنانەی کەلەخودی خۆیدا قەدەغەنەکراوە، لەبەر ئەوەی بەکار هێنانێکی ئاقلانەی میانڕەوی دروست و لەبارە بۆ بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی تایبەت و بۆماوەیەکی دوورخایەن زیاتر لەوەی بۆماوەیەکی کورت خایەن بێت بەشێوەیەکی گشتی.

کۆنەپارێزی مذهب المحافظین **Conservatism**

ئاراستەیەکی ئایدیۆلۆجیە لەبواری سیاسی و کاروبارە کۆمەڵایەتیەکان، بە بۆچوونی ئەو ئاراستەیە، پێویست بەمانەوەی کاروبارەکانی لەسەر شێوەی خۆی و ڕێز لەڕێ و شوێنە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بگیرێت، بەتایبەتی کاتێ ئەو ڕێ و شوێنانە وردە وردەو لەماوەیەکی درێژخایەن پێکهاتوون، بۆیە پەیڕەوکارانی ئەو ڕێبازە بەرهەڵستی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکەن، بەتایبەتیش گۆڕان لەبەهاو داب و نەریتەکولتوری و کۆمەڵایەتیەکان.

هەڵگرانی بیری پارێزگایەتی بیانوو بۆ ئەو ڕێبازەوە دەهێننەوە کە ئەقلانیەتی ڕابردوو ڕەگ و ریشەی لەفۆرمە نەریتگەرییەکان و داکوتیە، ئەگەر هاتوو کەم و کورتیەکیش هەبوو لەو سیستەمە کۆمەڵایەتیانەی دامەزراون، ئەوە هۆیەکانی بۆ بوونی کەم و کورتی لەمرۆڤ و کۆمەڵگەدا دەگەڕێتەوە، هەروەها سیستەمە جێگیرەکان بەوە جیاواز دەکرێتەوە کە بەهاکانیان جێگیرە.

تەبایی پێکەوەلکان الاتساق التماسك **Consistency**

مەبەست لەوزاراوەیە لەلۆژیکدا، بەشەکانی سەلماندن یان ڕێبازەکە یاخود توێژینەوە، دوورن لەناکۆکی و دژایەتی، واتە ئاخاوتنێکی لۆژیکیانەی ڕێك و پێك پێکدەهێنێ.

هەر لەخەسلەتە خۆرسکەییەکانی ئەقل ئەوەیە کە بڕیارەکانی گونجاو و بەیەکەو نووساوبن.

لەبەرامبەر ئەم زاراوەیە، زاراوەی نەگونجاوو ناکۆك (inconsistency) دێت.

تەماشا بکە: پەیوەستی **Coherence**

جێگیر بوون
پتەوبوون
١ – التدعيم
**Consolidation**

مەبەست لەم زاراوەیە لەڕووی کارگێڕییەوە، ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشەکانی خۆ ئامادەکردنە بۆ تێکەڵکردنی دوویەکە یان زیاتر لەیەکەکانی حوکمڕانی خۆجێی لەگەڵ یەك، بۆ ئەوەی یەکە نوێیەکە بتوانێت بەئەرکی خۆی هەستێت بەرامبەر بەکۆمەڵگەی خۆجێی.

یەکگرتنی مافەکان
٢ – توحيد الحقوق

لەڕووی سیاسییەوە، مەبەست لەم زاروەیە، یەکگرتنی مافێك لەگەڵ مافێکی دیکە لەیەك کەسدا، یان کۆکردنەوەی دووشت لەگەڵ یەکتر، وەك یەکگرتنی مافی خاوەندارێتی و مافی کەڵك وەرگرتن لەلای کەسی خاوەندار.

پیلان گێڕی
مكيدة
مؤامرة
**Conspiracy**

کۆبوونەوەی دووکەس یان زیاتر، بۆ دانانی پیلانێکی نهێنی، بەو پێیە بەشداری دەکرێت لەئەنجامدانی کارێك کە پێچەوانەی یاسا بێت.

سەقامگیری
بەردەوامی
الثبات
**Constancy**

جێگیر بوونێکی ڕێژەییە بۆ درك پێکراوێکی هەستی لەسەر روخسارێك یان فۆرمێك یاخود ڕەنگێك یانیش قەبارەو کێشێکی دیاریکراو.
سەرەڕی ئەو گۆڕانکاریانەی کەڕەنگە روو بدەن لەسەر بارودۆخی درك پێکردنەکە، بۆ نموونە کورسی هەر کورسی دەمێنێتەوە لەدیدی درك پێکراوەکەی بەبێ گوێدانە گۆڕانکارییە ئاساییەکان لەدەوروبەری ناوخۆیی یان دەرەکی درك پێکراوە.

یاسای بنەڕەتی
١ – الدستور
القانون الاساسي
**Constitution**

مەبەست لەدەستور لەیاسای گشتیدا، کۆی ئەو بنەماو ڕێسا بنچینەییانەیە کەسیستمی حوکمڕانی و ڕێکخستنی دەسەڵاتەگشتیەکان و پەیوەست بوونیان لەگەڵ یەکتر رووندەکاتەوە، هەروەها دەسەڵاتی هەر لایەك و بڕیاردان لەسەر ئازادییە گشتیەکانی تاك و مافەکانیان لەلای دەوڵەت.
دەستور ڕەنگە تۆمار کراو بێت یان نووسراو بێت (written constitution) ئەوەش ئەو دەستورەیە کە دەقەکانی نووسراونەتەوە بەڕەزامەندی خەڵك، لەبەرامبەریشدا دەستوری ئاسایی باو هەیە (customary constitution)، کەبنەماو نۆرمەکانی لەداب و نەریت وەردەگرێت.

تەماشا بکە: دەستوری کۆمەڵایەتی
**Social constitution**

پێکهاتەی سروشتی
٢ – الجِبلَة

ئەم وشەیە لەدەروونناسیدا بەواتای کۆی فاکتەرە بۆماوەیی و پەیدابووەکان دەگەیێنێت، کە دۆخە ڕاهاتووەکەی تاك دیاری دەکات لەهەردوو ڕووی فسیۆلۆجیاو گەشەکردنی.

**Constitutionalism** | النزعة الدستورية | یاساگەری
الحكم الدستوري | فەرمانڕەوایی بەپێی دەستور

ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسییە، باوەڕی بەسیستەم و بنەماکانی دەستوری هەیە، بۆ چوونی وایە کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی حکومەت، دەبێت تەنها بواری کار بەڕێوەبردنی دەسەلات بگرێتەوە، ئەوەندەی دەستور ڕێگای پێداوە.
واتە حوکمڕانی دەستور بریتیە لەسیستەمی سەروەری یاسا، یان پێوەندکراوی دەسەلات، کەلەبەرامبەریدا سیستەمی حوکمڕانی تۆتالیتاری دێت.

**Constraint social** | القهر الاجتماعي | زۆرداری کۆمەڵایەتی
**Social constraint** | تەماشا بکە:

**Consular body** | السلك القنصلي | کاری دیبلوماسی

کۆی نوێنەرانی دەوڵەتە بیانیەکان، ئەوانی لەدەولەتێکدا کاردەکەن، ئەو فەرمانبەرە دیبلوماسیانە ئەرکی پارێزگاری هاوڵاتیەکانی خۆیانیان لەئەستۆدایە، هەروەها چاودێری کاروباریان و بایەخدان بەبەرژەوەندییەکانی بازرگانی و هاتووچۆی دەریایی و ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر بەڵگەنامەکانی هاتووچۆو گەشت کردن و ...هتد.

**Consultation joint** | التشاور المشترك | ڕاوێژکردنی هاوبەش

سیستەمێکی پراکتیك کراوە لەبواری پەیوەندییەکانی کارکردن، ئەو سیستەمە بەشداری کرێکاران لەکارگێری و لەئامادەکردنی شێوازەکانی لێك تێگەیشتن دەگرێتەوە، هەروەها لێکۆڵینەوە لەبارودۆخی کارکردن و کاروباری پەیوەندییە هاوبەشەکان.

**Consumers cooperative society** | الجمعية التعاونية الاستهلاكية | کۆمەڵەی هەرەوەزی بەکاربردن

کۆمەڵە کەسانێك بەیەکەوە بەشداری دەکەن لەدامەزراندنی و ئامادەکردنی سەرمایەکەی، کۆمەڵە هەڵدەسێت بەهاوردەکردنی پێداویستیە بنچینەییەکانی بایەخیش دەدرێت بەکاڵای باش و نرخی مام ناوەندی، لەگەڵ پارێزگاریکردنی ئەندامەکانی لەهەڵس و کەوتی دەڵالیەتی.

**Consumer protection** | حماية المستهلك | پاراستنی بەکاربەر

مەبەست لەم زاراوەیە، ئەو خزمەتگوزارییە جیاوازانەی دامەزراوە حکومی و مەدەنیەکان پێی هەڵدەستن بۆ پارێزگاریکردن لەبەکاربەران، وەك دیاریکردنی نرخ و چاودێری کردنی، هەروەها چاودێری کێش و تەرازوو دروستکردنی کۆمەڵە هەرەوەزیەکان.
دەوترێت توێژینەوەکانی بەکار بەر وەك ئاماژەیەك لەسەر کۆکردنەوەو تۆمار کردن و شیکردنەوەی زانیاریەکان، کەبەهۆی کڕیارو بەکاربەران بەدەست دەکەون، ئەوانی پەیوەندییان بە بەرهەم یاخود خزمەتگوزارییەکی دیاریکراوەوە هەیە، لەگەڵ ئەو پێشنیازانەی کەمەبەستیان چاککردن و زیاتر لەباربوونی خزمەتگوزاری و بەرهەمەکانیانە.

**Consumption** الاستهلاك بەکاربردن

بەکاربردن، ئەو چالاکیەیە کە مرۆڤ بەهۆیەوە پێداویستیەکانی خۆی دابین دەکات، بەکاربردن بەندە بەڕادەی داهات و پێداویستی و ڕەوتە دەروونیەکان، هەروەها داب و نەریتی تاکەکان.

چالاکی بەرهەم هێنان لەکۆمەڵگەی تازەدا، کاریگەری هەبووە لەسەر خوڵقاندنی پێداویستیە تازەکان، ئەوەش لەڕێگای کاری راگەیاندن و ئاسانکاری بۆ بیمەو پشتیوانیە کۆمەڵایەتیەکان، بۆ زۆرکردنی دیاردەکانی بەکاربردن، تا ئەو ڕادەی کەبەکۆمەڵگەی نوێ وتراوە (کۆمەڵگەی بەکاربردن)، دیارە ئەو دیاردەیەش کاریگەری دوورخایەنی هەبووە لەسەر ئابوری و لەسەر رەفتاری کۆمەڵایەتی.

دەوترێت سەبەتەی بەکاربردن (consumption basket)، مەبەستیش لەو زاراوەیە، کۆی ئەو کالایانەی بەکار دەهێنرێن و کەسی بەکار بەر دەیانکرێت، ئەویش لەئاستی ناوەندیداو لەماوەیەکی دیاریکراوی وەك ساڵێك، بۆ نموونە.

هەروەها دەوترێت - ئاماژەی بەکاربەر - (consumption function)، وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو پەیوەندییەی ئێستاو ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت لەنێوان خەرجکردن لەسەر بەکاربردن و نێوان داهات، ئەویش لەئاستە جیاوازەکانی داهاتدا.

دەکرێ لەڕێگای ئاماژەی بەکاربردن لەوە تێبگەین کە تاکەکانی خاوەن داهاتی سنووردار، چۆن دەتوانن کاروباری ژیانیان بەڕێوەبەرن لەسەر ئاستەکانی ئارەزوو بۆ بەکاربردن (consumerism).

**Consumption, conspicuos** الاستهلاك التفاخري أو المظهري بەکاربردنی ڕواڵەتی

زاراوەیەکە، ئاماژە بۆ بەکارهێنانی دەست بڵاوی و بەفیڕۆدان دەکات، لەکڕینی کەل و پەل و خەرجی خزمەتگوزارییە بەهادارەکان، بۆ ئەوەی خەڵکی بزانن کە ئەوەی بەو کارە هەڵدەستێت ئەوە لەبارێکی خۆشگوزەرانیدا دەژێت، ئەو دیاردەیەش پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزی دەداتێ، یان پێگەی لەناوچینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا دەچەسپێنێت.

ئەو خەجی و بەکاربردنە بەرچاوییە، دەبەسترێتەوە بەجیاوازییە چینایەتیەکان، دەبێتە هۆیەکیش بۆ وروژاندنی دیاردەی چاو تێبڕین، ئەوەش جۆرەکارێکە کەلەلایەن کۆمەڵێکی ئەریستوکراتی یاخود چینێکی کۆمەڵایەتیەوە خوڵقاوە، ئەوانە کاتی بێ ئیشیانیش بەدەستەوە زۆرە کەخۆیان بەو کارەوە خەریك بکەن.

چینەمام ناوەندی و هەژارەکانیش لاساییان دەکەنەوە هەریەکە بەشێوازی تایبەتی خۆی.

**Contact** الاتصال پەیوەندی

پەیوەندی، یەکەم ڕەگەزە لەکرداری تێکەڵبوون و هاوڕێیەتی، کەمترین ئاست لەپەیوەندیکردنی هۆشیاری دەگرێتەخۆی، ڕەنگە پەیوەندییەکە کاتی بێت یان بەردەوام و ڕاستەوخۆ، یاخود ناڕاستەوخۆ بێت.

لێرەدا پەیوەندیکردنی سەرەتایی هەیە (primary contact) واتە پەیوەندییەکی ڕووبەڕوو لەگەڵ بوونی دۆستایەتی لەنێوان بەشداربووانی.

هەروەها پەیوەندی لاوەکی هەیە (secondary contact)، ئەم جۆرەیان پێویستی بە خۆشەویستی دەبێت و بەشداربوانی خۆیان لەسەر بنچینەی لایەکی سنورداری کەسێتی دەگونجێنن.

**Contemporary history** التاريخ المعاصر مێژووی هاوەچەرخ

خستنە ڕوویەکی ڕێك و پێکە بۆ ئەو ڕووداوانە کە لەسەردەمی ئێستادا ڕوویانداوە.

**History** تەماشا بکە: مێژوو

**Content analysis** | تحليل المحتوى او المضمون | **شیکردنەوەی ناوەرۆك**

مەبەست لەم زاراوەیە لەمیتۆدەکانی توێژنەوەدا، ئەو شێوازەی مەبەستی باسکردنێکی ڕێك و پێکی چەندایەتیە بۆ ناوەرۆکە دیارەکەی پەیوەندیکردنەکە.

ئامانج لەشیکردنەوەی ناوەرۆك، ڕوونکردنەوەی ئەو هاندەرو ئامانجانەیە کە نووسەر یان گوتەبێژ لەناوەرۆکی نووسینەکانی یاخود ئاخاوتن و گفتوگۆکانی مەبەستیەتی، هەروەها زانینی ڕادەی کارتێکردنی ناوەرۆکی بابەتی کارتێکردنەکە لەسەر بیرو هزری خەڵك و ئاراستەکانیان.

**Contiguity** | التجاور – الأتصال | **نزیکی هاوسنور لێککەوتن**

نزیکبوونەوەی دووشت یان دوو شارەزایی یاخود زۆرتر، ئەویش لەزمانێك یانیش شوێنێك، یان هەردووکیان بەیەکەوە بێ ئەوەی جیاکەرەوەیەك هەبێت لەنێوانیان.

لەدەروونناسیدا دەوترێت یاسای پەیوەندیکردن (law of contiguity) ئەو دەیاردەیە یەك لەبنەماکانی پەیوەستی ئەقلیە، بەو پێیە وابڕیار دەدرێت کە ئەگەر دوو شارەزایی بەیەکەوە لەزەمان و شوێنێکدا دەرکەتن، ئەوا گەڕانەوەی یەکێکیان دەبێتە هۆی گەڕانەوەی ئەوی دیکە، هەروەك ئەوەی پەیوەندییەکە لەنێوانیاندا بەردەوامی هەیە.

**Continence** | التَعفف التقشف، الزهد | **داوێن پاکی دەست لەدونیا هەڵگرتن**

**Abstinence** تەماشا بکە: هەوەس کوشتن، دوورکەوتن لەجووت بوون

**Contingence, coefficient of** | مُعامِل التوافق | **هاوکۆڵکەی هاوکۆك**

لەئاماردا بەکار دەهێنرێت، ئەگەر یەك لەو دوو دیاردەیەی کەتوێژینەوە لەسەر پەیوەندی نێوانیان یان هەردووکیان ئەنجام دەدەین، دابەش بێتە سەر دوو جۆر یاخود زیاتر، ئەوا هاوکۆڵکەی پێوەڵکان لەم بارەدا یارمەتیمان نادات، بۆیە هاوکۆڵکەی هاوکۆك بەکار دەهێنین، کەلەلایەن کارل بیرسون ەوە دانراوە بۆ پێوانەکردنی ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان ئاکارە نەپێوراوەکاندا هەیە، یانیش لەنێوان چەند ئاکارێك هەندێکیان بەژمارەکان دەپێورێن و هەندێکیانیش ناپێورێن.

**Continuation** | الامتداد الاستمرار | **بەردەوام بوون لەسەر ڕۆیشتن**

حاڵەتی بەردەوام بوونی بێ وەستان، یان پسان لەزنجیرەیەکدا. تیۆری پەرەسەندن بەردەوامی و درێژەپێدانی بوونی جۆرە زیندووەکان دەسەلمێنێت لەڕێگای لەدایکبوونەوە.

بۆ چوونی (کانت) وایە کە یاسای بەردەوام بوون و یاسای ئابوری (parsimony) دووبنەمای ئامانج خوازیی پێکدەهێنن.

**Ana. Continuity** بەردەوامی

**social continuation** تەماشا بکە: درێژەپێدانی کۆمەڵایەتی

**Contraception** تحديد النَسل دیاریکردنی وەچە

بەکارهێنانی هەر دوو هاوسەر بۆ چەند ئامرازێکی جیاواز بەمەبەستی قەدەغەکردنی سك پڕی، لەو ئامرازانە، ئامرازە سروشتیەکانی وەك سوود وەرگرتن لەکاتی دڵنیایی (ڕوونەدانی دووگیانی) و دوورکەوتنەوە لەجووت بوون.

هەروەها ئامرازە پزیشکیەکان، گرینگترینیانی دەرمانی ڕێگرتن لەدووگیانی و دانانی بەربەست لە زێی ژندا.

تەماشا بکە: **Ana. Birth control and planned parenthood**

**Contract** العَقد گرێ بەست

بەڵگەنامە

ڕێککەوتن لەنێوان دوولایەن یان زیاتر لەسەر دروستکردنی چەند پابەندبوون و بەرپرسیاریەتیەك لەنێوانیاندا، ئەو دیاردەیە لەنەریتدا هاوتای ڕێککەوتنە (convention)، ئەگەرچی تایبەتمەندترە لەو.

هەروەها زاراوەکە بەواتای ئەو بەڵگەنامەیە دێت کە ڕێککەوتنەکەی تێدا تۆمار کراوە.

تەماشا بکە: گرێبەستی کۆمەڵایەتی **Social contract**

**Contract administrative** العقد الاداري گرێبەستی

کارگێڕی

هەموو گرێبەستێك کە کارگێڕی گشتی (دامەزراوەیەکی گشتی) لایەنێکی بێت بۆ بەڕێوەبردنی دامەزراوەکە، ئەو جۆرە گرێبەستەش چەندین مەرجی نائاسایی دەگرێتە خۆی، کەلەگرێبەستنە یاساییە تایبەتیەکان باونیە، لەم گرێبەستەدا بەرژەوەندی گشتی زاڵە بەسەر بەرژەوەندی تاك.

**Contract system** استخدام السجناء کارکردن بەزیندانیان

سیستمێکە لەرابردوودا پیادەکراوە، ئەو زیندانیانەی بڕیاری زیندانی کردنیان لەسەر درابوو، لەناو زیندانەکان کاریان پێدەکردن، کە ڕەستە سەرەتاییەکان بۆ هەر کارێك لەلایەن خاوەن کارگەو کارەوە ئامادە دەکران.

ئەمەو سەندیکای کرێکاران لەسەر ئەو جۆرە سیستمە ناڕازی بوون.

**Contraculture** الثقافة المضادة دژە کلتور

کۆمەڵە بەهاو بنەمایەکی کۆمەڵایەتیە، تایبەتە بەگروپێکی دیاریکراو، ئاراستەشە دژ بەکولتوری کۆمەڵگە، یان ناکۆکە لەگەڵیدا، نموونەی کلتوری تایبەت بەگروپەکانی مێرد منداڵە لادەرەکان، یاخود گروپەکانی هیبز.

**Contradiction** التناقض دژ بەیەکی

لەلۆژیکدا مەبەست لەناتەبایی، جیاوازی نێوان دوو مەسەلەی تەواو لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە، بەڵام ناکۆکی (contrariety) ئەوا لەنێوان دوو مەسەلەی بەتەواو جیاواز دەبێت، بەڵام تەنها لەڕووی چۆنایەتیەوە.

**Contrariety** التضاد ناکۆك

دژایەتی

مەحاڵی کۆبوونەوەی دوو دژ لەبارو دۆخەکاندا، یان لەسروشتدا یاخود لەئاراستەدا، وەك ڕەش و سپی، بوون و نەبوون.

هەر بەپێی یاسای ناتەبایی (law of contradiction) ناکرێت شتێك لەیەك کاتدا سپی و ناسپی بێت، یان ڕووناك و ناڕووناك بێت.

**Contrasuggestion** الايحاء المعاكس پێڕاگەیاندنی پێچەوانە

پێش نیارێکە تاکێك دەیخاتە بەردەم تاکێکی دیکە، ئەویش بەمەبەستی سوود وەرگرتن لەئاراستە نەرێنیە زانراوەکە، کاتێ پێش نیازەکە دەخرێتە روو چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کە کەسی دووەم بەپێچەوانەی ئەو پێڕاگەیاندنە هەڵس و کەوت بکات.

**Contravention** المخالفة سەرپێچی
شکاندنی یاسا

تاوانێکە دەکەوێتە ژێرباری لێپرسینەوەی یاسای تاوان، کەسادەترین جۆرەکانی تاوانیشە، سزای کەسی سەرپێچی کەر، بەزۆری بژاردنێکی دارایی ئاسانە، یان بەندکردنە بۆ ماوەیەك کەلەیەك هەفتە زیاتر نابێت.

**Contribution** ١ – الاشتراك ئابوونە
پیتاك

مەبەست لەو زاراوەیە، برەپارەیەکە تاك دەیدات بۆ سوود وەرگرتن لە چەند خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو، نموونەی بەشداریکردن لەیانەیەك و بەشداریکردن لەبیمە کۆمەڵایەتیەکان، هەروەها بەشداریکردن لەسەندیکایەك و ...هتد.

٢ – المساهمة أو الخدمة بەشداریکردن

واتە هەستانی تاك بەکارێك بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵ، یان بەشداریکردن لە ئەنجامدانی ئەو کارە.

**Control** المراقبة چاودێری
الضبط کۆنترۆڵ

پرۆسەی رێك و پێکردن و ئاراستەکردنی رەفتار لەڕووی نەرێنیەوە بێت، یان لە ڕووی ئەرێنی.
کۆنترۆڵ ڕەنگە شێوەیەکی ڕەسمی (formal) وەربگرێت وەك یاساکان، هەروەها ڕەنگە شێوەیەکی نارەسمی (in formal) وەربگرێت، وەك داب و نەریت.

تەماشا بکە: چاودێری کۆمەڵایەتی **Social control**

**Control administrative** المراقبة الادارية چاودێری کارگێڕی

ئامانج لەم کارە رێك و پێکردن و دابین کردنی سیستەم و دروستی جێبەجێکردنیەتی، هەروەها ئاگادار بوون لەڕادەی جێبەجێکردنی چالاکی بۆ ئامانجە بڕیار لەسەر دراوەکان.
لێرەدا سنورێك هەیە بۆ ڕادەی توانین (span of control) ئەوەش بریتیە لەو رادەیەی کەسەرکردەی کارگێڕی توانای سەرپەرشتی و چاودێری کردنی دەبێت.

**conurbation** البُقعة الحَضَرية ناوچەی شارنشین

تەماشا بکە: **Built-up area, urban tract**

**Convalescence** النقاهة ساڕێژبوون
بوژانەوە

چاکبوونەوەی پلە بەپلەی نەخۆش، تاهێزو تەندروستی بۆ دەگەڕێتەوە، دەوترێت ماڵی ساڕێژبوون (convalescent hom)، ئەو شوێنەی تەرخانکراوە بۆ چاودێری ئەو نەخۆشانەی ماندوو بێهزبوونە، لەوخانووەدا پێداویستیەکانی پشوودان و ئامرازەکانی خۆشی تێیدا بەردەستەن.

Ana. recuperation هەڵسانەوە، چاکبوونەوە

زاراوەی باو ١- الاصطلاح Convention
نەریتی باو التقليد الجاري

ئەو زاراوەیە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ئاماژە بۆ نەریتێکی گشتی یان ڕەوشتێکی باو دەکات لەناوکۆمەڵگەدا.

ڕێکەوتن ٢- الاتفاق

ئامرازێکە بۆ ڕێککەوتنی نێو دەوڵەتی، وەك ڕێککەوتنێکی نوسراو یان زارەکی لەنێوان دوو دەوڵەت یاخود زیاتر یانیش چەند ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی، بەمەبەستی پێکهێنانی ماف و ئەرکە یاساییەکان، ئەوانی واژۆیان لەسەری کردووە ئەوا پابەندی دەبن.

ئەم دیاردەیە تەنها کاروباری ناسیاسی دەگرێتەوە، پێگەو گرینگی لەو پەیمانە (treaty) کەمترە کەبەڕێککەوتنە سیاسییەکان دەوترێت.

کۆنگرە ٣- الاجتماع العام
المؤتمر

واتە کۆبوونەوەی نوێنەرانی چەند دامەزراوەو ئەنجومەنێك بۆ بەدیهێنانی مەبەستێکی تایبەت، رازاوەکەش بەکاردەهێنرێت وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو مانایە بەشێوەیەکی تایبەت لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

وەرچەرخان ١- التحول Conversion

1- دەرکەوتنێکی لەناکاو بۆ رۆڵێك یان خەسڵەتێکی نوێ لەکەسێتیدا، وەك زاڵبوونی گرێیەك یاخود ئاراستەیەکی شاراوەی پێشو، بەجۆرێك تاك ببێتە کەسێکی نوێ.

2- پرۆسەی ڕاهاتنی کولتوری تاك تێیدا بەئارەزووی خۆی شێوازو لایەنی دەروونی گروپێکی دەرەکی وەردەگرێت.

3- کرداری دوورکەوتنەوە لەئاراستەیەك یان لەسیستمێکی بەهایی و خستنەجێی ئاراستەیەك یاخود سیستمێکی بەهایی نوێ لەشوێنی هەریەکەیان.

پێچەوانە ٢- العكس

پێچەوانە لەلۆژیکدا بریتیە لەدانانی هەریەکە لەهەردوو بەشی مەسەلەکە لە شوێنی یەکتردا، لەحاڵەتی مەسەلەی چەمکە بارکراوەکە (attribute) ئەوە بریتیە لەدانانی هەریەکە لەبابەت و هەڵگر لەشوێنی یەکتر، بە جۆرێك بڕیاردان لەسەر ئەو مەسەلە نوێیەی کەناوی لێنراوە پێچەوانە ئەوە دەکەوێتە سەر (هەڵگر) دوای ئەوەی کە کەوتبووە سەربابەت لەسەر چاوەدا.

تەماشا بکە: بەرهەڵستی opposition

تاوانبارکردن ١- الادانة Conviction

بڕیاری تاوانبار کردن کەلەلایەن دەستەی سوێندخۆرانەوە ڕادەگەینرێت دژی ئەو تاوانکارەی (convict) کەکەتنێکی کردووەو جێگای سزادانە لەڕووی یاساییەوە

قەناعەت پێ هێنان ٢- الاقتناع ConvictionPersuasion

پشت بەستنی تاك بەو بەڵگەو سەلماندنانەی کەڕەنگە ببنە هۆی دەرکەوتنی دروستی شتێك یان ملکەچکردنی تاك بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کەناکرێ پشت گوێ بخرێت.

کارکردن بەزیندانیان تشغيل المسجونين **Convict Labour**

ئەوانی فەرمانیان بەسەردا دراوەو زیندانی کراون، لەماوەی زیندانیان کاریان پێدەکرێت و بەبەرهەم هێنانی کەل و پەل و کەرەستەش هەڵدەستن، لەگەڵ جۆرەها کاری خزمەتگوزاری دیکە.
دیارە ئەم کارەش جۆرە ڕکابەرییەك دەگرێتە خۆی لەلای کرێکارانی دیکە.
سەندیکاکانی کرێکاران ئەم کارە جێگای ناڕەزایی و بەرهەڵستیان بووە.

هەرەوەزی
هاوکاری
التعاون **Cooperation**

یەك لەدیاردەکانی کارلێکردنی کۆمەڵایەتیە، هەروەها شێوازێکە لەشێوازەکانی رەفتاری مرۆڤایەتی، کرداری هەرەوەزی دەربڕینێکی هاوبەشە بۆ دووکەس یان زیاتر لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجێکی هاوبەش.
هەرەوەزی ڕەنگە راستەو خۆی بێت (direct cooperation)واتە هاوکاریکردن لەچەند چالاکیەکی پەیوەستدارو لەیەکچوو بەشێوەیەکی بەکۆمەڵ.
یان ناڕاستەوخۆ (indirect cooperation)یە، واتە ئەو هاوکارییەی کە بەچەند چالاکیەکی نالەیەکچوو ئەنجام دەدرێت، هەندێکیان هەندێك تەواودەکەن.
ئەو جۆرە هەرەوەزیانە هەموویان یەك ئامانجی هاوبەشیان هەیە، هاوکاری ناڕاستەوخۆش دابەشکردنی کار دەگرێتەوە لەگەڵ چەند شێوەپسپۆرییەك لەئەرك بەجێگەیاندن.

کۆمەڵەی هەرەوەزی الجمعية التعاونية **cooperative**

ڕێکخستنێکی ئابورییە، ئامانج لێی کۆکردنەوەی خاوەن بەرژەوەندییە هاوبەشەکانە، ئەوانی باری ئابوریان لاوازە، ئەویش بەمەبەستی بەدیهێنانی پێداویستیەکان لەخزمەتگوزاری، بەهۆی هاوکاری ئاڵ و گۆڕی نێوانیان، هەروەها رزگاربوون لەچەوساندنەوەی دەڵاڵ و ئەوانی دەست بەسەر کاروباری و بازرگانی دەگرن.
دەوترێت، ڕەوتی هەرەوەزی (cooperatism) بۆ کۆی ئەو ڕێبازانەی بانگەشە بۆ بلاوبوونەوەی بزووتنەوەی هەرەوەزی دەکەن، وەك فاکتەرێکی گرینگ بۆ پارێزگاری کردنی بەکار بەر.

پاڵپشتی بونیادی التدعيم البنياني **Cooptation**

زاراوەکە لەلایەن (Philip Selznick) دۆزراوەتەوە، ئاماژە بۆ ئەو ئامرازە دەکات کەئامانجی مانەوەو جێگیری ڕێکخراوەکەیە، ئەو کارەش بەهۆی وەرگرتنی ئەندامانی تازە لەدەستەی سەرکردایەتی و بەشداری پێکردنیان لەدەسەڵات (formal cooptation)، یان بەشداریکردنی چەند کارمەندێك لەدەسەڵات، وەك بەدەنگەوە هاتنێك بۆ چەند فشارێکی دیاریکراو بێ دانپیانان بەسەرکردە نوێیەکان (informal cooptation)

پێکەوە گونجان
ڕێك و پێکردن
التنسيق **Coordination**

مەبەست لەم زاراوەیە، نزیکردنەوەی بیروبۆ چوونە جیاوازەکانە، هەروەها دۆزینەوەی گیانی هاوکارییە لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان کەبۆ ئەنجامدانی پێویست بەزیاتر لە ئەنجومەنێك دەکات بۆ ئەوەی ڕێگا لەدووبارەبوونەوە یان دوولایەنی یاخود دژایەتی لەنێوان ئەنجوومەنە جیاوازەکان بگیرێت.
پێکەوە گونجان، بەگرینگترین ئەو پرۆسانە دادەنرێت کەلەڕێگای ڕێکستنی کۆمەڵگە کاری پێدەکرێت و لەهەمووشیان کۆنترە.
ئەو کارەش ڕەنگە بەشێوەیەکی ئاسۆیی بێت (horizontal coordination) واتە ڕێکخستنی پلان و بەرنامەکان لەو دامەزراوانەی کەلەهەمان ئاستن.
هەروەها دەکرێ ئەو کارە ستوونی بێت (vertical coordination) ڕێکخستن پلان و بەرنامەکان لەنێوان ئاستە جیاوازەکانی دەسەڵات.

هەماهەنگی کارگێڕی | التنسيق الاداري | Coordination administrative

هەماهەنگی و ڕێکخستن لەدامەزراوەیەك یان ئەنجومەنێکی کۆمەڵایەتی، گەورەترین ئەرکە بۆ بەستنەوەی بەشەکانی کار لەگەڵ یەکتر، بەمەبەستی دابینکردنی هاوکاری هەموولایەك و ئاراستەکردنی هێزیان بەرەو بەدیهێنانی ئامانج.

هاوبەشی کرێکاران لەخاوەنداریێتی پرۆژە | اشتراك العمال في ملكية المشروع | Copartner ship

سیستمێکە بەپێی ئەو سیستمە کرێکار لەکۆتایی هەموو ساڵێکی دارایی بەشێك لەقازانج وەردەگرێت لەسەر شێوەی (پشك) لەکۆمپانیاکە، ئەوەش بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی کرێکار بەپرۆژەکە.
هەروەها هەندێ پرۆژە، پشکەکانی بەنرخی هەرزانتر لەو نرخەی باوە دەداتەکرێکاران، نرخەکەش بەشێوەی (بڕ) بەش بەش وەردەگیرێت، بەڵام ناکرێ ئەو پشکانە بگوازرێنەوە تەنها ئەگەر بۆی کرێکارێك بێت لەناو هەمان دامەزراوە.

مافی چاپکردن مافی دانەر | الملكية الأدبية | Copyright

ئەم زاراوەیە بەمانا ڕەهاکەی بریتیە لەخاوەنداریێتی شتێکی مەعنەوی، وەك کارە ئەدەبی و هونەریەکان، هەروەها دانان و پۆلینکردنی مۆسیقا.
ئەو خاوەنداریەتیە چەند مافێك دەگرێتە خۆی، بەجۆرێك کەهەموو کەسێك دەتوانێت سوود لەبەرهەمی بیرو هونەرەکەی خۆی وەربگرێت. مافی کتێب دانان دوو لایەنی جیاوازی هەیە:
یەکەمیان: ئەدەبیە، ئەو هزرو بیروباوەڕەی کەبلاوی کردۆتەوە مافەکەی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، کەسەکە خۆی مافی بلاوکردنەوەی یان بلاونەکردنەوەی هەیە، لەگەڵ مافی هەموارکردن و دەسکاری و زیادکردنی، ئەم لایەنەش بەمافە کەسێتیەکان دادەنرێت.
دووەم: مافی مادییە، واتە سوود وەرگرتنی مادی و دارایی لەکارەکان، ئەو کەسەدەتوانێ خەرجی بکات و دەسکاریش بکات، یان بیانگوازێتەوە بۆ کەسێکی دیکە.

دامەزراوە کۆمپانیای هاوبەش | المؤسسة | Corporation

خاوەن کەسێتیەکی مەعنەویە، دامەزراوە بەتەرخانکردنی بڕێك پارەو داهات دادەمەزرێت بۆ ماوەیەکی نادیار بەمەبەستی ئەنجامدانی کارێك بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی یان زانستی یاخود ئابوری، بێ مەبەست لەهەر قازانجێکی ماددی.
دامەزراوە چەند جۆرێکی هەیە:
دامەزراوەی گشتی (public corporation)، دامەزراوەی تایبەتی (private corporation)، لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو زاراوەیە بەشێوەیەکی گشتی بەهەموو دامەزراوەکان دەوترێت.
ئەگەر دامەزراوەکە ئامانجی قازانج بێت ئەوە ناوی لێدەنرێت (private corporation)، بەڵام ئەگەر ئامانجەکەی بەرژەوەندی گشتی بێت ئەوە ناوی لێدەنرێت (public corporation).

ڕەوتی تائیفە پیشەگەریەکان | النزعة الطائفية المهنية | Corporatism

مەبەست بنەمای ئەو تائیفە پیشەییانەی رادەیەك لەمافی داڕشتنی ڕێساکانی ڕێکخستنی پیشەو دەسەڵاتی جێبەجێکردنیان بەسەر ئەندامانیان هەیە، ئەوەش لەسەر هەمان شێوەی سیستمی تائیفەکان کەلەسەدەکانی ناوەڕاستدا بلاوببۆوە.

ئەو ڕەوتە لەوڵاتی ئیتالیا لەسەردەمی ڕژێمی فاشیەت گرینگیەکی زۆرتری پەیدا کرد، لەبەر ئەوەی هەستا بەڕێکخستنی سیستمی ئابوری لەچەند دامەزراوەیەکی پیشەیی سەر بەدەوڵەت، هەروەها بۆ چوون وابووە کە ئەو جۆرە سیستمە دامەزراوەکانی نوێنەرایەتی سیاسی زۆرتر دێنێتەدی، بەڵام لەڕاستیدا دامەزراوەی پیشەیی تەنها ئامرازبوون بۆ سیاسیەتی دەوڵەت، یاخود وەك بریکارێکی کارگێڕی ئەو بوون.
لێرەدا نابێت دامەزراوە پیشەییە فاشیەکە تێکەڵ بەدامەزراوەکانی کاری ئەمریکی یان بەریتانی بکرێت کە بەوشەی (corporation) گوزارشتی لێدەکرێت و بریتین لە چەند کۆمپانیایەکی خاوەن بەرپرسیاریەتی سنوردار کەلەلایەن هاوڵاتیانەوە بەڕێوەدەچن و بەشێوەیەکی گشتی لەبواری بازرگانی و پیشەسازی کاردەکەن.
ئەم ڕەوتە سەرمایەدارییە کەدەستی بەسەر قازانج گرتووە، رازی نیەو رەخنە لەسیستمی کار بەرامبەر کرێ (مووچە) دەگرێت، بۆ چوونیشی وایە کە لەجیاتی ئەو سیستمە، سیستمی پاداشتی کرێکاران بێتە جێگای، ئەویش لەسەر بنچینەی دابەشکردنی قازانج لەنێوان سەرمایەو کاردا.
تەماشا بکە: فاشیزم **Fascism**

**Corollary** اللازمة بەڵگەنەویست

ئەنجامێکە، بەزەرورەت دوای تیۆرییەك دێتەدی، کەسەلمێنراو بێت .

**Correction**
إصلاح المُذنبين
التأديب
ڕاستکردنەوەی رەفتاری لادەران

هاوکاریکردنی تاك بۆ ئەوەی رەفتاری لەگەڵ پێوەرە باوەکاندا شان بەشان بێت، مەبەست لەچاکسازی لەبواری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیدا، هۆکارێکە بەکار دەهێنرێت بۆ ڕاستکردنەوەی تاکە کەتنکەرو تاوانباران.
دەوترێت دەزگای چاکسازی (correction institution) یان ( house of correction) بەو پەیمانگایەی بایەخ بەراستکردنەوەی هەرزەکارە کەتن کەرو تاوانباران دەدات.

**Correlation** الارتباط پەیوەست بوون

رادەی ئەو پەیوەندییەی لەنێوان دوو دیاردە هەیە، بەجۆرێك کە هۆگری و پەیوەندی هەر یەکێکیان دەبێتە هۆ بۆ هۆگری و پەیوەندی لایەکەی دیکە، یان وێناکردنی دیاردەیەك کەپشت بەوێناکردنی لایەنەکەی دیکە ببەستێت.
ئەگەر پەیوەست بوونەکە هاتەکایەوە، ئەوە ڕەنگە ئەرێنی یان نەرێنی بێت.
دەوترێت پێکەوە بەستنی کۆمەڵایەتی (social correlation)، وەك ئاماژەیەك لەسەر بەراوردکردنی ورد بەهۆی ڕێگا ئاماریەکان، بۆ دوو خەسلەت یاخود زیاتر لەخەسلەتەکانی یەکە کۆمەڵایەتیەکان، وەك پەیوەندی نێوان داهات و زۆری بەرهەم.

**Correspondence** | التناظر / التطابق | بەرامبەری / هاوتایی

لەزانستی لۆژیکدا، گونجانی شتێ یان جووت بوونی لەگەڵ شتێکی دیکە، واتە: (دەستەواژە) یان (مەسەلە) یاخود (دەسەلات) دەبنە راستیەك ئەگەر لەگەڵ بارێکدا بەشێوەیەکی بابەتیانە جووت بوون.

**Corruption** | الفساد / الرشوة | گەندەڵی / بەرتیل

**Bribery** | تەماشا بکە: بەرتیل وەرگرتن

**Cortege** | الموكب | دەست و پێوەند

**c.f. assemblages** | تەماشا بکە: کۆمەڵە خەڵك کۆڕ

**Corvee** | ١ – السُخرة | بێکاری

**Cf. forced labour**

٢ – عمل مأجور | کاری خۆڕایی

کارێکی بەزۆر، جووتیار پێی هەڵدەسێت بۆ دەرەبەگەکەی.

**Cosmology** | علم الكون / الكوسمولوجيا | گەردوونناسی

یەك لەلقەکانی فەلسەفەیە، لەسەرچاوەو دروست بوونی گەردوون دەکۆڵێتەوە، هەروەها ئەو یاسا گشتیانەی کە دەسەلاتی بەسەر گەردوون و پێکهاتەکەی هەیە.

ئەم زانستە جیاوازە لەئونتولوجیا (ontology) کەلەدیاردە گشتیەکانی راستی دەکۆڵێتەوە، ئەگەر سروشت بێت یان سەرووی سروشت.

**Cosmopolitanism** | المواطنة العالمية | دانیشتووی جیهان / هاوڵاتێتی جیهانی

رەوتێکە ئامانجی رزگاربوونە لەرق و ڤینی نەتەوایەتی، مرۆڤایەتی وەك یەك خێزان تەماشا دەکات، جیهان نیشتمانیەتی و ئەندامانیشی تاکەکانی هەموو مرۆڤایەتیە، بێ رەچاو کردنی جیاوازییەکان لەزمان یان رەگەز یاخود نیشتمان.

لەبەرامبەریدا رەوتی خۆجێی (localism) هەیە، واتە گۆشەگیری تەواو بۆ ئەوانەی لەکۆمەڵگەیەکی خۆجێی دەژین.

**Costs of social** | نفقة المعيشة | تێچووی ژیان

ئەو برە پارەیەی کەخەرج دەکرێت بۆ پەیداکردنی شتە خۆشەکان و خزمەتگوزاریە زەروریەکان، ئەوانی تاك پێویستی پێیان دەبێت بۆ هێشتنەوەی ئاستی راهاتووی ژیان لەناو ئەو کۆمەڵەی کەتێیدا دەژیت.

تێچووی راستی ژیان (real cost of living)، بەهای ئەو هەوڵ و ماندوو بوونەیە کەدەدرێت لەپێناو پارێزگاریکردنی ئاستێکی یان پێوەرێکی دیاریکراوی ژیان.

**Costs social** النفقات الاجتماعية خەرجیە (بژێوی) کۆمەڵایەتیەکان

وشەی بژێوی لەئابوریناسیدا، ئاماژەیە بۆ ئەو هەوڵ و ماندوو بوونەی کە دەدرێت لەپێناو پەیداکردنی شتێك، رەنگە بـژێوی یان تێچووی ژیان گوزارشت لەپارە بکات و ئەوەش پێی دەوترێت خەرجی پارە (money cost) یان تێچووی دراوی، یـاخود بریتی بێت لەچەند کاڵاو کەڵ و پەلێك یانیش ئێش و ئازار، کەئەوەش تێچووی راستەقینەیە (real cost).

تێچووە کۆمەڵایەتیەکان، بەتێچووی خەرجی راستەقینە دادەنرێت، چونکە ناکرێت بەپارە پێوانە بکرێت، بۆ نموونە هەناسـە تەنگی بەهۆی دووکەڵی کارگەیەکەوە، ئەوە تێچووی کۆمەڵایەتیە بۆ بەرهەم، بەڵام ئەو حاڵەتانە ناخرێنـە حسابی قـازانج و زیانی پرۆژەکە.

**Council** المجلس ئەنجوومەن

گروپێکی هەڵبژێردراوە، یان دەستـەیەکە دەزگایـەکی راوێـژکاری یـاخود یاسـادان پێکـدەهێنن، بـۆ وەرگرتنـی چـەند بڕیارێـك لەسەر ئەو بابەت و مەسەلانەی کەلەدەسەڵاتی ئەواندان.

ئەو ئەنجوومەنانەش چەند جۆرێکن، لەوانە:

ئەنجومەنەکانی رێکخستنی کار لەکارگەکاندا ( work councils) ئەوانە پێکدێن لەنوێنەری کرێکاران بۆ گفتوگۆ دەربارەی ئەو بابەتانەی کەدەبنە هۆی زۆربوونی بەرهەم و چاککردنی گوزەرانی کرێکاران.

هەروەها ئەنجومەنە میللییەکان (peoples councils) کە بریتین لەو دەزگایانەی کەلە کۆمەڵگـە خۆجێیـەکان پێکـدێن و بەهۆیەوە گەل دەسەڵاتی ڕاستی خۆی بەکار دەهێنێ.

**Council of state** مجلس الدولة ئەنجومەنی دەوڵەت

ئەنجومەنێکی سەربەخۆیە، بەشی دادوەریش دەگرێتەخۆی، لەو بەشەدا دەسەڵاتی چاودێری کردنی کاروباری دەوڵەتی هەیـە، لەگەڵ بەشی ڕاوێژکاری و رادەربڕین و یاسادانان کە هەڵدەسێت بەدەربڕینی بیروڕا لـەو بابەتانـەی کـەداوایان لێـدەکرێت ڕای لەسەر دەربڕن

**Counselling** الارشاد النفسي ڕێنمایی دەروونی

دەربڕینی بیروڕا دەربارەی چەند بابەتێکی دیاریکراو بۆ روونکردنەوەیان، دیارە ئەو کارەش دەبێتە یارمەتیـەك بـۆ بڕیـاردان لەسەر ئەو بابەت و باسانەدا، مەبەستیش لـە ئاراستـەکردن، خزمـەتکردنی تاکـە لـەو پەیوەندییـە ئـاڵ و گـۆڕەی کـە دروسـت دەبێت لەنێوان دوو کەس، یەکەمیان کەسی پسپۆڕە کە هەڵدەسێت بەیارمەتیدانی کەسەکەی دیکە ئـەویش ئـەو کەسـەیە کـە تووشی کێشە هاتووەو پێویستی بەئاراستەکردن هەیە.

**Counselling employment** الارشاد المهني ڕێنمایی پیشەیی

ئامـانج لـەم کـارە، ئاراسـتەکردن و راوێـژکاری پیشـەییە، هـەروەها یارمەتیـدانی تاکەکانـە بـۆ خۆگونجانـدن لەگـەڵ پیشـە نوێیەکانیان، زۆرن ئەوانەی بەرەو رووی کێشە دەبنەوە لـەکاتی دەست بـەکار بوونیـان لەپیشـەیەك، ئەوحاڵەتـەش پێویسـتی بەیارمەتیدان دەکات بۆ ئەوەی ئەو کەسانە ڕابێن لەگەڵ ئەوپیشەیە یاخود هەستن بەگۆڕینی.

**Country** ١ – القُطر وڵات

هەرێم یان ئەو دەوڵەتەی گەلێك داگیری کردووە، یاخود تاك تێیدا لەدایك بووەو ئینتیمای بۆی هەیە.

دێ و دەوروبەر ٢ – الريف

ناوچەیەکە بەچالاکی کشتوکاڵی دەناسرێت، بەرامبەر بەناوچەی شارستانی.

دەوترێت جولـەی گەڕانـەوە بـۆ دێهـات (country life movement)، ئامـانجی ئـەم چـالاکیەش پەرەپێـدانی ناوچـە کشتوکاڵییەکەیە بۆ نیشتەجێ بوون، بەجۆرێك کەهۆکارەکانی پشوودان و خۆشگوزەرانی تێیدا فەراهەم بێت، وەك ئـەوەی لـە ناوچە شارنشینەکەدا هەیە.

هەرێم الاقليم، المقاطعة County

ناوچە اللواء

وشەی کونتی بۆ سامان و مولك و ماڵی کەسی کونت دەگەڕێتەوە لەڕابردوودا.

لەرۆژگاری ئەمرۆدا، وشەکە بەیەك لەبەشەکانی دەوڵەت دەوترێت، کـە لەبـەر چـەند هۆیـەکی سیاسـی یـان کـارگێڕی یـاخود دادوەری، دەوڵەتی بەسەر دابەشکراوە بۆ چەند بەشێك.

هەرێم مەڵبەندێکی هەیە (county town)، هەروەها ڕەنگـە بـۆ کـاری بـەڕێوەبردنیش ئەنجومـەنێك هـەبێت ( county council) .

کودەتای سیاسی لەناکاو الانقلاب السياسي المفاجيء Coup d ' etat

دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا لەڕێگای ململانێ و بێنـەو بـەرەی سیاسـی، یـان بـەکارهێنانی هێـز، بـەزۆریش پـەنا بـۆ راپرسـی میللی دەبەن وەك دیفاکتۆیەك و بۆ ئەوەی مۆرکێکی شەرعی بەدۆخەکە بدرێت.

دادگا المحكمة Court

بریتیە لەو ئەنجومەنە دادوەریەی کەئەرکی یەکلا کردنەوەی کێشەو ناکۆکی و تاوانەکان لەئەستۆ دەگرێت، ئەوانی دەخرێنـە بەردەمی بەشێوەیەکی دادپەروەرانەو بەپێی دەقەکانی یاسا.

دادگاکان چەند جۆرێکن لەڕووی چینەکانیانەوە:

دادگای پێداچوونەوە، دادگای بەرایی، دادگای سزاکان.

هەروەها دادگاکان لەڕووی پسپۆڕییەوە دابەش دەبنە سەر: دادگای مەدەنی، دادگـای بازرگـانی، دادگـای بـاری کەسـێتی، دادگـای تاوانەکان...هتد.

دڵداری التَوَدُد المغازلة Courtship

ئەو گاڵتەو قسە خۆشانەی نێر بۆ مێ دەری دەبڕێ، ئەوە هەنگاوێکی سەرەتاییە بەرەو دروست بـوونی پەیوەنـدی هاورێیـەتی لەنێوان هەردوولا، لەو ماوەیەدا نێرومێ هێزی وروژاندن و فریودانی خۆی بەرامبەر لایەنەکەی دیکە ئاشکرا دەکات.

بەکارهێنانی دیاردەی خۆشەویست کردن و دڵـداری لەکۆمەڵگەیەکـەوە بـۆ کۆمەڵگەیـەکی دیکـە جیـاواز دەبێـت، ئـەو ڕەفتـارو هەڵس و کەوتانەش ملکەچی ئەو پێوەرانە دەبن کە هاوسەرگیری و سیستمی خێزانی ڕێك دەخات.

دڵداری لەوڵاتانی رۆژئاوا قۆناغێکە دەکەوێتە پێش نیشانکردن و هاوسەرگیری.

**Couvade** — الكوفاد — نەریتی کۆن
کوفاد

نەریتێکی سەرەتاییە بڵاوبۆتەوە لەکاتی منداڵبون، باوکی منداڵەکە خۆی گۆشەگیر دەکات لەکۆمەڵ، وا خۆی دەردەخات، کەخۆی منداڵی دەبێت، لەو ماوەیەدا کارەکانی باوك بریتی دەبێت لەرۆژو گرتن و ئەنجام نەدانی هەر چالاکیەك و پاڵ کەوتن لەسەر جێگا، هەروەها پەیڕەوکردنی چەند دیاردەیەکی قەدەغەکراو (taboos) کەڕەنگە زیان بەژیانی منداڵەکە بگەیەنێت.

**Covert culture** — الثقافة المغلقة — کلتوری داخراو
**Culture covert** — تەماشا بکە:

**Craft** — الحرفة / المهنة — پیشە

ئەوکارەی کەتاك ئەنجامی دەدات، بەڵام بەجێگەیاندنی ئەو کارە پێویستی بە چەندین توانست و شارەزایی تایبەت هەیە، ئەو خەسلەتانەش پاش چەندین ساڵ لەفێربوون و شارەزایی دێتەدی.
دەوترێت: سەندیکای پیشەیی (craft - guild) ئەو سەندیکایە کەسانی یەك جۆرە پیشە کۆدەکاتەوە.
هەروەها دەوترێت کرێکاری شارەزا (crafts man)، واتە ئەو ئیشکەرە دەستیە کەلەسەر ئەرکی خۆی و بۆ خۆی کاردەکات، بەهاوکاری ژمارەیەکی کەمی کرێکاران.

**Craze** — النزوة — خولیا
شەیدایی

شێوازێکە لەرەفتار بەتووندی لەشێوەکانی رەفتاری کۆمەڵایەتی ئاسایی لادەدات، ژمارەیەکی کەم لەتاکەکانی کۆمەڵگە ئەو رەفتارە پیڕەو دەکەن و پێی هەڵدەستن، نموونەی گروپەکانی (هیبز). دیارە بەشی زۆری کۆمەڵگە بەڕادەی جیاواز ناڕازین لەو جۆرە هەڵس و کەوتە، ئەگەر چی ماوەی رەفتارو هەڵس و کەوتەکەش کورتەو بەزۆریش بەهۆی بەکار هێنانی هۆیەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری دیاردەکە دەوروژێنرێت، کە ئەویش مەبەستی ئابوری لەپشتەوەیە ئەوانەی ئەو ئارەزووەیان هەیەو بەو جۆرە رەفتارە هەڵدەستن، ئەوانە لە بنچینەدا ویستێکی لادەرانە دەیان جولێنێت، هەروەها ئەو ویستە دەبێتە هۆی گوێ ڕایەڵیان بۆ رەفتارەکە، هەر ئەو خولیایەیان بۆ کارەکە وایان لێدەکات لەکۆمەڵگە دووربکەونەوەو لەهەمان کاتدا ملکەچی پێوەرەکانی ئەوانەبن کەپەیڕەوی ئەو دیاردەیە دەکەن.
شەیدایی جیاوازە لەدیاردەو کاری نوێی باو (fat)، لەبەر ئەوەی دیاردەی شەیدایی شێوەیەکی زۆر توونتر لەلادان دەگرێتە خۆی لەو شێوازە باوو راهاتووە لەسەریان، یان بریتیە لەجۆرێك کەبەئەنقەست وروژێنراوە بۆ بەدەست هێنانی قازانجێکی ماددی، لەکاتێکدا رەفتاری نوێی باو گەشەکردنێکی خۆکارانە دەگرێتە خۆی.

**Creativeness** — الابداع / الابتکار — داهێنان

کردارێکە بەهۆیەوە کارێکی نوێ بەرهەم دێت و کۆمەڵیش پێی باش دەبێت، یان پێی رازی دەبێت بەوەی کارێکی بەسوودە.
تایبەتمەندی داهێنان ئەوەیەکە بەدووری لادەدات لەئاراستە سەرچاوەییەکە هەروەها جیابوونەوە لەشێوازی بەدوایەکدا هاتنی ئاسایی لەبیرکردنەوەدا بەرەو شێوازێك لەبیرکردنەوەی بەتەواوی جیاواز.
بەرهەمی داهێنان خۆی لەئەدەب و مۆسیقا و وێنەگرتن و ...هتد دەدۆزێتەوە.

متمانه
الائتمان
**Credit**
قەرزبەخشین

زاراوەیەکە لەئابوریدابەکار دەهێرێت ، ئاماژەیەکە لەسەر توانای کەسێك بۆ پەیدا کردنی پارە بەرێگای قەرزکردن، ئەو پارەیەی کەپێویستی دەبێت بۆ هەڵسوڕاندنی چالاکیەکانی.

هەروەها ڕەنگەهەمان ئەو سامان و پارانە بگەینێت کە قەرزکراون، بۆیە دەبێتە هاوتای وشەی قەرز...

هەروەها دەکرێ متمانە پێدان بێتەدی لەنێوان کەسی (قەرزدەر) و کەسی (قەرزار) بەهۆی فرۆشتنی کالاکان، بەو مەرجەی نرخەکەی لەئایندەدا بدرێت.

تەماشا بکە: متمانەی کۆمەلایەتی **Social credit**

کۆمەڵە هەرەوەزییەکانی قەرزپێدان
جمعیات التعاون للائتمان
**Credit cooperatives**

ئەو کۆمەلانەی هەلدەستن بەپێدانی قەرزی بچووك و مام ناوەندی بەگشتیارو پیشە کاران، بەمەبەستی دەستگرتن و هەڵسوڕاندنی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی یان پیشەسازی.

ئەو کارەش لەبەرامبەر سودێکی کەم کە زۆر کەمترە لەو سوودەی بانکە بازرگانیەکان وەری دەگرن.

ئەو کۆمەڵە هەرەوەزیانە، قەرز دەدەنە ئەندامەکانیان لەسەر بنەمای دەستەبەری (کەفیلی کەسێتی) کەبە شێوەیەکی بنچینەیی پشت بەخەسلەتەکانی کۆڵ نەدان و بەردەوامی و دەست پاکی و پاشەکەوت کردن دەبەستێت لەبەر ئەوەی هەموو ئەندامەکانی یەکتری دەناسن و دەتوانن پێداویستیە راستیەکانی هەر یەکێکیان بزانن و دڵنیابن لەوەی کە ئەو قەرزەی وەرگیراوە بۆبەدیهێنانی ئەو ئامانجە بەکار دەهێنرێت.

بیروباوەڕ
العقیدة
**Creed**

تەماشای بڕوا باوەڕ بکە: **Belief**

تاوان
الجریمة
الجرم
**Crime**

هەموو کارێك بەزیان بۆسەر کۆمەڵگە بگەڕێتەوە، یاساش بەو هۆیەوە سزای بەسەر بدات، تاوان دیاردەیەکی کۆمەلایەتیە بەهۆی ئاراستەو ئارەزووە گرێ دەروونیەکان دروست دەبێت، سەرەڕای کاریگەری ژینگەی گەندەڵ بوو.

هەروەها ڕەنگە تاوان بەهۆی کەم و کورتی جەستەیی یان ئەقلی یاخود دۆخە شپرزەی و هەڵچوونە دەروونیەکان دروست ببێت.

ئەو کارانەی کەبەتاوان دادەنرێن لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازی هەیە لەنێوانیان، تاوان بەپێی بڕگەکانی یاسا دابەش دەکرێتە سەر سێ بەش: لادانەکان (contravention) کەلەهەموویان سادەترە ، پاش ئەوە کەتن دێت (misdemeanors) و دواتریش تاوانەکان (felonies) دێت.

سزاکانیش بەپێی مەترسی تاوانەکە دەست پێدەکات، لەبژاردنی داراییەوە (سزای دارایی) (fine) دەست پێدەکات و بەسزای لەسێدارەدان کۆتایی دێت، (capital punishment)

### تاوانە ئابوریەکان الجرائم الاقتصادية Crimes, economic

بریتیە لەو تاوانانەی کە دژی سیستمی ئابوری گشتی ئەنجام دەدرێت، سنوری ئەو تاوانانە لەو سیستمانەی پشت بەڕۆڵی تاك دەبەستێت، تەسك دەبێت، بەلاّم دەست بەفراوان بوون دەکات لەو دەوڵەتانەی سیستمی سۆسیالستی پێڕەو دەکەن و باوەڕیان بەڕێبازی موڵکداری گشتی هەیە بۆ هۆیەکانی بەرهەم هێنان، کەئابورییەکەی ملکەچی پلاندانانێکی ئاراستە کراو دەبێت.

شان بەشانی تاوانەکانی ئازوخە خستن و نرخ دانان و دراوو باج و کارو ساختەکاری، کەهەموویان تاوانی ئاسایی باون لە سیستمی تاك کەسیدا، ئەوا لە دەوڵەتە سوسیالستەکان، چەندین تاوانی دیکە روو دەدات و پەیوەستن بەو سیستمە ئابوری و کۆمەلاّیەتیەی کە لەسەر موڵك داری دەوڵەت بۆ هۆیەکانی بەرهەم هێنان دامەزراوە، لەوتاوانانە: دەست درێژی بەسەر موڵکە گشتیەکان، تێکدانی پرۆژەکان بەمەبەستی جێبەجێ نەکردنی بەرنامەی ئابوری ئامادەکردنی زانیاری بەهەڵە لەلایەن دامەزراوە ئابوریەکان، زیان گەیاندنی فەرمانبەر بەبەرژەوەندی گشتی بۆ ئەوەی قازانجی دەسکەوێت، بەکارهێنانی دەرامەتە ماددی و مرۆییەکان لەبوارێك کەبۆی تەرخان نەکراوە بەپێی پلانی ئابوری دەوڵەت، بەرهەم هێنان یاخود هەناردە کردنی کەل و پەل و کالاّکان لەجۆری خراپ، یانیش نەجونجانی لەگەڵ ئەو مەرجانەی بۆی دیاریکراوە، هەڵە یان کەم و کورتی ئەو فەرمانبەرەی ئەرکی بەڕێوەبردنی موڵك و سامانی گشتی پێ سپێردراوە، دیارە ئەوەش دەبێتە هۆی زیانگەیاندنی گەورە بەسامان و موڵکی گشتی.

لەچەند ولاّتێکدا دادگای ئابوری دادەمەزرێت بۆ بڕیاردان لەسەر تاوانە ئابوریەکان، شان بەشانی دادوەران، ئەو دادگایە چەند کەسێکی یسپۆر لە کاروباری ئابوری دەگرێتە خۆی.

### یاسای تاوان القانون الجنائي Criminal law

دەقەکانی یاسای تاوانکاری لەدوو بەشی جیاوازدان:

یەکێکیان ناسراوە بەیاسای سزادان، ئەو ڕێسایانە دەگرێتە خۆی کەلە تاوانبارو تاوان و دابەشکردنی تاوانەکان دەکۆڵێتەوە بەپێی پلەی مەترسیان، هەروەها روونکردنەوەی ئەوکۆڵەکانەی پێویست بەبوونیان دەکات لەڕوودانی تاواندا، لەگەڵ ئەو سزایانەی کەبەسەر تاوانەکاندا دەدرێت بەپێی جیاوازیان.

بەشی دووەمی ئەو یاسایە، بەیاسای لێکۆڵینەوە لەتاوانەکان دەناسرێت، ئەم بەشەیان روونکردنەوەی سیستمەکان و ئەو کارراییانەی کەپێویستە رەچاو بکرێن بۆ جێبەجێکردنی یاسای سزاکان، واتە بۆ ناسینی تاوانبار ئەگەر تاوانێك روویدا، لەگەڵ پیادەکردنی یاسای سزاکان بەسەریدا.

### زانستی ئاشکرا کردنی تاوان علم كشف الجريمة Criminalistics

توێژینەوە لەو ڕێبازو کردارانەی دەبنە هۆی زانینی چۆنیەتی روودانی تاوان و ناسینی تاوانباران.

### تاوانناسی علم الأجرام Criminology

زانستێکە لەهۆیەکانی تاوان دەکۆڵێتەوە، لەگەڵ ئەو فاکتەرانەی هاندەری تاوانن هەروەها، پۆلین کردنی ئەو هۆو فاکتەرانەش.

سەرەڕای ئەوانە، ئەم زانستە هەڵدەستێ بەناسینی رادەی هێز لەهەر جۆرێکیان لەئاست جۆرەکەی دی، ئەگەر ئەو تاوانە بۆ بارودۆخی ئەقلی و دەروونی و ئارەزوو هاندەرە تایبەتیەکانی بگەڕێتەوە، یان بۆ هەل و مەرجی کۆمەڵگەو ئەوفاکتەرانەی دەوروبەری.

شەل

**Crippling** القُعاد

گۆج

پەككەوتە ئەو تاكەی كەبەهۆی لەدەستدانی یان كەم و كورتی یاخود نەخۆشیەك كەتووشی دەمارەكانی یانیش جومگەو ئێسكەكانی بووەو دەبێتە ڕێگر لەبەردەم جولەو چالاكیەكانی، بەشێوەیەك كەئەركە ئاساییەكانی سنوردار دەكات و لەدوایشدا كاریگەری لەسەر فێربوون و گوزەرانی دروست دەكات.

قەیران

**Crisis** الأزمة

تەنگەژە

مەبەست لەقەیران لەڕووی كۆمەڵایەتیەوە، وەستانی ڕووداوە ڕێك و پێك و چاوەڕوانكراوەكانە، لەگەڵ بارێكی شپرزەیی لەداب و نەریتدا، ئەو هەل و مەرجەش پێویستی بەگۆڕانكاری خێرا هەیە بەمەبەستی گێڕانەوەی هاوسەنگی و پێكهێنانی چەند نەریتێكی نوێی زیاتر لەبار.

بەڵام قەیرانە ئابوریەكان، بریتین لەتێكچوونی بارودۆخی ئاسایی ئابوری، واتە تێكچوونی هاوسەنگی ئابوری.

قەیرانە دەروونیەكانیش ئەوە ڕەنگە بەهۆی بێ بەشكردن و نائومێدی توند ڕووبدات، كەهەڵچوونە توندوتیژەكان دەگرێتە خۆی.

پێوەر المعیار

**criterion**

مەحەك المحك

نیشانەیەكی دیار یان شاراوە (ناوەكی)، بەهۆیەوە شت و ماناكانمان بۆ ڕووندەبێتەوەو دەتوانین بڕیاریشی لەسەر بدەین، یاخود بریتیە لە پێوەرێك یانیش ڕێسایەك وەك بنچینەیەك بۆ بەراوردكردنی كاری پێدەكرێت.

فەلسەفەی ڕەخنەگەرایی المذهب النقدي

**Criticism**

- ڕەخنە - النقد

1- تێڕوانین لەبەهای شتێك و پوخت و پاككردنەوەی و دەرخستنی كەم و كورتی و لایەنە باشەكانی، هەروەها دەبێ چون بێت و بەجۆرێكی تایبەتیش كارە ئەدەبی و هونەریەكان.

2- فەلسەفەی (كانت) بۆ چوونی وایە كە خودی بیركردنەوە ئەنجامی مەرجەكانی زانینە كەبریتین لەشوێن و زەمان و دیاردە جیاوازەكان.

لەبەرامبەر ئەم ڕێبازە، ڕێبازی دوگما (dogmatism) وشكە باوەر دێت، دەوترێت: ڕەخنەی مێژووی (historical criticism) بۆ وردبوونەوە لە بەڵگە مێژووییەكان لەڕێگەی ڕەخنەی دەرەكی یان ناوخۆیی، بەمەبەستی لێكۆڵینەوە لەڕاستی ئەو بەڵگانە یاخود بەها زانستیەكانیان.

**Cross cultures** الثقافاتالمقارنة كلتورەبەراوردكاریەكان

مەبەست، كولتورە جیاوازەكانە بەهۆی فاكتەرەكانی ژینگە و مێژووەوە، توێژەران گرینگی بەلێكۆڵینەوەكانیان دەدەن دەربارەی ئەو كولتورانە، ئەویش بەمەبەستی تاقیكردنەوەی گریمانە پەیوەندارەكان بەرەفتاری كۆمەڵەكانەوە.

هەروەها زانیی كام چەمكی تیۆری دەكرێ پراكتیك بكرێت لەسەر ئەو كولتورانەو گەیشتن بەگشتی كردنە ڕاستیەكان.

**Crowd** الحشد گردبوونەوە

کۆمەڵە تاکێکن، کۆبوونەتەوە بۆ کارێك بێ ئامادەکاری پێشوتر، ئەوانە پێکهاتەیەکی نوێ پێکدەهێنن، جیاواز خەسلەتەکانی جیاوازن لەخەسلەتی هەرتاکێك لەناو ئەو قەرەبالغیە، کەنموونەیەکی رەفتاری دەنوێنێ، تاکەکان تێیدا بەچەند شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بەدەنگی کارتێکردنەکانی کۆمەڵەکەوەدێن.

**Crown** التاج، السلطة الملكية / الحكومة الملكية — تاج، دەسەڵاتی شاهانە / حکومەتی پاشایەتی

مەبەست لەزاراوەکە، خودی شا، یان مافەکانی، یاخود دەسەڵاتەکانی، یانیش خەسلەت و تایبەتمەندییەکانی.

هەروەها زاراوەکە هەندێ جار ئاماژە بۆ بەکارهێنانی دەسەڵات دەکەن لەڕێگەی چەند کەسانێك، کەلەجیاتی شا کاردەکەن.

**Cult** العقيدة الدينية / الطائفة الدينية — باوەڕی دینی / تائیفەی ئاینی

یەك لەشێوەکانی رێکخستنی ئاینیە کەبەتەواوەتی روون نەبۆتەوە، بۆیە ئەندامیەتی لەتائیفەی ئاینی ڕوون و ئاشکرا نیە، دیاردەکە بەشێوەیەکی ئاسایی تەنها چەند بیروباوەڕێك و هەڵس و کەوتێك دەگرێتەوە، کەسیش لەدایك نەبووە کەهەڵگری بیروباوەڕی تائیفەیەکی ئاینی بێت، هەروەها سیستمێکی رەسمیش نیە بۆ ئینتماو چوونە ناو تائیفەیەکی ئاینیەوە.

باوەڕهێنان بەبیروباوەڕی تائیفەی ئاینی و پەیڕەوکردنی هەڵس و کەوتەکانی، کارێکی ئارەزوو مەندانەیە، سیستمێکیشی نیە بۆ پابەند بوون پێی.

لەشێوەکانی تائیفەی ئاینی، سوفیگەریتیە (theosophy) هەروەها رێبازی رۆحی (spiritualism) لەگەڵ تائیفەی بەهائی (bahaism) .

**Cultural alternative** البدائل الثقافية جێگرەوە کولتوریەکان

**Alternative cultural** تەماشا بکە:

**Cultural anthropology** الانثروبولجيا الثقافية مرۆڤناسی کولتوری

**Anthropology cultural** تەماشا بکە:

**Cultural area** المنطقة الثقافية هەرێمە کولتوریەکان

ناوچەیەکی جوگرا فیە، ژمارەیەك گەل و هۆز دەگرێتەخۆی و هەریەکەیان خاون دیدێکی کۆمەڵایەتی و ئابوری و رۆشنبیری نزیك یەکن تارادەیەکی گەورە، ئەمە سەرەڕای ئەو جیاوازییە بچووکانەی هەیە و کەلەمیانەی باسکردنی دوورو درێژ دەردەکەون چەند هەوڵێکی تاکرەوانەش دراوە بۆ دابەشکردنی هەرکیشوەرێك بۆ چەند ناوچەیەکی رۆشنبیری جیاکار.

بەڵام زاناکانی ئەنثرۆپۆلوجیا لەنێوان خۆیان بەتەواوی رێك نەکەوتوون لەسەر ئەو جۆرە دابەش بوونانە، زۆرترین ئەو هەوڵانەش دەربارەی دابەش بوونی کیشوەرەکانی ئەفریقیاو هەردوو ئەمریکای باکورو باشور دراون.

**گۆڕانی کلتوری** | **التغيير الثقافي** | **Cultural change**

هەموو گۆڕانێك رووبدات لەرووەمادی و نامادییەکانی کلتور، تا دەگاتە بوارەکانی زانست و هونەرو فەلسەفەو تەکنولوژیا، هەروەها تام و چێژەتایبەتیەکانی وەك خواردن و خواردنەوەو زمان، ئەوە سەرەڕای ئەو گۆڕانکاریانەی کەلەبوونیادی کۆمەڵگەو ئەرکەکانی روودەدەن.

بەم پێیە چەمکی گۆڕانی کلتوری سنوری فراوان و هێماپێکراو ترە، هەروەها زۆر هەمەلایەن و درێژە پێدراو ترە لەچەمکی گۆڕانی کۆمەلایەتی، چونکە هەرگۆڕانێکی کلتوری بەناچاری گۆڕانی کۆمەلایەتی دەگرێتە خۆی.

**هەربوونیەتی کلتوری** | **الحتمية الثقافية** | **Cultural determinism**

ئەو بیرو بۆ چوونەی دەلێت، رەفتاری مرۆڤایەتی و کەسێتی بەشێوەیەکی بنچینەیی بەهۆی فاکتەرە رۆشنبیرییەکانەوە سنوردار دەبن.

ڕەنگە مەبەست لەم زاراوەیەش ئەوە بێت کەراڤەکردنی کلتور توێژینەوە بێت لەناوەرۆك و لەئاستەکانی، ئەمە و ناکرێت لێکۆلنەوەی لەسەر بکرێت بەڕێگای لێکۆلینەوە لەو تاکانەی کە کاریگەر بوونە پێی لەکاتێك لەکاتەکاندا.

**جوڵە کلتوریەکان** | **ديناميات الثقافة** | **Cultural dynamics**

توێژینەوە لەو گۆڕانکاریانەی کە روو دەدەن لەکلتورێك، ئەویش لە ئەنجامی داهێنانی چەند بەهایەك بێت، یان چەند چەمکێکی نوێ یاخود وەرگرتنیان یانیش توێژینەوە لەکۆنەکان.

**کەلێنی کلتوری** | **الهُوة الثقافية** / **التخلف الثقافي** | **Cultural lag**

تێکچوونی هاوسەنگی لەماوەی خێرایی گەشەکردن لەنێوان رەگەزەکانی رۆشنبیری، بەجۆرێك کە هەر رەگەزێك بەخێراییەکی جیاواز لەرەگەزەکەی دیکە دەگۆڕێت، وەك ئەوەی یەك لەرەگەزەکان بەخێرایی بگۆرێت و ئەوەی دیکەش بە سستی یان هەر نەگۆڕێت، نموونەش لەسەر ئەوە پێشکەوتنی پیشەسازی و مانەوەی بارودۆخی خێزان بێگۆران.

**پاشماوە کلتوریەکان** | **المخلفات الثقافية** | **Cultural residues**

واتە ئەو خەسلەتە کلتوریانەی لەپەرەسەندندا دواکەوتوون و لەهەمان کاتدا خەسلەت و روخسارە کلتوری و کۆمەلایەتیەکانی دیکە دەگۆڕێن لەیەك لەکۆمەلگاکاندا.

بەم جۆرە ئەو خەسلەتە دواکەوتووە بێ ئەرك دەمێنێتەوەو رۆلێکی دیاریکراو ئاشکرای نابێت لەژیانی کۆمەلایەتیدا، بەلکو وەك نەریتێکی لێ دێت.

زانایانی ئەنثرۆپولۆژیا لەسەدەی نۆزدەدا، پاشماوە کلتوریەکان بەئامرازێك دادەنێن دەکرێ لەڕێگای ئەوانەوە مێژووی رۆشنبیری و پەرەسەندن بزانرێت.

**کلتوری کۆمەلایەتی** | **الثقافة الاجتماعية** | **Culture**

لەکۆمەڵناسیدا پێناسەی کلتور بریتیە لەو ژینگەیەی کەمرۆڤ دروستی کردووە، بەبەرهەمە ماددی و نامادییەکانیەوە کەلەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە.

بەم پێیە کلتور شێوازە ئاشکراو نهێنیەکانی ئەو رەفتارە بەدەستهاتووە دەگرێتەخۆی، ئەویش لەڕێگای هێماکانەوە کەلەناو کۆمەلگەیەکی دیاریکراودا پێکدێت، لەبابەتەکانی زانست و بیروهزرو باوەڕو هونەرو بەهاو یاساو داب و نەریتەکان...هی دیکەش.

رەهایی کلتور | المطلق الثقافي | **Culture absolute**

تەماشا بکە: **Absolute culture**

پێکهاتەی کلتوری | المُركَّب الثقافي | **Culture complex**

هەر ناوچەیەکی رۆشنبیری بە چەندین خەسلەت و روخساری رۆشنبیری جیاواز دەبنەوە، کەمۆرکێکی دیاریکراو دەدەن بەژیان.
لەدەوروبەریشدا هەندێ سیستمی کۆمەلایەتی پێکدێن، وەك پێکهاتەی مەڕومالاّت لای هەندێ لەگەلاّنی ئەفریقیاو پێکهاتەی چەلتوك لای چینیەکان.
ئەو خەسلەتانە ناوەرۆکی زۆر لەسیستم و داب و نەریت و رێ و ڕەسمی ئاینی ئەو گەلانە دیاری دەکات.

بۆ ماوەیی کلتوری | التراث الثقافي | **Culture heritage**

کۆمەڵە نموونەیەکی کلتوریە، تاك لەو کۆمەڵە جیاوازانەی کەخۆی ئەندامە تێیدا وەری دەگرێت، ئەو کەلەپورە، داب و نەریت و ئەو بیروباوەڕانە دەگرێتەوە کەتاك بەمیراتی بۆی ماوەتەوە.

تەواوکاری کلتوری | التكامل الثقافي | **Culture integration**

هەموو کلتورێك لەکۆمەڵە شێوازێکی (نموونەیەکی نەگۆڕ)ی کۆمەلایەتی پێکدێت تاکەکان بەپێی ئەو شێوازانە دەژین و بیر دەکەنەوە، ئەو شێوازانەش بەستراونەتەوە بەیەکتر بەستانەوەیەکی تەواو، بەجۆرێك لەکۆی گشتیان هەموویەك یان گشتێکی رۆشنبیری بەیەکەوە پەیوەست پێکدێت.
لەدەسدانی ئەو تەواوکارییە کلتورییە لای تاکەکان دەبێتە هۆی پەیدا بوونی شپرزەیی و ئاژاوەو کێشە دەروونی و کۆمەلایەتیەکان، هەروەها روودانی جۆرەها ململانێ، کەڕەنگە رێگربن لەنێوان کۆمەڵ و پەرەسەندن، پەرەسەندنێکی ئاسایی.

کلتوری مادی | الثقافة المادية | **Culture material**

هەموو ئەوشتە مادییانەی کەمرۆڤ دروستیان دەکات، وەك: خانوو کەرەستەو پێداویستیەکان و جل و بەرگ ..هتد، هەروەها دیاردەو ڕواڵەت و دیمەنەکانی ژیان و هەموو ئەوانەی پەیوەندییان بەبەرهەم هێنان و تەکنولۆجیاو داهێنان هەیە کەشتەکان بەهۆیانەوە روودەدەن.
مارکسیەکان بۆ چوونیان وایە کە دیاردە مادییەکانی رۆشنبیری، خاوەن بڕیاری یەکلاکەرەوەن لەسیستمی کۆمەلایەتی گشتی:

کلتوری مەعنەوی | الثقافة غير المادية | **Culture non material**

هەموو ئەو خەسلەتە رۆشنبیریانەی بەرجەستەنین، وەك وریایی و پێوەرو زانین و بیروباوەرو ئاراستەو زمانەکان، ئەوانەی لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە.

شێوازی (نموونە) کلتوری | النمط الثقافي | **Culture pattern**

شێوازێکی کارکردنە، یان باوەڕهێنانێکە لای توێژێکی خەڵك باوو ئاساییە، هەروەها مەبەست لەم زاراوەیە ئەو پێکهاتە کلتوریانەی کەشێوەی دارێژراوی کلتوری گشتی بۆ کۆمەڵگە پێکدەهێنێت، یان بەهاو بیروباوەڕە بلاّوەکان کە رۆشنبیرییەکی پێ جیاواز دەکرێتەوە.

**Culture trait** السمة الثقافية خەسلەتی کلتوری

سیماو نیشانەی رۆشنبیری، بریتیە لەیەکەیەکی سادە، یان شێوازێکی کۆمەڵایەتی کەناکرێ دابەش بکرێت، یاخود گێڕانەوەی بۆ چەند شێوازێك لەخۆی کەمتر.

سیمای کلتوری ئەو رێگایەیە کەزاناکان بۆی دەگەڕێنەوە لەبەراوردکردنی کلتوریەکان هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی دیکە، یاخود هاوکێش کردنی هەریەکەیان بەیەکێکی دیکە.

**Cumulative frequencies** جدول التكرار المتجمع خشتەی دووبارە بوونەوەی کۆکراوە

لەئاماردا مەبەست لەخشتەی دووبارەی سادە، ئەو خشتەیەی کەزانیاری دوورو درێژمان دەداتێ، دەربارەی دابەش بوونی تاکەکان بەسەر توێژەجیاوازەکانەوە، بەڵام لەبارێکدا ئارەزووی بەدەست هێنانی زانیارییە تێکڕاییەکانمان هەبوو دەربارەی ژمارەی ئەوتاکانەی کەبەهاکەیان کەمترە لەڕادەیەکی دیاریکراودا، یان ژمارەی ئەو تاکانەی: کەبەهاکەیان زۆرترە لەرادەیەکی زانراودا، ئەوا توێژەر هەڵدەسێت بەکۆکردنەوەی دووبارە بووەکان بەدوای یەکدا لەیەك لەدوولای خشتەکە بۆ لایەکەی دیکە، بەجۆرێك کەتەنها بەتەماشاکردنی ستوونی دووبارە بووەکەی کەکۆبۆتەوە لەبەردەم توێژێکی دیاریکراودا، ئەوا دەکرێ ژمارەی ئەوانە بزانین کە دەکەونە ئەو توێژەوە.

**Cumulative record** السجل المجمع تۆماری زانیاری کۆکراوە

تۆمارگەی زانیاریەکان بەکار دەهێنرێت لەبواری ئاراستەکردنی پەروەردەو خوێندنی پیشەییدا.

ئامانجیشی کۆکردنەوەی زانیاری تەواوە، دەربارەی قوتابی لەماوەی ژیانی خوێندنی، وەك ئەو نمرانەی کە بەدەستی هێناوە، بەردەوامی لەخوێندن، باری تەندروستی و رەفتاری کۆمەڵایەتی و باری خێزانی ..هتد.

ئەم تۆمارکراوە لەئاراستەکردنی پەروەردەیی و پیشەیی سوودی لێوەردەگیرێت.

**Cure** العلاج چارەکردن

تەماشا بکە: چارەکردنی نەخۆش therapy

چاککردنەوەhealing

دەرمان کردن treatment

**Curriculum** المنهاج بەرنامە

کۆمەڵەوانەیەکی قوتابخانەیی یان ئاکادیمیە، بەپێی یاسایەك دانراوە، بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامەیەك لەبوارێك لەبوارەکانی خوێندن.

**Curve** المنحني چەماوە

لەئاماردا مەبەست لەم زاراوەیە، روونکردنەوەیەکی زانستیانەیە دەربارەی پەیوەندییەکی بیرکاریانە، کەنێوان دوو گۆڕاو بەیەك دەبەستێتەوە، ئەویش بۆ ئاشکراکردنی شێوازی گۆڕانە لەیەك لەو دوو گۆڕاوەدا، بەسەلماندنی گۆڕان لەگۆڕاوەکەی دیکە.

تەماشا بکە: **Frequency curve**

**Custody** — الحجز القضائي / الحبس — بەندکردن

بەندکردنی کەسی (لادەر) لەیەکێك لەدامەزراوەکان، هەندێ جاریش ئەو کەسە دەخرێتە ژێر سەرپەرشتی و چاودێرییەوە (custodial care)، هەروەها ڕەنگە ئەو کەسە دەست بەسەر بکرێت لەکاتی لێکۆڵینەوە بەمەبەستی ئاگاداری و گرتنی بۆ ئاگاداری - (protective custody)

**Costoms** — العادات / العُرف — خوو / داب

خوو داب شێوازێکە لەشێوازەکانی رەفتاری کۆمەلایەتی، دەگوازرێتەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکەو بەردەوامی دەبێت بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ تادە چەسپێت و جێگیریش دەبێت و دەگاتە ئاستی دانپیانانی نەوەکانی داهاتوو، لەهەندێ باریشدا دەبینین ئەو دیاردەیە جێگای یاسادەگرێتەوە لەکۆمەڵگەدا.

زاناکان جیاوازی دەکەن لەنێوان خوو داب و لاسایکردنەوەو دیاردەی باو، لەسەر ئەو بنچینەیەی کە خوو داب پەیوەستە بەرەفتاری تایبەتیەوە، لە کاتێکدا لاسایی کردنەوە پەیوەستە بەرەفتاری هەموو کۆمەڵگە، کاتێك کۆمەڵگە یان دەوڵەت بەشداری دەکەن ئەوە لاسایی کردنەوە دەبێت، بەلام کاتێ ئەو بەشدارییە بوونی نابێت لەو بارەدا داب و نەریت دەبینین.

بۆ نموونە، ئاهەنگی هاوسەرگیری یان لەدایك بوونی تایبەت ئەوا بەنەریت دادەنرێت بەلام ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی لەدایك بوونی محمەدی پێغەمبەر، یاخود سەرکردەیەك، ئەوە بەلاسایکردنەوە دادەنرێت.

**Cybernetics** — السبيرناطيقا / علم التنظيم الذاتي — زانستی سبیرنیتیکا / ئاراستەکردن

ئەو زانستەیە کەلەپرۆسەکانی دەسەلاتگرتن و ئاراستەو بزواندن دەکۆڵێتەوە، لەزیندەوەرو ئامێرەکاندا بەیەکەوە.

بەهۆی ئەو زانستەوە مرۆڤ توانیویەتی نێوان سیستمە زیندووەکان و سیستمە تەکنولۆجیەکان ببەستێتەوەو هەندێ ئامێر بەرهەم بهێنێت کەبەچەند کردارێکی مێشکی و ئەقلی هەڵدەستن، ئەو کردارانەی تەنها مرۆڤ پێی هەستاوە بێ زیندەوەرکانی دیکە.

بەشێوەیەکی گشتی زانستی سبیرنیتیکا هەڵدەستێ بەدەرهێنان و دیاریکردن و پۆلین کردن و هەموار کردنەوەو بڕیاردان لەسەر یاساکانی ئەو بزووتنەوەیەی کەچالاکی ئامێرەکان و زیندەوەران هەڵدەسورێنێت، وەك هۆکارێك بۆ دۆزینەوەو دروستکردنی ئەو ئامێرانەی کەبەکرداری ئاراستەکردنی ئامێری هەڵدەستن، هەروەها توانای هەستانی دەبێت کەبەچەند ئەرکێك هەستێت لەچەندین ژینگەو کاتی جیاوازدا، لەکاتێکدا توانا بایۆلۆجیەکانی مرۆڤ ڕێگرن لەبەردەم هەستان بەو کارانە.

ئەم زانستە لەکارەکانیدا پشت دەبەستێتە سەر زانستەکانی خۆکرداری، بیرکاری، لۆژیك، بایۆلۆجیا، تیۆری ئامێرەکان...هتد.

**Cycle business** — الدورة الاقتصادية — خولی ئابوری / تەنگژەی ئابوری

**Business cycle** — تەماشا بکە:

**Cycle life** — دورة الحياة — سووڕی ژیان

**Life cycle** — تەماشا بکە:

**گۆڕانکاریە خولیەکان** **التغيرات الدورية** **Cyclical Movement**

**هەر گۆڕانێك بەسەر بەهاكانی دیاردەدا رووبدات، لەحالەتی زۆر بووندا بێت یان كەم بوون، بەشێوەیەكیش ڕەنگە بەتەواوەتی دووبارە ببێتەوە لەهەرماوەیەكی نەگۆڕدا، كەدەكرێ یەك رۆژ یان مانگێك یاخود سالێك بێت، ئەو ڕووداوانەش ناویان لێدەنرێت گۆڕانكارییە وەرزییەكان، چونكە چەند وەرزێكی بەرزبوونەوەو نزمبوونەوە لە خۆدەگرێت.**

**هەر لەم بوارەدا گۆڕانكاری خولی هەیە كە زیاتر لەوەرزێك دەخاینێت، وەك خولەكانی بوژاندنەوەی ئابوری، یاخود خولەكانی بێ بازاڕی، كەماوەیان زۆر زۆر گەورەترە لەخولە وەرزییەكان.**

**سینیزم**
**ڕەشبینی** **الكلبية** **Cynism**

**بزووتنەوەیەكی فەلسەفیە لەنیوەی دووەمی سەدەی چوارەمی پێش زایین سەری هەڵداوە، لای ئەم ڕێبازە فەلسەفیە ئامانجی ژیان ئەو خۆشیەیە كە بۆمان بەدی نایت ئەگەر لەگەڵ سروشتدا ساز نەبین، تەنها بۆ خودی ژیان بژێین كەبنەمای چاكە كارییە.**

# D

**Dadaism** الدادية دادایزم

ڕێبازێکه لەئەدەب و هونەردا، لەماوەو دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بڵاوبۆتەوە، ئامانجی بانگەواز بووە بۆ ئازادی ڕەها، هەروەها شۆڕش بەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی و بەها ڕەوشتیە میراتگرییەکان..هتد.

ئەم ڕێبازە ڕێگای خۆشکرد لەبەردەم ڕێبازی سریالیزم و بزووتنەوە هونەریە توندڕەوەکانی دیکە.

**Damage** الضَرر زیان

بریتیە لەو زیانەی دەکەوێتە سەرگیان، یان سامان و دارایی، ڕەنگە هۆیەکەشی جێبەجێ نەکردنی پابەندییەك بێت بەگرێ بەستێکەوە، یاخود هۆیەکی یاسایی و یانیش ڕوودانی تاوانێك بێت، هەروەها دەکرێ بڕیارێکی دادگاو ڕووداوێکی لابەلابێت.

لەبەر ئەو هۆیانە، بەرپرسیاریەتی ئەو کارانە دەکەوێتە سەرکەسێکی دیاریکراو، هەروەها ڕەنگە زەرەروزیان بەهۆی کارەساتی گشتیەوە، وەك جەنگ، لافاو، زەوی لەرزین، ئاگر کەوتنەوە ڕووبدات.

**Dance** الرَقص سەماکردن

چەند جۆرە جولانەوەیەکە لەسەر ئاوازێك ئەنجام دەدرێت، هاندەرەکەشی کارکردن نیە، بەڵکو دەربڕینێکە نیشانەی هەست جولاندن و هەڵچوونەکە بەشێوەیەکی جیاواز دەبێت.

لەڕووی سوسیۆلۆجیەوە گرنگی ئەو دیاردەیە بۆ ئەو ڕۆڵە دەگەڕێتەوە کەلەپێکهێنانی خەیاڵی بەکۆمەڵ و ژیانی کۆمەڵایەتی دەینوێنێ، هەروەها خوڵقاندنی جۆرە ڕەفتارێك بۆ هەست کردن (بەئێمە).

سەما لای هیندییە سورە ئەمریکیەکان، چەند مەبەستێکی سەرەتایی دەنوێنێ، ئەو سەمایە بەشێوەیەکی ئاسایی سروشتێکی ئاهەنگێران و ڕێ و ڕەسمی ئاینی هەڵدەگرێت، سەمای جەنگ لای ئەو هیندیە سورانە بەمانای نوێژکردنە بۆ سەرکەوتن، یان سوپاس و ستایشی تێدا بێت، بەهۆی ئەو سەرکەوتنەی بەدەست هاتووە، کەجادوو کەران پێی هەڵدەستن بەمەبەستی دوور خستنەوەی گیانە شەڕانگێزەکان.

سەمای نزاو پاڕانەوەش، داواکردنە لەخوداوەندەکان کەیارمەتیان بدات لەپێناو گەشەکردنی کشتوکاڵی و سەرکەوتن لەڕاوکردندا.

هەروەها سەما بۆ دیاردەی بە(پیتبوون) لای پیاوان و ئاژەڵەکان، لەگەڵ چەند کاروبارێکی دیکەی هۆزەکە، لەگەڵ سەمای لاسایی کردنەوەی ڕووداوەکان لەمێژووی هۆزەکەو ئەفسانەکانیان، چەند سەمایەکی دیکەش کەباس لە ڕووداوە گەردوونیان دەکات، هەروەها سەماکانی نیشانەکردنی ژنان و هاوسەرگیری و سەرکەتن و خۆشەویستی.

**Darwinism** نظرية دارون داروینیزم
تیۆریی داروین

دانەری ئەم تیورییە (دارون)ە، بەبۆچوونی ئەو هەموو زیندەوەرەکان بە مرۆڤەوە لەیەك سەرچاوەی هاوبەشەوە پەرەیان سەندووە، لەم بوارەشدا تێکۆشان هەیە لەپێناو مانەوە لەنێوان تاکەکانی یەك جۆر، ئەوەش لەسەر بنچینەی هەڵبژاردنی سروشتی و مانەوە بۆ چاکتر.

ئەم تیۆرییە کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لەبوارەکانی بایۆلۆجیاو فەلسەفەو زانین...هتد.

هەر لەبەر ڕۆشنایی دۆزینەوەنوێیەکاندا، لەلقەجیاوازەکانی بایۆلۆجیا، داروینیزمی نوێ دەرکەوت (neo Darwinism)،

ئەو ڕێبازە پشت بەچەمکەکانی بازدان و جیاوازی و بۆ ماوەیی و تەنیایی دەبەستێت، هەموو ئەو بابەتانەش لەسەردەمی داروینیدا تەم و مژاوی بوونە.
هەر لەم بوارەدا دەوترێت پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی (Social evolutionism)، بەپێی ئەو بۆچوونەش خەسڵەتی زاڵ بەسەر شارستانیەت ئەوا دیاردەی پێشکەوتن دەبێت، هەر لەو تیۆرییەوە داروینیزمی کۆمەڵایەتی (social Darwinism) وەك لقێك پەیدابووە، ئەو تیوریيە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان تاکەکان ڕاڤە دەکات لەبەر ڕۆشنایی ئەو بنەمایانەی کەشارل داروین دایناون.

| | | |
|---|---|---|
| زانیاریە گشتیەکان<br>پێدراوەکان | بيانات عامة<br>معطيات | **Data** |

داتاکان ئەو کەرەستەخاوەن کەئەقل بەکاری دەهێنێت لەبیرکردنەوەدا، هەر بەهۆی بەستنەوەی نێوان بەشەکانی یان بەراوردکردنیان یاخود هەڵسەنگاندنیان، ئەو زانیاریانە بۆ ئاستی تیۆرییەکان بەرزدەبنەوە، توێژینەوە بەشێوەیەکی ئاسایی لەڕێگای کۆکردنەوەی زانیاریەکان دێتەدی (data collection) دواتر پۆلین دەکرێن (date classification) و پاشان ڕاڤەکردینان (data interpretation) و شیکردنەوەیان (data analysis).

| | | |
|---|---|---|
| چارەکردنی زانیاریەکان<br>بەشێوەیەکی خۆکرد | معالجة البيانات<br>تلقائياً | **Data processing electronic** |

واتە زانستی چارەکردنی زانیاریەکان بەچەند ئامێرێکی خۆکرد، کەکۆکردنەوەیان، پاشان بەکارهێنانیان دەگەیەنێت بەمەبەستی بەدەست هێنانی هەندێ ئەنجام کەلای توێژەران بایەخدار بن و یارمەتیان بدات لەبڕیاردان.

| | | |
|---|---|---|
| نوێ<br>سەردەمیانە | الجديد<br>العصري | **Date up-to** |
| تەماشا بکە: هاوچەرخێتی | | **Modernism** |

| | | |
|---|---|---|
| بیرکردنەوەی خەیاڵاوی<br>زڕەخەو | حُلم اليقظة | **Day dream** |

جۆرە خۆ تێرکردنێکە بۆ قەرەبووکردنەوەی ویستە شاراوەکان، یان ویستە بێ ئومێدەکان ئەویش بەشێوەی نقوم بوون لەناو بیرکردنەوەی خەیاڵاوی کەملکەچی هیچ چاودێرییەك نابێت، هەروەها ناکرێ جێبەجێ بین لەژیانی ڕاستیدا.
لەحاڵەتی نەخۆشی شیزوفرینیا، یان شپرزەیی ڕۆحی (schizophrenia) ئەو جۆرە بیرکردنەوە خەیاڵاویانە دەبنە جێگرەوەی ڕاستیەکان لای کەسی نەخۆش.

| | | |
|---|---|---|
| باخچەی ساوایانی بەیانیان | دار الحضانة | **Day nursery** |
| تەماشا بکە: | | **Nursery day** |

| | | |
|---|---|---|
| مردوو پەرستی | عبادة الموتى | **Dead cult of the** |

ئەو هەڵس و کەوت و نەریتانەیە کە هەندێ لایەن و کۆمەڵی سەرەتایی پێی هەڵدەستن بۆخۆشی مردووەکان، ڕەنگە ئەو کارانە پێشکەشکردنی قوربانیش بگرێتەوە.

**Dead end job** — الوظيفة المغلقة — فەرمانی داخراو / موچەی کۆتایی

ئەو کارەیە کەتێیدا کارمەند بەرزترین رادەی موچە وەردەگرێت و ڕێگا بەبەرزکردنەوەی پلەکەی نادرێت.

**Dead hand** — التصرف الحابس / اثر السلف في الخلف — سنورداری هەڵس و کەوت / کاریگەری پیشینان

جێبەجێ کردنی وەسیەتنامەی مردوو، بەگواستنەوەی سەروەت و سامانی، گواستنەوەیەکی کۆتایی بۆ دامەزراوە خێرخوازەکان، ئەم زاراوەیە بەمانای کاریگەری پێشنیانیش دێت لەنەوەکانی دوای خۆیان.

**Dead time** — الوقت الضائع — کاتی بەفیرۆچوو

ئەو کاتەیە کەکرێکار لەدەستی دەچێت بەهۆی چاکردنەوەکان، یان بەهۆی دواکەوتنی کەرەستە سەرەتاییەکان.

یاساکانی کارکردن یاخود گرێبەستە هاوبەشەکانی کار، بڕیار لەسەر قەرەبووی ئەو کاتە مردووە دەدات کەکرێکار لەدەستی چووە.

**Dead work** — العمل العقيم — کاری بێ بەرامبەر

ئەو کارەی کرێکار پێی هەڵدەستێ بێ بەرامبەر، وەك چاككردنەوەی ئەو ئامێرانەی کە کاریان پێدەکرێت.

**Deafness** — الصَمَم — کەڕی

تووش بوونی کەسێك، بەچەند نەخۆشییەکی بیستن، بەجۆرێك ڕێژەی لە دەستانی بیستنەکە بگاتە نزیکەی (50٪) یان زیاتر، ئەوانی تووشی کەڕ بوون بوونە سوود لەهەستی بیستنیان وەرناگرن بۆ کاری ئاسایی ژیان.

ئەو کەڕبوونە ڕەنگە زگماکی بێت (congenital deafness) ئەویش لەبارێکدا منداڵ بەکەڕی لەدایك بوو بێت، لەم حالەتەدا ئەو منداڵە تووشی لاڵیش (dump) دەبێت.

حاڵەتی کەڕی لا بەلا (adventitious deafness) لەم بارەدا منداڵی لەدایك بوو هەستی بیستنی ئاسایی دەبێت، بەڵام لەیەك لەقۆناغەکانی ژیانی تووشی کەڕ بوون بووە بەهۆی نەخۆشیەك یانیش ڕووداوێك.

کەسانی کەڕبوو زیاتر گۆشەگیر دەبن بەسەر خۆیانداو کەمتر خۆڕادەهێنن، هەروەها بەخەسلەتەکانی دڵ ڕەقی و دڵتەنگی و دواکەوتنی گەشەکردنی هەست و سۆز جیاواز دەکرێنەوە، لەگەڵ دواکەوتن لەبواری فێربووندا.

بۆیە چەند دامەزراوەیەك پێکهاتووە تایبەت بۆ فێرکردنی ئەوانی تووشی نەخۆشی کەڕبوون دەبن.

ئەمەو لەڕووی خواستەوە دەوترێت کەڕبوونی ئاخاوتن یان ئەقلی واتە پەککەوتنی مرۆڤ لەتێگەیشتنی واتای وشەکان هەرچەندە ئامادەیی خۆڕسکیان هەیە بۆ تێگەیشتنی دەنگەکان.

**Death civil** — الموت المَدني / التجريد المدني — ڕووتکردنەوە لە مافە مەدەنیەکان

بێبەشکردنی، کەسێك لەمافە مەدەنیەکانی و کۆتایی هاتنی کەسێتی یاسایی.

ئەو سزایە لەیاسای کۆنی فەرەنسی پەیوەست بوو بەهەموو سزایەکی هەتاهەتایی.

Death instinct — غريزة الموت أو التدمير — ڕەمەکی مردن (لەناوبردن)

ئەو دیاردەیە، حاڵەتێکی نەخۆشیە، بەبوونی چەند هاندەرێکی غەریزی دەناسرێت کە جێگای ڕاست کردنەوەنین، ئەو هاندەرانە دژایەتیەکی ئاشکرا دژی هاندەرەکانی ژیانن، تاك پاڵ دەنێن بەرەو پەك خستن یاخود مردن.

Death penalty — عقوبة الاعدام — سزای لەناوبردن

توونـد ترین و بەهێزترین سزای تاوانە، یاسا سەپاندوویەتی بۆ ترسناکترین تاوان و تاوانکاران، سزای کوشتن سزایەکی باوبووە لەو یاسا کۆنانەی سزادان، کەمەبەستیان ترساندن و تۆقاندنیش بووە، بەڵام دوای گۆڕان لەبیروبۆچونەکان بەرەو چاککردنی تاوانبارو هەوڵی پەروەردەکردنی، سنوری ئەو سزایە بەرەو تەسك بوونەوە هات و وردە وردە، تالەهەندێ وڵات هەر لابردرا.

Death natural — الموت الطبيعي — مردنی سروشتی

وەستانی فەرمانە زیندەگیەکانی لەش بەشێوەیەکی کۆتایی، بێ ئەوەی توانای زیندووکردنەوەیان هەبێ، چەند کولتورێکی جیاواز باوەڕیان بەزیندوو بوونەوەی دوای مردن هەیە، بۆیە ئەو ڕێ و ڕەسمانەی بۆ بەڕێکردنی مردووەکان ئەنجام دەدرێن، هەروەها خوێندن لەسەریان، گوزارشت لەگواستنەوەی مرۆڤ دەکات لەژیانەوە بەرەو جیهانی دوایی، لەگەڵ دەستەبەرکردنی سرەوتی مردوو.

Death rate — معدل الوفيات — تێکڕای مردنەکان

واتە پێوانەکردنی ڕادەی مردن لەنێوان دانشتوان، ئەوەش بەدابەشکردنی ژمارەی مردووەکان لەماوەی یەك ساڵی زاینی تەواو بەسەر تێکڕای ژمارەی دانشتوان لەو ساڵەدا، ئەو تێکرایەش بەشێوەیەکی ئاسایی بەهەزار ئەژمار دەکرێت.
هەندێ تێکڕای تایبەت هەیە بۆ مردووەکان بەپێی بەشەکانی دانشتوان، لەوانە: تێکڕایی تەمەنی مردووەکان بەپێی ڕەگەز، هەروەها تێکڕای مردووەکان بەپێی پیشە.

Ana. Mortality rate — ڕێژەی مردن

Death rituals — طقوس الموتى — ڕێ و ڕەسمی مردووان

Burial rituals — تەماشا بکە: ڕێ و ڕەسمی ناشتنی مردووان

Debasement — الامتهان — سووك کردن

Degradation — تەماشا بکە: کەمکردنەوە لەپێگەی کۆمەڵایەتی

Debauchery — الفسق، الفجور الانغماس في الملذات — خراپەکاری بەد ڕەوشتی

تێوەگلانی قوڵ لەخواردن و خواردنەوەو تێرکردنی ئارەزووە سێکسیەکان، هەروەها ئەو کارانەی دەبنە هۆی بێ توانایی لەجێبەجێکردنی ئەرك و چالاکیە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان، ئەگەر بەشێوەیەکی کاتی بێت یان بەبەردەوامی.

Perversion — تەماشا بکە: لادان، بەدڕەوشتی

**Debt** الدّين قەرز
قەرزاری

پابەند بوونێکە بەپێی گرێبەستێك، واپێویست دەکات کەکەسی پابەندبوو بەو گرێبەندە، بڕە پارەیەك بدات لەئایندەدا.
قەرزی گشتیش ئەو بڕە پارانەن کەدەوڵەت بەقەرز وەری دەگرێ، ڕەنگە ناوخۆیی بێت یان دەرەکی.

**Debureaucratization** الحد من البيروقراطية سنوور دانان بۆ بیروکراسییەت

کەمکردنەوە لەپێڕەوکردنی توند بەبڕیارو ڕێنمایی و ڕەفتارە ڕەسمیەکان لەناو هەیکەلی ڕێکخستنی کارگێڕی، هەروەها بەدیدێکی کۆمەڵایەتی تەماشای ڕێکخراوەکە بکرێت.

**Decadence** التدهور دارمان
الانحطاط هەڵوەشانەوە

کردارێکە، یان ئەنجامی کرداری دارمانی کۆمەڵایەتیە، لەئاکامدا سیستمە کۆمەڵایەتیەکان وچاودێری کۆمەڵایەتی لەگەڵ سیماکانیدا، تواناکانیان لەدەست دەدەن، کۆمەڵگەش دابەش دەبێتە سەر چەند یەکەیەکی بچووك، تاکەکانی بەدوای خۆشی و رابواردن دەکەون.

**Ana. Degeneration** ڕەوشت نزیمی سەرسەرێتی

**De casualization** تثبيت العمال جێگیرکردنی کرێکارانی
العَرَضيين بەرانی

پرۆسەی نەهێشتنی رووە لابەلاکان لەهەندێ شێوەکانی کارکردن، ئەو سیاسەتەش ئامانجەکەی کە مکردنەوەی یان نەهیشتنی بێکارییە، یاخود کەمبوونی داهاتە لەپیشە لابەلاکان، یانیش کاروبارە ناڕێك و پێکەکانە.

**Deceleration** ابطاء الحركة خاوکردنەوەی جوولە

واتە دابەزینی تێکڕای گۆڕانکاریە، ئەم زاراوەیە بەو دیاردانە هەڵدەدرێت کە جوولەی کۆمەڵایەتی یان پرۆسەی تێکڕای گۆڕان دەگرێتەخۆی.

**Cf. acceleration** خێرایی، خێرابوون

**Decentralization** اللامركزية ناناوەندێتیٚ
دوور لەناوەند

مەبەست لەناناوەندێتی لەکۆمەڵگەی شاری، ئارەزووی خەڵکیە بۆ دوور کەوتنەوە لەناوەندی شار، ئەو کارەش بەزۆری لەبواری نیشتەجێ بوون ڕوودەدات، خەڵکی بەزۆری ئارەزووی ناوەندێتی و گردبوونەوەیان هەیە لەنزیك شوێنی کارکردندا، بەڵام لەڕووی نیشتەجێ بوونەوە ئارەزووی دوورکەوتنەوەیان هەیە لەناوەند.
مەبەست لەناناوەندێتی لەکاروباری کارگێڕیدا، گواستنەوەی کارە پسپۆریەکانە بەگشتی، بەدەسەڵات و بەرپرسیارییەوە، لەیەکەیەکی کارگێڕی بۆ یەکەیەکی کارگێڕی دیکە، بەجۆرێك کەپرۆسەی وەرگرتنی بڕیارو بەرپرسیاری نزیکتربن

لەشوێنەکانی ڕاپەڕاندنی کارەکان.
مەبەست لەزاراوەکە لەڕووی سیاسییەوە، ئەو سیستمەی کە جۆرێك لەسەربەخۆیی خۆجێی دەبەخشێتە یەکە جوگرافیە جیاوازەکان.

**Decision** القرار بڕیار

مەبەست لەم زاراوەیە هەڵبژاردنی هەڵس و کەوتێکی دیاریکراوە، ئەویش دوای لێکدانەوەو بیرکردنەوە دێت، هەروەها بەواتای وەرگرتنی بڕیارەکان (decision making)، دێت، واتە بوونی چەند ئەلتەرناتیفێك (alternatives) بۆ هەڵبژاردنی یەکێکیان.
ئەگەر لەم بوارەدا چەند ئەلتەرناتیفێك بوونیان نەبێت، واتە تەنها یەك ڕێگای چارەسەرکردن بەناچاری هەبێت، ئەوا هیچ بڕیارێك بوونی نابێت.
دەوترێت، بڕیاری بەکۆمەڵ (group decision) واتە وەرگرتنی بڕیارەکان بەهۆی گروپی کارکردن.
هەروەها دەوترێت: تیۆریی وەرگرتنی بڕیار (decision theory) واتە لێکۆڵینەوەو جێبەجێ کردنی شێوازە بیرکاریەکان، کەبنچینەیەکی ژیرانە بۆ پەسندکردن و بژاردنی نێوان دوو ئەلتەرناتیف دێنێتەدی.
ئەوکارەش لەچەند حالەتێك ڕوو دەدات و بەچەند ئاستێکی جیاواز لەنێوان گومان و دڵنیانەبووندا.
دیارە ئامانجیش دۆزینەوەی شێوازێکی کارکردنە، لە ئەگەری ڕوودانی مەترسیەکان ئەوا لەکەمترین ئاستدا بمێنێتەوە.

**Decisions administrative** القرارات الادارية بڕیارە کارگێڕییەکان

چەند بڕیارێکە لەلایەن دەسەڵاتدارە کارگێڕییەکانەوە دەردەچێت، دیارە ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ ڕێککەوتن لەسەر چەند بیروڕایەك، دەربارەی بابەتێکی دیاری کراو کەبەزۆری هۆکاری خۆی هەیە.

**Deciaration** التصريح لێدوان

لەسیاسەتدا لێدوان لەلایەن حکومەتەوە دەردەچێت بەمەبەستی شیکردنەوەی سیاسەتێك کەپێڕەوی دەکات، یان بۆ بیانوو هێنانەوە دەربارەی چەند ڕێ و شوێن و کارڕاییەك، یاخود ئاگادار کردنەوەی ڕای گشتیە دەربارەی هەوڵەکانی حکومەت و ڕەتدانەوەو بەدرۆخستنەوەی پڕوپاگەندەی ناحەزان.
دیارە مەبەست لەلێدوان ڕوونکردنەوەی بیرو بۆچوونی حکومەت و ئاشکراکردنی ویست و نیازە سیاسییەکانیەتی.
ڕەنگە لێدوان یەك لایەنە بێت (unilateral) بەهۆیەوە حکومەت سیاسەتی دەرەکی خۆی ڕووندەکاتەوە، هەر لەم بوارە، جۆرە لێدوانێك وەك پەیمانی لێدێت لەنێوان دوو دەوڵەت یان زیاتر، دیارە ئەو جۆرە لێدوانەش بەکار دەهێنرێت بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێککەوتنێکی هاوبەش دەربارەی چەند بنەماو کاروبارێك، کەبەهۆیەوە ئەو پلان و بەرنامەیەی کەهەردوولایان سوورن لەسەر جێبەجێکردنی و پیادەکردنی دیاری دەکرێت، دیارە ئەو جۆرە لێدوانانەش دەبێ ملکەچی ڕێککەوتن و بڕیاردان بێت.

**Declass** تخفيض المنزلة لەپێگە کەمکردنەوە
ریسواکردن

ئابڕوو بردن و شکاندنی کەسێك بەهۆی ڕەفتارێك پێی هەستاوە، کەلەگەڵ پێگەکۆمەڵایەتیەکەی ناگونجێت، یان دەرچوونی لەبنەماکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و ئەو ڕێسایانەی کەکۆمەڵ باوەڕی پێیەتی و تاکیش ئەندامێکی ئەو کۆمەڵەیە، ئەو کارەش دەبێتەهۆی ناڕازی بوونی کۆمەڵگەلێی.

**De colonization** — تحرير المستعمرات — رزگارکردنی
هەرێمە داگیرکراوەکان

بەجێهێشتنی داگیرکەر بەهێزو کارمەندانیەوە، بۆ ئەو هەرێمانەی کە داگیریان کردووە، لەگەڵ دامەزراندنی دام و دەزگای نیشتمانی بۆ ئەوەی جێگای دامەزراوەکانی ئیستعمار بگرێتەوە لەهەموو بوارەجیاوازەکانی سیاسی، کارگێڕی، ئابوری.

تەماشا بکە: داگیرکاریخوازی **Colonization**

**De concentration** — منع التركيز / التشتيت — ڕێگرتن لەچڕبوونەوە
بڵاوەپێکردن

کردارێکە واپێویست دەکات، کەبەشێك لەچالاکیەکانی دامەزراوەیەك بگوازرێتەوە بۆ بەشەلاوەکیەکانی دامەزراوەکە، وەك بوونی لقەکانی کارگێڕی ناوەندی لەهەرێمەکاندا.

لەڕووی ئیکۆلۆجیەوە، مەبەست لەم زاراوەیە کەمکردنەوەی ڕێژەی دانشتوانە، ئەوانی لەناوەڕاستی شاردا دەژین بگوازرێتەوە بۆ دەوروبەری شارەکە.

**Decree** — المرّسوم — بڕیار
فەرمان

لەزمانی یاسای نوێدا، مەبەست لەم زاراوەیە، هەربڕیارێك کە (شا) یان (سەرۆك کۆمار) واژۆی دەکات، ناوی فەرمانەکانیش جیاواز دەبن بەپێی جیاوازی بابەتەکانی، لەوانە فەرمانە گشتیەکان، یاخود ڕێکخراوەییەکان ( general regulation decrees) کەبڕیار لەسەر ڕێسا گشتیەکان دەدەن، هەروەها فەرمانە تایبەتیەکان، یاخود تاکیەکان ( special of individual decrees).

دەوترێت: فەرمانە حکومیەکان (governmental) کەدەربارەی چەند بابەتێك دەردەچن و تایبەتن بەکاروباری کارگێڕی یانیش تاکەکانەوە.

**Deculturation** — المحوالثقافي — لەناوبردنی
کولتوری

پرۆسەیەکە بەهۆیەوە ئەو کۆمەڵگایەی خۆی گونجاندووە لەڕووی کولتورییەوە، لەکولتورەکۆنەکەی رزگاری دەبێت بەشێوەیەکی گشتی یان نیمچە گشتی بۆ ئەوەی کولتورێکی نوێ بگرێتە خۆی.

**Deduction** — الاستنباط — هەڵێنجان
هەڵگۆزین

ئەم زاراوەیە لەلۆژیکدا ئاماژە بۆ ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە دەکات کەلەپێشەکیەکانەوە دەگوازێتەوە بۆ ئەنجامەکان، یان بەپێی ئەو بنەماو نۆرمانەی کەهەیە، بنەمای دیکە دەردەهێنێت، لەبارێکی ئاسایدا پێشەکیەکان گشتگیرتر دەبن لەئەنجامەکە، بۆیە (هەڵێنجان) (گواستنەوە لە) هەموو (بۆ) (بەش) یاخود لە (گشتەوە) (بۆ) (تایبەت) دەگرێتە خۆی.

لێرەدا هەڵینجانی شێوەیی (formal deduction) هەیە کە بنەماو ئەنجامەکان دەگرێتەوە.

هەروەها هەڵێنجانی بەڵگەخوازی هەیە (constructive deduction) کەبەهۆیەوە دەگەینە چەند ئەنجامێك وەك

دەسكەوت دادەنرێت لەبیركردنەوە لەبەرامبەر هەڵێنجان، (ئیستقرا) بەئەنجام گەیشتن (induction) دێت.

**Defeatism** الانهزامية كۆڵدان بەزین

پەنابردن بۆ (یان بەكارهێنانی) چەند هەڵس و كەوتێك كەبنەهۆی بەزین لە وڵاتدا، یاخود لەناو حزبدا، ئەویش لەسەر بنچینەی ئەوەی كەدرێژەپێدان بەخەبات كارێكی ستەمە، یان شێوازی خەباتێكی ناڕاستە.

**Defect** الخلل القصور كەم و كورتی

بێ توانایی لەسەر لێكچوون لەگەڵ ئاستە بڕیار لەسەر دراوەكان بەهۆی نەگونجانی لایەنە بنچینەییەكانی قەوارەكە بەگشتی.
زاراوەكە لەڕووی سۆسیالۆجیاوە ئاماژە بۆ بێ توانایی سیستم یان ڕێكخراوەكە دەكات كە نەتوانی ئەركە بڕیار لەسەر دراوەكانی خۆی جێبەجێ بكات بەهۆی ئەو كەم و كورتیانەی وابەستەی بونیادی سیستم یان ڕێكخراوەكە بۆتەوە.
لەدەروونناسیدا دەوترێت كەم و كورتی كەسێتی (defect of personality) هەروەها كەم و كورتی ئەقلی ( metal defectivness).

**Defense social** الدفاع الاجتماعي بەرگری كۆمەڵایەتی

**Cf. social defense**

**Defense mechanisms** الحيل الدفاعية خۆپاراستن

جۆرە ڕەفتارێكی سایكوفسیولۆژیە، بەپێی ئەو ڕەفتارە بوونەوەر وەڵامدانەوەی دەبێت وەڵامدانەوەیەك كەبەرگری یان قەربوو بگرێتەخۆی، ئەو دیاردەیەش هاوسەنگی خودی بوونەوەر دەگەیێنێ.

**Deferred gratification** الاشباع المُرَجأ دواخستنی ئاواتەكان دڵخۆشكردنی دواخراو

مەبەست لەم زاراوەیە، ژیانێك كە پێداویستیە دڵخۆشكەرەكانی دوابخرێت، ئەم ئاراستەیەش ئەندامانی چینی ناوەڕاست پێی دەناسرێن، ئەوانی لایەنگری دواخستنی سەربەخۆیی خۆیان دەكەن لەڕووی ئابورییەوە تاكاتی تەواوكردنی قۆناغەكانی فێربوون، هەروەها دواخستنی هاوسەرگیری و چەند پێداویستیەكی دیكەش.
لەكاتێكدا ئەندامانی چینی خوارەوە دواخستنی پێداویستیەكانی ژیان، لەخۆتێركردن (non-deferment) لایان پەسندنیە.

**Defiance** التحدي بەرەنگاری

**Resistance** تەماشا بكە: بەرهەڵستی

**Deficiency** العجز – القصور ناتەواوی - كەم و كورتی

پێناسە | التعريف | Definition

لەزانستی لۆژیکدا، پێناسە هۆکاری ڕوونکردنەوەی مانای وشەکان و دیاریکردنیانە لەمێشکدا  پێناسە کردنیش بە وتەیەك دەبێت کە هاوتای وتەیەکی دیکە بێت، بەڵام لەو روونتر بێت، یان بەناو هێنانی چەند نموونەیەك بۆ هەندێ لەو تاکانەی پێناسە کراون یاخود باسکردنی خەسلەتە خودییەکانی شتی پێناسەکراو، ئەوانی جیاوازیان دەکاتەوە لەشتێکی دیکە.

تەماشا بکە: پێناسەی کارریی | Operational definition

داکشان

دابەزینی هەڵئاوسان | الانكماش | Deflation

داکشان لەئابوریدا، کورت هێنانە لەخواست لەوەی خراوەتەڕوو (کەل و پەل) بەبەراورد بەونرخانەی کەپێشتر باو بونە.

بەدەربڕینێکی دیکە: داکشان بریتیە لەدابەزینی قەبارەی خەرجکردنی دراوی، بەڕێژەیەك زۆرتر بێت لەو هاوشێوەی کەخراوەتە ڕوو لەکاڵاو خزمەتگوزاریەکان بەگشتی، یاخود بریتیە لەخستنە ڕوویەکی زۆری کاڵاو خزمەتگوزاری بەڕێژەیەکی گەورەتر لەزیاد بوونی قەبارەی خەرجکردنی پارە.

وەك باویشە، داکشان لەگەڵ دارمانی نرخەکان بەیەکەوە روو دەدەن.

شێواندنی جەستە | تَشوه الجسم | Deformity

واتە شێواندن و تێکچوونی شوێنە بینراوەکانی جەستە، وەك: ڕوو، چاو، لووت، بەهۆی نەخۆشیەکانی گولی و بەڵەکی، یان سووتان یاخود ڕووداوەکان و تووش بوونی دیکە.

ئەو دیاردانە دەبنە هۆی ئەوەی مرۆڤ هەست بەپەك کەوتوویی و کەم و کورتی بکات لەوەی بتوانێت وەك پێویست پێداویستیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری خۆی بەدی بهێنێ، لەبەر ئەوەی جوانی روو لەشی مرۆڤ گرینگی خۆی هەیە لەکاتی هەڵسەنگاندنی کەسێك کەئایا بەکەڵکی پیشەیەك لەپیشەکان دێت، یان لەکاتی هاوسەرگیری و یاخود بۆ دەرفەتەکانی تری ژیان بەشێوەیەکی گشتی.

داکەوتن | الانحطاط

هەڵوەشاندنەوە | الانحلال | Degeneration

ئەم دیاردەیە بەلادانێکی زۆر گەورەی رەفتار دەناسرێت لەپێوەرەکانی کۆمەڵگە، کەتاك تێیدا ژیاوە، ڕەنگە ئەو لادانە بۆ ماوەیی بێت، یان وەرگیرا بێت.

لەبەرامبەر زاراوەی هەڵوەشاندنەوە، زاراوی تەواوکاری (integration) دێت.

ڕەوشت سووکی | Cf. decadence

رووخان، لەیەك بوونەوە | Ana. Disintegration

دابەزینی پێگەی کۆمەڵایەتی | الحط من المنزلة الاجتماعية | Degradation

کردارێکە بەهۆیەوە پێگەی تاك روو لەدابەزین و کەمبوونەوە دەکات، هەروەها ئەم زاراوەیە بەوتیۆرییە ئاینیەش دەوترێت کە دەڵێت، مرۆڤ شارستانی بوو، دواتر ڕووی لەدارمان کرد.

**Degradation of labour** | تخفيض الدرجة أو المهارة | دابەزینی پلە یان کارامەیی

ئەو دابەزینە بەهۆی بەکارهێنانی چەند ئامێرێك ڕوودەدات کەبەهەمان کار هەڵدەستن، هەروەها کارپێکردن بەکرێکاری کەمتر کارامە.

**Deification** | التألية | بەخودا دانان کردن بەخودا

کردارێکە: بەپێی ئەو کردارە تاکەکان خەسڵەتی خوداوەندیان بە هەندێ شت و دیاردە سروشتیەکان، یان بیروهزرەکان و هەندێ کەس، دەدا.

بەخوداکردن، گوزارشت لەویستی مرۆڤ دەکات بەوەی کە لەخودا بچێت، بەتایبەتیش پاش مردن.

بەپیتی یاخو بەرهەم زۆری و دانانی بەخودا- یانیش لەبەرکردنی بەرگی خوداوەندی باوبووە لای میسری و هیندی و یۆنانیە کۆنەکان.

هەروەها رۆمانەکان، چەند خودایەکیان دەپەرست کەبریتی بوون لە پیاوە مەزنەکان یان ئەو هێزانەی بەخودا دانرابوون.

**Deism** | مذهب الألوهية الطبيعية | ڕێبازی خوداوەندی سروشتی

بەبۆچوونی ئەم ڕێبازە خودا دروستکەری گەردوونە بەدەستورەکەشیەوە، بەڵام نەك لەوە زیاتر، ئەو سەرچاوەی چاکە نیە، هەروەها پەیوەندییەکی ڕاستەو خۆشی بەجیهانەوە نیە، بۆیە ناکرێ پەیوەندی لەنێوان مرۆڤ و خودا هەبێت.

ئەم ڕێبازە ئینکاری سروش و سیستمە ئاینیەکان دەکات.

**Delegation** | ١ – البَعثة الوَفد | شاند

چەند کەسانێك بەنوێنەرایەتی لایەنێکی دیاریکراو، چەند ئەرکێکیان پێ دەسپێردرێت بۆ ناوچەیەکی دیکە دەربارەی کاروباری ناوچەکەی خۆیان.

٢ – الأنابة (التفويض) | ئەرك پێ سپاردن

کەسێك هەستێت بەڕاسپاردنی کەسێکی دیکە بۆ جێبەجێکردنی کارێکی دیاریکراو، لەگەڵ دەسەڵات پێدانیش (delegation of authority)، هەروەها گواستنەوەی دەسەڵات وەرگرتنی بڕیارەکانیش دەگەیێنێ بۆ هەر کاروفەرمانێك یان کەسێك کە لەپلەیەکی فەرمانی کەمتر بێت، بەڵام بەرپرسیاریەتیەکەی خۆی هەر پارێزراو دەبێت.

دەوترێت گروپی ئەرك پێ سپاردن (delegated group) بەو گروپەی کە کەسێك تێیدا هەڵدەبژێردرێت یاخود دیاری دەکرێت، وەك نوێنەر بۆ ژمارەیەك خەڵك، دیارە ئەوەش حالەتێکی زەروری دیاریکراو دەنوێنێ.

ئەنجومەنەکانی یاسادانان گروپی ئەرك پێ سپێردراون، دیارە ئەوەش وێنەیەك لەدیموکراسیەتی نوێنەرایەتی دەنوێنێ کەچەند دەسەڵاتێکی دیاریکراوی هەیە.

**Deliberation** | المُداولة | تاوتوێی ورد

پەیوەندی کردنێکی ڕێك و پێکە لەنێوان چەند کەسانێك بۆ توێژینەوە و پشکنینی هەندێ کێشەو دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان، ئەوەش لەسەر بنچینەی بیرکردنەوەیەکی بابەتیانەو هەڵسەنگاندنی ڕاستیە پەیوەستدارەکان بەبابەتی کێشەکەوە دەبێت.

تاوان | الجُنحة | **Delict**
کەتن | الجريمة

کارێکی نایاساییە، مەبەستی تاوانکاری تێدا بەدیهاتووە، جیاوازیش دەکرێت لەنێوان: تاوانە تایبەتیەکان، کەسزای تاوانکار (بکەر) لەو تاوانەدا بریتیە لەقەرەبوو کردنەوەی کەسی زیان لێکەوتوو، هەروەها تاوانە گشتیەکان، کەکاریگەری بەسەر کۆمەڵگە دەبێت بەشێوەیەکی گشتی، لەگەڵ کارتێکردنی بەسەر ژیان و ئاسودەیی تاکەکانی.

تاوان - تاوانکاری **Cf. offense**

کەتنی منداڵان | جُناح الاحداث | **Delinquency juvenile**

لادانی مێرد منداڵان، شێوازێکی دیاریکراو لە ڕەفتاری منداڵ و هەرزەکاران دەگرێتە خۆی، کەبەدەرچوون لەیاسا دادەنرێت و زۆر زیانیش بەکۆمەڵگە دەگەیێنێت.

ئەو زاراوەیەی کەپێی دەوترێت زیانی کۆمەڵایەتی جیاوازی هەیە، لەسەری لەکۆمەڵگەیەکەوە تاکۆمەڵگەیەکی دیکە، ئەویش بەپێی بەها کۆمەڵایەتی و ڕەوشتیە باوەکان.

لادانی مێرد منداڵ و هەرزەکاران بەهۆی لەدەستدانی چاودێری یان گەندەڵی لەئاراستەکردنیان ڕوودەدات، ئەمەو ئەو کاردانەوەی بەرامبەر مێردمنداڵە لادەرەکان پیادە دەکرێت جیاواز دەبێت لەوەی بەسەر گەورەکان پیادە دەکرێت.

پێناسەکردنی مێرد منداڵان و دیاریکردنی تەمەنیان، جیاوازی تێدا پەیدا دەبێت لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە.

لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕادەی بەرزی تەمەن لەنێوان (14 21) ساڵ دەبێت، بەڵام لەوڵاتی میسر ڕادەی بەرزی تەمەن بە(15) ساڵ دیاریکراوە لە یاسای سزادان و (18) ساڵیش دیاریکراوە لەیاسای مێرد منداڵە بەرەڵڵاو پەرتەوازەکان.

خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی | الخدمة الاجتماعية | **Delinquency social work**
مێردمنداڵە لادەرەکان | للاحداث المنحرفين

ئەو هەوڵانەی کەشارەزای کۆمەڵایەتی پێی هەڵدەستێت بۆ ئاشکراکردنی ڕاستیە کۆمەڵایەتیەکان دەربارەی هەرزەکاران، هەروەها شیکردنەوەیان شیکردنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و دیاریکردنی ڕووەکانی کەم و کورتی کۆمەڵایەتی تێیدا، ئەمەو سەرەڕای دەست نیشانکردنی حاڵەتەکە بەوردی و دانانی ڕێنمایی پێویست بۆچارەسەرکردنی، لەگەڵ تێگەیاندنی هەرزەکار بۆ دۆخە کۆمەڵایەتیەکەی و ڕوونکردنەوەی بۆی، هەروەها ناساندنی بەو دۆخەو یارمەتیدانی بۆ ئەوەی ڕەفتارو ئاراستەو بەها نەرێنیەکانی ڕاست بکاتەوە، بەمەبەستی گەڕانەوە بۆ ژیانی ئاسایی.

وڕێنە | الهُذاء | **Delusion**
بەهەڵە دابردن

بڕوا کردنێکی ساختەیە، لەگەڵ باری ڕاهاتوو یەک ناگرێتەوە، ڕەنگە حاڵەتەکە کاتی بێت، ئەگەر درێژەی کێشا دەبێتە دیاردەیەکی نەخۆشی.

دیماگۆگی | الديماجوجية | **Demagogy**
سیاسەتی مەرایی جەماوەر | سياسة تملق الجماهير

زاراوەیەکی سیاسیە، مەبەستی ئەو ئاراستە هەڵپەرستیەی دەسەڵاتدارانە، بۆ زاڵبوون بەسەر جەماوەری ناڕۆشنبیر، ئەوانە بەو ئاراستەیە کاردەکەن و باس لەپرۆژەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی دەکەن بەڵام لەسەر بناغەی درۆ، دەرفەت وەردەگرن، لەڕووداوە کۆمەڵایەتیەکان و باری هەژاری و بێ ئومێدی جەماوەر، پەناش بۆ ڕاکێشانی ئەو جەماوەرە دەبەن و داوای

بەرگەگرتنشی لێدەکەن.

دەوترێت سەرۆکی دیماگۆگیەکان (demagogue) بەو ڕابەرەی کە گرینگەلای مەرایی بۆ جەماوەر و بەدەست هێنای ڕەزامەندی و زاڵبوون بەسەریدا، ئەو بارودۆخە کە دەڕازێتەوە بەبەیاننامەی فێڵاوی و قسەی شیرین، هەمووشی بۆ وروژاندنی جەماوەرەو ڕاکێشانی خۆشەویستیەتی، زیاتر لەوەی مەبەستی ئاراستەکردنی بێت بەرەو بەرژەوەندییە ڕاستیەکانی .

**خواست** | **الطلب** | **Demand**

خواست لەڕووی ئابوورییەوە، بریتیە لەو بڕانەی (کەل و پەل) کەبەکاربەران ئامادەیی و توانای کڕینیان دەبێت بەپێی نرخە چاوەڕوانکراوەکان لەماوەیەکی دیاریکراودا، ئەویش لەگەڵ ئەگەری مانەوەی شتەکانی دیکە لەسەر هەمان باردا.

گۆڕین لەخواست هۆیەکەی بۆ گۆڕینی نرخ دەگەڕێتەوە، بەو مانایەی ئەگەر نرخی کاڵایەك بەرز بۆوە، ئەوا ئەو بڕەی داوا دەکرێت دادەبەزێت، ئەو پەیوەندییەش بەناوی (یاسای خواست ) دەناسرێت.

**خەڵەفاندن / مێشك تێکچوون** | **الخَبَل / الخَرَف** | **Dementia**

لەیەك ترازانێکی بەردەوامە لەبیرو هۆش و بڕیاردان، ئەم دیاردە نەخۆشیە ڕەنگە ئەندامی بێت یان فەرمانی.

دەوترێت خەلەفاندنی گەنجان (dement in praecox) ئەوەشی جۆرێکە لەنەخۆشی (شیزوفرینیا)، بەو حالەتە دەوترێت کەمرۆڤ تووشی لەیەك ترازاندنی ئەقل و شپرزەیی دەروونی دەبێت لەنێوان ساڵانی (15-30)ی تەمەن.

هەروەها خەلەفاندنی پیری (senile dementia)، ئەو حاڵەتەش تووشی کەسی پیردەبێت لەدوای تەمەنی (60) ساڵیدا، بەزۆریش چەند دیاردەیەکی لێدەر دەکەوێت، وەك کەم نووستن، کەم خواردن، زوو هەلچوون، بێ ئابڕوویی سیکسی، کەلەرەقی و لاساری، ئاژاوە نانەوە، تێکچوونی بیرو هۆش.

**داماڵین لەدیاردەی سەربازی (سوپا کشانەوە)** | **التجرید من الصفة العسکریة** | **Demilitarization**

حاڵەتێکە، پەیوەندی بەلایەنی ئاسایشی وڵات هەیە، بریتیە لە قەدەغەکردنی هەر جۆرە هێزێك یان کەرەستەو ئامێری سەربازی لەناوچەیەکی دیارکیراودا، ڕەنگە ئەم حاڵەتەش پەلە بهاوێت بۆ نەهێشتنی دامەزراوە سەربازیەکان لەناوچەکە.

تەماشا بکە: بێ لایەنکردن، لەکارخستن | **Neutralization**

**کۆتایی هێنان بە خزمەتی سەربازی** | **تسریح الجنود** | **Demobilization**

گۆڕان لەحاڵەتی جەنگەوە بۆ حاڵەتی ئاشتی

تەماشا بکە: سەربازگرتنی گشتی | **Mobilization**

**دیموکراسی** | **الدیمقراطیة** | **Democracy**

سیستمێکی کۆمەڵایەتیە، داکۆکی لەسەر بەهای تاك و قەدرو ڕێزی کەس دەکات لەژیانی مرۆڤایەتی، ئەو سیستمە لەسەربنچینەی بەشداریکردنی ئەندامانی کۆمەڵ لەبەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان دادەمەزرێت.

دیموکراسیەت ڕەنگە سیاسی بێت (political democracy) واتە خەڵکی خۆیان حوکمڕانی خۆیان بکەن لەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانی، بێ جیاوازیکردن لەنێوان تاکەکان بەهۆی ڕەگەز یان بنەچە یاخود ئایین و فەرمان.
هەروەها زاراوەی کارگێڕی دیموکراسی (democratic administration) بەکار دەهێنرێت، وەك ئاماژەیەك بۆ سەرکردایەتی بەکۆمەڵ، کەبەشێوەی راوێژکردن و بەشداری لەگەڵ کارمەندان دێتەدی لەپرۆسەی وەرگرتنی بڕیاردان.

دیموکراسیەتی پیشەسازی — الديمقراطية الصناعية — **Democracy industrial**

بریتیە لەڕێکخستنی پیشەسازی لەسەر بنچینەکانی دیموکراسیەت، بەبەشداری پێکردنی کارگێڕی و کرێکاران لەپلاندانان و چاودێری کردنی پرۆسەکانی پیشەسازی، ئەوەش بەهۆی لیژنەکانی بەرهەم هێنان، یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکان، هەروەها لیژنەکانی پێش نیازو دامەزراوەکان..هتد.
بەم جۆرە رێگا لەململانێ و ناکۆکیەکان دەگیرێت لەنێوان خاوەن کاروکرێکاران، لەئاکامیشدا ئاشتی پیشەسازی دێتە دی.

ناوەندێتی دیموکراسی — المركزية الديمقراطية — **Democratic centralism**

پرەنسیپێکی بنچینەییە لەسیستمی کۆمۆنیستی، بوارەکانی هەڵبژاردنی حزب لەبنکەوە، ئامادە کردنی ڕاپۆرتی خولی دەربارەی کاروبارەکانی حزب بۆ سەرکردایەتی، کەهەمووی لایەنە دیموکراسیەکانی ناوخۆی حزب، دەگرێتەوە.
هەروەها ملکەچی کەمایەتی بۆ زۆرینەو ئۆرگانەکانی خوارەوە بۆ بڕیارەکانی سەرەوەو جێبەجێکردنیان، کەئەمەش لایەنی ناوەندێتیە لەوپرنسیپە حزبیە.

دیموگرافی — علم السكان — **Demography**

دانشتوناسی

ئەم زانستە بایەخ دەدات بە توێژینەوە زانسیتیەکانی دانشتوان، بەجۆرێکی تایبەتیش بەقەبارەی دانیشتوان و دابەش بوونیان، هەر گۆڕانکارییەك ڕوودات بەسەر ئەو قەبارەیە، سیماو خەسلەتەکانی دانیشتوان و رادەی جیاوازیان لەکۆمەڵگەییەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە، لەگەڵ کاریگەری هەموو ئەو حاڵەتانە بەسەر دانیشتوان.
حکومەتەکان گرینگی دەدەن بەچارەسەرکردنی کێشەکانی دانیشتوان، ئەویش بەڕێگای سیاسەتی دیموگرافیەوە (demographic policy).
زانستی دانیشتوان دابەش دەبێتە سەر چەند بەشێك لەوانە:
زانستی دانیشتوانی وەسفی (descriptive demography)
زانستی دانیشتوانی ئابوری (economic demography)
لێکۆڵینەوە لەدانیشتوان لەڕووی جۆرایەتیەوە (qualitative demography)
لێکۆڵینەوە لەدانیشتوان لەڕووی چەندایەتیەوە (quantitative demography)

بڕواکردن بە دێوو درنج — الاعتقاد بالجن والعفاريت — **Demonism**

باوەڕهێنان بەبوونی بوونەوەری ڕۆحی و کاری جادووگەری و ڕێ و ڕەسمی جیاواز، بەمەبەستی هێورکردنەوەی ئەو بوونەوەرانە کەڕەنگە باش بن یان شەڕانگێز، دەوترێت: وڕێنەی شەیتانی (demonomania) ئەویش باوەڕهێنانی نەخۆشە کەملکەچی ڕۆحی شەیتانە شەڕانگێزەکان بۆتەوە.

**Demonology** — دراسة الشياطين — شەیتاننناسی

توێژینەوە لەبوونەوەرە نامرۆڤایەتیەکان، ئەوانی ناسراون بە شەیتان، یان باوەڕهێنان پێی کەبەزۆیش شەڕانگێز دەبێ وەك جیاوازییەك لەگەڵ فریشتەکان کەباش و چاك دەبن.

**Demonstration** — ١ – العرض العملي — نمایشی کردەیی

یەك لەشێوازەکانی داهێنان، بەهۆیەوە راهێنەر هەڵدەسێت بەئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە یان پراکتیك کردنی لەبەردەم راهێنراوەکان (خوێندکاران)، ئەو ڕوونکردنەوانەش پێویستن بۆ ڕاهێنان لەسەر کارامەییە دەستیەکان، هەروەها سوود بەخشیش دەبێت بەشێوەیەکی تایبەت بۆ ڕاڤەکردنی پرۆسەکان یاخود ئامێرەکان، لەهەمان کاتدا لە کارایی و کرداره دوو بارە بووانە ڕووندەکرێتەوە کە ناکرێ وەك پێویست راڤەبکرێن بەهیچ ڕێگایەکی دیکە.

چەند مەڵبەندێکی ڕاهێنان و ڕێنمایی کردنی کردەیش هەیە، ئەوانە ناویان لێنراوە: demonstration centers

٢ – البرهان — سەلماندن

مەبەست لەم زاراوەیە، لەلۆژیکدا سەلماندنە، یان ئەو پێوەرە لۆژیکیە سەلێنەرەی جیاوازی دەبێت لەپێوەری دیالیکتیکی.

سەلماندن ڕەنگە بەهۆی ئەقلەوە بێت، واتە گەیشتن بەو ئەنجامگیرییەی کە تێیدا دەبێت لەجیاتی بنەماکان، پابەندی ئەنجامەکە بیت بەناچاری، هەروەها سەلماندن بەهۆی تاقیکردنەوە، واتە پشت بەستن بەتاقیکردنەوەو شت و ڕووداوەکان.

٣– المظاهرة العسكرية — خۆپیشاندانی سەربازی

ئامادەکردن و کۆکردنەوەی هێزە سەربازییەکان بەمەبەستی فشار خستنە سەریەك لەدەوڵەتەکان.

**Demoralization** — فساد الاخلاق / هبوط الروح المعنوية — ڕەوشت خراپی / ورەشکاندن

لەدەستدانی ڕەوشت باشی و دەست پاکی کەسێتی، یان ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و هەڵوەشاندنەوەی بەها سەلێنراوەکان و شکست هێنانی سیستمی کۆمەڵایەتی بۆ دیاریکردنی پێگەی تاکەکان و ڕۆڵە بەیەك پەیوەستدارەکانیان.

**Demotion** — تخفيض او تنزيل الدرجة — پلەکەمکردنەوە / دابەزینی پلەو پایە

گواستنەوەی کرێکار بۆ کارێك کەپێویستی بەرادەیەکی نزمی بەرپرسیاریەتی بێت، ڕەنگە ئەو کارە پێویست بەدابەزینی مووچەکەشی بکات، هەر وەك باویشە دابەزینی پلەی کرێکار وەك سزایەك دەبێت، یان ئەگەر بێ توانایی دەرکەوت لەڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەی کەپێی سپێردراوە.

**Denomination** — ١ – الطائفة / المذهب — تائیفە (تاقم) / ڕێباز

گروپێکی ئاینی تەبا لەگەڵ یەکتر، ئاستێك لەپێشکەوتنیان هەیە، وەك گروپەکانی: کویکرز (Quakers) مەعمەدانیەکان خاچ پەرستەپرۆتستانەکان (Baptists)، میسۆدییەکان (Methodists).

ناولێنان ٢ – التسمية

پێدانی ناو بەشتێکی دیاریکراو، لەم بوارەدا جیاوازی دەکرێت لەنێوان ئەو ناو لێنانە خودیانەی (intrinsic) کەپشت بەخەسلەت و ئاکارە جەوهەریە ناوخۆییەکانی بابەتەکە دەبەستێت، لەگەڵ ناولێنانە ناخودیەکان، یان دەرەکیەکان (extrinsic) کەئاماژەیە بۆ پەیوەندی ئەو بابەتە بابەتەکانی دیکەوە.

واگەیاندن المـاصدق **Denotation**

(مانای راستەوراستی وشەیەك)

واگەیاندن لای لۆژیك ناسان، کۆی ئەو بابەتانەیە کەماناکەی هێمای بۆ دەکات، یان کۆی ئەو تاکانەی لەیەك جۆردان یاخود لەگشتی.

بەپێچەوانەی ئەو چەمکەی (comprehnsion) کە هێما بۆ کۆمەڵە خەسلەتێکی هاوبەشی نێوان تاکەکان دەکات.

واگەیاندن و چەمك، دوو زاراوەی هاورێژەیین، هاوڕیژەییەکی پێچەوانە، چەندی واگەیاندن زیادیکرد ئەوا چەمك کەمدەکات، پێچەوانەکەشی ڕاستە.

لۆژیك ناسان، جیاوازی دەکەن لەنێوان واگەیاندنی گووتن واگەیاندنی مەسەلەو واگەیاندنی پەیوەندی.

واگەیاندنی ووتن (گووتن) کۆی ئەو تاکانەیە کەپێیان هەڵدەدرێت، واگەیاندنی مەسەلەکەش کۆی ئەو حالەتانەیە کە دەسەلمێنرێن، یاخود کۆی ئەو گریمانانەیە کەمەسەلەیەك بۆ فەیرانێك پێکدێنێ، واگەیاندنی پەیوەندیش، کۆی سیستمی ئەو بەهایانەیە کەپەیوەندییەکە پێکدێنێ.

زاراوەکان بەپێی واگەیاندن دابەش دەبن بۆ: هەمەگەری، تاك، کۆمەڵ.

دریژ کردنەوە، مەودا **Ana: extension**

چڕی دانیشتوان كثافة السكان **Density of population**

تەماشا بکە: **Population density**

مۆراڵناسی مذهب الالزام الخلقي **Deontology**

ئەرکە رەوشیتەکان

تیۆرییەکە دەڵێت، ئەرك راستیەکی بنچینەییە بۆ تێگەیشتنی ڕەوشت، ئەرك بەگشتی متمانە ناکاتە سەربەهاکان بەبیانوی ئەوەی کەکارکردن ڕەنگە ڕاست بێت بێ ئەوەی پشت بەهاندانی چاکە ببەستێت، لەبەرامبەردا ڕێبازی رەوشتە بەهاییەکان هەیە (axiological ethics)

بەڕێوەبەرایەتی دەزگا الادارة، المصلحة **Department**

بەشێکی کارگێڕی گەورەیە لەوەزارەتێك، وەك دەزگای ئاسایش یان دامەزراوەیەك وەك کارگێری، دارایی، کەتایبەتن بەلقێك لەچالاکی فرە هۆبەو زۆر کاروباری دیکە.

وشەی (depart ment) لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەوەزارەت دەوترێت، زاراوەی دابەشکردنی کارگێڕی (departmentalization) بەکار دەهێنرێت بەمانای کۆکردنەوەی رووەکانی چالاکی پرۆژەیەك لەچەند بەشێکی پسپۆری و لەسەر بنچینەی دابەشکردنی فەرمانی بۆ جۆری کارەکان.

**Dependency** ١ – الفاقة نەبوونی

حالەتێکە تێیدا تاك خاوەن هۆکارەکانی بژێوی ژیان نیە، یان پەیدا کردنی پێداویستیەکانی ژیانی بۆ کەمترین ئاست دەست ناکەوێ، بۆیە ناچار دەبێت بگەرێت بەدوای یارمەتیە گشتیەکان بۆ پەیداکردنی ئەوپێداویستیانە.

٢ – الاعتماد، التبعية پشت پێ بەستن

پاشکۆیەتی کەسێك بۆ کەسێکی دیکە لەڕووی یاسایی یان ئابورییەوە بێت، وەك پشت بەستنی منداڵ لەسەر باوك و دایکی (dependent child)

٣– الدولة التابعة دەوڵەتی پاشکۆ

مەبەست لەم زراوەیە لەڕووی سیاسیەوە، ملکەچی وڵاتێك بۆ دەسەڵاتی وڵاتێکی دیکە، کە دەسەڵاتێکی خودیشی نەبێت.

**Cf. vassal state** وڵاتی پاشکۆ

**Depersonalization** أختلال الأنيّة / فقدان الشخصية کەسێتی و نکردن / کەسایەتی سڕینەوە

دیاردەیەکی نەخۆشیە بەهۆیەوە مرۆڤ هەست بەئاخاوتن و کارەکانی خۆی ناکات، بەدووریشی دەزانێت لەخۆی، ڕەنگە لەگەڵ ئەو حاڵەتەدا مرۆڤ هەست بەخۆیەتیش لەدەست بدات یان واتێبگات کەکەسێتیەکی دیکە زاڵە بەسەریدا، بۆیە بەناوی ئەوەوە کاردەکات و قسەش دەکات، ئەم حاڵەتەش، نەخۆشی کەسێتی دوولایەنە نیە.

**Deplacement** النقل گواستنەوە / لابردن

مەبەست لەم زاراوەیە لەقوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی، پرۆسەیەکی دەروونی نەستیە (نائاگایی)، بریتی دەبێت لەگواستنەوەی ڕاستیەکی دیاریکراو، یان جێگۆڕین بەخود لەبابەتە بنچینەییەکەوە بۆ بابەتێکی ئەلتەرناتیف.

**Deportation** الطرد الابعاد / الترحيل ڕاگواستن / دوورخستنەوە

ناچارکردنی کەسی بیانی لەلایەن دەسەڵاتی گشتیەوە، بەگەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی، ئەویش بەهۆی ڕەفتاری تاوانکارانەی، یان نەبوونی هەر کارێك کەپێی هەستێ بۆ بژێوی خۆی.

**Depopulation** تقليل السكان کەمکردنەوەی دانشیتوان

کەمکردنەوەی دانشتوان، یان دابەزاندنی ژمارەیان، ئەو کارەش لەڕێگەی گواستنەوەیان لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە. بەڵام سنوردارکردنی ژمارەی دانشتوان (limitation of population) ئەو کارە ئامانجی ڕێگرتنە لە زۆر بوونی ژمارەیان، یاخود کەمکردنەوەی تێکڕای زۆر بوونیانە بەهۆی پێڕەوکردنی سیاسەتی کەمکردنەوەی منداڵ بوون.

**Deprivation** الحرمان، التجريد بێ بەشکردنی / ڕووتکردنەوە

ڕووتکردنەوەی تاك لەپلەکەی، یان بێ بەشکردنی لەمافەکانی، یاخود سامانی یانیش هەرشتێکی دیکە.

بەکارهێنان لەکارکەوتن	١ – الاستهلاك الصناعي	**Depreciation**
(لەڕووی پیشەسازی)

مەبەست لەم زاراوەیە بەمانا ژمێریارییەکەی، تەرخان کردنی چەند بڕە پارەیەك بەرامبەر ئەو کەمبوونەوەیەی کەرِوویداوە لەسەر بەهای پارە هەبووەکان و سەرچاوە ئابوریەکان، ئەویش بەدرێژایی ژیانی ئەو سەرچاوانە لەڕووی ئابورییەوە، ئەو بەکارهێنان و بەکاربردنەش لەماوەی ژیانی ئەو سەرچاوە ئابوریانە لە ڕووی کردەییەوە، دەبێت یەکسان بێت بەرامبەر تێچووە بنچینەییەکەی، بەکەم کردنەوەی نرخەکەی لەکۆتایی ژیانیدا، کاتێ دەفرۆشرێت وەك بابەتێکی کۆن (سکراب).

سووککردن	٢ – الأبخاس
لەبایەخ کەمکردنەوە

لەشیکردنەوەی دەروونیدا، جۆرێکە لەبیانوو هێنانەوە، ئەو حاڵەتە بریتیە لە پرۆسەیەکی ئامێری بێ هەست پێکردن، تاك پەنای بۆ دەبات کاتێ پەکی دەکەوێت لەتێگەیشتنی کارێك لەو کارانەی کەهەوڵی بۆ داوە، ئەو بەئەنقەست لەبەهاکەی کەمدەکاتەوە، کە بەجۆرێك شایانی ئەو هەوڵە نەبێت کەبۆی دراوە.

بێ بازاری	١ – الكساد	**Depression**

واتە دابەزین و کەمبوونەوەی چالاکیە ئابوریەکان، لەتایبەتمەندییەکانی ئەو دیاردەیە، دابەزینی نرخەکان و کەمبوونەوەی توانای کڕین و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێ ئیشی، دیارە ئەوەش یەك لەماوەکانی سوڕی ئابوریدایە.
لەبەرامبەریدا ماوەی بووژانەوە هەیە (prosperity) .
تەماشا بکە: (سوور) خولی ئابوری	**business cyele**

دڵتەنگ بوون	٢ – الضُعف، الاكتئاب
خەمۆکی	الانقباض

حاڵەتێکە لەهەڵچوون، بەدابەزینی چالاکی دەروونی و جەستەیی جیاواز دەکرێتەوە، ڕەنگە ئەو حاڵەتەش سروشتی بێت، هەروەها ڕەنگە نەخۆشی بێت، لە دیاردەکانی هەستێکی توند بەکەم بایەخی و بێکەڵکی و بێ ئومێدییە.

بەرزکردنەوەی ئاستی کرێکاران	رفع مستوى العمال	**Deproletarization**

کارکردن بۆ چاککردنی بارودۆخی کرێکاران بەشێوەیەکی لەسەر خۆو بەهۆی دارشتنی یاساکانی کارکردن و دەستێوەردانی دەوڵەت لەکاروباری ئابوری بەمەبەستی بەرزکردنەوەی داهاتی کرێکاران.

دەسەڵات پێدان	التفويض	**Deputation**
بریکاری
تەماشا بکە: نوێنەرایەتی	**Delegation**

نەژاد	الاصل	**Descent**
ڕەچەڵەك	النسب

ئەو بنچینەیەی بڕیار لەسەلماندنی باوکایەتی دەدات لەناو کۆمەڵەکان لەمیانەی پەیوەستیە خزمایەتیەکانەوە، ڕەنگە ئەو ڕەچەڵەکە لەدایکەوە بێت (matrilineal) یان لەباوکەوە بوو بێت (patrilineal) یاخو تێکەڵاو (دوولایەن) بێت (bilateral).

وەسفکردن

**Descriptive study** الدراسة الوصفية

توێژینەوەی وسفی

ئامانج لە توێژینەوە وەسفیەکان، بڕیاردانە لەسەر خەسلەتەکانی دیاردەیەکی دیاریکراو، یان هەڵوێستێك کەخەسڵەتی دەست نیشانکردن بەسەریدا زاڵە و پشت لەسەر هەموو راستیەکان دەبەستێت، هەروەها راڤەکردن و دەرهێنانی بەڵگەکانی.

لەو ڕێگایەوە توێژینەوە کە دەگاتە دەرهێنانی گشتیاندنەکان دەربارەی هەڵوێستەکە یاخود ئەو دیاردەیەی کەتوێژەر توێژینەوەیلەسەر دەکات.

**Desegregation** منع التمييز العنصري

ڕێگرتن لەجیاوازی ڕەگەزایەتی

**Discrimination**

تەماشای جیاوازی کردن بکە:

هەڵاتن

**Desertion** التهجر

بەجێهێشتن

مەبەست لەبەجێهێشتن لەبارودۆخە کەسێتیەکانەوە، وازهێنانی پیاوە لەخێزانەکەی، بێ ئەوەی ئەو خێزانە بەخێوکەری هەبێت.

**Abandon**

تەماشا بکە: بەجێهێشتن

**Desertion of the worker** هَرَب العامل هەڵاتنی کرێکار

هەڵاتنی کرێکار لەکاردا بەسەرپێچی دادەنرێت لای چەندین دەوڵەت، لەو بارەشدا سزایان بەسەردا دەسەپێنرێت، یاسای نێو دەوڵەتی بۆ کار بڕیاری لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەو جۆرە سزایانە داوە.

**Desire** الرغبة ئارەزوو

لایەنگرییەکی خۆکردە، ئامانجێکی زانراو یان شێوەکراوی هەیە، دیاردەکە ئەوە دەگەیێنێ کە ئارەزووەکان بەهۆی لایەنگرییەوە پەیدا دەبن، جیاوازیش لەنێوان ئارەزوو لایەنگری ئەوەیە کە ئارەزوو سووکترە لەلایەنگری و لەویش ئاڵۆزترە، هەروەها ئارەزوو دەکەوێتە نێوان لایەنگری و ویستنەوە.

**Despotism** النزعة الاستبدادية الحكم الاستبدادي

حکومەتی زۆرداری (ملهوڕی)

بونیادێکی سیاسییە، هەر جۆرە کۆت و بەندێکی نەریتی یان یاسایی بەسەر دەسەڵاتی حکومەتەکەیدا بوونی نیە، هەروەها رادەیەکی گەورەو فراوانی دەسەڵاتەکەی بەکردار پیادە دەکات.

**Destitution** العَوَز، الفاقة الفقر

هەژاری

بێ دەرامەتی

بێ بەشی لەهەموو پێداویستیەکانی: ژیان، خۆراك، خانوو...واتە هەژارییەکی رادەبەدەر.

**Poverty**

تەماشا بکە:

**Destruction Instinct** | غریزة التدمیر | ڕەمەکی وێرانکردن

**Death intinct** — تەماشا بکە: غەریزەی مردن

**Detention remand** | الحبس الاحتیاطي | بەندکردنی کاتی (یەدەگی)

ڕێگرتن لەئازادی مرۆڤ، بەبەندکردنی تا لێکۆڵینەوەو دادگایی لەگەڵدا دەکرێت، دەربارەی هەرزەکاران، ئەوانە دەخرێنە خانوویەك (detention home) لەژێر چاودێریشدا دەبن، ئەو منداڵانە کەپێویستیان بەپارێزگاری هەیە، لەو خانوەدا وەردەگیرێن، هەروەها ئەوانەی کەسیان نیە بەخێویان بکات و ئەوانی پێویست دەکات بەهێشتنەوەیان بۆ ماوەیەکی کەم (temporary custody)، ئەوە سەرەڕای ئەوانی چاوەڕوانی دادگایی دەکەن لەلایەن داداگاکانی هەرزەکارانەوە، بەهۆی ئەو تاوانانەی کەئەنجامیانداوە، چونکە ئەگەر ئەو منداڵانە بخرێنە بەندیخانە ئەوازیاتر دژایەتی کۆمەڵگەیان لادروست دەبێت، ئەو جۆرە شوێن و خانوانەی ئەو مێردمنداڵانە دەحەوێنەوە، لە ڕووی تەندروستی و پەروەردەییەوە سەرپەرشتی و چاودێرییان دەکەن.

**Deterioration** | التدهور الفساد | داڕمان گەندەڵی

گەندەڵی لەخەسلەتەکان یان بەهاکان یاخود لەهەر جۆرە دیاردەیەکی دیکە.

**Cf. decadence** — ڕەوشت سووکی

**Determinism** | الحتمیة | هەربوونایەتی

ڕێبازێکە کەلك بەهەموو یاسا سروشتیەکان دەگەینێت، لەگەڵ سەلماندنیان، لێرەدا نەجیاوازی ونەرێککەوت هەیە، ئەو ڕێبازە کەلەپێکهاتنی پشت بەکۆمەڵە مەرج و ڕێ و شوێنێکی زەروری دەبەستێت بۆ دیاریکردنی دیاردەیەك.

بۆیە جێگیری لەزانستە سروشتیەکانی پشتی پێ دەبەستێت و درێژەپێدانیشی دەبێت بۆ ناو ڕەفتاری مرۆڤایەتی، چونکە ئەو ڕەفتارە بەهۆی چەند کردارێکی پێشووتری فیزیکی یاخود دەروونی سنوردار دەکرێن کە هۆکارەکانیەتی.

لەنێوان هەربوونایەتی و ڕێبازی ناچارێتی (fatalism) جیاوازی هەیە، لەبەر ئەوەی ناچارێتی باوەڕی وایە کەهەموو ڕووداوەکان چارەنوس سازن یاخود پێشتر نووسراون، بۆیە هەر دەبێ ڕووبدەن لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەی دەدرێن بۆ ڕێگرتن لێیان.

لەبەرامبەر ڕێبازی هەربوونایەتی، ڕێبازی ناهەربوونایەتی (indetetminism) هەیە، کەباوەڕی بەئازادی ئیرادەو هەڵبژاردن هەیە، واتە توانای تاك کە کاربکات یانیش ڕێڕەوی کارکردنەکەی هەڵبژێرێت، بێ ئەوەی کاریگەر بێت بەهیچ هاندەرێك یان بزوێنەرێك.

**Ana. Necessitarianism** — ڕێڕەوی ناچاریگەری

**Detribalization** | أضعاف الروح القبیلیة | لاوازبوونی گیانی خێلەکی

زاراوەکە بەواتای لەدەستدانی خەسلەتە هۆزایەتیەکان دێت، ئەم بۆ چوونە بەسەر ئەو تاکانەش پیادە دەبێت کەلەکۆمەڵگاکانیان جیا دەبنەوە، ئەوانی لەبنچینەدا ئینتیمایان بۆ ئەو کۆمەڵگایانە هەبووەو بەکولتورو ئاستێکی

کۆمەڵایەتی هۆزایەتی جیاوازدەبنەوە.
ئەم زاراوەیە تاڕادەیەك هاوتای زاراوەی بوون بەشارنشین (urbanization) دێت، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەوانەی کۆچ دەکەن لەناوچە گوندنشینەکان، ئەوا روو لەناوچە شارستانیەکان دەکەن.
هەندێ لەزانایانی ئەنثرۆپۆلۆجیا بیروبۆچوونیان وایە، کەلاوازبوونی گیانی هۆزایەتی لەلای ئەوتاکانە یاخود ئەو گروپانەی شێوازی ژیانیان دەگۆڕن ڕوودەدات، واتە تاك ڕەنگە گیانی هۆزایەتی لاواز بێت تا ئەگەر لەناو هۆزیشدا بژێت، ئەگەر کولتورەکەی لەگەڵ کولتوری هۆزەکەی تەبا نەبن.

**Deuterogamy** الزواج بعد وفاة الزوجة الاولى ژنهێنان دوای مردنی یەکەم هاوسەر

نەریتی هاوسەرگیری بۆ جاری دووەم دوای مردنی یان جیابوونەوە لەمێردی یەکەم یان لەژنی یەکەم چەند کۆمەڵێك ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە قەدەغە دەکەن.

**Polygamy** تەماشای هاوسەرگیری فرەیی بکە:

**Devaluation** تخفيض قيمة العملة کەمکردنەوەی بەهای پارە

مانا تەسکەکەی ئەو زاراوە ئابورییە، بریتیە لەدابەزینی بەهای پارە لەئاست زێڕدا، واتە هەمان کێش لەزێڕی پاك دەگۆڕدرێت بەژمارەیەکی گەورەتر لەیەکەکانی دراوی کاغەزی کە دەستاودەست دەکرێن.
بەڵام ئەم زاراوەیە لەم دواییەدا بەکار دەهێنرێت وەك ئاماژەکردنێك بۆ ئەو دراوەی قابیلی گۆڕین نیە بۆ زێڕ، کە ڕەنگە هەرزانتر بێت لەئاست ئەو دراوەی دەگۆڕدرێت بۆ زێڕ.

**Developmental stage** مراحل النمو قۆناغەکانی گەشەکردن

گەشەکردنی تاك دیاردەیەکی سروشتیەو پرۆسەیەکی بەردەوامە، بوونەوەری زیندوو بەرەو پێگەیشتن دەبات، بەرچاوترین خەسلەتەکانی ئەو گەشە کردنەش ئەوەیە کە کتوپڕ ڕوونادات، بەڵکو وردە وردە دێتەدی.
گەشەکردن لەدوو لایەن روودەدات: لایەنێکی پێکهاتەیی، کەدەبینین تاك گەشە دەکات لەبواری درێژی و پانی و کێشی و شێوەی دەرەکی.
لایەنی فەرمانی، واتە گەشەکردنی فەرمانەکانی: جەستەیی ماسولکەیی، ئەقلی، کۆمەڵایەتی.
ڕەنگە گەشەکردنی تاك گەشەکردنێکی سروشتی یان خێرا یاخود سست بێت، هەروەها ڕەنگە گەشەکردنەکە ڕوو لەلادان بێت، چونکە ڕەنگە هەندێ ئاراستەی کۆمەڵایەتی منداڵ ڕوو لەهاوڕێی باش و تێگەیشت و بکات، یان گەشەکردنەکە روو لەهاوڕێی خراپ و شەڕانی بکات.
گرینگترین ئەو فاکتەرانەی کارتێکردنیان لەگەشەکردنی تاك دەبێت، بریتین لەفاکتەرە خۆرسکیەکان، یان بۆ ماوەییەکان، هەروەها پێکهاتەی ئەندامی تاك و ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئەو کارتێکردنانەی تێیدا دەبن.

**Development social** التنمية الاجتماعية گەشە پێدانی کۆمەڵایەتی
**Social development** تەماشا بکە:

**Developed country** البلد تام النمو وڵاتی تەواو گەشە کردوو

لەو وڵاتانەی گەشەکردنی تەواو هاتۆتەدی، لەو وڵاتانە بەشی تاك لەداهاتی نەتەوەیی بەرزدەبێتەوە بەرزبوونەوەیەکی گەورە، دوای ئەوان وڵاتانی مام ناوەندی دێن لەگەشە کردندا (semi-developed or quasi developed countries) پاش ئەوانیش ئەو وڵاتانەی لەرێگای گەشەکردندان یان

تازەگەشـەکردوو (developing countries)، دوای ئـەوان وڵاتـانی هـەژار دێـن لەکۆتاییـدا وڵاتـانی دواکـەوتوو دێـت (under developed or backward conunntries)

لادان | الانحراف | **Deviation**

1- دوورکەوتنەوە بەپلەیەکی دیاریکراولە پێوەرێك لەپێوەرەکان، ئەو پلەیەش لـە حاڵـەتێکی ئاساییدا پلەیـەکی ناوەڕاسـتیە، لادان لەرەفتار دەرچوونێکی ئاشکرایە لـەڕێگای راسـت یـان ئاسـایی یـاخود راهـاتوو، بـەجۆرێك رەفتارەکـە دەبێتـە حاڵـەتێکی پەسند نەکراو لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە، لەجۆرەکانی لادانیش: ئاڵودەبوون، بەکارهێنانی مادە بێهۆش کەرەکان.
2- لادان لەئاماردا، دەرچوونە لەئاراستە، یان لادانە لەپێوەرو بەچەند ئامرازێکیش پێوانـە دەکرێت، لەوانـە لادانـی تێکڕایـی، کەپێوەری گۆڕینی کۆمەڵە زانیارییەکی ژمارەییە بۆ خاڵێکی دیاریکراو.

لادانخوازی | الانحرافیة | **Deviationism**

دانپیانانێکی زارەکیە بەتیۆری ئابوری مارکسی، لەهەمان کاتدا شێواندنە بۆ بابەتە سەرەکیەکانی، راڤەکردنـی لیـنین بـۆ لادان بریتیە لەوەی ئەوانە کۆمەڵە خەڵکێکن ڕێگایان لێ بزر بووە تاڕادەیەك، یان دەستیان کردووە بەلادن لێی.
بەم پێیە مانای لادان بریتیە لە (هەموو لادانێك لەو بەرنامەیەی کە حزب دایرشتووە، لادانـیش بـەلای ڕاسـتدا یـاخود بـەلای چەپدا دەبێت، یەکەمیان ناوی لێدەنرێت هەڵپەرستی دووەمیانیش ناوی لێدەنرێت بوون بەگروپ یان گردبوونەوە).
جیاوازیش لەنێوان هەردوولا ئەوەیە، لادەرەکان بەرەو راست دەیانەوێت خێرایی کارکردنـی حـزب بـەو شـێوەی سـەرکردایەتی بەکۆمەڵی حزب دایڕشتووە کەم بکرێتەوە، بەڵام لادەرەکانی ڕوو لەچەپ دەیانەوێت خێراییەکە زۆرتر بێت.
دیـاریکردنی ئەوبیروبۆچـوونانە لـەکاروباری سیاسـیدا، پەیوەسـتە بـەو بـارو دۆخـەی دەوری حزبـی داوە لەهەمووکاتـە جیاوازەکاندا.

دواکەوتن | التخلف | **Devolution**
دارمان | الانحطاط |

ئەم زاراوەیە لەزانستی مرۆڤ (ئەنثرۆپۆلۆجیا) بەکار دەهێنرێت بەمانای دواکەوتن لەپلـەو پایەیـەکی پێشکەوتوانە بـۆ پلـەو پایەکی کەمترپێشکەوتوو.
تەماشا بکە: دارمان | **decadence**

کاری شەیتانی | العمل الشیطانی | **diabolism**
شەیتان پەرستی | الایمان بالشیطان |

ئەو کارەی بەهاندانی شەیتان دێتەدی بەڕێگای جادووگەری و تەلەکەبازییـەوە هـەروەها مەبەسـت لـەم وشـەیە باوەڕهێنـان و پەرستنی شەیتانە.
تەماشا بکە: باوەڕهێنان بەجنۆکەو دێو | **Demonism**

میتۆدی پەرەسەندن | المنهج التطوري | **Diachronic method**
میتۆدی هاوکاتی | | **Cf. synchronic method**

**Diagnosis** التشخيص دەست نیشانکردن
دۆزینەوە

پرۆسەی دیاریکردنی نەخۆشیەکە، یان حاڵەتێکی شپرزەیی، ئەوکارەش لە رێگای لێکۆڵینەوە لەسەرچاوەو پەرەسەندنی و ئەو پەیوەندییانەوە دەبێت کەدیاردەکە دەری دەخات.

**Diagnosis cooperative** التشخيص التعاوني دەست نیشانکردنی هەرەوەزی
(هاوکاری دۆزینەوە)

بریتیە لەو جۆرە دەست نیشانکردنەی کە ژمارەیەك پسپۆران پێی هەڵدەستن لەئاست (نەخۆش)یان خاوەن کارەکان، ڕەنگە ئەو جۆرە دەست نیشانکردنە پێویست بەهاوکاری ژمارەیەك دەروونناس یاخود پزیشکی مێشك بکات، لەسەر بنچینەی ئەو دەست نیشانکردنە پسپۆری کۆمەڵایەتی دەتوانێت بەکاری چارەسەرکردن و پێویست هەستێت بەرامبەر کەسانی پەیوەندار لە نەخۆش و هاتووچۆکەران.

**Diagnosis in case work** التشخيص في خدمة الفرد دەست نیشانکردن لە خزمەتی تاکدا

مەبەست لەدەست نیشانکردن لەپێناو بەرژەوەندی تاك، ڕاڤەکردنی ئەو کێشەو ئاڵۆزیانەن کەلەباروودۆخی کەسی (پەیوەندار) کارپێکردوودا هەیە، هەروەها کۆکردنەوەی ئەو هۆیانەی ڕۆڵیان گێراوە لەدرەکەوتنی ئەو کێشەو ئاڵۆزیانە.
بەدەربڕینێکی دیکە، دەست نیشانکردن بریتیە لەڕوونکردنەوەی هاندەرە کەسێتی و ژینگەییەکان کەبوونەتە هۆی ئەو دۆخەی کەسی پەیوەندار (کارتێکردوو) بەدەستیەوە دەناڵێنێ و پسپۆری کۆمەڵایەتیش لەسەر ڕاستکردنەوەو گۆڕینی حالەتەکە کاردەکات تائێش و ئازاری کەم ببێتەوە بۆ کەمترین ئاست کەلەتوانادا بێت.

تەماشا بکە: **Social diagnosis**

**Diagnosis in community development** تشخيص المجتمع المحلي دەست نیشانکردنی کۆمەڵگەی خۆجێی

لەوپرۆسەیە، پسپۆری گەشەکردنی کۆمەڵگە هەوڵدەدات لەبەر رۆشنایی ئەو زانیاریانەی بەردەستی کەوتووە، ئەو کێشانە دیاری بکات کە کۆمەڵگە بەرەو ڕووی دەبێتەوە، لەگەڵ پلەی توندوتیژی هەریەکەیان و رادەی درك پێکردنی خەڵکی کۆمەڵگە بەو کێشانەو هەست پێکردنیان بۆی و چۆنیەتی دروست بوونیان و ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆیان، هەروەها پەیوەندی ئەو هۆکارانە بەیەکترەوە. ئەوە سەرەڕای دیاردەکانی ئەو کێشانەی کۆمەڵگە بەدەستیانەوە دەناڵێنێ و کاریگەریان بەسەرکێشەکانی دیکەوە.
شارەزای گەشە پێدانی کۆمەڵگە لەپرۆسەی ئەو دەست نیشانکردنە، توانا مادی و مرۆییە بەردەستەکانی کۆمەڵگە دیاری دەکات، لەگەڵ ئەو توانا شاراوانەی دەکرێ سوودیان لێوەربگیرێت، هەروەها رێگرییەکانی بەردەم ئەو کارە.

**Diagram** الشكل التوضيحي هێلکاری
الرسم البياني وێنەی ڕوونکردنەوە

ئەو شێوەو وێنە ڕوونکەرەوانە، ئامانجیان شیکردنەوەی ئەو ڕاستیانەیە کەبەژمارە خراونەتە ڕوو، هەروەها ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان برەجیاوازەکان، دیارە ئەو کارەش لەبنچینەدا بەبەکارهێنانی خاڵ و هێڵەکان و ....چەند شێوەیەکی دیکە لە فۆرم و هێما ئەندازەییەکان دێتەدی.

**Dialect** | اللهجة / اللغة المحلية | زار / زمانی خۆجێی

زار (زمانی خۆجێی) لەزمانە گشتیەکانەوە پەیدا دەبێت و بەچەند خەسلەتێکی دیاریکراو جیاواز دەبێتەوە، لەڕووی گوتن و ڕێزمان و وشەکان، بەڵام بەتەواوی جیاواز ناکرێتەوە بەجۆرێك ببێتە زمانێکی سەربەخۆ.

ئەو جۆرە ئاخاوتنە (زاراوەیە) بەشێوەیەکی ئاسایی پەیوەست دەبێت بە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراودا ( dialect areas)

**Dialectic** | الجدل / الديالكتيك | دیالکتیك / گفتوگۆ

لۆژیکێکی نوێیە بەرەو ڕووی لۆژیکی کۆنی ئەرستۆ دەبێتەوە، ئەو لۆژیکەپشت بەجووڵە دەبەستێت لەجیاتی جێگیربوون، یان هەڵبژاردنی ڕەخنەگرانە بۆ بنەماو چەمکەکان لەپێناو دیاریکردنی ماناکەی لەگەڵ ئەو گریمانانەی کەپشتی پێ دەبەستێت، هەروەها ئەنجامە زەروورییەکانی.

هیگل، بنچینەی ئەو میتۆدەی داناوە، کەبەهۆیەوە یەکگری و یەکگرتنی ناتەباکان دەردەکەوێت، هەروەها ئاشکراکردنی ئەو بنەمایەی کە ئەو یەکگری و یەکگرتنەی لەسەر بونیاد دەنرێت.

ئەو کارەش پێویست بەتەبایی و کۆبوونەوەی دوو مەسەلەی ناتەبا دەکات لەمەسەلەیەکی سێیەمدا.

ئەو پەرەسەندنە هزرییەش خودی پەرەسەندنی بوونە، کۆڵەکەی یەکەمی بەڵگەیە یان پۆزەتیف، دووەم کۆڵەکەی دژی بەڵگەیە یاخود نەگەتیف، کۆڵەکەی سێیەمیش پێکهاتنە یانیش تەبایی لەنێوان هەردوو دژەکەو کۆکردنەوەی نێوانیان لەیەك رای یەکگرتووی بەرزتر لەوان.

**Dialectical materialism** | المادية الجدلية | ماتریالیزمی دیالیکتیکی

بەپێی تێوری ماتریالیزمی دیالیکتیکی، مادە هەموو بوونە، دیاردەکانی بوونیش بەجیاوازییانەوە ئەنجامی پەرەسەندنێکی بەیەك گەیشتووی هێزە مادییەکانن، ئەقلیش پەرەسەندنی مادەیەو دەبێت لەسەر بنچینەیەکی سروشتی راڤە بکرێت.

ماتریالیزمی دیالیکتیکی دیدی بۆ جیهان بریتیە لەوەی پرۆسەیەکە بەهۆیەوە دیاردە ساکارەکان پەرەدەسێنن و گەشە دەکەن، دیاردەی دیکەی لێدەردەچێت لەو زیاتر ئاڵۆز، ئەو کارەش بەپێی بنەماکانی دیالیکتیك بریتین لە یاساکانی گەشەکردن.

مارکس گرینگی بەجیاوازی نێوان تێورییەکەی (ماتریالیزمی دیالیکتیکی) و تیۆریی ماتریالیزمی میکانیکی (mechanistic materialism) داوە.

ئەو جەختی لەسەر مەبەستی پەرەسەندن و ئەو رەوتەی پەیوەستە پێیەوە، لەگەڵ ڕێرەوی پەرەسەندنەکە کردۆتەوە، دیارە ئەوەش بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو نموونە میکانیکییەی کەکاردانەوەیەکی مادی دووبارە دەگرێتەخۆی، هەروەها هەڵگری کارلێکردنی پێچەوانەیە.

**Dichotomous division** | القسمة الثنائية | دابەشکردنی دوانەیی

دابەشکردنی گشت بۆ دوو جۆر: جۆرێك هەڵگری خەسلەتێکە لەخەسلەتەکان، جۆرێکی دیکە ئەو خەسلەتەی نیە، وەك دابەشکردنی جەوهەر (ناوەڕۆك) بۆ مادی و نامادی، هەروەها مادە بۆ زیندوو نازیندوو، زیندوش بۆ ئاقل و نائاقل.

لەو دابەشکردنە دوانەییە ئێمە لەئاست دوو دژگەر دەبین کە ناوەندێك نیە لەنێوانیاندا، چونکە هەردووکیان هەموو ئەوەی لەجیهاندا وتراوە دەخایێنێت.

دیکتاتۆری الدیکتاتوریة **Dictator ship**

دەسەڵاتی تۆقێنەر

کۆکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەدەستی یەك کەسدا، بێ ڕەچاوکردن یان پشت بەستن بەچەند یاسایەکی دیاریکراو، خەڵکیش بەهۆی ترسەوە ملکەچی ئەو دەسەڵاتە دەبن.

بەشێوەیەکی باو، حوکمڕانی دیکتاتۆری بۆ بەرژەوەندی گروپێکی کەم بەڕێوەدەچێت.

دەوترێت، دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا (dictatorship of the proletariat) وەك ئاماژەیەك بۆ شێوەیەك لەشێوەکانی ڕێکخستنی سیاسی دەوڵەوت، لەکاتی گۆڕان بەرەو سۆسیالستی، ئەو دەسەڵاتە ماف دەداتە پرۆلیتاریا بەسەپاندنی دیکتاتۆرییەت بۆ پاککردنەوەی پاشماوەکانی سەرمایەداری و کۆسپ و ڕێگرییە دەرەبەگایەتیەکان.

تەماشا بکە: حکومەتی دیکتاتۆری **Autocracy**

هونەری فێربوون فن التعلیم **Didactics**

پەروەردەو فێرکردن **Cf. education**

خۆراك الغذاء **Diet**

بژێو

تەماشا بکە: خواردەمەنی **Nutrition**

میتۆدی جیاوازی طریقة الاختلاف، أو التلازم في التخلف **Difference method of**

یەك لەو ڕێگایانەیە کە لەلایەن (جۆن ستیورات میل)ەوە دانراوە بۆ سوود وەرگرتن لەساغ بوونەوەی ئەگەرەکان و دۆزینەوەی ئەو یاسایانەی کە نێوان دیاردەکان بەیەك دەبەستێتەوە.

ئەو ڕێبازەش لەسەر بنچینەیەك دامەزراوە کەئەگەر دیاردەیەك لەکاتێکدا ڕوویدا، پاشان ئەو دیاردەیە لەکاتێکی دیکەدا وەستا، لەهەردوو باریشدا دۆخەکان یان هەل و مەرجەکان هاوشێوە بوون، تەنها یەك دۆخ نەبێت، ئەوا ئەو دۆخە هۆی ڕوودانەکەیە یاخود بەشێکە لەهۆیەکەی.

میتۆدی جیاوازیش بەرامبەر ڕێگای ڕێککەوتن (method of agreement) دێت.

دەست نیشانکردنی التشخیص **Differential diagnosis**

جیاوازی الفارق

ئەو دەست نیشانکردنەی خەسلەتە سەرەکیەکان دیاریدەکات، ئەوانی دیاردەکە لەدیاردەکانی دیکە جیاواز دەکاتەوە.

جیاکاری التمایز **Differentiation**

جیاوازی التباین

پرۆسەیەکە بەهۆیەوە شتێك جیاواز دەبێت (گۆڕانی بەسەردا دێت)، لەو حاڵەتەی کەپێشووتر لەسەری بووە، یان لەشتێکی دیکە کەپەیوەست بووە پێوەی، یاخود گواستنەوەی لەحالەتی هاوچەشنیەوە (homogenous) بۆ حاڵەتی جیاوازی (ناهاوچەشن) (heterogeneous)، هەروەها لەحالەتی لێکچوونەوە بۆ حاڵەتی هەمە جۆر.

ئەگەر جیاوازییەکە لەبونیاد بوو ئەوا ناوی لێدەنرێت جیاکاری مۆرفۆلۆجی (morphological D)، هەروەها ئەگەر جیاوازییەکە لەفەرمانەکەوە بوو، ئەوا ناوی لێدەنرێت جیاکاری فەرمانی (functional D.).

social differentiation.
Ana. individuation

تەماشا بکە:  جیاوازی کۆمەڵایەتی

**Diffusion culture** انتشار الثقافة بڵاوبوونەوەی کلتور

بڵاوبوونەوەی سیما کلتوریەکان لەڕێگەی وەرگرتن و فێربوون یان کۆچکردن لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە یاخود لەکۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دیکە لەهەمان ناوچە.

دەوترێت تێوری کلتور گواستنەوە (diffusionism)، واتە ئەو تیۆرییە ئەنثرۆلۆژیەی گرینگی بڵاوبوونەوە لەگەشەکردنی کلتوری مرۆڤیایەتی ڕووندەکاتەوە، هەروەها جەخت دەکات لەسەر توانای داهێنانە نوێیەکان و گرینگی خواستی بەردەوام و هاوبەشی سیما کلتورییەکانلەمێژووی مرۆڤایەتیدا.

ئەو لێکچوونەی کەهەیە لەناو کلتورە جیاوازەکاندا، بۆوەرگرتن و خواستی ئەو خەسلەتانە دەگەڕێتەوە، نەك بۆ دەرکەوتنی خودی داهێنانە نوێیەکان لەکلتورەکانی دیکە.

**Dignity human** الكرامة الانسانية ڕێزی مرۆڤایەتی

ڕێزو ئابرۆ، واتە ڕێزگرتن لەخودوپێگەی تاك، بەشێك لە فەیلەسوفەکان بنەمای ڕێزو ئابرۆو شکۆمەندی تاك بەبچینەی ڕەوشت دادەنێن و وادەبینن کە ڕێزگرتن لەمرۆڤ سەرچاوەی هەموو ماف و ئەرکەکانە.

**Dilemma**

١ – المأزق تەنگ و چەڵەمە

المُعضلة گێژاو

هەڵوێستێکە پێویست بەوە دەکات مرۆڤ لەنێوان چەند ئەلتەرناتیڤێك کە جێگای ڕەزامەندی نین، یان هەموویان لەبەرژەوەندیدا نین، یەکێکیان هەڵبژێرێت.

٢ – القياس الاقرن پێوەری پێکەوەبەستراو

قياس الاحراج پێوەری تەنگاو

لەلۆژیکدا سەلماندن، یەك لەپێشەکیەکانی مەسەلەیەکی بەگرفت دەبێت و دوو ئەگەری هەیە، پێشەکیەکانی دیکەی ئاماژەن لەسەر ئەوەی کە هەردوو ئەگەر لەو دوو ئەگەرانە، هەمان ئەنجام دەگرنە خۆیان، کە ئەوەش پێوەرێکی دوولایەنەیە، یاخود پێوەرێکە دوو ئاستی هەیە، ئەو پێوەرە ناحەز (یان دژ) تەنگاو و تووشی شلەژانی دەکات و ناچاریشی دەکات ئەنجامەکە پەسند بکات.

**Diminishing returns**

الغَلَة کەمبوونەوەی بەرهەم

المتناقصة بەرووبووم بەرەو کەمبوون

تێورییەکی ئابورییە، پرەنسیپەکانی لەلایەن: ریکاردۆ، مالتس، ستیوارت مل، دانراوە، پوختەی ئەم تیۆرییە ئەوەیە کە زۆر بوون لەهۆیەکانی بەرهەم هێنان لەبواری کشتوکاڵی و بەکارهێنانی کانەکان، دەبنەهۆی کەمبوونەوەیەکی زۆری بەرهەم هێنان.

بەپێچەوانەی پیشەسازی، کە زۆر بوون لەهۆکارەکانی بەرهەم هێنان دەبێتە هۆی بەردەوامی لەزۆربوونی بەرهەم، هەتا هەتایە.

دیپلوماسییەت | الدبلوماسية | **Diplomacy**

هونەری گفتوگۆی سیاسی

بریتیە لەو ڕێساو بنەما تایبەتیانەی پەیوەندیان بەکاری سیاسی نێو دەوڵەتیەوە هەیە، هەندێکیان لەگەڵ هەندێك بەمەبەستی تەبایی ئەو پەیوەندییانە، هەروەها پاراستنی ئاشتی نێو دەوڵەتی.

وشەی دیپلۆماسییەت بەکاردەهێنرێت وەك هاوتایەك بۆ گفتوگۆ (negotiation) یاخود هونەری ڕێککەوتن (compromise) لەسەر مەلەسە سیاسییەکان، هەروەها ئەو زاراوەیە بەکار دەهێنرێت وەك ئاماژەیەك بۆ دامەزراوەی کارگێڕی لەپەیوەندییە نێو دەوڵەتیەکانداو لەگەڵ ئەو خەسلەتە کەسێتیانەی کەبەتوانینی رازیکردن، جیاواز دەکرێتەوە لەلایەن ئەو کارمەندە دیپلوماسیانەی وەك نوێنەر لەناو دەولەتەبیانیەکان کاردەکەن.

دەوترێت کارمەندانی سیاسی (diplomatic corps) وەك ئاماژەیەك بۆ نوێنەرانی دەولەتەبیانیەکان ئەوانی لەوڵاتێکی دیکە بەکاری دیپلۆماسی هەڵدەستن و بەکاری پارێزگاری بەرژەوەندی دەوڵەتەکانیان هەڵدەستن و خاوەن (حەسانە)ی دیپلوماسین.

کرداری ڕاستەوخۆ | العمل المُباشر | **Direct action**

تەماشا بکە: **Action direct**

بەڕێوەبەرێتی گشتی | ١ – المديرية العامة | **Directorate**

یەکەیەکی کارگێڕییە، تایبەتە بەچەند چالاکیەکی سەرەکی یەك لەوەزارتەکان، ئەو بەڕێوەبەریتیە دابەش دەبێتە سەرچەند بەشێکی لاوەکی، کە بەهەندێ ئەرك هەڵدەستن، وەك: بەشی (section) و نووسینگە (office) .

تەماشا بکە: فەرمانگە **department**

ئەنجومەنی کارگێڕی | ٢ – مجلس الادارة

ئەنجومەنێکە پێکهاتووە لەژمارەیەکی دیاریکراوی ئەندامان، بۆ بەڕێوەبردنی چەند جۆرە کۆمپانیایەکی هاوبەش.

ڕێبازی ئاراستەکردنیگشتی | مذهب التوجه العام | **Dirigisme**

جۆرە سیستمێکە لەساڵانی سییەکان (سەدەی بیستەم) لەوڵاتی فەرەنسا، پیادەکراوە، بەپێی ئەو سیستمە دەوڵەت بەئەرکی ئاراستەکردن و چاودێری چالاکیە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان هەستاوە، ئەوەش بەدەستێوەردانی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەکاروبارەکان، دیارە ئەو کارەش بەشێوەی پلاندانان و چەندین ئامرازی دیکەوە ئەنجامدراوە، لەگەڵ پاراستنی چوارچێوەی سیستمە سەرمایەداریەکە.

تەماشا بکە: ئابوری ئاراستەکراو **Economy planed**

پەککەوتەیی | العجز | **Disability**

کەم ئەندامی

مەبەست لەم زاراوەیە بێ توانایی تاکە لەراپەڕاندنی کارەکانی، ئەگەر بەشێوەیەکی کاتی بێت کەپێی دەوترێت پەککەوتەیی کاتی، یان بەشێوەیەکی بەردەوامی بێت کەناوی لێدەنرێت پەککەوتەیی بەردەوام.ڕەنگە ئەو پەککەوتەییە بەشێك لەجەستە (نیمچە پەککەوتە) بگرێتەوە (partial)، یاخود هەموو جەستە بگرێتەوە (total).

سیستمی دەستە بەرکردنی کۆمەڵایەتی چەند دەسکەوت و بەخشینێکی دیاریکراوی هەیە لەحاڵەتی پەککەوتەیی، ئەگەر پەککەوتە بەشداری هەبێت لەگەڵ دەزگای دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئەوا موچەی پەککەوتەیی وەردەگرێت لەو دامەزراوە گشتیانە.

Ana. Invalidity ناتەواوی  پووچی

**Disarmament** نزع السلاح چەك داماڵین

مەبەست لەم زاراوەیە، نەهێشتنی چەکە بەشێوە جیاوازەکانی، یان کەمکردنەوەی ژمارەکانیەتی، ئەو کارەش ڕەنگە بەهۆی ڕێککەوتنی دووقۆڵی یاخود فرەلایەنی بێتەدی، هەروەها ئەو جۆرە ڕێککەوتنانە ڕەنگە چاودێری بەسەر ئەو کاروبارانە بگرێتە خۆی یانیش نەگرێتە خۆی.

**Disaster** الكارثة کارەسات

واتە: بەڵاو کارەساتە کتوپڕەکانی وەك، لافاو، زەوی لەرزینەوەو ڕەشەباو زریان.

لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیەکان گرینگی بەو کارەساتانە دەدەن، ئەوەش لەڕێگای لێکۆڵینەوە لەکاریگەریەکانی بەسەر سیستمی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری تاك و رادەی خۆگونجاندنیان لەگەڵ ئەو کارەساتانەو شێوەی ئەو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیەی کەلەمیانەی کارەساتەکەو دوای کارەساتەکە دەردەکەوێت.

**Calamity** تەماشا بکە: لێقەومان بەڵا

**Discharge** ١- الفصل دەرکردن دوورخستنەوە

هەڵوەشاندنەوەی بۆندی کارکردن کەماوەکەی دیاری نەکراوە، دیارە ئەوەش لەسەر ویستی خاوەن کار دەبێت ئەویش بەهۆی رازی نەبوونی لەشێوەی ئەرك بەجێگەیاندنی کرێکار، یان نەبوونی پێویستی بۆ کرێکار...هتد.

ڕەنگە دەرکردنەکە یاسایی یاخود نایاسایی بێت، هەر بۆ ئەوەی لەتوانادا بێت سیاسەتێکی دروست بۆ کێشەو بابەتەکانی کار لەناو دامەزراوەکە دابنرێت، ئەوا تێکڕای دەرکردن ڕەچاو دەکرێت، بەڕەچاوکردنی ئەوەی کەیەك لەپێوەرەکانی خولانەوەی کارە.

٢- أخلاء السبيل بەردان ئازادکردن

مەبەست لەم زاراوەیە بەرەڵلاکردنی بەنکراوە (discharge from prison) ڕەنگە ئەو بەرەڵلاکردنەی بەندکراوەکەش مەرجدار بێت (conditional discharge or probation)، واتە کەسی ئازاد کراو لەژێر چاودێری دەمێنێتەوە.

**Discipline** ١- نظام ضبط السلوك دیسپلین زەبت و رەبت

ڕێساکانی ڕاگرتن و چاودێری کردنی ڕەفتار یان کار، دەوترێت ڕاگرتنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی (social discipline) وەك ئاماژەیەك بۆ هەستانی خێزان یان کۆمەڵ یاخود نەتەوە بەئاراستەکردن و چاودێری رەفتاری تاك، هەروەها دەوترێت، نەبوونی سیستم (lack of discipline) هەروەك بۆ پارێزگاریکردنی سیستم و یاساکان لە ناو دامەزراوەکان، چەند ڕێ و شوێنێك بۆ لێپرسینەوەو سزادانەکان دادەنرێت (regulation of disciplinary peralties)، ئەو ڕێساو ڕێ و شوێنانە سەرپێچیەکان دیاریدەکەن، لەگەڵ سزای هەر جۆرێکیانیش، ئەگەر سەرپێچیەکە لەلایەن کرێکارەوە ڕوویدا بێت (disciplinary offence) ئەوا بەرامبەری بڕیارێکی سزادان وەردەگیرێت (disciplinary proceeding) وەك تاوانبارکردنی و ڕووبەڕوو بوونەوەی لێکۆڵینەوەو سزادانی، ڕەنگە سەرپێچی کەر ڕەوانەی دادگاش بکرێت، لەبەردەم

ئەنجومەنێکی لێپرسینەوە سزای بەسەردا بسەپێنرێت (disciplinary council ) کەبڕیارێك دەربارەی دەربچێت.

2- لقێکە لەزانین، یان توێژینەوەی میتۆدی

دۆزینەوە | الكشف الاستكشاف | discovery

تێگەیشتنی دیاردەکان، یان ئەو پەیوەندییانەی کەپێشتر نەزانراون، هەروەها بۆ ئەوەی دۆزینەوە هەڵگری مانایەکی کۆمەڵایەتی بێت واپێویست دەکات کەپەیوەست بێت بەڕەوت و سیستمە هەبووەکان، هەروەها ئەوانی تایبەتن بەبیروباوەڕو زانینەوە، کەلەدوایشدا تێکەڵاوی کلتور دەبنەوە.

لێرەدا جیاوازی لەنێوان دۆزینەوە (discovery) و داهێنان (invention) بەدی دەکرێت.

دۆزینەوە بەدەست هاتنی زانستە دەربارەی ئەو کارو بارە راستیانەی هەیە، وەك دۆزینەوەی شوێنەوارەکان، لەکاتێکدا (داهێنان) دۆزینەوەی کاروباری نوێیە کەپێشتر بوونی نەبووە، وەك داهێنانی ئامێرەکان.

جیاوازی ڕەگەزایەتی | التفرقة العنصرية | Discrimination racial

هەر جۆرە جیاوزییەك یان بەلاداخستن و یاخود بەچاکتر زانینێك لەسەر بنچینەی رەگەز، یانیش ڕەنگ و یان جۆر (نێر یان مێ) و یاخود بیروباوەڕی سیاسی، یانیش ڕەچەڵەك و نیشتمان، یان لەسەر بنچینەو سەرچاوەی کۆمەڵایەتی، ئەو بارەش ڕەنگە ببێتە هۆی ڕێگرتن یان خراپ ڕێگا پێدان بەیەکسانی لەدەرفەرتدا.

ئەو وڵاتانەی کە بەرهەڵستی و دژایەتی لەدیاردەی جیاوازی ڕەگەزایەتی دەکەن، ئەوانە هەڵدەستن بەدارشتنی چەندین یاساو ڕێنمایی کەپشت بە بنەمای یەکسانی و هاوتایی لەدەرفەت پێدان دەبەستێت، (antidiscrimination legislation)

تەماشا بکە: جیاوازی کۆمەڵایەتی | Social discrimination

پچڕان نەبوونی پەیوەندیکردن | الانقطاع عدم التواصل | Discontinuity

پچڕان لەزنجیرە بەدوایەکەکانی گفتوگۆ یان پەیوەندیکردن، حاڵەتەکە ئاماژە بۆ جیاکردنەوەی نێوان بازنەکانی پێشوو ئەوانی دواتر دەکات، وەك پچڕانی پەیوەستی لەنێوان کۆمەڵگە جیاوازەکان، هەروەها پەیوەندی لەنێوان هۆو ئەنجامەکان...هتد.

درککردنی ژیرانە | الادراك المنطقي | Discursive congnition

واتە جێگۆڕکێ کردنی ئەقل لەپێشەکیەکانەوە بۆ ئەنجامەکان، لەبەرامبەریشیدا درك پێکردنی زەینی (intuitive cognition) دێت، واتە ئەوەی بەهۆی زەین ڕوونی یاخود بێ بەڵگەویستن تێگەیشتنی بۆ دەکرێت.

دیالۆگی بەکۆمەڵ | المناقشة الجماعية | Discussions group

ئەو گفتوگۆیەی لەنێوان کۆمەڵە کەسانێك ئەنجام دەدرێت، دەربارەی بابەتێك کەجێگای بایەخپێدانی هەموویانە، گفتوگۆکەش دۆستانەو دوور لەڕێ و ڕەسمە فەرمیەکانەوە دەبێت، بەڕێگای لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی هەموو لایەنەکان بۆ ڕوونکردنەوەی بیروبۆ چوونەکان دەربارەی بابەتی باسەکە.

**Discussion group** مجموعة المناقشة گروپی دیالۆگ

بریتیە لەکۆمەڵە کەسانێك یان چەند لێکۆڵەرێك بۆ گفتوگۆ کردنی بابەتێکی دیاریکراو کەدەخرێتە ڕوو بەمەبەستی زۆرتر ڕوونکردنەوەو تیشك خستنە سەر لایەنە جیاوازەکانی و گەیشتن بەچەند ئەنجامێکی دیاریکراودا.

گروپەکانی دیالۆگ لەڕاهێناندا بەکار دەهێنرێت.

**Disease** المرض نەخۆشی

نەخۆشی جۆرێکە لەشلەژان و شپرزەیی، باری تەندروستی جەستەیی و ئەقلی دەگرێتەوە، هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕن لەڕوودانی زۆر لەو نەخۆشیانە، ڕەنگە کارتێکردنی ئەو هۆکارانە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بن، لەزۆر کردن یاخود کەمکردنەوەی ئەگەرەکانی تووش بوون بەنەخۆشی.

هەروەها فاکتەرە کۆمەڵایەتیەکان، لە هۆیەکاریگەرەکانی بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشیانەن، دیاردەی نەخۆشیش دەگۆڕێت بەپێی ناوچە جوگرافیەکان، تێکڕای گۆڕانکاریەکانیش لەو دیاردەیە بارودۆخە ئابوری و کولتوریەکان دەگرێتە خۆی، کەکارتێکردنی تووندیان بەسەر ئەو ژینگەیەدا دەبێت و دەبنە هۆ بۆ تووش بوونی تاك و ئامادەیی بۆ نەخۆشی.

**Dis economy** عدم الاقتصادية نائابوری

کاریگەرە خراپەکانی فراوان بوونی ئابوری الاثار السيئة للتوسع الاقتصادي

ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ ئەو ئاسەوارە نەرێنیانە کەدەرئەنجامی فراوانبوونی چالاکی ئابورییە، ئەگەر لەبواری بەرهەمهێناندا بێت یان بەکاربردن.

لەئاسەوارە ڕاستەوخۆکانی ئەو دیاردەیە، پەیدابوونی دوکەڵی بێزارکەرو پیس بوونی ڕووبارەکانە، بەڵام لەئاسەوارە ناڕاستەوخۆکانیشی، ئەوا بەهۆی سیستمی خواست و خستنەڕووی بەرهەمەکان روو دەدەن، هەروەك لەحاڵەتی بەرزبوونەوەی نرخەکان پەیدا دەبێت، ئەویش بەهۆی زۆر بوونی خواست لەسەر کەل و پەل و کەرەستەکان، یانیش زۆر بوونی جۆرە بەرهەمێك (کاڵایەك) لەسەر حیسابی بەرهەمێکی دیکە.

هەر لەهۆیەکانی ڕێبازی (نائابوری) فراوان بوونی خەرجیە رووکەشەکانە، کەدەبنە هۆی بەرز بوونەوەی تێچووی بەرهەم، یاخود زۆر بوونی قەبارەی یەکەی ئابوری زیاتر لەبارێکی نموونەیی بۆ ئەو یەکانە.

**Dis engagement** فسخ الخطوبة هەڵوەشاندنەوەی نیشانکردن

مەبەست لەم زاراوەیە، ئەوەیە کە هەر لایەك لەو دوولایەنەی بەڵێنی هاوسەرگیریان داوە پاشگەزببنەوە لەبەڵێنەکەیان، هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیری، ڕێگابەوە نادات کە یەکسەر لایەنێك داوای مافی قەرەبووی بکاتەوە، هەر مەرجێکیش بۆ سزادانرابێت، بەمەبەستی زامنکردنی هاوسەرگیرییەکە، ئەوە بەڕاست دانانرێت.

ئەگەرچی لەهەندێ یاسای دادوەریدا، برگەی سزادان دادەنرێت بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانەکان ئەگەر مادی بن یان مەعنەوی، کەدەکەوێتە ئەستۆی لایەنی پاشگەزبوو ئەگەر هۆیەکی ڕاستی نەبوو.

تەماشا بکە: نیشان کردن داخوازی **Engagement**

**Disequilibrium** اللاتوازُن ناهاوسەنگی

الاختلال تێکچوون

مەبەست لەزاراوەی ناهاوسەنگی لەڕووی ئابوریەوە، ئەو دۆخەیە کە تێیدا هێزە خودییەکان دەبنە هاوسەنگێکی ناکارا، یان بێ سوود دەبن، هەروەها مەبەست لەزاراوەکە بەدی نەهاتنی هاوتاییە لەتەرازووی پارەپێداندا.

ڕەنگە ئەو ناهاوسەنگیە بەڕێککەوت یاخود وەزری و یانیش خولی بێت، هەروەها ڕەنگە بونیادی بێت، دەکرێ ئەرێنی بێت کە لەشێوەی زێدەیەك لە تەرازووی پارەپێدان بەدی بێت، یان نەرێنی بێت و لەشێوەی کورتهێنان لە تەرازووی پارەپێدان بێتەدی.

دەوترێت ناهاوسەنگی دەروونی (psychic disequilibrium) کەلە هەڵچوونێکی توندو ناسەقامگیر دەردەکەوێت.

تەماشا بکە: تێکچوونی هاوسەنگی کۆمەلایەتی — **Social disequilibrum**

**Ant. Equilibrium**

نەگونجان — اختلال الانسجام — **Disharmony**

نەسازان — عدم التوافق النشاز

واتا دوورکەوتنەوە لەیەکترو دژایەتی نێوان شتەکان، یان کەسەکان، هەروەها دەرچوونیان لەڕێساراهاتووەکان، ئەویش بەهۆی جیاوازی لەسروشت یاخود بیروڕا یانیش هەرشتێکی لەوبارەوە.

تەماشا بکە: گونجان — **Harmony**

هەڵوەشانەوە — التفكك — **Disintegration**

پارچە پارچە بوون

تێشکانی یەکگرتوویی سیستم و دارمانی تەواوکاریەکەی، ئەگەر لای تاك بێت یان کۆمەڵ یاخود رێکخراوەکە، بەشێوەیەکی باوونائاسایی قۆناغی لێکترازان دەکەوێتە پێش ئەم قۆناغەوە.

دەوترێت : هەڵوەشانەوەیکۆمەلایەتی — **Social disintegration**

دەرکردن لەکار — الفصل من العمل — **Dismissal**

تەماشا بکە: دەرکردن — **Discharge**

یاخی بوون — العُصيان — **Disobedience**

ملکەچ نەبوون بۆ ئەو کەسەی کەمافی گوێڕایەڵ بوونی هەیە، دەوترێت یاخی بوونی مەدەنی (civil disobedience)، بەمەبستی بەرهەڵستی کردنی تاکەکان دژ بەدەسەلاتدارانی مەدەنی، لەبواری پەیوەندییەکانی کارکردنیش مەبەست لەیاخی بوونی کرێکار، لادانیەتی بەئەنقەست لەو سیستەمەی کەبڕیاری لەسەردراوە، یاخود گوێڕایەڵ نەبوون بۆ فەرمانی سەرکردەکان.

پشێوی — الاضطراب — **Disorder**

ئاژاوە — الفوضى

هەر شتێك لەبارێکی ئاژاوەو پشێویدا بێت و سیستمیشی لەدەست دابێت، هەروەها ماناکە ئەوەش دەگەینێت، کەهەر دیاردەیەك پێچەوانەی یاساو دژی ڕەوشت بێت، دەوترێت ناتەواوی ئەقلی (mental disorder) واتە حاڵەتێکی نەگونجانی کەسێتی، بەهۆی درزبوونێکی جەستەیی، یان کۆمەلایەتی و یاخود هەڵچوون، لەم بارەدا کەسەکە دەبێتە کەسێکی هەڵوەشاوەو لادەرو تێکچوو لەڕووی دەروونیەوە، دیارە ئەم دیاردەیەش چەند شێوەیەکی جیاواز وەردەگرێت بەپێی پۆلینکردنی پزیشکانی تەندروستی دەروونی.

لادان لەڕەوشتی ئاسایی | فقدان الاتجاه
الانحراف عن الوضع السوي | Disorientation

دیاردەیەکی دەروونیە، هەندێ جار بەشێوەیەکی کاتی تووشی مرۆڤ دەبێت، بەهۆیەوە درك بەپەیوەندییەکانی خۆی بەکات و شوێنی ناکات، یان پەکی دەکەوێت لەناسینی خودی خۆی، ئەوەش بەهۆی کاریگەری نەخۆشیەك یاخود کارتێکردنی مادە بێهۆش کەرەکان و یاخود هەر شتێکی دیکە.

خراپی ڕێکخستن
تێکەل و پێکەڵی | سوء التنظیم
التفكك، الاختلال | Disorganization

پرۆسەی هەڵوەشانەوە یان نوشست هێنانی پرۆژەیەك کەبەشێوەیەکی سیستماتیك کاری دەکرد، مەبەست لەزاراوەی خراپی ڕێکخستن، جۆرێکە لە کەم و کورتی و ناڕێکی ئەو کارکردنە، کە دەبێتە هۆی لەدەستدانی ڕەفتاری ڕێك و پێك و هەمە لایەن و تەواو.
زاراوەکە بەکار دەهێنرێت ئەوەندەی پەیوەندی بەهەریەك لە کەسە مرۆڤایەتیەکان و گروپە کۆمەڵایەتیەکان هەیە.
دەوترێت:
هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگە (community disorganization)
هەڵوەشاندنەوەی ئابوری (economic disorganization)
هەڵوەشاندنەوەی خێزانی (family disorganization)
هەڵوەشاندنەوەی کەسێتی (personal disorganization)
تەماشا بکە: هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵایەتی — Social Disorganization

تیمارگە | المستوصف | Dispensary

جێگایەکی تەرخانکراوە بۆ جێبەجێکردنی کاروپشکنینی پزیشکی بۆ خەڵك و کەسانی پێویست هەروەها چارەسەکردنیان، دیارە جێگاکەش پێداویستیەکانی پشکنین و چارەسەری تێدا ئامادە کراوە.
تیمارگە بەزۆری ئەو خزمەتگوزارییە پێشکەش بەهەژاران دەکات بێ بەرامبەر یان بێ وەرگرتنی هەر بڕە پارەیەك.
تەماشا بکە: شوێنی پشکنینی پزیشکی — Clinic

پەرت بوون
پەرتەوازەیی | التشتت | Dispersion

مەبەست لەپەرش و بلاوی لەهەر گروپێکدا دوورکەوتنەوەی نێوان تاکەکانیەتی، جیاوازی و ناتەبایی نێوانیانە، ئەو جیاوازییەش بچووك دەبێت ئەگەر جیاوازی لەنێوان بەها بڕیار لەسەر دراوەکان کەم بوو، هەروەها پەرش و بلاوییەکە گەورە دەبێت ئەگەر جیاوازییەکەی نێوانیان گەورە بوو.
بەم جۆرە دەکرێ ڕادەی پەرش و بلاوییەکە بەکەم یان گەورە وەربگرین، وەك بەلگەیەك لەسەر کۆبوونەوەو نزیکبوونەوەی بەهاکان لەیەکتر، یاخود لەسەر جیابوونەوەو دوورکەوتنەوەیان لەیەکتر، بەو شێوە پێوەرێکمان لادەبێت بۆ ڕادەی هاوشێوەیی یان ناهاوشێوەیی گروپە ئامارییەکان.
لێرەدا چەند ڕێگایەکی ئاماری هەیە بۆ پێوانە کردنی پەرش و بلاوی، گرینگترینیان:
1- ڕێگای مەدوای ڕەها Range
2- ڕێگای نیوەی چارەکی مەودا semi-inter-quartile range
3- ڕێگای لادانی نێوەندەیی mean deviation
4- ڕێگای لادانی پێوانەیی standard deviation

گواستنەوە
(لەجێی خۆ لادان)
النقل
الازاحة
**displacement**

مەبەست لەم زاراوەیە لەشیکردنەوەی دەروونیدا، گواستنەوەی شارەزاییەکی ویژدانیە لەبابەتە پەیوەستدارە راستیەکەوە بۆ بابەتێکی نوێ وەك بەستنەوەی رق و ڤین کەلەڕاستیدا ئاراستەی باوك کرابوو، بە مامۆستا یان سەرۆکی کارکردن، هەروەها بەستنەوەی خۆشەویستی کە لەڕاستیدا ئاراستەی منداڵ کرابوو، بە گیاندارانی ماڵی.
لەبواری کارکردنیشدا، دەوترێت: ئاڵ و گۆڕکردنی کرێکاران (displacement of labour) واتە ئامێرەکان جێگای کرێکاران بگرنەوە.
هەروەها گواستنەوەی کارامەیی (displacement of skill) واتە لەدەستدانی دەرفەرت بۆ ئەوەی کرێکاران سوود لەشارەزاییەکانیان وەربگرن، ئەویش لەبەرامبەر تێکڕای ئەو رۆژانەیەی کەدەکرێ بێتە دەست پێش بەکارهێنانی ئامێرەکان.

فەرمان
بڕینەوەی کاروبار
١ – الحُکم
**Disposition**

زاراوەکە لەڕووی یاساییەوە بەکار دەهێنرێت وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو ڕێگا جیاوازانەی کەدادگا پەنایان بۆ دەبات بەرامبەر ئەو کەسەی دادگایی دەکرێت.
ڕەنگە دادگا، بڕیاری بژاردنی زیانەکانی بەسەردا بسەپێنێت، یان بەندکردن، یاخود دانانی تاوانبار لەژێر چاودێری، یانیش زیندانی کردنی بۆماوەیەکی دیاریکراو..هتد.

ئامادەیی خۆڕسکی
٢ – الاستعداد الفطري

لەدەروونناسیدا، مەبەست لەم زاراوەیە، توانای تاك لەهەستانی بەچەند کردارێکی بەدەنگەوە هاتن بۆ پاڵنەرێك یاخود وروژێنەرێك ئەگەر بەشێوەی جوولە بێت یاخود بەشێوەی ئەقلی.

کێشمەکێش
ململانێ
النزاع
**Dispute**

مەبەست لەم زاراوەیە، دژایەتی یان ناکۆکی لەنێوان دوو هەڵوێستدا، واتە بوونی بەرژەوەندیەك کە لایەك زیان بەبەرژەوەندی لایەنەکەی دیکە بگەینێ، یاخود ڕێگربێت، لەبەردەم دروست بوونی، ئەم جۆرە جیاوازییەش پشت بە بوونی مافێك دەبەستێت یانیش رادەی ئەو مافە.
ململانێ (کێشمەکێش) لەبواری کاردا، لەنێوان خاوەن کارو کرێکاران ڕوودەدات، دەکرێ ئەو ناکۆکیە یاسایی بێت (legal dispute) واتە پەیوەندی بەپیادەکردنی یان راڤەکردنی یاسایەك یاخود ڕێنمایی و بڕیارێك هەبێت، هەروەها ڕەنگە ململانێیەکە ئابوری بێت (economic dispute) ئەویش دەربارەی چەند کاروبارێك کەلەیاسادا باسی نەهاتبی، بەڵکو بەپێی بنەماکانی دادپەروەری پشتی پێ ببەسترێ و کاری پێ بکرێت.

لێکترازان
دابەشبوونی کەسێتی
انفصام
انحلال الشخصية
**Dissociation**

لەدەروونناسیدا تێکچوونێکی ئەقلیە، بەهۆیەوە کۆمەڵە هزرو بیروڕایەك لەسنوری کەسی هۆشیار دەردەچێت، دیارە ئەوەش بەهۆی حالەتی خەفەکردنەوە روودەدات و بەجۆرێك لەوکات و ساتەدا، حاڵەتەکانی یادکردن یان هۆش و ئاگایی مرۆڤ درکی پێ ناکات.

ئەم دیاردەیە بەحالەتێکی نەخۆشی دەزانرێت، کەسەکە والێدەکات پەکی بکەوێت و توانای ئەوەی نەبێت کە یەکگرتوویی دەروونی بەدی بهێنێ کەکۆلەکەی کەسێتی هۆشیارە.

نەگونجانی درك پێکراو | التنافر الادراكي | Dissonance cognitive

تیۆرییەکە لەلایەن (festinger)ەوە دانراوە، بەپێی ئەو تیۆرییە، تاك بەجۆرە یەکگرتنێکی ناوخۆیی جیاواز دەکرێتەوە لەهەست و بیروباوەڕو بۆ چوونەکانی، هەروەها کردارەکانیشی بەیەکەوە هاوسەنگیەکی یەکسان پێکدێنن.

ئەگەر ئەو کەسە ناچار بوو کارێك ئەنجام بدات و کارەکەشی لەگەڵ ئاراستەی بەهاکانی دژبوو، ئەوا حالەتەکە دەبێتە هۆی خولقاندنی درزێك لەگونجاندنی نێوان هەست و سۆزەکانیەوە لەلایەك لەگەڵ بیرو بۆ چوونەکانی خۆی دەربارەی ئەوانی دیکە لەلایەکی دیکەوە، لەئەنجامدا حاڵەتێك لەنەگونجان و لێك دوورکەوتنەوەی درك پێکراو دروست دەبێت، دیارە ئەوەش دەبێتە هۆی شپرزەیی دەروونی لای تاك.

ڕەهەندی ژینگەیی | المسافة الايكولوجية | Distance ecological

دووریی شوێن لەنێوان دوو ناوەند، ئەو دوورییەش لەسەر بنچینەی تێچووەکانی گواستنەوەی تاك و کاڵاکان دەپێورێت لەنێوان ئەو دوو ناوەندە.

ڕەهەندی کۆمەڵایەتی | المسافة الاجتماعية | Distance social

تەماشا بکە: Social distance

ڕابواردن خلافاندن | ١ – اللهو التسلية | Distraction

تەماشای سەیران، ڕابواردن بکە: Amusements

پەرتەوازە بوونی مێشك وروژێنەری دەرەکی سەرنجبەر | ٢ – تشتت الذهن

دوورکەوتنەوەی وریایی و ئاگایی لەبابەتێکی دیاریکراودا، ئەگەر ئەو بابەتە هزری بێت یان خەیاڵی، ئەوەش بەهۆی وروژێنەرێك دەبێت کەپەیوەندی بە بابەتەکەوە نەبێت.

هەروەها مەبەست لەم زاراوەیە حاڵەتێك لەنەبوونی چڕکردنەوەی ئاگایی و هۆشیاری لەگەڵ دابەش بوونیشی لەنێوان چەند بابەتێك.

کارەسات | ١ – الكارثة | Distress

تەماشا بکە : Calamity

دەست بەسەر ٢ - الحجز
داگرتن
دەست داگرتن بەسەر موڵك و سامانی قەرزار کرێگرتە بەمەبەستی فرۆشتنی مولك و سامانی لەڕێگای دادگاوە، هەروەها وەرگرتنی قەرزەکان لەداهاتی ئەو فرۆشراوانە.

دابەشکردن التوزيع **Distribution**

لەزانستی ئابوریدا، مەبەست لەم زاراوەیە دابەشکردنی کارو فرمانی داهاتی نەتەوەییە، ئەویش لەنێوان فاکتەرەکانی بەرهەمهێنان، ئەوانی لەخولقاندنی ئەو داهاتە بەشداری دەکەن، پاشانیش دابەشکردنی لەسەر شێوەی قازانج و سوودو موڵکانەو کرێ.
زاراوەکە بەکار دەهێنرێت لەبواری باسکردنی ئەو بەشە بازرگانییەی کەپەیوەستە بە جولەی کالاوکەرەستەو کەل و پەل، لەدەستی بەرهەمهێنەرانەوە بۆ دەستی بەکار بەران.
زانستی ئابوری کۆمەلایەتی، لەبابەتی (دابەشکردنی کۆمەلایەتی) دەکۆڵێتەوە، واتە توێژینەوە دەربارەی دابەشکردنی خاوەنداریێتی هۆکارە جیاوازەکانی بەرهەم هێنان، بەسەرتاکەکانداو لەدوایشدا لێکۆڵینەوە لەهۆیەکانی جیاواز بوونی داهاتەکانیان.

دابەشکردنە ئامارییەکان التوزيعات الاحصائية **Distributions statistical**

تەماشا بکە: دابەشکردنی دوو ڕادەیی (دووسەرە) **Binomial distribution**

دابەشکردنی چەند جارەیی **Frequency distribution**

ناوچە هەرێم المنطقة المقاطعة **District**

ناوچە لەڕووی کارگێڕییەوە، تایبەتە بەدەسەلاتێکی کارگێڕییەوە، خاوەن کەسێتیەکی مەعنەوییە، لەلایەن پارێزگارەوە یان بەڕێوەبەرێك بەڕێوە دەچێت، هەروەها ئەنجومەنێك لەدانیشتوانی ناوچەکەو چەند سەرکردەیەکیش هاوکاری دەکەن.
لەڕووی ئیکۆلۆجیەوە، مەبەست لەهەرێم، ئەو ناوچەیەیە کەبەچالاکیەکی دیاریکراو جیاواز دەکرێتەوە، وەك ناوچەی کاروبارەکان (business district) و ناوچەی نیشتەجێ بوون (residential district)

پەشێوی تێکدانی ئاسوودەیی الاضطراب **Disturbance**

پشێوی، ئاژاوە **Cf. disorder**

لێك دوورکەوتنەوە لق لێبوونەوە التَباعد التَشعب **Divergence**

لەناوەندێکی هاوبەشەوە، ڕوو لەچەند ئاراستەیەکی جیاوازدا بکرێت، یان لادان لەشێوەیەکی دیاریکراودا، یاخود لەوشێوەیەی کەراهاتوون لەسەری.
لەبەرامبەر ئەم زاراوەیە، زاراوەی یەکگرتنەوە (convergence) دێت، واتە ئارەزووی بەیەك گەیشتن لەیەك خاڵدا.

**هەمەچەشن** | **التنويع** | **Diversification**

**جۆرجۆربوون**

بابەتێك چەند شێوەیەکی جیاواز وەربگرێت، هەروەها مەبەست لەزاراوەکە بەکارهێنانی ماڵ و سامانە لەچەند پرۆژەیەکی جیاوازدا، یان لەبەرهەمهێنانی چەند جۆرە بەرووبومێك یاخود چەند کاڵاو بەرهەمێکی جۆراوجۆر.

**فاڵ گرتنەوە** | **العرافة** | **Divination**

**خەمل لێدان** | **علم الغيب**

ئەو کاروکردارانەی جادووگەر (fortune - teller) پێی هەڵدەسێت، دیارە ئامانجیش پێش بینی کردنی ئایندەیە، ئەویش بەپشتیوانی چەند هۆکارێکی لەسروشت بەدەر، یان جادوو سیحرگرتنەوە، وەك زانستی ئەستێرەگەری (astrology) یاخود گەشبینی و ڕەش بینی بەسەرنجدانی فڕینی باڵندەکان (augury)، یانیش ئامادەکردنی رۆحی مردوان (necromancy)، هەروەها جادووگەری بەهۆی خوێندنەوەی ئێسکە سووتاوەکانی دەفەی شانی گیانداران (scapulimancy) لەگەڵ کردنەوەی دەستە سڕ (crying) و فڕێدانی زار (sortilege) و جادووگەری لەڕێگەی بەکار هێنانی کاغەزی یاریکردن (cartomancy).

**پاشایەتی پیرۆز** | **المَلكيةالمؤلهة** | **Divine kingship**

**(خوایانە)**

سیستمێکەلەزۆربەی ئەو کۆمەڵگایانەی ناوەندی سیاسییان لەدەستداوە بوونی هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێك لەگردبوونەوەو پێگەی مەعنەویتێدافەراهەم بووە، کەدەرفەت دەدات هێمایەکی هاوبەش لەسەر شێوەی پاشایەتی نوێنەرایەتیان بکات.

سیستمەکە بریتیە لەڕەوتێك یان شێوزێك لەبیروباوەڕو بەهاکاندا، لەدەوری ئەو ڕێبازە (یان ئەو باوەڕە) چڕ بۆتەوە، کەدیدی وایە دوای دامەزراندن و کارپێ سپاردن بەو خاوەن پێگەو پایە، ئەوا وەك پلەیەك یاخود پێگەیەکی لێ دێت بۆ خوداوەند، یان پاشایەکی پێشو یاخود پاڵەوانێکی پەرستراو (وەك خودا تەماشا کراو)، دیارە ئەنجامی ئەو دیاردەیەش:

1- بوونی داب و نەریتە قەدەغەکراوەکان (taboos) کە پەیوەندی نێوان شاو کەسەکان یان شتەکان یاخود چەند بوارێکی کاری خراپ و گڵاو، دووردەخاتەوە.

2- باوەڕبوون بەوەی کە حاڵەتی شا لەڕووی جەستەیی و مەعنەوییەوە کاریگەری دەبێت لەسەر خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە، هەروەها لەسەر کشتوکاڵ و گیانلەبرانیشدا.

3- دەرکەوتنی نەریتی کوشتنی پاشاکان، یان بەشداریکردن لەکوشتنیان، ئەگەر بۆ چوون و بەرژەوەندی هاوبەش وابوو، کەپاشا شایانی ئەو پێگەیە نیە. لەدیدی (frazer) پاشا خوداوەندەکان بریتین لەچەند شێوەیەکی گوازراوەی نێوان سەردەمی سیحرو سەردەمی ئایین، پاشا خەلیفەی ئەو جادووگەرە سیحر بازەیە، کە وردە وردە ڕووی لەگۆڕینی کاروکردەوەی سیحرکردووە بەرەو نوێژو پێشکەش کردنی قوربانی.

**مافی خودایی** | **الحق الالهي** | **Divine right**

بنمایەکە دەڵێت: پاشاکان مافی حوکمڕانی لەدایکبوونیانەوە وەردەگرن و پشتاو پشت بۆیان دەمێنێتەوە، ئەویش بەپێی یاساکانی خوداو سروشتدا، ئەو فەرمانڕەوایەی باوەڕی بەم مافە خودایییە هەیە، خۆی بەبەرپرسیار نازانێت لەو کردەوانەی کەبەرامبەر گەلەکەی پێی هەڵدەسێت.

بەش هەرێم | ١ – القسم، المنطقة | **Division**
کارگێڕی لاوەکی | الادارة الفرعية

مەبەست لەم زاراوەیەدا،لەبواری کارگێڕی، یەکەیەکی لاوەکیە بەشێك لە دامەزراوەی کارگێڕیدا، تایبەتە بەچالاکیەکی سنوردار، هەروەها دەوترێت، ئەنجومەنی هەرێم (divisional council) ئەو ئەنجومەنەی کە ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێمێکی دیاریکراوی لە ئەستۆدایە.

دابەشکردن | ٢ – التقسيم

لەزانستی لۆژیکدا، دابەشکردن بریتیە لەڕوونکردنەوەیەکی دوورو درێژی ئەو جۆرانەی کەڕەگەزێك لەڕەگەزەکان لێی پێکدێت، هەروەها ئاشکراکردنی ڕووە لەیەکچووەکان و ڕووەجیاوازەکانی نێوانیان.
دابەشکردنی لۆژیکی جیاواز دەبێت لەو دابەشکردنە سروشیتەی کەئامانجی شیکردنەوەی شتێکە بۆبەشەکانی.

دابەشکردنی کار | تقسيم العمل | **Division of labour**

1- لەکارو باری کۆمەلآیەتیدا: دابەشکردنی ئەو کاروبارانەو ئەو خزمەتگوزاریە جیاوازانەی کەلەکۆمەڵگەدا ئەنجام دەدرێن، بەپێی جیاوازی تاکەکان بۆ ئەوەی پێی هەستن، پاشان بەدەستهێنانی شارەزایی و پسپۆری لەفرمانە کۆمەلآیەتیەکان لەڕووی ئابوری و سیاسی و یاساییەوە...هتد.
2- لەبواری ئابوریدا: دابەشکردنی کار لەنێوان ئەوانەی پێی هەڵدەستن، ئەویش لەسەربنچینەی کار کردنی کرێکار لەیەك کارداو بەپێی لێهاتوویی ئامادەیی کە دەبێتە هۆی زۆر بوونی پێداویستی بەر هەمهێنان و گەشەکردنی کارامەیی بەمەبەستی بەردەوام بوونی کرێکار لەیەك کرداردا.
دەوترێت: دابەشکردنی جوگرافی بۆ کار (geographical division of labour) وەك هێمایەك بۆدابەش بوونی هەر ناوچەیەك بۆ جۆرێکی دیاریکراوی بەرهەمهێنان بەپێی بارودۆخەکەی.

تەلاق
جیابوونەوە | الطلاق | **Divorce**

مەبەست لەم زاراوەیە، هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیرییە، ئەویش بەپێی ئەو هۆیەی کەلەیاسادا دیاریکراوە، ئەو نەریتانەی کە ڕێگا بەتەلاقدان دەدەن، جیاوازن بەپێی جیاوازی کۆمەڵگاکان، هەر لەنێوان گرینگترین هۆیەکانی تەلاقدان (grounds of divorce) زینا، کۆچکردن بۆ ماوەی چەند ساڵێك، توندوتیژی، شێتی ئەگەر چاك بوونەوەی نەبێت.
مافی ژنیش لەداواکردنی تەلاق کەمترە تادەگاتە مافی پیاو، لێرەداجیاوازی هەیە لەنێوان جیابوونەوە (separation) و تەلاقدان.
لەتەلاقداندا، هەردوو ئازادن لەوەی هاوسەرگیری نوێ پێك بهێنن، لەکاتێکدا لەحالەتی جیابوونەوە کارەکە تەنها لەو سنوورە دەوەستێت کەپەیوەندی جەستەیی لەنێوانیاندا روونادات و هەرلایەکیش لەخەوتن و خواردنیان سەربەخۆن.

پزیشك | الطبيب | **Doctor**

کەسێکی لێهاتوو پسپۆرە هەڵدەستێت بەچارەسەرکردنی نەخۆشەکان، ئەم زاراوە ئینگلیزییە لەچەند حاڵەتێك بەکاردەهێنرێت، وەك ئەوەی بوترێت: پزیشکی خێزان (family doctor)، پزیشکی قوتابخانە (school doctor) .
لەئەنثرۆپۆلۆجیادا دەوترێت: پزیشکی سیحرباز (witch doctor) ئەوەشیان چەند جۆرێکە: پزیشکی مار (snake doctor) بۆ ئەو کەسەی دژی ژەهری مار بەرگری پەیدا کردووە، ئەویش بەقوتدانی بڕێکی زۆری ئەو ژەهرە

دێتـەدی، کـە دەکـرێ ئـەو بەرگرییـە لەلایـەن کەسـانی دیکـەوە بـەدەس بهێنرێـت بـەڕێگای خشـاندنی ئـارەقی سـیحربازە کـە بەپێستی ئەو کەسانە.

هـەروەها دەوترێـت، پزیشـکی قسـەکەر (talking doctor) بەوکەسـەی ئەفسـانەی خولقانـدنی ژیـان دەخوێنێتـەوە، وەك ئامرازێك بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش، هەروەها ئەو کەسانە ئەرکی نوێژی بەکۆمەڵ لەئاهەنگە پیرۆزە جیاوەزەکاندا دەگرنـە ئەستۆ.

تەماشا بکە: پزیشك، دکتۆر **Physician**

باوەڕ | العقيدة

ڕێباز | المذهب

**Doctrine**

بیروراپەکی فەلسەفی یان ئاینیە، یاخود ئەو بنەمایانەی کە تائیفەیەکی ئاینی یانیش هەرکۆمەڵێك پەیڕەوی دەکەن.

هەروەها مەبەست لەم زاراوەیە، ئەو ڕێبازو بیروباوەڕانەی رەفتاری تاکەکان ڕێك دەخات، بێ ئەوەی هـیچ بەڵگەیـەکی لەسـەر بهێنرێتەوە.

تویژینەوەی نووسینگەیی و دوکیۆمینت | البحث المكتبي و الوثائقي

**Documentary research**

ئەم جۆرە توێژینەوەیە پشتی بەدوکیومێنتە چاپکراوەکان دەبەسـتێ، بـەهاوکاری میتـۆدی مێـژوویی بەیەکـەوە کاردەکـەن و پشـت بەتۆمارگـەو رووداوەکـانی رابـردوو دەبەسـتن، ئامانجیشـی هەڵسـەنگاندنی ئـەو ڕاسـتیانەیە کەپەیوەسـتن بەبابـەتێکی دیاریکراو، هەروەها بەراوردکردنیانیش لەگەڵ راستیەکانی دیکەو راڤەکردنیان بۆ گەیشتن بەچەند گشتاندنێك دەربارەیان.

بەڵگەنامەکان (دوکیۆمێنت) | الوثائق

**Documents**

دەربڕینێکە، ئاماژەبۆ ئەو کتێب و بڵاوکراوەو بابەتە خولیانەو نەخشەکان دەکـات، سـەرەڕای هـەموو بابـەتێکی نووسـراو یـان وێنەگیراو کەگرینگی و بەهایان هەبێت و ڕێگاش لەبەردەم توێژەر ڕووندەکاتەوە.

وشەی بەڵگە هێنانەوە (documentation) ئاماژەیە بۆ پرۆسەی کۆکردنەوەی گەورەترین ژمارەی ئـەو بەڵگەنامەزانسـتی و هونەریانەو ڕێکخستنیان، بۆ ئەوەی بەئاسانی توێژەران بەردەستیان بکەوێت و سوودی لێوەربگرن.

دوگما | ١ – العقيدة

باوەڕ | المعتقد

**Dogma**

بنەمایەکە، هەڵگرەکەی خۆی پێوەی دەبەستێتەوەو باوەڕی بەڕەواو ڕاستێتی هەیە، بێ پشت بەستن بەهیچ بەڵگەیەك.

دەوترێـت: بیروباوەڕەکـان (dogma tics)، کـە لقێکـە لەزانسـتی لاهـوت (خواناسـی)، ئامانجیشـی ڕاڤـەکردنی بیروبـاوەڕی ئاینێکە.

باوەڕگەری یان بڕیاری بڕانەوە (dogmatism) بریتیە لەڕێبازی ئەو کەسەی متمانەی بەئەقڵ هەیـەو بـاوەڕیش بـەتوانای خۆی دەکات بۆتێگەیشتنی ڕاستی.

وشكه باوەڕی ٢ – الجمود العقائدي

مەبەست لەم زاراوەیە، توونـدو ڕەقـی و چـەق بەسـتوویی لەبیرورا، یـان سـووربوون و بێگومـانی بـەباوەڕ، ئـەوەش بـێ هـەر گفتوگۆیەك یاخود بیرکردنەوەیەك، هەروەها زاراوەكە ئاماژەیە بۆ بیرو بۆچوونێك كەپشتی بەچـەند پێشـەكیەك بەسـتبێت، بەڵام بەباشی لێكۆڵینەوەو لێوردبوونەوەی بۆ نەكراوە.

یارمەتی الاعانة Dole

بەخشندەیی الصَدَقة

تەماشا بكە: یارمەتی Aid

ئابوری الاقتصاد Domestic econmy

ناوماڵ المنزلي

تەماشا بكە: ئابوری ناوماڵ Home economics

پەیوەندییە خێزانیەكان العلاقات العائلية Domestic relations

مەبەست، ئەو پەیوەندییانەیە كە لەنێوان هەردوو هاوسەرو نێوان منداڵـەكانیان دێـەدی، لێـرەدا واپێویـست دەكـات كـە ئـەو جۆرە پەیوەندییانە لەسەر بنچینەی خۆشەویستی و هاوكاری و تەواوكاری دروست بێت لەنێوانیاندا.

تەماشا بكە: خزمەتگوزاری كۆمەڵایەتی Family social work

خزمەتگوزاری ناو ماڵ الخدمات المنزلية Domestic services

ژن بەزۆری بەكارو باری ناوماڵ هەڵدەسێت، بەڵام لەهەنـدێ بـاردا، ڕەنگـە پێویـست بەیارمـەتی و هاوكـاری ئیـشكەرێك بكـات (domestic servants) هەر بەهۆی زۆربوونی ژمارەی ئەو ژنانەی پەیوەندی بـەكاروبارو پـرۆژە جیاوازەكانـەوە دەكـەن، ئەوا ژمارەیەكی زۆری دەوڵەتان كاریان بـۆ ئـەوە كـردووە كەیارمـەتی ژنـانی كارمەنـد بـدەن لـەكاروباری ناوماڵـدا، بـۆ ئـەوەی دەرفەتی بۆ بخولقێت تا ئەرك و بەرپرسیارییەتیە جیاوازەكانی، خێزانی و پیشەیی راپـەڕێنێت بەشـێوەیەكی لـەبار، ئـەویش بەفەراهەم كردنی دامەزراوە كۆمەڵایەتی و تەندروستیەكان، هەروەها چەنـدەها ئـامرازی دیكـەش كـەئامانجی چاودێری ژن و بەدیهێنانی بایەخدانە بەمنداڵەكانی.

سیستمی پیشەسازی ناو ماڵ نظام الصناعة المنزلية Domestic system

یـەك لەسیـستمەكانی بـەر هەمهێنانـە لـەپێش سیـستمی كارگـەیی (factory system) بـەپێی ئـەو سیـستمەش ئەنـدامانی خێزان هەڵدەستان بەكاركردن لەناو ماڵدا بۆ حسابی خاوەن ئەو كـارەی كەكەرەسـتەی خـاوو پێداویـستیەكانی كارەكـە ئامـادە دەكات، دواتر بەرهەمەكان دەدرێنە دەستی خاوەن كار، ئەویش رەوانەی بازاڕیان دەكات.

ئەو سیتمە لەوڵاتانی ئەوروپا لەهەر دوو سەدەی شازدەهەم و حەڤدەهەم باو بووە، تائێستاش لەهەنـدێ ناوچەی جیهان كـاری پێدەكرێت.

چەند نووسەرێك وایان پێ چاكترە ناوی ئـەو سیـستمە ببێـت بـە (putting out system)، لەبـەر ئـەوەی بەرهـەمهێنانی كاڵاكان لەناوماڵدا لەسەردەمێكی كۆنەوە هەبووەو مەرجیش نیە پەیوەست بێت بەو جۆرە سیستمەی باسكراوە.

**دەستەمۆكردن** الاستدجان **Domestication**

الترويض

واتە هەستانی مرۆڤ بەڕامكردنی هەندێ گیاندار، بەمەبەستی پەیداكردنی خۆراك یان سوودوەرگرتن لەهێزو كاریاندا، دیارە بەو دەستەمۆكردنەش، گیانداران زۆر لەخەسلەتە پشتاو پشتیەكێویانەیان لەدەست دەدەن.

ئەم كارە هۆكارێك بوو كەمرۆڤ لەقۆناغی راو وخۆراك كۆكردنەوە بگوازێتەوە بۆ قۆناغی لەوەڕو كشتوكاڵی.

**نیشتمان** الموطن **Domicile**

**شوێنی نیشتەجێ** المسكن

شوێنێكە لەلایەن كەسێكەوە دەكرێتە بارەگای جێگیرو ڕاستەقینەو بەردەوامی خۆی، بەشێوەیەك ئەگەر لەبەر چەند هۆیەك لێی دوور كەوێتەوە، ئەوا ئارەزووی گەڕانەوەی بۆی دەبێت.

دەوترێت، نیشتمانی بژاردە (domicile of choice) بۆ ئەو شوێنەی كەمرۆڤ تێیدا نیشتەجێ دەبێت نیازیشی وایە بیكاتە نیشتمانی خۆی، هەروەها دەوترێت نیشتمانی بنەچە (یان سەرچاوە) (domicile of origin) واتە ماڵ و خانوی باوك و دایك، یاخود ماڵی منداڵێتی.

هەوارەگە، خانوو **Ana. habitation**

**كۆنترۆڵكردن** السيطرة **Dominance**

**زاڵبوون**

زاڵبوون بەسەر هەرشتێكداو خۆسەپاندن بەسەریدا، لەناوكۆمەڵی شارستانی (ecological dominance) مەبەست لەزاراوەی دەست رۆیشتن، زاڵبوونی ناوچەیەكی ئاوەدان بووی ناوشارە بەسەر ناوچەكانی دیكە، وەك زاڵبوونی ناوەندی كاروباری ئابوری و بازرگانی، كەبەشێوەیەكی ئاسایی دەكەوێتە ناوەڕاستی شارو لەشوێنی بەیەكگەیشتنی هێڵەكانی گواستنەوەو گەیاندندایە.

هەروەها مەبەست لەم زاراوەیە لەیاساكانی بۆ ماوەیی، زاڵبوونی چەند خەسڵەت و سیفەتێكە، لەبەرامبەریشیدا هەڵگەڕانەوەی هەندێكی دیكەدەێت.

لەدەروونناسیدا، مەبەست لەزاراوەی دەست رۆیشتن، هەوڵەكانی تاكە بۆ ناچاركردنی كەسێكی دیكە كە ملكەچی بێت.

**ناوچەی ژێر دەسەڵاتی دەرەبەگ** الدومينيون **Dominion**

أراضٍ خاضعة لسيد أقعطاعي

ئەم وشەیە ئاماژەی بۆ دەسەڵات و سەروەری دەكرد، پاشان بۆ مانایەكی دیكە بەكارهێنرا، وەك ئەوەی: ئەو زەویانەی كە لەژێر دەسەڵاتی دەرەبەگێكدایە، دواتر بەكارهێنانی وشەكە كورت كرایەوە كەمەبەست لێی تەنها ئەو دەوڵەتانەی لەژێر دەسەڵاتی داگیركاری بەریتانیا بوونە، پاشان ئەو وڵاتانە خۆیان كاروباری خۆیان بەڕێوەدەبردو لەكاروباری ناوخۆشدا دەسەڵاتی تەواویان هەبوو، هەروەها لەئەندامیەتی كۆمەڵەی دەوڵەتانی (كۆمنویلسی بەریتانی) بەشداریان كردو دانیانا بەشای بەریتانیا وەك سەرۆك دەوڵەت.

تەماشا بكە: كومنویلس **Common wealth**

**بەخشین** الهبة **Donation**

هەر شتێك لەلایەن كەسێكەوە پێشكەش بكرێت و بەمەبەستی كۆمەك و یارمەتیدانی كەسێكی دیكە، ئەگەر پارەو سامانێكی

نەگوێزراو بێت یان گوازراوە، هەر لەکۆڵەکەکانی ئەم کارەش، دەبێ کەسی بەخشەر خاوەن پارەو سامان بێت، شیاوی بڕیاردان بێت، کەسی هاوکاریکراویش شایانی ئەویارمەتیدانەبێت، هەروەها بێ بژاردن، یان بێ بەرامبەر ئەویارمەتیە وەربگرێت.

تەشاما بکە: Grant

دووڕەگەز | مزدوج الاصل / مزدوج النسب | Double descent

سیستمێکە بۆ ڕەگەز، بەو پێیە هەموو تاکێك لەتاکەکانی ئەو ڕەگەزە ئینتیمایان بۆ دوو خێزان یان دوو عەشیرەت دەبێت، یەکێکیان خێزانی دایکەو ئەوی دیکەیان خێزانی باوکە، هەردوو خێزانەکەش بنچینەیان لەسەریەك ڕەگەز دێتە خوارەوە.

گومان | الشَك | Doubt

حاڵەتێکی دەروونیە بەهۆیەوە ئەقل لەنێوان سەلماندن و ڕەتکردنەوە ڕارا دەبێت، لەبڕیاردانیشدا دەوەستێت یان تووشی گێرخواردن دەبێت لەنێوان دوو دژدا، هەروەها ئەقل هیچ لایەکیان بەسەرلایەکەی دیکە پەسند ناکات، دیارە ئەویش بەهۆی بوونی نیشانەکانی یەکسانی لەهەردوو بڕیارەکە یاخود بەهۆی نەبوونی نیشانەکان تیایاندا، ڕاڕای و گێرخواردنی ئەقل لەنێوان هەردوو بڕیاردا بۆ بێ توانایی دەگەڕێتەوە بەهۆی گێرۆدەیی شیکردنەوەکە.

لەبەرامبەر گوماندا، زاراوەی بێ گومانی باوەڕهێنان (doubt less) دێت، واتە ئەو بڕواهێنانەی کەهیچ گومانێك ناگرێتەخۆی، بەڵام بەزۆری مۆرکێکی هەڵچوانە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت.

تەماشا بکە: گومان | Ana. Uncertainty

مارەیی | بائنة / مهر | Dowry

بڕە پارەیەکە، باوکی بوك دەیداتە زاوا بەبۆنەی هاوسەرگیرییەوە، یان بریتیە لەهەندێ کەل وپەل کە دەیبەخشێت، ئەم جۆرە سیستمە لەو کۆمەڵگایانە باون کە لەچەند خێزانێکی جێگیر پێکهاتوون و سیستمێکی خاوەندارێتی تێدا هەیە.

دراما ڕێ و ڕەسمیەکان | الدراما / الطقسية | Drama, ritual

مەبەست لەم زاراوەیە لەئەنثرۆپۆلۆجیادا، بریتیە لەنواندنێکی هێماکاری بۆتێکۆشان لەنێوان هێزە دژەکان، هەر لەسەرەتای دەست پێکردنەوە تاکۆتایی هاتنی.

درامای نەریتی، سەرچاوەی دروست بوونی شانۆ گەرییەکان بووە، کەلە وڵاتی یۆنان باو بووە.

ڕەنگە ئەو شانۆگەرییە ململانێیەکی سروشتی یاخود ئاینی بنوێنێ بەرەو ئامانجێکی کردەیی، هەروەها ڕەنگە ئەو ململانێیە لەنێوان خوداوەندو مرۆڤدا بێت یانیش لەنێوان وەرزەکانی ساڵ، یان لەنێوان پرەنسیپە ئاکارییەکان بێت.

هونەری نواندن (شانۆگەری) | فن التمثيل | Dramatics

هەستانی ئەکتەرەکان بەنواندنی شانۆگەرییەك (play) لەسەر شانۆدا، ئەویش بەهۆی کردارو ئاخاوتندا، ئەم هونەرە هەر بۆ ڕابواردن و کات بەسەر بردن نیە، بەڵکو سوودێکی پەروەردەیی گەورەشی هەیە.

هەر لەجۆرەکانی نواندن، جۆری پانتۆمیم  شانۆنامەی بێ گفتوگۆ(pantomime)، یان نواندن بەشێوەی پێڕاگەیاندن، ئەویش جۆرێکە لەنواندنی بێدەنگ، پشت لەسەر جوولەو ئاماژەکانی دەربڕین دەبەستێت، کەهیچ ئاخاوتنێکی لەگەڵدا نابێت، دیارە ئەوەش بۆ سەردەمە کۆنەکاندەگەڕێتەوە.

لەشیکردنەوەی دەروونیدا دەوترێت: گەورەکردنی ماناکان (dramatization) واتە ئەو  ڕێگایەی کەبەهۆیەوە ناوەرۆکی خەونێکی یەك لە هەڵوێستە زیندوەکانی خاوەن خەونەکە وێنا دەکات، یاخود ئەو نواندنە دەربڕینە لەحاڵەتێکی تەنهایی رووت بەڵام بەشێوەیەکی هەست پێکراو.

خەون | الحُلم | Dreaming

خەوبینین

مەبەست لەخەون، ئەو چەند وێنەیەی بەهۆی مێشکەوە کەسی نووستوو دەیبینێت، ئەو وێنانەی بەدوای یەکدا دێن و بێ ئەوەی پەیوەستیەك لەنێوانیاندا هەبێت، یان بەپێی سیستمێکی ئەقلانی بێت.

خەون بینین لەکۆنەوە جێگای بایەخ پێدانی مرۆڤ بووە، هەندێ جار بەکاری شەیتانی زانیوە، هەندێ جاریش بۆ رۆحی مردوانی گێڕا وەتەوە، هەروەها باوەڕیشی وابووە کەکاری ئەو خەونەپێش بینی کردنە بۆ ئایندەو لایەنە شار دراوەکانی مرۆڤەوە.

فرۆید، ئەوەی دەرخستووە کەخەون بینین پەیوەندی توندی بەژیانی نائاگایی هەیە، هەروەها گرینگی پێدان بەو خەونانە بۆ ئاشکرا کردنی نهێنیەکانە.

ئەو رەوت و ویستە خەفەکراوانەی کە حاڵەتی نائاگایی پڕن پێی، ئەوانە بەشێوەیەکی فیلاوی و ساختە لەکاتی خەوداو بەچەند وێنەیەك دەردەکەون.

خەو بینین، ناوەرۆکێکی ئاشکرای (manifest content) هەیە، ئەویش ئەو لایەنەیە کەکەسی نووستو باسی دەکات و بریتیە لەو وێنەو روداوو کەسانەی دێنە خەونی، بەڵام ئەو دیاردانە لایەنە ساختەو داپۆشراوەکەن، لەپشتەوەیان هاندەرە راستیەکان خۆیان شاردۆتەوە، کۆی ئەو هاندەرانەش ناوەرۆکە شاراوەکە (latent content)، پێکدەهێنن، ئەوەش بەهۆی چەند هێمایەك روودەدەن، واتە کەس و شت و رووداوەکان لەراستیدا ئەوە ناگەیێنن کەبەئاشکرا دەبینرێن، بەڵکو ئەوە دەگەیێنن کەبەهۆی هێماکانەوە ئاماژەیان بۆ دەکرێت.

جل و بەرگ | الرداء، الکساء<br>الثوب | Dress

ئامرازێکە بەکار دەهێنرێت بۆ خۆرازاندنەوەو خۆپاراستن لەکاریگەری کەش و هەواو چەند بەشێکی لەشیش دادەپۆشێ، هەروەها ڕەنگە وەك ئامرازێك بۆ نمایشکردن یان خۆهەڵکێشان بەکاربهێنرێت.

شێوەکانی جل و بەرگ لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە جیاواز دەبێت، هەروەها لە کۆمەڵگەییکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە دەگۆڕێت.

لەڕابردوودا، جل و بەرگ نیشانەیەك بوو بۆ پێگەی کۆمەڵایەتی، هەروەها پیشەی کەسەکەی دەخستەڕوو، بەڵام لەگەڵ بڵاوبوونەوەی رەوتی دیموکراسییەت و زۆربوونی پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگەجیاوازەکان، ئاراستەی گشتی لەجیهاندا رووی لەیەکخستنی شێوەکانی جل و بەرگ کرد.

خواردنەوە<br>(مەی) | تناول المشروبات الروحیة | Drinking

ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ خواردنەوەی ئاو یان هەر جۆرە، شلەمەنیەکی دیکە، ئەگەر بەهۆی تینوێتی شکاندن بێت یاخود

لەحاڵەتی بۆنەیەك وەك پیرۆزبایی لەش ساغی وسەركەوتن لەكاروباردا.
بەشێوەیەكی گشتی مەبەست لەم زاراوەیە، خوپێوەگرتن و زیادە رۆییە لەخواردنەوەی مەیدا، بۆیە بەمەیخانە دەوترێت (drinking - shop)

**Cf. addiction** خوپێوەگرتن

## پاڵنەری خۆزایی — الدافع الغريزي — Drive
هاندەر

ئەو ویست و ئارەزووەی لەلایەن زیندەوەرێكەوە دەردەچێت و پاڵیشی دەنێت بۆ هەستان بەكارێكی تایبەت بێ بیركردنەوە، هەروەها ئەو هاندەرە لەهەمان كاتدا، پێوەرێكە بۆ داواكارییە فسیۆلۆجی و دەروونیەكان.

## مادە هۆشبەرەكان — المواد المخدرة — Drugs narcotic

مادەی هۆشبەر، بریتیە لەهەموو مادەیەكی خاو یان ئامادەكراو كەچەند كرۆكێكی بەئاگاهێن یان ئازارشكێن دەگرێتە خۆی، ئەگەر بەدەر لەمەبەستە پزیشكی و پیشەسازییەكەی بەكار هێنرا، ئەوا حالەتێك لەڕاهاتن و خوپێوەگرتن دروست دەكات، دیارە ئەوەش بەزیان بۆتاك و كۆمەڵگە دەگەڕێتەوە لەڕووی جەستەیی و دەروونی و كۆمەڵایەتیەوە.
مادە (مـژاد) هۆشبەرەكان جۆریان زۆرە، بەڵام حەشیشەو ئەفیون و جۆرە وەرگیراوەكانی دیكە لەو دووسەرچاوەیە بەزۆرترین جۆری هۆشبەرەكان دادەنرێت كەلەجیهاندا باووبڵاون.
ئەوانەی تووشی هاتوون و خویان پێوە گرتووە بەمەبەستی سووككردنی ئیش و ناكۆكی و مەترسیە دەروونیەكانیان، ئەوانە بەكاری دەهێنن.
لەسەر ڕۆیشتن و بەكار هێنانی بەردەوامی ئەو مادە هۆشبەرانە، تاك والێدەكات كەنەتوانێت لێیان دوور بكەوێتەوە، بەشێوەیەك هەست بەپەژارەو خەفەت بكات، ئەگەر هاتوو ئەو مادەیە بەكار نەهێنێت.
لەساڵانی دوایی، چەند جۆرێكی نوێ لەو مادە هۆشبەرانە دەركەوتن ، وەك حەشیشەی مار یگوانا، هیرویین، هەر لەو جۆرانەی كە كاریگەرییان لەسەر حاڵەتی دەروونیش دەبێت (داوو دەرمانی وڕێنە)، نموونەی: سنیونال، سیكونال، بەزورین، كۆكایین، ماكستون، فورت، سی دی.
بەڵام یاساكان، چاودێرییەكی توند دەخەنە سەر دروستكردن و فرۆشتنی مادە هۆشبەرەكان، هەروەها لەڕووی پزیشكیەوە دەست نیشان دەكرێن بۆ ئەوەی خراپ بەكار نەهێنرێن.
ڕێكخراوە نێو دەوڵەتیەكان هەوڵێكی گەورە دەدەن بۆ ئەوەی چەند دەوڵەتێك كە بەهەرمی دەهێنن، ڕێگری بكەن لەبەرهەمهێنانی ئەو مادە هۆشبەرانە، لەبەر ئەوەی كارێكی ئەستەمە رێگری لەبەرهەمهێنانیان بكرێت، چونكە لەبواری پزیشكی بەكار دەهێنرێن.

## سەرخۆشی — السُكْر — Drunkenness
مەستی

خواردنەوەو هەڵقوڕاندنی مادە كهولیەكان لەلایەن كەسێكەوە، تارادەیەك كە هۆشیاری خۆی لەدەست دەدات، مەبەست لە سەرخۆشی (یان مەستی) بە ئاشكرا، زیادە رۆییە لەخواردنەوەی مەی لەشوێنێكی گشتی، تا ئەو رادەی كەسەكە ئاگایی خۆی لەدەست دەدات و رەفتارێك، دەگرێتە بەر كە بە هەڵەشەیی و بەدخویی جیاواز دەكرێتەوە، دیارە ئەوەش سەرپێچیەكە كەسەكە بەرەو رووی لێپرسینەوەی یاسایی دەكاتەوە.
لەناو هەندێ كۆمەڵە سەرەتاییەكان نەریتی سەرخۆشی لەكاتی ئاهەنگە گەورەو ڕەسمیەكان بڵاودەبێتەوە (ceremonial drunkenness) بەهۆی خواردنەوەی مەی لەو ئاهەنگە تا رادەی لەدەستدانی هۆشیاری، لەو بارەدا

کەسی  سەرخۆش لەپاڵ گۆڕی مردوان درێژ دەبێت و پاشان کەدەگەڕێتەوە هەندێ گفتوگۆو ئاخاوتن دەگێڕێتـەوە، باوەڕیشـی وایە کە ئەو قسەو ئاخاوتنانە لەجیهانی مردوانەوە پێی گەیشتووە.

دوالیزم
دوانەیی
الثنائية
**Dualism**

هـەر ڕێبازێـك بـاوەڕی بـەبوونی دووبنـەما هـەبێت وەك مـادەو رۆح، یـان جەسـتەو دەروون، یـاخوو چـاکەو خراپـە، ئـەوا لەململانێیەکی بەردەوام دەبن.
دەوترێت، دوالیزمـی ئاکاری (ethical dua lism) بـەمانای ملکەچـی ئەنـدامانی کۆمـەڵ بـۆ یاسـایەکی ئاکـاری دیـاریکراو، هەروەها ملکەچی پەیوەندییەکانی هەمان کۆمەڵ لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵەکانی دیکە بۆ یاسایەکی ئاکاری (یـاخود رەوشـتی) دیکە.
لەیاسادا، مەبەست لەدوانەیی، ئەو چـەمکەی کـە واپێویسـت دەکـات یاسـای نـاوخۆیی و یاسـای نێـو دەوڵـەتی بـەدوو سیسـتمی یاسایی جیاواز دابنرێن، هەمان بەهاو سەربەخۆییان هەبێت.

تەماشا بکە:  یەکانیەتی
فرەیی
**Monism**
**pluralism**

شمشێربازی
المبارزة
النزاع
**Duel**

جۆرە بەگژدا چوونێکە لەنێوان دووکەس، چەکی تێدا بەکار دەهێنرێت، زاراوەکە ڕەنگە بەسەر هەر جۆرە ململانێیەك پیـادە بکرێت، بەڵام لێرەدا ئاماژەیەبۆ جۆرێکی تایبەت لـەو شـەڕەی کەپێشـتر ئامـادەیی بـۆ کـراوەو چـەند رێ و ڕەسـم و نـەریتێك بەسەریدازاڵ دەبێت، کەرەفتاری بەشداربووانی تێدا رێك دەخات.

خنکاندنی بازاڕ
کوشتنی بازار
الاغراق
**Dumping**

لـەڕووی ئابوورییـەوە مەبەسـتی زاراوەکـە، دیاردەیـەکی زانـراوە لەبازاڕەکانـدا، مەبەسـتیش لێـی فرۆشـتنی هەرکاڵایـەك لەدەوڵـەتێکی بیـانی بـەنرخێکی کـەمتر لەتێچووی بەرهـەم هێنانیـەتی، پاشـان ئـەو قازانجانـەی بـەهۆی پـاوانکردنی بـازاڕی خۆجێی بەمسۆگەری دێنەدەست، ئەوا قـەرەبووی ئـەو زیانـە دەگرێتـەوە کەلەئـەنجامی فرۆشـتن بەکـەمتر لـەنرخی تێچووی پەیدابووە لەبازاڕی جیهانیدا.

ناوەندی ژیانی
کردەیی تاك
متوسط الحياة
العملية للفرد
**Durability of labour**

توانای هێزی کارکەر بۆ بەردەوام بوون لەکارکردندا، ئەویش لەمیانەی ماوەیەك دیاری دەکرێت کەلەسـەر بنچینەی ناوەنـدی ژمارەی ئەوساڵانە کرێکارەکە کاری تێدا دەکات.

ئەرك
الواجب
**Duty**

زاراوەکە بەماناگشتیەکەی ئاماژەیە بۆ هەر کارێك کەچەند نۆرم و رێسایەکی پەسـندکراو دەیـان سـەپێنێ، دیـارە بـەپێی ئـەو نۆرم و ڕێسایانەش ڕوویەکی گرنگی ژیانی کۆمەڵایەتی یان هەر کارێکی هەرەوەزی بەڕێوە دەچێت.

ئـەم وشـەیە لەسـنوری تەسـکی ماناکەشـیدا، بـەکاردەهێرێت وەك هێمایـەك بـۆ ئـەو کـارو کردەوانـەی کەپێویسـتیان بەجێبەجێکردن هەیە لەلایەن ئەو تاکەی فەرمانێك یان رۆڵێکی جێگیری پێ سپێردراوە لـەناو کۆمەڵدا، هـەروەك دەوترێت: ئەرکەکانی پیاوێك کەهاوسەری هەبێت، یاخود ئەرکی هاولاتی ویانیش فەرمانبەرێك...هتد.
دژایـەتی وململانـێ لـەنێوان ئـەرك و بەرژەوەنـدی لـەو بابەتەگرینگانەیـە کـە زانسـتی ئاکار بایـەخی پێـدەدات، لـەگرنگترین جۆرەکانیشی:
ئەرگە یاساییەکان (legal duties) کەبەهۆی یاساکان یـان گرێبەسـتەکانەوە دروست دەبـن، هـەروەها ئەرکـە ئاکاریـەکان (moral duties) کەرێساو بنـەما بڕیـار لەسـەر دراو پێویسـتیەکان بـۆ ژیـانی کۆمەلایـەتی بڕیـاری لەسـەر دەدەن، لەگـەڵ ئەرکە سیاسییەکان (political duties) کەئاماژەیە بۆ ئەرکی هاولاتی لەملکەچی بۆ یاساو دەسەلاتی سیاسی.

خانوو
**Dwelling** المسکن
شوێنی نیشتەجێ بوون
شوێنێکی دروستکراوە، تایبەتە بەنیشتەجێ بوونی خێزانێك یان زیاتر، ئـەو شـوێنە پێداویسـتیەکانی نیشـتەجێ بـوونی تێدا ئامادەکراوە، قەبارەشی بەپێی ژمارەی ژوورەکان دەپێورێت.
دەوترێت، خانووی کۆلانەکان (alley dwelling) کە ئەوەش جۆرەخانوویەکی دیاریکراوە بۆ نیشتەجێ بوون.
هەروەها بەناوچەی نیشتەجێ بوونیش دەوترێت (dwelling area) وەك جیاوازییەك لەگەڵ ناوچەکانی دیکـەی شـار، کـە هەر بەشێکیان بۆ چالاکیەك تەرخان دەکرێت.

دەروونناسی
**Dynamic psychology** علم النفس الدینامي
دینامیکی
ئەم زانستە هەڵدەستێ بەڕاڤەکردنێکی میتۆدی بۆ دیاردەکان، بـەو پێیـەی ئـەو دیاردانـە بەدواداهاتنـە بـۆ هـۆو ئەنجامـەکان، لەگەڵ داکۆکی کردن لەسەر هۆکارو هاندەرەناوخۆییەکان، زاراوەکە هەندێ جار بـەکار دەهێنرێـت وەك هاوتایـەك بـۆ زاراوەی دەروونناسی فەرمانی (functional psychology) .

دینامیکیزم
**Dynamism** المذهب الدینامي
بزوێنەرکاری
ڕێبازێکی فەلسەفیە، بەواتای میکانیزم دێت، هەموو دیاردە مادییەکان راڤە دەکات بەپێی چەند هێزێك کەبۆ بارسـتەو جوڵـە ناگەرێتەوە، بوونیشی بەخودی خۆی دەجولێت، زاراوەی دینامی (dynamic) بەدووماناا بەکار دەهێنرێت.
هەندێ جار بەکار دەهێنرێت بـەو پێیـەی دژی چـەمکی جێگیرییـە (static) لـەو بارەشـدا ماناکـەی جوڵـەو گـۆڕان دەگرێتـە خۆی، هەندێ جاریش بەکار دەهێنرێت بەو پێیەی دژی چەمکی ئامێریە (mechanical) لەو حالەتەشدا ماناکەی کۆمەڵـە گۆڕانکارییەکی بەیەکەوە بەستراو لەنێوان خۆیاندا دەگرێتە خۆی، ئەویش بـەپێی چـەند یاسـایەکی نـاوەکی، هـەروەها مانـای هێزی پاڵنەرو جۆرێك لەئامانجخوازی دەگرێتە خۆی.
دەوترێـت ڕێکخسـتنێکی بەجوڵـەو نوێخـواز(dynamic organization)، وەك دەربڕینێـك دەربـارەی زینـدوویی و بەردەوامی ڕێکخستنەکە.
تەماشا بکە: دینامیکیزمی کۆمەڵ **Group or social dynamics**

کەم و کورتی فەرمانی | الخلل الوظيفي، المعوق الوظيفي | **Dysfunction**

دژە ئەرك

مەبەست لەم زاراوەیە، هەموو ئەو ئەنجامانە یان ئەو پرۆسانەی کەرێگرن لەبەردەم گونجاندن و لەبار بوونی سیستمی کۆمەڵایەتی یان سازانی، هەروەها جۆرە فشارو گرژییەکیش دەگرێتە خۆی کەلەئاستی بونیادنان بێت، جیاوازی ڕەگەزی بەکەم و کورتیەکی فەرمانی دادەنرێت لەکۆمەڵگەیەك کە دروشمی ئازادی و یەکسانی بەرزکردبێتەوە، هەروەها لەبواری کارگێڕیدا مەبەست لەزاراوەکە، خراپ جێبەجێکردنی ئەرکە تایبەتیەکانە، یانیش ناتەواوی لەئەرك بەجێگەیاندن.

تەماشا بکە: فەرمان **Function**

بێ ئارامی | اليأس | **Dysphoria**

نائۆمێدی

مەبەست لەم زاراوەیە لادانی خووکرداره، هەروەها بارێك لەپەژارەیی و شپرزەبوونی دەروون دەگەیەنێت، لەبەرامبەریشیدا هەست بەخۆشی و چالاکی دێت، بێ ئارامی بۆ حاڵەتی ڕەش بینی دەگەڕێتەوە.

تەماشا بکە: خۆشحاڵی **Euphoria**

دڵەراوکێی کۆمەڵایەتی | القلق الاجتماعي | **Dysphoria social**

تەماشا بکە: جێگیری کۆمەڵایەتی **Euphoria social**

# E

داهات | الكَسب | **Earning**
دەسکەوت | الدَخل

مەبەست لەم وشەیە، ئەو بڕە پارەو سامانەی کەتاك دەستی دەکەوێت بەهۆی کارکردن و بێ پشت بەستن بەسەرمایە.
توانای تاك بۆ پەیداکردنی ئەو داهاتە (earning capacity) دەوەستێتە سەر توانـاو لێهاتوویی و شارەزاییەکانی، بـەڵام کاریگەریش دەبێت بەو دەرفەتانەی کەبۆی دەڕەخسێت ( opportunities of earning) هەروەها بەڕادەی کرێ و رۆژانە لەبازاڕی کارکرندا.
دەسکەوتی تاك بەتایبەتی لەناوچەژیارییەکان، کاریگەری دەبێت بەسەر پێگەی کۆمەڵایەتی تاك لەناو کۆمەڵدا، هەروەها ڕەنگە توانای تاك لەسەر دەسکەوت و داهات سنوردار بێت (limitation of earning capacity) ئەویش بەهۆی شارەزا نەبوونی بەهەر جۆرە کارێك یان بەهۆی دابەزینی توانـاو لێهاتوویی پیشەیی، کەلەئەنجامدا دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی گوزەرانی یاخود کەمبوونەوەی توانای بۆ بەدەست هێنانی داهات (decrease of earning capacity) دیارە ئەویش بەهۆی پەککەوتنی یانیش هەر هۆیەکی دیکەوە بێت، لەم هەل و مەرجەشدا دەکرێ تاك پێویستی بەیارمەتیە گشتیەکان بێت.

تەماشا بکە: داهاتی نەتەوەیی — **Income**
کرێ، موچە — **Wage**

کردەوەی سەیر | غرابة الاطوار | **Eccentricity**
نائاسایی | الشذوذ

دیاردەیەکی دەروونیە، ئاماژەیە بۆ ئەو هەڵس و کەوتە نامۆیانە لەرەفتاری مرۆڤدا، هەروەها دەرچوونیشە لەجۆرە ئاساییەکەی وەڵامدانەوە، بەڵام دیاردەکە ناگاتە رادەی شێت بوون.

کۆری میللی | الاجتماع الشعبي | **Ecclesia**
کۆمەڵگە

لەرۆژگاری یۆنانیەکاندا، زاراوەکە ئاماژە بۆ کۆبوونەوەیەکی جەماوەری دەکات، تێیدا تاکەکان مافی خۆیان لەدەنگدان بەکار دەهێنا، دواتر زاراوەکە لەکەنیسەی مەسیحی وەك هێمایەك بوو بۆ هەموو ئەو کاروبارانەی پەیوەندییان بەو دیاردەیە هەیە، نموونە دەسەڵاتی ئایینی (ecclesiastical court) هەروەها دادگای کلێسەیی (ecclesiastical court) و قەشە، یان خزمەتکاری ئایین لەکلێسە، (ecclesiastic).

ڕێبازی هەڵبژاردنی (سازانخوازی) | مذهب التوفيق (التوفيقية) | **Eclecticism**

کۆکردنەوەی نێوان چەند بیروڕایەك، یان چەند ڕێبازێکی جیاوازو هەوڵدان بۆ نزیکردنەوەو هۆگری نێوانیان بۆ ئەوەی ببنە یەك ڕێباز، لەڕووی کردەییەوە ئەم رەوتە چەند هەڵس و کەوتێك یاخود چەند چەمکێك یانیش چەند بنەمایەکی تیۆری دەگرێتە خۆی بێ ئەوەی سیستمێکی تەواوکاریان لێ پێك بێت، بەڵام گونجان و تەباییان بۆ چارەسەری کێشەیەکی دیاریکراو دەردەکەوێت.

ئەو قوتابخانە فەلسەفیەی کە (victor cousin) دایمەزراند لەسەدەی نۆزدەدا بانگەشەی بۆ ڕێبازی سازان دەکردو دیدیشی وایە کە هەموو سیستمە فەلسەفیەکان بۆ چوار شێوەی بنچینەی دەگەڕێنەوە، ئەوانیش:
ڕێبازی ئایدیالیزمی (idealism) و ڕێبازی هەستگەرایی (sensualism) هەروەها ڕێبازی گومانکاری (scepticism) و ڕێبازی سوفیگەری (خواناسی) (mysticism)، سیستمی نموونەیی بالآش ئەو سیستمەیە کەڕووکارە ئەرێنیەکەی هەریەك لەو سیستمانە وەردەگرێت.
لەرۆژگاری ئەمڕۆدا، سیستمی سازان ڕووی لەنزم بوونەو کردووە واشی لێهاتووە کەئاماژە بۆ بیرکردنەوەی رووکەشی هەڵپەرستانە بکات.
دیارە رێبازی سازان جیاوازی هەیە لەڕێبازی قسە بۆ هەڵبەستن (syneretism) ئەویش بەقوڵبوونەوەی لەوردەکاری کاروبارەکان و پەرۆشی لەسەر رێکخستنی وردو یەکگرتنی توونـد.

## ژینگەناسی مرۆیی — الایکولوجیة البشریة — Ecology human

زانستێکە گرینگی بە توێژینەوە لەپەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و ژینگەدا دەدات، هەروەها تێگەیشتن لەرادەی کارلێکردنی مرۆڤ لەگەڵ رەگەزەکانی ئەو ~~ژینگەیەو~~ ئاسەوارە ئاڵ و گۆڕەکانی نێوان هەر دوولا.
ئەو کارلێکردنەش دەرکەوتنی چەندین چەشن و شێوازی بیرکردنەوەو کاری مرۆڤایەتی دەگرێتە خۆی بۆ بەکارهێنانی سروشت، دواتریش تۆژینەوە لەچاککردن و پەرەسەندنی ئەو شێوازانە.
دیارە ئەو چەشن و شێوازانەش هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی دیکە دەگەنە یەك، بەجۆرێك چەند سیستمێکی ژینگەیی (ecosystems) پێکدێنن.
بۆیە دەکرێ لەدوو رووەوە لێکۆڵینەوە لەپەیوەندییە ئیکۆلۆجیەکان بکەین:
یەکەمیان: لێکۆلینەوەیەکی وەسفی بۆ ژیانی کۆمەلآیەتی و وێناکردنی ئەو ژیانە وەك خۆی لەکاتێکی دیاریکراودا، هەروەك لەچەند ناوچەیەکی جیاواز روودەدات.
لەرووی دووەمەوە، لێکۆلینەوەیەکی دینامیکی بەدوایەکدا هاتووی پەیوەست بەژیانی کۆمەلآیەتی، ئەویش لەگۆڕانیدا لەسەر دەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە، هەروەها هەر گۆڕانکارییەك بەدوای خۆیدا بهێنێت لەبونیادی کۆمەلآیەتی و لەئەرکەکانی بەماوەی زەماندا.

## ژینگەناسی شار — ایکولوجیة المدینة — Ecology, urban

زانستێکە گرینگی دەدات بەدابەشکردنی شار لەرووی ئاوەدانیەوە، هەروەها دابەش بوونی دانیشتوانەکەی و ئەو خزمەتگوزاری و کردارانەی کە لەسەر بنچینەیان شار گەشە دەکات و دەگۆڕێت.
لەبارودۆخی ئاساییدا دەبینین، هەر شارێك لەڕووی قەبارەوە وردە وردە دەگۆڕێت و لەڕووی خەسلەت و شێوەشدا جیاواز دەبێت، بۆیە بەشێوەیەکی خۆکار یاخود بەپێی نەخشەی داڕێژراو دابەش دەبێت و لەڕووی رێکخستن و رێك و پێکیەوەش پلەبەپلە ئەو جیاوازیانە بەدی دەکرێن، دانیشتوانی هەر بەشێك لەشاردا مۆرکێکی رۆشنبیری جیاوازیان دەبێت کەلەچەندین هەڵس و کەوت و پێوەری رەفتاری دەردەکەوێت.
شار هەندێ ناوچەی بۆ نیشتەجێبوون دەبێت، هەندێکی دیکەی بۆ پیشەسازی یان بازرگانی یاخود بۆ سەیران و گەشت و گوزارو...هتد.
ڕەنگە کێشەکۆمەلآیەتیە دیاریکراوەکان لەهەندێ گەڕەك کەڵەکەببن، ئەویش لەبەرچەند هۆیەکی تایبەت، لەهەمان کاتدا ڕەنگە ئەوکێشانە لەچەند شوێنێکی دیکەی شاردا نەبینرین، کەئەوەش وادەکات جۆرێك لەپەیوەندی لەنێوان کێشەکۆمەلآیەتیەکان و کێشە جوگرافیەکان دروست ببێت، ژینگەی شار، چەند فاکتەرێکی جیاواز کاریگەریان بەسەریدا دەبێت وەك جوگرافیای شارەکەو مێژووی و پیشەسازی و دۆخی هاتوو چۆو ڕێگاوبان و هی دیکەش.

هەروەها شار، تووشی چەند پرۆسەیەکی ئیکۆلۆجی (ecological processes) دەبێت، لەسەر بنچینەی ئەو پرۆسانە شارەکە گەشە دەکات و دەگۆڕێت، ئەو گەشەکردن و گۆڕانەش چەندپرۆسەیەکی دابەشبوونی دانشتوان دەگرێتەوە، کاریش دەکات لەسەر دابەش بوونی دانیشتوانی شار، یاخود دووبارە دابەشکردنەوەیان لەچەند شوێنێکی دەست نیشانکراوی شارەکە. گرینگترین ئەوپرۆسانەش: ناوەندێتی و کونترۆلکردن، گردبوونە، ناناوەندێتی و گۆشەگیری، هێرش و داگیرکاری و پاشکۆیەتی دەبێت.

**Ecology work** | ایکولوجیة العمل | ژینگە ناسی کار

مەبەست لەم زاراوەیە، ئەو لێکۆڵینەوەیەی زانستی ژینگەپێی هەڵدەسێت دەربارەی دابەشبوونی کرێکاران لەشوێنەکانی وەك کارگە، یان نووسینگەکان یاخود هەر جێگایەکی هاوشێوە.
هەروەها پەیوەندی ئەو دابەشبوونە بەجۆری پەیوەندییەکانی کارکردن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە ناڕەسمیەکان.

**Econometrics** | علم الاقتصاد الرياضي القياسي | ئابورناسی پێوانەیی

زانستێکە هەڵدەستێ بەپراکتیك کردنی ڕێگاکانی بیرکاری و ئامار، بەسەر کێشە ئابورییە تیۆری و کردەییەکان، وەك هاوتایی لەهەردوو ڕووی گشتی و ئەندەکی (بەش)، هەروەها لەپرۆسەکانی دابەش کردن و وەرگرتنی بڕیارەکان...هتد.
ئەم زانستە لەکۆتایی سییەکان (سەدەی بیستەم) لەشاری شیکاگۆ دەرکەوت، بەو پێیە، ئابوری پێوانەکاری پابەند دەبێت بەئاراستەی زانستی و لەچەمکە ڕێبازییەکان دوور دەکەوێتەوەو هەوڵدەدات ئەو بنچینانە بخاتە ڕوو کە یارمەتیدەرن لەدانانی سیاسەتێکی ئابوری.

**Economic competition** | المنافسة الاقتصادية | پێش بڕکێی ئابوری

سیستمێکە لەپەیوەندییە ئابوریەکان، ژمارەیەکی گەورەی کڕیارو فرۆشیار دەگرێتە خۆی، هەریەکەشیان هەلس و کەوتی سەربەخۆی دەبێ بۆ گەیشتن بەبەرزترین رادەی قازانج، نرخەکان لەم سیستمەدا تەنها ملکەچی کارلێکردنی یاسای بەهێزی خستنەروو خواست دەبن، پێش بڕکێی (یان رکابەری) ئابوری، ڕەنگە ناتەواو یان پاوانکاری بێت (monopolistic)، ئەگەر تۆخمی هاوچەشنی لەنێوان یەکەکانی کاڵادا فەراهەم نەبێت، هەروەها دامەزراوەکەش هەندێ دەسەڵاتی لەدیاریکردنی بەرهەم و نرخەکەی هەبێت.
ئەمەو ڕەنگە پێش بڕکیکە نموونەیی و تەواو بێت (perfect)، یان ئازاد یاخود سنووردار، هەروەها ئەو پێش بڕکێیە چەند خەسڵەتێك دەگرێتە خۆی، وەك: زۆری ژمارەی فرۆشیارو کڕیار، هاوچەشن بوونی بەرهەم و ئازاد بوونی لەناو بازاڕ، هەروەها زانینی مامەڵە کەران بەکەل و پەل و کاڵاکان بەو هەڵ و مەرجەی باوە لەبازاڕدا، لەگەڵ ئازادی گواستنەوەی مادەکانی بەرهەمهێنان و نەبوونی تێچووەکانی گواستنەوە.

**Competition** | تەماشا بکە: رکاربەری

**Economic democracy** | الديمقراطية الاقتصادية | دیموکراسییەتی ئابوری

بارێکە کۆمەڵگە پێی دەناسرێت، کاتێ هیچ بەشێکی دەسەڵاتی مادی بەسەر بەشەکانی دیکەیدا نابێت، هەروەها مەبەست لە دیموکراسییەتی ئابوری، بەشداریکردنی هەموانە لەئەرك و بەرپرسیارییە ئابورییەکان.

**Economic development** التنمية الاقتصادية گەشەپێدانی ئابوری

پرۆسەیەکە بەپێی ئەو پرۆسەیە دەوڵەتە گەشە سەندووەکان، ئەو دەرامەتانەی کەلەژێر دەستیاندایە بەکاری دەهێنن بۆ بەدیهێنانی گەشە کردنێکی خێراو بەمەبەستی فراوان بوونی ئابوری وڵات، کە دەبێتە هۆی زۆر بونێکی بەردەوامی داهاتی نەتەوەیی، زۆر بوونیش لەبەشی تاك لەکاڵاو پێداویستی و خزمەتگوزارییەکان.

پرۆسەی گەشەپێدان پێویست بەزاڵبوون دەکات بەسەر کۆسپ و ڕێگرییە ئابورییەکان، هەروەها فەراهەم بوونی سەرمایەو شارەزایی هونەری و تەکنەلۆجی.

**Economic determinism** الحتمية الاقتصادية هەربوونایەتی ئابوری

تیۆرییەکە، مارکسیەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، بەپێی ئەو تیۆرییە فاکتەرە ئابورییەکان و شێوازەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کاڵاکان، دەسەڵات و کاریگەرییان لەشێوەی سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبێت، هەروەها لەگەشەی هزری و رەوشتی تاکەکان، لایەنگرانی ئەم تیۆرییە، دیدیان بۆ مێژوو بریتیە لەوەی مێژوو بۆ شاییەکە لەنێوان کۆیلەو چینی دەسەڵاتدار.

**Economic doctrines** المذاهب الاقتصادية ڕێبازە ئابوریەکان

چەندین ڕێبازی ئابوری هەیە لەوڵاتانی جیاوازدا، بەپێی ئەو هەل و مەرجەی باوە لەهەریەك لەو وڵاتانەدا، لەو ڕێبازانەش:

ئابوری ئازاد (free economy)، ئەم ڕێبازە ئابورییە چەند بنچینەیەکی هەیە، لەوانە: نەهێشتنی کۆت و پێوەندە دەرەکیەکان لەبەردەم بازرگانی و دەستێوەرنەدان لەبەکار هێنانی تاکەکان، هەروەها ڕێگای ئازاد بدرێت بەدیاریکردنی نرخ بەپێی سیستمی خستنە رووخواست، تا دەرفەت بۆ تاك بڕەخسێت بەرژەوەندی خۆی پەیڕەوبکات بەوپێیەی ئەو بەرژەوەندییە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەوانی دیکە یەك دەگرێتەوە.

لەڕێبازەکانی دیکەی ئابوری ، ئابوری تێکەڵاو (mixed economy) ئەم زاراوەیەش بەسەر وڵاتانی دواکەوتوودا پیادە دەبێت، لەم ڕێبازە ئابوریە دەبینین بەشێك لەئابوری نیشتمانی لەلایەن سەرمایەی بیانیەوەکاری پێدەکرێت، یان ئەو سەرمایە زاڵە بەسەریداو لەئاستێکی بەرزی بەرهەم هێنانیشە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر بۆ بەرژەوەندی ئەو وڵاتەش کاردەکات کەسەرمایەکەی بۆ دەگەڕێتەوە، بە شان ئەم جۆرە چالاکیە ئابوریە، بەشێکی دیکەی گەورە لەئابوری نیشتمانی هەیە بەڵام هەر وەك باوە دواکەوتووەو شێوازە سەرەتاییەکانی تێدا زاڵە، ڕێبازێکی دیکەی ئابوری، پێی دەوترێت ئابوری ئاراستەکراو (planned economy) مەبەست لەم جۆرەش، ئەوەیە کە دەوڵەت بەگشتی یان بەشێوەیەکی فراوان، زاڵە بەسەریدا.

لەهۆکارەکانی زاڵبوون (دەست بەسەرداگرتن دەوڵەت)، موڵکایەتی گشتی بۆ هۆکارەکانی بەرهەم هێنان و نەخشە کێشانی بەرهەم و گەشەپێدان، چاودێری کردنی متمانەو قەرزبەخشین، دابەشکردن بەپێی کارت (پسولەکان)، ئاراستەکردنی کار بەرەو ئەو لایەنانەی دەبنە هۆی بەدیهێنانی گەشەکردن.

**Economic equilibrium** التوازن الاقتصادي هاوسەنگی ئابوری

بیرۆکەیەکە لەتیۆری ئابوریدا بەکار دەهێنرێت بۆ باسکردنی دیاردەیەك یان کۆمەڵە دیاردەیەکی ئابوری، بەنەبوونی هەر هێزێکی پاڵنەر بەرەو گۆڕانکاری جیاواز دەکرێتەوە، واتە بیرۆکەی هاوسەنگی لەنێوان هێزەئابوریەکان، وادادەنێ کە بوونی رکابەری و سیستمی موڵکایەتی تایبەت وئازادی بەستنی گرێبەستەکان و بەڕێوەبردنی یاسای خستنە روو خواست بەبێ کۆسپ، ئەو دیاردانە بوونیان هەبێت.

**Economic freedom** | الحرية الاقتصادية | ئازادی ئابوری

تەماشا بکـە : بـەرەڵلایی لـەکاروباری ئابوری

**Laissez faire**

**Economic geography** | الجغرافية الاقتصادية | جوگرافیای ئابوری

تەماشا بکە: جوگرافیای ئابوری

**geography Economic**

**Economic goods** | السلع الاقتصادية | کەل و پەلە ئابوریەکان

تەماشای کەل و پەلی ئابوری بکە:

**Goods economic**

**Economic growth** | النمو الاقتصادي | گەشەکردنی ئابوری

گەشەکردنی ئابوری بریتیە لەزۆر بوونی داهاتی نەتـەوەیی ڕاسـتی لەماوەیـەکی درێژخایانـدا، تیۆری گەشـە کردنـی ئـابوری گرینگی دەدات بەشیکردنەوەی پرۆسەی گەشـەکردن و ئـەو فاکتـەرانـەی دەبنـە هـۆی گەشـە کـردن و هـەر گۆڕانێـك ڕوودەدات لەبونیادەکەی کـە هاوشـانی هـەردوو بـواری داواکـاری و خسـتنە ڕوو بێـت، لـەگرینگترین فاکتـەرەکانی گەشـەکردنی ئـابوری: پێشکەوتنی تـەکنیکی و بـوونی هانـدەرەکان و زۆر بـوونی سـەرمایەی وەبـەرهێنان، لەگـەڵ پێکهاتـەی دانشـتوان لـەڕووی زۆر بوونی ژمارەی ئەوانەی بەشێکن لەهێزی کار، هەروەها لە رووی خەسلەتەکانیان و بڵاوبوونەوەی گیانی زانست و ...هتد.

لێـرەدا جیاوازییـەك هەیـە لـەنێوان گەشـەپێدان و گەشـەکردن، لەکاتێکدا یەکـەمیان، تـەنها زۆر بـوونی بەرهـەم دەگرێتـەوە، ئەگەر ئەو زۆربوونە بە کۆمـەڵ بێـت یـاخود لـەبارو گونجاو لەگـەڵ ژمـارەی دانشـتوان، بـەڵام زاراوەی گەشـەکردن ئامـاژە بـۆ گۆڕانی ئابوری و کۆمەڵگە دەکات، هەروەها وادادەنرێت کەگەشەکردن بەدوای گەشەپێداندا دێت.

**Economic incentives** | الحوافز الاقتصادية | هاندەرە ئابوریەکان

مەبەست لەم زاراوەیە، سیاسەتێکی ئابوری و داراییە، چەند حکومەتێك پێڕەوی دەکەن و ڕەنگە ببێتە هۆی هاندانی چالاکی ئابوری .

لەرووەکانی ئەو سیاسەتەش: کەمکردنەوەی سوودی قەرزە پیشەسازییەکان و لێبوردن لەباج، یـان دابەزانـدنی بـاج ئەوەنـدەی پەیوەندی بەپرۆژە پیشەسازییە نوێیەکانەوە هەیە، هەروەها بەخشین و کۆمەك بۆ هاندانی هەناردەکردن و....هتد.

تەماشا بکە: هاندەرەکان

**Incentives**

**Economic institution** | النظام الاقتصادي | سیستمی ئابوری

مەبەسـت لەزاراوەکـە، سیسـتمی رۆڵـە کۆمەڵایەتیـەکان و ئـەو پێوەرانەیـە کـە دەربـارەی بەرهـەمهێنان و دابەشـکردن و بەکاربردنی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان ڕێك دەخرێن.

ئەرکی سیستمی ئابوری بریتیە لەفەراهەم کردنـی پێداویستی و داواکاریـەکانی ئەنـدامانی کۆمەڵگەیـە، کـە دەسـت پێـدەکات لەپێداویستیە بنچینەییەکانی ژیان تادەگاتە کەل و پەلی بەکاربردن بۆ فیزو خۆهەڵکێشان.

**Economic law** | القانون الاقتصادي | یاسای ئابوری

1- ئەو یاسایەی کەدەسەڵاتی بەسەر دیاردە ئابوریەکان دەشکێ و هۆو ئەنجام بەیەك دەبەستێتەوە.

2- ئەو یاساو رێنماییانەی چالاکی ئابوری رێکدەخەن، ئامانجیشی چاودێریکردنی بەرژەوەندییە ئابورییە گشتیەکانە.

Economic man | الانسان الاقتصادي | مرۆڤی ئابوری

Homo economicus | تەماشا بکە:

Economic nationalism | القومية الاقتصادية | نەتەوەیی ئابوری

Nationalism economic | تەماشا بکە: ئابوری نەتەوەیی

Economic needs | الحاجات الاقتصادية | پێداویستیە ئابوریەکان

واتە هەموو ئەوانەی مرۆڤ لەژیاندا پێویستی پێیان دەبێت، لەگەڵ پێداویستیە زەروریەکان و تێربوون لێیان کە هەردووکیان هێزی کاریگەرن بەسەر چالاکی ئابوری، چەندی بێت شێوەکەی یاخود رادەکەی.

دیارە پێداویستیەکانی مرۆڤیش لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پەرە دەسێنێت، هەروەها پێداویستیەکانی مرۆڤی شارستانی چەند جارەی پێداویستیەکانی مرۆڤی سەرەتاییە، بەم پێیە چالاکی ئابوری چەند جارێك زیاتر دەبێت بۆ رازی کردنی ئەو پێداویستیە زۆرانە.

Economic organization | التنظيم الاقتصادي | رێکخستنی ئابوری

المنظمة الاقتصادية | رێکخراوی ئابوری

1- کۆمەڵە رێساو بنەمایەك لەگەڵ شێوازی رێکخستنەکان، لەلایەن گەلێکەوە پێڕەو دەکرێت لەبەکارهێنانی دەرامەتەکانی و بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی، هەروەها دیاریکردنی یەکەمایەتیەکانی خۆی و وەرگرتنی ئەو بڕیارانەی تایبەتن بەکەل و پەلە ئابوریەکانیەوە.

2- یەکەیەك بۆ چالاکی ئابوری، وەك کۆمپانیا بازرگانیەکان (بۆ نموونە)، ئەو یەکەیە لەچالاکیە تەواوەکانی کۆمەڵە کەسانێك پێکدێت.

Economic planning | التخطيط الاقتصادي | پلاندانانی ئابوری

Planning | تەماشا بکە: پلان

Economic union | الوحدة الاقتصادية | یەکگرتنی ئابوری

یەکگرتنێك لەنێوان دوو دەوڵەت یان زیاتر، بەمەبەستی هەڵگرتنی میرانەو باجەکان و ئەو کۆت و پێوەندە زۆرەی بەسەر بازرگانی نێو دەوڵەتی دانراوە، هەروەها بڕیاردان لەسەر سیاسەتێکی کشتوکاڵی هاوبەش وفەراهەم بوونی ئازادی هاتوچۆو گواستنەوەی تاك و سەرمایەکان، لەگەڵ رێکخستنێکی کارای سیاسەتە داراییەکانی نێوان دەوڵەتانی ئەندام لەو یەکگرتنە.

Economic welfare | الرفاهية الاقتصادية | خۆشگوزەرانی ئابوری

بەپێی پێناسەی (بیجو) مەبەست لەخۆشگوزەرانی ئابوری، زۆربوونی هەموو کالاو ئەو خزمەتگوزاریانەی کەئالۆگۆڕ کردنیان بەدراو باوە.

دیارەکاتی پشودان و بێ ئیشی بەیەك لەڕەگەزەکانی خۆشگوزەرانی ئابوری دادەنرێت، بۆیە واگریمانە دەکرێ کەزۆربوونی خۆشگوزەرانی ئابوری دەبێتە هۆی زیاد بوونی گفتوگۆو باسکردنی خۆشگوزەرانی گشتی.

Welfare economics | تەماشا بکە: ئابورییەکانی خۆشگوزەرانی

**ئابورناسی** **علم الاقتصاد** **Economics**

توێژینەوەیەکی زانستیە، دەربارەی بەرهەم هێنان و دابەشکردن و بەکار بردنی کالاّو خزمەتگوزاریەکان، ئەویش بۆ بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی تاکەکان.

لەڕابردوودا بەئابورییان دەوت، ئابوری سیاسی (polital economy) لەبەر ئەوەی باسی لەو بابەتانە دەکرد کەتایبەتن بەدەوڵەت، بەلاّم کاتێ نووسەران لەسەردەمە نوێیەکان باسیان لەئابوری دەکرد، دەرکەوت کەداهاتی دەوڵەت پشتی بەداهاتی خەڵکی دەبەستێ، بۆیە گرینگی پێدانیان گۆڕا بەرەو ئەو فاکتەرانەی کەدەبنە هۆی زۆر بوونی سامانی گەلان.

دواتر لەوە تێگەیشتن کەگەشەکردنی سامانی ئابوری متمانە دەکاتە سەر هەوڵی تاکەکان لەژیانی کۆمەلاّیەتیان، بۆیە بابەتی ئەم زانستە بووە توێژینەوە لەو هەولاّنە کەئەوەش بابەتێکی کۆمەلاّیەتیە، جیاواز لەبابەتەکەی پێشو کەناوی لێنرا (ئابوری سیاسی).

چالاّکی ئابوری بەسروشت کارێکی کۆمەلاّیەتیە، لەبەر ئەوەی خەڵکی رەنجە ئابوریەکانیان بەدوور لەیەکتری ئەنجام نادەن، هەرکەسێك پێویستی بەوی دیکە دەبێت لەبوارە جیاوازەکانی چالاّکی ئابوریدا، هەر بەهۆی ئەو پەیوەندیکرنەی نێوان تاکەکان چەند جۆرە پەیوەندییەکی دیکە دروست دەبێت، بگرە هەر لەپەیوەندییەکانی نێوان خاوەن کارو کرێکارانەوە، تادەگاتە پەیوەندییەکانی نێوان کڕیارو فرۆشیارەکان و پەیوەندی، نێوان بەرهەم هێنەرانیشدا هەندێکیان لەگەڵ هەندێك.

رێکخستنی کۆمەلاّیەتیش لەڕوویەکی دیکەوە کاریگەری لەسەر چالاّکی ئابوری دەبێت، هەروەها ئەو چالاّکیەش بەرۆڵی خۆی کاریگەری لەسەر رێکخستنی کۆمەلاّیەتی دەبێت.

**ئابوری کۆمەلاّیەتی** **الاقتصاد الاجتماعي** **Economic social**

**Social economics**

تەماشای ئابوریيە کۆمەلاّیەتیەکان بکە:

**پاشەکەوت کراوەکان** **الوفورات** **المقتصدات** **Economies**

دەستەبەرکردنی پاشەکەوت و دەستگرتن بەباری ئابورییەوە، لەو خەسلەتانەن کەسیستمی بەرهەمە گەورەکان پێی دەناسرێن، ئەو دەسکەوت و پاشەکەوتکردنانەش، دەرەکی یان ناوخۆیی دەبن.

پاشەکەوت و دەسکەوتە ئابورییە دەرەکیەکان پەیدا دەبن لەڕێگەی دامەزراندن و نیشتەجێ کردنی پیشەسازییەکان لەچەند ناوچەیەکی دیاریکراودا، دیارە ئەو کارەش دەبێتە هۆی چاککردن و گەشەپێدانی ڕێگاو بان و فراوان بوون لەبەرهەم هێنان و زۆر بوونی وزە بۆ پیشەسازییەکان بەخەرجییەکی کەمتر، هەروەها هاتنە پێشەوەو زۆربوونی کرێکاری شارەزاو راهێنراو، ئەمەو سەرەڕای بەشداریکردنی پرۆژە بەیەك بەستراوەکان لەئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و هونەری، هەروەها هەستان بەوەی پێویست دەکات لە تاقیکردنەوەو ئاڵ و گۆڕ کردنی زانیاریەکان، هەموو ئەوانە دەبنە هۆی زۆربوونی پێداویستیەکانی بەرهەم هێنان، لەگەڵ یارمەتیدان بۆ دابەزینی خەرجی و تێچووی بەرهەمهێنان.

بەلاّم دەسکەوت و پاشەکەوتکردنە ناوخۆییەکان، لەوانەش پاشکەوتە هونەرییەکان، ئەوانە دێنەدی لەئەنجامی فراوانبوون لەپیادەکردنی بنەمای دابەشکردنی کاروپسپۆرییەتی وردو بەکار هێنانی ئامێرە گەورەکان، ئەوانی توانای بەرهەمهێنانی بەرزیان هەیە.

پاشەکەوت کردنە کارگێڕییەکانیش دێنەدی، بەهۆی زۆرکردنی قەبارەی یەکەی بەرهەمهێنان، یاخود بەکۆکردنەوەی ژمارەیەك لەویەکە بەرهەمهێنەرانە لەژێر دەسەلاّتی یەك یەکەی کارگێڕی.

پاشەکەوت کردنە بازرگانیەکانیش خۆی دەنوێنێ لەلێهاتووی و شارەزایی لەبواری کڕینی دەرامەت و کەرەستە خاوەکان، هەروەها فرۆشتنی بەرهەمەکان لەکۆتاییدا، ئەمەو پرۆژەی گەورەش دەتوانێت کەمترین نرخ بەدەستبێنێ و تێچووی

گەواستنەوەو پڕوپاگەندەو ڕاگەیاندن دابەزێنێ.
پاشەکەوت کردنە داراییەکانیش بەهۆی ئاسانی لەبەدەست هێنانی متمانەو قەرز بەخشین دێنەدی، یاخود بەهۆی زۆرکردنی سەرمایەی پرۆژەکان و بانگەواز بۆ بەشداری و هاوبەشی لەکۆکردنەوەی ئەو سەرمایانە.

**ئابوریخوازی** | **الاقتصادية** | **Economism**

چەند بنەماو باوەڕێکە کەلەچەند ناوەندێکی (دیموکراسیە سۆسیالستیەکان)ی ڕوسیا باو بووە لەساڵانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا.
ناوەڕۆکی ڕێبازەکە بریتیە لەوەی: چالاکی چینی کرێکاران دەبێ تەنها لەچوارچێوەی بوارە ئابورییەکە کورت بێتەوە، واتە لەسەر پێکهێنانی سەندیکای کرێکاران و ڕێکخستنی مانگرتنەکان لەکاردا.
بیروبۆچوونی میانڕەوەکانیئەم ڕێبازە وا باوبووە کەچالاکی سیاسی تەنها دابەش بوونی کرێکارانی بەدوای خۆیدا هێناوە، بەڵام توندڕەوەکانی ئەم ڕێبازە، بۆ چوونیان وایە کە خودی چالاکی ئابوری دەبێتە هۆی دروست بوونی هەڵوێستێکی شۆڕشگێرانە.

**پاشەکەوت** | **التدبير، التوفير** | **Economy**
**سیستمی ئابوری** | **النظام الاقتصادي**

مەبەست لەم زاراوەیە لەڕابردوودا، هەڵسوڕاندنی کاروباری ناوماڵ، یان بەڕێوەبردنی کارەداراییەکان بووە.
بەڵام لەسەردەمی نوێدا، بواری بەکارهێنانی زاراوەکە ئەگەرچی هەر لەو سنوورەمابۆوە، لەکاتێکدا ئەوەندەی پەیوەندی بەکاروباری ئابوری وڵاتێکەوە هەیە، ئەوا بواری بەکارهێنانی فروانتر بووە، وەك ئەوەی بوترێت: ئابوری میسری وئابوری ئەوروپی و بەو جۆرە، یاخود مەبەست لێی ئەو جۆرە ئابوریە بووە کە لەکۆمەڵگەیەکدا باو بووە، وەك:
ئابوری ڕاوکردن (hunting economy)
ئابوری لەوەڕاندن (pastoral economy)
ئابوری کشتوکاڵ (agricultural economy)
ئابوری پیشەسازی (industrial economy)

**ئابوری کۆکردنەوەو چنینەوەی میوە** | **اقتصاد جمع والتقاط الثمار** | **Economy, gathering**

تەماشا بکە: **Food collecting**

**ئابوری ڕاو** | **اقتصاد الصيد** | **Economy hunting**

تەماشای ڕاو، بەدووی نێچیر کەوتن بکە: **Hunting**

**ئابوری پیشەسازی** | **الاقتصاد الصناعي** | **Economy industrial**

زانستێکە لەپێکێنانی پیشەسازی وپەیکەرەکەی و توخمەکانی دەکۆڵێتەوە، وەك کەرەستەی خاوو سەرمایەو کارو کارگێڕی پیشەسازی.هەروەها لەکۆکردنەوەی پارە بۆ پیشەسازی و بەبازاڕکردنی پیشەسازی و نیشتەجێکردنی پیشەسازی دەکۆڵێتەوە ...هتد.

Economy, market اقتصاد السوق ئابوری بازاڕ

Market Economy ئابوری بازاڕ

Economy natural الاقتصاد الطبيعي ئابوری سروشتی

لەئابوری سروشتی، ئەو کەل و پەلانەی کە بەبەرهەم دەهێنرێت بۆ ئاڵ و گۆڕ کردن نیە، بەڵکو بۆ جێبەجێ کردنی پێداویستیە ناوخۆییەکانە، بەشێوەیەکی سەرەکیش پێداویستیە کەسێتیەکان.

بۆیە ئەم جۆرە ئابورییە لەسەردەمی کۆمەڵە سەرەتاییەکاندا باو بووە.

Economy planned الاقتصاد المُوَجّه ئابوری نەخشەکێشراو ئاراستەکراو

ئەوجۆرە ئابورییە دەوڵەت بەسەریدا زاڵە بەتەواوی، یان تاسنورێکی فراوان، ڕەنگە ئەو دەست بەسەرداگرتن و زاڵبوونەش لەڕێگەی خاوەندارێتی گشتیەوە بێت بۆ هۆیەکانی بەرهەم هێنان، هەروەك لەوڵاتانی سۆسالیست هاتۆتەدی، یانیش لەڕێگەی پلاندان بێت بۆ بەرهەم هێنان و گەشە پێدان، یان بەهۆی چاودێری دانان بێت لەسەر قەرز پێدان، یاخود بەشێوەی دابەشکردنی کەل و پەل و پێداویستیەکان بێت بەهۆی کارتەوە (پسولە) لەگەڵ ئاراستەکردنی کار بەرەو ئەو بوارانەی کە دەبنە هۆی بەدیهێنانی گەشەپێدان، یان ڕەنگە بەهۆی هەموارکردنی شێوەی وەرگرتنی میرانەو باجەوە بێتەدی، وەك یەك لەشێوازەکانی ڕێکخستن بازرگانی دەرەکی وڵات.

Economy of abundance اقتصاد الوفرة ئابوری زۆرە بەرهەم

جۆرە ئابورییەکە ڕووی لەزۆر بوونی بەرهەمە، گرینگی دەدات نەك تەنها بەتێربوون لەهەموو پێداویستیەکان، بەڵکو پەیداکردنی پێداویستی نوێ.

Eco system الوحدة الطبيعية النَسَق البيئي نەزمی ژینگەیی سیستمی ژینگەیی

زاراوەیەکی ئیکۆلۆجیە، مەبەست لێی بەشێك لەسروشت بەزیندەوەرە رووەکی و ئاژەڵەکانیەوە، هەروەها بەخەسڵەتە ژینگەیی و سروشتی و کیمیاوییەکانیەوە، کە هەموویان بەیەکەوە یەکەیەکی سروشتی یان یەکەیەکی ئیکۆلۆجی جیاکار پێکدێنن.

هەر رووپۆشێکی رووەکی بۆ زەوی، بەرەو ڕووی کاریگەری و کارلێکردن دەبێتەوە لەلایەن کۆمەڵەی ئاژەڵەوە کە بەزۆری لەگەڵ ئەو رووپۆشە بوونیان دەبێت، هەروەها ئەو رووەك و ئاژەڵانە کاریگەریان دەبێت و کارتێکردووش دەبن بەو ژینگەیەی تێیدا دەژین، لەنێوان هەموو ئەو ڕەگەزانە پەیوەستی و تێکەڵاوی هەیە کەخۆی دەنوێنێ لە حاڵەتی هاوسەنگی ڕێژەیی نێوانیان، یاخود ململانێی سروشتی.

Ecstasy الوَجد– النَشوة الانجذاب الصوفي شادمانی حاڵ لێهاتنی دەروێشی

زارەوەکە، حالەتێك لەهەست کردن بەشادی و دڵخۆشی و وروژاندنی ئەقلی دەگرێتە خۆی، هەر لەمیانەی ئەو بارەشدا تاك دەکەوێتە جۆرێك لەبوراندنەوەو بێهۆشی (catalepsis)، لەگەڵ هەست نەکردنی بەوروژێنەرە ئاساییە دەرەکیەکان، هەروەها ئەم حاڵەتە بەکێش کردن بەرەو دەروێشی و بەیەکگرتنی هەست و ئاگاییەکان و دوورکەوتنەوە لەجیهانی هەست

پێکردن و گیانی نەریتی جیاواز دەکرێتەوە، لەگەڵ هەست کردنی زۆر بەمەستی دەرکەوتنی گیانی خودایی لای کەسەکە.
گەلانی سەرەتایی، رووکردن و بەکێشکردن بەرەو حالەتی دەرویشیان دەوروژاند، ئەویش بەهۆی مادە سڕکەرەکان و رۆژو گرتن و زەبرو زەنگ و سەماکردن.
دیارە ئەو کارانەشیان لەئەنجامدا دەبێتە هۆی ئەوەی کەرۆحەکان دەست بەسەر ئەو کەسانە بگرن کە بەو کارانە هەڵدەستن، هەروەها دواتر چەندین کۆمەڵ کاری بەکێش کردنیان بەرەو دیاردەی دەرویشی بەکار هێناوە، ئەویش بەهۆی چەندین داب و نەریتی نهێنی و راهێنانی جەستەیی توند و ڕامانی دوورو درێژو خۆسروشتی بەردەوام.
ئەنجامەکانی ئەم ئەزموونە جۆراوجۆرن، چەندین جۆری جیاوازی وەك تێر بوونی هەستی و هزری و جوانی و ئاینی لێ پەیدا دەبێت، بەڵام پلەکانی کاریگەر بوونی تاکەکان بەدیاردەی بەکێشکردن بەرەو دەرویشی، جیاواز دەبن، هەندێ کەس زووتر کاریگەر دەبن و هەندێکیش بەجۆرێکی دیکە.

**پەروەردە** — **التربية** — **Education**

پەروەردە سیستمێکی کۆمەڵایەتیە، کاریگەری کاری خێزان و قوتابخانە دیاری دەکات لەبواری گەشەپێدانی نەوەی نوێ، ئەگەر جەستەیی یان ئەقلی یاخود رەوشتی بێت، بۆ ئەوەی تاك ژیانێکی ئاسایی بژێت لەژینگەکەیدا.
دیارە پەروەردە لەڕووی مەبەست و ماناوە، لەفێربوون (instruction) فراوانترە، کەچەند قۆناغێکی جیاواز دەگرێتەخۆی، فێرخواز پێیدا تێپەڕ دەبێت بۆ ئەوەی ئاستی خۆی لەزانست بەرزبکاتەوە.
کەواتە پەروەردە پرۆسەیەکی گشتیە بۆ ڕاهێنان و گونجاندنی تاك، بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕەوتی ئەوشارستانیەتەی پێیدا تێپەر دەبێت تەبا بێت و بەرێوەبچێت.
بەم پێیە پەروەردە دەبێتە پرۆسەیەکی دەرەکی، کۆمەڵگە پێی هەڵدەستێت بۆ پێگەیاندنی تاکەکانی (socialization) تا لەگەڵ ئاستی شارستانیەتی گشتیدا بن.

تەماشا بکە: زانستی پەروەردە — **Pedagogy**
کۆمەڵناسی پەروەردە — **Sociology of education**
دەروونناسی پەروەردە — **Educational psychology**

**فێرکردنی گەورەکان** — **تعليم الكبار** — **Education, adult**
تەما شابکە: **Adult education**

**رۆشنبیری کرێکاری** — **الثقافة العمالية**
**فێر کردنی کرێکاران** — **تعليم العمال** — **Education, labour**
تەماشا بکە: **Labour education**

**ئابورییەکانی فێرکردن** — **اقتصاديات التعليم** — **Education economics**

زانستێکە لەگۆشەیەکی ئابورییەوە تەماشای پرۆسەکانی فێرکردن دەکات، هەروەها رۆڵی فێرکردن لەگەشەپێدانی ئابوری، لەگەڵ هەڵسەنگاندن بۆ کاریگەری فێربوون و پشکی لەزۆر کردنی داهاتی نەتەوەیی یاخود بەرهەمی گشتی.
ئەم زانستە لەنەخشەو پلان دانان بۆ پرۆسەی فێرکردن دەکۆڵێتەوە، بەجۆرێك کەببێتەهۆی باشترین داهات لەتێچووی ئەو پرۆسەیە.
دیارە ئەم لایەنەش دامەزراوەکانی فێربوون و رێکخستنی قۆناغەکانی فێربوون دەگرێتەوە، هەروەها جۆرەکانی و پێداویستیەکانی لەمامۆستاو بەرێوەبەری قوتابخانەکان و پێداویستیەکانی دیکە.

ئامادەکردنی پسپۆرە کۆمەڵایەتیەکان اعداد الاخصائیین الاجتماعیین **Education for social work**

ئەم ئامادەکردنە لەڕێگەی چەند خوێندنگاو پەیمانگایەکی تایبەت بەخزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی دێتەدی، لەودامەزراوانە زانستە کۆمەڵایەتیەکان لەهەردوو بواری تیۆری و پراکتیکی دەخوێندرێت بۆ ئامادەکردنی ئەو شارەزاییە کۆمەڵایەتیانەی کەبەکاروباری یارمەتیدان هەڵدەستن لەبواری پەروەردەی کۆمەڵایەتیەوە، یاخود ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتیانە بەڕێوەدەبەن کە بۆ کاروباری پاراستن و چارەسەرکردن بەکار دەهێنرێن.

خزمەتگوزاری چاودێری لەپەیمانگاکانی فێربوون خدمات الرعایة في معاهد التعلیم **Education welfare service**

تەماشا بکە: خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لەقوتابخانە **School social work**

دەروونناسی پەروەردەیی علم النفس التربوي **Educational psychology**

تەماشا بکە: دەروونناسی پەروەردەیی **Psychology educational**

کۆمەڵناسی پەروەردەیی علم الاجتماع التربوي **Educational sociology**

تەماشا بکە: **Sociology, educational**

کاریگەری التأثیر الفاعلیة **Effectiveness**

واتە، ئەودیاردەیەی توانای کارتێکردنی لەسەر بەرهەمهێنانی کاریگەرییەکی یەکلا کەرەوە دەبێت لەکاتێکی سنورداردا. هەروەها مەبەست لەم وشەیە بارودۆخێکی هەبووە بەڕاستی. دەوترێت کاریگەری گروپی کارکردن (group effectiveness) واتە هەستانی گروپ بەو ڕەنجەی پێویست دەکات، هەروەها دەوترێت کاریگەری ڕێکخستن (organization effectiveness)، بەمانای ئەوەی ئامانجەکانی خۆی جێبەجێ دەکات.

ڕێبازی هۆکارێتی کاریگەرێتی مذهب الفاعلیة **Effectivism**

یەك لەئاراستە فەلسەفیەکانی بیرکارییە، هەوڵی ئەوە دەدات کەزانستی بیرکاری نوێ تەنها ئەوانە بگرێتە خۆی کەبەهۆی زانستی بیرکارییەوە دەسەلمێنرێن.

هەروەها هەموو ئەوانەی بیرکاری خوازان تێی دەگەن، بەبێ شاراوەیی و لێلی، ئەوا لایەنگرانی ئەم ڕێبازە لەچوارچێوەی زانستی بیرکاری دادەنێن و هەموو ئەوانەی دیکەش دەخەنە دەرەوەی زانستی بیرکاری.

توانا
Efficiency الكفاية القُدرة
لێهاتوویی

لێهاتوویی بۆ بەدیهێنانی ئەو ئەنجامەی مەبەستە، ئەویش بەپێی چەند پێوەرێك كەپێشتر دیاریكراون، ئەو توانا و لێهاتووییە روو لەزۆر بوون دەكات چەندی كرا ئەنجامەكە جێبەجێكردنێكی تەواو جێبەجێ بكرێت.

لەم بوارەدا چەند جۆرێك تواناو لێهاتوویی هەیە، لەوانە:

توانای كارگێری (administrative efficiency) مەبەستیش لێی بەدیهێنانی چەند ئەنجامێكە بەكەمترین كۆشش و كات و تێچوو، هەروەها گەیاندنی بەرهەم بۆ بەرزترین ئاستی.

ئەمەو دەكرێ هەڵسەنگاندن بۆ لێهاتوویی تاكەكان (efficiency rating) بكرێت بەهۆی ئەو راپۆرتانەی ساڵانە دەربارەی فەرمانبەران دادەنرێن، هەروەها بەهۆی زۆر كردنی بەرهەم (efficiency bonus) دەكرێ دامەزراوەكان پاداشت بكرێن، ئەگەر لەو پێوانەی هەیە بەرهەمیان زیاتر بوو.

ئەرك
Effort الجُهد
كۆشش

گرینگترین توخمەكانی كاری كارگێرییە، ڕەنگە ئەو ئەركەش جەستەیی بێت یان ئەقلی ، رادەی ئەو ئەركەی كەتاك پێی هەڵدەسێت دەگۆڕێت بەپێی گۆڕینی كاروبارە جیاوازەكان.

ئەندازەی مرۆڤایەتیش هەوڵدەدات چەند هۆكارێكی جۆراو جۆر بەكار بهێنێت بۆ سووك كردنی ئەو هەول و كۆششەی كەلەكاردا دەبەخشرێت.

دەوترێت: ڕێزگرتنی كۆشش (effort rating)، مەبەستیش لێی، هەڵسەنگاندنی كاری كرێكارە لەئاست تێكڕای ڕێزگرتنی پێوانەیی، لێرەدا لەو ڕێز گرتنە ڕەچاو كردنی، خێرایی جولەو ڕەنج و شارەزایی...بەهەند وەردەگیرێ..

ڕێبازی یەكسانی
Egalitarianism مذهب المساواة
یەكسانی خوازی

1- ڕێبازێكە بڕیار لەسەر پێویستی یەكسان بوون لەنێوان تاكەكان دەدات، لەگەڵ نەبوونی هەر جۆرە جیاوازییەك و لەبەر هەر هۆیەك.

2- ڕێبازی یەكسانی بڕیار لەسەر ئەوە دەدات كەهەمووو چینە كۆمەڵایەتیەكان ڕێژەیەك لەكەسانی بلیمەت و زیرەك و ئاسایی و دواكەوتوو دەگرنە خۆیان.

تەماشا بكە: Equality

من
Ego الانا الذات
خود

شارەزایی تاك یان تێگەیشتنی بۆ خودی خۆی، یاخود ئەو یەكە بزوێنەركاریەی كەبریتیە لەتاك، لەو ڕوووەوەی كە هەست بەپێناسە سەلمێنراوەكەی خۆی دەكات.

زاراوەكە لەشیكردنەوەی دەروونناسیدا بەكار دەهێنرێت وەك هێمایەك بۆ ئەو لایەنەی تاك كەڕاستەو خۆ دەگاتە ڕاستی دەرەكی و جیهانی واقیع، ئەویش لەڕێگای هەستەكانیەوە دەبێت، كەتوانای تێگەیشتن و هەڵسەنگاندن و بڕیاردانی دەبێت بەهۆی كردارە ئەقلیەكانەوە.

هەروەها منی باڵا یان وێژدانی نائاگایی (super - ego) ئەوە ئەو بەشە نەستەیە (نائاگایی) لەقوڵایی دەروونندا، كە

هاندەرە رەمەکیەکان و ویستە خەفە کراوەکان دەگرێتە خۆی و ئارەزووە هەلچووە کوێرەکانیش بەسەریدا زاڵن و ملکەچی پرەنسیپی چێژیش دەبێت .

**ناوەندێتی خود** مرکزیة الذات **Egocentrism**

ئارەزووی تاك بۆ گێڕانەوەی هەموو شتێك بۆ خود، تاك خۆی دەکاتە ناوەندی جیهان لەڕووی هزری و ویژدانیەوە، تەنها بەدیدی خۆی دەڕوانێت و بەبیرو بۆ چوونی خۆشی بیردەکاتەوە.

**خۆپەرستی منێتی** الأنانية **Egoism**

حالەتێکە، تێیدا هاندەرو ویستە خودییەکان زاڵ دەبن بەسەر تاکدا، ئەویش بێ ڕەچاوکردنی ویست و بەرژەوەندییەکانی ئەوانی دیکە.
دواتر ئەو حاڵەتە لەگەڵ گیانی کۆمەڵایەتی دژ دەوەستێت، تا ئەگەر هاتوو سنورەکەی فراوانیش بوو، هەروەها لەئاست کۆمەڵە تاکێکیش جۆرە مۆرکێکی (شیوەو ڕەنگێکی) تایبەتی هەلگرت.
دەوترێت، شێتی خۆپەرست (egomania) وەك زیادە رۆییەك بۆ خۆشەویستی خود، لەبەرامبەر زاراوەی خۆپەرستی، زاراوەی ئەویترخوازی (خۆنەویستن) (altrusim) دێت.

**زانستی ئاوەدانی** عِلم العمران **Ekistics**

لێکۆڵینەوە لەشوێنی نیشتەجێ بوونی مرۆڤایەتی و هەموو ئەو حالەتانەی پەیوەستن بەپلان دانانیان، لەگەڵ گرینگیدان بەو ڕووە مرۆڤایەتیەی کە گیرۆدەی دیاردەی شارنشینی خێرا دەبێت.
ئەمەو لێکۆڵینەوەکان پشت دەبەستن بەزانستەکاننی ئەندازەیی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و .هتد.

**هەستانەوەی زیندوویی (ژیانی)** الدفعة الحيوية **Elan vital**

دەربڕینێکە لەلایەن (بەرگستون)ەوە بەکار هێنراوە، وەك ئاماژەیەك بۆ سەرچاوەی پەرەسەندن لەبواری بایۆلۆجی، ئەو بۆ چوونە بەمانا فراوانەکەی ئاماژەیە بۆ ئەو هاندەرە بایۆلۆجیەی کەلەهەموو چالاکیەکی ئەندامی دەردەکەوێت.

**نەرمی** المرونة **Elasticity**

لەڕووی ئابورییەوە ئەو وشەیە ئاماژە بۆ پەیوەندی نێوان دووگۆڕاو دەکات، وەك ئەو پەیوەندییەی کەلەنێوان نرخی کالاو ئەو بڕەی کە لەلایەن بەکار بەرانەوە خواستی لەسەرە، یان لەنێوان داهاتی بەکاربەر لەگەڵ ئەو بڕەی خواستی لەسەرە لەکالاکان، یاخود لەنێوان نرخی کالاکەو ئەو بڕەی کەلەلایەن فرۆشیارەوە دەخرێتە بازاڕ بۆ فرۆشتن.
نەرمی لەنرخدا ئاماژە بۆ ئەو رادەیە دەکات کە گۆڕانی بەسەر دادێ، لەو خواستەی کەلەسەر کالایەکە، ئەویش وەك بەدەنگەوە هاتنێك لەگەڵ گۆران لەنرخەکەیدا.

**هەڵبژاردن** الانتخابات **Election**

هەڵبژاردن پێناسە دەکرێت بەوەی یەك لەشێوە رێکارییەکانە کە ڕێساو بنەماکانی رێکخراوێك بڕیاری لەسەر دەدات، بەپێی ئەو ڕێساو بنەمایانە هەندێ یان هەموو ئەندامانی دامەزراوەکە (رێکخراوەکە) بەشداری دەکەن لەهەڵبژاردنی کەسێك یاخود چەند کەسێك بۆ ئەوەی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت، سیستمی دیموکراسی گرینگی ئەو کردارە دەسەلمێنێت و هەر

بیرۆکەیەکی دیکە بۆ هەڵبژاردن کەلەڕێگەی کاری بەکۆمەڵەوەش بێت پەسندی ناکات.
بەپێی سیستمە سیاسییەکان هەڵبژاردن (مافە) بەپێی ئەو بنەمایەی کەهەر هاوڵاتیەك بەبەشێك لەخاوەن سەروەری گەل دادەنرێت، بۆیە مافی بەشداریکردنی هەیە لە کاروباری گشتی، ناکرێ کەسیش لەو مافە بێبەش بکرێت، تەنها ئەوانە نەبن کەشایستەیی یاخود لێهاتووییان لەدەستداوە.
بۆ هەڵبژاردنیش دوو سیستم هەیە، دەنگدانی گشتی و دەنگدانی کۆت و بەندکراو، بڕیاردانیش لەسەر ئەوەی کامیان چاکترە ئەوە پەیوەستە بەپێشکەوتنی خەڵکەکەوە.
دەنگدان کۆت و بەندکراو دەبێت ئەگەر تەنهامافی هەڵبژاردن بەو کەسانە درا کە مەرجێکی دارایی یانیش شایستەیی دیاریکراویان تێدا بەدی بێت.
بەلام دەنگدانی گشتیش ئەوە ناگەیێنێ کەمافی هەڵبژاردن بدرێتە هەموو کەسێك بێ مەرج، بەڵکو ئەو مافە بەپێی یاسایەك دەبێت، مافی هەڵبژاردن نابەسترێتەوە بەپشکێك یان بەشە دارایيەك، یاخود بەبوونی حاڵەتێکی لێهاتوویی، لەگەڵ ڕێگا پێدان بەکۆت و بەندکردنی بەدەر لەو مەرجانە.
هەڵبژادرن ڕەنگە ڕاستەوخۆبێت، لەم حاڵەتەدا دەنگدەران ڕاستەوخۆ ئەندامانی ئەنجومەن نوێنەران (پەرلەمان) هەڵدەبژێرن، هەروەها ڕەنگە ئەو هەڵبژاردنە ناڕاستەو خۆ بێت و دەنگدەران نوێنەری خۆیان دیاریدەکەن، کەئەوانیش ئەندامانی پەرلەمان هەڵدەبژێرن ئەو لێکۆڵینەوەیەی تایبەتیشە بەدەنگدان و هەڵبژاردن پێی دەوترێت (psephology) لەو لێکۆڵینەوەیەشدا باس لەهۆکارە جیاوازەکان دەکرێت ئەوانی کاریگەرییان لەسەر دەنگدەران دەبێت.

**Referendum**

تەماشا بکە: ڕاپرسی

**پەیوەندی هزری** الصلة الفكرية **Elective affinity**

ئەم زاراوەیە لەلایەن (ماکس فیبەر)ەوە بەکار هێنراوە لەکاتی لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی سوسیۆلوجیای ئایین، لەبەکارهێنانی زاراوەکە (فیبەر) کاریگەری بیروباوەڕە مرۆڤایەتیەکانی بەسەر ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکان ڕوون کردۆتەوە.
فیبەر دەڵێت: زۆربەی بیروباوەڕەکان، گرنگیان پێ نادرێت لەکاتی دروست بوونیان، بەلام کاتێ زەمینەی لەباریان بۆ دەگونجێ ئەوا کاریگەریان دەبێت لەڕوودانی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکان.
نموونەش لەسەر ئەوە: کاریگەری ئایدیۆلۆجیای، سوسیالستی لەسەر بزووتنەوەی کرێکاران، ئەوانی لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا روویانداوە.

**گرێی ئەلیکترا** عُقدة الكترا **Electra complex**

بەپێی تیۆرییەکەی فرۆید، ئەم گرێیە سۆزێکی توند لەلایەن کچەوە بەرەو باوکی دەگرێتە خۆی لەدوایشدا پەیدابوونی حالەتی زۆمدراییەتی لەدایکی.

**سڕینەوە، خستنەلاوە لابردن** الحَذف، الابعاد، العزل **Elimination**

ئەم زاراوەیە لەدیاردەکانی هەڵبژاردنی سروشتیدا، ئاماژە بۆ حاڵەتی خۆشاردنەوەیەکی پلە بەپلەی هەندێ خەسڵەت دەکات، کەتوانایان نیە لەسەر خۆ گونجاندن، ئەویش بەلەناو چوونی ئەو بوونەوەرانەی کەهەڵگری ئەو خەسڵەتانەن.
هەروەها مەبەست لەسڕینەوە یاخود لابردن لەبەرنامەکانی تۆژینەوەدا، پرۆسەی قبول نەکردنی هەموو ئەو گریمانانەی کەبیرکردنەوە یانیش تاقیکردنەوە قبولیان ناکات.

بژاردەی کۆمەڵ | الصفوة، علية القوم | **Elite**
دەستەبژێر | الاعیان

کەمایەتیـەکی خـاوەن دەسـەڵات، زاڵ دەبێـت بەسـەر گروپێکـی قـەبارە گـەورەتر، چـوونە ڕیـزی ئەوبژاردەیـەش لەچـەند کۆمەڵگەیەکدا بەهۆی خەسڵەتە بۆ ماوەییەکانەوە دێتەدی.
ئەو تاکانەی کەلەباب و باپیرانیانەوە، پشتاوپشت دێنەخوارەوە سەر بەچەند تائیفەیەك یان خاوەن پێگەو بەرژەوەندییـەکن، ئەوانە بەپێی مافی لەدایك بوونیان سوود لەهەمان پێگەو پایەو بەرژەوەندی وەردەگرن.
لەو کۆمەڵگایانەی کە ڕکابەری ئازادانەی تێداباوە، هەڵکشانی تاکەکان دەبینین، ئەوانی لەتوانایاندایە ڕوو لەسـەرکەوتن بکـەن بۆ ئەو پێگەو پایانەی کەبەچاوی بەرز تەماشا دەکرێن، ئەوانە سـەردەکەون لەگەیشـتن بـەڕیزی ئـەو بژاردەیـەی کەکۆمەڵگە یاخود بەشێکی کۆمەڵگە دانی پێداناون.
پێکهاتنی ئەو بژاردەیە، خۆی لەپرۆسەی بژاردن و دابەشکردنی پێگەو پایـەکانی نێـوان تاکـەکان دەنـوێنی، لەهەنـدێ گروپـدا پەیوەندیکردن بەبژاردە لەسەر دیاریکردنێکی ڕواڵەتی دەوەسـتێت، وەك (کـاری هەڵسـەنگاندن، تاقیکردنـەوەو ئەزموونـەکان، پێش برکێکان، بەرزکردنەوەی پلەکان....هتد)
هەروەها چەند شێوازێکی جیاوازیش هەیە بۆ دیاریکردنی بژاردە، ئەو شێوازانە دانپیا نانێکی یاسایی بەپێگەو پایەی بـژاردە ناگرێتە خۆی بەپێی مافی لە دایك بوون، ئەو پلەو پێگەیەی باوك هەیەتی کاریگەری بەسەر پێگەی کورەکە نابێت.
دانپییانان بەشێوەیەکی خۆکرد بەتوێژی بژاردە، چەند خەسڵەتێکی تایبەت هەڵدەگرێت کەجێگای ڕەزامەندنی و ویسـت بێـت لای کۆمـەڵ، توێـژی بـژاردە بەشـێوەیەکی ئاسـایی دەسـەڵاتێکی سیاسـیانەی (power elite) دەبێـت، ئـەو کۆمەڵگایانـەی پێکهاتنی بژاردە تێیدا ملکەچی بنەمای ڕکابەری ئازادانە دەبێت، ئەوانە باوەڕیان وایە کە پرۆسەی بژاردن چاکترین ئـامرازە بۆ دەرکەوتنی ئەو خەسڵەتانەی جێگای ویستن.
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وا پێویست دەکات ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کەبنەمای ڕکابـەری ئازادانـە بـەو پێیـەی خەسـلەتە نایابـەکان ئاشکرا دەکات، ئەوە تەنها ئامرازێکە بۆ ئاراستەکردنی پرۆسەی بژاردنەکە.
جێگۆڕکێ لەناو دەستەی بژاردە (circulation of elites)
بریتیـە لەوپرۆسـەیەی کەتێیـدا کەسـەکان لەپێگـە کۆمەڵایەتیـە نزمەکانـەو بەرزدەبنـەوە بـەرەو پێگـەو پایـە کۆمەڵایەتیـە بەرزەکان، ئەویش بەمەبەستی پڕکردنەوەی کەم و کورتی لەڕیزەکانی توێژی بژاردە.

دەرچوون | الصدور | **Emanation**
هەڵقولین | الفیض

تیۆرییەکە، چۆنیەتی دەرچوونی هەبووەکان ڕاڤەدەکات، ئەگەر ئەو هەبووانە مادی بن یـان مەعنـەوی، لەیـەك بنـەما یـاخود یەك لەجەوهەر ئەویش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یانیش ناڕستەوخۆ، کەبەبەشێك لەو دادەنرێت و بەشـداری لەسروشـتەکەی دەکات بەشێوەیەك لەشێوەکان.
ئەم تیۆرییە بەرامبەر بەتیۆری بوون لەنەبوونەوە دێت.

ئازاد بوون | التحرر | **Emancipation**
ڕزگاری

دیاردەیەکە تێیدا تاك لەو کۆت و بەندانە ڕزگاری دەبێت کە ملکەچیان بووە.
ئەگەر ئەو کۆت و بەندانە واقیعی بن یان یاسایی، لەو بـارەدا مـرۆڤ بەئاراسـتەو پێڕاگەیانـدنی خـودی خـۆی کـار دەکات، بـێ ئەوەی پابەند بێت بە هەر دیاردەیەك کەڕێگای کارکردنی لێ بگرێت.
دەوترێـت: هـەڵگرتنی ڕاسپاردە لەسـەر منـداڵی ناکام (emancipation of minor ohild)، لـەو بـارەدا منـداڵ سـوود لەشایستەیی ئەرك بەجێگەیاندن و لێهاتوویی پێویست وەردەگرێت.

ڕزگاری بەکۆمەڵ، بەگرینگترین کێشە نوێیەکان دادەنرێت، لەگرینگترین شێوەکانیشی، رزگار بوونی ژنە ( woman emancipation) هەروەها زرگار بوونی چینی کارکەر (workers emanciption) و رزگار بوونی گەلانی کولونیال (colonial emanipation) .

**Embargo**

دەست بەسەرداگرتنی کەشتی — احتجاز السفن

قەدەغەکردنی بازرگانی — تقييد التجارة

مەبەست لەم زاراوەیە، دەست بەسەرداگرتنی کەشتیە بازرگانیەکانە، یان ڕێگرتن لەچوونەناو یاخود دەرچوونی کەشتیەکانە لەچەند بەندەرێکی دیاریکراوا.

هەروەها مەبەست لەم زاراوەیە ڕێگرتنی حکومەتە لەهاتنی کەل و پەلی چەند وڵاتێك یانیش ناردنی کەل و پەل و کەرەستەی نیشتمانیە بۆ ئەو وڵاتانە، دیارە ئەوەش وەك فشارێك بەسەر ئەو دەوڵەتانە دەسەپێنرێت بۆ چەند مەبەستێکی سیاسی یان ئابوری.

**Emergency**

زەرورەت — الضرورة

دۆخێکی نائاسایی — الحالة الطارئة

مەبەست لەم زاراوەیە، ئەو بارودۆخە نائاساییەی مرۆڤ چاوەڕوانی نەدەکردو ئەگەر بەخێرایی چارەسەر نەکرێت ئەوا زیانی گەورەی لێ پەیدا دەبێت، لەو حالەتە نائاساییانەی کەلەکۆمەڵگەدا روو دەدەن، جەنگ و قەیرانەکانە، کە حکومەت ناچار دەکات بەچەند کردارێکی نائاسایی (emergency powers) بەرەو ڕووی ببێتەوە، هەروەها بۆ چارەسەرکردنی ئەوا چەند یاساو ڕێنماییەکی نائاسایی دەردەکات. (emergency decrees and regulations)

**Emergent, evolution**

ڕێبازی پەرەسەندنی کتوپڕ — مذهب التطور الانبثاقي

ڕێبازێکی فەلسەفیە، لەلایەن سەمویل ئەلیکسەندەر (1808 1938) داڕێژراوە، بەبۆچوونی ئەو گەردوون زەمەنی و شوێنی هەر لەخۆیەوە چەند شێوەو پێکهاتەیەك وەردەگرێت جیاواز لەخاڵە زەمانی و شوێنەکاندا، ئەو شێوانەش لەچەند جوولەیەکی جیاواز لەخێراییدا پێکدێن.

ئەو ڕێبازە لەسەر پەرەسەندنی بوونەوەرەکان پیادە دەکرێت، بەپێی ئەم بۆچوونەش ژیان خەسلەتێکی نوێ دەنوێنێ کەلەنازیندووەوە هەڵقوڵاوە، ئەویش لەئەنجامی گەیشتنی ئەو نازیندووە بۆ ئاستێکی دیاریکراو لەڕێکخستنی ئەندامی، کاتێ ئەو ڕێکخستنە ئەندامیەش دەگاتە ئاستێکی نوێ لە ئالۆزی، واتە کاتێ دەبێتە خاوەن مێشك و کۆئەندامی هەستی بەرز، ئەوا هۆشیاری و ئەقل دەردەکەوێت، بەم پەرەسەندنەش دەوترێت ڕێبازی هەڵقوڵانی ئەقلی (emergent mentalism) .

**Emigration**

کۆچکردن بۆ دەرەوەی وڵات — الهجرة خارج الوطن ، الهجرة النازحة

جێگۆڕکێی خەڵکی لەنیشتمانەوە بۆ وڵاتێکی دیکە بەمەبەستی نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی تێیدا. کۆچکردن بەدرێژایی مێژوو ڕۆڵی گرینگی گێڕاوەو چەند شێوەیەکی وەرگرتووە، وەك دوورکەوتنەوەی چەند خێل و تیرەیەك بەگشتی لەناوچە بنچینەییەکانیەوە بۆ چەند هەرێمێکی دیکە، ڕەنگە ئەو دیاردەیەش هۆی جیاوازی بەدواوە بێت، وەك جوگرافیا، یان کەش و هەوا یاخود زۆر بوونی ژمارەی دانشتوان بەخێراییەك زیاتر لەخێرایی زۆربوونی دەرامەتەکانی ژیان.

هەندێ جار کۆچی بەزۆر هەیە، نموونەش لەسەر ئەوە گوێزانەوەی چەندەها ملیۆن کەس لەدانیشتوانی ئەفریقیا بۆ کارکردن لەو کیلگانەی کەسپی پێستەکان دایانمەزراندووە لەکیشوەری ئەمریکای باکور، دیارە ئەم دیاردەیەش کاریگەری

هەبووە لەگەشەکردن و بۆ ژاندنەوەی بازرگانی کۆیلە.

هەندێ جاریش کۆچکردن بەویست یاخود وەك بژاردەیەك دەبێت، ئەویش بۆ گەڕان بەدوای هەلی فراوانتر بۆ ژیان، بەڵام ئەم جۆرە کۆچکردنە بەرەو ڕووی کۆسپی زۆر بۆتەوە، لەبەر ئەوەی چەند وڵاتێك ژمارەی کۆچبەرانیان بۆ وڵاتەکەیان ساڵانە سنوردار کردووە، هەروەها بوونی ڕێگری لەبەردەم کۆچکردنی چەند ڕەگەزێك.

کۆچکردن ئاسەواری جۆراوجۆری هەیە، دیاردەکە هەندێ جار دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی فشاری دانشتوان لەو هەرێمانەی کەدانشتوانی ناچار بوونە بۆ ڕۆیشتن، دیارە ئەمەش هۆکارێکی گرینگە لەگەشەپێدان و پەرەسەندنی ئەو وڵاتانەی کۆچی بۆ دەکەن.

بەهەر حاڵ، کۆچکردن هەندێ کێشەش دەوروژێنێ بەهۆی جیاوازی ڕەگەزەکان، بەتایبەتیش ئەگەر هەندێ لەوانی کۆچ دەکەن ئاستی ڕۆشنبیریان کەمتر بێت لەو ئاستە ڕۆشنبیرییەی خەڵکی ئەو وڵاتەی کۆچی بۆ دەکەن.

کۆچکردنی جیهانی **Cf. migration, international**

**Eminent domain** حق الاستیلاء العام مافی دەست بەسەرداگرتنی گشتی

ئەو مافەی دراوەتە حکومەت بۆ دەستگرتن بەسەر موڵکەتایبەتیەکان لەپێناو بەرژەوەندی گشتی، یان ئاسایشی وڵات، یاخود کارێکی پێویست لەم بارەوە کەبەرژەوەندییەکانی دەوڵەت پێویست بکات.

**Emotion** الانفعال هەڵچوون
سۆز

مەبەست لەم زاراوەیە، ئەو حاڵەتە ویژدانیە توندو تۆڵانەیە، کە لەگەڵ خۆیدا چەندین دیاردەی شپرزەیی ئەندامی بەرچاو دەخولقێنێ، ئەو حاڵەتەش کۆ ئەندامانی جەستەی مرۆڤ، دەماری و خوێن و هەناسە و گلانەکان (ڕژێن) دەگرێتەوە.

هەڵچوون لەڕووی دەرەکیەوە بریتیە لەکۆمەڵە جوولەیەك کەلەئەنجامی تێکچوونی هاوسەنگی ڕوودەدات و دەبێتە هۆی گەورە بوونی ئەو تێکچوونەو دەرچوونی مرۆڤ لەسنوری چالاکی مام ناوەندو ڕاست و ئاسایی خۆی.

لەبارێکی ئاساییدا، هەڵچوون پەیدا دەبێت بەهۆی کۆسپێکی کتووپڕ، بەرامبەر ویست و ئارەزووە بەهێزەکانی مرۆڤ، هەروەك لەحاڵەتی ترس و تووڕەبوون، یاخود لەبارێکی ڕازی بوونی بەهێزی چاوەڕوان نەکراو بۆ ویست و ئارەزووەکان.

کۆمەڵگە هەڵچوونەکانی مرۆڤ پێکدێنێ، ڕۆڵی گەورەشی لەرەفتاری دەبێت لەهەردوو بواری چالاکیە کردەیی و هزرییەکان.

هەڵچوون ڕەنگە ئەرێنی بێت (sthenic)، ئارەزووەکان تێر بکات و چالاکی تاك بوروژێنێت، وەك یاری کردن، هەروەها ڕەنگە نەرێنی بێت (asthenic ) کەدەبێتە هۆی نارازی بوون و دابەزینی چالاکی تاك، نموونەی حاڵەتی پەژارەو ناخۆشیەکان.

تاکی ئاسایی بەخەسڵەتەکانی هاوسەنگی لەهەڵچوون (emotional stability orbalance) و پێگەیاندنی ویژدانی (emotional maturity) جیاواز دەبێتەوە، واتە ئەو کەسە ئاساییە، توانای لەسەر ئەنجامدانی هەر شتێك دەبێت کەداوای لێبکرێت، لەهەر حاڵەتێك یاخود لەهەر دۆخێك بەڵام بێ شپرزەیی دەروونی، هەروەها توانای لەسەر خۆگونجاندن دەبێت لەڕووی کەسێتی و کۆمەڵایەتیەوە بێ هەر ماندوو بوونێکی دەروونی توند، بەڵام ئەگەر تاك یەکی کەوت لەڕاهاتن و گونجاندن لەگەڵ ژینگە سروشتی و کۆمەڵایەتیەکەی ئەوا ڕەنگە تووشی شپرزەیی سۆزی بێت (emotional distur bonce or instability)، یانیش تێکچوونی هاوسەنگی سۆزی (emotional malad justment).

هاوسۆزی
هاو دڵی

**Empathy** التقمص الوجداني

توانای تاك لەتێکەڵ بوون و چووناو هەست و سۆزی ئەوانی دیکە، واتە تێگەیشتن لەڕۆڵی کەسێکی دیکە، یان هەستان بەو ڕۆڵە بێ ئەوەی ئەو کەسە هەستی خۆی لەدەست بدات.
دەبینین دایك بە ئاشکراو بێ بەڵگە لەپێداویستی و هەستی منداڵەکەی تێدەگات کەلەپەیوەندیکردن دەبێت لەگەڵیدا.
ڕەنگە هاوسۆزی بەشداریکردنی هەڵچوونەکانی کەسانی دیکە بگرێتە خۆی بەڵام بێ ئەوەی میهرەبانی بنوێنێ لەگەڵیان.
دیارە هاوسۆزی دەبێتە بنچینەی هاوجووت بوون یاخود یەکگرتن لەگەڵ کەسانی دیکە هەروەها تێگەیشتنی باری دەروونیان.
تەماشا بکە : پەیوەندییەکی گیانی **Identification**

ئیمپراتۆرییەت **Empire** الامبراطورية

یەك لەشێوەکانی ڕێکخستنی سیاسییە، ئەو شێوە ڕێکخستنە سیاسیەش بریتیە لەبوونی دەوڵەتێکی ناوەندی بەهێز، کەچەند هەرێم و وڵاتێکی دەوروپشتی دەگرێتەوە.
سیستمی ئیمپراتۆرییەت، تایبەتمەندی و ئەنجامێکی لۆژیکی هەر هێرش و داگیرکارییەکە، لەبارێکی ئاسایدا دەوڵەتی ناوەندی ئاستێکی بەرز تری ڕۆشنبیری دەبێت تاوەك ئەو وڵات و هەرێمانەی پاشکۆی ئەون، بەتایبەتیش ئەوەندەی پەیوەندی بەلایەنە ئابوری و سەربازی و سیاسییەکەوە هەبێت.
پێگەی یاسایی دەوڵەتی پاشکۆ، کەمتر دەبێت لەپێگەی دەوڵەتی ناوەندی، هەروەها سیستمە ئابورییەکانی ئەو دەوڵەتە پاشکۆیانە، ملکەچی سیستمی دەوڵەتی ناوەندی دەبێت.

ڕێبازی ئەزموونی **Empirical method** المنهج الامبريقي أو التجريبي

تەماشای ئەزموونگەری بکە: **Empiricism**

ڕێبازی ئەزموونگەری **Empiricism** المذهب التجريبي

ڕێبازێکە بۆ هەڵسەنگاندنی زانین پشت بە ئەزموونی ڕاستەوخۆ دەبەستێت، هەروەها ئەو سەرنجدانەی کە تێگەیشتنی هەستەکان دەکاتە بنچینەی کارەکانی.
هەرگوتەیەك لەڕێگای هەستەکانەوە پشکنینی بۆ نەکرێت ئەوە گوتەیەکی بێ مانایە.
ئەم ڕێبازە ملناداتە بوونی ڕاستیە ئەقلیەکان کەلەپێش شارەزایی و ئەزموونە هەستیەکانەوە بوونیان هەبێت و پشتیشی پێ نابەستێت، لێرەدا تەنها ئەندەکیە هەستیەکان هەیە، گوتەی گشتیش تەنها ناوە دەرمان بڕیوە بەسەر کۆمەڵەی ئەندەکیە هاوشێوەکان، ئەوانی جۆرێك پێکدێنن.
واتە هەر مانایەکی گشتی ڕووتی سەربەخۆ لەبوونی ئەو ئەندەکیانەی کە هەست درکیان پێ دەکات، ئەوانە بوونیان نیە، هەروەها ئەم ڕێبازە ئینکاری بوونی زانینێکی بڕواپێکراو (يقين) دەکات، هەر لەبەر ئەوەی زانین لە شارەزایی هەستیارییەوە وەرگیراوە، لەو بارەدائەو زانینە گریمانەیی دەبێت و بەپلەی جیاوازیش.
ئەوەی جێگای ڕەخنەیە لەسەر ئەم ڕێبازە، ڕێزنەگرتنیەتی بۆ ڕۆڵی ئەبستراکتە زانستیەکان و ڕۆڵی کاراو سەر بەخۆی ڕێژەیی هزر، لەبەرامبەر ئەم ڕێبازە، ڕێبازی ئەقلی (rationalism) دێت، کەبڕیار لەسەر بنەماو یاساکان دەدات بەهۆی ئەقلەوە.

**Employability** | القدرة على العمل / امكانية الحصول على وظيفة | **توانای کارکردن / پەیداکردنی کارێك**

واتە، بەکەڵکی کارکردن هاتن، هەروەها زاراوەکە بەمانای توانای پەیدا کردنی کارێك دێت، ئەگەر چی مانای دووەمیان بەکار هێنانی سنوورداره، چونکە ژمارەیەکی زۆری خەڵك سەرەڕای توانایان لەسەر کارێکی بەرهەم هێن بەڵام کاریان دەست ناکەوێت، ئەویش بەهۆی گەورەیی تەمەنیان بێت یان روخساریان.

**Employee representation** | تمثيل العاملين | **نوێنەرایەتی کرێکاران**

**Co-management representation** | تەماشا بکە: نوێنەرایەتی کارگێڕی

**Employee welfare fund** | صندوق الرعاية الاجتماعية للعاملين | **دەزگای چاودێری کارمەندان**

بریتیە لەسیستمێك کەدامەزراوەیەك دروستی دەکات و کەسایەتیەکی مەعنەوی سەربەخۆی دەبێت، داهاتی تایبەتی بۆ دیاری دەکرێت بەمەبەستی خەرجکردن لەسەر بوارەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی کارمەندەکانی.

**Employer** | صاحب العمل | **خاوەن کار**

هەموو کەسێکی سروشتی یان ڕەچاوکراو، پرۆژەیەك قۆرخ دەکات و سیاسەتەکەی دادەڕێژێت و سەرپەرشتی دەکات، هەروەها لەکارەکەیدا بەزۆری پشت بە کرێکارێك یاخود زیاتر دەبەستێت بەرامبەر بەمووچەپێدان.

**Employers associations** | منظمات أصحاب العمل | **ڕێکخراوە خاوەن پیشەکان**

چەند کۆمەڵەو ڕێکخراوێکن لەخاوەن کاروپیشەکان پێکدێن، ئامانجیان چاودێری بەرژەوەندییەکان و روو بەڕوو بوونەوەی ئەو داواکاریانەی کەیەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران دەیخاتە ڕوو، هەروەها نوێنەرایەتی کردنی ئەندامانیان لەبەردەم حکومەت و لایەنە جیاوازەکانی دیکە، سەرەڕای دەبڕینی بیرو بۆ چوونەکانیان ئەوەندەی پەیوەندی بەسیاسەتی ئابوری گشتی هەبێت، لەگەڵ داواکردن بەدەرکردنی ئەو یاسایانەی سوود بەپیشەسازی و بازرگانی دەگەیەنێت.

لەزۆربەی دەوڵەتەکان، خاوەن کارو پیشەکان خۆیان لەژووەکانی پیشەسازی ڕێکدەخەن، بەپێی جۆری ئەو پیشەسازییەی کەکۆیان دەکاتەوەو لەبەرهەم هێنانیشدا هاوبەش دەبن.

هەروەها بازرگانەکان لەژووری بازرگانی خۆیان ڕێکدەخەن، کەلەبارێکی ئاساییدا لەیەکێتی پیشەسازان و ژووری بازرگانی پێکدێن لەسەر ئاستی نەتەوەیی .

ئەم کارە تەنها ڕێکخراوەکانی خاوەن کاری لەسەر ئاستی نیشتمانی بەیەك نەبەستۆتەوە بەڵکو لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتیش بەیەکیان دەبستێتەوە.

**Employment** | العمالة / التوظف | **کارپێدان / دامەزراندن**

مەبەست لەم زاراوەیە ئەو تاکانەی کەبەشێکن لەهێزی کار، ئەو کارانەیان دەست بکەوێت کەلەگەڵ تواناو ویستیان بگونجێت، لەپیشەیەك لەپیشەکاندا، یان چالاکیەکی پیشەسازی و بازرگانی، یاخود خزمەتگوزاری، کارکردنیش بەشێوەیەکی بەردەوام یاخود وەرزی و یانیش کاتی دەبێت.

خەڵکی (کرێکاران) لەرابردوودا رۆژ بەدوای رۆژ کاریان دەکرد بەپێی پێداویستیەکانیان، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگە و گەشەکردنی توانای بیرکردنەوەو تێرامان و وریایی و زۆربوونی پسپۆری، ئەوا کاروبارە جیاوازەکان گۆڕان و چەندین پیشەپەیدا بوو کەتاکەکان تێیدا شارەزاییان پەیدا کردووە، بەشێوەیەکی رێك و پێك ئەنجامیانداوەو پێگەی هەرکەسێکیان لەکۆمەڵگە دیاری دەکرا.

**Employment, full** العمالة الكاملة کارپێکردنی تەواو

بریتیە لەو حاڵەتەی کەژمارەی کاروبارە بەتاڵ و بۆشەکان یەکسان دەبن لەگەڵ ژمارەی کرێکارە بێکارەکان، هەروەها ئەو کارو بارانەی پەیدا دەبن، دەبێت کاروباری بەرهەم هێنەر بێت بەپێی توانا.
ئەوەی باوە لەڕووی ئابورییەوە، ئەوەیە وڵات ڕەنگە گەیشتبێتە پلەی کارپێکردنی تەواو، ئەگەر ڕێژەی بێکاری گوازراوە رادەیەکی دیاریکراوی تێپەڕ نەکردبێت، کە بەشێوەیەکی ئاسایی بە (5٪) لەتێکڕای هێزی کار دادەنرێت لەوڵاتدا.

**Employment fore casting** توقعات العمالة پێش بینیەکانی کارکردن

پرۆسەی ئەنجامدانی پێش بینیەکان دەربارەی ژمارەی ئەو کرێکارانەی بەکار دەهێنرێن لەچەند ماوەیەکی دیاریکراودا، لەوڵاتێك یان ناوچەیەك یاخود لە چەند پیشەسازی و دامەزراوەیەکدا.
ڕەنگە ئەو پێش بینیانە بۆ ماوەیەکی کورت بن لەنێوان یەك مانگ بۆ شەش مانگ، یاخود بۆ ماوەیەکی درێژ لەساڵێکەوە بەرەو زۆرتر.
پێش بینیەکان دەربارەی کارکردن بەگرینگترین ئەو هەنگاوانە دادەنرێن بەمەبەستی بەدیهاتنی کارپێکردنی تەواو.

**Employment office** مکتب التوظيف او التشغيل نووسینگەی کار

گرینگترین ئەو دامەزراوانەیە کە دەوڵەت پشتیان پێ دەبەستێت بۆ سەرپەرشتی کردنی جولەی کارکردن، بەدەربڕینێکی دیکە بۆ رێکسختنی بازاڕی کارو ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر گۆڕانکارییەکی جیاوازو بەردەوام لەقەبارەی بەکارهێنان و پێکهاتەی پیشەیی بۆ هێزی کار.
نووسینگەی کار هەڵدەستێ بەتۆمار کردنی ناوی کرێکارانی بێ ئیش و وەرگرتنی داواکاریەکانی خاوەن کارەکان، ئەوانی پێویستیان بەکرێکار دەبێت، هەروەها نووسینگە هەوڵیش دەدات نێوان هەردوو لایەنی خستنە ڕوو خواست بگونجێنێ.

**Employment stabilization** استقرار العمالة سەقامگیری کارکردن

هۆکارێکە ئامانجی دابەزاندنی داواکاری و خواستە لەسەر کارپێکردن، لەدامەزراوەیەك یان لەکارگەیەك یاخود ناوچەیەك، وەك بەزۆر کردنی فرۆشراوەکان لە ماوەکانی بێ بازاڕی یان بەرهەم هێنان لەکاتەکانی بێ بازاڕی و عەمبارکردنی ئەو بەرهەمانە، هەروەها داهێنانی چەند سوودێکی نوێ بۆ کاڵا کۆنەکان، یانیش دابەزاندنی نرخەکان لەکاتی بێ بازاڕی، ئەویش بەمەبەستی بەگڕخستن و چالاك کردنی بازاڕی فرۆشراوەکان.

**Enactment** التشريع القانون یاسادانان

مەبەست لەم زاراوەیە خودی یاسایە، یان دانان و دەرچوونی یاسایە لەلایەن ئەنجوومەنێکی تایبەتەوە.

**Law** تەماشابکە : یاسا

**Enculturation** التنشئة الثقافية **پێگەیاندنی کلتوری**

مەبەست لەم زاراوەیە، پرۆسەی وەرگرتن و فێربوونی نەریتە رۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگەیە، ڕەنگە زاراوەکە هەندێ جار بەکار بهێنرێت لەبواری پەیداکردنی تاکی پێگەیشتوو بۆ شێوازە نوێیەکانی رۆشنبیری هەروەها فێری ئەوەش دەبێت کەچۆن دەگاتە پێگەکەی و بەرۆڵی خۆی هەڵدەسێت.

لەکاتێکدا زاراوەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (socialization) بەو شێوازە رۆشنبیریانە دەوترێت کەلەماوەی منداڵیدا فێری دەبن، بەڵام هەردوو زاراوەکە بەزۆری بۆ هەمان مانا بەکار دەهێنرێن ئەگەر ڕوودانیان لەمیانەی ژیانی هەرتاکێکی ئاسایی هاتەدی.

هەر لەبەر چەند هۆیەکی تیۆری ئاشکرا، زانایانی ئەنثرۆپۆلۆژیای کلتوری زاراوەی (enculturation) بەکاردەهێنن، لەکاتێکدا زانایانی کۆمەڵناسی زاراوەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (socialization) بەکار دەهێنن.

**Endogamy** الزواج الداخلي **هاوسەرگیری ناوخۆیی**

بەپێی ئەم زاراوەیە، ڕێساکە واپێویست دەکات کە هاوسەرگیرییەکە لەنێوان هەمان ئەندامانی خێل یان تائیفە ڕووبدات، ئەوانی لەدەرەوەی ئەم بنەمایە هاوسەرگیری بکەن، بەرەو ڕووی لێپرسینەوەو سزادان دەبن.

ڕەنگە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لەسەر بنچینەی هەڵبژاردن یاخود ناچار کردن بێت.

**Exogamy** تەماشا بکە: هاوسەرگیری دەرەکی

**Endowment** ١- الوقف الخيرى أو الاهلي **سامانی خێرخوازی**

المَبرة **خێرخوا**

ڕاگرتنی هەموو ئەو شتانەی دیاریکراون لەسامان و موڵك و ماڵ هەروەها تەرخان کردنی داهات و دەرامەتەکانی بۆ کەسی دیاریکراوو نەوەکانی، یان ئەوانی دیاریانی دەکات بەخشینی ئەهلی یاخود بەخشینی بەلایەنێك لەلایەنەکانی خێرخوازی (بەخشینی خێرخوازی).

٢- التأمين مُحَدّد الدَفعة **بیمەکردن بە قیستی دیاریکراو**

ئەم حاڵەتە لەدڵنیا کردن - بیمە بریتیە لەخەرجکردنی بڕە پارەیەك بۆ کەسی بیمەکراو، ئەویش لەکاتی گەیشتنی بەتەمەنێکی دیاریکراو، یان دە درێتە کەسانی خاوەن میرات لەحاڵەتی مردنی کەسە بیمەکراوەکە.

**Endowment fund** دەوترێت: سندوقی بیمەکاری

**Energy** الطاقة **وزە**

**تین**

لەدەروونناسیدا مەبەست لەم وشەیە، توانا لەسەر ڕەنج بەخشین ، تینی بوونەوەریش بەو کارە دەپێورێت کەلە توانایدایە پێی هەستێت ، لەو یاسایانەی کە پەیوەستن بەوزەوە، یاسای لەناو نەچوونی وزە (conservation of energy) بەمانای ئەوەی وزە لەناو ناچێت.

لەفەلسەفەدا ڕێبازی وزە (energism) هەموو دیاردەکانی سروشت ڕاڤە دەکات ئەویش بەگۆڕانکارییەکانی وزەی بەتاڵ لەشێوەمادییەکەیدا.

**Social energy** تەماشا بکە: وزەی کۆمەڵایەتی

پابەندبوون ١ – الالتزام **Engagement**

پەیوەستی الارتباط

پەیوەندییەکی یاساییە، تاکێك پابەند دەکات بەرامبەر بەتاکێکی دیکە بۆ ئەوەی بەکارێك هەستێت یان پێی هەڵنەستێ، هەروەها مەبەست لەپایەند بوون، بەڵێنێکە تاك پابەند دەبێت پێی بەرامبەر تاکێکی دیکە بۆ ئەوەی لایەنگری یاخود بەشداری بکات لەبەرنامەیەك یانیش پەیامێك، یان چالاکیەکی کۆمەڵایەتی.

ئەم زراوەیە لەساڵانی دوایدا بەکار هێنراوە بەتایبەتی لەنێوان لایەنگرانی رێبازی کە سێتیخوازی (personalism) و رێبازی بوونگەرایی (existentialism).

خوازبێنی ٢ – الخطبة

بەڵێنێکە بۆ هاوسەرگیری لەنێوان پیاو وژن، بەڵام دەکرێ ئەو بەڵێنە جێبەجێ بکرێت یان نەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا وەك پابەند بوونێکی مەترسیدار دەمێنیتەوە.

لەکۆمەڵگە رۆژئاواییەکان لەبارێکی ئاسایدا ئەنگوستیلەی خواز بێنی یاخود هاوسەرگیری (engagement ring) ئاڵ و گۆڕ دەکرێت.

پەیوەندی بەکار ٣– الالتحاق بالعمل

دەست کردن بەکار، یان پەیوەندیکردنی کرێکارێك بەدەستەی کارکەرانەو لە دامەزراویەك، ڕەنگە یاسا یەکەمایەتی بداتە چەند توێژێك بۆ کارکردن، وەك ئەوانەی ئەرکی سەربازیان تەواو کردووە یاخود بەپێی مێژووی تۆمار کردنی ناوی بێکاران لەنووسینگەکانی کارپێکردن.

ئەندازیاری کۆمەڵایەتی الهندسة الاجتماعية **Engineering social**

تەماشای ئەندازیارکردنی کۆمەڵایەتی بکە: **Social engineering**

سایکۆلۆژیای ئەندازیاری سيكۆلوجية، العلاقة بين العامل والا لة **Engineering psychology**

توێژینەوەیە کە بەلقێك لەدەروونناسی پراکتێکی دادەنرێت، لەبەر ئەوەی بایەخ بە دۆزینەوەو پراکتیك کردنی راستیە تایبەتەکان بەڕەفتاری مرۆڤ دەدات، هەروەها پەیوەندییەکانی مرۆڤ بەئامێرو کەرەستەو ئەرك و فەرمانەکان، بۆ ئەوەی توانای راستکردنەوەی نەخشەو پلانەکانی هەبێت بەجۆرێك لەگەڵ تواناو وزەی کرێکاران ئەوانی بەکاری دەهێنن گونجاو بێت.

هەروەها بەم توێژینەوەیە دەوترێت (psychotechno logy) یاخود دەروونناسی ئەزموونی و پراکتیکی، بەڵام ئەو دوو زاراوەیە وردە رووپان لەنەمان کردووە.

دەکرێ پەیوەندی دەروونناسی نێوان کرێکارو ئامێر بەبەشێك لەدەروونناسی پیشەسازی دابنرێت، هەروەها دەکرێ وەك بەشێك لەئەندازەی مرۆڤایەتی (human-engineering) دابنرێت، کەهەمان زاراوەیە لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەکار هێنراوە، یانیش زاراوەی ئەرگونیمکس (ergonomics) کەلەئینگلتەراو ئەوروپا بەکار دەهێنرێت.

ئەندازەی مرۆڤایەتی شان بەشان پەیوەندی دەروونناسی نێوان کرێکارو ئامێر، توێژینەوەی توێکاری ئەندام و ئەنتروبومەتری و فسیوفوژیای پراکتیکی و نۆژداری ژینگەیی و زانستی ژهر (toxicology) دەگرێتە خۆی.

**Enlightenment** — التوعية — رۆشنگەری
التنوير — هۆشیاری

ئاراستیەکی کۆمەڵایەتی سیاسییە، لەسەدەی هەژدەدا لەوڵاتی ئەلمانیا دەرکەوت، ئەوانی هەڵگری ئەو بۆ چوونەن، هەوڵدەدەن بوارەکانی کەم و کورتی کۆمەڵگە چاکبکەنەوە، ئەویش بەمەبەستی گۆڕینی ڕەفتارو ئەو سیاسەتانەی کە پیادە دەکرێن، هەروەها گۆڕان لەشێوازی ژیانی کۆمەڵگە بەهۆی بڵاوکردنەوەی بنەماکانی چاکەو دادپەروەری و زانین.
بنچینەی کاری ئەم ئاراستەیە، ئەوەیەکە هۆشیاری ڕۆڵێکی سەرەکی لەگەشە کردنی کۆمەڵگە دەگێڕێ، هەروەها لەدەرکەوتنی خراپەکاریە کۆمەڵایەتیەکان کە ئەنجامی نەزانین و تێنەگەیشتنی تاکەکانە.
بۆیە لایەنگرانی ڕێبازی هۆشیاری ڕێنماییەکانیان ئاراستەی هەموو چینەکانی کۆمەڵگە دەکەن.
لەکەسە دیارەکانی ئەم ڕێبازە: فولتیر، ڕۆسۆ، مونتسکیو، لیسنج، گوتە، شیللەر، لەکاتێکدا مارکسیەکان ئەم ڕێبازە قبول ناکەن و پابەندن بەگرینگی بارودۆخی ئابوری لەگەشە کردندا.

**Enslavement** — الاستعباد — بەکۆیلە کردن
الاسترقاق — بەبەندەکردن

**Slavery** — تەماشا بکە: کۆیلە کردن

**Entente** — الائتلاف — پێکهاتن
دۆستایەتی

مەبەست لەم زاراوەیە لەیاسای نێو دەولەتیدا، جۆرە لێکچوونێك لەبیرو بۆچوون و لەبەرژەوەندییەکانی نێوان چەند دەوڵەتێك دەگەیێنێ، هەروەها ڕێککەوتنێکی تەواو لەسیاسەت دەربارەی چەند کێشەیەك، زاراوەکە هاوتای زاراوەی پەیمان (گردبوونەوە) (axis) دەگەیێنێ، پێکهاتن یاخود دۆستایەتی سنوری ناوەڕاست لەنێوان هاوپەیمانیەتی (alliance) و نێوان پەیوەندی باش (good relations) دەگەیێنێ.

**Entertainment** — التسلية — دڵنەوایی
الترويج — شادکردن

**Recreation** — تەماشا بکە: ڕابواردن

**Entity** — الذاتية — بوونەوەر
الكيان — قەوارە

ئەو بابەتە ناسراوەیە، کەیەکەی بوون و جەوهەری ماددی نیە، یان هەبوونی دانپیانراو بەهەموو ڕاستیەکەی.
**Social entity** — تەماشا بکە: بوونی کۆمەڵایەتی

**Enterprise** — المشروع — پڕۆژە

مەبەست لەپڕۆژە، سیستمی هێنانە ژێرباری هەرسێ فاکتەرەکەی بەرهەم هێنانە: سروشت، کار، سەرمایە، ئەویش بۆ بەرهەمهێنانی کاڵایەك یان خزمەتگوزارییەك بە مەبەستی فرۆشتن و بەدیهێنانی قازانج.
پڕۆژەکان قەبارەی جیاوازیان هەیە، لەوانە پڕۆژەی گەورە (big enterprise) و پڕۆژەی ناوەڕاست (medium size enterprise) هەروەها پڕۆژەی بچووك (small enterprice) .
پڕۆژەی گەورەش شوێنی پێشەوەی گرتۆتەوە لەبواری ئابوریدا، هەروەها دەستی کردووە بەقوتدانی پڕۆژەی بچووك یاخود لادان و دوور خستنەوەی لەڕێگا کەی.

## ڕێکخستنی پرۆژەکان تنظيم المشروعات Entrepreneur ship

کۆکردنەوەی ڕەگەزەکانی بەرهەم هێنان: سەرمایە، سروشت، کارکردن لەچەند تێکەڵکردن و یەکگرتنێکی نموونەیی، هەروەها ئاراستەکردنیشی لەپێناو پێشکەوتنی پیشەسازی.

بەبۆچوونی (جۆن ستیوارت مل) بەرچاوترین خەسلەت کەکەسی ڕێکخەر پێی بناسرێت ئەوەیە کە ئەو ئەرکی مەترسیەکان پرۆژەکە هەڵدەگرێت و بەڕیوەبردنەکەشی ڕێکدەخات و دواتر ئەوەی دەستی دەکەوێت لەقازانج لەوەتیپەڕ ناکات کەجۆرێك لە قەرەبوو کردنەوەیمەرتسیەکان بێت، هەروەها پاداشتێك لەبەرامبەر ڕێکخستنی کارگێڕییەکە.

بەڵام (جوزیف شومیتەر) لەپێش هەموو شتێك جەخت لەسەر خەسڵەتەکانی بوونی توانا دەکات دەربارەی نوێبوونەوەو داهێنان، بەو مانایەی کەکەسی ڕێکخەر چەند بەرهەمێکی نوێ دەردەهێنێت و دوو دڵیش نابێت لەبەکار هێنانی شێوازەکانی بەرهەمهێنان و تەکنولوجیای نوێ و دەیاردەی تری لەو جۆرە.

بەڵام لێرەدا لەناو ئابوریناسان، هەندێ بیروبۆ چوون هەیە، وای دەبینن کە ئەو توانا خودیانەی ڕێکخەر هەڵیاندەگرێت، ئەوانە لەخودی خۆیاندا بەس نین، بەڵکو پێویست دەکات زەمینەی کۆمەڵایەتی گونجاوو لەبار لەبەردەمیدا هەبێت، کەسی ڕێکخەر لەولاتێکدا کەسیستمێکی دواکەتوو بەسەریدا زاڵ بێت، ئەوا بەهرەکانی کپ دەبنەوە، لەکاتێکدا زەمینەی کۆمەڵایەتی هاوڕێکەی لەولاتانی پێشکەوتوودا ڕێگای بەرپابوونی ئەو بەهرەو توانایانە دەدات.

## ژماردن الحَصر Enumeration

هەر پرۆسەیەك مەبەست لێی زانین و وەرگرتنی کۆی دانشتوانی وڵاتێك یان ناوچەیەك بێت. پرۆسەکە جیاواز دەبێت لەسەر ژمێرییەکی سادە، لەبەر ئەوەی پێویستی بەئامادە کردنی لست دەبێت.

بەڵام لێکۆڵینەوەو پرسیار کردن، ئەوە پرۆسەیە کە مەبەست لێی بەدەست هێنانی زانیاریەکانە دەربارەی بابەتێکی تایبەت و چەند ئامانجێکی سنورداریشی هەیە.

## ئەنترۆپی / ڕێکخەری گۆڕان الانتروبيا / الطاقة المتاحة Entropy

فاکتەرێکی بیرکارییە، بەپێوەری وزەی سوود لێوەرنەگیراو دادەنرێت لە سیستمێکی بزوێنەرکاری گەرم.

لەدەروونناسیدا مەبەست لەئەنتروپی، هەڵسەنگاندنی بارگەی هەڵچوونە کەبەکار هێنرا لەبابەتێکدا، ناکرێ بگوازرێتەوە بۆ بابەتێکی دیکە.

هەروەها لەدەروونناسی کۆمەڵایەتیدا مەبەست لە ئەنترۆپی، ئاراستەی ئەو کۆمەڵگایەیە کەدوای ئەوەی هەموو وزەی گۆڕانکاری لەپێناو پێشکەوتندا بەکار هێنا، ڕووی لەوە دەکا کە شێوەیەکی (ستاتیکی) نەگۆڕ وەربگرێت.

## ئیرەیی الحَسَد Enviousness

خواستی کەسێك بۆ هەبوونی ئەوەی کەسی دیکە هەیەتی، هەروەها بەدەست هێنانی ئەو پلەو پایەو دەسکەوتانەی کەکەسانی دیکە سوودی لێ وەردەگرن، ڕەنگە هەڵگری ئەم خەسڵەتە ئاواتی ئەوەشی هەبێت کەئەوەی خەڵکی دیکە بەهۆیەوە ژیانیان پێ خۆش دەبێت لەدەستی بدەن.

ئەم دیاردەیە جیاوازی هەیە لەگەڵ زاراوەی زۆم (غيرة) (jealousy) کە هەستی زەوتکردنی کەسێکی دیکەی هەیە کەوەك مافی خۆی دەزانێ.

## ژینگە | البيئة | Environment

بوارێکە تێیدا وروژاندن و کار لەیەکگرن بۆ هەموو یەکەیەکی زیندەیی روودەدات، هەروەها ژینگە بریتیە لەهەموو ئەوانەی دەوری مرۆڤ دەدەن لەسروشت و کۆمەڵگە مرۆییەکان و سیستمەکۆمەڵایەتیەکان و پەیوەندییە کەسێتیەکان.

ژینگە ئەو کارتێکەرەیە کە بوونەوەر پاڵدەنێت بەرەو جووڵەو چالاکی و کۆشش، مامەڵەو پەیوەندیکردن بەردەوامن لەنێوان ژینگەوتاك، وەرگرتن و بەخشینی هەمیشەیی بەدوایەکی هەیە.

ژینگە بۆ دوو بەش دابەش دەبێت:

ژینگەی سروشتی (geographic environment) کەزەوی بەشێوە فرەییەکانی دەگرێتەوە، وەك بەپیت و شاخاوی و بیایانی ....هتد، هەروەها رووبارو دەریاکان و ئاوو هەوا...هتد.

ژینگەی کۆمەڵایەتی (social environment)، بوارەکانی سیستم و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و باری ئابوری و تەندروستی و فێربوون دەگرێتەوە، کەهەموویان لەگەڵ یەك پەیوەستن.

## پارێزگاری ژینگە | حماية البيئة | Environmental protection

مەبەست لەپارێزگاری ژینگە، بەرەنگار بوونەوەی هەر زیانێکی لاوەکی یان لەپاڵەوە رووبدات بەهۆی پێشکەوتنی پیشەسازی نوێ، وەك دووکەڵی ئامێرو کارگەو ئوتومبیلەکان و کەرەستەکانی پیشەسازی، ئاوو شلەو پاشەرۆك و پاشماوەکانی مرۆڤ و ئاژەڵ، هەروەها دەنگە دەنگ و جەنجاڵی دانیشتوان و ...هتد.

چاککردنی ژینگەش بەچەندین شێوە دێتەدی، وەك خانووی نیشتەجێبوونی لەبار، پەرەسەندن لەبەکار هێنانی ئاوی سازگاروپاك، رێکخستنی نێوان بوارەکانی پەرەپێدانی پیشەسازی و کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی هیچ کەم و کورتییەك لەو هاوسەنگیە روونەدات کە کاریگەری بەسەر مرۆڤ و کۆمەڵگاکان هەبێت.

هەروەها پاراستنی سەرچاوە سروشیتەکان لەرووبارو دەریاو زەوی و رەگەزەکانی رووەك و ئاژەڵ، لەگەڵ پارێزگاریکردنی (با) لەپیس بوون، لەهەموو جۆرە پیس بوونەکانی سروشتی و پیشەسازی و ، چونکە بەرگە زەوی سامانێکی مرۆڤایەتی و ژیانیە لەیەك کاتدا.

ئەمەو سەرەڕای کارکردن بۆ ڕێکخستنی نێوان زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی جیهان لەگەڵ زۆرکردنی دەرامەت و سامانە سروشتی و کشتوکاڵی و پیشەسازییەکان، بە مەبەستی ڕووبەڕوو بوونەوەی پێداویستیەکانی ژیانیان.

## ڕێبازی هەربوونایەتی ژینگە | مذهب حتمية البيئة | Environmentalism

ڕێبازێکە داکۆکی لەسەر کارتێکردنی دەوروبەر دەکات لەهەردوو ڕووی سروشتی و کولتورییەوە لەگەشەکردنی بوونەوەری زیندوو، هەروەها لەرەفتاریشیدا. بەبۆچوونی ئەم ڕێبازە، سیستمە کولتووری وکۆمەڵایەتیەکان بەپێی ژینگەی سروشتی پەیدا دەبن.

## ئەپیقوریزم نوغروبوون لەچیژە هەستیەکان | الابيقورية | Epicurism

ڕێبازێکە بۆ (ئەپیقور) دەگەڕێتەوە، ناوبراو داوادەکات مرۆڤ قایلی رازی بوونی هەبێت و میانڕەوش بێت، هەروەها لەهەوڵی شادمانکردنی خوێ بێت، ئەویش بەهۆی بەدەستهێنانی خۆشی لەچێژە مەعنەوییەکان کەهیچ ئێش و ئازارێکی بەدواوە نابێت.

ئەم ڕێبازە، ڕێبازی رەواقیزم (stoicism) لەبەرامبەری دێت.

ئیپدیمۆلۆژیا الابدیمیولوجیا **Epidemiology**

زانستی چارەسەرکردنی درم

ئەم زانستە لقێکە لەئیکۆلۆجیا، لەبلاوبوونەوەی نەخۆشی لەناو دانیشتوان دەکۆڵێتـەوەو زانیارییـە تایبەتیـەکان شیدەکاتەوە لەئاست ئەو بلاوبوونەوەیە لەناو گروپە جیاوازەکان.

لەسەرەتادا ئەم زانستە تەنها لەنەخۆشی و پەتاکانی دەکۆڵیەوە، بەڵام دواتر وای لێهات هـەموو نەخۆشـی و دەردوو پەتایـەك بگرێتەوە، ئەگەر لەوانەبن کەبلاو دەبنەوە یان بلاو نابنەوە.

هـەروەها ئـەم زانسـتە لەخەسـلەتە کۆمەڵایـەتی و دەروونناسـی و بـایۆلۆجی و فسـیۆلۆجیەکانی دانشـتوان دەکۆڵێتـەوە کەیارمەتیدەر دەبن لەسەر ڕاڤەکردنی بلاوبوونەوەی نەخۆشی.

دیاردە لاوەکیەکان الظواهر الثانوية أو العارضة **Epiphenomentalism**

بەبۆ چوونی ئەم تیۆرییە، پەیوەندی نێوان زەیـن یـان ئـەقل و جەسـتە پەیوەندییـەکی هۆکارێتیـە، چالاکی دەروونـی تـەنها ئـەنجامێکی لاوەکیـە، یـان لابەلایـە بـۆ کردارەکـانی مێشـك، یـاخود درك پێکـردن کـە تـەنها ڕەنگدانەوەیەکـە بـۆ دیـاردە ئەندامیەکان.

نموونەی ئەوەش، کاری بژاردەو ئارەزوومەندانە تەنها ئەنجامی بڕیارێکی پێشوونیە، بەڵکو تـەنها ڕوخسارێکە لەگـەڵ کـردارە هەسـتی و دەماریـەکان ڕوو دەدات، کـە بەبزوێنـەری ڕاسـتەقینەی کارەکانمـان دادەنرێـت، واتـە درك پێکـردن بریتیـە لەدیاردەیەکی لاوەکی.

ئەپستمولوژیا فلسفة العلوم **Epistemology**

تیۆری زانین

فەلسـەفەی زانسـتەکان، لەئامانجـەکانی زانسـت و سـنورەکانی و پەیوەنـدی هەنـدێکیان لەگـەڵ هەنـدێکی دیکـە دەکۆڵێتـەوە، هەروەها لەو یاسایانەی پەرەسەندنی زانستەکان هەڵدەسوڕێنێ.

فەلسەفەی زانستەکان بەشێك نیە لەخودی زانستدا کەلەگـەڵ بەشـەکانی دیکەو لەیـەك ئاسـتدا دابنرێـت، بـەڵکو فەلسـەفەی زانست لەئاستی خۆیدا دەمێنێت، لەبەر ئەوەی تەنها باسکردن و لێدوانە دەربارەی زانست.

لەدوایشدا باسکردنی کۆمەڵناسی بەوەی گشتی و وەسفیە نەك زانسـتێکی وێنـەیی بێـت، ئـەو گوتن و باسـکردنە بەشـێك نیـە لەکۆمەڵناسـیدا، بـەڵکو باسـکردنێکە دەربـارەی کۆمەڵناسـی، بۆیـە ئـەو باسـکردنە لـەناو فەلسـەفەی کۆمەڵناسـیدایەو لەمەسەلەکانی ئەو زانستەش دانانرێت.

یەکسانی المساواة **Equality**

چەمکێکە ئاماژە بۆ حاڵەتی لەیەکچوون دەکات لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا، سیستمە سیاسییەکان پێشتر مـافی تاکـەکانیان لەیەکسانی لەبەردەم یاسادا، تەنها لەچوار چێوەی ئەو ماف و ئەرکانە دیاری دەکرد کـە داڕێـژرابوون، ئـەویش بەچـاو پۆشـین لەحاڵەتەکانی کەسێتی و لەدایك بوون و چین و ئاین و سـامان، پاشـان چـەمکی یەکسـانی پـەرەی سـەندو یەکسـانی ئـابوری و کۆمەلایەتیشی گرتەوە.

بۆ چوونی مارکسیەکان ئەوەیە کە بەدیهێنانی یەکسانی بەبێ هەڵوەشاندنەوەی خاوەنداریێتی تـاك و هۆیـەکانی بەرهـەمهێنان و کۆتایی هێنان بەچینە چەوسێنەرەکان جێبەجێ نابێت.

ئەو یەکسانیەی کەسیستمە سۆسیالستیەکان بانگەشەی بۆ دەکەن دەبێ یەکسانیەکی ڕەها بێت، واتـە بـۆ هـەر کەسـێك بـەپێی پێداویستیەکانی، یان ڕێژەیی دەبێت، واتە بۆ هەر کەسێك بەپێی کارەکەی.

هاوسەنگی
پارسەنگ
التوازن
**Equilibrium**

ئەو حاڵەتە سەقامگیرییەیە کەبەهۆی یەکسانی هێزەکانەوە پەیدا دەبن، یان حاڵەتی پارێزگاریکردنە لەدۆخێکی دیاریکراو لەنێوان چەند کارتێکردنێکی ناکۆك و دژ بەیەك.
لایەنگرانی ماتریالیزمی میتافیزیکی بۆ چوونیان وایە کە هاوسەنگی بارێکی سروشتی و وەك یەکە، لەکاتێکدا جووڵە، حالەتێکی گوێزانەوەیە، بەڵام لەیەنگرانی ماتریالیزمی دیالیکتیکی بۆ چوونیان وایە، کەدژەکان لەکۆمەڵگەدا لەحالەتێکی ململانێن، لەکۆتایشدا دەبێتە هۆی گۆڕینی ئەو کۆمەڵگایە.
هاوسەنگی ئەقلی لەدەروونناسیدا، ئەو حاڵەتەیە کەهێزە ئەقلیەکان لەبارێکی گونجاندن و رێکخستنێکی تەواودا دەبن، هیچ لایەکیان بەسەر لایەکەی دیکەدا زاڵ نابێت، هەروەها ڕەنگە هاوسەنگی لەویست یان ئارەزووەکاندا بێت.
هاوسەنگی کۆمەڵایەتی
**Cf. social equilibrium**

دادوەری و ڕەها
ڕەوابینی
العدالة المطلقة
الانصاف
**Equity**

لەڕووی یاساییەوە ڕەوابینی بەرامبەر بەپابەند بوون بەدەقی یاسا دێت، لەبەر ئەوەی ڕاستیەکی سروشتیە نەك ڕاستیەکی شەرعی، کە ئەوەش بەرزترە لەیاسای دانراو، هەروەها زۆر نەرمتریشە لێی.
جیاوازی لەنێوان ڕەوابینی و داد، ئەوەیە کە ڕەوابینی پێویستی بەبڕیاردانە لەسەر شتەکان بەپێی رۆحی یاسا، لەکاتێکدا داد پێویست بەبڕیاردان دەکات لەسەریان بەپێی دەقی یاسا.

هاوتایەتی
بەرامبەری
التكافؤ
**Equivalence**

مەبەست لەزاراوەی هاوتایەتی، بەها یەکسانەکانە، یان بەهاجووتەکانە، لەلۆژیکدا دەوترێت یاسای ئاڵ و گۆڕکردنی بەها هاوتاکان، بەپێی ئەو یاسایەش دەکرێ لەهەردوو بەهای هاوتا، هەر بەهایەك بخرێتە جێگای ئەوی دیکە، بێ ئەوەی بە هۆیەوە هەر گۆڕانێك رووبدات.

پێوانەی کاری مرۆیی
قياس العمل البشري
**Ergo metrics**

پێوانەی بەرزی باڵای مرۆڤ و درێژی چوار پەلەکەی ئەویش بەمەبەستی زانینی لەبار بوونی بۆ کارکردن لەسەر ئەو ئامێرەی کەدەخرێتە ژێر دەستیەوە، یان بۆ کارکردن بەو کەرەستانەی کەبەکاریان دەهێنێ.

ئەندازەی مرۆیی
الهندسة البشرية
**Ergonomics**

ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجام دەدرێن بۆ ئەوەی ئامێرەکان و بارودۆخی کاکردن و رێبازو پرۆسەکانی بەرهەم هێنان، گونجاو بن لەگەڵ تواناکانی مرۆڤ لەڕووی جەستەیی و دەروونیەوە، ئەویش بەمەبەستی زرۆ کردنی بەرهەم و چاککردنی باروگوزەرانی کرێکاران.
ئەولێکۆڵینەوانەش پشت بەتوێکارزانی و فسیۆلوجیاو دەروونناسی و ...هتد دەبەستن، پسپۆرەکانی ئەو زانستە هەڵدەستن بەشیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی نەخشەی ئامێرەکان و بەکار هێنانیان هەروەها لەبار بوونیان بۆ کارپێکردنی مرۆیی.

چارەسەر بەکارکردن
العلاج بالعَمل
**Ergo therapy**

تەماشا بکە: چارەسەر بەرێگای کارکردن
**Occupational therapy**

وروژواندنی سیکسی
شەهوانێتی
الشبقية
**Erotism**

ئاراستەیەکە، پەیوەست دەبێت بەزۆر بوونی وروژاندنی هەستە سیکسیەکان، ئەویش بەکاریگری چەند هۆکارێکی جیاوازی وەك، جل و بەرگ و وێنەو فیلمەکان...هتد، هەروەها هەر هاندەرێك پەیوەندی بەتێرکردنی هەستی سیکسییەوە هەبێت.

دەوترێت، بەجۆش هاتنی سیکسی خودی (زگماکی) (eouto -erotism) واتە ئارەزووی هەوەس ووروژاندن بەرامبەر خود، هەروەها بەجۆش هاتنی سیکسی بەرامبەر کەسانی دیکە (allo erotism) واتە ئارەزووەکانی وروژاندنی سیکسی بەرامبەر تاکەکانی دیکە، لەگەڵ شێتی بەجۆش هاتنی سیکسی (erotomania)، واتە زیادە رۆییەك تارادەی نەخۆشی لەرەفتاری سیکسیدا.

دەوترێت، شوێنی (ناوچە) بەجۆش هاتنی سێکسی (erotoenic Zone)

وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو شوێنانەی لەش جەستە کەدەبنە سەرچاوە بۆ تێربوونێکی غەریزەی سیکسی لەگەڵ چێژوەرگرتن، بەڵام هەربەپێگەیشتنی سیکسی بۆ حاڵەتی ئاسایی، ئەوا ئەو شوێنە سیکسیانە گرینگی یەکەمایەتی لەدەست دەدەن و دەبنە شوێنی لاوەکی لەئاست شوێنی زاووزێکردن (ئەندامانی زاوزێ).

هەڵە
الخطأ
الغلط
**Error**

مەبەست لەزاراوەی هەڵە لەلۆژیکدا، هەر سەر پێچییەك بۆ هەر بنەمایەك لە بنەماکانی لۆژیکدا، دیارە دەرچوون لەهەر بنەمایەك لەبنەماکانی پێناسە، یان بەڵگاندنی ڕاستەوخۆ، یاخود هەڵێنجان، یانیش نواندن، یان پێوانە، هەروەها بنەماکانی توێژینەوەی زانستی ئەوە بەهەڵە دادەنرێت.

ڕاستی چەند یاسایەکی هەیە، کەسنووورداری دەکات و خریانیشی دەکاتەوە، بەڵام هەڵە سنووری نیە، ئەگەر چی جۆرو هۆیەکانی زانراوو سنووردارین.

بەڵام هەڵەی ئاماری (statistical error) گرینگترین شێوەکانی بریتین لە:

1- ئامارو زانیارییە ناڕاستەکان، یان ناتەواوەکان یاخود ئەو نموونانەی کەڕاستی نانوێنن، یانیش لادانی توێژەران لەئامارو زانیاریەکان، هەروەها ئامارو زانیارییە هەڵەکان بەهۆی لاوازی تێبینی یان کەمتەرخەمی.

2- هەڵە مادییەکان، وەك هەڵەکردن لەپرۆسە ژمێریاریەکان، یان پراکتیك کردنی چەند بنەمایەکی هەڵە، یاخود هەڵەکردن لەگواستنەوە.

3- هەڵە لەڕاڤەکردن، وەك بێ توانایی لەڕەچاو کردنی هۆکارەگرینگەکان و نەزانینی بەڵگە هۆکاریەکان، یان هەڵە کردن لەهاوبەندێتی لەپێناو هۆ دەرخستن، یاخوود بەراوردکردن لەنێوان چەند ئامارو زانیارییەك کە بەراورد قبول ناکەن، یانیش هەستان بەگشتاندن لەبەر رۆشنایی چەند حاڵەتێکی سنووردار، یان لادانی راڤەکردنەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ بیروڕاکانی پێشوتر گونجاوبن، یاخود هەر لایەنگرییەکی دیاریکراو.

هەڵەکردن لەیاسادا، خەوشێکە لەوخەوشەکانی ڕازی بوون، دەرفەت دەدات بەوکەسەی بەکارەکە هەستاوە کە بەڵێنامە یاساییەکە بەتاڵ بکاتەوە ئەگەر مەترسیدار بێت و خۆشی لایەنێکی بووە.

هەڵە لەڕووی ئاکارییەوە، بریتیە لە کەم و کورتی لەپەیڕەوکردنی ئەو پرەنسیپانەی پێویستن لەڕووی ئاکارییەوە.

بەرەو ژوور چوون
پەرەسەندن
التصعيد
**Escalation**

لەسیاسەتدا مەبەست لەم زاراوەیە، حالەتێکە، کەبەهۆی هەڵس و کەوتی کەسێك (یان لایەنێك) لە هەڵوێستێکدا (ببێتە هۆی ڕوودانی ململانێ یاخود ئەگەری ڕوودانی)، لە هەڵس و کەوتی کەسێکی (لایەنێك) دیکە کەبەڕادەیەکی بەرزتر ڕوودەدات، چ

لەڕووی ئەو ڕەنجەی بەکار دەهێنرێت یان ئاستی ئەو دەرامەتانەی بەکار هێنراون یاخود جۆری وەڵامدانەوەکە بێت.
لەجۆرەکانی ئەو حاڵەتانەش، پێشبڕکێی خۆپڕ چەککردن، یان گواستنەوەی جەنگ لەبارە ئاساییو باوەکەی بۆ جەنگی ئەتۆمی.

**سیخوڕی** الجاسوسية **Espionage**

ئەم زاراوەیە لەبواری نێو دەوڵەتیدا بەکار دەهێنرێت، وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو کاروچالاکیانەی ئامانجیان پەیداکردنی زانیاریەکانە دەربارەی حکومەتێك و گەیاندنی ئەو زانیاریانە بەحکومەتێکی دیکە، ئەو کارەش بەهۆی چەند ئامرازو شێوازێکی نهێنیەوە دەکرێت.
سنوری سیخوڕی بەجۆرێکی تایبەت لەکاتی ڕوودانی جەنگ فراوان دەبێت.هەروەها سیخوڕی بەکار دەهێنرێت بۆ بەدەست هێنانی نهێنیەکانی پیشەسازی.

**هاوکاری گیانی بەکۆمەڵ** التضامن / روح الجماعة **Esprit de corps**

هاوکاری، لەدیاردەکانی بەیەك بەستنەوەی کۆمەڵایەتیە کەبەشێوەیەکی گشتی لەنێوان گروپە بچووکەکان دەبینرێت، چونکە گیانی هاوکاری دەگاتە پلەیەکی بەرزو پاڵ بەهەموو کۆمەڵ دەنێت بۆ ئەوەی وەك یەك تاك کار بکات.
تەماشا بکە: هاوکاری **Solidarity**

**چییەتی / خود** الماهية / الذات **Essence**

چییەتی لەلۆژیکدا بریتیە لەکۆمەڵە توخم و پێکهێنەرێك کەچەمکی شتەکە دیاری دەکەن، واتە ئەوەی تایبەتمەندە بەخۆی و جیاوازیشی دەکاتەوە، هەروەها لەنێوان حاڵەتی خودی و کاری ڕێککەوت و لابەلا دژایەتی هەیە، وەك ئەوەی تەماشای سروشتی شتێك بکرێت بەشێوەیەکی سەربەخۆو ئازاد لەنیشانەو دیاردەکانی.

**ڕێبازی بەهاگەری** مذهب الاسس الجوهرية **Essentialism**

ڕێبازێکە ناوەڕۆکەکەی بریتیە لەبوونی کولتورێکی هاوبەش (نموونەی چەندین زانیاری و بەهرەو هەڵوێست و بیرو باوەڕو.....هتد) کەناکرێ وازیان لێ بهێنرێت، بەڵکو پێویست بەزانین و دیاریکردن و فێربوونیان دەکات بۆ هەمووان، ئەویش بەڕێگایەکی سیستمی لەگەڵ جەخت کردن لەسەر چەند ئاستێکی باڵا لەکارکردن بۆ جێبەجێکردنیان، پاشانیش دەبێت پەروەردە بەو ئاراستەیە بکرێت.
ئەم ڕێبازە ئازادی تاك بەئامانجی پەروەردە دادەنێت، نەك هۆکارێك بێت بۆی.

**دامەزراوە** المنشأة **Establishment**

دامەزراوە، یەکەیەکی هونەرییە (techical)، تێیدا بەر هەمهێنان یان فرۆشتن یاخود ئامادەکردنی خزمەتگوزاریەکان دێنەدی و لەجێگای دیاری کراویشدا دروست دەبێت.
دامەزراوە جیاوازە لەپرۆژە (enterprise) کەبەیەکەیەکی ئابوری دادەنرێت و ڕەنگە لەچەند دامەزراوەیەك پێکهاتبێت و درویش لەیەکتر.

چینی نەجولاو ١ – الطبقة الجامدة **Estate**

یەك لەچینەكانی كۆمەڵگەیە، لەتائیفە (caste) كەمتر تەباو توونـدو تۆڵە، بەڵام لەچینی كۆمەڵایەتی (social class) هاوتەباو توونـدو تۆڵتر دەبێت.

ماف و ئەركەكانی ئەم چینە، نەریت دیاریان دەكات، هەروەها ئەندامیەتی لەم چینە لەسەر بنچینەی پشتاو پشتی دەبێت، ئەو سیستمە دەرەبەگایەتیەی كەباو بوو لەسەدەكانی ناوەڕاست، نموونە سەرەتاییەكەی سیستمی چینەكان دەگرێتە خۆی، كە پیاوماقولان و كەسانی ئاینی و تێكرای خەڵك دەگرێتەوە.

چینی خاوەن پێگە ٢– طبقة ذات مكانة

مولك و سامانی گشتی الاموال العامة **Estate public**

بریتیە لەو مولك و كاڵا و ئەو سامانە گوێزراوانەی كەهی دەوڵەتن یان هی كەسە مەعنەوییە گشتیەكانن و تەرخانیش كراون بۆ بەرژەوەندی گشتی.

بەم پێیە، ئەو موڵك و سامانانە بەشێوەیەكی نائاسایی دەكەونە ژێر دەسەڵاتی سیستمی دادەوەری، ناكرێت بەخاوەن بكرێن یاخود دەست بەسەریاندا بگیرێ و بۆ گەسیش بگەڕێتەوە بەهۆی تێپەڕ بوونی كات و كۆن بوونیان، ئەو كەسەی هەر بەشێكی داگیریش بكات یانیش دەست درێژی كردە سەریان ئەوا تووشی سزادانی توونـد دەبێت.

مولكە گشتیەكان ڕەنگە دروستكراو بن، وەك ڕێگاو بان و باغچەكان، یان سروشتی بن وەك ڕوبارو كەناراوەكان، ئەوەی سروشتی بێت ناكرێ مۆری بەگشتی كردنی لەسەر لابدرێت و جۆرایەتی دەسكاری بكرێت.

هەڵسەنگاندن التقدير **Esteem**

ڕێزگرتن الاحترام

هەڵسەنگاندنی ئەو كارانەی تاك ئەنجامیداون، لەئاست ئەو پێگە كۆمەڵایەتیەی كە هەیەتی و بەكاری دەهێنێ، ئەگەر ئەو پێگەیە بەرزبوو یان نزم، هەروەها ئەگەر تاك لەو ڕێزگرتنە پلەیەكی بەرز یاخود نزمی وەرگرت، ئەوا ڕێزگرتنەكە بەپێی دەسەڵاتی تاك لەسەر هەستانی بەڕۆڵی خۆی دەوەستێت بەباشترین شێوە، هەرچەندی ئەو ڕۆڵە بەرز بوو یاخو نزم.

ڕێزگرتن جیاوازی هەیە لەگەڵ پایە بڵندی (prestige ) ئەو تاكەی كەپێگەیەكی پەیداكردووە، ڕەنگە بەچاوێكی نزمتر لەڕێزگرتن تەماشا بكرێت بەهۆی لاوازی دەسكەوتەكانی لەو پێگەو پایەی كاری تێدا دەكات.

لەڕوویەكی دیكەوە ئەو كەسەی پێگەیەكی نزم بەكار دەهێنێ ڕەنگە بەچاوێكی بەرزتر تەماشا بكرێت بەهۆی دەسكەوتە بەرزەكانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شكۆمەندییەكەی هەر بەنزمی دەمێنێتەوە.

خەملاندن التقدير **Astimation**

مەزەندە

كاتێ ئامارو زانیاریەكان ناتەواو دەبن بۆ دیاریكردنی بەهای گۆڕاوێك بەوردی، ئەوا ئێمە بەچەند هەوڵێك هەڵدەستین بۆ نرخاندنی ئەو بەهایە، ئەو كارەش ناوی لێدەنرێت پرۆسەی هەڵسەنگاندن.

ئەو بەهایەی هاتۆتەكایەوە پێی دەوترێت خەملاندن (estimate) هەروەها كاتێ ئامارو زانیاریەكان بەشێوەیەكی كردەیی بوونیان نابێ، ئەوا ئێمە هەندێ جار بەكاری مەزەندەكردن (conjecture) هەڵدەستین، بۆ دیاری كردنی پلەی گەورەیی (order of magnitude) بۆ ئەو گۆڕاوە.

نامۆبوون **Estrangement** الاغتراب

ئاوارەیی

حاڵەتی بێزاری و هەڵهاتن و دووریی، کەدەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکانی دڵڕەقی و توونـدی شوێنی پەیوەندییـەکانی دۆستایەتی و خۆشەویستی بگرێتەوە.

تەماشا بکە: نامۆ بوون **Alienation**

دەست بەسەرداگرتنی دەوڵەت (ناوەندێتی) **Etatism** مذهب مركزية الدولة

مەبەسـت لـەم زاراوەیـە، ڕێبـازێکی سیاسـییە، بەهۆیـەوە دەوڵـەت زاڵ دەبێـت بـە سـەر هـەموو چـالاکیە ئـابوری و خزمەتگوزاریەکان، بەڵام بێ ئەوەی دامەزراوەکان پێویست بەکارگێڕییەکی زۆردارانە بکات بۆ بەڕێوەبردنیان.

دیارە ئەوەش بەپێی ئەو بنچینەیەی کە خۆشگوزەرانی دەوڵەت پشت لەسـەر تـەواوکاری ئـابوری دەبەسـتێت بـەڕادەی پشت بەستنی لەسەر تەواوکاری سیاسی، لەو هەل و مەرجەشدا پێویست بەناوەندێتی ئاراستەو چاودێریکردن دەکات.

لەوڵاتە سۆسیالستەکان ڕێبازی ناوەندێتی دەوڵەت پێرەودەکرێت، لەبەرامبەریشی ڕێبـازی ئـازادیخوازی (liberelism)، یـان (anti etatism) دێت.

سەرمەد (هەتایی) ئەزەل **Eternity** الأبد الازل

خەسڵەتی هەموو شتێك کەلەکات زەمەن بچێتە دەرەوە، واتە هەر ڕووداوێکی داهاتوو لەئێستا یان لەرابردوو لەهەر کاتێکی دیکەدان، هەتایی - سەرمەدی ئەوەیە کەملکەچی گۆڕان دەبێت، ئەو هەتاییەش لەنـەمری (immortality) جیـاواز دەبێـت کەبەمانای بەردەوام بوونی ناکۆتایی دێت پاش مردن.

دەوترێت زانستی ئەو دونیا (دوا رۆژ) -eschatology- بەو تیۆریانەی کەلەچارەنووسی مرۆڤایەتی دەکۆڵنەوە، پاش تێپـەڕ بوونی قۆناغی هەبوون بەڕاستی، هەروەها لەدواچارەنووسی جۆری مرۆڤایەتی و قۆناغە کۆتاییەکانی جیانی سروشتی.

ئاکارناسی **Ethics** علم الاخلاق

زانستێکە لەمـەرج و وردبینیـە بەهاییـەکان دەکۆڵێتـەوە، ئـەوانی بایـەخ و پێـداگری بـەکردارە مرۆڤایەتیـەکان دەدەن، لـەو ڕووەوەی کە ئایا باشن یان خراپ، ڕەفتاری ئاکاریش ئەو ڕەفتارەیە کە کۆمەڵگە لەسەری ڕاهاتووەو بووە بەنەرێت، دیارە ئـەو ڕەفتارەش لەکۆمەڵە بنەماو ڕێسایەك پێکدێت، بۆ تاکەکانیش ئەوە ڕووندەکاتەوە کە هەڵس و کەوتیان دەبێ چۆن بێت لـەو دۆخ و هەڵوێستانەی کە بەرەو ڕوویان دەبێتەوە، بەڵام بێ ئەوەی سەرپێچی بکەن لەویژدانیان یاخود لـەو نەریتـە بـاوەی نـاو کۆمەڵگاکایان، هەڵس و کەوتی تاك بەنارەوشتی دادەنرێت ئەگەر ڕێسا ڕەوشتیە سەلمێنراوەکەی لەکەدار کرد.

بۆیـە ڕەوشـتی پـۆزەتیفیزمی لێکۆڵینـەوە نیـە بـۆ نـاوەرۆکی (ویـژدانی زینـدوو) کـە ویـژدانی تـاك ملکەچـی دەبێـت و سروشتیەکۆمەڵایەتیەکەمانی بۆ ئاشکرا دەکات دەربارەی بڕیارو قەدەغەکراوە ئاکاریەکان.

لەو دیاردانەی پەیوەستن بـەرەفتاری ئاکارییـەوە، دوالیزمـی ئاکارییـە (ethical dualism)، واتـە ئـەو ڕەفتـارەی کـە ڕێگـە لەچـەند هـەڵس و کـەوتێکی دیـاریکراوی ئەنـدامانی کۆمـەڵێك دەگرێـت، هـەروەها بیـانو بـۆ هـەمان ڕەفتـار دەهێننـەوە کـە ئەندامانی کۆمەڵێکی دیکە پێی هەڵدەستن.

زانستی ئاکاری کۆمەڵایـەتی (social ethics) گرینگی دەدات بەنەریتـەکان (mores) و هێـزە کۆمەڵایەتیـەکان و خـراپ گونجاندن و هەڵوەشانەوەو کێشە کۆمەڵایەتیەکان و بزووتنەوەکانی چاکسازی.

**Ethics professional** الاخلاق المهنية ئاكاری پیشەیی

ئەو بنەماو پێوەرانەیە کە بەبنچینەی ڕەفتاری پیشەیی تاکەکان دادەنرێن، هەروەك لەلایەن ئەو ئەندامانەی پیشەکەوە بەڵێنی پابەند بوونیان داوە.

**Ethnic group** الجماعة السلالية گروپی بنەماڵەیی (ڕەچەڵەك)

گروپێك باوەڕی بەکەلتورێکی نەریتگەری هاوبەش هەیە، هەروەها هەست پێکردنێك بەخودی خۆی، ئەو گروپە بەگروپێکی لاوەکی دادەنرێت لەکۆمەڵگەی گشتی، ئەندامانی ئەو گروپە نەژادیە جیاوازیان لەگەڵ ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگە دەبێت لەو بوارانەی کەپەیوەندییان بەهەندێ خەسڵەتی کولتورییەوە هەیە، ڕەنگە ئەندامانی ئەو گروپە زمانی تایبەت و ئاین و چەند نەریتێکی جیاوازیان هەبێت، لەوانەش گرینگتر هەستێك بەیەکگرتن وەك گروپێکی نەریتگەری جیاوازکار.

**Ethno centrism** التمركز الثقافي نێوەندێتی کولتوری

ئاراستەیەکە کاریگەر دەبێت بەهەست و سۆزەوە، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی تاك بڕیار لەسەر کۆمەڵگاکانی دیکە بدات، ئەویش لەسەر بنچینەی ئەو پێوەرانەی وەرگیراون لەخودی ئەو کۆمەڵگایەی کەخۆی ئینتمای بۆ هەیە.

بۆیە لەدوایدا ڕق و ڤینی دەبێت بەرامبەر کۆمەڵگاکانی دیکە کەلەگەڵ کۆمەڵگاکەی خۆی جیاوازیان دەبێت.

**Ethno cracy** حُكم الصفوة دەسەڵاتی دەستەبژێر

ڕەنگە گروپی بژاردە، یان ڕەچەڵەکی باڵا دەسەڵات بگرێتە دەست، بەم شێوەیە کارەکە لەنێوان تاکەکانی ئەو بژاردەیە دەمێنێتەوە، لەم بارەشدا ئەو جۆرە دەسەڵاتە بەزۆری لەشێوازی دیموکراسییەت دوور دەکەوێتەوە.

**Ethno genics** تحسين السلالات چاککردنی ڕەگەز (وەچە)

زانست و هونەرێکی پراکتیکی کردەییە، لەڕوخساری گشتیدا بایەخ بەلێکۆڵینەوە ئەبوجینیەکان (eugenics) دەدات کەجەخت لەسەر توێژینەوە تیۆری و کرداریەکان دەکات، ئەوانی پەیوەستن بەچاککردنی وەچەی مرۆڤایەتی و باڵاکردنی ئاستەکانی.

**Ethnography** الاثنوجرافي ئەتنوگرافی

زانستی وەسفکردنی کۆمەڵگە مرۆییەکان علم الانسان الوصفي

ئەتنوگرافیا، زانستێکە بایەخ بەلێکۆڵینەوە لەدیاردە مادی و کولتوریەکانی کۆمەڵ دەدات، لەشوێن و زەمانی جیاوازدا، ئەو دیاردانەی بەرهەمی ڕەنجی مرۆڤ دەردەخەن بەمەبەستی زاڵبوون بەسەر ژینگە سروشتیەکەی، هەروەها هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی دەرامەتەکانی لەپێناو جێبەجێکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکانی و پێویستە کۆمەڵایەتیەکانی.

بۆیە لەپێشەوەی ئەو لایەنانەی کە ئەتنوگرافیا بایەخیان پێدەدات، ئەو بابەتە مادیانەن کەپێشکەوتنی تەکنولۆجی گشتی وێنا دەکەن و دینامییەتی ئەقلی مرۆڤایەتی ئاشکرا دەکەن لەپێناو هەوڵەکانی بۆ زاڵبوون بەسەر سروشتدا.

بێگومان پاشماوە ئەرکیولۆجیەکان پەردەی لەسەر ئەو ڕۆڵە شارستانیانە هەڵمالیوە کەمرۆڤایەتی پێیدا تێپەڕ بوونە لەبەرەبەیانی پێشکەوتنیدا.

زانایان، ئەو کەرەستەو ئامێرانەی کەمرۆڤ لەسەردەمە جیۆلۆجیە بەدوایەکانـدا بەکاریان هێناوە، وەك بەڵگەو خەسڵەت وەریان گرتوون دەربارەی پەرەسەندنی شارستانیەتەکانی مرۆڤ لەسەردەمی بەردو سەردەمەکانی توج بورنز ئاسندا.

ئەو دیاردانە، نیشانەن لەسەر لێهاتوویی و شارەزای زانستیانە، ئەوانی بەدەست هاتوون لەو سەردەمانە، هەروەها

ڕەنگدانەوەی ئەو سیستمە ئابوریانەن کە دامەزراون لەناو کۆمەڵان و بەکاریان هێناون وەك هۆکاری بەرهەم هێنان.
ئەو زانیاریانەی کە ئەنتوگرافیا کۆیان دەکاتەوە، ئەتنولۆجیا هەڵدەسێت بەشیکردنەوە یان هەروەها دۆزینەوەی پەیوەندی نێوانیان.

**مێژووی گەلانی سەرەتایی** — تاریخ الشعوب البدائية — **Ethno history**

واتە، لێکۆڵینەوەی مێژوویی بۆ گەلانی نا ئەوروپی، لەم بوارەدا دوکیومێنتە نوسراوەکان و سەرچاوە ئەر خولۆجیەکان و چەمکەکانی ئەنثرولۆجیای کولتوری کۆمەڵایەتی بەکار دەهێنرێت.
ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات مێژووییەك بۆ کۆمەڵانی خاوەن نیشتمان دابنێت، پێش پەیوەندیکردن و دوای پەیوەندیکردنیان بەئەوروپیەکان.

**ئەثنولۆژیا، مرۆڤناسی شیکاری** — الاثنولوجيا / علم الانسان التحليلي — **Ethnology**

ئەثنولۆژیا، زانستێکە بایەخ بەو توێژینەوانە دەدات کەپەیوەستن بەپەیدا بوونی بنەچەو ڕەگەزە سەرەتاییەکانی جۆری مرۆڤایەتی هەیە، هەروەها گرینگی بەبنەما کلتوریەکان و ناوچەکولتوریەکان دەدات، لەگەڵ کۆچکردنی کلتورو بڵاوبوونەوەیان و خەسڵەتە جۆرایەتیەکان بۆ هەریەکەیان.
بۆیە پێشتر بەئەنثرۆپۆلۆژیای کلتوری (cultural anthropology) گوزارشتی لێدەکرا، تاماوەیەکی زۆرنزیکیش ئەم زانستە تێکەڵ بەئەنثرۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی (social anthropology) دەبوو، ئە بابەتانەی زانایانی ئەم جۆرە لەبەریتانیا توێژینەوەیان لەسەری ئەنجامداوە، هەمان ئەو بابەتانەن کە زانایانی ئەثنۆلوژیای ئەوروپی و ئەمریکی توێژینەوەیان لەسەری ئەنجامداوە، هەردوو زانست، ئەنثرۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و ئەثنولۆژیا لەدیدی زانایانی سەدەی (19) بەیەك زانست و یەك توێژینەوە دادەنران، لەبەر ئەوەی هەریەکەیان توێژینەوە لەکلتورو کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکان دەکات.
کۆمەڵە مرۆڤایەتیەکان و گروپە ڕەچەڵەکیەکان لەسەر بنچینەی کلتوریان پۆلین دەکران، بایەخ پێدانی زانایان بەگشتی بەدوای بنەما سەرەتاییەکانی کلتورو شارستانیە مرۆڤایەتیەکان کەوتبوون، دوای ئەوەی دیدی زانایان ڕووی لە بایەخپێدان بە توێژینەوەئەرکیەکان کرد دەربارەی سیستمی کۆمەڵگاکان (functional approach) و ئاراستەکردن و گرینگی پێدانی زیاتر بەبونیادی کۆمەڵایەتی (social structure) و ڕوونکردنەوەی پەیوەندییە فەرمانی و تەواوکاریەکانی نێوان سیستمە کۆمەڵایەتیەکان، هەر لەگەڵ پشت گوێ خستنی لایەنی دروست بوون و مێژوویی یان خۆ دەربازکردن لەگرینگیە ڕێژەییەکەی لەتوێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان، ئەوا ئەو ئاراستەیە بۆ جیاکردنەوەی ل توێژینەوە ئەثنولۆژیەکان لەتوێژینەوە ئەنثرۆپۆلۆژیەکۆمەڵایەتیەکان دەرکەوت.
بەم جۆرە هەردوو لقەکەی ئەنثرۆپۆلۆژیا لەیەکتری جیابوونەوە، هەرچەندە ئەو جیابوونەوەیە (سەربەخۆیە) دەربارەی توێژینەوە ئەنثرۆپۆلۆژیەکان لەئەمریکا دەرنەکەوت، چونکە بایەخپێدانی بەکلتورو شیکردنەوەی، وەك گرینگترین کار لەبیرومێشکی زانایانی ئەنثرۆپۆلۆژیای ئەمریکادا مایەوە.

**دەروونناسی بنەماڵەیی** — سيكولوجية السلالة — **Ethno psychology**

یەك لەلقەکانی دەروونناسیە، لەحالەتی کار لەیەکردنە ئەقلیەکانی کۆمەڵانی مرۆڤایەتی یان خێل و تیرە جیاوازەکان دەکۆڵینەوە، ئەو لێکۆڵینەوەیەش بەشێوەیەکی ئاسایی بواری سایکۆلۆجی گەلانی سەرەتایی دەگرێتەوە.

ئاکارناسی بەراوردکاری | علم الاخلاق المقارن | **Ethology**

زانستێکە لەپەرەسەندنی ئاکار دەکۆڵێتەوە، هەروەها لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری بۆ سیستەمەکانی ئاکار لای گەلانی جیاوازدا..مەبەستیش لەم زراوەیە، لێکۆڵینەوەی ئەزموونگەرییە بۆ ڕەفتاری مرۆڤایەتی.

کەسێتی کۆمەڵ | روح الجماعة الروح المميزة للثقافة | **Ethos**

مەبەست لەم زاراوەیە، بیروباوەڕو بەهاو ئایدیا کولتورییەکانە، ئەوانی کۆمەڵێکی پێ جیاواز دەکرێتەوەو کە سێتیش دەردەخات لەئاست کۆمەڵانی دیکەو دەیکاتە شتێکی تایبەت.

دەرکەوتنی ئەو ڕۆحە بەکۆمەڵە جیاکەرەوەی کولتور، بووە هۆی دەرکەوتنی زانستی ئیتولوجیا (ethology) کەهەڵدەسێت بەلێکۆڵینەوە لەحالەتەکانی تەنیایی و گردبوونەوەی مرۆڤ، هەروەها توێژینەوە لەدیاردەی دروست بوون و خەسلەتەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و ئەو ئارەزوو شێوازە پشتاو پشتیانەی ڕەفتاری مرۆیی لەسەر ئاستی تاکەکان.

ئەو ئارەزووانەی کە بەیەکەیەکی تەواوکار دادەنرێن لەگەڵ لێکۆڵینەوەکان لەگونجان و لەبار بوونی ئەو ڕەفتارە مرۆڤایەتیە

تەماشا بکە: کولتوری ئاوێتە **Culture complex**

خەسلەتی کلتوری **Culture trait**

زانستی هۆیەکان هۆکارزانی | درس الاسباب والعلل | **Etiology**

کۆمەڵە هۆکارێکن بەشداری دەکەن لەڕوودانی دیاردە نەخۆشیەکان، ئەوانی ئەم زانستە دەیگرێتە خۆی بریتین لەهۆکارە بۆماوەییەکان و ئەوانی بەهۆی لەدایکبوونەوە پەیدادەبن، هەروەها هۆکارە وەرگیراوو دوورو نزیکەکانیش.

ئەم زانستە لەگەڵ لێکۆڵینەوە لەنیشانەکان (semeiology) ڕاستی نەخۆشیەکەش دیاری دەکات.

ئەتیۆلۆجیای کۆمەڵایەتی، لەهۆیەکانی ئەو جیاوازیانەی بوونیان هەیە لەنێوان چینە کۆمەڵایەتیەکان دەکۆڵێتەوە، لەهەر دوو لایەنی بۆ ماوەیی و ژینگەدا.

دۆزینەوە، دەست نیشانکردن **Cf. diagnosis**

دەستوری ڕەفتارکردن | آداب السلوك آداب اللياقة | **Etiquette**

چەند بنەماو ڕێسایەکی گشتیە بۆ هەڵس و کەوت و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تەواوو بێگەرد، کۆمەڵگە پێشکەتووەکان لەسەری ڕێکدەکەون، بۆیە بووە بە شێوازێکی گشتی لەشێوازەکانی ژیانی ڕۆژانە، پابەند نەبوونیش پێوەیان کەسەکە بەرەو ڕووی ناڕازایی و بێزاری و ناحەزی و خۆ دوور خستنەوە دەکات لەلایەن خەڵکی دیکە.

بۆیە دەستوری ڕەفتارکردن بەیەك لەشێوازەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی دادەنرێت، چونکە پەیوەندییە دیارەکانی نێوان تاك یان کۆمەڵان ڕێکدەخات و لەدوایشدا ڕێکخستنی ئازادییە دەرەکییەکەی ئەو خەڵکە.

دەستوری ڕەفتارکردن جیاوازە لەو بنەماو ڕێسایانە کە باوو ئاساییـن و لەسەری ڕێککەوتوون (conventions)، ئەوانی ڕۆڵی چاودێریان دەبێت لەسەر ئازادی ناوخۆیی.

دەوترێت: داب و نەریتی پیشەیی (etiquette of the profession) واتە دەستوروبنەماکانی ئەوپیشەیە.

**Eudaemonism** مذهب السعادة العقلية ڕێبازی شادمانی ئەقلی

ڕێبازێکە بەختەوەری بەبەرزترین چاکە دادەنێت، دیارە ئەویش ئامانجی کاری مرۆڤایەتیە ئەگەر تایبەت بێت بەتاکێك یان بۆ کۆمەڵگە.

بەم واتایە بەرامبەر ڕێبازی خۆشی ئەقلی، ڕێبازی خۆشی هەستیاری (hedonism) دێت کەدان دەنێت بەوەی چێژ بەرزترین چاکەیە.

**Eufunction** الانتظام الوظيفي بەدوای یەکدا هاتنی ئەرکێتی

هەر ئاسەوارو نیشانەیەك کە بەهۆی کارێکەوە لەجۆرە ڕەفتارێکی دیاریکراودا بێتەدی، هەروەها بەشێوەیەکی ئەرێنیش بەشداری بکات لەمانەوەو جێگیری سیستم.

لەبەرامبەریدا حاڵەتی کەم و کورتی فەرمانی (dys funetion) دێت.

**Eugenics** علم تحسين النسل زانستی چاککردن وەچە

زانستێکی تیۆری و هونەری پراکتیکیە، گرینگی دەدات بەبنەماکانی بۆ ماوەیی مرۆڤایەتی، ئامانجیشی چاککردنی ڕەچەڵەکە مرۆڤایەتیەکانە.

ئەو زانستە بەکار دەهێنرێت بۆ هەڵبژاردن و دیاریکردنی ئەو تاکانەی توانای میراتگری خەسلەتە دیارەکانی یەك لەرەچەلەکەکانیان دەبێت، کەباوەڕ وایە ئەو ڕەچەڵەکە (پاك و بێگەردە)، هەروەها ڕێگرتن لەزاووزێ کردنی ئەو تاکانەی کە ئەو خەسلەتانەیان تێدانیە.

ڕەنگە چاککردنی وەچە بوارەکانی ڕێگرتن لەهاوسەرگیری پیرو بەساڵاچوان بگرێتەوە، هەروەها هەستان بە نەزۆك کردنی ئەوانی ئاستی ئەقلیان لاوازە (negative eugenics).

هەروەها ڕەنگە مەبەستیش لەم زاراوەیە ڕێکخستنی نەوە بێت لەسەر ئاستی خێزان و لەسەر ئاستی نیشتمانی، ئەویش بەئامانجی سنوردار کردنی ژمارەی دانیشتوان.

**Euphoria** التعافي / الانتعاش الزائف خۆشحاڵی - بوژانەوەی ساختە -

مەبەست لەم زاراوەیە لەدەروونناسیدا، مرۆڤ هەستێکی ساختەی لاپەیدا ببێت کەچالاکیەکی جەستەیی زیندووی هەیە، لەگەڵ ئاراستەو بۆ چوونێکی هەڵچووانە بەگەش بینی و بەوەی هەموو شتێك وەکو پێویست وایە.

**Social euphoria** تەماشا بکە: دروستی و چالاکی کۆمەڵایەتی

**Euphoria social** الاستقرار الاجتماعي سەقامگیری کۆمەڵایەتی

**Social euphoria** تەماشا بکە: دروستی و چالاکی کۆمەڵایەتی

**Euthenics** الايوثينية / علم تعزيز الرفاهية البشرية زانستی خۆشگوزەرانی مرۆڤایەتی

ئەو زانستەیە کە لەچاککردنی کۆی باری گوزەران دەکۆڵێتەوە، وەك بابەتەکانی خۆراك و نیشتەجێ بوون و جل و

بەرگ...هتد، بەمەبەستی چاککردنی بارودۆخی تاکەکان و زۆرکردنی خۆشگوزەرانیان، ئەو کارەش شان بەشان زانستی چاککردنی وەچە (eugenics)ئامانجی چاککردنی ڕەگەزەکان دەبێت.

**هەڵسەنگاندن** **التقويم** **Evaluation**

مەبەست لەم زاراوەیە پرۆسەی بڕیاردانە لەسەر بەهای شتێك یان چەندایەتیەکەی لەئاست چەند پێوەرێکی سنوردار، یاخود ڕادەی گونجاندن لەنێوان بیرۆکەیەك یان کارێك لەگەڵ بەها باوەکاندا.

واتە ئامانجی هەڵسەنگاندن بڕیاردانی بابەتیانەیە لەسەر کارە هەڵسەنگێنراوەکە ئەگەر بەچاکی بێت یان خراپی، سەرکەوتو بێت یاخود تێشکاو، دیارە ئەو کارەش بەشیکردنەوەی ئەو زانیاریانەی بەردەستن دێتەدی، لەگەڵ ڕاڤە کردنیان لەبەر ڕۆشنایی ئەو فاکتەرو دۆخانەی کە ڕەنگە کارتێکردنیان بەسەر کارەکەوە هەبێت، ئەگەر لەڕووی ئامانجەکانیەوە بێت یان پلاندانان و کارگێڕی، یاخود پارەپێدان، یانیش کات، هەروەها شێوازی جێبەجێکردن و جۆرە بەدەنگەوە هاتن و شێوەی ئەنجامەکان...هتد.

لەگەڵ دیاریکردنی هەموو ئەوانە، دیاریکردنێکی بابەتیانەی ورد.

کەواتە هەڵسەنگاندن پرۆسەی کێش و پێوانەیە، بەهۆیەوە هۆکارەکانی سەرکەوتن و هۆیەکانی نوشستی ئاشکرا دەبن.

لەبواری بەرنامەو پرۆژە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان، بەتایبەتیش لەکۆمەڵگاکانی گەشە سەندوو، ئەوەی هەڵسەنگاندن ئاشکرای دەکات بریتیە لەرادەی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتیەی کەکۆمەڵگە دەیپێکێت یان پێکاویەتی لەئەنجامی دانانی ئەو پرۆژانە.

هەرچەندە هەڵسەنگاندن ئامانجێکی پراکتیکی هەیە بەڵام ئەو ئامانجە پراکتیکە لایەنی تیۆریش دەگرێتەوە، ئەو ئەنجامانەی کە هەڵسەنگاندن دەیگاتێ دەربارەی پرۆژەیەك یان پلانێك یاخود دامەزراوەیەك، دەکرێ پیادەبکرێن و سوودیان لێوەربگیرێت ئەویش لەچەند هەڵوێستێکی دیکەدا، سەرەڕای ئەوەی زانیارییە تیۆرییەکان دەوڵەمەند دەکات لەم بوارەدا.

هەروەها ڕەنگە ئامانجی هەڵسەنگاندن هەمەلایەن بێت بە جۆرێك بابەتەکە لەهەموو لایەکەوە بگرێتە خۆی، ئەمەو دەکرێ ئامانجەکە بچوکیش بێت و چەند بەش و لایەنێك بگرێتەوە.

**ڕوودان** **الحادث** **Event**

ئەو ڕووداوەی لەماوەی ڕۆژگاردا روو دەدات و گرینگیەکی دیاریکراو بەدەست دێنێ، نموونەش لەسەر ئەوە ڕووداوەکانی مێژوو.

ڕووداوەکان دەکرێ سەربەخۆ (independent)بن، یان سەربەخۆ نەبن (dependent).

ئەگەر لێرەدا دوو ڕووداوی سەربەخۆ هەبن، مانای ئەوەیە ڕووداوی یەکەم کاریگەری لەسەر ئەگەری ڕوودانی دووەم نابێت، هەردوو ڕووداویش بەناسەربەخۆ دادەنرێن، ئەگەر ڕوودانی یەکێکیان کارتێکردنی لەسەر ڕوودانی ئەوی دیکە هەبوو.

دەکرێ ئەگەری ڕووداوەکان بزانرێت بەهۆی ژماردنی ئەگەرەکان.

**ڕوونی** **١ – الوضوح البداهة** **Evidence**
**بەڵگە نەویست**

لەلۆژیکدا زاراوەکە ئاماژە بۆ ڕوونی و ئاشکرایی هزروکێشەکان دەکات، بەجۆرێك کە خۆی بەسەر ئەقلدا دەسەپێنێ، ڕوونی (evident) ئەوەی بۆ ئەقل دەردەکەوێت بۆ یەکەم جار بێ هەر گومان و دوودڵییەك.

بەڵگە ٢- الدليل، البينة الاثبات
سەلماندن

لەیاسادا مەبەست لەسەلماندن، هێنانەوەی بەڵگەیە بەو شێوەی کەیاسا دیاری دەکات دەربارەی مافێك، کەململانێی لەسەر بێت، بۆ سەلماندنیشی چەند بنەماو ڕێسایەك هەیە، ئەوانیش دوو جۆرن.
ڕێساو یاسا بابەتیەکان، ئەوانەن کەشوێنی سەلماندنە کەدیاری دەکەن و ئەوەی بارگرانیەکە دەکەوێتە سەری، هەروەها ڕێگاکانی و بەهای هەر ڕێگایەك لەوانە، لەگەڵ ئەو بارودۆخانەی کە هەموو ئەو ڕێگایانەی تێدا ئەنجام دەدرێت.
د ووەمیان، یاساو ڕێسا کارڕاییەکان، ئەوانی لەمیانەی سەلماندنی بەڵگەکان پیادە دەکرێن، کاتێك ناکۆکی یان ململانێیەك دەخرێتە بەردەم دادگا.

شەڕ الشَرّ Evill
بەدکاری

شەر (بەدکاری) دیاردەیەکە بەرەو ڕووی نارەزایی و ڕەخنەو نەویستن بۆ تەوە، هەروەك لەلایەن ئیرادەوەش جێگای قبوڵکردن نیە، ئەم دیاردەیە فراوانترین کێشەکانی نێوان خەڵکن، ئەو خەڵکە ئەوە چاوەڕاوان دەکەن کە ئەو جۆرە کارانە بوونیان نەبێت لەگەردوونێکدا جێگای پەسەندکردنە لە هەموو ڕوویکەوە.
شەڕدەکرێ: ئاکاری، یان فیزیکی (سروشتی)، یاخود میتافیزیکی بێت.
شەڕی فیزیکی وەك لاوازی و نەخۆشی و شێواندن، شەڕی ئاکاریش بەکارە سەر زەنشت کراوەکان دەوترێت، شەڕی میتافیزیکی بەهەر شتێکی کەم و کورت و ناتەواو دەوترێت. کەواتە پڕاوپڕ نەبێت.
بۆ ڕاڤەکردنی شەر، چەندین بیرو بۆ چوونی جیاواز هەیە:
ڕای یەکەم، دەڵێت ئەوەی پێی دەوترێت شەڕ، تەنها هەڵەیەکە لەئەقلماندا ، بەڵام لەئەقلی خوداوەندی یان ناکۆتایی تەنها چاکەو ڕاستی بوونیان هەیە، لەبەر ئەوەی هەر هەڵەیەك یاخود شەڕێك، ئەوە دەبێ بەرهەمی ئەقلمان بێت، ئێمەی کۆتایی هاتووی ئامانج خواز.
ڕای دووەم، بۆ کێشەی شەڕ، تووندڕەوی کەمتر پێوەدیارە، ئەم ڕایە دان بە ڕاستی شەڕ دەنێت، بەڵام بۆ چوونی وایە، ئەگەر ئێمە فێری ئەوە بووین کەشتەکان لەروانگەی هەتا هەتاییە وە ببینین، لەو بارەدا ئەگەر تێگەیشتین کە ڕەسەنایەتی ئێش و ئازارو خراپەکاری لەجیهاندا چەند بێت، ئەوا ئەو کارانە وردە وردە کەم دەبنەوە.
بەڵام ڕای سێیەم، ڕاڤە کردنێکی میتافیزیکی دەبەخشێتە کێشەکە، ئەو بۆ چوونی وایە ڕاستیەك بەڕەوای بزانین، ئەوە خۆی لەپشتی پەردەی ڕاستیە ڕاوالەتیەکە شاردۆتەوەو لەجیهانێکی بەرزتر جێگیر دەبێت، ئەم ڕایە داکۆکیش لەسەر بێ توانایی ئەزموونی هەستی دەکات لەئاشکرا کردنی ڕاستی، ئەو ئەزموونە هەستیە پەردەیەکە لەنێوان ئێمەو نێوان بوونی ڕاست و رەوا، چونکە ئەو تەنها توانای ئەوەی دەبێت بۆمانی بگوازێتەوە، ئەوەی لەجیهانی گۆڕان و بەردەوامی ڕوودەدات.

پەرەسەندن التطور Evolution

گەشەکردنێکی سستی پلە بەپلەیە، دەبێتە هۆی گۆڕانکاری ڕێك و پێك و بەدوای یەکدا، کەچەند قۆناغێکی جیاواز و تایبەت تێپەڕ دەکات و هەر قۆناغێکی پێشوو بە قۆناغێکی داهاتوو دەبەسترێتەوە، وەك پەرەسەندنی بیروباوڕو ئاکارو داب و نەریتەکان.
پەرەسەندن چەند شێوەیەکی هەیە لەوانە، پەرەسەندنی داهێنەرانە (creative evolution)، مەبەستیش لێی، پەرەسەندن بریتیە لە داهێنانێکی بەردەوام و نوێکردنەوەیەکی بێ و چان و گۆڕانێکیشە پسانی بۆ نیە، بەپێی ئەو ئاراستەیەی کە پاڵنەرەکانی ژیان لەمرۆڤدا دەیسەپێنێت.
پەرەسەندنی کولتوری (cultural evolution) مەبەستیش لێی گەشەکردنی کولتورە لەشێوە سادە هەڵوەشاوەکانیان بۆ شێوە ئالۆزە تەواوکارەکان، ئەویش بەهۆی کارلێکردنی بەردەوام.
تەماشا بکە: پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی Social evolution

**Evolutionism** | مذهب التطور | پەرەسەندگەرایی

ڕێبازێکە پشت بە بیرۆکەی پەرەسەندن دەبەستێت، هەروەها لایەنگری جولەو گۆڕانکاری دەکات و بۆ چوونی وایەکە یاسای گەشەکردنی بوونەوەرەکان لەجۆراوجۆری و تەواوکارییەکی بەردەوام کورت و پوخت دەکرێتەوە.

**Exception principle** | مبدأ الاستثناء | بنەمای دەرهاویشتن (نائاسایی)

شێوازێکە بۆ چاودێری کارگێڕی لەسەر چەند لایەنێکی دیاریکراودا، نموونەی ئەنجامە دەرهاویشتەکان یان نائاساییەکان و لایەنە باش و خراپەکان، ئەویش بێ دەستێوەردان لەباس و درێژەپێدانەکانی کارکردن.

**Exchange** | التبادل | گۆڕینەوە ئاڵ و گۆڕ

واتە تاکێك بەشێك لەبەرهەمەکەی خۆی بداتە تاکێکی دیکە، ئەویش لەبەرامبەر دەسکەوتی بەشێك لەبەرهەمی ئەو تاکە.
دیاردەی ئاڵ و گۆڕ بەهۆی پسپۆری و دابەش بوونی کار لەنێوان تاکەکاندان پەیدابووە، بەجۆرێك ئەم دیاردەیە دەرفەتی بەهەر کەسێك داوە کەپشت بەتواناکانی کەسێکی دیکە ببەستێ بۆ بەدیهێنانی گەورەترین ڕادە لەپێداویستیە ئابورییەکانی خۆی.
دەستەواژەی ئابوری ئاڵ و گۆڕ (echange economy) بەکار دەهێنرێت وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو سیستمە ئابورییەی کە ئابورییەکانی سەودا کردنی (گۆڕینەوەی کالا بەکالا) (barter economics) لێ دوور دەخرێتەوە، بەڵکو لێرەدا دیاردەی ئاڵ و گۆڕ زاڵ دەبێت لەڕێگەی بەکار هێنانی دراودا، هەروەها دابەشکردنی دەرامەتەکانیش لەڕێگەی پرۆسەکانی بازاڕەوە گەشە دەکەن، بەپێی ئەو چەمکە دەستەواژەیئابوری ئاڵ و گۆڕ، وا ڕاڤە دەکرێت کە هاوتایە بۆ دەستەواژەی ئابوری قازانجی تایبەت (private profit economy)، یاخود ئابوری پرۆژەکانی سەرمایەداری تایبەت (capitalistic private enterprise) یانیش ئابوری بازاڕ (Market economy).
لەکۆمەڵگە سەرەتاییەکان، ئەوانی لەسەر بنچینەی خاوەندارێتی هاوبەش بۆ هۆیەکانی بەرهەم هێنان دامەزراون، ئاڵ و گۆڕکردن بوونی نیە، بەڵکو ئاڵ و گۆڕکردنی کالاکان پەیدا دەبن کاتێ ژیانی هاوبەش کۆتایی دێت لەنێوانیاندا، ئەو دیاردەیەش دەست پێدەکات لەگەڵ دەست پێکردنی پەیوەندی لەنێوان دووکۆمەڵی جیاوازدا، هەر لەگەڵ ئەوەی بەرهەمەکان دەبنە کالا لەپەیوەندییە دەرەکیەکانی کۆمەڵدا، ئەوا لەژیانی ناوخۆیی کۆمەڵیشدا بەو جۆرەی لێدێت، ئەویش بە هۆی کاریگەری حاڵەتی کاردانەوە.
دیاردەی سەوداکردن، شێوازێکی سەرەتایی بوو بەکار هێنراوە بۆ بەدیهێنانی ئاڵ و گۆڕکردنی، بەڵام لەگەڵ زۆر بوونی چالاکی ئابوری و فرەیی کالاکان و جۆراوجۆریان، ئەوا سەوداکردن بەشێوازێکی کردەیی نازانرێت بۆ دیاری کردنی یان پێوانەکردنی بەهای ئەو کالایانەی کە ئاڵ و گۆڕییان پێوە دەکرێت
بەم جۆرە پێویستی بۆ دۆزینەوەی ئامرازێکی دەرەکی بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی مەبەستەکانی ئاڵ و گۆڕی بازرگانی پەیدابوو، کارەکەش بەوە کۆتایی هات کەدراو بەکار بهێنرێت وەك ئامرازێك، بۆ ئەوەی تاکەکان بتوانن لەنێوان بەرهەمە جیاوازەکان هاوتایی و یەکسانی پەیدا بکەن.

**Exchange, social** | سجل تبادل المعلومات | ئاڵ و گۆڕکردنی زانیاریەکان

**Social exchange** | | تەماشا بکە:

**Exclusive powers** | السلطات المطلقة | دەسەڵاتە ڕەهاکان

**Power** | | تەماشا بکە: دەسەڵات

**Excommunication** الحرمان الكنسي بێ بەشکردنی کەنیسەیی

بێبەشکردنی کەسێك لەمافەکانی ئەندامیەتی کلێسە یان ئەندامیەتی کۆمەڵێکی ئاینی.

بێبەشکردن دوو جۆرە: بێبەشکردنی بچووك، لەم بارەدا کەسی مەسیحی ڕێگای بەشداریکردنی لەنەریت و ئاهەنگە ئاینیەکان لێ قەدەغەدەکرێت. بێ بەشکردنی گەورە، ڕێگای بەشداریکردنی لێدەگیرێت لەنەریت و ئاهەنگە ئاینیەکانی کلێسەو پەیوەندیکردن بەرۆڵەکانی تائیفەکەشی.

لەکۆندا ئەم بێبەشکردنە دەبووە هۆی ئەوەی کەسەکە شایستەی شایەتمانی نەبێت لەبەردەم دادگاکان، هەروەها بەشداریکردن لەئەنجومەنی سوێندخۆران و ڕێگرتن لێی لەسکاڵاکردن لەبەردەم دادگا.

**excursions** الرحلات گەشت و گەڕان

یەك لەو هۆکارانەیە کەسوودی لێوەردەگیرێت لەکاتی بێ ئیشی، بەهۆیەوە ئەو کەسانە سەردانی ناوچەگەشتیارو دەوروبەرەکانی شارەکان دەکەن لەکاتی پشووەکانی هەفتەو ڕۆژانی فەرمی و مۆڵەتە درێژخایەنەکان، ئەویش بەرامبەر تێچووەکی کەم، بەمەبەستی ڕابواردن و خۆشاد کردن و گەشەپێدانی پەیوەندی نێوان تاکەکان.

**Execution** التنفيذ / الاجراء کارڕایی / جێبەجێکردن

جێبەجێکردن لەدەروونناسیدا قۆناغی کۆتاییە لەقۆناغەکانی ئیرادەی ئەقل، چونکە ئیرادەی ئەقل تەواو نابێت تەنها ئەگەر شتێك لەجێبەجێ کردنی لەگەڵدا نەبێت، ئەگەرنا تەنها وەك نیازێك یان ئارەزوویەکی سادە دەمێنێتەوە.

لەڕووی کارگێڕییەوە، جێبەجێکردن ئاماژەیە بۆ بەجێهێنان و ئەرك ئەنجامدان، هەروەك دەوترێت: دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، ئەنجومەنی جێبەجێکردن، یاساو ڕێنماییەکانی جێبەجێکردن، بەرپرسیاریەتی جێبەجێکردن.

لەڕووی یاساییەوە مەبەست لەجێبەجێ کردن، کارێکە هەوڵدەدات کەکەسی قەرزار یاخود فەرمان بەسەردراو ناچار بکرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی پابەندبووە پێوەی یانیش ئەو بڕیارەی کەبەسەریدا سەپێنراوە، دەربارەی ماڵ و سامانی گوازراوەو نەگوازراوە.

هەروەها لەیاسای کەتندا دەوترێت، جێبەجێکردنی بڕیاری لەسێدارەدان (capital execution) واتە لەناوبردنی تاوانبارکراو.

**Executive** ١ – المدير / الرئيس بەڕێوەبەر / سەرۆك

ئەو فەرمانبەرەی کەسەرپەرشتی و چاودێری و ئاراستەکردنی سەر ژمارەیەك لە کارمەندانی دەکات، فەرمانی سەرۆك لەو جۆرە فەرمانانەیە کە پێویست بەمتمانە بوون دەکات.

٢ – سلطة تنفيذية دەسەڵاتی جێبەجێکردن

مەبەست لەم زاراوەیە لەزانستی سیاسەتدا، ئەو فەرمانبەرە بەپرسانەی کە ئەرکە جیاوازەکانی حکومەت لەئەستۆ دەگرن، دەسەڵاتی جێبەجێ کردنیش جیاوازە لەدەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی دادوەری.

نووسەران بەزۆری لەکارگێڕی گشتیدا جیاوازی لەنێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی کارگێڕی (executive administration) دەکەن.

دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئەو تاك و فەرمانبەرانەن کەئەرکی کەمتریان دەکەوێتە سەر لە هەیکەلی ڕێکخراوەیی حکومەتدا. لەکاتێکدا بەشی دووەم ئەو کارگێڕییە دەگرێتەوە کەهەڵدەستێ بەدانانی سیاسەتی باڵا.

خۆنواندن | الاستعراضية | **Exhibionism**
خۆ دەرخستن | حُب الظهور

هەوڵ و کۆششێکی زیادەڕۆیی تاکە بۆ سەرنج ڕاکێشان یان ئارەزووی توندی و بایەخپێدانی بەرەو خستنە ڕووی خەسڵەت و ئاکارەکانی، یاخود هەندێ لە ئەندامانی لەشی لەبەردەم کۆمەڵداو بەشێوەیەك کە لەدەرەوەی جوان پۆشی و لێوەشانەوە بێت، هەروەها مەبەست لەم زاراوەیە ئارەزووی تاکە بۆ ئەوەی بەشێك لەجەستەی کەلە بارێکی ئاسایی داپۆشراوە، ئەو بیخاتە ڕوو، بەتایبەتیش ئەندامانی زاووزێ، ئەویش لەپێناو بەدیهێنانی خۆشی و سەرگەرمی سیکسی.

دوورخستنەوە لەوڵات | النفي | **Exile**

دوورخستنەوەی چەند توێژێك لەسیاسەتمەداران، لەگەڵ ئەو بێگانانەی تاوانبار دەکرێن بەبڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی دوژمنکارانە بۆ وڵات، بۆ دەرەوەی وڵات، ئەگەر بەشێوەیەکی کاتی بێت یاخود بەر دەوام.

بوون | الوجود | **Existence**

سەلماندن  یان ساغبوونەوەی شتێك لەبیرو ئەقلدا بێت یاخود لەدەروەی، لەوانەش بوونی مادی یانیش ئەزموونی، هەروەها بوونی ئەقلی یان لۆژیکی.

بوونخوازی | الوجودية | **Existentialism**
بوونگەرایی

قوتابخانەیەکی فەلسەفییە، بەپێی بۆچوونی ئەو فەلسەفەیە، بوونی مرۆڤایەتی پێشترە لەجەوهەر (چییەتی)، واتە مرۆڤ خۆی دروستکەری بوونیەتی، بێ گوێدانە هەر فاکتەرێك کەکاریگەرییان بەسەریدا هەبێت، ئەقل بەتەنها پەککەوتەیە لەوەی بتوانێت لێکدانەوەو راڤەکردنی گەردوون و کێشەکانی بکات، مرۆڤ تووشی دڵەراوکێ دەبێت کاتێ بەرەو ڕووی کێشەکانی ژیان دەبێتەوە، بنچینەی ئاکاریش هەستانی مرۆڤە بەکارێکی ئەرێنی، هەر بەکارەکانیش جەوهەری دیاریکراو دەبێت، کەواتە بوونی ئەقلی مرۆڤ پێش بوونی جەوهەریەتی.
هەروەها ڕێبازی بوونخوازی باوەری بەو ئازادییە رەهایە هەیە کەڕێگا بەتاك دەدات خۆشی بۆ خۆی بەدەست بێنێ و بوونی خۆی بگەیەنێتە ئەو ئاستەی کەلەگەڵیدا بگونجێ.

کۆچی ناچاری | الخروج | **Exodus**
کۆچ بەکۆمەڵ | الهجرة الجماعية

مەبەست لەم زاراوەیە لەڕووی مێژووییەوە، کۆچکردنی ئیسرائیلیەکانە بەڕابەرایەتی (موسا) لەوڵاتی میسرەوە بەرەو فەلەستین.
هەروەها بە (کتێبی کۆچکردن)یش دەوترێت، کەدووەم بەشەلەکتێبی تەورات.

تەماشا بکە:   کۆچکردن | **Migration**

کۆچی درەوە | **Immigration**

هاوسەرگیری دەرەکی | الزواج الخارجي | **Exogamy**

هاوسەرگیری تاك لەدەرەوەی بنەماڵەکەی یان لەدەرەوەی هۆزەکەی و یاخود ڕەچەڵەکەکەشی، ڕەنگە هەر لەناو خودی هۆزیشی هاوسەرگیری دەرەکی و هاوسەرگیری ناوخۆیی لەیەك کاتدا باو بێت.

تاکەکان لەسنوری هۆزدا هاوسەرگیری (endogamy) ناوخۆیی سازدەکەن، بەڵام لەگەڵ کەسێك کەسەر بەهۆزێکی دیکەیە (exogamy) ئەوە هاوسەرگیری دەرەکیە.

**Exorcism** — طرد الارواح / الشريرة — دوور خستنەوەی / جنۆکەو دێوودرنج

کرداری دوور خستنەوەی گیانە شەڕانگێزەکان، کەباوەڕ وایە چوونەتە جەستەی تاکەوەو بوونەتە هۆی ڕەفتاری شەڕانگێزی یان نەخۆشی، ئەو کارەش لەڕێگای دیاردەکانی دەم بەستن و نەترەو نوشتەو هەوڵدانی زارەوە دەبێت.

**Expansionism** — التوسعية — فراوانخوازی

ڕێبازێکی سیاسیە بانگەشە بۆ فراوان بوونی ڕووبەری وڵات دەکات، لەدەرەوەی سنورەکەی ئێستای.

**Expatriation** — الترحيل — کۆچ پێکردن / ڕاگواستن

یەك لەو کارانەیە کەدەزگا ئەمنیەکان لەوڵاتێکدا پێی هەڵدەستن، ئەویش بە کێشانەوەی مافی هاوڵاتی بوون یان مافی نیشتەجێ بوون لەهەندێ کەس کە ئەو مافانەیان پێدراوە لەو وڵاتە، کاتێ بۆ دەسەڵاتی کارگێڕی وڵاتەکە دەرکەوت یان سەلمێنرا کە ئەو تاکە بووە بە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ ئاسایش و ئاسوودەیی وڵات.
لەو هۆیانەی کەپێویست بەم بڕیارە دەکات، ئەو کەسە ڕەگەزنامەی وڵاتێکی بیانی هەڵگربێت، یان خزمەتکردن لەسوپایەکی بیانی بێ وەرگرتنی مۆڵەت، یاخود وەرگرتنی کارێکی فەرمانبەری کەتەنها بۆ هاوڵاتی بیانی تەرخان کراوە، یانیش دەنگدان لەهەڵبژاردنەکان کەلەوڵاتێکی بیانی بەڕێوەدەچێت، هەروەها تاوانبارکردن بەخیانەتکاری یان هەوڵی وەرگێرانی سیستمی حوکمڕانی.

**Expectation** — الانتظار / التَوّقع — چاوەڕوانی / پێش بینی

ئەوەی مرۆڤ چاوەڕوانی ڕوودانی دەکات، دەوترێت پێش بینی کۆمەڵایەتی (social expectation) واتە ئاراستەو بۆ چوونی کۆمەڵگە دەربارەی ڕەفتاری تاك، کەداب و نەریتەکان پێویستی دەکات و دەکەوێتە ژێرچاودێرییەوە بەهۆی فشاری کۆمەڵایەتیەوە.
هەروەها دەوترێت: پێش بینی کردنی ژیان (expectation of life or life expectancy)، واتە تێکڕای ئەو ساڵانەی کەوا چاوەڕوان دەکرێت تاك تێیدا بژێت.

**Expenditure public** — الانفاق العام — خەرجی گشتی

زاراوەکە ئاماژە بۆ خەرجیەکانی حکومەت دەکات، کەبەهۆی داهاتە گشتیەکانەوە یان قەرز پاڵپشتی دەکرێت یاخود دادەپۆشرێت و پاڵپشتی دەکرێت.
بەڵام خەرجی نیشتمانی (national expenditure) ئاماژەیە بۆ ئەو خەرجیە گشتیانەی کۆمەڵگە، ئەگەر گشتی بێت یانیش تایبەت.

ئەزموون | التجربة | **Experience**

دەستێوەردان لەڕێڕەوی دیاردەکان بۆ ئاشکراکردنی گریمانەیەك لەگریمانەکان، یان بۆ سەلماندنی دروستی ئەو گریمانەیە کەبەشێکە لەمیتۆدی ئەزموونی.
دەوترێت: هەستان بەتاقیکردنەوە (experimentation) یاخود تاقیکردنەوە (expermant) کەبژاردەیەکی رێك و پێکە بۆ دیاردەیەك یاخود زیاتر، هەروەها سەرنجدانی ئەو دیاردەیە سەرنجدانێکی وردو میتودیانە بەمەبەستی گەیشتن بەئەنجامێکی دیاریکراو، وەك ئاشکرا کردنی گریمانەیەك یانیش سەلماندنی.
هەروەها دەوترێت: رێبازی ئەزموونی (experimental method) ئەو رێبازەی بەکاردەهێنرێت لەپێوانەکردنی گۆڕاوە جیاوازەکان بۆ ئەوەی بگاتە زانین بەو یاسایانەی کەپەیوەندییەکانی نێوان دیاردەکان ئاشکرا دەکات.

شارەزا | الخبير | **Expert**

ئەو کەسەیە کەچەندین زانیاری هونەری و شارەزایی تەواوی بەدەست هێناوە لەبابەتێکی دیاریکراودا، چونکە داوای لێدەکرێت کەبیروڕای خۆی دەربڕێت لەسەر ئەو بابەتە (expert advice of opinnion) هەروەها بیروڕای وەك راوێژکارێك ڕەنگە لیژنەیەك لەشارەزایان (committee of experts) پێك بهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوە لەبابەتێکی دیاریکراوداو یەکلاکردنەوەی ئەو بابەتە، هەندێ جار بەو لیژنەیەش دەوترێت لیژنەی هونەری.

گوناح لەسەرخۆ لابردن | التكفير | **Expiation**

سزایەکە هێزە خواوەندەکان دەیسەپێنن بەسەر مرۆڤدا، لەزۆربەی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان چەند تاکێك ئەو توانایەی بەدەستەوە دەبێت کەسزای گوناح سڕینەوە بەکەسی تاوانبار ببەخشێ، بەم کارەشیان دەکەونە پێش دەستێوەردانی هێزە خواوەندەکان، بەجۆرێك گوناح لەسەر لابردن لەگەڵ قەرەبوو سزادان لەگەڵ یەکدا تێکەڵ دەبن.

شرۆڤەکردن
لێکدانەوە | التفسير | **Explication**

ڕاڤەکردن لەمیتۆدەکانی توێژینەوە جۆرێکە لەجۆرەکانی بەگشتی کردن، بەهۆیەوە توێژەر دەتوانێ فاکتەرە کاریگەرەکان لەو دیاردانەی کەلێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەنجام دراوە ئاشکرا بکات، هەروەها ئەو پەیوەندییانەی کەنێوانیان لەگەڵ دیاردەکانی دیکە بەیەك دەبەستێتەوە، ئەمەو بەبێ لێکدانەوەو ڕاڤەکردنیش ئەو ڕاستیانەی کە توێژەر پێیان گەیشتووە سوودیان نابێت.
ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردن لەهۆ دەرخستن گشتی ترە، چونکە هۆدەرخستن بریتیە لەگواستنەوەی بیروهۆش لەحاڵەتی کاریگەرییەوە بۆ حاڵەتی کارتێکردن، یان دەرخستنی لای سەرەوەی شتێك، ئەگەرئەوە تەواو بوو یاخود ناتەواو، هەموو هۆ دەرخستنێك ڕوونکردنەوەو ڕاڤەکردنە، بەڵام هەموو ڕاڤەکردن و لێکدانەوەیەك هۆ دەرخستن نیە.

بەکارهێنان
چەوساندنەوە | الاستغلال | **Exploitation**

مەبەست لەم زاراوەیە لەڕووی ئابورییەوە سوود وەرگرتنە لەسامانە سروشتیەکان، هەر بەپێی چەمکی مارکسیزم، مەبەست لەچەوساندنەوە ئەوەیەکە چینێکی بچووك لەکۆمەڵگە هەڵدەستێ بەبەدەستهێنانی پوختەی قازانجێکی زێدە لەچینی کرێکار، واتە کارکردن بەو چینە بەکەمترین (کرێ) ڕۆژانەکە لەتوانادا بێت.
چەوساندنەوە لەیاسادا، بەمانای بوونی ناهاوتاییەکی قورس و گران دێت لەنێوان دوو گرێ بەستدا، ئەویش بەهۆی بەکار هێنانی یەك لەلایەنەکان بۆ حاڵەتی دەروونی لایەنەکەی دیکە، وەك کارێکی هەڵەشەیی ئاشکرا، یان خولیایەکی سەرکەشانە کە ڕێگا بەهەڵوەشاندنەوەی گرێ بەستەکە دەدات، یاخود کەمکردنەوەی پابەندییەکانی لایەنی بەش خوراو.

بەكارهێنانی ڕاستەوخۆی حكومەت الاستغلال الحكومي المباشر **Exploitation direct**

بەپێی سیستمێك، دەوڵەت، یان دەسەڵاتە خۆجێییەكانی هەڵدەستن بەدامەزراندنی چەند دامەزراوەیەك، بەبەكار هێنانی سەرمایەكانی خۆی، هەروەها بۆ بەڕێوەبردنیشیان فەرمانبەرو كرێكارەكانی خۆی بەكار دەهێنێ، هەر بەخۆشی مەترسییەكانی هەڵدەگرێت، ئەویش بەپێی بەندەكانی یاسایەكی گشتی.

دیارە ئەو كارەش بەهۆی گرینگی تایبەتی ئەو دام و دەزگایانەیە كە بەزۆریش هیچ قازانجێكیان نابێت، سەركەوتنی ئەو دام و دەزگایانە بەشێوەیەكی ئاسایی بەو دەسكەوتە دەپێورێت كەبۆ بەرژەوەندی گشتی بەدەستی دەهێنێت، لەگەڵ چاوپۆشینش لەوەی كەلەسەری خەرج دەكرێت.

پرسە توێژینەوە الدراسة الاستطلاعية **Exploratory study**

زۆربەی ئەم جۆرە لێكۆڵینەوانە ئامانجیان جێبەجێكردنی یەك لەو دوو ئامانجەیە یان هەردووكیانە:

أ) داڕشتنی كێشەی توێژینەوەكە داڕشتنێكی ورد، وەك ئامادە كارییەك بۆ لێكۆڵینەوەیەكی قوڵ.

ب) زانینی گرینگترین ئەوە گریمانانەی كە دەكرێ ملكەچی توێژنەوەی زانستی ورد بكرێن، وەك هەوڵێك بۆ دڵنیابوون لەڕاستی و دروستیان، یاخود هەڵەكانیان لەچەند توێژینەوەیەكی داهاتوو.

ڕەنگە ئەم جۆرە لێكۆڵینەوانە ئەركی دیكەیان هەبێت لەوانە:

1- زیادكردنی هۆگری توێژەر بۆ هەڵوێستەكە، یان ئەو دیاردەیەی كە دەیەوێت لێكۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام بدات لەئایندەدا، لێكۆڵینەوەیەكی وردو قوڵ.

2- ڕوونكردنەوەی چەمكە بەكارهێنراوەكان لەتوێژینەوەدا، هەروەها دیاریكردنیان دیاریكردنێكی ئاشكرا.

3- ڕێكخستنی بابەتەكان بەپێی گرینگیان بۆ ئەوەی لەڕیزی پێشەوەی توێژینەوەدا بن لەئایندەدا.

4- كۆكردنەوەی ئامارو زانیاریەكان دەربارەی توانا كردەییەكان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەبواری كاركردندا، یان بە دەربڕینێكی دیكە زانین و تێگەیشتن لەڕاستی ئەو هەڵوێستە كردەوەییانەی كەجێبەجێكردنی توێژینەوەكە ئاسان دەكەن یاخود ڕێگری بۆ دروست دەكەن.

5- بەدەست هێنانی لستێك بەو كێشانەی كەپسپۆڕوشارەزایان لەبوارێك لە بوارەكان وای دەبینن كەشایانی لێكۆڵینەوەو توێژینەوەن.

توێژەری كۆمەڵایەتی لەكاتی دەسپێكردنی لێكۆڵینەوەی ئاشكراكردن، زۆرئاگای لەسروشتی ئەو بابەتە نیە كەلێكۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام دەدات، بۆیە داڕشتنی ئەم جۆرە لێكۆڵینەوانە پێویستیان بەڕادەیەكی گەورەی نەرمی و هەمەلایەنی دەبێت.

ڕوونكردنەوە ١ – الشرح **Exposition**

شرۆڤە التفسير

**Explication** تەماشای لێكدانەوە بكە:

پێشانگا ٢ – المعرض

جۆرێكە لەڕێكخستن لەسەر شێوەی بازاڕ كەتازەترین بەرهەمە پیشەسازیەكانی تێدا دەخرێتە بەرچاو، بەهۆیەوە ئاڵ و گۆڕی كۆمەڵایەتی دێتەدی و یارمەتی لەبڵاوبوونەوەی هۆكارە هونەریەشارستانیەكان دەدات و یەكبوونی هەرێمایەتی بەدی دێنێت، هەروەها پێ ناساندنی پەرەسەندنە نوێیەكانیش.

**fair** تەماشا بكە: بازاڕی وەرزی

**Expressionism** التعبيرية دەربرینخوازی

یەك لەشێوەكانی هونەرە، گوزارشت لەژیانی ناوخۆی هونەرمەند دەكات، بەڵام شتە دەرەكیەكان ئەوانە ئامرازن بۆ ئەو مەبەستە، ئەو ئامرازانە وایپێویست دەكات ڕێگری یان هەراسانی خۆیەتی هونەرمەند نەكەن، كەدەبێ سەروەری تەواوی هەبێت.

ئەم زاراوەیە بەشێوەیەكی تایبەت بەهونەرە نوێیەكان دەوترێت ئەوانی بە شێوازێكی خۆڕسك جیاواز دەكرێنەوە، لەگەڵ بەرپابوون و گۆڕان لەڕەگەزەكان یاخود لەشێوە سروشتیەكان بۆ هێنانەدیی كارتێكردنە هەلچوون ئامێزەكان.

**Expropriation** نزع الملكية للمنفعة العامة دەست بەسەرداگرتنی خاوەندارێتی بۆ سوودی گشتی

ئەو دەسەلاتەی دراوە بەحكومەت بۆ داماڵینی خاوەندارێتی تایبەت، بۆ سوودی گشتی و لەگەڵ قەرەبوو كردنەوەی خاوەنەكانیان، لەهۆیەكانی ئەم بڕیارە نەهێشتنی گەڕەكە دواكەوتووەكان یان كردنەوەی پرۆژەكانی ڕێگاو بان.

بۆیە لەبەر ڕۆشنایی ئەو هەلس و كەوتانەی كە هەڵقوڵاوی بەرژەوەندی گشتین، خاوەندارێتی بەفەرمانێكی كۆمەڵایەتی دادەنرێت.

**Ana: eminet domain** ماڤ میری بۆ دەست بەسەرداگرتن

**Expulsion** الابعاد الطرد دوورخستنەوە دەركردن

واتە، كاری دوورخستنەوەی كەسێك لەشوێنەكەی خۆی، دام و دەزگاتایبەتیەكان بەشێوەیەكی ئاسایی پەنا بۆ دەركردن دەبەن بەهۆی كارێك كەپەیوەندی بەو بیانیانە هەیە، ئەوانی جێگای ڕەزامەندی نین.

**Extended family** الاسرة الممتدة خێزانی گەورە (فراوان)

بریتیە لەو خێزانەی كەلەپیاو وژن و منداڵەبچووكەكانیان پێكدێن، هەروەها ئەوانیش دەگرێتەوە كەهاوسەرگیرییان سازداوە لەگەڵ منداڵەكانیان، بەزۆریش ئەم خێزانە لەیەك خانوو یان چەند خانوویەكی نزیك یەكتر دەژین.

**Extension services** خدمات الارشاد خزمەتگوزاری ڕێنمایی

سیستمێكی فێربوونە، یان پرۆسەیەكی فێربوونە لەڕێگای قوتابخانەوە بەدی نایەت، ئەو سیستمە كۆششێكی ڕێك و پێك دەگرێتە خۆی بۆ كارتێكردن لەتاكەكان و ڕاستكردنەوەی ڕەفتاریان، بۆ ئەوەی لەئاستی پێداویستیەكانیان بێت و لەگەڵ هەل و مەرجی كۆمەڵگەیان گونجاو بێت.

ئاراستەكردن و فێربوون بەشێوەیەكی ئاسایی لەسەر بنچینەی ئەو بوارەی كاری تێدادەكات دابەش دەبێت بۆ:

فێربوونی تەندروستی، بایەخ بەكاروباری تەندروستی دەدات، ئاراستەو فێربوونی كشتوكاڵی كەبایەخ بەبوارەكانی كشتوكاڵ دەدات، ئاراستەكردنی پەروەدەیی گرینگی بەكاروباری پەروەردەیی دەدات، هەروەها ئاراستەكردنی خێزانی كەگرینگی بەپەیوەندییە خێزانیەكان دەدات...هتد.

هەندێ دەڵێن هەموو ئەو جۆرە ئاراستەو فێربوونانە بەئاراستەی كۆمەڵایەتی دەناسرێن.

دەوترێت خزمەتگوزاری فێربوونە فراوانەكان (educational extension) وەك ئاماژەیەك بۆ فراوانكردنی خزمەتگوزاریەكانی فێر بوونی لەزانكۆیەكدا، بۆ ئەوەی پەل بهاوێت بۆ گەورەترن ژمارەی هاوڵاتیان لەڕێگای خوێندنی شەوانەو خوێندن بەهۆی نامەو پەیوەندیكردنەوە...هتد.

**External system** النسق الخارجي سیستمی دەرەکی

واتـە: سیسـتمێکی هەمەلایـەن، بـۆ چـالاکیەکانی کۆمـەڵ و هەسـت و سـۆزوجۆرەکانی کارلەیـەککردنی کۆمەلایـەتی کـەڕووی لەژینگەی دەرەکی کۆمەڵگەدەکات.

(جۆرج هومانز ) ئەم زاراوەیەی بەکار هێناوەو واشـی دانـاوە کـە سیسـتمی دەرەکـی چـارە سـەرییەك دەخاتـە ڕوو بـۆ کێشـەی بوونیادی کۆمەڵگە، لەگەڵ چۆنیەتی بەردەوام بوونی لەو ژینگەیەی کەدەوروبەریداوە.

مەبەسـتیش لەوشـەی دەرەکی، ئەوەیـە کـە ژینگـە سیسـتم پێکـدێنێت، بـەلام وشـەی سیسـتم بـۆ فەراهـەم بـوونی هـەموو ڕەگـەزەکانی ڕەفتـار دەگەڕێتـەوە، هـەروەها بوونیشـی لـەبارێکی پشـتگیری ئـالۆگۆڕدا، هەردووسیسـتمی دەرەکـی و نـاوخۆیی سیستمی کۆمەلایەتی پێکدێنن.

**Externalization** الاظهار، التجسید دەرخستن بەرجەستە

پرۆسـەی دەرخسـتن یـان بەرجەسـتەکردنی بیروباوەڕەکـان لەڕێگـەی زمـان یـاخود هێمـا، یـانیش بیـانو هێنانـەوەی تـاك بـۆ نوشستیەك کەهۆکارەکانی بۆ دەرەوەی خود بگەڕێتەوە.

دەوترێت، دەرەکی خوازی یان ڕووکەشگەری (externalism) واتە زیادە ڕۆیی لەپەیوەست بوون بەدیاردە دەرەکیەکان.

**Extinction** الانقراض الزوال نەمان لەناوچوون

واتـــە تـــەفروتونابوونی شـــتێك یـــان لـــەناو چـــوون یـــاخود مردنـــی، لەیاســـادا دەوترێـــت نـــەمانی پابەنـــدێتی (extinction of obligation)، واتە کۆتایی هاتنی ئەو پابەندییە بەجۆرێك کەهیچ هێزێك یاخود کاریگەرییەکی نامێنێ.

**Extradition** تسلیم المجرمین ڕادەست کردنی تاوانباران

مەبەسـت لـەم زاراوەیـە، دەوڵـەتێك داوا لەدەوڵـەتێکی دیکـە بکـات کـە تاوانبارێـك یـان کـەتن کـەرێکی هـەلاتوو (fugitive offender) ڕەوانە بکاتەوە بەمەبەستی دادگایی کردنی یان جێبەجێکردنی ئەو سزایەی بەسـەریدا سـەپێنراوە لەو دەوڵەتەی کەکەتنەکە تێیدا ڕوویداوە.

ڕەنگـە دەوڵـەت پەناهەنـدە ڕادەسـت بکـات یـان نـەیکات ئـەویش بـەپێی بـارودۆخ و پەیمانـە نێـو دەوڵەتیـەکان دەبێـت، لـەو پەیمانانە، جۆرەکانی ئەو تاوانانە دیاریکراون کەپێویست دەکات تاوانبـاران بدرێنـەوە دەسـتی ئـەو دەوڵەتـەی تاوانەکـە تێیـدا ڕوویـداوە، ئەگـەر سـاختە چێتی و دزی بێـت یـان بـەرتیل بـەکارهێنان یـاخود سـاختەکاری لەپارەوسـامان، بـەزۆریش تاوانـە سیاسییەکان ناکەونە ناو ئەو تاوانانەوە.

**Extralegality** الخروج عن القانون دەرچوون لەیاسادا

هەرشتێك یاسا بڕیاری لەسەر نەدابێت یان لە چوارچێوەی یاسادا نەبێت، لەسیاسەتدا ڕەنگە ڕێکخستنێکی سیاسی لـەدەرەوەی حزبی ڕەسمی (extra legal party) پێکبێت، وەك بەدەنگەوە هاتنێك بۆ خواستی زاڵبوون بەسەر چەند لایەنێکی کـەم و کورتی یاخود نوشستی ئەو حزبە.

**تێپەڕاندنی سنوری تاقیکردنەوە** | **تجاوز نطاق التجربة** | **Extrapolation**

واتە، خەملاندنێکی هەڵێنجانی یان دەرئەنجامی بارودۆخەکان یاخود چەند پەرەسەندنێك کەئەگەری روودانیان هەیە، بەڵام سەرنجیان نەدراوەتێ.

**پارێزبەندی دیپلوماسی** | **الحصانة الدبلوماسية** | **Extraterritoriality**

ئەو پارێز بەندییە دەبەخشرێتە نوێنەرە سیاسیەکان، ئەوانی بڕوایان پێدراوە یان پشتیان پێ بەستراوە لای حکومەتێکی بیانی، بۆ راپەڕاندنی ئەرکە دیپلوماسیەکان، هەروەها پارێزگاریکردنی ئەوانی ئەو پارێز بەندییە دیانگرێتەوە لەدەسرۆیی یاساکانی ئەو وڵاتەی تێیدا مافی مانەوەیان پێدراوە.

**کرانەوی دەروونی** | **الانبساط النفسي** | **Extroversion**

ئاراستەی بایەخپێدانی تاك بەرەو شتە دەرەکیەکان، ئەگەر کەسەکان، یان رووداوەکان یاخود هەرشتێکی دیکە بێت.
هەروەها هەوڵ و کۆششی بەردەوامی تاك بۆ بەشداریکردنی کەسانی دیکە لەژیاندا.
بۆیە تاك تێکەڵی خەڵکی دیکە دەبێت تێکەڵبوونێکی تەواو لەو ناوەندەی دەوروبەریدا، لەبەرامبەر ئەم زاراوەیەش، زاراوەی گۆشەگیری (introversion) دێت.

# F

**Fabian socialism** الاشتراكية الفابية سۆسیالیزمی فابی

ئـەم ڕێبـازە لەلایـەن كۆمەڵەی فابیـەوە دامـەزراوە كەلەئینگلتـەرا چـەند بیرمەنـدێك دایانمەزرانـدبوو، وەك (سـیدنی و یـب، بیاتریس ویب، جورج برناردشو) .

نـاوی كۆمەڵەكـەش لـەناوی سـەركردەی ڕۆمـانی (fabius cunctator) وەرگیراوە، ئـەو سـەركردەیە بـەڕێبازێكی سیاسـی ناسراوبوو، ناوبراو كاری لەسەر پوچەڵكردنەوەی دیاردەی بەرهەڵستی دەكرد، ئـەویش بـەپێرەوكردنی شـێوازێكی تـەكنیكی لەجیاتی هێرشی ڕاستەوخۆ.

ژمارەیەكی گەورەی بیرمەندی گەنج، بەتایبەتی لەزانكۆكان چوونەتە پاڵ ئەم ڕێبازە، فابیەت بیرۆكـەی ململانێـی چینایەتی و دیكتاتۆرییـەتی پرۆلیتاریـای بـەلاوە پەسـند نـەبووە، بەبۆچـوونی ئـەو، گواسـتنەوە بـەرەو سۆسـیالیزم لـەڕێگای كـاری دیموكراسـی پەرلەمانیـەوە دەبێـت، هـەر لـەڕێگای هەڵبژاردنــەوە حـزب و ڕێكخـراوە سۆسیالسـتەكان دەتـوانن بەشـداری لەحوكمڕانی بكەن بەشێوەیەكی ڕوو لەزیادو هەر لەو ڕێگایەوەش یاساو بەرنامـە چاكسازییەكان بڕیـاری لەسـەر بـدرێت كـە ئامانجی پێویست دێنێتـەدی لەپێكهاتـەی ئـابوری و چینایەتی كۆمەڵگـە بـەبێ پێویسـتی بـۆ هـەر شۆڕشـێكی پرۆلیتاریـا یـان دیكتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا.

ئـەم بیروبـاوەڕە لەدیموكراسـی پەرلەمانیـدا، دوو ئـەنجامی گرینگـی دەبێـت، یەكـەمیان: دوورخسـتنەوەی تیـۆری ماركسـیزم، كەدەوڵەت بەئامرازێك دادەنرێت، بۆ خزمەتكردنی بەرژەوەندییە چینایەتیەكانی كۆمەڵگە.

دووەمیشـیان: گواسـتنەوە بـەرەو سۆسـیالیزم بەیـەك هـەنگاو نابێـت، بـەڵكو پلـە بەپلـە لـەڕێگای كەڵەكـەبوونی چاكسـازییە كۆمەڵایەتیەكان.

**Fable** الخُرافة ذات المغزى ئەفسانەی مانا هەڵگر

چیرۆكێكی كورتـە، هـەڵگری مانایـەكی ئاكارییـە، بـەزۆری كەسـەكانی دڕنـدە دەبـن، وەك بوونـەوەرە مرۆڤایەتیـەكان دەدوێـن، بەڵام پارێزگاری لەخەسلەتی گیانداریان دەكەن.

**Facilitation** التسهيل ئاسانكردن ئاسانكاری

كاركردن بۆ ئەوەی لەتوانادا بێت شتێك جێبەجێ بكرێت، یان كارەكە لەوە ئاسانتر بكرێت وەك چاوەڕوان دەكرا.

لەدەروناسیدا، مەبەست لەئاسانكردن زۆربوونی كاریگەری وروژێنەر دەگەیەنێت،

ئەویش بەهۆی بوونی وروژێنەرێك یان چەند وروژێنەرێكی پێشووتر، یاخود هاوكات بوونی لەگەڵیدا، یـانیش بـوونی چـەند هەل و مەرجێكی تایبەت.

ئاسانكاری، سیماو رووكەشی بەدەنگەوە هاتنی روون و ئاشكرا وەردەگرێت، یاخود گەورەییەكەی یـانیش كـورتی مـاوەی نێـوان وروژێنەرو بەدەنگەوە هاتن.

**Social facilitation** تەماشابكە: ئاسنكاری كۆمەڵایەتی

**Facility** وسيلة التيسير هۆكاری ئاسانكردن

هەر شتێك ببێتە هۆی ئاسانكردنی هەستان بەكارێك، یان یارمەتیدان لەسەرجێبەجێكردنی یاخود تەواوكردنی ئەو كارە وەك پێویست دەكات.

لەبواری ئابوریدا دراو بەهۆكارێك دادەنرێت بۆ ئاسانكردن لەبەڕێوەبردنی كاروبارو سەوداكان.

لەكۆمەڵگەدا هەموو شێوەكانی خاوەندارێتی بەئامرازی ئاسانكردن دادەنرێن بەو رادەیەی كەدەكرێ بەهۆیەوە خاوەندارێتی بگوازرێتەوە، هەروەها دواتر دەكرێ ئەو ئامرازانە وەك ئاسانكاری كۆمەڵایەتی (social facilities) دابنرێت.

**Fact** الواقعة رووداو

الظاهرة دیاردە

ئەوەی بەڕاستی روودەدات ئەگەر بابەتی بێت یان خودی، رووداوی كۆمەڵایەتیش (social fact)، بریتیە لەشێوازێك یاخود نموونەیەك بۆ رەفتاری كۆمەڵایەتی دەربارەی كارێكی كۆمەڵایەتی، یانیش بریتیە لەنموونەیەكی بیركردنەوەو كاركردن لەناو كۆمەڵێك لەكۆمەڵەكاندا.

لای هەندێك، جیاوازی لەنێوان رووداو (fact) و دیاردە (phenomenon) دەكەن لەسەر بنچینەی ئەوەی رووداو بابەتیانەیەو دیاردەش ئەپستراكتە (رووتكراوە) واتە نیشانەی تێروانینێكە لەدەرەوە بۆ رووداوە كۆمەڵایەتیەكان، یان لەڕووی سەرنجدانەوە.

هەروەك باویشە، توێژەر هەڵدەستێ بەلێكۆلینەوە یاخود لێپرسینەوەو بەدواداچوون (fact - finding)، هەروەها پشت بەرووداوەكان دەبەستێت لە لایەنگری بۆ گریمانەیەك یان بیروڕایەك، ئەویش بەجۆرێك رووداو (factual refutation) و گریمانەكانی دیكە بەدرۆ دەخاتەوە، لەدوایشدا بڕیارەكەی پشت بەباری ڕاستیەكە (factual judgement) دەبەستێت.

**Faction** ١ – الشغب ئاژاوە

المشاكسة لاساری

واتە، لاساری و ئارەزووی دوژمنایەتی و گێچەڵ پێكردن و جیابوونەوە لەكۆمەڵ.

گروپی ناڕازی

٢ – الجماعة المتذمرة

بێزار بوو

یەك لەگروپەكانی شەروناكۆكیە (conflict group)، دەكرێ یەكپارچەیی بەهێز یان لاواز بێت، هەروەها بەخەسڵەتی كاتی جیاواز دەكرێتەوە ئەندامانی لەیەك ئامانجدا بەشدارن، كە بەزۆری ئاراستەیەكی خراپ وەردەگرێت، بۆیە دەوترێت گیانی دووبەرەكی (factionalism) بەئاراستەی ئەو گروپە، كەدابەشیش دەبێتە سەر چەند تائیفەیەك و هەر یەكەشیان لەئامانجە هاوبەشەكانیان دوور دەكەونەوە.

**Party** تەماشای تاقم حزب بكە:

**Factor** العامل كۆلكە

فاكتەر

فاكتەر، تەنها پۆلینكاریەكی ئاماری كورتە بۆ گۆڕاوو تاقیكردنەوەكان، كە هاوكۆلكە پێوەلكاوەكان دەچنە ناو پۆلینكراوەكەی، ئەوەش بەومانایە دێت كەتەنها دروست كراوێك یاخود پێكهێنانێك (construct) بێت كە توێژەر پێی دەگات لەئەنجامی

شیکردنەوەی کۆلکەیی بۆ پەیوەندییەکانی پەیوەست بوون لەنێوان ژمارەیەك لە گۆڕاوەکان ئەوانی پەیوەستن بەیەك لەدیاردەکان.

شیتەڵکردنی کۆلکەیی (هۆکاری) — التحليل العاملي — Factor analysis

شیتەلکردنی کۆلکەیی ڕێگایەکی ئامارییە، توێژەرپشتی پێ دەبەستێت بۆ لێکۆڵینەوە لەدیاردەیەکی ئاڵۆز، ئەویش بەمەبەستی گێرانەوەی دیاردەکە بۆ ژمارەیەکی کەمی ئەو کۆڵکە سەرەکیانەی کەبەگرینگترین هەموو ئەو کۆڵکانە دادەنرێن لە ڕوودانی دیاردەکە.
شیکردنەوەی کۆلکەیی بەئەنجامدانی دابەشکردن و بەش بەشکردن و پۆلکاریکردن بۆ جۆرەها هێزو کاریگەرە کاراکان دێتەدی لەدیاردەیەکی دیاریکراودا.
شێوازی شیتەڵکردنی کۆڵکەیی دەست پێدەکات لەخشتە ڕێزکراوەکانی هاوکۆڵکە پێوەلکاوەکان، لەبەر ئەوەی ناکرێ پیادە بکرێن لەسەر ئەو خشتانەی کەچەند ئەنجامێکی دیاریکراو دەگرنە خۆیان پێش دۆزینەوەی هاوکۆڵکە پێوەلکاوەکان.
لەو تیۆریانەی پەیوەستن بەڕێبازی شیتەڵکردنی کۆلکەیی، تیۆریی دوو کۆلکەیی (theory of tow factors) بەپێی ئەم تیۆرییە هەموو دیاردەیەك بەدوو فاکتەر کاریگەر دەبێت، یەکێکیان فاکتەرێکی گشتیە لەهەموو دیاردەکان بەشداری دەکات، ئەوی دیکەیان جۆرایەتیە لەدیاردەیەکەوە بۆ دیاردەیەکی دیکە جیاواز دەبێت.
هەروەها تیۆری فرەکۆڵکە (multiple-factor analysis) بەپێی ئەو تیۆرییە چەند فاکتەرێکی تائیفی هەیە کارتێکردنیان لەسەر هەر دیاردەیەك دەبێت شان بەشان فاکتەری گشتی و فاکتەری جۆرایەتی.
تەماشا بکە: شیتەڵکردنی گۆڕان — Analysis of variance

ڕێبازی بەراوردکردنی فاکتەرەکان — طريقة مقارنة العوامل — Factor comparison method

یەك لەڕێگاکانی هەڵسەنگاندنی فەرمانەکانە، بەپێی کارکردنی ڕێبازەکە چەند کارو فەرمانێك هەڵدەبژێردرێت کەزۆربەی بەشە جیاوازەکانی دامەزراوەکە دەنوێنێ و لەئاستە جیاوازەکانی کرێ ڕۆژانەش بن.
پاشان تێکڕای (ناوەندی) ئەو کرێیە بۆ هەر فەرمانێك (کارێك) لەفەرمانە پێوانەییەکان دابەش دەکرێت بەسەر ڕەگەزە جیاوازەکانی هەڵسەنگاندنەکە (کۆششی ئەقلی، کارامەیی، بەرپرسیاریەتی، کۆششی جەستەیی، بارودۆخی کار) ئەویش بەپێی گرینگی هەر فەرمانێك، دوای ئەوە ڕێك و پێکردنی فەرمانەکان دێن، بۆ هەر ڕەگەزێك بەزنجیرە مەبەستی دڵنیابوون لەڕاستی دابەشبوونەکە لەڕووی دراوییەوە، ئەو کارو فەرمانەی کە لەم زنجیرەیە دەردەچێت، ئەوا ڕۆژانەکەی (کرێ) هەموار دەکرێت یاخود لە (پیشە) فەرمانە پێوەرییەکان دوور دەخرێتەوە، بەم شێوەیەش پێوەرێکمان دەست دەکەوێت بۆ هەر فاکتەرێك لەفاکتەرەکانی پیشەکە فەرمانەکە.

هۆکارە تائیفیەکان — العوامل الطائفية — Factory group

تیۆری هۆکارە تائیفیەکان لەدەروونناسیدا، لەسەر بیرۆکەی توانای شیکردنەوەی هەر پرۆسەیەکی ئەقلی بۆ هۆکارێکی گشتی هەڵدەسێت، تێیدا بەشداری دەکات لەگەڵ پرۆسەکانی دیکەو دواتر هۆکارێکی تائیفی بەشداری تێیدا دەکات لەگەڵ چەند ژمارەیەك لەپرۆسەکانی دیکە.
گرینگترین هۆکارە تائیفیەکان لەدەروونناسیدا، بریتیەلە:

هۆکاری زاری verbal factor

هۆکاری میکانیکی mechanical factor

هۆکاری ژمارەیی number factor

هۆکاری شوێنی spatial factor

ئەو هۆکارانە بەرپرسن لەئەرك بەجێگەیاندنی تاك لەو بوارانەی کەبەرامبەری دەگرنەوە.

**Factory analysis** — تەماشا بکە: شیکردنەوەی هۆکاری

**Factory** — المصنع — کارگە

دامەزراوەیەکە هەڵدەسێت بەگۆڕینی کەرەستە سەرەتاییەکان بۆ کاڵاو کەل و پەلی دروست کراو، ئەویش بەبەکارهێنانی ئامێرەکان و کارپێکردنی کرێکاران (factory hands or workers) ، لەبەرامبەر کرێ (رۆژانە) لەگەڵ پیادەکردنی سیستمی پسپۆری لەکارکردندا.

زۆربوونی ژمارەی ئەو کرێکارانەی کەلەگارگە کاریان پێدەکرێت پێویست بە رێکخستنی مەرجەکانی کارکردنیان دەکات لەرێگای یاساو رێنماییەکانی کارگەکەوە (factory regulations)، هەروەها بۆ ئەو کرێکارانە هەندێ خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی رێکدەخرێت (factory welfare service) وەك هۆکارەکانی پشوودان و خۆراك و رابواردن..هتد.

**Factory laws** — قوانين الصحة الصناعية — یاسا تەندروستیەکانی پیشەسازی

ئەو دەقانەی لەو یاسایانەدا هاتوون، جەخت لەسەر بوونی ئەو پێداویستیانە دەکەن کەدەستە بەری پاراستنی تەندروستی کرێکاران و دوور خستنەوەیان لەهەر زیانێك یان نەخۆشیەك دەکەن، هەروەها یاساکان باس لەو مەرجانە دەکەن کە پێویستن بێنەدی دەربارەی بارودۆخی کارکردن، لەکات و ساتەکانی گەرماو ئاوو هەوای نالەبارو رووناکی و....هتد، لەگەڵ هۆکارەکانی خۆ رزگارکردن لەتەپ و تۆزو خۆڵ و دوکەڵ و بای پیس، سەرەڕای رێك و پێکی ئامرازەکانی فریاکەوتن و چارەسەری پزیشکی ....هتد.

**Factory system** — نظام المصنع — سیستمی کارگە

بەپێی سیستمی کارگە، کرێکاران لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری خاوەن کار، کاردەکەن لەو کارگانەی کەموڵکیانەو بەرێوەی دەبە ن بەمەبەستی قازانج کردن، لەو کارگانە ئامێرەکان کاریان پێدەکرێت و کاریش دابەش دەکرێت، بەم شێوەیە کارگە جێگای ماڵەوە دەگرێتەوەو وەك یەکەیەکی کارکردن.

سیستمی کارگە یارمەتی زۆربوونی بەرهەمی داوە، بەلام لەهەمان کاتیشدا چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابوری خولقاندووە.

**Industrialism** — تەماشا بکە: پیشەسازی بوون

**Faculty** — ١ – المَلَكة — توانین / هێز

هێزێکی ئەقلی یان هزری یاخود هەستی و هۆشیارییە یانیش ویستە، لە بنچینەدا پشتی پێ دەبەسترێت بۆ ڕاڤەکردنی دیاردە ئەقلیەکان، لەرابوردوودا واتەماشای توانین دەکرا بەوەی یەك لەهێزەکانی ئەقلە، نموونەی ژیری و خواست و بەهۆی کاروکارلەیەکردنیەوە هەموو دیاردە ئەقلیەکان راڤە دەکرێن و روونەدبنەوە، بەلام زانایانی دەروونناسی لەسەر ئەو بیرو بۆ چوونە نەماوەن.

٢ – الكلية — کولێژ:

دەستەیەکی مامۆستایان لەیەك لەزانکۆکان، لەبەشە سەرەکیەکانیدا وانە دەڵێنەوە، بۆ زانیاری و زانستە جیاوازەکان، بۆ یانیش هەیە لەو زانست و زانینانە، مۆڵەت و بڕوانامە بدەنە کەسانی دیکە.

نویٚ باو **Fad** التقليعة

تازە داهاتوو

خواستێكی تێپەڕبووە، یان بایەخدانە بەتازە بابەتێك، ڕەنگە ئەو خواستە لە ڕەفتار یاخود جل و بەرگ و یانیش هەر شتێكی دیكە دەربكەوێت و ڕوون ببێتەوە.

ئەو دیاردە نویٚ باوە بەشێوەیەكی گشتی و بەپەلە بلاٚو دەبێتەوە لەو ناوچانەی كەبەسەر چاوەی وروژاندن دادەنرێن، بەلاٚم بوٚ ماوەیەكی كەم بەردەوام دەبن.

ئەو دیاردە نویٚ باوانە، جیاوازن لەمودە (fashion) لەبەر ئەوەی ئاراستەكەیوایە كەزوٚرتر لادان و ناباوە، یان نامۆ دەبێت، هەروەها حالەتی خوٚكاری لەبلاٚوبوونەوەی زوٚرتر دەبێت و بیٚ هیچ پلاٚنێك .

تەماشا بكە: ڕەفتاری بەكوٚمەڵ **Collective behavior fashion**

ئاستەرەواكانی كار **Fair labour standards** مستويات العمل العادلة

مەبەست لەم زاراوەیە لەویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، یاساكانی كارە كەكاتەكانی كارو ماوەكانیشی، هەروەها كاتەكانی پشودان و كەمترین رادەی روٚژانە (كریٚ) و رێكخستنی كاری مێرد منداڵان و ژنان دیاری دەكات.

دەوترێت: روٚژێكی كاركردنی بەویژدان ( fair day work) وەك ئاماژەیەك بوٚ كارێك یان بەرهەمی ئەو روٚژەی كرێكاری مام ناوەند پێی هەڵدەسێت و بەلێهاتوویی و دەسەت پاكیەوە ئەنجامی دەدات و بیٚ ئەوەی كارەكەی كاریگەری خراپی لەتەندروستی جەستەیی یاخود ئەقلی یانیش دەروونی بەجیٚ هێشتبێت.

بازاڕە خولیەكان **Fairs** الاسواق الدورية

مەبەست ئەو پیشانگایانەی سازدەكرێن بوٚ زوٚركردنی حاڵەتی خستنەڕوو خواست لەسەر كالاٚكان لەشوێن و كاتێكی دیاریكراودا، ڕەنگە لەگەڵ ئەو بازارەش چەند بەرنامەو چالاٚكی رابواردنیش نمایش بكرێت.

جیاوازی بنچینەیی لەنێوان بازاڕە خولیەكان و بازاڕە ئاسایی و روٚژانەكان یان هەفتانەكان، ئەوەیە كەبازاڕە خولیەكان لەماوەی دوور لەیەكتر رێكدەخرێت و چەند روٚژێكی درێژتر دەخایەنێت و گرینگی زوٚرتری دەبێت لای كڕیارو فروٚشیاران لەهەندیٚ ناوچەی گەورەدا.

ئەو بازاڕە لەگەڵ ئەوەی فروٚشتنی كالاٚكانی بەتاك دەبێت، بەلاٚم بە شێوەیەكی بنچینەیی لەخزمەتی بازرگانی بەكوٚ دەبێت.

بڕوا **Faith** الايمان

بیروباوەڕێكی چەسپاوە، لەبەهێزیدا كەمترنیە لەبێگومانی(دڵنیابوون)، بەلاٚم ناكریٚ بگوازرێتەوە بەهوٚی بەڵگەوە.

لەبنچینەدا (باوەر) پشت لەسەر متمانە و دڵنیایی دەروونی دەبەستێت، زیاتر لەوەی پشت بە بەڵگە ئەقلیەكان ببەستێت.

چارەسەر بەهوٚی باوەڕەوە (faith cure or dealing) بەكار دەهێنرێت لەهەندیٚ حالەتی شپرزەیی دەروونیدا.

بیٚ باوەڕی **Faith lessness** عدم الايمان

بیٚ بڕوایی و ئینكاری بوونی خودا، هەروەها زاراوەكە بەمانای خیانەت و ناپاكی و بیٚ ئەمەكی و هەڵوەشاندنەوەی بەڵێنەكان دێت.

هەڵەكاری **Fallacy** المغالطة

تەفرەدان

هەڵەیەك لەبیركردنەوە، ڕەنگە وا لەئەنجامەكە بكات كەڕاست دەركەویٚ، بەلاٚم بە خوٚشی هەڵەیە.

وشەی (هەڵەکاری) لەلۆژیکدا بەکار دەهێنرێت وەك ئاماژەیەك بۆ بەڵگاندنی کاری ناڕەواو درۆ، یان بۆ شێوە ناڕەواییەك لەشێوەکانی بەڵگاندن.

ئاشنایەتی
هاورێیەتی
الألفة
**Familiarity**

زانینێکی کە سێتیە، بۆ شتێك یان کارێك، کەبەخێرایی و ئاسانی بەناسینی شتەکە یان هەستان بەکارەکە کۆتایی دێت.
هەروەها مەبەست لەهاورێیەتی، ناسین و تێکەڵاو بوونی تاکاکەنە لەگەڵ یەکترو نەمانی شەرمەو هەندێ نەریتی کۆمەڵایەتی لەنێوانیاندا.
دەوترێت ئاشنایەتی خاوەن مافی تایبەت (privileged familiarty) کەبریتیە لەکردارێکی رۆشنبیری رێگا دەدات بەپلەیەکی گەورەی کار لەیەککردنی دووبارە بووە، هەروەها بەچەند شێوەیەکی تایبەتی ئاشنایەتی.

تەماشا بکە: پەیوەندی میزاجی **Joking relationship**

دۆستایەتی **intimacy**

خێزان
الاسرة
**Family**

یەکەم یەکەی کۆمەڵایەتیە، ئامانجی پارێزگاریکردنی جۆری مرۆڤایەتیە، پێکهاتنی ئەم یەکەیە پشت دەبەستێت بەپێداویستیەکانی ئەقلی کۆمەڵایەتی و ئەو رێساو بنەما جیاوازانەی کۆمەڵگاکان دەیسەلمێنن.
سیستمی خێزانی بەناوکەی کۆمەڵگە دادەنرێت، بۆیە بناغەی هەموو سیستمەکانە، دیارە دیاردەکانی سیستمە خێزانیەکان جیاواز دەبن بەپێی جیاوازی کۆمەڵگاکان، سنوری سیستمەکەش لەرووی تەسکی و فراوانیەوە جیاواز دەبن، هەندێ جار فراوان دەبێت تارادەی ئەوەی هەموو ئەندامانی عەشیرەت بگرێتەوە، هەروەك حاڵەتەکە باوە لەناو عەشیرەتە تەو تەمیەکان، هەندێ جاریش تەنها پیاوو ژن و منداڵە بچووکەکانیان و ئەوانی هاوسەرگیرییان کردووەو لەگەڵ منداڵەکانیان دەگرێتەوە (extended family).
لەهەندێ باریشدا تەسك دەبێتەوە لەسنوری، باوك و دایك و منداڵە بچووکەکانیان تێپەر نابێت (nuclear or conjugal family) هەر وەك لەکۆمەڵگە نوێیەکان دەردەکەوێت.
دەوترێت خێزانی نەوەخستنەوە (family of procreation) واتە ئەو خێزانەی کە باوك یان دایك ئینتمای بۆی هەیە، هەروەها دەوترێت خێزانی ئاراستەو پەروەردەکردن (family of orientation) واتە ئەو خێزانەی کەتاك تێیدا گەورە بووە.
تەوەری خزمایەتی لەخێزاندا لەگەڵ ئەو دەسەڵات و دەستڕۆییەی بەدوایدادێت، جیاوازیان دەبێت بەپێی جیاوازی کۆمەڵگاکان و ئەو سیستمە کۆمەڵایەتیانەی کە پێڕەوی دەکەن، لێرەدا خێزانی دایکایەتی هەیە (matriarchal or maternal family) لەو جۆرە خێزانەدا پەیوەندی خزمایەتی منداڵ تەنها لەگەڵ دایکی دەبێ.
هەروەها خێزانی باوکایەتی هەیە (patriakchal or paternal family) لەم بارەشدا منداڵ پەیوەستی خزمایەتی تەنها لەگەڵ باوکی دەبێت و دەسەڵاتیش لەدەست پیاو دەبێت.
بەڵام لەئەنجامی بەشداری و تێکەڵبوونی ژن لەبواری کارکردن، ئەوا سیستمی خێزانی خاوەن دوو دەسەڵات دەرکەوت (biarchal family) لێرەدا پیاوو ژن بەیەکەوە بەرپرسیاریەتی و دەسەڵات لەناو خێزان دابەشدەکەن.

خێزانی هاوبەش
الاسرة المشتركة
**Family joint**

تەماشای خێزانی گەورە بکە: **Extended family**

**Family primary** الأسرة الاساسية خێزانی بنچینەیی

ئەو خێزانەی سەرۆکەکەی سەرگەورەی سروشتی خێزانەکەیەو لەوماڵەشدا دەژی.

**Family secondary** الأسرة الثانوية خێزانی لاوەکی

ئەو خێزانەی سەرۆکەکەی، سەرۆکی ئەو ماڵە دەبێ کەخێزان تێیدا دەژی، واتە خێزان لەماڵی خێزانێکی دیکە دەژی.

**Family budget** الميزانية العائلية بودجەی خێزان

**Budget** بودجة family تەماشا بکە: خێزان

**Cost of living** خەرجی و تێچووی گوزەران

**Standard of living** ئاستی گوزەران (ژیان)

**Family casework** خدمة الفرد الاسرية خزمەتگوزاریە خێزانیەکانی تاك

ئامانج لەم جۆرە خزمەتگوزارییە، کۆڵینەوەیە لەبارودۆخی خێزانەکە، بەرەچاو کردنی ئەوەی خێزان یەکەی بناغەییە لەهەموو سیستمێکی کۆمەڵایەتی، هەروەها کارکردن بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی خێزان، ئەویش بەزیندووکردنەوەی هێزە شاراوەکانیان و گەشەپێدانی توانا کەسێتیەکانیان بۆ ئەوەی بتوانن زاڵبن بەسەر ئەو کۆسپ و تەگەرانەی دێنە ڕێگای بەختەوەریان، هەروەها بۆ ئەوەی سەربەست بن لەچارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کەکارتێکردنی خراپیان دەبێت بەسەر ژیانیاندا.

**Family council** المجلس العائلي ئەنجومەنی خێزانی

ئەم ئەنجومەنە پێکدێت لەباوك و دایکان، یان هاوڕێ و دۆستانی خێزانی منداڵە ناکامەکە، هەندێ جاریش لەچەند کەسانێکی غەریب، ئەنجومەنەکە دادوەرێکی سزادان سەرۆکایەتی دەکات، بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی منداڵەکە.

**Family desertion** هَجرة الاسرة خێزان بەجێهێشتن

هەستانی یەك لەهاوسەرەکان، بەپساندنی پەیوەندییەکانی هاوەڵێتی و بەیەکەوە ژیان لەگەڵ یەکترو درووکەوتنەوە لەپابەندییە خێزانیەکەی، ڕەنگە ئەو دیاردەیە هۆیەکەی نەگونجان و تێنەگەیشتن بێت لەیەکتر، یان بەهۆی رەفتارێکی ناشرینەوە بێت لەلایەن یەك لەهاوسەرەکان.

**Family disorganisation** الانحلال الاسري هەڵوە شاندنەوەی خێزانی

مەبەست لەهەڵوەشاندنەوەی خێزانی، کار لەیەککردنی نێوان ئەو لایەنانەی کە خێزانیان لێ پێکدێت، ئاراستەکەش دژی ئاستە کۆمەڵایەتیە پەسندکراوەکان دەبێت، بەجۆرێك ئەو دیاردەیە ڕێگر دەبێت لەنێوان خێزان و ئەرکەکانی کە جێبەجێکردنیان پێویستن بۆ فەراهەم کردنی سەقامگیری و تەواوکاری نێوان ئەندامانی خێزان.

**Family guidance** أرشاد الأسرة رابەریکردن ئامۆژگاری خێزانی

واتە، ئەو چالاکیانەی چەند دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی پێی هەڵدەستن بۆ یارمەتیدانی خێزان لەزاڵبوون بەسەر هەرجۆرە

هەڵوەشاندنەوەو لێکترازانێك.
نووسینگەکانی ئاراستەکردنی خێزانی، گرینگی بەو کێشانە دەدەن کەبەهۆی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی خێزان پەیدا دەبن، بەتایبەتیش کێشمەکێشەکانی نێوان هاوسەرەکان، ئەوانی دەبنە هەڕەشە بۆ لەیەك جیابوونەوە، ئەو نووسینگانە لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکەن و یارمەتی ئەو کەسانە دەدەن، کاریش بۆ چارەسەرکردنی و ڕووبەڕوو بوونەوەیان دەکەن.
ئەو جۆرە چاودێرییە، بنچینەیی و پێویستن وەك خزمەتگوزارییەك بۆ خۆپاراستن و چارەسەرکردنی کێشەکانی وەك تەلاق و فرەژنی و کۆچکردن و پشت گوێ خستن.

| | | |
|---|---|---|
| ڕێکخستنی خێزان | تنظيم الاسرة | **Family planning** |
| تەماشا بکە: بەر بەستکردنی منداڵبوون | | **Birth control** |

| | | |
|---|---|---|
| قەبارەی خێزان | حجم الاسرة | **Family size** |

قەبارەی خێزان، ئاماژەیە بۆ حالەتی زاوزێ و ژمارەی ئەو منداڵانەی کە هەردوو هاوسەر هێناویانە لەکاتێکی دیاریکراودا.
لەخەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان، زۆری وەچەو گەورەیی قەبارەی خێزانەکەیە، دیارە ئەویش بەهۆی ساکاری ژیانە لەو کۆمەڵگایانە، کە دەبێتە هۆی لاوازی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و دابەزینی ئاستی گوزەران.

| | | |
|---|---|---|
| خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی خێزان | الخدمة الاجتماعية الأسرية | **Family social work** |

واتە، کۆی ئەو هەوڵ و ڕەنجانەی دەدرێن بەشێوەیەکی چالاك، بۆ پارێزگاری و گەشەپێدانی پەیوەندییە خێزانییەکان، بەمەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانو مانەوەیان لەگەڵ سوود وەرگرتن لەهەموو تواناکانی تاك بۆ گەیشتن بەپلەیەك لەسەقامگیری و دڵنەوایی و خۆشگوزەرانی، لەهەل و مەرجێکی پڕ لەهۆگری و هاوکاری خۆشەویستی و پێکەوە کارکردن.

| | | |
|---|---|---|
| دەزگای چاودێری خێزان | مؤسسات رعاية الأسرة | **Family welfare agencies** |

ئەم دامەزراوانە هەڵدەستن پێشکەشکردنی یارمەتیە کۆمەڵایەتیەکان، ئەگەر دارایی بێت یان کەل و پەل، بۆ بێوەژن و تەلاقدراو، هەروەها ژنێك هاوسەرەکەی بەجێی هێشتبێت، یاخود لەحالەتی نەخۆشی پیاوەکە و یانیش بوونی بەسەربازی زۆرەملێ.

| | | |
|---|---|---|
| برسێتی<br>قات و قڕی | المجاعة<br>القحط | **Famine** |

کەمبوونەوەی خۆراك بەشێوەیەکی گشتی، بەحالەتێك ببێتە هۆی پەیدابوونی جۆرێك لەبرسێتی بەردەوام و دیاردەکانی لەڕی و لاوازییەکی توند بۆ بەشێکی گەورەی دانیشتوان، هەروەها بەرزبوونەوەی تێکڕای مردن بەهۆی ئەو قات و قڕییەوە.
پێوەرێك نیە بۆ پێوانەی پلەی برسێتی کە دەبێتە هۆی پەیدابوونی لەڕی و لاوازی و بەرزبوونەوەی تێکڕای مردن ئەویش بۆ جیاکردنەوەی نێوان حالەتی برسێتی و حاڵەتی کەمبوونەوەی خۆراك (shortage of food)، بەڵام دەکرێ بوترێت کەبرسێتی ڕووبەرێکی گەورە دادەپۆشێت و ژمارەیەکی گەورەی دانیشتوان دەگرێتەوە، لەکاتێکدا کەمی خواردن ماوەیەکی کەم دەخایەنێت، وەك ئەو ماوانەی دەکەونە پێش بەرهەم هێنان، برسێتی پێویست بەوە دەکات پەنا بۆ چەند هۆکارێکی نائاسایی ببرێت بۆ سڕینەوەی شوێنەوارەکەی.

| | | |
|---|---|---|
| دەمارگیری<br>مێشك تەسکی | التَعَصب | **Fanaticism** |

زیادە ڕۆیی لەپەیوەست بوون بەکەسێك یان بیرۆکەیەك یاخود بنەماو ڕێبازێك، بەجۆرێك هیچ ڕێگایەك بۆ لێبوردەیی

ناهێڵێتەوە، ڕەنگە ئەم دیاردەیە ببێتە هۆی توندو تیژی یانیش خۆبەکوشتدان.

تەماشا بکە: دەمارگیری (توندرەوی) نیشتمانی — Chauvinism

**Fantasy** — الخيال الجامح — **وێناکردن**
**ئەندێشەکاری**

بریتیە لەزنجیرەیەك بیرو ئەندێشە دەربارەی چەند ڕووداوێکی خۆش و پەسندکراو کەچێژ بۆ تاك دێنێتەدی، خەیالی سەرکەش بەیەك لەو فێلە بەرگریانە دادەنرێت کە لەئەنجامی بێبەشیەوە سەرهەڵدەدەن.

کاتێ تاك ناتوانێت ئارەزوویەك تێربکات بەڕاستی، ئەوا هەڵدێت و پەنا بۆ جیهانی پڕ خەیاڵ و ئەندیشە دەبات.

تەماشا بکە: زیندەخەون — Daydream

**Farm** — المزرعة — **کێڵگە**
**باخ**

بریتیە لەڕووبەرێکی زەوی کەلەپارچەیەك یان چەند پارچەیەك پێکدێت، بەڵام وەك یەکەیەکی تەواوکار بەڕێوە دەچێت لەلایەن خاوەنەکەی یان ئەوی بەکرێی گرتووە یاخود بەڕێوەبەرەکەی، بەمەبەستی بەرهەمهێنانی ڕووەکی بێت یانیش ئاژەڵی، بەڵام لەئاستی بەرهەمهێنانی بازرگانی بێت.

کێڵگە ڕەنگە ڕووەکی بێت، کەبەشێوەیەکی سەرەکی تایبەت دەبێت بەبەرهەمهێنانی بەرهەمە کشتوکاڵییە جۆراو جۆرەکان، هەروەها ڕەنگە ئاژەڵی بێت کە تایبەت دەبێت بەبەرهەمهێنانی مەڕوماڵات.

دەوترێت کێڵگەی دەوڵەت (state farm) کەبریتیە لەدامەزراوەیەکی کشتوکاڵی گەورە بۆ هۆیەکانی بەرهەم هێنان، لەسەرموڵکی دەوڵەت دمەزراوە.(لەوڵاتی یەکێتی سۆڤیەت پێشو).

تەماشا بکە: کشتوکاڵ، کێڵگەکان — Agriculture plantation

**Farm management** — أدارة الاعمال المزرعية — **بەڕێوەبردنی کاروباری کێڵگەیی**

بەڕێوەبردنی کاروباری کێڵگەیی بەشێوەیەکی گشتی، هەڵدەسێت بەپراکیتك کردنی دۆزینەوە زانستیەکان، ئەوانی پەیوەستن بەبەڕێوەبردنی کاروبارە ئابورییەکان بەسەر کاروبارە کێڵگەییەکاندا.

بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەش، بنەماو ڕێسا زانستیە تاقیکراوەکان بەکار دەهێنرێن لەڕێکسختنی کێڵگەو کۆنترۆڵکردنی کاروبارەکانی بەرهەم هێنانی.

ئامانج لەبەڕێوەبردنی کاروباری کێڵگەیی بەدەستهێنانی ئەو پەڕی قازانجە لە کێڵگەکە، بەپێی پلانێکی درێژخایەن کەزۆر بەڕوونی و بەوردی دارێژراوە.

**Farmer's organization** — المنظمات الريفية — **ڕێکخراوە کشتیارییەکان**

لەتایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی لادێی بوونی چەندین ڕێکخراوە کەهەریەکەیان تایبەتن بە ئەرکێك، هەندێ لەو ڕێکخراوانە کۆنن، کۆنی گوند، وەك گروپەکانی بازرگانی کردن بەبەرهەمە کشتوکاڵیەکان و گروپە پیشەییە دەستیەکان و گروپە ئاینیەکان و گروپەکانی ڕابواردن.

شان بەشانی ئەو ڕێکخراوە کۆنانەش کەئەرکەکانی لەرابردوو ئێستادا جێبەجێ کردووەو دەیکەن، لەسنوری گوندا، چەندین ڕێکخراوی نوێ هەیە کەبەهۆی پێداویستیەکانی پەرەسەندنی ئابوری و کۆمەڵایەتی پەیدابوونە، هەریەکە لەوانە چەندین ئەرکی جیاواز جێبەجێ دەکات.

بەڵام ئەوانە ئامانجی تایبەتیشیان هەیە، نموونەی گروپەکانی سەرپەرشتی کردنی پەروەردەو فێربوون و گروپەکانی برایی

و هاوڕێیەتی و بەرژەوەندی، هەروەها کۆمەڵەکانی هاوکاری کشتوکاڵی و کۆمەڵەکانی یارمەتیدانی خێزانە دەست کورتەکان و کۆمەڵەکانی ڕابوونی ژنانی گوندو کۆمەڵەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی ...هتد.
ئەو ڕێکخراوانە لەسەر دوو جۆرن:
جۆری یەکەم: ئەو ڕێکخراوانەی لەسەر بنچینەی دراوسێی سروشتی دامەزراون (physical proximity)، ئەوانە، گەشەدەکەن و پەرەدەسێنن لەئەنجامی پەیوەندیکردن و کار لەیەککردنی تاکەکان هەندێکیان لەهەندێك ئەویش لەیەکەیەکی جوگرافیدا، یانیش لەسەر ڕووبەری ناوچەیەکی سنوردار.
جۆری دووەم: لەسەر بنچینەی پێداویستی و بەرژەوەندییە تایبەتیەکان دادەمەزرێن (special needs in terests)، هەرچەندە رووبەری جوگرافی سنوردار بەیەکیان نابەستێتەوە، بەڵام بەرژەوەندییە گشتیەکان، تەبایی لەنێوانیان دروست دەکات و بەیەکیان دەبەستێتەوە، ئەندامانی ئەم ڕێکخراوانە یەك بەرژەوەندیکۆیان دەکاتەوەو هەوڵی جێبەجێ کردنی ئامانجێکی هاوبەش دەدەن.
بەم جۆرە ئامانجە تایبەتیەکانی کۆمەڵ، جێگای پەیوەستیە شوێنەکە (ناوچەکە) دەگرێتەوە.
**Cf: agrarian reform, agricultural cooperation**

**هەرەوەزە کشتیارییەکان** — التعاونيات الزراعية — **Farming cooperatives**

ئەو جۆرە کۆمەڵانە، کشتیارو وەرزێرە بچووکەکان دەگرێتەوە، ئەرکیان کارکردن و سوودوەرگرتنە لەبواری کشتوکاڵی، هەروەها لەهەندێ کاروباری پەیوەست بەزەوی، وەك هێنانی کەرەستەکانی پێویست بۆ کشتوکاڵ و قەرز پێدان و دابینکردن و هەناردەکردن بۆ بازاڕەکان، لەگەڵ چەندین کاروباری دیکەی تایبەت بەکشتوکاڵ.
کۆمەڵە هەرەوەزییە کشتیاریەکان، زۆرترین جۆرەکانی کۆمەڵە هەرەوەزیەکانن لەڕووی ژمارەو بڵاوبوونەوەیان.

**کێڵگەو هاوبەشەکانی** — المزرعة ومرافقها — **Farmstead**

رووبەرێکی زەوی کشتوکاڵییە وەك یەکەیەك بەڕێوە دەبردرێت، لەلایەن خاوەنەکەی، ئەو کارە لەگەڵ هاوبەشەکانیشی لەخانووی نیشتەجێ بوون و کۆگاو جێگای حەوانەی وڵاغ و تەویلەو شوێنی ڕاگرتنی ئۆتۆمبیلەکان دەگرێتەوە...هتد.
تەماش بکە: کێڵگە **farm**

**فاشیزم** — الفاشية — **Fascism**

ڕێبازێکی سیاسی و ئابورییە، لەئیتالیا سەری هەڵداوە، ناوی فاشیزم و دروشمەکەی لەروزمە دارێك و چەکوشێك وەرگیراوە، کەپێشتر دروشمی دەوڵەتی رۆمای کۆن بووە.
تیۆری سیاسی فاشیزم لەسەر بنەمای سەروەری رەهای دەوڵەت هەڵدەستێ، دەوڵەت لەتاك مەزنترە، مافیشی مافەکانی تاك تێپەڕ دەکات و باڵاتر دەبێت لەو، ئەرکی تاکەکان هاوکاری دەوڵەتە بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئامانجە.
حکومەتی نموونەیی لەدیدی فاشیزمەوە، پێویستە پشت بەبنەمای جیا کردنەوەی ڕەگەزە باشەکان و دوورخستنەوەی رەگەزە گەندەڵ و بێکەڵکەکان ببەستێت، هەروەها بەستنەوەی بەرپرسیاریەتی و لێهاتوویی بەشێوازێك کەببێتەهۆی هەڵبژاردنی دەسەڵاتێکی باڵا بۆ حوکمڕانی لەو کەسانەی کەشیاوترن، واتە دروست بوونی توێژێکی ئەریستوکراتی لەکەسانی لێهاتوو نایاب.
تیۆری ئابوری فاشیزم، لەسەر بنەمای دەستێوەردانی دەوڵەت لەهەموو دیاردە ئابورییەکان هەڵدەسێت، ئەویش بەبێ سڕینەوەی رۆڵی سەرمایە، یان خاوەنداریێتی کەسێتی.
فاشیزم، ناکۆکە لەگەڵ هەردوو ڕێبازی سەرمایە داری و سۆسیالیزم بەیەکەوە، بەبۆچوونی فاشیزم، سۆسیالیزم و

پێداویستیەکانی کەبریتیە لەیەکگرتنی سەرمایەو هۆکارەکانی بەرهەم هێنان، ئەوانیش بخرێنە ژێر دەسەڵاتی مولکیەتی گشتیەوە، ئەوە بیروبۆچونێکی (تیۆرییەکی) خەیاڵییەو جێبەجێ ناکرێت.

هەروەها فاشیزم هەمان بۆ چوونی هەیە دەربارەی ئابوری ئازاد، بە دەربڕینێکی دیکە فاشیزم دژایەتی ڕێبازی تاکگەرایی رەهاو سۆسیالیزمی رەها دەکات.

هەر بەپێی سیستمی فاشیزم، دەوڵەت سەرپەشتی بەرهەمهێنان و بەکاربردن دەکات، ئەویش لەسەر بنچینەی پێکهێنانی جۆرێك لەسەندیکاکان بۆ هەر پیشەسازییەك کەلەلایەن چەند ئەنجوومەنێکەوە بەڕێوەبچێت و لەنوێنەرانی حکومەت و خاوەن کارو کرێکاران پێکهاتبێ، هەر ئەنجومەنێك سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی کاروباری دامەزراوەیەکی پەیوەست بەخۆی دەکات، هەروەها ئاگاداری و سەرنجی لەسەر جێبەجێکردنی هەموو یاساکانی پیشەسازی و کارو خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی دەبێت.

**مۆدە** — **الموضة** — **Fashion**

**جل و بەرگ** — **الزي**

چەند لایەنێك یان چەند جۆرە کولتورێکی نائەقلانی و بەشێوەیەکی کاتیش کاریگەریان بەسەر رەفتاری مرۆڤدا دەبێت.

ئەو دیاردانە ئارەزووی دووبارە بونەوەیان هەیە لەو کۆمەڵگایانەی هێماو دروشمی سەلێنراوو سەقامگیریان نیە کەئاماژە بۆ پێگەو پایەیان بکات، هەروەك ئەندامانیان هەوڵی بەدەست هێنانی پێگەو پایەش دەدەن بۆ گوزارشت کردن لەخود، ئەویش لەرێگەی لاسایکردنەوی توێژی بژاردە، دیارە ئەو لاسایکردنەوەیەش دەبێتە ڕێگایەك بۆ دەرخستنی چێژوو ئارەزووە بەکۆمەڵەکان لەوساتە وەختەی دیاردەو روالەتەکانی مۆدە سەرهەڵدەدەن و جیاوازیان لەگەڵ لاسایکردنەوە کۆمەڵایەتیەکان نابێت، ئەو دیاردانەش کەمۆرکێکی ناسنورداریان هەلگرتووە، لەسەرەتادا گوزارشت لەتێکەڵبوونێکی خۆکردانەی تاك دەکات لەژیانی بەکۆمەڵدا، دیارە ئەوەش نهێنی ئەو خۆکردییەیە لەپیادەکردنی خەڵکی بۆ دیاردەکانی مۆدە، هەروەها لەمۆرکە نائەقلانیەتەکەی کەلەژیانی رۆژانەدا بلاودەبێتەوە.

مۆدە تەنها جل و بەرگ ناگرێتەوە، بەڵکو درێژە دەکێشێت بۆ گفتوگۆکان هەروەها هۆکارەکانی کات بەسەر بردن و جۆرەکانی یاریکردن و هونەرو..هتد؟.

لێرەدا هیچ مرۆڤێك یان چالاکیەك نیە کاریگەر نەبێت بەمۆدە کە بەخێرایی بلاو دەبێتەوە، کۆتاییەکەشی ئەوە دەبێت کاتێ ژمارەیەکی زۆری خەڵك پابەند دەبن پێوەی، لەدوایشدا دیاردەی جیاوازی تێدا نامێنێت، بۆیە خەڵکی لێی دوور دەکەونەوە.

**رۆژو گرتن** — **الصيام** — **Fasting**

کەمکردنەوەی ئەو بڕە خۆراکەی کەتاك دەیخوات تادەگاتە رادەی قەدەغەکردنی تەواو، لێرەدا پێویست دەکات حاڵەتی رێکخستنی خورادن (dieting) بە مەبەستی خۆ لادان لەچەند جۆرە خواردنێك لەبەر ئەوەی زیان بەخشە، لەگەڵ رۆژو گرتن تێکەڵ نەکەین.

هەروەها پێویست دەکات نێوان رۆژوگرتن و قەدەغەکردنی چەند جۆرە خواردنێك (food taboos) تێکەڵ نەکەین، وەك دوورکەوتنەوەی موسلمانان لە خواردنی گۆشتی بەراز.

رۆژوو گرتن لەگرینگترین ئەو داب و نەریتانەیە کە پەیوەستن بەنهێنیە پیرۆزەکانەوە (sacrament) و خۆبەخت کردن (sacrifice) لەگەڵ پیرۆز ڕاگرتنی (consecration). رۆژو گرتن بەردەوام لەپێشەوەی ئەو داب و نەریتانە دەمێنێتەوە.

**ناچارێتی** — **الجبرية، القدرية** — **Fatalism**

**چارەنووسی**

ئەو بۆ چوونەیە کەدەڵێت، رووداوەکان دیاریکراون، پێشتر نووسراون، لەڕووی کات و شوێن و شێوەی روودانەکەی، هەموو

ئەوەی ڕوودەدات بۆ مرۆڤ، دابەشکراوە هەر لەئەزەلەوە، ئەوانە براونەتەوە دەسەڵاتی مرۆڤی تێدا نیە.
ئەوانی باوەڕیان بەو ڕێبازە هەیە پێیان دەوترێت چارەنووسیەکان (fatalists) .
لەنێوان هەردوو زاراوەی ناچاری و هەر بوونایەتی (determinism) جیاوازی هەیە، یەکەمیان هەموو شتەکان بۆ هێزێکی باڵا دەگەڕێنێتەوە، ئەوەش مۆرکێکی میتافیزیکی یان لاهۆتی هەیە، لەکاتێکدا دووەمیان بنەمای یاسای هۆکاری دەسەلمێنێ هەروەها پەیوەست بوونی هۆیە بە هۆکارێتیەوە.

تەماشا بکە: هەربوونایەتی **Determinism**

**Fate** المصير چارەنووس
القدر قەدەر

بریتیە لەکۆی ئەو ڕووداوانەی بۆ مرۆڤ ڕوو دەدەن، ئەگەر لەگەڵ ویستی گونجاوبن یان نەبن، ڕووداوەکان بەهۆی هێزە سروشتیەکانەوە ڕوودەدەن، یاخود هێزە لەسروشت بەدەرەکان، هەموو ئاینەکان لەسەر ئەوە کۆکن کەخودا چارەنووسی مرۆڤ دیاری دەکات.

تەماشا بکە: هەربوونایەتی **Determinism**
ناچارێتی **fatalism**

**Father hood** الابوة باوکایەتی

ئەو پەیوەستیەی باوك بەکورەکەی دەبەستێتەوە، یان پەیوەندی باوك بە وەچەوە، زۆربەی کۆمەڵگە سەرەتایی و تازەکان باوك لەپلەو پایەیەکی سەروەری و دەسەڵاتداری خێزان دادەنێن.
بۆیە باوکایەتی بەرێزێکی توندەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بەڵکو هەندێ جار بەترسەوە تەماشای دەکرێت، وەك ئەوەی شتێکی پیرۆز بێت.
دەوترێت، باوکایەتی سوسیۆلوجی (sociology father hood) بۆ ئەو حاڵەتەی کە کەسێکی دیکە بەڕۆڵی باوك هەڵدەسێت بەرامبەر بەمنداڵ وەك مێردی دایك کە هیچ پەیوەستیەکی بایۆلۆجی بەمناڵەکەی نابەستێتەوە.

**Fatigue** التعب ماندوویەتی

ماندوویەتی لەبواری پیشەسازیدا، حاڵەتێکە لە کەم توانایی کرێکار لەکاتی کارکردن دەردەکەوێت، بۆیە ئەم دیاردەیە لەماوەی ئەرك بەجێگەیاندن واپێناسە دەکرێت کە کەم تواناییە لەکارکردن - ، بەهەردوو حاڵەتی هەستی و مێشکی.
دیارە ئەوەش بەهۆی ئەو ڕەنج و ماندوو بوونە بەردەمەوامەی دەدرێت و ماوەی پشوودانی پێویستیشی لەنێواندانیە:
باری ماندوو بوون لەسێ دیاردەی پەیوەست بەیەکەوە دەدرەکەوێت:
1- کەمبوونەوەی بەرهەم هێنانی بەردەوام.
2- هەستێکی خودی بەدڵتەنگی و ئازارو ئێشەوە.
3- گۆڕانکاری فسیولۆجی جیاواز، وەك زۆربوونی شەکری ناوخوێن و کەڵەکەبوونی ژەهرو پاشەڕۆکانی ناو دەمارەکان، هەروەها شپرزەیی لە هەناسەو لێدانی دڵ و پاڵەپەستۆی خوێن.
هۆکارە دەروونیەکان کاریگەری گەورەیان هەیە لەکەم توانایی لەسەر کارکردن، ئەوەش نیشانەیەکە لەسەر ئەوەی کە کارە شەکەتکەرەکان زیاتر دەبنە هۆی ماندوو بون لەو کارانەی کە جێگای خۆشی و تامەزرۆیین.
هەروەها ئەو کارانەی لەسەر یەك جۆرن و گۆڕانیان تێدا نیە، ئەوانە ماندووکەرترن لەوکارانەی جۆراوجۆرن، وەك ئەو کارانەی دەسەپێنرێن زۆرتر ماندووت دەکات تا ئەوکارەی ئازادی تێدا هەیە.

هۆكاره كۆمەڵایەتیەكانیش كارتێكردنیان لەماندوویەتی دەبێت، هەروەك زانراوه كاری بەكۆمەڵ دەركەوتنی ماندووبوونی تێدا دوادەكەوێت، ئەگەرچی دەبێتە هۆی پەرش و بڵاوی هۆشیاری لەهەندێ باردا.

An. Eng. tiredness — ماندوو بوون

fr.lesitude — ماندوویەتی

**Favouritism** — المحاباة — لایەنگرتن، خاتر گرتن

دەرخستنی گرینگیەكی تایبەتە بەرامبەر تاكێك یان كۆمەڵێك یاخود بیرۆكەیەك یانیش كارێكی دیاریكراو، ئەگەر لەبوارێكی كەمیشدا بێت یان بەگشتی، ئەویش كاتێ تاك ڕوو بەڕووی حاڵەتێك دەبێتەوەو پێویست دەكات بژاردەیەك بكات، لەنێوان شتێك و شتێكی دیكەدا.

**Feast** — الولیمة، العید الدیني — بانگكردن بۆ نان خواردن، ئاهەنگی ئایینی

بریتیەلە بانگكردنێكی بەكۆمەڵ و ڕەسمی، وەك ئاهەنگ گێڕانێك بۆ بۆنەیەكی شادو خۆشی.

ئاگركردنەوە و ئاهەنگە هاوبەشەكان لەدیاردەكانی ڕێزلێگرتن بوونە، لەهەموو شێوە كۆمەڵایەتیەكان تارادەیەك.

لەنێوان ئاهەنگ گێڕان و ئاین پەیوەستیەك هەیە، ئەویش بەهۆی بیروباوەڕە ئاینیەكان دەربارەی خواردن و ویستی ڕاكێشانی سۆزو بەزەیی پێكهاتنەوەی خواوەندەكان، زۆرجار خواردنی زۆر، دەرفەت دەڕەخسێنی بۆ ئاهەنگ گێران، هەروەها بەبۆنەی ڕووداوە گرینگەكان ئاهەنگ ڕێكدەخرێت، وەك بۆنەی لەدایك بوون و سەركەوتن و ڕێ و ڕەسمە ئاینیەكان، ڕەنگە پێش ئاهەنگ و جەژنە ئاینیەكان، ڕۆژو گرتن هەبێت وەك جۆرێك بۆ خۆپاككردنەوە.

**Fecundity** — القدرة على التوالد — توانای زاوزێ

واتە، توانای پیاو یان ژن یاخود پیاو و ژن لەبەشداریكردنیان بۆ بەرهەمهێنانی وەچە (زاوزێ كردنیان).

لەبەرامبەر ئەم دیاردەیە حاڵەتی نەزۆكی (sterility) دێت، ڕەنگە ئەو نەزۆكیەش فسیۆلۆجی بێت یانیش بەویست و بژاردەی كەسەكە بێت.

بەڵام حاڵەتی زاوزێ و بەپیتی (fertility)، ئەوە گوزارشت لەڕادەی بەهەرمهێنانی بەڕاستی منداڵ دەكات، ئەگەر حاڵەتەكە بۆ تاكێك بێت یان كۆمەڵە تاكێك.

**Federal state** — الدولة الاتحادیة — دەوڵەتی فیدراڵی

واتە چەند دەوڵەتێك لەنێوان خۆیاندا ڕێككەوتن كەبەبەردەوامی یەكبگرن، ئەویش بەپێی دەستورێكی گشتی و یەك ئەنجومەنی ناوەندییانیش دەبێت و نوێنەرایەتیان دەكات وەك حكومەتێكی یەكگرتوو.

**Federalism** — الفیدرالیة، الاتحادیة — فیدرالیەت، یەكگرتن

سیستمێكی سیاسیە، لەخەسلەت و تایبەتمەندییەكانی، پەیوەندییە هاوكاریەكان جێگای پەیوەندییە پاشكۆیەتیەكان دەگرێتەوە.

فیدرالیەت لەسەر بنچینەی دان پیانان بەبوونی حكومەتێكی ناوەندی بۆ هەموو دەوڵەتە یەكگرتووەكە دادەمەزرێت، لەگەڵ بوونی چەند حكومەتێكی ئۆتۆنۆمی (هەرێمەكان، یان ویلایەتەكان، یاخود ناوچەكان) كە دەوڵەت بەسەریاندا دابەش دەبێت، دەسەڵات و فەرمانەكان لەنێوان حكومەتی ناوەندی و حكومەتی هەرێمایەتیەكان دابەش دەكرێت.

**Federation** الاتحاد یەکگرتن

وشەی یەکگرتن بەو هاوکارییە دەوترێت کە لەنێوان ئەنجومەنە جیاوازەکاندا هەیە، وەك دەوڵەتان، یان هاوکاری نێوان کۆمەڵەو رێکخراوەکان یاخود سەندیکاکان لەسەر ئاستی نیشتمانی بێت یانیش هاوکارییەکە جۆرایەتی بێت.

**Fee** الرسم باج

برێك پارەیە، تاك دەیداتە ئەنجومەنێکی گشتی لەبەرامبەر خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو کەسوودێکی گشتی هەیە، ئەنجومەن بەو خزمەتگوزارییە هەڵدەسێت لەسەر داوای تاك.

**Feeble mindedness** ضعف العقل کەم هۆشی

لاوازی ئەقل

وەستانی گەشەکردنی ئەقل لەقۆناغێك لەقۆناغەکانیدا، ئەو کارەش بۆیەك لەحاڵەتەکانی: بۆماوەیی، نەخۆشی، تێکچوونی کوێرەلوو دەگەڕێتەوە.

رێژەی زیرەکی لای ئەوانی ئەو حالەتەیان تووش بووە لەنێوان سفر بۆ (70) پلە دەبێت، ئەوانی ئەو جۆرە لاوازییە یان هەیە، چەند جۆرێکن:

گێل (idiot) 20 پلە بۆ خوارەوە

گەمژە (imbecile) لە 20 بۆ 50 پلە

دەبەنگ (moron) لە 50 بۆ 70 پلە

لاوازی ئەقلی بەشێوەیەکی گشتی بەوە جیاواز دەکرێتەوە کە حاڵەتی درك پێکردن و بیرکردنەوەیان لاواز دەبێت، هەروەها ئاسانی تووشبوون بەسەرگەردانی و خێرایی وروژاندن، لەگەڵ نەگونجان لەنێوان دەمارگیری و جوڵەو هەڵس و کەوتەکانی.

ئەو کەسانە ناتوانن رێگای خۆیان لەژیانی کۆمەڵایەتیدا بکەنەوە بەهۆی ئەو لاوازییە ئەقلییەی کەبۆیان ماوەتەوە بەمیراتی، یانپەیدابوونی لەسەرەتای تەمەنیان.

**Ana: mental deficiency** مێشك ناتەواو

**Feed back** ١ – استرجاع المعلومات گێڕانەوەی زانیاریەکان

بەکارهێنانی زانیارییە گەڕاوەکان لەلایەن کارمەندانەوە ( سەرپەرشتی کراوەکان) لەپرۆسەی وەرگرتنی بڕیارەکان، واتە: ئەو هەنگاوەی کە بەهۆیەوە ئامارو زانیاریەکان وەردەگێڕنەوە، ئەویش پاش ڕاست کردنەوەو دەرخستنی هەڵەکان و زانیاری خستنە سەر، بەمەبەستی وەرگرتنی بڕیارێکی نوێ یان هەموار کردنی بڕیارێکی پێشتر.

٢ – الدراية الارتجاعية پەیپێبردن بەگەڕانەوە

(کاردانەوە)

مەبەست لەم زاراوەیە لەبواری دەروونناسیدا، گەڕانەوەی وروژێنەرەکانە بۆ بنکەی کۆنترۆڵ، لەبەر ئەوەی ڕۆڵی زیاتر دەگێڕێت لەبەرهەمهێنانی دیسپلین دابین کردن.

**Feeding** التغذية خۆراك

خواردن

ئەو مەرجانەی پێویستە رەچاو بکرێن، لەهەڵبژاردنی خواردن، هەروەها رادەی بەسێتی و ئامادەکردنی و وەرگرتنی ئەو

خواردنه، بەجۆرێك سوودی بۆ گەشەكردنی مرۆڤ و زیندووكردنەوەی شانەكانی و پاراستنی لەنەخۆشیەكان هەبێت.

خواردن

Cf. food

**Feeling**

ویژدان — الوجدان

سۆز — العاطفة

شارەزایی و بەسەرهاتن لەبواری هەست و دلۆڤانی، وەك هەستكردن بەخۆشی یان پەژارەیی بـەهۆی هەڵچوونەوە، یـاخود بـێ دەنگی بـەهۆی گـرژی یـانیش نـەرم و شـلی، دەوترێـت: هەسـت بەئێمـە (wefeeling)، واتـە هەسـت لـەناو كۆمـەڵ بـەوەی تاكەكان هەمان هزرو باوەڕو هەست و ئامانجی هاوبەشیان هەیە.

تەماشا بكە: سۆز

affection

**Feeling collactive**

ویژدانی هاوبەش — الوجدان

كۆویژدان — الجمعي

بەشداریكردنی ژمارەیەكی گەورەی تاكەكان لەهەمان هەست و ئاگایی، ئەگـەر ئـەو هەسـتە خۆشـی و شـادی بێـت یـان خـەم و پەژارە یاخود تووڕە بوون.

هەستی بەكۆمەڵ ئەركێكی گرینگی ژیانی كۆمەڵایەتیە.

**Fellowship**

هاوڕێیەتی — الزَمالة

بەخشینی زانكۆیی — المنحة الجامعية

پلەو پایەیەكە دەدرێتە خوێندكارێكی دەرچوو، بەو پێیە موچەیەكیش وەردەگرێت بەهۆیەوە دەتوانێت درێـژە بەخوێنـدنی باڵای بدات لەكۆلێژێك یان زانكۆیەك.

هەندێ جار ئەو كەسە ئەركی پێشكەشكردنی هەندێ خزمەتگوزاری دەكەوێتە سەرشانی بەرامبەر كۆلیژەكە، یاخود زانكۆكـە ئەویش لەچوارچێوەی كاری پسپۆرییەتیەكەی.

هەروەها مەبەست لەهاوڕێیەتی پلەیەكی زانستیە هەندێ كۆلیژو دامەزراوە زانستیەكان دەیبەخشنە كەسانێكی لێهاتوو.

**Felony**

تاوان — الجريمة

كەتن — الجناية

تاوانێكی مەترسیدارە بەهۆیـەوە كەسـی تاوانبـار بـۆ مـاوەی سـاڵێك زیـاتر سـزا دەدرێ بەزینـدانی كـردن، واتـە ئـەم دیاردەیـە لەكەتن مەترسیدارترە، پێشتر ئاماژەبوو بۆ هەموو ئەو تاوانانەی كە سزای تاوانبار دەست گرتن بوو بەسەر موڵك و سامانی.

**Female suffrage**

پێدانی مافی هەڵبژاردن بەژن — تخويل المراءة حق الانتخاب

ژن تاماوەیەكی نزیك بێبەش بوو لەبەشداریكردنی هەڵبژاردنەكان، دواتر دەستورە تازەكان ئـەو مافـەیان بـۆ ژن دابـین كـرد، ئەم ئاراستەیە پشت بەبنەمای دیموكراسیەت دەبەستێت كەیەكسانی لەنێوان ژن و پیاو یەك لەكۆڵەكەكانیەتی، هەموو تاكێك نێر بێت یـان مـێ دەبـێ پشكی بەشـداریكردنیان هـەبێت لەبـەڕێوەبردنی حـوكمڕانی، ژنـانیش بەشـێكن لەنەتـەوە لـەبارێكی ئاساییدا نیوەی نەتەوەن.

گرینگە لای ژن هەروەك لای پیاو گرینگە، بایەخ بدات بەكاروباری گشتی، تاقیكردنـەوە لـەو وڵاتانـەی بڕیاریـان لەسـەر مـافی ژنان لەهەڵبژاردن داوە، ئەوەی سەلماندووە، ژنان كاریگەری باشیان هەبووە لەسەر یاسادانان، بەتایبـەتی ئەوەنـدەی پەیوەنـدی بەپارێزگاری منداڵ یاخود تەندروستی گشتی یانیش بابەتە كۆمەڵایەتیەكان هەبووە...هتد.

ژن چەند بەرژەوەندییەکی خۆی هەیە وەك پیاو لاشی گرینگە بەرگری لێ بکات و بیروڕای خۆی بەرامبەری دەربڕێت لەکاتی دانانی یاساکانی تایبەت بەو، بەجێهێشتنی ئەو یاسایانە لەناو دەستی پیاوان بەتەنیا، ڕەنگە زیان بەژن بگەێنێت، ئەویش وەك حاڵەتێکی خۆپەرستی لای پیاوان، یاخود خراپ بەتێگەیشتنیان یانیش ڕێز نەگرتن لەبەرژەوەندییەکانیان.

**Female workers** — النساء العاملات — ژنانی کرێکار

ژن لەسەردەمە کۆنەکانەوە لەبواری کشتوکاڵ و کاروباری ناوماڵدا کاری کردووە، لەسەر دەمە تازەکانیش، گەشەکردنی پیشەسازی و فراوانبوون لەدابەشکردنی کار هۆکاربوون لەسەر زۆر بوونی ژنانی کرێکار.
سروشتی ژن و ئەرکی دایکایەتی کەکەوتۆتە سەرشانیەوە، پێویستی بەپارێزگارییەکی تایبەت کردووە، بۆیە یاسای کارکردن لەزۆربەی دەوڵەتان بایەخی بەپارێزگاری ژنداوە، بەتایبەتیش ئەوەندەی پەیوەندی بەدابینکردنی پشوودان هەیە لەماوەی پێش و پاش منداڵبوونیەوە.
هەروەها ئەو هۆکارو ئامرازانەی کەپاراستن و ژیانی خۆی و منداڵەکەی دابین دەکات.

**Feminism** — الحركة النسائية — بزافی ژنان (فیمینیزم)

بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیە، ئامانجی یەکسانیە لەپلەو پایەی نێوان ژن و پیاو لەهەموو مافەکاندا، بەتایبەتیش لەبواری سیاسی.
ئەم بزووتنەوەیە وەك کاردانەوەیەك دەرکەوت دژ بەو بۆ چوونە کۆنەپارێزەی کەلەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا هاتە ئاراوە، لەو سەردەمە ژن بەرەو ڕووی کۆسپ و سەرئێشەی زۆر ببۆوە بەهۆی ئەو چاودێرییە توندەی دەخرایە سەری.
بزووتنەوەی ژنان، دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، گەشەی کردووە، دەبینین ژمارەیەکی زۆری ژن لەکاتی جەنگدا ئەو کارو فەرمانانەیان بەدەستەوە دەگرت کەتایبەت بوون بەپیاوان، هەر دوای جەنگیش بەردەوام بوون لەسەر ئەو کارو فەرمانانە.
ڕابوونی ژنان لەگەڵ پەرەسەندنی سروشتی ڕێکدەکەون، ئەو ڕابوونە هەنگاوێکی نوێ پێکدێنێ بەرەو بەدیهاتنی ئازادییە دیموکراسیەکان، لەتازەترین ئەو دەسکەوتانەی پەیوەستن بەئازادی ژنانەوە، ڕاگەیاندنی سەرکەوتنە بەسەر جیاوازی کردنی دژ بەژنان، ئەم ڕاگەیاندنە لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە (7/تشرینی دووەمی/ 1967) دەرچووەو ڕەزامەندی لەسەر دراوە.
لەو ڕاگەیاندنەدا هاتبوو، هەموو ڕێ و شوێنێکی پێویست دەگیرێتە بەر بۆ زاڵبوون بەسەر هەر جیاوازییەك لەنێوان ژن و پیاو، هەروەها دەستوری دەوڵەتیش، دەبێ بنەمای یەکسانی لەمافەکانی نێوان پیاو ژن بگرێتە خۆی.

female workers — ژنانی کرێکار

Cf. female suffrage — هەڵبژاردنی مێینە

**Fermentation** — الاهتياج الثوران — وروژان هەڵچوون

حاڵەتێکە بەهۆی هەوڵێك بۆ بەجێهێشتنی ئاسەوارێك لەسەر شتێك دێتەدی، وەك وروژاندنی تاکەکان یان بیروباوەڕەکان بۆ جێبەجێکردنی ئامانجێکی دیاریکراو.

**Fertility** — الخصوبة — بەپیتی بەرداری

مەبەست لەم زاراوەیە لەزانستی دانیشتواندا (دیموگرافی) توانای زاوزێیە لای ژن، ئەویش لەماوەی نێوان (15 40) ساڵ،

هەروەها لێکۆڵینەوەکانی زانستی دانشتوان دەربارەی بەپیتی، دیاردەکانی چەندایەتی پەیوەست بەلەدایك بوون، یان زاوزێی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، لەگەڵ تێکرای لەدایك بوونەکان و ئەو هۆکارانەی کاریگەریان بەسەریدا دەبێت.
زاوزێی خێزانی پەیوەستە بەهەڵوێستی هەردوو هاوسەرەکە لەئاست نەوە خستنەوە، ئەو هاوسەرانەی رێك و پێکن، هەوڵدەدەن منداڵیان نەبێت تەنها کاتێك کە ئارەزوویان لەسەری هەبێت، بەڵام هاوسەرە نارێکو پێکەکان، ئەوان، رێگای ئەو کارە بەرەڵلا دەکەن، بەم شێوەیە زاراوەی رێکخستنی بە پیتی یاخود رێکخستنی وەچە خستنەوە، مەبەست لێی کەمکردنەوەی هاتنی وەچەیە، یانیش درێژ بوونەوەی ماوەی نێوان منداڵ بوون.
تێکرای زاوزێ ، بەو کەرتە ژمارەییە دەوترێت کەژێرەکەی ژمارەی ئەو ژنانەن کەلە تەمەنی زاوزێدان، سەرەکەشی کۆی منداڵە لەدایك بوەکانن لەو کۆیەدا، ئەو تێکڕایانە بەکەڵکی تێگەیشتن دێت، بۆ ژمارەی منداڵە لەدایکبووەکان.

**Festivals** — فستیڤال — الاحتفال
ئاهەنگ — المهرجان

یەك لەدیاردەکانی نەریتە کۆمەڵایەتیەکانە، لەبەر ئەوەی رەفتاری مرۆڤی سەرەتایی کەپشتی بەسیحرو جادوو بەستووە، ڕوو لە بەشداریکردنی کۆمەڵ یان عەشیرەت یاخود خێزان دەکات لەچەند جۆرە چالاکیەك کەکاریگەریان لەسەر بەرژەوەندییەکانی هەموو کۆمەڵ دەبێت، بۆیە زۆربەی چالاکیەکانی کۆمەڵە سەرەتاییەکان پێویستی بەچەند نەریتێکی کۆمەڵایەتی هەیە.
بەڵام وەك باوە، ئاهەنگە تایبەتیەکان ساز دەکرێن بۆ وەرگرتنی ئەندامانی نوێ لەعەشیرەتدا، یانیش بۆ بەخاك سپاردنی مردوان، هەروەها ئاهەنگە نەریتیەکان ساز دەکرێن بۆ سڕینەوەی تاوانەکان، یان پاڕانەوە لەهێزە سروشت بەدەرەکان و یاخود چاکبوونەوە لەنەخۆشی و دەردوبەلا، یانیش بۆ ئامادەکردنی جەنگاوەران بۆ ڕاوکردن، لەو ئاهەنگانەشدا هەموو ئەندامانی کۆمەڵ بەشداری دەکەن.
ئاهەنگ گێڕان لەکۆمەڵگە شارستانیەکان شێوەیەکی زانستیانەی وەرگرتووە.

**Fitish** — ئەفسانە — الفيتش
جادوو — التميمة

بریتیە لەشتێکی سروشتی یان دروستکراو، زیندوو یاخود بێ گیان، باوەڕیش وایە کە خاوەن هێزێکی ناسروشتی کارایە، بەتایبەتی ئەگەر کاریگەری بۆ خستنە جێی رۆح تێیدا بگەڕێتەوە، لەدوایشدا هەوڵی رازیکردنی دەدرێت یان بەکار دەهێنرێت بۆ مەبەستەکانی جادووگەری.
جیاوازی لەنێوان فیتشی و تەوتەم (totem) ئەوەیەکە فیتشی ئاماژە بۆ شتێکی دیاریکراو دەکات، نموونەی خودی دارێك، بەڵام تەوتەم ئاماژە بۆ جۆرێك لەرووەك یاخود ئاژەڵێك دەکات.
فیتشیزم (fetishism) باوەڕێکی جادووگەری ئاینیە، (magicoreligius) لەنوشتەو جادوەکاندا، هەروەك زاراوەکەشی بەمانا باوەکەی وادەگەیێنێ کەجۆرێکە لەمادییەت لەئایندا، یانیش هەر ئاراستەو بۆ چوونێك کەتەماشای خوداوەند بکات وەك جەستەیەك یان هێزێکی سروشتی.
لەدەروونناسیدا، مەبەست لەفیتیشیزم دیاردەیەکی نەخۆشیە بەوە دەناسرێت کەپەیوەستەبەسیکسەوە، لەچەند بەشێکی دیاریکراو لەش یان جل و بەرگ، کەکەسەکە لەڕووی سیکسیەوە دەوروژێنێت.
تەماشا بکە: تەوتەمەیەت Totemism — سیحر — **Magic**

**Animism** — رەوتی زیندەگەری

## Feud — العداوة — دوژمنایەتی / دژایەتی

حاڵەتێکی ناکۆکی و دوژمنایەتی بەردەوامە، هەندێ جار لەنێوان لایەنەجیاوازەکانی ئەو ناکۆکییە کوشتاری خوێناوی لێدەکەوێتەوە، چونکە ئامانجی هەر کۆمەڵ و لایەنێك لەو دوژمنایەتییە فراوانکردنی سنوری دەسەڵاتەکەیەتی لەسەر حیسابی لایەنەکەی دیکە.

دوژمنایەتی لەبارێکی ئاسایدا لەنێوان ئەو خەڵکە روودەدات کەپەیوەستی خزمایەتی بەیەکیان دەبەستێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی دوژمنایەتی بەوەدەناسرێت کەهیچ لایەکیان توانای زاڵبوونیان نیە بەسەر لایەنەکەی دیکە، یاخود هێرشکردنە سەری. تۆڵە سەندنەوەش بەبەشێك لەدوژمنایەتی دادەنرێت، بەڵام جیاوازی نێوانیان ئەوەیەکە لەنێوان چەند گروپێکی پەیوەست لەگەڵ یەکتر پەیوەستیەکی توند ئەو دیاردەیە روو دەدات، هەر لێرەوەش پەنا بۆ کۆتایی هێنان بەو ناکۆکیەو دەبرێت. دەوترێت، دوژمنایەتی خوێن (blood feud) ئەوەش جۆرێکە لەدوژمنایەتی نێوان چەند خزمێك.

تەماشا بکە: کارێکی دوژمنکارانە. **Hostility**

## Feudalism — النظام الاقطاعي — دەرەبەگایەتی / فیودالیزم

سیستمێکی سیاسی کۆمەڵایەتیە، بنچینەکەی ئابوری دێهات و گوندە، لەخەسڵەتەکانی ئەم سیستمە، دەسەڵات لەجۆرەها هەرێمە سەربەخۆکان پەرش وبڵاو دەبێت، بەو هەرێمانەش دەوترێت ناوچەی دەرەبەگایەتی (fiefs)، بەدەست کەوتنشی بەندە بەجێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەك.

ئەم جۆرە سیستمە لەسەدەکانی (12، 13) لەئەوروپا بڵاوبۆتەوە، گەورە موڵکداران بەپێی ئەو سیستمە دەبوونە خاوەن زەوی، پاشان ئەو زەویانەیان دەسپاردە دەستی کشتیاران، یاخود کۆیلەکانی زەوی (serfs) بۆ بەکارهێنانی لەبەرامبەر ملکەچیان بۆ دەرەبەگ و بەجێهێنانی ئەرکی سەربازی.

تەماشا بکە:

**Ana: feudalism**
**Manorial system, serfdom**

## Fiction — الخيال / الوَهم — خەیاڵ / شتێکی هەڵبەستراو

واتە مرۆڤ شتێك شێوە بکات یان بەخەیاڵیدا بێت، ئەو شتەش ئاماژە بێت بۆ بابەتێك کەجێگرتنەوەی ئەو بابەتەی هەبێت. تاکەکان واهەڵس و کەوت دەکەن، وەك ئەوەی ئەو ئەندێشەو بەخەیاڵ داهاتنە ڕاستەقینە بێت، هەروەها هەڵس و کەوتەکەش لەهەندێ بارودۆخدا داکۆکی لەسەر ڕاستی و دروستی ئەو شتە بەخەیاڵ داهاتووە دەکات، دیارە ئەوەش بەو مانایە دێت کەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی لەوجۆرە خەیاڵ و ئەندێشانە پێکدێن و گەشەش بەو بارودۆخەی پێشوی ئەو ئەندێشەو خەیاڵ کردنە دەکات، ئەندێشەو داڵغە کەسێتیەکان سوودیان بۆ ئاراستەکردنی رەفتاری تاك دەبێت، ئەویش لەناوشێوازێکی تەواوی سیستمی ژیان، یاخود ئاشکراو ڕوون بەلای کەم، کە لەدوایشدا داکۆکی کردنێکە لەسەر ئەندێشەو داڵغەکان، ئەمەو ئەفسانەو فێلەیاساییەکان ئەرکێکی هاوشێوە بەجێ دەهێنێ، هەروەك ئاشوبەو ئەندێشەکان زۆر بەواقیعی دادەنرێن، ئەگەر وەك هۆیە کۆمەڵایەتیەکان تەماشا کران.

## Fictionism — النزعة الخيالية — ڕەوتی ئەندێشەگەری

یەك لەشێوەکانی پراگماتیزمە (کردەخوازی) بەزیادە ڕۆییەوە، وادەسەڵمێنی کە چەمکە بنچینەییەکان و بنەماکانی زانستە

سروشتیەكان و بیركاری و فەلسەفەو ئاكارو ئاین و یاساڕێژی، هەموویان تەنها ئەندیشەن، بەڵام هەر چەندە ڕاستی بابەتیانەیان ناتەواوە ئەوا هۆكاری بەسوودن لەكاركردندا.

**Fief** الاقطاعة پارچە زەوییەكی دەرەبەگایەتی

پارچە زەوییەكە دەدرێتە یەك لە پیاوەكانی دەرەبەگ (جوتیار، كەشتیار، كۆیلە)، ئەویش بەپێی سیستمی دەرەبەگایەتی، كە دەرەبەگ ئەو دەسەڵاتەی هەیە، بەمەرجێ ئەو كەسەملكەچی دەرەبەگ بێت و كارەسەربازییەكانی، یان هەركارێكی دیكەی دەرەبەگ جێبەجێ بكات.

**Field research** البحث الميداني توێژینەوەی مەیدانی

توێژینەوە یەكە لەبارێكی سروشتی و دوور لەنووسینگەكان دێتەدی، وەك ئەو چاوپێكەوتنانەی كەلەگەڵ چەند كەسانێك ئەنجام دەدرێن، ئەوانی پەیوەندییان بەبابەتی توێژینەوەكە هەبێت، یاخود وەك پڕكردنەوەی فۆرمەكانی ڕاپرسی...هتد.
هەروەها لە ئەنترۆپۆلۆژیدا بە توێژینەوەی مەیدانی دەوترێت، میتۆدی توێژینەوەی مەیدانی.

**Field sources** مصادر الميدان سەرچاوە مەیدانیەكان

ئەو لایەنانەی دەكرێ زانیاری دوورو درێژیان لێدەست بكەوێت، لەلایەن توێژەرەوە كەپێویستی پێیان دەبێت.
ئەگەر زانیارییە پێویستیەكان لای چەند تاكێك دەستكەون، ئەوا توێژەر پەیوەندیان لەگەڵ دەكات بۆ كۆكردنەوەیان، بەڵام ئەگەر زانیاریەكان لای ئەو تاكانە فەراهەم نەبوو ئەوا توێژەر هەڵدەسێت بەپێداچوونەوەیان وسەرنجدان لەو دیاردانەی پێویستن بۆ لێكۆڵینەوەكردن لەسەریان، دیارە لەو بارەشدا پێویست دەكات توێژەر لەسەر ئاستێكی بەرزی ڕاهێناندابێت.
سەرچاوەكانی مەیدان بەكار دەهێنرێن لەبارێكدا ئەگەر زانیارییە پێویستەكان لە سەرچاوە مێژووییەكانەوە فەراهەم نەبوو، هەروەها ڕەنگە بارودۆخ والە توێژەر بكات كە هەردوو لایەنی سەرچاوە بەیەكەوە بەكار بهێنێ.

**Field theory** نظرية المجال تیۆری مەیدان
دیمانەی بواری

تیۆرییەكە لەدەروونناسی كۆمەڵایەتی، لەلایەن (kurt lewin) دانراوە، ناوەرۆكەكەی بریتیە لەوەی كە ڕەفتار دەرئەنجامی چەند هۆكارێكی بواری زیندەكاریە (life space) یان ئەو بوارە كۆمەڵایەتیەی (social space) كەهەندێكیان پشت بە هەندێكی دیكە دەبەستێت.

**Fight** المكافحة بەربەرەكانی
بەرهەڵستی

ئەو هەوڵ و ڕەنجانەی كە دەزگاكانی حكومەت یان دامەزراوە تایبەتیەكان پێی هەڵدەستن بۆ ڕێگری لەنەخۆشیە سروشتیەكان یان دەردە كۆمەڵایەتیەكان، وەك ڕێگرتن لە نەخۆشی شێر پەنجە (fight against cancer) و تاوان (fight against crime)، هەروەها بەربەرەكانی كردنی كەتنی مێرد منداڵان (fight against delinquenc)، لەگەڵ بەرەبەرەكانی كردنی نەخۆشیە پەتاییەكان (fight against epidemics).

**Filiation** البنوة وەچەیەتی
فرزەندی

واتە پەیوندی خزمایەتی نێوان باوك و كوڕەكەی، ئەوەش لەحاڵەتی كوڕو باوكایەتی (paternal)، هەروەها پەیوەندی

نێوان کوڕو دایکەکەی، ئەویش لەحالەتی کوڕو دایکایەتی (maternal) ئەم زاراوەیە بەکار دەهێنرێت وەك ژمارە کردنێك بۆ پەیوەندی خزمایەتی.

فیلمی سینەمایی | الشريط السينمائي | Film

فیلمی سینەمایی، ئەو بابەتە دەگرێتەخۆی کەلەڕێگای ئامێرێکی تایبەتەوە پیشان دەدرێت، فیلمە سینەماییەکان دوو جۆرن.
فیلمی درێژ، کەچیرۆکە سینەماییەکانی لەسەر تۆمار کراوەوو درێژییەکەی، لەنێوان (1-3) هەزار مەتر دەبێت.
فیلمە کورتەکان، ئەوانە لەیەك هەزار مەتر کورترن، بەزۆریش ڕووداوەکان یان بابەتەکانی گەشت و گوزارو زانستیەکان دەگرنەخۆیان، دەربارەی نمایش کردنی فیلمە سینەماییەکان، ئەوانە (16) ملم یاخود (35) ملم دەبێت.
دەوترێت شیکردنەوەی فیلمەکان (film analysis) مەبەستیش لێی: لێکۆڵینەوە لەکارەکانی، واتە پشکنینی فیلمێکی سینەمایی بۆ پرۆسەیەك، لەپرۆسەکان، پشکنینەکەش دوورو درێژ دەبێت، کەلەبارێکی ئاساییدا لێکۆڵینەوە بۆ هەموو وێنەکانی فیلمەکە دەکرێت هەریەکە بەتەنیا.

تەماشا بکە: سینەما | Cinema

ڕێبازی ئامانجخوازی | المذهب الغائي | Finalism

تیۆرییەکە دەڵێت: ئامانجی کۆتایی لەهەموو ڕووداوەکانی سیستمی سروشتیدا بوونی هەیە، لەبەرامبەر ئەم تیۆرییە تیۆری هۆکارێتی (causality) بۆ چوونی وایەکە ئەوی بوونی هەیە پێشووترەکەی ڕاڤەی دەکات، واتە لەئامانجخوازیدا ئەوە ڕووندەکرێتەوە کەبۆ ڕووداوەکە ڕوویداوە، لەکاتێکدا تیۆری هۆکارێتی ئەوە ڕووندەکاتەوە کەبەهۆی چییەوە ڕووداوەکە ڕوویداوە.

دارایی گشتی | المالية العامة | Finance public

زانستێکە لەداهات و خەرجیەکانی کەرتی حکومەت و دامەزراوەگشتیەکان (public authorities)، دەکۆڵێتەوە، ئەگەر خۆجێی بێت یان نیشتمانی، بۆیە ئەو زانستە لەباجەکان بەهەموو جۆرەکانی و ئەو کاریگەریانەی بەدوایاندا دێت و ئەو قەرزانەی دەدرێن، هەروەها ڕووە گشتیەکانی خەرجی دەکۆڵێتەوە، ئەمەو لەگەڵ بایەخدانی بەئامادەکردنی بودجە بەهەموو جۆری و کێشەکانیەوە.
ئەو بیرۆکەیەی لەم ڕۆژگارەدا باوە، ئەوەیە کە حکومەت دەتوانێت نێوان ئاستە گشتیەکانی خەرجکردن و باجەکان بگونجێنێت، ئەوەیش بەمەبستی کەمکردنەوە لەتووندی قەیرانە خولیەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی کرێکاری و فەراهەم کردنی خۆشگوزەرانی ئابوری.
لەبەر هەموو ئەوانە بازنەی ئەم زانستە فراوان بۆتەوە، تەنها وەك لێکۆڵینەوە لە کۆکردنەوەی داهات و خەرجکردنی لەبوارەگشتیەکان نەماوە، بەڵکو لەتوێژینەوەکانی باس لەگونجاندنی ئاستەکانی خەرجکردنی گشتی و باج و قەرزەکانیش دەکات، ئەویش بۆ چاودێری کردنی سەر چالاکی ئابوری خەلکی و هەروەها ئەو پرۆسانە چی بەدوای خۆیاندا دەهێنن لەکاریگەرییە ئابورییەکان.
دارایی گشتی پەیوستیەکی توندی هەیە بەبابەتە کۆمەڵایەتیەکانەوە، ئەو لەو ڕادەیە دەکۆڵێتەوە کەپێویست دەکات باجەکان بەسەر دەوڵەمەنداندا بسەپێنرێت ئەویش بەمەبەستی هاوکاری هەژارو کەم دەرامەتەکان، هەروەها ئەگەر بەردەوامی لەو هاوکارییە بەدزینی ئەو بەرهەمە دابنرێت کەبەهۆی چالاکی ئابورییەوە هاتۆتەدی، ئەمەو لەگەڵ ڕادەی کارتێکردنی باجەکان بەسەر هاندانی تاکەکانداو..هتد.

**Financial administration** الادارة المالية بەڕێوەبەرایەتی دارایی

واتە، لایەنەکانی چالاکی کارگێڕی، یان کۆمەڵە فەرمانە کارگێرییەکانی ئەو پرۆژانەی کەجوولەی دارایی ڕێکدەخەن و پێویستن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پرۆژەکە بە توانایەکی بەرزەوە.

گرینگترین ئەرکە سەرەکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی دارایی، بریتین لە:

1- پلان و نەخشەکێشانی دارایی، ئەویش پەیوەستە بەلێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی جوولەی پارە چاوەڕوانکراوەکان و دانانی ئەو پلانانەی کەپرۆژەکە لەسەری دەڕوات لەئایندەدا.

2- پەیداکردنی پارەی پێویست، کەناکرێ لەداهاتەکانی رۆژانە بەدەست بێت.

3- چاودێری دارایی واتە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی کاروبارەکانی ڕابردوو، هەروەها کاروبارەکانی ئێستا، بۆ دڵنیابوون لەوەی کەچالاکی و جوولەی دارایی بەپێی پلانی دارایی بەڕێوە دەچێت، لەگەڵ دڵنیابوون لەوەی کەهەر لادانێك یان جیاوازییەك لەنێوان نەخشەکان و ئەوەی ڕوویداوە، توانراوە لەڕاستیدا زاڵبن بەسەریدا.

بۆ باش جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی خراونەتە ئەستۆی کارگێڕی دارایی، ئەوا پشت بەدوو هۆکاری سەرەکی دەبەسترێت:

أ) ڕێکخستنی ژمێریاری باش بۆ پرۆژەکە، کەتۆماری زانیارییەکی هەمەلایەن بۆ کارگێری ئامادە دەکات، ئەویش دەربارەی ئەنجامەکانی پێشووی کاروبارەکان، و بارودۆخی ئێستای دارایی کەهەیە.

ب) بودجە خەملێنراوەکان، بەپێی ئەو سیاسەتانەی دانراون، کە هۆکارێکی چاودێرین لەسەر جێبەجێکردنی پرۆژەکە.

**Fine arts** الفنون الجميلة هونەرە جوانەکان

**Art** تەماشا بکە: هونەر

**Fire ceremony** حفل مراسيم النار ئاهەنگی ئاگرکردنەوە

زۆر لەکۆمەڵە سەرەتاییەکان بەچاوێکی پیرۆزەوە تەماشای ئاگریان دەکرد، ئەوان بۆ چوونیان وایە کە درێژەدان بەگڕکردنی ئاگر پەیوەستە بەدرێژەپێدانی ژیان، لەبەر ئەوەی گەرمی و ژیان بەیەکەوە بەستراون، بۆیە هەندێ لەو کۆمەڵانە ئاگریان دەپەرست و ئاهەنگی ئاگر کردنەوەیان ساز دەکرد.

**Firm** البيت التجاري ڕێکخراوی بازرگانی

**Enter priste** تەماشا بکە: پرۆژە

**Fiscal policy** السياسة الضرائيبة او المالية سیاسەتی باج یان دارایی

بریتیە لەو سیاسەتە داراییەی کەحکومەت پیادەی دەکات و لەو بوارانەی کەباج سەپاندن دەگرێتەوە، بەشێوەیەکی ڕاستەووخۆ ناڕاستەوخۆ، هەروەها ئەو چەشن وجۆرانەی بەهۆیانەوە باج دەسەپێنرێن...هتد، ئەو سیاسەتەش بوارەکانی خەرجکردن دەگرێتەوە بەمەبەستی بەدیهێنانی سەقامگیری و پێشکەوتنی ئابوری نەتەوەیی. حکومەتەکان باج دەسەپێنن بەسەر هاوڵاتیان وەك بەشدارییەکی ئەوان بۆ داپۆشین و پڕکردنەوەی خەرجیەکان.

باج لەهەموو سەر دەمێك بەگرینگترین ئەو بابەتانە دادەنرێن کەبایەخ پێدانی حکومەتەکان دەوروژێنن، ئەویش بەهۆی پەیوەندی توندییان بەبارو دۆخی گەلان لەڕووی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە.

باج ئـەو پەيوەسـتيە مادييەيـە كـەتاك بەحكومەتـەوە دەبەسـتێتەوە، لەدوايشـدا بەهـەموو تاكـەكانى ديكـەوە، هـەروەها بەگرينگترين ئەو چـەكانەش دادەنرێت كـە حكومەتـەكان بـەكاريان دەهێـنن لەنەخشەكێشانى سياسـەتى دارايـى و ئـابورى و كۆمەڵايەتى.
لەميانەى ئاراستە سۆسيالستيە تازەكانەوە بۆ باج، ئەركى نوێ دەركەوتووە، ئەويش ئەوەيە وەك ئامرازێك بەكار بهێنرێت بـۆ جێبـەجێ كردنـى دادپـەروەرى كۆمەڵايـەتى و بەرزكردنـەوەى ئاسـتى ژيـان بـۆ چـينە زەحمەتكێشـەكان، لەگـەڵ بـەديهێنانى شێوازێكى ڕاست لەدابەشكردنى داهاتى نەتەوەيى.

لێوەشاوەيى
لێهاتوويى
اللياقة الصلاحية
**Fitness**

مەبەست لەم زاراوەويە، ئەوەيە تاك هەڵگرى خەسڵەتە چاك و لـەبارەكان بێـت، ڕەنگـە ئـەوەش جەسـتەيى بێـت يـان ئـەقلى ياخو دەروونى.
دەوترێـت، لێهـاتوويى تـاك بـۆ كـاركردن (fitness for work) واتــە چــەند خەسـڵەتێكى پێويسـتى تێـدابێت بـۆ پێداويستيەكانى كار، هەروەها پەيوەنديى تاك بەو كارەى كەلەگـەڵ ئامـادەيى ئـەو ناگونجێت، ديـارە ئـەوەش زيـان بـەخۆى و بەدامەزراوەكەشى دەگەيێنێ لەهەمان كاتدا.

لێوەشاوەيى چەند پلەيەكى دياريكراوى هەيە **(digress of fitness)**
ڕەنگـە ئـەو لێوەشـاوەييە تـەواو وپڕبـێ (integral fitness) يـان سـنوور داربێـت (partial fitness)، واتـە نـەبوونى تواناتەواو و لەبارەكان بۆ مەرج و پێداويستيەكان كار.
دەوترێت: لێوەشاوەيى كۆمەڵايەتى (social fetness) واتە فەراهـەم بـوونى ژمارەيـەك لەخەسـلەتە ئـەقلى و ڕەوشـتيەكان كەپەسندن و لەتاكدا بێنەدى.

جێگيرى
چەسپاندن
التثبيت، الرسوخ
الترسيخ
**Fixation**

لەقوتابخانەى شيكردنەوەى دەروونى، خۆبەستنەوەو پابەندى تاك بە قۆناغێكى سـەرەتايى لەقۆناغـەكانى گەشـەكردن يـاخود بەشێكى ئەو قۆناغـە، ئـەم ديـاردەيـە دژوارى لـەپێكهێنانى پەيوەندييـەكان يـانيش بايـەخ پێـدان بـەبوارى تـازە، يـان گـەيشتن بەحاڵەتێك لەگونجاندنى نوێ دەگەيێنى.
دەوترێـت جـێگيرى نائاسـايى (abnormal fixation) واتـە، بـەردەوام بـوونى جۆرێـك لـەرەفتارو بـەهێزى هانـدەرەكانى، كەبەوشكى و بێ جوڵەيى ورەفتارى زۆردارانە جياواز دەكرێتەوە.
هەروەها دەوترێت جێگيرى نێگەتيڤانە (negative fixation)، واتە فێربوون بەدووركەوتنەوە لەجۆرەها چالاكى بـەهۆى پەيوەندييان بەسزادانەوە.
لەگەڵ جێگيرى پۆزەتيڤانە (positive fixabion)، واتە فێربوونى جۆرەها چالاكى كەبەپاداشتەوە پەيوەستن.

مەرايى
پياهەڵدان
الاطراء، التملق
المُداهنة
**Flattery**

واتە پياهەڵدانێكى رووخۆش و نەرم و لـەبار، هـەروەها گفتوگۆيـەك بەزيادەرۆييـەوە لەميانـەيدا ستايشـێكى درۆزنانـە بـەكار دەهێنرێت، وەك هۆكارێك بۆ ڕاكێشانى سەرنج و ئاگايى بەرامبەرو بەدەستهێنانى ڕەزامەندى.
لەبارێكى ئاسايداو وەك باوە، مەرايى و پياهەڵدان ئـامرازى كۆمەڵـە كەسـانێكن بەرامبـەر بەبەرپرسـەكانيان پێـى هەڵدەسـتن،

ئەویش مەبەستی سەرکەوتن و بەدەستهێنانی پلەو پایەی، کۆمەڵایەتی (social climbing).

**Flow of Labour** تدفق العُمال جوڵەی گەرمی کرێکاران

مەبەست لەم زاراوەیە، گۆڕان لەچالاکیەکانی کرێکاران ڕوودەدات، کاتێك داواکردن لەسەر کارکردن کەمدەبێتەوە ئەوا ئەو بارە دەگۆڕێ بەرەو چاکتر.

واگریمانەش دەکرێت لەڕووی تیۆرییەوە، کەیاسای خستنە ڕوو داواکردن، هاوسەنگیەك بەدی بهێنێ، بەڵام لێرەدا چەندین ڕێگر هەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەو هاوسەنگیە، لەو ڕێگریانە: ئارەزووی کرێکاران وپابەندی و پەیوەندییە ژینگەیی و خێزانیەکان.

**Flow process chart** رسم بياني لحركة العمليات هێلکارییەك بۆ بزاوتی پرۆسەکان

هێڵکارییەکی روونکردنەوەی تایبەتە بەلێکۆڵینەوەکان دەربارەی کارکردن، ئەو وێنە هێلکارییە زنجیرەی جوڵەی کاڵایەك یان کارێك ڕووندەکاتەوە، ئەویش بەتۆمارکردنی هەموو ئەو ڕووداوانەی دێنەدی، بەهۆی بەکارهێنانی هێما لەبارە تایبەتەکان بەهێلکاری پرۆسەکانی روونکردنەوە.

هێلکاری روونکردنەوە هەموو پرۆسەکان و کاروبارەکانی گواستنەوەو پشکنین و ڕووداوەکانی دواکەوتن و پرۆسەکانی عەمبارپڕکردن دەردەخات، هەروەها زۆرجار زانیاری دیاریکراوی وەك کاتی پێویست و ئەو مەودایەی کەبریویەتی دەگرێتەوە.

**Fluctuations economic** التقلبات الاقتصادية گۆڕانکارییە ئابورییەکان

جوڵەو پشێوی لەو هەستان و دابەزینەی لەچالاکی ئابوریدا ڕوودەدات، ئەویش چەند جۆرێکە، هەندێکیان وەرزین (seasenal)، ئەوانە بریتین لەوگۆڕانکاریانەی تووشی ئەوپیشەسازییانە دەبن کەسروشتێکی وەرزییان هەیە، ئەوانە لەوەرزێکدا چالاکیان زۆر دەبێت و لەوەرزێکی دیکەدا کەم دەبێتەوە.

هەندێکی دیکە لەو گۆڕانکاریانە لاوەکی و لەناکاو ڕوودەدەن (random) ئەوانە بەهۆی کارەساتە سروشتیەکانەوە پەیدا دەبن، یاخود بەهۆی ڕووداوە کۆمەڵایەتیە گرینگەکانەوە، وەك ڕووداوی جەنگ یانیش لەئەنجامی داهێنان و نوێکاریەکانەوە.

هەروەها هەندێ گۆڕانکاری درێژخایەنن (secular) ئەو گۆڕانکاریانە بەسستی ڕوودەدەن وبڵاودەبنەوە بۆ ماوەی ساڵانێکی دوورودرێژ بەردەوام دەبن، لێرەدا گۆڕانکاریەکان کاریگەری درێژخایەنیان دەبێت لەسەر بەهەرم و لەسەر دانیشتوانیش.

گۆڕانکارییە خولیەکانیش (cyclical) ئەوانەن کەبەرێك و پێکی ڕوودەدەن لەماوەی بەدوایەکداو لەحاڵەتی پەرەسەندنی بارزگانی بێت یاخود بێ بازاڕی.

هەر خولێکی بازرگانیش کەپێکهاتووە لەماوەیەکی بڕەو سەندن و ماوەیەکی بێ بازاری، ئەوانە لەبارێکی ئاسایدا نێوان (7 بۆ 9) ساڵ دەخایێنێت.

**Fluidity** السيولة پارەی بن دەست / المرونة ڕەوین

ئەم زاراوەیە لەئیکۆلۆجیای کۆمەڵایەتی بەکار دەهێنرێت، وەك ئاماژەیەك بۆ جوڵە خۆجێیەکانی دانیشتوان کەگۆڕین لەشوێنی نیشتەجێ بوونیان ناگرێتەوە، لە شارەگەورەکان تێبینی ڕەوینی دانیشتوان دەکرێت، لەوشارانە چەندین گەڕەکی نیشتەجێ بوونی دوور لەناوەندی بازرگانی شاردا هەیە، ئەو دوورییە پێویست بەهاتووچۆو جێگۆڕکێی ڕۆژانە دەکات بۆ بەشێکی گەورەی دانشتوانی شار، دیارە ئەو گواستنەوەو جولەیەش پەیوەستە بەسیستمێکی زۆر پێشکەوتووی هاتووچۆ.

لەئابوریشدا، مەبەست لە ڕەوین، توانای پرۆژەیەکی دیاریکراوە لەسەر جێبەجێکردنی پابەندییە داراییەکانی، بەبێ دەستدان لە پوختەی ئەوەی هەیە لەسەرمایەو هەبووەکان.
ئەم دیاردەیە گرینگیەکی گەورەی هەیە لای بانکە بازرگانیەکان، چونکە ئەو پارانەی لەبانگ دانراون، ئەوانە دەکەونە ژێرباری ڕاکێشان و وەرگرتنەوە لەکاتی پێویست و خواستدا.

کۆمەڵگەیەکی میللی ١- المجتمع الشعبي **Folk**

گەل الشعب

لەزانستی (بنەچەناسی) ئەثنولۆجیا مەبەست لەزاراوەی گەل، هەموو ئەو خەڵکەیە کەبەشدارن لەدەستمایەی بنچینەیی کەلەپوری کۆندا.
ئەوانە لەگەڵ یەکتر چەند بەرژەوەندییەکی هاوبەش بەیەکیان دەبەستێتەوە.
دیارە مەبەست لەوشەی (گەل) بەجۆرێکی تایبەتیش ئەو بەشە چینایەتیەی خوارەوەیە، ئەوانی داب و نەریتە کۆنەکانیان پاراستووە.

میللی ٢- الشعبي

واتە خەسلەتەکانی هەموو شتە تایبەتیەکان بەگەل، کەبەشێکن لێی جیا نابنەوە.
دەوترێت: هەڵپەرکێی میللی (folk dance) و گۆرانیە میللیەکان (falk songs) و چیرۆکە میللییەکان (folk tales)، ئەوانە هەندێ ڕووی ئەو کەلەپوورەن کەلەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە.

تەماشای ئەفسانەناسی بکە: **Mythology**

فۆلکلۆر الفولكلور **Folklore**

کەلەپوری میللی المعتقدات الشعبية

واتە، کەلەپوری رۆحی گەل، بەتایبەتی ئەو کەلەپورە زارەکیە نەریتگەرییەی لەکلتوری میللیدا (folk trdition) هەیە، یان بەدەربڕینێکی دیکە، کەرەستەو بابەتە میللیەکە، کەئەویش بابەتی زانستی فۆلکلۆرە (folkloristics) وەك بیروباوەڕو ئەفسانەو داب و نەریتە باوەکان ...هتد.

داب و نەریت و ئاوازە میللیەکان العادات أو المأثورات أو الاساليب الشعبية **Folk ways**

کۆی ئەو ڕواڵەت و دیمەن و روخسارانەیە بۆ ئەو کارو کردەوانەی باون و راهاتووین لەسەریان، یان داب و نەریتەکانی تاك.
وشەکەبەو هاوچەشنی و هاوڕەگەزییەش دەوترێت کەلەرەفتاری تاکەکانی ناو کۆمەڵ هەستی پێدەکەین، دیارە ئەوەش ئەو چەشنیەیە کە بەشێوەیەکی خۆکردانەو بێ هەست پێکردن دەردەکەوێت ئەویش وەك ئەنجامێك بۆ تەبایی و گونجانی تاکەکانی ناو کۆمەڵ لەگەڵ ئەو بارودۆخەی کەدەوری کۆمەڵگەکەیان دەدات.
ئەگەر وشەی نەریت (habit) ئاماژە بێت بۆ دروست بوونی نەریتی تاکی و چۆنیەتی پێگەیشتنی و بەراوردکردنی بەجۆرەکانی دیکەی رەفتارە زیندووەکان، ئەوا نەریتە میللییەکان ئاماژەن بۆ ئەو دیمەن و رووکارە کۆکراوانەی نەریتە کۆمەڵایەتیەکان.
لەبەرامبەر شێوازە میللییەکان، شێوازە هونەریەکان (technic ways) دێت، کەئاماژەن بۆ جۆرەکانی رەفتاری باو لەشارستانیە زانستیە تەکنولۆجیەکان.

تەماشا بکە: خوورەوشت **Custom**

نەریتی کۆمەڵایەتی **Tradition**

نەریت، دەستور **Convention**

بەدواداچوون
**Follow-up** المتابعة
درێژەپێدان

جۆرێکە لەچاودێری لەسەر ئەنجامەکانی ئەو ڕەنج و هەوڵانەی کە دراون، دەربارەی کارو چالاکی تاکێك، یان پرۆژەیەك، بەمەبەستی بریاردان لەسەر ئەوەی ئایا ئامانجەکانی خۆی بەدی دەهێنێت و جێبەجێکردنی بەرنامەکانیش جووتن لەگەڵ ئەو پلانەی کەدانراوە، هەروەها ئەو ماوەیەی کەبۆی دیاریکراوە، ئەویش بەکەمترین خەرجی و بەزۆرترین رادەی لێهاتوویی و پێویستی.

دەوترێت: تۆماری بەدواداچوون (follow-up record) و ڕاهێنانی بەدواداچوون (follow-up).

خۆراك
**Food** الطعام
بژێو

ئەوەی مرۆڤ وەری دەگرێت و دەیخوات بۆپەیداکردنی گەرمی و وزە لەلەشدا، خۆراك پێویستە هەموو ڕەگەزە خواردەمەنیە پێویستیەکانی تێدا بێت بە برێکی تەواو، هەڵبژاردنی جۆرەکانی خواردن لەسەر ئاستی گوزەران و داب و نەریت و ئارەزوو چێژی تاکەکان دەوەستێت.

لەم بوارەدا داب و نەریتێکی زۆر هەیە کەپەیوەستن بەخواردنەوە (food traditions)، وەك ئەوەی چی دەخورێت لەژیانی ئاسایی یاخود لە بۆنەو جەژنە ئاینییەکان.

دەوترێت کۆمەڵە خۆراکیەکان (food cyle) واتە ئەو کۆمەڵە خواردنەی یارمەتی کۆمەڵە کەسانێك دەدات ئەوانی لەناوچەیەکی دیاریکراو دەژین، بۆ ئەوەی لەوناوچەیە درێژە بەمانەوەی خۆیان بدەن.

بژوێنی خواردن **Ana.nutrition**

کۆکردنەوەو
**Foof collecting** جمع و التقاط الثمار
چنینەوەی میوە

یەکەم پیشەیە مرۆڤ زانیویەتی لەکۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا، کارەکە بەزۆری پەیوەستە بەقۆناغی ڕاو لەسەر زەوی (وشکانی) (hunting) و راوکردن لەناو دەریادا (fishing)، کۆمەڵگە قەبارە بچووکەکان، بەتەواوی پشتیان بە سروشتەوە بەستووە، ئەوانە لەبارێکی گوازەگوزای زۆردان، کاتی ئەوەیان بەدەستەوە نیە خەریکی چالاکیە تایبەتیەکان بن، لەبەر ئەوەی گەڕان بەدوای خۆراك زۆربەی کاتەکانیان دەبات، هەروەها زۆر لەباری برسێتی نزیك دەبنەوەو ناتوانن ئەو ژینگەیە چاك و ئاوەدان بکەنەوە کەتێیدا دەژین، بۆیە لەکەمترین بارودۆخەکانی ژیان دەمێننەوە، هەروەها ئەو کۆمەڵانە ئاڵ و گۆڕکردن یاخود بازرگانی ناکەن، سەرەڕای ئەوانەش سامانی تاکە کەسی، یانیش جیاوازی چینایەتیان تێدانیە.

شێوازەکانی
**Food consumption patterns** انماط استهلاك
بەکاربردنی خۆراك الطعام

بەکاربردنی خۆراك وەك چەند ڕوویەکی چالاکی بایۆلۆجی دادەنرێت، تاکیش پشتی پێی دەبەستێت، وەك یەك لەدیمەن و ڕووەکانی رەفتاری کولتوری.

هیچ کۆمەڵگایەکیش نیە ڕێگا بەتاکەکانی خۆی بدات کە هەر شتێك بخۆن و لە هەر شوێنێکداو لەگەڵ هەر تاکێك و لەهەر هەل و مەرجێکدا بێت.

دیاره بەکار هێنانی خۆراکیش ملکەچی چەندین ڕێساو نەریت دەبێت، هەریەکەیان پێرەوی چەندپلەیەکی جیاوازی هێماکاری دەکات، ئەو پلانەش لایەنەکۆمەڵایەتیەکان و ئەو گروپانەی کەدەکرێ تێیدا خواردن یاخود جۆرێکی دیاریکراوی، خواردن بەکاربەرن، دیاریان دەکات، هەروەها قەدەغەکردن و نەهێشتنیش لەجۆرەکانی دیکە.
لەهەموو کۆمەڵگاکان بەکاربردنی خۆراك هێمایە بۆ چەند جۆرێك لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، وەك نزیکی یان دووری ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە، هەروەها پەیوەندی برایانەی ئاینی و پەیوەندییەکانی نێوان خێزانەکان و ....هتد.

**خزمەتگوزارییە خۆراکیەکان** | **خدمات التغذية** | **Food services**

خزمەتگوزارییە خۆراکیەکان، بوارەکانی ئامادەکردنی شوێنی پێویست بۆ نان خواردن وجێگاو بازاڕەکانی فرۆشتنی پێداویستیەکانی خۆراك، هەروەها پێشکەشکردن و ئامادەکردنی ژەمەکانی خواردن بەشێوەیەکی لەبار لەناو دامەزراوە پیشەسازی و کۆمەڵایەتیەکان دەگرێتەوە، لەگەڵ هاندانی تاکەکان بۆ پیڕەوکردنی نەرێت و هەڵس و کەوتی دروست لەژەمەکانی نان خواردن.

خواردن پێدان **Cf. feeding nutrition**

**هێز**
**تین** | **القوة** | **Force**

هەموو هێزو تینێك کاریگەرییەك دروست بکات، لەمیکانیکدا هێز دەناسرێت بەوەی هۆکاری ئەو گۆڕانکاریانەیە کەبەسەر جولەدا ڕوو دەدات.
هێز بەمانای هاندەر، لەسەر دوو جۆر دەبێت.
هاندەری ناوخۆیی (inner force) کەپشت بەسەر بارودۆخی ئەندامیەتی ناوخۆیی دەبەستێت، هەروەها هاندەری دەرەکی (external force) کەپشت لەسەر ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی دەبەستێت.
لێرەدا چەندین جۆری هێز هەیە: لەوانە، هێزی دەروونی (psychic force) کەپشت بەئەزموونە هۆشیارییەکانی دەبەستێت، هێزی کۆمەڵایەتی (social force) کەبریتیە لەهەموو هاندەرێکی کارا، ببێتە هۆی کارێکی کۆمەڵایەتی .
هەروەها ڕەنگە هێز ئەرێنی بێت، وەك هێزەکانی جێگیر بوون (چەسپاندن) (stabilizing forces)، یان هێزەکانی ڕاکێشان (attraction forces)، هەروەها دەکرێ هێز نەرێنی بێت وەك هێزەکانی هەڵوەشاندنەوە (تێکدان) (disorganizing force) یاخود هێزەکانی دوور کەوتنەوە بەرهەڵستی (repulsion forces).

**پێشهات بەدەر**
**لەدەسەڵاتی مرۆڤ** | **القوة القاهرة** | **Force majeure**

ڕووداوێکی کتوپڕی چاوەڕوان نەکراو، خۆ لێدوورخستنەوەی لەتوانادانیە، لەڕووی یاساییەوە، کەسی پابەندبوو لەپابەندییەکەی دەبوردرێت، لەبەرئەوەی دژوارو ستەمە ئەو پابەندییە جێبەجێ بکات.

**بێگاری** | **السُخرة** | **Forced Labour**
**کارپێکردنی زۆرەملێ** | **العمل الاجباري**

مەبەست لەسوخرە یان کاری بەزۆر، هەرکارێك یاخود هەر خزمەتگوزارییەك، کەسێك بەزۆرو لەژێر هەڕەشەی سزادان پێی هەستێت، بێ ئەوەی کەسەکە خۆبەخش بێت بۆ هەستان بەوکارە.
لەجۆرەکانی ئەو بێگارییە: ئەو جۆرەی لەناوچە دواکەوتووە کۆڵۆنیالەکاندا هەیە، چونکە تاکی سپی پێست توانای نیە، یاخود ئارەزووی کاری دەستی نیە، بۆیە پشتی بەکار پێکردنی خەڵکی ناوچەکە دەبەستێت.

ئەو کارانەی خوارەوە بەبێگاری یانیش بەکاری زۆرەملێ ناژمێردرێت: خزمەتی سەربازی بەزۆر، ئەوکارەی بەسەر کەسێك دەسەپێنرێت بە پێی بڕیاری دادگا، هەروەها هەرکارێك یانیش خزمەتگوزارییەك کەهەل و مەرجە نائاسییەکانی ناوچەکە بیسەپێنێ، نموونەی حاڵەتەکانی جەنگ و کارەساتەکان، خزمەت گوزارییە گشتیە ئاسانە ناوخۆییەکان، کەلەوجۆرە کارانەیە تاکەکانی کۆمەڵگە پێی هەڵدەستن بۆ بەرژەوەندی ڕاستەوخۆی کۆمەڵگە.

ڕێککەوتنامەی کاری نێو دەوڵەتی ژمارە (29) لەساڵی (1920) و ژمارە (105) لە ساڵی (1957) تێیاندا هاتووە:

قەدەغە کردنی بێگاری یاخودکاری بەزۆر بەهەموو شێوەکانی، لەگەڵ وەرگرتنی ڕێ و شوێنی پێویست بەرامبەری .

تەماشا بکە: کاری زۆرەملێ **Ana.compulsory labour**

گرێبەستی کرێکاری **Contract labour**

نۆکەرێتی slavery کۆیلەیەتی **Serfdom**

پێش بینی التنبؤ **Forecasting**

واتە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی گۆڕانکارییەکانی ئایندە، یان ئەوانی چاوەڕوانکراون، ئەویش لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونەکانی پێشو، دیارەپێش بینی کردنیش بەشێکە جیانابێتەوە لەهەر بەگشتی کردنێکی زانستیانە، وەك ئەو کارەی پەیوەستە بەو پەیوەندییەی نێوان دووهۆکار یاخود زیاتر.

لەجۆرە گرینگەکانی پێش بینی، پێش بینی بازرگانی (business forecasting) کەپیاوانی کاروباربەکاری دەهێنن بۆ دانانی پلانە جیاوازەکانیان و بەڕێوەبەردنی ئیش و کارەکانیان، ئەویش بەمەبەستی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو گۆڕانکارییە زۆرانەی ڕوودەدەن لەچالاکی بازرگانیدا.

بنچینەش لەپێشینی بازرگانی تازەدا، بونیادنراوە لەسەر ئەوەی لەدەوروبەر دەبینرێت و سەرنجی دراوەتی لەدیارەدەدووبارە بووەکانی کاروبار لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکەو بەپلەیەکی گەورەی ڕێك و پێکیش.

پێش بینی بوون **Ana.prediction**

تەماشا بکە: خولی ئابوری **Business cycles**

بێگانە الاجنبي **Foreigner**
ئاوارە

ئەو وشەیە لەکۆندا بەو کەسەوتراوە کەدانیشتووی شارۆچکەکە یان ئەو شارەنەبووە کەتێیدا نیشتەجێ بووە، بەڵام ناوەرۆکی تازەی وشەکە تەنها ئەوکەسە دەگرێتەوە کە بێگانەی ناو وڵاتەکەیە بەتەواوی، یاخود ئەو دەوڵەتەی کەتێیدا نیشتەجێیە لەڕووی ڕەگەزنامەی یانیش هاونیشتمانیەوە.

دەوترێت: کرێکاری بیانی (foreign labourer of warken) دەرفەتی کارکردن بەوکرێکارە بەپێی جۆرە یاسایەکی تایبەت بەکارەوە دەبێت، هەروەها دەوترێت بێگانەی زگماك (foreign born)، ئەوەش ئەو بێگانەیە دەگرێتەوە کەڕەگەزنامەی لەو وڵاتە وەرگرتووە کەتێیدا دەژێت.

بێگانە **Ana: alien**

سەرپەرشتی کرێکاران المباشر، الملاحظ **Foreman**
سەرکار المقدم، رئس العمال

سەرۆکی تیمی کرێکارانە، لەخوارترین ئاستەکانی سەرپەرشتیاری دەبێت، سەرۆکی کرێکاران ئەو پەیوەستیە ڕاستەو خۆیەی نێوان کرێکاارن و کارگێڕی دەنوێنێ، هەروەك ئەرکی جێبەجێ کردنی سیاسەتە جیاوازەکانی بەڕێوەبەرایەتیش لە ئەستۆ دەگرێت لەچوارچێوەی کارەکاندا.

سەرکار	Ana: boss

دووربینی
لێکدانەوە	التَبصُر	Foresight

تەماشا بکە: توانای باش بینین و تێگەیشتن	Insight

لەبیرچوونەوە	النسیان	Forgetfulness

نوشستی هێنانی تاك بۆ بەبیرهاتنەوەی رووداوەکان یان چەند بەسەر هاتێکی دیاریکراو، لەگرینگترین هۆیەکانیشی بەکار نەهێنانی تاك بۆ ئەو شارەزاییەی کەفێری بووە.

لێبوردن	التسامح	forgiveness

ڕاگرتنی ناکۆکی و ململانێ و رازی بوون بەباری راهاتوو یان ئەوی دروست بووە، بەبێ ئەوەی لایەنی دەست درێژکراو بەسەریدا هەوڵی بەرگری یاخود رووبەڕوو بوونەوەی رەفتاری دوژمنکارانەی لایەنی دەستدرێژی کەر بدات.

شیوە، فۆرم	١- الشكل
وێنە	الصورة	Form

واتە پێکهێنان، یان قەوارەیەك چەند دۆخێکی دیاریکراوی هەیەو پەیوەست دەبێت پێوەی و هەستیش درکی پێدەکات، ڕەنگە ئەو پێکهاتەیە مادی بێت وەك لەش یاخود مەعنەوی وەك رەفتار.

وێنە لای فەیلەسوفەکان بەرامبەر بەمادە دێت، کە شتێك بەرەها پێی جیاواز دەکرێتەوە، ئەگەر شتەکە دەرەکی بێت ئەوا وێنەکەشی دەرەکی دەبێت، ئەگەر لەمێشکیشدا بێت ئەوا وێنەکەشی ئەقلی دەبێت.

بەڵام مادە (mtter) ئەوە ئەو لەشە سروشتیەیە کەبوارێك لەبۆشایی پڕ دەکاتەوەو دەکرێ کێشی هەبێت یانیش پێوانەویان جوڵەو یاخود بێ دەنگی هەبێت، واتە ئەوەی جیهانی هەست پێکراو پێکدێنێت.

نموونە
فۆرم	٢- النموذج

ئیستمارەیەکە بەشێوەیەکی دیاریکراو دانراوە، بەکار دەهێنرێت لەکار بەڕێوەبردنی جۆراجۆر، وەك نموونەی دەست بەکارکردن (application form) هەروەها ئیستمارەی پشکنینی پزیشکی (medical examination form) .

ڕێکخستنی فەرمی	التنظیم الرسمي	Formal or ganization

تەماشا بکە:	GanizationFormal

سوسیولۆجیای
شێوەیی	علم الاجتماع الصوري	Formal sociology

تەماشا بکە:	Sociology, formal

**Formalism** | المذهب الصُوَري أو الشكلي | ڕێبازی شێوه خوازی ڕەوتی ڕەوشگەری

ئاراستەیەکە مەبەستی ئینکارکردنی بەهای هەردوو لایەنی مادی و بابەتیەکەیە، پشتی تەنها بەلایەنە وێنەییەکەدەبەستێت.

**Formality** | الشكلية | شێوەکاری، ڕواڵەتی

لەیاسادا، واپێویست دەکات شێوەیەکی دیاریکراو لەهەڵس و کەوتدا هەبێت، شێوەکەش بەپێویست دەزانرێت بۆ ئەنجامدانی هەر هەڵس و کەوتێك، ئەگەر نووسینێکی ڕەسمی بێت یاخود ئاسایی و باو، لەوبارەشدا هەر ڕەفتارێك لەڕاستیدا بوونی نابێت ئەگەر ئەو شێوەیە دواکەوت.

**Formed groups** | الجماعات المكوّنة | گروپە پێکهاتووەکان

ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی گشتی لەهەندێ باردا، پێویست بەدروست بوونی ئەوجۆرە گروپانە دەکات، کەلەژێر کاریگەری چەند فاکتەرێکی دەرەکی پێکدێن، وەك: بوونی چەند هەل و مەرجێك یان فشارە تایبەتیەکان، یاخود کەسایەتیە دیاریکراوەکان کەبانگەشە بۆ پێکهێنانی دەکەن، سەرەڕای ویستی ئەندامانی کۆمەڵە یاخود بەهۆی وروژاندنەوە بێت بەتەنها.

نموونەش لەسەر ئەوگروپانە، پۆلەکانی قوتابخانە، تیپە سەربازیەکان، هەروەها ئەو گروپانەی پێکدێن لەناو دامەزراوەو یانەکاندا.

**Formula** | ١- الصيغة | شێواز، شێووگ ڕێسا

ڕستەیەکە بەشێوەیەکی دیاریکراو داڕێژراوە، یان بریتیە لەڕێسایەکی ژمارەیی بەهۆی هێماکانەوە گوزارشتی لێدەکرێت لەسەر شێوەی هاوکێشە.

لەئەنثروپۆلوجیا، ئەو دەستەواژە داڕێژراوانەی کەلەبۆنە جیاوازەکان دەخوێندرێنەوە، ئەوانە خەسلەتێکی پیرۆزیان دەبێت، بۆیە پێویستە وەك خۆی بووترێنەوە بەبێ دەسکاری کردنی هەر وشەیەك تێیدا.

٢- القاعدة | ڕێسا

یاسایەکە، ڕووداوەکان بەپێی ئەو ڕێکدەخرێن.

**Formulative study** | الدراسة الصياغية | توێژینەوەی داڕێژراوەیی

**Exploratory study** | تەماشا بکە: لێکۆڵینەوە پشکنکارییەکان

**fornication** | الجماع الحرام | سیکسی حەرام زیناکردن

پەیوەندییەکی سیکسی نایاسایيە لەنێوان پیاوژنێك کە هاوسەرگیری یەکتر نەبن، بەڵام زیناکردن (adultery) ئەوە لەنێوان ژن و پیاوێك ڕوو دەدات کەهاوسەرگیرییان کردبێ، ئەگەر کرداری سیکسی لەنێوان پیاوێکی هاوسەرگیروژنێکی ناهاوسەرگیر ڕوویدات، ئەوا کارەکە بۆ پیاوەکە بەزینا دادەنرێت بەڵام بۆ ژنەکە کارێکی حەرامە، پێچەوانەکەشی بەپێچەوانە دێتەوە.

**Fortune telling** العرافة **فالچی**

**Devination** **تەماشا بکە: فەتاح فاڵ**

**Foster family** الاسرة البديلة أو الحاضنة **خێزانی بەخێوکەر**

هۆکارێکە بۆ چارەسەرکردنی ئەوکێشە کۆمەڵایەتیانەی بەهۆی لێکترازانی خێزانیەوە پەیدادەبن، خێزانی بەخێوکەر هەڵدەستێ، بەچاودێریکردنی منداڵان لەهەموو روویێکەوە بەتایبەتیش منداڵانی بێ باوك و دایك، هەروەها ئەوانی بەجێ ماون و ئەوانی کەس و کاریان وازیان لێیان هێناوە، لەگەڵ ئەوانی باوك و دایك پێیان بەخێو ناکرێت و ئەو منداڵانەی کەهەندێ تاوانیان ئەنجامداوە یاخود کەس و کاریان دەبنە مەترسی بەسەریانەوە. دەوترێت : منداڵێك جێگای چاودێرییە (foster - shild) باوکێکی جێگرەوە (foster father) هەروەها دایکێکی جێگرەوە (foster mother) لەگەڵ باوك دایکی جێگرەوە (foster - parents)، هەموو ئەو زاراوانە، بەکار دەهێرێن لەئاست ئەو کەسانەی هەڵدەستن بەبەخێو کردنی منداڵ لەجێگای ئەندامانی خێزانە سروشتیەکەی.

**Foundation** المؤسسة **ڕێکخراو**
**دەزگا**

کەسێکی ڕەچاوکراوە، دادەمەزرێت بەتەرخانکردنی بڕە پارەیەك بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراوو بۆ کارێك کەخەسلەتێکی مرۆڤایەتی یان ئاینی یاخود زانستی و هونەری یانیش وەرزشی هەڵگرتووە، یان ئەوەتا بۆ هەرکارێك لەکارەکانی چاکە کاری، یاخود بۆ چاودێری کۆمەڵایەتی و بەژەوەندی گشتی، ئەویش بەدوور لەهەر مەبەستێك بۆ قازانجێکی مادی.

دروست بوونی ڕێکخراوەکە بەپێی بەڵگەنامەیەکی ڕەسمی دەبێت، یانیش بەراسپاردنێك.

**Social foundation** **تەماشا بکە: دامەزراوەی کۆمەڵایەتی**

**Fractionalism** الانقسامية **دابەشکردنکاری**
**ڕەوتی دابەشکردن**

مەبەست لەم زاراوەیە، لەناو ئەو دەوڵەتە سوسیالستیانەی کەلەسەر بنچینەی تاك حزبی دادەمەزرێن، لەناو ئەو حزبانە چەند گروپێك دەردەکەون کەهەریەکە خاوەن دوانگە ئاراستەو بۆ چوونی تایبەتە، ئامانجیشیان پێکهێنانی یەکگرتنێکە بۆحزبەکە، هەروەها دانانی سیستمێکی تایبەتیش بەو یەکگرتنە، ئەو گروپانە جەختیش لەسەر ئەوە دەکەن کەئەو بابەتانەی جیاوازیان لەسەری دەبێت پیویستە گفتوگۆی لەسەر بکرێت لەلایەن سەرکردایەتی حزبەکە بەگشتی، نەك گروپ گروپ گفتوگۆی لەسەر بکەن، دیارە ئەوکارەش بەدابەش بوونی حزبەکە دادەنرێت.

**Farme of reference** المعيار الاجتماعي / الاطار المرجعي / اطار الدلالة **پێوەری کۆمەڵایەتی**
**چوارچێوەی سەرچاوەیی**

پێوەرەکان، بریتین لەچەند چوار چێوەیەکی کۆمەڵایەتی کەلەدەروونی تاکەکاندا چەسپیووجێگیربون، ئەوپێوەرانە شێوازێکی هەڵچووانەی چەسپی ویاساکراوی وەرگرتووە، تاکەکانیش ملکەچی دەبن کەخۆیان دروستیان کردووەو لەسەری راهاتوون.

**Franchise** ١ – حق الانتخاب **مافی هەڵبژاردن**

مافێکە دراوەتە کەسە پێگەیشتووەکان (18 ساڵ بەسەرەوە)، ئەوانە ڕێگایان پێدەدرێت بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران.

تەماشا بکە: دەنگدان **Voting**

مافی تایبەت ٢- الامتیاز

جۆرە مۆڵەت پێدانێکە، ڕێگا بەخاوەنەکەی دەدات کەمافی بەرهەمهێنان و ناردنی کاڵایەکی هەبێت بۆ بازاڕەکان، یان پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەك بەپێی خەسلەت و مەرجێك کەپێشتر لەسەری ڕێککەوتوون.
خاوەن مۆڵەت لەسەرەتادا بەشێوەیەکی ئاسایی باجێکی دیاریکراو دەدات، دواتریش مولکانەی سەرقازانجەکەی.

ڕێکخراوی برایانە النظم الاخوية **Fraternal orders**

زاراوەکە ئاماژە بۆ چەند شێوەیەکی جیاواز دەکات لەوکۆمەڵانەی لەسەر بنچینەی نهێنی وگیانی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێن، لەگەڵ هاوکاری دارایی بە مەبەستی ڕووبەڕوو بوونەوەی مەترسییەکانی ژیان.
زاراوەکە لەناوەڕۆکدا گشت کۆمەڵە نهێنی و نانهێنی و کۆمەڵایەتی و خێرخوازەکان دەگرێتەوە، ئەو کۆمەڵانە دەست پێدەکات لەکۆمەڵەکانی باربوی ئاڵ و گۆڕ (mutual benefit associatios) تا دەگاتە کۆمەڵە نهێنییە نەتەوەییەکان و کۆمەڵە نێو دەوڵەتیەکانی وەك ماسونی (freemasons)، ئەو کۆمەڵانەش بەو دیاردەو ڕووالەتانە جیاواز دەکرێنەوە، کەلەسەر بنچینەی سوود گەیاندن و ملکەچی بۆ هاوڕێیەتی باش و بایەخدان بەڕێ و ڕەسم و بۆنەکان دادەمەزرێن.
گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیە تازەکان بوون بەهۆی لاوازکردنی هاندەرە بنچینەییەکانی ئەو ڕێکخراوانە، کەبریتین لەگیانی کۆمەڵایەتی و یارمەتی مادی، ئەویش بەهۆی گەشەکردنی شارەکان و بوونی ئامرازە بەهێزەکانی وروژاندن و ڕابواردن تێیاندا، دیارە ئەوانەش بوون بەهۆی داڕمانی گیانی دراوسێتی و هاوکاری کۆمەڵایەتی لەنێوان گروپە خۆجێیەکان.

تەماشا بکە: کۆمەڵەی هاوڕێیەتی **Friendly societies**

کۆمەڵەی بەرژەوەندی ئاڵوگۆڕ **Mutual aid societies**

کۆمەڵە نهێنیەکان **Secret societies**

برایانە الاخوية

کۆمەڵەی برایانە الجمعية الاخوية **fraternity**

1- کۆمەڵەیەکی ئاینیە، ئەندامانی پابەند دەبن بەژیانی دەروێشی و خەسلەتەکانی داوێن پاکی و گوێڕایەڵی، ئەوانە بەهاوبەشی دەژین لەژێر سێبەری سیستمی ئەو کلێسەیەی، پەیوەندییان پێوەی هەیەو چاودێریان دەکات.
2- هاوکاری (esprite decorps) واتە پاڵپشتی کردنی یەکتر، یان پشت بەیەك بەستنی ئاڵوگۆڕ، هەروەك لەژیانی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت.

سیستمی پرۆژەی ئازاد نظام المشروع الحُر **Free enter prise sytem**

سیستمی پرۆژەی ئازاد، یان سەرمایەداری، پشت بەو سەرمایەیە دەبەستێت کە خاوەنی پرۆژەکە بەردەوام هەوڵی زیادکردنی بەهاکەی دەدات، دیارە هەر لە خەسلەتەکانی پرۆژەی سەرمایەداریدا، هەوڵدانە بۆ بەدیهێنانی ئەو پەڕی قازانج، هەروەها ئەوەندەی لەتوانادا بێت نێوان کۆی داهات و کۆی خەرجییەکانی فراوان بکات.
بەڵام لەتوانای خاوەن ئەو پرۆژانە نیە کەبەردەوام بن لەقازانج کردن بێ ئەوەی هیچ ڕێگرییەك پێشیان نەگرێت، لەبەر ئەوەی چەند حالەتێك بەرەو ڕوویان دەبێتەوە لەوانە هاتنە پێشەوەی ڕکابەری دیکەو دەستێوەردانی دەسەڵاتە گشتیەکان و داواکاری کرێکاران، لەگەڵ دروست بوونی کاڵاو کەرەستە نوێیەکان.
خاوەن پرۆژەی سەرمایەداری بەکاری کوێرانە ڕازی نابێت، یان تووشی سەر لێشێواندن بێت و هەر ڕۆژەی بەجۆرێك کار

بكات و ببێتە نێچری ئارەزووەکانی بازاڕو گۆڕانکاری هەل و مەرجەکان. ئەو پێویستی بەپلان و بەرنامە هەیە بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی، بەمەبەستی بەدەست هێنانی ئەو پەڕی قازانج، دیارە ئەو پلانەش لەگەڵ زۆر بوونی قەبارەی پرۆژەکان ئەوا دوورو درێژترو ئاراستەکراوتر دەبن، هەروەها دەرامەتی تەواویشی لەبەر دەست دەبێت بۆ دامەزراندنی دامەزراوەیەکی بەرنامە داڕێژی تایبەت بەخۆی.

ئەو پلان و نەخشانەش پێویستیان بەلێکۆڵینەوەی چەند لایەنێکی زۆر هەیە دەربارەی چالاکی پرۆژەکە، هەروەها پەنابردن بۆ هونەرە جۆراو جۆرەکانی وەك ئەندازیاری و ژمێریاری و ئامارو ئابوری و بگرە تاسیاسەتیش.

ئازادی سیکسی (جووت بوون) — الحرية الجنسية — **Free love**

واتە پەیوەندییە سیکسیە ئازادەکان، دوور لەهەر جۆرە پەیوەستی و پابەندی و بەرپرسیاریەتیەکی پەیوەندار بەهاوسەرگیرییەوە.

خواستی سەربەست ویستی ئازاد — حرية الارادة — **Free will**

تێورییەکە بۆ چوونی وایە کەتاك ئازادە لەهەڵبژادن و دیاریکردنی هەڵس و کەوتەکانی خۆی، رەفتارەکانیش پێشەکی بەپێی چەند هۆکارێك لەدەرەوەی ویستی خۆی دیاری نەکراون.

بەپێی زانستە کۆمەڵایەتیەکان لەچارەسەرکدنی رەفتاری مرۆڤایەتی، ئەو وا تەماشای ئەو رەفتارە دەکات کە هەر بوونیەو ئەنجامی چەند هۆکارێکی کولتوری و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجی و فسیولۆجیە، کەلەدەرەوەی چاودێری تاکن.

ئەو ئاراستەیەش ئازادی ویست لەناو دەبات، هەروەها بۆ چوون وایە کە کولتوریش بەجۆرێکی تایبەت ئازادی تاك سنوردار دەکات، چونکە پابەندی دەکات لەهەڵس و کەوتدا بەو پێوەرو بەهاو رۆڵانەی کەچاوەڕوان دەکرێت لێی، بەڵام گرینگیشە بڵێین کولتور ئازادی دەداتە تاك لەهەمان کاتدا ئازادییەکەی سنورداریش دەکات، بەو حاڵەتەش زانستە کۆمەڵایەتیەکان وای لێدێت بوارێکی بەجێ هێشتبێت بۆ پێناسین و سنووردارکردنی چەمکی ئازادی ویست.

ئازادی — الحرية — **Freedom**

مەبەست لەم زاراوەیە، توانای تاکە لەسەر هەڵبژاردن و دیاریکردن لەنێوان چەند شتێك، واتە ئازادی هەڵس و کەوت و ژیان و رەفتار بەپێی ئاراستەی هۆشیارانەی خواست بێت، بێ زیان گەیاندن بەکەسانی دیکە، یان ملکەچکردن بۆ هەر فشارێك، تەنها ئەوەی یاسا رەواو زەروریەکان و ئەرکەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی سەپاندوویەتی.

لێرەدا چەندین شێوەی جیاواز هەیە لەئازادی مەدەنی، لەوانە: ئازادی بیروباوەڕ، ئەوەش ئازادی تاك لەئینتما بۆ یەك لەئاینەکان یان بیروباوەڕەکان دەگرێتەوە کەبەویستی خۆی بێت، ئەوەش ئەگەر بە تەنها یان لەگەڵ کەسانی دیکە بێت و بەشێوەیەکی ئاشکرا یاخود نهێنی گوزارشت لەو ئاینەی خۆی و بیروباوەڕەکانی بکات، ئەگەر کارەکە لەڕێگەی خواپەرستیەوە بێت یانیش کردارو رەفتار یان فێرکردن.

ئازادی دەربڕینی بیروڕا بێ هیچ دەستێوەردانێك، ئەم لایەنەش ئازادی توێژینەوە لەزانیاریەکان یاخود بیروباوەڕەکان دەگرێتەوە، لەهەر جۆرێك بێت لەگەڵ وەرگرتنی و گواستنەوەشی بێ گوێدانە سنورەکەی، ئەگەر بەشێوەی زارەکی بێت یاخود نووسین یانیش چاپکردن، هەروەها ئەگەر ئەوە داڕێژراو بێت لەسەر شێوەی هونەری یان بەهەر هۆکارێکی دیکەوە هەڵی بژاردبێت.

ئازادی کۆبوونەوەی ئاشتیانە بێ هەرکۆت و بەندێك بەسەر ئەو ئازادییە، جگەلەوەی بەپێی یاسا دەسەپێنرێت، و بەپێویست دەزانرێت لەکۆمەڵگەیەکی دیموکراسی ئەویش بۆ بەرژەوەندی ئاسایشی نیشتمانی یاخود سیستم بەگشتی.

ئازادی کارکردن، واتە مافی تاك لەدیاریکردنێکی ئازادانە بۆ ئەو کارەی دەیەوێت هەروەها لەحالەتی گۆڕینی و بەجێهێشتنی یان واز لێهێنانی کە هەرکاتێك ئارەزووی کرد.

## Freedom of association — الحرية النقابية — ئازادی سەندیکایی

بەپێی بنەماکانی ئازادی سەندیکایی، تاکەکانی هەر پیشەیەك بۆ بەرگری کردن لەبەرژەوەندییە پیشەییەکانیان، ئەوا مافی دامەزراندنی سەندیکاکانیان هەیە، ئەو سەندیکایانەش لەپێکهاتن و بەڕێوەبردن و هەڵسوراندنی چالاکیەکانیان سەربەخۆ دەبن.

هەروەها هەر تاکێکی ئەو پیشانە مافی پەیوەندیکردنی بەو سەندیکایانە دەبێت، هەروەك چۆن مافی کشانەوە یاخود پەیوەندیکردنیش دەبێت، ئەگەر ئارەزووی هەر سەندیکایەکی دیکەی کرد.

لەدەقەکانی دەستورو یاساکانی کارکردندا لەزۆربەی وڵاتانی دیموکراسیدا، جەخت لەسەر ئازادی سەندیکایی دەکرێت.

## Free thinkers — احرار الفكر — ئازادیخوازانی هزر

ئەم زاراوەیە بەو بیرمەندانە دەوترێت، کەباوەڕیان بەئازادی و سەربەخۆیی هزر هەیە، هەروەها ئەوانی بەرهەڵستی ئەو هزرە دەکەن کەپشت بەبیروباوەڕ یاخود بنەما ئاینیەکان دەبەستێت، ئەوانە باوەڕیان بەڕێساکانی لۆژیك و میتۆدی زانستی و فەلسەفەی زانستەکان هەیە.

## Frequency curve — المنحي التكراري — چەماوەی دووبارەیی (چەند جارەیی)

چەماوەی دووبارەبووەوە لەئاماردا بەکار دەهێنرێت بۆ پێوانە کردنی دیاردە گۆڕاوەکان لەبارودۆخی کاتی یان لەشوێنە جیاوازەکاندا.

دەکرێ چەماوەی دووباره بووەوە بێتە دەست ئەویش بەوێنە کێشانی چەند لایەکی دووبارە بووەوە، دواتر شکانەکانی ئاسان بکرێت، بەجۆرێك کە بەگەورەترین ژمارەی ئەو خاڵانە تێپەڕ بێت کە چەند لا دووبارە بوەکە دەیگرێتەوە.

## Frequency distribution — التوزيع التكراري — دابەشکردنی دووبارە (چەند جارەیی)

مەبەست لەدابەشکردنی دووبارە بوو لەئاماردا، دانانی تاکەکانی بەهای هەر دیاردەیەکی گۆڕاو لەچەند گروپێکدا (frequency groups)، هەر گروپێکیش ژمارەیەك لەبەها لەیەك نزیکەکان دەگرێتە خۆی، هەردوو ئاستی بەرزو نزم بۆ هەر توێژیکیش دیاری دەکرێت بەپێی جۆری ئەو زانیاریانەی هەیە لامان لەگەڵ پلەی درێژەپێدانی و شێوازی کۆکردنەوەی.

دواتر هەموو ئەو بەهایانەی لەیەك گروپدان وارەچاو دەکرێن کەهەموویان یەکسانن بەجۆرێك جیاوازییە سادەکانی نێوانیان کەلەراستیدا هەیە، چاویان لێدەپۆشرێت.

دابەشکردنی دووبارە بوو لەشێوەی خشتەیەکی دووبارە بوونەوەیی (چەند جارەیی) (frequency table) دادەنرێت، ئەگەر ئەو دیاردەیەی کە دەیبینین و بەهاجیاوازەکانیشی تۆمار دەکەین وەك ئاسانکارییەك بۆ لێکۆڵینەوە لێیان بەهۆی خشتەی دووبارە بووەوە، ئەو دیاردەیە گۆڕا گۆڕانێکی لەیەك جیانەبووەوە، ئەوا کۆی ئەو بەهایانەی کە بەدەستمان دەکەوێت بۆ ئەو دیاردەیە ناوی لێدەنێین زنجیرەیەکی لێك نەپچڕاو (continuous series)، بەپێچەوانەی ئەوەش، چەند دیاردەیەك دەبینین دەگۆڕێن گۆڕانێکی لەیەك جیابووەوە، واتە بڕی دیاردەکە لە بەهایەکەوە بۆ بەهایەکی دیکە کتوپڕ بازی دەدا، بێ هیچ پلەبەندییەك لەو بەهایانەی کەوتوونەتە نێوانیان، ئەوەش ناوی لێدەنێین کۆمەڵە یاخود زنجیرەیەکی لێك پچڕاو (discrete or discontinuous series) .

دەکرێ خشتەی دووبارە بووەوە روونبکەینەوە بەنوانـدنی لەسەر شێوەیەکی ئەندازەیی وەك پلیکانی دووبارە بوو (his togram) هەروەها فرە دووبارە بوو (frequency polygon) و چەماوەی دووبارە بوونەوەیی (frequency curve).

**Cf: statistical distributions** دابەشبوونە ئاماریەکان

**Descriptive statistics** ئامارزانی وەسفی

**Frequency polgyom** المضلع التكراري چەند لا (فرەلا)ی دووبارە

فرە لای دووبارە بوو لەئاماردا بەکار دەهێنرێت، دەگرێ بەدەستیش بهێنرێت بەوەرگرتنی ناوەندی گروپەکان وەك پۆو تانیە ئاسۆییەکان، دواتر لە شێوەکەدا سەرنج دەدەینە سەر چەند خاڵێك بەو پۆتانیانەو ئەو خاڵانە بەهێڵێکی شکاوە بەیەك دەگەینین.

**Friendly society** جمعية الصداقة أو الزمالة کۆمەڵەی دۆستایەتی - هاوڕێیەتی -

ئەو کۆمەڵانە لەسەر بنچینەی ئابوونە پێدانی ئەندامانی دادەمەزرێن، ئەویش لە بەرامبەر بەهاوکاری و یارمەتیدانی تاکەکانی خێزانی ئەندامانی کۆمەڵەکە لەکاتی رووداوو کارەساتەکان.

**Friendship** الصداقة هاوڕێیەتی

هاوڕێیەتی بریتیە لەپەیوەندییەك کەلەسەر بنچینەی بژاردن و لێکنزیکبوونەوە دادەمەزرێن، هەروەها دیاردەکە حاڵەتێکی کۆمەلایەتی بەردەوامیشە.

رەفتاری هاوڕێکان لەنێوان یەکتر بەپێی جیاوازی کۆمەڵەو هەڵوێستەکان، هەروەها بەپێی جیاوازییە کەسێتیەکان گۆڕانی بەسەردا دێت.

بەلام ئەو بەهایانەی پەیوەستن بەپەیوەندی هاوڕێیەتی، ئەوانە کەمتر جیاوازییان تێدا دەردەکەوێت، ئەو پەیوەندییانە خزمایەتی و هاوکاری و خۆ دوورخستنەوە لەئامانجەتایبەتیەکان، هەروەها ئاڵ و گۆڕ کردنی مامەڵە کردن و بۆچوونی هاوبەش لەسەر بنچینەی تایبەتمەندییە کۆمەلایەتیەکانی وەك تەمەن و جۆرو چینیش دەگرێتەخۆی.

هاوڕێیەتی زیاتر پشتی بەهۆگری دەبەستێت، بەلام بەپلەیەکی کەمتر لەخەسلەتەکانی خۆشەویستی و هەندێ حاڵەتی یەپوەستی خێزانی دروست دەبێت.

هاوڕێیەتی کار بۆ گەشەکردنی کەسێتی و ئاسوودەیی دەکات، بۆیە ئەگەر تاك بێ هاورێ بوو، ئەوە بەدیاردەیەکی شەرمەزاری دادەنرێت.

**Fring benefits** المزايا أو المكافآت غير المباشرة دەسکەوتەکان، یان پاداشتە ناڕاستەوخۆیەکان

ئەو برە پارەیەی دەدرێتە کرێکاران سەرەڕای رۆژانەکانیان کەبۆیان خەرج دەکرێت لەسەر بنچینەی کات یان بەرهەمهێنان، ئەو پاداشتە ناڕاستەو خۆیانە زۆر زاراوەی هاوتا بەرامبەریان بەکار دەهێنرێت، وەك دەسکەوتە تەواوکارییەکان (fringe benefits) و دەسکەوتەکانی نارۆژانە، (non wage benefits) و بەخشینە ناڕاستەو خۆیەکان (indirect pay ments).

ئەو پاداشت و بەخشینە ناڕاستەوخۆیانە ئەم لایەنانە دەگرێتەوە:

1- چەند موچەیەك دەربارەی کاتێك کەکرێکار کاری تێدا نەکردووە (وەك رۆژانی مۆڵەت وەرگرتنی جۆراوجۆر).

2- خەلاتە دارایەکان، دەربارەی چەند چالاکیەك و دەسکەوتێکی تایبەت (پاداشتی دەوامکردنی باش، یان ڕەچاوکردنی

بنەماکانی ئاسایشی پیشەکە).
3- چەند پاداشت و بەخشینێك لەبۆنەجیاوازەکاندا، هەروەها لەو بەشەی کەفازانجەو ماوەتەوە.
4- بەشدارییەکان لەبیمەی کۆمەڵایەتی.
5- خزمەتگوزارییە جیاوازەکان کەکارمەندان سوودی لێوەردەگرن (خۆراك، نیشتەجی بوون).
زۆربەی ئەو پاداشتە ناراستەو خۆیانە لەناو یاسادا باسیان نەهاتووە، چاوەڕوانیش ناکرێت داهاتێکی راستەوخۆی بۆ دامەزراوەکە هەبێت، بەڵام سەندیکاکانی کرێکاران وادەبینن، کە زۆر لەو خزمەتگوزاریانە بەشێکن لەمەرجەکانی کارکردن، هەروەها سوود بۆ دامەزراوەکەش دەگەڕێنێتەوە، سەرەڕای ئەوانەش رۆژانی مۆڵەت و پشوودانەکان، بەکاتی بێ ئیشی زیادە دادەنرێت نەك داهاتێك بێت.

خۆتێهەڵسوانی چێژی سیکسی		الاحتكاك الشبقي		**Frotteurism**

حاڵەتێکی نائاسایی (نابـاوی) سیکسیە، هەوڵی بەدیهێنانی مەستی و تێربوونی سیکسی دەدات، بەهۆی خۆتێهەڵسوانی جەستەیی لەگەڵ تاکێك کەلە رەگەزەکەی دیکە بێت.

نائومێدی
نوشستی		الاحباط		**Frustration**

واتە رێگرتن لەتاك بۆ بەدیهێنانی ویستە مادی یان مەعنەوییەکانی، ئەگەر ئەو ویست و خواستە هۆکارو بیانووی هەبێت یاخود نەبێت، دیارە ئەو حالەتەش جۆرێك لەداخ و پەژارەیی و بێ ئومێدی لەگەڵ خۆی دەهێنێ.
هەر بەهۆی نوشستی تاك لەتێرکردنی پێداویستیە مادییەکانی، ئەوا روو لەرەفتارێکی شەڕانگێزی (agression) یانیش گۆشەگیری (regression) یان جێگیربوون (fixabion) و یاخود کشانەوە لەهەڵوێستەکە (resignation)، دەکات.

فەرمان
کار		١– الوظيفة		**Function**

جۆرەکارێکە، دەکرێ کەسی بونیادکەر پێی هەستێت بەئاشکراو بەڕوونی، بۆبەدیهێنانی چەند ئامانجێکی دیاریکراو، چەمکە کارگێرییەکەی ئەم وشەیە ئەرك و بەرپرسیارییەتی و دەسەڵاتەکان دەگرێتە خۆی، کەهەموویان پێکهاتەی فەرمانەکەن.
دەوترێت: وەزیفەی پەیوەندار (correlate function) مەبەستیشی یەك لەتوێژەکانی ناوکۆمەڵگەیە، وەك مامۆستایان و کشتیاران و بازرگانان، ئەوانە پیشەکەیان جۆری چینەکەیان لەناو کۆمەڵگە دیاری دەکات.
هەروەها دەوترێت: وەزیفەی کۆمەڵایەتی (social function ) واتە زنجیرەیەك لەوخزمەتگوزاریە گروپێك پێی هەڵدەستێ بۆ بەرژەوەندی ئەندامانی، وەك خزمەتگوزارییە تایبەتەکان بەتەندروستی یان فێربوون.

| | |
|---|---|
| وەزیفەی کۆمەڵایەتی | **Cf: social function** |
| ناتەواوی وەزیفی | **Dys function** |
| ئەو فەرمانەی کەتاك پێی هەڵدەسێت | **Position** |

نەخشە		٢– الدالة

لەبیرکاریدا بەستنەوەی بەهایەکە بەیەکێکی دیکە، بەجۆرێك بەهای یەکەم دیاری دەکرێت، چەندی بەهای دووەم دیاریکرا، بۆیە رووبەری لاکێشە نەخشەیە بۆ هەردوو لای درێژی و پانیەکەی.

دەروونناسی وەزیفی علم النفس الوظيفي **Functional psychology**

قوتابخانەیەکە لەدەروونناسیدا، بۆ چوونی وایە کە ئەم زانستە پێویستە بایەخ بدات بەلێکۆڵینەوە لەفەرمانە دەروونیەکان، هەروەها گرینگی پێدانی تەنها لەسەر پێکهاتە هەستیەکانی وەك هەست و سۆز نەوەستێت، ئەویش بەپێی بۆچوونی تیۆری بونیادیەوە (structural theory).

نوێنەرایەتی ئەرکێتی (وەزیفی) التمثيل الوظيفي **Functional representation**

نوێنەرایەتی فەرمانی، زاراوەیەکە لەزانستی سیاسەتدا بەکار دەهێنرێت بۆ باسکردنی جۆری نوێنەرایەتیکردنی گروپەپیشەییەکانی وەك کرێکاران و خاوەن کاروبارەکان لەپیشەسازییەکی دیاریکراودا یان هەر یەك لەکرێکارو خاوەن کارەکان یاخود ئەندامانی یەك لەپیشەکان..هتد.

لێرەدا پێویست دەکات جیاوازی بکرێت لەنێوان ئەم جۆرە نوێنەرایەتیەو نێوان نوێنەرایەتی لەسەر بنچینەی چین یانیش پلەو پایەو یان سامان، ئەگەرچی ئێمە لەهەندێ باردا هەردوو جۆرەکە بەیەکەوە دەبینین.

هەروەها واپێویست دەکات جیاوازی بکرێت لەنێوان دەسەڵات پێدان بەمافی دەنگدان بۆ چەند گروپێکی تایبەت لەگەڵ کۆی هاونیشتمانان بەهۆی ئینتیمایان بۆ تائیفەیەکی دیاریکراو ونێوان بەخشینی نوێنەرایەتی کردنی سەربەخۆ بۆ ئەو تائیفەیە.

فەرمانگەرایی ئەرك خوازی النزعة الوظيفية **Functionalism**

تیۆرییەکە، بۆ چوونی وایە، لێکۆڵینەوە لەدیاردە رۆشنبیرییەکان پێویستن لەڕووی ئەو ئەرکەی کەپێی هەڵدەستن.

لەدەروونناسیدا، رێبازێکە دەڵێت، پێویست بەوە دەکات رووداوە ئەقلیەکان، وەك کردار تەماشا بکرێن واتە چەند ئەرکێکە زیندەوەر پێی هەڵدەسێت بەمەبەستی خۆگونجاندن لەگەڵ دەوروبەرەکەی خۆی.

سەرمایە سندوقی خەرجکردن رأس مال صندوق أنفاق **Fund**

مەبەست لەم زاراوەیە، ئەو پارەو سامانانەی کۆدەکرێنەوە بۆ ئامانجێکی تایبەت، لەم بارەوە دەوترێت.

سندوقی خێرخوازی (bene volent fund) واتە ئەو پارەو داراییەی تەرخان کراون بۆ کاروباری خێرخوازی.

هەروەها سندوقی پاشەکەوت کردن (provident fund) مەبەستیش لەوە ئەو دامەزراوەیەی کە ئەرکی جێبەجێکردنی سیستمی پاشەکەوت کردن دەگرێتە ئەستۆ، ئەویش بەپەیداکردنی هەندێ پارە بۆ پاشەکەوت کردن و ئەرك بەجێگەیاندن لەکاتی داواکردنی یاخود مافی وەرگرتنی هەبێت.

سندوقی یارمەتیدان (assistance fund)، ئەو سندوقەیە کەدروست دەکرێت بۆ یارمەتیدانی توێژێکی دیاریکراو لەحالەتی کارەساتە جۆراوجۆرەکانی وەك نەخۆشی و مردن و ..هتد.

سندوقی دامەزراوەکە (work's fund) ئەو سندوقەیە کە دروست دەکرێت بۆ یارمەتیدانی کرێکارانی دامەزراوەکە یاخود دابین کردنی ژیانیان لەکاتی هەر رووداوێکی کتوپڕ یانیش کارەساتە جیاوازەکان، سندوقی بەکاربردن (sinking fund) هەر سەرمایەیەك تەرخان بکرێت بۆ پێدانەوەی بەهای ئەو قەواڵانەی دەوڵەت دەریکردوون.

هەروەها دەوترێت: کۆکردنەوەی پارەو سامان یاخود پارەپێدان (fundraising) واتە جێبەجێکردنی پێداویستیە داراییەکانی یەك لەدامەزراوەکان.

**funeral** — الطقوس الجنائزية — ڕێ و ڕەسمی مردووناشتن

واتە، ئەو داب و نەریتانەی دەکەونە پێش کرداری بەخاك سپاردنی کەسی مردوو، ئەو نەریت و ڕێ و شوێنانە جیاواز دەبن بەپێی جیاوازی کولتورەکان لەمبارەوە هیچ ڕێککەوتنێکیش نیە دەربارەی ئەو ماوەیەی کەدەکەوێتە نێوان کاتی مردنەکەو ناشتنی تەرمەکە.

داب و نەریتەکانی بەخاك سپاردن وەك باوە، تێکەڵییەك لەسۆزو ترس دەگرێتەخۆی، ڕەنگە هەوڵیش بدرێت ئەو ترس و تارماییەی پەیدا دەبێت بەهۆی مردن و ئەو شپرزەییەی ڕوودەدات دوور بخرێتەوە.

ناشتنی مردووەکان خەم و بەژارەی تایبەتیان دەبێت، هەروەك باویشە لە کاتی بەڕێکردنی تەرمەکە، ئاگرو ڕووناکایی بکرێتەوە بەمەبەستی دوور خستنەوەی ترس و بەئاگاهێنانی ڕۆح و دەرکردنی تارماییەکان.

ڕەنگە ئەوانی بەکاری بەخاك سپاردنی تەرمەکە هەڵدەستن و لەکاتی کۆتایی هاتنی ڕێ و ڕەسمەکە، هەستن بەخۆپاککردنەوە، ئەویش بەخۆشوشتن یاخود هەر کارێکی دیکەو بەهەر شێوازێك بێت، هەروەها ئاهەنگی تایبەت بۆ مردووەکە سازدەکرێت، چونکە گریمانە وایە کە مردوو بەشداری تێدا دەکات، ئەمەو چەند جۆرەکارو کردەوەیەك ئەنجام دەدرێت بەئامانجی دوورخستنەوەی گیانی شەڕانگێزی و ترس، هەروەها ڕەنگە ئامانجی هەندێ لەو ئاهەنگانەو وروژاندنی هەستی بە (پیتی) زاوزێ کردن بێت بۆ بەرهەڵستی دیاردەی مردن.

**fusion** — الاندماج — تێکەڵاوبوون / چوونەپاڵ یەك

چوونە پاڵ یەکی چەند گروپێك یان دەستەیەك کەئامانجی هاوچەشنیان هەیە تاڕادەیەك، بەڵام لەنێوانیاندا چەند جیاوازییەکیش هەیە کە تایبەتە بە شێوازەکانی هەڵس و کەوتی سەرکردەکان.

ڕەنگە ئەو تێکەڵبوونە کاتی بێت، بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی بارێکی ناکاو، هەروەها ڕەنگە تێکەڵبوونەکە لەکولتوردا ڕووبدات (fusion of cultur) ئەویش پرۆسەی یەکگرتنی دوو کولتورە یاخود زۆرتر، لەیەك کولتوردا، ئەو کارە پارێزگاریکردنە لەهەندێ خەسلەت و هەموار کردنی هەندێکیان و دوورخستنەوەی هەندێکی دیکەیانە، کەخەسلەتی دیکە شوێنیان دەگرێتەوە.

**futurism** — المستقبلية — ئایندەخوازی

ئاراستەیەکە ڕوو لەنوێ و نادیارو ئایندە، بنچینەکەی دەرچوونە لەو بارەراهاتووەی کەهەیە، ویستێکیشە لەجەربەزەیی و چاونەترسی.

(F.T.marinetti) 1876 1944 ، بەیەکەم کەس دادەنرێت کەبانگەشەی بۆ ئەو ئاراستەیە کردووە، ناوبراو ئامێرو تەکنولۆجیای بەگەورەزانیوەو ڕێزی لێناون، هەروەها بایەخی بەکاری مرۆڤ و هێزەکانی داهێنان نەداوە.

لەبواری هونەردا، مەبەست لەئایندەگەری، ئاراستەیەکە کاریگەر بووە بەشۆڕشی پیشەسازییەوە، مەبەستیشی وێنەگرتنی جولەی گۆڕاوە بەهۆی دوو دوورییەوە، ئەویش بەزەفکردنەوەی شتەجولاوەکە لەچەند قۆناغێکی بەدوایەك لەجووڵاندنەوە، هەروەك لەفیلمەکانی سینەمادا هەیە.

**futurology** — علم المسقبل — ئایندەناسی

زانستی پێش بینی کردنی ئایندەیە بەبارو دۆخە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانیەوە.

ئەم زانستە لەلێکۆڵینەوەدا پشت بەهەردوو ڕێبازی هەڵێنجان و لێدەرکردن دەبەستێت، ئەویش بەکۆکردنەوەی ڕوداوە تاکیە فرەییەکان، بۆ ئەوەی ئەو بنەما گشتیانەی لێ پوخت بکرێنەوە کە بەسەریاندا زاڵەو دواتریش بەو شێوانە بگات کەکۆمەڵگەی لەسەر دەبێت لەنەوەکانی داهاتوودا.

# G

دەسکەوت | الكسب | gain
داهات | الدَخل

هاوبەشی لەدەسکەوتەکانgain sharingدەستکەوت — Cf. earning

قومار کردن | الميُسر / المغامرة | gambling

شێوە چالاکییەکە، چەند کەس و لایەنێك بەشداری تێدا دەکەن، وەك ئەوانی گرەو دەکەن یان ئەوانی بەیارییەکە هەڵدەستن، ئەویش بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانەدیاردەکارەکەشیان دەبێتە هۆی گواستنەوەی پارەو سامان یاخود هەر شتێکی بەنرخ لەنێوان خۆیاندا، لەوکارەشیان پشت بەئەنجامی رووداوە چاوەڕوانکراوەکانی ناو یارییەکە دەبەستن.
سیگموند فرۆید، دیاردەی قومارکردن بەسیکس دەبەستێتەوە، لەبەر ئەوەی وروژاندنی قومار کردن لەحاڵەتی وروژاندنی سیکس دەچێت، هەروەها ڕەنگە هۆکارێك بێت بۆ رزگار بوون لەگرێی (ئۆدیب) ئەویش بەسزادانی خودو رزگاربوون لە هەست بەتاوانکردن.
لەبەر ئەوەی رازیبوونی قومارچی بەدۆڕاندن ڕازی بوونێکە بەسزاپێگەیاندن چونکە سزا لە گرێی تاوانی رزگار دەکات.
دیاردەکە جێگای بایەخ پێدانە لەڕووی سوسیۆلۆجیەوە، وەك یەك لەجۆرەکانی لادان، هەرچەندە بەرەو ڕووی ناڕەزایی توونديش دەبێتەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ئاستێکی فراواندا کاری پێدەکرێت.
هەروەها دیاردەکە هۆکارێك بووە لەنێوان بوونی سیستمێکی شاراوەیی پەیوەست بەجیهانی قەدەغەو نەشیاوەکان لەڕووییکەوە، لەگەڵ جیهانی حەلال کە خۆی لەنۆکەرانی قومار کردن دەنوێنێ لەلایەن دیکەوە.

ڕەوشتەکان — Cf: morals

پارەبازی جامبازی — Speculabion

سەیران و رابواردن — Amusements

فاڵ گرتنەوە divination یاری قومار کردن — play

یاری سیستماتیك | اللعب المنظم | Game

چالاکیەکی کۆمەڵایەتیە چەند کەسانێك یان چەند گروپێك تێیدا بەشداری دەکەن، ئەویش بەپێی چەند ڕێسایەکی دیاریکراو و بەمەبەستی گەیشتن بەچەند ئامانجێکی دەست نیشانکراو.
دیارە ئەم کارە هاندەرێکی سروشتیە بۆ بەرێکردنی وزەی زیادەی لەش، هەروەها گەشەکردنی ئەندامەکانی جەستەو ئامادەکردن و ڕاهێنانی کەسانی تەمەن بچووك بۆ ژیانی ئایندەو بۆ ڕاهاتنیان لەسەر ئەرکە بنچینەییەکانی ژیان.

ئەوکەسەی بەشداری لەیاریەکە دەکات، هەوڵدەدات شارەزایی ولێهاتوویی خۆی بسەپێنێت و بەسەر ئەوانی دیکەدا سەرکەوێت، تاك لەمیانەی یارییە ڕێکو پێکەکان هەوڵدەدات ڕۆڵی هەموو تاکێك کەبەشداری یارییەکە دەکات وەربگرێت، بۆیە هەڵس و کەوتەکانی هەر تاکێك بەپێی سیستمی ئەو ڕۆڵانەی کەتاکەکانی دیکە پێی هەڵدەستن دیاری دەکرێت.

راهێنانە کارگێڕییەکان | المباريات الادارية | **Games, business or management**

شێوازێکە لەڕاهێنان، ئامانجی خولقاندنی جۆرە ڕاهێنانێکە کەتاڕادەیەکی گەورە هاوشێوەی ئەو جۆرە کارە سروشتیە بێت کە بەڕێوەبەر کاری تێدا دەکات.

ڕاهێنراوان دابەش دەکرێن بەسەر چەند گروپێکی بچووك، هەر گروپێك نوێنەرایەتی کۆمپانیایەکی جیادەکات، لەسەرەتای یارییەکە چەند ڕێنماییەکی دیاریکراو دەدرێتە ڕاهێنراوان، دەربارەی مەرجەکانی کارکردن و هەندێ ڕێنمایی بنچینەیی دەربارەی ئەو کۆمپانیایەی کە نوێنەرایەتی دەکەن لەو بازاڕەی کەمامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، یارییەکە بۆ چەند کایەك (گێم) دابەش دەبێت، لەماوەی ئەو کایانەتاکەکانی هەر کۆمپانیایەك هەڵدەستن بەپێداچوونەوەو چاوخشاندن بەئامارو زانیاریەکان کەپێیان دراوە، هەروەها وەرگرتنی بڕیارەکانی تایبەت بەبەرهەم هێنان یاخود فرۆشتنی ئەو کەل و پەل و کالاّیانەی بۆیان دیاریکراوە، یانیش دامەزراندنی چەند تاکێك یان بڕیاردان لەسەر وەبەرهێنانی نوێ و ئەنجامی هەر بڕیارێکیش بەپێی شێوازێکی دیاریکراوی پێشوتر ئەژمار دەکرێت، ئەویش بەئاگاداری و زانینی ئەنجومەنی ڕاهێنەران، بەڵام ڕاهێنراوان هیچی دەربارەی نازانن، لە کۆتایی ڕاهێنانەکان ئەنجامە کۆتاییەکان دیاری دەکرێن، لەڕووی قازانج یان زیانی هەر کۆمپانیایەك.

تیۆری ئەگەرەکان | نظرية الاحتمالات | **Game theory**

تیۆری ئەگەرەکان ئاماژە بۆ کۆمەڵە کردارێکی ئەژماردەیی دەکات، ئامانجیشی دۆزینەوەی چارەیەکە بۆ هەڵوێستێك تێیدا یەك لەبەشدار بووانی ئەو هەڵوێستە هەوڵی ئەوە دەدات کەکەمترین ئاستی سەرکەوتن بۆخۆی دابین بکات، ئەویش بەهۆی شێوازی هەڵس و کەوتەکەی تا ئەگەر هەڵس و کەوتەکەی، کاریگەری بەسەر ئەنجامی ڕووداوێکەوە هەبێت بێ ئەوەی دەست نیشانی بکات بەتەواوی. تیۆرییەکە هەوڵدەدات بەڕێگایەکی حسابی مەسەلەی هەڵبژاردنی ئەوپەڕی ستراتیجیەت بدۆزێتەوە کە (یاریکەرێك) لەیارییەکەدا دایدەنێت، ئەویش بەڕەچاوکردنی ئەو هەڵس و کەوتانەی کەڕەنگە لەلایەن نەیارەکەی یاخود نەیارەکانی ڕوودەن.

ئەوپێش بینی کردنانە بەسەر یاساکانی ڕێکەوت تێپەڕ دەبن، هەروەك لە زانستەکانی بیرکاری و سروشتیدا پیادە دەبن.

دەستە | العصابة | **gang**
تاقم | الزمرة

گروپێکی سەرەتاییە، بەزۆری لەچەند مێردمنداڵ و لاوێك پێکدێن وگیانی هاوکاری لەنێوان ئەندامانی باو دەبێت تاڕادەیەك، ئەم گروپە دیاردەیەکە وەك ئەنجامێکی ململانێ لەژینگەی کۆمەڵایەتیدا، هەروەها دەکرێ گروپەکە لەسەر شێوەی گروپێکی یاریکردن (play group) پێکبێت، ڕەنگیشە وەك دەستەیەکی ئاژاوەچی(mob) هەڵس و کەوت بکات، بەڵام جیاوازیشی دەبیت بەوەی خاوەن داب و نەریتو گیانێکی مەعنەوی بەرز دەبێت، گروپی ئاژاوە چی بڵاودەبنەوەو بۆ جاری دووەم دورست نابنەوە، لەکاتێکدا دەستەو تاقم وەك ئاژاوە چی هەڵس و کەوت دەکەن، بەڵام بۆ جاری دووەم کۆدەبنەوە لەژێر هەمان سەرکردایەتی.

دەوترێت: دەستەیەکی تاوانکار (criminal gang) بەهەندێ کەسانی تەمەن گەنج و هەرزەکار، لەم تەمەنەدا ئەو توێژە ئارەزوویان بۆ چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان زۆر دەبێت، بەتایبەتی ئەو گەنج و مێرد منداڵانەی لەیەك تەمەنن، بە ئەندامێکی ئەو دەستەیە دەوترێت شەلاتی (gangster)، زاراوەکە بە چەتەو ڕێگریش دەوترێت.

هەرروەها وشەی (gang) بەکۆمەڵە کرێکارێکی تەباو گونجاو لەناویەکدا دەوترێت، دەوترێت سەرۆکی کرێکاران (gang boss) و سیستمی کرێن بەکۆمەڵ (gang wage sys tem)، واتە سیستمی ئەژمارکردنی کرێ لەسەر بنچینەی بەرهەمی کۆمەڵی کرێکار، پاشان دابەش دەکرێت لەنێوانیان.

| | |
|---|---|
| نەبوونی یاسا | Cf: law lessness |
| پارەپەیداکردن بەڕێگای فێڵ و ساختە | Racketeering |
| مێرد منداڵ | Juvenile |
| منداڵی تاوانبار | Delin quence |
| چەتەیی، قەدەغەکاری | Out Lawry |

**شاری باخچەکان** مدينة الحدائق **Garden city**

یەکەیەکی شارەستانیە پشت بەخۆی دەبەستێت تاڕادەیەك، بەدارو ڕووەك دەوردراوە، بەشێوەیەکیش نەخشەکێشراوە کەنیشتەجێ بوونێکی نموونەیی فەراهەم بکات لەناوەڕاستی باخچەکان، لەگەڵ دیاریکردنی بەرزترین قەبارە بۆ دانیشتوانی، لەویەکە شارستانیانە هەموو خزمەتگوزارییەکی ئاسایی دێتەدی، هەروەك لەو شارانەی لەهەمان قەبارەیە.
ئەو شارانە دروست کراون وەك کارئاسانیەك بۆ ڕێگرتن لەجەنجاڵی و چڕی دانشتوان بەهۆی گەشەکردنی پیشەسازییەوە.

| | |
|---|---|
| شارنشین کردن | Cf: city urbanization |
| نەخشەکێشانی شار | City planning |
| کۆمەڵە خانوویەك | Company housing |

**دەستگرتن بەسەر قەرز** حجز ماللمدين لدى الغير **Garnishment**

بڕەپارەیەکە لەڕۆژانە یان لەموچە دەبڕدرێت، ئەویش بەڕێژەیەکی دیاریکراو کەیاسا دیاری دەکات بۆ پێدانەوەی قەرز یاخود خەرجی خێزانی، ئەمەو بۆ جێبەجێکردنی ئەو پارەبڕینە، ئەوا خاوەن قەرز پەنا بۆ دادگاش دەبات.
لەرابردوودا هەندێ خاوەن کاروپرۆژەکان پەنایان بۆ دەرکردنی ئەو کرێکارە دەبرد کەدەست بەسەر مووچەکەی دەگیرا بەرامبەر هەر قەرزارییەك، بەبیانووی ئەوەی کە ئەو کرێکارە متمانەی پێ ناکرێت.

**کۆمەڵگەی خۆجێی** المجتمع المحلي **Gemein schaft**

وشەیەکی ئەڵمانیە، مەبەست لێی، کۆمەڵگەیەکی بچووکە، ئەندامانی لەخۆشی و ناخۆشیەکانی ژیان بەیەکەوە بەشدارن.
ئەو کۆمەڵگەیە لەسەر بنچینەی پەیوەندییە خزمایەتیەکان و داب و نەریت و یەکگرتوویی لەنێوان ئەندامانی دادەمەزرێت، بەزۆریش لەناوچەکشتوکالیەکان باو دەبێت.
لەبەرامبەر کۆمەڵگەی خۆجێی، کۆمەڵگەی گەورە دێت (gesell schaft) کەلەناویاندا، پەیوەندییەکان لاوەکی دەبن، ئەو کۆمەڵگەیە لەسەر بنچینەی بەرژەوەندییەکان دادەمەزرێن.

**بنەچەناسی** / **ڕەچەڵەکزانی** سلسلة النسب / علم النسب **Genealogy**

واتە، روونکردنەوەی ڕەچەڵەکی خێزان و زنجیرە پەیوەندییە ڕێژەییەکەی نێوان ئەندامانی خێزان، ئەویش لەسەرچاوەوە تادەگاتە لقەکان، بەزۆریش ئەو روونکردنەوەیە ناتەندروست دەبێت، لەبەر ئەوەی چەند هەموار کردنێك بەسەریدا دێت، ئەویش بەمەبەستی لایەنگری و سەلماندنی پەیوەندییە خزمایەتیەکانی ئێستایە لەنێوان نەوەکان و ئەوانی پێشین.

**کۆمەڵەی گشتی** الجمعية العمومية **General assembly**

کۆمەڵەی گشتی لەهەموو ئەو ئەندامانە پێکدێت کەلەیەك لەکۆمەڵەکان کاردەکەن، بەلای کەمیش، بەشێوەیەکی گشتی ساڵی

جارێك کۆدەبێتەوە، ئەویش بۆ تەماشاکردنی خشتەی ئاسایی کارەکانی بەپێی یاسای ناوخۆیی، ئەو ئەنجوومەنە ڕەنگە لەباری نائاسایدا کەپێویست بکات کۆببێتەوە، زاراوەکە ئەنجومەنەکانی نێونەرایەتیش دەگرێتەوە.

**هاوسەنگی گشتی** التوازن العام **General equilibrium**

بیرۆکەیەکە لەتیۆری ئابوریدا بەکار دەهێنرێت، ئەویش بۆ باسکردنی حالەتێك، تێیدا شتەکان بەلای گۆراندا ناڕۆن لەئەنجامی جوڵەو بەڕێوەچوونی هێزو توانا ئابورییەکان.

واتە ئەو حاڵەتە کەبیرۆکەی هاوسەنگیە لەنێوان هێزە ئابورییەکان، ئەوە بوونی رکابەری ئازادو سیستمی مولکیەتی تایبەت، گریمانە دەکات،هەروەها ئازادی لەتەواوکردنی گرێبەستەکان و لەجوڵەو بەڕێوەچوونی یاسای خستنەڕوو خواست بەبێ کۆسپەکان.

لەراستیدا، هاوسەنگی گشتی ئەپستراکتیکی تیۆرییە لەبەر ئەوەی ئابوری دینامی بەرووودانی گۆرانکارییەکان جیاواز دەکرێتەوە بەشێوەیەکی گشتی.

**بەرژەوەندی کۆمەڵ (هەموو)** مصلحة المجموع **General interest**

ئەو بەرژەوەندییەی جێگای بایەخ پێدانی کۆمەڵگەیەکە، یان لەلایەن کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاریکراو گرینگی پێدراوە، دیارە ئەوەش لەبەرژەوەندی گشتی (public interest) سنوردارترە، کەجێگای بایەخ پێدانی هەموو کەسێکە لەناو دەوڵەتەدا، لەکاتێکدا کەجۆری یەکەم تەنها کۆمەڵەیەك یاخود کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاریکراو دەگرێتەوە.

**مانگرتنی گشتی** الأضراب العام **General strike**

مانگرتنێکە هەموو کرێکاران بەشداری تێدا دەکەن لەپیشەسازییە جیاوازەکانی شارێك یان پارێزگایەك یاخود لەسەرانسەری وڵات، بەمەبەستی فشارخستنە سەر حکومەت یانیش یەك خستنی سیستمە ئابوری و کۆمەڵایەتیەباوەکان.

لەڕووی یاساییەوە مانگرتنی گشتی بەناشەرعی دادەنرێت، سەندیکا شۆڕشگێرەکانیش هانی مانگرتنی گشتی دەدەن، کەجیاواز دەبێت لەمانگرتنە گشتیەکی یەك لەو پیشەسازییانەی کرێکارانی پیشەسازییەکە بەشداری تێدا دەکەن، هەرچەندە کارگەکانی ئەو پیشەسازییە پەرش و بڵاو بن لەناوچە جیاوازەکانی وڵاتدا.

جولەی کرێکاران **Cf: labour movement**

مانگرتن **Strike**

مانگرتن **Direct action**

توونوندو تیژی **Violence**

شۆڕشی چەواشەکاری **Revolution and counter**

شۆڕش **Revolution**

سەندیکالیزم **cyndicalism**

**سەندیکای گشتی** النقابة العامة **General union**

سەندیکا، ئەو رێکخراوەیە کەکرێکاران دەگرێتە خۆی، بەبێ سەرنجدانە پیشەکانیان یان شارەزاییەکانیان، سەندیکاخوازەکان ئارەزووی پێکهێنانی ئەو جۆرە سەندیکایانەیان هەیە کە هاوکاری نێوان کرێکاران بەهێزدەکات بەمەبەستی بەرگریکردن لەبەرژەوەندییەکانیان.

تەماشا بکە: سەندیکا **Union**

**ویستی گشتی** الارادة العامة **General will**

چەمکی ویستی گشتی، چەندین بەهای ڕەوشتی و ئاواتی سیاسی دەگرێتە خۆی، ئەوانی ئەندامانی کۆمەڵ باوەڕیان پێی

هێناوە، هەروەها چەمکەکە ئاماژەیەکە بۆ دیاردەی خودێتی کۆمەڵ، جیاواز لەخواستە تاکیەکانی ئەندامانی ئەو کۆمەڵە.
زاراوەکە بەو مانا سنوردارە لەلایەن جان جاك رۆسۆ بەکار هێنراوە کەهەرخۆشی دایهێناوە بەشێوەیەکی تایبەت بۆ باس کردنی ویستی ئەو دادپەروەرییەی کە دیموکراسییەتی نموونەیی جیاواز دەکاتەوەو هەرخۆشی نوێنەرایەتی دەکات، شێوازەکەشی لەحوکمڕانی بەهۆی بڕیارە یاساییەکانەوە هاتۆتەدی.

| | |
|---|---|
| دەسەڵات، ئۆرگان، حکومەت | **Cf: authority** |
| دیموکراسی | **Democracy** |
| ڕەوایی یاسایی | **Legitimacy** |
| مافی گشتی | **Public interest** |

| | | |
|---|---|---|
| بەگشتی کردن<br>گشتاندن | التعميم | **Generalization** |

بریتیە لەگشتاندن و بڵاوکردنەوەی خەسلەتە داماڵێنراوەکان، یان (ئەپستراکتەکان) بەسەر هەموو ئەو دیاردانەی کەتێیدا بەشداری دەکەن، هەروەها چاوەڕوانکردن بەبوونی ئەو خەسلەتانە لەهەموو دیاردەیەکی تازەی هەمان جۆر.
ئەگەر ئەزموون و تێبینیە زانستیەکان دروستی گریمانەیەك لەگریمانەکانی سەلماند بێ ئەوەی گریمانەیەکی دیکە دژی بێت، یاخود پێچەوانەی بێت ئەوا گریمانە راستگۆیەکە بۆ قۆناغی گشتاندنە زانستیەکان دەگوازرێتەوە.

| | | |
|---|---|---|
| گشتکاریکردن<br>کەسێکی فرە بەهرە | المشتغل<br>بالعموميات | **Generalist** |

ئەو کەسە جیاوازە لەو (پسپۆرە) شارەزایەی کەکار لەبوارێکی تایبەت دەکات، کەسی فرە بەهرە هەوڵدەدات ببێتە ئامرازی پەیوەندیکردن لەنێوان پسپۆرەکان، هەروەها نێوان بیروباوەڕو پرۆسە تازەکان کۆ بکاتەوە، کاریش دەکات وەك پلان دانەرێك یاخود رێکخەرێك لەرێکخراوێکی ئاڵۆزدا.
لەم رۆژانە، ئەوانە لەحکومەت و لەهۆیەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە گشتیەکان و کارگێڕی و هەندێ چالاکی ئابوری کار دەکەن.
لێرەدا ئاراستەیەك هەیە بۆ زۆرکردنی ژمارەی ئەوانی لەبوارەگشتیەکان کاردەکەن، لەگەڵ بەرزکردنەوەی مووچەو دەسەڵاتەکانیان، دیاردەکە لەگەڵ ئاڵۆزی کۆمەڵگە زۆرتر بووە.

| | | |
|---|---|---|
| نەوە | الجيل<br>الخلف | **Generation** |

یەك لەقۆناغەکانی زنجیرەی ڕەچەلەکە، لەبەدوا یەکداهاتنی، واتە ئەو ماوە ئاساییەی تێیدا، کەپلەیەك بەدوای پلەیەکی تردا دێت، یان لەماوەیدا کوڕ بەدوای باوکدا دێت، ئەو ماوەیەش لەبارێکی ئاساییدا (33) ساڵ دەخایەنێت.
ئەو جیاوازییە کاتیەش کە کەوتۆتە نێوان دوونەوە، لەبەرامبەریدا جیاوازی لەتەمەنی ئەقلی نێوان باوك و کوڕدا پەیدادەبێت.
تیۆری نەوەکان لەڕەخنەو بیروباوەڕی سیاسی و فەلسەفی، لەگەڵ سیستمی نەوەکاندا (واتە ئەو خەڵکەی لەهەمان تەمەنن، یان ئەوانی لەکاتێکی دیاریکراودا دەژین)هاوشانی یەکتر دەبن.
بەپێی ئەو تیۆرییە ئەوا ئەو دیاردە هزرییانە شێوەی گونجاوو رێك و پێك وەردەگرن، ماوەی بڵاوبوونەوەشیان یەکسان دەبێت لەگەڵ ئەو ماوەیەی نەوەیەك لەزنجیرەی رەچەلەکێکدا درێژە دەکێشێت.

بەزۆریش جیاوازی سایکۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی لەنێوان نەوەکۆنەکان و نەوەتازەکاندا بوونی هەیەو دەبێتە هۆی ململانێ لەنێوانیاندا، دەوترێت نێوان نەوەکان (inter - generation) هەروەها لەناویەك نەوەدا (intera - generation)

ئەندێشەی مێشك گشتگیر — الصورة الشاملة — **Generic image**

وێنەیەکی ئەقلی تەم و مژاوی نادیارە (non-specifie)، ژمارەیەکی جیاوازی ئەندامانی چەشنێك (بابەتێك) دەنوێنێ، بەو کارەش بنچینەیەکی ئەندیشەکاری بۆ چەمك فەراهەم دەکات، ئەندێشەی گشتگیریش ناوەڕاستە لەنێوان وێنەی هەست پێکراوو چەمکی گشتگیر.

پەیدابوون / سەرەتای دروست بوون — الاصل، النشوء / التكوين — **Genesis**

پێکهاتنی شتێك، واتە گەشەکردنی پەیتا پەیتای، تادەگاتە حاڵەتی ئێستای، یان بریتیە لەکۆی ئەو وێنانەی کەبەدوای یەکدا دێن بەسەر شتەکە لەڕووی پەیوەندی بەو مەرجانەی کاریگەرییان دەبێت لە گەشەکردنی ئەو شتە.

تەماشا بکە: پەیدابوونی کۆمەڵایەتی **Social genesis**

گروپی زگماکی — الجماعة الولادية — **Genetic group**

گروپێکی ئارەزوومەندانە نیە (ناهەڵبژاردەیە)، تاك تێیدا لەدایك دەبێت، وەك ئەو خێزانەی کە لەباوك و داینك ومنداڵەکان و عەشیرەت پێکدێن، ڕەنگە تاك لەو گروپە واز بێنێت بەڵام هەر بەئەندامێك تێیدا دەمێنێتەوە ئەویش بەهۆی پەیوەستیەکانی خوێن.

میتۆدی بەدواداچوون — المنهج التتبعي — **Genetic method**

یەك لەمیتۆدەکانی توێژینەوەیە، لەسەر بنچینەی شیکردنەوەی گەشەکردنی دیاردەکان دادەمەزرێت، بەدیاریکردنی بارودۆخە سەرەتاییەکانی گەشەکردن و قۆناغ و ئاراستەکانی کاردەکات، هەروەها ڕوونکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان دیاردەکان بەدرێژایی کات لەگەڵ گواستنەوەی لەشێوەکانی خوارەوە بەرەو شێوە باڵاکان.

دەروونزانی ژێنەتیکی — علم النفس التكويني — **Genetic psychology**

لقێکە، لەدەروونناسیدا، لەپەرەسەندنی پرۆسە دەروونیەکان، یان گەشەکردنیان دەکۆڵێتەوە، ئەویش بەبەکارهێنانی میتۆدی لێ وردبوونەوە.

بۆ ماوەزانی / زانستی بۆماوە — علم الوراثة — **genetics**

زانستێکە بایەخ دەدات بەلێکۆڵینەوە لەیاساکانی دابەش بوون و گواستنەوەی بۆماوەیی تاك، هەروەها کاریگەرییەکانی بۆماوەیی.

داهێنەری، بلیمەتی | العبقرية | **Genius**

بلیمـەتی بـەمانا گشـتیەکەی ئاماژەیـە بـۆ ئـەو بەهرەدارییـەی لای چـەند کەسـێك دەردەکـەوێت لـەبیرورِاو ئەورەفتارانـەی کەکولتوری ناوکۆمەڵگە پێویستی دەکات.

بۆیـە بلیمـەتی پەیوەسـت دەبێـت پەیوەسـتیەکی توونـد بـەناوبانگ، فەیلەسـوفی هەلکـەوتوو، بلیمەتـە وەك زانـای داهێنـەر، بەهرەداریش بەپێی سەرکەوتن بەسەر ئاستە ئاساییەکەی تاکەکانی دیکە پێوانە دەکرێت.

خەسلەتە سەرەکیەکانی بلیمەت کورت دەکرێتـەوە لـەوەی کەخەسـلەتە جەسـتەیی و خـوو رەوشـتەکۆمەڵایەتیەکانی بـەرزتر دەبێت لەئاستی گشتی خەسلەتەکان، واتە ئەو بلیمەتانەلەش ساغ و هۆشیار تر دەبـن لـەرِووی جەسـتەییەوە، هـەروەها زیـاتر هاوسـەنگ دەبن لەرِووی میزاجەوە لەکەسی مام ناوەندی ئاسایی، چ لـەبواری تەنـدروستی جەسـتەییەوە بێـت یـان هاوسـەنگی هەڵچوونیەوە، ئەوان خاوەن خوورِەوشتی گەورە دەبن لەئاست تاکەکانی دیکە.

لێرەدا چەندین تیۆری هەیە، ئامانجیان راڤەکردنی دیـاردەی بلیمەتیـە، گرینگترینیـان: تیـۆری پـاثـولـۆجی (نەخۆشـی ناسـی) (pathological theory) هـەروەها تیـۆریی شـیکاری دەروونـی (psycho ana lytical theory) لەگـەڵ تیـۆری چۆنایەتی (qualitative theory) و تیۆری چەندایەتی (quantative theory).

بەرنامـە ئاساییەکانی قوتابخانـەیی بەکـەڵکی فێربـوونی بلیمـەت و بـەهرەداران نایێـت، چـونکە لەگـەڵ ئاسـتی سـەرکەوتن و لێهاتوویان ناگونجێت و هانیان نادات لەسەر کارکردنی بـەهێزی قـوڵ، کەئاسـتە بـەزرەکانی بـەهرە داریـان پێویسـتی دەکـات، بۆیە بۆ بەهرەداران پۆلی تایبەت دروست دەکرێت تارِێگری نەبێت لەبەردەم گشەکردنی سروشتیان.

بەهرە، توانای زگماکی — **Ana: talent**

بەهرەداری، دانایی — **Cf: creativity**

توانای بیرکردنەوە، زیرەکی — **Intelligence**

سەرکردایەتی، پێشرِەوی — **Leadership**

جینوساید
کۆمەڵ کوژی | جريمة إبادة الجنس | **genocide**

واتە لـەناوبردنی بەئەنقەسـتی گروپێکی نەتـەوەیی، یـان رەچـەلەکێك یـاخود کۆمـەڵێکی ئـاینی ، یـانیش سیاسـی، کەلـەکاتی جەنگ و توونـدو تیژیدا پەنای بۆ دەبردرێت یان روودەدات.

لەرِێکەوتنی نێو دەوڵەتی، کەلەمانگی کانونی دووەم/ 1951 وە کاری پێدەکرێت، دیاردەی کۆمەڵکوژی رِەگەزی قەدەغـەکراوە، بەتاوانی نێو دەوڵەتیش دادەنرێت، پێویستە لەسـەر ئـەو دەوڵەتانـەی ئـەو رێککەوتنـەیان واژوو کـردووە رِێگـە لـەو دیاردەیـە بگرن و سزای لایەنی تاوانباریش بدەن.

شێوازی بنەماڵەیی | الطراز السلالي | **Geno type**

مەبەست لەم زاراوەیە، ئەو قـەوارە ئەندامیەیـە هـەروەك فاکتـەرەکانی بـۆ مـاوەیی دەسـت نیشـانی دەکـەن، دیـار دەبێـت یـان شاراوە.

لەرامبەر ئەو زاراوەیـە، زاراوەی روخسارە بابـەت (phenotype) دێـت وەك ئاماژەیـەك بـۆ قـەوارە ئەندامیەکـە، هـەروەك فاکتەرەکانی بۆ ماوەیی و ژینگەیی دیاری دەکەن.

گروپی هێڵی باوکایەتی | الجماعة الابوية | **Gens**

گروپێکە لەرِەچەڵەکی نێرەکان دێتە خوارەوە، ئەگەر عەشیرەت (clan) لە رِەچەلەکی بـاوك یـان دایـك بێتـە خـوارەوە، ئـەوا گروپی باوکایەتی (gens) بەعەشیرەتی باوکایەتی (patrilineal clan) دادەنرێت.

بۆیە زۆر لەزاناکانی ئەنثرۆپۆلۆجیا زاراوەی دووەمیان پێ چاکترە.

**خانەدان، جوامێر** **السيد الفاضل** **Gentleman**
**پیاو چاك**

پیاوێکە لەبنەچەیەکی باش دێتە خوارەوە، بەشێوەیەکی گشتی لەخەڵکی ئاسایی دیکە جیاواز دەکرێتەوە بەهۆی: جل و بەرگ، ئاستی خوێندەواری، گفتوگۆو ئیش و کاری، هەروەها لەڕووی هۆیەکانی ڕابواردنی و خوو ڕەوشت و هەڵس و کەوتی.

**ڕێککەوتنی جوامێران** **أتفاق الشرفاء** **Gentleman agreement**

ڕێککەوتنێکی دوولایەنەیە، مۆرکێکی ڕەوشتی هەڵدەگرێت، لەو ڕێککەوتنە بەڵێن پێدانی فەرمی تێدا نیە، زیاتر بەشێوەیەکی زارەکی ئەنجام دەدرێت، یان بەڕێگای ئاڵوگۆڕ کردنی نووسراوونامەی نێوان دوو دەوڵەت، بەڵام بێ واژۆ کردن یاخود پشت بەستن بەدوکیۆمێنتی ڕەسمی.
لەو جۆرە ڕێککەوتنە هەردوولایەن، دڵنیا دەبن لەوەی کە ڕێککەوتنەکە بەویستێکی باش جێبەجێ دەکرێت.
هەروەك باویشە، ئەو جۆرە ڕێککەوتنانە دەربارەی هەڵوێستی هەردوو دەوڵەت دەبێت لەئاست دۆخێکی نێو دەوڵەتی دیاریکراودا.

**چینی ئەریستوکراتی** **الطبقة الاستقراطية المتوسطة** **gentry**
**ناوەڕاست**

چینێکە پێکدێت لەو تاکانەی خاوەن پەروەردەیەکی باڵاو لەڕەچەلەکێکی باشدا هاتوونەتە خوارەوە، ئەو چینە بەجۆرێکی تایبەت دەکەوێتە نێوان چینی خانەوادەکان و چینی مولکدارە کشتوکالیە بچووکەکانەوە، هەروەها پێیان دەوترێت چینی پیاو ماقولان لەخاوەن زەوی و زارەکان (landed gentry).

**هەربوونایەتی جوگرافی** **الحتمية الجغرافية** **Geogragphic determinism**

تیۆرییەکە باوەڕی وایە، کەژینگەی جوگرافی کارتێکردنی بەسەر کولتوردا دەبێت هەروەها ئەو جیاوازیانەی لەنێوان کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکان هەیە بەشێوەیەکی بنچینەیی بۆ جیاوازییەکان لەژینگەی جوگرافی دەگەڕێتەوە.
لەبەر ئەوە کولتورو دیاردە کۆمەڵایەتیەکان، لەبەر ڕۆشنایی هۆکارە جوگرافیەکان ڕاڤەدەکرێن، وەك کەش و هەوا، باران بارین، خاك و دەرامەتە کانزاییەکان..

**جوگرافیای کلتوری** **الجغرافيا الثقافية** **Geography, cultural**

لقێکە لەلقەکانی جوگرافیای کۆمەڵایەتی، گرینگی بەلێکۆڵینەوە لەکارە مادییەکانی مرۆڤ دەدات، هەندێ جاریش بەکارە نامادییەکان، لە چوارچێوەی شوێنێك یان هەرێمێکدا بێت، یاخود لێکۆڵینەوە لەوەی پێی دەوترێت رووەشارستانی زەوی، بەپێی جیاوازی شوێنەکانەوە.
هەندێ جوگرافی ناس زاراوەی جوگرافیای شارستانی بەکار دەهێنن، وەك هاوتایەك بۆ جوگرافیای کۆمەڵایەتی، هەندێ جاریش بۆجوگرافیای مرۆیی.

**جوگرافیای ئابوری** **الجغرافيا الاقتصادية** **Geography economic**

ئەم زانستە لەبوارەکانی چالاکی ئابوری دەکۆڵێتەوە لەگەڵ کاریگەری بە بارودۆخەکانی ژینگە، هەروەها لەڕووەکانی لەیەك چوون و جیاوازی نێوان ناوچە جیاوازەکانیش دەکۆڵێتەوە، ئەوەندەی پەیوەندی بەبەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان و ئاڵو گۆڕو گواستنەوەو بەکارهێنان هەیە.ئەمەو سەرەڕای گرینگی دان بەجۆرێکی تایبەت بەچڕبوونەوەی چالاکی ئابوری لەچەند ناوچەیەکی دیاریکراودا لەهەردوو ڕووی تیۆری و کرداری.

**Geography ekistic** جغرافية الاسكان جوگرافیای نیشتەجێکردن

جوگرافیـای نیشـتەجێکردن (یـان نیشـتەجێبوون) لقێکـە لەلقـەکانی جوگرافیـای کۆمەڵایـەتی، گرینگـی دەدات بـەجۆرو نموونەکانی خانوو شوێنی حەوانەوەی مرۆڤایەتی.

**Geography, political** الجغرافيا السياسية جوگرافیای سیاسی

مەبەست لەم زاراوەیە:

لێکۆڵینەوە لەبوارە جیاوازو لەیەکچووەکانی نێوان ناوچە جوگرافیەکان لەڕووی روخساری سیاسییەوە.

لێکۆڵینـەوە لەدەوڵـەت، لـەو رووەوەی دیاردەیـەکی جوگرافییـە پارچـە زەوییـەك دەنـوێنێ خـاوەن سـنورو شـوێنی جـوگرافی خۆیەتی لەئاست دراوسێکانی.

هەروەها لێکۆڵینەوە لەتواناو کۆڵەکە مرۆڤایەتیەکانی دەوڵەت و ئەو کێشانەی بەرەو ڕووی دەبنەوە لەو بوارانەدا.

لێکۆڵینـەوە لەدەوڵـەت بـەو شـێوەی کەهەیـە، ئـەویش لەبـەر رۆشـنایی پەیوەندییـەکانی بەژینگـەوە، لەگـەڵ بنچینـە فیزیـو گرافیەکەی، واتە ئەو زەوییەی کە لەسەری دامەزراوە.

**Geography social** الجغرافية الاجتماعية جوگرافیای کۆمەڵایەتی

جوگرافیـای کۆمەڵایـەتی لەدابـەش بـوونی کۆمەڵگـە مرۆڤایەتیـەکان لەسـەر ڕووی زەوی دەکۆڵێتـەوە، هـەروەها لەچـڕی و کۆچکردنیان و لەئاوەدانی مرۆڤایەتی لەناو گوندو شارەکاندا، لەگەڵ شـێوازەکانی بـەکارهێنانی ئـەو کۆمەڵگایانـە بـۆ ژینگـەو کاریگەرییان بەو ژینگەیە.

**Geography, urban** جغرافية المدن جوگرافیای شارەکان

بابـەتی ئـەم زانسـتە، لێکۆڵینەوەیـە لەشارەکان لـەڕووی شـوێن و قـەبارەو گەشـەکردن و فرمـان و دابـەش بوونیـان، هـەروەها لەدۆخی هەرێمایەتی شارەکان و باری ژینگەییان.

**Geomertic mean** الوسط الهندسي ناوەندە (نێوانە) ئەندازەیی

لەئاماردا مەبەست لەناوەندە ئەندازەیی بۆ کۆمەڵێك بەهای ئەژمارەیی، ڕەگی دووجایە بـۆ ئـەنجامی لێکدانی ئـەو بەهایانـە، ناوەندە ئەندازەیی بەچاکتر دەزانرێت، لەناوەنـدەکانی دیکـە، بـۆ پێوانـە کردنـی ناوەنـدی گـۆران لەئاسـتی نرخەکانـدا، بـەڵام دژوارە ژماردنی بەهای ناوەندە ئەندازەیی ئەگەر ژمارەی بەهاکان گەورە بوون.

**Geomertic progression** المتوالية الهندسية یەك دوایەکی ئەندازەیی

لەئاماردا مەبەست لەیەك دوایەکی ئەندزازەیی، کۆمەڵە برێکی رێك و پێکە، بەجۆرێك ئەگەر یەکێکیان ڕاستەوخۆ دابەشکرا بەسەر ئەوەی لەپێشیدایە، ئەوا دەرئەنجامەکە جێگیرەو ناگۆڕێت.

**Geomertic shapes** الاشكال الهندسية شێوە ئەندازەییەکان

شێوە ئەندازەییەکان لەئاماردا بریتیە لە چەند شێوەیەکی زانراو، نموونەی خشتەك، لولەك، گۆ، ئەوانە قەبارەیان لەگەڵ ئەو

ژمارانەی نوێنەرایەتیان دەکات بۆ دیاردەیەکی دیاریکراو، گونجاوو لەبار دەبێت، ئەو شێوانە زۆر بەکار ناهێنرێن بەهۆی دژواری وێنە کێشانیان و بەراوردکردنی قەبارەیان بەوردی. بۆیە واباشترە بەکار نەهێنرێن ئەگەر ڕێگایەکی دیکە هەبوو بۆ خستنە ڕوویان، گرینگترین ئەو شێوە ئەندازەییە بەرجەستانە، ئەمانەن: خشتەك، لولەك، گۆ.

جیوپۆلیتیك | الجیوبولیتکس | **geopolitics**

جوگرافیای سیاسی

زاراوەکە لەوڵاتی ئەلمانیا لەسەردەمی حوکمڕانی نازییەکان دەرکەوت، مەبەست لێی: ڕووە جوگرافیاییەکانی هەر سیستمێکی سیاسییە، بەتایبەتیش پێگەو شوێنی دەوڵەت لەئاست دەریاکان، هەروەها ڕادەی بەهێزی یان لاوازی یەك یاخود زیاتر لەدەوڵەتانی دراوسێ، لەگەڵ کاریگەری جوگرافیاشیان لەسەر سیاسەتی دەرەکی دەوڵەتەکان ئەو سیاسەتەی کەلەسەر بنچینەی شەڕ لەپێناو فراوانبوونی جوگرافی دادەمەزرێت.

تەماشا بکە: ژینگەزانی **ecology**

شاری، باژێری **Urban**

دەسەلاتی پیران | حُکم الشیوخ | **Gerontocracy**

پیرسالاری

قۆناغێکی کۆنە لەقۆناغەکانی سیستمی حوکمڕانی، لەوقۆناغەدا تەمەن گەورەکانی بنەماڵە دەسەلاتیان بەدەستەوە دەگرت، ئەویش بەهۆی ئەو شارەزاییەی کەبەدەستیان هێناوە، ئەمەو زۆر لەکۆمەڵگە سەرەتاییەکان باوەڕیان وابوو کەپیرەکان خاوەن هێزێکی ئەفسوناوین.

پیرناسی | علم الشیخوخة | **Gerontology**

زانستێکە گرینگی بەلێکۆڵینەوە لەکردارەکانی تەمەن گەورەیی دەدات، هەروەها گەیشتن بەچەند چارە سەرییەك بۆ کێشە بایۆلۆجی و سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتیەکانی پیران، ئەوانی بەردەوام ژمارەیان لەزۆر بووندایە.

وێنایی | الجشطلطیة | **gestalitism**

چشتالیزم

تیۆرییەکی سایکۆلۆجیە لەبنچینەدا، بۆ چوونی وایە کە بۆ تێگەیشتنی شتەکان روو لەگشت دەکرێت، نەك لەرەگەزو بەشەکانی، بۆ نموونە منداڵ درك بەگیانلەبەر دەکات بەکۆی بەشەکانی (بەگشتی) نەك بەهۆی بەشکانی.
ئەم تیۆرییە فراوان بووە تاڕادەی ئەوەی واتەماشای دیاردە بایۆلۆجی و سروشتیەکان ناکرێن کەئەوانە رەگەزن یاخود چەند بەشێکی لەیەك جیابووەوەن، بەلکو وەك گشت و چەند کۆمەڵێك کەیەکگرتوویی خودی خۆیان هەیە.
لەگرینگترین ئەو کێشانەی کەقوتابخانەی چشتالتیزم بیروڕای خۆی لەسەریان دەربڕیوە:
أ- درك پێکردن یان تێگەیشتن، لەسەرەتادا ئاراستەکراو دەبێت بەرەو شێوە گشتیەکە نەك بەرەو بەشەکانی، بۆ نموونە شێوەی دەم و چاو (روو) درکی پێدەکرێت بەگشتی نەك وەك کۆمەڵە ئەندامێك.
ب- خەسلەتەکانی شێوەکە، ئەوە کۆی خەسلەتەکانی ئەو بەشانە نیە کەلێی پێکدێت.
ج- هەموو بەشێك یان هەموو ڕەگەزێك سنوردار دەبێت بەچۆنیەتی ئەو دۆخەی تێدایە لەئاست شێوە گشتیەکە، کاتێ ڕەگەزێك لەنێوان ڕەگەزەکانی شێوەگشتیەکە جیادەبێتەوە، ئەوا خەسلەتەکانی شێوە گشتیەکەش دەگۆڕێت.
لایەنگرانی جەشتالت بۆ چوونیان وایە کە شارەزایی یانیش رەفتار دەبێ وەك یەکەیەکی گشتی خاوەن پەیکەری تایبەت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، ئەو پەیکەرە یاخود ئەوەی، پێی دەوترێت خەسلەتی شێوەیی، ئەوە هەڵگری چەند

تایبەتمەدییەکە وەك یەکەیەك تێیدا فەراهەم دەبێت، ئەو تایبەتمەندیانە لەهیچ بەشێك لەو بەشانەی کەلێیان پێکدێت فەراهەم نابێت.

هەر لەئەنجامی ئەو بیروبۆچوونەی جشتالیت، تیۆری جشتالێتی گشتی ئەندامی (getalt orgonismic theory) دەرکەوت، کەئەوانەی خوارەوەی سەلماند:

1- کۆمەڵ لەکۆی تاکەکانی گەورەترە.

2- تاك کەسێتی خۆی لەکۆمەڵ وەردەگرێت.

3- کۆمەڵ ئاراستەی کاروکردەوەکانی خۆی دیاریدەکات.

4- تاکگەرایی تاك، جیاواز دەکرێتەوە بەگوێرەی ئەوانی دیکە.

5- کۆمەڵ وەك یەکەیەك دەست پێدەکات، وەك گشتیش گەشە دەکات، تاك وە یەکەیەك دەست پێدەکات و وەك گشتیش گەشە دەکات.

6- تاك ئەوپەڕی توانای خۆی بەکار دەهێنێت بۆ بەرهەڵستی کردنی هەر گۆڕانێك لەتەواوی پێگەیشتنی.

7- بەدەنگەوە هاتنمان بۆ وروژێنەرەکان، لەجەوهەردا بەدەنگەوە هاتنە بۆ هەڵوێستە گشتیەکە.

**gesture** الاشارة هێما

الایماءة نیشانە

دەربڕینێکە، ئاماژە بۆ شتێك دەکات بەشێوەیەکی ئاسایی، ئەویش بەهۆی جوڵەی سەر، یان دەستەکان ئەنجام دەدرێت بەمەبەستی پەیوەندیکردن، ئەو دیاردەیە بە زۆری لەگەڵ بیرکردنەوەی تاك هاوەل دەبێت، دەکرێ لەشێوەی زمانی هێما بۆ کردن (gesture language) دابڕێژرێت کەبەهۆیەوە تێگەیشتن دێتەدی، هەر وەك لەهەردوو حاڵەتی کەڕو لاڵ باوە.

دەوترێت: نیشانە بۆ کردنی کۆمەڵایەتی (social gesture) کەبریتیە لەکارێکی کورتکراوە یاخود نواندنێکی هێمایی بۆ کارێك ئەو ئەکتەرەی لە سەلماندنەکەی تێدەگات بەکاری دەهێنێ و واچاوەڕوان دەکات کەئەوانی دیکە تێی بگەن یانیش بەدەنگیەوە دێن، هەر وەك خۆی بەدەنگیانەوە دەچێت.

**Ghetto** الجیتو گەڕەکی جولەکەکان (گیتۆ)

گەڕەکی کەمایەتیەکان

مەبەست لەزاراوەکە، ئەو گەڕەکانەی کەلەشارەکان و لە چەرخەکانی ناوەراستدا هەبوون، جولەکە لەو گەڕەکانە دەژیان دوور لەدانشتوانی دیکە.

بەڵام لەهەموو بارێکدا ئەو گەڕەکانە هەل و مەرجێکی لەباریان دەخولقاند بۆ پێکهێنانی شێوازێکی جیاواز لەکولتورو لەسیستمێکی فسیولوجیای تایبەت.

وشەی (الجیتو) بەمانا فراوانەکەی ئاماژەیە بۆ ژینگەیەکی سروشتی، لەو ژینگەیەو لەناو شارێکدا کەمایەتیەکی رەچەڵەکی تێدا دەژیا.

**ghost** الروح گیان

الشبح تارمایی مردوو

گیانێکی ئازاد لەجەستەدا، یان تارمایی کەسێکی مردوو، ئەگەر لەجیهانی رۆحەکاندا ژیابێت یاخود لەناو زیندووواندا دەرکەوێت.

دەوترێت: رۆح پەرستن (ghost cult)، ئەو دیاردەیە پشت بە چەندین نەریت و رێ و رەسم دەبەستێت، ئامانجشی بەدەستهێنانی سۆزی رۆحەکانە، یانیش دوور خستنەوەیان.

خشته تارماييەكان (خەياليەكان) | الجداول التخيلّية | **Ghost tables**

خشتەپێش بینکراوەکان لەئاماردا، بریتیە لەدانانی چەند نەخەشەیەکی سەرەتایی بۆ ئەو خشتانەی کەزانیاری و ئامارەکانی تێدا بەتاڵ دەکرێن.
دەکرێ توێژەر بەهۆیەوە ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە لەدەست نیشانکردنی ئەو پرسیارانەی پێویست بەبوونیان دەکات لەفۆرمی ئامارو جۆری ئەو زیانیاریانەی پێویستن بۆ مەبەستەکانی شیکاری و هەڵێنجان و دەرئەنجامەکان.

بەخشین خەڵات | الهبة التبرع | **gift**

1- دیاری (بەخشین) لەئەنثروپۆلۆجیا، ئەوەیە کەتاك پێشکەشی تاکێکی دیکەی دەکات، دیارە ئەوەش یەك لە ئامرازەکانی دابەشکردنە لەکۆمەڵگەی سەرەتایی، چونکە فەرمانێکی ئابوری گرینگ بەجێ دەهێنێ، ئەو دیاردەیە بە توندی بەستراوەتەوە بەحاڵەتی قەدرو ئابڕوی کەسایەتی و پشت بەستن بەخود.
ئەو کۆمەڵانەی لایەنگری ئەوەن کەخەڵات پێشکەش بکەن، ئەوانە خۆهەڵکێشان و چاکەکردن دەکەنە هۆکارێکی مەبەستدار بۆ لەکارکەوتن ، بەزۆریش دیارییەکان وەك هەڵبژاردنی قوربانی پێشکەش دەکرێن بەبۆنەی ئاهەنگەکانی رازیکردنو نزاو پاڕانەوە، یاخود بۆ حاڵەتی ئاشت بوونەوەو لێبوردن.
لێرەدا دیاری بەدبەختیش (fatal gift) هەیە، ئەویش ئەو بەخشینەیە پێشکەشی دوژمن دەکرێت، ئەو کەوەریدەگرێت و بەکاری دەهێنێت بەبێ ئاگایی و سەرنجدان، وەك ئەوەی لەلایەن دۆستێکی پێشکەشی کرابێت، ڕەنگە ئەوەی وەریدەگرێت مردن یاخود کارەساتێکی تووشی بێت.
2- لەیاسادا بەخشین بریتیە لەگرێ بەستێك، بەپێی ئەوگرێ بەستە لایەنی بەخشندە بڕێك لەسامان وپارەکەی خۆی دەبەخشێتە لایەنی پێ بەخشراو، ئەو جۆرە بەخشینە دەبێ سێ کۆڵەکەی هەبێت:
رازی بوونی بەخشندە، پەسندکردنی پێ بەخشراو، نەبوونی هەر جۆرە قەرەبوویەك.

کەلەپور، میرات وەرگرتن — **Cf: inheritance**

چەژ، ئارەزوو، وەسیەت نامە — **Wills**

پاراستنی کچان | حماية الفتيات | **Girls protection**

مەبەست لەزاراوەکە، ئەو هەوڵە کۆمەڵایەتیانەی ئامانجیان پاراستنی کچانە لەو مەترسیانەی کەبەرەو ڕوویان دەبێتەوە، ئەویش بە رێنمایی کردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ تاك و بۆ کۆمەڵ بەمەبەستی هاوکاریکردنیان لەسەر خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی.

تەماشا بکە: چاودێری لاوان — **Youth welfare**

چاکەکاری غنوسیەت | الغنوصية | **Gnosticism**

ڕەوتێکە ئامانجی تێکەڵکردنی فەلسەفەیە لەگەڵ ئاین، ئەم ڕەوتە بۆ چوونی وایە کەرزگار بوون بەهۆی زانینەوە دێتەدی، زیاتر لەوەی بەهۆی کاروباری خێرخوازییەوە بێتەدی، ئەم ڕەوتە لەهەردوو سەدەی یەکەم و دووەمی زاینیدا دروست بووە.
بەناو بانگترین لایەنگرانی ئەم ڕەوتە: باسیلیوس، فالەنتین، مرنیون، ئەوانە هەر سێکیان باوەڕیان بەهێزی سۆزی ئاینی هەیە، هەروەها بوونی ترس لەزۆرداری و دەسەلاتی هەوەس و ئارەزووەکان بەسەر دەروونەدا.
ئەوانە باوەڕیان وایە کە ئاینی مەسیحییەت پێداویستیە ئەقلی و روحیەکانی تێدا دێتەدی.

لەبەرامبەر ئەم ڕەوتە ڕێبازی نازانمکاری (agnosticism) دێت.

**Goal** الهدف ئامانج

حالەتێکە، یان ئەو شتەیە کەتاك وای دەبینێ پێداویستیەکەی تێردەکات و لە دوایدا دەبێتە هۆی جولاندنی رەفتاری .

ئامانجی بەکۆمەڵ (group or social goal) ئەو ئامانجەیە کەکۆمەڵ هەوڵی بۆ دەدات لەڕێگەی کاری بەکۆمەڵەوە، رەنگە ئەو ئامانجە هۆی بوونی ئەو کۆمەڵە بێت، هەروەها ڕەنگە بەتەواوی جیاوازیش بێت لەوەی هەر تاکێك لەئەندامانی کۆمەڵ هەوڵی بۆ بدات.

ئامانجەکانی ڕێکخستن (organizational goals) ئەو ئامانجەیە کەپێویست بەجێبەجێکردنیان دەکات، ناکرێ لێکدانەوە بۆ هەر رەنجێکی بەکۆمەڵی بەرهەم هێنەری کارابکرێت بێ ئەوەی ئامانجێك یاخود چەند ئامانجێکی نەبێت، کەرێکخستن هەوڵی بۆ دەدات، ئەوانە پەیوەستن بەئایندەو بەو ئاواتانەی کەجێبەجێکردنیان جێگای ویستەو لەپێناویدا رەنجیشی بۆ دەدرێت.

تەماشا بکە: هاندەری بەرمهێنان **Achievement motivation**

هاندەر، پاڵنەر **motivation**

**God** الله الرب خودا

لەکۆمەڵناسیدا، دید بۆ خودا جیاواز دەبێت بەپێی جیاوازی کۆمەڵەکان، بەڵام هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کەبزوێنەری یەکەمە، هەروەها سەرچاوەی بوون و ئەو هێزەیە کە بەسەر خەڵکیدا باڵایە، لەهەمان کاتدا هاوکاریانیشە. لەفەلسەفەدا خودا ئەو بوونە باڵایەیە، یاخود ناکۆتاییەیە، ئەو بەهۆی ئەقل بوونی دەسەلێنرێت، بەڵام لەلاهوتدا بوونی خوداوەند بریتیە لەدەسەڵاتێك یانیش سروش، کەئەوەش ڕێبازێکە لەڕێبازەکانی باوەڕ.

**Good, economic** السلعة الاقتصادية کەل و پەلی ئابوری

دەکرێ، کالاو کەپەل وپەلی ئابوری جیاواز بکرێتەوە لەهی دیکە، بەوەی توانای تێرکردنی پێداویستیەکی دیاریکراوی مرۆڤایەتی هەیە، لەهەمان کاتدا بەشێوەیەکی ڕێژەیی کەمە، ئەوەش واپێویست دەکات کە لەپێناو بەرهەمهێنانی رادەیەکی دیاریکراوی ڕەنج و کات و دەرامەت بەکاربهێنرێت، ئەو کالایە هەڵگری بەهایەکی ئال و گۆڕکردنیشە لەبازاردا.

ئەگەر کەل و پەلەکە سوودی هەبوو، بەڵام بەشێوەیەکی ڕێژەیی کەمی پێوە دیار نەبوو وەك ئاوو با لەهەندێ بارودۆخدا، یانیش کالاو کەل و پەلەکە کەم بوو بەڵام بێ سوود بوو وەك ژمارەیەك مەڕو ماڵات لەکۆمەڵگەیەك کەڕووەك خۆر بوون، ئەوا ئەو کالایە لەبارودۆخدا ئازاد دەبێت.

کالاو کەل و پەلی ئابوری چەند جۆرێکن، لەوانە:

کەل و پەلە بەر هەمهێنەرەکان (producers goods) ئەو کەل و پەلانە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەشداری دەکەن لەتێرکردنی خواست و پێداویستیە فرەکانی مرۆڤ.

کەل و پەلی بەکاربردن (consumers goods) ئەوانە بەشێوەیەکی راستەخۆ، ئارەزوو پێداویستیەکانی مرۆڤ تێردەکەن.

کەل و پەلە کرێیەکان (wage doods) ئەو کەل و پەلانەن کەچینی کرێکار لەکۆمەڵگە داوایان دەکات، واتە ئەوانەی کەئاستی گوزەرانی تاکەکانی ئەو چینەی لێ پێکدێت و داهاتە دراوییەکانیان ڕێگای کڕینی پێدەدات.

Good offices المساعيالحميدة خێرخوازی

هۆکارێکە بۆ ڕێککەوتنی ئاشتیانە، بەو پێیە لایەنی سێیەم هەوڵدەدات لایەنە ناکۆکەکان هانبدات و بەشداری لەگفتوگۆ بکەن.

ئەو لایەنەی کەهەوڵە خێر خوازییەکانی خۆی دەخاتە ڕوو، هەوڵدەدات بارو دۆخێکی لەبار پێك بهێنێت بۆ ئەوەی بەو ڕێگایە هەردوو لای ناکۆك ئەو بابەتەی ناکۆکی لەسەرە گفتوگۆی دەربارە بکەن.

هەوڵە خێرخوازییەکان، بەشداریکردن لەگفتوگۆکان، وپێشنیازەچارەسەرییەکانناگرێتەوە، هەرچەندە دەکرێ هەردوولایەنی ناکۆك داوای ئەو بەشدارییە بکەن، ئەگەر ئەوەش روویدا ئەوا هەوڵە خێرخوازییەکە دەگۆڕێت و دەبێتە نێوەندگیری (mediation ) کەبریتیە لەدەستێوەردانی لایەنێکی سێیەم بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکە، ئەویش لەسەر بنچینەی ئەو پێش نیازانەی کەدەیخاتەڕوو.

Good, the الخير چاکە باشە

چاکە، واتە هەرکارێك ببێتە هۆی بەدەست هێنانی مەبەستێك یان گەیشتن بەچەند ئامانجێکی خواستراو، ئەویش هەرکاتێ لەگەڵ بەرژەوەندییە مرۆڤایەتیەکان رێککەوێت و ئاسەوارێکی بەسوود لەناوکۆمەڵ بەجێ بهێڵێت.

چاکە دوو جۆرە:

چاکە بەشێوەیەکی رەها، یاخود چاکە لەپێناو چاکە، ئەوەش بریتیە لەوکارە چاکەیە، بێ لێکدانەوەی مەبەست و ویستی بکەرەکە، یانیش چاکە لەپێناو چاکە.

جۆری دووەمیان، چاکەی ڕەوشتی، ئەویش بریتیە لەهەر کارێکی باش، کە مرۆڤ بەئارەزوو بەئیرادەی خۆی پێی هەڵدەسێت، کەبەکاریگەری هیچ هێزێکی دەرەکی و یاخود بەزۆر پێی هەڵنەساوە، یانیش مەبەستێکی تەماعکاری و چێژێکی کەسێتی بەدواوە نەبووە، یان بۆ دەسکەوت و سوودێکی دیاریکراو نەبووە، بەڵکو بۆ رازیکردنی ویژدان هەروەها وەك ئەرکێك و یاسایەکی رەوشتی، پێی هەستاوەو بێ ڕەچاوکردنی هەرکارێکی دیکە.

پێوەرە ڕەوشتیەکانیش دوو جۆرن، پێوەرە دەرەکیەکان وەك نەریت و یاسا، کەدەسەڵاتی گەورەی هەیە لەپاراستنی کۆمەڵگە. هەروەها پێوەرە ناوەکیەکان، وەك ویژدانی مرۆڤ کەبەهاڕەوشتیەکان و ئەو کارانە دیاریدەکات بۆ ئەوەی مرۆڤ پێی هەستێت یاخود دەیەوێت پێی هەستێت یانیش پشت گوێیان بخات.

Good will ١- الشعور الودي نحو الاخرين هەستێکی برادەرانەی پاك بەرامبەر خەڵك

ئەو هەستەی متمانەو بیرکردنەوەی باش دەگرێتە خۆی، هەروەها زاراوەکە ئاماژە بۆ پاڵپشتی جەماوەرو متمانە بەرامبەر چەند کەسێك یان چەند بابەتێك دەگەیەنێت.

٢- شهرة المحل ناوبانگی دامەزراوەکە

مەبەست ئەو بەهاو پلەو پێگە مەعنەوییەکە دامەزراوەیەك بەدەستی هێناوە بەدرێژایی چەندین ساڵ، لەکاتی تێکەڵکردنی دامەزراوە کە لەگەڵ دامەزراوەیەکی دیکە، یان فرۆشتنی، ئەوا نرخێکی دارایی بۆ ناوبانگی شوێنەکە دادەنرێت، ئەو نرخەش بەشێوەیەکی ئاسایی دەخرێتە سەر نرخی شوێنەکە.

دامەزراوەی کارگێڕی | الجهاز الاداري | Governing body
تەماشـای ئەنجومـەنی بـەڕێوەبردن بکە: | | Board of directors

حکومەت میری | الحكومة | Government

سیستمێکی کارگێڕی دەوڵەتە، یان ئامرازێکی دەسەڵاتە بەسەرگەلدا، هەروەها هەڵسوراندنی کاروبارەکانی و ئاراستەکردن و ڕێکخستنی هەوڵەکانی، لەگەڵ ڕێك و پێکردنی ڕەفتاری تاك و کۆمەڵەکانی، ئەویش بەهۆی ئەویاسایانەی کەخاوەن دەسەڵات لەناو کۆمەڵدا دایدەڕێژێت.

ئەویاسایانە بە پشتیوانی هێزێکی مادی جێبەجێ دەکرێت لەکاتی پێویستدا.

زاراوەکە، لەڕووی سیاسیەوە، بەکۆی ئەنجومەنەکانی حوکمڕانی دەوترێت لە دەوڵەتێکدا، لەو حالەتە هەرسێ دەسەڵاتی یاسایی و جێبەجێکردن و دادوەری دەگرێتەوە.

هەروەها بەمانایەکی کەمتر فراوان بەکاردەهێنرێت، کەمەبەست لێی دەسەڵاتی جێەجێکردنە بەتەنها.

دەربارەی جیاوازی لەنێوان فەرمانەکانی دەوڵەت لەڕووی یاسایی و جێبەجێ کردنەوە حکومەتەکان سێ شێوە وەردەگرن:

سیستمی تێکەلکردنی دەسەلاتەکان، یان حکومەتی سەرۆکایەتی: **Presidential government**

سیستمی جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان: **Separation of power system**

سیستمی هاوکاری دەسەلاتەکان: **Collaboration of power system**

میری، دەوڵەت **Cf: state**

| | |
|---|---|
| یادشایەتی، دەسەڵاتی پاشا | **Sovereignty** |
| فەرمانڕەوایی بەپێی دەستور | **Constitutionalism** |
| شانشین | **Monarchy** |
| دیموکراسی | **democracy** |
| پارت و ڕێکخراوەکان | **Parties** |
| هەڵبژاردن | **Election** |

پارێزگا | المحافظة | **governorate**

بەشێکە لەخاکی دەوڵەت، کەسێتیەکی مەعنەوی پێ دەدرێت، هەروەها ئەرکی سەرپەرشتی کردنی بەسەر دروستکردن و بەڕێوەبردنی دامەزراوە خۆجێبەکان دەبێت، بەمەبەستی بایەخ پێدان بەخەڵکی ناوچەکە.

پلە پایە | الرتبة المرتبة | **grade**

واتە شوێنی تاك یان پێگەی قەوارەیەك لەزنجیرە پلەو پایەکدا کە بەهاکان تێیدا لەسەر بنچینەی پێوەرێکی دیاریکراو دەستنیشان دەکرێن.

لەئامارەدا دەوترێت، پەیوەندی پلەکان (روتبەکان) (grade correlation)، پلەش لەڕووی کارگێڕییەوە ئەو ئاستەیە کە

فەرمانە جیاوازەکان دیاری دەکات، ئـەوانی لەئاسـتی دژاوری و بەرپرسـیاریەتی لەیـەك دەچـن، ئـەو ئاسـتەش وەك هۆکارێـك بەکار دەهێنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی فەرمانەکان.

دەوترێت، ڕێکخستن یان (ڕێز بەستن)ی فەرمانەکان (grading system) واتە، ریز بەستنی فەرمانەکان لەسـەر بنچـینەی پلە یاخود جۆری کار یانیش پلەی دارایی، لەگەڵ دیاریکردنی موچەو مانگانەی هەر فەرمانێك.

تەماشا بکە: پێوانە **standardization**

**پلەی چەماوەیی یان لاری** — درجة الميل أو الانحدار — **gradient**

ئـەم زاراوەیـە، لـەئاماردا تێکـڕای زیـادی یـان کـەمی گۆڕاوێـك دەگـەیێنێ، زاراوەکـە لەکۆمەڵناسـیدا بـۆ لێکۆڵینـەوە لەژینگـە ناسییەکاندا بەکار دەهێنرێت، وەك دەلالەتێك بۆگۆڕاوێك کەبەرێك و پێکی لەخاڵێکی دیاریکراودا زیاد یان کەمدەکات.

بـەزۆری پلـەکانی چـەماوە و لاری، لەناوەڕاسـتی شـارەوە بـەرەو دەروبـەری ناوچەشـارییەکە دەپێورێـت، ئـەو گۆڕاوانـەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت لەبارێکی ئاساییدا وەك پلە بەپلەی لێژییەکە، ئەوانە بوارەکانی داهات و ئاستی خوێندەواەری و تاوان و لەدایك بوون و تەلاقدان و موڵکایەتی و نەخۆشیە ئەقلیەکان و دابەشکردنی ڕۆژنامەکان و ....دەگرێتەوە.

چـەمکی پلـەی چـەماوەیی و لاری پەیوەسـتە پەیوەسـتیەکی توونـد بەچـەمکی زاڵبـوونی ژینگـەوە، ئـەو گۆڕانکاریانـەی کـە ڕوودەدەن لەپلـەکانی لاری و جـەماوەیی بـەکار دەهێنرێـت وەك پێـوەر بـۆ شـێوازەکانی ڕادەی زاڵبـوونی ناوەنـدی شارنشـینی بەسەر ناوچەکانی دەوروبەری.

**ڕێبازی ڕیزبەندی** — مذهب التدرج — **Gradualism**

ئەو ڕێبازەیە کەپێی چاکترە گۆڕانی کۆمەڵایـەتی بـەهۆی چاکسازییە یاساییەکانەوە بێتـەدی، پلەبەپلـەش بێت بەمەبەسـتی جێبەجێکردنی ئامانجی کۆتایی، کەدامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالستی دەگرێتە خۆی.

دیارە ئەوەش بەپێچەوانەی ئەو شێوازە شۆڕشگێڕییەیە کەلەسەر بنچینەی چەند گۆڕانکارییەکی کتوپڕی ڕیشەی هەمەلایەن بۆ ڕووداوەکانی گۆڕان دێتەدی.

هەروەها مەبەست لەم زاراوەیە، ئەو تیۆرییەی کـەدەڵێت گەشـەکردن بەشـێوەیەکی سست و لەسـەرخۆو ڕێـك و پێـك بـەڕێوە دەچێت تاڕادەیەکی دیاریکراو، نەك بە شێوەیەکی نائاسایی یاخود کتوپڕ.

**پارمەتیدان بەخشین** — الاعانة، المنحة — **Grant**

هــەر بــڕە پارەیــەك بدرێتــە کەســێکی ئاســایی یــان مەعنــەوی بــێ قــەرەبووکردن، دەوترێـت، پارمەتیـدان بـۆ مـردن (death grant) و یارمەتیدانی فێربوون (educational grant) و یارمەتیدانی خێزانی (family grant) هەروەها یارمەتیدانی هاوسەرگیری (marriage grant) و یارمەتیدانی دایکایەتی (materity grant) .

سـەرەڕای ئـەو حالەتانـە، یارمەتیـدانی دارایـی (grant in aid) هەیـە وەك ئـەوەی حکومـەتی ناوەنـدی دەیبەخشـێتە پارێزگاکان بەمەبەستی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی.

تەماشا بکە: بەخشین **donation**

**خستنەڕووی داتاکان بەشێوەی داتایی** — عرض البيانات بالاشكال و الرسوم — **Graphic representatoin**

لەئاماردا، وێنەو شێوە ئەندازەییـەکان بـەهۆکارێکی بەسـوود دادەنـرێن بـۆ ڕوونکردنـەوەو ڕاڤـەکردن و شـیکردنەوەی ڕاسـتیە ژمارەییەکان، ئەویش لەسەر بنچینەی بەکار هێنانی خاڵ و هێڵەکان و شێوەو هێما ئەندازەییەکانی دێتەدی.

شێوەو وێنەکان جیاوازییان دەبێت لەو ڕەنووسانەی کە لەسەر شێوەی خشتەکان دانراون، لەم خاڵانەی خوارەوە:

1- وروژاندنی ئاگایی بینەر، بەتایبەتی ئەگەر وێنەکە باش بوو.
2- پەیوەندییە سەلمێنراوەکان، تێگەیشتن و وەبیر هێنانەوەی ئاسان دەبێت.
3- زۆر بوونی کاتی بینەر، لەبەر ئەوەی گەیشتن بەراستیەکان لەڕێگەی شێوەو وێنەکان، خێراتر دەبێت لەگەیشتن بەو راستیانە بەهۆی ئەو رەنووسانەی کە لەخشتەکاندا دانراون.
4- ئاسانکردنی تێگەیشتن لەپەیوەندییە ڕێژەییەکان.
5- هێزوتین پێدان بۆ زانینی پەیوەندی و ئاراستە گشتیەکان.
لێرەدا هەندێ هەل و مەرج هەیە کەپێویست بەوە دەکات شێوەو وێنەکان بەکاربهێنرێت، لەو جۆرانەش:
وێنەکانی سەر دیوار وپێشانگاو نووسینگەکان، وێنەکان بۆ مەبەستی کارگێڕییەکان، چەند وێنەیەك بۆ کەرەستەو بابەتەکان، لەگەڵ روونکردنەوەی دەنگی و وێنەکانی سینەماو تەلەفزیۆن، هەروەها ئەو وێنانەی بۆ راڤەکردنی وانە وتنەوە بەکار دەهێنرێن و وێنەکانی نووسینگەو گۆڤارو رۆژنامەکان.
لەگرینگترین ئەو شێوەو وێنانە:
هێڵە ڕاستەکانی ڕوونکردنەوە لەسەر چەند تەوەرێکی ستوونی : (rectilindeal coordinate charts)
تول و ستوونە روونکەرەوەکان (bar and column charts) و شێوازە بازنەییەکان (pie charts) و نەخشەکان (statistical maps) شێوەکانی دیکەش (miscellaneous graphic forms) نموونەی شێوە وێنەییەکان (pictorial shrts) لێرەدا چەند بنەمایەك هەیە پێویستە رەچاو بکرێن بۆنەخشەکێشانی شێوەو وێنەکان، لەوانە جۆری ڕوونکردنەوەو بارودۆخی بەکارهێنانی شێوەکەو مەبەست لەبەکار هێنانی و ...هتد.

| | | |
|---|---|---|
| دەست و خەت ناسی<br>دەست نووسزانی | علم قراءة الخطوط<br>علم الاستدلال الخطي | **Graphology** |

زانستێکە لەسەرئەو بنچینەیە دامەزراوە کەدەست و خەت گوزارشت لەخاوەنەکەی دەکات و خووڕەوشتی ئاشکرا دەکات، ئەویش بۆ ناسینی کەسێتی تاك و سروشتەکەیەتی.
لێکۆڵینەوەش لەدەست و خەت بونیاد دەنرێت لەسەر بنچیەی پەیوەندی نێوان مێشك وەك ناوەندێکی بیرکردنەوەی لەگەڵ ویست و ئەو دەستەی چەمکەکان یەکلا دەکاتەوە لەڕێگەی نووسین.
لێکۆڵینەوەکان لەدەست و خەت بەکار دەهێنرێن بۆ ناسینی کەسێتی تاك و خووڕەوشتەکەی.

| | | |
|---|---|---|
| شێوەی داتا<br>هێڵیەکان | الرسومات البيانية الخطية | **Graphs linear** |

بۆ روونکردنەوەی زانیارییە ئامارییەکان، شێوازی وێنە زانیارییە هێڵیەکان بەکار دەهێنرێت.
دیارە ئەوەش ڕێگایەکی زۆر وردەو گرینگە لەتوێژینەوە زانستیەکان. شێوە داتا هێڵیەکان بۆ چەند جۆرێك دابەش دەبن:
1- وێنە زانیاریەکان ئەوانی پێوەری ژمارەییان هەیە، ئەو جۆرەیان زۆرتر باوە، لەو جۆرەدا هەردوو تەوەری سین و صاد دابەشکردنێکی ژمارەیی دابەش دەکرێن.
2- داتاکان، ئەوانی پێوەری نیو لۆگاریتمیان هەیە، لێرەدا تەوەری سینی یاخود صادی دابەش دەکرێت دابەشکردنێکی لۆگاریتمی، بەکاریش دەهێنرێت بۆ بەراورد کردنی تێکڕاییەکانی گۆڕانی لەبار، هەروەها بۆدەرخستنی ئەو پەیوەندییەی هەیە لەنێوان دوو زنجیرە یاخود زیاتر، کەجیاوازیشن لەبڕدا.
گرینگترین خەسلەتەکانی دابەشکردنی لۆگاریتمی لەو چەند خاڵە کورت دەبنەوە:
1- سفر یان هێڵی بنچینەیی تێدا نابێت.
2- لەکاتی نووسینی یەکبەدوایەکی ئەندازەیی لەسەر پەڕەی لۆگاریتمی، هێڵێکی راستمان دەست دەکەوێت، لەبەر ئەوەی لوگاریتمی یەکبەدوایەکی ئەندازەیی بریتیە لەیەکبەدوایەکی ژمارەیی.

رازیکردن ١- الرضا Gratify cation
دڵخۆش بوون الاشباع

هەستکردن بەخۆشی و شادی لەئەنجامی جێبەجێکردنی ئارەزووییەك یان چەند ئامانجێك.
قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی بۆ چوونی وایە کە دڵخۆش بوون بەرامبەر بەخەفەکردن و بێ ئومێدی دێت.
تەماشا بکە: بێزاری Frustration
پێویست need

پاداشت ٢- المكافأة
الهبة

پاداشتکردن، لەبەرامبەر هەستان بەکارێك یان خزمەتگوزارییەك دێت.
تەماشای بەخشیش بکە: Gratuity

بەخشیش الاكرامية gratuity

لەهەندێ پیشەدا، نەریت وابووە، کڕیارەکان یان ئەوانی مامەڵە لەگەڵ دەزگایەك دەکەن، بەخشیش بدەنە کرێکاران بەرامبەر کارکردنیان یاخود خزمەتگوزاریەکانیان بەشێوەیەکی پاش، ڕەنگە ئەو کڕیارە بەخشیشەکە راستەوخۆ بداتە کرێکارەکە، هەروەها دەکرێ بەهۆی خاوەن کارەکە ئەو بەخشیشە بەگاتە کرێکار.

یاسای ژمارە گەورەکان قانون الاعداد الكبيرة Great numbers, law of
تەماشا بکە: لەوانە بوون، ڕی تێچوون Probability

پشتینەی سەوز الحزام الاخضر Greenbelt

پارچە زەوییەکی بەتاڵە یان چێنراوە، کۆمەڵگەیەکی خۆجێی دەوروبەری دەدات، ئەویش بەمەبەستی پاراستنی لەهەر دەست درێژییەك کەبکرێتە سەری لەلایەن کۆمەڵانی دراوسێ، یاخود بوونی دەرفەتی فراوان بوونی لەئایندەدا.
ئەو پارچە زەوییە (رووبەرە سەوزەکە) مولکی دەسەڵاتە گشتیەکان دەبێت، یانیش هی خودی کۆمەڵگە دەبێت.
زاراوەکە هەندێ جار لەنەخشەکێشانی شارەکان بەکار دەهێنرێت، وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو رووبەرە زەوییە چۆڵەی دەوری ناوچەیەکی بازرگانی یان پیشەسازی دەدات بۆ ئەوەی دەرفەتی فراوانبوونی پێ بدات لەئایندەداو بێ ئەوەی ناوچەکانی نیشتەجێ بوونیش داگیر بکات.
لەم بارەوە دەوترێت، ئەو شارەی دەوروبەری دراوە بەپیشتێنەی سەوز (green belt town) بەو شارەی کە دەوروبەری دراوە بە پارچە زەوییەکی چێنراو یاخود بەتاڵ، ئامادەش کراوە بۆ شوێنی رابواردن و پشودان.
لە بارودۆخێکی ئاسایی، ئەو شارانە دروست دەکرێن بەشان شارە گەورەکانەوە، چونکە بەشێك لەدانشتوانی شارە گەورەکان تێیدا نیشتەجێ دەبن.

کۆمەڵخوازی الميل الى التجمع gregatiousness
ئارەزووی گردبوونەوە التجمعية

مەبەست لەم زاراوەیە ئەو ئارەزووە خۆڕسکەیە بەرەو بەیەکەوە ژیان و گردبوونەوە لەگەڵ ئەوانی دیکەی هەمان جۆر.

هەندێ جار شارەزاو زانا، بەناوی غەریزەی رەوە ئاژەڵ (herd-instin ct) یاخود غەریزەی گردبوونەوە ناوەی دەبەن. (gregarious instinct).
ئەو گردبوونەوەیەش هەست بەدڵنیایی و هۆگری دەخولقێنێت.

**Grievance** | الشكوى | سکاڵا
المظلمة | دادخوازی

بێزاری و نارەزایی تاك، بەهۆی باوەڕی یان هەست بەزولم لێکردن یانیش ناداد پەروەری لەبڕیارێك کەلەدژی دەرچووە.
هەروەها بەهۆی بارودۆخی کارومەرجەکانی، هەندێ جار کرێکاران، سکاڵا دەردەبڕن بۆ خاوەن ئەو کارەی کەهەڵدەستێ بەوەرگرتنی هەندێ بڕیارو رێ و شوێنی پێویست، بۆیەکلا کردنەوەی ئەو بارودۆخەی خولقاوە.
ڕەنگە ئەو کارەش بەشێوەیەکی برایانە یاخود بەرێککەوتن بێت، یانیش بەشێوەی ناوبژیوانی بێتەدی.
لەمبارەوە، دەوترێت لیژنەی سکاڵاکان (grievance committee) بەو لیژنەیەی کە ئەرکی پشکنینی کێشەو ململانێیەکانی کارکردنی پێ سپێردراوە، لەگەڵ هەوڵدان بۆ چارەسەرکدنی سکاڵاکان (grievance handling)، ئەویش بەرێگای لێ وردبوونەوە لەسکاڵاکان.(grievance procedure)

**Group** | الجماعة | گروپ
المجموعة | کۆمەڵێك

کۆمەڵە تاکێك لەنێوانیاندا، جۆرە پەیوەندی و کارلەیەککردنی سایکۆلۆجی دروست دەبێت، هەریەکێك لەوانە پشتی بەکۆمەڵ دەبەستێت بۆ جێبەجێکردنی چەند ئامانجێك یان چەند پێداویستیەکی دیاریکراو لەنێوان ئەو کۆمەڵەتاکانە جۆرێك لەهەست بەیەکگرتوویی دروست دەبێت کە ئەندامانی پێی رازین، هەروەها کەسانێکی دیکەش بەو هەست و پەیوەندییە رازین.

| | |
|---|---|
| Cf: association | رێکخراو، کۆمەڵە |
| Social organization | رێکخراوی کۆمەڵایەتی |
| mob | جەماوەری سەرکێش |
| Crowd | قەرەباڵغی |
| trade | هاوپیشە |
| Gang | دەستەوتاقم |
| fraternal | برایی دۆستی |
| Union | نیقابە - یەکێتی |
| Orders | رێکخراوی نهێنی |
| Guilds | یەکێتی کرێکاران - جفات |

**Group, compulsory** | الجماعة الاجبارية | گروپی زۆرەملێ

واتە، ئەوگروپانەی کەتاك پەیوەندییان پێوە دەکات بێ ئەوەی خۆی بڕیار بدات، ئینتماکەشی بۆ ئەو گروپانە ناچاری دەبێت، ئەگەر تاك ویستی یان نەیویست، نموونەی ئەو گروپانەش: خێزان، پۆلی ناو قوتابخانە.

**Group, conflict** | جماعة النزاع | گروپی ململانێ (ناکۆکی)

رەفتارلەنێوان ئەم جۆرە گروپانە بەململانێ و رکابەری دەناسرێت زیاتر لەوەی هاوکاری بێت، گروپەکە لەگەڵ یاساو لەگەڵ بەهاکانی کۆمەڵگە لەململانێدا دەبێت، هەروەها ناکۆکی و ململانێ بەزۆری لەناو ئەندامانی بڵاودەبێتەوە، ئەویش بەهۆی

ڕکاربەری توووندی نێوانیان، نموونەی ئەو گروپانە: چەتەکان، دەستەوتاقمی یاخی بوان.

گروپی کۆبووە　الجماعةالجامعة　**Group, congregate**

گروپێکی ئارەزوومەندانەیە، تاك تێیدا دەجوڵێتەوە، هەروەك لەحالەتەکانی شارەکەی، یان ئـەو حزبـە سیاسییەی پەیوەنـدی پێوە دەکات، کەڕەنگە ڕێکخستنەکەی نەرم بێت، ڕێگا بەپەیوەندیکردنی ئەندامان بدات، هەروەك چۆن ڕێگا بەکشانەوەشـیان دەدات بەبەردەوامی.

لەناو ئەو گروپانە گەورەترین رادە لەئازادی و جوله هەیە بۆ تاکەکانی، ئەوانی ئەندامی گروپەکەن.

کۆمەڵەی کونترۆلکراو　المجموعة الضابطة　**Group control**

مەبەست لەکۆمەڵەی کۆنترۆلکراو لەمیتۆدەکانی توێژینەوە، ئـەو کۆمەڵەتاکەیـە کەلەتاقیکردنەوەیـەکی ڕێـك و پێـك و دابـین کــراودا بــەکار دەهێنرێــت، بەمەبەســتی تاقیکردنــەوەی رادەی هــەڵکردنی گروپــی تاقیکردنــەوە ڕێــك و پێکەکــە (regular experiment group)، لەگەڵ چەند مەرجێکی بڕیار لەسەر دراو یان کاریگەری چەند مـەرجێك بەسـەریدا. هـەردوو گـروپ لـەڕووی تیۆرییـەوە یـەك سروشـتیان هەیـەو هـەمان مامەلـەیان لەگەڵـدا دەکرێـت، جگـە لـەو مەرجانـەی کەکاریگەرییانجێبەجێ کردنی ئامانجی توێژینەوەکە دەبێت.

ڕەنگە کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو لەهەندێ باردا، پێکهاتبی لەهەمان ئەو تاکانەی کە گروپی تاقیکردنەوەکەیان لێ پێکهاتووە.

گروپی ڕەسمی (بەدەستور)　الجماعة الرسمية　**Group formal**

کۆمەڵە تاکێکن ڕێکخستنێکی تایبەتیان دەبێت، خـاوەن دەسـتورێکی نووسـراون، لەگـەڵ چـەند پێوەرێکی دیـاریکراوو زانـراو، گروپەکە بەشێوەیەکی ئاسایی بەجێگیری و درێژ خایەنی دەناسرێت.

ئەو ڕێکخستنە فەرمیەی کۆمەڵەکە ملکەچی دەبێت، دەسەڵاتی هەر کەسێك دیاری دەکات لەو فەرمانەی کە دەیگرێتە دەست، هەروەها پەیوەندییە ڕێکخراوەییە فەرمیەکان دیاریدەکات، واتـە پەیوەنـدی نێـوان سـەرۆك و کارمەنـدەکانی، لەگـەڵ شـێوەی دەرکردنی ڕێنماییەکان و ئاڵ و گۆڕکردنی زانیاریەکان..هتد.

کۆمەڵەی ئەزموونی (نەچەسپیو)　المجموعة التجريبية　**Proup experimental**

کۆمەڵـەی ئـەزموونی لـەڕێبازەکانی توێژینـەوەدا، بریتیـە لەکۆمەڵـە تاکێـك بـەرەو ڕووی ئـەو فاکتـەرە دەبنـەوە کەبابـەتی ئەزموونەکەیـەو پەیوەسـتە بەدیاردەیـەی بابـەتی توێژینەوەکـە، لێـرەدا توێـژەر هـەروەك چـاوەڕوانیش دەکـات، کەئـەرك بەجێگەیاندنی ئەوتاکانە ڕەنگدانەوە بێت بۆ کارتێکردنی ئەو فاکتەرە.

ئەگەر توێژینەوەکە تەنها ئەو گروپە بگرێتەوە، ئـەوا ئەنجامـەکانی جێگای هەڵوەشـاندنەوە دەبـن، بۆیـە وەك بـاوە، پـەنا بـۆ گروپێکی کونترۆلکراو دەبردرێت، کە بەپێی توانا هاو شێوەی گروپی ئەزموونیبێت.

گروپی ناڕەسمی　الجماعة غير الرسمية　**Group informal**

کۆمەڵە تاکێکن بونیادی کۆمەڵایەتی ئاشکراو ڕوونی نیە، هەروەها ناوومەبەستی دیارو ڕێساو پێوەرە زانراوەکانی دیار نیە.

ئەو جۆرە کۆمەڵە، بڕیارەکانی ناڕەسمی و نەنووسراون، ئەو گروپانە ڕەنگە درێژە بکێشن یـانش کـورت خایـەن بـن، هـەروەها

دەكرێ جێگیر بێت یاخود ناجێگیر.

گرووپی پەڕاوێزی | الجماعة الهامشية | Group marginal

گرووپێكە تاكەكانی لەبوارێكی ڕۆشنبیرییەوە بۆ بوارێكی ڕۆشنبیری دیكە دەجوڵێنەوە، هەروەها لەدەوروبەری دوو گرووپی ڕۆشنبیری جیاوازدا دەبن، ئەوانە تاڕادەیەكی گەورەش لەكەسانی بیانی دەچن بەسەر كۆمەڵگەوە، یان وەك ئاوارە نوێیەكانی سەر كۆمەڵگەیەكی خۆجێی دەبن،لەبەر ئەوەی توانای ئەوەیان هەیە ئەو كاریگەریە سەرەكیانە ئاشكرا بكەن كەلەناو هەر گرووپێك كار دەكەن.

گرووپی سەرەتایی (بنچینەیی) | الجماعة الاولية | Group primary

بریتیە لەو گرووپە بچووكەی تێیدا تاكەكانی پارێزگاری لەپەیوەندییەكی ڕووبەڕووی، یەكتر دەكەنەوە (face of face "relationship") بەجۆرێك تاكەكان لەبوون وبیركردنەوەی یەكتردا دەژین، هەروەها گرووپی سەرەتایی كاریگەرییەكی بنچینەیی زیندو بەكار دەهێنێ لەپێكێنانی ئایدیاكانی تاك و چەند پێوەرو ڕەفتارو بیركردنەوەی دەربارەی هەڵەو ڕاستیەكان، ئەمەو گرووپی سەرەتای بەرۆڵێكی فراوان و قوڵ هەڵدەسێت لەپێكهێنانی هێڵە سەرەكیەكانی كەسێتی تاك.

لەگرینگترین دیاردەكانی گرووپی سەرەتایی، ڕاستیەكە بریتیە لە خولقاندنی ئەوەی پێی دەوترێت (هەست بەئێمە) ( we - feeling) لەگیانی كەسەكەدا.

ئەو هەست كردنە بەئێمە بەهەموو هێزی وروژاندن و ڕاكێشانی كەهەیەتی ئەوەیە كەس دەخاتە ناو گرووپەوە (in-goup) و لەگرووپی دەرەكیش (out group) جیای دەكاتەوە، نموونەی ئەو گرووپە (خێزان و گرووپی یاری).

كۆمەڵی سایكۆلۆجی | الجماعة السيكولوجية | Proup psychological

كۆمەڵە تاكێكن لەنێوانیاندا پەیوەندییە كەسایەتیە تووندەكان دروست دەبێت.

گرووپی لاوەكی | الجماعة الثانوية | Group secondary

لەبارێكی ئاساییدا، ژمارەیەكی گەورەی تاكەكان دەگرێتەوە، ئەوانی پەیوەندیكردنی نێوانیان لەجۆری ناڕاستەوخۆ دەبێت (non face to vace relationship)لەبەر ئەوەی جۆری گردبوو نەوەیان پاڵیان نادات كە هەرتاكێك بەشان ئەوانی دیكەدا بژێت و كار لەیەككردن هەبێت لەنێوانیان كار لەیەككردنێكی ڕاستەوخۆو بەپلەیەك لەنزیك بوونەوەی تەواو یاخود كەسێتی.

ئەو گەورەییە لەقەبارەی گرووپی لاوەكی ڕێگانادات كەهەر تاكێك ئەوانی دیكە بناسێت ناسینێكی كەسێتی و پەیوەندی نێوانیشیان پەیوەندییەكی توووندونزیك نابێت.

لەجۆری گرووپە لاوەكیەكان: شار، نەتەوە، حزبی سیاسی، جەماوەر، ڕێكخراوە نەتەوەییەكان لەهەرپیشەیەكدا بێت.

لەباری ئەو جۆرە گرووپانە، ئەندام تەنها ژمارەیەكی كەمی ئەندامانی دیكە دەناسێت، ئەو ئەركی خۆی وەك ئەندامێك لەنێوان ژمارەیەكی زۆری ئەندامان بەجێ دەگەێنێت و لەهەستی ئەوانی دیكە ئاگادارەو بەدەنگیانەوە دێت بە تایبەتی لەچەند لەبارێكدا كەگرووپ پێیدا تێپەڕ دەبێت.

ڕای گشتیش تاڕادەیەکی گەورە گوزارشت لەڕای کۆمەڵە (گروپی) لاوەکیەکان دەکات، هەر بەو ڕادەیەی کەتاك بەدەنگی ڕای گشتیەوە دەچێت، یاخود یارمەتی دروست بوونی یانیش گۆڕینی دەدات، ئەوا ئەرکی خۆی بەجێ دەگەیێنێ وەك ئەندامێك لەگروپێکی لاوەکی.

گروپی سوسیۆلۆژی — الجماعة السوسيولوجية — **Group sociological**

کۆمەڵە تاکێکن لەنێوانیادا پەیوەندییە کەسایەتیەکان دروست دەبێت.

ڕەفتاری بەکۆمەڵ — السلوك الجماعي — **Group behaviour**

ڕەفتاری بەکۆمەڵ، ڕەفتاری کۆمەڵە تاکێکە، هەڵوێستی کۆمەڵایەتی بەیەکیان دەبەستێتەوەو لەهەر هەست جوولاندنێکیش بەشێویەکی هاوبەش بەشداری دەکەن، ڕەفتاری بەکۆمەڵ، ئەنجامێکی کار لەیەککردنی کۆمەڵایەتیە، ئەو جۆرە ڕەفتارەش بەوە جیاواز دەکرێتەوە کە خۆ کردەو ڕێك و پێکیش نیە، هەر لەمیانەی ئەو کارلەیەککردنە چەند جۆرێکی نوێ لەرێکخستن و سیستمی کۆمەڵایەتی دروست دەبن، هەروەها چەند شێوە ڕەفتارو دیاردەیەکی بەکۆمەڵی جەماوەری دەردەکەون، وەك بڵاوبوونەوەی داب و نەریت و جل و بەرگ و پێکهاتنی ڕای گشتی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و ...هتد.

ئەو تاکانەی کە هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی دیکە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، ئەوانە پێکهاتەیەکی نوێ پێکدێنن، خەسڵەتەکانی لەخەسڵەتە تاکیەکان جیاواز دەبن، جەماوەر (لێرەدا) نموونەیەکی ڕەفتاری دەنوێنێ لەبەر ئەوەی تاکەکان تێیدا، بەچەند ڕێگایەکی ناچاوەڕوان کراو بەدەنگی کارتێکردنە کۆمەڵایەتیەکانەوە دێن، تاك کاتێ لەناو جەماوەر دەبێت، لەرەفتاریدا ڕووی لەئازاد بوون دەبێت و بەچەند شێوازێکی جیاواز لەرەفتارەکانی پێشوتر دەری دەبرێت، ڕوونکردنەوەی ئەو حاڵەتەش، هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو ڕۆڵەی تاك لەژیاندا دیگێرێت، گۆڕانی بەسەردا دێت کاتێ تێکەڵاوی جەماوەر دەبێت.

دیارە لەم بوارەدا، داب و نەریتەکان کاریگەرییان دەبێت لەسەر ڕەفتاری بەکۆمەڵ، هەرچەندە کۆمەڵە دیموکراسیەکان هەوڵدەدەن یەکگرتوویی و ڕێکخستن لەرەفتاری کۆمەڵایەتی بپارێزن، ئەویش بەهۆی چەند هۆکارێکی بژاردە، وەك پەیوەندیکردن و پەروەردەو چەندین هۆکارو شێوازی دیکە لەشێوەکانی ڕێك و پێکی کە ئەقل و ویستی تاکەکانی کۆمەڵ پێی رازی دەبن.

لکانی گروپ — تماسك الجماعة — **Group cohesiveness**

گروپی هاوبەند، بەبەرزی ورەو هەستی ئینتمای ئەندامانی بۆ کۆمەڵ جیاواز دەکرێنەوە، هەروەها بەملکەچیان بۆ پێوەرو فشارەکانی کۆمەڵ، و بەرهەڵستیان بۆ جیابوونەوە لێی.

گروپ تاکەکانی بەتووندی بۆ لای خۆی رادەکێشێت، ئەو تاکەی ئینتمای بۆ گروپێکی هاوبەندو یەکگرتوو هەبێت، هەستی بەدڵنیایی و ئاسوودەیی زۆرتر دەبێت، سەرەڕای چالاکی و هاوکاری لەگەڵ هاوڕێکانی.

دینامیکیەتی گروپ
جوڵەی گروپ — ديناميكية الجماعة — **Group dynamics**

ئەو زانستەیە کەگرینگی بەلێکۆڵینەوە زانستیە رێك و پێکەکانی کۆمەڵێك دەدات، پێکهاتەو گەشەکردنی و چالاکی و بەهەرەمەکانی، هەروەها چی پەیوەست بێت پێوەی لەلایەنەکانی دیکەوەی، بەمەبەستی گەیشتن بەو یاسا زانستیانەی کە ئەو ڕووداوانە ڕێکدەخات، هەردوو شارەزا (کارترایت و زاندەر) باس دەکەن:

سێ جۆر بەکارهێنانی جیاواز بۆ دینامیکیەتی گروپ لەناوخەڵکدا بڵاوبۆتەوە:

هەندێ کەس، دینامیکیەتی گروپ بەکار دەهێنن وەك ئاماژەیەك بۆ ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراو، پەیوەست دەبێت

بەڕێگاکانی ڕێکخستن و خواستەکانی گروپ.
ئەو ئایدیۆلۆجیایە جەخت لەسەر گرینگی سەرکردایەتی دیموکراسی و بەشداریکردنی هەموان لەداڕشتنی بڕیارەکان دەکات، هەروەها لەسەر رادەی ئەو سوودەی هەریەك لەکۆمەڵگەو تاکەکان بەدەستیان دەکەوێت لەئەنجامی بەشداریکردنی هەموان لەو چالاکیانە کەگروپ پێی هەڵدەستێ.
بەڵام بەکار هێنانی دووەم کەباوە دەربارەی هێزو جولەی گروپ، بریتیە لەو کۆمەڵە شێوازەی بەکار دەهێنرێت لەبەرنامەکانی ڕاهێنان، بەمەبەستی چاککردنی شارەزایی لەبەرێوەبردنی گروپ و لەکاریگەرییەکان و لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان.
جۆری دیکەی بابەتی جولەو دینامیکیەتی گروپ، بریتیە لەبوارێك لەبوارەکانی لێکۆڵینەوە، ئامانجی بەدەست هێنانی زانیارییە دەربارەی جۆری گروپ و گەیشتن بەو یاسایانەی کەگەشەکردنی کۆمەڵ ملکەچیان دەبێت، هەروەها پەیوەندی گروپ بەتاك و بەکۆمەڵەکانی دیکەو بەدامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانیش.

## بیمەی کۆمەڵایەتی — التأمین الجماعي — Group insurance

شێوەگرێبەستێکە، ئامانجی دڵنیابوون و دابین کردنی ژیانە بۆ کۆمەڵەتاکێك، بەپێچەوانەی گریبەستەکانی دڵنیابوونی تاکی کەئامانجی دڵنیابوونە لەیەك تاك.
لەبارێکی ئاسایدا، دامەزراوە بەکاری دڵنیابوون هەڵدەسێت بۆ کارمەندانی، لە بەرامبەر کارەساتەکانی ژیان، هەروەها سەندیکای کرێکاران و کۆمەڵە هەرەوەزیەکان و چەند رێکخراوێکی دیکە، بەکاری گرێبەستی دڵنیا بوونی کۆمەڵایەتی هەڵدەسن.

## دڵنیابوونی کۆمەڵایەتی — Cf: social insurance

## هاوسەرگیری بەکۆمەڵ — زواج الجماعة — Group marriage

سیستمێکی هاوسەرگیرییە، تێیدا کۆمەڵە برایەك بەیەکەوە بەشداری دەکەن لەژمارەیەك هاوسەری مێینە، یان پێچەوانەکەی.
لێرەدا وشەی برا بەمانای وردی وشەکە بەبراکان ناوترێت، بەڵکو درێژە دەکێشێت بەشێوەیەك کەکوڕی خزمانی دیکەش بگرێتەوە، لەپلەی یەك و دوو سێیەم، واتە وشەی برا، زاراوەیەکی پۆلینکردنە، بەهەمان شێوە دەربارەی وشەی خوشك.
ئەم شێوە خێزانەش بۆ قۆناغە سەرەتاییەکان دەگەڕێتەوە

## ئەقلی کۆمەڵەیی — العقل الجماعي — Group mind

مەبەست لەم زاراوەیە، ئەو رەوتە ئاراستە کراوو رێك و پێکەیەکە لەناو رەفتاری کۆمەڵدا باوە، بەرامبەر هەر بابەتێك بەسەر بەخۆیی لەهەر تاکێك لەتاکەکانی کۆمەڵ.
مشتومڕ دەربارەی بیرۆکەی ئەقلی بەکۆمەڵ بارێکی توندی وەرگرتووە، هەندێك دەڵێن رەفتاری بەکۆمەڵ لەجەوهەردا بۆ بیرکردنەوەی بەکۆمەڵ دەگەڕێتەوە، کەپێکهاتبێ لەکۆمەڵە هێزیکی رێك و پێکی جیاواز و ئامانجێکی تایبەتی هەبێت.
هەندێکی دیکە دەڵێن، رەفتاری کۆمەڵەکان بۆ دینامیکییەتێکی تایبەت دەگەڕێتەوە حالەتەکە دروست دەبێت بەهۆی کار لەیەککردنی تاکەکان کار لەیەککردنێك لەجەوهەردا پشتی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان بەستبێت وتێکەڵی ئەو هەڵوێستەش دەبێت کە دەوری تاکەکانی داوە.
هەروەها دەڵێن کێشەکە جۆرێك لەنهێنی و پێچوپەنای بێ مانایە، دیارە ئەو ئینکار کردنەشی بۆ دیاردەکە ئەوە ناگەینێ کە دیاردەکە راڤەبکات یاخود ڕوونی بکاتەوە، بەڵکو خۆی لێ دوور دەخاتەوە.

بیرۆکەی دروست بوونی بیرکردنەوەی بەکۆمەڵ بۆ زانا فەرەنسیەکان دەگەڕێتەوە، هەریەك لەگوستافی لیبون، دورگهایم، لیفی بریل، باوەڕیان پێی هەبووە، فەیلەسوفە فەرەنسیەکان لەبەگشتی کردنی ئەو بیرۆکەیە زیادە ڕۆییان هەبووە، ئەوان لەسەر بنچینەی ئەقلی، جیاوازییان لەنێوان گەلاندا کردووەو لەسەر ئەو زیادە ڕۆییە بەردەوام بوون، جیاوازییان لەنێوان ڕەگەزە مرۆڤایەتیەکان کردووەو وەك بنچینەیەك بۆ جیاوازی ڕەگەزیش بەکاریان هێناوە.

کێشەی ئەقلانیەتی بەکۆمەڵ یەك لەشێوەکانی ململانێیە لەنێوان کۆمەڵناسان و دەروونناسان، دەربارەی پاشکۆیەتی دەروونناسی کۆمەڵایەتی، ئەویش لەکاتێکدا کە ئەو زانستە کاردەکات بۆ سەلماندنی خۆی هەر لەسەرەتای رابوونیەوە، کۆمەڵناسان داکۆکیان لەسەر شوێن دەستی خۆیان دەکردەوە لەسەر حیسابی بوارە دەروونیەکە، هەروەها دەروونناسان داکۆکیان لەسەر هەمان بوار دەکردەوە بەلام بەپێچەوانە.

ئەگەر بەشێوەیەکی دیالیکتیکی بیروبۆ چوونەکانی کۆمەڵناسانمان سەلماند لەوبارەوە، ئەوە بەو مانایە دێت کەئێمە رازی بووین بەوەی گروپ بریتیە لەیەکەی شیکردنەوەی زانستی، هەروەها ئەگەر بەشێوەیەکی دیالیکتیکی بەبیرو بۆ چوونی دەروونناسان ڕازی بین، ئەوە وادەگەینێ، کەئێمە رازین بەوەی تاك یەکەی شیکردنەوەی زانستیە.

بەلام ئاراستەی نوێ، ملکەچ نابێت، ملکەچییەکی راستەوخۆ بەدوای یەك لەدوو بۆ چوونە، ئاراستەی نوێ لێکۆلینەوە لەکار لەیەککردنی تاك دەکات لەگەڵ تاکەکانی دیکە، واتە تاك تەنها وەك یەکەیەك بەدوور لەگروپ وەرناگیرێت و گروپیش وەك یەکەیەك بەدوور لەتاك وەرناگیرێ، بەلام ئەو ئاراستە نوێیە لێکۆلینەوە لەپەیوەندییە دینامیکییەکان و ئەو ڕایەڵە نەبینراوانە دەکات کەپێکهاتەی ژیان پێکدێنێت.

**Group momentum** | قوة الجماعة | هێزی گروپ

ئەو هێزەیە کەئەندامانی گروپێکی کۆبۆوە، لەهەموو قەوارەکە وەریدەگرن، دیارە ئەو کارەشیان، دەبێتە هۆی پارێزگاریکردن لەبەڕێوەبردنی هەموو شتێك بەئاراستەیەکی گشتی و زاڵبوون بەسەر هەر دواکەوتنێکی کاتی بۆ بەشەکانی قەوارەکە، یان بۆ ئەو  هەوڵ و ڕەنجانەی کەڕەنگە ئامانجی مەبەستداریان بگۆڕێت.

**Group per for mance** | الانجاز الجامعي | بەجێهێنانی بەکۆمەڵ

مەبەست لەم زاراوەیە بەرهەمی کرێکارانە لەناو ئەوکۆمەڵەی کەکۆیان دەکاتەوە، فراوان بوونی پیشەسازی و گەشەکردنی کارگە گەورەکان بوونە هۆی وروژاندنی زۆر پرسیاری کردەیی دەربارەی حالەتی بەجێهێنانی بەکۆمەڵ، لەوانە: چۆن کۆمەڵە کرێکارێك دەتوانن بەرهەمیان زۆربێت؟، بەجێهێنانی کرێکار بەتەنها چۆن کاریگەری دەبێت لەگەڵ بوونی کرێکارانی دیکە؟ کەی بەرهەمی کۆمەڵ زیاتر دەبێت لەکۆی بەرهەمی ئەندامانی؟

بەم جۆرە لێکۆلینەوە لەدیاردەی بەجێهێنانی بەکۆمەڵ، پێوانەکردنی فاکتەرو جیاوازییە جۆراو جۆرەکان دەگرێتەوە لەبوارەکانی چەندایەتی و نایابی و خێرایی (ژمارەی یەکە بەرهەمهێنەرەکان لەهەریەکەیەکی زەمەنی) هەروەها ئەوەندەی بەش بکا یاخود بەسیەتی (ژمارەی ئەو یەکانەی کەکرێکار بەرهەمی دەهێنێت لەهەر یەکەیەکی زەمەنی)...هتد.

**Group spirite** | روح الجماعة | ڕۆحی کۆمەڵ
هەستی کۆمەڵایەتی

دەربڕینێکی نازانستیە، مەبەست لێی هەست بە هاوکارییە، کەیەك لە دیاردەکانی تەواوکاری کۆمەڵایەتیە.

**Cf: solidarity** | هاوکاری و پشتگیری

**Team work** | گروپی کار

**بونیادی کۆمەڵ** **بناء الجماعة** **Group structure**

لەو بوارانەی بابەتی بونیادی کۆمەڵ دەیگرێتە خۆی، جیاوازی نێوان تاکەکانە لەسەر بنچینەی ئەوەی پێی دەوترێت پلەو پایە (status) یان پێگە(position) کەیەکێك کاری تێدا دەکات، ئەو باسە ڕێگاکانی پەیوەندیکردنی نێوان تاکەکانیش دەگرێتەوە لەگەڵ دابەشکردنی کار لەنێوانیاندا، دیارە هەر لەبەر ئەوەی گروپ ماوەو بەچالاکیە کۆمەڵایەتیەکانی خۆشی هەڵدەسێت، ئەوا پێویست بوون بۆ دابەشکردنی ئەرکەکان لەنێوان تاکەکانیدا بەهێز دەبێت.

بونیادی کۆمەڵ لەئەنجامی چەند فاکتەرێك دروست دەبێت، گرینگ ترینیان دەستەبەر کردنی لێهاتوویی گروپە لەهەردوو رووی بابەتی و خودییەوە، ئەویش بەدیاریکردنی ئەرکەکانی هەر پلەوپایەیەك لەپلەوپایەکاندا، لەگەڵ روونکردنەوەی بەرپرسیاریەتیەکانی ئەو پلەپایانە بەرامبەر پلەو پێگەکانی دیکە، هەروەها دەسەڵاتیشی بەسەریانداو شێوازەکانی پەیوەندیکردنی بەچەند پلەوپایەیەك بێ ئەوانی دیکە لەتۆڕی پەیوەندکردندا .

لەو هۆکارانەی دیکە کە دەبنە هۆی دروست بوونی بونیادێکی سەقامگیری بەسوود بۆکۆمەڵ، ئەوە جیاوازی تاکەکانە لەهاندەرو تواناکانیان و لەخەسڵەتە میزاجییەکاندا.

لەکاتێکدا هەندێ کەس کە لەهەوڵی گەیشتن بەسەرکردایەتی، دەبینین هەندێکی دیکەیان پێی چاکترە کەبەپاشکۆیی بمێنێتەوە، بەڵام هەردوولا، سەرکردەو پاشکۆ، هەست بەئاسوودەیی دەکەن لەڕێگای ئینتیما بۆ گروپێك کەپەیوەندییەکنی نێوانیان تاڕادەیەك جێگیر دەبێت.

هۆکارێکی سێیەمیش هەیە دەبێتە هۆی بونیادی کۆمەڵ و کارتێکردنیشی تێدا دەبێت، ئەویش ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتیە.

شوێنی حەوانەی کۆمەڵ کاریگەری لەجۆری تۆڕی ئەو پەیوەندیکردنە دەبێت کەلەنێوان تاکەکان و پێکهاتەی چینایەتی، یاخود ئۆرگانی دروست دەبێت، کەڕەنگە کاریگەریەکەی ڕەنگ بداتەوە لەسەر بونیادی گروپە جیاوازەکان لەچەندین دام و دەزگای ژیاندا.

**کارکردن لەگەڵ گروپەکان** **العمل مع الجماعات** **Group work**

یەك لەڕێگاکانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیە، ئامانجی ئامادەکردنی چەند دەرفەتێکە بۆ گەشەکردنی دروستی تاکەکان لەناو ئەو کۆمەڵانەی کەئینتمایان بۆی هەیە، هەروەها ئاسانکردنی بەشداریان لەکار لەیەککردنی بەکۆمەڵ، کەلەمیانەیدا چەند خەسلەت و تایبەتمەندییەك بەدەست دەهێنن، بەهۆیەوەش هەریەکە لەو تاکانە دەبنە هاوڵاتیەکی بەکەڵك لەناو ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژین.

**پسپۆری خزمەتگوزاری کۆمەڵ** **اختصاصي خدمة الجماعة** **Goup worker**

تاکی ئامادەکراو لەڕووی زانستی و کردەییەوە بۆ کارکردن لەبواری خزمەتگوزاری بەکۆمەڵ، ئەو کەسە بەرپرس دەبێت لەناو دامەزراوەکە لەئاراستەکردن و ڕێنمایی کردنی کۆمەڵ، دیارە شێوازی کارکردنی ئەو شارەزایە، بەرنامە خزمەتگوزارییەکەی جیاواز دەکاتەوە لەهەر بەرنامەیەکی پەروەردەیی دیکە.

**گەشەکردن**
**گەورەبوون** **النمو** **Growth**

پرۆسەی پێگەیشتنی پلەبەپلەو بەردەوام بوونی بوونەوەرە، هەروەها زۆر بوونی قەبارەی گشتی یان بەشەکانی ئەویش لەزنجیرە قۆناغێکی سروشتیدا.

گەشەکردن گۆڕانکارییەکی چەندایەتی و چۆنایەتیش دەگرێتە خۆی، کەخەسڵەتی تایبەتی ژیانە، ئامانجی گەشەکردن هەر خودی گەشەکردنە.

هەروەها زاراوەکە ئاماژەیە بۆ هەر جۆرە گەشەکردنێك ئەگەر لەبارێکی ئاڵۆزی و گرێدراوی بێت، یان لەحاڵـەتی بەشـکردن و بەسێتی و یاخود بەهاداری بێت...هتد.

زاراوەکە بەسەر کۆمەڵگەو تاکەکانیشیدا پیادە دەبێت.

گەشەکردن، جیاوازی دەبێت لەگەشـەپێدان (development)، گەشـە کـردن دیاردەیـەکی خـۆکردە، لەکاتێکـدا گەشـەپێدان ملکەچی ویستی مرۆڤایەتیـە، ڕەنـج و هەوڵـەکانی مرۆڤـە، لەسروشـتیدا گەشـەپێدان دیاردەیـەکی شۆڕشـگێڕە، زیـاتر لـەوەی پەرەسەندگەرایی بێت.

دەوترێت: گەشەکردنی کۆمەڵایەتی (social growth) واتە گەشە کردنـی خەسـلەتەکانی تـاك بـەو پێیـەی لەگـەڵ شـێوازە کۆمەڵایەتیـە سـەلمێنراوەکان یـەك دەگرنـەوە، هـەروەها گەشـەکردنی شارسـتانی (urban growth)، واتـە زۆر بـوونی رووبەرەکە یان زۆربوونی دانیشتوان لەناوچەیەکی شارنشین.

هەروەها دەوترێت گەشەکردنی گونجان (راهێنراو) (adaptive growth) وەك ئاماژەیەك دەربـارەی ئەوگەشـەکردنەی کـە بەسەر گونجاندنی بوونەوەر روودەدات لەگەڵ ژینگە سروشتی و کۆمەڵایەتیەکەی.

**Guard national** الحرس الوطني پاسەوانی نیشتمانی

چـەند یەکەیەکـە، رێکخـراوە بـەپێی یاسـا، لەکەسـانی خۆبـەخش پێکـدێن، ئـەوانی ڕاهێنـراون راهێنـانێکی سـەربازی، بـەڵام سەربازانی پاسەوانی نیشتمانی (guards men) لەجۆرێکی نایابن، خاوەن تواناو دەستڕۆین، چەنـدین خەسـلەتی تایبـەتیان هەیە، ئەوان بەزۆری ئەرکی پاراستنی شا، یاخود فەرمانڕەوایان پێ سپێردراوە.

**Guardian** الوصي الوَلي پێسپێراو جێگر

ئـەو کەسـەی لـەجێگای کەسـێکی ناتـەواو یـان ناشایسـتە دادەنرێـت، بـۆ ئـەوەی چاودێری و ڕێنمـایی ئـەو کەسـە بکـات، وەك سەرپەرشتیار بەسەریەوە، کاروباری سامان و دارایی و مافەکانی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی کەسەکە بەڕێوە دەبات.

کەسـی راسـپێردراو بـۆ ئـەو ئەرکـە، کەسـێکی شـەرعی (legal guardian) دەبێـت وەك بـاوك و بـاپیرە، یـان دادگـای بـاری کەسێتی (detiveguardian) دیاری دەکات، یاخود بەپێی وەسیەت نامەیەك (testamentary guardian) دەبێت.

لەئەنثرۆپۆلوجیادا، دەوترێت: رۆحی پاسەوانی (guardian spirit) بەئـەو رۆحـەی کـەتاك دەپارێزێـت لـەجۆرەها ئـێش و ئازاروزیان، کەتاك بەهۆی خەونەکانیەوە یانیش ئەندێشەوە دەیناسێت.

**Guardianship** الوصاية الولاية چاودێری پاریزەری

سیستمێکی یاساییە بۆ پاراستنی کەسانی ناتەواوو ناشایستە، لەڕێگای دانانی کەسێکی ڕاسپێردراوو سەرپەرشتیار، ئـەویش بـۆ چاودێریکردنی بەرژەوەندییەکانی و بەڕێوەبردنی کاروباری سامانی و نوێنەرایەتی کردنی لەبەردەم دادگا.

راسپاردنی کارگێڕی (administrative guadianship) بریتیە لەکۆی ئەودەسەڵاتانەی کەیاسا بڕیاری لەسـەر دەدات بـۆ ئەندامانی ئەنجومەنە ناناوەنـدی و کاروبارەکانیـان بەمەبەسـتی پارێزگاریکردنی بەرژەوەنـدی گشـتی، ئـەم جـۆرە ڕاسـپاردنە یـاخود چـاودێرییە، جـۆرێکی تایبەتـەو جیـاواز دەبێـت لـەو ڕاسـپاردنەی کەلەسـەر کەسـێکی ناتـەواو و ناشایسـتە دادەنرێـت، هەروەها لەو چاودێرییەی کەدەوڵەت بەسەر پرۆژە تایبەتیەکان دەیسەپێنێت.

**شەڕی پارتیزانی** حرب العصابات **guerilla**

ئەو شەڕەیە کەلەسەر خاکی دەولەتێکی داگیراو روودەدات، کاتێ چەند یەکەیەکی بچووکی چەکدار سەربەخۆ لەیەکتر پێی هەڵدەستن، ئەویش وەك ناڕەزایی و بەرهەڵستیەکی میللی بەرامبەر دەوڵەتی داگیرکەر، شەڕەکە بەشێوەی هێرشی بەدوایەکی کتوپڕو تاڕادەیەك شاراوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام بێ ئەوەی شێوەی جەنگێکی سیستمی وەربگرێت، دیارە ئەو یەکە شەڕکەرانە هەڵدەستن بە برینی هێلەکانی پەیوەندیکردن و ڕێگری لەگەیاندنی یارمەتی بەدوژمن.

**رابەریکردن**
**ئاراستەکردن** الارشاد التوجيهي **Guidance**

سیستمێکی فێربوونە، یان پرۆسەیەکی فێربوونە، بریتیە لەچەند هەوڵ و ڕەنجێکی ڕێك و پێك بۆ کارتێکردن لەسەر تاکەکان و هەموارکردنی رەفتارەکانیان لەبوارێکی دیاریکراودا، بەو شێوەی کەگونجاو بێت لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگاکانیان.
دەوترێت: نۆرینگەی رێنمایی کردنی منداڵان (child guidance clinin) هەروەها نۆرینگەی ئاراستەکردنی ژیانی هاوسەرێتی (marriage guidance clinic)

**ئاراستەکردنی**
**پەروەردەیی** التوجيه التربوي **Guidance educational**

ئاراستەو رێنمایی پەروەردەیی، گرینگی دەدات بەو یارمەتیەی پێشکەش بە خوێندکاران دەکرێت، لەئاست هەڵبژاردنی جۆری خوێندنی لەبار، کاتێ خوێندکاران دەچنە بواری خوێندن و خۆگونجاندنیان لەگەڵ ئەو خوێندنە، هەروەها زاڵبوون بەسەر ئەو کۆسپانەی کەدێتەرێگایان لەماوەی خوێندن بەشێوەیەکی گشتی.
لێرەدا سێ فەرمانی گشتی هەیە دەربارەی ئاراستەکردنی پەروەردەیی ئەوانیش:
1- هەڵبژاردنی جۆری خوێندنەکەو ئەو بوارانەی پەیوەندییان پێوەی هەیە لە ئامادەکردنی زانیارییە پێویستیەکان دەربارەی جۆرەکانی خوێندن.
هەروەها ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی سەرکەوتن لەخوێندن، ئەگەر ئەقلی بێت یان هەست جوڵاندن و هەڵچوون بێت یاخود کۆمەڵایەتی، لەگەڵ هەرناکۆکییەك کەلەنێوانیاندا هەبێت.
2- درێژەپێدان بەخوێندن و وەرچەخان بەرەوکارکردن و هەرشتێك کەپەیوەندی بەو لایەنە هەبێت لەفاکتەرە کۆمەڵایەتی و ئەقلی و هەست جوڵێنەرەکان، لەگەڵ ئامادەکاری بۆخوێندنی هەر بابەتێك لەبابەتەکان یانیش خوێندن لەهەر کۆلیجێك لەکۆلیجەکان.
3- سەرکەوتن لەخوێندن لەگەڵ ئەو فاکتەرانەی پەیوەستن بەو سەرکەوتنە، هەروەها زاڵبوون بەسەر کۆسپەکان و بوارەکانی کەم و کورتی ئەگەر لەڕووی خۆئامادەکردنەوە بێت یان لێهاتوویی و شارەزاییەوە.

**ئاراستەکردنی پیشەیی** التوجيه المهني **Guidance vocational**

ئاراستەکردنی پیشەیی بەمانافراوانەکەی، بریتیە لەپرۆسەی هاوکاریکردنی تاك بۆهەڵبژاردنی پیشەیەکی گونجاو وبەدەست هێنانی پێشکەوتن تێیدا، بەشێوەیەك سەرکەوتنی تێدا بەدەست بهێنێ و ڕازی بوونی خۆی و سوودی کۆمەڵگەی تێدا بێت.
پرۆسەی ئاراستە کردنی پیشەیی لەزنجیرە پرۆسەیەکی بەیەك بەستراوی تەواو پێکدێت کەبریتیە لە:
1- هەڵبژاردنی پیشە لەسەر بنچینەی ئارەزوو تواناو خەسلەتەکانی تاك.
2- ئامادەکردن و ڕاهێنان لەسەر پیشەهەڵبژێردراوەکە، ئەو کارەش پێویست دەکات جۆری ڕاهێنانەکە و ماوەکەی و شوێن و مەرجەکانی بزانرێت.
3- پەیوەندیکردنی بەپیشەکە، ئەویش پێویست بەبوونی شارەزایی لە بوارەجیاوازەکانی پیشەهەڵبژێردراوەکە دەکات،

هەروەها هۆكارەكانی هاوكاری كردنی تاك بۆپەیوەندیكردن بەپیشەكە بزانرێت.
4- پێشكەوتن لەپیشەكە، ئەویش پێویست دەكات بەوەی كەتاك تێگەیشتنی هەبێت بەهەرچی ڕوودەدات دەربارەی پیشەكەی لەپێشكەوتن وگۆڕان و پەرەسەندن و نوێكاری، یان بەپێزانینی ئەو ڕێگایانە یارمەتی پێشكەوتن و بالآبوونی دەدات.

سۆسیالیزمی سەندیكایی — الاشتراكية النقابية — **Guild socialism**

یەك لەشێوەكانی سەندیكالیزمە (syndicalism) كەلەولآتی ئینگلتەرا لەسەرەتای سەدەی بیستەم سەری هەڵداوە بۆ داواكردن بەگەڕانەوەی سیستمی تائیفی (guild system) كەباو بووە لەرابردوودا.
سۆسیالیزمی سەندیكایی جیاوازی دەبێت لەڕێبازی كاری سەندیكایی، لەوەی كەیەكەمیان لەشێوازیدا نێوان چەند بوارێك كۆدەكاتەوەو پەیوەستیش دەبێت بەسیستمی ئازادی لەشێوە نەریتیەكەی.
لایەنگرانی سۆسیالیزمی سەندیكای باوەڕیان وایە كەكۆمەڵگە بەهای دروست كردووە نەك تاكەكان هەریەكە بەتەنها، سەرمایەداران بەرگریان لەخاوەنداریێتی سامان كردووە، بێ ئەوەی ئەركی بەرپرساریەتی خزمەتگوزاری كۆمەڵگە لەئەستۆبگرن، كەهۆی ئەو سەروەت و سامانەیان بووە، بۆیە سەركردەكانی سۆسیالیزمی سەندیكایی داوای نەهێشتنی سیستمی كرێ (موچە) یان دەكرد، بەلآم پێویستی دەكرد كرێكاران سیستمێك بۆ خۆبەڕێوەبردن لەپیشەسازیدا دروست بكەن، ئەویش پاش خۆمالیكردنی ئەوپیشە سازییە بەهۆی سیستمی تائیفەوە، ئەو سیستمانەش بەهاوكاری ڕێكخراوە فەرمانگەرییەكانی دیكەی ناو كۆمەڵگە دەبێ كاربكەن.
سیاسەتی ئەم ڕێبازە دژایەتی سیاسەتی سۆسیالیزمی دەوڵەت دەكات، ئەوا دەبینێ دەوڵەت پێویست دەكات بەئەركی چاودێری كردنی پیشەسازی هەستێت.

سیستمی تائیفی — النظام الطائفي — **Guild system**

سیستمێكی بەرهەمهێنانە، نێوان پیشەكارانی هەر پیشەیەك لەیەك ڕێكخراودا (یەكێتی) كۆدەكاتەوە، لەلایەن گەورەی (ڕیش سپی) تائیفەكەوە سەرۆكایەتی دەكرێت. ئەو سەرۆكە هەڵدەسێت بەڕێكخستنی پەیوەندییەكانی نێوان مندالآن و كرێكاران و وەستاكان.
ئەو سیستمە لەزۆربەی ناوچەكانی جیهاندا بلآوەی كردووە بەدرێژایی سەدەكانی ناوەڕاست، تاسەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی و قۆناغی سەرماداری درێژەی كێشاوەو پاشان كۆتایی هاتووە.
دەوترێت: ڕۆحی تائیفی (guild spirit) وەك ئاماژەیەك بۆ پلەو پایەی تاكەكان لەناو ئەو گروپ و تائیفانەی ئینتیمایان بۆی هەیە.

| | |
|---|---|
| ڕێكخستنی ئابوری | **Cf: economic organization** |
| كرێكارانی شارەزا | **Journey men** |
| سۆسیالیزمی سەندیكایی | **Guild socialism** |

گوناه — الذنب
تاوان — الاثم — **Guilt**

هەستان بەكارێكی هەڵەو لادان لەبنەماكانی ڕەوشت یان ئاین، ڕەنگە ئەو هەڵەیە بەڕاستی ڕوویدا بێت یان خەیال بێت.
دەوترێت هەست كردن بەتاوان (sense of guilt) واتە هەستی تاك بەوەی كارێكی هەڵەی كردووە، ئەویش بەلادانی لەبنەماكانی ڕەوشت و ئاین، ئەو دیاردەیەش ئاراستەیەكی هەڵچوانەیە ڕەنگە هۆیەكانی ڕاست بن یاخود خەیاڵ.

هەر بەپێی تیۆری شیکردنەوەی دەروونی ئەو هەستە دروست دەبێت بەهۆی ئەو ململانێیەی کەهەیە لەنێوان (مـن و خـودی باڵا)کە، بەهۆی کپ کردنەوەی ئارەزووەکان روودەدات، ئەو هەستە ڕەنگە تاك هان بدات بۆ ئەنجامـدانی کـاری هەڵـە، ئـەویش وەك بیانوو هێنانەوەیەك بۆ هەستەکەی، هەروەها وەك خۆ پاراستنێکی لەدۆزینـەوەی هۆیـە راسـتیەکە، کەئـەویش لـەدیاردە گرینگەکانی نەخۆشی دەمارییە (neurosis).

وەرزشی لەش (جومناستیك) الرياضة البدنية الجمبازية **gymnastics**

سیستمێکە بۆ مەشقی وەرزشی، ئامانجی بەهێزکردن و نەرم و جیری لەشە بەشێوەیەکی هاوسەنگ.
لەوەرزشی لەشیدا کەرەستەبەکار دەهێنرێت وەك جیاوازییەك لـەڕاهێنان و مەشـقی جەسـتەیی (physical exercises) و یارییە وەرزشیەکان (sports) و یارییەکانی گۆڕەپان (athletics) .
لێرەدا چەند جۆرێك وەرزشی لەشی هەیە ، وەك وەرزشـی راسـتکردنەوەی لـەش (corrective gymnastics) و وەرزشـی چاککەرەوەی لەش (remedial gymnastics).
دیـارە وەرزشـی لـەش لەهۆڵـەکانی یـاریکردن (gymnasium) ئـەنجام دەدرێـت کەتێیـدا کەرەسـتەو ئـامێرە پێویسـتیەکان فەراهەم دەبن بۆ ئەو مەبەستە.
ئـەم زاراوەیـە بـەجۆرێك لەقوتابخانـە ئامادەییـەکان نـاو دەبرێـت کەلـەوڵاتانی وەك: ئـەلمانیا، سـوید، دانیمـارك، هەیـەو، لـە قوتابخانە بەرنامە ئاساییەکانی ئەم بابەتە دەخوێندرێت.

دەسەڵاتی ژنان حُكم النساء **Gyneco cracy**

سیستمێکی کۆمەڵایەتیە تێیدا ژنان ئـەرکی دەسـەڵات و کاروبـار بەدەسـتەوە دەگـرن، ئـەم سیسـتمە لەکۆمـەڵگا سـەرەتاییەکان هاوشانی سیستمی دەسەڵاتی دایك بووە، واتە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەی کەهەندێ ژن لەخێزانە گەورەکان بەکاری دەهێنن.
ئەم زاراوەیە بەمانا فراوانەکەی هێمایە بۆ ئـەو دەسـەڵاتە سیاسـییەی کـەژنان پێـی هەڵدەسـتن، بـەجۆرێك ڕێگایـان پێـدەدات پێگەی پاشایەتی بگرنە دەست، ئەویش بەهۆی سیستمی بۆماوەیی (پشتاو پشت).

قەرەج الغَجر **Gypsy or gipsy**

گروپێکی بچووکن، بەردەوام لەهات و چۆدان، لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، ئەوانە بەزۆری بەکاری فالچییەتی و مۆسـیقاو گۆرانی ووتنەوە دەژین، داب و نەریت و هونەرو جل و بەرگی خۆیان هەیە، هەوڵ دەدەن پارێزگاری لێ بکەن.

# H

پۆشتەکردنەوە
التأهيل
**Habilitation**
شایاندن

تەماشا بکە: ئاوەدانکردنەوە
**Rehabilitation**

داب
العادة
**habit**

شێوازێکی وەرگیراوە لەرەفتاردا، وەك شارەزایی و لێهاتوویییەکی جوولەگەری بێت یان تیۆری و یاخود ڕێگایەك بێت لەکارکردن یانیش لەبیرکردنەوەدا داب دووپارە دەبێتەوە، بەجۆرێك تاك وای لێدێت کەبەشێوەیەکی ئامێری هەڵس و کەوت بکات بەخێرایی و وردی و دەست گرتنەوە لەڕەنجدان، مەبەستیش لەزاراوەی خۆڕاهێنان (فێربوون) (habituation) ئەوەیە کەتاك وای لێدیت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ وروژێنەرێکی دیاریکراودا یان دۆخێکی تایبەت یاخود ژینگەیەکی گشتی دیاریکراو.

دابی بەکۆمەڵ
العادة الجمعية
**Habit collective**

تەماشا بکە: خوونەریت - کۆمەڵایەتی
**Custom**

هەوارگا
الموطن
**Habitat**

شوێنێکی سروشتی، یان هەوارگەیەکی تایبەت، یاخود ئەو ژینگە سروشتیەیە کەکۆمەڵە کەسانێك نیشتەجێی دەبن، ئەو پێناسەیەش خەسلەتەکانی ژینگەو دەرامەت و ئاووهەواکەی دەگرێتەوە.
زاراوەکە لەبواری پراکتیکدا زیاتر تایبەتمەند دەبێت تازاراوەی ژینگە (environment)، کەژینگەی رۆشنبیریش دەگرێتەوە، هەروەها هەمان زاراوە ئاماژە بۆ ناوچەیەکی ژیان دەکات، کە تێیدا چالاکیە پێویستیەکانی ژیان بەڕێوە دەچێت.

فەرمانڕەوایی پیرۆز
الحكومة المقدسة
**Hagio cracy**

حکومەتێکە لەو حکومەتە چەند تاکێك دەسەلات دەگرنە دەست، کە بەچاوێکی پیرۆزەوە تەماشا دەکرێن.

ورێنە
الهُلواس
**Hallucination**
هەلوسە
الهلوسة

چەند حالەتێکە لەخەیاڵ و ئەندێشەو دالغە لێدان، مرۆڤ بەڕووداوی ڕاستی تێیدەگات، لەکاتێکدا هەمووی خولقێنراوی مێشکن لەئەنجامی گەورەکردنی چەند دیاردەیەکی خودی، گەورەکردنێکی بابەتیانە.
ورێنەکردن چەند بنەمایەکی فسیۆلۆجی و دەماری و دەروونی هەیە.

چەوت بینی
بارێکی سەیر
خطأ الهالة
حالة الابتهار
Halo effect

ئارەزووێکە ڕەنگە بەهۆیەوە تاك لەکاتی هەستانی بەهەڵسەنگاندنی کەسێکی دیکە دەربارەی خەسلەت و ئاکارەکانی، بەو ئارەزووە کاریگەر بوو بێت.
دیارە ئەویش بەهۆی هەستەکانیەوە، یان بەهۆی خوو رەفتاری کەسێتیەوە روودەدات، لەجیای هەڵسەنگاندن و نرخاندنی بابەتیانە.
بۆیە لەو بارەدا یان ڕێز لێنانێکی مەزنی بۆ حالەتەکە دەبێت، یاخود زۆر بچووکی دەکاتەوە.

کوێرەدێ
المنطقة السكنية الصغيرة (كفر)
Hamlet

گرد بوونەوەیەکی بچووکی چەند خانوییکە، بۆ نیشتەجێ بوون، لەگەڵ چەند پاشکۆیەك ئەویش لەناوچەیەکی کشتوکاڵی، ژمارەی خانووەکان ئەوەندە نین ناوی گوندی لێ بنرێت.
توێژەرێك ژمارەی دانیشتوانی ئەو شوێنە بە (250) کەس زیاتر نازانێت، بەڵام گوند گردبوونەوەیەکی هەندێ گەورەترە لەکوێرەدێ.

پەك کەوتە
کەم ئەندام
الأعاقة، القُعاد
Handi capping

پەککەوتە ئەو کەسەیە کەجیاوازی دەبێت لەو کەسەی پێی دەوترێت (ئاسایی) لەڕووی جەستەیی یان ئەقلی یاخود میزاجی و یانیش کۆمەڵایەتی، تادەگاتە ئەو ڕادەیەی کەپێویست بەکردارەکانی ئامادە کردن و شیاندنی تایبەت دەکات، ئەویش بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێك توانای باشی هەبێت بە شێوەیەکی لێهاتوویی بۆ بەکارهێنانی بەهرەکانی.

چاودێری کۆمەڵایەتی
بۆ کەم ئەندامان
الرعاية الاجتماعية
للمعوقين
Handicapped, social welfare foth

مەبەست ئەو هەوڵ و رەنجانەی حکومەت و لایەنە کۆمەڵایەتیەکان دەیدات (بەشێوەیەکی ڕێك و پێك و ئامانجدار) بۆ بەکار هێنان و سوود وەرگرتن لە وزەو شارەزاییەکانی کەم ئەندام تا ئەوپەڕی توانا، ئەگەر وزە توانا دارەکانی بێت یان وزە بێ تواناکانی، بۆ ئەوەی باشترین ڕێککەوتن و گونجاندنی بۆ بێتەدی لەنێوان خۆی و ژینگە کۆمەڵایەتیەکەی بەو شێوەی ڕێزو مافی بپارێزێت وەك مرۆڤێك لەیاندا.

پیشەی دەستی
الحرفة
اليدوية
Handi craft

مەبەست لەم زاراوەیە، ئەو کارو کردارانەیە کەپیشەکار پێی هەڵدەسێت، لەو بوارەدا بەهرەی دەستی خۆی بەکار دەهێنێ بەبێ پشت بەستنی بەئامێرەکان.
پیشەکاری دەستی خۆی یان بەهاوکاری چەند ئەندامێکی خێزانەکەی، یاخود ژمارەیەکی سنوردار لەیارمەتیدەرو کارمەندانی بەوکارە هەڵدەستن.
هەموو کاڵاو کەل و پەلەکان پێش بەکار هێنانی سیستمی ئامێری لەپیشەسازیدا بەدەست دروست کراون، بەڵام پاش بەکارهێنانی ئامێرەکان، بڵاوبوونەوەی کاری دەست وردە وردە ڕووی لەکەمبوونەوە کرد.

**Hapiness** السَعادة بەختیاری

حالەتێکە دروست دەبێت بەهۆی تێرکردنی ئارەزووە مرۆڤایەتیەکانەوە، لە هەردوو ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە.
ڕەنگە حاڵەتەکە بۆ ئاستی رەزامەندی رۆحی و خۆشی و کامەرانی بیرلیکردنەوەو تێڕوانین بەرز ببێتەوە.

**Hard core unemployment** البَطالة المزمنة بێکاری درێژخایەن

ئەو کرێکارانەی توانای کارکردنیان هەیەو ئارەزووشیان هەیە لەسەری، ئەوانە وردە وردە بەهۆی بێکاریان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، دەبنە کەسانێك بەکەڵکی کارکردن نایێن، ئەو حالەتە لەبێکاری، ئاسەواری بەسەر شارەزایی و توانای جەستەیان بەجێ دەهیڵێ.

**Hard labour** الاشغال الشاقة سزای گران

کارە قورسەکان

سزایەکی جەستەیی ئابڕوبەرە، مەبەستیش لەو جۆرە سزادانە، زیاتر ببێتە هۆی دامرکاندنەوەو ڕێگر لەبەردەم تاوانکاری، دیارە سزاکەش دوو جۆر دەبێت: هەتاهەتایی و کاتی

**Imprisonment** تەماشا بکە: خستنە بەندیخانە

**Harmonic mean** الوسط التوافقي نێوانە هارمۆنی

لەئاماردا مەبەست لەناوەندە هارمۆنی بۆ کۆمەڵە بەهایەك، هەڵگەڕاوەی ناوەندە ژمێرەییە بۆ هەڵگەڕاوەکانی ئەو بەهایانە.
نێوانە هارمۆنی کەمترین ناوەندەکانە لەبەکار هێنانی ئاماریدا، تەنها لەیەك حاڵەتیش بەکار دەهێنرێت ئەویش لەو حاڵەتەیە کەتێیدا پێویست بەژماردنی ناوەندە تێکڕاییەکان (rates) بکرێت.
نموونەیەك لەسەر ئەوە، ئەگەر بەڕێوەبەری بەرهەم لەکارگەیەکدا ویستی ناوەندی تێکڕای بەرهەمهێنانی کاڵاکە بژمێرێت لەئاست ژمارەی کرێکاران، ئەوەی دەبینرێت کەبەکارهێنانی ناوەندی ژمێرەیی لەم حالەتانەدا دەبێتە هۆی بەدەست هێنانی چەند ئاکامێکی ناورد.

**harmony** التناسق الانسجام هارمۆنی هاوئاهەنگ

گونجاندن بەمانا گشتیەکەی، بریتیە لەرێکخستنی بەشەکانی هەریەکەیەك و هۆگری و ڕاهاتن لەنێوان فەرمانە جیاوازەکانی بێ هیچ دژایەتی و لێك دوور کەوتنەوەیەك، بەڵکو هەموو رووەویەك ئامانج رێکدەکەون.
دەوترێت ڕێبازی هارمۆنی (harmonism) واتە دیاردەو رووداوەکان، دوو روالەتن بۆیەك ڕاستی کۆمەڵایەتی.
سازاندن (هارمۆنی) لەکۆمەڵگە بەپێی بیروڕای (fourrier) ئەو حاڵەتە کۆمەڵایەتیەیە کەرێککەوتنی تەواو خۆشی گشتی تێدا باو دەبێت.گونجاندن لەئابوریدا، تیۆرییەکە وادەسەلمێنێت کەژیانی ئابوری بەستراوەتەوە بەچەند هێزێکی رێککەوتوو لەگەڵ یەکتر بەناچاری، ئەوانە کاریش دەکەن بۆ دەستە بەرکردنی ئەوپەڕی خۆشگوزەرانی بۆ مرۆڤ، ئەگەرچی ئەو خێزانە هەندێ جار وا دەردەکەون کەناکۆکن بەهۆی تێکچوونێکی کاتیەوە، بەڵام لەکۆتاییدا دەگەڕێنەوە بۆ گونجاندن و رێك و پێکی.

**Leadship** الرئاسة سەرۆکایەتی

پێگەیەکە بەهۆیەوە دەسەڵات بەسەرکۆمەڵێکدا کاری پێدەکرێت یان دەسەپێنرێت، لێرەدا دەبێ جیاوازی لەنێوان سەرۆکایەتی (head ship) و سەرکردایەتی (leader ship) بکرێت.

سـەرۆکایەتی لەئـەنجامی سیسـتمێکی ڕەسمیـەوە دروسـت دەبێـت، دەسەڵاتەکانیشـی لـەهێزێکی دەرەوەی خـودی کۆمـەڵ وەردەگرێت، لەکاتێکدا سەرکردایەتی لەئەنجامی دان پینانی خۆکردی ئەندامانی کۆمەڵ دێتەدی.
سەرکردە خاوەن هێزێکی کاریگەر دەبێت بەسەر ئەندامانی کۆمـەڵ، لەکاتێکدا ڕەنگە سـەرۆك کارتێکردنی بـەهێزی نـەبێت بەسەر کۆمەڵگەدا، بۆیە هەموو سەرۆکێکی ڕەسمی سەرکردە نیە بۆ کۆمەڵ.

تەماشا بکە: سەرکردایەتی — Leader ship

**چاکبوونەوە** — الشفاء — **Healing**

تەماشا بکە: چارەسەر — **Cure**

**تەندروستی** — الصحة — **health**

حالەتێکـە بەهۆیـەوە تـاك دەبێتـە خـاوەن تەندروسـتیەکی چـاکی جەسـتەیی و ئـەقلی و کۆمەڵایـەتی، نـەك تـەنها دووری لەنەخۆشی و دەردوو بەڵا، (دەستوری ئەنجومەنی تەندروستی جیهانی)
لـەم بـوارەدا پەیوەندییـەکی توونـد هەیـە لـەنێوان تەندروسـتی گشـتی و فاکتـەرە کۆمەڵایەتیـەکان، ئـەویش لـەو ڕۆژەوەی کەکۆمـەڵگاکان بـەردەوام بایـەخیان بـەکاروباری کۆمەڵایـەتی داوە، کـە هەڕەشـەی لەسـەر تەندروسـتی ئەنـدامانی هـەبووە، هـەروەها ئـەوەی جێگـای سـەرنجدانە، ڕەنـج و هەوڵـەکانی کۆمەڵگایـە لەبایەخـدانی بـەکاروباری تەندروسـتی و پارێزگـاری کردنیـەتی بـەهۆی نوێـژو ئـەو نـەریت و ڕێ و ڕەسمـە ئاینیانـەی کـە هـۆزو تـیرە سـەرەتاییەکان پێـی هەڵدەسـتان لـەکاتی بڵاوبوونەوەی دەردو نەخۆشیەکان، ئەو بەهایانەی کۆمەڵگە بـاوەڕی پێیـان هەیـە، یارمـەتی پێکهێنـانی ئاراسـتەو بیروبـاوەڕو ڕەفتاری تاکەکان دەدات، ئەوەندەی پەیوەندی بەتەندروستی و نەخۆشیەوە هەیە.
دامەزراوە تەندروستیەکانیش وەك دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان، ڕەنگدانەوەیە بۆ چەمکی کۆمەڵگەی دروست و لەبار دەربارەی سیستمی تەندروستی گشتی.
ئەو ڕۆڵانەی دراوەتە هەریەکێك کەبەئەرکی پزیشکی هەڵدەستێت و ئەوانی جێگای چاودێری پزیشکین، هەموو ئەو دیاردانـە تاڕادەیەکی گەورە ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی سەلمێنراو دەنوێنێ.
تەندروستی گشتی بەڕەچاوکردنی ئەوەی چالاکیەکی کۆمەڵایـەتی و ڕۆشـنبیری و میراتیـە، بەشـێکە لەسیسـتمی کۆمەڵایـەتی، جیانابێتەوە، هەروەها تێگەیشتنی تەواوی بۆ ناکرێت تەنها لەبەر ڕۆشنایی هێزە کۆمەڵایەتیەکان نەبێت.

**دانیشتن بۆ گوێگرتن (دادگەری)** — الجلسة — **Hearing**

زاراوەکە لەچەند بوارێکی جیاوازدا بەکار دەهێنرێت، ڕەنگە مەبەست لێی دانشـتنێکی ئاشکرا بێت(public hearing) بـۆ یەك لەلیژنەکانی یاسا دانان، بەمەبەستی گفتوگۆکردن دەربارەی پرۆژە یاسایەك.
هەروەها مەبەست لێی لێکۆڵینـەوە بێت ( judicial hearing) واتـە گـەڕان بێت بـەدوای ڕاسـتیەك، ڕەنگـە لێکۆڵینەوەکـە شارستانیش بێت، بە پێی ڕێساو ئەو بنەمایانـەی کەیاسای دادبینیـە مەدەنیـەکان دایڕشـتووە بەڕێوەبچێت، بـۆ ئـەوەی یـەك لەلایەنە داواکارەکان بەگەواهی شایەتەکان ڕاستی ئەو ڕووداوانـە بسـەلمێنێت کەلەمیانـەی داواکـە دەریـان بڕیـوەو بـە هۆیـەوە دادوەران بەرچاویان روون دەبێتەوە بۆ بڕیاردان ئەگەر ڕاستیەکان سەلمێنرا.
ڕەنگە لێکۆڵینەوەکـە تاوانکـاری بێـت، کـە ئـەوەش دادوەری لێکۆڵینـەوە پێـی هەڵدەسـتێت لەگـەڵ تاوانبارێـك لەتاوانێکـدا کەڕوویدا بێت.

**ڕێبازی چێژخوازی هەستی** — مذهب السعادة الحسیة — **hedonism**

ڕێبازێکی ئاکارییە، پشت بەگووتەیەك دەبەستێت کەدەڵێت، هـەموو هانـدەرەکانی چالاکی مرۆڤایـەتی بـۆ دەسـکەوتی چێژەو

دووركەوتنەوەیە لەئیش و ئازاریش، چێژیش گەورەترین سوودو دەسکەوتە هەروەها خۆشی و کامەرانی هەست کردنە بەو چێژەی کەهەیە ئێستا.

پێچەوانەی ئەو ڕێبازەش، ڕێبازی خۆشی و کامەرانی ئەقلیە (eudae monism)، واتە ئەو ڕێبازەی کەخۆشی و کامەرانی ئەقلی دەیسەلمێنێ نەك هەستی، ئەو گەورەترین سوودو چاکەیە.

دەوترێت سایکۆلۆجییەتی چێژو ئازار (hedonics) کەیەك لەلقەکانی دەروونناسیە، لەسروشتی چێژو ئازار دەکۆڵێتەوە هەروەها لە دروست بوونی و لەئاسەوارەکانی و ئەو پەیوەندییانەی هەیە لەنێوانیاندا.

زاڵبوون — السيطرة — **hegemony**

دەسەڵات

زاڵبوون بەسەر لایەنی دیکە، بەجۆرێکی تایبەت زاڵبوونی دەوڵەتێك بەسەر دەولەتێکی دیکە.

تەماشا بکە: دەسەڵات **Dominance**

دۆزەخ — الجحيم — **Hell**

باوەڕێکی ئاینییە دەربارەی چارەنووسی ڕۆحی مردووەکان، ئەوانی لەجیهان و لەژیاندا گوناهیان ئەنجامداوە، ئەوانە دەخرێنە دۆزەخەوە، واتە شوێنێکی زۆر گەرم، یان ڕۆژی لێپرسینەوەی دوایی ئەشکەنجە دەدرێن، باوەڕیش وایە کە دۆزەخ دەکەوێتە ژێر زەوی.

ئەم باوەڕە بەگەورەترین چاودێری ناوخۆیی دادەنرێت بەسەر خەڵك و چاکترین ڕێگرە لەبەردەمیان.

هیلینیزم — الهيلينية — **Hellenism**

ڕۆشنبیری کۆنی یۆنانی

مەبەست لەم زاراوەیە، شارستانیەتی گریکە لەبیروباوەڕو ئایدیاو شێوازەکانی ژیانیان، هەروەها زاراوەکە، بەهەر هەوڵێکی نوێ کەدەدرێت بۆ زیندو کردنەوەی شێوازە ڕۆشنبیرییەکان و ئایدیا کۆنەکانی گریك دەوترێت، وەك هۆگری و شەیدایی بەگورج وگۆڵی و چالاکی، هەروەها وەرزش و هاندانی ئەدەب و زانستەکان و بایەخدان بەرێکختسنی کۆمەڵایەتی هەمەلایەن لەگەڵ گرینگیدان بەمەسەلە کۆمەڵایەتی و ڕەوشتیەکان لەسەربنچینەی ئەقل و هۆشیاری.

یارمەتی — المساعدة، الاعانة — **Help**

فریاکەوتن — الاغاثة

ڕزگارکردنی تاك بەشێوەیەکی کاتی و ناکاو یان بەڕێکەوت لەگێروگرفت و کێشەکانی، ئەویش بەیارمەتیدانی بەو شێوەی کەپێویستی دەبێت.

دەوترێت یارمەتی دارایی (financial help) و یارمەتی مادی (material help) .

کۆمەڵێکی مرۆیی — القطيع البشري — **Herd human**

زاراوەکە، لەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەکۆمەڵە کەسانێك دەوترێت کە چەند ئارەزوویەکی هاوبەش دەیانجولێنێ و بەدوای سەرکردەیەك دەکەون، ئەوانە بەلاوازی لەڕووی ڕێکخستن و شێوازەکانی چاو دێرییەوە جیاواز دەکرێنەوە.

هەروەها زاراوەکە بەکار دەهێنرێت وەك ئاماژەیەك بۆ کۆمەڵە خەڵکێکی ڕەشۆکی و ئاکار تایبەت یان کرێکاران و یاخود چەتەو ناکەسان (the commond herd).

دەوترێت: رۆحی ڕەوێك (كۆمـەڵێك) (herd spirit) وەك دەربڕنێـك بـۆ ئـارەزووی هەنـدێ كـەس كەبەشـێوەیەكی كوێرانـە ببنەپاشكۆی بیروباوەڕو شێوازەكانی كۆمەڵێك.

بۆماوە (زگماكی) الوراثة **Heredity**

پرۆسەیەكی بایۆلۆجی سیستمیە، بەهۆیـەوە خەسـلەتەكان لەسـەر چاوەوە بـۆ لقـەكان دەگوازرێنـەوە، ئـەویش بـەپێی چـەند یاسایەكی جێگیر لەرێگای بۆماوەییەكان یان پەل و پایەكانی خەسلەتە میراتیەكان دێتەدی.
بۆ ماوەیی ڕەنگە فسیۆلۆجی یان سـایكۆلۆجیی بێـت، هـەروەها ڕەنگـە بەكـەڵك بێـت یـان نـەخۆشـی هـەڵگربێت، وەك حاڵـەتی پەككەوتـەیی بۆمـاوەیی (hereditary deficiency) هـەروەها نەخۆشـی بۆمـاوەیی (hereditary disease) چـەند یاسایەك داوا دەكەن كە تاكە تووش بووەكان بەنەخۆشیەكانی بـۆ مـاوەیی كـاری پاككردنـەوەیان بـۆ بكرێـت، ئـەویش بـەهۆی گواستنەوەیان بۆ نەوەكان.

لادان لەئاین
بێ دینی
الضلال الديني
البدعة الدينية، الزندقة
**heresy**

هەڵەیەكە دەبێتە هۆی تێكدانی باوەڕ، هەڵەكاریش پەیوەست دەبێت پێوەی و بڵاوی دەكاتەوەو بانگەوازیشی بۆ دەكات.
دەسەڵاتیش ئەو جۆرە ئاراستەو كارانە قبول ناكات، لەبەر ئەوەی لادانە و بەپێچەوانەی باوەڕی باوە.
ماركسیەكان وا دەبینن كەچینە میللیەكان لەكۆمەڵگەی دەرەبەگایەتیـدا ئـەو ئاراسـتەیەیان پـەیرەو دەكـرد وەك ناڕەزاییـەك بەرامبەر بەچینی دەسەڵاتدار كەكلێسە پشتگیری دەكردن.

میرات
كەلەپور
الميراث
**heritage**

گواستنەوەی سامان و داراییە، لەخاوەنداری كەسێكی مردووەوە بۆ خاوەنداری كەسێكی زیندوو یان زیاتر لەكەسێك.
دەوترێـت كەلـەپووری كۆمەڵایـەتی (social heritage) مەبەسـتیش لێـی كـۆی داب و نـەریت و پەنـدو ئـەدەب و هونـەری میللییە، هەروەها دەسكەوتە كولتورییەكان ئەوانی لەباب و باپیرانەوە بۆ نەوەكان بەجێ ماون.

پەرستنی
پاڵەوانەكان
عبادة الابطال
**Hero - wor ship**

كۆمەڵە سەرەتاییەكان ئەم زاراوەیەیان بەو مردوانە دەوت كەبەخودایان دانابوون، بۆیە وەك پاڵەوان تەماشایان دەكردن.
دواتـر مێـژوو نووسـان ئـەم زاراوەیـەیان بەدامەزرێنـەرانی دەوڵـەت و ئاینـەكان هەڵـدەدا، هـەروەها پیـاوە مەزنـەكان ئـەوانی سوودیان بۆ ڕەگەزی مرۆڤایەتی هەبووە.
پەرسـتنی پاڵەوانـەكان ئـەنجامی كـرداری هەڵبـژاردن و دیـاریكردن بـووە، چـونكە دەسـەڵاتە گشـتیەكان بـوون بـەزۆری كەهەڵدەستان بەپێدان و وەرگرتنەوەی خەسلەتی پاڵەوانیەتی.
پرۆسەی دانـان و كـارپێ سـپاردن لەچـەند بۆنەیـەكی پـیرۆز، پەرسـتنی پاڵەوانـەكانی وەك سیسـتمێكی گشـتی تەماشـا دەكـرد لەئیمپراتۆریەتی رۆمانی، بۆیە پەرستنی ئیمپراتۆرەكان بەئەركێكی ئاینی دادەنرا.
هەر لەبەر ئەوەی كەدەسـەڵاتی بنەماڵـەو دەسـەڵاتی حكومـەت سەرچـاوەكەی پەرسـتنی پاڵـەوان بـووە، بۆیـە روونكردنـەوەی بیروڕاو كارەكانی پاڵەوان وەك ئەرك تەماشا دەكرا، نەریتە تایبەتیەكانیش بەوكارانە لەنووسینە ئەدەبیەكان، هـەروەها لـەڕێ و ڕەسمو نەریتی ئاینی تۆمار دەكرا.

**heterogamy** — الزواج غير المتكافيء — ناهاوسەنگی هاوسەرگیری

ئەو هاو سەرگیرییەی لەنێوان نێرێك و مێیەك سازدەكرا، بەڵام هەردووكیان چەند خەسڵەتێكی كۆمەڵایەتی و فسیۆلۆجی و دەروونی جیاوازیان هەڵگرتووە.

**heterogeneity** — التغاير، التباين / اللاتجانس — جیاوازی، جودایی / ناچۆنیەكی

پێكهاتە یەك لەچەند پارچەیەك (بەش) یان چەند ڕەگەزێكی جیاواز لەڕووی خەسڵەتەكانەوە، یاخود جیاواز لەڕووی فەرمانیەوە، دیاردەی جیایی ئەو خەسڵەتەیە كەدانشتوان جیاواز دەكاتەوە كاتێ تاكەكانی هەڵگری روخساری ئاشكرایان دەبێت، هەندێكیان لەهەندێكی دیكە جودا دەكرێنەوە لەڕووی بایۆلۆجی و كولتورییەوە.
لەبارێكی ئاسایدا ناچۆنیەكی دانشتوان دروست دەبێت كاتێ ئەندامانی كۆمەڵەكە لەچەند رەچەڵەكێك هاتبنە خوارەوە، جیاوازیش دەبن هەندێكیان لەهەندێكی دیكە لەڕووی روخسارە سروشتیەكانەوە.

**Hetero nomy** — الخضوع للغير / التبعية — ژێر دەستی / پاشكۆیەتی

ملكەچی تاكەكان یان گروپەكان بۆ ڕێسایەك یان یاسایەكی سەپێنراو لەلایەن كەسانی دیكەوە، لەجیاتی ملكەچی بۆ ڕێساكان یاخود ئەو یاسایانەی كە خودی تاكەكان یانیش گروپەكان دایدەنێن.

**Autonomy** — پێچەوانەكەشی ئۆتۆنومیە خود موختاری

**Heterosexuoality** — الجنسية الغيرية — جووت بوون لەگەڵ توخمی جودا

خۆشی وچێژ وەرگرتن لەپەیوەندیكردنی سێكسی لەگەڵ تاكێك یان چەند تاكێك لەڕەگەزی (توخمی) جودا، لەبەرامبەردا سێكسی هاوڕەگەزی دێت، واتە هەتیو بازی دێت (homo sexuality)

**Heterosuggestion** — الأيحاء الغيري — پێڕاگەیاندنی كەسێكی دیكە (پێش نیاز)

پێڕا گەیاندنی تاكێك بۆ تاكێكی دیكە (پێش نیازكردن) دەربارەی بیرۆكەیەك یان كارێك، لەبەرامبەر زاراوەی پێڕاگەیاندنی خودی (auto suggestion) دێت.

**Heuristic assumption** — الفرض المُساعد على الكشف — ئەگەری هاندانی فێربوون

گریمانەیەكە دادەنرێت، نەك لەبەر ئەوەی بەرێككەوت سەلمێنراوە، بەڵكو لەبەر ئەوەی بەسوود دەبێت بۆ پرۆسەی تۆژینەوە، هەروەها واتەماشای گریمانەكە دەكرێت، كەیارمەتیدەری دۆزنیەوەو ئاشكرا كردنە، وەك ئامرازێك ئامانجی سوود گەیاندنەو هاوكاری دۆزینەوەی ڕاستی و پەیوەندییە نوێیەكانە.

**Hierarchy** — التدرج الهرمي / تسلسل السلطة — ڕێزبەندی قوچەكی

سیستمی ڕێك و پێككردنی كەسەكان یان بیروباوەڕەكان یاخود دیاردەكانە، بەجۆرێك كەپلەو پایەكانی یانیش بەهاكانی (hierarchical levels) جیاوازیان تێدا دەبێت، هەموو پلەیەكیش لەم سیستمەدا تەنها پلەی باڵا نەبێت ملكەچی

ئەوپلەیە دەبێت کە لەسەرووی خۆیەتی.
لەڕووی کارگێڕییەوە مەبەست لەپلە بەندی، بەدوا یەکداهاتنی ئاستەکارگێڕییەکانە، بەپێی ئەو سیستمە، دەسەڵات پلە بەپلە لەپایە یەکەوە بۆ بەرزتر سەردەکەوێت تادەگاتە پلە باڵاکەی لای سەرۆکی باڵا، هەر ئاستێکیش تێیدا پابەند دەبێت بەو ڕێنماییانەی کە لەسەرۆکی راستەوخۆیەوە وەری دەگرێت.
دەوترێت: پۆلینکردنی کرێکاران (hierarch of labour) بەوزاراوەیەی کەلەرابردوودا بەکار دەهێنرا وەك ئاماژەیەك لەسەر دابەشکردنی کرێکاران بەپێی چالاکی ئابوری، وەك کرێکارانی کشتوکاڵی وپیشەسازی و گەیاندن و گواستنەوە.

دەسەڵاتی پیاوانی ئاینی (هیرۆ کراسی) | الهيروقراسية | **Hiero cracy**

سیستمێکی کۆمەڵایەتیە لەسەر بنچینەی چەوساندنەوەی رۆحی دادەمەزرێت، سیستمەکە، ئەو سزا دانە دەگرێتە خۆی کەدەبێتە هۆی بەدیهێنانی خۆشی و بەختیاری تاك لەجیهانی دوایی (قيامه).

کەنار شار | الظهير، المنطقة الخلفية | **Hinterland**

لەبنچینەدا وشەیەکی ئەلمانیە، ئاماژەیە بۆ ئەو ناوچەیەی کە دەکەوێتە پشتی بەندەر یان شارەکە، ئەو شوێنە دەبێتە پاشکۆی شار یان دەبێتە بوارێك بۆ کاروچالاکیەکانی بەندەرەکە، ئەو شوێنە چەندین شارۆچکەو گوندو ڕووبەری کشتوکاڵی دەگرێتە خۆی.

تەماشا بکە: هەرێمی شار | **City region**

پەیژەی دووبارەکان | مدرج التكرار | **histogram**

لەئاماردا پلەداری، بریتیە لەتەوەرێکی نێوان دوو ستونی یەکتر بڕ، تەوەری ئاسۆیی بەکار دەهێنرێت بۆ پێوانەی دیاردەیەکی دیاریکراو بۆ توێژە تەمەن گەورەکان (بۆ نموونە)، بەڵام تەوەری ستونیش بۆ پێوانەکردنی دووبارە بووەکان بەکار دەهێنرێت.
ڕەنووسی دووبارە بووی تایبەت بەهەر توێژێك ڕووندەکرێتەوە لەسەر شێوەی لاکێشەیەکی ستونی، رووبەرەکەی لەبار دەبێت لەگەڵ ئەو ڕەنووسە.

دیموگرافیای مێژوویی | الديموجرافية التاريخية | **Historical demography**

مەبەست، لێکۆڵینەوەیە لەدانشتوان و مێژوویان، لەو ماوەیەی کەئامارە دروستەکان بەردەست نەبوونە، چونکە واپێویست دەکات کە چەند هۆکارێکی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە بەکار بهێنرێت.

جوگرافیای مێژوویی | الجغرافية التاريخية | **Historical geography**

واتە، لێکۆڵینەوە جوگرافیەکان (سروشتی و مرۆیی) بۆ چەرخە مێژووییەکان و بۆ ئەو ماوانەی پێش مێژوو، بەم واتایە ئەم بابەتە لقێك نیە لەجوگرافیا (وەك جوگرافیای ئابوری یان جوگرافیای کۆمەڵایەتی) بەڵکو جوگرافیایەکی دیکەی تەواوە، چەند چەرخێك یان ماوەیەکی ڕابردوو دەگرێتەوە.

ئایدۆلۆجیای مێژوویی | الايديولوجية التاريخية | **Historical idealism**

بیرو ڕایەکە دەڵێت، فاکتەرە بنچینەییەکان لەگەشەکردنی کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان، سیستم و رەوتە هزرییەکانە، دیارە ئەم ڕێبازەش بەپێچەوانەی ڕێبازی ماتریالیزمی مێژووییە.

**ماتریالیزمی مێژوویی** المادية التاريخية **Historical materialism**

تیۆری ڕاڤەکردنی مێژووە، ڕاڤەکردنێکی مادی، هەر بەپێی ئەم تیۆرییە، ئەوا مرۆڤ بەرهەم هێنەرێکی کۆمەڵایەتیە بۆ هۆکارەکانی ژیان، بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتیش، پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە دیاریکراوەکان دەگرێتە خۆی کەخەسلەتەکانی لەسەر پەرەسەندنی هێزەبەر هەمهێنەرە کۆمەڵایەتیەکان دەوەستێت، ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانە بونیادی ئابوری کۆمەڵگە پێکدەهێنن، کەلەسەری بونیادێکی باڵا لەسیستم و دامەزراوە سیاسی و یاساییەکان دروست دەبن.

**میتۆدی مێژوویی** المنهج التاريخي **Historical method**

مەبەست لەم زاراوەیە، گەیشتنە بەبنەماو یاسا گشتیەکان لەڕێگای تۆژینەوە لەڕووداوە مێژووییەکانی ڕابردوو، هەروەها شیکردنەوەی ئەو ڕاستیانەی پەیوەندیان بەکێشە مرۆڤایەتیەکان و هێزە کۆمەڵایەتیەکان هەیە، ئەوانی ئێستایان پێکهێناوە.
بەگەڕانەوەی توێژەر بۆ مێژوو، ئەو هەوڵی ئەوە نادات کەجەخت لەسەر ڕووداوە تاك و جیاجیا بکات، هەروەها ئامانجیشی ئەوە نیە کە ڕووداوو کەسایەتیەکانی ڕابردوو وێنا بکات بەشێوەیەك کە ژیانیان تێدا زیندوو بکاتەوە سەر لەنوێ، بەڵکو هەوڵی ئەوە دەدات ئەو بارودۆخەی کەدەوری کۆمەڵێك لەکۆمەڵەکان و دیاردەیەك لەدیاردەکانی داوە دیاریان بکات، ئەویش هەر لەسەرەتای دروست بوونەوە بە مەبەستی زانینی سروشتەکەی و ئەو یاسایانەی کەملکەچی دەبن.
ناکرێ توێژەر لەڕابردوو تێبگات تەنها ئەگەر بەدوو قۆناغی بنچینەیی تێپەڕ نەبێت، ئەو دوو قۆناغەش: شیکردنەوەو چڕکردنەوەیە.
قۆناغی یەکەم دەست پێدەکات بەکۆکردنەوەی بەڵگەنامەکان و ڕەخنە گرتن لێیان و دڵنیابوون لەکەسێتی خاوەنەکانیان، ئەو قۆناغە کۆتایی دێت بەدیاریکردنی بەشە بچووکەکانی ڕاستیە مێژووییەکان.
پاشان قۆناغی دووەم دەست پێدەکات، لەمیانەیدا توێژەر هەوڵدەدات ئەو ڕاستیانە پۆلین بکات و نێوانیان بگونجێنێت گونجاندنێکی ئاقلانە.

**تاکگەرایی مێژوویی (تایبەتگەری)** التفرد التاريخي **Historical particularism**

بەپێی ئەو تیۆرییە، هەموو کولتورێك ملکەچی پرۆسەیەکی پەرەسەندنی تایبەت بەخۆی دەبێت، زەرورەتیش نیە کە پرۆسەکانی پەرەسەندنی تایبەت بەکولتورە جیاوازەکان، هەندێکیان لەگەڵ هەندێك گونجاوو ڕێککەوتووبن، بۆیە واپێویست دەکات توێژەر لێکۆڵینەوە لەپرۆسەکانی دروست بوون و پەرەسەندن و بڵاوبوونی ڕۆشنبیری بکات، هەریەکە بەتەنیاو لەخودی خۆیدا هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات، ئەویش لەسنوری ئەو هەل و مەرجە تایبەتیەی هەریەکەیان بێت.
ئەوەش بەو مانایە دێت کەلەجیاتی ئەوەی تیۆری پەرەسەندن ئاراستەی یەك هێل بکرێت(unilnear evolutionism) وا پێویست دەکات کەپێڕەوی پەرەسەندنی فرە ئاراستەو ڕێگا وەربگرێت (multilinear evolutionism) .

**قوتابخانەی (ڕێبازی) مێژوویی** المذهب التاريخي **Historical school**

بەپێی ڕێبازی ئەم قوتابخانەیە، مێژوو ڕابەریمان دەکات بۆ چۆنیەتی دروست بوونی سیستمەکان، هەروەها چۆنیەتی پەرەسەندیان.

**زنجیرەی ڕووداوەکانی مێژوو** السلسلة التاريخية **Historical series**

زنجیرەی مێژوویی، یان زنجیرەی زەمانی بۆ هەر دیاردەیەك، بریتیە لەچەند بەهایەك یاخود پێوانەکانی ئەو دیاردەیە، ئەویش لەزنجیرە مێژووییەکی بەدوایەکدا خۆی دەنوێنی، وەك ڕۆژان، یان مانگەکان یاخود ساڵان.

لەبارێکی ئاسایدا، ماوەکانی نێوان مێژووە بەدوایەکەکان یەکسان دەبن، ئەوەش ئاسانترو تەواوترو وردترە، ئەو زنجیرانەش دیارە لەبینینی ئەودیاردانەی کە توژێنەوەیان لەسەر دەکەین بۆ ماوەیەك و پێوانە کردنیشیان لەچەند ماوەیەکی کاتی ڕێك و پێك دێنە ئەنجام.

کۆمەڵناسی مێژوویی | علم الاجتماع التاريخي | Historical sociology

تەماشا بکە: Sociology historical

سەرچاوە مێژوویەکان | المصادر التاريخية | Historical sources

ئەو سەرچاوانە چەند زانیاری و ئامارێکی بڵاوکراوەو ئامادەکراو بۆ بەکارهێنان دەگرێتەوە، ئەوانە پێشتر کۆکراونەتەوە بۆ چەند مەبەستێك کەپەیوەست نین بەو تۆژینەوەیەی ئەنجام دەدرێت.

نموونەی ئەو سەرچاوانەش: بەڵگەنامەکان، چاپەمەنیەکان، تۆمار کراوەکان، بڵاوکراوەکان، توێژینەوەو لێکۆڵینەوە ئامارییەکان کە لایەنەکانی خاوەن بەرژەوەندی و دامەزراوەو ئەنجوومەنە گشتی و تایبەتەکان دەری دەکەن، یاخود زانیارییە بەردەستەکان لای خاوەن پیشەکان بەپێی پێداویستیەکانی کار، یانیش ئەو سەرچاوانەی لەناو کتێبخانەکاندا هەن.

سەرچاوە مێژووییەکان دابەش دەبنە سەردوو بەش:

1- سەرچاوە سەرەتاییەکان:

بریتیە لەو سەرچاوانەی کەهەمان ئەو لایەنەی هەڵدەستێ بەکۆکردنەوەی زانیارییە سەرەتاییەکان، هەر ئەو لایەنە هەڵدەستێ بەداگرتن و پۆلینکردن و بڵاوکردنەوەی سەرچاوەکانیش نموونەی ئەو بڵاوکراوانەی دامەزراوەی ئامارو سەر ژمێری سەر بەحکومەت دەریدەکەن.

2-سەرچاوە لاوەکیەکان.

ئەو سەرچاوانە: لایەنێکی دیکە هەڵدەستێ، بەداگرتن و پۆلینکردن و بڵاوکردنەوەیان، بەجیاوازی لەولایەنەی کەهەستاوە بەکۆکردنەوەی زانیارییە سەرەتاییەکان، وەك ئامارەکانی ئەنجومەنی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەنجومەنی خۆراك و کشتوکاڵی، هەروەها ئەو خشتە ئامارییانەی کە لەکتێبی نووسەراندا هەیە.

مێژووگەرایی | الخاصة التاريخية | Historicism

ڕەوتی مێژووگەری | النزعة التاريخية

بیروڕایەکە دەڵێت، جەوهەری کۆمەڵگەو رۆشنبیری بەئاراستەی پەرەسەندن و دینامییەت جیاواز دەبێتەوەو دەناسرێت.

هەروەها هەموو شێوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لەبنچینەدا پەیوەست دەبن بەبواری ئەو مێژووەی کەخۆی دەخزێنێتە ناو هەموو کاروبارەکان و دەچێتە ناویانەوە.

بەبۆچوونی (K.R. popper)، ڕەوتی مێژووگەری هەوڵێکە بۆ ئەوەی هەموو زانستە کۆمەڵایەتیەکان لەژێر ناوی زانستی مێژوو تۆمار بکرێن، هەروەها پێش بینی کردنی ئایندەش بکرێتە ئامانجی بنچینەیی بۆ ئەو زانستە، ئەویش لەمیانەی جەخت کردن لەسەر یاسا مێژووییە جیهانیەکاندا.

مێژوو نووسین | التأريخ | Historiography

نووسینەوەی مێژوو

ئەرکی نووسینەوەی مێژوو، هەروەها ئەو نووسینانەی کەبەدوای خۆیدا دەیهێنێت لەروخسارو رووە زانیاریەکەی، ئەویش لەگەڵ راڤەکردنی زانیاریەکان و ئامارە دوورو درێژەکۆکراوەکان بەهۆی میتۆدی مێژووییەوە، هەروەها رێکخستنی ئەو

زانیاریانە لەچوار چێوەی چەند چەمێکێك و خستنەڕوویان لەسەر شێوەیەك كەسەر لەنوێ ماوەی بابەتی لێكۆڵینەوەكە دروست بكاتەوە.

باسی مێژوویی — النزعة التاريخية — **Historism**

مێژوویيەتی

ئاراستەیەكە، ئامانجی ڕوونكردنەوەی شتەكانە لەبەر ڕۆشنایی تێروانینە مێژووییەكەی.

واتە ئێمە ناتوانین بڕیار لەسەر بیروباوەڕو ڕووداوەكان بدەین تەنها بەگوێرەی ئەو ناوەندو شوێنە مێژووییەی تێیدا دەركەوتووە، نەك تەنها بەگوێرەی بەهاخودییەكەی، چونكە ئەگەر ئێمە تەنها لەڕووی خودییەوە تەماشامان كرد، دەكرێ بەهەڵە یان بەنائاسایی تەماشای بكەین، بەڵام ئەگەر گەڕاندمانەوە بۆ ناوەندە مێژووییەكەی كە تێیدا دەركەوت ئەوا بەشێوەیەكی سروشتی و زەرووری دێتە بەرچاو.

مێژوو — التاريخ — **History**

بەزۆری خستنە ڕوویەكی ڕێك و پێك و نووسراوە بۆ ڕووداوە بەدوایەكەكاندا، هەروەها هەوڵێكە بۆ ئاشكراكردنی هۆیەكانی لەگەڵ ڕوونكردنەوەی كەچی لە نێوانیادا هەیە لەپەیوەندی و دەست تێوەردان و تێ هەڵكیش بوون، بەجۆرێك بەگشتی یەك چیرۆك پێك بهێنێ.

مێژوو ڕووداوەكان بۆ چەند قۆناغێك دابەش دەكات، كەبریتین لە: قۆناغی چاغە كۆنەكان، قۆناغی چاغە ناوەڕاستەكان، قۆناغی چاغە نوێیەكان، مێژووی هاوچەرخ.

تەماشا بكە: مێژووی كۆمەڵایەتی — **Social history**

فەلسەفەی مێژوو — فلسفة التاريخ — **History philosophy of**

ئەم بابەتە، لێكۆڵینەوە لەهێزی پالنەری بەڕێوەبردنی مێژوو دەكات، بە دەربڕنێكی دیكە، ئایا سیستمە كۆمەڵایەتیەكان بەڕێكەوت لەدایك بوون، یان ئەنجامن بۆ چەند هۆیەكی شاراوە بەڵام بەهێز، هەروەها ئایا خەڵكی مێژووی خۆیان دروست دەكەن یاخود بەسەریاندا بەكردەی چەند هێزێكی دەرەكی سەپێنراو؟

لێرەدا قوتابخانەیەكی مێژوو نووسان هەیە، داكۆكییەكی گەورەی خستۆتە سەر ڕۆڵی تاك، لەبەر ئەوەی تاك هێزی بزوێنەرە، یاخود یەك لەنیشانە یەكلاكەرەوەكانی ڕێگای پێشكەوتنە.

تێۆرییەكی دیكەش هەیە، هۆی ڕووداوەكان و دروست بوونیان و پەرەسەندنیان بۆ هێزە دەرەكیەكانی دەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە، كەدەسەڵاتی خەڵكی بەسەرەوەنیە.

هەروەك لەم بوارەدا، ڕاڤەكردنی تیۆریی ماتریالیزمی مێژوویی هەیە، (تەماشای ماتریالیزمی مێژوویی بكە: historical materialism ) فەلسەفەی مێژوو بەو لێكۆڵینەوانە دادەنرێت كەڕێگای بۆ دەركەوتنی كۆمەڵناسی خۆشكردوە تا ئەو ڕادەیەی هەندێ كەس وایان داناوەكە ڕێژەی نزیكی فەلسەفەی مێژوو بۆ كۆمەڵناسی، وەك ڕێژەی پەیوەندی زانستی میتافیزیكە بۆ زانستی سروشت.

پاشەكەوت — الاكتناز — **hoarding**

عەماركردن

هەڵگرتنی پارەو پول بەمەبەستی جامبازی و مامەڵەپێوەكردن، هەروەها وەك ئاگادارییەك بۆ ڕۆژانی تەنگانەو پێویستی و نەبوونی.

ئەو جۆرە پارێزگاری و هەڵگرتنەی دراو، ئەوە (ویستێكە لەسەر دراوی خوردە بۆ كاروباری ڕۆژانەو خەرجكردنی) لەجیاتی

ئەوەی تاك بەكاری وەبەرهێنانی پارەكەی هەستێت لەسەر شێوەی قەرز یان بەكارهێنانی بۆ كڕینی دراوی كاغەزی دارایی یاخود قەواڵە حكومی و پیشەسازییەكان، یانیش لەجیاتی هەڵگرتنی لەیەك لەبانكەكان لەسەر شێوەی سپاردن بۆ ئەوەی سوودی دیاریكراوی هەبێت، ئەوا وای پێ چاكترە بەشێوەی دراوی بەجوڵە هەڵی بگرێت بۆ ماوەیەكی دیاریكراو، یانیش بەدەربڕینێكی دیكە لەسەر شێوەی دراوی بێ كەڵك و پەككەوتەی كارپێ نەكراو.

تەماشا بكە: پاشكەوت **Saving**

ئارەزوو
خولیا
الهواية
**hobby**

مەبەست لەم زاراوەیە، ئەو چالاكیانەی تاك پێی هەڵدەسێت لەكاتی بێ ئیشیدا، ئەوەش بەدوور لەوپیشەیەی كەپێی هەڵدەسێت، لەوچالاكیانەش: وەرزش، خوێندنەوە، كۆكردنەوەی پول...هتد. دیارە ئەو جۆرە حەزو ئارەزووانە، هیچ داواكاری و مەبەستێكی دارایی بەدواوە نیە، بەڵكو وەك كاردانەوەیەك دەبێت بۆ حەزوو ئارەزووە دەروونی و كۆمەڵایەتیەكانی.
كەمكردنەوەی ماوەكانی كاركردنیش بووە بەهۆی ئەوەی كاتی بێ ئیشی زۆر بێت و زیاتر گرنگی بدرێت بەئارەزووەكان، بۆیە هەندێ كەس وایان پێ باشە كە ناو لەكۆمەڵگەی تازە بنێن كۆمەڵگەی حەزەكان.

خاوەنێتی
الحيازة
**Holding**

لەكشتوكاڵدا، خاوەنێتی بریتیە لەرووبەرێكی زەوی دیاریكراوی بەكارهێنراو، مەرجیش نیە ئەو رووبەرە زەوییە یەك پارچە بێت لەكۆی گشتی، ڕەنگە موڵك بێت یان بەكرێ، یاخود موڵك و بەكرێ بێت پێكەوە، یاخود بەهەر شێوەیەكی دیكە وەرگیراو بێت و بەكار هێنرابێت.

ڕۆژی پشوو (جەژن)
يوم العطلة
**Holiday**

ئەو ڕۆژانەی تاكەكان مۆڵەتیان پێدەدرێت، بەبۆنەی هەندێ ڕۆژانی جەژن و شادی (festrivities)، ڕەنگە ئەو جەژن و شادیانە رەسمی بن (pupblic) یان ئاینی (religious) یاخود بۆنە نەریتیەكان بن (customary) .
لەهەل و مەرجی ئاسایدا، لەو بۆنانە، هەندێ خزمەتگوزاری ڕێك دەخرێن بۆ تاكەكان بەمەبەستی سوود وەرگرتن لەو ڕۆژانەی كە بوونەتە پشوو (holiday accommodations) ئەویش بۆ دەستەبەركردنی جۆرێك لەسرەوتن و حەوانەوەی جەستەیی و هزری لەكاتی مولەتەكانیان.

پیرۆزی
القداسة
الطهارة
**Holiness**

تەماشا بكە: پیرۆزی **Sanctity**

رەوتی هەمەگەری
گشتی خوازی
النظرية الشاملة
**holism**

بنەمایەكی تیۆرییە، ئەوە دەسەلێنێ كەكەس یان كۆمەڵێك خاوەن قەوارەیەكی گشتیە (gestalt)، جیاكارو بێ هاوتا لەجۆری و ناكرێ تێگەیشتنی بۆ بكرێت تەنیا بەلێكۆڵینەوە لەڕەگەزە تەنیاییەكان یاخود لەو پارچەو بەشانەی گشتی لێ پێكدێت.

هەروەها مەبەست لەم تیۆرییە، ئەو فەلسەفە پەروەردەیەی کە جەخت لەسەرگرنگی تاك دەكات وەك گشت، نەك گرنگی دان بەچەند فەرمانێکی دیاریکراو.

تەماشا بکە: ڕێبازی جشتالینی **Gestalitism**

مالْ | المنزل | **Home**
خانو | البيت

مەبەست لەزاراوەکە، دامەزراوەیەکی جێگیر تاڕادەیەك، تێیدا پەیوەندییە مرۆڤایە تیە رووبەرووەکان باودەبن، مالێکی ئاسایی و لەبار کەرەستەی پێویست و لەباری تێدا دەبێت بۆ کاروباری ژیانی خێزانی.

ئابوری مالْداری | التدبير أو الاقتصاد المنزلي | **Home economics**

ئامانج لەئابوری مالْداری، چاککردنی ژیانی تاك و خێزانەکانە، ئەویش لە ڕێگای فێرکردنی ئەندامانی و ئامادەکردنیان بۆ ژیان و چاککردنی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە خێزان پێویستی پێیان دەبێت، هەروەها مەبەست لەزاراوەکە بەڕێوەبردنی کاروباری ناومالْە، ئەو کاروبارانەی کە تەنها چالاکی جەستەیی وەك پاککردنەوەو شوشتن و ئوتی کردن...هتد.
ناگرێتەوە، بەلْکو زۆر لەوە فراوانترە بەشێوەیەك لەگەلْ فەلسەفەی گشتی خێزان بگونجێت، هەروەها ڕێگاکەی لەپیڕەو کردنی ئەو فەلسەفەیە لەڕووی پراکتیکیەوە، لەگەلْ ڕێکخستنی رووەکانی سوود وەرگرتن لەدەرامەتە مادییەکانی خێزان و لەڕەنجی هەرتاکێك لەتاکەکانی بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی خێزانی.

بێلانەیی جیابوونەوە لەخێزان | الانفصال العائلي | **Homelessness**

زاراوەکە بەواتای جیابوونەوە لەکۆمەلْگەدێت، حالەتێکە تاکە جێگیر بووەکان تووشی بزربوون یان لاوازی لەهەست و پەیوەستیە سۆزدارییەکانیان دەبن، ئەوانی بوونیادی کۆمەلاْیەتی هەندێکیان لەگەلْ هەندێك دەبەستێتەوە.
جیابوونەوەی خێزانی چەندین شێوە وەردەگرێت، ئەویش بەپێی جۆری جیابوونەوەکەو هەل و مەرجی خۆجێی، دیارە جیابوونەوە لەخێزانداو لەنێوان پیاوانیشدا لەکۆمەلْگە گەورەکان دەردەکەوێت.
بەلاْم جیابوونەوەی ژن و مندالاْن، ئەوە ڕێژەکەی کەمتر دەبێت، دیاردەی جیابوونەوە ئاماژەیە بۆ حالْەتی شپرزەیی توونـدو ناسەقامگیری، ئەو دیاردەیە زیاتر پاش جەنگ و کارەساتەکانی قات و قڕی و برسێتی روودەدات.

ئامادەکردنی شایاندنی دایکان | مراكز تأهيل الامهات | **Home-maker services**

ئەو ناوەندانە کار بۆ یارمەتیدانی ئەو دایکانە دەکەن کەخێزانەکانیان لەدەستداوە، یان بەهۆی نەخۆشییەوە پەکیان کەوتووە لەکارکردن، یاخود یارمەتیدانی خێزان بە مەبەستی زۆربوونی دەرامەتەکانیان، ئەویش بەفەراهەم کردنی خوێندنی تەکنیکی شان بەشان خوێندنی ئاسایی و ئامادەکردنیان بۆ پیشەیەك لەپیشەکان، وەك دوورمان و ەنەخشەکێشان و کاروباری تریکو ...هتد.
ئەو کارانە ڕەنگە هوکاریان بێت بۆ ئەوەی یارمەتی خۆیان و خێزانەکانیان پێ بدرێت ئەویش بەزۆرکردنی داهاتیان بەهۆی کارکردن لەمالْەوە یان لە شوێنە گشتیەکان و لەو پیشانەی کەئامادەکراون بۆیان، دیارە ئەوەش دوای ئەوە دێت کەتەنها پشتیان بەچاودێری و خزمەتکردنی ناومالْ بەستبوو.

جێگیریی زیندەیی راگرتنی لەش | الاتزان الحيوي | Homeo stasis

زاراوەکە لەفسیۆلوجیاو دەروونناسیدا بەکار دەهێنرێت، وەك هێمایەك بۆ خەسلەتە گشتیەکەی بوونەوەری زیندوو کە بریتیە لە ئارەزووی مانەوە لەسەر حاڵەتی جێگیری و گێڕانەوەی بۆ ئەو حاڵەتە، وەك پارێزگاریکردن لەسەر یەك ئاستی گەرمی و پێکهاتەی کیمیاوی و حالەتەکانی دیکەی، ئەویش بەکاریگەری هۆکارەکانی رێکخستنی ناوخۆیی.

هەندێ لەزانایانی ئەنثرۆپۆلۆژیا، زاراوەی جێگیری زیندەیی، بەکار دەهێنن وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو شێوازانەی کەتاك یاخود کۆمەڵگە پیادەی دەکەن، بەمەبەستی خۆرێکسختن.

خود موختاری | الحكم الذاتي | Homerule

ئەم دیاردەیە یەکەم جار تەنها بەهۆی ئەو بزووتنەوە نیشتمانیەی کە ئیرلەندییەکان پێی هەستان لەکۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بۆ رزگاربوون لەدەسەلاتی بەریتانیاو بەدەست هێنانی سەربەخۆیی زانراوە.

دوای ئەوە بووە یەك لەخەسلەت و باسکردنەکانی بزووتنەوەی گەلان کەئامانجیان خود موختاری و سەربەخۆیی بوو.

دەرامەتی خێزان یەکەی نیشتەجێ بوون | أموال الأسرة الوحدة السكينة | Homestead

مەبەست لەم زاراوەیە، خانوو پاشکۆکانیەتی لەو خانووبەرانەی کەهەمووی مولکی خاوەنەکەیەتی، هەروەها مەبەست لەم زاراوەیە، ئەو خانوەیە کە خێزان پێشتر تێیدا نیشتەجێ بووە لەسەردەمی باوك و باپیرانیەوە.

پیشەکاری ناو ماڵ | الصناعة المنزلية | Home work, industrial

تەماشا بکە: سیستمی پیشەسازی ناو ماڵ | Domestic system

کوشتن پیاو کوژ | القتل | Homicide

واتە، تاکێك دەست درێژی بکاتە سەر یەکێکی دیکەو لەژیاندا لەناوی بەرێت، ئەمەو ڕەنگە کوشتن بەهۆی کەمتەر خەمیەوە رووبدات، هەروەها دەکرێ کوشتن لەڕووی یاساییەوە رێگاپێدارو بێت لەکاتی جەنگدا، یان بۆ جێبەجێ کردنی بڕیاری دادگا بەسەر تاوانبارێك، یاخود تاکێك تاکێکی دیکە بکوژێت وەك بەرگرییەك لەخۆی یانیش لەخێزانەکەی و لەموڵك و سامانی، بەمەرجێك ئەو هێزەی بەکار دەهێنرێت گونجاو بێت لەگەڵ رادەی ئەو زیانەی روودەدات، هەروەها نابێ پەنا بۆ کوشتن ببرێت تەنها لەکاتی زۆر ناچاری نەبێت.

چارەسەری شتێك بەهاوشێوەکەی | علاج المثل بمثله مداواة الدواء بالدواء | Homoepathy

رێگایەکە لەکارو پیشەی پزیشکی بەکار دەهێنرێت ، تێیدا نەخۆش چارەسەر دەکرێت بەپێدانی برێکی کەمی هەمان ئەو دەرمانەی کەبۆتە هۆی نەخۆشیەکە.

لەئەنثرۆپۆلوجیادا دەوترێت، جا دوویەك بەجادوو چارەسەری دەکرێت (homo empathic magic)، ئەوەش پشت بەو گریمانەیە دەبەستێت کە (هاوچەشن) کاریگەری بەسەر هاوچەشنەکەی دەبێت، یان باوەڕ بەبوونی پەیوەندییەك لەنێوان

شتێك و هاوچەشنەكەی، هەروەها نێوان شتێك و ناوەكەی، وەك باوەڕبەوەی كە ڕژاندنی ئاو بەسەر زەویدا دەبێتە هۆی باران بارین، هەروەها زیان گەیاندن بەهەر شتێك و نموونەكەی، ئەوە دەبێتە هۆی ڕوودانی ئەو زیانە بەسەر چاوەو نموونە ڕاستیەكەی.

**homafaber** الانسان الصانع مرۆڤی دروستكەر

بیروڕایەكە دەڵێت مرۆڤ بەخۆڕسكی ئارەزووی دروستكردنی هەیە، ئەو شتەكان دروست دەكات و خۆشی دروست دەكات.

**Homo gamy** الزواج المتجانس هاوسەرگیری هاوجۆر

چەند گروپێك وابەچاكتر دەزانن كە هاوسەرگیری لەنێوان چەند كەسانێك بێتەدی، ئەوانی لەهەمان ڕەچەڵەك یان ڕەگەز یاخود چین یانیش ئاین و پیشەبن.

لەبەرامبەردا هاوسەرگیری ناهاوجۆر (جیاواز) هەیە (heterogamy).

**Homogeneity** التجانس هاوجۆر هاوچەشن

حاڵەتی لەیەكچوونی سەرنج ڕاكێش، لەنێوان شتەكان، لەكاتی بەراوردكردنیان و نەبوونی هەر جۆرە جیاوازییەك لەهەر ڕووییەكەوە لەنێوانیاندا.

لەئەنثرۆپۆلۆجیا، هاوچەشنی، ئەو خەسلەتەیە كەبەهۆیەوە دانشتوان جیاواز دەكرێنەوە، كاتێ تاكەكان روخساری ئاشكرایان دەبێت، هەندێكیان لەگەڵ هەندێكی دیكە لەیەك دەچن لەڕووە بایۆلۆجی و ڕۆشنبیرییەكانیانەوە.

لەیەكچوونی ڕەچەڵەكی (recial homogenity) بەشێوەیەكی ئاسایی پەیدا دەبێت كاتێ ئەندامانی گروپێك لەیەك ڕەچەڵەكەوە دێنە خوارە.

دەوترێت: كۆمەڵگەی هاوچەشن (homogeneous sociaty) بەو كۆمەڵگایەی كەپێكهاتەكانی لەیەك دەچن.

**Homology** التناظر التماثل هاوپێكهات لەیەكچوون

لەیەك چوون لەڕووی پێكهاتەوە، یان لەڕووی فەرمانەوە لەنێوان ئەندامانی بوونەوەرە زیندووە جیاوازەكان، لەئەنجامی پەیدابوونیان لەیەك سەرچاوەوە.

**Homo oeconomicus** الانسان الاقتصادي مرۆڤی ئابوریكار

بیروڕایەكە دەڵێت، فاكتەرە ئابوریەكان بەتەنها ڕێگای مرۆڤ دیاری دەكەن، مرۆڤ تەنها لەهەوڵی دەسكەوتە تائەو پەڕی توانای، لەگەڵ ئارەزوویەكی بێ سنوور بەمەبەستی كۆكردنەوەی سامان.

دواتر بڕیارەكانی، هەڵگری خەسڵەتێكی ئابوری ڕووتن، بەڵام ڕەچاوكردنی لایەنە ڕەوشتی و ئەدەبیەكان، لەبیركردنەوەو لەرەفتار، بڕەیارەكانی مرۆڤ جێگای نابێتەوە.

ئەمەو زانا ئابوورییە نوێیەكان وادەبینن، مرۆڤ كە هەڵگری ڕەفتاری ئابوورییە، ئەوەش ئاماژەیە بۆ نموونەیەكی ڕووت لەرەفتاری مرۆیی، بەكار دەهێنرێت تەنها لەمەبەستە شیكاریەكان.

**Ana: economic man** پیاوی ئابوری

**Homo sapiens** الانسان العاقل مرۆڤی ژیر

مرۆڤ لەو رووەوەی کەبریتیە لەبیرکردنەوەو زانین و ویست، چونکە لێرەدا لەرووە بالاکەیەوە تەماشا دەکرێت.

**Homo sexuality** الجنسية المثلية سیکس لەگەڵ هەمان توخم

هاوڕەگەز خوازی

پەیوەندی سیکسی لەنێوان دووکەس لەهەمان رەگەز، دوورکەوتنەوەش لەحەزی سیکسی لەگەڵ رەگەزی جودا، لەبەرامبەر دیاردەی سیکسی لەگەڵ رەگەزەکەی دیکەی (hetero sexuality) دێت.

**Honour** الشرف ئابروو، رێز

شەرەف

هەستێکی بەهێزی کەسێتیە، دەربارەی رێز لێگرتن و ئابرووی پەسندکراو لەرووی کۆمەڵایەتیەوە، یان مەبەست لێی رەفتارێکی پەسندکراوی کۆمەڵایەتیە. دەوترێت: سیستمی شەرەف (honour system) ئەوەش یەك لە شێوەکانی کۆنترۆل و جلەوگیری دەروونیە لەنێوان ژمارە تاکێك، لەهەڵوێستێکی دوور لەدەست پاکی و باوەڕپێکردن، لەبەر ئەوەی کار بۆ دوورکەوتنەوە لەو جۆرە هەڵوێستە دەکرێت.

هەروەها دەوترێت: رۆژێکی کاری شەریفانە (honest day’s work) دیارە ئەویش دەربڕینێکی شاراوەو نهێنی کرێکارانە لەدامەزراوەیەك، دەربارەی بڕی ئەو کارەی کەچاوەڕوان دەکرێت لێیان پێی هەستن وەك پێویست، لەگەڵ چاوپۆشین لەو بڕەی کەدەکرێ لەڕاستیدا پێی هەستن.

**Horde** المِعشَر گروپی نارێکخراو

الجماعة غير المنظمة خێڵە دەوارنشینەکان

گروپێکی نارێك و پێکە، ئەم زاراوەیە نادیارو ئاڵۆزیشە لەڕووی بەها زانستیەکەیەوە، چونکە بەهەموو ئەو گروپە بچووك و گەورانە دەوترێت وەك یەك.

**Hormic school** المذهب الغرضي قوتابخانەی مەبەستی

رێبازی مەبەستی بۆ (ولیم مەکدوگل) دەگەڕێتەوە، قوتابخانەکە وەك شۆڕشێك بەرپابوو بەرامبەر ئەو بیروڕایەی کە دەڵێت میتۆدی دەروون پشکنین، تەنها میتۆدی ڕاستە لەدەروونناسیدا، بەرەچاو کردنی ئەوەی دەروونناسیش بریتی بێت لەزانستی هەست پێکردن و ئاگایی.

هەروەها مەکدوگل دژایەتی هەر راڤەکردنێکی ئامێری دەکات بۆ رەفتاری بوونەوەرە زیندووەکان، کەتەنها وەك ئامێر تەماشایان بکرێت.

ئەو دەڵێت: ئەوە ناکرێ واتەماشا ی ئەقل بکرێت کەلاپەڕەیەکی سپیە، هەموو ئەرکێکی بریتی بێت لەوەرگرتنی کارتێکردنە دەرەکیەکان، هەروەك (جون لوك)یش دەری بڕیوە.

مەکدوگل، رەفتار بۆ چەند هاندەرێکی خۆڕسکی دەگەڕێنێتەوە، غەریزەکانش وەك بنچینەیەك بۆ ئەو هاندەرە خۆرسکیانە کاریان دەبێت، غەریزەکان ئامانجیان یاخود هەوڵەکانیان بۆ مەبەستێکی دیاریکراوە، دواتر قوتابخانەی (مەکدوگل) ناوی لێنرا قوتابخانەی مەبەستگەری.

**Hors cadertaff** الموظفون خارج الهيئة فەرمانبەرە دەرەکیەکان

- گرێبەستەکان -

ئەم توێژە لەدامو دەزگا جیاوازەکانی حکومەت کاردەکەن، پەیوەندییان بەحکومەت لەرێگەی گرێبەستێکی ئاساییەوە دەبێت،

بەزۆریش ملکەچی یاسایی مەدەنی یان یاسای کاردەبن.
ئەو کارو فەرمانانەی ئەو کارمەندانە پێی هەڵدەستن کاروباری گرینگ نین، بەڵکو وەك کاروباری نووسین و کرێکاری و بەردەستەو گەیاندن و پۆستە کاردەکەن.
سەرەڕای ئەوانەش موچەکانیان لاوازترو دەسکەوتەکانیان کەمتر دەبێت.

**Hospice** مأوى الغُرباء
تكية الفقراء

خانوییکە تەرخان دەکریت بۆ خەڵکێك کەبەرێگاوەبن، یان دەست کورت و هەژار بن، رێکخراوێکی ئاینی هەڵدەسێت بەسەرپەرشتی و ئامادەکردنی پێویستیەکانی و خەرجکردن لێی.
تەماشا بکە: داڵدە، پەناگە **asylum**

نەخۆشخانە المستشفى **hospital**

نەخۆشخانەکان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەگشتیەکان ئامادە دەکرێن، لەبەر ئەوەی هەموو پێداویستیەکانی چارەسەرییان تێدا ئامادە دەکرێت، وەك:

نەخۆشخانەی منداڵان **Childern's hospital**

نەخۆشخانەی چاودێری دایکان **Maternity hospital**

نەخۆشخانەی دەردونەخۆشە ئەقلیەکان **Mental hospital**

نەخۆشخانەی پیران **Geriatric hospital**

دەوترێت مانەوەو چارەسەرکردن لەنەخۆشخانە (hospitalization) ئەم زاراوەیە بەسیستمی دابینکردنیش (بیمەی کۆمەڵایەتی) دەوترێت کە دەرفەت بەتاك دەدات بەمانەوەو چارەسەرکردن لەنەخۆشخانە لەکاتی نەخۆشی.
هەروەها دەوترێت، خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لەنەخۆشخانەکان (hospital social service)، ئەم جۆرە خزمەتگوزارییە بەپشت بەستن بەشارەزاو پسپۆرە کۆمەڵایەتیەکان بەکارەکانی هەڵدەسێت، ئەویش بۆ ئامادەکردنی ئەو خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەی کەهەندێ نەخۆش لەکاتی مانەوەیان لەنەخۆشخانە یانیش لەکاتی تەواو بوونی چارەسەرییان، پێویستیان پێی دەبێت.

چاودێری لەدامەزراوەکان
نواندن لەنەخۆشخانە الرعاية بالمنشآت **Hospitalism**

مەبەست لەم زاراوەیە، سپاردنی منداڵانە بەپەناگەو شوێنی هەتیوان و دایەنگاکان و...شوێنی دیکە، هەر لەتەمەنێکی سەرەتاییەوە، ڕەنگە ئەو کارە کاریگەری هەبێت بەسەر ژیانیان، لەبەر ئەوەی لەکارتێکردنی ژینگە سروشتیەکەو کار لەیەککردنە کۆمەڵایەتیەکە بێبەش دەبن.

میوانداری الضيافة **Hospitality**

نەریتی حەوانەوەی غەریبان، ئەوانی پێویستیان بەشوێن و خواردن هەیە، ئەم نەریتە لەناو کشتیاراندا هەیە، بەڵام کەمتر بڵاوە لەنێوان ئەوانی بەکاری ڕاوو لەوەڕ خەریك دەبن.
سەر هەڵدان و بوونی ئەم نەریتە هۆیەکەی بۆ هەستێکی خۆکردی پرسۆز ناگەڕێتەوە، بەڵکو داب و نەریتی ناوگروپ و خزمایەتی نێوان هەندێ تیرەو هۆز دەیسەپێنێ.

**Hostage** الرهينة دەست بەسەر

دیل، بارمتە

کەسێکە لەلایەن دەسەڵاتێکەوە یان گروپێکەوە دەدرێتە دەست لایەنێکی دیکە، وەك مرجێك بۆ تێکنەدانی رێککەوتنێك یان بەجێگەیاندنی بەڵێنێك کە ئەو دەسەڵاتەی بەلایەنێکی دیکە دابێت، یاخود بۆ دڵنیابوون لەجێبەجێکردنی داواکارییەکی دیاریکراو.

**Hostel** دار الضيافة میوانخانە

خانەی گەنجان

هۆڵێکە دەبێتە پاشکۆی زانکۆکان، بۆ چالاکیەکانی قوتابیان، یان وەك ماڵێك بۆ قوتابیان یاخود بۆ چەند توێژێکی کۆمەڵگە، لەبەڕێوەبردنیشی هیچ قازانجێك ناکرێتە ئامانج.

دەوترێت: خانەکانی لاوان (youth hostels) کەجۆرە میوانخانەیەکن رێگا بەگەنجان دەدات بۆ خەوتن و مانەوەو تێیدا، ئەویش بەکرێیەکی کەم، وەك هاندانێك بۆ دیاردەی گەشت و گوزار.

**Hostility** الخصومة / العمل العدائي دوژمنایەتی / دووبەرەکی

ئاراستەیە کەبەدژایەتی و دوژمنایەتی دەناسرێت، هەروەها هەر چالاکیەك کەزیان بەو تاکە یاخود ئەو گروپە بگەیەنێت کەڕووی تێکردووە یانیش مەبەستیەتی .

**Hotel** الفندق هوتێل

خانوییکە، ئامادەکراوەو پێداویستیەکانی بۆ دابین کراوە بۆ پشوودان و حەوانەی خەڵك، ئەوانی نیشتەجێی شارەکەنین کەئوتێلەکەی تیدایە، ئەویش بۆ ماوەیەکی کاتی بەرامبەر کرێیەك، ڕەنگە خوراکێشی تێدا بخۆن.

لەکۆندا کۆمەڵانی خەڵك دوور لەیەك و گۆشەگیر هەندێکیان لەهەندێك دەژیان، بۆیە میوانداری گەشتیارو رێبواران دەکرا، کاتێ ژمارەی دانیشتوان زۆر بوو، هەروەها ئەوانی هاتوو چۆو گەشتیان دەکرد، ژمارەیان زیاتر دەبوو، هەستی میوانداریش لاواز بوو، بۆیە واپێویستی کرد کە ئەوانی غەریبن نرخی خواردن و حەوانەوەی خۆیان بدەن، بەو هۆیەوە چەند خێزانێك دەستیان کرد بەمیوانداری کردنی ئەو خەڵکەی غەریبن و گەشت دەکەن لەچەند شوێنێکی تایبەتی وەك خان یاخود میوانخانە (inn)، ئەو شوێنانەش دروست دەکران لەنزیك ناوەندە ئاینیەکان یانیش سەر رێگا بازرگانیەکان.

لەم رۆژگارەدا هوتێلەکان گرینگیان بەرزبۆتەوە، تاوای لێهاتووە خەڵکێکی زۆر لەوانی رەبەنن و بێ خێزانن، بەڵکو بگرە تا ئەوانی هاوسەریشیان هەیە لەو هۆتێلانە دەژین بەشێوەیەکی بەردەوام.

لەتاوانناسیدا دەوترێت کاری هوتێلی (hoteliation) واتە گۆڕینی‌زیندانەکان بۆ هۆتێل، تێیدا پێداویستیەکانی پشوودان و ڕابواردن فەراهەم دەبێت، ئەو بۆ چوون و ئاراستەیەش بەرەو ڕووی دژایەتیەکی توند دەبێتەوە.

**Hours of work** ساعات العمل کاتژمێرەکانی کار

بریتیە لەو چەند سەعاتەی کەکرێکار رۆژانە کاری تێدا دەکات، بەپێی ئەو سیستەمەی کەلەدامەزراوەکە دیاری دەکرێت، یان بەپێی بەندەکانی یاسای کارکردن.

سەعاتەکانی کارکردن دوو جۆرن: سەعاتە بڕیار لەسەر دراوەکانی کارکردن: ( scheduled hours of norminal hours ) کەرێککەوتنی لەسەر کراوە بۆ کارکردن، ئەگەر تێپەڕ بوونی بەسەر کرا ئەوا کرێکار رۆژانەی زیاتر وەردەگرێت

دەربارەی ئەو ماوەیە، ئەویش بەپێی ئەو ڕێساو بنەمایانەی کاری پێدەکرێت.
سەعاتەکانی کارکردن بەڕاستی (actual working hours) واتە ئەو سەعاتانەی کە بەڕاستی کاری تێداکراوە، مەرجیش نیە ئەو سەعاتانەی کەبەڕاستی کاری تێدا کراوە بەرامبەر بەو سەعاتانە بێت کەبڕیاری لەسەر دراوە، چونکە دەکرێ زۆربەی جار سەعاتە راستیەکانی کارکردن کەمتر بێت لەو سەعاتانەی کەبڕیاری لەسەر دراوە.

مالی ژیان
**House hold** الأسرة المعيشية
خێزان

یەکەیەکی ئابوری کۆمەڵایەتیە، پێکدێت لەهەموو ئەو کەسانەی بەشداری دەکەن بەیەکەوە لە ئەرکە بنچینەییەکانی یەك ماڵ، ئەو یەکەیە تاکەکانی خێزان و هەندێ خزم و ئیش کەریش دەگرێتەوە.
لەهەندێ وڵاتانی ئەوروپا، لەرابردوودا، وشەی سۆبەی گەرمکەرەوە بەکارهێنراوە، کەبەمانای خێزان دێت، لەبەر ئەوەی ئەندامانی خێزانێك گوزەرانیان بەیەکەوە هەموو لەدەوری (سۆبە) کە بەسەر بردووەو کۆدەبوونەوە.
بەڵام زاراوەی خێزان (family)، ئەوە بریتیە لەیەکەیەکی بایۆلۆجی و کۆمەڵایەتی، تەنها ئەوانە کۆ دەکاتەوە کەپەیوەستیەکی رۆحی یان خوێنی لەنێوانیاندا هەیە.
ئەمەو سیستمی ئابوری لەپێناو بەکاربردنی خودی (house hold system) بریتیە لەو سیستەمەی کە بەهۆیەوە، هۆز یاخود خێزان بەرهەم هێن دەبێت، ئەویش بەرەچاوکردنی ئەو لایەنەی کەیەکەیەکی ئابوری کاڵاکانە، بۆبەکاربردنی خودی پێویستە.

شوێنی نیشتەجێ بوون
**Housing** الاسكان
خانوو

خانووی جێگای حەوانەوە، بەشێوەیەکی گشتی ئەو شوێنانەن کەبۆ نیشتەجێی خەڵك ئامادە دەکرێن، لەکۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، خانوو لەگرینگترین ئەو فاکتەرانەن کە بەردەوامبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی دابین دەکات، ئەگەرچی ئەو خانوانە جیاوازیان تێدا دەبێت لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە بەپێی بارودۆخ و کەش و هەوای جیاواز.
خانوو بەگرینگترین شێوەکانی کولتوری ماددی دادەنرێت، کەلەهەموو کۆمەڵگاکاندا هەیە تەنها کۆمەڵگا کۆچەرەکان نەبێت.
هەروەها لەهەموو کولتورەکان و لەهەموو سەردەمەکان، پەیوەندییەکی توند هەیە لەنێوان خانوو رێکخستنی خێزانی، شێوەی خانووەکەش لەگەڵ شێوەی رێکخستنی خێزانی تارادەیەك گونجاو دەبێت، بەڕۆڵی خۆشی خانوو پشتگیری سیستمی خێزانی و بەهێزبوونی دەکات.
لەسەردەمە نوێیەکان، نیشتەجێ بوون لەو کێشانەن کەبەرەو ڕووی شارەکان دەبنەوە، ئەویش بەهۆی زۆر بوونی ژمارەی دانشتوان کەناوچە شاریەکان رایان دەکێشن، ئەم کارەش وادەکات کەدروست کردنی خانوو بەرەی نوێ بەو خێراییەی کەژمارەی دانشتوان پێی زۆر دەبن لەگەڵ یەك گونجاو نەبێت و لەئەنجامدا کەمی ژمارەی خانووەکان ئاکامی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە لەبوارە تەندروستی و کۆمەڵایەتیەکانەوە، بۆیە لەزۆربەی وڵاتان پلانی پەرەپێدان، گرینگی بەدانانی پلان و نەخشەگشتیەکان دەدات، بۆ داڕشتن و دروست کردن و فەراهەم بوونی شوێنی حەوانەوە، دیارە ئەو کارەش زیاتر لەڕێگای دەسەڵاتە خۆجێیەکانەوە دێتەدی.

ناوەندەکانی ماڵداری
**House keepers centers of** مراكز ربات البيوت
ناوەندەکانی کەیبانوێتی ماڵ

ئەو ناوەندانە کار دەکەن بۆ ئامادەکردن و شایاندنی کچانی ئەو خێزانانەی کە داهاتێکی سنورداریان هەیە، یان هەژارو دەستکورتن، ئەو کچانە شارەزای هەموو کاروبارێکی ناو ماڵ و پەروەردەی منداڵان و چاودێری پزیشکی سەرەتایی و بەڕێوەبردنی کاروباری ناوماڵ دەکرێن.

ئەو کچانە بەکاردەهێنرێن بۆ یارمەتیدانی ئەو خێزانانەی کەکەیبانووی لەدەستداوەو مەترسی هەڵوەشاندنەوەی لێدەکرێت، ئەوەش بەچاودێری کردنی ئەو منداڵانە لەجیاتی ئەوەی لەماڵێکی دیکەو لای خێزانێکی دیکە دابنرێن.
هەروەها بۆ ئەو خێزانانەی کەکەیبانووەکەی یاخود ژنی ماڵەوەی لەکاروباری دیکە کاردەکات و کارەکەش ڕێگر دەبێت لەبەردەم کاروباری ناوماڵی.

| | | |
|---|---|---|
| ڕەفتاری مرۆیی | السلوك الانساني | Human behavior |
| تەماشا بکە: ڕەفتار | | Behavior |

| | | |
|---|---|---|
| ئادەمیزاد<br>مرۆڤ | الكائن الانساني | Humanbeing |

مرۆڤ بەخەسڵەتە گشتیە پوختەکەی، بەشێوە ئاشکراکەی بۆ پێکهێنان و ئەنجامدانی پرۆسەکانی ژیان لەناو قەوارەیەکی جیاکار بەو خەسلەتە رۆحیانەی کەبوونەوەرەکانی دیکە لەدەستیان داوە، بێجگە لە مرۆڤ، هەروەها لەڕێگای سیستمی ئەو بەهایانەی کە لەکۆتایی کارەکە سەربەخۆ دەبن، ئەوا مرۆڤ چەمکەکانی سەرووی مرۆڤایەتی دەخولقێنێ.

| | | |
|---|---|---|
| ئیکۆلۆژیای مرۆیی | الايكولوجية البشرية | Human ecology |
| تەماشا بکە: | | Ecology, human |

| | | |
|---|---|---|
| ئابوری مرۆیی | الاقتصاد الانساني | Human economy |

ئەم زاراوەیە بۆ (jean marchal) دەگەڕێتەوە، بەبۆچوونی ئەو ئابوری کلاسیکی وا دادەنێ کەداهاتەکان - دەستهات - ئەنجامی فاکتەرەکانی بەرهەمن (سەرمایە، کار، سروشت...هتد) لەکاتێکدا ئابوری مرۆڤایەتی داهاتەکان بەبەرهەمی خودی تاکەکان دادەنێ.
هەروەها بە بۆچوونی مارشال و ئابوری کلاسیکی داهاتەکان وەك نرخ تەماشا دەکرێن، ئەویش بەهۆی سیستمی خستنەروو داواکاری دێنە بەرهەم، لەکاتێکدا ئابوری مرۆڤایەتی داهاتەکان بەئەنجامی چەند جۆرە ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی و سیستمە کۆمەڵایەتیەکان دەزانێ.
سەرەڕای ئەوانە ئابوری کلاسیکی بەئابوری تاك و ستاتیکی (نەجولاو) دادەنرێت، لەکاتێکدا ئابوری مرۆڤایەتی، ئابورییەکی کۆمەڵایەتیە.
دیدی مارشال وایە، کەسیستمی ئابوری بەزەرورەت پشت بە چالاکی کۆمەڵەکان دەبەستێت، بۆیە پێویست دەکات لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کۆمەڵانە بکرێت بۆ زانینی ڕاستی سیستمی دابەشکردنی سامان.

| | | |
|---|---|---|
| ئەندازەی مرۆیی<br>دەروونناسی پیشەسازی | الهندسة البشرية<br>علم النفس الصناعي | Human engineering |
| تەماشا بکە: ئەندازیاری مرۆیی | | Ergonomics |

| | | |
|---|---|---|
| جوگرافیای مرۆیی | الجغرافية البشرية | Human geography |
| تەماشا بکە: | | Geography human |

**سروشتی مرۆیی** **الطبيعة الانسانية** **Human nuture**

بریتیە لەنیشانەو ئاکارە رەفتاریەکان و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان، هەروەها پێوەرو ئاراستە کولتوریەکان و ئەو هەست و بەهایانەی کە دەگاتە تاك لەناو کۆمەڵگەیەك بەهۆی پەیوەندیکردنی نێوان هەندێك لەگەڵ هەندێکی دیکە.

بەرچاوترین ئەو سیماو خەسڵەتانەش توانای مرۆڤە بۆ گۆڕان و خۆ گوجاندن بەرامبەر ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و کولتوریانەی کەگەشەی تێدا دەکات و مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

دەوترێت: سروشتی رەسەن (original nature) ئەویش ئەو ئامادەکاری و توانا خۆرسکیە بۆ ماوەییانەیە، کەبوونەوەری زیندوو تێیدا لەدایك دەبێت.

**پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکان** **العلاقات الانسانية** **Human relations**

زاراوەکە لەبواری پیشاسازی بەکار دەهێنرێت، مەبەست لێی ئەو پەیوەندییانەیە کە بارودۆخێك لەمتمانەو رێزی ئاڵ و گۆڕو هاوکاری دەخوڵقێنێ، لەنێوان خاوەن کاروکرێکاران.

هەروەها ئامانجشی بەرزکردنەوەی وورەی کارمەندان و زۆربوونی بەرهەمە.

**دەرامەتە مرۆییەکان** **الموارد البشرية** **Human resources**

ئەو بەشەیە لەدانیشتوان کەدەکرێ بەکاربهێنرێت لەچالاکی ئابوری، دەرامەتە مرۆییەکانی هەر دەوڵەتێك خۆشەویستترین دەرامەتە سروشتیەکان و بەنرخترینیان پێکدێنێ، بەپێی ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەی کەپێی جیاواز دەکرێنەوە لەرووی تواناکانی لەسەر گەشەکردن و لێهاتوویی لەبەکار هێنانی هەموو دەرامەتەکانی دیکە.

تەماشا بکە: هێزەکانی کار **Lagour force**

**مافە مرۆڤایەتیەکان** **الحقوق الانسانية** **Human rights**

تێگەیشتنی تەواو بۆ مافە سروشتیەکانی هەموو بوونەوەرە مرۆڤایەتیەکان، واتە مافیان لەژیان و ئازادی و یەکسانی لەبەردەم یاسادا.

ئەو مافانە فراوانتربوونە لەسەردەم و رۆزگاری تازەدا، وای لێهات کەمافە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانیش بگرێتەوە.

**زانستە مرۆڤایەتیەکان** **العلوم الانسانية** **Human sciences**

ئەو زانستانەی توێژینەوەکانیان مرۆڤ دەگرێتەوە، وەك تاکێك، هەروەها وەك ئەوەی ئەندامێك بێت لەکۆمەڵێك لەهەمان کاتدا، نموونەش، زانستەکانی مێژوو، دەروونناسی، کۆمەڵناسی.

**سۆسیالیزمی مرۆڤایەتی** **الاشتراكية الانسانية** **Human socialism**

لایەنگرانی سۆسیالیزمی مرۆڤایەتی، حزبە کۆمۆنیستەکان لەوڵاتانی سۆسیالستی تاوانبار دەکەن بەزاڵکردن و سەرخستنی لایەنە ئابوری و سیاسیەکانی شۆڕشی سۆسیالستی بەسەر لایەنە مرۆڤایەتیەکان، ئەوان واتەماشای سۆسیالستی دەکەن (هەروەك ئێستا هەیە لەڕاستیدا) وەك ئەوەی سۆسیالیزم لەدیموکراسیەت بڕابێتەوەو گۆڕابێتیش بۆ (ناوەندێتی بیروکراسی، سۆسیالیزمی دەوڵەت، ئامرازێکیش بێت بۆ دیکتاتۆرییەت).

بەبۆچوونی ئەوان، مەحاڵە بوونی یەك نموونەی سۆسیالیزمی، بەڵکوپێویست بەبوونی چەندین شێوەی سۆسیالیزمی دەکات، کەگونجاو بن لەگەڵ بارودۆخی ئەم وڵات یان ئەوی دیکە.

لایەنگرانی سۆسیالیزمی مرۆڤایەتی باوەڕیان وایە کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی تەنها گۆڕین نیە لەبونیادنراوەکان و بەدوور لەمرۆڤ، بەڵکو دەبێ ئامانجی ئەنجامدانی گۆڕان بێت لەخودی مرۆڤدا.

لایەنگرانی ئەو ڕێبازە جەخت لەسەر گرینگی ڕۆڵی روشنبیران دەکەنەوە، نەك چینی کرێکار، ئەوان دیدیان وایە کە ڕۆشنبیران هۆکاری دەست پێشخەری شۆڕشی مێژووین لەم قۆناغەدا بۆ پەرەسەندنی تەکنولۆجیا.
بەزۆریش زاراوەی سۆسیالیزمی دیموکراسی بەکار دەهێنرێت وەك هاوتایەك بۆ سۆسیالیزمی مرۆڤایەتی.

ڕێبازی مرۆڤایەتی | المذهب الانساني | **Humanism**
مرۆڤ خوازی

بەپێی بیرو بۆ چوونەکانی ئەم ڕێبازە، پێویست دەکات مرۆڤ لەڕووی ڕەوشتیەوە بایەخدانی کورت بکاتەوەوتەنها باس لەو بوارانە بکات که دەکەونە سنوری مرۆڤایەتی لەخەسلەت و چاکەو کردارەکان.
لێرەدا چەند جۆرێکی جیاواز لەڕەوتی مرۆڤایەتی هەیە، گرینگترینیان:
1- ڕەوتی مرۆڤایەتی ئەپستمولوجی.
بەپێی ئەم ڕەوتە مرۆڤ پێوەری هەموو شتەکانە، تەنها تاقیکردنەوەی مرۆڤایەتی دەتوانێ پێش بینی بکات بەوەی کەهەیەو ئەوەی کەنیە، هەر لەو سەرچاوەیەوە دەتوانین ڕاستی وەربگرین، دەربارەی ڕاستی ئەزمونی ئەقلی یان سروشتەکەی.
2- ڕەوتی مرۆڤایەتی ئاینی:
ئەم ڕەوتە دژایەتی ئەو ڕێبازە مەسیحیانە دەکات کەهەڵگری ئاراستەی سەلەفی نەریتگەرین، ڕەوتەکە، ئاین بەچالاکیەك دادەنێ کەچەند بنەمایەکی بەرز دەگرێتە خۆی و ئاراستەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە، هەموو ئەوانی بەشداری لەکامەرانی و خۆشی مرۆڤ دەکەن، خواوەندییە، هەروەها هەموو ئەو چالاکیانەی کاردەکەن بۆ گەیاندنی مرۆڤایەتی بەپلە بالاکانی پێشکەوتن و پەرەسەندن، ئەوانە ڕووەکانی چالاکی ئاینن.
3- ڕەوتی مرۆڤایەتی سروشتی:
هەندێ جار پێی دەوترێت، ڕەوتی مرۆڤایەتی زانستی، ئەم ڕەوتە هەموو شێوەکانی بالایی بەسەر سروشتدا ڕەتدەکاتەوە. بەدیدی ئەو تەنها یەك سیستم هەیە بۆ بوون، (ئەویش جیهانی سروشتیە)، مرۆڤیش بوونەوەرێکی سروشتیە تەنها سەرچاوەی کامەرانی و رەزامەندی هەوڵ و ڕەنجە تایبەتیەکانیەتی، ئەوەی ناویشی لێنراوە خەیالەکانی نەمری لای ئەم ڕەتدەکرێنەوە.

خۆشەویستی مرۆیی | النزعة الى حُب الغير | **Humanitarianism**
مرۆڤ پەرستی

بیروڕایەکە گرینگی بەبەها مرۆڤایەتیەکان دەدات و ئاراستەیەکی پڕسۆزیش بەرامبەر چاکسازی کۆمەڵایەتی دەگرێتە خۆی.
ڕەنگە مەبەست لەم زاراوەیە مرۆڤایەتی پەرستن بێت، لەبەر ئەوەی حالەتەکە شایانی ئەوە دەبێت، یاخود مەبەست لێی ئینکار کردنی خوداوەندی ئاینی دەبێت.

توێژینەوە لە زانستە مرۆڤایەتیەکان | الدراسات الانسانية | **Humanities**

مەبەست لەم زاراوەیە، توێژینەوە لەزمان و ئەدەب و مێژوو فەلسەفەو کۆمەڵناسی و یاساو بابەتەکانی دیکەی هاوشێوەیە، واتە ئەو توێژینەوانەی دەبنە هۆی تێگەیشتن لەژیان و رەفتارو ئەزموونە مرۆڤایەتیەکان.

سروشتی مرۆڤایەتی | الانسانية البشرية | **Humanity**
مرۆیی

ئەو کۆمەڵە خەسڵەتە هاوبەشەیە کەتاکەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێی دەناسرێن و لەکۆمەڵگای گیانداران جیاوازیان دەکاتەوە.

هەروەها مەبەست لەم زاراوەیە، هەندێ جار کۆی تاکەکانە بەو شێوەی یەك کۆمەڵگە پێکدەهێنن، ئەمەو هەندێ جاریش مەبەست لێی گیانی بەزەیی و ئەو سۆزەیە کەمرۆڤ بەرامبەر ئەوانی دیکە هەڵیدەگرێت.

گاڵتەو گەپ
humour الفكاهة
پێکەنیناوی

دیاردەیەکی مرۆییە بەشێوەیەکی گشتی گوزارشت لەخۆشی و شادی و خۆشگوزەرانی دەکات، هەروەها ڕەنگە هەندێ جار بەهۆی هەستی خۆ بەزلزانین بەرامبەر کەسانی دیکە سەری هەڵدابێت، یان لەدرککردن بەهەڵوێستێکی پێکەنیناوییەوە کەپێچەوانەی بارودۆخەکان بێت.
گاڵتەو گەپ ئەرکی خۆ دەربازکردن و هەناسەدان و دامرکاندنەوە دەگەیێنێت هەروەك دەرکەوتووە کە هەندێ لەهیندییە سورەکانی ئەمریکا، کاتێ کەسێکیان سەرپێچییەکی مەترسیداری ئەنجامدا بێت بەرامبەر بەرێسا و بنەما ڕەوشتیەکان، ئەوا سزایان بەپێکەنین و گاڵتە پێکردن داوە، هیچی پێ نالێن بەڵام گاڵتەی پێدەکەن بەهۆی هەڵەکانی، دیارە ئەو گاڵتە پێکردنەش وەك جۆرێك لەسزادان دادەنرێت، بەڵام بەبێ ئەوەی ئەنجامی دڵتەزێنی هەبێت.
بەو شێوەیە گاڵتەو گەپ بەهایەکی گەورەی دەبێت لە چارەسەرکردنی دیاردەی کۆمەڵایەتی، هەروەها لەهەندێ باردا وەك کاردانەوە دەبێت بۆ ئێش و ئازارو دڵەڕاوکێی دەروونی.

ڕاوچێتی
Hunting الصيد والقنص
راوکردن

ڕاوکردنی باڵندەو گیانداران وەك سەرچاوەیەکی خۆراك، ئەویش بەبەکارهێنانی کەرەستەی تایبەت.
ئەو کۆمەڵانەی کەلەسەر ڕاو دەژین بەشێوەیەکی گشتی متمانە دەکەنە سەر سروشت.
ڕاوچییەکان بەبێ تێگەیشتن و شارەزایی، ڕوو لەهەر لایەك ناکەن و سەر لە خۆیان ناشێوێنن، بەڵکو هەر کۆمەڵێك ناوچەیەکی تایبەتی خۆی هەیە تێیدا دەسوڕێنەوە.
ئەو شوێنانەی کۆمەڵە ڕاوچییەکان تێیدا دەحەوێنەوە، جیاواز دەبن بەپێی جیاوازی ئامادەییان و ڕادەی قبوڵکردنیان بۆ کولتوری دراوسێکانیان.
پیشەی ڕاوچێیەتی هاوکار نیە بۆ زۆر بوونی دانشتوان، چونکە سەرچاوەی خۆراك بەشێوەیەکی ڕەها دەستەبەر نابێت، هەروەها ڕەنگە ڕاوکردنەکەش ڕوو لە کەمبوونەوە بکات لەبەر چەند هۆیەك.
گروپە بچووکەکانی ڕاو چێتی، ناکرێ کۆببنەوەو کۆمەڵگەیەکی گەورەپێك بهێنن، هەروەها سەرکردایەتی لەناو ئەوگروپانە لای بەهێزترین و ئازارترین پیاویان دەبێت، ئەمەو ڕەنگە ئەوانە لەپێناو ڕاودا ناچاربن هێرش بکەنە سەر کۆمەڵە خەڵکانی دەروبەریان، بەلام شەڕو دوژمنکاری لەخەسلەتی ڕاوچیەکان نیە.
ڕاوچیەکان پێش ئەوەی بچن بۆ ڕاو ئەوان پەنا بۆ هەندێ بیروباوەڕ دەبەن، وەك سیحرو هەندێ داب و نەریتی ئاینی، ئەوان لەتەوتەمەکانیان دەپاڕێنەوە بۆ ئەوەی هێزیان پێ ببەخشێت و بەسەر گیانداران زاڵبن.

هونەری کشتوکاڵی
Hus bandry فن الزراعة
کشتیاری

کۆی ئەو ڕاستی و ڕێساو شێوازە ئابوریانەن کەدەکرێ پشتیان پێ ببەسترێت بۆ چارەکردنی کێشە کشتوکاڵیەکان و ئەوانی پەیوەستن بەکۆکردنەوەو بەکارهێنانی هۆکارەکانی بەرهەمی کشتوکاڵی، ئەویش لەپێناو بەدەستهێنانی گەورە ترین داهاتی پوخت و پاك و بەکەمەترین ماندوو بوون و تێچوو لەمەودای دووردا.
دەوترێت: پەروەردەکردنی گیانداران (animal husbandry) واتە بایەخدان بەگیانداران لەڕووی خۆراك و چاودێریکردنیان لەنەخۆشی .

**Hybrid** مختلط المولد دوو ڕەگ

یەکەم نەوە لەنەوەی باوکان، ئەوانە بۆ سەر چەند ڕەگەزێك یان ڕەچەلەکێکی جیاواز دەگەڕێنەوە، بەوەش خەسلەتێك یاخود چەند خەسلەتێك لە خەسلەتە بۆماوەییەکان جیاوازییان تێدا دەبێت.

**Hygiene** علم حفظ الصحة زانستی دروستی، دروستزانی

ئەم زانستە گرینگی بەهەموو ئەو لایەنانە دەدات کەپەیوەستن بەپارێزگاری کردنی تەندروستی و چاودێری نەخۆشیەکان.
دەوترێت: تەندروستی تاکی (personal hygien) واتە ئەو هۆکارانەی تاك بەکاریان دەهێنێت بۆ پارێزگاری تەندروستی خۆی ئەگەر لەخۆراك بێت یان خەوتن.
هەروەها دەوترێت: تەندروستی کۆمەلایەتی (social hygiene) واتە هۆکارەکانی پەیوەندار بەتەندروستی کۆمەلگەو بەشێوەیەکی تایبەتیش چاودێریکردنی داوێن پیسی و بەربەرەکانی نەخۆشی زاوزێ.

**Hyper gamy** الزواج من الطبقات الاعلی هاوسەرگیری لەگەل چینە بالاکان

نەریتێکە ڕێگا لەو ژنە دەگرێت کەسەر بەچینێکی کۆمەلایەتی دیاریکراو بێت، هاوسەرگیری لەگەل یەکێك لەتاکەکانی چینێکی خوارووتر بکات، بەلام ڕێگای پێدەدرێت کەهاوسەرگیری لەگەل تاکەکانی چینە کۆمەلایەتیەکەی خۆی یان لەگەل تاکێکی چینێکی بالاتر بکات.

**hypnotism** التنويم المغناطيسي خەواندنی موگناتیسی

جۆرە خەوتنێکی دروستکراوە، بەکاریگەری کەسێکی دیکە ڕوو دەدات، لە تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە خەوتنە، زۆر بوونی سروشکاری و پێڕاگەیاندنی خەو لێهێنەرو قبولکردنی حالەتەکە لەلایەن خەوتووەوە، خەوتنەکەش ئەگەر بەشەخەوبێت، یاخود بۆ ماوەیەکی کەم بێت، ئەوا هاوشێوەی خەوتنی سروشتی دەبێت لەهەندێ دیاردەکانی.
دەوترێت: شیکاری خەواندنی (hypno analysis) مەبەستیش لێی شیکردنەوەی دەروونیە لەکاتی خەواندن، ئەو شیکاریەش ناگاتە قولایی بوارە شاراوەکانی ناهەست (نەست)، بەلام بەسوود دەبێت دەربارەی ئەو بابەتانەی کەتازە شاراونەتەوە.
هەروەها دەوترێت: چارەسەر بەخەواندن (hypno therapy) ئەویش هۆکارێکە لەهۆکارەکانی چارەسەری دەروونی، تێیدا خەواندن بەکار دەهێنرێت بۆ زالبوون بەسەر کۆسپێك لەکاتی چارەسەرە دەروونیەکە، ئەویش بەگێڕانەوەی هەندێ یادەوەری کە شاراوەو خەفەکراو بوو ئەویش بەهۆی چەند دیاردەیەکی تاساندن و شۆکە هەلچوونیە توندەکانەوە.

**Hypochondria** تَوَهُم المرض فریودانی نەخۆشی

دیاردەیەکی نەخۆشیە لای مرۆڤ، بریتیە لەگرینگی پێدان بەتەندروستی یان سکالاکردن لەچەند دیاردەیەکی جەستەیی یاخود فسیولوجی، بەلام بێ ئەوەی هۆیەکی جەستەیی یان فسیولۆجی هەبێت و ببێتە هۆی ئەو جۆرە بایەخدان و دلە ڕاوکێ و خراپ بیرکردنەوەیە لای کەسی ئاسایی، دیارە ئەو حالەتە لەخشتە بردن و فرپودانە نەخۆشیە دروست دەبێت بەهۆی بوونی چەند ململانێیەکی نەستی کەئەندامانی لەش پەك دەخات لەهەستان بەفەرمانەکانی، بەتایبەتیش کۆئەندامی هەرس هێنان.

**Hypothesis** الفرض گریمانە

**Assumption** تەماشا بکە: گریمانە

**هیستیریا** **الهستيريا** **hysteris**

**شێتگیڕی**

نەخۆشـیەکی فـەرمانی دەمارییـە (neurosis) لەنیشـانەکانی، توانـای توونـدی بـۆ سروشـکاری و پێڕاگەیانـدن و گـۆڕین لەهەست جوڵاندن، هەروەها لاوازی بارگای ویژدانی و هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی هەست و سۆزەکانی مرۆڤ.

ئەو دیاردە نەخۆشیە دروست دەبێت بەهۆی ململانێی نێوان خودی هەسـتکەرو ئارەزوویسـتە نەسـتیە خەفـەبووەکان، دیـارە ئـەو حاڵەتـەش لەخەفـەکردن و شـاردنەوە دەبێتـەهۆی دەرکـەوتنی چـەند دیاردەیـەك بەمەبەسـتی قـەرەبوو کردنـەوە، کەئارەزووە نائاگاییەکان ڕازی بکات بەشێوەیەکی هێمایی.

نەخۆشی هیستیریا هەر چەندە بەلادان دادەنرێت لەحاڵەتی ئاسایی، بەڵام بەجۆرێك لەجۆرەکانی خۆ گونجانـدنی ناتـەواویش دادەنرێت.

# I

ئید ئەو    الهي الهو    **Id**

زاراوەیەکە (فرۆید) ناوی هێناوە، وەك ئاماژەیەك بۆ پاڵنەرە بەتینە نەستیەکان (نائاگایی) ئەوانی پێکدێن لەڕەمەکەکان غەریزە و ئارەزووە تایبەتیەکان و ئەو شارەزایی و ئەزموونە کپ و خەفەکراوەکان یان شاردراوەکان.

ئەم دیاردەیە لەهەوڵی تێرکردنیشیدا بەسەرکێشی و یاخیبوون دەناسرێت، سەرەڕای ئینکاری بۆ هەر نەریتێکی رەوشتی.

تەماشا بکە: من ego منی باڵا **Super ego**

شێواز    النمط أو النموذج المثالي    **Ideal type**

نموونەی ئایدیالی

نموونەی بێ هاوتا، کۆمەڵە وشەیەکە گریمانەیەکی هەست پێکراو بەرجەستە دەکات، خودی توێژەر هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات بۆ ئەوەی ببێتە بنچینەیەك کەبەراوردکردنی لەسەر بونیاد بنرێت.

بەپێی ئەو بۆ چوونە، نموونەکە بەچەمکێکی گشتی یان ڕووت دانانرێت، بەڵام شێوازێکی نموونەیی پێوانەکراو وەسف دەکات، کەچەند ئامانجێکی دیاریکراو بەئەگەر دەزانێ لەگەڵ چەند ڕێگایەك بۆ ئەو ئاراستە پێوەریەی کەبەبکەرەوە پەیوەستە، نموونە بونیادێکی ئەقلیە وەك بیرۆکەیەك دێتەدی، بەباوەڕی (فیبەر) نموونە ئایدیالیزمیەکان هۆکارن لەمیانەیاندا دەتوانین لەجیهانی واقیعی تێبگەین، هەروەها ڕووداوە مێژووییەکانیش شیبکەینەوە، ئەمەو نموونەی باڵاپێگەیەکی بەر چاوی دەبێت لەڕاڤەکردن و دانانی گریمانەکان، هەروەها لەمێشکی توێژەر لەکاتی توژینەوەکەی شوێنی خۆی دەبێت و ئەو هەڵوێستە واقیعیانەش ئاشکرا دەکات کە توێژەر هەوڵی تێگەیشتنیان دەدات.

لەو نموونە ئایدیالیزمیانەش: مرۆڤی ئابوری، مرۆڤی پەڕاوێزی، کۆمەڵگەی خۆجێی، کۆمەڵگەی گەورە.

لەم بوارەدا، جیاوازی دەبێت لەنێوان نموونەی ئایدیالی و نموونەی وشك (stereo type) .

زاراوەی دووەم: ئاماژە بۆ وێنەیەکی ئەقلی دەکات، چەند تاکێکی ناو گروپێك بەشداری دەکەن لە باوەڕهێنان پێی و خۆکردانەش پێکدێت، لەکاتێکدا، نموونەی ئایدیا دەبێتە ئامانجی توێژینەوە، بەردەوامیش پشکنین و هەموارکردنی بۆ دەکرێ.

ئایدیالیزم    المثالية    **Idealism**

ئامانج خوازی

ئاراستەیەکی فەلسەفیە، لایەنێکی گەورەی ڕێبازە میتافیزیکی و ئەقلیەکان دەگرێتەوە، بەپێی دیدی ئەو ئاراستەیە، ئەقل یان هزر ڕاستی کۆتاییە، یان بنچینەی ئەزموون و زانینە.

هەر بەپێی بۆ چوونی ئایدیالیزمیەکەی (کانت) تێگەیشتنمان بۆ جیهانی دەرەکی و باوەڕمان بەوەی ڕاستیە یاخود ڕاستگۆیە، ئەوە ڕەنگدانەوەیە بۆ ڕێکخستنی ناوخۆی ئەقل و بۆ کردارە هزرییەکان.

ئایدیالیزمیەکەی هیگل (لەگەڵ) ئایدیالیزمیەکەی (کانت) ڕێکدەکەون لەسەر ئەوەی مەحاڵە بوونی شتەکان بەدوور لەچەمکەکانی ڕەچاوبکرێت، هەروەها ئەو ئایدیالیزمە کاریش لەسەر دوور خستنەوەی دوانەیی ئەقل و شتەکان دەکات، لەبەر ئەوەی شتەکان گوزارشت لەبیرۆکەیەکی بنچینەیی دەکەن.

دەوترێت: ئایدیالیزمی کۆمەلایەتی (social idealism) بەو ئاراستەیەی کەجەخت لەسەر بەدیهێنانی ڕەزامەندنی کۆمەڵایەتی دەکات بەپێی چەمکە مۆرالیەکان.

لێکچوون | المطابقة | Identification
یەکبوون | التوحد |

تێکەڵبوونی کەسێتی تاك لە کەسێتی تاکێکی دیکە، کەچەندین پەیوەستی هەڵچوون ئامێزی توونـد دەیبەستێتەوە پێی، یـان تێکەڵبوونی کەسێتی ئـەو تاکە لەکەسێتی کۆمـەڵێك، کەهـەوڵی لاسایی کردنـەوەی دەدات، یـاخود وەك نموونەیـەك بـەدوای بکەوێت، دیارە ئەو کارەش بەڕێگایەکی نائاگایی دێتەدی و دەبێتە هۆی ئەوەی کەسەکە هەموو خەسڵەتە خـراپ و باشـەکانی نموونەکە وەربگرێت.

ناسنامە | ١- الهویة | Identity
پێناسە

پرۆسەی جیاکاری تاك بۆ خۆی لەکەسانی دیکە، واتە دیاریکردنی بـاری کەسێتیەکە (personal identity) لـەو نیشانەو خەسلەتانەی کە لەکەسانی دیکە جیاوازی دەکاتەوە: ناو، ڕەگەز، تەمەن، باری خێزانی، پیشە..هتد.
دیـارە لـەبارێکی ئاسـایدا، یاسـاکان بڕیـار لەسـەر سـەلماندنی خەسـلەتەکانی تـاك دەدەن بـەپێی پێناسـەی بـاری کەسـێتی (identity card) ئەو پێناسەیەش یارمەتی تاك دەدات لەو مامەلـەو پەیوەندییـە جیاوازانـەی کەلەگـەڵ لایەنـەکانی دیکـە پێی هەڵدەسێت و داوای سەلماندنی کەسێتیەکەی لێدەکرێت.
بەڵام خودێتی سایکۆلۆجی (psychological identiry) ئەوە چەند خەسـلەتێکی هەڵخەڵەتێنـەری هەیـە، ڕەنگـە خـودی بێت یان بابەتی و ڕەنگە تاکیش بێت یاخود کۆمەڵایەتی.
لەلۆژیکـدا دەوترێـت، پرەنسـیپی ناسـنامە (principle of identity) مەبەسـتیش لێـی، هەبووەکـە ئـەو خودیـەتیەیانیش ناوەرۆکە.
ئەم پرەنسیپە بەسەر بڕیارو بەڵگە پێویستیەکان زاڵدەبێت، کارەکەش وادەکات کـەپارێزگاری لەسـەر ئـەوە بکـەین کـە نێـوان شتەکەو شتی تر تێکەڵ نەکەین، هەروەها هیچی زیاتر نەخەینە سەر شتێك کەهی خۆی نیە.

لێکچوون وەك یەك | ٢- الوحدة |

لەیەکچوونی دووشـت یـان زیـاتر دەربـارەی دۆخێـك، وەك ئـەوەی لەداواکارییـە یاساییەکان بوترێـت لێکچـوونی نـەیارو هـۆو بابەت.

ئیدجوگرافیا | الایدیوجرافیا | Ideography
نووسین بەهێما | الکتابة بالرموز |

مەبەست ئەو هێما بێدەنگانە کە شتێك یان بیرۆکەیەك دەنوێنن، نووسینی ئیدیۆگرافی وەك پیتەکانی زمـانی چینـی، چـەند هێمایەکی بەیاساکراو (بڕیار لەسەردراو) بەکار دەهێنێ، کەچەند شتێکی تەواو یاخود چـەند بیرۆکەیـەك دەنـوێنێ لـەجیاتی پیتە دەنگیەکان، وچەند بڕگەیەکیش دەگەنە یەك بۆ پێکهێنانی وشە نوسراوەکان.

ئایدیۆلوجیا | الایدیولوجیة | Ideoglogy
بیروباوەڕ

واتە، ئەنجامی پرۆسەی پێکهێنانی سیستمێکی هزری گشتی، ئەو ئەنجامە (زاراوەکە) سروشت و کۆمەڵگەو تاك ڕاڤـە دەکات و پیادەش دەکرێت بەسەریدا بەشێوەیەکی بەردەوام.
ئایدیۆلۆجیای هەر گروپێك، بەپێی ژینگەی جوگرافی و کۆمەڵایەتی و بوارەکانی چاڵاکی پێکدێت.

توێژینەوە وەسیگەریەکان | البحوث الوصفية | **Ideographic discipline**

ئەو لێكۆڵینەوەیەی گرینگی دەدات بەهەر بابەتێكی نایاب و دەگمەن، كە دووبارە نەبۆتەوە لەرووداوەكانی وەك مێژوو، لەبەرامبەردا لێكۆڵینەوەی شیكاری (nomotheric) دێت، كەبایەخ دەدات بەتوێژینەوە لەو یاسا گشتیانەی باس لەهەر شتێكی دوو بارە بوو دەكەن لەڕووداوو كردارەكان وەك زانستی سروشت و زانستی ئابوری.

بت پەرستراو | الوثن المعبود | **Idol**

پەیكەرێكە لەبەرد یان تەختەدار یاخود هەركانێك دروست دەكرێت، بت پەرستەكان خودی ئەوانە دەپەرستن.

تەماشا بكە: بت پەرستی | **Idolotry**

بت پەرستی | عبادة الأوثان | **Idolatry**

ئەو ڕێ و شوێن و نەریتانەیە كەتاك پێیان هەڵدەسێت بەرامبەر ئەو بتانەی (idols) كەدەیان پەرستێ، بتەكان جیاوازییان دەبێت لەگەڵ پاشماوەی شوێنەوارو فیتشەكان شێوەی بت بەوەی بتەكان لەسەر شێوەی گیاندار یاخود مرۆڤ دروست دەكرێن، باوەڕیشی وایە كەشوێنی ئەو بتانە لەسەرووی سروشتن لەبەر دەمیانیش ئەركە ئاینیەكان ئەنجام دەدرێت.
مرۆڤی سەرەتایی، هەندێ لەو خوداوەندانەی بەخاوەن هێزێكی تایبەت دەزانی، ئەو گوزارشتی لەبۆچوونی خۆی دەكرد بەلەیكچواندنی شتەكان بەمرۆڤ (anthropomor phism) ئەویش بەهۆی هەڵكەندنی خەسلەتە مرۆییەكان لەسەر بەرد یان تەختەدار، بەو كارەشی پیرۆزی پێیان دەبەخشێ.

تەماشا بكە : بت پەرستی | **Paganism**

ناشەرعی حەرام زادە | عدم الشرعية اللاشرعية | **Illegitimacy**

هەر كارێك یان دیاردەیەك كە لەگەڵ بڕگەكانی یاسادا نەگونجێت، زاراوەكە بەشێوەیەكی ئاسایی بەو منداڵەش دەگوترێت كەلەباوك و دایكێك بووە، بەڵام هاوسەرگیرییان نەكردووە.
دەوترێت: خزمەتگوزاری بیژییەكان (illegitimate children service) ئەویش بەمەبەستی چاودێریكردنی ئەو جۆرە منداڵانە.

كاری نایاسایی پێچەوانەی یاسا | مخالفة الشرائع | **Illicitness**

بارێكە بەهۆی چەند كردارێكی نایاساییەوە دروست دەبێت، وەك تێكەڵاوی و بەیەكەوە ژیانی ناشەرعی (illicit cohabit tation)، هەروەها دەوترێت دەسكەوتی ناشەرعی (illicit gain) و بازرگانی قەدەغەكراو (illict trade) .

تەماشا بكە: كردارێكی نایاسایی | **Illegitimacy**

**Illiteracy** الأمية نەخوێندەواری

نەزانینی خوێندن یان نووسین، لەبەرامبەریدا زانینی خوێندنەوەو نووسین (literate) دێت.

ئـەو کەســەی تــەنها دەزانێــت بخوێنێتــەوە بــەڵام نازانێــت بنووســێت ئــەوە پێــی دەوترێــت نیمچــە نەخوێنــدەوار (semi - literate).

زاراوەی نیمچە نەخوێندەوار، لەزمانی باودا بەکار دەهێنرێت، وەك ئاماژەیەك بۆ ئـەو کەسـەی کـە دەخوێنێت و دەنووسێت بەڵام بەزەحمەت.

**Illness social as pects of** المظهر الاجتماعي للمرض رواڵەتە کۆمەڵایەتیەکانی نەخۆشی

نەخۆشی لادان و تێکچوونی باری تەندروستیە، بـەهۆی پەککەوتـەیی و لاوازی جەسـتە لەبـەکار هێنـانی هۆیـە ئۆرگانیـەکانی بەرگریکردن دژی ژەهرەکان، یان بێ توانایی لـە چارەکردنی ململانییـە سایکۆلۆجیەکان، تاکـەکان دیـدیان بـۆ نەخۆشی وەك حالەتێکی فسیۆلۆجی و رۆحی و سایکۆلۆجی دەبێت، ئەو دیدەشیان کاریگەر دەبێت بەفاکتەرە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان.

نەخۆش واهەست دەکات کەتوانای لەدەستداوە، بۆیە تووشی دڵەراوکێ دەبێت لەترسی تەشەنەکردنی نەخۆشیەکە، بـەڵام ئـەو هەستەی نەخۆشی، بەپێی ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژێت زیاد یان کەمدەکات.

کرێکارو جوتیاران نەخۆشی بەجۆرە لاوازییەك و بێ هێزییەك دادەنێن، بۆیـە بـەر هەلستیان بـۆی زیاتر دەبێت، لەبارێکدا ئەگەر نەخۆش نەخۆشییەکەی بەڕاست زانی و ملکەچی بوو، ئـەوا تووشی جۆرێك لـەلاوازیی و پەشیمان بونـەوەو کشانەوە دەبێت، بۆیە گرینگیدانی بەجیهانی دەرەوە دەگۆڕێت، ئەو زیاتر بایەخ بەلەشی خۆی دەدا، ئەو بایـەخ پێدانـەش لەگـەڵ هـەر شۆکێك زۆرتر دەبێت.

هەروەها نەخۆشی وەك منداڵ هەڵس و کەوت دەکات، پشتی بەکەسانی دەوروبەری دەبەستێت و زیاتر لەخەمی خۆی دەبێت، ئەمەو ڕەنگە نەخۆشی ڕووی لەجۆرێك زۆرداری و ستەمیش بکات.

**illusion** الانخداع بەهەڵە تێگەیشتن بیری هەڵە

هەر دیاردەیەك ئەقل بەرەو تارمایی و گومڕایی بەرێت، یان خولْقاندنی چەند سەرنج و تێڕوانینێکی چەواشە کەخەسلەتی راستەقینە نادات بابەتێك.

دەروونناسـان جیـاوازی دەکـەن لـەنێوان ئـەو بەهەڵـە تێگەیشـتنە ئاسـاییە (normal) و نێـوان بەهەڵـەبردنی نەخۆشـی (abormal)، کە دەگاتە رادەی ورێنە کردنیش (hallucinantion).

**image** الصورة الانطباعية الذهنية بیرێکی ئەندێشەیی وێنای زەینی

وێناکردنێکی هزری ڕووت بۆ شتێك یـان بـۆ چـەند شـتێك، هەرچـەندە وێنـەکان لەسـەر بنـەمای درك پێکراوەکانی رابـردوو دروست دەبن، بەڵام ئەو وێنا کردنە تەنها ڕەنگدانەوەی ئەو تێگەیشتن و درك پێکردنانە نین، ڕەنگە چەند دیاردەیـەکی ئـەو درك پێکراوانە بەئاشکرا دەرکەون، لەکاتێکدا هەندێکیان شاراوەو نهێنـی دەبـن، هـەروەك ڕاڤـەکردنی چـەند درك پێکراوێکـی دیکە دووبارە دەبنەوە لەرێکخستنی وێنەکەدا.

ئەو وێنەیە بەزەروورەت لەسەر بنچینەی درك پێکردنـە ڕاستەوخۆکانی شتەکە دروست نـابن، ڕەنگـە بـەپێی ئـەو زانیارییـە ناڕاستەو خۆیانەبن و خەیالیش لەناوایاندا دەبێت.

ئەو وێنەیە ڕەنگە بینراو یان بیستراو یاخود بەرجەستەکراو یانیش گوتن بێت، ئەمـەو سـەرەڕای جـۆری وێنەکـە ئـەوا زمـان بەردەوام رۆڵی گرینگی دەبێت لەپێکهێنانی، لەبەر ئەوەی زمان ئەو درك پێکردنە سەرچاوەییە پێکدێنێت کەوێنەکـە لەسـەر بنچینەی ئەو دروست دەبێت، هەروەها ئەو هۆکارانە دەگەیێنێتە تاك کەیارمەتی دەدەن لەسەر بیرکردنـەوەو تێگەیشـتنی ئـەو درك پێکراوانە.

**Imagination** الخيال خەیال

زەین

مەبەست لەم زاراوەیە، پرۆسەی ڕێکخستنێکی نوێ بۆ کۆمەڵە ئەزمون و شارەزاییەکی رابردووە، کۆدەبنەوە وەك زنجیرەیەکی بەستراو بەیەکەوە، لەنێوانیاندا ژمارەیەکی زۆری ئەو پەیوەندییە جیاوازانە هەیە کەچەند وێنەیەکی نوێ پێکدەهێنن، پێشتر بوونیان نەبووە.

خەیال و زەینکردن، لەسەر دوو جۆر دەبێت، خەیاڵی دروستکەر (constructive) ئامانجی بونیادنان و یارمەتیدانی تاکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستای یاخود ئایندەی.

خەیاڵی روخێنەر (destructive) مرۆڤ لەجیهانی راستیەکان دوور دەخاتەوە بەرەو جیهانی وەهم و خەیاڵ، بەشێوەیەك کارتێکردنی لەسەر ژیانیشی دەبێت.

**Imbecility** البلاهة گەوجی

کەسێکی بێ مێشك

خەسلەتی ئەو تاکەیە کەتووشی کەم کورتی ئەقلی دەبێت، پلەی زیرەکیشی لەنێوان (25 50) دەبێت، یان تەمەنی ئەقلی یەکسان دەبێت بەژیری ئەو منداڵەی کەتەمەنی لەنێوان (3-7) ساڵ دەبێت.

کەسی گەوج ناتوانێت ژیانی خۆی بەدەست بێنێ بەڵام دەتوانێت پارێزگاری لەژیانی خۆی بکات.

**Imitation** المحاكاة لاسایکردنەوە

چاولێکردن

واتە گواستنەوەی دیاردە دەروونیەکان لەکەسێکەوە بۆکەسێکی دیکە، لاسایکردنەوە، بریتیە لەشوێن کەوتن و پەیڕەوکردنی جۆرەکانی رەفتاری کەسێکی دیکە.

ئەگەر ئارەزوو لەلاسایکردنەوە روون و ئاشکرابوو، ئەوا کارەکە بەمەبەست بووە، بەڵام ئەگەر ئارەزووەکەش روون و ئاشکرا نەبوو، یان نائاگایی بوو، ئەوا شوێن کەوتن و لاسایکردنەوە بەمەبەستەوە نەبووە.

**Immaterialism** مذهب اللامادية ڕێبازی نامەتریالیزم

ئەم زاراوەیە بەڕێبازەکەی (برکل) وتراوە، ناوبراو ئینکاری بوونی مادە دەکات، ئەو بوون تەنها لەسەر مێشك (ئەقل) کورت دەکاتەوە. (برکل) وا بڕیار دەدات کە هەموو بوونێك، ئەوەیە درکی پێ بکرێت یان درکی پێ نەکرێت، هەر لەبەر ئەوەش کەمەحالە درك کردن بەمادده، ئەوا کارێکی بێ سوودە باوەڕهێنان بەبوونی.

**Immigration** الهجرة الوافدة کۆچکردنی هاتوو

ڕەو

کۆمەڵە کەسانێك وڵاتی خۆیان بەجێ دەهێڵن و روو لە وڵاتێکی دیکە دەکەن بەمەبەستی نیشتەجێ بوون تێیدا، لەڕاستیدا کۆچکردن رێگا پێدراوە بەڵام دەوڵەت مافی ئەوەی هەیە کە ئەو دیاردەیە ڕێك بخات و ژمارەی ئەوانەی وەریان دەگرێت دیاری بکات.

ئەویش بەپێی ئەو بارودۆخە جیاوازەی هەیە یان تایبەتمەندی ئەو وڵاتە.

**Emigration** تەماشا بکە: کۆچکردن بۆ دەرەوە

نەجوڵان | الجمود، عدم المرونة، السكون | **Immobility**

وەستان، ئارامگرتن

بێ جووڵەیی واتەنەمانی جووڵەی هەرشتێك کەڕەنگە بجووڵێتەوە، لەبارێکدا هێزە کارتێکردووەکان لەحالەتەکە یەکسان بوون ئەوا بەهاوسەنگی وەسپ دەکرێت، بۆیە هەموو وەستانێك بەهاوسەنگ دادەنرێت، هەروەها لەهەموو هاوسەنگیەك وەستان هەیە.

دەوترێت نانەرمی کرێکاران (immobility of labour) واتە دژواری گۆڕینی کرێکاران بۆ پیشەکانیان، یان شوێنی ئاسایی نیشتەجێ بوونیان.

تەماشا بکە: بێجووڵەیی کۆمەڵایەتی | **Social immobility**

بەدڕەوشتی | الفجور | **immorality**

بەرەڵلایی | الفسوق

هەموو ئەوانەی پێچەوانەی بەها ڕەوشتیەکانە، یان پێچەوانەی ئەوباروودۆخە باوەی کە هەیە.

لێرەدا دەبێ زاراوەکە نەبێتە هۆی چەواشەکاری و لەگەڵ زاراوەی نارەوشتی (non - moral) تێکەڵبکرێت، لەبەر ئەوەی دیاردەکە ناکرێ بڕیاری لەسەر بدرێت، بەوەی ڕەوشتیە یاخود ناڕەوشتیە، واتە لەدەرەوەی پراکتیك کردنی ئاستە ڕەوشتیەکانە.

نەمری | الخلود | **Immortality**

مەبەست لەم زاراوەیە مانەوەی رۆحە دوای لەناوچوونی جەستە لەش، ئەو رۆحەی پەیوەست و دڵسۆزو تێگەیشتووی خودی خۆیەتی.

ئایدیالیزمیەکان بۆ چوونیان وایە کەلەش بەکار هێنراوە، یان ئامرازێکە بۆمێشك (ئەقل) کەبەشێوەیەکی کاتی لەناویدا دەژیت.ئەمەو دەکرێ مێشك (ئەقل) بمێنێتەوە تاپاش مردنیش.

لەکاتێکدا سروشت خوازان بۆچوونیان وایە کە جەستە و مێشك (ئەقل) لە یەك کاتدا لەناو دەچن و ناکرێ زیندوو ببنەوە دوای مردن.

لێرەدا چەند جۆرێکی جیاواز لەنەمری هەیە:

1- نەمری بایۆلۆجی: واتە تاکەکان پاش مردن دەمینێنەوە، ئەویش لەکەسێتی رۆڵەکانیان و منداڵانی نەوەکانیان، بەدرێژایی نەوەو سەردەمە جیاوازەکان.

2- نەمری کۆمەڵایەتی - مانەوەی کۆمەڵایەتی: ئەوەش درێژە پێدانی مانەوەی تاکەکانە پاش مردنیان، لەبیرەوەری خێزان و هاوڕێیان، هەروەها ئەو تاکانەی کەکارو خزمەتگوزاری گەورە پێشکەشی کۆمەڵگاکانیان دەکەن، ئەوانە بۆماوەی دورودرێژ لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە دەمینێنەوە.

3- نەمری لەڕووی رەوشتیەوە: ئەم جۆرە نەمریە، دوالیزمێکی مۆراڵی دەگرێتە خۆی، لەم جۆرە نەمریە ژیان بریتیە لەململانێیەکی نەپساوە لەنێوان چاکەو خراپە، لەم جەنگەدا تاك ناتوانێت تەنها بەهەوڵە تایبەتیەکانی خۆی سەربکەوێت، بەڵام دەتوانێت ئازایانە دژی خراپەکاری بجەنگێت وپاش مردنیشی لەتاکگەرایی کەسێتی خۆی وازبهێنێ، دیارە ئەو کارە بچووکە لەخراپەکاری کە ئەو لەناوی برد دەمێنێتەوە وەك یادێك و پەیکەرێك بۆی، بەبەردەوامی دەبێتە هۆی باس و یادکردنەوەی، باسی هەول و ڕەنجەکانی دەکرێت، بەم جۆرە هەرچەندە کەسێتی ئەو نەما بەڵام ژیانی بێ سوود نەبووە، ژیانی ئەو کەسە لەو کارە وەك پەیکەرێك کەخۆی بەشداری کردووە لەدروست بوونی پێگەو ئامانجێکی بەدەست هێناو

لەبێبـەری و نـەزۆکی دووری خسـتەوەو بـەرزی دەکاتـەوە بـۆ ئاسـتێکی مرۆڤایـەتی بەماناڕاسـتیەکەی کەمەبەسـت و هێمـای دەمێنێتەوە.

پارێز بەندی
حەسانە
**Immunity** الحصانة

بەخشـــینی تاکـــەکان لەهـــەر پابەندبوونیـــەك، یـــان بەرپرســـیاریەتیەك، وەك بەخشـــینیان لەجێبـــەجێکردنی ڕێســـاو بنەماگشتیەکانی سەریان لەپرسە جۆراوجۆرەکانی دادوەری و داراییەکاندا.
پارێزبەندی پەرلەمانی، یەك لەو دەستەبەرانەیە کە بۆ ئەندامی پەرلەمان ئازادی پێویست دابین دەکات، بۆ ئـەوەی بتوانێـت ئەرکەکەی جێبەجێ بکات لەکەش و هەوایەکی سەربەخۆ، بەرامبەر هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەری.
هەروەها پارێزبەندی، دیبلوماسی، مەبەست لێی بەخشینی چەند کەسانێك یاخود چەند دامەزراوەیـەك لەلێپرسـینەوەی دادوەری، لەو دەوڵەتەی کەکاری تێدا دەکەن، لەبارێکدا ئەگەر داواکاری هەبوو لەسەریان، ئەو کەسانەش بـریتین لەنێونـەرانی دەوڵەتە بیانیەکان و دامەزراوەو ئەنجومەنە نێو دەوڵەتیەکان ئەوانی دان پێنراون، دیپلوماتکار مافی تووخن نەکەوتنی هەیە (inviolability)، واتە پارێزگارییەکی تایبەت، لەسەرووی ئەو پارێزگارییەی دەدرێتە هەر بیانیەکی ئاسایی.

بێلایەنی
**Impertiality** الحياد

بێلایـەنی و پشـتگیری نـەکردنی هـەر بیروڕایـەك یـان ئاراسـتەیەکی دیـاریکراو، یـاخود خـۆ بەسـتنەوە بـەدادوەری و ڕاسـتی لەسەرووی هەر ڕەچاو کردنێکی تایبەت.
دەوترێـت: بێلایـەنی کـارگێری (impartiality of administration) هـەروەها، دەوترێـت: بێلایـەنی خزمـەتگوزاری مەدەنی (impartiality of civil service) واتە لایەننەگرتنی بۆ چەند ئاراستەیەکی سیاسی دیاریکراو.

پێویستیەکانی کولتور
**Imperceptions of culture** ضرورات الثقافة

چەند هێزێکی کارایە لەناو کولتوردا، دەبنە هۆی زیاتر ڕێکخسـتن و ڕێـك و پێکـی ڕۆشـنبیری، لێـرەدا سـێ هانـدەری سـەرەکی کارا هەیە بۆ ڕۆشنبیری، ئەوانیش: ڕێکخستنی ئابوری، یاسا، فێربوون.

پەی نەبردن
لەدەستدانی درك پێکردن
**Imperception** فَقد الادراك

ئەو حاڵەتەیە کەوروژێنەرە هەستیە دەرەکیەکان نابنە هۆی وروژاندنی وێنەو بیروباوەڕو بەدەنگەوە هاتنـە ئاساییەکانی لای تاك.
**Perception**
تەماشا بکە: درك پێکردن

ئیمپریالیزم
داگیرکاری
**Imperialism** الامبريالية

سیاسـەتێکی نەتەوەییـە، ئامـانجی فراوانبوونـە، ئـەویش بـەداگیرکردنی زەوی و ناوچـەی داگیرکـراوی دیکـەو خسـتنیەتی بـۆ سەرخاکی دەوڵەت.
بەڵام شێوە نوێیەکەی ئیمپریالیزم بەپێی چەمکی سۆسیالستیدا، ئابوریە نەك سیاسی، ئامانجشی درێـژە پێـدانی دەسـەڵاتداری سەرمایەو پاوانکردنی کەرەستە سەرەتاییەکان و بەکارهێنان و چەو ساندنەوەی کرێکارانە لەوڵاتان.

پەیوەندی ناکەسێتی — العلاقة اللاشخصية — **Impersonol relationship**
(لەمرۆڤ بەدەر)

زاراوەکە چەند هێما پێکراوێك هەڵدەگرێت، ڕەنگە مەبەست لێی ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە ئامێریانەی دوورن لەهەست و سۆز بێت، تەنها لایەنێکی بچووکی کەسێتی بەشداربوو، لەو پەیوەندییە دەگرێتە خۆی.

هەروەها ئاماژەشە بۆ ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی زیادە ڕۆیی تێدا بەدی دەکرێت لەمامەڵەکردنی کەسەکان، کەوەك هۆکاربەکار دەهێنرێن نەك وەك ئامانج، لەکۆتایدا ئاماژەیە بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە فەرمی و ناڕاستەو خۆکان.

ڕەنگە ئەو جۆرە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی کە بەپەیوەندی ناکەسایەتی وەسپ دەکرێن، ببنەهۆی دوور خستنەوەی مرۆڤ لەهاوڕێکانی و زۆر بوونی هەست بەنادڵنیایی.

کاریگەرییە سەرنج خوازیەکان — التأثيرات الانطباعية — **Impressionism**
(سەرنج خوازی)

ڕەوتێکە لەسەدەی نۆزدەدا لای چەند هونەرمەندو نووسەرو ڕەخنەگرێك بڵاوبۆتەوە، ئەوانی لەبواری کارکردن یان بڕیاردان بوون، ئەویش بەپێی ڕاهاتن و سەرنج و بۆ چوونە ڕاستەوخۆکانیان، بەبێ پشت بەستن بەنەماکانی ئەقل یاخود ڕێسا رووتەکانی هونەر.

لەخەسلەتەکانی ئەو ڕەوتە، لەبواری هونەری و وێنەگرتن هەوڵی لێکدانەوەو دەربڕین دەربارەی ئەو سەرنج و کاریگەریانەی بابەتە هونەریەکە لەسەر دەروونی هونەرمەند بەجێی دەهێڵێ، بێ پابەند بوون بەپیشەکاری بارەراهاتووەکەو وردەکاریەکانی.

لەنێوان ئەو وێنەگرانەی، کاریگەر بوون بەو ڕەوتە: مونیەن، سیزل بیسارد، رینوار، دیجا، سیزان، ماتیە.

زاراوەی کاریگەری لەموسیقای سەدەی نۆزدەش بەکاردەهێنرێت لەکارەکانی دیبوس، (قوتابخانەی فەرەنسی).

بەندکردن — الحَبس — **Imprisonment**

سزایەکە، بەپێی ئەو سزایە، ئەو تاوانبارەی بڕیارەکەی لەسەر دراوە دەخرێتە بەندیخانە بۆ ئەو ماوەیەی کەیاسا بڕیاری لەسەر داوە، ئەو ماوەیەش سێ ساڵ تێپەڕ ناکات.

لەو ماوەیەدا تاوانبار لەژێر چاودێری دەسەڵاتی تایبەت دەبێت، کۆمەڵگە پەنا بۆ ئەو سزایە دەبات بۆ ڕێگرتن لەو کەسانەی لەسیستم لادەدەن.

تەماشا بکە: زیندان — **Jail**

هاندەر — الباعث — **Imulse**
وروژێنەر — الدافع

بارێکی کاتیە لەتووندی و گرژی، دەروونیو جەستەیی، ئەو بارەرەفتارەکان دەوروژێنێت بەرەو چەند ئامانجێکی دیاریکراوی وەك: برسێتی، هاندانی سیکسی، پاڵنەری دایکایەتی، ئەو بارەکاتیە تاکی ئاسایی دەتوانێت بەسەریدا زاڵبێت ئەویش بەهۆی پەروەردەکردنەوە.

بەڵام تاکە دواکەتووەکان لەڕووی ئەقلیەوە، یاخود ئەوانی تووشی ململانێ بوون، ئەوانە ناتوانن زاڵبن بەسەرخۆیان، لەو حاڵەتەشدا چەند هاندەرێك کاریگەری دەبێت بەسەریاندا.

هاندەرەکان یان پاڵنەرەکان دابەش دەبن بۆ: هاندەری خۆڕسکی و هاندەری وەرگیراو، مەبەستیش لەهاندەری خۆڕسك ئەوی پشتاوپشت بۆی ماوەتەوە، یاخود غەریزییە، ئەو هاندەرە بۆ تاك دەگوازرێتەوە لەڕێگای کاریگەری بۆماوەیی، ئەو هاندەرە لەنێوان هەموو تاکەکانی یەك جۆر باو دەبێت.

بەڵام هاندەری وەرگیراو، ئەوە بەهۆی کاریگەری تاکەکان بەچەند ڕەوت و ئاراستەیەکی جیاوازەوە دروست دەبێت،

کەسەرچاوەکەی پەیوەندیکردنی تاکە بەژینگەوە ئەگەر سروشتی بێت یاخود کۆمەلایەتی، لەگەڵ پێوەرو بنەما رۆشنبیریەکان، نموونەش پێکهاتنی سۆزو هەست و ئاراستەکانە.

تەماشا بکە: پاڵ پێوەنان — Impulsion

پاڵپێوەنان / گوژم — الاندفاع — Impulsion

واتە: ئاراستەو رووی بوونەوەر، بەزۆرو بێ بیرکردنەوە بەرەو جۆرێکی دیاریکراو لەچالاکیدا، جوڵێنەرو هاندەری کۆمەلایەتی (social impulsion) بریتیە لەوروژاندێکی بەکۆمەڵ، کەبەهۆی هاندەرێکی ئیرادەی کۆمەڵ پەیدا نابێت، بەڵکو لەبەر چەند هۆیەکی هەست و سۆزجوڵێنەر، هەروەها بەهۆی چەند پاڵنەرێك کەلەگەڵ ئەقل ناگونجێن.

نەتوانین / بێ توانایی — عدم القدرة / العجز — Inability

تەماشا بکە: پەککەوتەیی — Disability

بێ توانایی لەسەر گونجاندن — عدم القدرة على التكيف — In adaptability

بارێکە لەبێ توانایی و پەککەوتن کەبۆ چەند هۆیەکی جەستەیی یان ئەقلی دەگەڕێتەوە، لەوبارەدا تاك توانای جێبەجێکردنی خۆ گونجاندن و ڕاهاتنی لەباری نابێت لەگەڵ ژینگەو پێداویستیەکانی.

حاڵەتەکە لەزۆر نەخۆشی و دیاردەی دەروونی روودەدات، کەبەئاراستەیەکی دوژمنکاری دەناسرێت بەرامبەر ژینگە یان خۆکشانەوە لێی و یانیش ملکەچی بۆی.

ڕەنگە ئەو بێ توانایی و پەککەوتنە خێزانی بێت، یان لەناوقوتابخانەو یاخود پیشەیی بێت.

دوعا خوێندنەوە / نوشتە — التعويذة / الرُقية — In contation

بریتیە لەو دەستەواژەو دەربڕینە زارەکیە دیاریکراوانەی سیحرباز دەیخوێنێتەوە بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی سیحراوی رووبدات، ئەو کارەش بەگرینگترین کۆڵەکەکانی سیحرو هێزە کاریگەریەکەی دادەنرێت، ئەو هێزەی سیحر کۆبۆتەوە لەو دەربڕینە زارەکیە، بەجۆرێك کەمترین ڕاستکردنەوە یاخود هەموارکردنی دەبێتە هۆی گۆڕینی سروشتەکەی و لەدەستدانی کاریگەریەکەی، بەڵکو ڕەنگە ببێتە هۆی لەناوچوونی ئەو کەسەی کە دەیخوێنێتەوە، ئەویش بەپێی بیروباوەڕی چەند کۆمەڵێك.

بێ توانایی / پەککەوتن — ١- عدم القدرة / العجز — In capacity

تەماشا بکە: پەککەوتەیی — Disability

ناشایستە — ٢- عدم الاهلية

بێ کەڵکی تاك کە چێژ لەمافەکانی وەربگرێت یان بەکاریان بهێنێ.

**بەجەستەبوون** **١- التَجسُّد** **Incarnation**

مەبەست لەزاراوەی بەجەستەبوون، شتێك، سروشتی لەشی مرۆیی یان شێوە واقعیەكەی پێبدرێت، یاخود بەجەستەكردنی خوداوەند لەفۆرمێكی سەرزەوی.

هەروەها مەبەست لێی، هەر فۆرمێكی هەست پێكراو كەبنەمایەك یانیش بیرۆكەیەك بنوێنێ.

**گیان لەبەركردن** **٢- الحلول**

**چوونە ناو**

مەبەست لەم زاروەیە لەزمانی سۆفیگەریتی، یەكگرتنی خوداوەندەییە لەگەڵ سروشتی مرۆڤایەتی، دەكرێ دیاردەكە بەشێكی بگرێتەوە یان گشتی بێت.

**هاندەر** **الحافز** **In centive**

لەدەروونناسیدا، مەبەست لەوشەی هاندەر، ئەو پاڵنەرەیە یان بەئاگاهێنەری رەفتارە، دەكرێ زاراوەی هاندەربەكار بهێنرێت و بەسادەیی بەمانای پاڵنەرەكان (motives) بێت، دیارە پێداویستی دەبێتە هۆی خوڵقاندنی گرژی (tension) كەپاڵ بەبوونەوەری زیندووەوە دەنێت بەرەو دەس پێشخەری و كاركردن و بەدیهێنانی ئەو پێداویستیانە.

بۆیە هاندەر یان پاڵنەرەكان، هۆیە ڕاستەقینەكانی رەفتاری مرۆڤایەتین، ئەوانن رەفتاری خەڵك دەجوڵێنن و ئاراستەكانیان دیاری دەكەن.

هاندەرەكان جیاواز دەبن لەڕووی توندی و لاوازییەوە، بەهەمەلایەنی و كورت لایەنی، بەبوون و نەبوونەوە، ئەویش بەپێی تەمەن و ڕەگەزو پەروەردەو مێزاج و پێگەی كۆمەڵایەتی، هەروەها تادەگاتە جۆری ئەو شارستانیەی كەتێیدا تاك گەورە دەبێت.

**هاندەرەكانی بەرهەمهێنان** **حوافز الانتاج** **Incentives, production**

هاندەرەكان لەبواری پیشەسازی و كاردا، - پێیان دەوترێت هاندەرەكانی بەرهەمهێنان، واتە ئەو هۆكارە جیاوازانەی كارگێڕی بەكاریان دەهێنێت بۆ هاندانی كرێكاران، بەمەبەستی زۆركردنی بەرهەم و كەمكردنەوەی تێچووەكان، هەروەها بەدیهێنانی ئامانجەكانی دامەزراوەكە بەشێوەیەك لەشێوەكان.

ئەو هاندەرانە چەند جۆرێكن: لەڕووی پیادەكردنەوە، رەنگە هاندانی تاك بێت یاخود بەكۆمەڵ، هەروەها لەڕووی شێوەكەی دەكرێ مادی بێت یاخود مەعنەوی، ئەمەو لەڕووی ڕێگای جێبەجێكردنیەوە ڕەنگە ئەرێنی بێت یان نەرێنی.

**جووت بوون لەگەڵ مەحرەم** **جماع المحارم** **Incest**

**زینای خزمایەتی**

دروست بوونی پەیوەندی سێكسی یان هاوسەرگیری لەنێوان چەند خزمێك، ئەوانی پەیوەندییە خزمایەتیەكەی نێوانیان بەپێی نەرێتەكانی كۆمەڵ زۆر توند دەبێت، ئەو جۆرە پەیوەندییە نەشیاوە (incest taboo) قەدەغە دەكرێت، وەك قەدەغەكردنی و حەرامكردنی لەنێوان باوك و كچ، لەنێوان دایك و كوڕ، لەنێوان خوشك و برا.

تەماشا بكە: جووت بوونی حەرام **Fornication**

زینـــــــا **Adultery**

Incident الواقعة ڕوودان
ڕووداو

ڕووداوێکی لابەلا یان ناکاو، کەهەندێ جار ڕوودەدات، دیاردەکە جیاوازی دەبێت لەگەڵ کێشە، بەوەی کێشە چەند ڕووداوێك یاخود دیاردەیەك دەگرێتە خۆی کەتێکەڵ دەبن هەندێکیان لەگەڵ هەندێك بۆ ماوەزەمانێك.

Income الدَخل دەرامەت
داهات

بریتیە لەوەی تاك بەدەستی دەهێنێ لەپارەو سامان و شتی تر لەکۆتایی هەر ماوەیەکی دیاریکراودا، تاك لەدوو سەرچاوەوە داهاتی دەبێت:

1- سەرمایە: داهات لەم حاڵەتەدا بریتیە لەو سوودانە یانیش ئەو قازانجانەی کەبەهۆی چالاکیەکی پیشەسازی یان بازرگانی یاخود کشتوکاڵی و ئەو موڵکانەی دێنە دەست.

2- کارکردن: ئەگەرکاری بیرکردنەوەو ئەقلی بێت، یان کاری دەستی.

لێرەدا داهات بریتی دەبێت لەمووچەو کرێی ماندوو بوون کەوەردەگیرێ، مووچەش دەخرێتە چوار چێوەی ئەم بابەتە، لەبەر ئەوەی لەجیاتی کارێك وەردەگیرێ کەپێشتر ئەنجامدراوە لەلایەن ئەو کەسەی بەکارەکە هەستاوە.

داهاتی بنەیی (أسمی) ئەو بڕەیە کەبەڕاستی تاك بەدەستی دەهێنێ، ئەو بڕەش بەیەکە دراویەکان پێوانە دەکرێت.

داهاتی ڕاستەقینەش، ئاماژەیە بۆ هێزی کڕینی بڕە پارەیەك لەبواری مامەڵە کردن، تاکیش بەدەستی دەهێنێ وەك داهات.

Income, national الدخل القومي داهاتی نەتەوەیی

داهاتی نەتەوەیی، واتە بەهای دەسکەوتی کۆتایی کەلەئابورییەکداو لەماوەیەکی دیاریکراودا هاتۆتەدی، داهاتەکە دەکرێ خەملاندنی بۆ بکرێت لەڕووی ئەو دەسکەوتانەی کە بۆ فاکتەرەکانی بەرهەمهێنان دەگەڕێتەوە، دواتر ئەو داهاتە بریتی دەبێت لەکۆی ئەو دەسکەوت و داهاتانەی کە خاوەن ئەو فاکتەرانە بەدەستی دەهێنن، ئەویش بەهۆی بەشداریکردنیان لە بەرهەمهێنانی وەك موچەو ڕۆژانە و کرێ و قازانج و سوودەپاك و پوختەکان.

هەروەها دەکرێ خەملاندنی بۆ بکرێت لەڕووی بەهازێدەکراوەکە بۆ کۆی ئەو بەها زێدەکراوانەی کەکەرەستەو ڕەگەزەکانی ئابوری نەتەوەیی بەرهەمی هێناون لەماوەیەکی کاتی دیاریکراودا.

هاوسەنگی لەداهاتی نەتەوەیی دێتە دی کاتێ پاشەکەوت وەبەرهێنان یەکسان دەبن، لەبەر ئەوەی ئەگەر وەبەرهێنان زیاتر بوو بەسەر پاشەکەوت لەکۆمەڵگەدا، ئەوە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی داهات بەسەر ئەو ئاستە ڕاستیەی کەپێی گەیشتووە، هەروەها ئەگەر پاشەکەوت زیاتر بوو بەسەر وەبەرهێنان، ئەوا ئەو زیاد بوونە دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی داهات.

Income security ضمان الدخل دەستەبەرکردنی داهات

سیستمێکە قەرەبووی کەسی بیمە بۆکراو دەکاتەوە دەربارەی بەشێك لەداهاتەکەی ئەگەر لەدەستیدا بەهۆی مەترسییەك لەو مەترسیە کۆمەڵایەتیانەی کەدەبنە هۆی بێبەشکردن لەو داهاتە.

ڕەنگە ئەو سیستمە پارەی پێ درابێت یان نەدرا بێت لەلایەن کەسانی (لایەنی) بیمەکراوەوە.

Inconsistency التناقض، التضارب دژایەتی
ناتەبایی

لەدەستدانی لۆژیکە (ژیری) لەکاتی بیرکردنەوەو ڕەفتار، ناتەبایش لەلۆژیکدا بەمانای نەبوونی پەیوەستیە لەنێوان

بابەتەكان، كەئەویش پێچەوانەی تەباییە (consistence)وەك ئەوەی كۆمەڵەبەڵگەیـەكی دادوەری نـاكۆك بـن، هەنـدێكیان لەڕووی شێوازو زارەكی هەردوو لایەنی (مەسەلەیەك و دژەكەی) گرتبێتە خۆی.

| | | |
|---|---|---|
| نەبوونی توانای چاكسازی<br>ناخرێتە سەر ڕێگای ڕاست | عدم قابلية الاصلاح | incorrigibility |

رەفتاری منداڵ یان كەسی پێنەگەیشتووی كەللەڕەق و سەركێش و لاسار، ئـەو كەسـەی لەتوانایـدا نابێـت ئاراسـتە بكرێـت و لەژێر چاودێری بێت.
ئەو جۆرە كردارانەش دەخرێنە پاڵ كەتنی مێرد منداڵانـەوە، دواتـر ڕێگـا بەلایـەنی پەیوەنـدار دەدرێـت بـۆ ئـەوەی ڕەوانـەی دادگای نەوجوانان بكرێت.

| | | |
|---|---|---|
| نەبوونی توانای چاكبوونەوە<br>(بێ چارە) | عدم القابلية للشفاء | Incurability |

مەبەسـت ئـەو نەخۆشـیە درێـژ خایانـەن كـەتاك تووشـیان دەبێـت و بـەزۆریش توانـای چـاكبوونەوەی نابێـت، وەك دەردەخراپـەكان و نەخۆشـیە درێژخایەنـەكانی دڵ و بەرزبوونـەوەی توونـدی پاڵەپەسـتۆی خـوێن و نەخۆشـیە دەمارییـە درێژخایەنەكان.
ئـەم جـۆرە نەخۆشـیانە بـەدیاردەی پەككەوتـەیی دادەنـرێن و كەسـی تـووش بـوو پێـی (incurable) دەكـرێ مووچـەی پەككەوتەیی پێ بدرێت بەپێی یاساكانی بیمەی كۆمەڵایەتی.

| | | |
|---|---|---|
| قەرزاری | المديونية | Indebtedness |

لەبارێكـدا تـاك قـەرزار بێـت، ئـەو قـەرزەی لەكەسـێك داوا دەكرێـت، ئـەوە مـافی كەسـێكی دیكەیـە كەپێویسـتە بدرێتـەوە، لەبەرامبەر دیاردەی قەرزدانەوە تاك قەرزی خۆی هەیە بەسەر كەسێكی دیكە (credeit).
یاسا، رۆژانەو موچەی كرێكاران دەپارێزێ، ئەوانی قەرزار دەبـن لەحاڵـەتێك دەسـتی بەسـەردا بگـیرێ، ئـەویش بـەدیاریكردنی رێژیەكی دیاریكراو لەمووچەیكەدەكرێ بەر قەرزەكە بكەوێ.

| | | |
|---|---|---|
| قەرەبوو<br>بژاردن | التعويض<br>المكافأة | Indemnity |

برێـك پارەیـە دەدرێتـە كرێكـار وەك قەرەبوویـەك دەربـارەی بەكارهەسـتانی (service indemnity) یـان بـەهۆی تـووش بـوونی لـەكاتی كـاركردنی (accident undemnity) یـاخود بـەهۆی دەركردنـی بەشـێوەیەكی نـاڕەوا لـە كارەكـەی (damage indeminty).

| | | |
|---|---|---|
| سەربەخۆیی | الاستقلال | independence |

ئازاد بـوونێكی ئـاسایی تـاك، یـان لـەڕووی پێگـەو ڕێزلێنانـەوە، لەهـەر دەسـتێوەردانێك لەلایـەن كەسـانی دیكـەوە لـەكاروباری تایبەتی تاك یاخود لەبواری سەرپەرشتی كردنی كاروبارەكانی یانیش لەدەستڕۆیی راستەو خۆی و ناڕاستەوخۆی بێت.
لـەڕووی سیاسـییەوە، سـەربەخۆیی دەوڵـەت دەگـەێنێ لـەوەی دەوڵـەت خـاوەن سـەروەری خـۆی بێـت، واتـە ئـەو دەسـەڵاتانەی هەیەتی بەرامبەر تاكەكان لەناوخۆی هەرێمدا، هەروەها لەدەرەوەشدا لەڕووبەڕووبوونەوەی دەوڵەتانی دیكە.

ڕێبازی هەڵبژاردن (ناهەربوونایەتی) | مذهب الاختيار | **Indeterminism**

ڕێبـازێکی فەلسـەفیە، بـۆ چـوونی وایەکـە ڕووداوەکـان بـەردەوام بەشـێوەیەکی جـێگیر (نـەگۆڕ) ڕوونـادەن کەملکەچـی پەیوەندییەکانی هۆو ئەنجام بن، ڕێبازەکە ئینکاری ئەو چەمکە دەکات کە دەڵێت: جیهان بریتیـە لەسیسـتمێکی ڕێك و پێك، دیاردەکانی بەدوای یەك دەکەون لەرەوتێکی سەلمێنراودان.

ئەم ڕێبازە دەربارەی مرۆڤ دیدی وایە، کەتاك دەتوانێت کاربکات یـاخود ڕێـڕەوی کارەکانی هەڵبـژێرێت بـێ ئـەوەی کاربگـەر بێت بەهەر هاندەرێك یانیش بزوێنەرێك.

تەماشا بکە: ئۆتۆنۆمی — **Autonomy**

ڕێبازی هەر بوونایەتی — **Deter minism**

ژمارەی پێوانەیی / ژمارەی هێمایی | الرقم القياسي | **Index number**

ژمارەی پێوانەیی (یان هێمایی) لەئامار‌دا، گۆڕینی ڕێـژەیی لەبـەهاکانی ئـەو دیاردەیـە ڕووندەکاتـەوە کـە جێگای لێکۆڵینـەوە بێت، ئەو پێوەرەش لەبارێکی ئاسایدا، بەکار دەهێنرێت بۆ پێوانـەی ئاراسـتە گشـتیەکەی گروپێکـی ئـاڵۆزی بـەهاکان، ئـەویش بـەهۆی بـەراوردکردنی ئاسـتی ئـەو بەهایانـە بەئاسـتەکەی لەماوەیـەکی سـنورداردا لـە چـەند کـاتێکی زانـراودا کەبـەماوەی بنچینەیی دەناسرێت.

کەواتـە، ژمـارەی پێوانـەیی بـەکار دەهێنرێـت بـۆ پێوانـەی ئەوگۆڕینـە ڕێژەییـەی کەبەتێپـەڕ بـوونی کـات ڕوو دەدات لەسـەر بـەهاکانی چـەند تـاك و بەشـێك لەدیاردەیـەکی دیـاریکراودا، ئـەویش بـێ گوێدانـە بـەها ڕەهاکـەی ئـەو گۆڕینـە، هـەروەها بـەراوردکردنی گۆڕینی ڕێـژەیی لەبـەهاکانی چـەند تـاك و بەشـێکدا لـەنێوان ماوەیـەك و ماوەیـەکی دیکـە، یـاخود لـەنێوان شوێنێك و شوێنێکی دیکە، یانیش لە نێوان تاك و بەشەکانی کۆمەڵەیەك و کۆمەڵەیەکی دیکە.

بایەخ پێنەدان / بێ لایەنی | اللامبالاة / اللاتحيز | **Indifference**

بێلایەنی یان هاوسەنگی لەنێوان دوو خەسڵەتی دژ بەیەك، وەك خەسلەتی خۆشی و خەسڵەتی ئێش و ئازار، یـاخود لـەنێوان نوشستی هێنان لە هەڵسەنگاندنی وروژێنەرێکی دیاریکراوی وەك فەرامۆشکاری ڕەوشتی و فەرامۆشکاری سیاسی.

چەماوەی یەکسان | منحني التساوي | **Indifference curve**

دەسـتەواژەی (چـەماوەی یەکسـان) لەلایـەن (F.y.Edgeworth) داڕێـژراوە بـەکاریش هێنـراوە لـەبواری ئابوریـدا، وەك ئاماژەیەك لەسەر ئەو شوێن و بارە ئەندازەییەی ئەو چەند خاڵەی کەکۆمەڵە کاڵاوکەل و پـەلێك و چـەند خزمەتگوزارییـەك دەنوێنن و ئارەزوویست لەبەدەست هێنانیان لای کەسی بەکاربەریش یەکسان دەبێت.

دەروونناسان بەکەمی ئەم زاراوەیە بەکار دەهێنن بەڵام بەهەمان مانا.

هەژاری / دەست کورتی | الفاقة، الفُقر / العَوِز | **Indigence**

تەماشا بکە: ژێردەستی، هەژاری — **Dependency**

| | | |
|---|---|---|
| جیاوازییە تاکییەکان | الفروق الفردية | **Individual differences** |

مەبەست لەو جیاوازیانە، جیاوازی لە نێوان تاکەکانی هەر گروپێك، لە هەرنیشانەو سیمایەك لەسیماکان یان خەسڵەتێك لەخەسڵەتەکان.

بابەتەکانی سایکۆلۆجییەتی جیاوازی تاکەکان لەچەند خاڵێك کورت دەکرێنەوە:

1- دیاریکردنی سروشتی یەك لەجیاوازییەکانی ژیانی دەروونی تاکەکان یاخود گروپەکان.

2- دیاریکردنی ئەو فاکتەرانەی دەبنە هۆی ئەو جیاوازیانە یانیش کارتێکردنی دەبێت بەسەریاندا، ئەگەر فاکتەرەکان لەو خەسلەتە بۆ ماوەییانە بن یان لە ژینگەدا بن.

3- چۆن ئەو جیاوازیانە دەردەکەون و چۆن دەکرێ پێوانەیان بکرێت؟

جیاوازییەکانی نێوان تاکەکان لەڕێگەی تاقیکردنەوەی وردی بەکۆمەل و بەتاکیش دەپێورێت، بەمەبەستی پێوانەکردنی ئاستی ژیری و توانا تایبەتیەکان، هەروەها پێوانەی کەسێتی و ئارەزوو حەزەکان و...ئەویش لەسەر بنچینە زانستیەکان بێت. ئاستی ئەرك بەجێگەیاندنی تاك لەو پێوەرو تاقیکردنەوانە، بەراورد دەکرێت بەو تێکڕایەی کەلای تاکە هاوشێوەکانیان دەرکەوتووەو تاقیکردنەوەشیان بۆ ئەنجامدراوە.

| | | |
|---|---|---|
| تاکگەرایی | الفردية | **Individualism** |

مەبەست لەزاراوەکە، هەر جیاوازییەك لەنێوان خەلکدا هەبێت و هەندێکیان لە هەندێکی دیکەجیابکاتەوە، هەروەها زاراوەکە بەو ئاراستەیەش دەوترێت کە تاك بەبنچینەی بەهاکان دەزانێ و راڤەکردنی دیاردە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان بۆ ویستی تاك دەگەڕێتەوە.

ڕێبازی تاکگەرایی لەڕووی سیاسییەوە ئەو ڕێبازەیە کەبانگەشە بۆ تەسك کردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و گەشەپێدانی ئازادی کەسێتی دەکات، ئەویش لەسەر بنچینەی بەچاك زانین و لایەنگری خۆشگوزەرانی تاك بەسەرخۆشگوزەرانی کۆمەڵ.

| | | |
|---|---|---|
| خودێتی خۆیەتی | الذاتية | **Individuality** |

کۆی ئەو خەسڵەتانەی هەر بوونەوەرێك پێی دەناسرێت و لەبوونەوەرێکی دیکەی جیاواز دەکاتەوە، وشەی خودێتی بەهەر بوونەوەرێکی ئالۆز لەڕووی پێکهاتەوە، یان بەهەر نیشانەو خەسلەتێك و یاخود بەدیاردەکانی رەفتار دەوترێت، بەڵام وشەی کەسێتی (personality) تەنها بەکۆی خەسلەتەکانی بوونەوەرە مرۆییەکان دەوترێت.

وشەی خودێتی چەند ئاستێکی دیاریکراو ناگرێتە خۆی، لەکاتێکدا وشەی کەسێتی چەندین ئاستی نەگۆڕ دەگرێتە خۆی و ڕێگا بەهەڵسەنگاندیان دەدات.

| | | |
|---|---|---|
| هۆشیاری مەزهەبی | التوعية المذهبية | **Indoctrination** |

یەك لەشێوەکانی پەیوەندیکردنەکە لەفێربوون و پڕوپاگەندە جیاواز دەکرێتەوە، ئامانجشی ئەوەیە کە تاکەکان فێری جۆرێکی دیاریکراو بن لەڕێبازەکان یان بیروباوەڕەکان، هەروەها ئەم دیاردەیە تەنها ئەو زانیاریانە دەخاتە ڕوو کە لایەنگری چەند هزرێك یاخود بیروباوەڕێك یانیش چەند ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراو دەکات، لەجیاتی ئەوەی هەموو ئامارو زانیارییە پەیوەندارەکان بەبابەتەکەوە بخاتەڕوو، بەجۆرێك کەببێتە کۆسپ لەنێوان تاك و توانای لەسەر هەڵسەنگاندنی ئەو بیرو هزرانە، دیارە ئەو کارەش پرۆسەیەکی بێلایەن نیە وەك پرۆسەی فێربوون کەکاری تەنها خستنە ڕووی زانیاریەکان بێت بەڵکو هانی گەیشتن بەچەند ئەنجامێکی سەربەخۆش دەدات.

هەروەها هۆشیاری بیروباوەڕ، لەپڕوپاگەندەی سیاسی جیاوازی دەبێت، لەوەی کە یەکەمیان ڕەنگە بەمەبەستەوە پەنا بۆ

زانیارییە ناڕاستەکان ببات، هەروەها گونجاویش نیە بۆ گەیاندنی بیروباوەڕو هزرەکان لەگفتوگۆ سیاسییەکان یان لەکاری فێربووندا لەناو کۆمەڵگەی ئازاد.

فریودان | الاغراء | **Inducement**
پێ سەلماندن | الاقناع

واتە، کارتێکردن لەتاکەکان، بۆ ئەوەی بەئاراستەیەکی دیاریکراودا بڕۆن، لەلۆژیکدا مەبەست لەزاراوەکە، گەیشتنە بەچەند ئەنجامێك ئەویش بەڕێگای هەڵێنجان.

هەڵێنجان
(ژێر بێژی) | الاستقراء | **Induction**

هەڵێنجان لەلۆژیکدا، بەدواکەوتنی ئەندەکەکانە (کەرت) بۆ گەیشتن بەبڕیارێکی گشتی، یان گەیشتنە لەتایبەتەوە بۆ گشت بەڕێگای سەرنجدانەوە.
لەپرۆسەی بەڵگاندندا، بەگشتیکردنەکان یاخود یاساکان یانیش پرەنسیپەکان پێکدێن.
بۆیە بەشی گەورەی زانینی مرۆڤایەتی، هەڵگری مۆرکێکی هەڵێنجانی یان ئەزموونیە، لەبەر ئەوەی لەچەند بەگشتی کردنێك پێکدێت کەبەپێی ئەزموونە هەستیاریەکانمان ئەنجامیان دەدەین.
هەڵێنجان دابەش دەبێت بۆ:
هەڵێنجان تەواو (perfect induction) کەبریتیە لەبڕیاردان لەسەر ڕەگەز بەهۆی بوونی ئەو حوکمە لەهەموو جۆرەکانی.
هەڵێنجانی ناتەواو (imperfect induction) کە ئەویش بڕیاردانە لەسەر هەموو (گشت) بەو بڕیارەی لەسەر چەند ئەندەکێك (کەرت) دراوە.

ڕووداوی کار | اصابة العمل | **Industrial Accidents**

**Accidents, industrial** تەماشا بکە: ڕووداوی کار

تۆڕی پیشەسازی | الشبكة الصناعية | **Industrial complex**

ناوچەیەکە تایبەتە بەبوونی یەك جۆرە (پیشەسازی بنچینەیی) یان زیاتر، سەرەڕای چەند پیشەسازییەکی جۆراو جۆری دیکە، ئەوانە هەندێکیان بەهەندێکی دیکە دەبەسترێتەوە یاخود هەندێکیان پشت بەهەندێکی دیکە دەبەستن لەهەردوو رووی ئابوری و هونەرییەوە.
بەزۆریش ئەو کۆمەڵگەیە بەچەند ئاسانکارییەکی دارایی وبازرگانی گرینگ جیاواز دەکرێتەوە، سەرەڕای تۆڕێك لەڕێگاکانی هاتووچۆ، کەکردارە جیاوازەکانی هاتوو چۆ ئاسان دەکات.
کۆمەڵگەی پیشەسازی جیاوازی دەبێت لەبنکەی پیشەسازی بەگەورەیی قەبارەی یەکەمیان و جۆراوجۆری ئابوریەکەشی .
هەروەها کۆمەڵگەی پیەشەسازی جیاواز دەبێت لە (هەرێمی پیشەسازی) ئەویش بەچڕکردنەوەی پیشەسازییەکان لەکۆمەڵگەکەدا لەڕووبەرێکی سنوردار تاڕادەیەك.
هۆیەکانی بوونی کۆمەڵگە پیشەسازییەکان جیاواز دەبن، ڕەنگە هەندێ لەو هۆیانە بۆ بوونی هێزە بزوێنەرکارەکان یان کەرەستەی خاو بەتایبەتیش ئاسن، یاخود ئاسانی گواستنەوە یانیش بۆ زۆری ژمارەی دانشتوان بگەڕێتەوە.

ناکۆکیەکانی پیشەسازی | منازعات الصناعة | Industrial confilicts

تەماشا بکە: کێشمەکێشمەکانی کار | Labour confilcts

گۆڕینی پیشەسازییەکان (دەست لێهەڵگرتن) | تحويل الصناعات | Industrial demobilization

پرۆسەیەکە، گۆڕینی ئەو پیشەسازیانە دەگرێتەوە کەبەرهەمەکانیان لەبازاڕ نافرۆشرێن، ئەوانی لەگەڵ جۆرەکانی بەراورد کردن و داواکاری نوێ ناگونجێن.

لەوبارەدا بەشێك لەو کرێکارانەی لەو جۆرە پیشەسازیانە کاریان دەکرد، بێ کاردەبن بەهۆی وەستانی کاری بەرهەمهێنان لەکارگەکان.

بەڵام ڕوو لەبەرهەمهێنانی جۆرە بەرهەمێکی پیشەسازی دیکە دەکرێتەوە کەداواکاری لەسەر بێت، بەوەش کرێکاران کاریان دەست دەکەوێت و بێکاریش سنوردار دەبێت.

دیموکراسی پیشەسازی | الديمقراطية الصناعية | Industrial democracy

تەماشا بکە: | Democracy industrial

پەککەوتەیی پیشەسازی سستی پیشەسازی | القصور الصناعي | Industrial inertia

درێژەپێدان بەمانەوەی پیشەسازی و دامەزراوە پیشەسازییەکان لەشوێنی خۆیان، بێ گۆڕان، سەرەڕای گۆڕینی ئەو بارودۆخانەی کەجێگیر بوونیان دیاریکرد بۆ یەکەم جار.

تەماشا بکە: گڕوتینی پیشەسازی | Industrial momentum

جێگیری پیشەسازی - نیشتەجێکردن - | التوطن الصناعي | Industrial Localisation

پرۆسەیەکی خۆکردانەیە، پشت بەچەند فاکتەرێك دەبەستێت وەك: کەرەستەی خاو، هێزی کار، شوێنی جوگرافی، بازار، سەرمایە، هێزی بزوێنەر.

هەموو ئەو فاکتەرانە هاوکاردەبن بۆ ڕاکێشانی پیشەسازی بۆ ناوچەکە بەمەبەستی قازانج کردن.

گڕوتین تەوژمی پیشەسازی | الدفع الصناعي | Industrial momentum

زۆربوونی لایەنگری و ئارەزوو دەربارەی گرینگی پیشەسازی یان کارگەکان لەشوێنێکی دیاریکراودا، سەرەڕای گۆڕان لەو بارودۆخەی کەهاندەری دروست بوونی بووە لەبنچینەدا.

تەماشا بکە: پەککەوتەیی و سستی پیشەسازی | Industridal inertia

پەیوەندییە پیشەسازییەکان | العلاقات الصناعية | Industrial relations

ئەو پەیوەندییانەی کەلەنێوان خاوەن کارو کرێکاران پەیدادەبن، واتە پەیوەندییەکانی کاری بەکۆمەڵ.

ئەو پەیوەندییانە لەباوەشی پرۆسەی پیشەسازی نوێ دروست بوونە، بۆیە ناویان لێنراوە پەیوەندییە پیشەسازییەکان، ئەو

پەیوەندییانە لەهەر شوێنێك پێكهاتن، لایەنەكانی بریتین لەخاوەن كار لەلایەكەوە، لەگەڵ كۆی كرێكاران لە لایەكی دیكەوە. یەكێتیە پیشەسازییەكان وژورەكانی پیشەسازی هەڵدەستن بەنوێنەرایەتی كردنی خاوەن كارو كارگەكان لەو پەیوەندییانە، لەكاتێكدا سەندیكای كرێكاران و یەكێتیە لاوەكی و گشتیەكان هەڵدەستن بەنوێنەرایەتی كرێكاران و بەرگریكردن لەبەرژەوەندییەكانیان لەچوارچێوەی ئەو پەیوەندییانە.

بەڵام ئەو هۆ كارانەی بەكار هێنراون بۆ ڕێكخستنی ئەو پەیوەندییە پیشەسازیانە، بریتی دەبن لەدانوستانی بەكۆمەڵ و گرێبەستەكانی كاری هاوبەش و لیژنەكانی ڕێكەوتن و ناوبژیوان لەململانێیەكانی كاركردن، لەگەڵ هاوكاری و راوێژكردن لەنێوان هەردوولایەنی بەرهەمهێنان لەمیانەی لیژنە هاوبەشەكانی كاركردن.

### شۆڕشی پیشەسازی — الثورة الصناعية — Industrial revolution

پرۆسەیەكی بەلق و پەل و ئاڵۆزو چەند رووە، لەناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمدا دەستی پێكردووە، كۆمەڵێكی گەورەی گۆڕانكاری بنچینەیی لەبوارەكانی تەكنولۆجی و ئابوری و كۆمەڵایەتیەوە لەخۆگرتووە، كاریگەرییەكی گەورەی لەژیانی كۆمەڵگەی تازە بەگشتی بەجێهێشتووە.

لەگرینگترین دیاردەكانی شۆڕشی پیشەسازی، بەكارهێنانی كەرەستە بناغەیی و سەرچاوەییەكانی وەك ئاسن و پۆڵا و كەرەستەتازەكانی وەك وزەی كارەباو نەوتە، هەروەها داهێنانی ئامێرە نوێیەكانی زۆر بەتوانای وەك ئامێری هەڵم، هەر لەدیاردەكانی ئەم شۆڕشەپیشەسازییە، پەیدابوونی ڕێكخستنێكی نوێی كاربوو، كەبەناوی (سیستمی كارگە) دەناسرێت و بووە هۆی دابەش بوونی كارو پسپۆڕایەتی زۆریش، كە ئەنجامەكەی بەرزبوونەوەی ئاستی لێهاتوویی بەرهەمهێنان و چاككردنی بەرهەم بووە.

ئەمەو چەندین گۆڕانكاری و پەرەپێدانی نوێ لەبوارە ناپیشەسازییەكانەوە كەپەیوەستن بەم شۆڕشەوە سەریان هەڵداوە، لەوانە كەمبوونەوەی رۆڵی زەوی وەك سەرچاوەیەك بۆ هێزی سیاسی و پێگەی كۆمەڵایەتی، گواستنەوەی ئەو رۆڵەش پلە بەپلە بۆ چینە نوێیەكان ئەوانی بەپیشەسازی و بازرگانی و بەكاروباری داراییەوە خەریكن، هەروەها كەڵەكە بوونی سەرمایە بەجۆرێكی توند، تا ئەو ڕادەیەی شەپۆلی سەرمایە بەسەر پێداویستی یان هێزی وە بەرهێنان كەوت لەوڵاتەكەیدا، بۆیە كەوتە هەوڵی بەكارهێنانی زیاتر بۆ دەسكەوت، بەتایبەتیش لەوڵاتە دواكەوتووەكان، هەروەها ڕوودانی گۆڕانكاری كۆمەڵایەتی شۆڕشگێرانە، نموونەش لەسەر ئەوانە بڵاوبوونەوەی دیاردەی ئاوەدانی و چاكبوونی پێگەی ژن، دوای بەشداریكردنی لەبواری كاركردندا، بڵاوبوونەوەی فێربوون و خوێندنەواری بەتایبەتیش لە قۆناغە سەرەتاییەكاندا، لەگەڵ دروست بوونی بزووتنەوەی كرێكاری و دەركەوتنی رێبازە كۆمەڵایەتیە نوێیەكان.

### كۆمەڵگەی پیشەسازی — المجتمع الصناعي — Industrial society

مەبەست لەكۆمەڵگەی پیشەسازی، ئەو سیستەمیە كەژیانی كۆمەڵ پێكدێنێت و ڕوو لەپیشەسازی دەكات، لەو كارەشدا نوێترین شێوازە زانستیەكان پیڕەو دەكرێت لەگەڵ ڕەچاوكردنی سیستمی بەرهەمهێنانی گەورەو پسپۆرییەتی و دابەشكردنی كار.

كۆمەڵگەی پیشەسازی پەیوەست دەبێت بەئاوەدانی خێراوگۆڕینی داب و نەریتەكانی وەبەرهێنان و ململانێ لەنێوان چینەكانی خاوەن كاروچینی كرێكاران.

### كۆمەڵناسی پیشەسازی — علم الاجتماعي الصناعي — Industrial sociology

تەماشا بكە: Sociology industrial

ئاراسته بەرەو پیشەسازی
پیشەسازێتی　　　　الاتجاه نحو الصناعة　　　　**Industrialism**

ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی بنچینەیی قۆناغێکی تایبەت لەزانیاری مرۆڤایەتی و زاڵبوونی بەسەر سروشت و پێشکەوتنی مادی بەرجەستە دەکات.
لەم قۆناغەدا مرۆڤ فێری هونەرە پەیوەندارەکان بەبەرهەم هێنانی ئامێری دەبێت، ئەویش لەسنورێکی فراواندا.

بەپیشەسازی کردن
پەرەسەندنی پیشەسازی　　　　التصنيع　　　　**Industrialization**

گۆڕینی ئابوری هەرێم یان دەوڵەت بۆ ئابورییەکی پیشەسازی، یاخود زۆرکردنی ژمارەی کارگەکان و بەرهەمی پیشەسازی بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی لەپێشتر هەبووە.
دیارە بەدوای ئەو گۆڕینەش چەندین کێشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدەن.
ڕادەی بەپیشەسازی بوونیش لەبارێکی ئاسایدا بەرێژەی ژمارەی ئەو کرێکارانە دەپێورێت کەلەپیشەسازیدا کاردەکەن بەراورد لەگەڵ کۆی کرێکاران، یاخود بەبەراورد بەئاستی بەهای بەرهەم یانیش بەرەچاوکردنی بواری دیکە.

تەماشا بکە: پیشەسازی　　　　**Industry**

پیشەسازی　　　　الصناعة　　　　**Industry**

مەبەست لەپیشەسازی، گۆڕینی کەرەستە سەرەتاییەکانە بۆ شتەدروستکراوەکان، پیشەسازی تەوەری چالاکی کۆمەڵایەتیە لەکۆمەڵگەی تازەدا، لەبەر ئەوەی زۆرینەی دانشتوانی وەك بەرهەم هێنەر، کاری تێدا دەکەن، هەروەها تاکەکانی کۆمەڵگە بە تەواوی پشتی پێدەبەستن بۆ جێبەجێکردنی پێداویستیەکانیان، بەو شێوەی کەبەکاری دەهێنن.
پیشەسازی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیەکاریگەری بەدیاردەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا دەبێت و کارتێکردن و کاریگەریش دەبێت پێیان.

پیشەسازی بنەڕەتی　　　　الصناعة الاساسية　　　　**Industry, basic**

ئەم زاراوەیە زۆر جار بەکار دەهێنرێت وەك هاوتایەك بۆ پیشەسازی قورس، گرینگیەکی ئابوری نەتەوەیی هەیە، یان مەبەست لێی چەند پیشەسازییەکی بنەڕەتیە، بەو مانایەی کە تایبەتمەندییەکی جەوهەری و ژیانی هەیە بۆ پیشەسازییەکانی دیکە، نموونەش ئاسن و پۆلا کەبۆ پیشەسازی ئامێرەکان و جۆری دیکەش بەکاردە هێنرێن.

پیشەسازی ناو ماڵی　　　　الصناعة المنزلية　　　　**Industry domestic**

سیستمێکە بەهۆیەوە ئەندامانی خێزان لەناوماڵ کاردەکەن، خاوەن کار کەرەستە سەرەتاییەکانیان پێ دەگەێنێت بۆ ئەوەی چەند شتێکی لێ دروست بکرێت.
رۆژانەو کرێی کارکردنیش لەسەر بنچینەی هەر پارچەیەك بۆ کرێکاران خەرج دەکرێت.

پیشەسازی
دەرهێنان　　　　الصناعة الاستخراجية　　　　**industry extractive**

لەو پیشەسازییە سەرەتاییانەیە کەپشت بەدەرامەتەکان یان کەرەستە سروشتیەکان دەبەستێت، ئەوانی ناکرێت قەرەبوو یاخود نوێ بکرێنەوە، وەك کانزاو بەردەڵان و دەرهێنانی نەوت و ...لەو جۆرە شتانە.
ئەمەو راستیشە ناوی لێبنرێت پیشەسازی نەگەتیف، چونکە هەڵدەسێت بەپەیداکردنی ئەو دەرامەتە سروشتیانە کەنوێ یانیش قەرەبوو ناکرێنەوە.

**Industry heavy** الصناعة الثقيلة **پیشەسازی قورس**

لەبارێکی ئاسایدا زاراوەی (پیشەسازی قورس) بەو پیشەسازیانە دەوترێت کەپەیوەست دەبن بەو کەرەستانەی کێشیان قورسە یان قەبارەیان گەورەیە، لێرەدا چەند پێناسەیەکی دیکەی وردتر پێش نیازکراوە، ئەو پێش نیازانە لەسەر بنچینەی ئەم خاڵانەی خوارەوە خراوەتەڕوو:

1- کێشی مادەکە لەئاست یەکەی کارپێکردن.

2- بەهای بەرهەمێکی دیاریکراو بەپێی کێشی.

3- تێچووی کەرەستەکان لەئاست بەهای بەرهەمهێنانی گشتی.

4- یەکەکانی هێز ژمارەی ئەسپەکان یاخود وزەی پێویست بۆ بەرهەمهێنان.

**Industry light** الصناعة الخفيفة **پیشەسازی سووک**

زاراوەکە بەپیشەسازییە لاوەکیەکان دەوترێت، ئەوانی ناچنە ناوپێناسەی (پیشەسازییە قورسەکان) یان ئەو پیشەسازییەی کەدەکرێ لەناوچە نیشتەجێکان دابمەزرێت، بێ ئەوەی زیانی گەورەیان هەبێت.

**Industry, local** الصناعة المحلية **پیشەسازی خۆجێی**

ئەم زاراوەیە بۆ چەند مانایەك بەکار دەهێنرێت، وەك:

1- بەرهەمێکی پیشەسازییە لەناوچەکەی خۆی بەکاردەبرێت.

2- هاوتایەکە بۆ پیشەسازی خزمەتگوزاریەکان.

3- وەك دژێك بۆ پیشەسازی بنەڕەتی.

4- پیشەسازییەك پشت بەکەرەستەی خاوی نیشتمانی دەبەستێت یان لەلایەن کرێکارانی نیشتمانیەوە دروست دەکرێت.

5- پیشەسازیەك لەهەرێمێك (ناوچەیەك) ناوبانگی نیشتمانی یان جیهانی پەیدا کردووە.

**Industry, primary** الصناعة الاولية **پیشەسازی بەرایی**

چەند پرۆسەیەکی ئابورییە، مەبەست لێی کۆکردنەوەی یان هەڵسوڕاندنی کاروباری پەیداکردنی دەرامەتەکانە، یاخود سامانە سروشتیەکانی وەك کانزاو بەردەڵان و دار بڕینی دارستانەکان.

لەزمانی ئینگلیزی زاراوەی (primary industry) بەکار دەهێنرێت بۆ ئەوەی کشتوکاڵ و ڕاوەماسی و لایەنەکانی دیکەش بگرێتەوە، سەرەڕای ئەوانی ئاماژەیان بۆ کرا.

**Industry, secondery** الصناعة الثانوية **پیشەسازی لاوەکی**

ئەم پیشەسازییە، بریتیە لەگۆڕینی کەرەستە سەرەتاییەکانی پیشەسازی (سامانە سروشتیەکان) بۆ کاڵاو کەل و پەلی بەسوودی ڕاستەوخۆ بۆمرۆڤ، هەروەها کاروباری بیناو خانوبەرەو بەرهەم هێنانی وزەش دەگرێتەوە.

**Primary industry** تەماشا بکە: پیشەسازی بەرایی

**Industry, small** الصناعة الصغيرة **پیشەسازی بچووك**

**Small scale production** تەماشا بکە: بەرهەمی بچووك

**Industry, tertiary** صناعة الخدمات پیشەسازی خزمەتگوزاری

هەندێ جار ناوی لێدەنرێت (پیشەسازییە خۆجییەکان) کە کاروباری خانوو بەرەو کارگێڕی و فەراهەم بوونی ئاوو ڕوناکی غازو ڕێگاو بان و گواستنەوەو بازرگانی و پارە پێدان و نانکردن و شیرنەمەنی و چەندەها شتی دیکەش لەپیشەو خزمەتگوزاری دەگرێتەوە.

واتە بەپێچەوانەی (پیشەسازی بنەڕەتی) یان هەموو ئەوانەی ناکەونە چوارچێوەی پیشەسازی بەرایی و پیشەسازی لاوەکی.

**Insustry, trans forming** الصناعة التحويلية پیشەسازی گۆڕین

واتە گۆڕینی کەرەستە سەرەتاییەکان، یان بابەتە نیمچە دروستکراوەکان بۆ کالاو کەل و پەلی تەواوو دروستکراو، وەك ئاسن و پۆلا کە ئامێریان لێدروست دەکرێت.

**Inefficiency** عدم الفاعلية ناکارایی

**Efficiency** تەماشا بکە: کاریگەری، کاریگەرێتی

**Inequality** اللامساواة نایەکسانی

جیاکردنەوە لەنێوان تاکەکان لەسەر بنچینەی رەگەز یان ئەثنیك یاخود زمان و یانیش ئاین، هەروەها بیروڕای سیاسی و یان هەر جۆرە جیاوازییەکی دیکە لەبوارەکانی فێربوون، کارکردن لەبەردەم یاساو لەبوارەکانی مافە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان.

**Equality** تەماشا بکە: یەکسانی

**Inertia, cultural** الجمود الثقافي بەستەلەکی کولتوری بێ گیانی

بۆ چوونێکە وادەگەیێنێ کەدرێژە بەنیشانەو خەسڵەت و پێکهاتە کولتورییەکان بدرێت، دوای ئەوەی سوودو کەڵکیان نەما.

**Infancy** مرحلة الطفولة الاولى قۆناغی سەرەتایی

**Childhood** تەماشا بکە: تەمەنی منداڵی

**Infant mortality** وفيات الرُضع مردنی منداڵانی کۆرپە (ساوا)

لەزانستی دانشتواندا (دیموگرافی) مەبەست لەم زاراوەیە، مردنی ئەو منداڵانەیە کەتەمەنیان ساڵی یەکەمی تێپەڕ نەکردووە. ئەوی زانراوە کۆرپە بەو منداڵە دەگوترێت کەهێشتا لەماوەی شیرخواردنەو تەمەنی دووساڵی تێپەڕ نەکردووە، بەڵام زاراوەکە لێرەدا مەبەستی ئەو کۆرپانەیە کەهێشتا ساڵی یەکەمیان تێپەڕ نەرکردووە.

تێکڕای مردنی کۆرپەکان ئەژمار دەکرێت بەدیاریکردنی مردووەکان لەماوەی یەك ساڵدا، هەروەها ڕێژەی ژمارەیان بۆ ڕێژەی لەدایك بووە زیندووەکان کە تۆمارکراون لەماوەی هەمان ساڵدا.

**Infant welfare centres** مراكز رعاية الطفل دەزگاکانی چاودێری منداڵ

ئەرکی ئەو دەزگایانە بایەخدان و چاودێری منداڵانە، هەر لەرۆژی لەدایك بوونیانەوە تاتەمەنیان لەشەش ساڵی نزیك

دەبێتەوە، ئەو مەڵبەندو دەزگایانە چاودێری تەندروستی منداڵان دەکەن، ئەوانی تۆمار کراون لایان بەرێگای ئەنجامدانی پشکنین و زانینی کێشیان هەفتانە، ئەویش بۆ ئەوەی ڕادەی گەشەکردنیان بزانرێت، هەروەها دایکەکانیشیان بەرێنمایی پێویست ئاگادار دەکرێنەوە دەربارەی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان پەروەردەکردنێکی دروست .

**کوشتنی منداڵانی ساوا** **قتل الاطفال** **infanticide**

نەریتێکە لەچەند کولتورێکی سەرەتایدا بڵاوبۆتەوەو لەهەندێ ارودۆخدا بووە بەهۆی کوشتنی منداڵان بەتایبەتیش کچان، دوای لەدایک بوونیان.

هۆیەکانیشی بۆ کەمی دەرامەتەکان دەگەڕێتەوە، یاخود ئەگەر منداڵێك بەناتەواوی و شێواوی لەڕووی جەستەییەوە لەدایك بوو، دیارە ئەو کارە بەکاری شەیتان زانراوە.

**منداڵێتی**
**بەمنداڵی مانەوە** **الطفولية** **infantilism**

واتە کەسی هەرزەکار (پێگەیشتوو) تارادەیەکی سەرنج ڕاکێش، تایبەتمەندی و خەسلەتە سایکۆلۆجی و فسیولۆجیەکانی منداڵێتی هەڵدەگرێت و دەیان پارێزێ.

**بەلگاندن**
**هەڵێنان** **الاستدلال** **inference**

بەلگاندن لەلۆژیکدا، لێوەرگرتنی (یان هەڵێنانی) مەسەلەیەکە لەمەسەلەیەکی دیکە، یاخود لەچەندین مەسەلەی دیکە، یانیش بریتیە لەگەیشتن بەبڕیارێکی نوێی جیاواز لەو بڕیارانەی کەلێیان وەرگیراوە، بەڵام لەهەمان کاتدا پێویستن بۆی و بەندیشە بەوانەوە.

**بەلگەهێنانەوەی**
**گەیشتن بەئەنجام** **الاستدلال**
**البرهاني** **Inference deductive**

بەلگە هێنانەوە بۆ گەیشتن بەئەنجام لەلۆژیکدا دوو جۆرە:

1- بەلگە هێنانەوەی ڕاستەوخۆ (Immediate inference) کە ئەویش لێ تێگەیینە یان وەرگرتنە لەڕاستگۆیی یان درۆی مەسەلەیەك لەسەر بنچینەی بڕیاردان بەوەی کە ئەو مەسەلەیەی خراوەتە ڕوو ڕاستە یاخود درۆیە.

2- بەلگە هێنانەوەی ناڕاستەو خۆ (ژیرانە) (mediate inference) ئەویش گواستنەوەی بیرە (هزر) لەبڕیاردان بەڕاستگۆیی دوومەسەلەی (نزیك لەیەك) بۆ بڕیاردان بەڕاستگۆیی مەسەلەیەکی سێیەم (ئەنجام) واتە بڕیاردان لەسەر ڕاستگۆیی دەرئەنجام.

**بەلگاندنی هەڵێنجانی** **الاستدلال الاستقرائي** **Inference inductive**

بەلگە هێنانەوەی (ئیستقرائی) لەلۆژیکدا، بەلگەهێنانەوەی زانستیە، لەبنچینەشەدا پشت بەلێکۆڵینەوەی ئەزموونی لەڕاستگۆیی پێشەکیەکان دەبەستێت، ئەویش بە لێکۆڵینەوە لەئەندەکەکان (کەرت) و گەیشتن بەو یاسا گشتیەی کە دەسەڵاتی بەسەریدا دەبێت، دیارە ئەوەش بنچینەی میتۆدو لۆجیای زانستە سروشتیەکانە.

لەحالەتی پراکتیکردنی یاسای گشتی (بڕیاردانی گشتی) بەسەر بارە ئەندەکیەکە (بڕیاری بچووك) ئەوا بەلگاندنی بەراوردکارانە (mediate inference) بەکار دەهێنرێت.

**گرێی خۆبەکەم زانین** | **عُقدة النقص** | **Inferiority complex**

گرێی خۆ بەکەم زانین، یان (هەست بەبچووکی) (inferiority feeling) مەبەست لەم زاراوەیە، نوشستی هێنانی تاکە لەو هاندەرە خۆرسکیەی کەپاڵی پێوە دەنێت بۆ دەرکەوتن و زاڵبوون و باڵا دەستی کەسێتی، ئەگەر لەلایەن ژینگەوە بەرەو ڕووی ڕێگری بووەوە بۆ بەدەست هێنانی ئاواتەکانی.

**نەزۆکی** | **العُقم** | **Infertility**

نەزۆکی لای پیاو بەواتای بێ توانایی لەسەر پیتێن دێت، بەڵام لای ژن بەواتای بێ توانایی لەسەر منداڵ بوون دێت، بەهیچ جۆرێکیش پەیوەندی لەنێوان نەزۆکی و ڕەپ نەبوون (impotency) وەیان ساردی سیکسی لای ژن (frigidity) نیە. ڕەنگە ژن یان پیاو نەزۆك بن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاری سیکسی بەشێوەیەکی ئاسایی ئەنجام دەدەن.

**لاوازی**
**بێ هێزی** | **Infirmity**

**تەماشا بکە: پەککەوتوویی** | **Invalidity, disability**

**شایاندن چاکبوونەوە** | **Rehabilitation**

**هەڵاوسان**
**هەڵاوسانی دارایی** | **التَضَخُم** | **Inflation**

مەبەست لەم زاراوەیە، دروست بوونی دۆخێکە، یان ئاراستەیە کە بەهۆیەوە نرخەکان روو لەبەرز بوونەوە دەکەن، ئەویش بەهۆی بوونی خواستی زیاتر یاخود بوونی بەرهەمی زێدەو نەبوونی توانای خستنەڕووی بەشێوەیەکی فراوان.
هەڵاوسان بۆ زیادە رۆیی لەسەر خواست بۆ هەموو کاڵاو خزمەتگوزاریەکاندەگەڕێتەوە، یانیش بەهۆی بەزربوونەوەی تێچووەکان یان زیادە رۆیی لەخستنە رووی دراوودا روو دەدات.
هەڵاوسان واپێویست دەکات کە حکومەت هەستێت بەدانانی چەند مەرج و پێوەرێك لەسەر بەکاربردن، ئەویش بەهۆی چاودێریکردنی نرخەکان و بەسیستەم کردنی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان بەپێی پسولەهەڵاوسان زیان بەوانە دەگەێنێت کەداهاتێکی دیاریکراوو جێگیریان هەیە، وەك فەرمانبەرو کرێکاران و موچە خۆران، کەدواتر دیاردەکە دەبێتە هۆی دابەزینی داهاتی راستەقینەیان.

**کارتێکردن**
**دەست رۆیی** | **التأثیر**
**النفوذ** | **Influence**

دەسترۆیی یەك لەجۆرەکانی دەسەڵاتە، کەبەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆو نارێك پێکدێت، ئەگەر تێگەیشتن بۆ دەسەڵات لەڕووی رەفتارییەوە وادەرکەوێت کەبریتی بێت لەملکەچی کەس و گروپەکان بەشێوەیەکی ئاشکراو یاخود شاراوە بۆ کەس و گروپی دیکە، ئەوا دەست رۆیی بەزۆری ئاماژەیە بۆ ئەو هەڵوێستانەی کەتێیدا ئەو دەسەڵاتە بەکار دەهێنرێت، بەڵام بەبێ زۆرداری یانیش دەرکردنی بڕیارە ئاشکراکان.
دەست رۆیی سنورێکی فراوانی هەیەو بەزۆریش بەسوودو بەکەڵك دەبێت بۆ گونجاندن و ڕاهاتنی سیستەمی حوکمڕانی بۆ رووداوو دیاردە سیاسییەکان.

**Informal structure** البناء غير الرسمي پێکهاتەی نافەرمی

لایەنێکە لەبونیادی ئەو ڕێکخستنەی کەبەهۆی پێش بینیە شاراوەکان دروست دەبێت، ئەوانی پەیوەندیان بەڕەفتارو بیرکردنەوەکان هەیە، یان بۆ کارلێکردنە کۆمەڵایەتیە خۆکردەکانی تاك و کۆمەڵ دەگەڕێتەوە.

ئەو سیستمەش کەوەسپ کرا بەوەی بزوێنەری بیروکراسیەتەکانە، لادانێك دەنوێنی لەنموونە ئایدیایەکەی بیروکراسیەت، کەتەنها پەیوەندییە وێنەییە ژیرەکان دەگرێتە خۆی.

**Information** المعلومات البيانية زانیاریەکان داتاکان

زاراوەکە بەزۆری بەکار دەهێنرێت دەربارەی ئەو لایەنانەی کەپەیوەندیان بەوزانیاری و راستیانە هەیە کە دەستمان دەکەون لەڕێگەی سەرنجدان یان تاقیکردنەوە یاخود فێربوون، ئەوانی لەبیروباوەڕو هزرو بۆچوونەکان جیاوازیان دەبێت.

ئەو زانیاریانە هەڵدەقوڵێن یان شۆڕ دەبنەوە لەڕێگەی چەند کەناڵێك یاخود ڕێگا جیاوازەکانی پەیوەندیکردن.

لەسالانی دوایدا بەکارهێنانی ئامێرەکان زۆر بوونە لەبواری کۆکردنەوەی زانیاری و چارەسەرکردن.

دەوترێت ..تیۆری زانیاریەکان (information theory) کەبەپێی ئەو تیۆرییە، ئەقلی مرۆڤ خاوەن سیستمێکی (سبرنیتیکا)ی زۆر ئالۆزە ئەو زانیاریانە وەردەگرێت و کۆگایان دەکات و چارەسەریشیان دەکات، کەلەجیهانی دەرەکیەوە پێی دەکات.

هەروەها دەوترێت، چارەسەری ئامێری بۆ ڕاگەیاندن (informatics) واتە پراکتیك کردنی شێوازە هونەریەکان ئەوانی، کۆگاکردنی زانیاریەکان و دواتریش بەکار هێنانیان بەرهەم دێنێت.

**Infrastructure** رأس المال الاجتماعي البناء الاسفل ژێرخان

مەبەست لەم زاراوەیە، هەموو ئەو شتانەی لەوڵاتدا هەیە، لەڕێگاو بان و هۆیەکانی گواستنەوەو هاتووچۆو سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی و زەو...هتد.

هەموو ئەوانەی یارمەتیدەر دەبن بۆ پێشکەوتنی پیشەسازی و بازرگانی.

**Infringe ment** المخالفة، خرق النظام الاخلال بالقانون سەرپێچی یاسا شکاندن

هەرکارێك، یان هەر قایل نەبوونێك بەکارێك، کە بەهۆیەوە خاوەنەکەی سەرپێچی لەو یاسایانە بکات کە بۆ پارێزگاری کردن لەسیستمی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی گشتی دانراوە.

**In group** جماعة النحن شعور الجماعة بذاتها گروپی نێوخۆیی گروپی تووندو تۆڵ

زاراوەیەکە لەلایەن (sum ner) بەکار هێنراوە، هاوتاشە بۆ زاراوەی (we- group)، ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ ئەوگروپەی کەبەپێی بیرو بۆچوونی ئەندامانی تەماشا دەکرێت و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت، نەك لەڕووی بیرو بۆچوونی گروپەکانی دیکەوە.

ئەندامانی ئەم گروپە، هەموویان هەست بەهاوکاری توونددی نێوان خۆیان دەکەن (we - feeling) بەهەموو ئەو هێزە هەڵچوون ئامێزو ڕاکێشانە توونددەی هەیەتی، دیارە ئەو حاڵەتەش تاك والیدەکات لە (ناوگروپ) (in-group) بێت و لەگروپە دەرەکیەکانی دیکە جیای بکاتەوە (group or out group others).

**Inheritance**

**میراتی** — **الميراث، التركة**

**بۆ ماوە** — **الوراثة**

لەرووی یاساییەوە بریتیە لەو قەرزو پاشماوە داراییانەی کەسی مردوو، کەلە رۆژی مردنیەوە دەگوازرێتەوە بۆ میراتگرانی، رێساو بنەماکانی میرات ئەو کەس و خزمانە دیاری دەکات کەپاشماوەی مردوویان بۆ دەگەڕێتەوە.

دەوترێت: میراتی کۆمەڵایەتی (social inheritance)، کەزاراوەیەکی وردنیە لەڕووی واتاوە ئاماژە بۆ گواستنەوەی داب و نەریتەکان دەکات، هەروەها دەوترێت: بۆ ماوەیی تاوان (inheritance criminality) واتە ئەو رەوت و ئارەزووە تاوانکاریانەی لەباوکەکانەوە بۆ منداڵان دەگوازرێنەوە.

**Inhibition**

**رێگەلێگرتن** — **المَنع**

**لەکارخستن** — **الردع**

چاودێرییەکی نیگەتیڤانەیە (ناڕاستەوخۆ) بۆ رێگرتن لەهەر ئارەزوو ئاراستەیەکی دیاریکراو لەرەفتاردا.

دیاردەکە لەهەستی ناوخۆی تاکەوە دەردەچێت، ئەگەرچی بەهۆی داب و نەریتەکان، یان مەحرەمەوە - تابو - (taboo) یاخود بەهۆی رێ و ڕەسمی رەفتاری، یانیش ئاین و یاساوە دروست دەبێت، ئەگەر تاك ئەو لایەنانەی پەسند کرد ئەوا رێگە لێگرتن بە جڵەو گیری (inhibitaion) دادەنرێت نەك یاساخکردن (prohibition).

دەوترێت: رێگە لێگرتنی کۆمەڵایەتی (social inhibition)، بۆ دامرکاندنەوەی ئەو رەفتارەی کەپێوەرو بەهاکانی کۆمەڵ دەیسەپێنن.

**Initiationrites**

**ئاهەنگە نەریتیەکان** — **شعائر التكريس**

**بۆنەکانی تەلقین دان** — **أو التلقين**

بریتیە لەچەند رەفتارو نەریتێك بۆ فێرکردن بەشێوەیەکی رێك و پێك، ئەویش بەمەبەستی تێکەڵکردنی هەرزەکاران لەژیانی کۆمەڵایەتیدا، دیارە ئەو رەفتارو نەریتانەش لەکۆمەڵگە سەرەتاییەکان کاریان پێدەکرێت.

زۆربەی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان گرینگیەکی تایبەت بەقۆناغی هەرزەکاری و بالغی دەدەن، بەتایبەتیش بۆ ڕەگەزی نێرینە، بۆیە ئاهەنگە ئاینیە تایبەتیەکان دەگێڕن بە مەبەستی شایاندن و ئامادەکردنی تاك بۆ ئەو ژیانە کەگەورەتر دەبن لەئایندەدا.

وەك باویشە لەو ئاهەنگانە چەند لاوێك لەیەك کاتدا پێی هەستن، ئەوانەش هەموو لەیەك تەمەندا دەبن.

لاوەکان لەمیانەی ئەو ئاهەنگ و رێ و ڕەسمانە بەرەو ڕووی زۆر لەدیاردەی ئەشکەنجەو ئێش و کارەسات و ناخۆشی دەبنەوە، وەك داماڵینی پێستی کەلەی سەر، یاخود تێچەقاندنی درك و دار یانیش فەلاقەکردن، یان ناچار کردنی گەنجان کەخۆراکی گەرم تارادەی سووتاندن بخۆن، ئەوەی چاوەڕوانیش دەکرێت لێیان کەبەرگەی ئەو کارە ناخۆشانە بگرن و بێ ئەوەی هەر جۆرە ناڕەزاییەك دەربڕن.

دیارە مەبەستیش لەهەموو ئەو کارانە، تاقیکردنەوەی هێزو بەرگەی تاکەو ڕاهێنان و ئامادەکردنیانیشە بۆ ژیانی سەختی پڕ ئازایەتی و گوزەران لەناو دارستانەکاندا.

ئەو جۆرە نەریت و ئاهەنگانە زۆربە بایەخەوە بەکاردەهێنرێن لەبارودۆخی پەیوەندیکردن بەگەلانی بیانی و کۆچکردن و دابەزینی ژمارەی دانشتوان، هەروەها لەهەڕەشەی نەمانی کولتوری کۆمەڵ، یان وەرگرتن و مژینی کولتورێکی بیانی.

سەرکردە تەمەن گەورەکان لەژێرفشاردا، ناچاردەبن کار بۆ مانەوەی هەستی کۆمەڵایەتی و نەریت بکەن، ئەویش بەفراوانکردنی کارکردن بەو ئاهەنگ و نەریتانە، چونکە تەنها بەو هۆکارە دەکرێ میراتی کۆمەڵایەتی درێژەی پێ بدرێت.

**Initiative** — المبادأة — دەست پێشخەری / دەست پێکردن

واتە بەهۆی هاندانێکی ئارەزو لەسەرو باوەڕێکی سەربەخۆییانە، تاك بەكارێك یان زنجیرە كاروبارێك هەستێت، بەتایبەتیش لەبواری كۆمەڵایەتی ئەگەر ئەوكارەشی داهێنانە بێت یان نەبێت.
ڕەنگە دەست پێشخەرییەكە بەرادەیەك پێداگیری لەگەڵدابێت كەمرۆڤ هەموو وزەو تواناكانی خۆی چڕ بكاتەوە بۆ جێبەجێكردنی خودی ئامانجێك كەبەلایەوە گرینگەو هیچ چاری نیە دەبێت دەست بەرداری نەبێت و كار بكات بۆ ئەوەی پێیْ بگات تا ئەگەر لەپێناویدا خۆشی بەخت كردبێ.

**Injunction** — الأمر القضائي — فەرمانی دادوەری

بڕیارێكە لەلایەن كەسێكی خاوەن دەسەڵات لەدادگایەكی تایبەتیەوە دەردەچێت بۆ كەسێكی ناسراو، ئەو بڕیارە پابەندی دەكات كە هەڵنەسێت بەكارێك و زیان بە كەسی سكاكار بگەینێت، یان كارەكەی ستەم و خراپەكاری هەڵبگرێت.
بەزۆریش خاوەن بەرژەوەندی و كاروبارەكان بەوكارە هەڵدەستن بۆ ڕێگرتن لەخۆپیشاندانی كرێكاران.

**Injury** — الأصابة / الضرر — زام / زیان

زیانێكی مەدەنیانەیە، تووشی كەسێك دەبێت لەلەشی یان لەسامان و سەرمایەی، ئەو كارەش ڕێگا بەكەسی زیان لێكەوتوو دەدات كەداوا لەكەسی زیان بەخشی بكات بۆ قەرەبوو كردنەوەی.

**Accident labour** — تەماشا بكە: زیانی كار

**Innovation** — الابداع / الاستحداث — داهێنان / نوێكاری

واتە هەر توخمێكی ڕۆشنبیری نویْ، لەهەر دوو حاڵەتی ڕۆشنبیری مادی و ڕۆشنبیری نامادی، ئەو توخمە نوێیەش بەشێوەیەك بێت كەجیاوازی جۆرایەتی تێدا هەبێت لەگەڵ ئەو شێوانەی كەهەیە، هەروەها دۆزینەوەو داهێنان بگرێتەخۆی، یارمەتدەریش بێت لەسەر داهێنان و پەیوەندیكردنی ڕۆشنیری.
ڕەنگە مەبەست لەم زاراوەیە نوێكاریش بێت، واتە دەرچوون بێت لەو بارودۆخە باوەو خۆگونجاندنیش بێت لەگەڵ هەلۆیستە گۆڕاوەكە، ئەمەو ڕەنگە ئەو ئاراستەیە بەرەو ڕووی بەرهەڵستی ببێتەوە لەلایەن چەند رەگەزو توخمێكی كۆنەپارێز.
(جوزیف شومبیتەر) بۆ چوونی وایە كەنوێكاری و داهێنان هەردووكیان دوو گرینگترین خەسلەتەكانی كەسی ڕێكخەرە لەپرۆژە جیاوازەكاندا، لەبەر ئەوەی هەڵدەسێت بەدەرهێنانی بەرهەمە نوێیەكان و دوو دڵیش نیە لەبەكار هێنانی شێوازە نوێیەكانی بەرهەم هێنان و هەر جۆرە شتێكی دیكە لەم بارەوە.

**Input andoutput analysis** — تحليل المُدخَلات والمُخرجات — شیكردنەوەی هاویشتووەكان و دەرهێنراوەكان

ڕێگایەكە بۆ پێوانەكردنی تێكڕای داهاتی نەتەوەیی، شیكردنەوەكە هەڵدەسێت بە دەست نیشانكردنی ئەو بابەتە پیشەسازییانەی كراون لەلایەكەوە، هەروەها داواكاری كۆتایی لەسەر بەرهەمەكانی ئەو پیشەسازییە لەلایەكی دیكەوە، ئەویش لەماوەیەكی دیاریكراودا.
لێرەدا پێویستە داهات یەكسان بێت لەگەڵ خەرجكراوەكان، هەروەها وەبەرهێنراوەكان لەگەڵ پاشەكەوت كراوەكان.

لێپرسینەوە — التحري — **Inquiry**

لێکۆڵینەوە — التحقیق

گەڕان و لێکۆڵینەوە بەدوای ڕاستیەك. لەیاسادا لێکۆڵینەوە بەمانای پشکنین لەڕاستی و لەدروستی ڕووداوەکان دێت کەلەمیانەی دادگایی کردنەکە خراوەتەڕوو، بەهۆیانەوەش دادوەران بەرچاویان ڕوون دەبێتەوە بۆ بڕیاردان ئەگەر ڕاستیان سەلێنرا.

تەماشا بکە: پشکنین، لێکۆڵینەوە — **Investigation**

شێتی — الجنون — **insanity**

نەمانی ئەقل یان تێکچوونی، زاراوەکە بەتایبەتی لەبواری پزیشکی یاسایی بەکار دەهێنرێت، بێ ئەوەی بەوردی ماناکەی دیاری بکرێت.

زاراوەکە هەندێ جار ناتەواوی ئەقلی بۆ ماوەیی دەگەینێت، یاخود نەمانی هێزو توانا ئەقلیەکان کەپێشتر بوونیان هەبووە، بەجۆرێك لەهەردوو باردا ئەو کەسە بەرپرس نابێت لەبەرامبەر کردەوەکانی.

شێتی هاوتای ..نەخۆشی دەروونیە (psychosis) لەپزیشکی دەروونیدا.

نەمانی ئاسایش — انعدام الأمن — **Insecurity**

مەترسی

بارێکە لەناسەقامگیری هۆیەکانی گوزەران، وەك دابەزینی داهات و بێکاری و نەخۆشی و پیری.

لەدەروونناسیدا، دەوترێت نەبوونی دڵنیایی (insecure) بەو کەسەی کەهەستی دڵەڕاوکێ و نەبوونی متمانەو هەڕەشەو ترس دایدەگرێت، ئەو جۆرە کەسانە پەنا بۆ ڕەفتاری خۆکشانەوەو پاشگەز بوونەوە دەبن، ئەوانە توانای دروستکردنی پەیوەندییە دروستەکانیان نابێت لەگەڵ کەسانی دیکە، ئەویش بەهۆی کەم متمانەیی بەخودو بەکەسانی دیکە.

تیژ بینی — الاستبصار — **Insight**

توانای تێگەیشتن — التبصر

مەبەست لەم زاراوەیە، گەیشتنە بەپەیوەندییەکی مەبەستدار (تێگەیشتوانە) لەنێوان بەشەجیاوازەکانی هەڵوێستەکە (دیاردەکە)، ئەوەش بەمانای گەیشتنە بەشێوەیەکی خۆکردانە بەبیرۆکەیەکی نوێ، یان دووبارە ڕێکخستنەوەی هەڵوێستێك ئەگەر تەنها لەمێشکیشدا بێت بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراودا دێت.

لەدەروونناسیدا مەبەست لەتیژبینی، درك پێکردنی نەخۆشە بەباری نەخۆشیەکەی و پاڵنەرەکانی هەروەها لەوە تێبگات کەحالەتەکە هۆیەکانی هی ئێستا نیە بەڵکو بۆ چەند هۆیەکی رابردوو دەگەڕێتەوە کەکاریگەرییان نەماوە.

پێش بینی، لێکدانەوە — **Cf: foresight**

پشکنین — ١– التفتیش — **Inspection**

پرۆسەی پشکنین بەیەك لەدیاردەکانی جێبەجێکردنی یاسا دادەنرێت، لەبەر ئەوەی چالاکیەکانی حکومەت پەلی کێشاوە بۆ ناو زۆر بواری وەك پشکنین لەکالاو کەل و پەلەکان، یان خانوو بەرەکان یاخود پرۆسەکانی پیشە سازی و بازرگانی و زۆر بواری دیکەش کەڕەنگە پشت گوێ خستنیان بێ چاودێری ببێتە هۆی گەیاندنی بەبەرژەوەندییەکانی جەماوەر.

پشـكنین لـەڕووی كـارگێڕی و ڕێكخسـتنەوە بەیـەك لـەهۆكارەكانی چـاودێری لەسـەر ئـەرك بەجێگەیانـدن و دۆزینـەوەی كەموكورتیەكان دادەنرێت، هەروەها دڵنیابوون لەجێبەجێكردنی كارەكە بەپێی پلانە دانراوەكە.

گەڕان و پاككردنەوە ٢- التمحیص، الفحص

واتـە پشـكنینی شـتەكان یـان بابەتـەكان پشـكنینێكی ورد، هـەر لـەم بـارەوە دەوترێـت: پوخـت و بـژاركردنی ڕەخنەگرانـە (critical inspection).

هەروەها لەبواری بەرهەمهێنانی پیشەسازی، مەبەست لەزاراوەی گەڕان و پاككردنەوە، ئەو كـارەی پەیوەسـتە بەپەسـندكردنی یان نەكردنی، بڕێكی دیاریكراو لەبەرهەم هێنان، ئەویش لەبەر ڕۆشنایی وەسف و مەرجە دانراوەكان.

نەبوونی ئاسودەیی و سەقامیگری كۆمەڵایەتی عدم الاستقرارالاجتماعي **Instability, social**

تەماشا بكە: **Socialin Stability**

غەریزە الغریزة **Instinct**

ڕەمەك

پاڵنەرێكی زیندووی بنچینەییە بۆ چالاكی بوونەوەری زیندوو، بۆ ئەوەی پارێزگاری لەمانـەوەی خۆی بكات و پێداویستیەكانی بـەدی بهێنێ، ئەویش بەخواست و نزیك بوونەوە لەو شتانەی لەبارن، دووركەوتنەوەش لەوانی مەترسیدارن.

غەریزە وەسف دەكرێت بەوەی:

- جۆرایە تیە، واتە یەك شتە بۆ هەموو تاكەكانی جۆرێك، كە لەیەك ڕەگەزیشن.
- خۆڕسك و سەربەخۆیە لەهەر تاقیكردنەوەیەك.
- گوێڕانەیە ئاگای لەو ئامانجە نیە كە جێبەجێی دەكات.

دامەزراوەیی النزعة النظامیة **Institutionalism**

كاری سیستمی

واتە: پابەند بوون بەو سیستم و یاسایانەی كەلەكۆمەڵگادا بوونیان هەیە.

سیستمە كۆمەڵایەتیەكان ١- النظم الاجتماعیة **Insititutions**

فەرهەنگە كۆمەڵایەتیەكان

ئەو بارو دۆخەیە كەكۆمەڵگە لەسەری ڕاهاتووە بۆ ڕێكخستنی پەیوەندییەكانی نێوان تاكـەكانی، لـەكاروبارە جیاوازەكانیانـدا، ئەوانیش شێوازەكانی بیركردنـەوەو كـاركردنن، كـە دروسـت بوونیـان و پەیـدابوونیان، دەكەوێتـە پـێش بـوونی تاكـەكان (بـەو شێوەی كەتاكن).

ئەو كاروبارانە كۆمەڵگە دەیانخوڵقێنێ و تاكەكانیشی پابەند دەكـات، كەملكـەچ و گوێڕایـەڵی بـن، لەبـەر ئـەوەی لەكۆڵەكـەكانی كەلەپوری كۆمەڵایەتین.

لەوكاروبارانەش: سیستمەكانی هاوسەرگیری و پەروەردەو فێربوون و دەسەڵات و ئابوری...هتد.

دامەزراوەکان ٢ – المؤسسات

دامەزراوە کەسێکی مەعنەوییە (ڕەچاوکراوە) دروست دەبێت بەهۆی تەرخان کردنی بڕەپارەیەك بۆماوەیەکی نادیاریکراو و بۆ کارێك کەهەڵگری مۆرکێکی مرۆڤایەتی یان ئاینی یاخود زانستی و یانیش هونەرییە، یان ئەوەتا بۆ هەر کارێك بێت لە کارەکانی چاکەو بەرژەوەندی گشتی، بەڵام بێ ئەوەی مەبەستی قازانجی مادی بێت.

دەوترێت: چاودێری بەهۆی دامەزراوەکان، واتە ئەو چاودێرییەی کەلە ناو دامەزراوەکانەوە پێشکەش دەکرێت لەبوارەکانی تەندروستی و کۆمەڵایەتییەوە.

هەروەها دەوترێت چاودێری لەدەرەوەی دامەزراوەکان، واتە پێشکەشکردنی یارمەتیەك کەتاك پێویستی پێی دەبێت، بێ ئەوەی پێویست بەمانەوەی بکات لەناو دامەزراوەکە.

دانانی یاساکان وضع الانظمة

پێکهاتەی سیستمی التكوين النظامي Institutionalization

پەرەسەندنی چەند شێوازێکی جێگیر بۆ کارلێکردنی کۆمەڵایەتی، ئەوانی پشت بەچەند ڕێساو بنەمایەکی ڕەسمی و یاساو نەریتە کۆمەڵایەتیەکان دەبەستن.

پێکهاتەی سیستمی وادەکات کەپێش بینی کردن بەرەفتاری کۆمەڵایەتی لەتوانادا بێت، ئەویش لەمیانەی دیاریکردنی ڕەفتارە چاوەڕوانکراوەکە کەبەدیاردەیەکی شەرعی دادەنرێت بەپێی چەند ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا.

ئەمەو، پێکهاتەی سیستمی پەیوەست دەبێت بەسیستمێکی سزادانەوە، کە چەند سزایەك بۆ هەر ڕەفتارێك دەست نیشان دەکات، ئەوانی لەبنەماکانی پێکهاتەی سیستمی لابدەن.

فێرکردن التعليم Instruction

پەروەردە کردن

تەماشا بکە: پەروەردە education

فەلسەفەی ئامێرگەری الذرائعية

ڕەوتی ئامێرخوازی الوسائلية Instrumentalism

ڕێبازێکی کار راییکردنە لەتیوری زانیندا، تێیدا زاراوەکان ئەندێشەکان، بیروباوەڕەکان، هەموو ئەوانە بەئامراز یان هۆکار دادەنرێن بۆ گۆڕینی هەڵوێستێکی نادیاریکراو بۆ هەڵوێستێکی دیاریکراو.

بەو شێوەیە، ڕاستی بوونی نابێت تەنها کاتێ قابیلی بەکار هێنان دەبێت و بەو شێوەی لەکۆتایدا دەبێتە هۆکاری زۆربوونی خۆشی و شادی تاك یان کۆمەڵگە.

تەماشا بکە: پراگماتیزم Cf. pragamatism

دڵنیایی کۆمەڵایەتی التأمين الاجتماعي Insurance, social

بیمەی کۆمەڵایەتی

تەماشا بکە: Social insurance

**یاخی بوون** | **التَمرّد** | **Insurrection**

ئەم زاراوەیە بەکار دەهێنرێت بەبێ لێ وردبوونەوە لەگەڵ زاراوەکانی (شۆڕش) (revolution) و هەڵگەڕانەوە (rebllion) وەك ئاماژەیەك بۆ بەرهەڵستیەکی چەکدارانەی دژ بەحکومەت.

لادان و راپەڕینی تاکەکان بەشێوەیەکی گشتی دژی دەوڵەت بۆ روودانی گۆڕینێکی بنەڕەتی لەو سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی هەیە لەسەرانسەری وڵات بە شۆڕش دادەنرێت، لەکاتێکدا زاراوەی هەڵگەرانەوە بەزۆری بەو هەوڵانە دەوترێت کەبەشێك لەپیاوانی دەوڵەت پێی هەڵدەستن دژی بەشەکەی دیکە.

بەڵام یاخی بوون (insurrection) وەك باوە، بەو بزووتنەوە بچووکانە دەوترێت کەسنورو ئامانجەکانیان بچووکترن لەوانی لەسەرەوە باسمان کرد.

**شۆڕشگێر، یاخی بوو** | **Ana: insurgency**

**تەواوکاری**
**تێکەڵکاری** | **التكامل** | **Integration**

تەواوکاری بریتیە لەبەیەك بەستنەوەی بەشەکانی بوونەوەری زیندوو، یان پەیوەندی نێوان بەشەکانی کۆمەڵگە، واتە وەستان و پشت بەستنی هەندێکیان لەسەر هەندێك.

لەئەنثروپۆلۆجیا مەبەست لەتەواوکاری فەرمانی، رێکخستنی رووە زەروورییەکانی چالاکیە، کەئەویش سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان جیاواز دەکاتەوە.

لەدیدی (sumner) تەواوکاری، دەبێتە هۆی خولقاندنی هاوسەنگی کولتوری بەڵام تەواو کاری سیاسی، بریتیە لەو یەکگرتوویی‌یەی کەلەکۆمەڵگەدا باو دەبێت لەڕووی سیاسییەوە، ئەوەش لەپلەیەکی بەرزی کارلێکردنی سیاسی لەئاڵ و گۆڕی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە دەردەکەوێت، لەئەنجامی رەزامەندی نەك زۆر لێکردن و زاڵبوون.

**تەماشا بکە: تەواوکاری کۆمەڵایەتی** | **Social integration**

**تەواوکاری ئابوری** | **التكامل الاقتصادي** | **Integration Economic**

تەواوکاری ئابوری، واتە چەند یەکەیەکی بەر هەمهێنان دێنە پاڵ یەکتر، ئەو کارەش بەمەبەستی پاشکەوتکردن و کەمکردنەوەی تێچووەکانی بەرهەم دەبێت یان بە ئامانجی دەست گرتن بەسەر بازاڕەکاندا.

تەواوکاری ئابوری دوو جۆری هەیە: تەواوکاری ستوونی و تەواوکاری ئاسۆیی.

تەواوکاری ستوونی: روودەدات کاتێ چەند پرۆژەیەك یەکدەگرن، ئەوانی لەچەند قۆناغێکی جیاوازدا لەپرۆسەی بەرهەم هێنانی کالایەك کار دەکەن، بەجۆرێك کارەکە کۆتایی دێت کە پرۆژە تەواو کاریەکە سەرپەرشتی بەسەر زیاتر لەیەکەیەك لەپرۆسەکانی بەرهەمهێنانی کەلو پەل و کالاکان بکات، ڕەنگە سەرپەرشتی هەموو پرۆسەکانیش بکات.

تەواوکاری ئاسۆیی: روودەدات کاتێ چەند پرۆژەیەك یەکدەگرن، کەهەموویان لەهەمان قۆناغی پرۆسەی بەرهەمهێنانی کالاکە کاردەکەن، دیارە ئەو حالەتەش دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی پرۆژە تەواو کاریەکە.

ئەنجامی‌ئەو پرۆسە تەواوکارییە، سوود وەرگرتن دەبێت لەخەسلەتەکانی بەرهەمهێنانی گەورە، یاخود ئەو داهاتە زۆرانەی بەهۆیەوە پەیدا دەبن، هەروەها کاریش دەکات لەسەر لەناوبردنی ئاسەوارە خراپەکان، ئەوانی لەئەنجامی رەکابەری لەنێوان پرۆژە هاو شێوەکان پەیدا دەبن.

بەڵام ئەو شێوازە دەبێتە هۆی پەیدابوونی جۆرێك لەپاوانکاری، یان دەستگرتن بەسەر بەرهەمهێنان و دابەشکردنی ئەو بەرهەمانەی دەرهاوێشتەی پرۆژەکانن، دیارە ئاکامی ئەو پاوانکارییەش بەزەرەر بۆ سەر بەکار هێنەرەکان دەگەڕێتەوە.

ڕەنگە تەواوکاری ئابوری لەنێوان چەند ئابورییەکی دەوڵەتە جیاوازەکانیشدا بێتەدی.

هەرزەکاری هزری | المراهقة الفکریة | **Intellectual adolescence**

بارێکە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە تێکۆشانی نیشتمانی بێ جووڵە بێت و خۆی لەچەند قالبێك، دەبینێتەوە کەڕێگا لەتوانای بەرپابوونی دەگرێت.

ڕەوتی (ڕێبازی) ئەقلگەرایی | المذهب العقلي | **Intellectualism**

بیروبۆ چوونێکە دەڵێت، زانین هەمووی تەنها لەبیرکردنەوە وەرگیراوە، کەدەبێت یەکەمایەتی هەبێت لەنێوان دیاردەکانی ڕەفتاری مرۆڤایەتی، زاراوەکە لەدەروونناسیدا ئاماژە بۆ ئەو تیۆرییە دەکات کە هەموو دیاردەکان بۆ کردارە ئەقلیەکان دەگەڕێنێتەوە.

لەبەرامبەر ئەم ئاراستەیە ڕێبازی دژی ڕەوتی ئەقلگەرایی دێت (anti intellectualism)، واتە ڕێبازی ویست، کە ئیرادە دەکاتە بنەمای یەکەم.

ڕێبازی ئەقلگەرایی | **Cf. retionalism**

بیرمەندان ڕووناکبیران | رجال الفِکر | **Intellectuals**

مەبەست ئەو کەسانەیە کە لەئەندامانی دیکەی کۆمەڵگە جیاواز دەکرێنەوە بەشارەزایی و ئاستی زانیارییان، ڕەنگە ئەوخەسلەتانەشیان بەهۆی خۆ ئامادەکردنەوە بەدەست هێنابێت، یان وەك پابەندییەك بەرامبەر ئەرك و پیشەکانیان کەپێویستی بە بەکارهێنانی ئەو جۆرە شارەزایی و زانیایانە دەکات.

زیرەکی ژیری | الذكاء | **intelligence**

واتە بوونی توانا لەسەر شیکردنەوەو پێکهێنان و جیاکاری و هەڵبژاردن، هەروەها توانا لەسەر ڕووبەڕوو بوونەوەی هەڵوێستە نوێیەکان بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە یان چارەسەرکردنی کێشە نوێیەکان، ئەویش بەداهێنانی هۆکاری لەبار بۆ ئەو دیاردانە.

جۆرەکانی زیرەکی لەیەك جیاواز دەکرێنەوە ئەویش بەپێوانەو بەراوردکردنی لەئاست جۆری کێشەکەو سروشتی هەموو هۆکارە بەکار هێنراوەکان.

لەم بوارەدا، زیرەکی تیۆری هەیە، ئەویش بوونی توانایە لەسەر چارەکردنی ماناو هێماکان، هەروەها زیرەکی کردەپیش هەیە، مەبەست لێی توانا لەسەر چارەسەرکردنی شتەکان دەگەیێنێ، زیرەکی کۆمەڵایەتیش هەیە کەمەبەست لێی توانای کەسەکانە لەچارە سەرکردنی هەڵوێستە کۆمەڵایەتیەکان.

تەماشا بکە: ڕێبازی ئەقلی | **Intellectualism**

دژە ڕێبازی ئەقلی | **Anti intellectualism**

توێژی ڕۆشنبیران | الصفوة المثقفة | **Initelligentsia**

پوختەیەکی بژاردەی نزیك لەناوەندەکانی دەسەڵاتە، یان بژاردەیەکی نووسەران و خاوەن پێگە ڕۆشنبیرییەکانە کە، ئەو مافەیان بەخۆیانداوە.

بێگومان گروپێکی بەم جۆرە، تایبەتمەندی و خەسڵەتی کەسایەتی جیاوازیان دەبێت، بگرە لەهەندێ باردا، تاڕادەیەك دەستڕۆیی سیاسی و کۆمەڵایەتیشیان دەبێت.

کۆمۆنیستەکان زاراوەکە بەکار دەهێنن بۆ ناساندنی چینە ڕۆشنبیرە بورجوازییەکان لەوڵاتانی سەرمایەداریدا.

کارلێکی ئاڵ و گۆڕ — التفاعل المتبادل — **Interaction**

کارلەیەککردن

پەیوەندییەکە لەنێوان دوو گروپ لەهەر جۆرێکدا بێت، بەجۆرێك کارلێکردنی هەریەکەیان تاڕادەیەکی بچووك، کارلێکردنی ئەوی دیکە دیاریدەکات.

کارلێکخوازی — التفاعلية — **Interactionism**

یەك لەتیۆرییەکانی دەروونناسیە، پەیوەندی دەروون بەلەشەوە ڕاڤە دەکات و باس لەکارلێکردنی ئاڵوگۆڕی نێوان دەروون و لەش دەکات کەهەردووکیان لە پێکهاتەی مرۆڤایەتی یەکیان گرتووە.

پشت بەیەك بەستن — ١- التساند — **Interdependence**

هاوبەندی — التكافل

واتە، پەیوەندییەکانی نێوان یەکە کۆمەڵایەتیەکان لەکات و شوێن و جۆردا.

پەیوەندییە — ٢- العلاقات المتبادلة

ئاڵ و گۆڕەکان

ئەو پەیوەندییانەیە کە هەندێکیان لەسەر هەندێك دەوەستن، وەك پەیوەندییە ئاڵ و گۆڕەکانی نێوان دەوڵەتەکان لەبوارە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان.

حەز — ١- الميل — **Interest**

بایەخپێدان — الاهتمام

لەدەروونناسیدا، مەبەست لەزاراوەی حەز (لایەنگری) ئاراستەی تاکە، بەچڕکردنەوەی سەرنجدانیەتی بەرەو کەسێك یان بابەتێك یاخود بیرکردنەوەیەکی دیاریکراو، ئەو ئاراستەیەش (یاخود ئەو حەزە) شێوازێکی ویژدانی وەردەگرێت.
مەبەستیش لەتیۆریی بایەخدان (interest theory) لەفێربووندا، فێربوون ناکرێ بێتەدی بەبێ بایەخپێدان، بۆیە پێویست دەکات ئەو حاڵەتەی لای خوێندکار (بایەخپێدانی) ڕۆڵێکی گەورەی هەبێت لەڕوونکردنەوەو بڕیاردان لەسەر ناوەرۆکی فێربوون و بەرنامەکانی، ئەوەندەی پەیوەندی بەقۆناغەجیاوازەکانی گەشەکردن هەبێت.

بەرژەوەندی — ٢- المصلحة

ئەو شتە یان ئەو حاڵەتەیە کەتاك یاخود کۆمەڵ سوودێکی تێدا بەدیدەکات، وەك: بەرژەوەندی چین (class interest)بەرژەوەندی کۆمەڵ (group interest) هەروەها بەرژەوەندی گشتی (group interest public or common interest).

سوود — ٣- الفائدة

بڕە پارەیەکە بەرامبەر بەکارهێنانی سەرمایە دەدرێت، لەبارێکی ئاساییدا، بە ڕێژەی سەدی (نرخی سوود) گوزارشتی لێدەکرێت.

گروپەکانی بەرژەوەندی | جماعة أصحاب المصالح | **Interst groups**

چەند گروپێکی ئارەزوومەندانەیە پێکدێن لەچەند تاکێك و دەچنە پاڵ یەك بۆ بەرگریکردن لەبەرژەوەندییەکانیان. چینە کۆمەڵایەتیە بەهێزەکان و تائیفە و کۆمپانیا بازرگانیەکان و جۆری دیکەش..هەموو ئەوانە ناوکە سەرەتاییەکەی گروپەکانی خاوەن بەرژەوەندی پێکدێنن.

هاوسەرگیری تێکەڵاو | الزواج المختلط | **Inter marriage**
هاوسەرگیری خوێن | الزواج اللحمي

هاوسەرگیری نێوان چەند کەسانێکی دوو کۆمەڵ یان دوو توێژی جیاواز لەڕووی ئاین یاخود ڕەچەڵەکەوە، لەئەگەرێکدا ئەندامانی یەك لەو دوو کۆمەڵە یانیش هەردوولایان، هاوسەرگیریان لاپەسەند نەبوو لەگەڵ یەکتر تاڕادەیەك ئەوا لەم بارەدا کێشەو کۆسپ لەنێوان ژن و مێرد، یان لەنێوان هەردوو کۆمەڵەکە یاخود لەنێوان هەردوو بنەماڵە دروست دەبێت.

گروپی نابەردەوام | الجماعة غير المستمرة | **Intermittent group**

ئەو گروپەیە کە ئەندامانی لەماوەی بەدوایەکدا یان لەچەند کاتێکی درێژخایەن چاویان بەیەك دەکەوێت، بەڵام ئەوانە لە ماوەکانی دابرانیشدا لەکارکردن هەر بەردەوام دەبن.

پیشەسازی نابەردەوام | الصناعة غير المستمرة | **Intermittent Industry**

پیشەسازییەکە بەشێوەیەکی نارێك و پێك بەڕێوە دەچێت و کاریش تێیدا ماوە ماوە دەوەستێت.

مردووناشتن | الدفن | **Interment**

تەماشا بکە: مردوو ناشتن | **Burial**

کۆچی ناوخۆیی | الهجرة الداخلية | **Internal Migration**

مەبەست لەم زاراوەیە، ئەو کۆچکردنەیە کەزیاتر دانشتوانی دیهاتەکان روو لە شارەکان دەکەن، بەهۆی چەند هەل و مەرجێکیهاندەرو بەکێش بەرەوشار.
کۆچکردنی ناوخۆ باوترین کۆچە لەبەرئاسانی جولەکردن و ڕۆیشتن لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکەو لەئەنجامی بڵاوبوونەوەی ڕێگاکانی هاتووچۆ لەنێوان شارو گوندەکان، هەروەها کەمی خەرجیەکانی ئەو دیاردەیە.
ڕەنگە کۆچکردن لەگوندەوە بەرەوشار ناچاری بێت، ئەویش بۆ خزمەتکردنی سەربازی یان ئیش و کاری فەرمانبەرێتی، یاخود دەکرێ بەئارەزوو یان بەویست بێت، ئەویش بەمەبەستی گەڕان بەدوای کارو گوزەراندا، ئەمەو دەکرێ ئەو کۆچەکاتی بێت یاخود بەردەوام.

سیستمی ناوخۆیی | النسق الداخلي | **Internal System**

زاراوەکـە بـەکاردەهێنرێت بـۆ شـیکردنەوەی گروپـەکان و ڕێکخسـتنی چـالاکیە کۆمەڵایەتیـەکان و سـۆزو کارلێکردنـە ئاراستەکراوەکان بەرەو ئەندامانی خودی گروپەکە، واتە ڕێکخستنی ئاراستەو ڕەفتارەکانی هەندێکیان بەرەو هەندێك.
هەردوو یاسای ناوخۆیی و یاسای دەرەکی، بەیەکەوە سیستمی هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن.

بازرگانی ناوخۆیی **Internal trade**

تەماشا بکە : بازرگانی **Trade**

کردن بەبەشێك لەخۆ بەدەروونی کردن | اضفاء الصفة الذاتية استدماج المعايير | **Internalization**

ڕازی بوونی تاك بەئاراستەو بیروباوەڕو ئەو بەهایانەی کەتاکێکی دیکە یان گروپێکی دیکە باوەڕی پێیان هەیـە وەك بەشـێك لەخودی خۆی، بونیادی کەسێتی بەشێوەیەکی بنچینەیی پێکدێت لەمیانەی یەکگرتنی تاك لەگـەڵ ئـەوانی گـرینگ و خـاوەن پێگەن (تاك کۆمەڵ) هەروەها خەسڵەتی خودیش بخرێتە سەر پێوەرەکانیان و ڕازی نەبوون بە پێوەرە نەرێنیـەکانی گروپـە سەرچاوەییە دەسەڵاتدارەکان.
زاراوەی مژین و هەڵچنینی پێوەرەکـان (introjection) هاوتـای زاراوەی (internalization)نیـە، لەبـەر ئـەوەی زاراوەی دووەم ئاماژەیە بۆ پێکهاتنی خودو ڕاستکردنەوەی.

تەماشا بکە: سترکتوی کەسێتی **Personality structure**

ڕێککەوتنە نێو دەوڵەتیەکان | الاتفاقيات الدولية | **International agreements**

ئـەو ڕێککەوتنانـەی دەوڵـەتان لـەنێوان خۆیـان دەیبەسـتن بەمەبەسـتی ڕێکخسـتنی پەیوەندییـەکی یاسـایی نێـو دەوڵـەتی و دیاریکردنی ئەو نۆرم و ڕێسایانەی کە ئەو پەیوەندییە ملکەچیان دەبێت.
چەند نووسەرێك وا دەبینن کەزاراوەی پەیمانەکان (treaties) بەکار بهێنرێت بەشێوەیەکی تایبەت بۆ ڕێککەوتنـە گرینگـە نێو دەوڵەتیەکان، ئەوانی مۆرکێکی سیاسییان هەڵگرتووە، وەك پەیمانـەکانی (ئاشـتی) و پەیمانـەکانی دەوڵـەتانی هاوپـەیمان و ...لەو شێوانە. بەڵام ئەو کارو بارانەی دەوڵەتەکان ئیمزای لەسەر دەکەن لەکاروباری ناسیاسی، ئەوە پێیان دەوترێت ڕێکـەوتن (convention).

یاسای نێودەوڵەتی | القانون الدولي | **International law**

یاسـای نێـو دەوڵـەتی گشـتی، ئـەو یاسـایە، کۆمەڵـە بنـەماو ڕێسـایەك دەگرێتـە خـۆی کەپەیوەندییـەکانی نێـوان دەوڵـەتان ڕێکدەخات وماف و ئەرکەکانی هەرلایەکیان دیاری دەکات.
ڕێساو بنـەماکانی یاسای گشـتی نێـو دەوڵەتی لەبنچینەدا بایـەخ بـەخودی دەوڵـەتان دەدات، لایـەنی کەسـایەتی دەوڵەتەکـە ڕەچاودەکات، یاساکە ئەوە ڕووندەکاتەوە کەچۆن دەوڵەتان دامەزراون و چۆن لەناو دەچن، هەروەها ئەوەش ڕووندەکاتەوە کـە دەوڵەتان ماف و ئەرکەکانیان چیە لەبەرامبەر یەکترو ئەوەی پێویستە ڕەچاوکرێت بـۆ پاراسـتنی پەیوەنـدی نێوانیـان و چـی پێویستە پەنای بۆ ببرێت بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەو ململانێیانەی ڕوو دەدەن...سـەرەڕای ئـەوەی پەیوەنـدی بەقـەوارەی

سیاسی دەوڵەتەوە هەیە لەگەڵ دەسەڵات و هێزی دەرەکی و پێگەی لەکۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیدا.
بەڵام ڕێساو بنەماکانی یاسای نێو دەوڵەتی تایبەت، ئەویان پەیوەندی بە خودی دەولەتەکانەوە نیە، بەڵکو دەربارەی تاکەکانی دەوڵەتە جیاوازەکان دەبێت، دیاریکردنی ڕەگەزنامەکانیان و چۆنیەتی بەدەس هێنانی ڕەگەزنامەیەکی دیاریکراو و لەدەستدانی، هەروەها روونکردنەوەی ئەو یاسایەی پێویستە جێبەجێ بکرێت لەوبارەوە، ئەو دادگا تایبەتیەی لەو کێشەو داواکاریانە دەکۆڵێتەوە کەلایەنی بیانی تێدا بێت.

ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان المنظمات الدولية **International organizations**

ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان، لەلایەن چەند دەوڵەتێکەوە دادەمەزرێن بەپێی چەند پەیمانێك لەنێوان ئەو دەوڵەتانە، هەر بەپێی ئەو پەیمانانە چەندین دەسەڵاتی پسپۆڕی و تایبەت دەدرێتە ئەو ڕێکخراوانە.
ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان زۆرو جیاوازن، لەوانە ئەو ڕێکخراوە گشتیانەی کەچالاکی و دیاردەکانی پەیوەندییە نێو دەوڵەتیەکان دەگرێتە دەست، لەبوارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە، هەروەها ئەو ڕێکخراوانەی تایبەتن بە بەدیهێنانی هاوکاری لەنێوان خۆیاندا دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو یاخود دامەزراوەیەکی نێو دەوڵەتی دیاریکراو.

نەتەوەخوازی گێتێتی الدولّية **Internationalism**

بنەمایەکە ئاماژە بۆ گرینگی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێوان دەوڵەتان دەکات، بەشێوەیەك ڕەوتە نەتەوە خوازیەکە بەسەر ئەو کۆمەڵگە نەتەوەییانە بەرزبێتەوەو ملکەچی چاودێرییەکی باڵاش ببێتەوە.
ئامانجی نەتەوە خوازی چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانەیە کەلەنێوان دەوڵەتان دروست دەبن، ئەگەر هۆکارەکانی جوگرافی یان مێژوویی بن، هەروەها کارکردن بۆ چارەسەریان بەشێوەیەکی ئاشتیانەو بەرێگای دروست کردنی ڕێکخراوە هاوبەشەکان.
نەتەوەخوازی جیاوازی دەبێت لەزاراوەوچەمکی (جیهان خوازی) کۆزمۆپولیتزم (cosmopolitism)، یەکەمیان بریتیە لەسیستمێکی خاوەن چەندین ئامانجی بابەتی، لەکاتێکدا جیهان خوازی حاڵەتێکی خودییە بۆ ئەو ئاراستەیە دەگەڕێتەوە کە ئامانجی یەکگرتنی جۆری مرۆڤایەتیە، بەڵام بێ هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پەیوەندییەکانی بەش بەگشتەوە.
سۆسیالستیەکان بەجۆرێکی تایبەت ئاراستەی نەتەوەخوازیان پەیڕەوکردوەو کاریانیش لەسەر یەکگرتنی هێزە سۆسیالستەکان دەکرد، هەروەها ڕێکخستن لە نێوانیاندا بەئاڵ و گۆڕکردنی شارەزایی و زانیاریەکان.
بۆیە یەکەم ڕێکخراوی نێودەوڵەتیان دروست کرد لە (1864 1873) و دووەمیان لەنێوان (1881 1914) و سێیەم ڕێکخراوی نێو دەوڵەتیش لە (1919 1943) درێژەی کێشا.

بەجیهانی کردن التدويل **Internationalization**

مەبەست لەم زاراوەیە لەیاسای نێو دەوڵەتی گشتی، چەند ناوچەیەکی وەك: شار، ڕوبار، نۆکەند، بخرێتە ژێر دەسەڵاتی سیستمێکی بەڕێوەبردنی نێو دەوڵەتی، نموونە: ناوچەکانی دانزج، تەنجە، سار، راین.

گرتن خستنە زیندان الاعتقال، الحبس الحجز **Internment**

گرتنی کەسێك بۆ لێکۆڵینەوە یان دادگایی کردن بەهۆی تاوانێك کە تاوانبار کرا بێت پێی، یاخود لەبەر چەند هۆیەکی سیاسی وەك لەحاڵەتی جەنگدا راگیراوەکان دەخرێنە بەندیخانەی تایبەتەوە.
مەبەست لەبەرگریکردنی کۆمەڵایەتی، بەتەنها و جیا تەماشای ئەو سزایە بکرێت کە بەسەر تاوانبار دەسەپێنرێت (individualization of punishment) هەر بۆ ئەوەی ئەو بەجیاکردنەوەیەش لەتوانادا بێت، ئەوا ماوەیەك کەسی

زیندانی کراو بەتەنها دەبێت لەزیندانداا، لێکۆڵینەوە لەحاڵەتەکەی دەکرێت و لەوهۆیانە دەکۆڵرێتەوە کەپاڵی ناوە ئەو تاوانە ئەنجام بدات، ئەگەر ماوەی لێکۆڵینەوەکەش تەواو بوو، ئەوا پرەنسیپی بەجیاکردنەوەی بەتەنها پیادە دەکرێت بەجۆرێك کەلەتوانادا بێت، لەڕووی زیندانی کردنی تاوانبار بەتەنها یانیش تێکەڵکردنی لەگەڵ کەسانی دیکە بەپێی هەل و مەرجەکە.

**Ana: confinement and custody** خستنەبەندیخانە

**interpellation** الاستجواب لێپرسینەوە

یەك لەشێوازەکانی چاودێری پەرلەمانیە، ئەوەش بریتیە لەچەند پرسیارێك لەلایەن یەك لەئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە ئامادە دەکرێت و ئاراستەی حکومەت دەکرێت دەربارەی چۆنیەتی هەڵس و کەوت و بەڕێوەبردنی ئەو ئەرك و دەسەڵاتانەی پێی سپێردراوە، ئەگەر لەسەر پرسە تایبەتیەکان بێت یان گشتی.

ئامانجی ئەو کارەش لێپرسینەوەیە لەحکومەت دەربارەی رەفتاری لەو بوارەی کەپرسیارەکان گرتوویە تیەخۆی.

دیارە دەرگای گفتوگۆش دەربارەی بابەتەکە دەکرێتەوەو گوێ لەحکومەت دەگیرێت کەچی هەیە لەزانیاری و روونکردنەوە، هەروەها تێبینی و بیروڕاکانی ئەندامانی پەرلەمان یاخود ناڕەزاییەکان.

پاشان ئەنجومەنی نوێنەران بڕیاری خۆی دەردەکا بەڕازی بوون بەوکارو هەڵس و کەوتانەی حکومەت، یاخود بەناڕازی بوون.

**Interpersonal relations** العلاقات بین الاشخاص پەیوەندییەکانی نێوان کەسەکان

ئەو پەیوەندییانەی لەنێوان کەسێك و یەکێکی دیکە دروست دەبێت لەڕێگەی درك پێکردن و نرخاندن وتێگەیشتن و شێوازەکانی بەدەنگەوە هاتن.

تێگەیشتن لەبارودۆخی کەسێك لەتوانادا نابێت، تەنها بەهۆی ئەوەی کە خۆی باسی بکات بۆ کەسانی دیکەو دواتریش باسکردنی حاڵەتەکەی لەلایەن ئەو کەسانەوە.

پەیوەندییەکانی نێوان کەسەکان دەبنە هۆی پێکهاتنی تۆڕە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان، لەو بارەدا گروپ وەك دیاردەیەکی بزوێنەری سوسیۆلۆجی دەردەکەوێت نەك تەنها وەك کۆمەڵە تاکێك.

کۆمەڵناسان گرینگی دەدەن بەدیاریکردنی جۆرو پلەو ئاراستەو حەزو رادەی پەیوەندییەکانی نێوان کەسەکان، پێوانەکردنی دیاردەی پەیوەندییەکانی نێوان کەسەکان لەو پێوەرە کۆمەڵایەتیە (sociomebry) دەبینین کە لەرەفتاری هەڵبژاردن یاخود جیاکاری و شێوازەکانی ڕاکێشان و دلگیری دەکۆڵێتەوە، یانیش لەدیاردەی دوورکەوتنەوەو ناحەزی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ.

**Interpretation** التأویل لێکدانەوە

ڕێگایەکە دەبێتە هۆی هەڵگرتنی ناکۆکی و دژایەتی لەنێوان هەردوو رووی دیارو ناوەوەی گوتەکان.

چەند نووسەرێك راڤەکردن (explanation) و لێکدانەوە (interpretation) بەدوو زاراوەی هاوتا دادەنێن و بەکاری دەهێنن بۆ یەك مانا، بەڵام چەند نووسەرێکی دیکە بەئاشکرا لێکیان جودا دەکەنەوە، بۆیە ئەوانە وابڕیار دەدەن کەلێکدانەوەی کۆمەڵە زانیارییەك بەمانای ئەوە دێت کەهەستین بەهەوڵدانێك بۆ پێکهێنانی زانیاریەکان لەبەر رۆشنایی کۆمەڵە زاراوەیەکی بنچینەیی کە توێژەر باوەڕی پێی دەبێت، هەرچی بێت ئەنجامەکە.

لەبەر رۆشنایی ئەو پێناسایە دەکرێ بووترێت کەلێرەدا لێکدانەوەی مەسیحی و لێکدانەوەی مارکس و لێکدانەوەی فرۆیدی هەیە بۆ مێژوو...بۆیە دەتوانین لەدامەزراندنی چەند قوتابخانەیەکی هزری جیاواز بگەین کەچەند لێکدانەوەیەکی جیاواز بەکار دەهێنن.

**Inter state Migration** | الهجرة بين الولايات | کۆچی نێوان هەرێمەکان

**Internal migration** | تەماشا بکە: کۆچی ناوخۆیی

**Interstitial area** | منطقة الانتقال | ناوچەی گواستنەوە (جێگۆرکێ)

لەکۆمەڵگەی شارنشین، ئەو بوارەی دەکەوێتە نێوان دوو ناوچە، وەك ناوچەی بازرگانی تاك (بەش) و ناوچەی بازرگانی بەکۆ، ئەو بوارە خەسلەتەکانی ناوچە هاوسنوریەکان یان ئەو بوارەی دەکەوێتە نێوان ناوچەیەکی نیشتەجێی روو لەنەمان و پووکانەوە لەگەڵ ناوچەیەکی کاروباری روو لەفراوان بوونی لەسەرخۆ وەردەگرێت.

**Inter ventionism** | التدخل / التدخلية | دەست تێوەردان / دەست خستنە ناو

1- دەست خستنەناو، یان (بنەمای دەستێوەردانی) یاخود ئاراستەکردن، سیاسەتێکی ئابورییە دەکەوێتە نێوان رێبازی سۆسیالیزمی ورێبازی ئازاد لەسیاسەتدا.

ئەو بنەمایە داوای دەستیوەردانی دەوڵەت دەکات لەکاروباری ئابوری بەلام پێی باشە سیستمی خاوەنداریتی تاەیبەتیش بپارێزێت.

2- دەست خستنەناو لەزاراوە سیاسییەکاندا، بریتیە لەدەست تێوەردانی دەوڵەتێك لەکاروباری ناوخۆی یان دەرەکی دەوڵەتێکی دیکە، رەنگە ئەو کارەش جۆرو شێوەی زۆر وەربگرێت، لەوانە دەستێوەردانی دەوڵەتی دەسەلاتداری پارێزەر لەکاروباری دەرەکی دەوڵەتی پارێزراو، یاخود دەستێوەردانی دەوڵەتێکی بیانی لەکاروباری دەولەتێکی دیکە، ئەویش بەمەبەستی پارێزگاری لەبەرژەوەندییەکانی هاولاتیانی کەلەولاتێکی دیکە دەژین، یاخود هێرش بردنی سەربازی بۆ سەر ولاتێك لەحالەتی بەرگریکردن لەخود، یانیش چوونە پاڵ دەوڵەتێکی دیکە لەبواری سەربازییەوە، یان ئەو دەوڵەتانەی ئەندامن لەئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان کەبەکاری سەربازی هەستن، وەك جەنگ یاخود هەر کاروکردەوەیەکی دیکە بۆ کپ کردنەوەی چەند دیاردەیەکی پشێوی و ئاژاوە کەهەڕەشە لەئاستی جیهانی دەکەن.

دەست تێوەردان، دیاردەیەکە بە هەڵوەشاندنەوەی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێت، ئەگەر بیانووی نەبێت.

**Inter view diagnostic and treatment** | المقابلة التشخيصية والعلاجية | چاوپێکەوتن بۆ دەست نیشانکردن و چارەکردن

چاوپێکەوتن لەهونەری خزمەتکردنی تاك، ئەو کۆبوونەوە تایبەتە کۆمەلایەتیەیە کە لەگەڵ کەسی - نوێنەر پەیوەندار یان هەرکەسێکی دیکە رووبەروو ئەنجام دەدرێت.

دیارە ئەوەش شێوازێکە بەهۆیەوە ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکە دێتەدی، ئەویش بەرێگای ئاڵوگۆرکردنی ئەو زانیاریانەی پێویستن بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە، لەگەڵ کەسەکە، ئەوەش کارێکی گرینگە لەدەست نیشانکردن کە لەسەر بنچینەکەی پلانی چارەسەرکردن دادەنرێت، هەروەها یەك لەهۆیەکانی خودی دەست نیشانکردن و چارەسەرکردنە.

لێرەدا دوو جۆر چاو پێکەوتن هەیە: چاوپێکەوتنی ئاراستەکراو (directive interview)، واتە دیاریکردنی ئەو لایەنانەی زانیاریەکان دەربارەیان کۆ دەکرێتەوە بەهۆی گرینگیەوە.

هەروەها چاوپێکەوتنی ناڕاستەوخۆ هەیە (non- directive interview) لێرەدا ئازادی تەواو دەدرێت بەو کەسەی بەئەرکی چاوپێکەوتنەکە هەڵدەسێت بۆ کۆکردنەوەی ئەوی بەباشی دەزانێ لەزانیاریەکان.

| | | |
|---|---|---|
| چاوپێکەوتن بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی | المقابلة لاغراض البحث الاستبار | **Interview research** |

مەبەست ئەو گفتوگۆیەی لەنێوان ئەو کەسەی بەچاو پێکەوتنەکە (interviewer) هەڵدەستێ لەگەڵ ئەو کەسەی توێژینەوەکەی (interviewee) لەسەر ئەنجام دەدرێت، ئەویش بەمەبەستی گەیشتن بەو زانیاریانەی کە توێژینەوەکە پێویستی پێی دەبێت.

بۆیە ئەو جۆرە گفتوگۆیەی کەروودەدات جیاواز دەبێت لەگفتوگۆیەکی ئاسایی کەڕەنگە هیچ مەبەستێکی دیاریکراوی نەبێت.

چاوپێکەوتن زۆرترین ئەو هۆکارانەن کەبەکاردەهێنرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان لەبەشی زۆری زانستە مرۆڤایەتیەکان، ئەویش بەهۆی خەسلەت و جیاوازییە زۆرەکانی، هەروەها نەرمی و لەباری.

| | | |
|---|---|---|
| دۆستایەتی | المودة | **Intimacy** |

راهاتنی کەسێك لەگەڵ کەسێکی دیکەو نەمانی هەر جۆرە رێگرییەك لەنێوانیاندا، دۆستایەتی لەناو سیستمدا بریتیە لەجۆرە پەیوەندییەکی متمانە بەیەك کردن، بەلام ئەو متمانەیە جۆرێکی رێك و پێك وەردەگرێت، یان لەڕووی کۆمەلایەتیەوە رێکخراوەکە جیاوازیشی دەبێت لەو دۆستایەتیەی کەلەنێوان تاکێك وتاکێکدا هەیە.

لەدەروونناسیدا دەوترێت : بنەمای هۆگری و دڵسۆزی (principic of intimacy) مەبەست لەوەش کەشێوەکە یاخود گەشتالشت تەنها کۆکردنەوەیەك نیە کەڕەنگە چەند بەشێکی بسرێتەوە یانیش چەند بەشێکی دیکە بخرێتە سەری، بێ ئەوەی ئەو دیاردەیە ببێتە هۆی گۆڕینی گشت یان بەشەکانی دیکە، بەڵکو لە گەشتالت دا بەشەکان سەربەخۆ نین لەگشتدا، بەلام پشتی پێ دەبەستن و ئەویش پشت بەوان دەبەستێت.

| | |
|---|---|
| تەماشا بکە: هۆگری | **Familiarity** |

| | | |
|---|---|---|
| ناچارکردن، هەڕەشە ترساندن | الاکراه، التهدید التخویف | **Intimidaton** |

مەبەست لەزاراوەکە، تاك بکەوێتە ژێرباری زۆرداری و ترس، بۆ ئەوەی ناچار بێت کەبەکارێك هەستێت یان وازی لێ بهێنین.

لەیاسادا فشارو زۆر لێکردن مادی بێت یاخود ئەدەبی، دەبێتە هۆی پەیدابوونی ترس لەدەروونی کەسێك، بۆ ئەوەی ناچاری بکات کە بەگرێ بەستێك ڕازی بێت، ڕەنگە ویستیشی لەسەر هەبوو بێت بەلام ویستەکە ئازادانە نەبوو بێت، بۆیە گرێبەستەکە قابیلی هەڵوەشاندنەوەیە، بەلام ئەگەر زۆر لێکردن گەیشتە ڕادەی نەهێشتنی ویستێکی ئازادانە، ئەوا گرێ بەستەکە ناڕەوا دەبێت ناڕەواییەکی ڕەها.

| | | |
|---|---|---|
| مژین هەڵچنین ی پێوەرەکان | أمتصاص المعاییر | **Introjection** |

زنجیرە کردارێکە بەهۆیەوە تاك باوەڕ بەبیرو هزرو ڕەفتارو ئاراستەو ڕێبازو بەهاکان دەهێنێت، هەروەها چەندین خەسڵەتی دیکە کەتایبەتن بەچەند تاکێك یان گروپێك وەردەگرێت.

زاراوەی مژین (introjection) هاوتای زاراوەی خستنە پاڵ یاخود کردن بە بەشێك (internalization) نیە، لەبەر ئەوەی یەکەمیان سنوری تەسکترە، یاخود پرۆسەیەکی سەرەتاییە، تێیدا خەسڵەتە مژێنراوەکان ناگۆڕێن، یانیش گوێ رایەڵ نابن وەك بەشێك لەکەسێتی (خود) هەر چەندە کارتێکردنی لەسەر ڕەفتاردا دەبێت.

بۆیە مژین هەنگاوی یەکەم دەبێت بۆ هاتنەپاڵ و یەکگرتنی پێوەرەکان.

ڕق لێبوونەوە
دەمارگیری

Introlerance التعصب

Fanaticism

تەماشا بکە: توندڕەوی، دەمارگیری

دەروون پشکنین
رامان

Introspection التأمل الباطني
الاستبطان

رامان، یان دەروون پشکنین، واتە بیرکردنەوەی تاك لەوەی کەلەناو دەروونیدا روودەدات لە پرۆسە هەستیەکان، دیارە ئـەوەش میتـۆدێکی کلاسـیکیە بـۆ لێکۆڵینـەوە لـەدیاردە دەروونیـەکان، هـەروەها ڕێگـای رامـانی ئەزموونیشـە ( experimental introspection) .

لەدەروونناسیدا داوا لەتاك دەکرێت وەڵامی چەند پرسیارێك یان چـەند تاقیکردنەوەیـەك بداتـەوە، بـۆ ئـەوەی تێگەیشـتن بـۆ چۆنیەتی دۆخە دەروونیەکەی بگرێت، ئەویش لەمیانەی وەڵامدانەوەکەی بۆ ئەو ئەزموونانە.

کەنارگیری

Introversion الانطِواء

دیاردەیـەکی دەروونیـە، لەخەسـڵەت و تایبەتمەندییـەکانی ئـارەزوو لاینگـری تـاك بـۆ ئـەوەی رەفتارەکـەی بـەپێی هۆکـارە خودییەکان ئاراستە بکات، هەروەها دوورکەوتنەوە لەژیانی کۆمەڵایەتی.

کەسی گۆشەگیر ملکەچی چەند بنـەماو یاسایەکی رووت و توونـد دەبێت، بەزەحمـەتیش خـۆی دەگونجێنێـت و لـەو هـەل و مەرجەشدا شێوەی پەشیمانی و کشانەوەو خەیاڵ بەکاردێنێ، بەڵام بایەخیش بەتەندروستی خۆی دەدات.

هـەروەها مەبەسـت لەگۆشـەگیری گردبوونـەوەو بایەخـدانی کۆمـەڵ بـە خـودی خۆیـداو پشـت گـوێ خسـتنی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ کۆمەڵانی دیکە.

زەین ڕوونی

Intuition الحدس

مەبەست لەزاراوەکە، درك پێکردنی ئەقلە بۆ ئەو هێماگەریەی هەڵوێستێك دەیگرێتە خـۆی بـەبێ پشت بەسـتن بەشارەزایی پێشووتر، لەبەرامبەر ئەم زاراوەیەش، زاراوەی بەڵگە خوازی (inference) دێت.

دەوترێت: تیـۆری زەیـن روونـی (intuitionalism) کەیـەك لەتیۆرییـەکانی زانینـە، بـەپێی ئـەو تیۆرییـە: زەیـن چاکترین سەرچاوەی زانستەو بە هۆیەوە دەکرێ ئەو راستیانە بزانرێت کەلەسەررووی تاقیکردنەوەشدایە.

شاڵاو
هێرش کردن

Invasion الغزو

مەبەست لەم زاراوەیە لەکۆمەڵگەی شارستانی، ئارەزووی خەڵکی و هەندێ جار دامـەزراوەکانیش، بـۆ جێگـۆڕین لەناوەنـدێکی کۆمەڵایـەتی گونجـاو لەگـەڵ بارودۆخەکـەی بـەرەو ناوەنـدێکی کۆمەڵایـەتی دیکـەی جیـاواز لێـی، وەك جێگـۆڕینی هەنـدێ تاکـەکانی چـینێکی دیـاریکراو بـۆ گـەڕەکێك کـە شـوێنی نیشـتەجێبوونی چـینێکی دیکەیـە هـەروەها مەبەسـت لـەزاراوەی هێرشکردن لەبواری سیاسەتی نێودەوڵەتی، داگیر کردنی سوپای دەوڵەتێکی شەڕکەر بۆخاکی دەوڵەتێکی دیکە.

داهێنان

invention الاختراع

بەکار هێنانی ئەندێشەیە لەدانان و بەستنەوەی بیرۆکەو وێنەکان بەڕێگایەکی نوێی داهێنەرانە، بەجۆرێك مرۆڤ شتێکی نوێ دروست بکات کە پێشتر نەزانراوە، ئەگەر لەکولتوری مادیدا بێت یان نامادی.

زۆربـەی ئـەو داهێنانـەی کـەمرۆڤ پێـی گەیشـتوون لـەرابردوودا، ئەوانـە داهێنـانی خۆکردانـە یـان خـۆتێ هـەڵقولتێن (obtrusive) بوونە، چونکە مرۆڤی سەرەتایی، داهێنانی بەشتێکی سەپێنراوی زانیوە بەسەریدا.

بەڵام داهێنانە تازەکان، ئەوانە داهێنانی ئاراستە کراوو ئیرادین (volitional) بـەپێی پلانێکی هۆشـیارانەی جیـاواز، پشت بەستوو بەزانستی تازەدا دروست بوونە.

داهێنانەکان لەگەڵ جیاوازی و جۆراو جۆرییان، بەکارێکی زیادکراو بۆ سەر کولتوری نوێ دادەنرێن، دیارە ئەو دیاردەیە (واتە داهێنان) هۆکارێکی گرینگی گۆڕانی کۆمەڵایەتیە.

تەماشا بکە: دۆزینەوە **Cf: discovery**

لستی خەسلەتە کەسێتیەکان ١– قائمة الصفات الشخصية **inventary**

زاراوەکـە لەدەروونناسـیدا ئامـاژە بـۆ تاقیکردنەوەیـەك یـان بۆچـەند بابـەتێك دەکـات، لـەتواناکانی تـاك یـاخود خەسـڵەتە کەسێتیەکانی یانیش لە ئارەزووەکانی کەجێگای ڕێزلێنانە.

کۆگا کراو ٢– المخزون

مەبەست لەزاراوەکە، لەبواری کاروباری داراییدا، ئەو شـتانەی کەلـە کۆگـادا هەیـە، لەکەرەستەوشـتەکان، ئـەویش لەماوەیـەکی دیاریکراودا.

پشکنین / لێکۆڵینەوە — البحث / التحقيق **Investigation**

پشکنینی کۆمەڵە دیاردەیەك بەشێوازێکی زانستیانە و بەمەبەستی ڕاڤەکردنی یان تێگەیشتنی، یاخود پشکنینی هەڵوێستێکی نائاشکرا بۆ دۆزینەوەی ئەو دیاردانەی کەدەیگرێتە خۆی.

دەسەڵات پێدان — تقليد السلطة / التنصيب **Investiture**

واتە پلەو پایەیەك، بەشێوەیەکی کۆتایی بدرێتە ئەو کەسەی کە بۆی دەست نیشانکراوە، لەسەردەمی دەرەبەگایەتی، ئاهەنگی گواستنەوەی دەسـەڵات بەسـەر ناو چەیەك لەلایـەن دەرەبەگـەوە بـۆ یـەك لـەپیاوانی، سازدەکرا، لـەو ئاهەنگـەدا ئـەو کەسـەی ناوچەکەی وەردەگرت سوێندی دەخواردو دەرەبـەگی دەسـەڵاتداریش نیشـانەیەکی پێـی هەڵدەواسـی، کەلـەقوڕ یـان دار یـاخود بەرد دروست کرابێت.

پێدانی نیشانەکانی دەسەڵات بەپیاوانی ئاینی گرینگیەکی گەورەی هـەبووە، نیشـانەکەش لەهۆیـەکان ململانـی و کێشـمەکێش بووە لەنێوان کلێسەو دەوڵەت لەچاخەکانی ناوەڕاست، هەروەها سەرچاوەی ناکۆکی بووە بەهۆی ئەو ڕۆڵە دووسەرەی پیـاوانی ئاینی، وەك دەسەڵاتدارانی ئاینی و کەسانی دونیایی دەیانگێڕا.

وەبەرهێنان ١– الاستثمار **investment**

مانا ئابورییەکەی وەبـەرهێنان، بـەکارهێنانی سـەرمایەیە بـۆ بەرهـەمهێنان، یـان بـە دەربرِێنێکـی دیکـە، پاشکەوت کراوەکان لەچەند بوارێك بەکار بهێنرێت و ببێتە هۆی بەدیهێنانی پێداویستیەك یاخود چەند پێداویستیەکی ئابوری.

وەبەرهێنان بەپێی بۆ چوونی ئەوانەی پارەیان ئامادەکردووە، بریتیە لەبەندکردن و ڕاگرتنی هەنـدێ سـەرمایەی بەردەسـت،

ئەویش بەمەبەستی پەیدا کردنی داهاتێك لەئاییندەدا یاخود لەسەر شێوەی زۆربوونی بەهای ئەو سەرمایەی کەدەخرێتە بەردەست بۆ وە بەرهێنان.
لەم ساڵانەی دوایدا، لەلایەن چەند ئابوری کارێکەوە، ئاراستەیەك سەری هەڵدابۆ فراوانکردنی چەمکی وەبەرهێنان، لەبەر ئەوەی وەبەرهێنان بەشداری دەکات لەگەشەکردن و فراوانبوونی ئابوری، بەرەچاوکردنی ئەوەی کەوەبەرهێنان لەفێرکردنی تاکەکان گرینگە بۆ گەشەکردن و فراوان بوونی ئابوری، ، نموونەش، وەبەر هێنان لەبواری کاڵا مادییە سەرمایەدارییەکان.

بەخشینی دەسەلات | ٢- التنصیب

تەماشا بکە: دەسەڵات پێدان | Investiture

پارێزراو | الحصانة | Inviolability

ڕێزو پیرۆزی | الحرمة

وازهێنان یان دەست هەڵگرتنی چەند کەسانێك لەپابەندییەك یاخود بەرپرسیارەتیەك وەك پارێز بەندی پەرلەمانی یانیش پاراستنی مافی تاك لەدەست درێژی و کاری ناڕەوا، نموونەی پیرۆزی و ڕێزگرتن لەماڵەکان.

چوونەوەیەکی ئەندامانی لەش (پووکانەوە) | ١- التضام | Involution

ڕێبازێکە دژی تیۆری پەرەسەندن، مەبەستیش لێی گۆڕین لەجۆراو جۆرییەوە بەرەو یەکگرتوویی، هەروەها ڕۆیشتن بەرەو لەیەکچوونی کەبەردەوام لەزۆر بووندایە.

دانە دواوە
گۆڕانکارییە گەڕاوەکان | ٢- التغیرات الارتدادیة

چەند گۆڕانکارییەکە تووشی جەستە دەبێت بەپێی گەورەبوونی لەتەمەندا، بۆیە زیندوویی و چالاکیەکانی رووی لەلاوازی دەکات.

یاسای ئاسنینی ئولیگارشی | القانون الحدیدی للاولیجارکیة | Ironlaw of oligarchy

هەربوونایەتی زۆرداری | حتمیة الاستبداد

تەماشا بکە: ئولیگارش (دەسەڵاتی تاقمێك) | oligarchy

تیۆری ڕۆژانەی (کرێ)ی ئاسنین (ڕادەی پێویست) | نظریة الأجر الحدیدي | Iron law of Wages

تیۆرییەکە لەلایەن هەریەك لە (ئادەم سمیث و ریکاردو) داڕێژاوە، لەتیۆرییەکەدا فاکتەری خستنەڕوو، وەك فاکتەری بنچینەیی بۆ دیاریکردنی ئاستی کرێ (ڕۆژانە) دەخاتەڕوو.
بنچینەی تیۆرییەکە بریتیە لەوەی، کەمرۆڤ بەهۆی کارەکەیەوە دەژێت، ئەو کرێیەی کە وەریشی دەگرێت، دەبێ بەلای کەم بەشی ژیانی ئەومرۆڤە بکات بۆ مانەوەی، بۆیە بۆ چوون وایە کەکرێ لەو ئاستەدا دیاری دەکرێت کەبەشی مانەوەی کرێکارو خێزانەکەی بکات، واتە ئاستی پێویست لەژیانیدا.

هەروەها تیۆرییەکە کاریگەری فاکتەری خستنەرووی کار ئاشکرا دەکات، لەسەر بەرزبوونەوەی یاخود دابەزینی کرێ، بۆ ئەو ئاستەی کەرێگابە مانەوەی ژیان دەدات.
کاتێ رۆژانەی کرێکار بەرز دەبێتەوە لەو رادەیەی کەرێگا بەمانەوەی ژیان دەدات یاخود لەئاستی لێواردا تێپەڕ دەبێت، ئەوا ژمارەی دانشتوان بەرزدەبێتەوە بەهۆی بەزربوونەوەی تێکڕای لەدایك بووەکان، ئەو حاڵەتەش دەبێتە هۆی زۆر بوونی دەستی کارو روودانی رکابەری لەنێوان کرێکاران بەمەبەستی پەیداکردنی کار، دیارە ئەوەش دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی رۆژانە (کرێ) تاجارێکی دیکە دەگاتەوە رادەی پێویست بۆ ژیان.
بەپێچەوانەش کاتێ رۆژانەکان (کرێ) دادەبەزن لەو ئاستەی کە رێگا بەمانەوەی ژیان دەدات، ئەوا دەستی کارکەر کەمەدەبێتەوە بەهۆی کەمبوونەوەی ژمارەی کرێکاران لەبازاڕی کاردا، دیارە ئەو حالەتەش بۆ زۆر بوونی رێژەی مردووەکان و بێ توانایی ئەو چینە لەسەرمانەوە دەگەڕێتەوە، بەم مانایەش رکاربەری لەنێوان خاوەن کارو کارەگەکان پەیدا دەبێت بۆ ئەوەی کرێکارییان دەست بکەوێت، بۆیە رۆژانەی کرێکاران بەرز دەبیتەوەو رکابەریەکەش دەرێژە دەکێشێت تارۆژانەکان (کرێ) دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی (لێوار)ی پێویست بۆ ژیان جارێکی دیکە.

**نا ئەقلانی** | **اللاعقلانية** | **irrationalism**
**دژە ئەقل**

رێبازێکە داکۆکی لەسەر زەین روونی یان غەریزە یاخود هەست یانیش باوەڕ دەکات، زیاتر لەوەی داکۆکی لەسەر ئەقل بکات، یانیش دەڵێت هێزە نائەقلانیەکان گێتی بەڕێوە دەبەن.

**نائاسایی** | **الشذوذية** | **Irregularity**
**پێچەوانەی یاساکان** | **مخالفة القواعد**
**تەماشا بکە: لادان** | | **Abnormality**

**گۆشەگیری** | **الانعزالية** | **Isolationism**
**دابڕان**

بارێکە لەبێلایەنی، خەسڵەتێکی نەرێنی هەڵگرتووە، چەند دەوڵەتێك پەنای بۆ دەبەن بۆ ئەوەی دووربن لەناوچەکانی ململانێی جیهانی و خۆیان لەو کێشانە بەدووربگرن کەبەهۆی رکابەری نێو دەوڵەتیەوە دروست دەبن و مەترسی بەدوای خۆیدا رادەکێشێ و ڕەنگە ببێتە هۆی جەنگیش.
دیاردەکە حاڵەتێکی یاسایی نیە، کەلەسەر بنچینەی چەند پەیمانێك یان رێککەوتنێك دامەزرابێت، بەڵکو بریتیە لەسیاسەتی ئەو دەوڵەتە بەتەنها.

**شیکردنەوەی یەکەکان (دانەکان)** | **تحليل الوحدات أو المفردات** | **Item analysis**

یەکە، یان دانە، لەو رووەوەی کەپەیوەندی بەتوێژینەوەی کۆمەڵایەتیەوە هەیە، ئەوە بریتیە لەرووداوێك یاخود راستیەك یانیش بەشێك لەکۆمەڵە زانیارییەك کەبەلاوە دەنرێن بەئامانجی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەریان بەتەنها.
شیکردنەوەی یەکەکان، بریتیە لەپشکنینی ئەو یەکانەی کەتاقیکردنەوە کەلێیان پێکدێت، ئەویش بۆ زانینی باش و لەباریان، هەروەها خراپەو نالەبارییان بۆ ئەوەی توێژەر دەست بەوە بگرێت کەسەلماندوویەتی و توانای جێبەجێکردنی ئامانجەکانی هەیە.

پرۆسەی شیکردنەوەی یەکەکان لەحاڵەتێکی ئاسایدا، دوو هەنگاو دەگرێتە خۆی، یەکێکیان پشکنین تێیدا لەسەر بنچینەیەکی لۆژیکی دەبێت، لێرەدا چەمکی هەریەکەیەک شیدەکرێتەوە لەگەڵ بەدەنگەوە هاتنی تاقیکەرەوەکان بۆی، بەمەبەستی زانینی ئایا چی شاراوەیە، یان هەر ئەگەرێکی دیکە کە توێژەر درکی پێی نەکردبێ.

بەڵام هەنگاوی دووەم، پشکنین تێیدا لەسەر بنچینەیەکی ئاماری پوخت دەبێت، توێژەر هەڵدەسێت بەئەژمارکردنی زۆر لەو هاوکۆلکانەی لەشیکردنەوەدا هاوکاری دەکەن، وەك: هاوکۆلکەکانی پەیوەندی، پێوەرەکانی هێما گەری، هەروەها شیکاری جیاوازی...هتد.

# J

**Jail** السجن بەندیخانە

گرتوخانەیەکی خۆجێیە، بۆ دەس بەسەرگرتن، یان بەندکردنی تاوانباران، ئەوانی بۆ دادگایی ئامادە دەکرێن، هەروەها ئەوانی دادگا بڕیاری بەندکردنیانی داوە بۆ ماوەیەکی کورت کەلەیەك ساڵ تێپەڕ نابێت.

تەماشا بکە : بەندیخانە ..زیندان **imprisonment**

**Jargon** الرّطانة زمانێکی نامۆ

زمانی بیانی

زمانێك یان جۆرێکی قسەکردنە، وشەو ڕێزمانەکەی سادەن بەکار دەهێنرێت بۆتێگەیشتن لەنێوان ئەندامانی توێژێکی تایبەت.

**Jealousy** الغیرة غیرەت

دڵ پیسی

زارەوەکە لەڕووی سایکۆلۆجییەوە واپێناسە دەکرێت، کەبەدەنگەوە هاتنە بۆ هەر هەڕەشەیەك، ڕاستەقینە بێت یان خەیاڵی، ببێتە مەترسی بەسەر متمانە پێکردنی کەسێك بەرامبەر خۆشەویستی ئەوانی دیکە.

دیارە ئەو هەڵوێستە (یان وەڵامدانەوەیە) ئاراستەی هەر یەکێك دەکرێت کەهەڕەشە بێت بۆ بێ بەشکردنی کەسێك لەخۆشەویستی، یاخود ڕێگرتن لێی لەبەدەستهێنانی ئەو خۆشەویستیە.

**Job** عمل معین کارێکی دیاریکراو

کارێکی تایبەت

مەبەست لەکارێکی دیاریکراو لەشیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی فەرمانەکان، کۆمەڵە کارو فەرمانێکی هاوشێوەو لەیەکچووە لەڕووی ئەرکەکانیانەوە، کە لەتوانادا بێت هەموویان یەك شیکردنەوە بیانگرێتەوە، نموونەی ئەو کارەش، کاری سکرتارییەت، ئەو کارەبەکارهێنانی ئامێر نووسین (تایپ) و کۆپی کردن و پەلەنووسین و پوخت کردنەوەو پێشوازی..و دەگرێتەوە.

**Job adjustment** التکیّف للعمل گونجاندن بۆ کار

گۆڕین و ڕاستکردنەوەی ئامێرو هەل و مەرجەکانی کار، بەشێوەیەك لەباربێت بۆ توانا ئەقلی و هەستی و بزوێنەرەکانی مرۆڤ، لەسنوری ئەو توانایەدا بێت و لەگەڵ ڕادەی لێهاتوویی و فێربوون گونجاو بێت، لەگەڵ بوارو ڕەهەندەکانی لەش و ئاسوودەیی کرێکارو ڕەزامەندی لەسەر کار شیاو بێت، ئەویش بەڕێگای :

1- چاککردنی شێوازەکانی کارکردن، واتە گۆڕینی ئەو شێوازانە تا گونجاوبن لەگەڵ بارودۆخی کرێکار، هەروەها دوور خستنەوەی جولەو کردارە ناپێویستیەکان.

2- داڕشتن و دورستکردنی ئامێرو کەرەستەکان یاخود گونجاندنیان بەجۆرێك دەرفەت بەبەکار هێنانیان بدرێت، بۆ ئەوەی

ببێتە هۆی زۆر بوونی بەرهەم و کەمکردنەوەی ڕەنج و ماندوو بوون.

3- ڕێك و پێکردنی کەرەستەو پێداویستیەکانی کار بەجۆرێك کرێکار توانای ئەوەی هەبێت کەبەئاسانی و خێرایی بکەوێتە بەردەستی.

4- دانانی پلانی بەکار هێنانی کەرەستەو پێداویستیەکان بەجۆرێك کەبەئاسانی بگاتە دەستی کرێکار لەکاتی بەکارهێنان و گواستنەوەیان یاخود لەکاتی کۆتایی هاتنی کار بەبێ جێگۆڕکێی خودی کرێکارەکە.

5- لێکۆڵینەوە لەبارو دۆخە فیزیکیە لەبارەکان بۆ کارکردن، وەك دەنگە دەنگ و ئاژاوەو پلەی گەرمی و شێداری، ئەویش بەمەبەستی دوورخستنەوەی هەر دیاریەك کەببێتە هۆی ڕوودان و ماندوو بوون.

**شیکردنەوەی ئەرکەکان** تحليل الوظائف **Job analysis**

مەبەست لەم پرۆسەیە، زانینی ڕەگەزەکانی هەر کارێکە، هەروەها ئاشکراکردنی جۆرەها ڕاستیە زەروریەکانە، ئەوانی ئەرکەکان ڕووندەکەنەوە، لەگەڵ ئەو فاکتەرانەی کەدەوری دەدەن، سەرەڕای ڕوونکردنەوەی ئەو مەرجانەی کەپێویست بەهەبوونیان دەکات لەو کەسەی کەکاری تێدا دەکات، بۆ ئەوەی سەرکەوتووانە کارەکە جێبەجێ بکات.

**وەسپ کردنی ئەرکەکان** وصف الوظائف **jobdescription**

تۆمارکردنی ئەو زانیاریانەی بەدەست دەکەون بەهۆی شیکردنەوەیەکی ڕاستی کاروبارەکان، کە بەشێوازێکی پێوەریانەی یەکگرتوو ئەنجام دەدرێت.

ئامانجیش لەوکارە دیاریکردنی بەرپرسیاریەتی و دەسەڵات و کارە تایبەتمەندەکانە، هەروەها دەستبەرکردنی ئەو لایەنەی کەهەر کرێکارێك ڕۆڵی ئەرك و فەرمانەکانی خۆی بزانێت و توانای هەڵسەنگاندنی کاروبارەکان و ڕێکسختنی ئەرکەکانی هەبێت کەدەبنە هۆی چاك بەڕێوەبردنی کارەکە.

**فراوان بوونی (پەرەپێدان) ئەرکەکان** التوسع الوظيفي **Job enlargement**

ئامانجی ئەم پرۆسەیە نەهێشتنی بێزاری و وەڕس بوونە لەکاردا، ئەویش بەتێکەڵکردنی دووپرۆسە یان زیاتر لەناویەك پرۆسەدا، هەروەها جۆراوجۆری و گۆڕین لەخێرایی و لەشێوەی کاردا، وەك هەستانی کرێکار بەهەندێ ئەرکی لاوەکی یاخود سادە کەپێویست بەگۆڕینی چالاکی کرێکارو دۆخی جەستەیی دەکات، گۆڕینێکی تەواو دەربارەی چالاکی و ئەو دۆخەی کەکارە بنچینەییەکە پێویستی پێی دەبێت، بێ ئەوەی ئەو ئەرکە کارتێکردنی لەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنان هەبێت.

**باشترکردنی کار**
**چێژدانە کار** أثراء العمل **Job enrichment**

وا لەکار بکرێت کەجێگای سەرنج ڕاکێشان و خۆشەویستی کرێکار بێت، بەشێوەیەکی تایبەتیش ئەو کارەی کەلێی ڕازییەو دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی ئەرك بەجێگەیاندنی.

**هەڵسەنگاندنی کار** تقييم الوظائف **Job evaluation**

واتە نرخاندنی ئەو کارانەی کەلەدوامەزراوەکە هەیە، دیارە هەڵسەنگاندنی ئەو کاروفەرمانانەش لەسەر بنچینەی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی فەرمانەکان دەبێت بۆ چەند ڕەگەزێك، دواتر هەڵسەنگاندنی هەر ڕەگەزێك و گەیشتن بە دەست نیشانکردنی بەهای ڕاستەقینەی هەر فەرمانێك، پاشان هەموو ئەو بەهایانە بگۆڕدرێن بۆ جۆرە ڕێکخستنێکی دروستی کرێ و (موچەکان).

**Job rotation** التنقلات الوظيفية جێگۆڕکێی کارکردن

نۆرەکاری فەرمانی

شێوازێکە لەبواری گەشەپێدانی کارگێڕیدا پیادەکراوە، بەپێی ئەو شێوازە پێویست بەگواستنەوەی فەرمانبەران دەکات لەفەرمانێکەوە بۆ فەرمانێکی دیکە، یان لەلقێکەوە بۆ لقێکی دیکە، ئەو کارەش لەچوارچێوەی گشتی ڕێکخراوەکە دەبێت، بەمەبەستی فراوانکردنی زانیاریەکانی تاك بۆ زیاتر لەکارێك، هەروەها بۆ گەشەپێدانی توانا هونەری و کردەییەکانی فەرمانبەر دەربارەی بەرپرسیاریەتی و ئەرك و شێوە جیاوازەکانی کاروبار.

**Job security** ضمان العمل دەستەبەرکردنی کار

دڵنیایی پیشەیی

پابەندییەکە دەکەوێتە سەرشانی دەوڵەت، هەروەها مافێکە هاوڵاتیەکە بەدەستی بکەوێت، ئەگەر ئەم بنەمایە فەراهەم بوو، ئەوا بنەمای دەستەبەرکردنی داهات (income security) بەدوایدا دێت، چونکە (کرێ) لەبەرامبەر کاردایە.

**Job specifications or qualifications** مواصفات شاغل الوظيفة تایبەتمەندییەکانی کارمەند

روونکردنەوەیەکی نووسراوە، بەدوورو درێژی باس لەئەرکەکانی کاردەکات، هەروەها کەمترین ئاستی لێهاتوویی زانستی و ئامادەییە جەستەییەکان، لەگەڵ پێداویستیە کەسێتیەکانی دیکە کەدەبێت لەو کەسە بێتەدی کەکاری پێ دەسپێردرێت.

**Jocking relation ship** علاقات المزاح پەیوەندییەکانی کاڵتە (تانە)

ئەو پەیوەندییانە کۆمەڵە ئاراستەو نیشانەیەکی دڵسۆزی و دوژمنکارانەش دەگرێتە خۆی لەنێوان تاك و گروپەکان، لەم بوارەدا دەرفەت بەتاك یان گروپ دەدرێت کەگاڵتە یاخود قەشمەری بەچەند کەسێك یاخود گروپێك بکەن، بێ ئەوەی خراپەیان بەرامبەر بکرێت، نموونەش لەسەر ئەوە، وەك ئەوەی لەنێوان هەردوو هاوسەرو خزمەکانی دروست دەبێت، یانیش لەنێوان باپیرەو نەوەکان.

**Journalism** الصحافة ڕۆژنامەگەری

**Press** تەماشا بکە: ڕۆژنامەوانی - چاپخانە

**Journymen's societies** جمعيات الصناع کۆمەڵەی کرێکارانی شارەزا

ئەو کۆمەڵانەیە کەلەپیشەداران پێکدێت، پیشەداریش یان کەسی شارەزاو زانا، کرێکارێکە لەپلەو پێگەیەکی ناوەڕاست دەبێت لەڕووی ئاستی شارەزاییەوە، ئەو لەنێوان وەستاو منداڵە کرێکارەکاندا دەبێت لەسیستمی گروپ و تائیفەکان.

**guild** تەماشا بکە: تائیفەکان

**Judgement or judgment** الحكم بڕیار

(حوکم)

بڕیار لەلۆژیکدا، ئەوە دەگەیێنێت کەمەسەلەکە سوودی بۆی دەبێت، کەئەگەر هەیە راستگۆ بێت یان درۆ، (کانت) بۆ چوونی وایە بڕیارەکان دابەش دەبنە سەر چوار گوتە، ئەوانیش:

1- چەندایەتی (quantity) ڕەنگە گشتی (universal) بێت یاخود تایبەت (particular).

2- چۆنایەتی (quality) ڕەنگە ئەرێنی پێویست (affirmative) بێت یانیش نەرێنی (negative).

3- پەیوەندی، ڕەنگە گوزارشت (categorical) بێت یان گریمانەیی (bypothetical) یاخود جیا کەرەوە (disjunctive).

4- لایەن (modality) ڕەنگە ئەگەری (problematic) بێت یانیش رەهایی (assertaric) یان بڕوایی (apodeictic)

بڕیار لەدەروونناسیدا، بڕیارێکی ئەقلانیە، بەهۆیەوە ئەقل ناوەرۆکی گوتەیەك دەسەلمێنێ، یاخود بریتیە لەوەرگرتنی رایەکی چاك بۆ ئاراستەکردنی رەفتار لەو بارودۆخانەی کەناتوانێت تێیدا بگاتە زانینێکی بڕوایی.

**بڕیاری رەوشتیانە** **الحُكم الاخلاقي** **Judgment moral**

بوونی توانای جیاوازیکردن لەنێوان ڕاستی و هەڵەدا، بەپێی پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان، بڕیاردانیش لەسەر هەر کارێك بەوەی چاکە یان خراپ، ئەویش بەپێی نیازی تاك و ئەو ئامانجانەی کەهەیەتی، بێ ئەوەی لێکدانەوە بۆ ئەنجامی خودی کارەکە بکرێت.

**حوکمە بەهادارەکان**
**هەڵسەنگاندن** **التقدير القيمي** **Judgment value**

تەماشا بکە: نرخاندن، حوکمە بەهادارەکان **Value judgment**

**نموونەی بڕیار لەسەر دەر** **العَيّنة التحكمية** **Judgment sample**

لەمیتۆدەکانی توێژینەوەدا، نموونەیەکە هەڵبژاردنی یەکەکانی بەپێی ئەو پێوەرە خۆویستانە دادەنرێت، کەکەسی توێژەر دەیەوێت، دیارە ئەو نموونەیەش بەپێی بۆ چوونی توێژەر، بەرجەستەی ئەو کۆمەڵگەیە دەکات کە توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجام دەدرێت، بۆیە ناکرێ قەبارەی هەڵە هەڕەمەکیەکان هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت، کەڕەنگە ئەنجامەکانی ئەو نموونانە تووشی ببن.

**دەروونناسی دادوەری** **علم النفس القضائي** **Judicial psychology**

زانستێکە، لێکۆڵینەوە لەو هۆکارە دەروونیانە دەکات کەکاریگەریان لەسەر هەموو ئەو کەسانەی کەبەشداری دەکەن لەدادگایکردنێکی تاوانکاریانە، لەو کەسانەش: دادوەر، تاوانبار، پارێزەر، تاوان لێکراو، شایەتەکان، ئەو کەسەی هەواڵی تاوانەکە دەگەیەنێت، هەروەها جەماوەرو ئەو هۆکارانەی کە کارتێکردنیان لەدادوەرو بڕیارەکانیشی دەبێت، وەك: رۆژنامەو ئێزگە.

لەئامانجەکانی ئەم زانستە رەچاوکردنی بارودۆخە دەروونیەکەی تاوانبارو توانای شایەتەکان لەسەر وەبیرهاتنەوە، هەروەها لێکۆڵینەوە لەو هۆکارانەی کارتێکردنیان لەسەر شایەتیەکە دەبێت.

زانستەکە لەکاریگەری هەستی پێڕاگەیاندن لەدەروونی بەشدار بووانی داواکە دەکۆڵێتەوە، لەگەڵ ئەو لایەنانەی کارتێکردنی لەسەر ڕای گشتی و رۆژنامەو ئێزگە دەبێت لەدیاردەکانی وەك: واتە وات و پڕوپاگەندە هەروەها ئاراستەکردنی داواکە ئاراستەیەکی دیاریکراو.

**پێداچوونەوەی دادوەری** **المراجعة القضائية** **Judicial review**

مەبەست لەپێداچوونەوەی دادوەری ئەو رێ و شوێن و کارڕاییە بنچینەییانەیە، کەبەهۆیەوە دادگاکان دەسەڵاتی بەتاڵکردنی یاسا سەلمێنراوەکان، یان هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی گەورە دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و فەرمانبەرە کارگێڕییەکانی دەبێت، ئەوەش کاتێ دەبێت کە ئەو یاسایانە پێچەوانەی دەستوری نووسراون، یاخود، پێچەوانەی هەرکۆمەڵەیاسایەکی باڵاتر بێت.

**Judiciary** | النظام القضائي | سیستمی دادوەری
القضاء | دادگەری

زاراوەکە ئاماژە بۆ ئەو سیستمە یاساییە دەکات کەپێکهاتنی دادگاو دەسەڵاتەکانی و دانانی دادوەران دەگرێتەوە، هەروەها هەستان بەکارەکان و ئەو کارڕاییە یاساییانەی کەپێویستن بۆ پێڕەوکردن.

**Judiciousness** | الحكمة | ژیری
دانایی

**Wisdom** | تەماشابکە: دانایی

**Junta** | مجلس سياسي | ئەنجومەنی سیاسی

لیژنەیەك یان دەستەیەك دەسەڵاتی بەسەر حکومەت دەبێت لەئەنجامی کودەتایەکی شۆڕشگێڕانە، بۆ جێبەجێکردنی چەند مەبەستێکی سیاسی، نموونەی ئەو ئەنجومەنانەش بەجۆرێکی تایبەت لەئیتالیا و ئەسپانیا پێکهاتبوون.

**Jurisdiction** | ١– السلطة القضائية | دەسەڵاتی دادوەری

دەسەڵاتی یەکلاکردنەوەی داواو سکاڵاو ناکۆکیەکان، هەروەها رادەو سنوری ئەو دەسەڵاتە ئەگەر لەلایەن دەوڵەت یان دامەزراوەکانی یاخود ڕێکخراوە کارگێڕییەکان یانیش ڕێکخراوە ناحکومیەکانەوە کاری پێ بکرێت لەسەر شوێن و کەس و شتەکاندا.

دەسەڵاتی دادوەری هەرێمایەتی (territorial jurisdiction) ئاماژە بۆ داکۆکی کردن دەکات لەسەر دەسەڵاتە دانپیانراوەکەی لەلایەن دەوڵەتانی دیکەوە لەسەر رووبەرێکی زەوی، سنوردار، هەروەها لەسەر ئەو بەشە ئاویانەی هاوسنورین ئەگەر دەوڵەتەکە لەسەر دەریابوو، سەرەڕای بوارە ئاسمانیەکەی سەرخاکەکەی و رووبەرە ئاوییە هەرێمایەتیەکانی.

| ٢– الاختصاص | پسپۆری
سنوری مەودای دەسەڵات

ئەو سنورەی دادگا تێیدا ئەرکە دادوەریەکانی بەکار دەهێنرێت بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو پرس و ناکۆکیانەی دەخرێنە بەردەمی.

**Jurisprudence** | أحكام القضاء | فەلسەفەو زانستی یاسا
الفقه | قانون زانی

واتە، ئەو راڤەکردنە یاساییانەی دادگاکان دایدەنێن، بۆیە بڕیارەکانی دادوەری لەکۆمەڵە بڕیارێکی دادگاکان پێکدێن لەسەر هەر بابەتێك بەتەنها.

**Jury system** | نظام المحلفين | سیستمی سوێند خواردن

بەپێی ئەو سیستمە داوا لەچەند هاوڵاتیەك دەکرێت کەببنە دادوەری ڕاستەقینە لەچەند دادگایەك، کاتێ خستنە ڕووی بابەتەکە تەواو بوو، ئەوا سەرۆکی دادگا چەند پرسیارێك ئاراستەی سوێند خۆران دەکات تایبەت بەڕووداوەکانی داواکە، لەبەر رۆشنایی وەڵامەکانیان دادگا بڕیارەکانی خۆی دەردەکات.

**Just wage** الأجر العادل کرێی ڕەوا (ڕۆژانە)

کرێیەکە بەرامبەر ماندوبوون و ڕەنجکێشان کرێکار وەریدەگرێت، ئەو کرێیە بۆ کرێکار دەستەبەری گوزەرانێکی گونجاوی بۆ دەکات، دیارە بۆ دیاریکردنی کرێ، ئەوا چەند ڕەگەزێکی بنچینەیی ڕەچاو دەکرێت، وەك: ئاستی فێربوون و زانست، شارەزایی، ڕەنجدان، بەرپرسیاریەتی، بارودۆخی کار...هتد.

**Justice** العَدالة دادپەروەری

داد (یەکسانی) ئەوەیە کەلەگەڵ ڕاستی جووت بێت و لەلایەنگری دووربکەوێتەوە، ئەویش بەوەی هەر خاوەن مافێك مافی خۆی پێ بدرێت، دادوەرانیش بەهۆی ئەو بنەمایەوە دەگەنە بڕیارەکانیان، دەوترێت:

دادوەری خستنەبەر (ئاڵ و گۆڕ) (commutative justice) بۆ ئەو دادوەریەی بڕیار لەسەر پەیوەندییە گرێبەستیەکان دەدات و هەموو تاکێك ناچار دەکات مافی تەواوی کەسێکی دیکە بدات، بێ گەڕانەوە بۆ بەها کەسێتیەکەی یاخود پێگە کۆمەڵایەتیەکەی.

هەروەها دادوەری بەشکردن (distributive justice)، ئەویش بڕیار لەسەر دابەشکردنی پاداشت و دەسکەوتەکان دەدات، هەروەها سزاکان دیاری دەکات، واتە بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کەهەر کەسێك شایانی چیە لەپاداشت یان چ جۆرە سزایەکی پێویستە.

ئەو دادوەریەی کەبڕیار لەسەر پێدانی مافی هەر مرۆڤێك دەدات، ئەوە پێی دەوترێت دادوەری سروشتی (natural) ئەگەر مافەکەی ڕەزامەندییەکی فراوانی کۆمەڵی پەیداکرد، ئەوا دادوەرییەکە لەو بارەدا دادوەرییەکی ڕێککەوتنە (conventioanal) بەڵام ئەگەر ئەوەی مافیەتی و لەگەڵ بنەمایەك یەکبگرێتەوە کەڕەنگە بەهۆیەوە لێپرسینەوە لەسەر پێچی کەرەکەی بکرێت بەئاگاداری دەسەڵاتێکی گشتی، ئەوا ئەو دادوەرییە لەو بارەدا دەبێتە دادوەریەکی یاسایی (leagal).

**justification** التسويغ التبرير بیانوو هێنانەوە پاساو

پاساو هێنانەوە لەدەروونناسیدا، ئەوەیەکە تاك لەدیدی خۆی و دیدی ئەوانی دیکە، بیروڕایەك یان هەڵسوکەوتێك یاخود کارێك شیبکاتەوە، هۆیەکەش لەو بیانوو هێنانەوەیە بۆ ئەو کەلێنە دەگەڕێتەوە کەلەنێوان ڕەفتارو بیرو بۆ چوونەکانی هەیە، یانیش ئەوەی لەنێوان مرۆڤ دەیکات و ئەوەی بیری لێدەکاتەوە.

پاساو هێنانەوە لەڕووی سۆسیۆلۆجیەوە ڕوودەدات، کاتێ کۆمەڵێك هەوڵی بیانوو هێنانەوە دەدەن بۆ ڕەفتارەکەیان، ئەوانە خۆشحاڵ دەبن بەهەموو ئەوەی ئەو ڕەفتارەیان بەهێز دەکات و هەر شتیکیش ڕێگری لێبکات پێی رازی نین.

**Juvenile delinquence** انحراف الاحداث لادانی نەوجوانان

**Delin quency, juvenile** تەماشا بکە: سەرپێچی و لادانی نەوجەوانان

**Juxtaposition** التجاور خرانەپال یەکتری

بارێکە دروست دەبێت بەهۆی دانانی شتێك لەشان شتێکی دیکەوە، لەگۆڕانی کولتوریدا مەبەست لەو زاراوەیە، دروست بوونی ئامرازێکی نوێیە وەك ئەنجامێك بۆ پێکهێنانی پەیوەندییەکی شوێنی توونـد لەنێوان دوو شتدا یان زیاتر، ئەویش بەهۆی چەند هۆکارێکی سروشتی یاخود پیشەسازی، بەڵام بێ زانینی پێشووتری ئەنجامەکە.

# K

Kermess المَهرجان میهرەجان

شێوە ئاهەنگێکی گشتیە، لەبۆنەو جەژنە جیاوازەکاندا سازدەکرێت، لەو ئاهەنگانە چەندین چالاکی جیاواز لەیاری و بازاڕە گشتیەکان و نمایشکردن و شانۆگەری و سینەمایی و ...هتد پێشکەش دەکرێت.

Kakistocracy الحُکم السيء دەسەلاتی خراپ

کەسە خراپ و بەدخووەکان دەسەلات بگرنە دەست، لەو بارەشدا پەیوەندییەکانی نێوان خەلك تێکدەچێت، لەبەر ئەوەی دەزگای حکومەت دەکەوێتە ژێردەسەلاتی حوکمڕانە نەزان و ئاژاوەگێڕەکان، ئەوانی دەنگ و بیروڕای کۆمەلانی فێلبازو ساختەچیەکان دەکرن کەهیچ بیروباوەڕێکیان نیە.

Katabolism الهدم روخێنەرەکردار

کاتا پۆلیزم

Social katablism تەماشا بکە: روخێنەری کۆمەلایەتی

Keyjob الوظیفة الرئیسیة کاری گرینگ

کاری بنچینەیی

ئەو فەرمانەی گرینگی خۆی هەیە لەبەڕێوەبردنی کاردا، هەروەها زەروریشە بۆ بەکارهێنانی ژمارەیەکی گەورەی کرێکاران.

Kibbutz الکیبوتز گوندی هەرەوەزی

کێلگەیەکی هاوبەشی بەکۆمەلی ئیسرائیلیە، تێیدا ڕیگا بەخاوەنداریێتی تاك نادرێت، بەرهەمهێنان و دابەشکردن و ژیان لەنێوان تاکەکانی بەهاوبەشی دەبێت.

لەم دواییەدا بازاڕی ئەم جۆرە کێلگانە ڕووی لەلاوازی کردوو لەحیاتی ئەوانە خەلکی ڕووی لەکێلگە هەرەوەزییە تازەکان کردووە.

Collective farm تەماشا بکە: کێلگەی بەکۆمەل

kidnapping خطف الاشخاص فڕاندن

Abduction تەماشا بکە: فڕاندنی مرۆڤ

Kindred الاقارب خزم و کەس و کار

کۆمەلە کەسێکن لەیەك ڕەچەلەك هاتوونەتە خوارەوە، بەلام ئەو جۆرە خزمایەتیە کەم و کورتی تێدا دەبێت بەهۆی بێ

توانایی لەدیاریکردن و ئاشکراکردن و ڕوونکردنەوەی ئاستی پەیوەندییەکان هەروەها تاکیش هەست بەپابەند بوونێکی کەم یاخود سنوردار دەکات بەرامبەر تاکەکانی دیکەی ئەو خزمایەتیە.

**Kinder garten** روضة الاطفال باخچەی ساوایان

دامەزراوەیەکە بۆ فێر بوونی منداڵان، پێش قۆناغی فێربوونی سەرەتایی، لەو دامەزراوەیە پرەنسیپە پەروەدەییە تازەکان پیادە دەکرێن، لەگەڵ فراوان بوون و زۆر کردن لەبەکار هێنانی هۆیەکانی گوێگرتن و بینین.

**Kinetics** الكينتيكا علم الحركة زانستی جوڵە جولە زانی

زانستێکە لەکاریگەری هێزەکان و لەجوڵەی لەشەکان دەکۆڵێتەوە، لەدەروونناسیدا دەوترێت جوڵەی وزە (kinetic energy) بۆ توانای لەش لەسەر ئەنجامدانی کارێك بەهۆی جولەکەیەوە.

دەوترێت: جوڵەی یادەوەری (kinetic memory) بۆ یادکردنەوەیەك کەبەئاشکراییەکی تەواو دەتوانێت هەستە بزوێنەرەکانی وێنا بکات .

هەروەها دەوترێت جولەی هەستیاری (kinetic sensibility) واتە هەستیارییەك دەبێتە پاشکۆ بۆ ئەو دەمارانەی کە کۆتاییەکانیان دەگەنە ماسولکەو ژێ و جومگەو جۆگە کەوانەییەکان.

**Kingdom** المملكة وڵاتی پاشایەتی شانشین

دەوڵەتێك خاوەن سەروەرییەکی تەواو، سەرۆکایەتی تێیدا پشتاو پشت دەبێت، بەڵام پەرەسەندنی بیروهزری دیموکراسی بوو بەهۆی لەناوچوونی سیستمی پاشایەتی، وەك یەك لەشێوەکانی حوکمڕانی.

**Kinship, ritual** القرابة الطقسية خزمایەتی دروستکراو لەبۆنەیەکدا

خزمایەتیەکە لەسەر بنچینەی چەند پەیوەندییەکی کارو فەرمانیەوە دروست دەبێت، نەك لەسەر بنچینەی پەیوەندییەکانی خوێن یان هاوسەرگیری، نموونەی باوك گیانی (godfather) و دایك گیانی (godmother) کەهەر دووکیان ئەرکی بەخێوکردنی منداڵ دەگرنە ئەستۆ.

**Kinship system** نسق القرابة سیستمی خزمایەتی

شێوازێکی باوی نەریتیە بۆ ئەو پێگەو ڕۆڵانەی کەخزمانی بەیەك گەیشتوو لەگەڵ یەك بەهۆی هاوسەرگیرییەوە پێوەی پابەند دەبن، یان ئەوانی لەیەك لەڕەچەڵەك هاتوونەتە خوارەوەو بڕیار لەسەر رەفتاریشیان دەدات.

نموونەی ئەوانە: سیستمی خزمایەتی دایکایەتی (matrilineal kinship) و خزمایەتی باوکایەتی (patrilineal kinship) هەروەها سیتسمی خزمایەتی تەوتەمی (totemic kinship) .

**Kileptomanis** جنون السرقة شەیدای دزیکردن

نەخۆشی دزیکردن، خاوەنەکەی لەخودی خۆیدا هاندەرێکی بەهێزی بۆ دروست دەبێت، بۆ ئەوەی بەو کارە هەستێت، ئەو لەگەڵ زانینیشی بەناشرینی کارەکەی و کەچی چاوەڕوانی دەکات لەلێپرسینەوەو دادگایی کردن و سزادان، بەڵام ناتوانێ ڕێگا لەخۆی بگرێت و لەو رەفتارەی وازبێنێ.

سوارچاکی
فرسان العمل
**Knights of labour**
پێشەنگانی بزووتنەوەی کرێکاری

ئەوانــە چــەند گروپێکــی کرێکــاری بــوون، ســاڵی (1896) لەویلایەتــە یــەکگرتووەکانی ئــەمریکا پێکهــاتووە، کاریــان بــۆ بــەرگریکردن لەبەرژەوەندییــەکانیان دەکــرد، ئــەویش بەشــێوەیەکی نهێنــی لەترســی خــاوەن کاروکارگــەکان، پاشــان ئەوانــە بەئاشکرا دەستیان بەکارکردن کردوە تا ئەو کاتەی سەندیکای کرێکاران جێگای ئەو گروپەی گرتەوە.

زانین
المعرفة
**knowledge**
زانیاری

کۆمەڵە بابەت و داتاو بیرو باوەڕو بڕیارو چەمك و ئەندێشە کارێکی هزرییە، لای مرۆڤ پێکدێت لەئــەنجامی چــەند هــەوڵێکی دوو بارە بووەوە، بەمەبەستی تێگەیشتن لەدیاردەو شتەکانی دەوروبەری.
زانین چەند جۆرێکی هەیە، لەوانە:

زانینی بەڵگەخوازی — **Discursive knowledge**
زانینی ئەزموونی — **Empriric knowledge**
زانینی هەستیاری — **Sensible knowledge**
زانینی سادەیی — **Ravulgar knowledge**

هــەروەها دەوترێــت: تێگەیشــتنە تەکنیکیــەکان (technical knowledge) بــۆ ئــەو تێگەیشــتنانەی پەیوەســتن بەکاروبارانــەی خەســلەتێکی تــەکنولۆجیان هەیــە لەگــەڵ تێگەیشــتنە پیشــەییەکان (trade knowledge)، بــۆ ئــەو تێگەیشتنانەی پەیوەستن بەکاروباری پیشەیەکی دیاریکراودا.

کێڵگەی کشتوکاڵی هەرەوەزی
المزرعة الجماعية
**Kolkhoz**
کولخۆز
کولخوز

جۆرە کێڵگەیەکە لەڕوسیا (سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت) ساڵی 1922 کشتیاران بەڕێوەی دەبــەن بــە شــێوەیەکی هــەرەوەزی و لــەژێر چــاودێری دەوڵــەت، بەشــداریکردن تێیــدا ناچــاری بــووە کێڵگــە بەڕێوەبــەرێکی دەبێــت لەلایــەن ئەندامانیــەوە هەڵدەبژێردرێت ئەویش لەسەر پێش نیازی حزب یان حکومەت.
هەر ئەندامێك لەکێڵگەدا بەشێك لەداهاتی دەدەرێتی بەپێی ئەو کــارەی ئــەنجامی دەدات، ئــەویش بــەپێی بەرهــەمی کێڵگەکــە دەبێت.
ئەگەر کێڵگە ئەو پلان و بەرنامەیەی دانراوە بۆی جێبەجێ کرد، ئەوا ئەندامانی پاداشت دەکرێن، بەپێچەوانە ئــەوا تووشــی سزاو لێپرسینەوە دەبن.
لەلایەن بەشێکی زۆری ڕێکخراوە نێــو نەتەوەییــەکان، ئــەوانی پەیوەنــدییان بەهاوپــەیمانی هــەرەوەزی نێودەولەتیــەوە هەیــە، تەماشای کێڵگە هەرەوەزییەکان (لەوڵاتی یەکێتی سۆڤیەت) دەکرێت کەدژی بنەما هەرەوەزیەکانە.

کۆمینترن
الكومينترن
**Komintern**
نێونەتەوەیی کۆمۆنیستی

کۆمینترن، بەنێو نەتەوەیی سێیەم دەناسرێت، ئەویش مەڵبەندی ئاراستە کردنی حزبە کۆمۆنیستەکانە لەهەموو وڵاتان، ئــەو مەڵبەندە ساڵی (1919) دامەزراوەو ساڵی (1943) هەڵوەشاتەوە، لــەجێگای ئــەو ســاڵی (1947) کۆمنفۆرم دامــەزراوە بــۆ هەستان بە هەندێ کاروبار، بەڵام لەسنورێکی تەسکدا، پاشان ساڵی (1956) هەڵوەشایەوە.

لانکەی شارستانیەت | الدائرة الثقافية / المهد الثقافي | kulturkreis

ئەم زاراوەیە ئاماژە بۆ ئەو چەمکە بنچینەییەی قوتابخانەی ئەلمانی دەکات کە رۆشنبیری و مێژوو بەیەك دەبەستێتەوە، بەپێی ئەم زاراوەیە چەند پێکهاتەیەکی رۆشنبیری جیاواز، بەدرێژایی مێژوو لەچەند ناوچەیەکی جیاواز لەجیهاندا دەرکەوتوون.

هەر یەکە لەو پێکهاتە رۆشنبیریانە، خەسڵەت و ناوچەی تایبەتی خۆی هەیە کە تێیدا دەرکەوتوون، پاشان ئەو پێکهاتە رۆشنبیرییە بێ ئەوەی ناوەرۆکەکەی هەر گۆڕانێکی گەورەی بەسەردابێت، جێگیۆڕکێ دەکات، بەجۆرێك کەدەتوانین هەمان پێکهاتەی رۆشنبیری لەناوچە جیاوازەکانی جیهاندا ببینینەوە.

کێشیەتی هەڵتوقێن | التَفَرطُح | Kurtosis

لەئاماردا، شێوەی چەماوەی دابەشکردنی چەند جارەیی، بەجۆرێکی تایبەتیش پلەی کشانەوەو فراون بوونی یان بەرزبوونەوە.

دابەشکردنی ئاسایی، بەشێوەی کێشیەتی ناوەڕاست (meso kurtic) دەبێت و هەروەها دابەشکردنی توونی کێشیەتی، ئەوا باریك (lepto kurtic) دەبێت، بەڵام دابەشکردنی سەرتەخت، ئەوا پان (platy kurtic) دەبێت.

# L

**نیشانە** **العلامة** **Label trade union**
**ناسنامەی کارگە** **البطاقة النقابية**

نیشانەیەکە دەخرێتە سەر ئەو کاڵاو کەل و پەلانەی کەکرێکارە سەندیکاییەکان دروستی دەکەن، مەبەست لەونیشانەیە بۆ دەستەبەرکردنی متمانەیە بەباشی کاڵاکە لەلایەن کڕیارانەوە، هەروەها گەرمکردنی بازاڕە بۆ فرۆشتنیان، دیارە ئەوەش دەبێتە هۆی جێگیربوون و مانەوەی بەکارهێنانیان، لەئاکامیشدا کرێ و رۆژانەی کرێکاران روو لەزیاد بوون دەکەن.

**کار** **العمل** **Labour**
**ئیش**

کارکردن، ڕەنجدانێکە بەئیرادەی کەسەکە، ئەقلی بێت یان جەستەیی، دیارە کار، کاریگەری لەسەر شتەمادی و ئامادییەکان دەبێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی ئابوری سوود بەخش، هەروەها کار فەرمانێکی کۆمەڵایەتیە بەهۆیەوە کەسایەتی تاك دێتەدی.

نرخاندنی بەهای کار لەڕەگەزە گرینگەکانی هەر ئایدیۆلۆجیایەکە کەلەماوەیەکدا باو دەبێت، دیارە ئەو نرخاندنە رەنگدانەوەیەکە بۆ بونیادی کۆمەڵایەتی، هەروەها پلەی بەها کۆمەڵایەتیەکان دەخاتە ڕوو.

گەلانی خۆرسك، بەتایبەت سەردەمی گەلە جەنگاوەرەکان، ئەوان ئارەزووی کارکردنیان نەبووە، ئەوان کارە پێویستیەکانیان بەژنان و بیانیەکان دەسپارت، بەتایبەتیش دیلەکانی جەنگ، ئەو بیانیانە وەك کۆیلە مامەلەیان لەگەڵ دەکرا، ڕێزگرتن لە بەهای کاری کۆمەڵایەتی تەنها لەناو ئەو کۆمەڵگایانەی خۆیان ڕێکخستووە ڕەچاو دەکرا.

لەڕووی سیاسییەوە مەبەست لەوشەی کار، ئەنجومەنەکان یاخو ئەو ڕێکخراوانەی کەزۆربەی پێکهاتەکانیان لەکرێکارە بەکرێ گیراوەکان بوون، یانیش ئەوانی کاریان بۆ بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار دەکرد.

**کاری زۆرەملێ** **العمل الاجباري** **Labou, compulsory**

مەبەست لەکاری زۆرەملێ، یان بێگاری ناچارکردنی تاکە لەسەر هەستانی بەو کارانەی کەئارەزو ویستی خۆی لەسەر نەبێت، ئەو کارەی بەهۆی بڕیارێکی دادگاوەش دەسەپێنرێت، هەروەها ئەو خزمەتگوزاریانەی لەهەل و مەرجێکی ناکاوو نائاسایی دەسەپێنرێت، ئەوانە بەبیگاری دانانرێن.

**بارودۆخۆی کار** **ظروف العمل** **Labour conditions**

مەبەست لەبارودۆخی کار، کۆی ئەو هەل و مەرجە سروشتی و مادییانەیە کە دەکرێ دەوروبەری کرێکار بدەن لەشوێنی کارکرندا، دژواریشە خڕکردنەوەو بەلادانی ئەو بارودۆخانە بەشێوەیەکی کۆتایی، چونکە ئەوانە لەپیشەیەکەوە بۆ پیشەیەکی دیکە، هەروەها لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازییان دەبێت.

پۆلینکردنی باو بۆ بارودۆخی کار ئەوەیە کە جیاوازی لەنێوان ئەو هەل و مەرجە دەکات کە کارتێکردنی لەسەر تەندروستی کرێکار دەبێت لەگەڵ ئەوانی کارتێکردنیان لەسەر ئاسوودەیی و ژیانی کرێکار دەبێت.
لەحاڵەتی یەکەمدا، هەموو ئەوانە جیادەبنەوە کەپەیوەستن بەلەش ساغی و تەندروستی کرێکار لەکاتی کارکرندا - هەوا گۆڕین، ڕووناکی، گەرمی، شێداری - هتد.. کەبەهۆیەوە کرێکار تووشی چەند نەخۆشییەکی پیشەیی دەبێت، بەتایبەتیش نەخۆش ژەهراوی بوون و نەخۆشییەکانی سی، دیارە ئەوەش کاریگەری خۆل و تۆزی بەسەرەوە دەبێت.
لەحاڵەتی دووەمیشدا، هەندێ دیاردەی لێ پەیدا دەبێت، کە هۆکارن بۆ ڕووداو و تووش بوونی کرێکار.
هەر بەهۆی پێشکەوتنی زانستیەوە لەبوارەکانی ئەندازەی پیشەسازی و تەندروستی و پیشەسازی و دەروونناسی پیشەسازی، ئەوا چەندین یاسا بۆ بەرژەوەندی کرێکار دەرکراوە، کە ئاستەکانی بارودۆخی کار دیاری دەکات، هەر وەها دەست نیشانکردنی کەمترین ئاستەکانی خۆپاراستن و ئاسوودەیی زەرووری بۆ کرێکاران.

**Labour conflict** — النزاع العمالي — ململانێی کرێکاران
کێشمەکێشی کرێکاری

لەبارێکی ئاساییدا، مەبەست لەکێشمە کێشی کرێکاری، ئەو ململانێ بەکۆمەڵەیە کەلە نێوان یەکێك یان، زیاتر لەخاوەن کارەکان لەلایەکەوە، لەگەڵ هەموو کرێکاران یاخود گروپێکیان لەلایەکی دیکەوە دروست دەبێت، ئەویش بەهۆی کارکردن یاخود مەرجەکانیەوە.
ململانێیەکە دەبێتە ململانێیەکی بەکۆمەڵ، ئەگەر ژمارەی کرێکارە بەشداربووەکان تێیدا گرینگ بوو، بەجۆرێك ناکۆکیەکانیان لەگەڵ خاوەن کار ببێتە هۆی شپرزەیی و ئاژاوە نانەوە لەبەڕێوەچوونی کاروبارەکان.
زۆربەی یاساکانی کار بایەخ بەناکۆکی و ململانێیەکانی کاری بەکۆمەڵ دەدەن، سیستمی تایبەتیان بۆ دادەڕێژن بەمەبەستی چارەسەرکردنیان، چونکە بەهێز بوونی ئەو دۆخە دەبێتە هۆی ڕاگەیاندنی مانگرتن لەلایەن کرێکاران، یان داخستنی دامەزراوەکە لەلایەن خاوەن کارەوە، ئەم حاڵەتەش دەبێتە هۆی زیانگەیاندن و بێ کاری کرێکاران، سەرەڕای تێکچوونی بارودۆخی ئاسایش لەوڵاتدا.

**Labour contract** — عقد العَمَل — گرێبەستی کار

ڕێککەوتنێکە بەپێی ئەو ڕێککەوتنە کرێکارێك بەڵێن دەدات کەلەژێر سەرپەرشتی و دەسەڵاتی خاوەن کارێك کار بکات لەبەرامبەر بڕەپارەیەك (کرێ).
گرێبەستی کارکردن خەسڵەتێکی ڕەزامەندییانەی دەبێت ئەوجا دێتەدی ئەو گرێبەستە مەرجێکی قەرەبووکردنی تێدا دەبێت بۆ هەردوولا بەرامبەر یەکتر، خاوەن کار هەڵدەستێ بەپێدانی کرێ موچە لەرامبەر ئەو کارەی کەکرێکار پێی هەڵدەسێت بۆ خاوەن کار.

**Labour deportation** — ترحيل العمال — دیپۆرتکردنەوەی کرێکاران
- ڕاگواستنەوەی -

کردارێکە زۆرتر لەکاتی جەنگدا بەکار دەهێنرێت، بەهۆیەوە کرێکارانی چەند وەڵاتێکی بەزیو، ناچار دەکرێن کەوڵاتەکانی خۆیان بەجێ بهێڵن و لەوڵاتە سەرکەوتووەکە لەجەنگدا، یان لە هەر وڵاتێکی دیکە کەلایەنی سەرکەوتوو دیاری بکات کاربکەن.

**Labour dilution** — استيعاب المهارات المنخفضة — لێ تێگەیشتن وەرگرتن - ی
توانا سنور دارەکان

مەبەست، پەیڕەوکردنی چەند هۆکارێکی تەکنۆلۆجیە، بۆ گونجاندن لەنێوان شێوازەکانی سوود وەرگرتن لەدەرامەتە مرۆییەکان، لەگەڵ ڕادەی فەراهەم بوونی توانای کرێکارە ڕاهێنراوەکان، ڕاهێنانێکی لەبار.
واتە داهێنانی چەند هۆکارێك لەبەر هەمهێنان، کەڕێگا خۆش بکات بۆ سوود وەرگرتن لەکرێکارانی خاوەن توانا سنووردارەکان، دیارە ئەوەش لەبارێکدا دەبێت کەکرێکارانی خاوەن بەهرەی بەرز بەردەست نەبن.

**Labour economics** | اقتصاديات العمل | ئابوورییەکانی کار

لێکۆڵینەوەیەکە هەموو ئەو بابەتە ئابوورییانە دەگرێتەوە کەپەیوەستن بەکارو کرێکارانەوە، وەك: جۆری دەستی کار، ڕاهێنانی کرێکاران و دابەشبوونیان لەڕووی جوگرافی و پیشەییەوە، بازاڕی کارو بێ ئیشی، سەعاتەکانی کار کردن، شیکاری ئابوری بۆ کرێ و ...هتد.

**Labour education** | الثقافة العمالية | پەروەردەی کرێکاری

ئامادەکردنی کرێکار لەڕووی پیشەیی و سەندیکایی و کۆمەڵایەتیەوە، بەمەبەستی سەرکەوتنی وەك کرێکارێك لەکارەکەی، هەروەها وەك ئەندامێك لەسەندیکاو هاوڵاتیەکی بەکەڵکیش.
ڕۆشنبیری کرێکاری لەڕێگەی مەڵبەندەکانی فێربوونی کرێکارانەوە بەرهەمەکانی دێنەدی.

**Labour exchange** | بورصة العمل / مكتب التوظيف | فەرمانگەی دۆزینەوەی کار

ئەو شوێنەیە کەتێیدا، ئەندامانی سەندیکاکان لەشارێکدا یان لەناوچەیەکدا، کۆدەبنەوە بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی ڕێکخستنی کاروبارە هاوبەشەکانیان و بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانیان.

**Cf. employment** | دەزگای ئیشکردن

**Labour force** | القوى العاملة | هێزی کار

بەشێکی دانشتوانی هەرێمێکە (ناوچەیەك) دەکرێ بەکاربهێنرێن لەچالاکی ئابوریدا ئەوەش، هەموو ئەو تاکانە دەگرێتەوە کە گەیشتونەتە تەمەنێك و دەکرێ کاریان پێ بکرێت، هەروەها ئەوتاکانەش دەگرێتەوە کەبەشێوەیەکی کاتی کارناکەن.

**Human resources** | تەماشا بکە: دەرامەتە مرۆییەکان

**Labour immobility** | تعذر انتقال العمال من عمل الى آخر | نەجوڵاندنی کرێکاران - جێگیر بوون -

بێ توانایی کرێکاران یان ئەو کۆسپ و دژواریەی کەبەرەو ڕوویان دەبێتەوە بۆ گۆڕینی ئەو کارەی کەلەسەری ڕاهاتوون.
دیارە ئەو دژواریە زۆر دەبێت لەگەڵ هەڵکشانی کرێکار لەتەمەندا، هەروەها ناکرێ بەسەر ئەو دیاردەیە زاڵبین، ئەگەر چەند هاندەرێکی بەهێز نەبێت کە پاڵ بەکرێکارانەوە بنێت بۆ گۆڕینی شوێنی کارەکەیان یاخود شێوەی پیشەکانیان.

**Labour legislation** | تشريع العمل | یاسای کار / یاسادان بۆ کار

یاسایەکە، پەیوەندییەکانی نێوان کرێکاران و خاوەن کاروکارگەکان ڕێکدەخات، هەروەها ئاستەکانی کاریش دیاری دەکات، کەبەبەشێك لەسیستمی گشتی دادەنرێت، لەبارێکی ئاساییدا، یاساو ڕێساو ڕێنماییەکانی کار هەموویان لەیەك یاسادا کۆ دەکرێنەوە، لەو حاڵەتەش نێوانیان ڕێکدەخرێت، ئەو کارەش هۆیەکە بۆ ئەوەی بەخێرایی سەرنج بدرێن و گەڕانەوەیان بۆ

بكرێت، كە ئاسانكاری دەخولقێنێ لەپراكتیكدا.

**Labour market** سوق العمل بازاڕی كار

بازاڕی كار، ئەو شوێنەیە كە جۆرەها فاكتەر كار لەیەككردنیان دەبێت و كاریگەریشیان لەسەر لایەن و ڕەگەزەكانی دامەزراندنیان دەبێت، واتە ئەو شوێنەی كە خاوەن كارەكان لەكرێكاران دەگەڕێن و كرێكارانیش لەكار دەگەڕێن.

بازاڕی كار ئەو بوارە گشتیەیە كە تێیدا جۆرەها باوردۆخی كاری تێدا دەبینرێت ئەوانی لەمیانەیاندا، پەیوەندییە جیاوازەكانی كاركردن و دامەزراندن كارتێكردنیان بەسەردا دەبێت و ئاراستەش دەكرێن، وەك بارودۆخی خستنەڕووی داواكاری كرێكاران، هەروەها جیاوازییە جوگرافیەكان لەكرێی كرێكاران و جیاوازی لەكاتەكانی كاركردن و چەندین بابەتی دیكە پەیوەست بەهەل و مەرجی كاروكرێكاران.

**Labour mobility** انتقال العمال من عمل الى آخر جێگۆڕكێی كرێكاران لەكارێكەوە بۆ كارێكی دیكە

توانای كرێكاران لەجێگۆڕین، لەكارێكەوە بۆ كارێكی دیكە، یان لەشوێنێكەوە بۆ شوێنێكی دیكە، هەروەها مەبەست لەم زاراوەیە تێكڕای جوڵەی كرێكارانە لەحاڵەتی كاركردنیان لەكارێك یاخود هاتنە دەرەوەیان لەو كارە.

**Labour movement** الحركة العمالية بزووتنەوەی كرێكاری

ئەم زاراوەیە، ئاماژەیە بۆ هەموو بوارەكانی ئەو چالاكیە رێكخراوەییەی كرێكاران پێی هەڵدەستن، بە مەبەستی چاككردنی بارودۆخیان، ئەگەر یەكسەر بێت یان لەئاییندەیەكی نزیك یاخود دوور.

ئەو بزووتنەوانە لەهەموو وڵاتان سێ ئاراستەیان دەبێت: سیاسی و ئابوری و هەرەوەزی، ئەو سێ ئاراستەیە شان بەشان یەك دەڕۆن، بەڵام بەدوای یەكدا دێن لە زاڵبوون و سەركەوتنیان لەهەمان وڵات، یاخود جیاواز دەبن لەڕادەی زاڵبوون و دەستڕۆیی لە وڵاتە جیاوازەكان، ئەویش بەپێی ئەو جیاوازیانەی كە هەیە لەسیستم و بارودۆخی ئابوریيان.

بزووتنەوەی كرێكاری چینێكی كرێكاری دەگرێتە خۆی، بەڵام تا هۆشیاری ئەو چینە گەشەنەكات دەربارەی جیابوونەوەی بەرژەوەندی و ناكۆكییەكانی لەگەڵ بەرژەوەندی خاوەن كار ئەوا ئەو بزووتنەوەیە دەرناكەوێت، تا دەگاتە ڕادەی بوونی ڕێكخستنێك بۆ بەرگریكردن لەبەرژە وەندییەكانی وەك پێویست.

بزووتنەوەی كرێكاری بەردەوام وەك كاردانەوەو ناڕەزایی بوونێك بووە دژی سیستمی سەرمایەداری.

**Labour relatiosns** علاقات العَملَ پەیوەندییەكانی كار

ئەو پەیوەندییانە دروست دەبن و گەشەدەكەن بەهۆی دامەزراندن و كاركردنەوە، بەو پێیە ئەو پەیوەندییانە ئەو بوارانە دەگرێتەوە كەلەنێوان كرێكاران هەندێكیان لەگەڵ هەندێك، یان لەنێوان كرێكاران و سەرۆك و بەڕێوبەرەكانیان دروست دەبێت، سەرەڕای پەیوەندی كرێكاران بەو دامەزراوەیەی كەبەكاریان دەهێنێ، پەیوەندییەكان بەمانا فراوانەكەی پەیوەندییەكانی نێوان كارگێری دامەزراوەكان و سەندیكای كرێكاران دەبێت، هەروەها نێوان خاوەن كارو دامەزراوەو حكومەتیش دەگرێتەوە.

**Labour reserve** الخارجون عن قوة العمل دەرچووەكان لەهێزی كار

ئەو كەسانەی توانای كاركردنیان هەیەو كاریش ناكەن و لەوكارەش ناگەڕێن كەسوودی هەبێت، ئەویش بەهۆی نەبوونی ویست یان بەهۆی پێویست نەبوونیان بەدەسكەوت لە ڕێگای كاركردن، یاخود بەهۆی بێ تواناییان لەچوونە ناوبازاڕی كار.

ئەوانی ئەم باسە دەیانگرێتەوە، ژنانی ناوماڵ، خوێندكاران، خانەنشینان، هەروەها ئەوانی ژیانی دەروێشانە دەژین، لەگەڵ

زیندانیان، نەخۆشان و ئەوانی لەپەناگەو هەتیوخانەکان دەژین.

**Labour shortage** | نقص الايدي العاملة | کەمبوونەوەی کرێکاران

ئەم دیاردەیە زیاتر دەردەکەوێت، کاتێ داواکاری لەسەر هێزی کاردا (overmployment) زۆرتر دەبێت. واتە کاتێ دامەزراوەکان توانای بەرهەمهێنانیان دەگاتە لوتکە.

**Labour statistics** | احصاءات العمل | ئامار (ئەژمار)ەکانی کار

ئامارەکانی کار هەموو ئەو زانیاریانە دەگرێتەوە کەپەیوەستن بەژمارەی کارمەندان و دابەش بوونیان بەسەر پیشەسازی و کارگەکان، لەناوچە جیاوازەکاندا، هەروەها بابەتەکانی دامەزراندن و بێ ئیشی و کرێ و کاتەکانی کارو ئاستەکانی ژیانی کرێکاران، لەگەڵ بابەتەکانی تووش بوون لەکاتی کاردا بەرووداوێك و نەخۆشیەکانی پیشە، سەرەڕای ململانێ و کێشەکانی ناو کار...هتد.

ئەو ئامارو زانیاریانە گرینگی ئابوری و کۆمەڵایەتیان دەبێت و یارمەتی دەریشن بۆ نەخشەو پلانەکانی تایبەت بەسیاسەت و هێزی کار.

**Labour turnover** | دوران العمل | گۆڕین  خولانەوەی کار

مەبەست لەزاراوەکە، ئەو گۆڕانەی لەژمارەی کارمەندان روودەدات، ئەویش لەئەنجامی پەیوەندیکردنی بەشێك لەکرێکاران بەکارێکەوە یان کۆتایی هاتنی کارەکە.

تێکرای خولانەوەی کار ئەژمار دەکرێت لەسەربنچینەی رێژەی ئەو کرێکارانەی لەماوەیەکی دیاریکراودا کارێك بەجێ دەهێلن، بۆ تێکرای ژمارەی کرێکارەکان بەگشتی لەو مایەدا.

بەرژەوەندی خاوەن کار لەدابەزینی تێکرای خولانەوەی کار دەبێت، لەبەر ئەوەی بەرزبوونەوەی ئەو تێکڕایە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی خەرجی و تێچووەکان.

لەبەرامبەر زاراوەی (خولانەوەی کار) زاراوەی سەقامگیری پیشەیی (occupational  stability) دێت، واتە مانەوەی هەمان کرێکار لەسەرهەمان کاروپیشە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن.

**Laobur, localization of** | توطن العمال | نیشتەجێ کردنی کرێکاران

ئارەزوو حەزی کرێکارە لەشارەزاو نیمچە شارەزاکان بۆ گردبوونەوە لەهەندێ ناوچەدا بەهۆی چەند خەسلەتێکی سروشتی، وەك ئاووهەوا، زەوی، هەل و مەرجی گونجاو بۆ گەشەکردنی چەند پیشەسازییەك.

**Labour predatory** | العمل غير المنتج وغير المشروع / اعمال السلب | کاری بێ بەرهەم / کرداری بەتاڵانبردن

کارێکە بۆ پێداویستیە مرۆڤایەتیەکان سوودو کەڵکی نابێت، کارێکی ناپەسندو ناڕەواشە، دژی سیستمە کۆمەڵایەتیەکانە، نموونەی: قومارکردن، دزی رووتکردنەوە بەهەڕەشە لێکردن.

**Labourer** | العامل | کرێکار

واتە هەر مرۆڤێك (نێر یان مێ) بەچەند کارێکی دەستی و نادەستی هەڵبستێ لەبەرامبەر کرێیەك (رۆژانە) هەر چۆنێك بێت جۆرەکەی و بۆ بەرژەوەندی خاوەن کارێك بێت، هەروەها لەژێر چاودێری و دەسەڵاتی ئەو خاوەن کارە بێت.

ئەگەر وشەی کرێکار بەتەنها هات، ئەوا هەموو کارمەندو کرێکارە دەستیەکان دەگرێتەوە.

کرێکاری کشتوکاڵی | العامل الزراعي | **Labourer, agricultural**

تەماشا بکە: کرێکاری کشتوکاڵی | **Agricultural worker**

کرێکاری مکور | العامل الحدي | **Labourer margin**

ئەو کرێکارەیە کەرازی نابێت بەکارکردن، ئەگەر رۆژانەکەی (کرێ) لە ئاستێکی دیاریکراودا هاتە خوارەوە.

پسپۆرییە تەندروستی و کۆمەلایەتیەکان | الاختصاصات الصحية والاجتماعية | **Ladyalmoner**

تەماشا بکە: پسپۆری تەندروستی و کۆمەلایەتی | **Almoner**

کەلێنی کولتوری | التخلف الثقافي | **Lag cultural**

واتە تێکچوونی ئە وهاوسەنگیەیە کەلەخێرایی گەشەکردنی نێوان ڕەگەزەکانی کولتوردا ڕوودەدات، بەجۆرێك کەهەر ڕەگەزێك لەخێراییەکی جیاواز لەڕەگەزێکی دیکە گۆڕانی بەسەردا دێت، وەك ئەوەی یەك لەڕەگەزەکان بەخێرایی بگۆڕێت و ئەوی دیکە بەسستی، یاخود هەر نەگۆڕێت، نموونەی: پێشکەوتن لەبواری پیشەسازی و مانەوەی بارودۆخی خێزان وەك خۆی.

عیلمانیەت / زانستگەرایی | العلمانية | **Laicism**

زاراوەی عیلمانیەت لەهەر دوو ڕووی سیاسی و فێربوونەوە بەکار دەهێنرێت، مەبەست لەعیلمانیەتی دەوڵەت، جیاکردنەوەی ئاین لەدەسەلاتی سیاسییەو دەستێوەر نەدانی دامەزراوە ئاینیەکانە لەکاروباری حوکمڕانیدا.

هەروەها مەبەست لەعەلمانیەتی فێربوون، وەرگرتنی هەموو مندالانە لە قوتابخانەکان سەرەڕای جیاوازی بیروباوەڕەکانیان، دوور کەوتنەوەش لەهەرفشارو زۆر لێکردنێك یاخود پڕوپاگەندەیەك بۆ پەسندکردن و بەچاکتر زانینی بیرو باوەڕێك بەسەر ئەوی دیکەدا.

ئازادی ئابوری | الحرية الاقتصادية | **Laissez faire**

ڕێبازێکە داکۆکی لەسەر ئازادی تاك دەکات بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆی، بەشێوەیەکی تایبەت پەیوەندییە ئابورییەکانی، ئەویش بەکەمترین دەستێوەردانی ڕەسمی یان حکومی.

ئەوەش بەپێی گریمانەیەك کەتاك بەرهەمی زۆر دەبێت کاتێ دەرفەتی دەدرێتی بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی بێ هەر ڕێگرییەك یاخود کۆت و بەندێکی دەرەکی.

لێرەدا چەندین یاسای سروشتی هەیە کە شادی و خۆشی تاکەکان دەستەبەر دەکات، دیارە هەر دەستێوەردانێکی دەوڵەت دەبێتە کۆسپ لەبەردەم ئەو یاسایانە.

لەبنچینەشدا، زاراوەکە لەدەستەواژەی (laissez passer) وەرگیراوە، مەستیش لێی (ئازادی بازرگانی و کار)ە.

زەوی ڕووت / زەوی کەم دەرامەت | الارض الحدية | **Land, marginal**

ئەو زەوییەی بەزەحمەت داهاتەکەی بەشی خەرجی و تێچووی بەرهەمەکەی دەکات.

**Land reform** الاصلاح الزراعي چاکسازی زەوی و زار

**Cf. agricultural reform** چاکسازی کشتوکاڵی

**Land settlement** التوطين زەوی نیشتەجێبوون

نیشتەجێبوون، پارچەپارچەکردنی رووبەرێك لەو زەویانە دەگرێتەوە کەبەکەڵکی کشتوکاڵ دێن، ئەم کارە ڕەنگە بەزۆر بێت یان ئارەزوومەندانە، هەروەها ڕەنگە بەکۆمەڵ بێت کە هەمووی عەشیرەت بگرێتەوە، یاخود تاکێك پێی هەستێت وەك دابەشکردنی زەوی لەسەر ئەوانی پێویستیان پێی هەیە بەپێی یاساکانی چاککردنی کشتوکاڵ.

پرۆسەی نیشتەجێ بوون چەند لایەنێك دەگرێتەوە، دابەشکردن و تەختکردنی زەوی و نەهێشتنی کەم و کورتیەکانی خاك و فەراهەم کردنی ئاو بۆ ئاودێری و پەیداکردنی پێویستیە هونەریەکانی کشتوکاڵی.

**Land tenure** امتلاك الارض خاوەندارێتی زەوی

مەبەست لەزاراوەکە، مافی خاوەندارێتی زەوی و سوود وەرگرتن لێی و کارپێوە کردنی دێت، رێگاکانی خاوەندارێتی زەوی جیاواز دەبێت بەپێی جیاوازی کات و شوێنی.

هەندێ کەس بۆ چوونیان وایە کە خاوەندارێتی زەوی لەسەرەتاکانی مێژووی مرۆڤایەتی کۆبەشی بووە، دواتر بووە بەموڵکی فەرمانڕەواکان، ئەوانیش دابەشیان دەکرد بەسەر والی و فەرمانبەران.

لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، ئەو جوتیارانەی کە زەویان دەکێڵا جێگیربوون لەسەری و بوونە خاوەنی، پاشان پلەبەپلە ئەو مافە رووی لەسەرکەوتن کردو لەمیراتیەوە بۆمافی فرۆشتنی.

**Landuse** استعمال الارض بەکارهێنانی زەوی

بەکارهێنانی زەوی لەوبابەتە گرینگانەیە کە لەنەخشە کێشانی شارەکان رەچاو دەکرێت، ئەو بەکارهێنانە لەشارێکەوە بۆ شارێکی دیکە جیاواز دەبێت بەپێی ئەو چالاکیەی کەلەهەر شارێکدا زاڵە.

لەنەخشەکێشانی شارەکان ڕەچاوی ئەوە دەکرێت کەچەند ناوچەیەك بۆنیشەجێ بوون و هەندێکی دیکە بۆ دامەزراوە بازرگانیەکان و هەندێکیش بۆ پیشەسازییەکان تەرخان بکرێن، هەروەها ڕێژەیەکیش بۆ یاریگاو باخچەو شوێنی بەتاڵ لەنێوان خانوەکان دیاری بکرێن.

لەو نەخشەکێشانە ڕەچاوی ڕێگاکانی هاتووچۆ دەکرێت لەنێوان ناوچە جیاوەزەکاندا.

**City planning** تەماشا بکە: نەخشەکێشانی شار

**Zoning** دابەشکردنی شار شوێنەکان

**Land lordism absentee** المُلكية الغيابية مولکدارێتی پێوار (ون)

یەك لەشێوەکانی خاوەندارێتی زەوییە، خاوەن زەوی لەکێڵگەو زەوییەکانی دوور دەبێت، بەردەوام لەشارەدا جێگیر دەبێت، ئەو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاروباری زەوییەکەی بەڕێوەدەبات.

**Language** اللغة زمان

هۆکاری پەیوندیکردنی ڕاستەوخۆی نێوان مرۆڤەکانە، لەرێگەی زاراوەکان یان دەنگە ڕەوشکارییە ئاساییەکان کە ئامازەن بۆ

واتاكان و جیاوازیش دەبن بەپێی جیاوازی سەردەم و گەلان.
زمان کاریگەری دەبێت بەشارستانیەتی نەتەوەو بەسیستم و داب و نەریت، هەروەها بەبیروباوەڕو ڕێبازو ئاراستە ئەقلیەکان و ...هتد، هەر پەرەسەندێك لەیەك لەو بوارانە رووبدات، دەنگدانەوەی دەبێت لەئامرازی دەربریندا.
دەوترێت : زمانی زیندوو (Living language) بەو زمانەی کە دەبێتەهۆکاری پەیوەندیکردنی بنەڕەتی لە نێوان کۆمەڵە خەڵکێك، ئەوانی لەناوچەیەکی دیاریکراودا دەژین، هەروەها زمانی فەرمی (sbandard Language) بەو زمانە دەوترێت کەلە پەیوەندییە رەسمیەکان بەکار دەهێنرێت لەبواری نووسین و خوێندن.
زمانی مردووش (dead language)، ئەو زمانەیە کەبەکارهێنانی پووچەل بۆتەوە، وەك هۆکارێکی گفتوگۆ کردن، هەر چەندە بەکار هێنانی بەردەوام دەبێت لەنێوان توێژەران و لە بۆنەو ئاهەنگە ئاینیەکان، وەك زمانی لاتینی.

## یاسای ژمارە گەورەکان قانون الاعداد الكبيرة Largenumbers lawof

دیاردەکانی، گەڵاڵە و تاقیکردنەوەو نموونەکان (sampling)، هەروەها لایەنێکی گەورەی ئامارەکانی دانیشتوان ونیشانەکانی پێش بینی کردن (prediction indexes) لەسەر بنچینەی ئەو ئەگەرێیتیانە دروست دەبن کەبەهۆی یاسای ژمارە گەورەکانەوە پەیدادەبن، هەر بەپێی ئەو یاسایە، ئەوا ئەگەرێتی، دووبارە بوونەوەی رێژەیی بۆ روودانی رووداوەکە دەنوێنێ، هەروەها دەکرێ پێوانەو دیاریکردنی ئەگەرێتی روودانی دیاردەیەك بکرێت، ئەگەر زانیاری دیاریکراوی تەواومان دەسکەوت دەربارەی.
دیارە رێبازی ئامariش دەست بەدەست لەگەڵ یاسای ژمارە گەورەکان بەرێوە دەچێت، هەر بەبەکارهێنانی ناوەندە لەبارەکانیش، دەکرێ ژمارە گەورەکان کورت بکرێنەوە لەچەند ژمارەیەکی بچووك کەهێماپێکراوی گرینگی دەبێت، بۆیە دەکرێ بەڕاستی ناو لەئامار بنرێت زانستی ژمارە گەروەکان یاخود زانستی ناوەندییەکان.

## بەرهەمهێنانی گەورە الانتاج الكبير Large scale production

مەبەست لەم دەستەواژەیە، بەرهەمهێنانی کالاو کەرەستەکانە بەبرێکی گەورە، هەروەها توانای بەرزکردنەوە یان فراوانکردنی سنوری بەرهەمهێنانەکەیە، ئەویش بەزۆرکردنی ئەو برانەی تەرخانکراون لەرەگەزەکانی بەرهەمهێنان، بەتایبەتیش لەسەرمایەو کاردا، هەروەها زۆر کردنی توانای ئەو فاکتەرانە بەرێگای دابەشکردنی کار، یاخود بەکارهێنانی تازەترین داهێنانەکانی تەکنولۆجیا وەك نموونە.
پێشکەوتنی ئەو جۆرە رێکخستنەش هۆیەکانی بۆ گەشەکردنی شێوازی سەرمایەی بەرهەمهێنان دەگەڕێتەوەو ئێستاش بووە بەیەك لەو خەسلەتانەی کەسیستمی پیشەسازی تازەی پێ جیاواز دەکرێتەوە بەشێوەیەکی تایبەت.
بەرهەمهێنانی گەورە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی داهاتی ناوخۆیی و سوود وەرگرتن لە دابەشکردنی کاروپسپۆری بەچاکترین شێوەکانی، کەلەتوانادا بێت، هەروەها فەراهەم بوونی توانا لای پرۆژە گەورەکە کەتۆژینەوەو تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن، دیارە ئەوەش دەبێتە هۆی گەشەپێدانی چالاکیەکانی و دابەشکردنی خەرجیە ناراستەوخۆیەکانی بەسەر بەرهەمهێنانی گەورەدا، ئەمەو سەرەڕای فراوانبوونی خەرجکردن لەبوارەکانی پروپاگەندەو راگەیاندن کەئەوانیش کاریگەرییان دەبێت لە فرۆشتنی بەرهەمەکانی و زۆرتر کردنی و لەدوایشدا قازانجەکان زیاد بکات، دیارە پرۆژەگەورەکان لەوانی دیکە بەتواناتر دەبن بۆ فەراهەم کردنی جۆرەها خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بۆ کارمەندانی.
لەلایەکی دیکەوە، رەنگە بەر هەمهێنانی گەورە هەندێ لایەنی خراپ و نەرێنیشی هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو بەرهەمە روو لەپاوانکاری دەکات و ئەو سوودوکەڵکەی کەبۆ جەماوەری هەبووە، روو لەکەمی دەکات، ئەویش بەهۆی رکابەری نێوان پرۆژەکان، هەروەها ئەگەر فراوانبوونەکە سنورێکی دیاریکراوی تێپەرکرد، ئەوا رەنگە ئەنجامەکانی پێچەوانە بگەرێتەوە، لەرووی تواناکانی لەسەر کارو ئەرك بەجێگەیاندن، لەبەر ئەوەی کارێکی زەحمەت و دژوار دەبێت کەکەسێك بەئەرکەکانی

ڕێکخستن و سازاندن هەستێت، ئەمەو سەرەڕای دژواری سەرپەرشتی کردنیان.

شاراوەیی
نادیار | الكمون | latency

مەبەستی زاراوەکە لەتیۆری فێربووندا، پێوەرێکە بۆ ئەو ماوەیەی کەوتۆتە نێوان دەرکەوتنی هاندەرو ڕوودانی وەڵامدانەوە.
زراوەکە هەندێ جار لەدەروونناسیدا بەکار دەهێنرێت، وەك ئاراستەیەك یان نەریتێك کەلەڕابردوودا لەبارو گونجاو بووە.
لەتیۆری شیکردنەوەی دەروونناسیدا دەورتێت، ماوەی کپ بوون، بۆ ئەو ماوەیەی کەکەتۆتە نێوان قۆناغی منداڵی لەتەمەنی پێنج ساڵی و تەمەنی دوازدە ساڵی، لەو قۆناغەدا بایەخدان بەسێکس لاواز دەبێت لەکاتێکدا ئارەزووی دەست درێژی زاڵ دەبێت.
هەروەها دەوترێت فەرمانێکی شاراوە، بۆ ئەو پەیوەندییە فەرمانیە نامەبەستدارە، (یان دانی پێدانەنراوە) کەئەویش پێچەوانەی فەرمانە دیارەکەیە.

سیستمی کێڵگە گەورەکان | نظام المزارع الكبيرة | Lati fundism

سیستمێکی بلاوە بۆ خاوەندارێتی کێڵگە گەورەکان لەدەوڵەتانی ئەمریکای لاتین.
خاوەندار بەزۆری لەشارەکاندا دەژێت، بەڕێوەبردنی کێڵگەکە دەدرێتە دەست بەڕێوەبەرێك، یاخود چەند رووبەرێکی کێڵگەکە بەکرێ دەدرێتە چەند کشتیارێك بەرامبەر بەبڕەپارەیەك (کرێ)، ئەو کرێکارانەی لەو کێڵگانەش کاردەکەن (رۆژانە) کرێیەکی زۆر کەم وەردەگرن و لەبارو دۆخێکی زۆر خراپیش دەژین و هیچ جۆرە پارێزگارییەکی یاساییان نابێت.
تەماشا بکە: کێڵگە بچووکەکان | Mini fundism

یاسا | القانون | Law

یاسا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە، هۆکارێکی گرینگە لەهۆکارەکانی ڕاگرتن و ڕێك و پێکردنی کۆمەڵ، یاسا لوتکەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دەنوێنێ بۆ رەفتاری مرۆیی، لەبەر ئەوەی بەئاشکرا ئەوە دیاریدەکات کەچی پێویستە تاك بیکات و چی نەکات.
سەرەڕای ئەوەش یاسا ئەو سزایە دیاری دەکات کە بەسەر کەسی لەیاسا لادەر دەسەپێنرێت.
تەماشا بکە: یاسای مەدەنی | Civil law
یاسای سزادان | Criminal law
یاسای ئاسایی | Common law

دەرکردنی یاسا (law making) جیاواز دەبێت لەکۆکردنەوەو ڕێکخستنی (codification)، دانان و دەرکردنی یاسا بریتیە لەدانانی بنەماو ڕێسا یاساییەکان بەهۆی دەسەڵاتێکی تایبەت لەدەسەڵاتەکانی دەوڵەت.
بەڵام کۆکردنەوەو ڕێکخستنی یاسا، ئەوە بریتیە لەکۆکردنەوەی ڕێسا پەیوەندارەکان بەلقێك لەلقەکانی یاسا لەتۆمار کراوێکدا، کەرێکخراوەو پۆلین کراوە، وەك ڕێکخستنی یاسای مەدەنی و یاسای بازرگانی.

یاسای سروشتی | القانون الطبيعي | Law natural
تەماشا بکە: | Natural law

یاسای زانستی | القانون العلمي | Law scientific

مەبەست لەزاراوەکە، شێوازێکە گوزارشت لەو پێویستیە دەکات کە دەسەڵاتی بەسەر دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتیەکان

دەبێت و ئاراستەیان دەکات، ئەویش بریتیە لەو پەیوەندییە قوڵ و جەوهەری و جێگیرو دووبارە بوەوەی نێوان دیاردەیەك و دیاردەیەکی دیکە، یان لەنێوان لایەنە جیاوازەکانی دیاردەیەك، ئەو پەیوەندییەش خۆی لە بەستنەوەی هۆ بەئەنجامەوە دەنوێنێ.

یاسا زانستیەکانی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بریتین لەچەند ئاراستەیەك، یاخود چەند ئارەزوویەکی روو لەو پەیوەندییە دیاریکراوانەی نێوان ئەو دیاردانە، چونکە ئەوانە گوزارشت لە رەفتارێکی یەکگرتوو دەکەن.

**Law enforcment** | تنفيذ القانون | کارپێکردنی یاسا

(جێبە جێکردنی)

هەموو سیستمێکی یاسایی، پێویست بەپێڕەوکردن و گوێڕایەڵی دەکات، هەروەها چاودێری دەسەڵاتە جیاوازەکانی حکومەتیش بکرێت، هەر لایەکیش بەپێی یاسای پەیوەندار پێوەی، ئەگەر لایەکیش سەرپێچی بڕگەکانی بکات ئەوا رەوانەی دادگا دەکرێت، دوای سەلماندنی سەرپێچییەکەی سزا دەدرێت.

ڕەنگە سزاکە بەپارەبژاردن بێت یان زیندانی کردن، هەروەها چەندی تاوانەکە زەرەرمەند بێت، ئەوا سزاکەش توندتر دەبێت.

**Law lessness** | التمرد على القانون / مخالفة القانون | سەرپێچی لەیاسا

(یاخیبوون)

زاراوەیەکە لەسەر رەفتاری ئەو گروپە پیادە دەبێت کە بەشێوەیەکی کەللە رەقانە یاخی دەبێت، لەسەر پێچی کردنیشی لەبنەما گرینگەکانی یاسادا راهاتووە، هەروەها زاراوەکە ئەو گروپەی سەرپێچی لەبنەماو ڕێسا گشتیەکانی کردووە، دەگرێتەوە.

دیارە ئەو یاخی بوونەش لەبارێکی ئاسایدا لەلایەن هەندێ کۆمەڵەو لایەنی بیانیەوە سەر هەڵدەدات، لەبڕیاردانیش پشت بەو زانیاریانە نابەسترێت ئەوەندەی پەیوەندی بەداب و نەریتەکانی ئەو کۆمەڵە هەیە، ئەو تاوانبار کردنانەش کەپەیوەستن بەرەفتاری گروپەکانەوە بەزۆری بەهۆی بایەخدانی چڕیان بەخودەوەیە (ego centrism) هەروەها لایەنگریان بۆ ئاستە کۆمەڵایەتیەکان.

**Leadership** | القيادة | سەرکردایەتی

ڕێبەرایەتی

سەرکردایەتی واتە بوونی توانا لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ سروشتی مرۆیی، یان بوونی توانای کارتێکردن لەرەفتارە مرۆییەکان بەمەبەستی ئاراستەکردنی کۆمەڵە خەڵكێك بەرەو ئامانجێکی هاوبەش و بەڕێگایەك کەملکەچی و متمانەو ڕێزو هاوکاریان دەستە بەربکات، بەواتایەکی دیکە بەبێ سەرکردایەتی، کۆمەڵ ناتوانێت ئاراستەی رەفتاری یاخود رەنج و هەوڵەکانی دیاری بکات.

بۆ پۆلینکردنی سەرکردەکان، دەکرێ پشت بەچەندین بنەما ببەسترێت، لەوانە: دابەشکردنی سەرکردەکان لەسەر بنەمای جۆری هەڵوێست یانیش دۆخەکە، لەم بارەشدا سەرکردەکان دابەش دەکرێنە سەر:

سەرکردە نەریتی و رەفتارە کۆنەکان (traditional leaders) یان ئەوانی هەر بەناو سەرکردەن (nominalleaders)، ئەوانە پلەو پایەی رەسمیان هەیە، هەروەها سەرکردەی هەوڵوێست و دۆخەکان (situational leaders)، ئەوانی لەهەڵوێستی دیاریکراودا دەردەکەون.

لەگەڵ سەرکردە داهێنەرەکان (creative leaders) ئەوانی چاودێری چەند هەڵوێستێکی ئایندەیی دەکەن و هەوڵدەدەن سەرکردایەتی تاکەکان بکەن لەبەر رۆشنایی ئەو هەڵوێستانە، وەك فەیلە سوفەکان و گەورە بیرمەندان.

سەرکردەکان لەسەر بنچینەی شێوازی کاریش پۆلێن دەکرێن بۆ:
سەرکردە دیموکراسیەکان (democratic leaders) ئەوانی پەنا بۆ هۆکارە دیموکراتیەکان دەبەن بەمەبەستی کارتێکردن لەسەرتاکەکان.
سەرکردە دیکتاتۆرییەکان (dictatoridal leaders) ئەوانی پەنا بۆ بەکارهێنانی هێ کارە دیکتاتۆرییەکان دەبەن بۆ کارتێکردن لەتاکەکان.
هەروەها سەرکردایەتی ئازادانە نائاراستەکراو (laissez faire leadership) لەم بارەدا دەستێوردان و ئاراستە کردنی سەرکردە بۆ گروپەکەی تاڕادەیەکی گەورە کەم دەبێتەوە، گروپ لەچالاکیەکانیدا تەواو پشت بەخۆی دەبەستێت.
پرۆسەی سەرکردایەتی پشت بەچەند کۆڵەکەیەك دەبەستێت:
1- سەرکردە 2- لایەنگرو پشتیوانان 3- ئەو هەل و مەرجەکۆمەڵایەتیەی کە تێیدا کارلێکردنیان دەبێت، بۆیە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی سەرکردایەتی دەبێ سازان و تەبایی لەنێوان هەرسێ کۆڵەکەکە رووبدات، واتە سەرکردە تەبابێت لەگەڵ لایەنگرانی، هەروەها لەگەڵ ئەو دۆخ و هەڵوێستە کۆمەڵایەتیەی کارلێکردنی تێدا دەبێت.
ئەو سازان و تەبابوونە، تاڕادەیەکی گەورە لەبواری سەرکردایەتی بەکۆمەڵ (collective leader ship) پەیدا دەبێت، واتە بەشداریکردنی کۆمەڵ لەوەرگرتنی بڕیارەکان کەڕێگر دەبێت لەبەردەم ئەوەی سەرکردە بەتەنیا بڕیار بدات.

**سەرکردایەتی سیاسی** — **الزعامة السياسية** — **Leader ship Political**

زاراوەی پێشەوایەتی سیاسی، ئاماژەیە بۆ ئەو جۆرە چالاکیەی کەهەوڵ و ڕەنجێکی خۆویستانەی هاوبەش پێکی دەهێنێت، هەروەها ئاراستەکردن و بەڕێوەبردنیش بەمەبەستی گەیشتن بەچەند ئامانجێکی هاوبەش لەگۆڕەپانی سیاسیدا.
پێشەوایەتی، یان سەرکردایەتی سیاسی، لەکۆمەڵگەدا کەسێك یاخود زیاتر پێی هەڵدەستێ، لایەنگران و هەوادارانی خۆی ئاراستە دەکات، دیارە لەسەر کەوتن و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیشی، پشت بەڕەزامەندنی لایەنگران و هەوادارانی دەبەستێت بەپێی ویستو ئارەزوویەکی ئازادانە بەرۆڵی ئەو سەرکردانە کەجیاواز دەبێت لەرۆڵی ئەو دەسەڵاتەی خەڵکی ملکەچی دەبێت.
گەیشتن بەپێگەی پێشەوایەتی سیاسی بەچەند هۆکارێك دێتەدی، لەوانە: هەڵبژاردن، پشتاو پشتی، دانان، هەڵبژاردنی سەرکردەکان بۆ چەند هاوڕییەکی نوێی خۆیان، هێز، هەندێ جاریش دەکرێ نێوان چەند هۆکارێك لەوانە کۆبکرێتەوە.

**کۆمەڵە** — **العُصبة** — **League**
**یەکێتی (تەرییدە)** — **الكتلة**

لەڕووی سیاسیەوە، کۆمەڵە لەچەند دەوڵەتێك پێکدێت بەمەبەستی هەستان بەبەرگریکردن یان هێرش بردن و یاخود بەرهەڵستی و یانیش هەر بەرژەوەندییەکی هاوبەشی دیکە.
زاراوەکە لەڕووی یاساییەوە ئاماژە بۆ یەکگرتنی نێوان چەند تاکێك دەکات بە مەبەستی بەدیهێنانی چەند بەرژەوەندییەکی هاوبەش.

**کۆمەڵە ڕێکخراوە زانستیەکان** — **الجمعيات العلمية** — **Learned societies**

زاراوەی (کۆمەڵەی زانستی) هەروەك دیارە، وەك زاراوەکانی (زانکۆ)و ئەکادیمیە و (پەیمانگا) مانایەکی سنورداری نیە.
بەڵام بەواتایەکی ورد، ئاماژە بۆ کۆمەڵەیەك، یان ڕێکخراوێك دەکات کە خوێندکارانی زانست دەگرێتەخۆی، ئەگەر لەچەند بوارێکی جیاوازدا یاخود لەبوارێکی تایبەت کاربکەن.
زاراوەکە تازەبڵاوبۆتەوە، زۆرێك لەکۆمەڵەکان، ئەگەر زۆر بەشیان نەبن (کەخوێندکارانی زانست دەگرنەخۆیان) سنوریان فراوان بۆتەوەو کەسانێکی زۆر لەوانی بایەخ بەئامانجەکانی کۆمەڵە دەدەن لەناویدا کۆبوونەتەوە، ئەوانە بوونەتە ئەندامی

لایەنگر کەبەهای خۆیان هەیە، بێ ئەوەی داوابکەن وەك خوێندکاری زانست تەماشا بکرێن.

**فێربوون** | **التَعلم** | **Learning**

واتە، پرۆسەی ڕاستکردنەوەی، رەفتار، یان شارەزایی و ئەزمون، وەك ئەنجامێك بۆ کارکردن و ئەزموون، هەروەها پرۆسەکە زانیاری و کارامەییەکانی تاك زۆر دەکەن، ڕادەی پێشکەوتنی تاك لەفێربووندا پێوانە دەکرێت بەخێرایی لەبواری ئەرك بەجێگەیاندن و خۆڕزگارکردن لەهەڵە هەروەها بوونی توانا لەسەر کاری رێك و پێك و کەمکردنەوەی رەنج و ماندووبوونەکانی .

گرینگترین تیۆرییەکانی فێربوون: فێربوونی مەرجدار، فێربوون بەهەوڵدان و هەڵەکردن، فێربوون لەڕێگەی چارەسەرکردنی کێشەکان، فێربوون بەڕێگای بیرکردنەوە.

**سیستمی بەکرێگرتنی زەوی و زار** | **نظام أستئجار الاراضي** | **Leasehold system**

پرۆسەی بەکرێدانی زەوییە کشتوکاڵیەکان، بۆ ئاوەدانکاری و بونیادنان، ئەویش بەهۆی سەرمایە خەڵکانێکی غەریب نەك خاوەنە ڕاستی و بنچینەییەکانیان بەمەبەستی سوود وەرگرتن و بەکار هێنانیان.

پۆلێنکردنی جۆرە سەرەکیەنی ئەو بەکرێدانە، پشت بەو رێگایە دەبەستێت کەبەهۆیەوە نرخی بەکرێدانەکەی پێ وەردەگیرێت، پێدانی کرێکەش بەیەك لەو ڕێگایانە دەبیت: بەپارە، بەرامبەر بەشتێك، تێکەڵاو لەهەردوو جۆر.

**چەپ، راست** | **اليسار واليمين** | **Lift, right**

دوو زاراوەی سیاسین، لەرووی مێژووییەوە شوێنی دانشتنی ئەندامانی پەرلەمان دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەندامانی چەپڕەو لەلای چەپی سەرۆکی ئەنجومەن دادەنیشتن و ئەندامانی ڕاستڕەویش لەلای ڕاستی سەرۆك دادەنیشتن.

بەم شێوەیە ئەو دوو زاراوەیە بەسەر هەردوو ئاراستەی شۆڕشگێڕی و کۆنە پارێز هەڵدەدرا.

**یارمەتی یاسایی** | **المساعدة القضائية** | **Legal aid**

یارمەتی داوەری (یاسایی) لێخۆش بوون لەباجی (فەرمانەی) داوەری دەگرێتەوە، لەو کەسەی کەداخوازی (سکالای) هەیەو بێ توانایی خۆی لەپێدانی ئەو (فەرمانەییە) باجە دەسەلمێنێت، ئەگەر بەشێوەیەکی کۆتایی بێت یان کاتی.

لەو حالەتەدا، لیژنەیەکی تایبەت لەو داواکارییە بۆ لێخۆش بوونی داوەری و یەکلاکردنەوەی بابەتەکە دەکۆڵێتەوە.

لێخۆش بوونیش، باجەکانی (فەرمانەیی) وێنەو بەڵگەنامەو پوخت کردنەوەی بابەتەکان، ئەو فەرمانەییەی سەرپێداویستیەکانی نووسینی داوەری و کارگێری و جێبەجێکردن و بلاوکردنەوەو ڕاگەیاندن و...دەگرێتەوە، لەگەڵ هەر جۆرە خەرجیەکی دیکە کەیاسا رێگای پێداوە.

**کێشمەکێشی یاسایی** | **النزاع القانوني** | **Legal dispute**

تەماشا بکە: مشتومڕ | **Dispute**

**دامەزراوە یاساییەکان** | **الهيئات القضائية** | **Legal institutions**

دامەزراوە دادوەرییەکان پێکدێن لەچەند دادگایەکی جیاواز بەپێی ئەو سیستمە دادوەریەی کە دروست بوونی ئەو دادگایانەو

سـنوری دەسـەڵاتیان و پێکهاتـەی هەریەکـەیان ڕێکـدەخات، هـەروەها دیـاریکردنی مەرجـەکانی دامەزرانـدنی دادوەرەکـان و ڕوونکردنەوەی ماف و ئەرکەکانیان لەگەڵ ئەوانی هاوکاری دادوەرانن لەکارەکانیان وەك پارێزەر و نووسەرو شارەزایان.
دەسەڵاتی داوەری جیایە لەدەسەڵاتی یاسادانان لەلایەکەوە، هەروەها جیایە لەیاسای جێبەجێکردنیش لەلایەکی دیکەوە.
دادگایکردن لەسەر دوو پلە (ئاست) دەبێت، بەو مانایەی هەر کێشەو گیرو گرفتێك کەلەلایەن دادگای بـەرایی بڕیـاری لەسـەر دەدرێـت، دەکـرێ بەرزبکرێتـەوە بـۆ دادگایـەکی بـاڵاتر، بەمەبەسـتی چاوخشـاندنەوە تێیـداو چـاککردنی هـەر هەڵەیـەك ڕوویدابێت لەو بڕیارە، بۆیە دادگای دووەم لەچەند دادوەرێك بەژمارە زۆرترو شارەزاتر پێکدێن.

**پزیشکی یاسایی** — **الطب الشرعي** — **Legal medicine**

تەماشا بکە: **Medicine legal**

**کارراییە یاساییەکان** — **الاجراءات القانونية** — **Legal procedures**

بەمانایـەکی فـراوان، مەبەسـت لەزاراوەکـە، بنـەماو ڕێسـاکانی سیسـتمی داداوەری و دەسـەڵاتەکانی و جێبـەجێکردنی کێشـەو پرسەکان و ئەنجامدانی بڕیارەکانە.
بەڵام لەسنورێکی تەسکدا، مەبەست لەزاراوەکە، بریتیـە لەکۆمەڵـە کاروبارێـك کـە پێویسـت دەکـات پێـی هەسـتن بـۆ گەیشـتن بەچارەسەرییەکی دادوەرانە.

**سزای یاسایی** — **الجزاء القانوني / العقوبة** — **Legal sanction**

سزای یاسایی، ئەو شێوازەیە کە کەبەهۆیەوە جێبەجێکردنی یاسا دەستەبەر دەبێت، جەزاش بڕیارێکە لەسەر ئەو کەسەی کـە سەر پێچی یاسای کردبێت، دیارە ئەو سزایە بۆ پاراستن یان بـۆ بەربەسـتکردن دەبێـت (preventive) هـەروەها زۆر لێکـەر یاخود دامرگێنەر دەبێت (peressive) .
کۆمەڵگە لەهەڵسـەنگاندنی بـۆ کـاری سـزایی تـاك، تەماشـای خـودی تاوانەکـەی و ڕادەی مەترسـییەکەی دەکـات، لەگـەڵ ڕادەی دەست درێژییەکەی لەسەر سیستمە بنچینەییە کاریگەرەکان لەسەر ژیانی گشتی کۆمەڵگە.

**سیستمی یاسایی** — **النظام القانوني** — **Legal system**

سیستمی یاسایی، بریتیە لەکۆمەڵە ڕێساو بنەمایەکی یاسایی، ئامـانجی ڕێکسـختنی هاوبەندییـەکی دیـاریکراوە لەهاوبەندییـە یاساییەکان ئەوانی لەسیستمێکی یاسایی دیاریکراودا بوونیـان هەیـە، نموونـەی: سیسمی هاوسـەرگیری، سیسـتمی گرێبەنـدی، سیستمی خاوەنداریێتی.

**داستان ئەفسانە** — **الاسطورة** — **Legend**

ئەفسانەکان، واتە ئەو بیرو باوەڕانەی پڕن (یان هەڵگری)لەو بەهاو بنەمایانەن کەخەڵکی باوەڕی پێیانەو بەهۆیانـەوە یـاخود لەپێناویاندا دەژین.
هەموو کۆمەڵگەیەك پەیوەستە بە شێوازێك لەئەفسانەکانی، گوزارشـت لـە وێنـەو دیمەنـە هزرییـە ئاڵۆزەکـانی نـاو کۆمەڵگـە دەکات، لەهەمان کاتدا هەموو بوارەکانی چالاکی مرۆڤایەتیش دەگرێتەوە.

یاسادانان التشريع **Legislation**

کۆمەڵە بنەماو ڕێسایەکی یاساییە لەلایەن دەسەڵاتێکی پەیوەنداروە، لەدەسەڵاتەکانی دەوڵەت کەئەویش دەسەڵاتی یاسادانانە، دادەنرێت، ڕاگەیاندنی بنەماو ڕێساکان لەو سەرچاوەیەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی هێزی یاسایی بخولقێت و دادگاکانی دەوڵەت دانی پێدابنێن و وەك یاسایەك پێویست بەپیادەکردنی دەکات لەئاییندەدا.

چەندی ژیانی کۆمەڵایەتی پەرەی سەندو بەهۆی ئەو پەرەسەندنەش پەیوەندی و پەیوەستیە مرۆڤایەتیەکان زۆر بوون، دەردەکەوێت کەنەریت وەك سەرچاوەیەك بۆ یاسا بەکەڵك نایت و پێویست بەدارشتنی یاساکان و نووسینەوەیان دەکات بە شێوازی تایبەت.

گرینگی دان بەیاسادانان لەسەردەمی نوێدا، گەیشتە ئەو ئاستەی کە زاراوەی یاسای پێ بوترێت، ئەگەر ئەم زاراوەیش وترا، ئەوا راستەوخۆ ئەقل روو لەیاسا ڕێزی دەکات، لەبەر ئەوەی سەرچاوەی سەرەکیە بۆ یاسا نوێیەکان.

یاسادانانی کۆمەڵایەتی التشريع الأجتماعي **Legislation social**

تەماشا بکە: **Social legislation**

دەسەڵاتی یاسادانان السلطة التشريعية **Legislative authority**

دەسەڵاتی یاسا دانان، وەك باوە، مافێکە بەدەستی پەرلەمانەوە دەبێت، کەمافی پێش نیاز کردن و هەموار کردنی یاساکانی دەبێت، هەروەها حکومەتیش مافی ئەوەی هەیە پێش نیازی یاساکان بکات و بۆ پەرلەمان بەرزی بکاتەوە.

لەراستیشدا زۆرینەی زۆری پرۆژەی یاساکان لەلایەن حکومەتەوە وەك پێش نیاز دەخرێتە ڕوو، نەك لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان، هۆی ئەو کارەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پرۆسەی ئامادەکردنی پرۆژەی یاسایەك و دارشتنی لەچەند بەندێك، ئەوە پرۆسەیەکە پێویستی بەکۆششێکی زۆر دەبێت، هەروەها پێویستی بەهاوکاری، کەسانی یاسایی و شارەزایان دەبێت لەو بابەتانەی کەپرۆژە یاساکە دەیگرێتەوە، دیارە ئەوەش کارێکە زۆرکەم بۆ ئەندامانی پەرلەمان دەڕەخسێت، سەرەڕای ئەوەی کەحکومەت پێکهاتووە لەسەرکردەکانی زۆرینەی فراکسیۆنەکانی ناوپەرلەمان، ئەگەریش وایە کە ئەوان باشتر ئاگاداری ویستی ئەو زۆرینەیەو پێویستیەکانی وڵات دەبن تا ئەندامانی پەرلەمان.

حەلال زادە مندالی شەرعی ١ – شرعية البنوة **Legitimacy**

لەدایك بوونی منداڵێك کەبەرهەمی هاوسەرگیرییەکی شەرعییە، لەو حاڵەتەشدا ماف و دەسکەوتەکانی منداڵێتی دەبێت.

لەڕاستیدا هەموو کۆمەڵگاکان جیاوازی لەنێوان حاڵەتی شەرعیەت و نا شەرعیەتی لەدایك بوونی منداڵ دەکەن، یاساکانی سزادانیش لەحالەتی دووەم پیادە دەکەن لەسەر باوك و دایکەکان، لەزۆر حالەتیشدا بەسەر منداڵەکانیش.

رەوایەتی پاساوی یاسایی ٢ – الشرعية

حالەتێکە لەدەسەڵاتداری ئەرێنی و ئەو رەزامەندییەی فەرمانڕەواو دەسەڵاتداران و رێکخراوە سیاسییەکان بەدەستیان هێناوە، بەو هۆیەوەش، ئەوان دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست.

چینی پیران گەورە پیاوان طبقة الاعيان **Leisure class**

توێژێکی ناوکۆمەڵگەیە، بەهۆی هەل و مەرجە کۆمەڵایەتیەکەی، دەتوانێت چێژ لەئاستێکی گوزەرانی بەرزتر لەئاستی

ئاسایی وەربگرێت، بێ ئەوەی ڕاستەو خۆ بەکاروچالاکیەك هەستێت بەمەبەستی خۆ ژیاندن.
ڕەنگە ئەو بارە جیاوازیەشی هۆیەکەی میراتی و پشتاو پشت بێت، یان دەسکەوتەکانی بێت کە لەداهاتی زەوی و زار پەیدا دەکات، یاخود سەرمایەیەك بێت بۆی گەڕابێتەوە.

**چالاکیەکانی کاتی بێ ئیشی** أنشطة أوقات الفراغ **Leisuretime activities**

ئەو بوارانە دەگرێتەوە کەتاك بەچەند چالاکیەك هەڵدەسێت لەکاتەکانی بێ ئیشیدا، ڕەنگە ئەو چالاکیانە ئەرێنی بێت وەك وەرزشی جەستەیی و ئارەزووەکان، یان نەرێنی بێت وەك چوونە چایخانەکان.
کەمکردنەوەی کاتەکانی کارکردن بووە بەهۆی ئەوەی کەکاتەکانی بێ ئیشی زۆرتربن، هەروەها بەرزبوونەوەی داهاتیش دەبێتە هۆی ئەوەی زۆر بوونی بێ ئیشی فراوان بێت و خستنەڕووی کارکردنیش کەم بێتەوە.

**لینیزم** اللينينة **Leninism**

ڕێبازی لینیزم (1870 1924) بەدرێژە پێدانی ئەو هرزە مارکسیزمە دێت کە بەهۆی شۆڕشەوە دەسەپێنرێت نەك بەڕێگای چاکسازی و پلە بەپلە دیارە ئەو ڕێبازەش پراکتیکردنێکی کردارییە بۆ تیۆری کۆمۆنیستی لەروسیا کە لەگەڵ شۆڕشی ئۆکتۆبەری (1917) دەستی پێکرد.
دوای مردنی لینین، چەند گروپێکی جیاواز دەرکەوتن، هەریەکەیان نووسینەکانی لینینیان ڕاڤە دەکرد جیاواز لەوی دیکە، هەر گروپێکیش باوەڕی وابوو کە ڕاڤەکردنەکەی خۆی ڕاستە.

**پانۆکی**
**(سیکسی نێوان دوو ئافرەت)** السحاق **Lesbianism**

دیاردەیەکی سیکسی نائاساییە، لەسەر بنچینەی بەدەست هێنانی خۆشی و سەرگەمی سیکسی ئەنجام دەدرێت، ئەویش بەڕێگەی پەیوەندی سیکسی لەنێوان خودی ژنان، هەندێکیان لەگەڵ هەندێك.
تەماشا بکە: لادانی سیکسی **Sexual perverision**

**ئاستی داهات** مستوى الدخل **Leve income**

ئاستی داهات (دەرامەت) ئەو داهاتە خولیەیە کە تاك لەکۆتایی هەر ماوەیەکی دیاریکراو بەدەستی دەکەوێت، ڕەنگە لێکدانەوەیان باس لەو ئاستە بکرێت بەکەمترین رادەی ئەو کرێیەی (موچە) کەدەکرێ گوزەرانی پێ بکرێت (living wage)، واتە کەمترین ئاستی کرێ (موچە) کەژیانی پێ بەڕێوە بچێت، تادەگاتە ئاستی لێواری ژیان (subsistence level) ئەوەش کەمترین ئاستە دەکرێ تاك پێی بژێت، هەروەها ڕەنگە ئاستی گوزەران لەو ڕادەیەش دابەزێت و بگاتە ئاستی خوار هەژاری (poverty level) لەو بارەشدا تاك پێویستی بەیارمەتیە گشتیەکان دەبێت.
لێرەدا پەیوەندییەکی توند هەیە لەنێوان ئاستی گوزەران و ئاستی کۆمەلایەتی (social level)، ڕەنگە بەرزبوونەوەی ئاستی گوزەران هۆکارێك بێت بۆ بەرزبوونەوەی پلەو پایەی تاك لەپلەبەندی چینە کۆمەلایەتیەکان، هەروەها پێچەوانەش دابەزینی ئاستی گوزەران دەکرێ ببێتە هۆکار بۆ دابەزینی پلەو پایەی تاك.
تەماشا بکە : ئاستی گوزەران **Standard of living**

براژن خواستن
سیستمی خواستنی ژنی برا
نظام الزواج من أرملة الاخ (الليفيرا)
**Levirate**

سیستمی هاوسەرگیری لەگەڵ بێوەژنی برا، بەپێی ئەو سیستەمە، بێوەژن شوو بەیەك لەبراكانی مێردە (مردوە)كەی دەكات، ڕەنگە ئەو سیستەمەش چەند شێوەیەك وەربگرێت، پابەند بوونی براش جیاواز دەبێت لەكولتورێكەوە بۆ یەكێكی دیكە، جولەكەو یونانیە كۆنەكان كاریان بەیەك لەشێوەكانی ئەو سیستەمە دەكرد.

بەرپرسیارییەتی بەرامبەر
كەسێكی دیكە (قەرزدانەوە)
المسؤلية – الألتزام
**Liability**

پابەند بوونێكی یاساییە، بەپێی یاساكە، كەسێك (یان زیاتر) پێویست دەكات ماف و قەرزی كەسێكی دیكە بگەڕێنێتەوە.
دەوترێت: بەرپرسیاریەتی بەرامبەر خزمان (liability relatives) واتە، پابەند بوونی چەند خزمێك بەپێدانی خەرجی ژیان (نەفەقە) بەكەس و كاری خزمەكانیان، وەك ئەوانی لەزنجیرە كۆڵەكەی خزمان بن، باوك ئەگەر بەرەو سەرەوە بوون، هەروەها كورەكان، ئەگەر بەرەو خوارەوە بوون.
یاخود لەدەرەوەی زنجیرەی ئەو خزمایەتیە بن، وەك براو خوشكان.
ئەو كەسەی مافی خەرجی ژیانی دەبێت، مەرجە كەسێكی هەژار بێت و سامانی نەبێت، هەروەها توانای كاركردنیشی نەبێت، ئەو كەسەی بەندیش دەبێت بەپێدانی نەفەقەكە، پێویستە توانای خەرجكردنی هەبێت.

قوربانی كردن بە مەی
التضحية بالانبذة أو مايشبهها
**libation**

جۆرە داب و نەریتێكە، ڕژاندنی مەی بەسەر ئەو شتەی خوداوەند دەنوێنێ، یان پێشكەشكردنی ئەو جۆرە خواردنەوەیە یاخود خواردنەوەی، ئەویش بەمەبەستی بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خوداوەندەكان و هاوكاری و پارێزگاریكردنیان.

لیبرالیزم
ئازادیخوازی
التحررية
المذهب الفردي
**Liberalism**

زرگاربوونی ئابوری جەخت لەسەر ئازادی تاك دەكات و پشت بەڕكابەری ئازادانە دەبەستێت واتە ڕێگادان بەتاكەكان كاربكەن و قازانج بكەن وەك دەیانەوێت، چونكە بەرژەوەندی گشتی بەهۆی بەرژەوەندی تاكەوە دێتەدی.
دروست بوونی ڕێبازی لیبرالیزم و فراوانبوونی لەگەڵ پەیدابوونی سەرمایەداری سەری هەڵداوە، ئەویش وەك دەربڕینێك لەئاست ئازادی تاك.
هەروەها ئازادی سیاسی: سیستمێكی سیاسییە پشت بەبنچینەیەك دەبەستێت كە دەوڵەت بەئەركە زەروریەكان لەژیانی كۆمەڵگە هەستێت و بوارەكانی دیكەی چالاكی بۆ تاك جێ بهێڵێت.
لەتایبەتمەندییەكانی ئەو دەوڵەتانەی ئەم سیستەمە پیادە دەكەن، بەڕێوەبردنی كاری حوكمڕانیە لەنێوان توێژەجیاوازەكان و پارێزگاریكردنی سیستەمە.

ئازادییە
مەدەنیەكان
الحريات
المدنية
**Liberties civil**

بریتیە لەئازادییە كەسێتیە كۆمەڵایەتیەكان، ئەوانی بەهۆی پەیوەندییە مەدەنیەكانی تاكەوە پەیدا دەبن، یاساش لەكۆت و بەندەكان پارێزگارییان لێ دەكات، جگەلەوانەی ناویان لێدەنرێت چاكەو بەرژەوەندی گشتی.

مەبەست لەئازادییە مەدەنیەکان: ئازادی تاك لەخاوەنداریێتی، بیروباوەڕ، هەروەها رادەبڕین.
ئازادییە مەدەنیەکان دەبنە مافە مەدەنیەکان کاتێ داوادەکرێن، ئەو مافانە بەبڕیارێکی دادوەری یاخود کارگێڕی جێبەجێ دەکرێن.
واتە ئازادییە مەدەنیەکان کاریان پێدەکرێت بێ ئەوەی پێویست بەدەست تێوەردانی کارێکی پۆزەتیڤی بکات لەلایەن کەسێکی دیکەوە، لەکاتێکدا مافە مەدەنیەکان پێویست بەو کارە پۆزەتیڤیە دەکات.

**Libertininsm** — الأباحية — بەرەڵلایی

الفجور — داوێن پیسی

لەرابردوودا مەبەست لەزاراوەکە، بانگەشە بوو بۆ ئازادی بیروڕا، بەتایبەتیش لەبواری ئاییندا، مەبەست لەزاراوەکە بەجۆرێکی تایبەت، پابەند نەبوونە بە ڕێسا تووندەکانی ژیان، هەروەها هەستان بەکاری داوین پیسی.
تەماشا بکە: نامۆڕالیزم (بێ ڕەوشتی) **Immorality**

**Libido** — اللبيدو — وزەی سیکسی

زانای دەروونناسی (سیگموند فرۆید) وشەی لبیدوی بەوزەی زیندووی غەریزەی سیکسی وتووە، سووریشە لەسەر ئەوەی کەلبیدو تەنها وزەی غەریزەی سیکسی دەگەڕێتەوە.
بەڵام لای (یونگ) چەمکی لبیدو بەوزەی دەروونی دەوتریت بە شێوەیەکی گشتی.

**Life after death** — الحياة الاخرى — ژیانی دوای مردن

مەبەست لەم زاراوەیە ژیانی دوای مردنە، زۆرێك لەکولتورەکان باوەڕیان بە چەند چەمکێك هەیە دەربارەی بوونی ژیانی دوای مردن.
بەپێی ئەو چەمکانە، ئامادەکاری بۆ ئەو ژیانە، ڕەنگە پەیوەندی بەو رێ و ڕەسمو نەریتانە هەبێت کە بۆ تەرم و پرسەو ناشتنی مردوو دەکرێت.
باوەڕهێنان بەژیانی دوای مردن، پەیوەست نیە بەزەرورەت بەباوەڕی نەمری کەسی یان بیروباوەڕە رەوشتیەکانەوە.

**Life chances** — فرص الحياة — دەرفەتەکانی ژیان

واتە ئەو ئەگەرەی رەخساوە لەبەردەم کەسێکی خاوەن پێگەیەکی دیاریکراو (چینێکی کۆمەڵایەتی، یان بنەچەیەك ...هتد) بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت یاخود تووشی نوشستی بێت لەبەدیهێنانی چەند ئامانجێك یانیش لەچەند ئەزموونێك، وەك هاوسەرگیرییەکی بەختیار، زۆربوونی داهات، گەیشتن بەپلەیەك خوێندن ...هتد.

**Life circle** — الدائرة المعيشية — بازنەی ژیان

لەئەنترۆپۆلۆجیادا، مەبەست لەزاراوەکە، سیستمێکی کولتوری داخراوی پشت بەستوو بەبەشداریکردن لەژیانی لەنێوان کۆمەڵە بوونەوەرێکی مرۆیی.
بازنەی ژیان لەچەندین شارەزایی و ئەزموونی بەردەوام پێکدێت بۆ کۆمەڵە خەڵکێك لەبوارەکانی ژیانی ناو ماڵ، کارکردن، هەروەها لەکایەی کۆمەڵایەتی، کە داب و نەریت و بیروباوەڕو هزرەکانی لێ هەڵدەقولێت.

سوڕی ژیان — دورة الحياة — **Lifecycle**

سووڕی ژیانی تاك لەزنجیرە قۆناغێك پێكدێت، ئەو قۆناغانەش بریتین لە: منداڵیتی (تاتەمەنی دەساڵ) قۆناغی پێش بالغی، تەمەنی (10  12) ساڵ قۆناغی سەرەتای بالغی (12  15)ساڵ، قۆناغی دوا بالغی (15  18) ساڵ قۆناغی گەنجێتی (18  30)ساڵ، قۆناغی پیاویەتی (30  60)ساڵ، قۆناغی پیری لەسەرووی (60)ساڵ.

هەر قۆناغێك لەقۆناغەكانی گەشەكردن چەند خەسلەتێكی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ئەو قۆناغانە سنووردارنین بەپێوەرێكی زەمەنی جێگیر لەئاست هەموو تاكەكان، لەبەر ئەوەی گەشەكردن پیرۆسەیەكی بەردەوامە ناكرێ ملكەچی دابەشكردنی وردبكرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەكرێ بوترێت، لێرەدا نزیكبوونەوەیەكی گەورە هەیە لەنێوان زۆربەی تاكە ئاساییەكان لەو خەسلەت و مۆركەی كە هەرقۆناغێك لەقۆناغەكانی گەشەكردن لەیەكتر جیاواز دەكاتەوە.

پێش بینی ژیان / درێژی ژیانی مرۆڤ — توقع الحياة — **Life expectancy**

تێكڕای ئەو ساڵانەی چاوەڕوان دەكرێت تاك و كۆمەڵە خەڵكێك تێیدا بژین، ئەوانی لەماوەیەكی دیاریكراودا لەدایك دەبن، لەم بارەوەخشتەو ئامارەكانی تێكڕای مردووەكان بەكار دەهێنرێن، تایبەت بەچەند توێژێكی دیاریكراو لەتەمەندا، ئەویش بەمەبەستی دیاریكردنی ژیانی چاوەڕوانكراو بۆ هەر گروپێك یاخود توێژێك لەو كۆمەڵە خەڵكەدا.

مێژووی ژیان / سەربوردە — تاريخ الحياة / السيرة الشخصية — **Life history**

**Biography** — تەماشا بكە: ژیاننامە

غەریزەی ژیان / ئیرۆس — غريزة الحياة — **Life instinct**

بەپێی بیروڕای (فرۆید) دوو جۆر غەریزە هەیە، بۆیە هاندەرەكانی پارێزگاری لە خودو هاندەرەكانی پارێزگاری لەڕەگەز، لەژێر بابەتی عەریزەی ژیان (ئیرۆس) تۆمار دەكات، لەبەرامبەریشدا غەریزەی ویرانكردن یان مردن (death instinct)ی داناوە.

زامنی ژیان / بیمەی ژیان — التأمين على الحياة — **Life insurance**

واتە بوونی گرێبەستێك، بەپێی ئەو گرێبەستەش لایەنی بەرپرسیار (دابینكەری بیمە) بڕە پارەیەكی دیاریكراو دەدات بەكەسی دابینكراو، یان هەر كەسێكی دیكە كە دابینكراو دەست نیشانی دەكات، ئەو بڕە پارەیەش دەكرێ بەیەكجار پێی بدرێت یاخود لەسەر شێوەی بەش بەش بێت، ئەوكارەش دوای مردنی كەسی دابینكراو یانیش مردنی كەسی دەس نیشانكراو دەبێت، یان ئەگەر كەسی دابینكراو یاخود كەس نیشانكراوەكە تاتەمەنێكی دیاریكراو لەژیاندا مایەوە، دیارە ئەو كارەش بەرامبەر بەبڕە پارەیەك دەكرێت كەبەیەكجار بێت یانیش بەچەند بەشێك بدرێتە لایەنی دابینكەر.

ماوەی تەمەن — مَدَى العُمُر — **Life span**

واتە كاتی مردنی چاوەڕوانكراو بۆ ژیان، دیارە ئەوەش نیشانەیەكە بۆ درێژی تەمەنی مرۆڤایەتی، درێژەپێدانی تەمەنی تاك لەسەر چەند فاكتەرێك دەوەستێت لەوانە، بۆماوەیی و نەخۆشی، ڕووداوەكان و شێوازی گشتی ژیان.

تێكڕای تەمەنی تاكیش جیاواز دەبێت لەوڵاتێكەوە بۆ وڵاتێكی دیكە.

**Life table** جدول الحياة خشتەی ژیان

بەگرینگترین پێوەرەکانی مردن دادەنرێت، خشتەی ژیان دابەشبوونی دانشتوان لەسەر توێژەکانی تەمەندا دەخاتە روو، کەساڵ بەساڵ تەمەنیان ڕوو لەسەرکەوتن دەکات، هەموو ساڵێکیش هەندێکیان لەناو دەچن، ئەویش بەپێی تێکڕای مردنەکان بۆ هەر توێژێك، دیارە ئەو تێکڕایەش بۆ ئەو ساڵەیە کەخشتەکە لەسەر بنچینەی ئەو ئەژمار دەکرێت.

خشتەی ژیان ئامرازێکە ناکارێت دەستی لێ هەڵبگیرێت بۆ توێژینەوە لەکێشەکانی دانیشتوان، هەروەها پشتی پێ دەبەسترێت لەحاڵەتی هەڵسەنگاندن بۆگەشەکردنی دانشتوان.

پیاوانی کاروباریش سوود لەخشتەی ژیان وەردەگرن، هەر بەو پێیە بەرهەمهێنان پەرە دەسەێنێت بەپێی پەرەسەندنی، ڕێژەی منداڵ و گەنج و پیر لەناو دانشتوان، ئەویش بەهۆی جیاوازی پێداویستیەکانی هەر لایەك.

هەروەها پرۆژەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و سیستەمە جیاوازەکانی بیمە لەسەر ژیان پشت لەسەر خشتەی ژیان دبەستن.

**Line organization** التنظيم ذو الطابع التنفيذي / التنظيم الرأسي أو الرئاسي فەرمانگەی جێبەجێکردنی ستوونی

ڕێکخستنێکە، هەندێ لەدامەزراوەکان دەکاتە ناوەندی جێبەجێکردن لەئاست دامەزراوە کارگێڕییەکانی دیکە، ڕێکخستنی ستوونی (یان سەرۆکایەتی) بۆ ئەو جۆرە ڕێکخستنە راوێژکارییە دەگەرێتەوە کە لە هەر پرۆژەو کارێکدا داوای بیروڕا یان راوێژ کردن یاخود ڕێنماییەکان دەکات.

لەبەرامبەر ئەو جۆرە ڕێکخستنە، ڕێکخستنی هەلگری مۆرکی ڕاوێژکاری دێت (steff organisation).

دەوترێت هێڵی دەسەڵات (line of authority) بۆ ئەو شێوازەی کەلە میانەیدا دەسەڵات بەبەرپرسەکان دەسپێردرێت و ڕێنماییەکان لە سەرکردەکانەوە بۆ خوارەوەی خۆیان بەلێشاو دێتە خوار.

**Lineage** سلسلة النسب / البَدَنة بنەچە / بنەماڵە

واتە ڕەچەڵەك و خزمایەتی کەلەبنەچەیەکی هاوبەش هاتۆتە خوارەوە، زنجیرەی خزمایەتی ئاشکرایی زۆرتری پێوە دیارە تا عەشیرەت (clan)، کە دەکرێ چەندین گروپی لاوەکی لێی بێتە خوارەوە.

هەروەها ڕەنگە زنجیرەی خزمایەتی لەلقی دایکەوە (matrilineal) بێت یان لەلقی باوکەوە (patrili neal) بێتە خوارەوە.

**Linear graphs** الرسوم البيانية الخطية شێوەداتا هێڵییەکان

**Graphs, linear** تەماشا بکە:

**Linearprogramming** البرامج الخطية بەرنامە ڕێژی بەهێڵ

شێوازێکە، پەیوەندییە ماتماتیکیەکانی نێوان گروپێك لەباروذۆخە ئاڵۆزەکان ڕووندەکاتەوە، یان بەپێی ئەو شێوازە هەڵسەنگاندنەکان وا ئەنجام دەدرێن بەمەبەستی گەیشتن بە چارەسەرکردنی کێشەکانی بەکار هێنانی دەرامەت و توانا سنوردارەکان، بەرێگایەك کە ئەو پەڕی قازانجی لەتوانابوو، بۆ پرۆژەکە دەستەبەربکات، یاخود پرۆژەکە کەمترین خەرجی و

تێچووی بۆ بکرێت.

بەدەربڕینێکی دیکە، بەرنامە ڕێژی بەهێڵ، ڕێگایەکی ماتماتیکیە، بۆ بارکردنی کۆمەڵە دەرامەت و توانا سنوردارەکان بەسەر ژمارەیەك لەو پێداویستیانەی کە ڕکابەرییان هەیە لەسەر ئەو دەرامەتانە، لەکاتێکدا هەموو بڕیارەکان ئاڵۆزن لەبەرئەوەی هەموویان کەوتوونەتە ژێرباری کۆمەڵە کۆت و بەندو مەرجێکی جێگیر.

زمانناسی | علم اللغات | Linguistics

زانستێکە، زمان بەسیستمێکی سەربەخۆی پەرەسەندوو دادەنێت، لای هەندێك زمانناس بەلقێکی ئەنثرۆپۆلوجیای دەزانرێت، زمانناسی لەسروشتی زمان و دەنگە گوتراوەکان (phonology)و دەنگە بیستراوەکان (phonetics) و بونیاد (structure) و ڕێساو بنەماکانی (syntex) دەکۆڵێتەوە.

زمان گرینگیەکی گەورەی هەیە لەتێگەیشتنی کولتور، چونکە هەر سیستمێکی زمانەوانی گوزارشت لەسیستمی تێگەیشتنی کۆمەڵێك لەکۆمەڵەکان بۆ ژینگەکەی و بۆ خودی خۆی دەکات، بۆیە توێژەرێك ناتوانێت بەڕاستی لەسەرستانیەتێك تێبگات، ئەگەر هۆ کارە زمانیەوانیەکانی لەدەربڕین بەڕاستی نەزانێت.

دراوی بەکارهێنراو
نەختینەیی | السیولة | Liquidity

واتە لەپرۆژەیەکدا، توانای ڕوو بەڕوو بوونەوەی پابەندییە داراییەکان هەبێت، بەڵام بێ ئەوەی دەسکاری ئەو سەرچاوە داراییانە بکرێت کەهەیەتی.

خوێندەواری | الالمام بالقراءة والكتابة | Literacy

بوونی توانا لەسەر خوێندنەوەو نووسین، یان پەیوەندیکردن لەڕێگەی نووسینەوە، دەوترێت، دەخوێنێتەوەو دەنووسێت (literate) هەروەها دەوترێت نەزان (illiterate)، هەروەك دەوترێت، قۆناغی پێش داهێنانی نووسین (pre-literacy)، ئەوەش زاراوەیەکە بەکار دەهێنرێت لە ئەنثرۆپۆلۆجیا بۆ وەسف کردنی ئەو کۆمەڵانەی کە هێشتا هونەری خوێندنەوەو نووسین لایان گەشەی نەکردووە.

ئەدەب
وێژە | الادب | Literature

مەبەست لەم زاراوەیە، هونەری دەربڕینە لەلایەن کەسی بێژەوە دەربارەی چەند بابەتێك کەباسی دەکرێت، هەر لەخەسلەت و تایبەتمەندییەکانی ئەو هونەرە کاریگەری جوانی سەرنج راکێش، هەروەها خەیال رازاوەو هەستی ناسك و بیری تیژی دەبێت، لەدەروونیشدا هەستی چێژ بەجوانی و تێگەیشتن لەکێشەیەکی کۆمەڵایەتی یاخود دەروونی دەخولقێنێ، کاتێ نووسەر دەیەوێت بیگەیێنێتە خەڵك، بەو کارەشی بەشداری لە ویژدان و ژیانیان دەکات.

ئەدەب دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە، بەو هەندەی زمان گرۆك و جەوهەریەتی، هەروەها ئامرازی یەکەمیەتی لەدەربڕین دەربارەی هەموو ئەوانی لەکۆمەڵگەدا هەن، لەدیاردەو رەوت و سیستەم، بۆیە نووسەر کاریگەری بەسەر کۆمەڵگا دەبێت و بەکۆمەڵگەش کاریگەر دەبێت.

ڕێ و ڕەسمی ئاینی
شێوە خودا پەر ستیەك | طقس ديني | liturgy

چەند ڕێ و ڕەسمێکی ئاینیە، دەسەڵاتدارە ئاینیە تایبەتیەکان لەسەردەمی یۆنان و رۆمانی کۆندا پێی هەستاون، پاش دەرکەوتنی ئاینی مەسیحیەت، مەبەست لەو ڕێ و ڕەسمانە، بووە بەئاهەنگ گێڕانی قوربانی لەپێناو خودا، شێوەکانیشی بەپێی ڕێبازە ئاینیە جیاوازەکان جۆراو جۆر دەبن.

گوزەران | المعيشة | Liveli hood
بژێو | القوت |

گوزەرانی تاك لەڕێگای کارەکەیەوە، زاراوەکە چەند ڕەگەزێك دەگرێتە خۆی کەپەیوەست دەبن بەبارو دۆخی کرێکارەوە، ئەگەر سەربەخۆ یان بەکرێ کاربکات، هەروەها گوزەران پەیوەندی بەهێزی کڕین هەیە لەگەڵ ئەو بڕەپارەیەی کەبۆی خەرجدەکرێت وەك کرێ (موچە) سەرەڕای شارەزایی کرێکار لەڕووی پیشەییەوە...هتد.

بارودۆخی گوزەران | أحوان المعيشة | Living conditions

تەماشا بکە: بارودۆخی ژیان | | Conditions living

قەرز | القَرض | Loan

واتە بوونی ڕێککەوتنێك (گرێبەستێك)، بەپێی ئەو ڕێککەوتنە کەسی قەرزدەر پابەند دەبێت کەبڕە پارەیەك بداتە قەرزخواز، بەو مەرجەی کەلەکۆتایی ماوەیەکدا قەرزەکەی بۆ بگەڕێنێتەوە بەڵام لەبەرامبەر قازانجێك.
دەقەکانی یاسا، ئاستی بەرزی ئەو قازانجەی دیاریکردووە بەرامبەر قەزرکردن، هەروەها یاساکانی کاریش ئەوبابەتانەی تێدا هاتووە کەقەرز بەکرێکاران بدرێت و بێ ئەوەی ئازانجی بچێتە سەر، ئەو قەرزەش لەسەر شێوەی مانگانە دەدرێتەوەو بەڕێژەیەکی سەدی لەکرێ (موچە)ی کرێکارەکە وەردەگیرێتەوە.
قەرزی گشتی (publicloan) ئەو بڕە پارەیە کەدەزگایەکی گشتی وەری دەگرێت و پابەند دەبێت کەلەماوەیەکی دیاریکراودا بیگەڕێنێتەوە، بەپێی چەند مەرجێکی دیاریکراویشدا.

پڕوپاگەندەی خۆئامادەکردن | المناورات التمهيدية – مناورات الاروقة | Lobbying
پێچ و پەنای پشت پەردە | |

کارتێکردن لەئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان لەڕێگەی پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆی کەسێتی، یان بەهۆی ڕاگەیاندنەوە، مەبەست لەو کارە ڕازی بوون یاخود پەسند کردنی چەند بڕیارێك یانیش چەند یاسایەك دەبێت، زاراوەکە لەوشەی (lobby) وەرگیراوە کەبەمانای هۆڵێك لەناوپەرلەمان دێت.
دیارە لەبارێکی ئاسایدا ئەوانی دێنە ئەو جێگایە، ئەو کەسانەن کەپەیوەندی بەئەندامانی پەرلەمانەوە دەکەن بەمەبەستی کارتێکردن لەدەنگەکانیان، ئەویش لەپێناو چەند بەرژەوەندییەکی تایبەت.

فەرمانڕەوایی ناوخۆ | جهاز الحكم المحلي | Local Goverment
کارگێڕی خۆجێی | الادارة المحلية |

چەند ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراون لەخەڵکی ناوچەیەك (لەیەکەیەکی خۆجێی) کەجۆرە سەربەخۆییەکیان دەبێت لەبەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندی، هەر لە لایەن ئەو دەسەڵاتەوە هەموویان بەشێك لەدەسەڵاتەکان بەو ئەنجومەنە خۆجێیە دەدرێت، تایبەت بەکارو بارو دامەزراوە خۆجێیەکان کەلەژێر چاودێری ناوەندا دەبێت.

چڕبوونەوە
**Localization** التمركز
چەقگیری

لەدەروونناسیدا، مەبەست لەزاراوەی شوێنگەری، پرۆسەیەکی سایکۆلۆجیە، بەپێی ئەو پرۆسەیە تاك یەك لەسەرچاوەکانی وروژاندن یان یەك لەسەرچاوەکانی شارەزایی لەبوارێکی زەمانی یاخود شوێنی لەئاست لەشی ئەو تاکە دادەنێت.

هەروەها مەبەست لەچەقگیری دەست نیشانکردنی یەك لەشوێنەکانی هەستە کە جێگای (یان هۆی) وروژاندن بووە.

دەوترێت: تیۆریی شوێنگەری پرۆسە دەروونیەکان لەمێشکدا (locali sation theory) بەپێی ئەو تیرۆییە، زۆر لە فەرمانە پێشوازی لێکراوەکان یان بەجولەکان یاخود ئەوانی پەیوەستدارن، ئەوانە شوێنە دەمارییەکەیان لەناوچەیەکی دیاریکراوی مێشکدا شوێنگیر دەبێت.

**Localisation of in dustry** تركز الصناعة چڕبوونەوەی پیشەسازی

مەبەست لەزاراوەکە کۆکردنەوەی پیشەسازی یان کاروباری بازرگانی ئەوانی سەربەیەك جۆرن لەجۆرەکانی بەرهەمهێنان لەیەك شوێن یاخود لەیەك ناوچە.

**Localism** المحلية خوو نەریتی ناوچەیی

دیاردەیەکە، پەیوەست دەبێت بەناوچەیەکی جوگرافی سنووردار بەشێوەیەکی ڕێژەیی، یان پەیوەست دەبێت بەگروپێکی بچووکەوە، سیستمی حوکمرانی ناناوەندی لەسەر بنچینەی بایەخدان بەگروپە خۆجێیەکان دادەمەزرێت، لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەوترێت، کۆمەڵەیەکی خۆجێی (local egency) و کۆمەڵگەیەکی خۆجێی (local community) و کارگێڕی خۆجێی (local administration) هەروەها دەسەڵاتێکی خۆجێی (local authority).

تەماشابکە : ناوچەگەری، ناوچەپەرستی **Regionalism**

**Location of in dusrty** التوطن الصناعي دابەشکردنی پیشەسازی

مەبەست لەزاروەکە دابەشکردنی شوێنە بۆ چالاکی پیشەسازی، یان دروست بوونی پیشەسازییە لەشوێنێکدا، یاخود ئەو هۆکارو هەڵەو مەرجیە کەدەبنە هۆی حاڵەتەکە، لەوانەش: شوێن، جێگا، هۆکارە جوگرافی و ئابورییەکان.

لەو هۆیانەی دەبنە هاندەر بۆ دروست بوونی دیاردەی ناوچەی پیشەسازی:

1- بوونی کەرەستەی خاو لەنزیك ناوچەکە.
2- فەراهەم بوونی سووتەمەنی یان وزەی بزوێنەر لەناوچەکە.
3- هۆیەکانی هاتووچۆ بۆ گواستنەوەی بەپەلەو هەزران.
4- بوونی ژمارەیەکی گەورەی کرێکاری بێ ئیش.
5- ئەگەری بەکارهێنانی پیشەسازی بۆ بەرهەمەکانی پیشەسازییەکی دیکە.

ڕاگرتنی کار
**Lock out** الاغلاق
غلق المنشأة
دەرگاداخستن

پەنابردنی خاوەن کارگە بۆ داخستنی دامەزراوەکە (کارگە) بەشێوەیەکی کاتی، دیارە لەم بارەدا کرێکاران بێ ئیش دەبن و کرێ (مووچە) کانیانیش دەبرێ، بۆیە ناچار دەبن لەگەڵ خاوەن کار گوێڕایەڵ و نەرم بن.

ڕەنگە خاوەن کار وەك تۆڵە سەندنەوەیەك دژی مانگرتنی کرێکاران بەوکارە هەستێت.

هەندێ لەیاساکانی کار، داخستنی دەرگای کارگەکان بەرێگایەکی نایاسایی دەزانن، بەتایبەتی ئەگەر خاوەن کارگە بەو کارە هەستا پێش یاخود لەکاتی ڕێکارەکانی ڕێکەوتن و ناوبژیوانی.

**نەخشە لۆگاریتمیەکان** **الرسوم البيانية اللوغاريتمية** **Logarithmic charts**

نەخشە روونکردنەوە لۆگاریتمیەکان لەئامارا بەکار دەهێنرێن، بیرۆکەی بنچینەیی لەو نەخشانە، ئەوەیە کە هەر دوو تەوەری ئاسۆیی و ستونی لەنەخشەی روونکردنەوەدا دابەشکرێت بەشێوەیەك ماوەو دووریە یەکسانەکان لەسەر تەوەرەکە چەند ڕێژەیەکی یەکسان بەرجەستەبکات، نەك چەند بڕێکی یەکسان هەروەك لەنەخشەی ئاساییدا هەیە.

لەنەخشەی روونکردنەوەی ئاساییدا، پێوانەکە لەسفرەوە دەست پێدەکات لەخاڵی سەرچاوەکەی، پاشان ژمارە دانراوەکان سەردەکەون لەبەرامبەر دابەشبوونە یەکسانەکان، ئەویش لەسەر شێوەی یەك لەدوایەکی ژمارەیی - 100 ، 150 ، 200 ، 250 ، 300 بەڵام لەنەخشەی ڕوونکردنەوەی لۆگاریتمی، پێوانەکە لەهەر ژمارەیەکەوە بێت دەست پێدەکات نەك لە سفرەوە.

پاشان ژمارەدانراوەکان سەردەکەون لەبەردەم دابەشبووە یەکسانەکان، لەسەر تەوەرەکەو لەسەر شێوەی یەك لەدوایەکی ئەندازەیی 100 ، 150 ، 225 ، 337,5 ، 506,25.

هەروەها لەزۆربارادا دابەشبوونەکە یاخود پلەبەندی لۆگاریتمی تەنها لەسەریەك تەوەر دەوەستێت، ئەویش تەوەری ستوونیە، لەکاتێکدا پلە بەندی تەوەرە ئاسۆییەکە پلەبەندییەکی ژمارەیی دەبێت.

ئەو جۆرە نەخشانەش ناویان لێدەنرێت نەخشەیەکی نیمچە لۆگاریتمی (semi logarithmic chart) ئەو جۆرە نەخشانە زۆرگرینگن لەوێناکردنی تێکڕاکانی گەشەکردن، هەروەها لەپێش بینی کردن بەرەفتاری چەند دیاردەیەك.

**لۆژیك** **المنطق** **Logic**

ئەو زانستەیە کە لێکۆڵینەوە لەوێنەکانی بیرکردنەوەو رێگاکانی بەڵگاندنی دروست دەکات، ئەو زانستە بایەخ بەوەسف و پۆلینکردنی ئەو بنەماو ڕێسایانە دەدات کە بەکردوەو بیرکردنەوە پێرەویان دەکات لەزانستە جیاوازەکاندا.

هەروەها ئەم زانستە پەل دەکێشێت بۆ ڕەخنەگرتن و پشکنین لێیان و توێژینەوە لەوبنەمایانەی کەلەسەر بنچینەکەی دامەزراون، سەرەڕای ئەو کێشەو ئاستەنگانەی کەڕەنگە بیوروژێنن.

لێرەدا، لۆژێکی شێوەیی (formal Logic) هەیە، کە توێژینەوە لەپێکهاتنی گریمانەکان و بیرکردنەوە دەکات، ئەوانی پشتیان بەهەڵێنجان بەستووە، ئەویش لەرێگەی داماڵین (ئەپستراکت) کردنی ناوەرۆکی ئەو گریمانانەی جێگای توێژینەوەن، لەگەڵ چارەسەرکردنی شێوە لۆژیکیەکان، بێ ئەوانی دیکە.

هەروەها لوجستیکا (logistic) یان لۆژێکی حسابی یاخود لۆژێکی هێماکاری، کەبەتوێژینەوەی لۆژیکی شێوەیی دەوترێت لەرێگەی ژماردنی جیاکاری و تەواوکاری بۆ دەرووکەوتنەوە لەتەم و مژی کەموکورتی زمانی ئاسایی، کەبەلقێکی سەربەخۆ دادەنرێت بەڵام بەرێگای تازەو کاریگەریش دەزانرێت لەلۆژێکی شێوەیی.

**تەماشا بکە: بیرکردنەوەی بەرلەلۆژێك** **Pre logical mentality**

**لۆژیکخوازی** **النزعة المنطقية** **Logicism**

ئاراستەیەکە، ئامانجی گێڕانەوەی لۆژیکە بۆ پێگەی پێشەوە لەتوێژنەوە فەلسەفیەکاندا، لەگەڵ پشتگوێ خستنی لایەنی سایکۆلۆجی و رەوشتیەکان، ئەم ئاراستەیە هەوڵدەدات هەموو پەیوەندییەکان بۆ پەیوەندییە لۆژیکیەکان بگەڕێنێتەوە.

**لۆژیکی حسابی** **المنطق الرياضي** **logistics**

**تەماشا بکە: لۆژیك** **Logic**

**Lombrosian Theory** | نظرية لومبروزو | تیۆریی لومیروزۆ

یەك لەتیۆرییەكانی تاوانناسیە، لەلایەن سیزار لومبروزو ەوە، لەكۆتاییەكانی سەدەی (19) دانراوە، بەپێی ئەو تیۆرییە، رەفتاری تاوان لەئەنجامی چەند فاكتەرێكی بایۆلۆجیەوە روودەدات و پەیوەندی بەهۆكارە كۆمەڵایەتی و سایكۆلۆجی و ژینگەییەكانەوە نیە.

لومبروزو، وەك كەسانێكی دواكەوتوو لەرووی فسیولوجی و هەڵگری سروشتی ئاژەڵی تەماشای تاوانباران دەكات، ئەو باوەڕی وایە كە جۆرەكانی تاوانبار دەكرێ بناسرێن بەهۆی چەند پێوەرێكەوە، وەك شێوەی سەر.

ئەم تیۆرییە جێگای پەسند كردن نیە لەتوژینەوە تایبەتیەكان بەرەفتاری كۆمەڵایەتیەوە.

**Longevity** | مدى العمر | ماوەی تەمەن

**Life span**

تەماشا بكە: ماوەی ژیان

**Looking glass self** | الذات الناظرة في مرآتها | خودی ئاوێنە ئاسا

مەبەست لەزاراوەكە، لەدەروونناسی كۆمەڵایەتیدا، ئەو خودەیە كەبەهۆی كارلێكردنی كۆمەڵایەتیەوە دروست دەبێت خەڵكیش بۆ یەكتر ئاوێنەیەكن و ڕەنگدانەوەشە بۆ ئەو كەسەی كەپێیدا تێپەڕ دەبێت.

هەر تاكێك ئەوەی بەبیردا دێتەوە كە كەسانی دیكە دەربارەی كەسێتیەكەی درکی پێدەكەن، لەگەڵ ڕاڤەكردنیان بۆ ئەوەی كەدەیبینن و دواتریش هەڵسەنگاندنیان بۆ ڕەفتارەكەی.

**Lorenzcurve** | مُنحَني لورنز | چەماوەی لورنز

لەئاماردا، وێنەی داتایی بەكار دەهێنرێت بۆ ڕوونكردنەوەی ئەو پەیوەندییەی كەهەیە لەنێوان ڕێژە سەدییەكان بۆ چەند بەهایەكی كۆكراوەو ڕێژە سەدییەكان بۆ چەند دووبارە بوونەوەیەكی كۆكراوە.

ڕێژە سەدییەكانی بەها كۆكراوەكان لەسەر تەوەری ستوونی ڕووندەبێتەوە، بەڵام ڕێژە سەدییەكان بۆ حاڵەتە كۆكراوەكان ئەوە لەسەر تەوەری ئاسۆیی ڕووندەبێتەوە.

**Love** | الحُب / العَشق | خۆشەویستی

حاڵەتێكی هەست جوڵاندنە، تێیدا هەستەكانی كەسێك بەرامبەر كەسێكی دیكە یان بەرامبەر هەرشتێكی دیكە چڕ دەبێتەوەو لەكەسەكە یاخود لەشتەكە هەست و سۆزەكەی لەو بەتاڵ دەكات.

سۆزی خۆشەویستی پەرەدەسێنێت لەگەڵ پەرەپێدان و پێشكەوتنی تاك لەتەمەندا، دەست پێدەكات لەخۆشەویستی دایك و پاشان خۆشەویستی هاوڕێیان و دواتر خۆشەویستی ڕەگەزی و تادەگاتە خۆشەویستی خێزان، ڕەنگە بابەتی خۆشەویستیەكە كەسێك یان كۆمەڵێك یاخود قەوارەیەكی ڕووت بێت وەك نیشتمان.

زاراوەكە چەند دابەش بوونێكی هەیە، وەك خۆشەویستی ڕەگەزی و باوكایەتی و خزمایەتی و رومانتیكی، هەندێ لەدەروونناسان پێناسەی خۆشەویستی دەكەن بەوەی كە هەستێكی دەمارییە (neurotic love).

فرۆید جیاوازی لەنێوان دوو خۆشەویستی دەكات، خۆشەویستی سەرسوڕمان بەخود یان حەز لەخود (narcissistic love) و خۆشەویستی و سەرسوڕمان بەكەسانی دیكە(ana clitic love).

چینی خوارەوە — الطبقة السفلى — **Lower class**

تەماشا بکە: **Class, lower**

ملکەچی
لایەنگری — الولاء — **Loyalty**

تەماشا بکە: دڵسۆزی **Allegiance**

سەرمایەی سوودبەخش — رأس المال المُربح — **Lucrative Capital**

ئەو سەرمایەی کە بۆ خاوەنەکەی داهاتێك دەگەڕێنێتەوە، ئەگەر چی ڕاستەوخۆش لەبەرهەمهێناندا بەکار نەهێنرابێت.

خلتە پرۆلیتاریا
هەرچی و پەرچی — البروليتاريا الدنيا
حثالة البروليتاريا — **lumpenproletariat**

زاراوەیەکە لەئەڵمانیای سۆسیالستی بەکار هێنراوە، ئاماژە بۆ ئەو تاکانە دەکات کە کوتوونەتە دەرەوەی ڕێڕەوی ژیانی ئاسایی و سروشتی، لەکۆمەڵگەی سەرمایەداریدا. ئەوانە ویستی کارکردنیان نەماوە، هەروەها کارێکی دیاریکراوو داهاتێکی ژیانیان نیە، نموونەش سوالکەرە گەرۆکەکان و کەسانی لەش فرۆش.

شێتی — اختلال العقل — **Lunacy**

زاراوەیەکی پشت گوێ خراوە، بەڵام هەندێ جار بەکار دەهێنرێت وەك هێمایەك بۆ جۆرێك لەشێت بوون، پێشتر باوەڕ وابوو کە ئەو دیاردەیە بەهۆی کاریگەری نەخۆش بەگۆڕانکارییەکانی مانگەوە روو دەدات.

تەماشا بکە: شێت بوون **Insanity**

نانی نیوەڕۆ — الغذاء — **Lunch**

ئەو ژەمە خواردنەیە کە مرۆڤ وەری دەگرێت لەنێوان نانی بەیانی وژەمی ئێواران، دەوترێت هۆڵی نان خواردن ( lunch room )، بەو ژورەی کە وەك پاشکۆیەك دەبێت بۆ کارگەکان یان قوتابخانەکان یاخود هەر جێگایەکی دیکە، بەکار دەهێنرێت لەوشوێنانە کورسی و مێزوو پێداویستیەکانی نان خواردنی تێدا ئامادە دەکرێت.
هەروەها دەوترێت یانەی نان خواردن (lunch club) بەجۆرێك چێشتخانەیەك کەلەلایەن دەزگا تایبەتیەکان بەخزمەت گوزاری کۆمەڵایەتی دروست دەکرێت و تێیدا بەتەمەنەکان خواردنیان دەدرێتێ بەرامبەر بەبڕەپارەیەکی کەم.

خۆشگوزەرانی — الترف — **luxury**

واتەماشای خۆشگوزەرانی دەکرێت کەزیادە رۆییکە لەبەکار هێنان و بەکاریردنی سروشتی، یان لەخەرجکردنی پارەوسامان، دیارە ئەو دیاردەیەش وەك چێژێکی کەسێتی ویستی لەسەرە، بەڵام لەبەرامبەردا لەڕووی ئەقلیەوە ناڕازیشی لەسەر هەیە.
خۆشگوزەرانی دوو رەگەز دەگرێتەوە:
یەکەمیان: بەراورکردنی بەکار هێنان و بەرکار بردن لەنێوان بەرزی داهاتی چینە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ ئاستەکانی گوزەران لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە.

دووەمیان: ئەو پەیوەندییەی لەنێوان هەندێ شێوازو بڕەکانی خەرجکردن هەیە، واتە بەراوردکردن لەنێوان بەکاربردنی داهاتی نەتەوەیی، ئەویش بەدابەشکردنی ئەو داهاتە لەنێوان چینە کۆمەڵایەتیەکان و نێوان شێوازو ئەو بڕەخزمەتگوزارییە بەرهەمهێنەرانەی پێویستن بۆ دابین کردنی بەشی نەتەوایەتی پێویست بۆ خەرجکردنی تاك یان کۆمەڵ.

**سزادانی نەریتی** | **الاقتصاص العرفي** | **Lynching**

**(لەدەرەوەی دادگا)**

**کوشتنی کەسێك لەلایەن جەماوەرەوە، یان کۆمەڵە ئاژاوەگێڕێك، بێ ئەوەی دادگایی بکرێت، یاخود ڕێگای پێ بدرێت بەرگری لەخۆی بکات بەپێی یاسا.**

**دەوترێت: یاسای سزادانی عورفی - نەریتی (lynch law) بەو ڕێسا نەریتیانەی کەبەهۆیەوە ئەو سزادانەی پێ ئەنجام دەدرێت.**

# M

**Machine** ١- الآلة **ئامێر**

ئـامێر، بریتیـە لەچـەند پارچـەیەکی لـەکان دروسـتکراو، هـەمووی بەیەکـەوە جەسـتەیەکی تـەواوپێکهاتوو پێکـدێنن، ئـەو ئامێرەکارێکی دیاریکراوی میکانێکی ئەنجام دەدات لەجیاتی ئەوەی بەدەست پێی هەسـتن، وەك زۆر کردنـی وزە یـان گـۆڕینی ئاراستەکەی یاخود وەرگێرانی شێوەیەك لەشێوەکانی بۆ شێوەیەکی دیکە.

بـەکار هێنـانی زۆری کانـەکان ووزەی خـەڵوزو ویسـت لەسـەر بەرهـەمهێنانی کەرەستەوپێداویسـتی هـەرزان بـەبڕی گـەورە، لەهۆیەکانی دەرکەوتنی ئامێرەکان بوو.

بۆیـە ئـامێر بـووە هـۆی چـەند پەرەسـەندنێکی بنچینەیی لەشـێوازی رێکخسـتنی بەرهـەمێنان، لەکارگـەی میکـانیکی نـوێ و کەمکردنەوەی تێچووەکانی بەرهـەمهێنان، هـەروەها پاشـەکەوت کردنـی رەنـج و هەوڵـەکانی مـرۆڤ، هـەموو ئـەو دیاردانـەش یارمەتی کەمکردنەوەی کاتەکانی کاکردنی داوەو بووە هۆی زۆر بوونی کاتی بێ ئیشی.

بەڵام هەندێ کـەس باوەریـان وایـە کـەئامێر بـووە هـۆی ئـەوەی کرێکار بکاتـە کۆیلـەو دەسـەڵاتی بەسـەریدا هـەبێت، لەگـەڵ پەیدابوونی کەمی کارامەیی و شارەزایی لەبواری کارکردن، سەرەڕای بڵاوبوونەوەی بێکاری تەکنۆلۆجی.

بەڵام لەڕاستیدا کۆمەڵگە چەندین دەسکەوتی گەورەی بەدەست هێناوە لەئامێرەکان، دیـارە ئـامێر گـرینگترین هۆکـار بـوو بـۆ بەرزکردنـەوەی ئاستی گوزەرانی مرۆڤ.

**دەزگا** ٢- الجهاز
**دامەزراوە**

زراوەی دەزگا بەشێوەیەکی گشتی بەکار دەهێنرێت بۆ وەسفکردنی رێکخستنێکی شێوە قوچەکی، یـان بـۆ باسـکردنی کۆمەڵـە کەسانێك، کەفەرمانەکانی دابەش دەکات هەوڵی جێبەجێ ئامانجەکانی دەدات، کارکردنیشی بەڕادەیەك وردو کاریگـەر دەبێـت کەدەگاتە پلەی خۆبەڕێوەبردن و شێوەکەشی وەك ئامێری لێدێت لەکارکردندا.

شێوەکانی ئەو بەکارهێنە، دامەزراوەکانی حکومەت و کاروباری کۆمەڵایەتی و دامەزراوەی یاسادانان و حزبیش دەگرێتەوە.

**Machine age** عصر الآلة **سەردەمی ئامێر**

بەکارهێنانی ئامێرەکان لەسەر ئاستێکی فراوان، کەدەبنە هۆکار بۆبەرزکردنەوەی ئاسـتی ژیـان و زۆر کردنـی کـاتی بێکـاری و بڵاوبوونەوەی خۆشگوزەرانی.

**Machine theory** النظرية الآلية **تیۆریی ئامێری**

لەدەروونناسیدا دەوترێت تیۆری ئامێری، بەو بیروبۆچوونەی کە بـاوەری وایـە، پرۆسـە ماسـولکەیی و دەمارییـەکان، دەکـرێ چارەسەریان بـۆ بکرێـت، هـەروەك ئـەوەی چـەند دەربرینێـك بێـت لـەئامێرێکی رێـك و پێـك و توونـدو تـۆڵ، نـەك لەچـەند حاڵەتێکی دینامیکیەوە.

| | | |
|---|---|---|
| جیهانی بینراو<br>یان گەورە | الكون المنظور<br>او الكبير | **Macro cosm** |

جیهانی گەورە لەبەرامبەر بەشێك لەگشت دێت (microcosm) واتە جیهانی بچووك، ئەوەش وەك نەریتی ئەو مرۆڤەی کە بۆ چوونی وایە، ئاڵۆزییە ناوخۆییەکەی هاوشێوەی سیستمی دەرەکی سروشتە.

هەردوو زاراوەکەش بەردەوام جووتن، جیهانی بینراویش ئەوەیە کەمرۆڤ تێیدا دەژێ و شتەکان بەمەتروکیلۆمەتر دەپێورێت، هەروەها کاتیش بەچرکەوسەعات و رۆژو ساڵ پێوانە دەکرێت. ئەوانەش ئەو دیاردانەن کەدەکرێ تێبینی بکرێن و ڕاستەوخۆش پێوانە بکرێن.

دیارە ئەو جیهانەش جیاواز دەبێت لەجیهانی نەبینراو (micro cosm) کەلەچەند ناوکە (ئەتۆمییەك) پێکدێت و ملکەچی چەند پێوەرێکی یەکەکانی چالاکی ئەتۆمی دەبێت.

دەستە واژەی (macrocosm) بەکار دەهێنرێت وەك ئاماژەیەك بۆ هەر جیهانێکی سروشتی مرۆیی گەورەو ئاڵۆز، لەبەرامبەردا جیهانی سروشتی یاخود کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بچووك و ساکار دێت.

| | | |
|---|---|---|
| کارگێری گشتگیر | الادارة<br>الشاملة | **Macro management** |

یەك لەئاستەکان بەڕێوەبردنە بەگوێرەی چوارچێوەگشتیەکەی دەولەت، ئەویش لەو رووەوەی کەجیاوازی دەبێت لەبەڕێوەبردنی بەشێك لەوکارگێرییە، واتا هەل و مەرجی بەڕێوەبردنی پرۆژەیەك.

| | | |
|---|---|---|
| ماکرۆ سوسیۆلۆژی | علم أجتماع الوحدات الكبري | **Macro sociology** |

مەبەست لەم دەستەواژەیە، لێکۆلینەوە کۆمەڵایەتیە هەمەلایەنەکان بۆ گردبوونەوە گەورەکانی مرۆڤایەتی، هەروەها باسکردنی سیستمە کۆمەڵایەتیەکان و پەیوەندییە دروست بووەکان لەنێوانیاندا، ئەویش لەدیدێکی مێژوویی بەراوردکارییەوە، وەك لێکۆڵینەوە لەگەڵ نەتەوەو شارستانیەکان.

| | | |
|---|---|---|
| شێتێتی<br>دیوانەیی | الجنون | **Madness** |
| شێتی | | **Cf. lunacy** |

| | | |
|---|---|---|
| ئەفسون<br>سیحر | السحر | **Magic** |

واتە روودانی هەست جوڵاندن بەهۆی فشارکردن لەسەر هێزو هۆکارە لەرادە بەردەرەکانی سروشت، ئەویش لەڕێگەی بەکارهێنانی نوشتەو ڕەفتارە نەریتیەکان و ...هتد.

بەمەبەستی کێشکردنی خێرو چاکە بۆ کۆمەڵگە یان دوورخستنەوەی مەترسی لێی، زۆر لەدیاردەکانی ژیانی رۆژانە لای گەلانی سەرەتایی، پەیوەست دەبێت پەیوەستیەکی توند بەکاری جادووگەرییەوە، ڕاستیش نیە هەستان پێی تەنها لەگەڵ هەندێ نەریت و رێ و ڕەسمە جادووگەریەکان نەبێت.

جادو (ئەفسون) کارێکی کۆمەڵایەتیە لەمیانەیدا جادوو گەر هەڵدەسێت بە کارێك کە تارادەیەك لەکاری پیاوی ئاینی و پزیشکی دەچێت، بۆیە ئەگەر ئاین یاخود زانست نوشستی هێنا لەتێرکردنی پێداویستیەمرۆڤایەتیەکان و لەچارەسەرکردنی کێشەناچاریەکان، ئەوا جادوو هەوڵدەدات بەو کارە هەستێت وەك ئەلتەرناتیڤێکی گونجاو، هەندێ لەزانایانی دەروونناسیی باوەڕیان وایە کە سیحر لەهۆکارەکانی خۆ ئارامکردنەوەیە.

لێرەداچەند جۆرێکی جیاواز لەجادووگەری هەیە، لەوانە: جادووی ڕەش (black magic) و جادووی سپی ( wite magic) و جادووی گەیاندن (contagious magic) و جادوو بەهۆی لاسایکردنەوە (imitative magic) و جادووی هاوسۆزی (sympathetic magic) هەروەها بەکارهێنانی نووشتە بۆ چارەسەرکردن (incanation) .

تەماشا بکە: جادووی زیان بەخش **Sorcery**

بەخێوکردن
**١- الأعالة** **maintenance**
گوزەران

پابەندبوونی پیاو بەبەخێوکردنی هاوسەرو منداڵەکانی، هەروەها مەبەست لە زاراوەکە، لەئەستۆگرتنی ئەرکی بەخێوکردنی کەسانی پەککەوتەو دەست کورت و ئامادەکردنی پێداویستیەکانی گوزەرانیانە.

دەوترێت یارمەتی گوزەران یان خەرجیەکانی ژیان (maintenance allowance).

هەروەها، بڕیاری بەخێوکردن یان خەرجکردن (maintenance order).

پاراستن
**٢- الصيانة**
چاککردنەوە

مەبەست لەزاراوەی پاراستن (چاککردنەوە) لەدیدی کارگێڕییەوە، چالاکیەکی تایبەتە بەپارێزگاریکردنی لایەنە بناغەییەکانی پرۆژەیەك، لەخانوو بەرەو ئامێرو کەرەستەکان، ئەوانی سەرمایەی پرۆژەکەن، بەمەبەستی بەردەوام بوونیان لەکارو بەکارهێنانیان، یاخود بۆ بەرزکردنەوەی توانای بەرهەمهێنانیان.

دەوترێت: کارەکانی پاراستنی ژیان (maintencance functions)، وەك فەرمانەکانی لەش لەهەناسەو هەرەس و دەردان، ئەو فەرمانانە پارێزگاری لەهاوسەنگی زیندوویی بوونەوەری زیندو دەکەن.

مافی میراتی **توريث كبير** **Majorate**
نۆبەرە **العائلة**
نۆبەرە **Cf. primogeniture**

تەمەنی بالغی **سن الرشد** **Majority, ageof**

واتە تەمەنی پێگەیشتن، یان ئەو تەمەنە یاساییەی تێیدا مرۆڤ شایستەیی و بەرپرسیارییەتی بەدەست دەهێنێ، هەروەها تاك مافی ئەوەشی دەبێت کەکاروباری تایبەتی خۆی بەڕێوەببات، بەمافە مەدەنیەکانیشەوە.

بنەمای زۆرینە **قاعدة الاغلبية** **Majority rule**

مەبەست لەزۆرینە، لەنیوەی تاکەکانی کۆمەڵێك زیاتر، بەڵام مەبەست لەبنەمای زۆرینە، بەشداربوونی بەڕاستی لەدەنگدان بۆ وەرگرتنی بڕیارەکان، ڕەنگە چەند حالەتێك وەك هەموارکردنی یاسا بنچینەییەکان پێویست بکات کەزۆرینەی نائاسایی وەك دوو لە سەر سێی، یان سێ لەسەر چواری دەنگەکان بەدەست بێنێ.

ئەم بنەمایە بەیەك لەبنچینەکانی دیموکراسییەت دادەنرێت، هەرچەندە لەڕووی کردارییەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کەکەمایەتی ملەکەچی زۆرینە بێت.

بەدگونجانی | سوء التكيف | **Maladaptation**

تەماشا بکە: سازانی خراپ | **Malad justment**

نەگونجان - نەسازان | عدم التوافق<br>سوء التوافق | **Malad justment**

بەمانای بێ توانایی تاك لەسەر ڕێککەوتن (گونجان) لەنێوان خۆی و ژینگە سروشتی و کۆمەڵایەتیەکەی، ئەوەش لەچەند حاڵەتێکی دیاریکراودا کەکارتێکردنی لەسەر ژیانی دەمارگیری و ڕەفتاری تاکدا دەبێت و دەبێتە هۆی پەیدابوونی چەند جۆرێکی جیاوازی لەململانێی دەروونی.
ڕەنگە نەگونجان لەپیشەدا رووبدات (vocational malad justmenb) واتە فەراهەم نەبوونی توانا پێویستیەکان بۆ سەرکەوتنی تاك لەپیشەیەکدا.

خۆنەخۆش خستن | التمارض | **Malingering**

واتە، دەربڕینی نەخۆشی، هەندێ کرێکار پەنادەبەنە بەر حاڵەتی خۆنەخۆشکردن بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەت پێدان، دیارە ئەو کارەش چەند هۆیەکی جیاوازی هەیە، کەدەکرێ بۆ بارودۆخی کارەکە، یان هەل و مەرجی خودی کرێکار بگەڕێتەوە.
دیاردەی خۆ نەخۆش خستن یەك لەو سەرپێچیانەیە کە سزای بەدواوە دەبێت، بەڵام دیاردەکە جیاوازی هەیە لەدیاردەی وەهم گرتن بەنەخۆشی (hypochondria) لەو حاڵەتە کەسەکە وادێتە مێشکی کەتووشی نەخۆشییەك بووە.

بەدخۆراکی<br>کەم خۆراك | سوء التغذية<br>نقص التغذية | **Malnutrition**

واتە ئەو بڕە خۆراکەی مرۆڤ وەری دەگرێت وەك پێویست نەبێت، سەرەڕای نەبوونی توخم و کانە(مادە) بەسوودەکان تێیدا کەپێویستن بۆ لەش، ئەویش بەمەبەستی گەشەکردن و نوێکردنەوەی ئەوەی لەدەستیداوە لەناوشانەکانی لەش، هەروەها بەمەبەستی چالاکی جەستەو پاراستنی لەنەخۆشیەکان.

تیۆری مالتۆس | نظرية مالتس | **Malthusion theory**

تیۆرییەکی تایبەتە بەپەیوەندی نێوان دانشتوان و دەرامەتەکانی ژیان، بەبۆچوونی ئەم تیۆرییە، زۆر بوونی دانیشتوان هۆی سەرەکیە بۆ بلاوبوونەوەی هەژاری.
هەر لەدرێژەی باسەکەیدا، بابەتە خۆراکیەکان بەپێی یەك بەدواییەکی ژمێرەیی زیاد دەکەن، لەکاتێکدا دانیشتوان بەپێی یەك لەدواییەکی ئەندازەیی زیاد دەکەن.
مالتس - تەنها چارەسەر لەوە دەبینێتەو کە خەڵکی وەچە زاوزێ سنوردار بکەن، ئەویش بەهۆی دواخستنی هاوسەرگیری و ژیانی ڕەبەنی و قەیرەیی و خۆپاك ڕاگرتنی، ئەو حالەتە پێویستیانە، سەرەڕای جەنگ و برسێتی و نەخۆشیە بلاوبووەکان و هەر جۆرە هۆکارێکی دیکە کە ڕێگا لەزۆر بوونی دانشتوان دەگرێت بە شێوەیەکی سروشتی.
هەر لەتیۆری مالتسەوە، تیۆرییەکی دیکە سەری هەڵدا، ئەویش مالتسی تازەیە (neo malthusia nism)، ئەم تیۆرییە تازەیە، بانگەشە بۆ سنوردارکردنی لەدایك بوونی دەکات بەڵام بەشێوەیەکی ڕێژەیی، ئەویش بەبەکار هێنانی هەر جۆرە هۆکارێکی پیشەسازی وەك مەرجێکی بنچینەیی بۆ چاککردنی ئاستی گوزەران و زاڵبوون بەسەر هەژاری و برسێتی.

**Man** الرجل پیاو
الانسان مرۆڤ

کەسی نێری پێگەیشتوو لەتاکەکانی جۆری مرۆڤایەتی، بەڵام لێرەدا مەبەست لەزاراوەکە (نێرو مێی) ئادەمیزادە، هەروەها مرۆڤیش بەبەرزترین قۆناغەکانی پەرەسەندنی گیان لەبەران دادەنرێت لەسەر زەوی.

ئەگەر رەفتاری ئاژەڵ ملکەچی غەریزەو بەدەنگەوە هاتن بێت بۆ ژینگە، ئەوا رەفتاری مرۆڤ بەبەکار هێنانی زمان و بیرکردنەوە جیاواز دەکرێتەوە، باڵایی و شارستانیەتەکەشی بۆ کاریگەری و چاکەی ئەو دوو دیاردەیە دەگەرێتەوە.

لەئەنثرۆپۆلۆجیادا دەوترێت، مرۆڤی بەرەبەیانی مێژوو (dawn man) و مرۆڤی ئەشکەوت (cave man) و مرۆڤی قۆناغە سەرەتاییەکان (primitive man) و مرۆڤی درندە (feral man) ئەو کەسەی کەلەگۆشەگیرییەکی رەهای کۆمەلایەتی دوور لەئادەمیزاد دەژێت.

هەروەها لەکۆمەڵناسیدا دەوترێت مرۆڤی پەراوێزخراو (marginal man) بەو کەسەی بەشدارییەکی تەواوی نیە وەك ئەندامێك لەکۆمەڵگەدا.

لەئابوری کۆمەلایەتیدا دەوترێت، رێژەی نێوان مرۆڤ و زەوی (man land ratio) واتە پەیوەندی نێوان کۆی ژمارەی دانیشتوان و دەرامەتەکانی سروشت.

لەکارگێری بەرهەمهێناندا دەوترێت: پیاوی کات ژمێرەکە (man - hour) واتە کاری پیاوێك بۆ ماوەی یەك کات ژمێر، کە ئەوەش یەکەی پێوانەیی رەنجی مرۆڤایەتیە، بەکاریش دەهێنرێت بۆ دیاریکردنی پێداویستیەکانی پرۆژەیەك لەهێزی کارکەر.

هەروەها دەوترێت: زۆرکردنی پیاوانی پرۆژەیەك (manning) واتە، گەیاندنی کرێکارانی پێویست بۆ کارکردن لەو پرۆژەیە.

**Homo oeconomicus** تەماشا بکە: مرۆڤی ئابوری

**Mana** المانا مانا
هێزی ئەفسوناوی

هێزێکە، دانشتوانی (میلانیزیا) باوەرپیان بەبوونی هەیە، ئەو هێزە بەتەواوی جیاوازە لەهێزی مادی و بەشێوەی جۆراو جۆریش کاریگەری دەبێت بۆ راکێشانی باری چاکە یان خراپە.

ئەو هێزە هەموو شتێك ئاسان دەکات بۆ ئەو کەسەی کە شتەکە ملکەچ بکات و لەژێر دەسەلاتیدا بێت.

**Management** الادارة کارگێری

ئەرکی کارگێری بریتیە لەراپەراندنی کارو بارەکان لەرێگەی بەکارهێنانی هێزی کارکەرو کەرەستەو ئامێرو کەل و پەلەکان، ئەو ئەرکە لایەنە دارایی و شێوەکانی کارکردنیش دەگرێتەوە بەباشترین بەکار هێنان و بەشێوەیەکی کارا بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکە یاخود ئەو مەبەستەی رێکخراوەکە هەوڵی جێبەجێکردنی دەدات.

کارگێری ئەو کارو کردارانەیە یانیش ئەو فەرمان و رێگایانەیە کەبەکار دەهێنرێن بەهۆی دامەزراوە کارگێرییەکانەوەو بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانەی کە لەپێناویدا دروست بوونە، دیارە ئەویش وەرگێرانی سیاسەتەکانیەتی بۆ خزمەتگوزارییەکان یانیش بەرنامەکان.

لەم بوارەدا دەوترێت، کارگێری باڵا (hig management) واتە ئەو ئەنجوومەنە کارگێرییەی لوتکەی دامەزراوە کارگێرییەکە بەرێوە دەبات و تایبەتە بە سیاسەتە باڵاکان، هەروەها کارگێری ناوەراست (middle management) ئەو بەشەش بەرێوەبەرەکان لەئاستی دووەمی کارگێری باڵا دەگرێتەوە.

## ژمێریاری کارگێڕی — المحاسبة الادارية — Management Accountancy

دەربڕینێکی گشتیە بەکار دەهێنرێت بۆ وەسفکردنی پرۆسەی زۆرکردنی ئەو زانیاریانەی کەدەگاتە کارگێڕی و پاشەکشە یانیش تێدا نابێت، تەنها سەرپێچی و لادانە گرینگەکان نەبن دەربارەی بودجەیان پلانەکان.

ئەویش وەك بنچینەیەك بۆ وەرگرتنی کردارە چاکسازییەکان دەربارەیان.

ئامانجیش لەو کارە بریتیە لەکورتکردنەوەی قەبارەی ئەو زانیارییە دوور درێژانەی کە راپۆرتەکارگێڕی و ئامارەکان دەیگرنە خۆیان و کورتکردنەوەیان بۆ چەند زانیارییەکی کەم کە دەکرێ بڕیارو رێکارییە پێویستیەکان لەبەر رۆشناییان کاری لەسەر بکرێت.

## کارگێڕی بەهەڵاوێژی — الادارة بالاستثناء — Management by exception

دەربڕینێکی گشتیە بەکار دەهێنرێت بۆ باسکردنی ئەو زانیاریانەی دەدرێن بەکارگێڕی و تێیدا تەنها باس لەو دیاردانە دەکرێت کەلادان و سەرپێچی گرینگ دەگرێتەوە لەبواری بودجەکان یان پلان و نەخشەکان، ئەویش وەك بنچینەیەك بۆ وەرگرتنی چەند بڕیارو کارراییەك بەمەبەستی چاکسازی لەو بوارانەدا.

ئامانج لەم جۆرە کارگێڕییەش کورتکردنەوەی قەبارەی ئەو باسە دوورو درێژانەیە کەلەراپۆرتەکارگێڕی و ئاماریەکاندا دێن، بەو شێوازەش دەکرێ چەندین کارڕایی و بڕیاری پێویست وەربگیرێن.

## کارگێڕی زانستی — الادارة العلمية — Management scientic

بزووتنەوەیەکی هونەری و کارگێڕی و فەلسەفیە لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەدەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا دەرکەوتووە. ئەو کەسەی نەخشەی بنچینەیی بۆ کارگێڕی زانستی کێشاوە ناوی فردریك تایلەرە دیاردەکە بزووتنەوەیەکی هونەرییە، لەڕووی هەستانی بەلێکۆلینەوەکانی لەسەر کرێکار لێکۆڵینەوەکانی کات و جوڵە و لەسەرکەرەستەو ئامێرو شێوازەکانی بەرهەمهێنان و بارودۆخی کارکردن و ئامادەکردنی کۆگاکان و بوارە هونەریەکانی دیکە کەپەیوەندییان بەپرۆسەی بەرهەمهێنان و زۆربوونیەوە هەیە.

هەروەها بزووتنەوەکە کارگێڕییە، لەڕووی دانانی بۆ چەند بنەمایەك بۆ ئەوەی پێڕەوبکرێن بەمەبەستی زۆرکردنی بەرهەم، لەوبنەمایانەش: هەڵبژاردنی زانستیانە بۆ کرێکاران و راهێنانی دروست بۆیان، هەروەها چاودێرییەکی کارا بۆکاروبارەکانیان، لەگەڵ جیاکردنەوەی ئەرکی نەخشەکێشان و سەرپەرشتی و چاودێری لەکاری جێبەجێکردن و هاندانی کرێکاران و بەهێزکردنی ویستیان بۆ کاروبەرهەمهێنان، ئەویش بەهۆی بەخشینی پاداشت و پارەو...لە پێناو زۆرکردنی بەرهەمهێنان.

کارگێڕی زانستی، بزووتنەوەیەکی فەلسەفیە، لەبەر ئەوەی هەوڵی گۆڕینی ئەو بیروباوەڕانە دەدات کەپێشتر بەسەر کرێکاراندا سەپێنرابوون، لەم بارەشەوە گرینگی داوە بەبوونی پەیوەندییەك لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوان کارگێڕی و کرێکاراندا، هەوڵیش بدرێت بەرپرسانی بەڕێوەبردنی پرۆژەکان رازی بکرێن بەوەی کە هاوکاری نێوان کارگێڕی و کرێکاران دەستەبەری زۆربوونی بەرهەم بکات لەدوایشدا دەبێتە هۆی زۆربوونی قازانج کەبەشی داواکاری هەردوولا دەکات.

## شۆڕشی کارگێڕی — الثورة الادارية — Managerial revolution

جیمس بەرنهام (James Burnham) یەکەم کەس بووە باسی شۆڕشی کارگێڕی کردووە ساڵی ( 1941) لەکتێبێکیدا کەهەمان ناوی هەڵگرتووە.

بەڵام ئەو ڕەوتە لەماوەیەکی دوورو درێژەوە دانی پێدانرابوو، وەك دیاردەیەکی رێکخستنی پیشەسازی تازە.

بیروبۆچوون دەربارەی شۆڕشی کارگێڕی خۆی لەوە دەبینێتەوە کەلەگەڵ ئاڵۆزی کاروبارە هونەری و کارگێڕییەکان، چینێکی کارگێڕی دروست بووەو جێگای خاوەن سەرمایەکانی گرتۆتەوە، ئەم چینە سەرپەرشتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دەکات،

لەوکۆمەڵگایانەی کەلەسەرپیشەسازییە گەورەکان دروست بوونەو دەستیشی لێ هەڵناگیرێت، هەروەها لەپرسە ئابوری و سیاسییەکانیش رۆڵێکی گەورەی هەبووە.
هەر لەگەڵ بەردەوامی گەشەپێدانی پرۆژەکان و چڕبوونەوەی سەرمایەکان، خاوەنداریێتی لەچاودێریکردن و بەڕێوەبردنی پرۆژەکە جیابۆتەوە.
بەبۆچوونی بەرنهام، کرێکاران لەتوانایاندانیە، زاڵبن بەسەر خاوەن سەرمایەکان و دەست بەسەر کارگەکاندا بگرن و بەڕێوەی بەرن، هەروەك کارل مارکس باوەڕی وابوو، بەڵکو ئەو شارەزاییە هونەرییەی لای ئەندازیار هەیە، گرینگیەکی تایبەتی هەیە، ئەویش بەهۆی تواناکانی لەسەر بەکارهێنانی شێوازە هونەریەکان لە بەڕێوەبردنی کارگەکان.

سەرپشك کردن
١- التفويض
**Mandate**
دەسەڵات پێدان

ڕاسپاردن لەیاسای مەدەنیدا، بەو مانایە دێت کەکەسێك ڕێگا بەکەسێکی دیکە بدات بەناوی ئەوەوە بەکارێك هەستێت.
هەروەها لەیاسای گشتیدا بەو مانایە دێت، ئەو ئەرك پێ سپاردنەی دەنگدەران دەیدەن بەو کەسانەی هەڵیان دەبژێرن.
دەوترێت، جێگرێکی راسپێردراو (mandatory mandator) بەو کەسەی، ئەرکی بەڕێوەبردنی شتێکی پێ دەسپێرن، یان هەڵسان بەکارێك و یاخود چاودێریکردنی ئەوکارە.

ئەرك پێ سپاردن
٢- الانتداب
ئینتیداب

ئینتیداب لەسیاسەتدا، دان پیانانێکی کاتیە بەسەر بەخۆیی ئەو دەوڵەتەی کە گەیشتۆتە پلەیەك لەپێشکەوتن، بەو مەرجەی لەبەڕێوەبردنیدا ڕێنمایی و بیروبۆچوونەکانی دەوڵەتە سەرپەرشتیکارەکە وەربگرێت تادەگاتە ئەو ڕۆژەی کەوڵات توانای بەڕێوەبردنی هەموو کاروبارەکانی خۆی دەبێت.
لەپەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە، دروست کردنی سیستمی پێ سپاردنی نێو دەوڵەتی لەژێرچاودێری ڕێکخراوەکە دەبێت، بۆ ئەوەی جێگای سیستمی ئینتیداب بگرێتەوە کەبەپێی پەیمانەکانی ئاشتی ساڵی (1919) هاتۆتەدی.

سەرشێتی
الهَوَس
**Mania**

لەدیاردە گرینگەکانیئەم نەخۆشیە دەروونیە، گەورەبوونی قەبارەی بیروباوەڕەکان و هەڵچوونیان و گواستنەوەی خێرایان لەبابەتێکەوە بۆ بابەتێکی دیکە، بێ جیاوازی لە نێوان ماناکانی و خێرایی رووخانی ئەو بابەتانە لەگەڵ ئارەزووی گاڵتەو تەنس و بەکارهێنانی زمان پیسی و هەست بەگەورەیی و خۆشیەکی زیادەرۆ وکرانەوە.
هەر لەدیاردەکانی نەخۆشیەکە، چالاکی و جولەو هەوڵدان بۆ جێبەجێ کردنی هەر بیرۆکەیەك کە بەمێشکدابێت، لەم بارەوە نەخۆش لەکارێکەوە دەچێتە سەرکارێکی دیکە بێ پشوودان، ئەو چالاکیە توندە پچڕپچڕەی نەخۆش هاوتەریب دەبێت لەگەڵ ئەو پچڕپچڕییەی کەبەمێشکە هەڵچووەکەیدا تێپەڕ دەبێت.

خۆپیشاندان
١- المظاهرة
**Manifestation**

خۆپشاندانی جەماوەر بۆ چەند ئامانجێك: سیاسی، یان کۆمەڵایەتی و...دەگەڕێتەوە، وەك ناڕەزاییەك دەربارەی هەر هەڵوێست و بابەتێك، یاخود بۆ داواکردنی چەند ئامانجێکی دیاریکراو.

روخسار ٢- المظهر

هەر شتێك بەرچاو بکەوێت، یان تێگەیشتنی بۆ بکرێت، لەدەروونناسیدا ئەو شتەی دیارەو هێما بۆ شتێکی دیکە دەکات و پەیوەستیشە پێوەی. دیاردەکە بەنەخۆشی جەستەیی و ئەقلی و دەروونی دەبەسترێتەوە، هەروەها بەلادانی رەفتاری و هەر جۆرە پەشێوی و نائارامیەکی دیکە.

نمایش و ساختە التلاعب manipulation
جوڵەی ژیرانە المناورة

جۆرێکە لەجۆرەکانی بەکارهێنانی دەسەڵات، بەوپێیە ئەوی دەسەڵات دەگرێتە دەست، هەڵدەسێت بەکارتێکردن لەرەفتاری ئەوانی دیکە بێ ئەوەی ئەو رەفتارە روونبکاتەوە کەمەبەستیەتی و ئەوانی دیکە پێی هەستن.
دەکرێ ئەو دەستێوەردانە بەبەکار هێنانی هێماکان یاخود هەر شێوازێکی دیکە ئەنجام بدرێت.
هەروەها پروپاگەندە بەیەك لەشێوە بنچینەییەکانی ئەو یارییە دادەنرێت کە بەهۆی هێماکانەوە بەکار دەهێنرێت، ئەگەر چی ئەو کەسەی بەشێوەیەکی شەرعی دەسەڵات دەگرێتە دەست ڕەنگە ئەو شێوازە بەکار بهێنێت، بەلام ئەوکارە بەیەك لەشێوە شەرعیەکانی دەسەڵات دانانرێت، مادام ئەو تاکانەی ملکەچی دەسەڵاتن باوەڕیان بەو دیاردەیە نیە.

رەفتاری نەرێتی السلوك التقليدي Manner

شێوازێکە لەهەڵس و کەوتەکانی تاك رەنگدەداتەوە، دەوترێت بزووتنەوە نەریتیەکان (mannerism) بەوکاروهەڵس و کەوتانە، یان بەو دەربڕینانەی کەتاك پێی دەناسرێت و دووبارەی دەکاتەوە، بەجۆرێکیش پەیوەست دەبێت پێوەی پەیوەست بوونێکی تووند لەدیدی تاکەکانی دیکەوەو دەبێتە جۆرە دەرخستن و ئاشکراکردنێك بۆ خودێتی کەسەکە.
ڕەنگە ئەو رەفتارە درێژەبکێشێت وەك بەدەنگەوە هاتنێك بۆ بەرگری کردن، هەروەك لەحاڵەتی نەخۆشی شێزوفرینیا (schizophrenia) دەردەکەوێت.

سیستمی ناوچەی دەرەبەگایەتی نظام الضيعة Manorial system

سیستمێکی ئابوری کۆمەڵایەتیە، لەسەدەکانی ناوەڕاست باو بووە، لەدیاردە گرینگەکانی ئەو سیستمە خاوەنداریتی دەرەبەگ بۆ رووبەرێکی گەورەی زەوی، کشتیارە بچووکەکان و ئەوانی بۆ بەرژەوەندی دەرەبەگ کار دەکەن هەڵدەستن بەچاندن و سوود وەرگرتن لەزەوییەکە، ئەویش بەرامبەر هەندێ باج کە دەدرایە دەرەبەگ، لەبەرامبەردا دەرەبەگ پاراستنی کشتیارانی دەکەوتە ئەستۆ، هەروەها پارچە زەویەکیشی پێدەدان بۆ ئەوەی بەکاری بهێنن و گوزەرانی خۆیانی پێ دەستە بەربکەن.

هێزی مرۆیی القوة البشرية Manpower
هێزی کار

تاکەکانی دانیشتوانی ناوچەیەك، ئەوانی دەکرێت بەکار بهێنرێن و سوودیان لێ وەربگیرێت لە ڕووی ئابورییەوە، دەوترێت ئاراستەکردنی هێزی مرۆیی (manpower control) بەوڕەنج و کۆششەی کەحکومەت پێی هەڵدەسێت، ئەویش بەمەبەستی دەستەبەر کردنێکی نموونەیی بۆ هێزی مرۆیی.

پلاندانان بۆ هێزی کار تخطيط القوى العاملة Manpower planning

بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان خستنەڕووی هێزەکانی کارکردن و خواست لەسەری بەشێوەیەکی بەردەوام، واتە خۆئامادەکردن بۆ پێداویستیەکانی بەرنامەی گەشەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی، بەجۆرەجیاوازەکانی هێزی کارەوە، ئەویش لەماوەی جیاوازو دیاریکراودا، هەروەها ئامادەکردنیان بۆ بەکارهێنان لەڕووی ئابورییەوە بەباشترین شێوە.

**Manpower required** | المقرر الوظيفي | هێزی کاری پێویست

ژمارەی ئەو کارمەندو کرێکارانەی پێویستن بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارو بارانەی کە بە یەکەیەکی کارگێڕی دیاریکراو سپێردراوە، ئەویش لەسەر ئاستێکی زانراو لەلێهاتوویی و باشیدابێت، هەروەها لەژێر باری هەل و مەرجی ئاسایی کارکرداندا و بەپێی تێکڕاییەکانی ئەرك بەجێگەیاندن بێت، یاخود بەپێی ڕێگاو شێوازەکانی کارکردنی بڕیار لەسەر دراوو بەبەکارهێنانی ئامرازوکەرەستە بەکارهێنراوەکانی دامەزراوەکەبێت.

**Manufacture** | مرحلة المصانع اليدوية | قۆناغی پیشەسازییە دەستەتیەکان (دروستکردن)

یەك لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی ئابورییە، لەکاتی دروست بوونی سیستمی سەرمایەداری دەرکەوتووە، لەو قۆناغەدا کرێکارە پیشەدارەکان لەناوکارگەو شوێنەکانی کارکردن کۆدەکرانەوە، لەو کەسانەی کەلەچەندین پیشەی جیاوازدا کاریان دەکرد، ئەوانە هەڵدەستان بەدروستکردنی کاڵایەکی دیاریکراو، ئەویش بە بەکارهێنانی شارەزایی و کارامەییەکانیان، یاخود ئەوانی تەنها لەیەك پیشەکاریان دەکرد بەڵام بەدابەشکردنی کارەکە لەنێوانیاندا.

**Manufacturing Insustry** | الصناعة التحويلية | پیشەسازی گۆڕین

**Industry, manufacturing** | تەماشا بکە:

**Marginal analysis** | التحليل الحدي | شیکردنەوەی ڕادەیی (رادەدار)

تیۆری ئابوری تازە لەسەر بنچینەی شیکردنەوەی رادەیی بونیاد دەنرێت، لێرەدا جیاوازییەك هەیە لەنێوان کەڵکی گشتی و کەڵکی ڕادەیی، یەکەمیان: کۆی ئەو قازانجانەیە کە تاك بەدەستی دەکەوێت بەهۆی بەکاربردن - یان لەناوبردن ی چەند یەکەیەك کەشتێکی لێ پێکدێت.

بەڵام دووەمیان بریتیە لەوگۆڕانکارییەی بەسەرکەڵکی گشتیدا دێت، ئەویش بەهۆی خستنەسەری یاخود کەمکردنەوەی یەکەیەك لەویەکانەی کەبەکاری دەبات، چەندی بڕی شتەکە زۆربوو، ئەوەندە کەڵکە گشتیەکەشی زۆرتر دەبێت بەڕێژەیەکی روو لەکەمی، هەروەها کەڵکە رادەییەکەشی کەم دەبێتەوە.

ئەم کارەگرینگی خۆی هەیە، چونکە بەهای شتێك لەسەربنچینەی کەڵکە رادەییەکەی یەکەکە خەمڵاندنی بۆ دەکرێت و بێ ڕەچاوکردنی کەڵکە گشتیەکەی، کاتێ دەڵێین ئاسن بەکەڵکترە لەئەڵماس، مەبەستمان لەکەڵکە گشتیەکەی هەر یەکێکیانە، بەڵام کاتێ دەڵێین بەهای ئاسن گەورەترە لەبەهای ئەڵماس، ئەوائێمە ئەو بڕیارە لەسەرکەڵکی رادەیی هەریەکێکیان دروست دەکەین، ئەویش لەسەر بنچینەی ئەو بڕەی لەبەر دەستە لەهەردوو کانەکە.

دەوترێت: تێچووی ڕادەیی (marginal cost) واتە ئەو بڕەی دەخرێتە سەر ئەو تێچووە گشتیەی کەیەکەیەکی گشتی نوێی دیکە لەبەرهەمێهێناندا دەیگرێتە خۆی.

هەروەها قازانجی رادەیی (margianal profit) واتە ئەو قازانجەی کەدێتەدی لەفرۆشتنی یەکە کۆتاییەکەی رادەیی کە بەرهەمی دامەزراوەکەیە.

ئەو قازانجە رادەییەش بریتیە لەجیاوازی نێوان داهاتی رادەیی و نێوان تێچووی (خەرجکردنی) رادەیی.

زەوی رادەیی (marginal land ) کەدوایەکەی زەوییە بەکەڵکی کشتوکاڵ دێت، ئەو زەوییەی ڕەنگە داهاتەکەی تێچووی بەرهەمهێنانەکەی داپۆشی.

کرێکاری رادەیی (marginal labour) ئەو کرێکارەیە کە رازی نابێت رۆژانەکەی لەئاستێکی دیاریکراودا بێتە خوارەوە.

Marginal area المنطقة الهامشية ناوچەی پەراوێز

ناوچەیەکی کولتوری هاوسنوری ناوچەیەکی دیکە بێت، لەتایبەتمەندییەکانی ئەو ناوچەیە، هەژارییەکی گشتی و هەڵگری شێوازێکی کۆن بێت.

Marginal culture الثقافة الهامشية کولتوری پەراوێز

ئەو کولتورەی هاوسنوری کولتورێکی دیکەیە، بەشێوەیەکی گشتی وادەناسرێت کەهەژارترە لەهاوسێکەی لەڕووی داهاتی تەکنیکی و کولتوری گشتیەوە.

بەدەربڕینێکی دیکە ئەو کولتورەیە کە دەکەوێتە سەرسنوری شارستانیەتیەکی پێشکەوتوو

Marginal group الجماعةالهامشية کۆمەڵیپەراوێزخراو

گروپێك، هەڵگری کولتورێکی تایبەت بەخۆی، پاشان دەستی هەڵگرت لەهەندێ نەریت و لەخودیتیە جیاوازەکانی خۆی، هەروەها بەبەشێکی بچووکی بەهاوشێوازەکانی ژیانی کولتورێکی دیکە رازی بوو، هەوڵیشی ئەوەبوو کەخۆی لەگەڵ بگونجێنێت.

Marginal area تەماشا بکە: ناوچەیەکی پەراوێز

Marginal culture کولتورێکی پەراوێز

Marginal man الانسانالهامشي مرۆڤی پەراوێز

ئەو مرۆڤەی ئینیمای بۆ دوو گروپ یان زیاتر هەیە، کەئاستە رۆشنبیریەکانیان هەندێك لەهەندێکی دیکە جیاواز دەبێت، وەك ئینتیمای کەسێکی بیانی یاخود کەسی کۆچکردوو لەگوندەوە بۆ شار...هتد.

هەروەها مەبەست لەم زاراوەیە، تاکی نەگونجاو لەگەڵ ژینگەدا، بەو حاڵەتەش دەگوترێت، پەراوێزی کۆمەڵایەتی (social marginality).

Marginal survival الرواسبالهامشية پاشماوە پەراوێزیەکان
مانەوە پەراوێزیەکان

لەئەنثرو پۆلۆجیا، مەبەست لەزاراوەکە، بنەمای ئەو بڵاوبوونەوەیەی کە دەڵێت شێوە کۆنەکە یان پێکهاتە رۆشنبیرییەکە بەکار دەهێنرێت لەدەروبەری ناوچەی بڵاوبوونەوەکە ئەوکارەش روودەدات لەهەمان ئەوکاتەی کەناوچە ڕەسەنەکە فۆرمە تازەکەی وەردەگرێت.

Marginalism النظرية الحدية تیۆریی رادەیی

Marginal analysis تەماشا بکە: شیکردنەوەی رادەدار

Marital counseling ارشادات الزواج رێنماییەکانی هاوسەرگیری

Family guidance تەماشا بکە : ئامۆژگاری خێزانی

**market** السوق بازاڕ

ڕێکخستنێکە بەهۆیەوە پەیوەندی توووند لەنێوان کڕیارو فرۆشیاران دەبەسترێت ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان بەهۆی کەسانی دیکەوە، دیارە ئەو نرخانەی کەلەبەشێکی بازاڕدا باو دەبن کارتێکردنیان دەبێت بەسەر نرخدا لەبەشەکانی دیکەی ناو بازاڕ، ئەو حاڵەتەش دەبێتە هۆی هاوچەشنی یان یەکسانی نرخەکانی یەك جۆرکەل و پەل.

دەوترێت: بازاڕی کار (labour market) بۆ ئەو شوێنەی کەتێیدا خاوەن کارەکان بەدوای کرێکار دەگەڕێن، کرێکاریش بەدوای کاردەگەڕێت.

دەوترێت: کۆمەڵگەی بازاڕ (market society) بەو کۆمەڵگە تازەیەی تێیدا دابەشکردنی کەل و پەلەکان کاریگەری بەسەر بەرهەمدا دەبێت.

هەروەها دەوترێت، پەیوەندییە بازاڕییەکان (market relations) ئەوەش هۆکاری پەیوەست بوونی نێوان ئەو پرۆژانەیە کەئامانجیان قازانج کردنە لەسیستمی سەرمایەداری. دەوترێت، بازاڕکاری (marketing)، ئەویش چالاکیەکی ئابورییە، هەموو ئەو ڕەنجانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بەگواستنەوەی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان، لەلایەن بەرهەمهێنەوە بۆ بەکارهێن، لەکۆتاییداو لەکات و شوێنی گونجاودا.

**Market economy** اقتصاد السوق ئابوری بازاڕ

لەئابوری بازاڕدا بەرهەم لەسەر بنچینەی ئاڵوگۆڕکردن دێتەدی، هەروەها دراو بەکار دەهێنرێت و نرخەکانیش دیاری دەکرێن و دەرامەتەکان دابەش دەکرێن بەپێی کارلێکردنی هێزەکانی خستنەڕوو داواکردن.

هەموو ئەو کارانەش لەسەر بنچینەی ڕکابەری نێوان یەکە بەرهەمهێنەرو بەکاربردووەکان ڕوودەدەن، بەومانایەش ئابوری بازاڕ جیاوازی لەنێوان ئابوری نەخشەکێشراو، ئابوری ئاراستەکراو دەبێت.

**Marriage** الزواج هاوسەرگیری

سیستمێکی کۆمەڵایەتیە، کەگرێبەستێك دەگرێتە خۆی، بەپێی ئەو گرێبەستەش دووکەس یان زیاتر یەك دەگرن، ئەوانیش لەدوو ڕەگەزی جیاوازدا دەبن لەشێوەی مێردێك یان چەند مێردێك هەروەها ژنێك یاخود چەند ژنێك بۆ پێکهێنانی خێزانێکی نوێ، بەجۆرێك ئەومنداڵانەی کەبەهۆی ئەو پەیوەندییەوە دێن بەمنداڵی شەرعی دادەنرێن بۆ هەردوولا.

پەیوەندی هاوسەرگیری شێوەکانی جیاوازدەبن بەپێی جیاوازی ژمارەی ئەو کەسانەی بەشداری تێدادەکەن و بەپێی جۆری ئەو پەیوەندییەی کەدروست دەبێت لە نێوان ئەو دوو گروپەی کە هەردوولا (پیاووژن) ئینتیمایان بۆی هەیە، لە جۆرەکانی هاوسەرگیری.

هاوسەرگیری مەدەنی (civil marriage) لەلایەن دەسەڵاتی مەدەنی تایبەتەوە جێبەجێ دەکرێت بەبێ هیچ ڕێ و ڕەسمێکی ئاینی.

هاوسەرگیری ژن و مێردایەتی (برادەری) (companionate marriage) لەگرێبەستی ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە، نەوە خستنەوەو شێوەی لەیەك جودا بوونەوە لەلایەن هەردوولا هەردوو هاوسەر بڕیاری لەسەر دەدرێت.

هاوسەرگیری نەریتی عورفی (consensual marriage)، ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە بەڕەزامەندی هەردوولای شایستە (پیاووژن) دێتەدی، ڕێکدەکەون لەسەر هاوسەرگیری، بێ ئەوەی هەرجۆرە ڕێکارییەکی یاسایی دیکە ئەنجام بدرێت دەربارەی.

لەم بوارەدا چەند هۆکارێك هەیە بەهۆیەوە هاوسەرگیری ئەنجام دەدرێ، ئەو هۆکارانە جیاوازدەبن بەپێی جیاوازی کۆمەڵگاکان، لەو هۆکارانەش:

سیستمی گرێبەستی لەنێوان پیاووژن، یاخود لەنێوان ئەوانی نوێنەرایەتیان دەکەن بەپێی ئەویاسایەی کەکۆمەڵگە پێڕەوی دەکات و ئەو پیاووژنەش تێیدا دەژین.

سیستمی زەوتکردنی ژن، ئەویش بەڕێگای بەکارهێنانی هێز (wife - capture) ئەو سیستمە بەسیستمی (ئەلسی)

دەناسرێت، کەچەند گروپێك لەکۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکان کاریان پێدەکرد.
هـەروەها سیسـتمی کڕینـی ژن (wife - purchase) کەلەکۆمەڵگـە سـەرەتاییەکاندا بـاوبووە، دواتـر سیسـتمی (دوتـە) (dowry system) ژن هێنان بە مارەیی جێگای گرتۆتەوە، بەپێی ئەو سیستمەش پیـاو بڕێـك پـارە دەداتـە کـەس و کـاری ژنەکە لەبەرامبەر ئەو هاسەرگیرییە.

**مارکسیزم** — **الماركسية** — **Marxism**

ڕێبـازێکی ئـابوری و سیاسـی و کۆمەڵایەتیـە، کـارل مارکسـی دایهێنـاوە، ئـەو ڕێبـازە لـەوە کـورت دەکرێتـەوە کەکۆمەڵگـە مرۆڤایەتیەکان لەئایندەیەکی نزیك یان دوور هـەر دەبنـە کۆمەڵگـەی کۆمونیسـتی، بـەجۆرێك سـامان و دامـەزراوەکان دەبنـە مولکایەتیەکی هاوبەش لـەنێوان هـەموو لایـەك، هەریەکـەش تـەواوی بـەهای کارەکـەی خـۆی وەردەگرێـت لـەو کۆمەڵگایـەداو پێداویستیەکانی بەدەست دەکەون، بەڵام ئەم کۆتاییە نایتەدی تەنها بەهۆی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریاوە نەبێت.
ئەم ڕێبازە پێی وتـراوە (سۆسـیالیزمی زانستی) وەك جیاوازییـەك لەگـەڵ بـیرو بـاوەڕە سوسـیالیزمیەکانی دیکـە کـە ناویـان لێنراوە سوسیالیزمی خەیاڵی.

**ماسۆشیزم** — **المازوخية** — **Masochism**
**چێژلەئازاردان** — **قبول التعذيب**

لادانێکـی سیکسـییە، دەناسـرێت بەویسـت بـۆ ئـەوەی ئـێش و ئـازاری جەسـتەیی لەسەردەسـتی کەسـانی دیکـەی پـێ بکـات، بەمەبەستی بەدەست هێنانی تێربوون لەچێژی سیکسی.
شـان بەشـانی ئـەم دیاردەیـە، ئـەوا ماشوسـیزمی کۆمەڵایـەتی هەیـە، کەبـەکاردەهێنرێ وەك ئاماژەیـەك بـۆ ئـەوانی لەژیانـدا ڕێگایـەك دەگرنەبـەر کەلـەتواناو بـەهای خۆیـان کەمدەکەنـەوە، لەوەشـدا هەسـت بەچێژێك دەکـەن بـەهۆی ئـەو کارەسـات و نەخۆشیانەی کەپێدا تێپەڕدەبن.
تەماشا بکە: کاری بەد سیکسی — **Sexual perversions**

**داوای خواستی** — **المطالبة** — **Masculine protest**
**نیرینەیی** — **الرجولية**

ویستێکە لای هەندێ مێینە، بۆ ئەوەی ببێتە نێر، یان خەسلەتەکانی نێرینە بەدەست بێنێ، یاخود ویسـتی پیـاو کەلەمێینـە دوور بکەوێتەوە.
لای (ئەدلەر) مەبەست لەزاراوەکە خەبات لەپێناو هێزو دەسەڵات دێت.

**کۆمەڵانی خەڵك** — **الجمهورالعام** — **Massy**

جۆرێکـە لەگردبوونــەوەو بەکۆمــەڵ بــوونی خــەڵك، ئــەم جــۆرە کۆمەڵانــە بەکــەمی پلــەی تێکــەڵبوون و نــەبوونی هــەر پەیوەندییەکی مادی لەناو ئەندامانیدا جیاواز دەکرێتەوە.
دیـارە وەك باویشـە جـەماوەر نابێـت بەکۆمـەڵ (unassembled masses) نموونـەی جـەماوەری بـێ ئیشـەکان، یـان جەماوەری بیانی یاخود جەماوەری خوێندکاران...هتد، ڕەنگە هەندێ جـار جـەماوەر کۆببنـەوە (assembled masses) وەك جەماوەری بینەران و ئەوانی لەگەشت و گوزاردان.
تەماشا بکە: جەماوەری خاوەن بەرژەوەندی هاوبەش — **Public**

**massbehavlour** السلوك الجماهيري **ڕەفتاری جەماوەر**

یەك لەشێوەكانی ڕەفتاری بەكۆمەڵ بوونە، بنچینەی ئەو شێوەڕەفتارەش پەیوەندیكردنێكی ناكەسێتی و ناڕاستەو خۆیە، ئەو ڕەفتارە لەنێوان ژمارەیەك لەدانیشتوانی ناهاوچەشن دروست دەبێت، ئەوانی پەیوەست نین بەداب و نەریتێكی دیاریكراودا.

پەیوەندیكردنی جەماوەری (mass communication) ڕۆڵێكی گەورە لەگەشە كردنی ڕەفتاری جەماوەری دەگێڕێت، ئەویش بەفەراهەم كردنی جۆرێك لە پەیوەندیكردنی نێوان ئەو تاكانەی كە لەنێوانیاندا پەیوەندییەكی كەسێتی یان چەند پەیوەستیەكی هاوبەش هەیە.

ڕەفتاری جەماوەری چەند جۆرێكی جیاواز لەرفتارو بیرو باوەرو بەرژەوەندییەكان دەگرێتەخۆی، دەست پێدەكات لەبزووتنەوە سیاسییەتازەكان تادەگاتە داب و نەریت و جل و بەرگ و گۆرانی و هەڵپەڕكێی میللی.

**Mass communication** الاتصال الجماهيري **پەیوەندیكردنی جەماوەری**

پرۆسەیەكە بەهۆیەوە پەیوەندیكردن بەجەماوەر دێتەدی، لەڕێی ئەو پەیوەندییەوە دەنگ و باس و زانیاری و بیروڕا بەجەماوەر دەگات، دیارە ئەو كردارەش كاریگەری دەبێت بەسەر بیروباوەڕەكاندا.

چاودێریكردنی حكومەتیش بەسەر پەیوەندیكردنی جەماوەری جیاواز دەبێت لە وڵاتێكەوە بۆ وڵاتێكی دیكە، ڕەنگە ئازادی لەوڵاتێكدا فەراهەم بێت بەڵام لەوڵاتێكی دیكە جەماوەر ملكەچی چاودێرییەكی توندی حكومەت بێت.

**Mass culture** الثقافة الجماهيرية **كولتوری جەماوەری**

ڕەگەزەكانی ئەو كولتورەی كەلەكۆمەڵگەیەكی گەورەی ناهاوچەشن گەشە دەكات، وەك ئەنجامێكی تووش بوون بەهۆیەكانی پەیوەندیكردنی جەماوەری، نموونەی: گۆرانی و هەڵپەڕكێیە میللیەكان.

دەركەوتنی كولتوری جەماوەری، بەشێكە لەپرۆسەیەك بەرەو یەكگرتنی هاوبەش بۆ بەهاو ئاراستە كولتورییەكانی نێوان بەشەكانی دانشتوان لەیەكە كۆمەڵایەتیە نەتەوەییەكان.

**Mass media** وسائل الاتصال الجماهيرية **هۆكارەكانی پەیوەندیكردنی جەماوەری**

ئەو ڕێگایانەی كەبەهۆیەوە دەكرێ بیرۆكەیەك یان بیروڕایەك بگەیەنرێتە ژمارەیەكی گەورەی خەڵك، ئەوانی لەناوچە دوورو جیاوازەكاندا بڵاوبوونەتەوە، وەك هۆكارەكانی: ڕادیۆ، ڕۆژنامە، تەلەفزیۆن، سینەما.

هەر هۆكارێك لەو هۆكارانە بەكارهێنانی تایبەتی خۆی هەیەو هەر یەكێكیان خەسلەتی تایبەتی هەڵگرتووە.

هەر هۆكارێكیش لەوی دیكە جیاواز دەبێت ئەوەندەی پەیوەندی بەو جەماوەرەوە هەبێت كەپەیوەندی پێوە دەكرێت بۆگەیاندنی جۆرێكی دیاریكراوی پەیامەكان، هەروەها لەخولقاندنی چەند هەست جوڵاندن و كارتێكردنێكی دیاریكراوی ڕاگەیاندن، یاخود ڕۆشنبیری و یانیش ڕابواردن بێت.

**Mass movement** الحركة الجماهيرية **بزافی جەماوەری**

ڕەفتارێكی خۆكردە، لەسەر ئاستێكی فراوان لەلایەن ژمارەیەكی گەورەی خەڵكەوە ئەنجام دەدرێت بۆ ئامانجێكی هاوبەش، بەڵام بێ نەخشەكێشان یان بێ ڕێكخستن، نموونەی ئەو دیاردەیەش، كۆچكردنی جەماوەری، ئاژاوەو كێشە ئاینیەكان یان سیاسیەكان، كەجێگای پشتگیرییەكی خۆكردانەی جەماوەر دەبن.

**Mass society** المجتمع الجماهيري كۆمەڵی جەماوەری

كۆمەڵانی دانشتوان، ئەوانی بەپەیوەندیكردنی لاوەكی و پسپۆرییەكی توونه دەناسرێن، لەڕۆڵ و لە ناوەنـدەكانی وەك یەكـە سیاسی و كۆمەڵایەتیەكان، كەگەشـەیانیش كـردووە لەگـەڵ گەشـەكردنی پیشەسـازی ولەئـەنجامی هەڵوەشـاندنەوەی كۆمەڵگـە میللییە خۆجێییەكان.

ئەو جۆرە كۆمەڵانە بەڕەفتاری جەماوەری و رۆشنبیری جەماوەری دەناسرێن، گەشەكردنی هەست بەیەكگرتوویی و خودێتی لەناویەكـە كۆمەڵایەتیـە گـەورەكان، دەبەسـترێتەوە بەگەشـەكردنی هۆیـەكانی گەیانـدن و گواسـتنەوەو هۆكارەكـانی پەیوەندیكردنی جەماوەری.

**Master and servant relation** علاقة السيد بالخادم پەیوەندی سەركار بەنۆكەر

دەربڕینێكی كۆنە بەخاوەن كاروكرێكار دەوتـرا، هـەروەها بـەو گرێبەسـتەی كەلەنێوانیانـدا رێكـدەخرا، نموونـەی گرێبەسـتی بەكرێگرتن.

گرێ كرتە خاوەن كارەكەیە، بەڵام كەسی پابەند بوو ئەوە كرێكارەكەیە.

**Matched semples** العينات المتكافئة نموونە هاوتاكان (لێكچووەكان)

مەبەست لەزاراوەكە لەمیتۆدەكانی تۆژینەوە، ڕەچاوكردنی لێكچوون لـەنێوان تاكـەكانی ئـەو نموونەیـەی كەهەڵدەبـژێردرێن، وەك گروپێكـی ئـەزموونی (experimental group) لەگـەڵ ئـەوانی كەهەڵدەبـژێردرێن وەك گروپێكـی چـاودێری (control group) دەربارەی ئەو گۆڕانكاریانـەی توێـژەر وای دادەنێـت كەتایبـەتن بەلێكۆڵینەوەكـەی، بـەجۆرێك ڕەچـاوی ئەوە دەكات كە هەردوو گروپ هەمان ڕێژەی ئەو تاكانە بگرنە خۆیان كە چەند خەسڵەتێكی دیاریكراویان بەدەست هێناوە.

**Matching** المزاوجة جوتگرتن

بەراورد كردن

پرۆسەیەكە، نێوان دووشت وەك یەك جووت دەكات بەپێوانەكردنی یەكێكیان لەسەر ئەوەی دیكە، وەك جووت كردنـی نێـوان مەترو درێژی دیوارەكە.

**Mate selection** أختيار الزوج أو الزوجة هەڵبژاردنی هاوسەر

دیـاریكردنی هاوسـەر (بـۆ پیـاو و ژن) گرینگیـەكی گـەورەی هەیـە لـەپێكهێنانی خێـزان و توونـدوتۆڵی لەئاینـدەدا، چـەندین هۆكاركاریگـەرییان دەبێـت لـەو دیاریكردنـە، وەك ڕەچـەڵەك و چـینی كۆمەڵایـەتی و ئاسـتی فێربـوون و ئـایین و خەسڵەتەكەسێتی و دەروونیەكانی، هەروەها ماوەی خوازبێنی و نیشانەكردن، كاریگەریان دەبێت لەو كارە.

**Material culture** الثقافة المادية كولتوری ماتریالی

**Culture material** تەماشا بكە:

ماتریالیزم

المذهب المادي

**Materialism**

ڕێبازی مادی

1- لەفەلسەفەدا: ڕێبازێکە تەنها دان بـەبوونی مـادە دەنێـت و بەهۆیـەوە گـەردون و زانسـت و رەفتـار ڕاڤـەدەکرێن، هـەروەها تەنها هەردوو مادەو جوڵە بوونیان هەیە یان راستیەکی کۆتایین، بەبۆچوونی ئەم فەلسەفەیە.

2- لەدەروونناسیدا: تیۆرییەکە وابڕیار دەدات کەتەنها مادە سەرچاوە بنچینەو چەسپاوەکەیە، هەر ئەویشە یەکەم و کۆتـایی، هەستیش دیاردەیەکی ڕێککەوتە.

3- لەمۆراڵـدا: ڕێبازێکـە بانگەشـە بـۆ ئـەوە دەکـات کەتـەنها شـت دەبـێ مـرۆڤ هـەوڵی بـۆ بـدات، ئـەو دەسـکەوت و سـامانە مادییانەیە کە لەژیاندا هەیە.

تەماشا بکە: ماتریالیزمی مێژووی **Histrorical materialism**

ماتریالیزمی دیالیکتیکی **Dialectical materialism**

ڕێژەی مردنی دایکەکان

وفيات الامومة

**Maternal Mortality**

مردنەکانی دایك یان مردنی ژنی زەیستان (puerperal motality) زاراوەیەکە لەئامارە گرینگەکان بەکار دەهێنرێت مردنەکانی دایکایـەتی، بـۆ کـۆی دانشـتوان دەگەڕێتـەوە، تێکراکەشـی ئـەژمار دەکرێت وەك تێکڕاکانی دیکـەی مـردن بـەپێی هۆیـەکانی بـۆ هـەر سـەد هـەزار کـەس لەدانیشـتواندا یـان بـۆ تێکـڕای ژمـارەی لـەدایك بووەکـان دەگەڕێندرێتـەوە، یـاخود لەحالەتەکانی دووگیانی بۆ زیاتر وردبینی و وەرگرتنی زانیاریەکان.

دەزگای چاودێری دایکایەتی

رعاية الامومة

**Maternity welfare**

مەبەست لەزاراوەکە ئەو خزمەتگوزاریانەیە کەپێشکەش دەکرێن، وەك یارمەتیـەك بـۆ دایـك لـەکاتی تێپـەڕبوونی لەحاڵـەتی دووگیانی تادانانی منداڵەکەی و دواتریش لەقۆناغی شیردان و پەروەردەکردن.

ئـەو خزمەتگوزاریانـەش لەلایـەن بنکـەکانی چاودێری و دایکایـەتی و منـداڵان هـەروەها نەخۆشـخانەی منـداڵبوون و ...هتـد پێشکەش دەکرێن.

هەروەك لەیاساکانی کاریشدا دیارە، چەند دەقێکی پەیوەندی تایبەتی بەژنەوە هەیە لەکاتی دووگیانی و پاش منداڵبوونیش.

بیرکاری

الرياضة

**Mathematics**

ماتماتیك

لێکۆڵینەوە لەبڕە ژمارەییەکان و بـڕە بـۆ شـاییەکان، هـەروەها پەیوەندییـەکانی نێوانیـان و گشـتاندنی ئـەو پەیوەندییانـەش، لەخەسڵەتەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە تاقیکردنەوەی تەواوو قایل بوونی خودی.

بیرکاری توانا بەئەقلی مرۆڤایەتی دەدات کـەزانین بەدەسـت بێنـی، ئـەویش بـەڕێگای بەڵگانـدنی تایبـەت و بـێ پشـت بەسـتن بەسەرنجدان یاخود بەئەزموون.

بەم جۆرە زانستی بیرکاری وەك حاڵەتێك لەحاڵەتەکانی زانستی ئەقلی پاك دەردەکەوێت کەتەنها بەبیرکردنەوە پەیـدادەبێت و سەربەخۆش دەبێت لەلێکۆڵینەوەی ئەزموونی کەئەوەش زانستێکی پێشینەیی دەبێت.

لەلۆژیکدا دەوترێـت، دەرئـەنجامی بیرکـاری (mathematical induction) مەبەسـت لـەوەش گەیشـتنە بـەنۆرمێك یـان یاسایەکی بیرکاری گشتی، بەهۆی یەك نموونە یاخود چەند نموونەیەك.

**Matriarchy** النظام الاomي سیستمی دایك سالاری

باس لەشێوەیەکی گریمانەکراو لەشێوەکانی کۆمەڵگەدەکات، لەو شێوە کۆمەڵگایەدا ژن دەسەڵاتی خێزانی و سیاسی بەدەستەوە دەبێت، بۆیە منداڵەکان پەیوەست دەبن بەدایکەوە (matrilineal)، دەسەڵات تەنها لەدەستی ژندا(matripotestal) چڕ دەبێتەوە.میراتیش لەزنجیرەی ڕەچەلەکدا لەلقی ژنەکە (matrilataral) دەمێنێتەوە، مێردیش لەگەڵ عەشیرەتی ژنەکەدا (matrilocal) دەژێت، ئەم جۆرە سیستەمە لەقۆناغە سەرەتاییەکانی ژیاندا باو بووە لەبەر ئەوەی هاوسەرگیری بەکۆمەڵ باو بووە، لەم بارەشدا باوکی منداڵ نەناسراوە، بەڵام دایکی زانراوە کێیە.

**matrix** المصفوفة ریزکراوە
بەریز

مەبەست لەم زاراوەیە لەئاماردا، ڕێك و پێکردنی زانیاریەکانە لەچەند ریزێك و چەند ستوونێك لەناو خشتەدا، دیارە ئەو ڕێك و پێکردنەش، تێگەیشتنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو گۆڕاوانەی کەجێگای لێکۆڵینەوەن ئاسان دەکات.

دەوترێت: ریزکراوی فاکتەرەکان (factor matrix) و ریزکراوی پەیوەندێتی (correlation matrix) و ریزکراوی سۆسیۆمەتری (sociometric matrix).

**Maturity** النُضج
الرُشد هەراشی
پێگەیشتن

حاڵەتی تەواو بوونی گەشەپێدانی بوونەوەر، واتە گەیشتن بەئاستی بالغ بوون، ئەو پێگەیشتنە لایەنەکانی روخسارو بوونیادو فەرمان دەگرێتە خۆی، دەوترێت: پێگەیشتنی سۆزداری (emotional maturity) وەك ئاماژەیەك لەسەر ئەو ڕادەیەی کەتاك پێی گەیشتووە بۆ بەدیهێنانی رەفتارێکی لەبار لەگەڵ تەمەنی تاکدا لەڕووی هەست جوڵاندن.

پێگەیشتنی ئەقلی (intellectual maturity) واتە گەیشتن بەڕادەیەکی ژیری گونجاو لەگەڵ تەمەنی تاکدا.

پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی (social maturity) ئەو پلەیەی کە ئاراستەکانی تاك تێیدا رەنگدانەوەی دەبێت، هەروەها پێگەیشتن و سەقامگیری سۆزداری و گونجانی لەگەڵ ژینگەکەیدا.

لەدەروونناسی فێربووندا دەوترێت، بنەمای پێگەیشتن (principle of maturation)، مەبەستیش لێی، فێربوون کەڵکی نابێت ئەگەر ئاستی پێگەیشتنی ئەقلی و سۆزداری و جەستەیی و کۆمەڵایەتی حیسابی بۆ نەکرێت لەئامادەکردنی بابەتەکانی فێربووندا.

**Mean arithmetic** الوسط الحسابي ناوەندە ژمێرەیی

**arithmetic Mean** تەماشا بکە:

**Mean deviation** الانحراف المتوسط لادانی ناوەندی

لەمیانەی لێکۆڵینەوە لەو ناوەندانەی کەبەکاریان دەهێنین وەك نموونە بۆ گروپەکان، ئەوا پێویستیان بەزانینی پەرش و بڵاوی گروپەکە دەبێت دەربارەی ئەو ناوەندانە.

شێوازی لادانی ناوەند، دۆزینەوەی لادانی هەر بەهایەکی گروپەکە لەناوەند ژمێرییەکەی دەگرێتە خۆی، لەبەر ئەوەی گونجانی بەهاکانی گروپەکە یاخود جیاوازییەکەی لە رادەی نزیکبوونەوەیان یانیش دوورکەوتنەوەیان لەو ناوەندە ئاشکرا دەبێت روونەدەبێتەوە چەندی بەهاکان گونجاوو ڕێك و پێك بن، ئەوا لەدەوری ناوەند کۆدەبنەوە.

**Meaning** المعنى المدلول واتا، مەبەست، ناوەرۆك

**Semantics** تەماشا بكە: زانستی هێما گەری، هەمە مانایی

**Means of production** وسائل الانتاج هۆیەكانی بەرهەمهێنان

لەگرینگترین هۆیەكانی بەرهەمهێنان، كارو كەرەستەكان (units) هەروەها ئامێرەكان (machines) كەرەستەكان بریتین لەوشتانەی كەبەهێزی راستەو خۆی مرۆڤ دەجولێن، نموونەی چەكوك و خاكەناس و بڕەر، ئەو كەرەستانە ناكرێ دەستیان لێ هەڵبگیرێت ئەوانە هێزی بەرهەمیش زۆر دەكەن.

بەڵام ئامێرەكان، ئەوانەن كەهێزی بزوێنەر لەسروشت و ئەوی تێیدا هەیە وەردەگرن، لەنموونەی گیانلەبەر، رووبار، ئاووهەڵم وكارەبا، ئەوانە بەكارەكە هەڵدەستن لەجیاتی ئەو مرۆڤەی كەئەركەكەی تەنها چاودێری كردن دەگرێتەوە.

سۆسیالستەكان باوەڕیان وایە كە سیستمی ئامێری سوودو كەڵكی قوڵی بەسەر مرۆڤ بارانـدووە، بەڵام داوای لەناوبردنی خاوەنداریێتی تایبەتی ئامێرەكان دەكەن و بگۆردرێت بەخاوەنداریێتی گشتی.

**Means test** فحص مستوى المعيشة پشكنینی ئاستی بژێوی بەمەبەستی یارمەتی دانی كەسێك

زۆر دامەزراوە كۆمەڵایەتیەكان پشت بەو ئامارو زانیاریانە دەبەستن كەپێداویستی كەسی داواكار بۆ یارمەتی پێدان دەسەلمێنێت، رێگاش بۆ ئەو كارە لێكۆڵینەوەیە لەبارو دۆخی دارایی و گوزەرانی كەسەكە.

ڕەنگە دوای ئەو هەنگاوە یارمەتی پێشكەش بكرێت بێ بەرامبەر یاخود لەبەرامبەر شتێك، ئەویش لەسەر بنچینەیەكی گونجاو لەگەڵ دەرامەتەكانی كەسەكە.

وەك ئەو یارمەتیەی كەدەبەخشرێت حالەتی بێ كاری، یاخود بۆ بەدەستهێنانی خوێندنی بەخۆڕایی و ...هتد.

**Measure ment** القياس ئەندازەگرتن پێوانە

پرۆسەیەكە ئامانجی دیاریكردنی بەهای ژمارەیە بەهۆی كەرەستە گونجاوەكانی پێوانەیی، وەك پێوانەكردنی زیرەكی لەڕێگەی ئەو تاقیكردنەوانەی بۆ ئەو مەبەستە دانراوە، هەروەها پێوانەی ڕای گشتی بەهۆی ڕاپرسییەوە.

پرۆسەی پێوانەكردن، ڕەنگە بریتی بێت لەچەند خشتەیەكی سادە، كەچەند حاڵەتێك دەگرێتەوەو دابەشیش بووە بەسەر چەند توێژێكی جیاوازدا، هەروەها ڕەنگە پێویست بەبەكارهێنانی رێكارییە ئاڵۆزەكانی ئامار بكات.

**Mechanism** المذهب الميكانيكي المذهب الآلي زانست و پیشەی مەكینەكاری رێبازی ئامێری

1- رێبازێكی كۆنە، مێژووەكەی بۆ چەند فەیلەسوفێكی گریك دەگەڕێتەوە، بەبیرو بۆ چوونی ئەوان، ژیان دەرئەنجامی چەند خەسلەتێكی فیزیكی كیمیاوییە بۆ ئەو مادانەی كەجەستەی بوونەوەر لێیان پێكهاتووە.

2- هەروەها زاراوەكە ئاماژە بۆ ئەو سیستمە دەكات كەوەك ئامێر بەڕێوەدەچێت، یان لەئامێر دەچێت لەهەندێ بەش و پرۆسەكانی.

3- هەروەها زاراوەكە ئاماژە بۆ هەربوونایەتی و دوورخستنەوەی ئازادی و یست و هەڵبژاردن دەكات، یاخود دەستیۆوەردانی

هەر هێزێکی دەرەکی لەڕێڕەوی رووداوە سروشیتەکان.

4- زاراوەکە بەکار دەهێنرێت لەدەروونناسیدا وەك هێماکارییەك بۆ ئەو تیۆرییەی کەدیاردە سایکۆلۆجییەکان دابەش دەکات، ئەویش بەگێڕانەوەیان بۆ چەند فاکتەرێکی فیزیۆلۆجی کەفاکتەرە ئامانج خوازییەکان کارتێکردنی بەسەریاندا نابێت، لەبەرامبەریشدا ڕێبازی دینامیکی (dynamism) دێت.

**ڕەفتارە ئامێرییەکان** الحيل السلوكية **Mechanism bhavioural**

شێوازێکی رەفتاری سایکۆفسیۆلۆجیە، بەپێی ئەو رەفتارە بوونەوەر لەکاتی رووبەڕوو بوونەوەی ململانێیەکان، یان بەرەنگارییەکان بەدەنگەوە دێت، بەشێوەیەك کەبەرهەڵستی یاخود قەرەبووکردنەوە دەگرێتەخۆی، ئەویش بەمەبەستی مانەوە لەسەر هاوسەنگیەکەی خۆی، دیارە ئەو کارەشی بەپێی رەفتارە ناهەستیەکان (unconscious mechanism) دەبێت، وەك رەفتارە بەرگرییەکان (defence mechanism) و رەفتارە دەربازییەکان (escape mechanism).

**بەکارهێنانی ئامێرەکان لەکشتوکاڵدا** أستخدام الآلات في الزراعة **Mechanization agricultural**

بەکارهێنانی ئامێرەکشتوکاڵیەکان لەهەندێ کاروباری کشتوکاڵیدا، وەك خزمەتکردنی زەوی لەکێڵان و ئاودێری، ئامانجیش لەوبەکارهێنانە کەمکردنەوەی ماندوو بوونی دەستی و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و کەمکردنەوەی تێچووەکانی بەرهەمهێنان و چاککردنی ئاستی بەرهەمەکانە.

بەلام ئەو بەکارهێنانە سنوردار دەبێت، ئەویش بەهۆی جۆراوجۆری کاروباری کشتوکاڵی و بەردەوام نەبونیشی، دیارە ئەو بارودۆخەش دەبێتە هۆی پەکخستنی ئامێرەکان لەماوەی بەشێکی ساڵدا، بۆیە بەکارهێنانی کورت دەبێتەوە لەسەر کێڵگە گەورەکان و کۆمەڵەکانی هەرەوەزی کشتوکاڵی.

**بیروباوەڕەکانی سەدەکانی ناوەڕاست** روح العصور الوسطى **Medievalism**

مەبەست لەم دەستەواژەیە، ئارەزوو بۆ هەموو شتێك کەپەیوەست بێت بە سەدەکانی ناوەڕاست، لەسیستەم و کاروباردا، یان هەر شتێك درێژەی بەمانەوەی دابێت لەکۆمەڵگەدا لەکەرەستەو کەلەپوری سەدەکانی ناوەڕاست.

سەدەکانی ناوەڕاست دەست پێدەکەن لەروخاندنی ئیمپراتۆرییەتی رومانییەوە تا سەردەمی ڕابوون، واتە لەساڵی (500) وە تا (1500) زاینی بەشێوەیەکی نزیك.

بەنیوەی یەکەمی سەدەکانی ناوەڕاست دەوترێت سەدەتاریکەکان، لەبەر ئەوەی لەو سەردەمە زانست هیچ کاریگەرییەکی لەژیانی مرۆڤدانەبووە.

**ناوەندە**
**ناوین** الوسيط **Median**

ناوەڕاستینە لەئاماردا، ئەو بەهایەی کەناوەڕاستی کۆمەڵەی بەهاکان دەگرێتەوە، واتە ئەو بەهایەی کەژمارەی ئەو تاکانەی لەخۆی کەمترە، یەکسانی ژمارەی ئەو تاکانە دەبێت کەلەخۆی گەورەترە.

واتە: ناوەڕاستینە کەنوێنەرایەتی کۆمەڵە دەکات، ئەو بەهای ناوەڕاستە، بەجۆرێك ئەگەر تاکەکانی بەشێوەی سەرەوژوور یان سەرەوخوار ڕێکخران، ئەوا ئەو بەتەواوی لەناوەڕاستدا دەبێت، هەروەها ژمارەی ئەو تاکانەی کەلەپێش ئەو دەبن یەکسانی ژمارەی ئەوتاکانە دەبن کەلەدوای دێن.

**mediation** التوسط ناوبژیکردن

شێوەیەکە لەشێوەکانی کۆتایی هێنان بەناکۆکیەکان، ئەویش لەڕێگای بەکار هێنانی ئامرازێك یان لایەنێکی سێیەم بۆ ناوەندگیری لەنێوان دوولایەنی ناکۆك.

هەروەها هەوڵدان بۆ گەیشتن بەچارە سەرییەکی پەسندکراو کەبەهۆیەوە کەسی ناوبژیکەر هەردوولای ناکۆك کۆدەکاتەوە ئەویش بەخستنەڕووی چەندین ئامۆژگاری و ڕێنمایی و پێش نیاز.

حاڵەتی ناوبژیوانی، جیاواز دەبێت لەهەوڵەکانی خێرخوازی (good of fieces) چونکە حاڵەتی دووەم تەنها لەچوار چێوەی هاندانی لایەنەکان دەمێنێتەوە تا دەست بەگفتوگۆ بکرێت.

**Medical socialwork** الخدمة الاجتماعية الطبية خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی پزیشکی

ئەو ئاگاداری و چاودێرییەی کەپسپۆری کۆمەڵایەتی پزیشکی (almoner) پێشکەشی نەخۆش دەکات، لەوەشدا پزیشك شارەزاییە تایبەتیەکەی خۆی بەکار دەهێنێ بۆ خزمەتکردنی تاك، ئەویش بەهۆی پەیوەندییەوە بەبارودۆخی نەخۆش، بەو کارەشی هاوکاری پزیشکی چارەسەر دەبێت بۆ تێگەیشتن لەبارەکەو لەلایەنە شاراوە جیاوازەکانی نەخۆش، تاچارە سەریەکە ئەو بەرهەمە بەدەستەوە بدات کەچاوەڕوان دەکرێت.

**Medicin legal** الطب الشرعي پزیشکەوانی یاسایی (دادوەری)

کۆمەڵە ڕێساو یاسایەکی پزیشکی و بایۆلۆجیە، کەپێویستی جێبەجێکردنن بەکردار لەیاسای تاواندا، نموونەش لەسەر لێکۆڵینەوەکانی پزیشکی یاسایی: توێکار کردن بۆ ڕوونکردنەوەی هۆی مردن، شیکاری کیمیایی بۆ ڕوونکردنەوەی جۆری ئەو مادەیەی پشکنینی لەسەر دەکرێت، شیکردنەوەی هێلەکان بۆ ناسینی کەسێتی تاوانبار...هتد، ئەو کارانەش بەمەبەستی بەرچاوڕوونی لایەنی دادوەری دەبێت.

**Medicine man** الساحر المعالج جادووگەری چارەسەرکار

ئەوانی لەکۆمەڵگەسەرەتاییەکان بەکاروباری تەڵەکەبازی و جادووگەری هەڵدەستن بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش.

**Meditation** التأمل ڕامان
بیرکردنەوی قوڵ

بیرکردنەوەی قوڵ لەبابەتێکی هزری تا ئەو رادەیەی کەوا لەمرۆڤ دەکات شتەکانی دیکە لەبیربکات، بگرە بەکاروباری خۆشیەوە.

تێڕامان لای خواناسان پلەیەکی بەرزە لەپلەکانی زانین، حالەتەکە دەبێتە هۆی دوور خستنەوەی تاك لەشتە هەستیارەکان، تا دەگاتە پلەی یەکگرتن لەگەڵ خودا.

**Ana. Contemplation** بیرکردنەوە

**Meeting** اجتماع
جلسة
کۆبوونەوە
کۆڕ

کۆبوونەوە لەبارێکی ئاساییدا بەپێی چەند هەل و مەرجێك دەبەسترێت، لەوەشدا ملکەچی یاسایەك نابێت، مەبەستی کۆبوونەوەکە لێکۆڵینەوە لەکێشەیەك کەگرینگیەکی هاوبەشی دەبێت لەوکۆبوونەوەیدا، ئەوی بتوانێت و پەیوەندی پێوە هەبێت بەشداری تێدا دەکات.

شێتی خۆبەگەورەزانین **Megalomania** جنون العظمة

خۆمەزن بینی

کەم و کورتیەکی ئەقلیە، مرۆڤ والێدەکات هەست بەهێزو مەزنیەکی نائاسایی بکات، بۆ خۆی ڕووداوێکی خەیاڵی دادەهێنێ کەلەگەڵ هەستە خەیالیەکانیدا بگونجێت.

شارێکی زۆر گەورە **Megalopolis** المدينة الضخمة

شارێکی رووبەر فراوانە، چەند ملیۆن دانشتوانێك دەگرێتەخۆی، نموونەی شارەکانی توکیۆ، نیۆیۆرك، لەندەن، ئەو شارانە بەگەورەیی چالاکیە جیاوازەکانی دەناسرێن لەبوارەکانی، بازرگانی و گواستنەوەو ڕادیۆو ڕۆژنامەگەری و ...هتد.

میلانگولیا **Melancholis** ملانجوليا

دڵتەنگی المرض السوداوي

نەخۆشیەکی ئەقلیە، لەگرینگترین دیاردەکانی: خەمۆکی و دابەزینی ئاستی چالاکی و جولەکردن و گۆشەگیری و نەمانی بایەخدان بەجیهانی دەرەکی و دڵەڕاوکێ و بێخەوی و ویستی خۆکوشتن.

ڕێبازی چاکەگەرێنی **Meliorism** مذهب التحسن

ڕێبازێکە لەلایەن (جورج ئەلبرت) دانراوە، وەك دەربڕینێك دەربارەی بیروڕایەکی مام ناوەند لەنێوان گەش بینی و ڕەش بینیدا.

بەپێی بۆ چوونی ئەم ڕێبازە جیهان نەباشەو نەخراپە، ڕەنگە بگۆڕێت بەرەو هەر ئاراستەیەك.

ئەندامێتی **Membership** العضوية

بەشدرایکردنی تاك لەگروپێك یان کۆمەڵێك، هەروەها ملکەچی بۆ سیستەمەکەو بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکانەی لەئەستۆیدا دەبن، لەگەڵ سوود وەرگرتن لەو مافانەی کەڕێگایان پێدراوە.

ئەندامێتی ڕەنگە ئارەزوو مەندانە بێت (optional) یاخود بەزۆری بێت (compuisory).

لەدەروونناسیدا، دەوترێت: خەسڵەتی ئەندامێتی (membership character)، بەوکاریگەرییەی کە بەهۆی بەشدرایکردنی تاك بەشدارییەکی کارا لەگروپێکدا پەیدا دەبێت، تاك لەم بارەدا بەجۆرێك تێکەڵی گروپ دەبێت، تێکەڵبوونێکی گشتی کەبەهۆیەوە تاکێتی خۆی لەدەست دەدات.

یادەوەری **memory** الذاكرة

یادگا

توانا لەسەر وەبیرهاتنەوە، واتە گێڕانەوەی ئەوەی لەڕابردووەوە تا ئێستا ڕوویداوە.

دەکرێ لەیادەوەریدا جیاکاری لەنێوان سێ جۆری جیاوازدا بکەین:

1- یادەوەری لەو ڕووەوەی نەریتێکی زارەکییە، فاکتەری بنەڕەتی تێیدا دووبارە کردنەوەی (repetition) هەوڵەکان دەبێت.

2- یادەوەری لەو ڕووەوەی داواکردنی (بەبیرهێنانەوە) بیرەوەرییە تایبەتیەکان بێت، فاکتەری بنەڕەتی تێیدا ویست و بایەخدان (interest) دەبێت.

3- یادەوەری نەخشەکێشانی یاخود بەگشتی کردن (schematic)، لەو ڕووەوەی کەهەوڵێکی گێڕانەوەی مانا بچووکەکان بۆ

مانا سەرەکیەکان دەبێت، لەگەڵ پشت گوێ خستنی چەند بابەتێکی دوورو درێژ، فاکتەری بنەڕەتیش تێیدا بەژداری بەئەنقەست و بیرکردنەوە دەبێت.
دیارە یادەوەری بەمانای دووەم و سێیەم لەگرینگترین و باڵاترین ئەرکەکانی ئەقل دەبێت.

تیۆری مەندل | نظرية مندل | **Mendelism**

تیۆری بۆ ماوەیی لەلایەن (جورج منـدل) (1822 - 1884) دانـراوە، بـەپێی ئـەو تیۆرییـە خەسـلەتەکان لەهـەر یەکەیـەك (unit characters) لەبوونەوەری زیندوو لە باوکانەوە بۆ منداڵەکانیان دەگوازرێتەوە، ڕەنگە ئـەو خەسـلەتانە زاڵـبن یـان شاراوە، ئەویش بەپێی چەند ڕێژەیەکی دیاریکراو کەبەناوی (mendelian ratio) دەبێت.

سواڵکردن | التسولّ | **Mendicancy**

تەماشا بکە: سواڵکردن | **Begging**

تەمەنی ئەقلی | العُمر العقلي | **Mental age**

لەدەروونناسـیدا: ئـەو تەمەنـەی لەگـەڵ پلـەی زیرەکـی تـاك دەگونجێـت، ڕەنگـە ئـەو تەمەنـەش لەگـەڵ تەمـەنی فسـیۆلۆجی (physiologecal) کەپلەی گەشەکردنی تاکی پێدەوترێت، گونجاو بێت یان جیاواز

ململانێی ئەقلی (کێشمەکێش) | الصراع العقلي | **Mental confict**

حاڵەتێکی دەروونیـە دروست دەبێت لای تـاك بـەهۆی چـەندین فاکتـەرەوە گرینگترینیـان بـێ ئومێدییـەکی توونـدە بـەهۆی تێرنـەکردنی پێداویسـتیە بنچـنەییەکان و ئـەو ویسـت و ئامـانج و ئاواتانـەی کـەوەك لقـی لێـی جیادەبنـەوەو بـەنرخ و گرینگیانیش دەزانێ.
دیارە ئـەو بـێ ئومێدییـەش دەبیتـە هۆی پەیـدابوونی چـەندین کۆسـپ و ڕێگـری (مـادی و مەعنـەوی، هـەروەها دەرەکـی و ناوخۆیی) ئەوانە ڕێگر دەبن لەبەردەم رازیکردنی ئەو پێداویستی و هاندەرو ئامانجانە.
ئەگـەر تـاك نـەیتوانی بەسـەر ئـەو کۆسـپ و ڕێگرییانـە زاڵبێـت و کێشـەکەی خـۆی چارەسـەربکات لەڕێگـەی بیرکردنـەوەو زۆرکردنی ڕەنجەکانی و دووبارە کردنەوەی هەوڵەکانی، لەوبارەدا دەوترێت کەتاك تووشی قـەیرانێکی دەروونـی بـووە، یـاخود لەبارێکی بێ ئومێدیدایە، یانیش لەدۆخێکی ململانێ دەژیت، کەئەویش حاڵەتێکی بەستراوە بەدڵەراوکێ و دڵتـەنگی و گـرژی و سـەر لێشـیواوییەوە، ئەمـەو سـەرەڕای چـەند دیاردەیـەکی دیکـە کەبـەبێ ئومێـدی هانـدەرەکانی دەبەسـترێنەوە لەهەسـت پێکـردن بەکـەمی و بـێ توانـایی و بـێ ئومێـدی و هەسـت بـەتاوانکردن و شـەرمکردن، یـان هەسـت بەچەوسـاندنەوەو دڵ بەخۆسووتان و هەست بەگۆشەگیری و تەنیایی و لەدەستدانی ڕێز بۆ خۆی.
خەڵکی هەوڵۆیستیان جیاواز دەبێت جیاوازییەکی گەورە لە ئاست قەیرانە دەروونیـەکانیان، بۆیـە پەنادەبەنـە بـەر چـەندین فێڵی جیاواز بۆ زاڵبوون بەسەریاندا، وەك خۆ بەدەستەوەدان، یان دوژمنکاری، یـاخود خـەونی بێداری و داڵغەلێـدان، یـانیش پاڕانەوەو داوای هاوکاری و بیانوو هێنانەوە بۆ ئەو نوشوستیە.

دواکەوتنی ئەقلی / بێ ئەقلی | التخلف العقلي | **Mntal deficiency**

جۆرێکە لەنەخۆشیە ئەقلیەکان، سەرچاوەکەی بۆ ماوەییە، یان تووشبوونی نەخۆشییە، یـاخود نەخۆشـییەکەو دەبێتـە هـۆی کەم و کورتی لەتێگەیشتن و هەڵس و کەوت.

## تێکچوونی ئەقلی الخلل العقلي Mental disorder

زاراوەکە ئاماژە بۆ چەند جۆرە نەخۆشییەکی ئەقلی دەکات، لەوانە: نەخۆشی مێشکی (the maentality ill) و پەککەوتن لەڕووی ئەقلییەوە (the mentality handicapped) و نەخۆشی سایکوپاتی دەروونی (psychopath) ئەو نەخۆشیانە لەڕووی یاساییەوە لەیەك جیادەکرێنەوە، لەنێوان تێگەیشتنی تەواو یان لێوەشاوەیی (mental capacity or competenece) واتە ئەو حاڵەتە ئەقلییەی، تێیدا کەسەکە زیرەکی و تێگەیشتن و دووربینی ئەوەندە دەبێت کە درك بەجۆری کارەکانی و ئاسەواری ئەو کارانەی بکات دەربارەی خۆی و کەسانی دیکەش.

هەروەها جۆری نالێوەشاوەیی (mental incapacity or incompetency) ئەویش ئەو حالەتەیە کەکەسی تووش بوو توانای نابێت درك بەکاروباری ئاسایی ژیانی خۆی بکات بەڕاستی و بەواقیعی، یاخود لەئەرکەکانی خۆی تێبگات یانیش لە نێوان باشەو زیان پێگەیاندن جیاوازی بکات.

## تەندروستی ئەقلی الصحة العقلية Mental health

زانستێکە ئامانجی پارێزگاریکردنە لەتەندروستی دەروونی مرۆڤ، هەروەها بەربەرەکانی کردنی حالەتی شپرزەییە دەروونیەکان و لادانە رەوشتیەکان و ڕێگەگرتن لە نەخۆشییە ئەقلیەکان پێش گەشەکردنی و لەدەست دەرچوونی کارەکە، لەگەڵ ڕێکخستنی کاری خۆپاراستن لەو نەخۆشیانە، سەرەڕای کارکردن بۆ بڵاوبوونەوەی بنەماو ڕێنماییەکانی تەندروستی ئەقلی لەسەر هەمان شێوەی کەلەبواری تەندروستی جەستەیی جێبەجێ دەکرێت.

لەگەڵ ئەو هەوڵ و ڕەنجانەش کە لەڕێگەی خێزان و قوتابخانە و یانەو شوێنە تەندروستیە ئەقلیەکان.. ئەنجام دەدرێن.

کەسی خاوەن تەندروستی ئەقلی، ئەو کەسەیە کە دەتوانێت گونجان و سازاندنی تەواو بەدی بێنێت لەنێوان ئەرکە دەروونیە جیاوازەکانی لەگەڵ توانای لەسەر ڕوو بەڕوو بوونەوەی قەیرانە دەروونیە ئاساییەکان کە بەسەریدا دێت، شان بەشان هەستی ئەرێنی بەشادی و لەهەل و مەرجی لەباردا.

## ژیرانە ئەقلیانە العقلية Mentality

ئاراستەیەکی بنچینەیی گشتیە، تاك لەتێگەیشتن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان ئاشکرای دەکات، هەروەها ڕێگاش بۆ تێکەڵبوونی کارو کردەوەو وەڵامدانەوە جیاوازەکانی دەدات، ئەویش لەدۆخێکی گشتی کە گوزارشت لەکەسێتی خۆی بکات.

تەماشا بکە: دیدی گشتی بۆ جیهان Welt anschauung

## تاقیکردنەوەکانی ژیری اختبارات الذكاء Mental tests

چەند تاقیکردنەوەیەکە بەشێوازێکی تایبەت و لەقاڵبدراوە بۆ پێوانەی توانا ئەقلیەکان، تاقیکردنەوەکانی زیرەکی لەوجۆرە دادەنرێن کە تاقیکردنەوانە دادەنرێن کەجێگای بایەخ پێدانێکی زۆر بووە لەلایەن دەروونناسانەوە.

بایەخ پێدان بەتاقیکردنەوەکانی زیرەکی لەسەرەتادا بەهۆی پێویستی بۆ پێوانەکردنی زیرەکی دەگەڕایەوە، ئەویش بۆ سوود وەرگرتن لەئەنجامەکانی لەبواری فێرکاریدا.

پاشان ئەو کارە وای لێهات کەلەبواری پیشەسازیش سوود لەو پێوەرانە وەربگیرێت بۆ ئاراستەکردنی پیشەیی وبژاردە پیشەییەکان.

هەر لەبەر ئەوەی زۆربەی پێناسەکان بۆ زیرەکی بەو ئاراستەیە دەڕۆیشتن کەبریتین لەتوانا لەسەر بیرکردنەوە یان بریتیە لەتێگەیشتنی پەیوەندییەکان، ئەوا زۆربەی تاقیکردنەوەکان، چەند پرسیارێك دەربارەی تێگەیشتنی پەیوەندییەکان لە نێوان هێما جیاوازەکانی دەگرێتە خۆی، ئەگەر پرسیارەکان زارەکی بن یاخود ژمارەیی یانیش تەنها بۆ تێگەیشتن.

**ڕێبازی بازرگانەکان** مذهب التجاريين **mercantilism**

ئەم نـاوە بەلایـەنگرانی سیاسـەت و ئـەو ڕێبـازە ئابورییانـە دەوترێـت کەنزیکـەی سـەدو پـەنجا سـاڵ لەمەوبـەر لەدەوڵەتـە ئەوروپییەکان و لەماوەی هەردوو سەدەی هەڤدەهەم و هەژدەهەمدا باوبووە.

لێرەدا ئەوەی جێگای سەرنجدانە ئەوان زاراوەی ڕێبازی بازرگانیان بەکارنەهێناوە.

(ئادەم سمیس) یەکەم کەس بوو ئەو زاراوەیەی بەکار هێناوە، سـەرهەڵدانی ئـەم ڕێبـازەش بـۆ وڵاتـی ئینگلتـەرا دەگەڕێتـەوە، ساڵی (1550)ز، لەو سەردەمە گروپێك بەناوی لایەنگرانی کانەگرانبەهاکان دەرکەوت.

بنەما گشتیەکانی ڕێبازی بارزگانەکان بەکورتی:

1- داکۆکی کردن لەسەر ڕۆڵی دەوڵەت.

2- کشتوکاڵ چالاکیەکی لاوەکیە بەبەراورد لەگەڵ بازرگانی پیشەسازیدا.

3- کار، فاکتەری سەرەکیە لەبەرهەم هێنان.

4- کانە گرانەکان، چاکترین شێوەیە لەشێوەکانی سامانی نەتەوەیی.

5- ئەگەر دەوڵەت خاوەن کانەکانی زێڕو زیو نەبێت، ئەوا دەتوانێت پێداویستیەکانی لەو دوو جۆرەکانە لەڕێگای بازرگانیەوە پەیدا بکات.

6- هاندانی پیشەسازییە خۆجێییەکان.

7- کەمکردنەوە لەبەکاربردن، بەتایبەتیش بۆ بەرهەم هێنراوەکان.

8- ڕێگرتن لەدامەزراندنی پیشەسازییەکان لەناوچەکۆلۆنیالەکاندا.

**پێوانەکردنی لێهاتوویی** قياس الكفاءة **Merit rating**

دەسکەوتنی چەند زانیاری و ڕاستیەك، کەیارمەتیدەربن بۆ پێوانە کردنی ئەو کارەی کە کرێکار بـەجێی هێنـاوە، هـەروەها لێهـاتوویی لـەوکارەدا، ئـەویش بەمەبەسـتی وەرگرتنـی بڕیـارێکی پەیوەنـدار بەگواسـتنەوەی یـان پلەبەرزکردنـەوەی یـاخود ڕاهێنانی کرێکارەکەو...هتد.

**بزووتنەوەی ڕزگاری ئایینی**
**میسیانیزم گەیەنەری** حركة الانقاذ الديني **Messianism**

بزووتنەوەیەکی سیاسییە شێوەیەکی ئـاینی وەردەگرێـت، لەچـەند دەوڵـەتێك بـوونی هەیـە ئـەویش وەك کاردانەوەیـەك دژی داگیرکاری یان ژێر دەستی بیانی.

لەخەسلەتەکانی بزووتنەوەکە چاوە ڕوانیکردنێکی چاکتر لەسەر دەستی کەسێکی ڕزگارکەرو لەڕێگەی چەند شێوازێکی ئاینی کۆن کەخودی کارەکە نیشانەی پچڕپچڕی کۆمەڵایەتی و کولتورێکی توندی پێوەدیارە.

**مرۆڤناسی ڕامانی** الانثروبولوجيا التأملية – التبصرية **Meta anathropology**

لێکۆڵینەوەی فەلسەفی و مێژوویی بـۆ گریمانـەو دانپیانراوەکـانی ئـەنثرۆپۆلۆجیا بەشـێوەیەکی گشـتی و ئـەنثرۆپۆلۆجیـای ڕۆشـنبیری بەشـێوەیەکی تایبـەت، وەك لێکۆڵینـەوە لەسروشـتی ڕاسـتی کولتـوری و پرۆسـەی کولتـوری و مانـای حەتمیـەتی کولتوری، هەروەها کاریگەرییان لەسەر جۆرەکانی تاقیکردنەوەو بەهامرۆڤایەتیەکان.

هەروەها ئەم زانستە توێژینەوە لەپەیوەندی نێوان ئەنثرۆپۆلۆجیاو فەلسەفەی زانستەکاندەکات، لەگـەڵ دەرخسـتنی کەچـۆن دەکرێ، تیۆری و لێکۆڵینەوەکانی فەلسەفەی زانستی لەئەنثرۆپۆلۆجیاو زانستە مرۆڤایەتیەکان پراکتیك بکرێت.

زیندەگۆڕان　　الأيض　　**Metabolism**
زیندەکار
کۆی پرۆسەکانی پەیوەست بەدروستکردنی پرۆتۆپلازم و لەناوچوونیشی، بەتایبەتیش گۆڕانکارییە کیمیاوییەکان لەشانە زیندووەکان کەوزەی پێویست بۆ پرۆسەو چالاکیە زیندەگەرییەکان دابین دەکات و بەهۆیەوەش مادە نوێیەکان دەگۆڕێن بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەوانی لەناوچوون.
پرۆسەی زیندەکاری بەدوو ئاراستە دەڕوات، دروستکردن و رووخاندن، پرۆسەی دروستکردنیش بریتیە لەگۆڕینی مادە خۆراکیەکان بۆ چەند مادەیەکی لەیەکچووی مادەکانی لەش، ئەوەش پرۆسەی پێکهاتنی شانەکانی پێ دەوترێت، بەڵام پرۆسەی لەناوچوون بریتیە لەهەڵوەشاندنەوەی مادە خۆراکیەکان بۆ بەرپاکردنی وزە.
خێرایی پرۆسەی زیندەکار کاریگەر دەبێت بەقەبارەی لەش، ڕەگەز، خۆراك، هەروەها بەڕادەی دەردانی گلانی ملە قورتەو هێزی جەستەیی.
تەماشا بکە: زیندەکاری کۆمەڵایەتی　　**Social metabolism**

پاش مێژوو　　التاريخ الغيبي　　**Matahistory**
میتاهیستوری　　ماوراء التاريخ
تیۆرییەکە رووداوەکان و پەرەپێدانەکانیان بۆ چەند هێزێکی دەرەکی دەگەڕێنێتەوە کەلەدەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤدان، واتە مێژوو ئەنجامی چەند هێزێکە کارتێکردنیان لەکۆمەڵگە دەبێت، بەڵام لەدەرەوەی ئیرادەی ئەو.
ڕەنگە ئەو بۆ چوونانە لەکۆمەڵگە سەرەتاییەکان زاڵبن، لەبەر ئەوەی باوەڕیان بە هێزە سروشتیەشاراوەکان هەبووەو بەفاکتەری کاریگەرییان زانیوە لەهەر رووداوێك کەتووشی مرۆڤ بوو بێت.
تەماشا بکە: فەلسەفەی مێژوو (philosophy of history) لەبابەتی مێژوو (history)

میتافیزیك　　الميتافيزيقيا　　**Meta physics**
ئەو دیوی سروشت　　ماوراء الطبيعة
لقێکە لەفەلسەفە، زانستەکانی: بوونناسی ئەنتولوجی وزانستی گەردوون، کوزمولوجی، و یەزدانناسی (ثیولوجی) دەگرێتەوە.

وەرچەرخانی شێوەیی　　التحول الشكلي　　**Meta morphosis**
گۆڕانێکی ڕیشەیی و توونده لەفۆرمدا، لەکاتی ژیانی چەند گیانلەبەرێك روودەدات و کارتێکردنی لەروخساری گشتی و بونیادی و رەفتاری و پرۆسە فسیۆلۆجیەکان دەبێت.
مەبەست لەگۆڕانی شێوەیی لەئەنثرۆپۆلوجیا، باوەڕ هێنانی گروپە سەرەتاییەکانە بەتوانای خوداوەندو کەس و گیانلەبەران کەشێوەی خۆیان بۆ شێوەیەکی دیکە بگۆڕن، دەکرێ ئەو شێوە گۆڕینەش بەهۆی جادووکارییەوە بێت.

توێژینەوەی ئەودیوی ئەقل　　دراسة ماوراء العقل　　**Meta psychics**
لێکۆڵینەوە لەو دیاردە دەروونیانەی پشت بەزیرەکی رادەبەردەر دەبەستن، لەگەڵ هێزە شاراوە نەزانراوەکانی دیکەی ئەقلی مرۆڤایەتی و کردارە نائاگاییەکان.
لەنموونەی ئەو دیاردانەش: بەدەنگەوە هاتن، ئیلهام و هەست پێکردنی پێشتر...هتد.

دەرونزانی ڕامانی — علم النفس التأملي أو التبصري — **Meta psychology**

زاراوەکە لەلایەن (فرۆید) بەکار هێنراوە، مەبەستیش لێی ئەو دەروونناسییەی ئامانجی تەواو کردنی ڕاستیە سایکۆلۆجیەکان و یاساکانیەتی، ئەوانی لەسەر سەرنجدان و ئەزموون بونیاد نراون، ئەویش بەلێکۆڵینەوە لەدیاردەی ئەقلی وەك دەزگایەکی دەروونی و لەسێ ڕووەوە: تەپوگرافیا، واتە شوێنی دیاردە ئەقلیەکە لەئاست نائاگایی و خودو منی باڵا، هەروەها بزوێنەرکاری لەئاست غەریزەکان، لەگەڵ باری ئابوری لەئاست دابەشکردنی وزە لەسنووری دەزگای دەروونی.

سیستمی پشکداری لەکشتوکاڵ — نظام المشاركة في الزراعة
سیستمی کاری کشتوکاڵی — نظام المزارعة — **Meta yage**

بەکرێدانی کێڵگەیەك بۆماوەیەکی نادیار، بەو مەرجەی کریگرتەی زەوییە کشتوکاڵیەکە بڕێکی دیاریکراو لەبەرهەمی ئەو کێڵگەیە بگەڕێنێتەوە، دیارە وەك باویشە بەشێك لەتێچووی بەرهەمهێنان دەکەوێتە ئەستۆی خاوەنداری زەوی، هەروەها خاوەندار مافی ئەوەی دەبێت بەشداری لەبڕیارە تایبەتیەکانی کشتوکاڵ بکات، ئەو ڕێژەیەی کە خاوەنداریش دەستی دەکەوێت لە بەرهەمەکانی زەوییە کشتوکاڵیەکە، جیاواز دەبێت بەپێی بارودۆخی ناوچەکەو داب و نەریتی باوورادەی بەشداریکردن لەتێچووەکانی بەرهەمهێناندا.

گیان گواستنەوە — تقمص أو تناسخ
دۆنان دۆن — الارواح — **Metem psychosis**

ڕێبازێکە باوەڕی بەوەیە کەخودی ڕۆح پاش مردن دەگوازرێتەوە بۆ جەستە زیندووەکانی دیکە، ئەگەر بۆ مرۆڤ بێت یان گیانلەبەر، ڕەنگە ڕۆحی مردوو بگوازرێتەوە بۆ بوونەوەرێکی باڵا یاخود خوارووتر، بۆ ئەوەی بەشادی و خۆشی بژێت یان تووشی ئەشکەنجە بێت، ئەو دیاردەیەش پەیوەست دەبێت بە ڕەفتاری خاوەنەکەی لەژیانی یەکەمیدا.

ڕێباز — المنهج
میتۆد — الطريقة — **Method**

میتۆد بنچینەکەی هەڵێنجانە، کەئەویش بەرجەستە دەبێت لەچەند هەنگاوێکدا، دەست پێدەکات بەسەرنجدانی دیاردەکان و ئەنجامدانی ئەزموونەکان و پاشان دانانی ئەوگریمانانەی کەجۆری ڕاستیەکان دیاری دەکەن، ئەوانی دەبێت توێژینەوەیان بەدوادا بکرێت. ئەو هەنگاوانە کۆتاییان دێت بەلێکۆڵینەوە لەڕاستی یان دروستی گریمانەکان، بۆ گەیشتن بەدانانی ئەو یاسا گشتیانەی کە نێوان دیاردەکان بەیەك دەبەستنەوەو پەیوەندییەکانی نێوانیان دروست دەکەن.

لێرەدا چەند جۆرێکی جیاوازی میتۆد هەیە:

1- میتۆدی وەسفی descriptive method

2- میتۆدی ئەزموونی experimental method

3- میتۆدی مێژوویی historical method

توێژینەوە لەڕێبازەکانی کار — دراسة طرق العمل — **Method study**

تۆمار کردن و شیکردنەوەو پشکینی ورد بۆ ڕێبازو کارو کردەوەکان ئەوانی تێکەڵ بەئەنجامگەیاندنی هەر بەشێك لەبەشەکانی کار دەبن، هەروەها داهێنانی ئاسانترین ڕێبازەکان و زۆرترینیان بۆ بەرهەمهێنان، بەمەبەستی تەواوکردنی کارەکە.

میتودلوجیا | مناهج البحث | **Methodology**
ڕێبازەكانی توێژینەوە

1- یەك لەلقەكانی لۆژیكە، میتودولوجیا لەزانستە جیاوازەكان دەكۆڵێتەوە، ئەم لێكۆڵینەوەیەش میتۆد داناهێنێت بۆ توێژینەوە، بەڵام تەنها لەمیتۆدە بەكار هێنراوەكان دەكۆڵێتەوە، ئەویش بەشیكردنەوەی بونیادی زانستەكان و لێكۆڵینەوە لە ئامانجەكانی و چۆنیەتی گەشەكردنیان، هەروها ئەو جۆرە بەگشتی كردنانەی كە دەیگرێتە خۆی، لەگەڵ بنچینەكانی، یاخود گریمانە فەلسەفیەكان و پەیوەندی بەزانستەكانی دیكە.

2- واتە، ڕێكارییەكانی توێژینەوەو شێوازەكانی لەگەڵ ڕێبازەكانی كۆكردنەوەی زانیاریەكان و چارەسەركردنیان.

گەورەشار | المدينة الأم | **Metropolis**

مەرج نیە ئەو شارە پایتەخت بێت، بەڵام پایتەختێكی ئابورییە، گەورەترین شاری دەوڵەتیشە لەڕووی قەبارەوە، هەروەها گرینگترینیانە لەڕووی بازرگانی و ڕۆشنبیری و سیاسی و بوارەكانی دیكە.

بەزۆری ئەو قەبارەیە لەسەر حیسابی شارەكانی دیكە دەبێت. وەك ڕێسایەكی گشتی، شاری سەرەكی لەدەوڵەتدا، ئەو شارەیە كەقەبارەكەی لەشارەكانی دیكە زۆر گەورەترە بەڕادەیەكی ناڕێژەیی، هەروەها هێزو لایەنە هۆشیارە نیشتمانیەكانیش تێیدا گرد بوونەتەوە، ئەو شارە بەگونجاوترین بازاڕیش دادەنرێت بۆ كەل و پەلەكان و یانیش بۆ بەرهەمە نائاساییەكان.

ناوچەی میترۆپۆلیتی | المنطقة المتروبوليتية | **Metropolitan area**

ئەو ناوچەیەی دەوروبەری شارێكی گەورەی داوەو لەڕووی ئابوری و كۆمەڵایەتیەوە تێكەڵی بووە، ناوچەكە بەهۆی تۆڕێكی ڕێگاو بان بەشارەكە دەبەسترێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەڕووی كارگێڕییەوە تێكەڵی شارەكە نابێت، هەروەها ژمارەیەكی زۆری ئەنجوومەن و حزبی سیاسی هەوڵدەدەن بوارەكانی چالاكی سیاسی و ئابوری ناوچەكە ڕێكبخەن.

هەرێمایەتی میترۆپۆلیتی | الاقليمية المتروبوليتية | **Metropolitan regionalization**

سیاسەتێكە ئامانجی دانانی سنورێكی نوێی كارگێڕییە، ئەو سنورە لەواقیعی ناوچەكانی ژێر دەسترۆیی شارە گەورەمیترۆپۆلیتیەكانەوە هەڵدەقولێت، واتە یەكە هەرێمیە نەخشەكێشراوەكان دەبێ بەدەوری شارە ناوەندییە دەسەڵاتدارەكاندا بسورێنەوە.

سەرچاوەی دروست بوونی ئەم بیرۆكەیە لەسەر بنچینەی مەترسی ئەو ڕۆڵەی كە (هەرێمەكانی شار) دەیگێرن بەنوێی لەژیانی كۆمەڵگە لەڕووی ئابوری و كۆمەڵایەتیەوە هەروەك لەوڵاتی بەریتانیاو ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاو چەند شوێنێكی دیكە هەیە.

زۆر لەدامەزراوە بازرگانیەكان و خاوەن كاروبارە ئازادەكان، یان ڕێكخراوو بەرژەوەندییەكانی خزمەتگوزاری گشتی، شارە میترۆپۆلیتەكان یاخود پایتەختی هەرێمەكان دەكەنە بنكەی خۆیان، بەجۆرێك (هەرێمەكانی شار) دەبنە بنچینەی دابەشبوونی دەوڵەت بۆ چەند هەرێمێك، ئەویش لەپێناو ڕێكخستنی كۆمەڵگە، ئەگەر لەبواری كارگێڕی و حكوكمڕانی خۆجێی بێت، یانیش وەك پلاندانان بێت بەهەموو جۆرەكانیەوە، یان لەبواری ئابوری و بازرگانی و خزمەتگوزارییە كۆمەڵایەتیەكان بێت.

بەڵام كەم روو دەدات كەدەوڵەتان ژمارەیەكی تەواوی شارەگەورەكان بگرنەخۆیان، بەڕادەیەك كە هەموو ناوچەیەكی دەوڵەت داپۆشێت بەدەست ڕۆییان، تالەخودی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاواش، ئەمەو ڕەنگە لەوڵاتێكی وەك ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا هەرێمی شار زۆر جێگای بایەخدان نەبێت، ئەویش وەك نموونەیەك، بۆ مەبەستەكانی ئاو دێری و كشتوكاڵ.

جیهانی بچووک | العالم الصغیر | **Microcosm**
جیهانی نەبینراو | العالم غیر المنظور

ڕەنگە مەبەست لەزاروەی جیهانی بچووک، مرۆڤ بێت، وەك كورتكراوەیەك، یان وەك ئاوێنەیەك بۆ جیهان (universe)، هەروەها ڕەنگە مەبەست لەو زاراوەیە جیهانی ئەتۆم بێت كەناكرێ ببینرێت ئەگەر بەئامێری میكروسكۆب نەبێت.

بەشە كارگێڕی | الادارة الجزئیة | **Micro management**

یەك لەئاستەكانی كارگێڕییە دەربارەی بارودۆخی كارگێڕی پرۆژەیەك، ئەویش لەكاتی بەراوردكردن لەگەڵ كارگێڕی گشتگیر (macro-management)، یان لەگەڵ ئاستی كارگێڕی بۆ چوار چێوە گشتیەكەی دەوڵەت.

كۆمەڵناسی یەكە بچووكاكان | علم اجتماع الوحدات الصغری | **Micro sociology**

كۆمەڵناسی یەكە بچووكەكان، لەكۆمەڵەو گروپە بچووكەكانی ناوپۆلی خوێندن و كارگەو یانەكاندا دەكۆڵێتەوە، هەروەها شیكردنەوەی تۆڕە كۆمەڵایەتیە كەسێتیەكانی نێوان ئەندامانی ئەوگروپانە دەگرێتە خۆی.
ئەو لێكۆڵینەوەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی، پشت بەبەكارهێنانی پێوەرە سۆسیۆ مەترییەكان دەبەستێت.

چینی ناوەندی | الطبقة المتوسطة | **Middle class**
تەماشا بكە: چینی ناوەند | **Class, middle**

بەڕێوەبەرێتی ئاستی ناوەندی | الادارة الوسطی | **Middle management**

ئەم زاراوەیە وردنیە، بەكار دەهێنرێت وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو تاكانەی بەرپرسن لەجێبەجێكردن و پراكتیك كردنی سیاسەتەكان، هەروەها ئەوانی سەرپەرشتی بەڕێوەچوونی كارەكە دەكەن لەیەك لەبەشەكان یاخود لەناو دامەزراوە كارگێڕییەكاندا.

كرێكارانی كۆچەر (گەڕۆك) | عمال التراحیل | **Migrant labour**

زیادەی ئەو كرێكارە گوندییانەی لەگوندەكانیان دەردەچن و لەناوچەكانی دیكە بەدوای كار دەگەڕێن.

كۆچی نێو دەوڵەتی (كۆچ) | الهجرة الدولیة | **Migration**

جێگۆڕكێی تاكەكان یان گروپەكان لەوڵاتێكەوە بۆ وڵاتێكی دیكە بەمەبەستی كاركردن و جێگیربوون تێیدا، ئەم دیاردەیە هۆكارێكە بۆ دووبارە دابەشبوونەوەی هێزی كاركردن لەنێوان دەوڵەتەكاندا، هۆیەكانیشی بەزۆری ئابوری دەبن، وەك بوونی دەرفەتی باشتر بۆ ژیان هەروەها ئاستەبەرزەكانی كرێ و مووچە.
ڕەنگە ئەو كۆچكردنە ئارەزوومەندانە (voluntary) بێت یان بەزۆر (involuntary) و یاخود كۆنە پارێز (conservative) و یانیش سنووردار (innovating) و یان كورت خایەن (short term) و یاخود درێژ خایەن (long term) بێت.
هەروەها پێویست دەكات جیاوازی لەنێوان كۆچكردنی بنچینەیی (primary migration) و كۆچكردنی لاوەكی (secondary migration) بكرێت.

لەباری یەکەمدا، مەبەست لێی داگیرکردنی ئەو زەویانەیە کەهێشتا کەس تێیدا نیشتەجێ نەبووە، بەڵام لەباری دووەمدا، مەبەست لێی دروستکردنی پەیوەندییەکانە لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەکەو ڕەنگە دوابەدوایدا پرۆسەی تێکەڵبوون و ئاوێتە بوونی دانیشتوانی لەگەڵ جیاوازی نێوانیان رووبدات، یاخود پرۆسەی لەناوبردن بەدوایدا رووبدات، ئەویش بەپێی ئەو هەل و مەرجەی کەهەیە.

**Migration, internal** — الهجرة الداخلية — **کۆچکردنی ناوخۆیی**

واتە جێگۆڕینی دانیشتوانی گوندەکان و کۆچکردنیان بەرەو شارەکان، دیارە ئەو دیاردەیەش چەند هۆیەکی (push factors) هەیە وەك: کەمی بواری کارکردن و دواکەوتنی ناوچە گوندییەکان و هەڵاتن لەدەستی باوك و دایك و ویست بۆ گۆڕینی شێوەی ژیان، لەگەڵ فاکتەرەکانی ڕاکێشکردن (pull factors) وەك دەرفەتەکانی کارکردن لەشاردا و سەرەڕای خزمەتگوزاری و خۆشیەکان.

**Milieu** — الوَسَط — **ژینگە / دەوروبەر**

مەبەست لەزاراوەکە، ئەو ژینگە سروشتی و کۆمەڵایەتیە ڕاستەو خۆیەی بوونەوەری زیندووی تێدا دەژێت و کارتێکردنیش لەسەر رەفتاری و پەرەسەندنی دەبێت.

دەوترێت: چارەکردنی ژینگە (Milieu - therapy)، واتە چارەسەرکردنی کەم و کورتی ئەقلی، ئەویش بەگۆڕینی ژینگەی تاك و راهێنان لەماوەی چارەسەرکردنەکە بەشێوەیەکی پیشەییانە پێش ئەوەی بۆ ژینگە سروشتیەکەی بگەڕێتەوە بەشێوەیەکی کۆتایی.

**Militarism** — النزعة العسكرية — **میلیتاریزم / گیانی سەربازی**

مەبەست لەمیلیتاریزم، زاڵبوونی سوپا بەسەر دەوڵەتداو پیاهەڵدان بەچاکەو لێوەشاوەیی سەربازی، هەروەها زۆر کردنی بودجەو خەرجییەکانی دەوڵەت لەبواری سەربازی و بەکار هێنانی هەموو کۆمەڵگە بۆ بەدیهێنانی پێداویستیەکانی سوپا، ئەویش بەدروستکردنی سەربازگەو فروانکردنی سنورەکانی دەستڕۆیی.

ئەم سیاسەتەو ڕێبازی دیکتاتۆرییەت وەك یەك لەشێوەکانی حوکمڕانی، مەترسی بەسەر ئاشتی دروست دەکات، هەروەها دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی زۆر رووداوی مێژوویی.

**Milling** — الفوضى الجماهيرية — **پشێوی جەماوەری**

شێوە رەفتارێکی ڕێکەوتە، لەناو بەشێکی جەماوەردا تێبینی دەکرێت و بەدڵە ڕاوکێ و جولەی کوێرانەو نەگونجان جیاواز دەکرێتەوە.

**Mimetism** — المحاكاة — **لاسایکردنەوە**

گیانلەبەرێك، ڕەنگە شێوە یاخود هەڵس و کەوتەوکانی گیانلەبەرێکی دیکە وەربگرێت وەك ئامرازێك بۆ خۆپاراستن لەهەڕەشەو دوژمنەکان یانیش خۆشاردنەوە لەپەلاماردان

تەماشا بکە: لێکچوونێتی لاسایی
**Conformism**
**Imitation**

**mind** الذهن زەین
هۆش

کۆی بوارەکانی ئەو چالاکیەی کەبەهۆیەوە تاك بەدەنگی (بەو هەندەی سیستمێکی -system- دینامیکی تەواوە) هێزە دەرەکیەکانەوە دێت بێ پشت گوێ خستنی رابردووی خۆی.

وەك باویشە ئەم زاراوەیە بەمانای ئەقل (intellect) بەکار دەهێنرێت بۆ ئەو شتانەی کەبەبیروهەستیدا دێت، ئەویش لەبەرامبەر دیاردە جەستەیی و فیزیکیەکاندا.

**Socialmind** تەماشا بکە: هۆشی کۆمەڵایەتی

**Mind, prelogical** العقلیة البدائیة ئەقلیەتی سەرەتایی

مەبەست لەم زاراوەیە ملکەچ نەبوونی گەلانی سەرەتایی لەبیرکردنەوەیاندا بۆ بنەماکانی ئەو لۆجیکەی کەبیرکردنەوەی شارستانی ملکەچی دەبێت، بەو هەندەی کەئەو گەلانە لەپێگەیشتنیان هێشتا نەگەیشتوونەتە قۆناغی لۆجیکی کەتێیدا ئەقل ملکەچی یاسابنچینەییەکانی بیرکردنەوە دەبێت.

زاراوەی ئەقلیەتی سەرەتایی بۆ زاراوەی (levy - Bruhl) دەگەڕێتەوە، بەڵام لەرۆژگاری ئێستادا بەکار ناهێنرێت، بەڵکو زاراوەی بیرکردنەوەی سەرەتایی (primitive thinking) لەجیاتی ئەو بەکار دەهێنرێت، کەمانای ڕێبازی بیرکردنەوەی خۆڕسکی رزگاربوو لەکۆت و بەندەکانی شارستانیەت دەگەیێنێ.

**Midedness** الوعي هۆشیاری

**Social mindedness** تەماشا بکە: هۆشیاری کۆمەڵایەتی

**Mini fundism** المزارع الصغیرة کێڵگە بچووکەکان

یەك لەشێوەکانی کارکردنی کشتوکاڵیە، بەوجۆرە کشتیارو وەرزێرەکان رووبەری بچووك بچووکی زەوییان دەبێت بۆ کشتوکاڵ، لەبەرامبەر کێڵگە بچووکەکان، کێڵگە گەورەکان (latifundism) دێت.

کێڵگە بچووکەکان ڕێگانادەن بەبەکارهێنانی سوودوەرگرتن لەزەوی لەسەر بنچینەیەکی ئابوری دروست، هەروەها ڕێگا بەپێشکەوتنی کشتوکاڵ نادەن و دەبنە هۆی گەشەنەکردنی کۆمەڵایەتی.

**Mini mum wage** الحد الادنى للأجر کەمترین ڕادەی کرێ

واتە کەمترین ڕادەی کرێ کەدەوڵەت بڕیاری لەسەر داوە، بەپێی ئەو بڕیارە ناکرێت هیچ مامەڵەو ڕێککەوتنێك لەنێوان خاوەن کاروکرێکار رووبدات لەسەر کرێیەکی کەمتر، ئەو بنەمایەی کە ئەم بڕیارەشی لەسەر بونیادنراوە، لەو بیرۆکەیەوە وەرگیراوە کەئاستێکی ژیان هەیە ناکرێت لەوەزیاتر بێتە خوار.

ئامانج لەو بڕیارەش، ڕێگرتنە لەوەی سەرمایەدار بتوانێت کرێکاران بچەوسێنێتەوە، دیارە کرێکاران بەهۆی چەند هەلوو مەرجێك، بواری مامەڵەو بێنەو بەرەیان لاوازە، هەروەها ڕێکسختن و چالاکی سەندیکایی کاریگەری بەهێزیان نیە بۆ ڕێگرتن لەچەوساندنەوەی کرێکاران، سەرەڕای ئەوەی کەبڕیارەکە دەبێتە هۆی چاککردنی گوزەرانی چینی کرێکار، لەهەمان کاتدا یارمەتییەکە بۆ بوژانەوەی ئابوری گشتی، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی زۆر بوونی توانای کڕین لای کرێکاران.

بڕیاری دیاریکردنی کەمترین ئاستی کرێ، چەند ئامانجێکی جۆراوجۆری بەدواوە هەیە، ئەگەر کرێی بڕیار لەسەر دراو بەپێی یاسا، زۆرتر بو لەبەهای کەمترین بەرهەمی کرێکار، ئەوا ڕەنگە خاوەن کار ژمارەی کرێکاران کەم بکاتەوە بۆ ئەوەی رادەی بەهای بەرهەمهێنانی بەرزبێتەوەو بگاتە ئاستێك یەکسان بێت لەگەڵ کرێ یاساییەکە، هەروەها ڕەنگە خاوەن کار هەوڵبدات ئامێر بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی رادەی کارکردن کەمبکاتەوە.

دەرهێنانی كانزا التعدين **mining**
(كانزاكردن)

بەكارهێنان و سوود وەرگرتن لەو دەرامەتە سروشتیانە كەخۆیان نوێ ناكەنەوە، وەك دەرهێنانی كانەكان و نـەوت و خـەڵوزو هـی دیكـەش، دیـارە ئـەو كارانــەش بەپیشـەی گـرینگ دادەنـرێن كەیارمـەتی پێشـكەوتنی مـرۆڤ دەدەن، بەتایبـەتی پـاش دۆزینــەوەی ئـاگر كەیارمــەتی مرۆڤـی داوە بـۆ ئامـادەكردنی كانـەكان، پێداویسـتیەكانی مـرۆڤ بۆكانـەكان بـەردەوام لـەزۆر بووندایە بەهۆی ڕێڕەوی بەرەو پێشكەوتن.
پیشەسازیش شان بەشانی ناوەندەكانی دەرهێنانی كانەكان بلاوەی كردووە.

وەزارەت الوزارة **Ministry**

دەزگایەكی حكومەتە، ئەركی دانانی سیاسەتی حكومەت و جێبەجێكردنی ئەو سیاسەتەیە لەبوارێكدا دەكەوێتە ئەستۆی.

هەرزە القاصر **Minor**

ئەوكەسەی تەمەنی نەگەیشتۆتە (21)ساڵ، ئەو شایستەی ئەرك بەجێگەیاندن نیە.

گروپی كەمایەتی جماعة الاقلية **Minority group**

كروپێكی لاوەكیە، لەسنووری گروپێكی گـەورە، لـەنێوان خۆیانـدا چـەند خەسـڵەتێكی ڕەچـەڵەكی یـان رۆشـنبیری بەیـەكیان دەبەستێتەوە.
مەبەستیش لەكەمایەتیەكان (minorities) لەڕووی سیاسییەوە چەند توێـژێكی دەوڵـەتێك لەدەولـەتان، كەلـەڕووی رەگـەز یان زمان یاخود ئاین ئینتیمایان بۆ لایەنێك هەیە، نەك بۆ زۆرینەی دانشتوانی ناو ئەو دەوڵەتە.
زۆرن ئەو رێكەوتن و پەیمانە نێو دەوڵەتیانەی بڕیاریان لەسەر پارێزگاریكردنی كەمایەتیەكان داوە.
كەمایەتیەكان هەندێ جار بەرەو رووی فێڵ و سـتەم لێكـردن دەبنـەوە بـەهۆی جیـاوازی كـردن لـەنێوانیان و لەگـەڵ لایـەنی زۆرینە، بۆیـە داواكاریـەكانیان ڕاسـتەوخۆ جـەخت لەسـەر داب و نـەریت و بـیرو باوەڕەكانیـان دەكـات، هـەروەها داوای بـەكار هێنانی زمان و خوێندن لەقوتابخانە بۆ نەوەكانیان و یەكسانی لەگەڵ زۆرینە لەمافە مەدەنی و سیاسییەكان دەكەن.

سەیر المعجزة **Miracle**
سەرسوڕهێن

دیاردەیەكە پێچـەوانەی سیسـتمی سروشـتی بـاوە، یـان ئـەو رووداوەی لەیاسا سروشـتیە زانراوەكان لادەدات، ئـەویش بـەهۆی هێزێكی سەرووی وزەی مرۆڤایەتی روودەدات، نموونەی زیندووكردنـەوەی مـردووان و هێوركردنـەوەی ڕەشـەباو گـۆڕینی ئـاو بەمەی.

تێكەڵبوونی ڕگەزی اختلاط الاجناس **miscegenation**
هاوسەرێتی نەژادەكان تزاوج السلالات

تێكـەڵبوونی چـەند ڕەگـەزێكی جیـاواز لەڕێگـەی هاوسـەرگیرییەوە، ئـەوەش بەیەكـەم كـاری تێكـەڵبوون دادەنرێـت، تـا ئێسـتا توێژینــەوەی زانســتیانە كاریگــەرە كۆمەلایەتیــەكانی تێكــەڵبوونی ڕەگــەزەكانی دەرنەخســتووە، بــەلام ئــەو كاریگەریانــە تاڕادەیەكی گەورە پشت لەسەر ئاراستە باوەكانی ناو كۆمەڵگە دەبەستن.

**Misconduct** سوء السلوك بەد ڕەفتاری

هەر هەڵس و کەوتێك زیان بـەڕێ و شـوێن و داب و نـەریتی گشـتی و یاساکۆمەڵایەتیە ڕەچاوکراوەکان بگـەیێنێت، نموونـەی سووکایەتی پێکردن یان هەڵگەڕانەوە.

**Misdemeanur** الجُنحة کەتن

کەتن، تاوانێکە سزاکەی توونترە لەسەر پێچی کـردن، لەلایـەن پۆلیسـەوە لێکۆڵینـەوەی لەسـەر دەکرێت و ڕەوانـەی دادگای سـزادانیش دەکرێـت، سـزاکەی زینـدانی کردنێکـی ئاسـان دەبێـت، نـەك زیندانیـەکی توونـد، هـەروەك بـاوە لـەدادگایکردنی کەتنەکان.

**Misoneism** کراهیة الجدید ڕق لێبون لە دیاردەی نوێ

مەبەسـت لـەم زاراوەیـە، ڕق لەهەرشـتێکی نـوێ، ڕای گشـتیش بـەزۆری دژایـەتی گۆڕانکـاری دەکـات، ئـەو ڕق و قینـەش لەخەسڵەتەکانی ئەقلیەت و بیری سەرەتایی بەدی دەکرێت.

**Mixed economy** الاقتصاد المختلط ئابوری تێکەڵاو

مەبەست لێـی، ئـەو ئابورییـەی کەخەسلەتەکانی هەریـەك لەسـەر مایـەداری و سۆسیالستی دەگرێتـەخۆی، واتـە تێکەڵەیـەك لەخاوەنداریێتی تایبەت بۆ هۆیەکانی بەرهەمهێنان و رادەیەك لەمولکداری گشتی و دەسەڵاتی دەوڵەت.

**Mixcopy** اختلاس النظر الشبقي چاوتێ بڕینی چێژی سیکسی

**Cf. voyeurism** چێژوەرگرتن بەهۆی دزەبینینەوە

**mob** الغوغاء، الرعاع، السوقة جەماوەری سەرکێش یان (بازاڕی)

کۆمەڵە خەڵکێکن هەڵس و کەوتیان شـێوەیەکی دوژمنکارانـە وەردەگرێت بەرامبـەر ئـەوانی بـەر هەڵستیان دەکـەن، یـان بـۆ هەستانیان بەکارێکی نایاسایی، ئەویش بەکاریگەری حاڵـەتێکی هەڵچوانەی دەروونـی، وەك خۆپیشـاندانەکان و ئـاژاوە ڕەگـەز پەرستیەکان.

لەتایبەتمەندییـەکانی پەیوەنـدی نێـوان کۆمەڵـەی ئاژاوەچـییەکان، پەیوەسـتی توونـدی نێـوان ئەنـدامانی و پەیوەنـدیکردنی پڕسۆزو هەست و ئاسانیەکی زۆر لەپێڕاگەیاندن و کارتێکردنی ناڕاستەوخۆ.

**Mobilization** التعبئة خۆسازدان ئامادەکاری بۆ کارێکی گرینگ

لەبواری سەربازیدا، مەبەست لەزاراوەکە، پرۆسەی کۆکردنـەوەو ڕاکێشانی جەماوەرو ئامـادەکردنی دامـەزراوە حکومیەکانـە، ئەو کارەش لەچوارچێوەی تۆڕێکی کارلێکردنی دروست و ئامادەکردنیان بۆ حاڵەتی جەنگ.

هەروەها مەبەست لەخۆسازدانی نەتەوەیی، ئامادەکردنی ڕای گشتیە بۆ تێکۆشان لە پێناو ڕێبازێکی سیاسی یـان بیرۆکەیـەکی نەتەوەیی.

| خۆسازدانی ئابوری | التعبئة الاقتصادية | Mobilization economic |
|---|---|---|

بریتیە لەکۆمەڵە کارڕایی و ڕێ و شوێنێك مەبەست لێیان ڕێکخستنی هەموو داهاتە بەردەستە بەرهەمهێنراوەکانی وڵاتە، هەروەها ئاراستە کردنیانیش لەپێناو بەرژەوەندی کارەجەنگیەکاندا، بەدەربڕینێکی دیکە ئامانج لەخۆسازدان یان ئامادەکاری ئابوری، ئەوەیەکە دەزگاکانی بەرهەمهێنان لەئابوری ئاشتیەوە بۆ ئابوری جەنگ بگۆڕدرێت، بێگومان ئەو کارەش ڕەنج و قوربانیدانی دەوێت لەلایەن گەلەوە بۆ بەرگریکردن لەنەتەوەو سەربەخۆیی و لەئایندەکەشی.

لەگرینگترین ئەو سیاسەتانەی کەحکومەت پیادەیان دەکات بۆ بەدیهێنانی ئامادەکاری و تەیارکردنی ئابوری، بەرزکردنەوەی تێکڕاکانی ئەو باجەی سەپێنراوە، یاخود سەپاندنی چەند باجێکی نوێ، هەروەها قەرزکردن لە ناوخۆیانیش لەدەرەوە، سنوردانان بۆ هاوردەکردنی دەرەکی کەتەنها پێداویستیە گرینگەکان بگرێتەوە، لەگەڵ دەستگرتنی بەزۆر بەسەر چەند بەرهەمێکی دیاریکراوو دانانی نرخ بۆیان لەلایەن حکومەتەوە.

هەر لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگیش، سەربازان بگەڕێنەوە سەرکاری پێشوویان، بارودخۆی ئابوریش بگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی، (demobilization) .

| بزاوتی ئیکۆلۆجی<br>جولەکردنی ژینگەیی | الحراك الايكولوجي | Mobility, ecological |
|---|---|---|

جێگۆڕکێی تاکەکان لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە،ئەویش بەگۆڕینی شوێنی نیشتەجێ بوونیان، بەڵام جولەی تاکەکان لەشوێنی نیشتەجێ بوونەوە بەرەو شوێنی کارکردن ئەوە بەجولەی ئیکۆلۆجی دانانرێت.

هەروەها گواستنەوەی کرێکاران لەکارێکەوە بۆ کارێکی دیکە پێی دەوترێت (labour mobility) جولەی کرێکاران.

| بزاوتی کۆمەڵایەتی | الحَراك الاجتماعي | Mobility, social |
|---|---|---|

جێگۆڕینی تاکەکانە لەپێگەیەکەوە بۆ پێکەیەکی دیکە، یان لەچینێکەوە بۆ چینێکی دیکە، واتە جولەی کۆمەڵایەتی لەسەر دوو جۆر دەبێت، ڕەنگە جۆرێکی ئاسۆیی (horizontal) بێت، واتە جولەی تاك و گروپەکان لەپێگەیەکی کۆمەڵایەتیەوە بۆ پێگەیەکی دیکە، بەڵام لەناو هەمان چیندا، هەروەها ڕەنگە ئەو جولەیە ستونی (verical) بێت، واتە گواستنەوەی تاکەکان لەچینێکی کۆمەڵایەتیەوە بۆ چینێکی بەرزتر یاخود باڵاتر.

| شێوە، چۆنیەتی<br>لایەن | الشكل، الكيفية<br>الجهة | Modality |
|---|---|---|

مەبەست لەم زاراوەیە لەلۆجیکدا، چۆنیەتی دانەپاڵی هەڵگر بۆ بابەت، ئەو چۆنیەتیەش بەپێی پۆلینکردنی (kant)، چەند شێوەیەك وەردەگرێت.

بڕیار دراو یان ڕاستەقینە (assertoric)، لێرەدا ڕێژەی هەڵگیراوەکان بۆ بابەتەکان هاوجووتی واقیع دەبن، ئاراستەکەشی بوون و نەبوون دەبن.

هەروەها، گریمانەیی (probablematic) دەبێت، کەگومان لەڕاستگۆیی دەکرێت، ئاراستەکەشی دەشێت، و ناشێت و زەرورەت دەبێت (apodeictic)، لەم بارەدا ڕێژەی هەڵگیراوەکان بۆ بابەتەکانی زەروری دەبن، ئاراستەکەشی پێویست بوون و ڕێپێدان دەبێت.

مۆدە　　　　المنوال　　　　**mode**

شێوەی باو

مەبەست لەم زاراوەیە لەئاماردا، ئەو بەهایەی کەزۆرتر دووبارە دەبێتەوە، واتە ئەوەی زۆر باوە لەگروپی بەهاکاندا، واتە ئەگەر ئێمە تەماشای خەسلەتی نموونەییمان کرد، بەو مانایەی کەنموونەی گروپەکە ئەو شتەیە کە زیاتر باو دەبێت تێیدا یاخود ئەوەی زۆرتر لەوانی دیکە دووبارە دەبێتەوە، ئەوا ئەو بەهایەی کەلەسەر ئەو بنچینەیە بە مۆدە دایدەنێین، ئەو بەهایەیکە زۆرتر باو دەبێت لەناو گروپێکدا، یاخود ئەوی دووبارە بوونەوەی گەورەترە لەدووبارە بوونەوەی هەر بەهایەکی دیکە لەگروپدا.

نموونە　　　　النموذج　　　　**Model**

شێواز　　　　النَمَط

1- شێوەیێکە تایبەتمەنترین ئەو خەسڵەتانە هەڵدەگرێت کەزۆربەی تاکەکانی توێژێك پێی جیاواز دەکرێتەوە، هەروەها بەنموونەی بژاردەش دادەنرێت لەو توێژە، وەك نموونەیەکی نموونەیش تەماشا دەکرێت لە کۆی گشتیدا.

2- جۆرێکە لەپەیوەندییە بەبیر داهاتووەکان، یان ئەو هەست پێکراوانەی مرۆڤ بەرچاوی دەکەوێت لەتێبینی کردنی بۆ جیهان، وەك جۆرەکانی رەفتاری کۆمەڵایەتی و شێوەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی.

زانست هەوڵیداوە راستیە تایبەتیەکانی کۆمەڵگە رێکبخات، ئەویش بەبەکارهێنانی نموونەی پەرەپێدراوو نموونەی ئەندامیەتی و نموونەی هۆکاری و نموونەی بیرکاری.

ڕەنگە ئەو نموونانە زۆر سادەبن یاخود زۆر ئاڵۆز بن، چونکە ئەو جیهانەی کەسەرنجی دەدەین سەرنج نادرێت بەگشتی بۆیەهەر نموونەیەك ڕەنگدانەوەی لایەکی سنورداری کۆی جیهانی دەبێت، هەروەها لێرەدا نموونەیەك نیە کەتەواوی ڕاستیەکان دەربخات بەڵکو تەنها لایەك دەردەخات.

بەهای نموونەش لەسوودەکەی، لەلێکۆڵینەوەدا خرپەبێتەوە، هەروەها لەدانانی تیۆرییەکان و ڕاڤەکردن و پێش بینیەکان و لەپێشکەوتنی زانستی بەشێوەیەکی گشتی.

نوێکردنەوە　　　　التجديد　　　　**moderniztion**

مەبەست لەزاراوەی نوێکردنەوە، ئەو پرۆسە گۆڕانکاریەی کە بەهۆیەوە کۆمەڵگە دوا کەتووەکان، ئەو خەسڵەتە هاوبەشانە بەدەست دێنن کەکۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی پێی جیاواز دەکرێنەوە، ئەو لایەنەی یارمەتیدانی خێرایی ئەو پرۆسەیە دەدات، پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگاکانە.

ئامانجی بنچینەیی لەنوێکردنەوە، ڕاستکردنەوەی ژینگەی کۆمەڵایەتیە کە دەبێتە هۆی زۆر بوونی بەرهەمهێنانی تاك و لەدوایشدا زیاد بوونی داهات، ئەویش لەڕێگەی دووبارە پێکهێنانەوەی بونیادو بەها کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان.

لەخەسلەتەکانی نوێکردنەوە، گەشەکردن و بەرهەمهێنان و بەکاربردن و رەوتی دیموکراسیەت و بڵاوبوونەوەی فێربوون و رووکردن بەرەو هزرو بیری عەلمانی و زۆر بوونی جوڵەی کۆمەڵایەتی و خۆگونجاندنی کەسێتی تاك لەگەڵ ئەو دۆخە.

سەردەمیانە　　　　العصرية　　　　**Modernism**

نوێخوازی　　　　الحداثة

ڕێبازی بەچاکتر زانینی هەر شتێکی سەردەمیانە یان تازەداهێنراو، بەسەر هەموو شتێکی کۆندا. زاراوەی نوێخوازی وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لەسێ بواردا کورت دەکرێتەوە:

1- داهێنان و گۆڕین و زاڵبوون بەسەر دیاردەکان، هەروەها ملکەچ پێکردنیان بۆ بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ، ئەویش بەبەکار هێنانی ڕێبازی زانستیانە.
2- جۆراوجۆریەتی و نەرمی لەبواری پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان.
3- زۆربوونی کارامەیی و زانستە تاکیەکان بۆ ژیان و گوزەران لەجیهانێکی تەکنۆلۆجی و پێشکەوتووانەدا.

ڕێککەوتنی کاتی — التسوية المؤقتة — **Modus vivendi**
شێوازی کاری کاتی

لەسیاسەتدا مەبەست لەزاراوەکە، ڕێککەوتنی حکومەتە ناکۆکەکانە بەشێوەیەکی کاتی لەسەر هەڵوێستێکی مام ناوەندییانە، بەهۆی ئەو ڕێککەوتنە ژیانی ئاسایی بەردەوام دەبێت، لایەنەکانی ڕێککەوتنەکە ئومێدیان وایە لەئەنجامی ئەو ڕێککەوتنە هۆیەکانی ناکۆکی و دوژمنایەتی نێوانیان نەمێنێ و چارەسەری ئاستەنگە کاتیەکانیش بکەن کە دواکەوتن هەڵناگرێت.
ڕەنگە ئەو ڕێککەوتنە کاتیە پاشان بەڕێککەوتنێکی زیاتر وردو ئاشکرا تر بگۆڕدرێت.

رژێمی پاشایەتی — المَلَكية — **Manarchy**

یەك لە شێوەکانی حکومەتە، تێیدا دەسەڵات بەدەست شایەك یان شاژنێك دەبێت، کەپشتاو پشت بەمیراتی بۆی دەمێنێتەوە، ئەمەو سیستمی پاشایەتی پەیوەستیەکی توندی بەسیستمی ئاینیەوە دەبێت.
ڕەنگە سیستمی پاشایەتی ڕەها (absolute) بێت، تێیدا شا هەموو دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی بەدەست دەبێت.
هەروەها ڕەنگە ئەو پاشایەتیە سنوردار (limited) بێت، واتە دەستور دەسەڵاتەکانی سنوردار دەکات، زۆرجاریش سیستمی پاشایەتی سنوردار لەسیستمی پاشایەتی رەهاوە پەرە دەسێنێت.
تەماشا بکە: شانشین — **kingdom**

خوا پەرستی ڕەبەنی — الرَّهبنة — **Monasticism**
ژیانی وشکەسۆفێتی

یەك لەشێوەکانی ژیانی ئاینیە، لەو جۆرە ژیانە گروپی پیاوان و ژنان لە کڵێسەکان دەژین بەپێی چەند ڕێساو نەریتێکی بڕیار لەسەر دراو کە بەدەست پاکی و داوێن پاکی و ملکەچی بۆ سەرۆکەکان پابەندییان دەبێت.
دروست بوونی کڵێسەکان بۆ سەرەتای مێژووی ئاینی مەسیحیەت لەسەدەی سێی زایینی دەگەڕێتەوە.

دراو — النقود — **Money**
پارە

هەموو هۆو ئامرازێك بۆ دەستاو دەست کردن بەکار بهێنرێت، هەروەها جێگای ڕەزامەندییەکی گشتیش بێت لەڕاستی و پابەند بوونەکانی، دیارە دراویش یەك لەو هۆو ئامرازانەیە، کەدان بە هێزێکی سەرفرازی سنوردار یان ناسنورداری دەنرێت.
پارە ئەو بنچینەیەیە کەنرخەکان پشتی پێ دەبەستن، چونکە هەڵسەنگاندنی نرخی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان بەپارە دەکرێت، هەروەها تێچووی بەرهەمهێنانی پێ مەزەندە دەکرێت.
لەکۆمەڵگە مرۆڤایەتیە کۆنەکاندا بابەتی جیاوازیان بەکار هێناوە لەم بارەوە، وەك هۆکارێك بۆ ئاڵ و گۆڕکردن، نموونەی مەڕو ماڵات و گەنم و ماست و تووتن و زێڕو زیو یاخود مس و ئاسنیش.
بەڵام کۆمەڵگە زۆری نەخایاند ڕووی لەبەکار هێنانی کانە بەنرخ و بەهادارەکان کرد، لەبەر ئەوەی لەناو ناچن و دەکرێت بەش بەش بکرێن، هەروەها نرخەکانیشیان بەرزە بەهۆی کەمبوونیان بەشێوەیەکی ڕێژەیی، سەرەڕای ئەوەی نرخیان تارادەیەك جێگیرن بەبەراورد لەگەڵ کاڵاکانی دیکە.

**تاکەنەیی** | **الاحَدية** | **monism**

**یەك سەرچاوەی بوون** | **وحدة الوجود**

1- گوتەیەکە، یەکەم داهێنەری (wolff ) ناوێك بووە، هێما گەرییەك بوو بۆ ئەو ڕێبازەی کە هەموو گەردوون بۆ یەك بنەما دەگەڕێنێتەوە، وەك رۆحی پوخت و پاك (spiritual monism) یان مادەی پوخت (material monism).

2- گوتەکە بەڕێبازەکەی (hoeckel) دەوترێت، ئەوە دەسەلمێنێت کەیەك گەردوون هەیە، ناکۆکیش نیە (دژایەتی) نەلەنێوان مادەو رۆح، نەلەنێوان جیهان و خودا.

3- هەروەها گوتەکە بەڕێبازەکەی (Hegel )یش دەگوترێت، گوتەکە کە رەهایە، هەر ئەو بوونێکی واقیعیە، سروشت و هزریش چەند حاڵەتێکی ئەون.

4- لەسیاسەتدا، زاراوەی تاکانەیی ئاماژە بۆ ئەو بیرۆکەیە دەکات کە دەڵێت: پێویست بوون بۆ یەك دەسەڵاتی باڵا لەکۆمەڵگە، دەکرێت بەهۆی ئەوەوە سیستم و یەکگرتوویی بەکۆمەڵگەدا بێتەدی.

لەبەرامبەر ڕێبازی تاکانەیی، ڕێبازی فرەیی (pluralism) دێت.

**فەرمانڕەوایی تاکەکەسی** | **حُکم الفرد** | **monocracy**

**حوکمڕانی تاك**

حکومەتێکە یەك کەس سەرکردایەتی دەکات و پابەندی دەستوریش نابێت.

تەماشا بکە: ئۆتۆکراسی، دیکتاتۆرییەت **outocracy**

**یەك هاوسەری** | **الزواج بامرأة واحدة** | **Monogamy**

**یەك جار ژن هێنان**

یەك لەو شێوە سەلمێنراوانەی هاوسەرگیرییە، پیاوێك تەنها لەگەڵ یەك ژن پەیوەست بوونی دەبێت، ئەو شێوە هاوسەرگیرییە باوە لەکۆمەڵگەشارستانیەکان.

**تیۆریی یەك ڕەچەڵەکی** | **نظرية الاصل الواحد** | **Monogenism**

تیۆرییەکە ئەوە دەسەلمێنێت کە هەموو زیندەوەرەکان لەیەك ڕەچەڵەکی هاوبەش و لەیەك ناوچە هاتوونەتە خوارەوە، جیاوازییە ڕەچەڵەکیەکانیش بەهۆی کارتێکردنی ژینگەوە سەریان هەڵداوە، ئەویش دوای جێگۆڕینی ئەو گروپانە لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە.

بەپێچەوانەی ئەو تیۆرییە، تیۆری فرەڕەچەلەکی (polygenism)هەیە.

**توێژینەوە لە بوارێکی تەسك** | **المونوجرافيا** | **Monography**

**- وردە پسپۆری -**

توێژینەوەیەکی دوورو درێژە بۆیەك بابەت و لەسنورێکی تەسکدا، هەموو رووەکانی ئەو بابەتە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت بەبێ پشت گوێ خستنی هیچ ڕەگەزێك لەڕەگەزەکانی.

**سیستمی یەك کانزا (لەپارەدا)** | **نظام المعدن الواحد** | **monometallism**

سیستمێکی دراوییە، ڕێگا تەنها بەبەکارهێنانی یەك کانزا دەدات کەئەویش زێڕە، ئەو کانزایە هێزی ئەستۆپاکی هەیە، ئەم سیستمە لەبەرامبەر سیستمی دووکانزایی (bimetallism) دێت.

پاوانکردن

الاحتكار

**monopoly**

مۆنۆلۆل

واته بوونی دەسەڵاتێکی سەربەستانە بۆ خستنەڕووی کاڵایەك یان چەند خزمەتگوزارییەك لەبازاڕێکی دیاریکراودا، یاخود بوونی سەر پشکیەکی ڕووت لەکڕین، یانیش فرۆشتن بەبێ تەنگ پێ هەڵچنین و ڕکابەری.

لەچاخە ناوەڕاستەکان، پاشاکان زیاتر مافی بەخشینی پاوانکردن و قۆرغکردنی بەرهەمهێنانیان دەدا بەتاکەکان بەمەبەستی بەرهەمهێنانی هەندێ کەل و پەلی دیاریکراو.

بەڵام لەسەردەمە نوێیەکاندا، پاوانکاری لەبارێکی ئاسایدا بەهۆی گردبوونەوەی چەند بەرهەمهێنەرێکی سەرەکی بۆ کەل و پەل بەهەر شێوەیەك لەشێوەکان لەناویەك دامەزراوە دروست دەبێت، ئەویش بەمەبەستی سەپاندنی چاودێری لەسەر ئاستی خستنەڕووی گشتی کاڵاو کەل و پەل، هەروەها بەسەر بەرزبوونەوەی نرخی ئەو کەل و پەلانە لەبازاڕدا.

زاراوەی سەرمایە داری پاوانکار (monopoly capitalism) کەلەزاراوە مارکسیەکاندا هەیە، ئاماژە بۆ قۆناغێك لەقۆناغەکانی پەرەسەندنی سەرمایەداری دەکات لەتایبەتمەندیەکانیشی چڕکردنەوەی دەسەڵات لەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێنان و دابەش بوونی دەبێت، لەناو دەستی کۆمەڵێکی بچووکی سەرمایەدار.

پاوانکاری کڕین

احتكار الشراء

**monoposony**

لەبارودۆخێکدا چەند فرۆشیارێك هەبێت لەگەڵ بوونی تەنها یەك کڕیار، وەك حاڵەتی حکومەتێك لەکاتی جەنگدا، کەڕێگا بەفرۆشتنی کاڵایەکی دیاریکراو بۆ تاکەکان نادات چونکە خۆی ویستی کڕینی لەسەری دەبێت بەهۆی جەنگەوە.

تاك خوایی

الوحدانية

**monotheism**

بڕوا بوون بەخواوەند

بڕواو دانپیانان، بەوەی کەنیەو ناکرێ لەیەك خودا زیاتر هەبێت، تاك خودایی بەبەرزترین قۆناغەکانی پێشکەوتنی ئاینی دادەنرێت.

لەبەرامبەر تاك خوایی بیرۆکەی فرە خوایی (poly theism) هەیە، باوەڕبوون بەفرەیی خوداوەندەکان لەسەردەمە ئاینیە سەرەتاییەکان باوبووە.

روتین بێ گۆڕان

الرتابة

**monotony**

بارێکە لەماندوو بوون، تووشی مرۆڤ دەبێت لەئەنجامی کارتێکردنی پچڕپچڕی بەدوایەك، لەسەریەك شێوە، نموونەی دیاردەی جولەکردن، دەنگەکان، ڕووناکیە یەك شێوەو یەك بارەکان.

یاسای ئاکاری (ڕەوشتی)

القانون الاخلاقي

الشريعة الخلقية

**Moral code**

کۆمەڵە ڕێساو بنەمایەکە، لەلایەن ئەندامانی گروپ زانراون و پەسەندکراون، هەر کەسێك لێیان لابدات تووشی سزاکۆمەڵایەتیەکان دەبێت، ئەویش بەپێی چەند پلەیەکی جیاواز لەتووندو تیژی.

ڕەفتاری ئاکاری (ڕەوشتی)

السلوك الاخلاقي

**Moral conduot**

هەر شتێك پەیوەست بێت بەدیاردەکانی، ڕەوشت و ڕاستی و هەڵەو چاکەوخراپە، بەپێی یاسا ڕەوشتیە باوەکان، دەوترێت ڕەفتارو نەریتی گشتی (moral order) مەبەستیش لێی چەند ڕێسایەکە کەپێویست دەکات ڕەوشتی راست پیادە بکات و ناکرێت لێی لابدات.

**لاوازی لەئاکاردا** **ضعف الخُلق** **Moral defectiveness**

**ڕەوشتی خراپ**

**خەسڵەتێکی تایبەتە بەو کەسانەی تووشی لاوازی ئەقلی دەبن، ئەو دیاردەیە چەند ئارەزوو خواستێکی چەوت یان کاری تاوانکاری لەگەڵیدا روو دەدات، ئەوانە بەو هۆیەوە پێویستیان بەچاودێری و سەرپەرشتی و دابینکردن هەیە، ئەویش بەمەبەستی پارێزگاری کردنی کەسانی دیکە لێیان.**

**بەهێزکردنی ئاکار** **التَسلُح الخلقي** **Moral rear mament**

**ڕێکخستنەوەی رەوش**

**ڕێبازێکە بانگەشە بۆ دروست بوونی پەیوەندییەکانی نێوان خەڵك دەکات لەسەر بنچینەی دەست پاکی و داوێن پاکی و دڵسۆزی و خۆشەویستی، بێ گوێدانە بیروباوەڕی ئاینی تاك.**

**چاودێری ئاکار** **الرعاية الخلقية** **Moral welfare**

**یارمەتیە رەوشتیەکان**

**بریتیە لەو هەوڵ و رەنجانەی ئەنجومەنەکۆمەڵایەتی و ئاینیەکان پێی هەڵدەستن، وەك ئەوکارانەی بۆ چاودێری دایك و منداڵە ناشەرعیەکەی دەکرێت، هەروەها چاودێریکردنی ئەو کچانەی تووشی هەڵخەڵەتاندن بوونە.**

**پاراستنی کچان** **Cf. girls protection**

**گیانی ورەبەرزی** **الروح المعنوية** **Moral**

**بەئومێد بوون**

**گیانی ورە بەرزی لای کۆمەڵێك، بەدیاردەکانی پەیوەندیکردن و بەشداری و هەست بەڕازی بوون جیاواز دەکرێتەوە، هەروەها دابەزینی ئەو گیانە لای هەرکۆمەڵێك بەهەستی ناڕەزایی و پچڕپچڕی و دابەش بوون (divisiveness) بۆ گروپی بچووك بچووك (cliques) دەبەسترێتەوە.**

**گیانی ورە بەرزی لەکاردا یارمەتیدەری کرێکار دەبێت بۆ ئەوەی بەجۆشەوە ڕوو لە کارەکە بکات، دیارە ئەو حاڵەتەش دەبێتە هۆی زۆر بوون و باشی بەرهەمهێنان، بێ ئەوەی ڕەنج و ماندوو بوونی زیاتری بوێت.**

**کارچاکی** **الفضيلة** **Morality**

**یاساکانی مۆرال** **قوانين الاخلاق**

**ئەو خەسڵەتەی پاڵ بەتاکەوە دەنێت بۆ کاری چاکەو دوورکەوتنەوە لەزیان گەیاندن.**

**دیارە ئەوەش کاکڵەی یاسا مۆراڵیەکانە، کەپێویست بەپابەندبوونیان دەکرێت، بەپێی ئەو داب و نەریتەی باوە لەناوکۆمەڵگە. دەوترێت، ڕەوشتی چین (class morality) بەو یاسا رەوشتیانەی کەچینێك پەیرەوی دەکات، هەروەها دەوترێت رەوشتی کۆمەڵ (group morality) بەو یاسا رەوشتیانەی کەکۆمەڵێك پەیرەوی دەکات.**

**دواخستنی دانەوەی قەرزەکان** **الموراتوريوم** **Moratorium**

**تأجيل دفع الديون**

**ڕاگرتنی قەرزدانەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەبڕیارێکی نائاسایی، دیارە ئەو حاڵەتەش لەدوای ڕووداوو کارەساتەکانی جەنگەوە سەرهەڵدەدەن کەدەبێتەهۆی تێکچوونی هاوسەنگی ئابوری، یان لەئەنجامی قەیرانە ئابورییە توندو کاریگەرەکانەوە دەبن.**

تێكڕایی نەخۆشی
معدل المرض
**Morbidity rate**
ڕێژەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی

ڕێـژەی دیاردەنەخۆشـیە بینراوەكـان لەماوەیـەكی دیـاریكراودا، ئـەویش بەبـەراورد كـردن بـەتێكڕای ژمـارەی دانشـتوان لەوماوەیەدا، هەروەها ژمارەی ئەو حاڵەتانەو ڕێژەی ڕوودانیانیش.

دیاره ئەوەش لەو پێوەرانەن كەباری تەندروستی تاكەكانی كۆمەڵگەی پێ هەڵدەسەنگێنرێت.

نەریتەكان
الاعراف
**mores**
ڕێساكان
السنن

پێوەره كۆمەڵایەتیەكانی ڕەفتار لـەناو كۆمـەڵێك، ئـەو پێوەرانـە تاكـەكان ناچار دەكـەن كـە پابەنـدبن پێوەی، ئـەوەی لێشـی لابدات تووشی سزای ناڕەسمی دەبێت، نەریتەكان بوونیان بەپێویست دەزانرێت بۆ خۆشگوزەرانی كۆمەڵ.

دەبەنگ
المورون
**Moron**
المأفون

یەكەم توێژه لەتوێـژەكانی لاوازی ئـەقلی (feeble-minded)، تەمـەنی ئـەقلی ئـەم توێـژه لـەنێوان (8-12) سـاڵ دەبێت، دوای ئەوان توێژی گەمژه (imbecile) دێت كەتەمەنی ئـەقلیان لـەنێوان (3-7) سـاڵ دەبێـت، پاشـان توێـژی گێـل (idiot) دێت كە تەمەنی ئەقلیان لەنێوان (1-2) ساڵ دەبێت.

مورفۆلوجیا
المورفولوجیا
**morphlogy**
شێوەناسی

زانستێكە گرینگی بەشێوەی دەرەكی گیاندار یان ڕووەك دەدات، یاخود بەپێكهاتەی جەستەی زیندووەكان.

مۆرفۆلۆجیا پەیوەستی بەفسیۆفۆجیاوه هەیە، كەتوێژینەوه لەفەرمانەكانی جەستە زیندووەكان دەكات.

تێكڕای مردن
معدل الوفیات
**Morality rate**

تەماشا بكە:
**Death rate**

دایكایەتی
الأمومة
**Mother hood**

ئەو ڕۆڵەی كەدایك لەكۆمەڵگە پێی هەڵدەسێت، ئەویش بەهۆی پێگەیاندنی منداڵێك یان زیاتر.

دەوترێـت: خزمایـەتی دایـك (mother kin) واتـە پەیوەسـت بـوون بەدایكـەوه زۆربـەی شـێوه سـەرەتاییەكانی ئاینەسروشـتیەكان، باوەڕیـان بەخواوەنـدی (mother goddeess) دایـك هـەبووه، یـان دایكـی مـەزن، چـونكە ئـایین بایەخێكی زۆری بەدیاردەی (پیتێتی) منداڵبوون داوه، نموونەی ئەوەش ئیزیس لەئاینی میسرییە كۆنەكان.

هـەروەها دەوترێـت گرێـی دایـك (mother complex) مەبەسـتیش لێـی گرێـی ئۆدیـب و غـەریزەی دایكایەتیـە (mother instinct)، واتە ئەو ڕەفتارەی بەرەو چاودێریكردنی منداڵ دەچێت.

دەوترێت، مافی دایك (mother right) واتـە ئـەو ڕێكخسـتنە كۆمەڵایەتیـەی كەلـە ئەوپـەڕی شێوەكانیدا، بریتـی دەبێـت لەچڕ بوونەوەی دەسەڵات لای دایك، هەروەها نیشتەجێ بوون لەگەڵ دایك (matrilocal) و میراتیش هـەر لەچوارچێوەی خزم و لقەكانی دایك دەمێنێتەوه.

ئەمەو زاراوەی ئەلتـەرناتیفی دایـك (mother-surragate) بـەمانای ئـەو كەسـەی كـەرۆڵی دایـك وەردەگرێت، ڕەنگیشە نیشتمان وەك ئەلتەرناتیفێك بێت بۆ دایك.

هاندان | الحفز | **Motivation**

واتە، وروژانـدنی چـالاکی و کۆنترۆلکردنی و ئاراسـتەکردنی بـەرەو ئامـانجێکی دیـاریکراودا، هـەروەها مەبەسـت لێـی بـەکار هێنانی هاندەرە رەفتارییە جیاوازەکانە بۆ وروژاندنی ئیرادەی تاك لەکارکردن بەو شێوەی کەپێویست دەکات.

پاڵنەر | الدافع | **Motive**

هۆکارێکە بۆ جوڵاندنی هەست و کارپێکردن، ئەگەر خۆڕسك بێت یان وەرگیراو، هەست پێکراو بێت یاخود ناهەسـت پێکـراو، ئەو هۆکارە چالاکی تاك بۆ ئەرك بەجێگەیاندن و جێبەجێکردنی ئامانجێك دەوروژێنێت، دیارە ئەو خەسلەتەش لەناو خـۆی تاکدا دروست دەبێت وەك ئەنجامێك بۆ شارەزاییەکانی لەژیاندا.

هەروەها ڕەنگە پاڵنەر خودی بێت (intrinsicn motive) کاتێ دیاردەکانی ئەو چالاکیەی کەڕوو دەدەن تەنها خـودی بـن، ئەمـەو ڕەنگـە بەرێککـەوتیش (extrinsic) بێـت، لێـرەدا دیـاردە ڕەسـەنەکانی چـالاکی مەبەسـتی خودنیـە، بـەڵکو دەبێتـە هۆکارێك یاخود ئامرازێك بۆ شتێکی دیکە.

لێرەدا پێویسـت دەکـات جیـاوازی بکرێـت لـەنێوان پاڵنـەرو هانـدەر، پاڵنـەر (یـان پـاڵ پێوەنـەر) (motive) ئامادەکارییـەکی ناوخۆییـە، رەفتـار دەوروژێنێـت و بـەردەوامی پێـدەدات تـا دەگاتـە ئامـانجێکی دیـاریکراو، نموونـەش دیاردەکانی برسـێتی و تینۆێتی و هەست کردن بەئەرکی سەرشان.

بـەڵام هانـدەر، (incentive) هەڵوێسـتێکی دەرەکـی مـادی، یـانیش کۆمەڵایـەتی دەبێـت، پالپێوەنـەر بەدەنگیـەوە دێـت وەك خواردن و خواردنەوەو بوونی پاداشت یان فەرمانێك کە پالپێوەنەرەکانی مرۆڤ پێی رازی دەبن.

پاڵنەر لەناوخۆی تاك دەبێت و هاندەریش لەدەرەوەی.

تەماشا بکە: پاڵنەری غەریزی impuls هاندەرIncentive

شیوەن خەمباری | الحزن | **Mourning**
ڕەش پۆش | الحِداد |

واتە، دەربڕینی خەم و پەژارە بەرامبەر کەسی مردوو، ڕەنگە ئەو کارەش بەکۆمەڵ یان بەتاك بێت، ئەویش بـەپێی کولتـورە جیاوازەکاندا روودەدات.

لـەو جـۆرە نەریتانـەش، رۆژو گـرتن یـان خـواردن، یـاخود پـرچ بـڕین، یـانیش دوورکەوتنـەوە لـەکاری سیکسـی روو دەدات، هەروەها هەستان بەهەندێ نەریتی خۆپاککردنەوەو لەبەرکردنی جل و بەرگی رەش، یانیش سپی و ...هتد.

بزاوت | الحركة | **Movement**
جوڵە

جوڵەکردن بەواتای گۆڕینێکی بەردەوام، ڕەنگە ئەو گۆڕینە لەچەندایەتی یان لەچۆنیەتی یاخود لەشـوێن یـانیش لـەڕەوش و دۆخەکەدا ڕوودەدات.

لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە مەبەست لەجوڵە، ئەو گۆڕانکارییـە توونداەنیـە کـەڕوودەدەن لەیـەك یـان لەچـەند بـوارێکی چـالاکی مرۆڤایەتی.

دەوترێت: جوڵەی ئابوری **Economic movement**

جوڵەی هزری **Intellectual movement**

جوڵەی کرێکاری **Labour movement**

**Political movement** | جوڵەی سیاسی

**Social movement** | تەماشا بکە: جوڵەی کۆمەڵایەتی

**Mulatto** | المُوَلَّد | دوورەگ

ئەو کەسەی لەدوو ڕەچەڵەکی جیاواز لەدایك بووە، لێرەدا جیاوازییەکی روون نیە لەنێوان وشەی (دوورەگ) و وشەی (ناڕسەن) (خلاسیی)، ئەگەر چی لەزۆربەاردا بۆ چوون وایە کەکەسی ناڕسەن (خلاسی) ئەو کەسەیە کە ڕەچەلەکێکی قولەڕەش بێت، لەکاتێکدا کەسی دوو ڕەگ لەدایك بووی دوو ڕەچەڵەکی ناقوڵەڕەشە.

بەهەر حاڵ دوو ڕەگ و ناڕسەن دوو زاراوەی ڕێژەیین، ئاماژەیەکی ڕەهاو روونیان نیە.

**Multi group membership** | عضوية الجماعات المتعددة | ئەندامیەتی فرە گروپ

واتە ئەندامیەتی تاکێك لەناو زیاتر لەگروپێك، ئەو دیاردەیەش زۆر روو دەدات، واپێویستیش دەکات ئەو کەسەی کەلێکۆڵینەوە دەربارەی کۆمەڵگە دەکات و لەکاتی شیکردنەوەی بۆ بونیادی کۆمەڵایەتی یان بۆ ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، لەوەتێ بگات کە گروپە کۆمەڵایەتیەکان، ئەندامەکانیان لەهەمان کاتدا ئەندامی گروپی دیکەن، هەروەها درك بەو کاریگەریانەش بکات کە بەهۆی ئەو دیاردەوە دێنەدی، ئەوەندەی پەیوەستیان بەتەواوکاری کۆمەڵایەتی و لادان و ململانێ و ململانێی بەهاکان..هەیە.

ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، گروپی سەرچاوەی زۆر دەگرێتە خۆی، ڕەنگە زۆر کەمیش هەست بەرەفتاری تاك بکرێت، وەك یەکەیەك بۆ هەر گروپێك لەوگروپە زۆرانەی کەتاك بەشدرای ئەندامیەتیان دەکات.

**Multi lateralism** | تعدد الاطراف | فرەلایەن چەند لایەنە

زاراوەکە لەزانستی ئابوریدا، ئاماژە بۆ شێوازێك لەشێوزەکانی بازرگانی دەکات لەنێوان سێ ولات یان زیاتر، ئەو شێوازە بازرگانیەشی لەسەر بنچینەی ئازادی لەئاڵ و گۆڕکردنی پارە هەڵدەسێت، لەنێوان هەندێك و هەندێکی دیکە.

ڕێکخراوی یەکێتی پارەپێدانی ئەوروپی نموونەیەکە بۆ کۆمەڵە ولاتێك کەبە کاری بازرگانی فرە لایەن هەڵدەستن لەنێوان خۆیاندا.

**Muli modalcurve** | المنحني المتعدد القيم | چەماوەی فرەبەها

چەماوەی فرەنرخی لەئاماردا، ئەنجامی نەگونجان و لەبار نەبوونی ئەو نموونەیەیە کە توێژنەوەکە دەیگرێتەوە، لەدابەش بوونیشدا دەردەکەوێت لەکۆمەلەی گشتی جیابوونەوەیەك هەیە بۆ دوو کۆمەڵە یاخود زیاتر.

**Multi partism** | نظام تعدد الاحزاب | سیستمی فرە حزبی

فرە حزبی هۆکارێکە بۆ ڕێکخستنی هێزە سیاسیەکان لەدەوڵەتە دیموکراسیەکاندا.

لەبارێکی ئاساییدا ئاراستەکانی ئەو حزبانە لەنێوان ئەو پەڕی راست و ئەو پەڕی چەپ خۆی دەبینێتەوە.

لێکدراو

کۆلکەی لێکدان

المُضاعِف

**Multi plier**

زاراوەیەکە بەهاوکۆلکەی ژمارەیی دەوترێت، کەبڕی زۆربوون لەداهاتی نەتەوەیی ڕووندەکاتەوە، ئەو بڕەی لەزۆر بوونی بنچینەیی خەرجکردندا پەیدابووە، ئەویش بەهۆی ئەو کارتێکردنەی کە زۆر بوونە کۆتاییەکە هەیەتی لەسەر بەکاربردن لەئاست خەرجی نەتەوەییدا.

بەدەربڕینێکی دیکە، دەکرێ بووترێت کەلێکدراو زاراوەیەکە باس لەو پەیوەندییە دەکات کەئارەزوو بۆ بەکاربردن گوزارشتی لێدەکات، ئارەزوو بۆ بەکاربردنیش بریتیە لەڕێژەی نێوان زۆری لەبەکاربردن و زۆری لەداهات.

دەوترێت: چەند لێکدراوی کارپێکردن (employment multiplier) بۆ ئەو بڕە زیاد بووە کۆتاییە لەکارپێکردن، کەلەئەنجامی زۆربوونی وەبەرهێنانەوە دروست دەبێت.

بەڕێوەبەرێتی شارەوانی

البلدية

**Municipal administration**

دەزگایەکی جێبەجێکردنی ئەنجومەنی شارەوانیە، شارەوانیەکان گوزارشت لەواقیعیکی کۆمەڵایەتی و ئابوری و مێژوویی دەکەن، ئەو دەزگایە یەکەم گردبوونەوەی دانشتوانی شارە، تێیدا ژیان جێگیر دەبێت و هەستێکی بەهێزی هاوکاری لەنێوانیاندا دروست دەبێت.

ئەنجومەنی شارەوانی ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراوە، ئەرکی بەرژەوەندییە خۆجێیەکان لەبازنەی شارەکەدا لەئەستۆ دەگرێت، بوارەکانی تەندروستی و فێربوون و خزمەت گوزارییە کۆمەڵایەتیەکان و هاتوچۆو بواری خزمەتگوزاری گشتی دەگرێتەوە.

داهاتە داراییەکانی ئەنجوومەنی شارەوانی بریتی دەبێت لەباج و هاوکاریەکانی حکومەت و یارمەتی و پیتاکی خەڵکی، ئەنجومەن یاساو ڕێنماییە گشتیەکان دەردەکات (municipal ordinances)، ئەو یاساو ڕێنماییانە لەسنوری شارەوانی و بەمەبەستی ڕێکخستنی کاروبارەکان کاری پێدەکرێت.

هەروەها دادگاکانی شارەوانی (municipal courts) بوونیان دەبێت، ئەرکەکانیشی سنوری شارەوانی تێپەڕناکات، بەلەئەستۆگرتن و بەڕێوەبردنی دامەزراوە جیاوازەکان، دەوترێت (municipal isation) واتە ڕێکخستنی شارەوانی، ئەویش ئاراستەیەکە بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی شارەوانی.

سۆسیالیزمی ئەنجومەنی شارەوانیەکان

اشتراكية المجالس البلدية

**Municipal Socialism**

سیستمێکی سۆسیالستیە، دەکەوێتە نێوان سۆسیالستی هەرەوەزی (associative socialism)، و سۆسیالستی دەوڵەت (state socialism)، ئەم ڕێبازە تاڕادەیەك هاوکاری نێوان ناوچەکارگێڕییە جیاوازەکان دەگرێتە خۆی.

مۆزەخانە

المتحف

**Museum**

دامەزراوەیەکی زانستی و ڕۆشنبیرییە، ئامانجی خستنەڕووی کەلەپوری مرۆڤایەتی و چەند لایەنێکە لەمێژووی سروشتی، یاخود دیمەنەکانی، لەگەڵ بوارەکانی پەرەسەندنی پێشکەوتنی زانستی و پیشەسازی و هونەری بەشێوازێکی سەرنج ڕاکێش.

مۆزەخانە بەپەیمانگایەکی تۆژینەوەو لێکۆڵینەوە دادەنرێت بۆ توێژەران و لێکۆلەرەوان.

مۆسیقا

الموسيقى

**Music**

هونەری ئاوازو دەنگ خۆشی و هەرچی پەیوەست بێت پێوەی لەبوارەکانی زانست و زانیاری، ئەو دەنگانەی کەلەئامێرە موسیقیەکانەوە دەردەچن بەجۆراو جۆری و سازاندن و ڕێتمی جوان دەناسرێن.

مۆسیقا ئەرکێکی کۆمەڵایەتیشی هەیە، وەك ئەرکی زمان، ئەو دەنگەکان بەکاردەهێنێت وەك ناوەندێك یان هۆکارێك

لەجیاتی وشەکان، هەروەها ئەوەی لەموسیقاژەنەوە دەگوازرێتەوە بۆ گوێگر، ئەوە بەهایەکی کۆمەڵایەتی دەبێت، بۆیە مۆسیقا هۆکارێکە بۆ بەستنەوەی هەستەکان و هێنانەدی بەشداری ویژدانی.

مۆسیقا لەدروست بوونیەوە، بەداب و نەریتە ئاینیەکانەوە پەیوەست بووە، چونکە باوەڕوابوو کەکارتێکردنی بەسەرهێزە شاراوەکان دەبێت، بۆیە زاناکانی رەفتار ناسی بایەخیان بەلێکۆڵینەوەی بەراوردکارانەی مۆسیقاداوە لەکولتورە جیاوازەکانەوە (ethnomusi cology).

مۆسیقا وەك چارەسەرکردنێك بەکار دەهێنرێت بۆ هەندێ نەخۆشی دەروونی ئەویش بەهۆی کلینەکەکانی چارەسەری بەمۆسیقا (music otherrapy clinics).

**Mutation** — التحول الفجائي — بۆماوە بازدان، وەرچەرخانی کتوپڕ

گۆڕین لەزانستی ژیان، گۆڕینێکی کتوپڕی نەوەیی لەڕەچەلەکەکانەوە، ئەو دیاردەیە لەهەندێ خەسڵەتی گرینگدا دەردەکەوێت، دیارە ئەو گۆڕینە لە فاکتەرەگرینگەکانی پەرەسەندنی ئێستای جۆرەکان و ئەوانی لەناوچوون دادەنرێت.

**Mutualism** — التبادلية، التعاضدية — ئاڵ و گۆڕیەتی، هاوکاری

ناوێکە لەلایەن (برودون)ەوە بەو سیستمە کۆمەڵایەتیە وتراوە کەلەسەر بنەمای هاوسەنگی و پایەند بوونی بەرامبەر یەك دادەمەزرێت.

لەدەروونناسیدا (A.Gesell.B.F.Ilg) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەئاڵ و گۆڕی بەسوود، قۆناغێکە لەقۆناغەکانی بالایی کۆمەڵایەتی تاك، دەست پێدەکات لە ناوەڕاستی دووەم ساڵدا، لەو قۆناغەدا منداڵ بەشێوەیەکی تایبەت ئارەزووی کۆمەڵە یارییەك دەبێت لەیارییەکانی ئاڵوگۆڕی.

**Mutuality** — جمعية المنافع المتبادلة — کۆمەڵەی ئاڵ و گۆڕی بەرژەوەندیەکان

مەبەست لەزاراوەکە، کۆمەڵەیەك، ئەندامانی پیشەیەك یان دامەزراوەیەك دەگرێتە خۆی، هەموویان بەشێوەیەکی خولی بەشداریان دەبێت، کۆمەڵە کار بۆ هاوکارییان دەکات لەکاتی ڕوودانی کارەساتە جیاوازەکاندا.

**Mystery cults** — العقائد السرية — بیروباوەڕە نهێنیەکان

نهێنی ئاینە کۆنەکان، بریتیە لە ڕێ و ڕەسم و داب و نەریت و بیروباوەڕە شاراوەکان دەربارەی خەڵکی بەگشتی، ئەو کەسانەش ئاشکرای ناکەن تەنها دوای ئەوەی ئەو کەسانەی پێڕەوی دەکەن لە پلەی نەوکارەوە بۆ پلەی ئاقلەکان سەردەکەون.

ئاینی نهێنی (mystery religion) ئەو ئاینەیە کەبایەخێکی گەورە بەتاك دەدات نەك تەنها بەکۆمەڵ، تاکەکانیش پاش هەستانیان بەئەرك و نەریتەکە ئەو جا لەئاینەکە وەردەگیرێن.

لەئەنترۆپۆلۆجیادا، دەوترێت: ئاهەنگ و نەریتە نهێنیەکان (mystery ceremonies or cults) مەبەستیش ئەو ئەرك و نەریتانەیە کە ئەندامە تایبەتیەکانی ئاینەکە ئامادەی دەبن.

ئەو ئاهەنگە ئاینیانە چەندین نهێنی گرینگ دەربارەی کۆمەڵەکە دەگرێتە خۆی و کاریشیان پێدەکرێت بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە هۆکارەکانی بوونیان.

**mysticism** مذهب التصوف ڕێبازی سۆفیگەریتی

ڕێبازێکە باوەڕی وایە کە گەیشتن بەڕاستی کۆتایی ئەوا لەڕێگەی زەین ڕوینەوە دەبێت نەك بەهۆی ئەقلەوە یان ئەزموونی هەست پێکراو.

هەروەها زانینی ڕاستەوخۆبەخوا، یاخود بەڕاستی ڕۆحی، دەگرێ مرۆڤ بەهۆی ڕامان و خەونەوە پێی بگات، یانیش بەهۆی هەستێکی ناوەکی بێتەدی و بەڕێگایەکی جیاواز لەدرك پێکردنی هەستی ئاسایی یان خولقاندنی بیرکردنەوەی لۆژیکی.

سۆفیگەرێتی، بەهۆی حاڵەتی بەتەنگ دنیا نەهاتن و ژیانی سۆفیەتی و چوونە خەلوەت، هەروەها دوورکەوتنەوە لەخراپەو داوێن پیسی و هەڵگرتنی ڕەفتاری چاکەو پاککردنەوەی دەروون و باڵا بوونی ڕۆحی، کاری پێدەکرێت، دیارە ئەوەش حالەتێکی دەروونیە تێیدا تاك هەست دەکات بەوەی لەپەیوەندیکردنە بەباوەڕێکی بەرزەوە.

**Myth** الاسطورة الدينية ئەفسانە

چیرۆکێکی ئەندێشەییە بەهۆی گێڕانەوە دەگوزارێتەوە، باسی کارو ڕووداوی لە ڕادەبەدەرەکانی خواوەندەکان دەکات.

ئەفسانە جیاوازە لەو داستانەی باس لەکاروکردەوەی مرۆڤایەتی دەکات، هەروەها جیاوازە لەو قسەپڕوپووچانەی داهێنراون بەمەبەستی فێربوون و ڕابواردن.

لەنێوان ئەفسانەو ئاین پەیوەندی هەیە، بەزۆریش داب و نەریتە ئاینیەکان ڕووداوەکانی ئەفسانە دەگێڕێتەوە، ئەفسانە بەئەقلێکی سەرەتایی دیاردەکانی گەردوون و سروشت و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان ڕووندەکاتەوە.

**Mythology** الميثولوجيا ئەفسانەیی / ئەفسانەناسی

کۆمەڵە ئەفسانەییکە لەکولتورێکدا باو دەبێت، وەك ئەو چیرۆکە ئەندێشەییانەی باس لەپاڵەوان و خواوەندەکان دەکەن، ئەفسانە هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوەی دیاردە جیاوازەکانی سروشت و کۆمەڵگە، ئەفسانە بەشێکی گەورەی ئەدەبی نەنوسراو دەگرێتەوە، هەروەها زاراوەکە ئاماژە بۆ ئەو زانستە دەکات کەلێکۆڵینەوە لە ئەفسانەکان دەکات.

**mythomania** جنون الكذب شێتی درۆکردن / زۆر حەزلەدرۆکردن

ئارەزوویەکی نەخۆشییە، بەرەو گێڕانەوەو دروست کردنی ڕۆمانی درۆو ئەندیشاوی و زیاد ڕۆیشتن لەسەریان و بەبێ ئەوەی قسەکان فڕیان بەسەر ڕاستیەوە هەبێت.

# N

عەشقی خود | النرجسية | **Narcissism**
نێرگزایەتی | عشق

مەبەست لەم زاراوەیە لەشیکردنەوەی دەروونیدا ئەو قۆناغەی کەتاك تێیدا ئارەزووی ئەوەی دەبێت کە خودی خۆی خۆش بوێت، یان ئاشقی خۆی بێت، ئەو جۆرە ئارەزووەش لەچەند حالەتێکی نەخۆشی تووندا پەیدا دەبێت بەتایبەتی نەخۆشیە ئەقلیەکان.

مادە هۆشبەرەکان | المخدرات | **Narcotics**
(بێهۆشکەر)

ئەو داوو دەرمانانەی بەکار دەهێنرێن بۆ هێمنی کردنەوەو چاککردنەوە، دیارە زۆری بەکارهێنانیانیشی دەبێتە هۆی خوو پێوەگرتن. دەوترێت: شیکردنەوەی دەروونی لەژێرکارتێکردنی بەنج (سڕکردن)، (narcom analysis)، ئەو شێوە چارەسەرکردنە پشت بەسڕکردنی نەخۆشی دەبەستێت ئەویش بەمادەیەکی سڕکەری تایبەت کەبەهۆی دەرزییەوە دەدرێتە نەخۆش، تاوای لێدێت، لەنێوان دۆخی ئاگایی و خاوبوونەوەدا دەبێت و ڕێگاش بەوە دەدا کەلەگەڵی بدوێن و یارمەتی بدرێت بۆ ئەوەی ئەزموون و بەسەرهاتەکانی بەبیربێتەوە.

تەماشا بکە: دەرمانەکان **Drugs**

بەپیتی | الخصوبة | **Natality**
ژمارەی لەدایك بوون | عدد المواليد

مەبەست لەزاراوەکە لەزانستی دانیشتواندا، ئەو دیاردانەی پەیوەستن بەلەدایکبوون یان زاوزێکردن، لێکۆڵینەوە لەپیتین، بایەخ بەلەدایك بووەکان و تێکڕای ئەو دیاردەیە (natality rate) دەدات، لەگەڵ ئەو هۆکارانەی کارتێکردنیان تێی دەبێت بەگشتی.
بۆ ئامادەکردنی لەدایکبووەکان زاراوەی پیتینی کارا یاخود ڕاستی بەکار دەهێنرێت (natality rate)، لەکاتێکدا ژمارەی لەدایك بووە مردووەکان پشت گوێ دەخرێت، بەڵام ڕەنگە لەژماردنی لەدایکبووە زیندوو مردووەکان کاری پێ بکرێت، بۆیە دەوترێت پیتینی گشتی (total fertility)

نەتەوە، گەل | الامة، الشعب | **nation**
میللەت | القوم

کۆمەڵە تاکێکن، کولتورێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە بەپشت بەستن بە یەکگرتوویی ڕەچەڵەك یان زمان یاخود ئاین، هەروەها مێژوو کەلەپوری کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندییە ئابوریەکان بەیەکیان دەبەستێتەوە، ئەو کۆمەڵە خەڵکە لەسەر یەك پارچە زەوی دەژین و هەموویان کاردەکەن لەپێناو بەردەوامبوونی ئەو پەیوەستیانە لەڕووی سیاسییەوەو لەچوارچێوەی دەوڵەتدا.

تەماشا بکە: کۆمەڵگەیەکی میللی **Folk**

ژمێرە نەتەوەییەکان | الحسابات القومية | **National accounts**

مەبەست لەم زاراوەیە، تێکڕایی زانیارییە ئابوری و داراییەکان، بۆ هەموو یەکەو دامەزراوە ئابورییە جیاوازەکان لەوڵاتێکدا

(کەسەکان، دامەزراوە بازرگانیەکان، یەکەو دەزگاکانی حکومەت..هتد) ئەویش لەسەر شێوەی حیساباتێکی یەکگرتوودا، دیارە مەبەستیش لەو کارە وێناکردن و روونکردنەوەی ئەو پەرەسەندنە ئابوری و داراییانەیە کەئابوری نیشتمانی لەماوەیەکی دیاریکراودا ساڵێك، یان نیوساڵ هاتۆتەدی، بۆ زانینی ڕادەی پەرەسەندنی ئابوری نەتەوەیی لەکاتێکەوە تاکاتێکی دیکە، لەم بارەوەش هەر بەپێی روونکردنەوەکانی ئەو ژمێرەکاریە نیشتمانی و نەتەوەییانە، ئەوا پلانی پێویست دادەنرێت.

ئابوری نەتەوەیی دابەش دەبێتە سەر: کەرتی کاروبارەکان کە ئەویش کەرتی بەرهەمهێنانە (بەرهەمهێانی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان) لەگەڵ کەرتی بەکار بردن، لەبەشەکانی دیکەی ئابوری نەتەوەیی: کەرتی خزمەتگوزاریە گشتیەکان-کەرتی کارگێڕی و کەرتی نیوەندکارە داراییەکان، واتە بانك و کۆمپانیاکانی دابینکردنی ژیان، هەروەها کەرتی جیهانی دەرەکی.

ژمێرەکاری نەتەوەیی، بەپەلەگەیشتنی کەل و پەل و خزمەتگوزاریەکان، هەروەها داهاتەکان لەنێوان کەرتەجیاوازەکانی ئابوری نەتەوەیی روونەدەکاتەوە.

لەحیساباتی نەتەوەیی کۆمەڵە بنەماو بنچینەیەکی ئابوری و ئامێرو کەرەستەکانی ژمێریاری و بیرکاری ئاماری بەکار دەهێنرێت، کەئامانج لێیان کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانەیە کەنیشانە ئابوریەکان دەربارەی چالاکی ئابوری کۆکەرەوەیی بۆ کۆمەڵگە هەڵدەگرێت ئەویش لەمیانەی ئەو ماوەیەی کەئەو حساباتە لێکی دەداتەوە.

ژمێرەکاری نەتەوەیی ئەم بابەتانە دەگرێتە خۆی:

| | |
|---|---|
| 1- بودجەی نەتەوەیی | Natial balance sheets |
| 2- ژمێرەکاری تەرازووی پێدان | Balance of payments accounts |
| 3- ژمێرەکاری زۆرهاتنی پارەو سامان | Flow of funds accounts |
| 4- خشتەی هاوێشتەکان دەرهێنراوەکان | In put-output tables |
| 5- ژمێرەکاری دەسهاتی نەتەوەیی | National income accounts |
| ژمێرەکاری بەکۆمەڵ (کۆمەڵگە) | Ana: social accounting |

مۆرکی نەتەوەیی بۆ کەسێتی — الطابع القومي للشخصية — **National character**

واتە چەند خەسڵەتێك یانچەند شێوەو روخسارێك کە بۆ ئەندامیەتی تاك دەگەڕێتەوە لەنەتەوەیەکی دیاریکراودا ، یاخود ئەو جۆرە خەسڵەت و رەفتارانەی کەرۆڵەکانی نەتەوەیەك لەرۆڵەکانی نەتەوەیەکی دیکە جیاواز دەکاتەوە، ئەو شێوازەش بەڕادەیەکی ئاشکراجێگیر دەبێت، بەلام لەهەمان کاتدا دیاردەکە دەبەسترێتەوە بەخەسڵەتە گەورەکانی ئەو قۆناغە مێژووییەی کەکۆمەڵێکی نەتەوەیی پێیدا تێپەڕ دەبێت، لەوەشداو لەدروستبوونی پشت بەبوونی کەمترین رادەی لەیەکچوون دەبەستێت لەپرۆسەبنچینەییەکانی گونجاندن کەلای ئەندامانی نەتەوەیەك دێتەدی، لەئەنجامی فەراهەم بوونی پلەیەك لەیەکچوون لە بارودۆخی ئەو ژینگەیەی کەبەرەو ڕووی هەموو لایەك دەبێتەوە.

داهاتی نەتەوەیی — الدخل القومي — **National income**

تەماشا بکە: دەرامەتی نەتەوەیی — **Income national**

پلان دانانی نەتەوەیی — التخطيط القومي — **National planning**

پلانی نەتەوەیی لەسەر بنچینەی لێکۆڵینەوەیەکی تەواوو هەمەلایەنە بۆ پێداویستیە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دادەنرێت،

ئەویش بەدانانی ئەو پلانانەی کەبەکارهێنانی تەواو بۆ هەموو دەرامەت و تواناکانی کۆمەڵگە دەستەبەر دەکات، لەپێناو ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو پێداویستیانە.
پلانی نەتەوەیی لەسەر ئاستی نەتەوەیی، بەخەسلەت و تایبەتمەندی سەردەمی تازە دادەنرێت لەهەموو ئەو دەوڵەتانەی کار بەبنەمای پلاندانان دەکەن، چونکە دانانی پرۆژەیەکی نەتەوەیی، پێویست بەبوونی رادەیەك لەناوەندێتی دەکات لەوکارەدا، بۆ ئەوەی لەتوانادا بێت بەدەرکردنی بڕیارەکان و دانانی ئەو پلانانەی کەهەموو بەشەکانی نیشتمان دەگەڕێتەوە.

**بەروبوومی نەتەوەیی** **الناتج القومي** **National product**

مەبەست لەبەرهەمی نەتەوەیی، بەهای دراوییە بۆ هەر کاڵاو خزمەتگوزارییەك کە لەلایەن نەتەوەوە بەرهەم دەهێنرێت لەکاتێکی دیاریکراودا، لەبارێکی ئاسایی یەك ساڵ دەژمێردرێت.
کەواتە، بەرهەمی نەتەوەیی بریتیە لەتێکڕای زۆربوون و هەڵقوڵانی بەرهەم، ئەو دیاردەیەش وەك باوە بەچەند جۆرە دراوێك یەکە گوزارشتی لێدەکرێت، وەك ئەوەی بوترێت: ئەوەندە دولار، یان جونیە، یاخود فرەنك لەساڵێکداو بەوشێوە لەنێوان ئابوری ناسان رێککەوتنێکی گەورە هەیە لەسەر ئەوەی بەرهەمی نەتەوەیی و داهاتی نەتەوەیی و خەرجیە نەتەوەییەکان بۆ هەر نەتەوەیەك و بۆ هەر ماوەیەك، هەموویان لەڕووی پێناسەوە یەکسان دەبن، بەمەرجێك بۆ هەرسێکیان هەمان نرخ کاری پێبکرێت، بۆ ئەوەی کاڵاو خزمەتگوزارییە بەرهەمهێنراوو فرۆشراوەکان هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت.

**سۆسیالیزمی نەتەوەیی** **الاشتراكية القومية** **National socialism**

ئایدیۆلوجیاو بزووتنەوەیەکە لەلایەن ئەدولف هتلەر ەوە لەبیستەکانی سەدەی رابردوو دامەزراوە، حوکمڕانی وڵاتی ئەڵمانیای گرتە دەست لەنێوان (1933 1945)ز.
ڕێبازەکە لەناوەرۆکدا پشت بەڕەگەز پەرستیەکی توند دەبەستێت، بەپێی بۆ چوونی ئەو ڕێبازە، مێژوو وەك ململانێیەکە لەنێوان ڕەچەڵەکە باڵاکان و ڕەچەلەکەکانی خوارەوە.
هەر بەپێی بیروبۆچوونی ئەم ڕێبازە، گەلانی ئاری بەرزترین ئەو کۆمەڵانەن کەمەترسی تێکەڵاوبوونی ڕەگەزییان تووش دەبێت، لەگەڵ زاڵبوونی جووڵەکەش کەکار بۆ دارمانی هێزی ئەو نەتەوانە دەکەن، ئەویش لەڕێگای بیروباوەڕو سیستمەکانی ئازادی و دیموکراسی و دەبنە هۆی ئەوەی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان و مارکسیەکان دەسەڵات بگرنە دەست، ئەوانی نەتەوە دابەش دەکەن بەهۆی ململانێی نێوان چینەکان.
ئامانجی کۆتایی بۆ بزووتنەوەی سۆسیالیزمی نەتەوەیی، یەکگرتنی هێزەکانە لەژێر سەرکردایەتیەکی بەهێزو پڕچەککردنی نەتەوەو دامەزراندنی ئەڵمانیای گەورەو تێشکاندنی دوژمنی رۆژئاوایی بەشێوەیەکی تایبەت فەرەنسا.
لەکۆتایشدا داگیرکردنی ناوچە بەکەلکەکانی ژیان (living space) بۆ سەروەری ڕەچەڵەکی ئەڵمانیا لەرۆژهەڵاتدا.

**خۆمالیکردن** **التأميم** **Nationalization**

گواستنەوەی خاوەنداریتی لەتاکەکانەوە یان لەکۆمپانیا تایبەتیەکانەوە بۆ خاوەنداریێتی نەتەوە، واتە موڵکداری گشتی بۆ ئەوەی ئەو موڵکە ببێتە مولکی کۆمەڵ و دوور بێت لەشێوەی کارگێڕی سەرمایەداری، دیارە ئەوەش بەرامبەر قەرەبوو کردنەوەی خاوەنی ئەو پرۆژانە دەبێت، ئەوەندەی کەدەستی بەسەردا گیراوە.
ڕەنگە خۆمالیکردن پارەو سامانی بەرهەمهێنان یان ئامێرەکانی بەرهەمهێنان و یاخود پیشەسازی و زەوی و زار بگرێتەوە.

**نەتەوایەتی** **القومية** **Nationalism**

**ناسیونالیزم**

گۆڕینێکە لەهەستێکی نابابەتیانەی نادیارو شاراوەی خزمایەتی میللی، بەرەو شێوەیەك لەهۆشیاری سیاسی زیاتر ئاشکراو روون، یان بەرەو ئایدیۆلۆجیایەك کەخۆشەویستی نیشتمان بەبەهایەکی کۆمەڵایەتی بنچینەیی دادەنێت و کار لەسەر گەشە کردنی ملکەچی تاك بۆ نیشتمان دەکات.

ناسیونالیزم، هەست بەچارە نووس و ئامانج و بەرپرسیاریەتیە هاوبەشیەکانی هەموو هاوڵاتیان دەگرێتەخۆی.

**ئابوری نەتەوەیی** **القومية الاقتصادية** **Nationalism economic**

زاراوەکە گوزارشت لە ئاراستەیەك دەکات کەهەموو رێ و شوێنێك پەیرەوبکرێت بۆ گەیشتن بەئاستێك لەڤایل بوون یان بەس بوونی خودی لەئابوری نیشتمانی وڵاتێکدا.

دیارە ئەو ئاراستەیە، جۆرە خواستێك بۆ سەپاندنی باجەگومرکیەکان دەگرێتە خۆی، ئەویش بۆ پاراستنی پیشەسازییە خۆجییە تازەدامەزراوەکان، هەروەها بەخشینی جۆرە یارمەتیەك بۆ ناردنە دەرەوەی بەرهەمی ئەو پیشەسازیيانە بەمەبەستی پشتگیری لەپێگەی ئەو بەر هەمە خۆجێیانە لەئاست ڕکابەری ناو بازاڕە جیهانیەکاندا.

سەرەڕای بەکارهێنانی بەرهەمە خۆجێیەکان وەك ئەلتەرناتیڤێك بۆ ئەو کەل و پەلانەی هاوجۆری ئەوانن و لەدەرەوە هاوردە دەکرێن، لەگەڵ چەند کۆت و بەندێك بەسەر بازرگانی و کاروباری داراییدا.

**ڕەگەزنامە** **الجنسية** **Nationality**

**نەتەوە**

ئەم زاراوەیە لەکۆمەڵناسیدا خۆی لەو پەیوەستیە هاوبەشانە بەرجەستە دەکات کەنێوان تاکەکانی گەڵ کۆدەکاتەوە، وەك هاوبەشی لەڕەچەڵەکدا یان زمان یاخود بیروباوەڕ یانیش هاوبەشی لەبەرژەوەندی و هەستەکان.

لەیاساناسیدا، بریتیە لەپەیوەندییەکی یاسایی کەتاکێکی دیاریکراو بەدەوڵەت دەبەستێتەوە ئەویش لەسەر بنچینەی پاراستنی تاك لەلایەن دەوڵەت و ملکەچی بۆ دەوڵەت لە لایەن تاکەوە.

ڕەنگە زاراوەی زێدنامە، بنچینەیی یان ریشەیی بێت، ئەویش لەڕێگەی لەدایك بوونەوە بۆ تاك دەسەلمێنرێت، یان تاك بەدەستی دەهێنێت بەهۆیەکی دیکەوە نەك لەدایك بوون، وەك حاڵەتی هاوسەرگیری یاخود وەرگرتنی رەگەزنامەی وڵاتێکی دیکە.

کەسە مەعنەوییەکان، ڕەگەزنامەی ئەو دەوڵەتە بەدەست دەهێنن کە تێیدا دامەزراون، لەدوایشدا خۆیان پێ دەپارێزن.

**نیشتمان** **الوطن** **Native land**

وڵاتێکە نەتەوەیەك تێیدا نیشتەجێ بووە، تاکەکانیش هەستی پەیوەستی و ئینتیمایان بۆی دەبێت، تائەگەر هاتوو ئەو وڵاتە ژێردەستەی دەوڵەتێکی دیکەش بێت یان نەتەوەکەی هێشتا وەك دەوڵەت خۆی ڕێك نەخستبێت.

**پشت بەستن بەکولتوری نەتەوەیی** **١- الاعتماد بالثقافة القومية** **nativism**

**بوژاندنەوەی کولتوری نەتەوەیی**

واتە جوڵەو کۆششی ئەو کۆمەڵانەی ئامانجیان بەهێزکردنی کولتوری نەتەوەییە، هەروەها بەرهەڵستی کردنی فشاری کولتورە دەرەکیەکان و دوورخستنەوەی ڕەگەزە نامۆکان لەو کولتورەدا، بگرە تا دەگاتە رادەی دوورخستنەوەی کەسانی بیانیش لەکۆمەڵگەدا.

لەبەر رۆشنایی ئەم ئاراستەیە، چەندین بزووتنەوەی ئاینی و کۆمەڵایەتی و چاکسازی تۆمار دەکرێن.

تەماشا بکە: بووژاندنەوەی داب و نەریتی کۆن revivalism

زگماکی ٢- الجبلية

ڕێبازی خۆرسکی مذهب الفطرة

مەبەست لەم زاراوەیە لەدەروونناسیدا، ئەو ئاراستەیەی باوەڕی بەخۆرسکی خەسلەت و رەفتارەکاندا دەبێت، زاراوەکە وەك ئاماژەیەك بەکار هێنراوە لەسەر ئەوەی کەهەندێ رەگەز یان هۆکارەکان لەزانینی مرۆڤایەتی پشتاو پشت ماونەتەوە، واتە (بۆماوەییە)، لەدوایشدا لەتاکدا وەك حالەتێکی سەربەخۆ لەهاندان و لەئەزموونندا دەردەکەون.

ڕەنگە ئەم ڕێبازە درێژەبکێشێت بۆ تیۆری زانین ئەپستمولوجیا کەباوەڕی بەخۆرسکی بیروباوەڕو بنەماکان هەیە.

## ئابوری سروشتی الاقتصاد الطبيعي Natural economy

ئەو ئابورییەی کە کەم پارەو دراوی تێدا بەکار دەهێنرێت، ئەو ئابورییە خەسڵەتێکی دیاری کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکان بوو، لەقۆناغە سەرەتاییەکانی پەرەسەندنی ئابوریدا، لەو جۆرە ئابورییە، سیستمی ئاڵوگۆرکردن پەیرەو دەکرێت، کەلەتوانادا دەبێت کاڵایەك یاخود خزمەتگوزارییەك بەکار بهێنرێت بۆ کڕینی هەر کاڵایەك یان هەر خزمەتگوزارییەکی دیکە.

## گروپی سروشتی الجماعة الطبيعية او التلقائية Natural group

ئەو گروپانە کەبەجۆرێکی سروشتی یان لەخودی خۆیاندا پێکدێن، بێ ئەوەی هیچ فاکتەرێکی دەرەکی هەبێت بۆ پێکهێنانیان، لەناو ئەو جۆرە گروپانە، تاکەکان چەند پەیوەندییەکی توند لەنێوانیاندا پەیدا دەبێت لەسەر بنچینەی گونجاندن یاخود دۆستایەتی و هەست کردن بەئاسوودەیی.

ئەو گروپانە بەپێچەوانەی ئەوانی تاکەکان ڕێکیان دەخەن لەدەرەوەی گروپ، ئەوانە بەرژەوەندییەکانیان لەسەر بنچینەی دۆستایەتی کەسێتی دروست نابێت، بەڵکو ئەندامانی گروپ چەند بەرژەوەندییەکی دیکە بەیەکیان دەبەستێتەوە.

## یاسای سروشتی القانون الطبيعي Natural law

1- مەبەست لێی ئەو سیستم و بنەمایانەی گەردوون لەسەریان دەڕوات.

2- شێوزێکە لەڕێساو بنەماکان، بەپێی ئەوانە کاروباری مرۆڤایەتی سەربەخۆ لەهەریاسایەکی ڕەوشکاری بەڕێوە دەچێت. ئەو ڕێساو بنەمایانە بوونیان لەبیرکردنەوەی مرۆڤ دەربارەی سروشتەکەی خۆی، وەك خوڵقێنراوێکی هۆشیاری کۆمەڵایەتی، وەردەگیرێت.

3- رەفتاری کۆمەڵایەتی سەلێنراو لەسەربنچینەی داب و نەریت و ئاین، نەك لەسەر بنچینەی یاسای دانراو.

## مافە سروشتیەکان الحقوق الطبيعية Natural rights

ئەو ئازادییە کەسایەتیانەن کەبەڕاستیەکی سروشتی و بەهایی ڕەها دادەنرێن لەیەك کاتدا.

مافە سروشتیەکان لەبەر ئەوەی بوونیان لەسروشتی مرۆڤدا هەیە، بەخۆڕسکی و بۆ ماوەیی دادەنرێن، ناکرێ مرۆڤ دەستیان لێ هەڵبگرێت، هەروەها ناکرێ هیچ دەسەڵاتێك دەستی بەسەردا بگرێت یاخود دایماڵێت لەتاك.

گرینگترین مافە سروشتیەکانیش، بریتین لە: مافی ژیان و ئازادی و یەکسانی، پێویستە ئەو مافانە فەراهەم بکرێن بۆ هەموو مرۆڤێك و لەهەموو کاتێکداو لە ژێر هەر بارێکدا بێت.

هەڵبژاردنی سروشتی | الانتخابات الطبيعي | Narural selection

تەماشا بکە: هەڵبژێری سروشتی | | Selection natural

رێبازی سروشتگەرایی | المذهب الطبيعي | naturalism

1- بەشێوەیەکی گشتی ئەم رێبازە شتەکان تەنها بۆ سروشت دەگەڕێنێتەوە، هەموو شتێك لەبەر رۆشنایی سروشتدا راڤە دەکات و دیاردەکانیش بۆ سروشت دەگەڕێنێتەوە هەرکارتێکردنێك بەسەر سروشتدا تێپەڕ بێت بەدووری دەزانێت، ئەم رێبازە کاریگەری تیۆری (دارونی) بەسەرەوەیە کەمرۆڤ بەگشتی بۆ سیستمی سروشت دەگەرێنێتەوەو هیچ رۆحێکی نیە، یان هەر پەیوەندییەك بەجیهانێکی رۆحی لەپشتەوەی سروشتدانیە.

لێرەدا رەفتاری مرۆڤ و چارەنووسی بەدووفاکتەری سروشتی کاریگەر دەبن، ئەوانیش: بۆماوەیی و ژینگەییە.

2- ئەم رێبازە، رێبازێکی رەوشتیە (ئاکاری)، ژیانی رەوشتی راڤەدەکات بەوەی درێژە پێدانێکە بۆ ژیانی بایولۆجی، ئایدیای باڵاش گوزارشت لە پێداویستی و غەریزەکان تاك دەکات، هەروەها مرۆڤ بەگوێرەی سروشت بژێت و لەشارستانیەتی دروستکراو دووربکەوێتەوە.

رێبازی سروشتی لەئەدەبدا ئامانجی چارەسەرکردنی بابەتەکانە، هەروەها تۆمارکردنی ئەو بوارانەی شایانی لێکۆڵینەوەن بەپێی ئەو یاسا زانستیانەی کە مرۆڤ هەڵدەسورێنێت و چەند جۆرە رەفتارو کردارێکی پێدەگەێنێت بۆ گەیشتن بە ڕاستیەکە.

سروشتی مرۆیی | الطبيعة البشرية | Nature human

تەماشا بکە: سروشتی مرۆیی | | Human nature

ڕەگەزنامە پێدان / هاوڵاتی نامە وەرگرتن | التجنس | Naturalization

کەسێکی بیانی لەوڵاتێکی دیکەدا مافی هاوڵاتیبوون وەربگرێت، وەك هاوڵاتی ئەو وڵاتە تەماشابکرێت لەڕووی ماف و ئەرکەکانەوە.

ئەو هاوڵاتیەی ڕەگەزنامەی (naturalized citizen) پێدەدرێت، ئەو لەدایك بووی کەسانی بێگانەیە، پاشان بەپێی یاساکانی ئەو وڵاتە ڕەگەزنامەکەی پێ دەدرێت.

هەر لەڕووی خواستەوە دەوترێت: ڕەگەزنامە وەرگرانی ئابوری (economically naturalized) بەو کەسانەی کەبۆ کارکردن کۆچ دەکەنە وڵاتێك و لەوێدا کاروموچەی بەرزیان دەست دەکەوێت و ئەو وڵاتەیان خۆش دەوێت.

هەروەها دەوترێت، بێبەشکردن لەمافەکانی ڕەگەزنامە وەرگرتن (dentionalization) واتە بێبەش بوون لەمافەکانی هاوڵاتی و دەسکەوتەکانی.

سروشت پەرستی | عبادة الطبيعة | naturism

رێبازێکە باوەڕی وایە کەشێوە سەرەتاییەکانی ئاین بریتین لە بەخواوەندکردنی ئەوی لەسروشتدا هەیە، لەبوونەوەرو هێزەکاندا، بوونی ئەو بیروباوەڕە بۆ سەردەمی پێش دەرکەوتنی دیاردەی رۆحگەرایی (animism) دەگەڕێتەوە.

نازیزم | النازية | Nazism

ناوێکی کورتکراوەیە، بەپارتی سوسیالستی نیشتمانی ئەڵمانیا دەوترا، ئەو پارتە دەسەڵاتی لەنێوان (1933 - 1945) لەئەڵمانیا گرتە دەست.

تەماشا بکە: سۆسیالیزمی نەتەوەیی | | National socialism

ناچاریگەری | الجبرية | **necessitarianism**

ناچارێتی

تەماشا بکە: ناچارێتی | **Determinism**

پێویستی | الضرورة | **Necessity**

هەرشتێك بەپێویست بوون، یان ناقایل بوون جیاوازبکرێتەوە، ئەو بارەش چەند جۆرێکە لەوانە: پێویست بوونی لۆژیکی کەبنەمای نادژایەتی (ناکۆکی) دەیسەپێنێ، پێویست بوونی سروشتی، کەپێویستی باری ڕاهاتووە، لەگەڵ پێویست بوونی مەعنەوی کەئەویش زەروورەتی سیستمێکی نموونەییە.

لەیاسادا دەوترێت: حاڵەتی پێویست بوون (state of necessity) بۆ ئەو هەلوێستەی کەبەهۆی بارودۆخێکی نائاساییەوە دروست دەبێت، تێیدا تاك ناچار دەبێت کارێك بکات کەیاساسزای بدات، بەڵام بەبێ تاوانبار کردنیشی بڕیاری بۆ دەردەچێت ئەویش بەهۆی ئەو هەڵ و مەرجەی کە ناچاری کردووە بەو هەلوێستە هەستێت.

هەروەها مەبەست لەم زاراوەیە، ئەو بارەی کەڕێگا بەدەوڵەت دەدات هەرکارێك بکات بۆ پاراستنی خۆی.

ئامادەکردنەوەی رۆح | استحضار الارواح | **Necromancy**

واتە ئەستێرەناسی (یان جادوگەری) لەڕێگای پەیوەندیکردن بەگیانی مردووەکانەوە، ئەو زاراوەیە پەلی هاویشت و وای لێهات کەئاماژە بێت بۆ هەر جۆرە سیحرێك، تیۆری ئامادەخوازی گیانی مردوان، لەسەر بنچینەیەك هەڵدەسێت کە رۆحی مردووەکان زانینیان سنوردار نیە، بۆیە ئەگەر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کەمردوو دەیزانی، ئەوا چەند هێزێکی مەزن بەجادووگەر دەگەینێت.

پێداویستی | الحاجة | **Need**

هەرشتێك مرۆڤ پێویستی پێی بێت بۆ پڕکردنەوەی ئارەزووە زەروریەکانی، یان بۆ زۆر بوونی ئەوەی بەکەڵکی پەرەسەندن و گەشەکردنی دێت.

بەدەربڕینێکی دیکە، پێداویستی ئەو هاندەرە سروشتیەیە یاخود ئەو ئارەزووە خۆڕسکەیە کەپاڵ بەمرۆڤەوە دەنێت بۆ بەدیهێنانی مەبەستێك، ئەگەر ئەومەبەستە ناوخۆیی بێت یانیش دەرەکی، هەستی بێت یان نەستی.

پێداویستیەکان بەپێی سروشتەکەی دابەش دەبنە سەر:

1- پێداویستیە سەرەتاییەکان (primary needs) وەك پێداویستی بۆ خۆراك و نیشتەجێبوون و جل و بەرگ و سیکس.

2- پێداویستیە وەرگیراوەکان (derived needs) واتە ئەو پێداویستیانەی لە ئەنجامی ژیانی ناوکۆمەڵێك پەیدا دەبن، ئەو کۆمەڵە چەند خەسلەتێکی کۆمەڵایەتی هەیە وەك: زمان، پەروەردەو فێر بوون، سەرکردایەتی، هەروەها رێك و پێکی کۆمەڵایەتی.

3- پێدویستیە یەکتر تەواو کارەکان (integrative needs) ئەویش بریتیە لەو کۆمەڵە پێداویستیەی کەڕادەیەکی گەورەی گونجاندنی کۆمەڵایەتی بەدی دێنێت و نێوان ئەندامانی کۆمەڵ بەیەك دەبەستێتەوە، نموونە: بیروباوەڕ، کارو رەفتاری ئاینی، هەروەها بوارەکانی ڕابواردن.

نیگەتیڤیزم ١- المذهب السلبي **Negativism**

سەلبیەت السلبية

ئارەزووی رازی نەبوون بەبیروباوەڕە باوەکانی کەسانی دیکە، یان هەستان بەچەند کردەوەیەکی دژ بەکاروبارەکانیان.

دیاردەی سەلبیەت، هەڵس و کەوتی پێچەوانەش دەگرێتە خۆی لەئاست هەرکارێك یاخود بیروڕایەك، لەبارێکی ئاسایدا ئەو دیاردەیە بەرهەڵستیەکی هەڵچوانەشی لەگەڵ دەبێت بەرامبەر ئەو کەسانەی دەسەڵات بەڕێوەدەبەن، یان ئەوانی جێگای ناڕەزایین.

پێچەوانە ٢- العكسية

لەدەروناسیدا، هەستانی نەخۆش بەپێچوانەی ئەوەی داوای لێدەکرێت، یان ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت کەپێی هەستێت لەبەدەنگەوە هاتن یاخود وەڵامدانەوەی بۆ بەئاگاهێنەرە دەرەکیەکان.

وتووێژ

دانوستان المفاوضة **Negotiation**

مەبەست لەزاراوەکە ئاڵ و گۆڕکردنی بیروڕایە لەنێوان نێونەرانی دوولایەن یان زیاتر دەربارەی بابەتێکی دیاریکراودا، ڕەنگە وتووێژکۆتایی بێت بەچارەسەرکردنی کێشەیەك یاخود ڕێککەوتن لەسەر چەند پرسێکی هاوبەش.

دراوسێیەتی الجيرة **neighourhood**

کۆمەڵگەیەکی بچووك لەڕووبەرێکی سنوردار‌دا، تاکەکانی بەشان یەکەوە دەژین و چەند پەیوەستیەکی کەسێتی ڕاستەوخۆی تووند بەیەکیان دەبەستێتەوە.

گروپی دراوسێتی جیاواز دەبێت لەو گەڕەکەی (district) کە بەهۆی دابەشبوونی کارگێڕییەوە پەیدا دەبێت، ئەویش لەسەر بنچینەی چەند مەرج و تایبەتمەندییەکی وەك ئاسایش و کارگێڕی.

سەرمایەداری نوێ الرأسمالية الحديثة **Neo-capitalism**

سیستمێکی سەرمایەدارییە، دامەزراوەکانی ملکەچی لایەن و دەزگاکانی ناو حکومەت دەبن، ئاراستەیان دەکەن و ئاراستەی بەرهەمهێنانیش دەکەن، بەپێی بەرژەوەندی باڵای نیشتمان، هەروەها بەگوێرەی پلانێکی هەمەلایەن و بەمەبەستی دوور کەوتنەوە لەقەیران و ئەنجامە زیان بەخشەکانی لەئازادی ئابوری.

سەر مایەداری نوێ لەڕێگەی بەڕێوەبەرو تەکنیکیەکان، گرینگی دەدات بەپارێزگاریکردنی ئەو دامەزراوانەی کە بەڕێوەی دەبەن لەگەڵ گەیشتن بەئاستێکی کارگێڕی دروست و بێ خەوش.

کلاسیکیزمی نوێ التقليدية الحديثة **Neo-classicsim**

قوتابخانەیەکی ئابورییە، لەنێوان ساڵی (1870) و جەنگی یەکەمی جیهانی دەرکەوت، قوتابخانەکە، تیۆری نەریتگەری کۆنی دووبارە بونیادناوەتەوە، بەڵام بەزیاد کردنی بابەتەکانی بیرکاری لەشیکردنەوەی ئابوریدا.

بیرۆکەی رادەیی لەگرینگترین ئەوکۆڵەکانە بوو کەتیۆرییەکە لەسەری دامەزراوە، لەسەرکردەکانی ئەم ڕێبازە: جیوفنز، منجر، ڤالداس، مارشاڵ.

## Neo-colonization | الاستعمار الجديد | كۆلونیالیزمی نویٚ

- داگیرکاری -

سەپاندنی دەسەڵاتی بیانی لەڕووی سیاسی و ئابورییەوە بەسەر دەوڵەتێکدا، لەگەڵ دانپیانان بەسەر بەخۆیی و سەروەری دەوڵەتەکە، بەڵام بیٚ ئەوەی شێوازەکانی کۆلۆنیالیزمی کۆن پشتی پیٚ ببەسترێت کەلەگرینگەکانیشی، داگیرکاری سەربازییە.

هەروەها بەم شێوازە کۆلۆنیالییە دەوترێت - ئیمپریالیزمی نویٚ

کۆلۆنیالیزمی نویٚ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی چەند هۆکارێکی تایبەت بەکار دەهێنیٚ، ئەویش بەمەبەستی دوورخستنەوەی نارەزایی ئاشکرای جەماوەر، یاخود بەرهەڵستی ڕای گشتی جیهانی، لەو هۆکارانەش: ڕێککەوتنی دووقولی ناهاوتا، کۆت و بەندکردنی دەوڵەتە گەشەکردووەکان بەچەند مەرجێك کەڕێگای هەڵس و کەوتی ئازادانەی لێدەگرێت، سەرەڕای دامەزراندنی بنکە سەربازییەکان..هتد.

## Neo-interventionism | التدخلية الحديثة | ڕێبازی دەستێخستنی نویٚ

یەك لەڕێبازەکانی دەستێوەردانە، لەلایەن ئابوری ناسی ئینگلیزییەوە (جون کینز) ساڵی (1936) بنچینەکەی دانراوە، لەکتێبەکەی تیۆری گشتی بۆ کارپێدان و سوودو پارە باسی هاتووە.

ئەو باوەڕی بەتوانای دەسەڵاتە گشتیەکان هەیە لەسەر چارەسەرکردنی کەم و کورتیەکانی سیستمی کۆمەڵایەتی و زاڵبوون بەسەر گرینگترین ناکۆکیەکانی ئەو سیستەمە، بیٚ هەر گۆڕانێکی ریشەیی لەبنچینەو ڕەگ و ریشەی دامەزراوەکانی.

لەو ڕێگایانەی کەڕێبازی دەستێوەردانی نویٚ پێش نیازی دەکات لەم بارەوە، کاروباری گشتی، هاندانی هەناردەکان، یارمەتیدانی بێکاران، بیمەکۆمەڵایەتیەکان..هتد.

## Neo-malthusianism | المالتوسية الحديثة | مالتوسیزمی نویٚ

تیۆری مالتوسی داوای سنوردارکردنی منداڵبوون دەکات بۆ ڕێگترن لەدیاردەی برسێتی و هەژاری و دوورکەوتنەوە لەحاڵەتی دابەزینی ئاستی ژیان و گوزەران، مالتوسی بەوە جیاواز دەکرێتەوە کەداوای سنوردارکردنی منداڵبوون دەکات لەجیاتی پەنابردن بۆ داوێن پاکی و ڕەبەنی. هەروەها لایەنگرانی ئەو تیۆرییە بۆ چوونیان وایە کە ئەگەر گەلانی ڕۆژئاوایی بەهۆی پابەندبوونی رەوشتیان واپێویست بکات کە هاوکاری پێشکەش بکەن بەوڵاتانی دواکەوتوو، ئەوا ئەو هاوکاری و یارمەتیە مادییانە بۆ ئەو وڵاتانەی ژمارەی دانشتوانیان زۆرن دەبێتە هۆی زۆرتر بوونی ژمارەیان، بۆیە ئەو سامان و هاوکارییەی پێیان دەدەرێت هیچ سوودێکی نابێت، چونکە دانیشتوان کاریگەرترو بەهێزتر و خێراتریش زۆر دەبن بەبەراورد بەو دەرامەتانەی کەبەرهەمی دەهێنن.

## Neo-marxism | الماركسية الحديثة | مارکسیزمی نویٚ

لایەنگرانی ئەم ڕێبازە باوەڕیان وایە کەسەپاندنی دەسەڵاتی چینێك لەچینەکان بەسەر ئەوانی دیکەو زاڵبوون بەسەر ناحەزان بەڕێگای توندو تیژی، ئەو بارە لەگەڵ دادوەری لەمافەکاندا یەك ناگرنەوە.

بۆیە ئەوانە بۆ چوونیان وایە کەسەرمایەداری وکۆمۆنیستی دەکریٚ بەیەکەوە بژین، هەروەك لەیوگوسلافیا پیادە دەکرا (لەسەر دەمی پێش پارچەپارچەبوونی ئەو وڵاتە).

## Neo-mercantilism | مذهب التجاريين الحديث | میرکەنتلیەکان

ڕێبازی نوێی بازرگانەکان

ڕێبازی بازرگانێتی، جەختی لەسەر گرینگی ڕۆڵی دەوڵەت کردۆتەوە بۆ کۆتایی هێنان بەمیرە دەرەبەگەکان، ئەو ڕێبازە بۆ چوونی وایە کە کانە گرانبەهاکان بەهەند وەربگیرێن و بەچاکترین شێوە دابنرێت لەشێوەکانی سامانی نەتەوەیی.

ئەگەرچی بیرۆکەی بازرگانێتی لەڕووی تیۆرییەوە رەخنەی لێدەگیرێت، بەڵام لە سەردەمە تازەکاندا لەناو نەچووە، ئەو ڕێبازە لەلایەن (کینز) بەچاوی ڕێزەوە تەماشای کراوە، ئەو نووسەرە لەکتێبەکەی تیۆری گشتی کارپێدان و سوودوپارە ساڵی (1936) ئەوەی روونکردۆتەوە کەبیرۆکەی بازرگانێتی لەزۆرکردنی بری زێرو زیو بیرۆکەیەکی دروستە، چونکە دەبێتە هۆی دابەزینی نرخی سوود، هەروەها دەبێتە هۆی زۆربوونی وەبەرهێنان و دواتریش زۆر بوونی ئاستی کارپێکردن و دابەزینی ئاستی بێکاری، سەرەڕای ئەوانەش شێوازەکانی چاودێری بەسەر ئەو خەرجکردنەی کەدەوڵەت پیادەی دەکات بەتازەیی لەگەڵ سیاسەتی بازرگانێتی یەکدەگرنەوە.

| | | |
|---|---|---|
| خاترانەی خزمایەتی<br>خزم خزمێنە | محاباة الاقارب | Nepotism |

واتە، ئەو هەڵس و کەوتەی کەفەرمانبەرێکی بەرپرس پێی هەڵدەسێت بەوەی خزمەکانی خۆی بخاتە سەرکار، یان هاوکاری دیکەیان بکات، ئەویش بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی خانەوادەکەی یاخود زۆرکردنی داهاتیان لەجیاتی ئەوەی ئامانجی لەو دامەزراندنە خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی بێت.
ئەم پێناسەیە بەشێوەیەکی کەمتر بەسەر ئەو بەرپرسە پیادە دەبێت کەیەك لە خزمەکانی خۆی دەکاتە یاریدەدەری تایبەتی خۆی و دەبێتە جێگای متمانەشی، هەروەها حاڵەتەکەی بەسەر هەڵبژاردنی فەرمانبەرە گشتیەکان پیادە نابێت لە لایەن چینە کۆمەڵایەتیە دەسەڵاتدارەکە، بەهۆی ئەو دیاردانەوە گیانی مەعنەوی ورەی فەرمانبەران لەدامەزراوەکان دادەبەزێت.

| | | |
|---|---|---|
| نەخۆشی دەماری<br>دەمارەتێکچوون | المرض العصبي | Nervuous disorder |

نەخۆشی دەماریی، تێکچوونێکی دەروونی جەستەییە، سەرچاوەی دروست بوونیشی لەناوچوون یان تووشبوونی شانەی دەماری یاخود خانە دەماریەکانی مێشکە، وەك چەند جۆرە نەخۆشیەکانی پەرکەم و هەوکردنی مێشك و حاڵەتی سڕبوونی.
لەکاتێکدا نەخۆشی دەروونی جۆرە شپرزەییەکی دەروونی جەستەییە، سەرچاوەی دروستبوونیشی خەفەکردن و ململانێی دەروونیە.

| | | |
|---|---|---|
| دەمارلاوازی | النوراستانيا<br>الخَور العصبي | neurasthenia |

حاڵەتێکە لەماندووبوونی ئەقلی و جەستەیی درێژخایەن، ئەوکەسانەی تووشی ئەو دیاردەیە دەبن، هەست دەکەن بەوەی لەڕووی ئەقلی و جەستەییەوە ماندوون چەندی هەوڵبدەن کارێکی ئاسایی لەژیاندا ئەنجام بدەن، بێ ئەوەی هەر هۆیەکی فسیۆلۆجی هەبێت.

| | | |
|---|---|---|
| پزیشکەوانی دەروونی دەماری | الطب النفسي العصبي | Neuro - psychiatry |
| تەماشا بکە : دەروونناسی پزیشکی | | psychiatry |

| | | |
|---|---|---|
| دەمارگرتن<br>نەخۆشی دەروونی | العُصاب<br>المرض النفسي | neurosis |

نەخۆشییەکی دەروونیە، یان کۆمەڵە دیاردەیەکی دەروونیە، هەندێ جار چەند دیاردەیەکی جەستەیی نائاسایی لەگەڵیدا

روودەدات، لەبـــەر چـــەند هۆكـــارێكی دەروونـــی وەك: هەڵچـــوونی خەفـــەكراوەكان و تاســـان و ململانێـــی نێـــوان هانـــدەرە ناكۆكەكان..هتد.

ڕواڵەتە جەستەییە نائاساییەكان، وەك دیاردە جەستەییەكان لەنەخۆشی هیستریا، دەگەڕێتـەوەو بـەڕۆڵی خۆی كـارتێكردنی دەبێت لەحاڵەتە دەروونیەكە.

لەگرینگترین دیاردەكانی نەخۆشی دەروونی، مەترسی لەنەخۆشیەكان و كپ بوونی دەروونی (دڵەڕاوكێی دەروونی ) هـەروەها بیروهزرە جێگیرەكان و پەیدابوونی گومان لەنەخۆشی، لەگەڵ گەمارۆدان (بـەهۆی بیروبـاوەڕە سـەرپێنراوەكان و هەڵپەكردنـە دامركاوەكان) و دیاردەی ڕووخانی دەرماری.

شەكەت بوونی دەماریی — **Cf. nervous breakdown**

نەخۆشی دەروونی — **Ana. psychoneurosis**

## ڕێبازی بێلایەنی — مذهب الحياد — neutralism

ئاراستەیەكی هزری و بیروباوەڕی تاك و كۆمەڵگاكانە، بەوپێیەی لایەنگرییان بۆ هیچ لایـەنێك نابێت، وەك خۆنەدانـە داپـاڵ هەر حزبێكی سیاسی دیاریكراو.

ئەم ڕێبازە ئاماژە بۆ سیاسەتی دەرەكی ئەو دەوڵەتانە دەكات كەبێلایەن دەبن لەو ململانێیەی كەلـەنێوان دەوڵەتـەكانی دیكـە روو دەدات، ڕەفتاری ئەو دەوڵەتانەی كەپێڕەوی ئەم سیاسەتە دەكەن، جیاوازی تێدا بەدی دەكرێت لـەنێوان گۆشـە گیرییـەكی ڕێژەیی تادەگاتە سەربەخۆیی لەكارداو دووركەوتنەوە لەپەیمانەكان.

ڕێبازی بێلایەنی پێڕەوی فەلسەفەیەكی سیاسی دەكات كە بریتیە لەقبولكردنی چـەند بنەمایـەكی مـام ناوەندییانـەی نێـوان هێزە ناكۆكەكان، یاخود ڕازی نەبوونی تەواو بەبنەماكانی هەردوو لایەنی ناكۆك.

ڕێبازی بێلایەنی چەند حاڵەتێك دەگرێتـە خۆی، وەك رازی نـەبوون بـەوەرگرتنی چەك و یارمەتیـە سـەربازییەكان لەهـەر لایەنێكەوە بێت، قبوڵ نەكردنی چوونەپاڵ ڕێككەوتنە سەربازییەكان، ڕێگانەدان بەدامەزراندنی بنكە سەربازییەكان بۆ هـەر لایـەك بێت، پابەنـد نـەبوون بەپـەیمانێك یـاخود لایـەنگری ئایدیۆلۆجیایـەك لـە ئایدیۆلۆجیا هاوچـەرخەكان بەشـێوەیەكی فەرمی، ئەو ڕووە نەرێنیە لەبیلایەنی پێی دەوترێت (non-alignment) نالایەنگری.

هەروەها ڕەنگە بێلایەنی شێوەیەكی ئەرینی وەربگرێت لـەكاتی هەوڵدان بـۆ ڕێككـەوتن، یـاخود ناوبـژیوانی لـەنێوان لایەنـە دژەكان یانیش پشتگیریكردنی ئاشتی جیهانی لەمیانەی بانگەواز بۆ داماڵینی چەك.

دەوترێـت بێلایـەنی ئـەرێنی (positive neutrolitk) كەئـەویش ڕێبـازێكی تازەیـە لەسیاسـەتی نێـو دەوڵـەتی، ئامـانجی دووركەوتنەوەیە لەپەیمانە سەربازییەكان و هەوڵدان بۆ سووككردنی توونـدو تیژی نێو دەوڵەتی و پارێزگاری كردنـی ئاشـتی جیهانی بونیادنراو لەسەر یەكسانی و دادپەروەری.

## بێلایەن كردن — التحييد — neutralization

مەبەست لەزاراوەكە، ڕێككەوتنی كۆمەڵە هێزێك بـەپێی پـەیمانێك دەربـارەی ڕێزگـرتن لـەدۆخی دەوڵـەتێكی دیـاریكراو، یـان هەرێمێك لەخاكی دەوڵەتێك، یاخود شوێنێك (دامەزراوەیەك)ی نێودەوڵەتی، نموونەی نۆكەندێك یانیش گەرویەك.

ئەو دەوڵەتانە یان ئەو هەرێمانەی كەلەبارێكی بێلایەنیدا تەماشا دەكرێن، ئەوانە بەزۆری لەدەرەوەی ململانێـی نێـوان هێـزە گـەورەكان دەبـن، یـان هـەر یەكـە لـەو هێـزە نێـو دەوڵەتیانـە بەرژەوەندییـەكی هاوبەشـیان هەیـە لـەپارێزگاریكردنی ئـەو بیلایەنیە.

لێرەدا پێویستە جیاوازی بكرێت لەنێوان بێلایەنی و چەك داماڵین (demilitarization) كەمەبەست لێی قەدەغـەكردنی هێزی چەكداروو بەكار هێنانیەتی لەهەرێمەكەدا.

**کاری شەوانە** **العمل الليلي** **Night work**

مەبەست لەشەو ئەو ماوەیەی دەکەوێتە نێوان رۆژئاوابوون و رۆژهەلات لەرۆژی دوایدا، یاساکانی کار، هەرزەکارو ژنان لەکاری شەوانە قەدەغە دەکات، بەهۆی مەترسی و کێشەکانی کاری شەوانە.

هەروەها رێنماییەکانی ئەنجومەنی کاری نێو دەوڵەتی رێگانادات بەکاری کرێکاران لەنۆرەی سێیەم بەپێی توانا، کارکردن لەوماوەیەدا دەکەوێتە نێوان (11)ی ئێوارەوو (7)ی بەیانی رۆژی دوایی ئەویش، لەو پیشەسازییانەی کەسێ نۆرەکاری بەکرێکاران دەکەن، هەندێ لەکارگەو پیشەسازییەکان سەرمووچە دەدەنە ئەو کرێکارانەی کە شەوانەکار دەکەن (night shift differential)، ئەویش وەك قەرەبوویەك بۆ ئەو ماندوو بوونەی کە بەرگەی دەگرن لەکاری شەوانەدا.

**هیچگەرایی** **العَدَمية** **nihilism**

**نهیلیزم**

رێبازێکە ئینکاری بەها رەوشتیەکان دەکات و تەنها بەخەیاڵی دادەنێت، بانگەشە بۆ ئازادکردنی تاك دەکات لەهەموو دەسەلاتێك، جۆرەکەشی هەرچی بێت.

بەپێی ئەو رێبازە پێشکەوتن بەدی نایەت تەنها بەروخاندنی ئەوسیستمە سیاسی و کۆمەلایەتیانەی کەئازادی تاك زەوت دەکەن.

ئەم رێبازە لەولاتی روسیا لەسەدەی نۆزدەدا خەڵکی وابێ ئومێد کرد کە نەیاندەزانی چی لەژیانیاندا بکەن.

**پاك ڕاگرتنی دەروون** **النرفانا** **nirvana**

**نیرڤانا**

مەبەست لەنیرڤانا لەزمانی بوزیدا، گەیشتن بەجیابوونەوەیەکی تەواوی نێوان رۆح و جەستەو کوشتنی هەست و ئارەزووەکانی دەروون، دیارە ئەوەش بەرەچاوکردنی چەمکە ئاینیەکان و پەیوەندییەکی تایبەتی کەسەکە بەهێزە خواوەندەکانەوە دێتەدی، ئەوانی بوون بەرێوە دەبن.

نیرڤانا هەلاتنێکە لەژیان، سەرەرای درێژەپێدانی تاك بۆ ژیان.

**خانەدانی** **النَّبالة** **nobility**

توێژێکی دانیشتوان بەهۆی فاکتەری (بۆماوەیی) پشتاو پشت، پێگەیەکی جیاوازو چەند پلەو پایەو دەسکەوتێکی تایبەتی دەکەوێتە ژێردەست.

مێژوو نووسان و کۆمەلناسان بۆ چوونیان وایە کە پاشاکان سیفەتی خانەوادەیی نابەخشن، چونکە ئەو کارە بەپێچەوانەی خانەوادەیی ڕاستەقینە دەبێت، کەپێویست بەبریاری پاشایەتی ناکات بۆ دانانی چەند هاورێیەکی نوێ لەرێزەکانیاندا، بەلکو مافی تێکەلبوون و هاتنەپاڵ چینی خانەدانی دەدرێتە ئەو تاکانەی کەخاوەن پێگەیەکی بەرزدەبن و تاڕادەیەکی دووریش ئەوکارە بەهۆی میراتەوە بۆیان دەمێنێتەوە.

**کۆچەرێتی** **البَداوة** **nomadism**

کۆچەر، توێژێکی دانیشتوانە، بەچەند خەسلەتێکی دیاریکراو ورەفتاری تایبەت دەناسرێن و جیاوازدەکرێنەوە، ژینگە بیابانیەکەی دەوروبەریان کاریگەری بەسەریانەوە دەبێت، ئەو ژینگەیە رێگای ژیانێکی مانەوە لەیەك شوێن، یان جێگیرییان پێ نادات.

کۆچەرێتی بەمانای جێگۆڕین یاخود جێگیر نەبوونی دانیشتوان دێت بەدرێژایی ساڵ لەیەك جێگا، ئەو گروپانە ناچار دەبن

کەجێگای نیشتەجێ بوونیان بگۆڕن لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە، یاخود لەوەرزێکەوە بۆ وەرزێکی دیکە، ئەویش بۆ گەڕان بەدوای خۆراك و لەوەڕ یانیش بۆ بازرگانی.

کرێی نەختینە — الاجر الاسمي — **Nominal wage**
کرێی شکلی

مەبەست ئەو بڕە پارە راستییەیە کە تاك بەدەستی دەکەوێت، بێ ئەوەی هیچ دەسکەوت و تایبەتمەندییەکی دیکە بەرەچاووەربگرێت، یان بێتە سەری کەبەهۆی کارەکەوە دێتەسەری.
هاوتای ئەم دەستەواژەیە، کرێی نەختینەییە، هەر گۆڕانێك لەکرێی نەختینەییەکان، ڕەنگە بەشێکی یاخود هەمووی لەناوبچن بەهۆی گۆڕان لەئاستەگشتیەکانی نرخ، بۆیە ئابوری، جیاوازی لەنێوان کرێی نەختینەیی و کرێ راستییەکان دەکات.

ڕێبازی ناوگەرایی — المذهب اللفظي — **nominalism**

ئەم ڕێبازە لەسەدەکانی ناوەڕاست باوبووە، بەبۆچوونی ئەم ڕێبازە، ووتەگشتیەکان یان ڕووتەکان هیچ هێماپێکراوێکی واقعیان نیەو هیچ راستیەکیش بەرجەستە ناکەن، ئەوانە تەنها چەند وشەیەکی ڕووتن.
تەنها ڕاستی کەدەکرێ پێی ڕازی بین ئەوەیە کە پەیوەندی بەجیهانی سروشتی هەیە، ڕێبازی ناوگەرایی بەپێچەوانەی ڕێبازی ریالیزمە (realism)، کەدەڵێت گشتیەکان (كليات) بوونێکی ڕاستی سەربەخۆیان هەیە، لەبەر ئەوەی چەند بابەتێکن بۆ بیرکردنەوە.
لەرۆژگاری ئەمڕۆدا، ئەوەی جێگای ڕێبازی ناوگەرایی گرتەوە، ئەوە ڕێبازی ئەزموونگەرییە (empriricism)، هەروەها ئەوەی جێگای ڕێبازی ریالیزمی گرتەوە، ئەوە ڕێبازی ئەقلیە (rationalism).

ناولێنان — ١– التسمية — **nomination**

ناو یەك لەتایبەتمەندییەکانی کەسێتی تاکە لەڕووی یاساییەوە، بەهۆیەوە لەیەکێکی دیکە جیاواز دەکرێتەوە، لەبارێکی ئاساییداناوی کەس بەهۆیەوە لەئەندامانی خێزانەکەی و ناوی ئەو خێزانەی کەئینتیمای بۆ هەیە جیاواز دەکرێتەوە، ئەو خێزانەی کەهەموو ئەندامانی بەشداری تێدا دەکەن.
ناومافێکی مرۆڤە، لەو مافانەیە کە پەیوەستە بەکەسی مرۆڤەوە، وەك مافی ئازادی کەسێتی، مافی بیروڕاو باوەڕو کۆبوونەوەو...هتد.

دامەزراندن — ٢– التعيين

مەبەست لەزاراوەکە، دامەزراندنی کەسێکی پاڵێوراو بۆ فەرمانێکی گشتی، کە بەپێی سیستمی دامەزراندن بڕیاری لەسەر دەدرێت لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتەوە.
وا باو بووە کەکەسی پاڵێوراو بۆ دامەزراندن چەند مەرجێکی تێدا بەدی بێت، وەك: ڕەگەزنامەو رەفتاری باش و لێوەشاوەیی جەستەیی و تەمەنیش، هەروەها ئامادەیی و توانای زانستی لەگەڵ سەرکەوتن لەتاقیکردنەوەدا کەبۆی ئەنجام دەدرێت، مەبەستیش لەپێویستی بوونی ئەو مەرجانە، پەیداکردنی ئەو فەرمانبەرەیە کەبتوانێت بەباشترین شێوە بەکارەکانی هەستێت.

بێلایەنی
نالایەنگری

**Non-alignment** عدم الانحياز

زاراوەکە بەهاوتای زاراوەکانی گۆشەگیری یان بێلایەنیو یاخود بێلایەنی ئەرێنی دێت.
ئەو زاراوانە لەچەند کاتێکی جیاواز بەکارهاتوون، بەلام هەموویان یەك ڕێبازی سیاسی دەگرنە خۆیان، مەبەستیش لێیان سیاسەتی دوورکەوتنەوە لەتێوەگلان لەپەیمانە سەربازییەکان.
ولاتانی بێلایەن دوای جەنگی دووەمی جیهانی سیاسەتی نالایەنگیرییان پیادەکردووە، ئەویش بەمەبەستی خۆرزگارکردن لەوەی نەك بکەونە ناوبەرەی ئەمریکاوە یاخود روسیا.

دوورکەوتنەوە
لەجەنگ

**Non-belligerency** عدم الاشتراك في الحرب

ئاراستەیەکە چەند دەوڵەتێك پەیرەوی دەکەن لەکاتی هەلگیرساندنی جەنگ لەنێوان چەند دەوڵەتێکی دیکە، ئەویش بەبەدواداچوون بۆ چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەو جەنگانەو پیادەکردنی جۆرێك لەسیاسەتی بێلایەنی لەئاستیان، کەلەناوەرۆکداو بەشێوەیەکی شاراوە، لایەنگیری چەند دەوڵەتێك و دژایەتی چەند دەوڵەتێکی دیکە دەگەێنێ.

لایەن نەگرتنی
بیروکراسیەت

**Non-bureaucratic tendency** الميل المعارض للبيروقراطية

ئەو ئەنجامانەی کەدەردەکەون دوابەدوای نەبوونی ڕێك و پێکی لەنێوان ڕێکخستنی ئەقلی یان ژیری و هۆشیاری و نێوان پێداویستیەکان یاخود ڕواڵەتە مرۆڤایەتیەکان، دیارە ئەوەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی چەند پەیوەندییەك کە شێوازێکی کۆمەڵایەتی دەخاتە ڕوو، جیاواز لەوپێش بینیانەی کە لەنموونەی ئایدیایی بیروکراسیدا هەیە.

گوێ ڕایەڵ نەبوون
پەیڕەونەکردنی نەریتی باو

**Non-conformity** عدم الامتثال

جۆرە ڕەفتارێکە، وا تەماشا دەکرێت کەجیاواز بێت لەگەڵ پێش بینیە کۆمەڵایەتیەکان لە ئاست هەڵوێستێکی دیاریکراودا.
ڕەنگە هەندێ جار تاك پاداشت بکرێت بەهۆی ملکەچ نەبوونی بۆ دیاردەیەکی تازە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا واباوە کەسزای نەرێنی پەیڕەوبکرێت لەبەرامبەر نوشستی هێنان لەنەگونجان و هەڵنەکردن لەگەڵ شێوازەکانی ڕەفتاری چاوەڕوانکراودا، بگرەتا دەگاتە ئەو تاکانەی کەبۆ چوونیان بەرامبەر ملکەچ نەکردن وەك بەهایەکی ئەرینی بێت.
گوێ رایەل نەبوون، یان ملکەچ نەکردن، بریتیە لەچەمکێکی ڕێژەیی و ئەو هەڵس و کەوتەی کەلەپێوەرەکان لادەدات لەحاڵەتی یەك لەهەڵوێستەکان، یاخود یەك لەگروپەکان، کەدەکرێ لەگەڵ پێوەرەکانی گروپێکی دیکە یەك بگرێتەوە، ڕەنگە ئەندامانی یەك لە گروپەکان واتەماشای تاکێك بکەن کە گوێ ڕایەڵ نەبوەو سزاکانیشی بەسەردا بسەپێنن، تا ئەگەر هاتوو داوای کرد کەملکەچی باڵاترین بەهاکانی هەمان گروپ بێت، دیارە ئەوەش بەجۆرێکی تایبەت روودەدات ئەگەر گروپ لەکاتێکدا بایەخی بەیەك لەبەهاکانی گروپێکی دیکەی داو چاویشی پۆشی لەو بەها باڵایانەی کە هەڵوەشاندنەوەیان گونجاو نیە، بۆیە سزاکە توووند دەبێت لەسەر کەسی پاك و بێگەرد بەڕادەی توووندی لەسەرکەسی تاوانبار.

کولتوری پێش دەرکەوتنی نووسین

**Nonliterate culture** ثقافة لاتُقرأ ولاتُكتب

مەبەست لەم دەستەواژەیە، نەبوونی زمانێکی نووسراوە، ئەو کولتورەی کەناخوێندرێتەوەو نانووسرێت، ئەوە زمانێکی نووسراوی نیە، هەندێ جار زاراوەی پێش قۆناغی نووسین بەکار دێت، وەك هاوتایەك بۆ زاراوەی نەنووسراو، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوزاراوەی پێش قۆناغی نووسین بەهەندێ گریمانەی تیۆری دەبەسترێتەوە، ئەوانی پەیوەستن بەگەشەکردن و

پەرە سەندنی کۆمەڵگاکان کە لەم رۆژگارەدا رەزامەندییان لەسەر نیە.
شایانی باسە کۆمەڵگە خوێندەوارەکان، واتە ئەوانی زمانی نووسراویان هەیە، دەکرێ لەبنچینەدا لەچەند تاکێکی نەخوێندەوار پێکهاتبن.

کولتوری نامادی | الثقافة غیر المادیة | **Non-material culture**

تەماشا بکە: **Culture non-material**

ناتووندوتیژی | عدم العنف | **Non-violence**

رێبازێکە لەهێندستان سەری هەڵداوەو گاندیش بانگەشەی بۆ کردووە، ئەو رێبازە دژی ئەو زیان پێگەیاندنەیە، کەبەهۆی ململانێی نێوان تاکەکان هەندێکیان لەگەڵ هەندێك دروست دەبێت ئەویش لەپێناو مانەوە.
ناتووندوتیژی هێزێکی دەروونی دەگرێتەخۆی، بەهۆیەوە تاك بەرەو رووی ئەو ئاژاوەیە دەبێتەوە کەڕوودەدات، ئەو هێزە دەروونیەش کاردەکات بۆ بەدیهێنانی رێکخستن و گونجاندن لەنێوان تاکەکان بەرێگای گیان باشی و دڵنەواییەوە.

پێوەر
نۆرم | المعیار | **Norm**

نموونەیەکە، یان پێوەرێکی مادی یاخود مەعنەوەییە، پێویست دەکات شتەکان بەپێی ئەو پێوەرەبن.
لەئاکاردا نموونەی رەفتاری باش و بنەمای کاری راستن، لە (ئەکسیولوجیا) پێوەری بڕیاردانە لەسەر بەهاکان، لەجوانناسیدا پێوەری بڕیاردانە لەسەر بەرهەمی هونەری، لەلۆژیکدا بنەمای دەرئەنجامی ڕاست و دورستە.

پێوەری کۆمەڵایەتی | المعیار أو المستوى الاجتماعي | **Norm social**

پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان (Social norms) ئەو ئاراستەو نەریت و بەها هاوبەشانەن کەبەدەنگەوەهاتنی ئەندامانی کۆمەڵ ئاراستە دەکەن و جووتبوونی هەڵس و کەوتە سادەکان، یان بڕیارە رەوشتیە ئالۆزەکان بەدی دێنن.
دیارە ئەوەش دەبێتە هۆی زۆر بوونی یەکگرتوویی کۆمەڵ، ئەو پێوەرانە بەچوار چێوەیەك دادەنرێن کەتاك بۆیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ببنە ڕێ نیشاندەرێك، کەلەئایندە رەفتاری چۆن دەبێت.

ئاسایەتی
نۆرمال | الاستواء<br>الاعتدال | **normality**

مەبەست لەزاراوەکە، نەبوونی جیاوازی یان جووت بوونە لەگەڵ پێوەردا، یاخود رێك وپێکی بەشێك لەگەڵ بەشەکانی دیکەدا، دیارە ئەو دیاردەیەش دەبێتە هۆی باش بەڕێوەچوونی سیستەم بەگشتی، میانڕەوی لەهەر حالەتێکی تایبەتیش پیادە دەبێت، لەبەر ئەوەی بەچەمکە رێژەییەکان دادەنرێت.

ناپێوەری | اللامعیاریة | **Normlessness**

بارێکە بە نەبوونی سیستمێکی رێك و پێکی پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان دەناسرێت، یان نەبوونی ئەو بەهایانەی کە توانا بەتاك دەدەن بۆ ئەوەی ئەو هەڵس و کەوتە هەڵبژێرێت کەویستی زیاتری لەسەرە تا ئەوانی دیکە، ئەویش لەهەڵوێستێکدا، بەنەبوونی سیستمێك بۆبەهاکان بۆ ئەوەی لەبەر رۆشناییان کاربکەین، ئەوا ئەنجامەکانی هەڵس و کەوتەکە یانیش نەبوونی هەر هەڵس و کەوتێك، یاخود یەك لەجۆرەکانی ئەو هەڵس و کەوتەی کەپێچەوانەی هەڵس و کەوتێکی دیکە دەبێت، ئەوا

لێرەدا بڕیاردان لەسەریان وەك یەك دەبێت لەڕووی نرخ پێدان بێت یان زیانەوە.
ڕەنگە ناپێوەری بۆ کەمی ژمارەی پێوەرەکان نەگەڕێتەوە، بەڵام بۆ درککردن بێت بەبوونی ژمارەیەکی گەورە لەوانە، کەلەتوانادا بێت کاریان پێ بکرێت لەهەڵوێستێکدا دیارە ئەو حاڵەتەش وا لەتاك دەکات کەتوانای نەبێت چ پێوەرێك قبول بکات و بەکامیان رازی نەبێت، دیارە ئەوەش دەبێتە هۆی کشانەوەی یاخود رازی نەبوونی کەبەهەر پێوەرێك یانیش کۆمەڵەپێوەرێك پابەندبێت.

تازە دەوڵەمەند | حَديث الثراء | **Nouveau riche**

تازە پیاکەوتوو

مەبەست ئەو کەسەی سامان و دارایی بەدەست کەوتووە لەژیانیدا، زاراوەکە ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کەسامانداریيان لەگەڵ ئەو داب و نەریتانە یەك ناگرێتەوە کەلەماوەی چەند نەوەیەکدا کاریان پێکراوە، بۆیە ئەوانی تازە بوونەتە خاوەن سامان و ماڵداری هەست بەحاڵەتێك لەنەبوونی دڵنەوایی دەکەن دەربارەی پێگە کۆمەڵایەتیەکەیان و بەزۆریش پەنابۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو حالەتە دەبەن، ئەویش بەدەرخستنی ئەو سامانەی کەهەیانە.
دیارە زاراوەکە یەکەم جار بەکار هێنراوە وەك ئاماژەیەك بۆ جۆرێك لەدۆخێکی جێگیر یانیش بۆپیاهەڵدان و باسکردن، یان وەك ئامرازێك تاك بەهۆیەوە جەخت لەسەر پێگە بەرزەکەی خۆی کات لەئاست پێگەی ئەوانی کەڕەنگە خاوەن سامانێکی گەورەبن، بەڵام رەوشتی پشتاو پشتیان (بۆماوەیی) یاخود خەسلەتەکانی دیکەیان وەك پێویست نیە.

خێزانی بچووك | أسرة نَوَويّة | **Nuclear family**

(ناوکی)

ئەو خێزانەی کەتەنها لەپیاو وژن ومنداڵەکانیان پێکدێن و کەسی دیکە لەخزم و کەس و کاریان ناگرێتەوە.

کۆمەڵبوونی ناوکی | التَجَمع النَوَوي | **Nucleation**

مەبەست لەزاراوەکە، لەکۆمەڵگەی شارستانی خزمەتگوزارییە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان لەشاردا، ئارەزووی گردبوونەوەیان هەیە لەچەند ناوچەیەکی دیاریکراودا، وەك گردبوونەوەی پیشەسازییەکان لەناوچەیەك و بازرگانان لەناوچەیەکی دیکەو...هتد.

ناوکەی کۆمەڵایەتی | النواة الاجتماعية | **Nucleus social**

**Cf. social nucleus**

رووتگەرایی | مذهب العُراة | **Nudism**

جۆرە بیروباوەڕێکە، ئەوانی پەیڕەوی دەکەن لەچەند شوێنێکی تایبەت کۆدەبنەوە بەڕووتی، بەهیوای لەش ساغی و جوانی.

بێزارکردن و زیان گەیاندن | الازعاج والاضرار بالغير | **nuisance**

هەرکارێکی ناڕەواو ببێتە هۆی تێکدانی باری ئاسوودەیی و زیانگەیاندن بەکەسانی دیکە، ئەو کارانەش دوو جۆرن:
1- تێکدانی باری پشوودان و ئاسوودەیی و زیانگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی (public nuisance)، ئەو جۆرەکارانە خەڵکی هەموو پێی کاریگەر دەبن، یان بەلای کەم ژمارەیەکی گەورەی خەڵك، وەك بوونی شتی قەدەغەکراو لەناو دامەزراوەو شوێنە گشتیەکان کەکاریگەری بەسەر حەوانەوەو خۆشگوزەرانی یاخود تەندروستی و یانیش ئاسوودەیی کارمەندان دەبێت، یان

ئەوانی دێنە ئەو شوێنانەو یاخود لەنزیکی نیشتەجێ بوونیان دەبێت.
لەم هەل و مەرجەدا چەند یاسایەك دەردەچێت، ئەو مەرجانەی پێویستە هەبن لەو شوێنە پیشەسازی و بازرگانیانە، دیاریان دەكات.
2- تێكدانی باری پشوودان و حەوانەوەی یەك لەتاكەكان یاخود ژمارەیەكیان یانیش زیانگەیاندن پێیان ( private nuisance) وەك ئەوەی یەكێك دەرمانێكی بەدەستەوە ببێتە هۆی زیان گەیاندن بەوانی دیكە.
یاساكان ڕێگا بەوكەسانە دەدەن كەزیانیان پێگەیشتووەو داوای قەرەبوو كردنەوە بكەن.

**بەتالێتی** **البُطلان** **nullity**
**پووچەڵبوون**

لەیاسادا مەبەست لەزاراوەكە، نەمانی شوێنكاری هەڵس و كەوت دەربارەی گرێبەستكار، هەروەها دەربارەی كەسانی دیكەش ئەویش بەهۆی فەراهەم نەبوونی كۆڵەیەك لەكۆڵەكەكانی هەڵس و كەوت، یان مەرجێك لەمەرجە دروستەكانی ئەو هەڵس و كەوتە.
بەتاڵێتی ڕەنگە رەهابێت، ئەویش هەموو خاوەن كارێك بیانووی بۆ دەبات بەهۆی پەیوەست بوونی بەسیستمی گشتیەوە، یاخود لەدەستدانی رەگەزێكی جەوهەری لەخودی رێككەوتنەكە.
هەروەها بەتاڵێتی ڕێژەیی هەیە، كە ئەویش ناكرێ بیانووی بۆ بهێنرێتەوە تەنها ئەو كەسە نەبێت كەبەرگری لەخودی خۆی دەكات، بۆیە دەكرێ نەمێنێت یان لابدرێت ئەویش بەڕێگا پێدانی گرێبەستەكە.

**هاوسەرگیری** **الزواجية** **Nuptiality**
**ژن و مێردایەتی**

لەڕووی دیموگرافییەوە، مەبەست لەزاراوەكە هاوسەرگیرییە لەبواری چەندایەتیەوە، دیارە ئەو هاوسەرگیرییە گرێبەستێكی یاساییە بۆ بەستنەوەی نێوان دووكەسی نێرومێ، بەو شێوەی كەیاساكانی كۆمەڵگە بڕیاریان لەسەری داوە، هەروەها بەپێی ئەو داب و نەریتەیە كەلەسەری دەڕۆن.
ئەو هاوسەرگیرییە لەنێوان دوو لایەنەكە، ماف و ئەركی بەدوادێت، رادەی رووكردن لەهاوسەرگیری لەناو دانیشتوانی ناوچەیەك یاخود لەبەشێكیان، ئەوا پێوانە دەكرێ بەتێكڕای ئەو ژن و مێردایەتیەی (nuptiality rate) كەپێكدێت.
چەند كۆمەڵگەیەك دان بەهاوسەرگیری مەدەنی دانانێن و جیاوازی لەنێوان ئەو جۆرە هاوسەرگیرییەو هاوسەرگیری ئاینی یاخود شەرعی دەكەن كەبەشێك لەكۆمەڵگاكانی دیكە پشتی پێ دەبەستن.
ئەگەر پەیوەندییەكانی نێوان هەردوو رەگەز سیفەتێكی شەرعی یانیش یاساییان نەبێت، ئەوا ئەو هاوسەرگیرییە بەناشەرعی دادەنرێت (concubinage).

**دایەنگە** **دار الحضانة** **nursery**

دایەنگە، تەرخان دەكرێت بۆ بەخێوكردن و پەروەردەكردنی ئەو منداڵانەی كەدایكەكانیان كار دەكەن، ئەوەش لەسەرەتای لەدایكبوونەوە دەست پێدەكات تاتەمەنی (6) ساڵی دایەنگەبەپێی ئەو ئاستەی كەدەسەڵاتی تایبەت دیاری دەكات، پێداویستیەكانی بۆ ئامادە دەكرێ و لەژێر چاو دێریش دەبێت.
دایەنگە جیاوازی هەیە لەگەڵ شوێنی شیردان (in fant home)، ئەو شوێنە ئەو منداڵانەی وەریان دەگرێت تەمەنیان لەسێ ساڵ زیاتر نابێت.
هەروەها دایەنگە جیاوازی دەبێت لەو دەزگایەی ناوی لێنراوە قوتابخانەی منداڵان (nursery school)، چونكە یەكەمیان كار بۆ قەرەبوو كردنەوەی ئەو منداڵانە دەكات كەلەڕووی مادی و سۆزەوە بێبەشن ئەویش بەهۆی كاركردنی دایكەكانیان،

لەو قوتابخانانە سیستمێکی لەباری کارکردنی تێدا پەیڕەو کراوە کەلەگەڵ کاتەکانی کارکردنی دایکان دەگونجێت و دەرگاشی کراوە دەبێت بەدرێژایی ساڵ، لەکاتێکدا مەبەستی سەرەکی ئەو قوتابخانانە فێرکردنی منداڵانە، هەروەها ئەوانە سیستمی قوتابخانەکان پەیڕەو دەکەن لەسەرەتای ساڵەوە تاکۆتایی.

باخچەی ساوایان | مدرسة الحضانة | **Nursery school**

قوتابخانەی منداڵان

دامەزراوەیەکی پەروەردەییە بۆ منداڵان، بۆ ئەو تەمەنانەی پێش تەمەنی ئاسایی کە وەردەگیرێن لەقوتابخانە گشتیەکان، ئامانجی ئەم جۆرە دامەزراوەیە یارمەتیدانی ئەو منداڵانەیە بۆ پەیداکردن و پێکهێنانی نەریتی باش و نموونەیی بەپێی رەفتاری کۆمەڵایەتی، هەروەها گەشەکردنیان لەڕووی ئەقلی و جەستەیی و کۆمەڵایەتی و سۆزەوە، لەگەڵ بەهێزکردنی تواناو کارامەییان.

ئەو هۆکارانەی یارمەتیدەر بوون بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو جۆرە قوتابخانانە، ئەو بارودۆخە بوو کەڕێگای بەژناندا ڕوو لەکار بکەن.

شیرپێدانی منداڵ | ١- الرضاعة | **Nursing**

خواردنی منداڵ بەهۆی شیری دایکەوە کەهەموو مەرجەکانی خۆراکی لەبار بۆ منداڵی شیرخۆر دابین دەکات و لەهەموو ڕوویێکەوە .

یاساکانی کار دەربارەی ئەو ژنەی کار دەکات و شیر دەداتە منداڵەکەی (Nuring mother) ماوەیەکی پشوودانی داوەتە دایکەکە لەکاتی کارکردن بۆ ئەو مەبەستە، ئەوە سەرەڕای ماوەی پشودان کەلەیاساکاندا بڕیاری لەسەر دراوە بەشێوەیەکی گشتی.

دەوترێت: خزمەتگوزاری شیرخۆرەکان (nursing facilities) بەو خزمەتگوزاریانەی پەیوەستن بەئامادەکردنی خۆراك یان چارەسەرییەکان، یاخود چاودێری رۆژانە بۆ منداڵانی دایەنگەکان.

هەروەها دەوترێت: بیمەی شیرپێدان (nursing mothers allowance) ئەویش یارمەتیەکە دەدرێتە دایك لەماوەی شیردانی بەپێی سیستمی بیمە کۆمەڵایەتیەکان یان یارمەتیەگشتیەکان.

چاودێری نەخۆش | ٢- التمریض

ئەو چاودێرییەی پەرستاران پێشکەشی نەخۆشەکانی دەکەن، لەگەڵ ئەو خزمەتگوزاریانەی کەپێی هەڵدەستن بۆ جێبەجێکردنی ئەو چارەسەرییەی کەپزیشك بڕیاری لەسەرداوە بۆ نەخۆشەکە، کە تاڕادەیەکی دووریش چاکبوونەوەی نەخۆشی لەسەر دەوەستێت.

لێرەدا چەند دامەزراوەیەك هەیە بۆ چارەسەر کردن، پێیان دەوترێت دامەزراوەکانی نەخۆش کاری ( nursing - homes)، لەو شوێنانە نەخۆشەکان، ئەوانی نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە هەروەها کەسانی بەتەمەن و ئەوانی لەماوەی چاکبوونەوەدان، جێگایان بۆ دەکرێتەوە، و چاودێری پزیشکی و نەخۆش کارییان بۆ ئامادە دەکرێت.

خۆراك پێدان | التغذیة | **Nutrition**

یەك لەو کۆڵەکانەیە کەپێکهاتەی ژیان پشتی پێ دەبەستێت، هەروەها ئەو پرۆسە جیاوازانەش دەگرێتەوە کەتایبەتن بەو خۆراکەی کەبوونەوەری زیندوو دەستی دەکەوێت بۆ یارمەتیدانی لەسەر فەرمانە زیندووەکانی وەك: گەشەکردن وجوڵە و زاوزێ و پاراستنی خەسلەت و تایبەتمەندییە سروشتی و کیمیاوییەکانی جەستەیی ئەو بوونەوەرە زیندووە.

بـڕی ئەوخۆراکـەی پێویسـتە، ئـەوە لەسـەر بنچـینەی یەکـەی پێوانـەیی خـۆراك (standard nutrition unit) هەڵدەسەنگێنرێت، کەساڵانە یەکسان دەبێت بەیەك ملیۆن گەرمۆکە (کالوری) بۆ هەر مرۆڤێك. ئـەو پێـوەرەش بـۆ ژمـاردنی بڕەکانی خۆراکی ڕاستی بەکار دەهێنرێت، کەگەلانی جیاواز وەریدەگرن و پەیوەستیش دەبێت بەتووندی لەگـەڵ ئـەو بـەروو بوومە جیاوازانەی بەرهەم دەهێنرێت، هەروەها بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە زەوی بەجۆراو جۆریەوە.

کەم خۆراکی **Cf. under- nourishment**

**nymphomania** الغَلَمة النسوية حەزی لەڕادە بەدەر

تێرنەخواردنی سیکسی

پاڵنەرێکی سیکس بەهێزە، یان نائاساییە لای ئافرەتان، لەبەرامبەریشدا تێرنەخواردنی پیاوان هەیە (satyriasis).

# O

## Objective method — الطريقة الحسية

**میتۆدی بابەتی**

یـەك لـەڕێگاكانی فێربـوونی بیرۆكـەو چـەمكەكانە، یـان مانـا راسـتەقینەی شـتەكان، ئـەویش بەبـەكارهێنانی تاقیكردنـەوە بەرجەستەییەكان، هەروەها بەڕێگای درك پێكردنی هەستی، ئەو ڕێگایـەش چەندشـێوەیەك وەردەگرێـت، وەك: بـەكارهێنانی وێنـەو نموونـەكان، هەسـتان بەگەشـت و سـەردانەكان، ئەنجامـدانی تاقیكردنـەوەكان لەكارگـەدا، سـەرەڕای نمـایش كـردن و هۆكارەكانی بیستن و بینین.

## Objectives, managemtn by — الادارة بالأهداف

**كارگێڕی لەسەر بنەمای ئامانج**

بریتیـە لەسیسـتمێك بـۆ كـاركردن، ئـەو سیسـتمە بەپلـەی یەكـەم پشت بەلایەنـە رەفتارییـەكان دەبەسـتێت بـۆ بـەدیهێنانی گەورەترین رادە لەو ئامانجانەی كەرێكخراوەكە هەوڵی جێبەجێ كردنی دەدات.

ئەو بنچینانەی ئەو سیستمە پشتی پێ دەبەستێت كورت دەكرێنەوە لە: هەستان بەدیاریكردنی ئامانجەكـەی لـەكارداو لەسـەر ئاستی ئەو یەكەی كەكاری تێدادەكات و لەچوارچێوەی ئامـانجی گشـتی رێكخراوەكـە، هـەروەها بەخشـینی ئازادییـەكی زۆرتـر بەكرێكار لەبواری كاردا، لەگەڵ رەخنەگرتن یان چاودێری خۆیەتی لەبەر رۆشنایی ئەو ئامانجانەی كەلەسـەری رێككـەوتوون، كورتكردنەوەی رۆڵی سەرۆك یاخود كەسی سەرپەرشتیار لەبواری ئاراستەو هاندان و یارمەتیدانی تاك دەربـارەی ئـەو كـەم و كورتیانەی كەڕەنگە لەكاتی كاردا دەركەون.

سیستمی كارگێڕی لەسەر بنەمای ئامانج، جەخت لەسەر زەرورەتی رازی بوونی كرێكار دەكـات، هـەروەها خولقانـدنی هـەل و مـەرجی هانـدان بـۆ هانـدانی كرێكـارو بەمەبەسـتی جێبـەجێكردنی ئەركەكـەی بەشـێوەیەكی باشـی پەرەسـەندوو لـەڕووی لێهاتووییەوە.

## Objectivisation — تَموضُع / اضقاء الطابع الموضوعي

**بەبابەتكردن**

مەبەست لەزاراوەكە لەدەروونناسیدا، گۆڕان لەهەستكردن، لەوەی حالەتێكی هەڵچوون بێت بەرەو تێگەیشتنێكی ڕەنـگ كـراو بەشێوازێكی واقیعیانە.

## objectivism — مذهب الغاية الموضوعية

**بەبابەتی**

لەڕەوشتدا، بۆچوون وایـە كەهەسـتكردن بەچـێژو ئـازارو ئەولایەنـە ویژدانیانـەی دیكـە، هەسـتێكی نادیـارو جێگـای گومانـە، ناكرێت ببێتـە ئامـانج بـۆ كـردەوە ڕەوشـتیەكانمان، بۆیـە دواتـر پێویسـت دەكـات كـە بـۆ ڕەوشـت چـەند ئاسـتێكی بابەتیانـە دابنرێـت، سـەربەخۆ بێـت لەویـژدانی چـێژو ئازار.بـەلاّم لەیاسـادا، واسـەلمێنراوە كەپابەنـد بـوون بەیاسـایەكی گشـتی، ئـەوە ئەنجامی چەند هۆكارێكی دەرەكیە، سەر بەخۆیە لەئیرادەی ئەوانی پابەند دەبن بەو ڕێسایە.

**بابەتگەری** **الموضوعية** **objectivity**

توانای تاك لەوەی خۆی دووربخاتەوە لەو هەڵوێستانەی کەتێکەڵاویان بووە، هەروەها لەسەر بنچینەی بەڵگەو ئەقل تەماشای ڕاستیەکان بکات، نەك لەسەر بنچینەی لایەنگری و سۆز، دووریش بێت لەدیاردەکانی دۆستایەتی و یەکتر ویستن، یان پشت بەستن بەبیروڕایەکی پێشوتر، ئەوەندەی پەیوەندی بەدۆخی ڕاستیەکەوە هەیە.

بەدەربڕینێکی دیکە، بابەتگەری لەتۆژینەوەی زانستیدا ئەو سیفەتەیە کە ڕەنج و ماندوو بوون گوزارشتی لێدەکات و دوورخستنەوەی لادانەکان لەدرك پێکردن یاخود لەڕاڤەکردن دەگرێتەخۆی، ئەوانی دەرئەنجامی لایەنگری کۆمەڵایەتی یانیش سایکۆلۆجین بۆ کۆمەڵ یان تاك، لەگەڵ بەدیهێنانی زۆرترین گشتاندنە بێلایەنە گشتیەکان لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانستەی لەبەر دەستە.

**پابەند بوون**
**ناچار کردن** **الالتزام** **obligation**

پەیوەستیەکی یاساییە، دەکەوێتە ئەستۆی کەسێك یان زیاتر، کە بەپێی نەریت یان یاسا، واپێویست دەکات مافێك بۆ کەسێکی دیکە یاخود زیاتر لەکەسێك بگوازرێتەوە، یانیش بەکارێکی دیاریکراو هەستێت و یان پێی رازی نەبێت.

ڕووداوی یاسایی، سەرچاوەی پابەند بوونەو ڕەنگە ڕووداوەکە سروشتی بێت بۆ ویستی مرۆڤ نەگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ یاسا بگەڕێتەوە، بەوەش یاسا دەبێتە سەرچاوەی ڕاستەو خۆی ئەو مافانەی کەبەهۆیەوە پەیدا دەبن.

یان ڕووداوەکە ئارەزوو مەندانە دەبێت بۆ ویستی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، هەروەها ڕەنگە کارێکی مادی بێت، کاری مادیش دەکرێ سوودبەخش بێت وەك دەوڵەمەند بوون لەسەر حیسابی کەسانی دیکە، یاخود کارێکی زیان بەخش بێت.

دەکرێ کارەکە یاسایی بێت و لەدوولایەنەوە ئەنجام بدرێت، وەك گرێبەستێك یاخود لەیەك لایەنەوە بێت وەك ویستی تاکێك.

دەوترێت، پابەند بوونی کۆمەڵایەتی (social obligation) واتە پابەند بوونی تاك بەوەی ڕەفتارەکەی ملکەچی ئەو پێوەرو بەها بڕیار لەسەر دراوانەی کۆمەڵگەبێت.

پابەندبوونی ڕەوشتی (moral obligation) سەرچاوەکەی سروشتی مرۆڤە، لەو ڕووەوەی کەبوونەوەرێکە توانای هەڵبژاردنی هەیە لەنێوان چاکەو خراپە.

**داوێن پیسی** **الفُحش** **obscenity**

دیاردەیەکە، ڕای گشتی یان یاسا یاخود دەسەڵاتە گشتیەکان بەپێچەوانەی شەرم و ڕەوشت جوانی و ئاکارزانی یان داب و نەریتی گشتی دادەنێن.

ڕەنگە دیاردەکە لەڕەفتاری تاکدا یاخود لەجل و بەرگ ویانیش لەزمان و هونەر یان لەهەڵس و کەوت دەربکەوێت.

**تێبینی**
**سەرنجدان** **الملاحظة** **observation**

بایەخدان و چڕکردنەوەی ئاگایی وووریایی بەرەو شتێك، بەمەبەستی ناسین و تێگەیشتنی ئەو شتە، ئەوەش هۆکارێکی گرینگە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان بەهۆی توێژینەوە جیاوازەکان، لەم بوارەدا دوو جۆر سەرنجدان هەیە: سەرنجدانی سادە (simple observation) مەبەستیش لێی، سەرنجدانی دیاردەکانە، وەك چۆن خۆکردانە لەبارو دۆخێکی سروشتیدا ڕوودەدات بێ ئەوەی ملکەچی دیسپلینی زانستیانە بکرێت و بێ بەکارهێنانی ئامێرە وردەکانی پێوانە، ئەویش بۆ دڵنیابوون لەوردی سەرنجدانەکەو لایەنە بابەتیەکانی.

سەرنجدانی سیستماتێك (systematic observation) کەملکەچی دیسپلینی زانستی دەبێت، ئەو جۆرەشیان پێشتر

لەچـەند بابـەتێکی دیـاریکراودا کۆدەبێتـەوە، هـەروەها لەسـەر وەڵامدانـەوەی پرسـیارەکان یـاخود جێبـەجێکردنی ئـەو گریمانانەی کە توێژەر دایناوە کورت دەکرێتەوە.

دڵتەنگی | الوسواس | obsession
گەمارۆی دەروونی | الانحصار

مەبەست لەم زاراوەیە، بیرۆکەیەك سووربوونی لەسەر بێت، هەروەها دووبارەکراویش بێت، بـەزۆری تێکـەڵاوی هەڵچوونیش دەبێت، بیرۆکەکە هاندەرێك بۆ شێوەیەك لەشێوەکانی هـەڵس و کـەوت لـەخۆ دەگرێـت، تـا ئـەو ڕادەیـەی کـە حاڵـەتی ئـەقلی بەگشتی وەك نەخۆشی تەماشا دەکرێت.

کۆن بوون | التقادم | obsolescence
بەکارنەهاتوو

زیان پێ کەوتن لەبەهای ئەو شتانەی کە هەیە، ئەویش بەهۆی پێشکەوتن لەهونەری پیشەسازی، یان گۆڕان لەچێژی گشتی.
تەماشا بکە: لەنرخ کەمکردنەوە، بەکاربردن depreciatio

کاری جاربەجار | العمل العرضي | Occasional labour

کاری جار بـەجار، یـان کـاری کـاتی، ئـەو کـارە نارێـك و پێکەیـە، کەلـەماوەی نزیـك لەیەکدا، یـاخود بـۆ مـاوەی دوور ئـەنجام دەدرێت، ئەویش بەپێی پێویستی کارەکە، وەك: بارکردن و بـەتالکردن لەبەنـدەرەکان و شـوێنی دیکـە، هـەروەها لـەو کارگـەو پیشەسـازییانەی کـەکار تێیانـدا بەشـێوەیەکی ڕێـك و پێـك بەڕێوەناچێت، ئـەویش بـەهۆی ئەگـەری وەسـتاندنی یـانیش دەسپێکردنەوەی بەپێی هەل و مەرج و پێداویستیەکان.

بۆنەگەرایی | مذهب المناسبة، الاتفاقية | occasionalism
بۆنەیەتی

پـەیڕەوکارانی ئـەم ڕێبـازە بـۆ چوونیان وایـە، بـوونی پەیوەندییـەکی هۆکـارێتی لـەنێوان دووشـتی تـەواو جیـاواز، جۆرێکـە لەمـەحاڵی یـان نـەتوانین، بۆیـە لـەم بارودۆخـە ئـەو هۆکارییـە ڕاسـتەوخۆ بـۆ کـاری خـودا دەگـەڕێننـەوە، خـودا هۆکـاری ڕاسـتەقینەیە بـۆ هـەموو ئـەو شـتانەی کـەهێزو توانایـان دەردەخـات، هۆکـاری دیـاریش بەڕاسـتی نابێتـە هـۆی دەرکـەوتنی شوێنەواری، بەڵام ئەو وەك بۆنەیەکە، تێیدا هۆکارێکی دیکە هەڵدەسێت بەڕوودانی ئەو شوێنەوارە (کاریگەرییە).
هەروەها ئەم ڕێبازە بۆ چوونی وایـە کـە ئـەقل و مـادە جیـاوازن و ناکرێـت کارلێکردنیـان هـەبێت، ئـەوی لای یـەکێکیان روو دەدات وەك بۆنەیەك دەبێت، تێیدا خودا دەبیتە هۆی روودانـی شـوێنکارێك لای ئـەوی دی، لەبـەر ئـەوەی خـودا هـۆی ڕاسـتی هەڵس و کەوتەکانمانە.

بڕوا بەهێزی نادیار | الاعتقاد في القوى الخفية | occulbism
- مەیلی شاردنەوە -

باوەڕهێنـان بـەوهێزە شـاراوانەی کەلەسـەرووی سروشـتن هـەروەها توانـای ملکـەچ کردنیـانیش دەبێـت بـۆ ژێـر دەسـەڵاتی مرۆڤایەتی لەڕێگای نەریتە جادوگەرییەکانەوە.
زانستە شاراوەکانیش (occult sciences) ئەو زانستانەن کەپەیوەست دەبن بەهێزە شاراوەکان، مەبەستیش لێیان سیحرو ئەستێرە ناسی و جادووگەری و کیمیای کونـە (alchemy) کەلـە ئەکسیری فەیلەسوفەکان دەگـەڕێن بـۆ وەرگێڕانـی کانـە هەزرانەکان بۆ زێڕ، هەروەها دەربارەی ئەکسیری ژیان جەوهەر بۆ گێڕانەوەی گەنجێتی و درێژەدان بەژیان.

کار

**occupation** ١- المهنة پیشە

پیشەکار، جۆرێکە لەوکارەی کەتاك پێی هەڵدەسێت هەرچییەك بێت ئەو پیشەسازییەی کە ئەو کارەی تێدا دێتەدی، لەگەڵ پلەو پێگەی فەرمانی تاك.

دەستەواژەی هەیکەلی پیشەیی (occupation structure) بەکار دەهێنرێت وەك ئامازەیەك بۆ توێژەکانی ئەو پیشانەی کە بوونیان هەیە لەیەك لەوپیشەسازیانە، یان لەو خزمەتگوزاریانە، یاخود لەدامەزراوەکان، یانیش لەکۆمەڵگە بەگشتی، هەروەك لەحالەتی پشکنینی پەیوەندی نێوان سیستمی فێربوون و هەیکەلی پیشەییدا هەیە.

بەڵام کۆمەڵناسی پیشەیی (occupation socialogy) مەبەستی لەزاراوەکە، پراکتیك کردنی بنەماکانی کۆمەڵناسیە لە شیکردنەوەی پیشەو فەرمانەکان، هەروەها لەلێکۆڵینەوەی خەسڵەتە کۆمەڵایەتیە پیشەییەکان.

داگیرکاری ٢- الاحتلال

مەبەست لەداگیرکاری لەیاسای نێو دەوڵەتیدا، هەستانی یەك لەدەوڵەتەکان بەدەست داگرتن بەسەر زەوی و خاکی دەوڵەتێکی دیکەو سەپاندنی دەسەڵاتەکانی بەسەریدا.

**Occupations classification of planning** التصنیف الرئسي للمهن پۆلینکردنی سەرەکی پیشەکان

باری پیشەکان و دانانیان لەچەند گروپێك بەپێی چەند خەسڵەتێکی بنچینەیی، بەمەبەستی خزمەتکردنی ئامانجەکانی پلانی ئابوری، پیشەکان بەشێوەیەکی گشتی بۆ سێ کەرت دابەش دەکرێن.

کەرتی پیشەسەرەتاییەکان (primary occupation)، ئەو پیشانەی پەیوەستن بەبەرهەمهێنانی یان دەرهێنانی کەرەستە سەرەتاییەکان.

کەرتی پیشە لاوەکیەکان (secondary occupation) بۆ ئەو پیشانەی پەیوەستن بەگۆڕینی کەرەستە سەرەتاییەکان و بەر هەمهێنانی کاڵاکان.

کەرتی سێیەمیش (tertiary occupation) ئەو بەشەی هەڵدەسێت بە ئامادەکردنی خزمەتگوزارییەکان، نەك بەرهەمهێنانی کاڵاکان.

**Classification occupational** تەماشا بکە: پۆلینکردنی پیشەکان

**Occupational disease** المرض المهني نەخۆشی بەهۆی پیشەوە

نەخۆشییەکە لەئەنجامی کارکردنی کرێکار لەپیشەیەك یان لەپیشە سازییەك پەیدا دەبێت، ئەو نەخۆشیە بۆ چەند هۆکارێك لەدەرەوەی کاردا ناگەڕێتەوە.

یاساکانی کارکردن چەند ڕێساو ڕێنماییەك دەگرێتە خۆی کەپەیوەستن بەئاگادار کردنەوە دەربارەی نەخۆشیە پیشەییەکان و چارەسەرکردنیان و قەرەبوو کردنەوەیان.

**Occupational health** الصحة المهنية تەندروستی پیشەیی

کۆمەڵە هۆکارێکە، ئامانجی چاودێری و تەندروستی کرێکارانە، لەگەڵ دوورخستنەوەیان لەو مەترسیانەی کەتووشیان دەبێت لەماوەی کارەکانیان و چاککردنی باوردۆخی ئەوکارە، هەروەها ڕەچاوکردنی ئەوەی کەهەر کرێکارێك لەو شوێنە دابنرێت کەلەگەڵ تواناکانی دەگونجێت.

چارەکردن بەکارکردن | العلاج بالعمل | **Occupational therapy**

ڕێگایەکە بۆ چارەکردنی نەخۆشە بەتەمەنەکان و هەندێ نەخۆشی ئەقلی بەهۆی کارکردنەوەی، ئەویش بەئاراستەکردنی وزەی نەخۆشەکە بۆ بوارەکردەییەکان، هەروەها بۆ ئەوەی سەرقال بێت و لەکێشە ناوخۆییەکانی دوور بکەوێتەوە، بەشێوەیەك کاتی هەستانی نەخۆش بەکارێك ئەوا هەست بەقەوارەو بە بەهای خۆی بکات.

دیارە ئەو حاڵەتەش دەبێتە هۆی هەست پێکردنی زیاتری نەخۆش بەدڵنەوایی و گەڕانەوەی متمانەی بەخۆی، هەروەها هەستانی نەخۆش بەچالاکی کردەیی و دەستیش، یارمەتیدەرێك دەبێت بۆ کەمکردنەوەی توونداو تیژی و هەڵچوونەکانی.

گرێی ئۆدیب | عُقدة أو دیب | **Oedipus complex**

مەبەست لەو گرێیە لەتیۆرییەکانی شیکردنەوەی دەروونی، کۆمەڵە ئەندێشەو وێناکردن و تارمایی و چەندین حاڵەتی ویژدانیە، کەویستی منداڵی پێ دەبەستڕێتەوە بۆ دەست داگرتن بەسەرباوکدا لەلایەن ڕەگەزەکەی دیکەوە.

لەم بارەدا پێش خواردنەوەو چەپاندن چەند شێوەیەکی جیاواز وەردەگرێت، ئەو دیاردانە لەحاڵەتی منداڵی لاواز دەبێت، پاشان زیاتر خۆی پەردەپۆش دەکات لەگەڵ سەرکەوتنی تاك لەتەمەندا.

گرێی ئۆدیب چەندین شێوەی دژایەتی دەمامکدراو دەگرێتە خۆی بەرامبەر بەباوك لەلایەن هەمان ڕەگەزەوە، هەروەها پەیوەست بوون بە باوکەوە لەلایەن ڕەگەزەکەی دیکە.

کەتن تاوان | الجُرم الجُنحة | **Offence**

کارێکی نایاسایە ویستی تاوانکاری تێیدا هاتۆتەدی، بڕیاری سزادانی یاسایی بۆ دراوە، گوناهبار یان تاوانبار ئەوکەسەیە کەبەگوناهێك هەڵدەسێت و یاسای تاوان بەکەتنی دادەنێت و سزای لەسەر دەبێت.

لێرەدا تاوانباری نەوکار هەیە، کەتاڕادەیەك بەنەرمی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت لەپیادەکردنی سزادانەکە، هەروەها تاوانباری ڕاهاتووش هەیە، کە تاوانی زۆر ئەنجام داوە، دیارە ئەو کەسە بەتووندی سزا دەدرێت.

قوربانی خەڵات | القُربان | **offering**

ئەوەی بۆ بوونەوەری باڵا پێشکەش دەکرێت، یان بۆ کارێکی پیرۆز بەکار دەهێنرێت، لەجۆرەکانی دانەوێڵەو خواردنەوەو ئاژەڵدا، قوربانیەکە دەخرێتە سەر کوشتارگەو پاشان لەلایەن قەشەو پیاوانی ئاینی و ئەوانی بەشداری ئەو بۆنە ئاینی و خودا پەرستیە دەکەن، دەکرێتەخواردن.

دەوترێت:

قوربانی بۆخۆ بەخشین ئاهی کرد (votive offering) بەوشتەی پێشکەش دەکرێت وەك جێبەجێکردنی بەڵێنێك بۆ خۆبەخشین یان بۆ سوپاسکردن بەرامبەر کارێکی باش.

قوربانی تاوان (sin offering) نێچیرێکە، لەلایەن کەسی باوەڕدا پێشکەش دەکرێت بۆ خۆرزگارکردن لەسزای تاوانێك.

قوربانی نەفرەت لێکراوو هاوشێوەکانی (Libation) ئەوەش بریتیە لە ڕشاندنی شلەیەك (ئاو، ڕۆن ) بەسەر زەویدا یان بەسەر نوێنەری خواوەند.

قوربانی بناغەی خانوو (foundation offering) ئەو قوربانیە دەخرێتە ژێربناغەی خانووەکە، بۆ ئەوەی هێزێکی پاراستنی پێ ببەخشرێت.

فەرمانبەری گشتی | الموظف العام | **official**
(کارمەند)

هەموو کەسێك کارێکی بەردەوامی پێ سپێردرابێت لەدامەزراوەیەکی گشتی، کەدەوڵەت بەڕێوەی ببات، یان یەك لەکەسەکانی یاسای گشتی.

هاوسەنگ کردن | المقاصة | **offset**
بەبەریەکخستن

مەبەست لەزاراوەکە لەیاسادا، یەك لەهۆکارەکانی پەیمان و ڕاستی، بە هۆیەوە دوو لایەن پابەند بوونێکی ئالۆگۆڕی نێوانیان بەدی دەهێنن.

نەوە | الذُرية | **offspring**
وەچە | النَسل

ئەو کەسانەی کەخزمایەتیان لەپێشینەوە پشتاو پشت بۆ ماوەتەوە، ئەوەش خزمایەتی خوێنە.

چەماوەی چەندجارەی کۆکراوە | المنحني التكراري المتجمع | **Ogive**
تەماشا بکە: چەماوەی دووبارەی کۆکراوە | **Cumulative frequency curve**

یارمەتیدانی بەساڵاچوان | مساعدة المسنين | **Old-gae assistance**

ئەو یارمەتیانەی پێشکەش کەسانی بەتەمەن دەکرێت لەڕێگای دامەزراوەکانی دەستەبەرکردنی کۆمەڵایەتی، یان سیستەمەکانی یارمەتیەگشتیەکان کەخەرجکردنی مووچەو چاودێری تەندروستی و خزمەتگوزاریەکانی حەوانەوە دەگرێتەوە، ئەویش بۆ ئەو بەساڵاچوانەی بەتەنها دەژین، لەگەڵ دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی رابواردن.

تەماشا بکە: یارمەتیدان | **Assistance**

کۆن باو | عتيق الطراز | **Old-fashioned**
رێ و شوێنی کۆن

هەر دیاردەیەك لەگەڵ هەل و مەرجی باوی ئەو سەردەمەی ئێستا رێکنەکەوێت .

تەماشا بکە: شێوازی کۆن | **Archaism**
مۆدە دەستوری کۆن | **Fachion**
پارێزگاریخوازی، نەریت پارێزی | **Conser vatism**

ئۆلیگارشی | حكم الاقلية | **Oligarch y**
دەسەڵاتی کەمایەتی | الاوليجاركية

دەسەڵات یان کاروبار بەڕێوەبردن لەلایەن ژمارەیەکی کەمی تاکی دەوڵەمەند یاخود توێژەباڵاکان، زاراوەی ئولیگارشیەت چەند چەمکێك دەگرێتە خۆی کەڕەنگە لەڕێز کەم بکاتەوە، ئەو زاراوەیە تەنها دەسەڵاتی گروپێکی بچووك ناگەیێنێ بەڵکو دەسەڵاتی گروپێکی بچووك کەبەرپرس نەبێت لەبەردەم زۆرینەو بەگەندەڵی یانیش وروژاندنی تورەیی و ناڕەزایی خەڵکی جیاواز دەکرێتەوەو دەناسرێت.

ئەم زاراوەیە، واتاکەی فراوان دەبێتەوەو پیادە دەکرێت بەسەر هەر ڕێکخراوێکی گەورەی وەك: حکومەت، کۆمەڵەکان، حزبەکان، کۆمپانیا بازرگانیەکان.
بەشێوەیەکی گشتی ئۆلیگارشیەت جۆرێکە لەگەندەڵی حکومەت، ئەویش گەندەڵی ئەریستوکراتەکان.
هەر وەك چۆن زۆرداری (tyranny) گەندەڵی سیستمی پاشایەتیە، ئەوا دەسەڵاتی ئاژاوەگێڕانیش (mobrule) گەندەڵی دیموکراسییەتە.
دەوترێت: یاسای ئاسنینی ئۆلیگارشییەت (iron law of oligarchy) ئەم دەستەواژەیە، ئاماژەیەکە بۆ گۆڕینی هێز بۆ ئەوەی لەدەستی گروپێکی بچووك خڕبێتەوە، ئەگەر لەشێوەی حکومەتێکی دیموکراسی بێت یان سۆسیالستی یاخود کۆمۆنیستی.

| | | |
|---|---|---|
| قۆرخکردنی کەمینە | احتكار القلة | **oligopoly** |

پێکهاتەیەك بونیادێك لەپێکهاتەکانی بازاڕ، دروست دەبێت کاتێ ژمارەیەکی کەمی تاکەکان یان دامەزراوەکان هەڵدەستن بەبەرهەمهێنانێکی گشتی کاڵاکان و دەخرێنە بازاڕیش بۆ فرۆشتنی.
لەم بارەدا ئەو پێکهاتەیە ڕۆڵێکی گرینگی دەبێت لەدیاریکردنی ڕادەو نرخی ئەو کاڵایانە لەبازاڕدا، کاتێ پەیوەندییەکانیشیان زیاتر ڕێك و پێکتر دەبێت، ئەوا دۆخەکەیان لەپاوانکردنەوە دەگۆڕێت و دەبێتە کارتل.

| | |
|---|---|
| تەماشا بکە: پاوانکردن | **monopoly** |
| کارتیل | **Cartel** |

| | | |
|---|---|---|
| توانای ڕەها | القدرة المطلقة | **omnipotence** |
| توانای بێ سنوور | القدرة على كل شيء | |

یەك لەخەسلەتەکانی خودی خوایەتیە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەتوانای خوا تاکۆتاییە، ئەویش شان بەشان خەسلەتەکانی دیکەی وەك بوونی خودی خواوەندی لەهەموو شوێنێك (omnipresence) و ئاگادار بوونیشی لەهەموو شتێك (omniscience).

| | | |
|---|---|---|
| پێش بینی بەهۆی | التكهن بواسطة | **Oneiro mancy** |
| خەونەکان | الاحلام | |

جادوگەری بەهۆی خەونەکانەوە، ئەو حالەتەش ڕاڤەکردنی ئەو خەونانە نیە، کەلەسەر بنچینەی پەیوەندیکردنی خەونەکان بەژیانی نائاگایی (نەستی) دادەمەزرێت هەروەها لەسەر بنچینەی بەهاکانی لەئاشکرا کردنی نهێنیەکانی.

| | | |
|---|---|---|
| سیستمی تاك حزبی | نظام الحزب الواحد | **One-party system** |

ڕێکخستنی حکومەتێك، تێیدا یەك حزب دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێت، دانیشی پێدا دەنرێت وەك دەربڕینێکی سیاسی بۆ گەل، دیارە ئەم شێوازە لەحوکمڕانی، تەنها ڕێگای پەسندکراو دەبێت بۆ بەشداریکردن لەسیاسەت، ئەو حزبەش باوەڕی بەئایدیۆلۆجیای ئەو کۆمەڵە هەیە کەدەسەڵاتی گرتۆتە دەست، ڕەنگە ئەو ئایدیۆلۆجیایە بەزۆر سەپێنرا بێت یاخود ڕەزامەندی بۆ بەدەست هێنرابێت.
لەم هەل و مەرجەدا ڕەخنەگرتن لەحزب بەخیانەت دادەنرێت بەرامبەر دەوڵەت، سزاشی بەدواوە دەبێت، هەروەها ئەو تاکانەی کە ئەندام نین لەو حزبە ئاسان نیە بۆیان پلەوپایە بەدەست بهێنن، ئەگەر لەحکومەت بێت یان لەبواری ئابوری و یاخود لەناو کۆمەڵگە.
نموونەی ئەو حزبانەش، حزبە فاشیستەکان، نازیەکان، کۆمۆنیستەکان.

تەماشا بکە: دوو حزبی — Bi partism

سیستمی فرەحزبی — Multi partism

**پەرەسەندنی بوونەوەر — التاريخ التطوري — ontogenesis**

واتە: مێژووی پەرەسەندنی تاکی بوونەوەرە، وەك جیاکارییەك لەگەڵ پەرەسەندنی جۆر، (phylogenesis) هەروەها دەوترێت پەرەسەندنی تاك، بەو چەند قۆناغە جیاوازەدا تێپەڕ دەبێت کە پەرەسەندنی جۆری پێدا تێپەڕ بووە.

**ئونتولۆجی — الانطولوجيا — Ontology**

**بووناسی — علم الوجود**

لێکۆڵینەوە لەسروشتی شتەکان و لەجەوهەری و لەخەسڵەتە بنچینەییەکانی، هەروەهاپەیوەندی هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی دیکە، ئەوەش بەشێوەیەکی گشتی بێ ئەوەی باسی لایەنە دوورو درێژییە تایبەتیەکانی بکرێت. ئەنتولوجیای میللی بیرۆکەی مرۆڤی میللی دەگرێتە خۆی، دەربارەی زەوی و ئاسمان و ئەستێرەکان و کەش و هەواو گوتەکانی زەمان و شوێن...ئەو لایەنانەی دیکەش.

**سیستمی چینایەتی کراوە — النسق الطبقي المفتوح — Open class system**

بریتیە لەسیستمی چینێکی کۆمەڵایەتی، لەتایبەتمەندییەکانی سیستمەکە، تاك ئازادە لەجولەکردن، بەرەو ئاراستەی سەرەوەی کۆمەڵ یان خوارەوەی، واتە تاك دەتوانێ لەپێگەی خۆی لەناوچینە کۆمەڵایەتیەکە بەرزبکاتەوە یاخود کەم بکاتەوە، ئەویش لەسەر بنچینەی کارو دەسکەوتەکانی دەبێت.

لەم سیستمە چینایەتیە، هیچ کۆت و ڕێگرییەك نیە، یاسایی بێت یاخود نەریتی کەپەسندکراوو ڕێگر بێت لەبەردەم جوڵەی تاك بەرەوسەرەوە یانیش خوارەوە.

کۆمەڵگە هەلسەنگاندێکی بابەتیانە دەکات لەئاست بەرزبوونەوەی تاك بەرەو سەرەوەی چینی کۆمەڵایەتی، لەسیستمی چینایەتی کراوە جوڵەی تاکەکان بۆسەرەوە (بەرزبوونەوەی پێگە) یان بۆ خوارەوەی بونیادی چینی کۆمەڵایەتی دووبارە دەبێتەوە، دیارە ئەویش لەمیانەی ژیانی تاك و لەنێوان نەوە جیاوازەکانیشدا.

لەبەرامبەر ئەوسیستمە لەکۆمەڵگە خۆرسکییەکان، سیستمی چینایەتی داخراو دێت (closed class system) تێیدا چینی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی بنچینەیی پشت لەسەر پێگەی خێزان دەبەستێت نەك لەسەر تواناو دەسکەوتە کەسایەتیەکان.

**سیاسەتی دەرگای کراوە — سياسة الباب المفتوح — Open door policy**

مەبەست لەم زاراوەیە لەڕووی ئابوری و سیاسییەوە، ئەو ئاراستەیەی لایەنگری لەئازادی بازرگانی دەکات، هەروەها یەکسانی لەمامەڵە بازرگانیەکانی نێوان هەموو دەوڵەتەکان، بێ جیاوازی لەنێوانیان، یان بەمانایەکی دیکە سیاسەتی زاڵبوون بەسەر مۆنۆپۆلەنێودەوڵەتیەکان.

لەڕووی کارگێڕییەوەش، مەبەست لەم زاراوەیە، ئەو شێوەکارگێڕییە دیموکراسیەیە کەگرینگی بەوەرگرتنی بیروڕای کارمەندان دەدات دەربارەی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کارکردن.

**دەزگای کراوە — المنشأة المفتوحة — Open shop**

دامەزراوەیەکە داوالەکارمەندانی ناکات پەیوەندییان بەسەندیکاوە هەبێت.

**پێناسەی کارڕایی** **التعريف الاجرائي** **Operational definition**

پێناسەیەکە پشت بەو سەرنج و تێبینانە دەبەستێت کەچەمکەکە (زاراوەکە یان گۆڕاوەکە) بەڕاستی دەزانێت، هەروەها ئەو کارڕاییانەی کە پەیڕەوکراون بۆ بەدەست هێنانی ئەو تێبینی و سەرنجانە لەگەڵ پێوانەکانی.

بەواتایەکی دیکە، زاراوەکە چەمك یاخود گۆڕاو نابێتە خاوەن بەها لەڕووی ئەزموونیەوە تەنها ئەگەر شیکرایەوە بۆ ئەو کردارانەی کە دەیگرێتە خۆی، ئەگەر ئەو کردارانە ئاماژەبن بۆ چەند کارڕایەك دەربارەی روودانی خودی ئەو دیاردەیەی کەچەمکەکە دیاری دەکات، یاخود ئاماژەبن بۆ چەند هۆکارێکی دیاریکراوی دیکە کەدەکرێ دیاردەکەی پێ تێبینی بکرێت، یانیش پێوانەبکرێت و یان چەند هەنگاوێکی لۆژیکی یاخود بیرکاری بن، کەبکەوێتە نێوان ئەو وئەوی دیکە.

**کارڕایی گەری** **الاجرائية** **operationism**

ئاراستەیەکی فەلسەفی زانستیە، وادەسەلمێنێت کەچەمك و رێکارییەکانی تۆژینەوە پەیوەستن بەیەکەوە، بۆیە چەمکە راستەکان لەڕووی زانستیەوە بریتین لەپێناسە رێکارییەکان، لەبەر ئەوەی هۆکارەکانی پێوانەی چەمك، پێناسەی چەمك پێکدەهێنن.

دەوترێت: چەمکی کارڕایی (operational concept) کەدیاردەکە روون دەکاتەوە ئەویش بەدیاریکردنی ئەوەی بەکاردەهێنرێت لەتێبینی کردنی یان لە پێوانە کردنی، هەروەها ئەو جەخت لەسەر گرینگی ئەو هەنگاوانە دەکات کە بۆ کۆکردنەوەی ئەو زانیاریانەی پەیوەستن بەدیاردەکەوە بەڕێوەدەچێت، زیاتر لەوەی جەخت لەسەر وەسف کردنی زارەکی دیاردەکە بکاتەوە.

هەروەها دەوترێت: نەخشەکێشانی کارڕایی بۆ تۆژینەوە (operational desing) کەجەخت لەسەر دیاریکردنی هۆکارو رێکارییەکان دەکاتەوە، ئەوانی دەکرێ پەیڕەوبکرێن بۆ پێوانەی ئەو دیاردەیەی کەتوێژەر ویستی لێکۆڵینەوەکردنی هەیە.

تەماشا بکە: پێناسەی کارڕایی **Operational definition**

**توێژینەوەی پرۆسەکان** **بحوث العمليات** **Operation resech**

بەکار هێنانی شێوازە زانستی و بیرکاریەکان بەهۆی کۆمەڵە شارەزایەك بۆ چارەسەرکردنی ئەو زانیاریانەی کە یارمەتی کاروباری کارگێڕی دەدەن ئەویش لەمیانەی وەرگرتنی بڕیارە دروستەکان و چارەسەرکردنی کێشەجیاوازەکان، بەجۆرێك کەببنە هۆی سەرکەوتنی پرۆژەکە.

**کرێکاری کارپێکەر** **عامل التَشغيل** **Operative**

نزمترین ئاستەکانی پرۆژەی پیشەسازییە، لەوکرێکارە پیشەسازیانە پێکدێت کەهەڵدەستن بەبەکارهێنانی ئامێرو کەرەستەکان، یان کۆکردنەوەی پارچەکانی.

**ڕای گروپ** **رأي الجماعة** **Opinion, group**

تەماشا بکە: ڕای گشتی **Public, opinion**

**رای گشتی** **الرأي العام** **Opinion, public**

تەماشا بکە: رای گشتی **Public, opinion**

توێژینەوەکانی ڕای گشتی — بحوث الرأي العام — Opinion research

پێوانە کردنی ڕای گشتی ئامانجەکەی بەدەست هێنانی ئاراستەو شێوازە بڵاوەکانی ڕای گشتیە، هەروەها ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی وسیاسی و ئابورییەی هەیە لەو دەوروبەرەی کەپێوانەکەی تێدا ئەنجامدراوە، لەم بوارەشدا چەند ڕێگایەك هەیە بەکار دەهێنرێت.

ڕێگای ڕاپرسی : — Investigation method

ڕێگای ڕوپێوکردن: — Survey method

ڕێگای شیکردنەوەی ناوەڕۆك — Content analysis method

هەڵپەرستی بەرژەوەندیخواز — الانتهازية — Opportunism

دەربڕینێکی سیاسی تازەیە، مەبەست لێی دەرفەت و هەلە خێراکان بەکاربهێنرێن و سوودیان لێ وەربگیرێت بێ ئاورادانەوە لەئامانجە دواخراوەکان.

کەسی بەرژەوەندخواز، ئامانجە گشتیەکان دەکاتە قوربانی لەپێناو دەسکەوتە تایبەتیەکان.

ئۆپۆزیسیون بەرهەڵستی — ١- المعارضة المقاومة — oppositeion

کۆشش و ڕەنجدان دژی ئاراستەیەك، بەجۆرێك وەك هەڵوێستێکی پێچەوانە بەرامبەری بوەستێت، هەروەها دیاردەی ئۆپۆزیسیون ئەو هەوڵانە دەگرێتە خۆی کەبۆ بەرهەڵستی کردنی بیروباوەڕێك یان گروپێك دەدرێت.

دەوترێت: بەرهەڵستی کۆمەڵایەتی (social opposition)، واتە ئەو کارلێکردنە کۆمەڵایەتیەی کە ڕکابەری و ململانێ دەگرێتە خۆی.

ئۆپۆزیسیۆن لەسیاسەتدا ئەو گروپەیە کەبەیەکەوە کار دەکەن بۆ دژایەتی کردنی ئەو حزبەی کە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، لەگەڵ کارکردن بۆ بەشداری لەهەڵبژاردنەکان و بەدەستهێنانی سەرکەوتن و دەسەڵات بەدەستگرتن، یاخود ڕاگەیاندنی سیاسەتێکی دیکە.

تەماشا بکە: دیموکراسی — Democracy

بەرامبەری — ٢- التقابُل

مەبەست لەزاراوەی بەرامبەری لەلۆژیکدا،کێشە بەرامبەرەکان یەکگرتوون لەبابەتدا هەروەها لە هەڵگیراویشدا (دانەپال)، بەڵام جیاوازن لەبڕیاردان یان لەچۆنیەتی یاخود لەهەردوو حاڵەتەدا بەیەکەوە.

پەیوەندی مەسەلە بەرامبەرەکان چەند جۆرێکن، ئەوانیش بریتین لە: پەیوەندی ناتەبایی (contradiction) واتە جیاوازی چەند و چۆن بەیەکەوە لە هەموو پرسەکان.

پەیوەندی دەستێوەردان (subalternation) واتە جیاوازی چەند لەنێوان هەردوو پرسی هەمەگەری و ئەندەکی.

پەیوەندی دژایەتی (contrariety) واتە جیاوازی چۆن لەنێوان دووپرسی هەمەگەری هەروەها پەیوەندی ژێردژایەتی (sub-contratiety) واتە جیاوازی چۆن لە نێوان دوو پرسە ئەندەکیەکە (بەشیەکە)

تەماشا بکە: پێچەوانە — conversion

ستەمکاری چەوساندنەوە — ١- الاظهاد الظلم — oppression

بـەکارهێنانی دەسـەڵات بـەکارهێنانێکی سـتەمکارانە و دڵ ڕەقانـە، هـەروەها لادان و نـاڕەوایی لەپـەیڕەکردنی بنـەماو ڕێسـا دەستوریەکان و بەتایبەتیش ئەوەندەی پەیوەندی بەپاراستنی مافەکانی مرۆڤەوە هەبێت.

دڵگیران
دەڵتەنگی
٢- ضيق الصدر

هەست کردن بەدڵ گوشان و شەکەت بوون و دابەزینی چالاکی جەستەیی و دەروونی.

تەماشا بکە: دڵتەنگی
Depression

گەشبینی
التفاؤلية
**optimism**

بەپێی ئەم تیۆرییە، ئەم جیهانە باشترین جیهانە توانای ژیانی تێدا بێت، چاکەش هەر لەکۆتاییدا سەردەکەوێت.

ڕێبازی تەواوکردن، یاخود چاك کردنی کۆمەڵ (meliorism) یەك لە شێوەکانی گەشبینیە، بـۆ چـوونیش وایـە کـەجیهانی ئێستا باشترین جیهانە، لەگەڵ بوونی توانای جوڵاندنی بەرەو باشتر لەو بارەی کەئێستا لەسەریەتی، ئـەویش بـەهۆی ڕەنـج و هەوڵەکانی مرۆڤەوە.

ڕادەی نموونەیی
بۆ دانیشتوان
الحد الامثَل
للسكان
**Optimum population**

قەبارەی دانیشتوان لەحالەتی زیـاد بـوونی یـان کـەم بـوونی هـیچ دەسـکەوت و تایبەتمەندییـەك نابەخشێ، ئـەو خەسـلەت و تایبەتمەندییانەی کەڕەنگە پەیداش بن، ئەوانە دەکرێ هەڵگری مۆرکێکی ئابورییان هەبێت.

لەم بارەشدا دەربڕینی ڕاست بریتی دەبێت لە (چاکترین ژمارەی دانیشتوان لەڕووی ئابورییەوە).

گەڕانیش بەدوای لایەنی پێش خستنی ئابوری، بەزۆری ئاراستەمان دەکات بەرەو دەربڕینەکانی خۆشگوزەرانی ئابوری، بـەڵام بـەهۆی دژواری گەیشتن بەڕاسـتیەکانی ئـەو دۆخـە، بـێ پشت بەسـتن بەتیۆرییـەکی دیـاریکراودا، ئـەوا ئێمـە لـەجیاتی ئـەو دەربڕینە هەندێ جار، دەستەواژەی (ئاستی ژیان) بەکار دەهێنین.

قۆناغی دەمی
المرحلة الفمية
**Oralstage**

مەبەسـت لـەقۆناغی دەمـی لەقوتابخانـەی شـیکردنەوەی دەروونیـدا، قۆنـاغی یەکەمـە لەقۆناغـەکانی گەشـەکردنی فـەرمانی ڕەگەزی، ئەویش بەرەچاوکردنی ئـەوەی کـە دەم یەکـەم ئەندامـە دەردەکـەوێت لـەکاتی لـەدایك بـوون، وەك ئەنـدامی لـەزەت وەرگرتن، هەموو چالاکیەکانیش چڕ دەبنەوە لەدەوری تێرکردنی ئەو شوێنە (ئەندامە).

نەریتە زاریەکان
التقاليد الشفوية
**Oral tradition**

ئەو کولتورەی کەلەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتـەوە بـەهۆی وشـە وتراوەکانـەوە نـەك بـەهۆی وشـەی نووسـراو، زاراوەکە کەبەکاردەهێنرێت لەبارێکی ئاسایدا، ئەوەندەی پەیوەندی بەوگروپە خۆڕسکانەوە هەیە کەزمانی نووسراویان نیە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی جێگای سـەرنجدانە لـەناو کۆمەڵگـە پیشەسـازییە نوێیەکانیشـدا، بـوونی داب و نـەریتێکی زۆری نـاڕەسمی (وەك یارییـەکان)، ئـەوانی لـەنێوان هـەرزەکارو منداڵانـدا دەچەسـپێت و ودرێـژەش دەکێشـێت لەنەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیەکی دیکە بێ ئەوەی بنووسرێتەوە.

**Ordeal** المحنة او الأمتحان الالهي کارەسات، یان تاقیکردنەوەی خودایی

یـەك لەوێنـەکانی دادگـایکردن و رێکارییـە یاسـاییەکانە، تێیـدا پشـت بـەهێزی سەرسـوڕهێنەر یـان لەسروشـت بـەدەرەکان دەبەستڕێت بۆ کۆتایی هێنان بەناکۆکیەکان و زانینی ڕاستی تۆمەتبارکردنەکەو ناسینی تاوانباریش.

دیاردەکە بەشێوەی جیاواز لەزۆربەی کۆمەڵگەسەرەتاییی و دواکەتووەکان هەیـەو لەهـەموو ناوچـەکانی جیهانیشـدا دیـارە، بـۆ جێبەجێکردنیشی پشت بەئەنجامدانی چـەند تاقیکردنەوەیـەکی مەترسـیدار دەبەسـتڕێت بـۆ هـەردوو لایـەنی نـاکۆك، تێیـدا ژەهریان ئاگربەکار دەهێنرێت، باوەڕیش وایەکەکەسی بێ تاوان هیچ زیانێکی پێ ناگات لەکاتی ئەو تاقیکردنەوانەدا.

**Order, public** النظام العام سیستمی گشتی

بنچینەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و مۆراڵییە، کۆمەڵگەی لەسەر پێکدێت لەدەوڵەتدا، هەروەك یاساپیادە کراوەکـان تێیدا نەخشەی دەکێشن.

هەر رێککەوتنێکیش بەپێچەوانەی سستمی گشتی بێت، ئەوا بەناڕەوا دادەنرێت بەشێوەیەکی رەها.

**ordinance** ١– القانون الوضعي یاسای دانراو

واتە ئەو یاسایەی کە لەلایـەن ئەنجومـەنێکی شارەوانیەوە دەردەچێت، لەویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا، زاراوەکـە بـەو بڕیارانــە دەوترێــت کەلەلایــەن ســەرۆکایەتی حکومەتــەوە یــان وەزارەتەکانــەوە دەردەچــێت، هــەروەها ئــەو یاســایانەی کەئەنجومەنە شارەوانیەکانی (municipal ordinance)دەریدەکەن.

تەماشا بکە: یاسا **law**

٢– طقس ديني ڕێ و ڕەسمی ئاییینی

ئـەو نەریتـەی بەسـتراوەتەوە بەنهێنیـەك لەنهێنیـە پیرۆزەکـان، بـەکاریش دەهێنرێـت بـۆ ڕوودانـی کاریگەرییـەکی ڕۆحـی، نموونەی: خواردنی خوایی (لەئاینی مەسیحیەت).

**Organic psychosis** الذهان العضوي پەریشانی ئەندامی سایکوسیس

نەخۆشییەکە تووشی مێشك دەبێت بـەهۆی تووشـی بـوونێکی ئەندامیـەوە، وەك ئیفلیجـی مێشـك، بـەڵام نەخۆشـی دەمـاری ئەنـدامی (organic nervous disease)، ئـەو جـۆرە نیروسیسـە لەئـەنجامی تێکچـوونی کۆئەنـدامی دەمـارەوە پەیـدا دەبێت.

**Organic solidarity** التضامن العضوي هاوکاری ئەندامی

واتــە، یــەك لەشــێوەکانی هاوکــاری کۆمەڵگــە، کەکۆمەڵگــە پیشەســازییە تازەکــان پێــی دەناســرێت و پشــت لەســەر ژمارەیــەکی گەورەی فەرمانە پسپۆڕیەکان دەبەستێت هەندێکیان لەسەر هەندێك.

دیارە ئەم شێوە هاوکارییەش دابەشبوونێکی ئاڵۆزدەگرێتە خـۆی و پێویسـت بـەهاوکاری هـەموو تـاك و گروپـەکانی کۆمەڵگـە دەکات.

**organicism** نظرية التكوين العضوي للمجتمع (العضوانية) تیۆری پێکهێنانی ئەندامی بۆ کۆمەڵگە

بەپێی بۆ چوونی ئەم تیۆرییە، بونیادو فەرمانەکانی کۆمەڵگە بەپێی ئـەو یاسـا بایۆلۆجیانـە بـەڕێوە دەچـێت کەبوونـەوەری ئەنـدامی پێـی جیـاواز دەکرێتـەوە، لەگـەڵ پشت بەسـتنی بەشـەکان یـان ئەندامـە جیاوازەکـان هەنـدێکیان لەسـەر هەنـدێك،

بەوەش جەستەیاخود کۆمەڵگە بەگشتی پێکدێت، لەگرینگترین لایەنگرانی ئەم تیۆرییە، هربەرت سبنسەر، ئەلبیرشافل، بول فون لینفاد، رینیە.

زیندەوەر گیانەوەر | الكائن العضوي | organism
بونەوەری ئەندامی

سیستمێکە لەچەند بەشێکی بەیەکەوە بەستراو پێکدێت و هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی دیکە پشتیش بەیەك دەبەستن، بەجۆرێك ئەو پشت بەیەك بەستنە توانای ژیان بەزیندەوەر دەدات وەك یەکەیەك، لەگەڵ بوونی جۆرە پسپۆرییەتیەکی فەرمانی ڕێك و پێك بۆ بەشەجیاوازەکانی، ئەو دیاردەیەش وەك باوە بەسەرگیانەوەرو بەسەر گروپێکی ڕێك و پێکدا پیادە دەبێت، وەك نموونە.

ڕێکخستن | ١– التنظيم | organization

پرۆسەیەکە لەڕووی ئەرك و فەرمانەوە جیاوازی لەنێوان بەشێك وبەشێکی دیکە دەکات، لەهەمان کاتدا پێکهاتەیەکی تەواوکراو لەپەیوەندییە فەرمانیەکانی ناوقەوارە گشتیەکە دروست دەکات.

ڕێکخراو | ٢– المنظمة

قەوارەیەکی ڕێك و پێکە، ئامانجی جێبەجێکردنی چەند مەبەستێکی دیاریکراوە، ئەو قەوارەیە خاوەن کەسایەتیەکی مەعنەوییە.

ڕێکخستنی کارگێڕی | التنظيم الاداري | Organization administrative

پێکهاتووییەکە لەسەر شێوەی پەیکەر، بەهەموو یەکەو فەرمان و تاکەکانیەوە، ئەوانە هەموویان هاوکاری یەکترن بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکانەی کەئامانجە دیاریکراوەکان دێنێتەدی، ئەو ڕێکخستنە کارگێڕییە دیاریکردنی ئەرکەکان و دەسەڵاتە تایبەتیەکان دەگرێتەخۆی، هەروەها کۆکردنەوەی ئەرکەکان بەرۆڵی خۆیان لەچەند فەرمانگەیەك ئەوانیش لەچەند بەش و کارگێڕییەکدا.

لەڕەگەزەکانی ئەم جۆرە ڕێکخستنە، فەرمانە تایبەتکارییەکان (پسپۆری)، دەسەڵات، بەرپرسیاریەتی، سەرپەرشتی، ئاستەفەرمانیەکان، پەیوەندییە ناوخۆییەکان.

ڕێکخستنی کارگێڕی چەند جۆرێکە:

ڕێکخستنی هێڵی ڕایەڵە - | Line organization
ڕێکخستنی سەربازی | Military organization
ڕێکخستنی هەرەمی | Pyramid dal organization
ڕێکخستنی پلەبەندی | Scale organization
ڕێکخستنی فەرمانی | Functional organization
ڕێکخستنی بەکۆمەڵ | Line ana-staff organization

هێلکاری ڕێکخستن | الخريطة التنظيمية | Organization chart
خشتەی ڕێکخستن

هێلکارییەکە، ئەو هەیکەلە ڕێکخراوەییە دەخاتە روو کەڕێکخراوەکەی لەسەرە، هەروەها پلەوپایە کارگێڕییە جیاوازەکان و ڕێز بەندی سەرۆکایەتی و ژمارەی ئاستە کارگێڕییەکان و پەیوەندی نێوان یەکە جیاوازەکان و دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و ڕاوێژکاری و ...ڕووندەکاتەوە.

**ڕێکخستنی فەرمی (ڕەسمی)** | **التنظيم الرسمي** | **Organization formal**

گروپێك لەسەر ئاستێکی بەرزی ڕێکخستن، هەڵگری چەند ئامانجێکی ئاشکرا، هەروەها چەندین یاساو ڕێساو پارێزنامەی دانراو بەشێوەیەکی ڕەسمی، ئەو ڕێکخستنە ڕەسمیە سیستمێکی بۆ دانراوە، چەند ڕۆڵێکی سنوردار دەگرێتە خۆی، ماف و ئەرکەکانی هەر ڕۆڵێکی دیاریکردووە بەشێوەیەکی ئاشکرا.
زاراوەی ڕێکخستنی ڕەسمی سنوور دارترە لەبەکار هێنان، تادەگاتە زاراوەی گروپی رەسمی، بۆیە لەکاتێکدا هەموو ڕێکخراوە رەسمیەکان بەگروپی ڕەسمی دادەنرێن، ئەوا هەموو گروپە رەسمیەکان بەڕێکخراوی رەسمی دانانرێن.
ئەو گروپانەی کەلەسەر ئاستێکی بەرزی ڕێکخستن دەبن، مۆرکی کەسێتی هەڵنەگرتووە، گەورەشن تاڕادەیەك، تەنها ئەوانە بەڕێکخراوی ڕەسمی دادەنرێن، لەڕێکخراوە ڕەسمیەکان: قوتابخانە، نەخۆشخانە، کۆمەڵە ئارەزوومەندەکان، دامەزراوەو بەرژەوەندییە حکومیەکان.
لێکۆڵینەوەش لەڕێکخراوە رەسمیەکان، لەبارێکی ئاسایدا، دیاردە رەسمی و ناڕەسمیەکان بۆ ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیەکەی دەگرێتەوە.
کارکردن لەڕێکخستنی ڕەسمی بەپێی لۆژیکی ئەقلی تەواو بەڕێوەدەچێت، لەبواری پەیوەندی و هەڵس و کەوتەکانی.

**ڕێکخستنی نافەرمی** | **التنظيم غير الرسمي** | **Organization in formal**

شێوازێکی پەیوەندییە ناکەسێتیەکانە، خۆکردانە گەشە دەکات بەهۆی کارلێکردنی تاکەکانی لەناوڕێکخستنە رەسمیەکەدا، هەموو ڕێکخستنێکی ڕەسمی لایەك یان بوارێکی ناڕەسمی هەیە، ئەوەندەی پەیوەندی بەڕێکخستنە کۆمەڵایەتیەکەی هەبێت، ئەولایەنەش تێکەڵاو نیە یاخود بابەتێك بێت بەشێوەیەکی ڕەسمی، هەروەها ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ناڕەسمی پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان و ڕێ و ڕەسم و نەریت و هەست و ویست و گروپە لاوەکیەکان دەگرێتەوە، ئەوانی کارتێکردنیان دەبێت لەسەر بەڕێوەچوونی ڕێکخستنی ڕەسمی، بەڵام دانیان پێدا نانرێت بەشێوەیەکی ڕەسمی.

**ڕێکخستنی هێڵی (سەرۆکایەتی)** | **التنظيم الرأسي أو الرئاسي** | **Organization line**

تەماشا بکە: **Line organization**

**ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی** | **التنظيم الاجتماعي** | **organization social**

تەماشا بکە: ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی **Social organization**

**ڕێکخستنی ڕاوێژکاری** | **التنظيم الاستشاري** | **Organization staff**

بریتیە لەئەنجومەنێکی پسپۆران و تەکنیکاران، ئەوانی هەڵدەستن بەتوێژینەوەو خزمەتگوزاری راوێژکاری بۆ فەرمانبەرانی

جێبەجێکار، یان بۆ کاروباری بەرهەمهێنان لەڕێکخستنە ڕەسمیەکەدا، وەك دامەزراوەیەکی پیشەسازی گەورە.

**پیاوی ڕێکخستن** **رجل التنظيم** **Organization man**

پیاوی کاروبار یان تەکنیکارێك، خۆی تەرخان دەکات بۆ کاروبارو پێوەرەکان، هەروەها ئەو ئامانجانەی کەسەرکردەکان دەست نیشانیان دەکەن، ئەوانی چاودێری و دەسەڵاتیان بەسەر ڕێکخستنی رەسمیدا دەبێت کەبەبەشێك لێی دادەنرێت.
بەڵام ئەو کەسەبەملکەچی و گوێڕایەڵی دەناسرێت، هەوڵی ئەوە نادات کەسێتی خۆی دەربخات، یان تازەگەرێتی و یاخود رەسەنایەتی و یانیش بایەخدان بەو بەبەرژەوەندییانە بدات تەنها ئەوانی ئامانجی ڕێکخراوەکە نەبێت.
ئەگەر ململانێیەکیش ڕوویدا لەنێوان ئایدیا رەهاکان دەربارەی داواکاریەکانی ڕێکخراوەکەو پێداویستیەکانی، ئەوا زۆر بەئاسانی یەکەمایەتی بە داواکاریەکانی ڕێکخراوەکە دەدات.

**شۆڕش لەبواری ڕێکخستن** **الثورة التنظيمية** **Organizational revolution**

ئاراستەیەکە بەرەو دروستبوونی ڕێکخراوەکان بۆ جێبەجێکردنی فەرمانە پسپۆریەکان، ئەوەی هاندەر بوو بۆ دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئەم ئاراستەیە، بریتی بوو لەچەند خەسلەتێك لەبوونیادی کۆمەڵگەی تازە، وەك بوونی پلەیەکی بەرزی جیاوازی لەرۆڵ و پێگەکاندا، هەروەها داکۆکی لەسەر بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەو ئاڵۆزی لە ژیانی کۆمەڵایەتی، سەرەڕای چەند گۆڕانکارییەکی رۆشنبیری.
شۆڕش لەبواری ڕێکخستن هاوشانی شۆڕشی پیشەسازی و پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆجی روویدا.

**کرێکاران، کرێکارەسەندیکاییەکان** **العمال النقابيون** **Organized labour**

واتە کرێکارە ڕێکخراوەکان، ئەوانی پەیوەندییان بەسەندیکاکانەوە هەیە، مەبەست لەم دەربڕینەش، چینی کرێکارە سەندیکاییەکەیە.

**ئاهەنگی شەوانی سوور** **الطقوس العربيدة** **Orgy**

چەند هەڵس و کەوت ونەریتێکی نهێنیە، لەبۆنەو چەژنی خواوەندی گریك و رۆمانەکاندا سازدەکرا، ئەو جۆرە ئاهەنگانە لەهەموو کۆت و بەندێك ئازادبوون، بۆیە زیادە رۆیی لەگۆرانی و هەڵپەڕکێ و خواردنەوەی تێدا روویدەدا، هەروەها هەلێك بوو بۆ خۆرزگارکردن لەقەدەغەکراوە سیکسییەکان.

**شارەزاکردن**
**ڕاهێنان** **التوجيه** **Orientation**

کۆی ئەو خزمەتگوزاریانەیە کەئامانجیان یارمەتیدانی تاکە بۆ ئەوەی تێگەیشتنی بۆ خۆی و بۆ کێشەکانی هەبێت، هەروەها توانا خودییەکانی خۆی لەهێزو کارامەیی و ئامادەیی و ئارەزووەکانی بەکار بهێنێ، لەگەڵ بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لەتواناکانی ناو ژینگەکەی بەو شێوەیە چەند ئامانجێکی گونجاو لەگەڵ تواناکانی خۆی دەست نیشان دەکات، هەروەها ئەو رێگایانەی کەمسۆگەرن بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە بەوریایی و ئەقلانیەوە هەڵدەبژێرێت، بەو شێوەیە توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی چارەسەرکردنێکی کردەیی دەبێت، دیارە ئەو هەل و مەرجەش دەبێتە هۆی راهاتن و گونجاندنی لەگەڵ خودی خۆی و لەگەڵ ژینگەکەی.تاك لەو بارودۆخەدا دەگاتە بەرزترین ئاست کەبکرێت پێی بگات بۆ گەشەکردن و تەواوکاری کەسێتیەکەی.

ڕەنگە ئاراستەکردنەکە پەروەردەیی بێت، بریتی بێت لەپرۆسەی ئاراستەکردنی قوتابیان و خوێندکاران بۆ هەڵبژاردنی ئەوبابەتانەی دەگونجێن بۆ خوێندن لەگەڵ زاڵبوونیش بەسەر ئەو کۆسپانەی ڕێگای خوێندنیان لێدەگرێت بەشێوەیەکی گشتی.
هەروەها ڕەنگە ئاراستەکردنەکە پیشەیی بێت، کە ئەویش پرۆسەی یارمەتیدانی تاکە بۆ هەڵبژاردنی پیشەیەك و خۆئامادەکردنی بۆ دەس بەکاربوون و پێشکەوتن تێیدا، بەجۆرێك لەڕووی پیشەییەوەبگاتە ئاستێکی باشی راهاتن و گونجان.
هەروەك دەوترێت، تێنەگەیشتنی تاك بۆ پەیوەندییەکانی بەکات و شوێنیەوە(disorientation).

**Oreintation social** الاتجاه الاجتماعي ئاراستەی کۆمەڵایەتی
شارەزابوونی کۆمەڵایەتی

واتە، ئەو ئاراستەیە، یان ئەو ڕێڕەوەی کەژیانی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگەیەکدا پێیدا دەڕوات، دەربارەی ئەو هۆیە کۆمەڵایەتیانەی پەیوەندییان بەبوونی و بە هاندەرەکانی هەیە لەپێناو ژیانێکی هاوبەشدا.
ئاراستە کۆمەڵایەتیەکەی کۆمەڵگە دەردەکەوێت لەچەندین شێوەی ڕێکخستن و دامەزراوەو بەها بنچینەییەکان، لەگەڵ ئەو ئامانجانە بەرجەستەکراوانەی هەوڵیان بۆ دەدات.
هەروەها ئەو ئاراستە کۆمەڵایەتیە گوزارشت لەو ئایدیۆلۆجیا باوە دەکات کە لەو کۆمەڵگایەدا باوەو لەجۆری سیستمی سیاسی و ئابوریدا دەردەکەوێت.
ئەمەو ئاراستەی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگەیەکی مارکسیدا، جیاوازی دەبێت لەگەڵ ئاراستەیەکی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگەیەکی سەرمایەداریدا.

**Original nature** الطبيعة الاصلية سروشتی بنچینەیی (ڕەسەن)

ئەو خەسلەتە ئەندامیە خۆڕسکانەی کەلەمنداڵاندا دەبینرێن پێش ئەوەی کارلێکردنی مرۆڤایەتی و کولتوری و بارودۆخە گشتیەکەی ژینگە دەست پێ بکات بەکارتێکردنی لەسەر هەڵس و کەوتە خۆڕسکیەکان.
هەندێ جار سروشتی خۆرسکی (ڕەسەن) پێناسەدەکرێت بەوەی کۆی فاکتەرو ئارەزووە بۆ ماوەییەکانە، کەلەکاتی گەشەکردنی تاك دەردەکەوێت، ئەوانی لەبواری کۆمەڵناسی و دەروونناسی کۆمەڵایەتی کاردەکەن، ئەو پێناسەیەیان لا پەسند نیە، لەبەر ئەوەی ئارەزوو خەسڵەتە بۆماوەییەکان کەگەشەدەکەن لەگەڵ گەشەکردنی جەستەیی، لەسەر هەر شێوەیەکی ڕەسەن نابن، یان هەرشێوەیەك کەفاکتەرە بۆ ماوەییەکان دیاری دەکەن بەتەنها.
هەموو خەسلەتە کەسێتیەکان بەرەو ڕووی گۆڕان دەبنەوە، ئەویش بەپێی تاقیکردنەوەکانی تاك لەژینگە سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و کولتوریەکەی، بۆیە پێویست دەکات نێوان سروشتی بنچینەیی و نێوان چەمکی سروشتی مرۆڤایەتی تێکەڵ نەکرێت زاراوەی سروشتی مرۆڤایەتی لەبارێکی ئاسایدا بەکار دەهێنرێت ئەوەندەی پەیوەندی بەتاکی گەورەوهۆشیارەوە هەبێت، لەوبارەشدا گریمانەوایە کە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کارتێکردنی بەسەر کاردانەوە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییە نارێك و پێکەکان دەبێت، ئەوانی لەسروشتی ڕەسەنایەتی منداڵدا دەردەچێت.

**Originality** الأصالة ڕەسەنایەتی

بوونی تواناو لێهاتوویی لەسەر جوانکاری و داهێنان لەبواری بەرهەمهێنانی ئامێرەکان یان داهێنراوەکان یاخود کاری هونەری و یانیش ئەدەبی، بە دەربڕێنێکی دیکە ڕەسەنایەتی بریتیە لەتایبەتمەندی شتێك یان جیاوازی کەسێك بەسەر ئەوانی دیکە، ئەویش بەچەند خەسڵەتێکی تازە کە تێیدا بەدی دەکرێت.

**Orphans asylum** ملجأ الايتام پەناگەی هەتیوان

**asylums** تەماشا بکە: پەناگەکان

**Ossification social** التحجر الاجتماعي چەقبەستوویی کۆمەڵایەتی
**Social ossification** تەماشا بکە:

**Ostracism** النفي دوورخستنەوە
دەربەدەرکردن

زاراوەکە لای یۆنانیە کۆنەکان، ئاماژەیەك بوو بۆ دوورخستنەوەی ئەو هاوڵاتیەی کەبەدوژمنی نیشتمان دادەنرا، بەڵام لەرۆژگاری ئەمڕۆدا ئاماژەیە بۆ خۆ دوورخستنەوە لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیە ئاساییەکان لەگەڵ ئەو کەسانەی ملکەچی چەند جۆرە رەفتارێکی سەلمێنراو نابن، دیارە ئەو حالەتەش وەك سەپاندنی جۆرە گۆشەگیرییەك دێت بەرامبەر بەتاك.
تەماشا بکە: جیاکرانەوە، جیابوونەوە
**Segregation**
لەوانی تر

**Outcastes** المنبوذون فڕێدراوان
پشتگوێ خراوان

زاراوەکە لەسیستمی چینایەتی هیندستان بەو تاکە دەوترێت کە نەتائیفەو نەچینی نیە، یان کەسی دەرکراو لەتائیفە یاخود چین، ئەویش بەهۆی لادانی لەنەریت و یاساکان.

**Out door relief** المساعدة المنزلية یارمەتیدانی ماڵان (فریاکەوتن)

جۆرە یارمەتیەکە بەهۆی سیستمی یارمەتیە گشتیەکان پێشکەش دەکرێت، یان بە هۆی سیستمی یارمەتی تایبەت بەتاکەکان یاخود خێزانەکانیان لەناو ماڵەکانیشیان پێشکەش دەکرێت. ئەو یارمەتیانە بەزۆری پێکدێت لەهاوکاری مادی، وەك خۆراك و جل و بەرگ، هەروەها خزمەتگوزاری پزیشکیش دەگرێتەوە.
**assistance** تەماشا بکە: یارمەتی

**Out group** الجماعة الخارجية گروپی دەرەوە

هەموو ئەو کەسانەی کە بەدوور خراوە لەگروپی -ئێمە - (in-group) دادەنرێن، واتە ئەوانە ئەندامی ئەو گروپەنین. هەروەها مەبەست لەم زاراوەیە هەموو ئەو ئەندامانەی کە بەدژی گروپی (ئێمە) دادەنرێن، یان بیانین و لەوگروپە نین.

**Out lawry** الحرمان من حماية القانون بێبەشکردن لە مافی یاسایی

کارڕاییەکە دژی ئەوانەی لەدەسەڵاتی یاسا لادەدەن، وەك بێ بەشکردنیان لەمافە یاساییەکان و لەپاراستنیان، ئەو شێوازەی کە کۆمەڵگەکان پیادەی دەکەن و بریتیە لەدوور خستنەوەی ئەوتاکانەی کەپێچەوانەی یاساکان کاریان کردووە، ئەوە لە شێوازە زۆر کۆنەکانە، هەروەها ئەو شێوازە چارەنووسی تاکەکان بەرەو ڕووی ترسناکی و هەڕەشەی توونددەبات کە یاسا سەرەتاییە کۆنەکان دەیان سەپاند، تاوانبار بەپێی ئەو شێوازە لەلێپرسینەوەدا بەرەو ڕووی روخاندنی خانووەکەی و لەناوبردنی یان دەست بەسەر داگرتنی کەل و پەل و پێداویستیەکانی دەبێتەوە، رەنگە بەرووتیش بخرێتە ژێر دەستی جەلاد، ئەگەر بکوژرێش ئەوا کەس نەبووە تۆڵەی بۆ بکاتەوە، هاوسەرەکەشی دەکەوتە بەرویژدان و دەسەڵاتی هەرکەسێك بێت.

**Out migration** الهجرة الخارجية کۆچکردنی دەرەکی
**Cf. migration** کۆچکردن

**Out put** | الناتج | بەرهەم

ئەوەی تاك یان ئامێرێك بەئەنجامی دەهێنێ لەماوەیەکی دیاریکراودا، هەر بۆ دیاریکردنی بەرهەمەکەش، چەند تێکڕاییەك دەربارەی بەئەنجامگەیاندنی تاك و ئامێرەکان بەپێی جیاوازیان دادەنرێت.

تەماشا بکە: شیکردنەوەی هاوشێوەکان و دەرهێنراوەکان **Input and out put analysis**

**Outrage** | الاهانة، الاعتداء، العمل الشائن | سوکایەتی، دەست درێژی کاری ناشرین

سووکایەتی ئەگەر بەووتە یان ئاماژەبۆ کردن یاخود وێنەگرتن بێت، دیارە ئەوە کارێکە کەسێکی دیکە بریندار دەکات، ئەگەر لایەنی کەسێتی بگرێتەوە یان هەستی یاخود مافەکانی.

دەوترێت: کاری دژبەئاکار (outrag auxbonnesmoers)، ئەویش تاوانێکە، ناوەرۆکەکەی سوکایەتی کردنە بەئاکاری گشتی، ئەگەر بەهۆی نووسینەوەی بێت یاخود وێنەگرتن.

بەلام کاری ئابروبەری ئاشکرا (outrage public alapudeur) ئەویش تاوانە، بریتیە لەهەستان بەکارێکی ناشرین بەرامبەر بەجەماوەر، وەك جنێودان، یانیش باسکردنی ئەندامانی لەش، یان هەر دیاردەیەکی دیکەی لەم جۆرە.

**Outwork** | الصناعة المنزلية / الحرف المنزلية | پیشەکانی ناومال

تەماشا بکە: پیشەسازی ناوخۆیی **Domestic industry**

**Over conformity** | التَشَدُد في الامتثال | پابەندبوونی رادەبەدەر زیادەرۆیی لەملکەچی

واتە، زیادەڕۆیی یان توونـدڕەوی بەزۆر ئەوەندەی پەیوەست بێت بەپێوەرێکی کۆمەلایەتی، یاخود کۆمەلە پێوەرێکی کۆمەلایەتی، دیارە، زیادە رۆیی لەدلسۆزی بۆ پێوەرە کۆمەلایەتیەکان، لەزۆربادا جیگای پەسندکردنی نیە، چونکە وەك شێوەیەك لەشێوەکانی مەرایی و دەرماگیری تەماشا دەکرێت.

ڕەنگە ئەو بەدەنگەوە هاتنە نەرێنیە بۆ توونـدرەوی لە باوەرهێنان بۆیەك لەپێوەرەکۆمەلایەتیەکانی وەك: نیشتمان پەروەری یان بیروباوەڕی ئاینی و.. هتد، هۆیەکەی بۆ ئارەزووی خۆدزینەوە یاخود لادان لەپێوەرێك لەپێوەرە کۆمەلایەتیەکان یانیش پابەند بوونێکی کۆمەلایەتی دیکە لەپابەند بوونە گرینگەکان بگەڕێتەوە هەوەها رادەی توونـدرەوی باوەرهێنان بۆ یەك لەپێوەرو بەهاکۆمەلایەتیەکان، ئەوا پێوەرو پابەند بوونەکانی دیکەی پەیوەست بەهەلوێستەکە دیاری دەکات، بۆیە توونـدڕەوی لەملکەچی بۆیەك لەپێوەروبەها کۆمەلایەتیەکان، پشت گوێ خستنی ئەرك یاخود پابەندییەکان یانیش پێوەرەگرینگەکانی دیکە دەگرێتە خۆی، یان دەبێتە هۆی لادان لێیان.

**Over crowding** | الازدحام | قەرەبالغی

بوونی ژمارەیەکی گەورەی خەلك لەشوێنێك کەجێگایان تێدا نابێتەوە، دیارە هۆیەکەشی بۆ بوونی ژمارەیەکی گەورەی خەلکی هەیە کەقەبارەیان لەو بۆشاییە زۆرترە کە تێیدا نیشتەجێن، یاخود بەهۆی بوونی چەند شتێکی دیکەکە بەشێکی بۆ شاییەکەی پڕکردۆتەوە، ئەو حالەتەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی قەبارەی بۆ شاییەکە بۆ نیشتەجێ بوون.

خەرجییە کارگێڕییەکان | المصاریف الاداریة أو العامة | **Over head charges**

خەرجییە ناڕاستەوخۆکان | المصاریف غیر المباشرة

هەندێ جار پێی دەوترێت خەرجییە گشتیەکان یان خەرجی نووسینگەکان، ئەو جۆرە خەرجیانەش هەموو ڕەگەزە ناڕاستەوخۆیەکان دەگرێتەوە، ئەوانی لەسەر بوارەکارگێرییەکانی پرۆژەکە خەرج دەکرێت، نموونەی چاپەمەنی و ئامێرەکان، هەروەها بۆ کاری سازدان و رازیکردن و موچەی بەڕێوەبەرو چاودێرو ژمێریارو سکرتێرو فەرمانبەران، لەگەڵ خەرجیەکانی ڕووناکی و کرێ و دابین کردنی دڵنیایی و پەیوەندییە تایبەتیەکانی کارگێڕی و دادوەری...هتد.

زیادەڕۆیی لەکاری رێکخستن | الاسراف التنظیمی | **Over organization**

ئەو ڕێکخستنەی تێیدا بایەخی زۆرتر دەدرێت بەبنەماو دیاردەکانی دەسەڵات لەجیاتی هەستان بەو ئەرکانەی پێویستە پێی هەستن.

زۆر بوونی دانیشتوان | اکتظاض السکان | **Over population**

چەمکی زۆربوونی دانیشتوان و جوڵەو جێگیر نەبوونی لەیەك باردا (under population) پەیوەستەبەو پەیوەندییەی هەیە لەنێوان دانیشتوان و دەرامەتەکان.

هەردوو دەربڕینەکە واپێویست دەکەن تەنها لەکاتی ئاستی گەشە کردنێکی دیاریکراودا کاریان پێ بکرێت.

دەوترێت، کە زۆربوون لەژمارەی دانیشتوان هەبێت، لەوکاتەدا دوورخستنەوەی ژمارەیەك لەنیشتەجێبوان، بەسوود بۆ ئەوانی دیکە دەگرێتەوە.

بەپێچەوانە جوڵەو جێگیرنەبوونی دانشتوان (کەمی ژمارەکە)، بەواتای ئەوە دێت کە دەسکەوت و سوود دێتەدی، لەکاتی زۆربوونی ژمارەکە، بەڵام ئەگەر قەبارەی دانیشتوان هیچ خەسڵەت و جیاوازییەکی نەبوو لەکاتی زۆری یان کەمی ژمارە، بەو بارە دەوترێت چاکترین ژمارەی دانشتوان (optimum population).

بەرهەمهێنانی زۆرتر | الافراط فی الانتاج | **Over production**

زێدە بەرهەم

دیاردەکە لەبواری ئابوریدا ڕووندەبێتە، کاتێ خستنەڕووی مادەکان زۆرتر بێت لەوەی کەخواستی لەسەرە لەئاست نرخێکی دیاریکراودا، هەر دابەزینێك لە نرخ دەبێتە هۆی فرۆشتنی ئەو بڕە زیادەیەی کە خراوەتە بازاڕ، ئەویش بەهۆی زۆربوونی خواست لەسەری بەدابەزینی نرخەکەی، بەڵام لەوحاڵەتەدا نرخە تازەکە (بەکەمکردنەوەی) خەرجیەکانی بەرهەمهێنان پرناکاتەوە، چەند نووسەرێکی ئابوری، دیاردەی بێبازاڕی لەخولی بازرگانیدا هۆیەکەی بۆ سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە (زۆری بەرهەم) دەگەڕێنەوە.

کارکردنی زیاتر | ساعات العمل الاضافیة | **Over time**

کاری زێدەکی

واتە، کاتەکانی کردکردنی زیاتر لەماوەی بڕیار لەسەر دراو، ئەو دیاردەیەش بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێتەوە، وەك چاککردنەوەی ئامێرەکان لەکاتی تێکچوون، یان لەسەر داوای خاوەن کار بۆ بەرژەوەندی خۆی و بۆ زۆر بوونی بەرهەم لەوەرزێکدا کەداواکاری نائاسایی لەسەرە.

تەڤینەوەی شارنشینی | التَحضَرُ المُتَفجر | Over urbanization

زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوانی شارەکان لەئەنجامی گەشەکردنی پیشەسازی و کۆچکردنی گوندشینەکان بۆناو شارو زۆر بوونی ژمارەیان بەتێکڕاییەکی خێراتر لەتێکڕای زۆر بوونی ژمارەی کاروپیشەکان، لەو شارانەدا.

کاری سەرووی توانا
زۆر ئیش پێکردن | العمل فوق الطاقة | Over work

ئەو کارەی کەلەسەرووی تواناو هێزو بەرگە گرتنی کرێکارە لەڕووی جەستەیی و ئەقلیەوە، ئەو حاڵەتەش دەبێتە هۆی درێژبوونەوەی کاتەکانی کارکردن و کەمی ماوەکانی پشوودان و خێرایی زیاتر لەکاردا.
کاری جەستەیی یان هزری تووند، دەبێتە هۆی ماندووبوونی زیاتر، بەوەش تاك زیندویی و چالاکی خۆی لەدەست دەدات و هەست بەدەڵەراوکێ و لاوازی دەکات، بگرە شێواندنی ئەقلیشی تووش دەبێت هەندێ جار.

خاوەندارێتی | الملكية | Ownership

بوونی دەسەلات بەسەر پارەو ساماندا، هەڵس و کەوت و خەرجکردنیش بەپێی ویست و یاسادا بێت.
تەماشا بکە: خاوەن، زەوی و زار | property

# P

ڕێبازی ئاشتی — مذهب السَلام — **Pacifism**
ئاشتیخوزی — المسالمة

ڕێبازی ئەوانەی بانگەشە بۆ ئاشتی دەکەن و دژی هەڵگیرساندنی جەنگن وەك هۆکارێك بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی ململانێیە نێو دەوڵەتیەکان، ئەو ململانێ و ناکۆکیانەی کەدەکرێ خۆمانی لێدور بخەینەوە بەدروستکردنی ڕێکخراوە لەبارو گونجاوەکان.
لەگرینگترین لایەنگرانی ئەم ڕێبازەش: تۆلستۆی، گاندی، هەردووکیان بانگەوازیان بۆ دژایەتیکردنی توندو تیژی دەکرد.
تەماشا بکە: ئاشتی **Peace**

بت پەرستی — الوثنية — **Paganism**

بت پەرستی ئەو ناوەیە کە مەسیحی و موسلمانە سەرەتاییەکان بەو کەسانەیان دەوت کە بتیان پەرستووەو هاوەڵیان بۆ خواپەیدا دەکرد.
هەروەها زاراوەکە ئاماژە بۆ دۆخی ئەو تاکەدەکات لەناو ئەوانی هێشتا هەواڵ و باسی ئاینەکەیان پێ نەگەیشتووە کە لەناوچەی ئایندارانەوە دەرچووە.
تەماشا بکە: بت پەرستی **Idolatry**

جوگرافیای سەردەمەکۆنەکان — جغرافية العصور القديمة — **Paleogeography**

زانستێکە، لێکۆڵینەوە لەدابەشبوونی ئاووشکانی دەکات لەماوەی چاخەجیۆلۆجیە جیاوازەکان لەمێژووی زەویدا، هەروەها لێکۆڵینەوە لەکەش و هەوای کۆن و زیندەوەرە لەناو چووەکان دەکات یاخود هەر دیاردەیەکی جوگرافی کە بۆ سەردەمێك یان بۆ چاخێکی جیۆلۆجی دەگەڕێتەوە.

میلەتناسی — اثنولوجيا الحضارات القديمة — **Paleo ethnology**
شارستانیەتەکۆنەکان

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەلقێك لەئەثنو لۆجیا (...بنەچەناسی) دادەنرێت، کە شارستانیەتەکۆنەکان دەگرێتەوە بەپێی ڕاستی سەرچاوە کۆنە نووسراوەکان.
(Haeckel) وای پێ چاکترە بەم لقە بوترێت ئەثنولۆجیای شوێنەواری (archaeo - ethnology).

زیندوو بوونەوە — الولادة الثانية (البعث) — **Palingenesis**
دووەم لەدایك بوون

(ڕواقیەکان) سۆفستائی، ئەم زاراوەیە بەکار دەهێنن وەك ئاماژەیەك بۆ گەڕانەوەی هەمان ڕووداوەکان لەخولێکی تازەدا، ئەوانی ڕوویانداوە لەخولەکانی پێشو دووبارە دەبنەوە.
هەندێك وای بۆ دەچن کەمێژووی مرۆڤایەتی دووبارە دەبێتەوە لەچەند خولەکێك، وەك خولی ڕۆشنبیری (culture cycle).

**هۆکارەکانی ئازارمژین** — الوسائل المُسَكِنة — **Palliative measures**

چەند کاروکردەوەیەکە بەشێوەیەکی کاتی و رووکەشانە ئەنجام دەدرێت، ناگاتە ئاستی ئەو فاکتەرانەی دەبنە هۆی لادان، ئەوانە ئێش و ئازارەکە کەم دەکەنەوە بەڵام چارەسەریشی ناکەن.

**فاڵ گرتنەوە** — قراءة الكف — **Palmistry**

**Chiromancy**

تەماشا بکە: خوێندنەوەی ناولەپ

**بزووتنەوەکانی یەکگرتن** — حركات الوحدة — **Pan movements**

ئەو بزووتنەوانە ئامانجیان، یەکگرتنی ناوچەیەکی جوگرافی یان گروپێکە، کەیەك زمان یاخود یەك رەچەڵەك یانیش یەك ئاین کۆیان دەکاتەوە، ئەو ناوچانەی کەبزووتنەوەکانی یەکگرتن تێیدا دەرکەوتوون لەگەڵ شێوەکانی رێکخستن و شێوازەکانی کارکردن و ئایدیا باڵاکانیان، جیاوازی گەورە لەنێوانیاندا هەیە، تاڕادەی ئەوەی بوونی یەك جۆرە گشتاندنی تایبەت دەربارەی کارێکی مەحاڵ دەبێت، نموونەی ئەو بزووتنەوانە: بزووتنەوەی یەکێتی ئەوروپی و ئەمریکی و سلاڤی، هەروەها یەکێتی ئەفریقی و ئیسلامی و عەرەبی.

**تۆقاندنی بەکۆمەڵ**

**ترسی ورەبەردان** — الذُعر الجماعي — **panic**

ئەو وشەیە لەوشەی خواوەندی (پان)ەوە وەرگیراوە، کە سەرچاوەی ڤیژەڤیژو هەراو هۆریایە لەناو دارستان و چیاکاندا، ئەو جۆرە تۆقاندنە کتوپڕو بێ هەر هۆو بیانوویەك روودەدات و لەگەڵیشیدا هەڵاتنی بەکۆمەڵ پەیدا دەبێت.

**رێبازی دانایی** — مذهب شمول الحكمة — **Pansophism**

رێبازێکە لەپەروەردە، ئامانجی تێگەیشتنە لەهەموو لقەکانی زانست و زانیاری بەو باوەڕەی کەزانین و ئەقلانیەت، جۆرێك لەدانایی و ژیری بۆ مرۆڤ تەواو دەکات، بەمەبەستی گەیشتن بەژیانی باش و بەکەڵك، هەروەها بۆ بەکارهێنانی ئەو ژیری و داناییە وەك ئامرازێك بۆ نوێکاری کۆمەڵایەتی.

**رێبازی یەکیتی بوون (بانثزم)** — مذهب وحدة الوجود، المذهب الحلولي — **Pantheism**

ئەم رێبازە بۆ یەکەم جار لەوڵاتی هیندستان دەرکەوت، بانگەشە بۆ یەکبوونی خواو بوونە وەرەکان دەکات، ئەویش لەسەر دوو جۆر:

1- بەوەی خواخۆی یەکگرتنی بوون و ڕاستی و ڕەواو جیهان بێت، ئەویش کۆی ئەو دیاردانەن کە خۆیەتی خوا رادەگەیێنێت، بێ ئەوەی لەخودی خۆیدا بوونێکی هەبێت.

2- بەوەی جیهان خۆی یەکگرتنی بوون و رەواو راستیە، ئەو جۆرەشیان ناوی لێدەنرێت یەکگرتنی ماتریالیزمی بۆ بوون (materialistic pantheism) ئەم رێبازە هەموو شتێك بۆ مادە دەگەڕێنێتەوە، ئەو لەخودی خۆیدا زیندووە، هەر لەوەوە هەموو بوونەوەرەکان دروست بوونە.

**نموونەی شیکاری**

**روانگەی میتۆدی** — الشكل التحليلي — **Paradigm**

وێنەیەکە زۆر بەکورتی چەمکە بنچینەییەکانی بابەتێك روونەکاتەوە، دیارە ئەویش هاوکار دەبێت بۆ نزیکردنەوەیان لەمێشك.

**بەهەشت** الجنة **Paradise**

باوەڕێکی ئاینیە دەربارەی چارەنووسی رۆحەچاکەکان پاش مردن، ئەوانە لە بەهەشت دەژین، واتە شوێنی خۆشی و بەختیاری، یان ژیانی خۆشی و شادی، ئەویش وەك پاداشتێك بەکارەباشەکانیان لەدونیادا، باوەڕیش وایە کەبەهەشت لەئاسماندا بێت، ئەم باوەڕە باشترین ئاراستەکردنە بۆ رەفتاری مرۆڤ.

**رێبازی هاوسەنگی (چۆنیەکی)** مذهب التوازن **parallelism**

بارێك لەهاوسەنگی یان وەك بوون یاخود بەرامبەرێتی، هەروەها زاراوەکە ئاماژە بۆ ئەو تیۆرییەدەکات کەدەڵێت: هەموو کولتورەکان ئارەزووی جوڵەو کارکردن دەکەن بەهەمان ئارستەکانی گەشەکردن و لەناوچە جیاوازەکاندا. دەوترێت: هاوسەنگی لەش و ئەقل (psycho-physical parallelism) ئەویش وەك بەڵگە هێنانەوە لەسەر تیۆری هاوسەنگی جەستەیی دەروونی، ئەو تێۆرییە یەك لەو تیۆرییانەیە کە پەیوەندی نێوان دەروون و جەستە روونەدەکاتەوە.

بەپێی بۆ چوونی ئەو تیۆرییە، دیاردە دەروونیەکان بوونێکی سەربەخۆیان لەدیاردە جەستەییەکان دەبێت، بەڵام هەموو چالاکیەکی دەروونی، چالاکیەکی جەستەیی لەکۆئەندامی دەماری هاوتەریبی دەبێت بێ ئەوەی هەر جۆرە پەیوەندییەکی هۆکاری هەبێت لەنێوان هەر دوو چالاکییەکەدا.

**ئاماری بارامیترییەکان**
**ئاماری نیشانداری** الاحصاءات البارامیتریة أو ذات المعالم **Parametric statistics**

مەبەست، ئەو جۆرە ئامارانەیە کەلەپەیڕەو کردندا، شێوازی شیکردنەوەی ئاماری دەگرێتە خۆی، لەو بارەشدا واپێویست دەکات ئەو ئامارو زانیاریانەی دەخرێنە بەرشیکردنەوە، ئەوانە لەدابەش بوونی دانیشتوان وەرگیرابن بەشێوەیەکی دەست نیشانکراو.

لای ئامارە پارامیترییەکان گریمانە وایە کە ئەوانی (دانشتوان) نموونەکەیان لێ وەرگیراوە، ئەوانە (خەسلەتی) یان تایبەتمەندێتی دابەش بوونی دووبارەی ئاساییان هەبێت.

هەروەها، ئامارە پارامیترییەکان واپێویست دەکات کە هەموو حاڵەتێك لە نموونەکە بەشێویەکی سەربەخۆ تۆمار بکرێت، بێ ئەوەی ئەو کارەش ببێتە هۆی تۆمارکردنی حالەتەکانی دیکە.

بەڵام کاتێ نموونەکان لەدوو گروپی دانیشتوان یان زیاتر وەردەگیرێن، ئەوا ئەوانە بەهەمان جیاوازی (variance) دەناسرێن، یاخود لەهەندێ باردا بەرێژەیەکی جیاوازی زانراودا، هەروەها ئامارو زانیاریەکان لەشێوەیەکی ئەژمارکردندا دەبن، بەجۆرێك دەکرێ کۆبکرێنەوە یانیش دابەش بکرێن یان لێکبدرێن، بەڵام نەك لەشێوەی چین و پلەدا (ranks)بن.

ئامارە پارامیترییەکان، پێش ئامارە ناپارامیترییەکان (ئەوی بێ نیشانەن) گەشەیان کردووە.

ئەگەر مەرجەکانی پێشو بەدەست هاتن ئەوا جۆری یەکەم لەئامارەکان، ئامارو زانیاری وردترمان دەداتێ تادەگاتە دووەم.

**پارانۆیا**
**تێکچوونی سوکی ئەقلی** الذُهان الهذائي **paranoia**

نەخۆشی (پارانۆیا) نەخۆشییەکی درێژخایەنە، لەنیشانەکانی ورێنەو قسەی بزرکاوی، بەڵام بەبەردەوامی و نەگۆڕی رێك وپێك، ڕەنگە نەخۆش تەواو دروست دەرکەوێت لەڕووی تواناو لێکدانەوە، بەڵام لێکدانەوەکانی لەسەر چەند بیروباوەڕێکی ناراست و خراپ و خەیاڵاوی دروست دەکات، هەروەها لەسەر چەند بنەمایەکی ناتەواو.

نەخۆشیەکە چەند جۆرێکی هەیە، وەك:

پارانۆیای خۆشەویستی **Amorous paranoia**

پارانۆیای لەخۆبایی بەشکۆ - **Exalted paranoia**

پارانۆیای دڵ پیسی **Jealousy paranoia**

پارانۆیای چەوساندنەوە **Persecution paranoia**

پارانۆیای ئاینداری **Religious paranoia**

پاراسایکۆلۆجی
**Para psychology** علم النفس الغيبي أو الهامشي
دەروونناسی غەیب

زانستێکە، کاری لێکۆڵینەوەیە لەچەند دیاردەیەکی رەفتاری یان ئەقلی، ئەوانی دەکەونە دەرەوەی ڕاڤەکردنی یاسا سروشتیەکان، ئەو دیاردانە نامۆو نائاساییەن، نموونەیان: تێڕامان، بیروئەندێشە ئاڵ و گۆڕکردن، جولاندن، واتە جولاندنی شتەکان بێ ئەوەی دەستیان لێبدرێت، هاوکاری خەولێکەوتن، لەگەڵ چەند دیاردەیەکی دیکەی وەك: لەهۆش چوون و هەڵچوون، ڕاکێشکردن و دیاردەکانی وەك هیستریاو ورێنەی بەکۆمەڵ کەلە دانیشتنە زانراوەکان روو دەدەن تایبەت بەئامادەکردنی رۆحەکان.

ئەودیوی دەروون **Ana. Metapyschics**

مشەخۆری کۆمەڵایەتی **Parasitism social**

تەماشا بکە: **Social parasitism**

باوك و دایكایەتی الوالدية **Parenthood**

حالەتی ئەو تاکەی چەند منداڵێکی بووە، دەوترێت باوك و دایکایەتی سروشتی (physical parenthood) واتە ئەو باوکەی کەچەند منداڵێکی بووە لەهاوسەرەکەی، هەروەها دەوترێت باوك و دایکایەتی کۆمەڵایەتی (social parenthood)، بەو باوکەی کەمنداڵی ئەو ژنەی بەخێو دەکاتکەلەپیاوێکی دیکە بوویەتی.

هەروەها دەوترێت رێکخستنی وەچە (planned pared thood)، مەبەست ئەو هەوڵ و ڕەنجە ئارەزوو مەندانەیە، کەهەردوو هاوسەرپێی هەڵدەستن بۆ سنوردار کردنی وەچە.

لێبوردن
**pardon** العفو
بەخشینی تاوانکار

لەیاسای سزاداندا، سەرۆکی دەوڵەت مافی بەزەیی هاتنی بەدەستەوەیە بەرامبەر کەسی تاوانبارکراو، سەرۆك دەتوانێت لێ خۆش بوون دەربکات، ئەگەر لەهەموو سزاکە بێت یان بەشێکی.

ئەو لێبوردنەش ڕەنگە لێبوردنێکی ڕەها (absolut pardon) بێت، واتە ئازادکردنی کەسی لێبوردراو لەهەر بەرپرسیارەتیەك و پاككردنەوەو لادانی هەموو ئاسەوارە یاساییەکان لەسەری کەبەهۆی کارەکەیەوە روویداوە.

هەروەها دەکرێ لێبوردن لەبەشێکی سزاکە بێت (patial pardon) واتە، سڕینەوەی بەشێك لەو سزایەی سەپێنراوە بەسەرتاوانبار، یاخود گۆڕینەوەی بەسزایەکی سووکتر.

پەیوەندییەکانی باوك و دایکایەتی العلاقات الابوية **Parental relations**

پەیوەندی نێوان دایك و منداڵ، یان باوك و منداڵ کەبەشێك لەکۆی ئەو پەیوەندییانەی ناوخێزان پێکدێنێ، هەروەها پەیوەندی نێوان ژن و پیاو پەیوەندی نێوان خوشك و برایانیش دەگرێتەوە.

پەروەردەی منداڵ و پێگەیاندنی بەبەشێك لەو کێشانە دادەنرێت کەبەهۆی ئەو پەیوەندییانەوە دروست دەبێت، ئەو دۆخە واپێویست دەکات لێك تێگەیشتن و خۆشەویستی و دڵنەوایی پرسۆز هەبێت لەلایەن دایك و باوك و منداڵەکانیشەوە.

ڕەنگە منداڵ پاڵ بنرێت بۆ جۆرێك ژیان کە لەگەڵ هەل و مەرجە سروشتیەکەی خۆی لابدات، لەو جۆرانەش، پیاوێك جێگای باوك بگرێتەوە یان ژنێك شوێنی دایك بگرێتەوە لەناو خێزاندا (steparent) یاخود منداڵ لە ناو خێزانێکی دیکە پەروەردەبکرێت (foster - parents) کەڕەنگە پەروەردەی ژیانی تووشی بێ سەروبەری و پشت گوێ خستن ببێتەوەو هەست بەنامۆیی و نادڵنەوایی بکات.

سیستمی پەرلەمانی | النظام النيابي | Parliamentarism

ئەنجومەنی نوێنەران، ئەو دەستە یاساڕێژەیە کە نوێنەران کۆدەکاتەوە، ئەوانی لەڕێگای هەڵبژاردنەوە دیاریکراون، بەشێوەیەك کە هەر یەکێکیان نوێنەرایەتی بازنەیەکی دیاریکراو دەکات بۆ ئەوەی بەناوی گەلەوەو بەنوێنەرایەتی ئەو دەسەڵات بەکاربهێنن.
ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکانی جێبە جێکردن و دەسەڵاتی یاسادان دادەمەزرێت، بەشێوەیەك وەزیرەکان لەبەردەمی بەرپرسیار دەبن.
کاری ئەنجومەنی نوێنەران دارشتنی یاساکان و سەپاندنی باج و لێپرسینەوە لەحکومەت و کێشانەوەی متمانە دەبێت، لەهەل و مەرجێکدا ئەگەر ناکۆکی و ململانێ لەنێوان هەردوولا (حکومەت و پەرلەمان) روویدا.
حکومەتی پەرلەمانی لەبارێکی ئاسایدا (واتە ئەنجومەنی وزیران) لەڕێگەی دیاریکردنی وەزیرەکان لەنێوان ئەندامانی حزبی زۆرینەی ناو پەرلەمان پێکدێت.
سیستمی پەرلەمانی دەکرێ دوولایەنە بێت (bicameralism) واتە لە دوو ئەنجومەن پێکهاتبێت، یەکێکیان ئەنجومەنی نوێنەران و ئەوی دیکەش ئەنجومەنی پیران، یاخود دەکرێ لەیەك ئەنجومەن پێکبێت (unicameralism)، ئەویش بۆچڕکردنەوەی دەسەڵاتە یاساییەکان لەبڕی دابەشکردنی بەسەر دوو ئەنجومەن.

ئازادکردنی مەرجدار
بەمەرج بەردان | الافراج المشروط | parole

بەرەڵلاکردنی زیندانی لەلایەن دامەزراوەیەك کەدەسەڵاتی سزادانی بەدەستەوە بێت و لەژێر چاودێری دەسەڵاتەکانی چاودێری کردن کاربکات، ئەو کارەش هەوڵدانێکە بۆ ڕاهێنانی زیندانیە ئازادکراوەکە لەگەڵ ژیانی ناوکۆمەڵگەی گەورەدا.
هەروەك باویشە چاودێری زیندانیە ئازادکراوەکە لەو ماوەیەدا ئەنجام دەدرێت کەکەسی زیندانی ماوەی زیندانیەکەی لەزینداندا بەسەر دەبات.

یاسای دەستگرتنەوە لەهزردا | قانون الاقتصاد في الفكر<br>قانون القصد | Parsimony law of

پەیڕەوکردنی کورتترین ڕێگا بەکردار بێت یان بەبیرکردنەوە بۆ گەیشتن بەئامانجێك، ئەم بنەمایە لەبنچینەدا، لەلایەن (William of occam)ەوە داڕێژراوە لەسەدەکانی چواردەدا، ناوەرۆکەکەشی دەڵێت: پێویست دەکات بنەماکانی راڤە کردن یاخود فاکتەرەکانی، فرەبن، زیاتر لەپێویست .
دیارە ئامانج لەم بنەمایە نەهێشتنی خەوش و کەم و کورتیە زۆرەکان بووە لەناو قەوارەو بەها و هۆکارەکاندا..هتد، کەبەدرێژایی چەندین سەدە لەبیرکردنەوەدا، لەسەدەکانی ناوەڕاست کەڵەکەبوو، ئەنجامە ناڕاستەو خۆیەکەشی، ڕێگا خۆشکردن بوو بۆ داڕشتنە زانستیەکان کەلەسەدەی رابووندا دانرا.
ئەم بنەمایە بەزمانێکی سادەتر دەڵێت: ئەگەر ئێمە چەند راڤەکردنێکی چاوەڕوانکراومان هەبوو بۆخودی هەر دیاردەیەك، دەرکەوتیش کەهەموویان یەکسان بن لە تواناکانیان بۆ ئاشکرا کردنی راستیەکان، هەروەها هەمووشیان ئەقلانی بن بە پلەیەکی یەکسان، ئەوا بنەمای هەڵبژاردن لەناویاندا دەبێ سادەیی بێت.

لایەنگری | التحيّز | **Partiality**

تەماشا بکە: لایەنگری کوێرانە، دەمارگیری | **Prejudice**

سەرنجدان بەبەشداری | الملاحظة بالمشاركة | **Participant abser vation**

سەرنجدانی هاوبەش لەمیتۆدەکانی تۆژینەوە، مەبەست لێی کۆکردنەوەی گەورەترین رادەی زانیاری و ئامارەپێویستیەکانە بۆ لێکۆڵینەوە، ئەو جۆرە سەرنجدانە ئەوە دەگەیێنێ کەتویێژەر بەشداری ژیانی ئەو خەڵکە بکات کەجێگای سەرنجدانیەتی. هەورەها بەشداریکردنی لەبوارەکانی ئەو چالاکیەی کەپێی هەڵدەستن بۆماوەیەکی کاتی کە ئەویش ماوەی سەرنجدانەکەیە. دیارە ئەم جۆرە سەرنجدانە واپێویست دەکات کە توێژەر ئەندام بێت لەو کۆمەڵەی کە هەڵدەستێت بەلێکۆڵینەوەکردنەکە و لەگەڵیاندا هەڵس و کەوت بکات و بەدەنگیانەوە بچێت.

شێوازی سەرنجدان بەبەشداری لەبواری ئەنترۆپۆلۆجیای کۆمەڵایەتی و لەلێکۆلێنەوەی گوند و شارەکاندا بەکار هێنراوە.

بەشداریکردن | المشاركة | **Participation**

کارلێکردنی تاك بەشێوەیەکی ئەقلانی یان لەڕووی هەسەت جولاندنەوە بێت لەهەڵوێست و ئاراستەی کۆمەڵ و بەڕێگایەك هانی بدات بۆ بەشداریکردن لەجێبەجێکردنی ئامانجەکانی و بەشداریکردن لەهەڵگرتنی ئەرك و بەرپرسیاریەتی.

ڕەنگە ئەو بەشداریکردنە رەسمی (formal) بێت یان نارەسمی (informal)، بەمە دەوترێت بەشداریکردنی شاراوە (mystic participatoin)، بەو بەشدارییەی کەلەنێوان مرۆڤی سەرەتایی و شتە نازیندووەکان دروست دەبێت، کەباوەڕیش وایە سروشتیکی زیندووی هەیە.

دەوترێت، بەشدرایکردن لەکارگێڕی (management participation) واتە بەشداریکردنی نوێنەرەکانی خاوەن کار لەگەڵ نوێنەری کرێکاران لەبەڕێوەبردنی پرۆژەکە.

تایبەتمەندێتی ئەندەکگەرایی | ١- التخصصية | **particularism**

مەبەست لەزاراوەکە، هەستانی هەر توێژێك لەتوێژەکانی گەل بەرۆڵێکی تایبەت، دیارە کۆمەڵگە لەسەدەکانی ناوەڕاست نموونە بووە بۆ پیادەکردنی پێوەرەتایبەتیەکان لە کاری ئابوریدا، لەو کۆمەڵگایەدا هەرگروپێك رۆڵێکی تایبەتی هەبووە، ڕێگاشی پێ نەدراوە تەنها لەبەجێگەیاندنی ئەو فەرمانەی کە بۆی تەرخانکراوە.

خۆتەرخانکردن | ٢- الانصرافية

واتە، کارکردن یان خۆتەرخانکردنی تاك بەتەواوەتی بۆ بابەتێك یاخود بۆ حزبێکی دیاریکراو یانیش بەرژەوەندییەك یان تائیفەیەکی دیاریکراو.

خۆیی گەرایی | ٣- الذاتية

تێورییەکی سیاسییە، دەڵێت هەرگروپێکی سیاسی مافی ئەوەی هەیە بڕیار لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆی بدات و سەر بەخۆیی بەدەست بهێنێ، بێ گوێدانە بەرژەوەندی ئەو گروپانەی کە لەڕووی ژمارەو پێگەوە لەو زیاترن.

یەکانەیی — ٤ – الاحَدية

ڕەوتێکە دیاردە کۆمەڵایەتیە ئاڵۆزەکان بۆ یەك فاکتەر یان یەك هۆ دەگەڕێنێتەوە.

بەشداریکردن — ١ – المشاركة — Partnership

هاوبەشی

Participation

تەماشا بکە: بەشداریکردن

کۆمپانیای — ٢ – شركة التضامن

هاوبەش

ڕێککەوتنێك لەنێوان دووکەس یان زیاتر بەپێدان و ئامادەکردنی پارەو پێداویستیەکان و بەڕێوەبردنی پرۆژەیەك، ئاکامەکانی ئەو پرۆژەیە لەقازانج و دەسکەوت یاخود زیان پێگەشتن، لەنێوان هەردوولا دابەش دەکرێت، ئەویش بەپێی ڕێژەی هەرلایەك لەوپرۆژەیە.

کۆمپانیای هاوبەش (راسپاردە) — شركة توصية — Partenership, limited

ئەم جۆرە کۆمپانیایە، دوو جۆر هاوبەشی دەگرێتە خۆی، هاوبەشە هاوکارەکان، ئەوانی تەنها خۆیان مافی سەرپەرشتیان لەبەڕێوەبردنی کاروباری کۆمپانیاکەیان هەیەو بەرپرسیاریەتیەکی ناسنورداریش دەکەوێتە سەریان.

هەروەها هاوبەشە راسپێردراوەکان کەئەرك و بەرپرسیارەتیان لەسنووری بەشەکانیان دەبێت.

پارتی سیاسی — الحزب السياسي — party

پارت، بریتیە لەگروپێکی ڕێك و پێك، بەشداری دەکات لەچەندین ئاراستەی پەیوەست بەچالاکی سیاسییەوە، هۆیەکانی پێکهاتنی حزبەکان زۆرن، ڕەنگە بەهەوڵ و ڕەنجەکانی تاکێك بێت، یان بەهۆیەکی مێژووییەوە، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەت ئامانجی بەدیهێنانی چەند ئایدیایەکی باڵا دەبێت، یاخود تەنها دەسەڵات بەدەستەوە گرتن بەباشترین شێوە.

هزری دیموکراسییەت بوونی سیستمی فرە حزبی (multi partism) بەپێویست دەزانێ، لەم بوارەشدا پشت بەگفتوگۆو دیالۆگ دەبەسترێت بۆ دیاریکردنی ئەو ڕێبازە سیاسییەی کەدەبێ پیادەبکرێت.

لەچەند وڵاتێکدا، سیستمی دوو حزبی (biparbism)هەیە، لەم بارەدا، یەکێکیان دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێت و ئەوی دیکەش ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن دەگێڕێت، هەروەك چۆن لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە باوە.

هەروەها سیستمی تاك حزبی (on-party system) هەیە، لەم جۆرە سیستمە ڕێگا نادرێت بەپێکهێنانی حزبی دیکە، ئەم سیستمە لەوڵاتانی جیهانی سێیەم باوە.

لێرەدا، زاراوەی بەرنامەی حزبی (party - platform) دێتە پێشەوە، کەبریتیە لەبەیاننامەیەکی گشتی دەربارەی ڕێبازی سیاسی و پرس و بابەت و بەڵێن و ئامانجەکان، کەحزب رایدەگەینێت و بەڵێنی جێبەجێکردنیان دەدات لە ڕێگای یاساوە.

هەڵچون و ئازاری گیان بەخش — الانفعال — passion

کاریگەری وەرگرتن

بریتیە لەسۆزێکی بەهێز، دەسەڵاتی بەسەر دەروونەدا دەبێت وەك خۆشەویستی و رق و قین و خەم و شادی.

ئەم زاراوەیە بەزۆری بەکار دەهێنرێت، وەك هێماگەرییەك بۆ ئەو ئارەزوو حەزە یاخی و سەرکێشانەی بەهێزن وەك توڕەیی و رەزیلی.

کەم تەرخەمی
نەرێتی
السلبية
**Passivity**

بارێکە لەکەم و کورتی خودی، یان خۆبەدەستەوەدان و بەرهەڵستی نەکردنی هێزی دەرەکی، یاخود بۆ ویستی تاکێك یانیش گروپێکی دیکە، دەوترێت: بەرهەڵستی نەرێنی (passive resistance)، وەك ئاماژەیەك بۆ گوێڕایەڵ نەبوون بۆ فەرمانەکان.

شوانکاری
الرَعي
**Pastoralism**

سیستمێکی ئابورییە، بریتیە لەپەروەردەو بەخێوکردنی بڕە ئاژەڵێك لەوانی لەسەر خواردنی پوش و لەوەر دەژین، لەو سیستمەدا مرۆڤ بۆ پەیداکردنی زۆربەی پێداویستیەکانی ژیانی لەجل و بەرگ و خۆراك، پشت بەبەرهەمی ئەو ئاژەڵانە دەبەستێت کە بەخێویان دەکات.

لەناوچە هەژارەکان، خەڵکی ناچار دەبن بۆ جێگۆڕین و کارکردن بەشێوەی کۆچەری ئەویش بەمەبەستی گەڕان بەدوای لەوەڕی پێویست بۆ ئاژەڵەکانیان، بەڵام ئەو ناوچانەی کە بە بەپووش و گیاو لەوەڕ دەوڵەمەندن، ئەوا ژیانی شوانکارەیی شێوەیەکی زیاتر سەقامگیری وەردەگرێت.

لەم بوارەدا، چەندین شێوەی شوانکارەی جیاواز هەیە، لەوانە شوانکارەی کۆچەری (nomadic pastoralism)، هەروەها شوانکاری پەیوەست بەبەرهەمە ئاژەڵییەکان (transhumance and estivation) و شوانکاری نەشارەزا لە کشتوکاڵ (unspecialized herding and farming) کەهەندێ جار پێی دەوترێت نیمچە کۆچەری (semi-nomadism).

مافی داهێنان
براءة الاختراع
**Patent**

بڕوانامەیەك یان بەڵگەنامەیەك، دەوڵەتان بەداهێنەرانی دەدەن بەپێی ئەو بڕوانامەیە داهێنەران مافی ئەوەیان دەبێ سوود لەو داهێنانە وەربگرن و بەکاری بهێنن، دیارە کەڵك و سوودەکەشی لەهەردوو بواری تایبەت و گشتی بەکار دەهێنرێت.

لەم بارەدا دەبێ داهێنان بەخەسڵەتێك جیاوازبکرێتەوە ئەویش نوێکارییەو بەکەڵکی بەکارهێنان بێت لەڕووی پیشەسازییەوە.

داهێنەر، لەبەکارهێنانی داهێنانەکەی بۆ ماوەیەکی کەم ماڤی بەکارهێنانی دەبێ، ئەگەر ئەوماوەیە تێپەڕبوو ئەوا ڕێگا بەبەکارهێنانی داهێنانەکە دەدرێت بۆ هەر کەسێك بێت و سوودی لێوەردەگێرێت.

چاودێری باوکانە
باوك سالاری
مذهب الرعاية الابوية
**Paternalism**

جۆرە ڕەفتارێکە لەلایەن سەرۆکێکەوە کاری پێدەکرێت بەرامبەر بەکارو کارمەندانی، ڕەفتارێك هاوشێوەی ڕەفتاری باوکە بەرامبەر بەمنداڵەکانی شێوەکانی ئەو ڕەفتارەش لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاواز دەبێت بەپێی ئەو کولتورو نەریت و سیستمە خزمایەتیانەی باون.

چاودێری باوکایەتی پەیوەست دەبێت بەلایەنی ئابورییەوە زیاتر لەهەر لایەنێکی دیکە، هەروەك لەبواری پیشەسازی و کشتوکاڵدا دەبینرێت، ئەویش لەو شێوازە چاودێرییەی خاوەن کار پێی هەڵدەسێت لەرامبەر بەکرێکارەکانی، بەڵام کرێکار بە چاوی گومانەوە تەماشای ئەو شێوازە دەکات.

هەروەها ئەو جۆرە چاودێرییە دەبەسترێتەوە بەلایەنە سیاسی و هزری و ئاینیە کانەوەش.

پاثولوجیای کۆمەڵایەتی | الباثولوجيا الاجتماعية | Pathology social
زانستی نەخۆشیەکۆمەڵایەتیەکان

تەماشا بکە: پاثولوجیای کۆمەڵایەتی | Social pathology

کۆمەڵگەی باوك سالاری | المجتمع الابوي | Patriarchal society

کۆمەڵگەیەکە کولتورەکەی وای دەسەپێنێت کە دەسەڵات و دەستڕۆیی لەناودەستی گەورەی بنەماڵە یان گەورەی ئەو گروپە خزمایەتیە بێت، هەروەها باوەڕهێنان بەوەی کە پیاو لەڕووی جەستەیی و کۆمەڵایەتیەوە (andro cracy) باڵا ترەو پێگەی ئافرەت لەخوارترە، بۆیە بەپێی ئەو سیستمە منداڵەکان بەباوك دەبەسترێنەوە (parti lineal)، ژنیش دەبێت لەگەڵ پیاوەکەی بێت لەهەر جێگایەکدا ئەوی لێبێت (patrilocal) منداڵەکانیش ناوی باوك هەڵدەگرن (patronymy).

میرات لەباوەکەوە | الذمة المالية | Patrimony
لەئەستۆدابوون

لەیاسادا، کۆی ئەوەی بۆ کەسێك دەگەڕێتەوە، هەروەها ئەوەندەی لەسەریەتی لە ماف و پابەندییە داراییەکانەوە، هەموو ئەوی هەیە بەبەڵگە خراوەتە پاڵ کەسێك، هەروەها دەکرێ بگوازرێتەوە (میراتیەکە) لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، ئەویش بەڕێگای میراتەوە یاخود ڕاسپاردن وەسیەت نامە بێت دەکرێ بەش بەشیش بکرێت.

نیشتمان پەروەری | الوطنية<br>حُب الوطن | Patriotism

نیشتمان پەروەری بەهەموو دیاردەکانیەوە بریتیە لەو هاندەرەی کە دەبێتە هۆی لێك نزیکبوونەوەی تاکەکانی گەل و یەکگرتنیان و ملکەچیان بۆ نیشتمان و بۆ داب و نەریتەکەی و بەرگریکردن لێی.
هەستی نیشتمان پەروەری هەر لەسەرەتای ساڵانی نەش و نماو پێگەیاندن و بەهۆی پەیوەست بوونی راستەوخۆی تاك بەژینگەکەیەوە پێکدێت، ئەو هەست و سۆزانەی کەلای کەسی نیشتمان پەروەر دروست دەبن، ڕەنگە پشتی بەبیرکردنەوە نەبەستبێت بەڕادەی ئەوەی بەدەنگەوە هاتن بێت بۆ هەستەدەروونیەکانی.
نیشتمان پەروەری (patriltism) جیاوازە لەهاوڵاتی بەکەڵك (civism) کەمەبەست لێی گرینگی دانی هاوڵاتیە بەبەرژەوەندی گشتی.

چاودێری پشتیوانی | ١- الرعاية المناصرة | patronage

مەبەست لەم زاراوەیە، ئەو چاودێرییەی کەسێك بۆ ئەوانی دیکە پیشکەشی دەکات، زاراوە فەرەنسیەکە ئاماژە بۆ ئەو کۆمەڵە خێر خوازییە دەکات کەبەهۆیەوە گرینگی بەچاودێری کۆمەڵایەتی دەدات.

لایەنداری | ٢- المحسوبية

پێدانی پلەو پایەکان و بەخشینی گرێبەست و دابەشکردنی مووچەو دەسکەوتەکانی دیکە، ئەویش نەك لەسەر بنچینەی تواناو لێهاتوویی، بەڵکو لەسەر بنچینەی پەیوەندییە حزبیەکان، دیارە ئەویش بۆ بەهێزکردنی ڕێکخستنی سیاسی و حزبی و دامەزراوەکانی دەکرێت، لایەنداریش (patronage) جیاوازە لەپەیوەندی و لایەنگری خزمایەتی (nepotism) کەبەمانای بەخشینی پلەو پایەکان دێت لەسەربنچینەی پەیوەندییە خێزانیەکان، نەك لەسەر بنچینەی خزمەتگوزارییەکانی حزب، یاخود بەهۆی شایستەییەوە بێت.

نموونە
شێواز
**pattern** النَمط

1- یەکەیەکی فەرمانگەراییە، وەك گشتێك بۆ چەند بەشێك کاردەکات کەدەکرێ جیاوازی لەنێوانیاندا بکرێت، واتە نموونەکە نێوان چەند بەشێك کۆدەکاتەوە، دەکرێ بەتەنها جیاواز بکرێتەوە، هەروەها گشتێك رێکیان دەخات لەیەکەیەکدا.
دەترێت: شێوازکردن (patterning) بەپرۆسەی یەکگرتنی چەند شێوەیەك بۆ ئەوەی کاری پێبکرێت لەکولتورێکی مادی یان نامادی.

2- چوار چێوەیەکی نموونەیی بۆ بابەتێك بەمەبەستی پێوانەکردنی یاخود هەڵسەنگاندن یانیش، رێنمایی، یان دەست نیشانکردن، هەروەك دەوترێت: شێوازی کۆمەڵایەتی (social pattern) بۆ نموونەی رەفتارێکی دووبارە بوو، وەك خواردنی سێ جەم خۆراك لەرۆژێکدا، یاخود هەستان بەنوێژکردنی بەیانیان.

هەژاری
**pouperism** الفاقة

هەژاری خەسڵەتی توێژێکی خەڵکە، ئەوانی توانای خۆ بەخێوکردنیان نیە بەهیچ شێوەیەك بگرەتا بەکەمترین ئاستیش کە رێککەوتنی لەسەر هەبێت بەبێ یارمەتی دەرەکی. لەم بارەشدا بەخێوکردنی ئەو توێژە دەبێتە ئەرکێکی کۆمەڵگەو لەدوایشدا دیاریکردنی کەمترین ئاستی گوزەران، بەجۆرێك ئەوەی ئاستی ژیانی لەو رادەیە بێتە خوارەوە، ئەوا مافی خۆیەتی داوای هاوکاری گشتی بکات.
دەوترێت: بەهەژارکردن (pauperisation)، سۆسیالستەکان مەبەستیان لەم زاراوەیە، ئەو هەژارییەی کەچینی کرێکار دەگرێتەوە لەسیستمی سەرمایەداریدا، هۆیەکەشی زۆری و چڕ بوونەوەی دامەزراوەکان و کەلەکەبوونی سەرمایەیە.

کرێ
موووچە
**Pay** الاجر
**wage**
تەماشا بکە: کرێ

ئاشتی
**peace** السلام

مەبەست لەزاراوەکە، ئاشتی و ئاسودەییە لەڕووی سیاسییەوە، واتە ئەو دۆخەی لەنێوان دەوڵەتان دروست دەبێت لەڕووی بەشداری نەکردنیان لەهەر جۆرە جەنگێك یان کۆتایی جەنگ لەنێوانیاندا.
ئاشتی ڕاستەقینە تەنها نەبوونی ناحەزی و دوژمنایەتی نیە، بەڵکو حاڵەتی سەقامگیری سیستمیش دەگرێتەوە.
هەندێ جار جیاوازی دەکرێت لەنێوان ژیان بەئاشتی (peaceful coexistence) کەبەزۆری ئاماژەیەك بۆ بوونی دوژمنایەتیەکی شاراوە دەگرێتەخۆی، لەگەڵ هاوکاری ئاشتی (peaceful cooperation) کەهەوڵە کاریگەرەکان بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی هاوبەش و یەکلاکردنەوەی جیاوازییەکان لەسەر بنچینەی دادوەری دەگرێتەخۆی.
لەڕووی دەروونیەوەش مەبەست لەئاشتی بارێك لەهێمنی و رزگاربوون لە هەرجۆرە شپرزەیی و ململانێیەك دەگرێتە خۆی.

جوتیار
**Peasant** الفلاح

بەمانا فراوانەکەی ئەم زاراوەیە، جوتیار ئەوکرێکارە کشتیاریەکە زەوی دەکێڵێت و ئەرکەکەشی هەڵدەگرێت، ڕەنگە ئەو جوتیارە خاوەن موڵك بێت یان بەکرێ گیرابێت یاخود لەو کرێکارانە بێت کەبەکۆچکردن هاتۆتە ناوچەکە.
لەدەشت و دێهاتی میسر زاراوەکە بەمانایەکی زیاتر سنوردار بەکار دەهێنرێت و بەو کەسە دەوترێت کەزەوی دەکێڵێت و ئەرکەکەی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەکار دەهێنێت، ڕەنگە خاوەن موڵك بێت یان بەکرێ کاربکات، بەڵام کرێ گرتەکان

یاخود کرێکارانی کۆچکردوو، ئەوانە پێیان دەوترێت کرێکارانی کشتیاری نەك جوتیار.
لەزمانی ئینگلیزی وشەی (allah) بەکار دەهێنرێت بەشێوەیەکی تایبەت بۆ جوتیارانی میسری.

**Peasant agriculture** — الزراعة الفلاحية — کشتوکاڵی جوتیاری

کشتوکاڵی جوتیاری، یان کشتوکاڵی بۆ بەکاربردن، یاخود کشتوکاڵی کەنار ژیان، جۆرە ئابوورییەکە مەبەست لێی فرۆشتنی بەرهەمەکەی نیە، بەڵام بەکار دەهێنرێت لەناوچەکەو لەشوێنی بەرهەمهێنانی.
واتە، زەوییەکشتوکاڵییەکە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی دانشتوانی ناوچەکە دەکێڵدرێت. دیارە ئەو جۆرە کشتوکاڵەش لەزۆربەی ناوچەکانی جیهان بڵاوە، زاراوەکە بەو پێیە بەپێچەوانەی (کشتوکاڵی بازرگانی) دێت.

**Peasant society** — المجتمع القروي — کۆمەڵگەی لادێ

کۆمەڵگەی گوند پێکدێت لەوانی گوندنشینن (peasant) واتە: ئەو خەڵکەی نیشتەجێی دێهات و گوندەکانن، لەو کۆمەڵگەیە خێزان یەکەی کۆمەڵایەتیە، گرینگی سەرەکی هەیە.
تاکەکانی کۆمەڵگە پیشەیان کشتوکاڵە لەسنورێکی تەسك و بەشێوەیەکی دواکەوتوانە لەڕووی تەکنولۆجیەوە.
لەنێوان خۆیاندا بەگونجاندن و تەبایی و لاوازی جوڵەی کۆمەڵایەتیەوە دەناسرێن، هەروەها لەناویاندا پەیوەندییە ڕاستەوخۆکان و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی ناڕەسمی و داب و نەریتی چەق بەستوو باوە.

**pedagogics** — علم التربية — زانستی پەروەردە

زانستێکە توێژینەوە لەئامانجەکانی گەشەکردنی تاك دەکات، لەبوارەکانی جەستەیی و هزری و ڕەوشتی، هەروەها لەبەرنامەو ئەو هۆکارانەی بەکار دەهێنرێن بۆ جیبەجێکردنی ئەو ئامانجانە.

**pederasty** — اللواط — نێربازی

دیاردەیەکی نائاسایی ولادانی سیکسییە، مەبەستی بەدیهێنانی چێژوخۆشی ڕەگەزییە، ئەویش بەهۆی پەیوەندیکردنی سیکسی لەنێوان نێرەکان هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی دیکە.

**pedology** — البيدولوجيا — زانستی ڕەوشت و پەروەردەی منداڵ

زانستێکە لێکۆڵینەوە لەژیان و پەرەسەندنی منداڵان دەکات، بەڕەچاوکردنی ئەوەی کە بەدەنگەوە هاتنی منداڵان و گەشەکردنیان، ملکەچی چەند یاسایەکی بایۆلۆجی و سایکۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی تایبەت بەخۆیان دەبێت، دیارە ئەو بارودۆخەش جیاواز دەبێت لەو یاسایانەی کە گەورەکان ملکەچی دەبن.

**Pedo philia** — الاتصال الجنسي بالصغار — پەیوەندی (دەست درێژی) سیکسی لەگەڵ منداڵان

دیاردەیەکی نائاسایی سیکسیە، لەبەدەست هێنانی خۆشی و چێژ کە بنچینەی ڕوودانی ئەو دیاردەیەیە، ئەویش لەڕێگەی پەیوەندی سیکسی بەمنداڵان، ڕەنگە ئەو کارەش لەنێوان نێرو مێیەکان ڕووبدات.

**Penal institutions** — المؤسسات العقابية — دامەزراوەکانی سزادان

سیستەمەکانی سزادان گرینگی بەبیرۆکەی پۆلینکردنی تاوانباران دەدەن، ئەو بارەش پێویست بەوە دەکات دامەزراوەی سزادانی تایبەتیان هەبێت، لەم ڕووەوە چەندین دامەزراوەی سەربەخۆ هەیە، بۆ هەریەك لەمێردمنداڵان و پیاوان و ژنان،

هەروەها چەندین دامەزراوەی دیکە هەیە بۆ تاوانباران و نەخۆش و کەسانی نائاسایی، ئەو دامەزراوانە لەڕووی پاسەوانیەوە، جۆراو جۆرن، هەندێکیان داخراون و هەندێکی دیکە نیمچە داخراوو بەشێکیانیش کراون.
زیندانە تازەکان سیستمی پلەبەندی پێڕەو دەکەن، ئامانجی ئەو سیستمەش چاککردنی کەسی سزادراوەو هاندانیەتی بۆ ئەوەی رەفتاری لەناوزیندان باش بێت، تاوانبار لەزیندانی بەتەنیایی دەست پێدەکات لەژوورێکدا، پاشان بۆ زیندانی بەکۆمەڵ دەگوازرێتەوە، دواتر بەرەڵلادەکرێت بەڵام بەمەرج، بۆ ئەوەی لەدەرەوە ئازادانەکار بکات و لەژێر چاودێریش بێت، تا ئەگەر ماوەی سزاکەی کۆتایی هات بەتەواوی ئازاد دەکرێت.

**penalty** | العقوبة | سزا

سزا یاساییەکان، ئەوانی تاوانبارانی پێ سزادەدرێت، ڕەنگە سزاکە تاوانکاری بێت، تایبەتیش نەبێت بەتاکێك یان تائیفەیەك، بەڵکو گشتی بێت و بەسەر هەموو تاکەکان بسەپێنرێت، وەك بەندکردن.
هەورەها ڕەنگە سزاکە تەمێکاری بێت و پەیوەست بێت بەڕەفتاری فەرمانبەرێك، وەك ئاگادارکردنەوە، یان سەرنج ڕاکێشان.
تەماشا بکە: سزا **punishment**

**penitence** | الندم / التوبة | پەشیمانی / تۆبە

هەست کردن بە لاساری و سەرکێشی، یان ئەو هەڵانەی کەتاك پێی هەستاون چ لەڕووی رەوشتی بێت یان رۆحی، دواتر ئازار چێشتن بەهۆیانەوە، لەگەڵ ویستی چارەسەرکردنیان.

**panitentiary** | الليمّان | بەندیخانەی چاکسازی

ئەو بەندیخانەیەی کەبەندکراو تێیدا ماوەی سزاکەی بەسەردەبات، ئامانجیش چاکسازییە، لەگەڵ سەپاندنی کارە قورسەکان بەسەریدا.

**penology** | علم العقاب | زانستی سزادان / زانستی بەندیخانە

یەك لەلقەکانی زانستی تاوانە (کریمینۆلوجی) بایەخ بەلێکۆڵینەوەی تایبەت بەبنەماکی رێکخستنی سزاکان دەدات، هەروەها جۆرە جیاوازەکانی هەڵس و کەوتی سزادان کەلەگەڵ ئەو ئامانجانە دەگونجێت ئەوانی سیاسەتی تاوانکاری هەوڵی جێبەجێکردنیان دەدات.
ئەم زانستە لێکۆڵینەوە لەبوونیادو رێکخستنی دامەزراوەکانی سزادان دەکات، هەروەها سیستمەکانی ئازادکردنی بەمەرج بۆ تاوانبار، لەگەڵ چاودێری کۆمەڵایەتی و هۆیەکانی چارەسەرکردنی تاوانبارانی نائاسایی ئەویش بەڕێگای چارەسەرکردنی دەروونی بەشێوەیەکی تایبەت.

**pensiofunds** | صناديق المعاشات | سەندوقەکانی موچەی خانەنشینی

یەك لەجۆرکانی دڵنیابوون (بیمە)ی ئارەزوومەندانەیە، کۆمەڵە کەسانێك پێی هەڵدەستن بۆ دابین کردنی بیمەی کۆمەڵایەتی دژی پیری و پەککەوتوویی و مردن.
لەم جۆرەکارانە تاك ئازادە لەوەی پەیوەندی پێوە بکات و پابەندی بێت، یان نەیکات.
لەخەسلەتەکانی ئەو سەندوقەتایبەتیانە، سەندوق لەلایەن نوێنەری ئەندامانی بەشداربوو بەڕێوەدەچێت، ئەوانی

شارەزاییان لەسەر بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی هەیە، ئەویش بەپێی ئەو پەیوەندییە توندەی هەیە لەنێونیاندا، کەدەبێتەهۆی ئاسانکردنی بەڕێوەبردنی ئیش و کارەکانی ئەو سەندوقانە.
سەرکەوتنی سەندووقەکانی مووچە (بیمە) لەسەر بەدیهێنانی بنەمای هاوسەنگی بەڵێنە ئاڵ و گۆڕەکانی نێوان سەندوق و ئەندامانی دەوەستێت، ئەویش بەو مانایەی کەلێرەدا دەبێت هاوکێشەیەکی حیسابی هەبێت لەنێوان بەهای ئێستای بەڵێنەکانی سەندوق لەگەڵ بەهای ئێستاش بۆ بەڵێنی ئەندامانی.

گەل
میللەت
الشَعْب
People

کۆمەڵە تاکێکن خەسڵەتێکی هاوبەش یان زیاتر بەیەکیان دەبەستێتەوەو لە گەلانی دیکە جیاوازیان دەکاتەوە، وەك: نیشتەجێبوون لەناوچەیەکی دیاریکراو، یان رەگەز، یاخود پیشەو یانیش بیروباوەڕی سیاسی...هتد.
ڕەنگە مەبەست لەگەڵ کەسانی ئاسایی خەڵك بن، وەك ڕۆڵەکانی چینە هەژارەکان لە کرێکارو جوتیار و کەسانی دیکە، ئەویش بێجگە لەکەسانی تایبەت لەخانەوادەو کەسانی دیکە لەتاکەکانی چینە باڵاکان.

درك پێکردنی
هەستی (پەیبردن)
الادراك الحسي
perception

پرۆسەیەکی ژیرییە، بەهۆیەوە جیهانی دەرەکی دەناسین، پرۆسەکە پشت بە هەست پێکردنە راستەوخۆکان دەبەستێت، سەرەڕای کۆی پرۆسە ئەقلیە جیاوازەکانی وەك: یادکردنەوە، ئەندێشەکردن و بڕیاردان.
دەوترێت: درك پێکردن کۆمەڵایەتی (social perception) ئەویش بۆ وێناکردنی شت و خەسڵەت و پەیوەندییەکان، یاخود رووداوە کۆمەڵایەتیەکان.

تەواوخوازی نموونەیی
ڕێبازی ڕوو لەتەواو
الكمالية
مذهب النزوع الى الكمال
perfectionism

ڕێبازێکی ڕەوشتیە، بەپێی ئەو ڕێبازە، بەرزترین چاکە گەیشتنە بەخەسڵەتی تەواو، ئەو خەسلەتەش هەندێ جار وا دیاریدەکرێت کەتەواوی رەوشتیە، یان ڕەندو چاکەی تەواوە، بەڵام واتا زۆرباوەکەی، گەیشتنە بەبەرزترین رادە لەبەدیهێنانی تواناو لێهاتوویمان، یاخود بەلای کەم بەرەو بەرزترین رادەی ئەو توانایانە و نزیکترینیان بۆ سروشتی مرۆڤ.
لەکاتی ئێستا، بەشێکی زۆر لەبیرمەندە ڕەوشتیەکان، وایان پێ باشترە ناوی بەدیهێنانی خود (self - realization) بەکار بهێنرێت وەك دەربڕینێك بۆ ئەو ڕێبازە.
لێرەدا چەند قوتابخانەیەکی لاوەکی هەیە سەر بەبزووتنەوەی بەدیهێنانی خود، ئەوانە داکۆکی لەسەر ئەوە بەهاباڵایانە دەکەن تاڕادەی ئەوەی کە (ناوەخنی داواکەیان) جۆرێك لە (ڕێبازی دوانەیی) بگرێتە خۆی، ئەو بۆ چوونە گرینگی بەرازیکردنی لایەنی سەرووی ئەندامی (جەستەیی) دەدات، تاڕادەی ئەوەی کە رەنگە لەگرینگی خۆشی مادی مرۆڤ کەم بکاتەوە بۆ کەمترین ئاست و ناوی ڕێبازی ئایدیای تەواو (idealistic perfectionism) بەکاربهێنرێت، ئەویش وەك دەربڕینێك دەربارەی هەڵوێستی ئەو لایەنە رۆحیە.
لەبەرامبەردا لایەنگرانی بەدیهێنانی خود، ئەوانی تەماشای تواناکانی مرۆڤ دەکەن، بەماناو بۆ چوونە مادییەکەی تاڕادەیەکی دوور، ئەوانە جەخت لەسەر خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەدا یاخود گونجاندنی بایۆلۆجی دەکەنەوە زاراوەی ڕێبازی تەواوخوازی سروشتی (naturalistic perfectionism) گوزارشت لەمۆرکی گشتی ئەو باڵە چەپە دەکات لەناو سنوری قوتابخانەی بەدیهێنانی خود.

ئەرك بەجێگەیاندن
**performance** الاداء الانجاز
بەجێهێنان

ئـەرك بەجێگەیانـدن لـەڕووی کارگێڕییـەوە، واتـا ڕاپەڕانـدنی کاروبـاری فـەرمانێك لەبەرپرسـیاریەتی و ئەرکـەکان، ئـەویش بەپێی ئەو تێکڕاییەی کەچاوەڕێی جێبەجێکردنی دەکرێت لەلایەن کرێکارێکی ڕاهێنراوی لێهاتوو.

دەکـرێ ئـەو تێکڕاییــە بزانرێـت بـەهۆی شـیکردنەوەی ئـەرك بەجێگەیاندنەکـە (performance analysis) واتـە لێکۆڵینەوە لەبڕی ئەو کارو کاتە بکرێت کەدەیخاینێت، هەروەها دروستکردنی پەیوەندییەکی ڕەوا لەنێوانیاند.

هـەر بـۆ ئـەوەی لـەتوانادا بێـت پلەوپایـەی فەرمانبـەر بەرزبکرێتـەوە، ئـەوا چـەند تاقیکردنەوەیـەکی بـۆ ئـەنجام دەدرێـت (performance tests)، یان لەو بوارە پشت بەسەر ڕاپۆرتـەکانی ئـەرك بەجێگەیانـدن دەبەسـترێت ( performance ratinge) واتـە بەدەسـت هێنـانی ئـەو زانیـاری و ئامارانــەی کەیارمەتیــدەر دەبــن لەســەر شـیکردنەوەو تێگەیشــتن و هەڵسەنگاندنی ئەرك بەجێگەیاندنی کرێکار بۆ کارەکەی لەگەڵ ڕەفتاری تێیدا لەماوەیەکی سنورداردا.

ڕێژە تێکڕای
**Performance rate** معدل الاداء
ئەرك بەجێگەیاندن

بڕی ئەو کارەی کە تاکێك یـان کۆمەڵـەتاکێك بـەجێی دەهێنـێ، لەماوەیـەکی دیـاری کـراوداو لەهـەل و مـەرجێکی سروشـتی کارکردندا، یاخود ئەو ماوەیەی پێویستە بۆ بەجێگەیاندنی بڕێکی دیاریکراو لەکاردا.

پیارۆیی
**permeability** النفاذ
دادوەری

پلەی دادوەری لەیەك لەبەربەستەکان، ئەو پلەیە ڕێگا دەدات بەچەند ڕەگەزێك بۆ تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوە لەمیانەیدا.

ئەم چەمکە لەڕاستیدا لەتوێژینەوەکانی کیمیای سروشتی بەکار هێنراوە، خوازراویشە بۆ بەکارهێنان لەتوێژینەوەکانی کۆمەڵناسیدا.

هەموو گروپێك سنوورێکی دیاریکراو بەدەوری خۆیدا دروست دەکات، نێوان خـۆی و گروپـەکانی دیکـە جیـا دەکاتـەوە، ئـەو سنوورانەش بەزۆری وەك بەربەست دروست دەکرێن، ڕێگا بەئاڵ و گۆڕکردنی هزرو بەهاو داب و نەریتە ڕەفتارییەکان نـادات لەگەڵ گروپەکانی دیکە، تەنها بەڕێگایەکی دیاریکراوو لەسنورێکی تەسکدا نەبێت.

پلـەی پیـارۆیی لەبەربەسـتەکان جیـاواز دەبێـت بـەپێی جیـاوازی جوڵـەو بزوێنـەرکاری ئـەو بـوارەی کەگروپەکـەو گروپـە کارلێکردووەکەی دیکە لەگەڵیدا دەگرێتەوە.

ئەگەر بەربەستە دروست بووەکانی نێوان دووگروپ یاخود دوو ناوچە لەناوچەکانی بواردا، ڕێگا بدەن بەپلەیـەکی دیـاریکراو لەدادوەری، ئەوا ئەو حاڵەتە بەزەروورەت ئەوە ناگەیێنێ کەجولەی ڕەگەزەکان بەدوو ئاراستەبن، بـەڵکو ڕەنگـە ئـەوە بگـەیێنێ کەپلەیەك لەڕێگا پێـدان هـەبێت بـۆ ڕەگـەزەکانی یـەك لـەو دوو ناوچـەیە لەجوڵـەکردن لەبـەر بەسـتەکەدا بـێ ئـەوەی ڕێگـا بدرێت بەجولەی پێچەوانە.

ئـەو ڕاسـتیەش بەئاشـکرا لەپرۆسـەی بڵاوبوونـەوەی کولتورەکـان دەردەکـەوێت، چـەند دەوڵـەتێك بـەکاری ئاسـانکاری زۆر هەڵدەستن بۆ بڵاوبوونەوەی کولتورەکەیان لەناوگـەلانی دیکـە لەهـەمان کاتـدا بەربەسـتی زۆریـش دروسـت دەکـەن لەبـەردەم کولتوری ئەو گەلانە ئەگەر هەوڵی گواستنەوەیاندا بۆ ناوگەلەکەی.

تەماشا بکە: بڵاوبوونەوەی کولتور **Culture diffusion**

**persecution** الاضطهاد چەوساندنەوە

واتە، ئەو زیانە مەعنەوی یان مادی یاخود جەستەییانەی کە بەرکەسانێك دەکەوێت لەلایەن کەسانی دیکەوەو مۆرکێکی زۆر دارانەشی هەڵگرتووە، نموونەش لەسەر ئـەوە: ئـازاردانی تاکـەکان و چەوسـاندنەوەیان لەبـەر چـەند هۆیـەکی سیاسـی یـانیش ئاینی.

ڕەنگە هاندەر بۆ ئەو کارە، بوونی بارێك لەدڵەراوکێ بێت، ئەوانی ئەو کارە دەکەن، هەوڵدەدەن ڕق و قینی خۆیان دامرکێنن و کەسێك بکەن بەقوربانی حاڵەتەکەیان، دیارە بەزۆریش ئەو لایەنە کەمە ئاینیەکان یان کاری ڕەگەزپەرستی دەگرێتەوە.
دەوترێت: ورێنەی چەوساندنەوە (delusion of persecution) دیاردەکە جۆرە لادانێك یاخود جۆرە نەخۆشیەکە، کەهەست و ئەزموونەکانی تاکێك دەگرێتەوە، ئەو کەسە باوەڕی وایە کە دەوروبەرەکەی پیلانی دژ دەگێڕن.

کەس
مرۆڤ
الشَخص
**person**

لەیاسادا ئەو کەسەی بەکەڵك و چاك بێت، مافەکانی بەدەست بهێنێ و ئەرکەکانی بەجێ بهێنێ.
لەیاسا نوێیەکاندا، کەسێتی یاسایی دەسەلمێنرێت ئەویش تەنها بەدەست پێکردنی کەسێتی سروشتی، دیارە ئەو حاڵەتەش کۆتایی دێت بەکۆتایی هاتنی کەسێتیە سروشتیەکە، بێ گوێدانە ڕەگەزو ڕەنگ یان ئاین یاخود هەر بابەتێکی دیکە.
لەکۆمەڵگە کۆنەکان، تائیفەی کۆیلە، مافی کەسێتی یاسایی نیە.

کەسی مەعنەوی
الشخص الاعتيادي
**Person artificial**

زاراوە ئینگلیزییەکە، کەم بەکار دەهێنرێت، ئەو زاراوەیەی باوەو بەکار دەهێنرێت (corporate body)، مەبەستیش لێی کۆمەڵە کەسانێك یان بڕێك پارەو سامان، کە لەلایەن یاساوە بڕیار لەسەر کەسێتی یاسایی دراوە، سەربەخۆش لەکەسێتی ئەو تاکانەی پێکیان هێناوە، یان دامەزرێنەرانی، نموونە: کۆمپانیاو دامەزراوەو کۆمەڵەکان.
کەسی مەعنەوی پارەو سامانی تایبەتی لەئەستۆدایە، ئەو پارەو سامانە لەئەستۆی هیچ کەسێکی تر نابێت لەوانەی کەپێکیان هێناوە.

یەکگرتووی کەسێتی
لەیەکچوونی کەسێتی
وحدة الشخصية
**Personal identity**

هەستکردن بەبەردەوامی کەسێتی بەتێپەڕ بوونی کات و زەمان، سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەژینگەو لەکارو فەرماندا ڕوودەدەن بەهۆی پەرەسەندنی ڕووداوەکان.

چاوپێکەوتن
گفتوگۆی کەسێتی
المُقابلة الشخصية
**Personal interview**

ئەو هۆکارەی یان ئەو ئامرازەی زیاتر باوە بۆ بەدەست هێنانی زانیارییە پێویستییەکان بۆ کاری توێژینەوە، کە ئەم خەسلەتانەشی تێدا دەبێت:
1- ئەو کەسەی بەکارەکە هەڵدەستێت دەتوانێت یارمەتی کەسی پرسیار لێکراو (ئەو کەسەی توێژینەکەی لەگەڵ دەکرێت) بدات بۆ تێگەیشتنی پرسیارەکان، هەروەها وەڵامدانەوەیان بەوردی، بەم هەنگاوەش هەڵەکان کەم دەبنەوە، بەڵام بەمەرجێك کەسی پرسیارکەر (توێژەر) بێ لایەن بێت.
2- ئەو کەسەی بەکارەکە هەڵدەسێت لەتوانایدا دەبێت لەخووڕەوشت و کەسێتی و خەسڵەتەکانی کەسانی پرسیارلێکراو شارەزا بێت، هەروەها بینینی بارودۆخیان لەکاتی چاوپێکەوتنیان، دیارە ئەو دەرفەتەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ تەواو کردنی چەند لایەکی زانیاریەکان.
3- دیارە ئەم ڕێگایەش پێویست دەبێت لەبارێکدا ئەگەر کەسی پرسیار لێکراو خوێندن و نووسینی نەدەزانی.

**Personal unemploy ment** البطالة الشخصية بێكاری كەسێتی

بێكارییەكە بۆ خودی كرێكار دەگەڕێتەوە، بەهۆی هاتنەخوارەوەی ئاستی چالاكی یان ڕاهێنانی - یاخود خراپی لەباربوون و گونجانی كەسێتیەكەی، یانیش پەككەوتووی جەستەیی.

دەكرێ ئەو بارە بێكارییە كەم بكرێتەوە بەڕێگای ئاراستەكردن و ڕاهێنانی پیشەیی و چارەسەری پزیشكی و دەروونی.

تەماشا بكە: بێكاری درێژخایەن (بەردەوام) **Hard core unemployment**

**Personalization of power** تجسيد السلطة في شخص معين بەرجەستەكردنی دەسەڵات لەكەسێكی دیاریكراو

دیارەدەیەكە، تێیدا هاوڵاتیان، دەسەڵات ئاوێتەی خودی دەسەڵاتدارێك دەكەن، بەڵام بەڕەچاوكردنی بنەماو ڕێسا دەستورییەكان ئەم شێوازەش لەدەسەڵاتدا جیاواز دەبێت لەو دەسەڵاتە ڕەهایەی كە تێیدا ڕەچاوی هیچ سنورێك ناكرێت.

**personalism** الشخصانية كەسێتیخوازی

كەسێتی خوازی لەوشەی كەسەوە وەرگیراوە، ڕێبازێكی فەلسەفیە لەلایەن فەیلەسوفی فەرەنسیەوە (ئیمانویل مونییە) دانراوە، ئەو داكۆكی لەسەر بەهای ڕەهای كەس دەكات، هەروەها كەس خاوەن پێگەی باڵایە لەگەردووندا.

كەسێتی خوازی تێروانینی یان سەرنجی بۆ مرۆڤ یاخود بۆ كەس دەبێت نەك بۆ تاك، بۆیە كەس بەشێكە لەگشت كەئەویش كۆمەڵگەیە، بەڵام ڕێبازی تاكگەرایی واتەماشای كۆمەڵگە دەكات وەك ئەوەی بریتی بێت لەكۆمەڵە دەنگوكە تاكێك دوور لەیەكتر، بەبۆچوونی (مونیە) كەس پێویستی بەوە هەیە كە لەخودی خۆی بچێتە دەرەوە، واتە بەرەو كۆمەڵگە، بۆیە دەبێ ئەو كەسە چێژ لەئازادی ناوخۆیی و ئازادی دەرەكی وەربگرێت.

(مونییە) لەم ڕاڤەكردنەی پشت بەماركس و بیرۆكەی نامۆ بوون دەبەستێت (alienation) واتە گۆڕینی كەس بۆ شتێك یانیش كرێكار بۆ ئامیرێك.

ئەو تاكگەراییەی سەرمایەداری بڵاوی دەكاتەوە، ئەوەیە كە لەیەكەم جاردا خۆت پێكبهێنێت و بێ ئاوانی دیكە.

بەڵام كەسێتی خوازی وادەبینێ كەتۆ ئازاد نیت، تەنها كاتێك ئازاد دەبێت هەموو بوونەوەرە مرۆڤایەتیەكانی دەوروبەرت لەپیاوو ژن ئازاد دەبن.

**personality** الشخصية كەسێتی

كەسێتی، سیستمێكی تەواوكراوە، پێكهاتووە لەكۆمەڵە خەسڵەتێكی جەستەیی و ویژدانی، لەگەڵ ئارەزوو خواست و درك پێكردن، ئەو كەسێتیە شوناسی و خۆیەتی تاك دەكات و جیاوازیشی دەكاتەوە لەتاكەكانی دیكە جیاوازییەكی ئاشكرا، هەروەك بۆ خەڵكی دەردەكەوێت لەمیانەی مامەڵەكردنی ڕۆژانە بەو پێیەی كەژیانی كۆمەڵایەتی پێویست دەكات.

كەسێتی ئاماژە بۆ خووڕەوشتی كەسەكەو میزاجی ڕەوشتی نیشان دەدات، ئاماژەشە بۆ یەكگرتوویی و جێگیری خود.

دەوترێت، تاكی سەركەوتوو، بەوكەسەی كەخاوەن تواناو دەسەڵاتە، هەروەها خاوەن كەسایەتیە، هەروەها دەوترێت كەسیتی تەواو (integrated personality) ئەویش ئەو كەسێتیەیە كەتوانای بەدیهێنانی گونجاندنی گشتی لەگەڵ ڕەفتاردا دەبێت، ئەو كەسێتیە بەبوونی ئاراستەو بۆ چوونی یەكگرتوو لەكاردا دەناسرێت، بەجۆرێك كە هەموو بەدەنگەوە هاتنێكی جیاوازی، سەرچاوەكەی پەیوەندی بەكارو فەرمانی گشتی تاكەوە دەبێت.

لێرەدا چەند فاكتەرێك هەیە كاریگەری گەورەیان بەسەر كەسێتیەوە دەبێت، دەوترێت: ئەو كەسێتیەی لەدیاریكراوو خەسڵەتە بۆ ماوەییەكان سەرچاوەی گرتووە، (genetic personality)، ئەو كەسێتیەی لەو ڕۆڵەی كەتاك پێی هەڵدەستێت (role personality) سەرچاوەی گرتووە، هەروەها ئەو كەسێتیەی پێگەی كۆمەڵایەتی (status personality) سەرچاوەكەیەتی لەگەڵ كەسێتی لەیەك ترازاو (dissociated personality) ئەویش

بریتیە لە حاڵەتێکی ناتەواو لەڕووی ئەقلیەوە، هەروەها بوونی شپرزەییەك لەهۆشیاری، کەتێیدا تاك دەگۆڕێت و خۆیەتی پچڕپچڕ دەبێت و مرۆڤ دەبێتە خاوەن دووکەسایەتی یان زیاتر.

پرۆسەی بەکەسایەتی کردنی کار | عملية صَبغ العمل بالصبغة الشخصية | **Personalizing process**

1- مەبەست لەو بۆ چوونە، ئارەزووی کرێکار بۆ بایەخدان بەوکارانەی کەویست دەکات پێی هەستێت، هەروەها کەمکردنەوەی رۆڵی ئەوانی کە حەزی لێیان نیە.

2- ئەو ئاراستەیە بەپێچەوانەی ئاراستەی کارگێرییە، بەوەی کارەکان مۆرکێکی ڕەسمی (impersonalisation) هەڵبگرن.

کارگێڕی تاکەکان | ادارة الافراد | **Personnel administration**

هەستانی یەك لەدامەزراوەکان، بەبەڕیوەبردنی ئەوکارو بارانەی تایبەتن بەپلاندانان بۆ هێزەکانی کارو ئاراستەکردنی ڕەنج و کۆششی کارمەندان، هەروەها سەرپەرشتی کردنیان و رێکخستنی نێوانیان بەمەبەستی دەستەبەرکردن و بەجێگەیاندنی کارەکە بە ئەو پەڕی پێویستی و بەرژەمەندییەکی تەواویش.

سیستمی پشکنین و چاودێری کاروباری تاکەکان | فحص ومراقبة شؤن الافراد | **Personnel audit**

سیستمێکە ئامانجی تێگەیشتنە لە ئاستی ئەو سەرکەوتنەی کەکارگێڕی تاکەکانی ناو دامەزراوەکە بەدەستی هێناوە، ئەوەندەی پەیوەستە بەلایەنەکانی بەکارهێنان و ئاستی پەیوەندییەکانی کار، هەروەها رادەی تەواوی و بەس بوونی ئەو سیستمانەی بۆ کارکردن دانراون، لەگەڵ رووەکانی کەم و کورتی و جۆرەکانی چارەسەرکردنی لەبار.

خزمەتگوزارییە تایبەتیەکانی کارمەندان | الخدمات الخاصة بالمستخدمين | **Personnel services**

مەبەست لێی، ئەو دەسکەوت و ئاسانکاریانەیە لەگەڵ بوارەکانی ئەو چالاکییەی کە خاوەن کار بۆ کارمەندەکانی دەستەبەری دەکات، بەمەبەستی زیاتر بەیەخدان بەکارەکە، لەناو ئەو خزمەتگوزاریانەش، چاودێری پزیشکی و سیستمەکانی موچەو بەرنامەکانی ڕاهێنان و خواردن و فێربوون و...هتد.

دیارە کارێکی باوە کە کارمەندو کرێکارانیش بەشداری و هاوکاری ئەو جۆرە خزمەتگوزاریانە بکەن.

پێ سەلماندن قایل کردن | الاقناع | **peruasion**

واتە، بیروڕایەك، یان ئەو بیرۆکەیەی کەدەخرێتە بەرچاو کەسێك بۆ ئەوەی پێی قایل بێت، یاخود بەکارێکی دیاریکراو هەستێ.

لەم بورەدا کەسانێکی زۆر هەن کەبەکار پێ سەلماندن هەڵدەستن، لەوانە: مامۆستا، پزیشك، پارێزەر...هتد.

لەو بنەمایانەی کە پەیڕەوکراون بۆ ئەم مەبەستە، بوونی پێش نیازێکی ئاشکرا لەلایەن کەسێکی متمانە پێکراو، هەروەها ڕوونکردنەوەی ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان لەجێبەجێکردندا.

تەماشا بکە: پێ سەلماندن، دڵ پێ داهێنان | **inducement**

لادان
الانحراف
perversion
بەدڕەوشتی
لادان لەکاری ڕاست و ئەقلانیەت لەئارەزوو لەحەزە بنچینەییەکان، ئەگەر لەڕووی رەوشتیەوە بێت یان سایکۆلۆجی.
تەماشا بکە: لادانە سیکسیەکان Sexual perversions
بەرەڵایی، بەدڕەوشتی debauchery

ڕەش بینی
التشأؤم
pessimism
بەدبینی
ئاراستەیەکە، یان ڕێبازێکی فەلەسەفیەو بۆ چوونی بریتیە لە: کۆمەڵە خراپە کارییەك لەجیهاندا، کە لەچاکەکاریەکان زۆرتربن، ژیانی مرۆڤایەتیش بریتیە لەزنجیرەیەکی بەردەوامی ئێش و ئازار، چونکە چارەنووسی مرۆڤایەتی هەوڵدانێکە بۆ بەدەست هێنانی ئەوەی کەنییەتی.
هەر لەبەر ئەوەی لایەنە بەهاو ڕێزلێنانە مرۆڤایەتیەکان سنوردارییان بۆ نیە، ئەوا ئێش و ئازارەکانی مرۆڤیش بەردەوامیان دەبێت.
ئاراستەی ڕەش بینی لەڕووی سایکۆلۆجیەوە بەوە ڕاڤەدەکرێت کەئەنجامی نەخۆشیەکی دەمارییە یاخود بارودۆخێکی فسیۆلۆجیە، هەروەها لەڕووی ئابورییەوە دیاردەکە وا ڕاڤەدەکرێت و هۆیەکەی بۆ زۆر بوونی دانشتوان و فراوان بوون لەبەکار هێنانی سیستمی ئامێری و بلاوبوونەوەی رەوتی سوود گەرایی دەگەڕێتەوە.
لەکۆتایشدا لەڕووی ئایینیەوە، ئەو ڕاڤەکردنەی کەبۆی دەکرێت ئەوەیە کە بۆ کەم باوەڕی دەگەڕێتەوە.

دادخوازی
الالتماس، المطلب
Petition
داواکردنی ماف
دادخوزی، یان داواکردنی ماف، بریتیە لەداوایەك لەلایەن تاکێك یان گروپێك یاخود ڕێکخراوێك کە بۆ ئەنجوومەنێکی ڕەسمی بەرزدەکرێتەوە، ئەویش بۆ سەرنج ڕاکێشان و ئاگادار کردنەوەی لەحاڵەتێکی زۆرداری یانیش هەڵەیەك کەڕوویدا بێت.
دیارە ئەو داراکاریەش بەپێی بیروبۆ چوونی لایەنی زۆرلێکراو دەبێت و داواش دەکرێت کەمافیان بۆ بگەڕێتەوە.
ئەو ئەنجومەنە ڕەسمیەش دەسەلاتی یاسایی دەبێت بۆ چارەسەرکردنی هەڵوێستەکە، بەلام ناکرێ ناچار بکرێ و زۆری لێ بکرێت لەسەر ئەوە کارە.
هەروەك دەردەکەوێ، کاری بنچینەیی حکومەت لەسەدەکانی ناوەڕاست بریتی بووە لەوەرگرتنی ئەو جۆرە داواکاریانەو یەکلاکردنەوەیان.
ئەنجومەنەکانی نوێنەرانیش، دروست بوونیان بۆ ئەو هۆیە دەگەڕێتەوە کە ببنەمینبەرێکی گشتی تێیدا ئەو دادخوازیانەی لەهەرێم و ناوچە جیاوازەکانەوە رەوانە دەکرێن، بەرزبکرێنەوە بۆ پاشای وڵات.
دیارە یاساکانیش بەزۆری بۆ ئەوە دارێژرابوون، وەك هەوڵێك لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەران، کەسکالا جیاوازەکان وەك هۆکارێکی هاوبەشی بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی لە ئایندەدا خراپەو کەم و کورتیەکان دووربخرێتەوە، هەروەها دەرکردنی یاسا لەپێناو جێبەجێکردنی ئەو مەبەستە.

**Phallic stage** | المرحلة القضيبية | قۆناغی چۆكی

لەقوتابخانەی شیكردنەوەی دەروونی، ئەم قۆناغە یەك لەقۆناغەكانی گەشەكردنی فەرمانی سیكسیە، ئەوەش كاتێ مندالْ لەدەوروبەری چوار ساڵی یان پێنج ساڵی تەمەنی دەست دەكات بەبایەخدان بەئەندامی سێكسی و ئەركەكانی، هەروەها بەشێوەیەكی ناهۆشیارش، ترسی لەخەساندن یاخود لەدەستدانی ئەندامی سیسكی لاپەیدا دەبێت.

**Phantasm** | الوهم / الخيال | وەهم، خەیال / تارمایی

واتە، ئەو وێنە خەیاڵیانەی لەمێشكدا دروست دەبن، دەوترێت دیمەن و ئەندێشەی سێبەراوی (phantas magoria)، واتە هونەری دەرخستنی ئەندێشەو جولانەوەكانی شایی و ئاهەنگەكان لەپشتی پەردە (ناهۆشیاری) دیارە ئەویش ئاسەواری هەستەكان و یەكەم سەرنجی بینینە، كەلەگەڵیدا وێنەكانی سەرپەردەی مێشك هەندێ جار دەردەكەون و بەهەڵمەتەوە ڕوو لەبینەر دەكەن، لەگەڵ زۆربوونێكی بێ ئەندازە لەقەبارەدا.

هەروەها مەبەست لەزاراوەكە، زنجیرەیەك ئەندێشەو تارمایی لەمێشكدا بەدوای یەكدادێن، دیارە ئەویش بەهۆی مۆتەكەو خەوی ناخۆش، یاینش بەهۆی نەخۆشی (تالێهاتن) لەلەشی مرۆڤدا پەیدا دەبن.

**Fantasy** | تەماشا بكە: خەیال، دالغە

**pharmacy** | الصيدلية | دەرمانخانە

مەبەست لەم زاراوەیە، كاركردن لەو شوێنەی دەرمانەكانی تێدا ئامادەدەكرێت، ئەوانی پزیشكی چارەسەربڕیاری لەسەر داون.

وشەكە ئینگلزییە، لەوشەی یونانیەوە (pharmakon) وەرگیراوە، ئاماژەیە بۆ جۆرەكارێكی سیحری لەهەندێ گژوگیادا.

لەكۆندا كاری دەرمانسازی تەنها قەشەو پیاوانی ئاینی و جادو گەران پێی هەستاون، ئەوانی پشتاو پشت شارەزاییان لەسەر جۆرو كەڵكی ڕووەك و گیاكان و خەسلەتەكانی لەچاكردنەوەی نەخۆشەكان بۆ ماوەتەوە.

ئەو كەسەی كە دەرمانی ئامادە دەكرد بەچاوێكی ڕێزو پەرستنەوە تەماشا كراوە، باوەڕی خەڵكی وابووە كە ئەو كەسانە لەخواوەندەوە زانیاریان پێگەیشتووە.

**phenomenalism** | مذهب الظواهر | دیاردە گەرایی / دیاردە ناسی

بەپێی ئەم تیۆرییە، زانیارییەكان لەچوارچێوەی دیاردە مادی و ئەقلیەكاندا خڕبوونەتەوە، هەر دیاردەیەك تێگەیشتنی بۆ ناكرێت بەتەنها، لەبەر ئەوەی پێكهاتووە لەچەند دیاردەیەكی دیكە، یان تێكەڵی پێكهاتەی چەند دیاردەیەكی دیكە بووە.

هەروەها مەبەست لەم ڕێبازە ئەوەیە، كە ئەقل تەنها درك بەدیاردەكان دەكات، فینومنولوجیا (phenomenology) ئەو فەلسەفەیە كەبایەخ بەوەسف كردنی دیاردەكان دەدات بەهەموو وردییەكەوە، لەگەڵ ڕێك و پێكردنیان بەهەموو تووندییەك، بەتایبەتیش مانا بنچینەییەكانی زانستەكان، ئەویش بەمەبەستی ڕوونكردنەوەو پێناسەكردنیان.

**phenomenon** | الظاهرة | دیاردە

واتە، سەربوردەو ڕووداوەكانی ئەزموون و بەسەرهاتێك، لەهەركاتێكدا بێت و بێ گوێدانە هۆیەكانی، بەدەربڕینێكی دیكە: شتێكە درك بەبوونی دەكرێت و دەتوانێت وەسفی بكەیت یاخود باسی بكەیت.

دەوترێت: دیاردەیەكی شوێن كەوتوو یاخود لاوەكی (epiphenomenon) واتەكارتێكردنی كارای نابێت لەپەرەسەندنی

داهاتووی پرۆسەکە.

تەماشا بکە:   دیاردەی کۆمەڵایەتی **Social phenomenon**

روخسارە بابەت النموذج الظاهري **phenotype**

بونیادی ئەندامی، هەروەك فاکتەرە بۆماوەییەکان وفاکتەرەکانی دیکەی وەك ژینگە دیاریدەکەن، لەبەرامبەریدا، بۆ ماوەبابەت (geno type) دێت، وەك هێما گەرییەك لەسەر بونیادی ئەندامی، هەروەك فاکتەرە بۆ ماوەییەکان دیاریدەکەن.

خێرخوازی
خێرەوەمەندی حُب الخير **Philan thropy**

ئارەزووی مرۆڤ بۆ ئەوەی براکانی ناومرۆڤایەتی بەخۆشی بژین و بەباشی رابوێرن، کاری چاکەش لەرۆژگاری ئەمرۆدا، ڕووی لەخۆشگوزەرانی تاك کردووە بەشێوەیەکی تەواو، لەجیاتی ئەوەی کار لەسەرکەمکردنەوەی باری هەژاری بکات.

گرینگی کاری خێرخوازی لەکۆمەڵگە سەرمایە دارەکان زیاترە تادەگاتە کۆمەڵگە سۆسیالستەکان، لە ناویاندا دەوڵەت بەرپرس دەبێت لەمافەکۆمەڵایەتیەکانی تاك.

لەبەرامبەر ئەم ڕەوتە، دیاردەی ڕق و ڤینی ڕەگەزی مرۆیی دێت و (misan throphy).

فەلسەفە الفلسفة **philosophy**

لێکۆڵینەوە لەبنەما سەرەتاییەکانی بوون و هزر، لێکۆڵینەوەیەکی بابەتیانە، ڕاستی و ڕەوایی بلاودەکاتەوەو ڕێگای ئەقل پەیرەو دەکات، بۆیە فەلسەفە دەست پێناکات بە (دانپیانراوەکان) هەرچی بێت سەرچاوەکەی.

فەلسەفە چەند لقێکی هەیە:

میتافیزیکیا، توێژینەوە لەڕەهایی بوون دەکات، واتە بوون لەبارێکی رووت (ئەپستراکت) لەهەموو خەسلەتێك، تەنها خودی بوون نەبێت.

لۆژیك، توێژینەوە لەشێوەکانی هزری ڕووت لەمادەکەی دەکات، هەروەها لەبنەماکانی بەڵگاندن.

تیۆری زانین (ئەپستمولوجیا) توێژینەوە لەپەیوەندی خودی زانابەشتە زانراوەکان دەکات.

مۆڕاڵ، توێژینەوە لەو بنەمایانە دەکات کە رەفتارباش دەکات.

جوانناسی، توێژینەوە لەو بنەمایانە دەکات، کەجوان بکات بەجوان.

دەربارەی ئەم جۆرە توێژینەوانە، فەیلەسوفەکان جیاوازی لەنێوانیاندا بەدی دەکرێت، هەڵگرانی بیروباوەڕی ئایدییایی، هەموو شتێ بۆ ئەقل دەگەڕێننەوە، بەڵام ئەوانی لەسەر ڕێبازی مادین، هەموو شتێ بۆ مادەو جولە دەگەڕێننەوە، دوانەییەکانیش، دان بەبوونی ئەقل و مادەش دەنێن بەیەکەوە، لایەنگرانی یەکانەیی دەڵێن تەنها یەك بنەمای ئامانجدار هەیە.

تەماشا بکە : فەلسەفی کۆمەڵایەتی **Social philosophy**

ترسی نادیار الخوف الوهمي
ترسی تۆقێنەر الرهاب **phobia**

ترسێکە زیادە رۆیی تێدا دەبێت، هەروەها جۆرێك لەنەخۆشی و روژێنەرو چەند بارودۆخێك دەگرێتە خۆی، وەك ئەو ترسەی بەخەیاڵی کەسێکدا دێت و توانای ڕێگرتنی یان زاڵبوونی بەسەریدا نابێت، دیارە حاڵەتەکەش لەئەنجامی چەند کارو

کردەوەیەکی پەیوەست بەئەزموونی پێشوتر پەیدا دەبێت یاخود بەهۆی هەرجۆرە دیاردەیەکی دەروونیەوە بێت.
ڕەنگە ئەو ترسانەش هۆکارەکەی چەند دیاردەیەکی دەرەکی بن، وەك ترس لە تاریکی یانیش لەشوێنە تەنگ و تەسکەکان، هەروەها لەچەند شتێکی ناوخۆیی وەك ترس لەنەخۆشی یان تووش بوون بەشێتی.
بۆیە هەموو ئەو حاڵەتانە، پێویستیان بەچارەسەری دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبێت.

**phonetics** — علم الاصوات اللغوية — زانستی دەنگەکانی زمان

لێکۆڵینەوە لەدەنگی زیندووی مرۆڤ لەوکاتەی کەچالاکی زمانەوانی ئەنجام دەدات، هەروەها شیکردنەوەی زنجیرە ئاخاوتنەکان بۆ ئەو ڕەگەزانەی کە دەکرێ بۆی روون بکرێنەوە، دواتریش باسکردنی ئەو ڕێگایەی کەهەر ڕەگەزێك لەو ڕەگەزانەی لێی پێکدێن و روونکردنەوەی چۆنیەتی گواستنەوەیان لەبۆشاییدا، لەگەڵ وەبیرهێنانەوەی خەسڵەتە جیاوازەکانی، پاشانیش پۆلینکردنیان لەسەربنچینەیەکی دیاریکراودا.
زانستەکە گرینگیەکی جەوهەری هەیە لەئاست هەموو لقەکانی زماننانسی، بەردی بناغەشە بۆ هەر لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دیکەی وەك: رێزمان، رێزمانی بەراوردکاری، لێکۆڵینەوە لەماناد.

**phratry** — العمارة فرع القبيلة — تیرە لقی عەشیرەت

لقی هۆزێکە، لەخەسلەت و تایبەتمەندییەکانیشی هاوسەرگیری لەدەرەوەی هۆز، هەروەها هاتنەخوارەوەی نەوەکانی لەڕەچەلەکێکی ناهاوبەشی.
تەماشا بکە: هۆز تیرە clan ، خزمایەتی sib ، خێڵ tribe

**phrenology** — الفرينولوجيا فراسة الدماغ — فرینولۆجیا زانستی کاسەی سەر

تیۆرییەکە لەلایەن (F.Gall) 1778 1828 دانراوە، بەپێی ئەو تیۆرییە، ئەقڵ پێکدێت لەچەند بەهرەو توانستێك جیالیەك، هەریەکەیان ناوەندێکی هەیە لەناو توێکلی مێشکدا، دەکرێ بەهۆی پشکنینی کەلەی سەر ڕادەی گەشەکردنی هەر یەکێکیان دەست نیشان بکرێت.
بەڵام توێژینەوەکانی دواتر، دژی بۆچوونی ئەو تیۆرییە بوون، ئەوەشیان سەلماند کەمێشك نەك وەك کۆمەڵە ناوەندێك یاخود چەند بەشێك بێت، بەڵکو بەگشتی وەك یەکەیەك کاردەکات.

**phylogenesis** — تاريخ النشوء — مێژووی پێکهاتنی جۆرەکان

لێکۆڵینەوە لەدروست بوونی جۆرەکان و گەشەکردنیان بەرێگای لێکۆڵینەوە لەزیندەوەرە ئەندامیەکان کەدەکەونە نێوان نزمترین جۆرەکان و باڵاترینیان.
لەرامبەر ئەم زانستە، مێژووی پەرەسەندن (ontogenesis) دێت.

**Physical education** — التربية البدنية — وەرزش پەروەردەی جەستەیی

ئەو هەوڵ و کۆششە پەروەردەییانەی کار لەسەر بەکارهێنانی ئارەزووەکانی تاك دەکەن بۆ گەشەکردنی جولەی جەستەیی، ئەویش بەرێکخستنی رووەکانی ئەو چالاکیە ئەگەر بەشێوەی تاکەکەسی بێت یان بەکۆمەڵ.
لەهەمان کاتدا کار دەکرێت بۆ ئەوەی خەسلەتە رەفتارییەکانی تاك پەرەبسێنێت، نموونەی خۆشەویستی سیستەم، هاوکاری و

پشت بەستن بەخود..تاچەندین خەسلەتی دیکە، کەهاوڵاتی باش پێویستی پێی دەبێت.

**Physical planning** التخطيط المادي پلاندانانی مادی

نەخشەکێشان بۆ شارەکان لەڕووی مادییەوە، واتە دیاریکردنی پێداویستیەکانی شار لەخانوو ڕێگاو قوتابخانەکان و ...هتد. پاشان دیاریکردنی گونجاوترین ئەو شوێنانە کەدەکرێ ئەو جۆرە پرۆژەو چالاکیانە بگرێتە خۆی.

**physicalism** الاتجاه الفيزيقي ئاراستەی فیزیکی (سروشتی)

ئاراستەیەکە، وا دەسەلمێنێت کەزانستەکان، بەزانستە کۆمەلایەتیەکانەوە، پێویست دەکات بەزمانێکی هاوبەش بدوێن، کەئەویش زمانی فیزیکە، لەبەر ئەوەی هەموو شتەکان لەجیهاندا دەکرێ لەسنوری ئەو زمانەدا بووترێت.

**physiocracy** المذهب الفيزيوقراطي ڕێبازی فیزیوکراسی

ئەوانی لایەنگری ئەم ڕێبازەبوون، پێیان دەوترا فیزیوکراسییەکان (physio cracy)، ئەوانە تیمێك بوون لەئابوریناسانی فەرەنسا لەسەدەی هەژدەدا.

ئەوانە بۆ یەکەم جار توێژینەوەکانیان باسی لەدیاردەکۆمەلایەتیەکان دەکرد، باوەڕیان بەچەند بیروڕایەك دەکرد دەربارەی یاسا سروشتیەکان کەدەسەلاتی بەسەر دیاردە ئابوریەکان و بەسەر جۆری دراوو پێویستی ئازادبوونی بازرگانی هەبووە.

بەلام ئەوان گەیشتنە چەند ئەنجامێکی هەلە دەربارەی جۆری سامان و دابەشبوونی چونکە باوەڕیان وا بوو کەزەوی تەنها سەرچاوەی سامانە، لەبەر ئەوەی تەنها ئەو بەرهەمێکی زیادی پاکی هەیە، هەر ئەو زێدە بەرهەمەش ملکەچی باجەکان دەبێت، بەلام پیشەداران، ئەوانە توێژێکی بەرهەم هێن نین لەبەر ئەوەی ئەوان سامان بەرهەم ناهێنن، بەلکو شێوەکەی دەگۆڕن.

فیزیوکراسییەکان ئەوەیان لەبیرکرد لەبەرهەمهێنانی سامان بەمانای خولقاندنی مادەیەکی نوێ نایەت، بەلکو بەمانای زیادکردنی (سوود) دێت بۆ خودی مادەکان یاخود توانای ئەو مادەیە لەسەر تێرکردنی ویست و داواکارییە کۆمەلایەتیەکان.

**physiognomy** علم الفراسة ڕوخسارناسی
زانیاری سەروسیما

ئەو بنەمایانەی کەدەکرێ لەسەر بنچینەیان توانا و خەسلەتەکانی تاك ڕاڤەبکرێن بەهۆی ڕوخسارەکانی ڕووی یاخود پێکهاتەی جەستەیی، بەو هەندەی گوزارشت لە چەند حالەتێکی هەست و سۆزی یانیش ئەقلی دەکات.

هەر لەم لێکۆلینەوەیە لقی زانستی کاسەی سەر (phrenology)ی لێ جیا دەبێتەوە.

**Physology of labour** فسيولوجية العمل ئەندامزانی کار

لێکۆلینەوە لەکاروفەرمانی ئەندامەکانی لەش لەکاتی کارکرندا، هەروەها پێوانەی ئەو ڕەنجەی کەکرێکار بەرگەی دەگرێت لەکاتی کارکردندا، پاشان لێ وردبوونەوە لە ئامرازەکانی کەمکردنەوەی ئەو ڕەنجە، ئەویش بەهۆی پێوەری فسیۆلۆجی (physiometry) واتە پێوانەی فەرمانەکانی فسیۆلۆجیای لەش (جەستە).

**physiotherapy** العلاج الفيزيائي چارەکردنی سروشتی
(شێلان)

ئامرازێکە بۆ چارەسەرکردن، پشت بەبەکارهێنانی فاکتەرە سروشتیەکان دەبەستێت، وەك: با، ئاو، گەرمی، ڕوناکی، کارەبا، پشوودان، جولە، وەرزشی جەستەیی، گۆڕینی ئاووهەوا.

**picketing** مراقبة تنفيذ الاضراب چاودێری جێبەجێکردنی مانگرتن

ئەنجامدانی چەند ڕێ و شوێنێك لەلایەن سەندیکاوە، وەك دیاریکردنی کەسێك بەوەستانی لەدەروازەکانی شوێنی کارکردن

ئەویش بەمەبەستی ڕێگرتن و بەشێوەیەکی ئاشتیانە بۆ ئەوەی کرێکاران بەشداری لەمانگرتن نەکەن.

نەخشەو وێنەکانی ڕوونکردنەوە الرسوم التصويرية **Pictorial charts**

ئەو نەخشەو وێنانەی بەکار دەهێنرێن بۆ ڕوونکردنەوەی زانیارییە ئامارییەکان، ئەوانەش دووجۆرن:

جۆری یەکەم: جۆری وێنەو نەخشەکان ئاماژەن بۆ ئەو بابەتانەی خراونەتە ڕوو، ئەویش بەچەند پێوانەیەکی جیاوازی لەبار لەگەڵ ئەو ژمارەی کەنوێنەرایەتیان دەکات.

جۆری دووەم: پێی دەوترێت (ئیدیوگراف) تێیدا جۆری وێنەو نیگارە لەیەك چووەکان لەڕووی شێوەو پێوانەوە، ئاماژەن بۆ ئەو بابەتانەی خراونەتە ڕوو، بەجۆرێك هەر وێنەیەك پێوەرێکی دیاریکراوی دیاردەکە ڕووندەکاتەوە، هەروەها دووبارە بوونەوەشی لەبار دەبێت لەگەڵ ئەو ژمارانەی نوێنەرایەتیان دەکات.

حەج
چوون بۆ حەج الحَج **pilgrimage**

گەشت بۆ کەعبە، یان شوێنە پیرۆزەکان وەك دڵسۆزییەك بۆ ئاهێکی ئایینی، یاخود بۆ بەدیهێنانی ویستێکی ڕۆحی.

شارەکانی حەج لەگرینگترین جۆری شارەئاینیەکانن، ژمارەیەکی گەورەی حاجیان لە چەند کاتێکی دیاریکراوو زانراودا گەشتی بۆ دەکەن، دیارە ئەو گەشتەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ورەیان یان پاکردنەوەیان لەهەڵەو رەفتاری خراپ.

شاری ئاینی تەنها بەئەرکی ئاینی هەڵناسێت، بەڵکو کاروفەرمانێکی بازرگانیش بەجێ دەهێنێ، بەشێوەیەك شارەکە دەبێتە مەڵبەندێك بۆ حەوانەوەی هەزاران گەشتیار، هەروەها دەبێتە بازارێك بۆ فرۆشتنی کەل و پەلێك، کەمۆرکێکی پیرۆزی هەڵگربێت، وەك: فەرش و تەسبیح و پەیکەری خواوەندو فریشتەو پیاوانی ئاینی ڕێزدارو شتی دیکەش.

لێکۆڵینەوەی ڕاوێژکاری الدراسة الاسترشادية **Pilot study**

لێکۆڵینەوە ڕاوێژکارییەکان بەقۆناغی ئاشکراکردن و دەرخستن دادەنرێت لە توێژینەوەکاندا، بۆیە پێش دەست پێکردن بەتوێژینەوە لەسنورێکی فراواندا، دەست بەلێکۆڵینەوەی ڕاوێژکاری دەکرێت، ئەو قۆناغە دەکەوێتە نێوان قۆناغی دانانی پلانێکی گشتی و نێوان قۆناغی پراکتیکردنی هەمەلایەن بۆ شێوازەکانی توێژینەوە.

ئامانجی لێکۆڵینەوەی ڕاوێژکاری، گەشەپێدانی گریمانەکانی توێژینەوەو ئاشکراکردنی چەمکەکان و کۆکردنەوەی زانیاریەکانە دەربارەی تواناکردەییەکان بۆ هەستان بەتوێژینەوەیەك لەو بوارە واقیعی و زیندووەدا کەلێکۆڵینەوەکەی تێدا بەڕێوە دەچێت.

کاردۆزینەوە التخديم
دامەزراندن التوظيف **placement**

پرۆسەی دامەزراندنی تاکێك لەکارێکداو لەناو دامەزراوەیەك، دامەزراندن بەبۆچوونی دامەزراوەکە بریتیە لەگەیاندنی کرێکارە نوێیەکان، ئەوانی دەست نیشانکراون بۆ شوێنە بەتاڵەکانی ناو فەرمانگەیەك، بەڵام لەدیدی نووسینگەکانی دامەزراندنەوە، ئەو کارە بریتیە لەدۆزینەوەی کار بۆ ئەو کۆمەڵە کرێکارەی کە ناویان تۆمار کراوە لایان.

ئەمەو، بەتاکی بێکار دەوترێت، ئەگەر هێشتا دانەمەزرابێت (unplaced) بەڵام ئەگەر هێشتا پاڵێوراو نەکرابێت بۆ هەرکارێك ئەوا پێی دەوترێت (unreferred).

پلان دانان التخطيط **planning**

شـێوازێکە لەڕێکخسـتن، ئامـانجی بـەکار هێنـانی دەرامەتـەکانی وڵاتـە بەچـاکترین شـێوە کەلـەتوانا دابێـت، ئـەویش چـەند ئامـانجێکی دیـاریکراوە، مەبەسـت لەپلانـدانان لەسـەر ئاسـتی نەتـەوەیی دانـانی نەخشـەیەکە کۆمەڵگـە لەسـەری بـڕوات لەماوەیەکی دیاری کراودا و بەمەبەستی بەدیهێنانی گەشەکردنی ئابوری و کۆمەڵایەتی.

پلاندانان چەند جۆرێکی هەیە، وەك:

| | |
|---|---|
| پلاندانانی گشتی: | (integral) |
| پلاندانانی کەرتێك بەش: | (partial) |
| پلاندانانی نەرم توانای گونجاندن: | (flexible) |
| پلاندانانی وشك پەرەناسێنێت: | (rigid) |
| پلاندانانی هەیکەلی بونیادی: | (structural) |
| پلاندانانی چاکسازی: | (remedial) |

تەماشا بکە:

| | |
|---|---|
| پلاندانانی شار: | City planning |
| پلاندانانی ئابوری: | Economic planning |
| پلاندانانی کۆمەڵایەتی: | Social planning |
| پلاندانانی خۆجێی: | Local planning |
| پلاندانانی هەرێمی: | Regional planning |
| پلاندانانی نەتەوەیی: | National planning |

**پلاندانانی خۆجێی** التخطيط المحلي **Planning, local**

تەیارکردن و ڕێکخستن و ئاراستەکردنی دەرامەت و وزە بەردەستەکان بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی ئابوری و کۆمەڵایـەتی لەسەر ئاستی شار یان گوند بێت.

لەلایەن دەولەتەوە، ئەو جۆرە پلاندانانـەی گروپـە خۆجێیـەکان بـەکارێکی ڕاسـت دەزانرێـت و لەگـەڵ بنـەمای ناناوەنـدێتی دەگونجێت.

**پلاندانانی نەتەوەیی (نیشتمانی)** التخطيط القومي **Planning national**

تەماشا بکە: **National planning**

**پلاندانانی هەرێمی** التخطيط الاقليمي **Planning, regional**

ئامادەکردن و ڕێکخستن و ئاراستەکردنی دەرامەت و وزەبەردەستەکان بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی ئابوری و کۆمەڵایـەتی لەسەر ئاستی هـەرێمێك کەبەهاوچەشـنی ویـەکگرتوویی جیاوازبکرێتـەوە، لەلایـەن ژینگـەی سروشـتی و بـارودۆخی ئـابوری، هەروەها بەلەیەکچوون بناسرێت لەڕووی داب و نەریت و کەلەپوری ڕۆشنبیرییەوە.

**پلاندانانی کۆمەڵایەتی** التخطيط الاجتماعي **Planning social**

مەبەسـت لەلاپلانـدانی کۆمەڵایـەتی دانـانی پلانـە پەیوەنـدارەکان بەدەرامـەت و دامـەزراوە کۆمەڵایەتیـەکان، ئـەویش وەك

بەدەنگەوە هاتنێك بۆ پێداویستیەكانی كۆمەڵگە، واتە نەتەوە بەگشتی.

بەو پێیە زارەوەی پلانـدانانی كۆمەڵایـەتی بـەهاوتای زاراوەی پلانـدانانی كۆمەڵگـە دێـت، هـەروەها زاراوەی پلانـدانانی كۆمەڵایـەتی هەنـدێ جار بـەكار دەهێنرێـت وەك ئاماژەیـەك بـۆ ئـەو پلانانـەی كـە گروپێـك لەشارەزایان پێی هەڵدەسـتن لەبەرامبەر ئەو پلانانەی كەتاكێك پێی هەڵدەسێت، لەهەنـدێ باریشـدا واتەماشای زاراوەی پلانـدانانی كۆمەڵایـەتی دەكرێـت وەك تەواوكەری پلاندانانی ئـابوری، لـەو حاڵەتەشـدا مەبەسـت لەپلانـدانانی كۆمەڵایـەتی نەخشـە كێشـانە بـۆ بواروچـالاكیە نائابورییەكانی كۆمەڵگە.

**كۆمەڵناسی كار** | سوسيولوجية المصنع | **Plant, sociology of**

لێكۆڵینەوە لەڕێكخستنی كۆمەڵایەتی ناو دامەزراوە پیشەسازییەكان، هەروەها لە پەیوەندییەكانی نێوان كارمەنـدانی كارگـەو نێـوان ئاسـتە كارگێڕییـە جیاوازەكـان، لەگـەڵ لێكۆڵینـەوە لەسوسـیۆلۆجیای كـارگێڕی پیشەسـازی و ڕێكخسـتنی پـەیوەندییـە پیشەسازییەكانی نێوان دەستەی بەڕێوەبردن و كرێكاران.

تەماشا بكە: كۆمەڵناسی پیشەسازی **Industrial sociology**

**كێڵگەكان** | المَزارِع | **Plantations**

چەند یەكەیەكی ئابورییە، بەكاری كشتوكاڵی هەڵدەستن و بەرهەمەكانیشیان ئەوجۆرانەن كەتایبەت دەبن بۆ فرۆشـتن، ئـەو یەكانە بەشێویەكی ڕێك و پێك ژمارەیەكی گەورەی كرێكارانی ناشارەزا بەكار دەهێنن ئـەوانی لـەژێر چاودێری بەڕێوەبـەری كێڵگەكە كاردەكەن، ئەو كێڵگانە خۆیان تەرخان كردووە بۆ چاندنی یەك یاخود دوو جۆر بەرهەم.

**یاری ، گەمە** | ١– اللَعِب | **Play**

بەشـداریكردنی تـاك لەچـالاكیەكی وەرزشـی یـان دڵخۆشـكەر، ئـەو یارییـە ڕەنگـە بـە شـێوەیەكی ئازادانـە (free play) بەڕێوەبچێت و لەكەش و هەوایەكی سروشتیدا ئەنجام بدرێت، هەروەها دەكرێ ڕێك و پێك خراو بێت (organised) واتـە بەپێی چەند سیستم و ڕێساو بنەمایەك بەڕێوەبچێت.

تەماشا بكە: گەمە، یاری **Game**

**شانۆگەری نواندن** | ٢– المسرحية التمثيلية

چیرۆكێكی داڕێـژراوە، دارشـتنێكی تایبـەت پشـتی بـەدیالۆگ دەبەسـتێت، بـۆ ئـەوەی ئەكتـەرەكان لەسـەر شـانۆو لەبـەردەمی جەماوەر پێی هەستن.

شانۆگەریەكان چەند جۆرێكیان هەیە:

شانۆگەری تەنز (burles que)

شانۆگەری دراما شانۆنامە (dramatic play)

شانۆگەری كۆمیدی گاڵتەو گەپ (comedy)

شانۆگەری تراژیدی مەرگە سات (tragedy)

**یاریگا** | الملعب | **Play grond**

یاریگاكان دروست دەكرێن بۆ ئـەوەی چـەندین جۆری وەرزش و حاڵـەتی كـات بەسـەربردنی تێـدا ئـەنجام بـدرێت، هـەروەها

چەندین کاری چالاکی دیکە لەکاتی بێ ئیشیدا.
دیاردەی دامەزراندنی یاریگاو گۆڕەپانەکان وەك کاردانەوەیەك سەریان هەڵدا لەبەرامبەر کاریگەرییەکانی پیشەسازی و گەشەکردنی شارستانیەت، بەجۆرێکی تایبەتیش ئەو زیانانەی کەبەهۆی پەیدابوون و بلاوبوونەوەی گەرەکە دواکەوتووەکان پەیدا بوون.

کەسێکی ئاسایی
بۆرە پیاو

plebeian — رجل الشارع

هاونیشتمانی ئاسایی، ئەوی ڕای گشتی جەماوەر دەنوێنێ، هەروەها ئەوکەسەی بیرۆکەیەکی ئاسایی و ڕووکەشی دەبێت دەربارەی کاروبارەگشتیەکان، بەلام بنەمای بایەخدان بەو کێشەو کاروبارانە بۆ بەرپرسان بەجێ دەهێڵێ.

بنەمای چێژ
هەستی خۆشی

Pleasure principle — مبدأ اللذة

لەقوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی، مەبەست لەزاراوەکە، ویست و ئارەزووی بوونەوەری ئەندامی، لەشێوە سەرەتاییەکانی رەفتاری، بۆ بەدەستهێنانی چێژو دوورکەوتنەوەش لەئێش و ئازار، بێ ڕەچاوکردنی هەل و مەرجی باری ڕاهاتوو.

plebiscite — الاستفتاء العام — راپرسی گشتی

لەیاسای دەستوریدا، پرسکردن بەتاکەکانی گەل لەهەندێ کاروباری گشتیدا، یان لەپرسێکی دیاریکراودا، ئەویش بەشێوەی دەنگدان لەسەری.

کۆ
فرە - جۆراوجۆر

plural — الجمع

کۆمەڵە تاکێك بێ دیاریکردنی هەر جۆرە خەسلەتێکیان، هەموو (کۆمەڵێك)ئەوا کۆمەڵە خەڵکێکن، بەلام هەموو (کۆیەك) کۆمەڵە لەخەڵك نین.

ڕێبازی زۆرینە
فرەیی - جۆراوجۆری

Pluralism — مذهب الكثرة / التعددية

ئەم ڕێبازە گەردوون بۆ چەند ماهییەتێك جەوهەر دەگەڕێنێتەوە، کە بۆ یەك بنەما ناگەڕێتەوە.
بەپێی بۆ چوونی ئەم ڕێبازە، چارەنووسی جیهان چەند ئەگەرێك دەگرێتە خۆی، بەدیهێنانیان لەسەر کردەی ئەو بوونەوەرانە دەوەستێت کەبڕیار لەچارەنووسی دەدات، لەبەرامبەریدا، ڕێبازی یەکانەیی (monism) دێت کە هەموو گەردوون بۆیەك بنەما دەگەڕێنێتەوە، وەك ڕۆح بەدیاری یاخود یەك سروشت.
دەوترێت: فرەیی کۆمەلایەتی (sociological pluralism) وەك ئاماژەیەك لەسەر فرەیی شێوەکانی گیانی کۆمەلایەتی لەسنوری هەرگروپێك، هەروەها فرەیی گروپەکانی ناوکۆمەڵگەو فرەیی خودی کۆمەڵگاکان.

Plural society — المجتمع متعدد العناصر — کۆمەڵگەی فرە ڕەگەز

مەبەست لەزاراوەکە، کۆمەڵگەیەك لەچەند گروپێکی جیاواز لەیەکتر پێکهاتبێت لە ڕووی کولتورییەوە.
گرینگترین ئەوکارانەی بەرەورووی ئەو کۆمەڵگایانەش دەبنەوە، کارکردنە لەسەر یەکگرتنی ئاراستەکان و خۆگونجاندنی

هاوبەشە بۆ گروپە جیاوازەکان.

فرەیی
جۆراوجۆر
١ – التَعَدد
**Plurality**

حاڵەتی زۆری و زۆر بوونی ژمارەکان، دەوترێت: فرەیی فەرمانەکان (plurality of office)، بەو مەبەستەی کەمرۆڤ دوو فەرمان یان زۆرتر بگرێتە دەست لەیەك كاتدا.

زۆرینە
٢ – الاکثرية، الاغلبية

مەبەست لەزاروەکە زۆربوونی ژمارەی ئەو دەنگانەی کەیەك لەکاندیدەکان بەدەستی دەهێنێ لەهەڵبژاردنەکاندا زیاتر لەوەی کاندیدێکی دیکە بەدەستی هێناوە.

پلوتوکراسی
حکومەتی ساماندارا
حكومة الاغنياء
**Pluto cracy**

لـەم جـۆرە حکومەتانـە، دەسـەڵاتی بـاڵا لەژێردەسـتی زۆر دەوڵەمەنـدەکان یـان چـینی سـامانداران دەبێـت، ئـەویش بـەهۆی خاوەنداریێتیان بۆ ئەو سامان و دەوڵەمەندییە.
هەروەها زاراوەکە ئاماژەیە بۆ ئەو گروپەی دەسەڵاتی حوکمڕانی بەدەست دەگرێت و لەسامانداارانیش دەبن.

ڕێگای هەڵسەنگاندن بەخاڵ
طريقة التقييم بالنقط
**Point rating system**

یـەك لـەڕێگاکانی هەڵسـەنگاندنی فەرمانەکانـە، هەڵسـەنگاندنەکە دیـاریکردنی ڕەگـەزە سـەرەکیەکان بـۆ هـەر توێـژێك لەتوێژەکانی ئـەو فەرمانـە (دەسـتی، بەنووسـین، سەرپەرشـتیاری) دەگرێتـە خـۆی لـەو ڕەگەزانـەش: فێربـوون و شـارەزایی و ڕەنجدان و بەرپرسیاریەتی و بارودۆخی کارو...هتد.
پاشان ڕەگەزە لاوەکیەکانی هەر ڕەگەزێك لەڕەگەزە سـەرەکیەکان دیاریـدەکرێت، دواتـر هـەموو ڕەگـەزێك پێناسـە دەکرێـت و کێشی ژمارەیی بۆ دیاری دەکرێت، پاش گەیشتن بـەکۆی خـاڵی هەرفـەرمانێك، ئـەوا فەرمانـە جیاوازەکان لەچـەند گروپێکی نزیـك لەیـەك دادەنـرێن و توێـژەکانی کرێـی هەریەکـەیان دیـاری دەکرێـت، ئـەویش بـەگۆڕینی خاڵـەکان بەچـەند توێـژێکی نەختینەیی.

دابەشی بواسون
دابەشی ئیحتیمالات
توزيع بواسون
**Poisson distribution**

لـەئاماردا، مەبەسـت لەدابەشـی بواسـون، یـان یاسـای ژمـارە بچـووکەکان (law of small numbers)، جۆرێکـە لـەو دابەشبوونە دووبارەبیانەی دەگرێ بەدەست بکـەوێت، یـاخود لێ تێگەیشـتنی بەشـێوەیەکی تیـۆریی بێـت، بـێ پێویسـت بـوون بەپێوانەکردنی دیاردەکان یانیش بینینی و تۆمارکردنی بەهاکانی.
دابەشبوونی بواسون، بریتیە لەشێوەیەکی سنووردار لەشـێوەکانی دابـەش بـوونی دووڕادەیـی (binomial distrivution)، ڕوودەدات کاتی حاڵەتەکانی نموونەکە گەورە دەبن و لەچەند ژمارەیەکی گەورەی کۆمەڵگەش وەرگیرابن، ڕێژەکەش لەیـەکێك لەو دوو توێژەدا زۆر بچووك دەبێت.

کۆمەڵناسی جەنگ
علم أجتماع الحرب
**Polemology**

لێکۆڵینەوە لەشێوەو هۆکارو ئاسەوارەکانی جەنگ لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە، لێکۆڵینـەوەکە ململانێی نێوان کۆمەڵە جیاوازەکـان بەدیاردەیەکی نائاسـایی و حاڵـەتێکی نەخۆشـی دادەنێـت، زانسـتەکە هەوڵـدەدات هۆکارەکـانی ڕێگـرتن لـەو ململانییـە دیـاری

بکات.

| | | |
|---|---|---|
| پۆلیس | البولیس<br>الشرطة | **police** |

سیستمێکە بۆ دابینکردنی ئاسوودەیی و ئاسایش، پشت بەچەند ڕێساو بنەماو ڕێنماییەك دەبەستێت لەبەڕێوەبردنی کاروبارەکانی، دەسەڵاتی گشتی بەسەر هاوڵاتیان دەسەپێنێت بەمەبەستی پارێزگاریکردن لەسیستم و یاساکانی دەوڵەت.

بەدەربڕینێکی دیکە، پۆلیس ئەو هێزە گشتیەیە کە جێبەجێکردنی سیستم و یاساکانی لەئەستۆدایە، بەشێوەیەك سەلامەتی و ئاسودەیی کۆمەڵگە دەستەبەر بکات.

ڕەنگە پسپۆریش لەکاری پۆلیسدا هەبێت لەچەند بوارێکی دیاریکراودا، وەك:

پۆلیسی کارگێڕی (administrative police)

پۆلیسی شارەوانی (municipal police)

پۆلیسی دادوەری (judiciary police)

دەوترێت سیستمی پۆلیسی (police rigime) بەو سیستمە حکومیەی کەتاکەکان تێیدا ملکەچی ئاراستەیەکی زۆردارانەی دەسەلات دەبن.

| | | |
|---|---|---|
| سیاسەت | السیاسة | **policy** |

بەڕێوەبردنێکی دانایانەو تێروانینێکی پتەو بۆ ئاکامەکانی کارێك، هەروەها ئەو لایەنەی کەسیاسەتێکی تایبەت دادەنێت دەربارەی ئامانجێکی دەست نیشانکراوی پەیوەست بەچوارچێوەیەك بۆ جێبەجێکردنی کارێك و بەدیهێنانی ئامانجەکە دەوترێت: سیاسەتی دانیشتوانی (demographic policy)

سیاسەتی ئابوری (economic policy)

| | |
|---|---|
| تەماشا بکە: سیاسەتی کۆمەڵایەتی | **Social policy** |

| | | |
|---|---|---|
| ئابوری سیاسی | الاقتصاد السیاسي | **Political economy** |
| تەماشا بکە: ئابوری ناسی | | **economics** |

| | | |
|---|---|---|
| جوگرافیای سیاسی | الجغرفیا السیاسیة | **Political geography** |
| تەماشا بکە: جیو پۆلیتیکا | | **Geographypolitical, geopolitics** |

| | | |
|---|---|---|
| ڕێکخستنی سیاسی | التنظیم السیاسي | **Political organization** |

ڕێکخستنی سیاسی بریتیە لەکۆمەڵە خەڵکێك هەڵگری یەك ئاراستەو ئامانجێکی ڕێککەوتوو لەسەری، بەپێی بەرنامەو چەند بنەمایەکی سیاسی.

ئەوانە لەنێوان خۆیاندا لەبەر ڕۆشنایی چەند ڕێساوبنەمایەکی ڕێکخراوەیی کەلەسەری ڕێککەوتوون، پەیوەندی و شێوازی کارو هۆکارەکانی چالاکیان ڕێکخستووە.

ڕێکخستنی سیاسی دەکرێ، حزبێك یان یەکێتیەك یاخود ئەنجومەنێك یانیش گروپێك بێت.

ڕێکخستنی سیاسی چەند شێوەیەکی هەیە، ڕەنگە بەهۆی سەرکردەیەك یان ڕابەرێکی سیاسی پێکهاتبێ، یاخود بەهۆی هەل و مەرجی مێژوویی دیاریکراو دامەزرابێت، یانیش لەسەر بنچینەی جێبەجێکردنی چەند بنەمایەکی ئایدیۆلۆجی دروست

بێت، هەروەها ڕێکخستنی سیاسی بەرژەوەندی خوازیش هەیە کە تەنها هەوڵدەدات لەباروەۆخی گونجاودا دەسەڵات بگرێتە دەست.
ئەوەی بەچاکترین بنەمای ڕێکخستنی سیاسی دەزانرێت و سەلمێنراویشە، ئەوەیە کەڕێکخستنی سیاسی دەبێ: یەکێتی بنەماو ئامانج و بەرژەوەندییەکانی تێدا بێتەدی، لەگەڵ فەراهەم بوونی فراوانترین زەمینەی دیموکراسیەت لەناو ئەو ڕێکخستنە.

کۆمەڵناسی سیاسی | علم الاجتماع السياسي | **Political sociology**

تەماشا بکە: **Sociology, political**

زانستی سیاسەت (سیاسەت) | علم السياسة | **plitics**

زانستی حوکمڕانی و هونەری پەیوەندییەکانی دەسەڵات، زاراوەکە بەکۆمەڵە کاروبارێکیش دەوترێت کەپەیوەندی بەدەوڵەتەوە هەیە، هەروەها بەو شێوازەی کە دەسەڵاتداران پەیڕەوی دەکەن لەحوکمڕانیدا.
زانستی سیاسەت، زانستی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ڕێکخستنە ڕەسمیەکەیەتی، ئەم زانستە سێ بواری سەرەکی هەیە:
لایەنی وەسفی: لێکۆڵینەوە لەڕێکخستنی ڕەسمی حکومەت و کارگێڕی ناوەندی و خۆجێی دەگرێتەوە.
لایەنی کرداری: لێکۆڵینەوە لەکێشەپراتیکیەکان دەکات، لەبواری ڕێکخستن و ڕێکارییەکان.
لایەنی فەلسەفی: جێبەجێکردنی تەواوکاری نێوان مەسەلە وەسفیەکان و مەسەلەکانی هەڵسەنگاندن دەگرێتەوە لەچوارچێوەی ئەوەی پێی دەوترێت تیۆری سیاسی، وەك سیاسەتی ئازادیخوازی و سیاسەتی کۆنەپارێزی.
تەماشا بکە:
ڕێکخستنی سیاسی (political organization)
کاری سیاسی (political action)
دیموکراسی سیاسی (political democracy)
پەنا هەندەی سیاسی (political refugee)

پیس بوون | التلوث | **pollution**

پیس بوونی: ئاو، با، زەوی، بەهۆی ئەو پاشماوانەی کەلەئەنجامی چالاکی زۆری پیشەسازییەوە زیادی کردووە.
تەماشا بکە: پارێزگاری ژینگە **Environment protection**

فرە مێردی | تعدد الأزواج<br>البوليا ندرية | **Polyandry**

یەك لەشێوەکانی هاوسەرگیرییە، بەپێی ئەو شێوە هاوسەرگیرییە ژن بەدوو پیاو یان زیاتر شوو دەکات لەیەك کاتدا، ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە دوو جۆرە:
شووکردنی ژن بەچەندبرایەك (fraternal polyandry)
هەروەها، پولیاندری ناهاوتا (dispatate polyandry)
لەم جۆرە هاوسەرگیرییە یەك لەمێردەکانی ژنەکە، پێگەی بەرزتر دەبێت لەوانی دیکە.

فرەهاوسەری | الزواج التعددي | **Poly gamy**

یەك لەشێوەکانی هاوسەرگیرییە، بەپێی ئەو شێوە هاوسەرگیرییە، کەسێك لەهەر ڕەگەزێك بێت (نێر، مێ) زیاتر لەهاوسەرێکی دەبێت لەم بارەوە سێ جۆر فرە هاوسەری هەیە:

فرە ژنی (poly gyny)، فرە مێردی (poly andry)، هەروەها هاوسەرگیری بەکۆمەڵ (group marriage).

**Poly genism** نظرية تعدد الاصول تیۆریی فرە ڕەچەڵەك

تیۆرییەکە دەڵێت: ڕەگەزە مرۆڤایەتیەکان لەچەندین ڕەچەڵەکی جیاوازەوە هاوتوونەتە خوارەوەو پێگەیشتوون.

یاسای پەرەسەندنیان لەفرەیی زۆرەوە بۆ جیاوازی و فرەیی کەم دەگوازرێتەوە، لەبەرامبەر ئەم تیۆرییە، تیۆریی یەك ڕەچەڵەك (mono genism) هەیە.

**Polygon, fre quency** المُضلع التكراري فرەلای دووبارەیی

**Frequency polygon** تەماشا بکە: چەند لای دووبارە بوەوە

**Poly gyny** تعدد الزوجات فرە ژنی

یەك لەشێوەکانی هاوسەرگیرییە، بەپێی ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە پیاو دوو ژن یان زیاتری دەبێت لەیەك کاتدا، ڕەنگە پیاو لەگەڵ چەند خوشکێك (sororal polygyny)، هاوسەرگیری سازبکات، یان لەگەڵ خوشکی ژنەکەی خۆی ئەگەر بێوەژن بوو، ئەمەو سیستمی فرەژنی زیاتر باوەوبڵاوە تادەگاتە سیستمی فرەمێردی.

**polyrealism** نظرية تعدد الحقائق تیۆری فرە ڕاستیەکان

بەپێی ئەم تیۆرییە، چەند ئاستێك لەڕاستیەکاندا هەیە، جیاوازن لەیەکترو بەشداریش ناکەن لەیەك پێوەردا، نموونەی: ڕاستیە هەستیەکان، ڕاستیە لۆژیکی و ئەقلیەکان، ڕاستیە مۆراڵیەکان، ئەوانە هەریەکەیان پێوەری تایبەتی خۆی هەیە.

**Poly syllogism** القياس المركب پێوەری داڕژاو

مەبەست لەپێوەری داڕژاو لەلۆژیکدا، ئەگەر ڕاستی و دروستی پێشەکی پێوەرەکە نەسەلمێنرا، ئەوا دەکرێ سەلماندن لەسەر ڕاستیەکەی بکرێت بەوەرگرتنی ئەنجامێك و بکرێتە پێشەکی لەپێوەرێك یان لە پێوەرە پاشەنگەکاندا، لەم بارەدا بەڵگەکە، ناوی لێدەنرێت پێوەری داڕژاو.

**Poly theeism** الشِرك فرە خوایی
فرە خواپەرستی

باوەڕبوون بەفرە خواوەندی و بەبوونی چەندین ڕۆحی ئاسمانی کەبەشداری دەکەن لە بەڕێوەبردنی جیهان و هەستان بەپەرستنیان.

لەبەرامبەردا، باوەڕی یەکانییەت (monotheism) هەیە، کەبڕیاری وایە نابێ و ناکرێ لەبوونی تەنها یەك خودا زیاتر هەبێت.

**Poor laws** قوانين الفقراء یاساکانی تایبەت بەهەژاری

زاراوەیەکە لەڕابردوودا بەو یاسایانە دەوترا کەیارمەتیە گشتیەکانی ڕێکخدەخست، ئەو یاسایانە بەتووندو تیژی وپێشکەشکردنی یارمەتیە مادی و نەختینەییەکان دەناسران، کەئاستیشیان لەئاستی کەمترین کرێ کەمتربوو کە دەدرێتە کرێکارێکی ئاسایی.

دواتر ئەو یاسایانە روویان لەپەرەسەندن کردوو لەدەقەکانیشیدا ئەوە هاتبوو کەپێویست دەکات لەبارودۆخی ئەو کەسانە

بکۆڵنەوە کەداوای یارمەتی دەکەن، هەروەها دانانی مەرجی کارکردنیان لەو شوێنانەی بۆیان دیاریکراوە.

**کولتوری میللی** | الثقافة الشعبية | **Popular culture**

کولتورێکە تایبەتمەندی و خەسلەتەکانی گەل و کۆمەڵگەی میللی هەڵدەگرێت، بەملکەچیش بۆ داب و نەریت و دیاردەو شێوە رێکخراوەییە بنچینەییەکان دەناسرێت، لەگەڵ ئەوەشی کەمۆرکیکی کۆنە پارێزی هەڵگرتووەبە شێوەیەکی گشتی، بەڵام بەردەوام بەرەو ڕووی گۆڕان دەبێتەوە ئەویش بەهۆی کاریگەرییە دەرەکیەکان.

**دیموکراسی میللی** | الديمقراطية الشعبية | **Popular democracy**

ئەو ناو لێنانە بەو سیستمە حوکمڕانیانە دەوترێت کەملکەچی دەستڕۆیی ڕێبازی کۆمۆنیستین و تێیدا لاسایی سیستمی روسیای سوڤیەتی دەکرێتەوە (سەدەی بیستەم).

بەبۆچوونی سیستمە دیموکراسیەکانی رۆژئاوا، ئەم سیستمانە نادیموکراسین، لەبەر ئەوەی کارو شێوازەکانیان لەخزمەتی ئەو پێوەرە بنچینەییانە نین کەسیستمە دیموکراسیەکان سەلماندوویانە.

دەربڕین لەویستی گەل لەناو سیستمەکانی دیموکراسی میللی، لەسەر بنچینەی سیستمێکی ئالۆز بەڕێوەدەچێت لەلایەن سەرووی حزبێك یان بەرەیەکی حکومیەوە سەپێنراوە، بەجۆرێك ڕێگر دەبێت لەبەردەم ئازادی هەڵبژاردن و ئازادی هاوڵاتی لەلایەنگری یاخود قبولنەکردنی حزبێك تا حزبێکی دیکە.

**بزووتنەوەی میللی** | الحركة الشعبية | **Popular movement**

بزووتنەوەی میللی، چالاکیەکی کۆمەڵایەتی چاکسازییە، لەلایەن گەلەوە خولقاوە، بۆیە ئەو بزووتنەوانە دژی سروشکاری یان ئاراستەکانی ناوەند دەبن.

بزووتنەوە رێکخستنێکە لەپێناو بەدیهێنانی چەند ئامانجێك کەپێشوتر دیاریکراون ، بزووتنەوە میللیەکان لەچوارچێوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان دادەنرێن، نموونەی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی نەتەوەیی و بزووتنەوەی ژیانەوەو...هتد.

**دانیشتوان** | ١- السكان | **population**

ژمارەی گشتی ئەو تاکانەی کەنیشتەجێی وڵاتێك یان شارێك یاخود ناوچەیەکن.

واتە ژمارەی دانیشتوان بەگشتی دیاریدەکرێت لەئاست هەریمێك یاخود شوێنێکی دیاریکراو.

بەڵام مانای فراوانی زاراوەکە، مەبەست لێی، کۆی ئەو خەڵکەی هەڵگری چەند خەسڵەتێکی هاوبەشی دیاریکراون، ئەگەر خەسلەتەکە باپۆلۆجی بێت، یانیش یاسایی و یان کۆمەڵایەتی و ئابوری، نموونەی: دانیشتوانی مێ، دانیشتوان ئەوانی هاوسەرگیرییان بەستووە، دانیشتوان بەشدار لەهێزی کاردا...هتد.

ئەو گروپانە بە شێوەیەکی ورد بەبەشەکانی دانیشتوان (sub - population) دادەنرێن بە مانا فراوانەکەی کۆمەڵ.

لەهەندێ باردا کەمی دانیشتوان (under population) هەیە، هەروەها لەهەندێ باری دیکەدا چڕی دانیشتوان ( over population) هەیە، بۆیە دواتر بیرۆکەی ئاستی نموونەی دانیشتوان (optimum populaton) دەرکەوت، واتە ئەو ئاستە لەقەبارەی یاخود لەچڕی دانیشتوان، کە تێکڕای داهاتی ڕاستەقینەی یاخود هەرگۆڕاوێك بەهایی یان پێوەری بێت دەگاتە گەورەترین قەبارەی.

**کۆمەڵگە** | ٢- المجتمع

لەئامادا وشەی کۆمەڵگە بەکار دەهێنرێت، وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو کۆکراوەی کە نموونەکەی لێ بژاردە دەکرێت، یان وەك ئاماژەیەك بۆ کۆکراوەیەکی سنوردار بۆ چەند شتێکی ناو چوارچێوەی رووبەرێکی دیاریکراو، یاخود کۆمەڵەگریمانەیەکی

ناسنوردار.

**Population, active** السكان العاملون دانشتوانی کارکەر - کارمەند

دانیشتوانی کارکەر، ئەوانی بە چالاکیەکی ئابوری هەڵدەستن، واتە ئەو تاکانەی کە بەشداری دەکەن لەبەرهەمهێنانی کاڵاو خزمەتگوزارییە ئابوریەکان، ئەو توێژە ئەوانەش دەگرێتەوە کە بۆ بەرژەوەندی خێزان کاردەکەن لەپرۆژەیەکی ئابوری، بەڵام بێ بەرامبەر (کرێ) هەروەها ئەوانی بەپارە کاردەکەن یاخود وەرگرتنی بابەتێکی مادی (عەینی) لەهەندێ باردا، ئەو کەسانەی کەبەپیشەی سوودبەخش (gainful occupation) کار دەکەن، تەنها ئەوان بەدانیشتوانی کارکەر دادەنرێن، واتە بەدوورخستنەوەی ژنانی ناوماڵ کەبێ کرێ کاردەکەن لەگەڵ خوێندکارو کرێکارانی خانەنشین و ..هتد.

**Population density** كثافة السكان چڕی دانیشتوان

چڕی دانیشتوان نیشانەیەکە بۆ روونکردنەوەی پەیوەندی نێوان دانیشتوان و ئەو ناوچەیەی تێیدا دەژین، ئاسانترین بەڵگەی چڕی بەدەستمان بکەوێت، بەدابەشکردنی کۆی دانیشتوان بەسەر رووبەردا دەبێت، بەزۆریش گوزارشت لەچڕی دانیشتوان دەکرێت، لە ژمارەی ئەو کەسانەی لەیەك فەدان زەوی یان یەك هکتار یاخود یەکیلومەتر دووجا یانیش یەك میل دووجا، نیشتەجێن.

**Population explosion** الانفجار السكاني زۆربوونی دانیشتوان
تەقینەوەی دانیشتوان

زاراوەیەکە، کۆمەڵناسان بەو گەشەکردنە خێراییە دەڵێن، کەلەژمارەی دانیشتوانی چەند ناوچەیەکی دواکەوتووی جیهان روودەدات.

ئاراستەدیموگرافیەکان پێش بینی ئەوە دەکەن کەتێکڕای مردنەکان لەکەمبوونەوە یەکی ڕوو لە زۆربووندایە، ئەویش بەهۆی پێشکەوتنی کاروباری تەندروستی و پزیشکی لەگەڵ بڵاوبوونەوەی خزمەتگوزارییە پزیشکیەکان، هەروەها تێکڕای لەدایکبوونەکانیش جێگیرەو ڕەنگە لەهەندێ ناوچەی دواکەوتووی جیهان لەزۆر بووندا بێت.

ئەو گەشەکردنە خێراییە لەژمارەی دانیشتوان کاریگەری لەسەر ئایندەی گەشەکردنی ئابوری دەبێت، لەبەر ئەوەی گەشەپێدان ناکرێ بێتەدی تەنها بەزۆربوونی بەرهەمی نەتەوەیی، بەڵکو بەزۆربوونی بەرهەمی هەرتاکێك لەتێکڕادا.

**Population in digenenous** السكان الاصليون دانیشتوانی ڕەسەن (خۆجێی)

**Cf. aborigies** خەڵکی ڕەسەنی وڵاتێك

**Population, tribal** السكان القبليّون دانیشتوانی خێڵەکی

ئەو کەسانەی ئاستی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابورییان کەمتر دەبێت لەو ئاستەی کەکەرتەکانی دیکەی کۆمەڵگە لەوڵاتدا پێی گەیشتوون.

دیارە ئەوەی باوردۆخیشیان دەگونجێنێت، ملکەچی بوونیانە بەشێوەیەکی گشتی یان کەمتر بۆ داب و نەریتەکان یاخود یاسای داڕێژراوی تایبەت بەخۆیان.

- ڕێککەوتنامەی کاری نێودەوڵەتی (107) ساڵی 1957 -.

**Pornography** الفن الأباحي
الادب المكشوف هونەرو ئەدەبی واڵا

نووسین و وێنەو ئەو فیلمانەی پەیوەستن بەبابەتە سیکسییەکان، دەربارەی ئەو بابەتانەو بوونیان لەناوکۆمەڵ، لەچەند دەوڵەتێك چەندین یاسای تایبەت دەرچووە، لەکاتێکدا هەندێکی دیکەی حکومەتەکان هیچ کۆت و بەندێکیان نەخستۆتە

سەر ئەو بابەتانە.

پێگە، شوێنی جێگیرکردن ١- المركز **position**

ئەو شوێنەی شتێك بەکاری دەهێنێت، یان (ئاستێك) هەڵوێستێك لەئاست چەند شتێکی دیکە، ئەویش لەتێڕوانینی ئەو کەسەی کەسەرنجی دەداتێ.

فەرمان
کار ٢- الوظيفة

کۆی ئەو ئەرك و بەرپرساریەتی و دەسەڵات و پسپۆریانەی ئامانجیان بەدیهێنانی مەبەستێکی دیاریکراوە، کەبەڕاستی تاك پێی هەڵدەستێ.

تەماشا بکە: دۆخی کۆمەڵایەتی **Social position**
فەرمان **function**

ڕەوشگەری فەلسەفەی ئەرێنی
پۆزەتیڤیزم الوضعية **positivism**

بیروڕایەکە دەڵێت: زانینی باوەردار بریتیە لەزانینی ئەو دیاردانەی کە پشت بەرووداوو تاقی کردنەوەکان دەبەستێت، بەتایبەت ئەوانی زانست ڕێگایان پێدەدات.

ئەم ڕێبازە ئینکاری بوونی زانینێکی کۆتایی دەکات، واتە زانینێك سنووری ئەزموون تێپەڕ بکات، بەتایبەتیش ئەوەندەی پەیوەندی بەهۆکارەکۆتاییەکان هەیە.

پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی الوضعية المنطقية **Positivism logical**

ئاراستەیەکی فەلسەفی هاوچەرخە، ئەزموون بنچینەی دروست بوونیەتی و بەتەنها سەرچاوەی زانینیش دادەنێ، هەر بەپێی ئەو ئاراستەیە کاری ئەقل بریتیە لەڕێکسختنی ئەنجام و دەرهاویشتەکانی ئەزموون و ڕێکخستنیان، پاشان ئەو ئاراستەیە رووی کردە لێکۆڵینەوەی شیکاری بۆ زمانی زانست، ئەویش بەمەبەستی بەدیهێنانی یەکێتیەکی هاوبەش لەنێوان لقەجیاوازەکانی زانست.

گریمانکاری
جوگرافی الاحتمالية الجغرافية **Possibilisme geographic**

- گریمانەیی یان شیان و توانین تیۆرییەکە بەرهەڵستی هەر بوونایەتی یاخود ژینگەیی دەکات و باوەڕیشی بەئازادی مرۆڤ هەیە لەبژاردەکردن.

ژینگە، زەرورەتەکان یانیش هەربوونایەتیەکان ناگرێتە خۆی، بەڵکو شیانەکان و گریمانەکان دەگرێتە خۆی.

مرۆڤ خۆی دەسەڵاتدارە لەهەڵبژاردنی ئەو شیانانەی کەبۆی دەگونجێت، هەروەك خۆشی هێزێکی ئەرێنی کارایە لەئامادەکردنی ژینگە بۆ داواکانی و ڕاستکردنەوەیان یان گۆڕینیان بەپێی ویستی خۆی.

قوتابخانەی کۆمەڵایەتی ئەگەرچی دان دەنێت بەکاریگەری ژینگە لەسەر مرۆڤ بەڵام لەهەمان کاتدا رازی نابێت بەوەی پەیوەندی نێوان ژینگەو مرۆڤ، پەیوەندییەکە هەربوونایەتی ناچاری بێت، بەڵام جەخت لەسەر ئازادی مرۆڤ دەکات لەهەڵبژاردنی بۆ توانا زۆرەکانی ژینگە، هەروەها جەخت لەسەر بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤ دەکات بۆ بارودۆخی ژینگە، بەڵام نەك ملکەچی بۆی.

**بەڵگەنەویستی** **المُسلَّمة المصادرة** **Postulate**

**ئاشکرایی**

بەڵگە نەویستی لەخودی خۆیدا مەسەلەیەکی سەلمێنراو نیە، هەروەها ناکرێ بسەلمێنرێت بەڵام دەکرێ بکرێتە دیاردەیەکی بەڵگە نەویست، واتە داوا بکرێت دانی پێدا بنرێت، چونکە دەکرێ چەند ئەنجامێکی ناسنورداری لێدەربهێنن بۆ ئەوەی تووشی حالەتی لەجێی یەکتر دانان بین، کەواتە ڕاستی و دروستی لەئەنجامەکان ئاشکرا دەبن.

لێرەدا چەند جیاوازییەك هەیە لەنێوان راستیە راشکاوەکان (axioms) و بەڵگەنەویستیەکان (postulates)، ڕاستیە راشکاوەکان لەخودی خۆیاندا سەلمێنراون، بەڵام بەڵگە نەویستەکان هیچ سەلماندنێکیان لەسەر ئەنجام نەدراوە هێشتا، لەگەڵ ئاشکرا بوونیشی بۆ ئەقل، ئەمەو ڕاستیەراشکاوەکان چەند مەسەلەیەکی شیکردنەوەخوازن، بەڵام بەڵگە نەویستەکان ئەوانە چەند پرسێکی پێکهێنان خوازن، ڕاستیە راشکاوەکان بەگشتی لەهەموو لقەکانی زانستدا بەهۆی ئەوەی لەلۆژیك وەرگیراون، ئەوا یاساکانیشیان بەسەر هەموو بیرکردنەوەیەکی ڕاست کاری پێدەکرێت، بەڵام بەڵگە نەویستەکان تایبەتن بەهەموو لقێك لەلقەکانی زانست، واتە هەر زانستێك بەڵگەنەویستی تایبەت بەخۆی هەیە.

**بەڵگە نەویستە بنچینەییەکان** **الفروض الاساسية** **Postulates basic**

لێرەدا چەندین بەڵگە نەویستی بنچینەیی هەیە، کەدەبێت بڕیار دەربێت ئەگەر بەنهێنی بێت (لەناواخندا) یان بەئاشکرا لەبونیادنانی هەر تیۆرییەك لەتیۆرییەکان لەئاست هەرگروپێکی دیاریکراو.

ئەو بەڵگە نەویستانە دەبێت ئەو بنچینانە بگرێتە خۆی کەچوارچێوەی گشتی کۆمەڵگەو ژینگەی لەسەر دادەمەزرێت، وەك: سروشتی خاك و ئاووهەوا، وزەی مرۆیی و سیستمی یاسایی باو...چەند شتێکی دیکەش لەوجۆرە.

**سیستمی پوتلاش** **نظام البوتلاش** **potlatch**

جۆرە سیستمێکی باوە لەچەند کۆمەڵگەیەکی سەرەتایی خۆڕسك، بەپێی ئەوسیستمە واپێویست دەکات کەسەرکردەی هەر خێڵێك، بەبۆنەیەکی ئاینی بێت، یان خێزانی و یاخود جەنگەوە، ئاهەنگێك سازبکات و هەموو سەرکردەی خێڵەکانی دیکە بانگ بکات، لەو ئاهەنگەدا خۆشترین خواردن و خواردنەوەیان پێشکەش دەکات، هەروەها بەخشینی یارمەتیەکی تایبەت بۆ هەر سەرکردەیەك، دیارە ئەویش نیشانەیە بۆ توانادارى ئەو سەرکردەیە لەڕووی دارایی و پێگەی کۆمەڵایەتیەوە، ئەو هاوکاری و یارمەتیانە دەبنە قەرز لەئەستۆی ئەوانی بانگ کراون بۆ ئاهەنگەکە، پێویست دەکات بەدوو هەند بیگێڕنەوە لەئاهەنگەکانی دیکەی پۆتلاش کەهەر یەکێك لەوسەرکردانە پێی هەڵدەستن لەبۆنە تایبەتیەکانی خۆیان، بەم جۆرە یەکەم سەرکردە پارەو سامانەکەی بۆ دەگەڕێتەوە بەدوو ئەوەندە.

دیارە ئەم سیستمە زۆر لەبنچینە ئابوریەکانمان بۆ ئاشکرا دەکات.

**هەژاری کۆمەڵایەتی** **الفقر الاجتماعي** **Poverty, social**

مەبەست لەزاراوەکە، نایەکسانی کۆمەڵایەتی ئەو پێگەیەی کەهەژار هەیەتی، هەروەك چۆن سیستمی بەها کۆمەڵایەتیەباوەکان لەکۆمەڵگەدا دیاری دەکەن.

**دەسەڵات** **السلطة** **power**

توانین یان هێز، توانای زاڵبوون بەسەر خەڵکدا و فشار خستنە سەریان و چاودێری کردنیان دەبەخشێت، ئەویش

بەمەبەستی ملکەچی کردنیان و دەستێوەردان لە ئازادیەکانیان و ئاراستەکردنی ڕەنجەکانیان بۆ چەند بوارێکی دیاریکراو.
دەسەڵات گرتنە دەست، ڕەنگە هۆیەکەی کەسێتی بێت، یان داب و نەریتەکان یاخو پاوانکردنی سامان بێت یانیش هۆیەکەی هێزی سەربازی بێت.
هەموو سیستمێکی کۆمەڵایەتی بریتیە لەجۆرە ڕێکخستنێك بۆ پەیوەندییەکانی دەسەڵات، لەنێوان سەرکردەو پەیڕەوکاران، هەروەها لەنێوان رکابەری و هاوکاری.

دەوترێت: دەسەڵاتی یاسادانان: **Legislative power**

دەسەڵاتی جێبەجێکردن: **Executive power**

هەروەها دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی: **Social power**

بۆ هەر شێوەیەك لەشێوەکانی وزە یاخود هێز، کەبەهۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و خەسڵەتە فەرمانگەراییەکان بونیادی کۆمەڵایەتی دێتەدی.

## Practice

پراکتیك — الممارسة

کارکردن — المزاولة

واتە، جێبەجێکردنێکی کردەیی بۆ گریمانە تیۆرییەکان، دیارە ئەویش ڕێگای تاقیکردنەوەیە بۆ ڕاستی یان هەڵەکانی ئەو گریمانانە، پراکتیك، پێوەرێکی دروستە بۆ ئەوەی لەتوانادا بێت، هەروەها بۆ ئەوەی کەمەحالیشە، لەپراکتیکدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی تاك پێویست بەفەراهەم بوونی ئازادی و بەرپرسیاریەتی دەکات.
دەوترێت ماوەی پراکتیك کردن (practice period) بۆ ئەو ماوەیەی کەوا پێویست دەکات ڕاهێنراوەکان لەو ماوەیەدا بەشداری بکەن بەشدارییەکی ڕاستی لەکارکردندا، بۆ ئەوەی شارەزای بارودۆخی کارەکەبن لەپێشەیەکی دیاریکراو، یاخود بۆ ئەوەی کار لەچۆنیەتی جێبەجێکردنی چەند پرۆسەیەکی دیاریکراوی سنوردار بکەن.

## Practicism

ئەزموونگەری — التجريبية

بەبۆچوونی سۆسیالستە مارکسیەکان، زانین لەسەر بیرۆکەی یەکگرتنی تیۆریی و ئەزموونەکان بەیەکەوە دادەمەزرێت، بەجۆرێکیش کەهەر یەکێکیان تەواوکەری ئەوی دیکە دەبێت.
تیۆرییەکان بێ ئەزموونە زانستیەکان کارێکی نەزۆك و بێ بەرهەمن، هەروەها کردارە زانستیەکانیش بەبێ تیۆری زانستی بێ مانا دەبن، بەڵام تێکەڵکردنی هەردووکیان بەیەکەوە، وادەکات گۆڕینی دۆخەکان لەتوانادا بێت.
بۆیە، بەپێی ئەو بیروبۆچوونە، ئەندامانی حزب لەئەنجامدان و بەڕێوەبردنی کارو چالاکیەکانیان ڕۆژ بەدوای ڕۆژ، دەبێ ڕەچاوی ئەو تیۆرییانە بکەن لەکارو چالاکیەکانیان تەنها لەوانەوە بیانوو بەڵگەو گرینگیان وەردەگرن.

## Praetorianism

دەسەڵاتی سەربازی — حُكم العسكريين

بارودۆخێکە، تێیدا چینی سەربازان لەکۆمەڵگەدا دەست بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا دەگرێت، ئەویش لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی یان هەڕەشەکردن بۆ بەکارهێنانی.

## pragmtism

پراگماتیزم — البرجماتية

ڕێبازی کردەیی

ڕێبازێکە باوەڕی وایە، کەڕاستی هەموو لە ئەزموونی مرۆڤایەتیەوە دێتەدی، هەروەها زانینیش ئامێرێکە یان فەرمانێکە لەخزمەتی داواکاریەکانی ژیان، ڕاستگۆیی مەسەلەیەکیش لەوەدایە کەکەڵکی هەبێت، هزریش لەسروشتەکەیدا ئامانجخوازە، لایەنگرانی ئەو ڕێبازە بۆ چوونیان وایە کە ڕاستی کارێکی ڕێژەییە، بەپێی کاتێکی دیاریکراو وشوێنێکی دیاریکراو دەپێورێت، لەگەڵ پێشکەوتنی زانست.

زانستی جێبەجێ کردن | علم الاداء | praxeology
میتۆدی کردەیی

ئەم زانستە، لەو ڕێگایانە دەکۆڵێتەوە کەدەرفەرتی گەیشتن بەئامانجە کردەییەکان دەدات.
بەدەربڕینێکی دیکە لۆژیکی چالاکی ژیرییە، یان زانینی یاساکانی ئەرك بەجێگەیاندە، ئەو زانستە لەئاست ئەرك بەجێگەیاندن وەك لۆژیکە لەئاست هزردا.
تەماشا بکە: زانستی سیبرینتیکا | cybernetics
ئاراستەکردن
توێژینەوە پیادەییەکان | Operational research
بەرنامەدانان | Programming

وێنا کردنی پێشەکی | التَصّور القَبْلي | preconception
لایەنگری | التحيزّ
تەماشا بکە: بڕیاری پیشەکی، دەمارگیری | Prejudice

پێش هەست | ماقَبل الشعور | Preconscious
ئەو شارەزاییەی لەساتێکی دیاریکراودا لەهەستدا نابێت، لەگەڵ ئەگەری بوونی لەهەستدا لەکاتی هەوڵداندا، هەروەها بەمانای ئەو رووەی ئەقل دێت کەدەکەوێتە نێوان هەست و نەستەوە.

کرداری تاڵانکردن | اعمال السلب | Predatory labour
تەماشا بکە: | Labour predatory

چارەنووس | القَدَر | Predestination
ڕێبازێکە باوەڕی وایە کە کاروبارە مرۆڤایەتیەکان و ئەو دیاردانەی کەبەدوایدا دێت لەحالەتی خۆشی یان دەردە سەری، هەروەها رووداوە گەردوونیەکان، هەمووی بەپێی سیستمێکی هەتا هەتایی و جێگیر بەڕێوەدەچێت.
تەماشا بکە: چارەنووس سازی | Fatalism

پێش بینی | التَنبؤ | prediction
کرداری پێش بینی کردن بەڕادەیەکی گەورە یان کەم بێت، دەربارەی ئەگەری رووداوی رووداوێك یاخود زنجیرە رووداوێك، ئەویش لەڕێگەی شیکردنەوەی زانستی و ئاماری بۆ چەند رووداوێکی زانراو.
هەر بەهۆی چەندین فاکتەر کەکاریگەرییان لەرووداوە کۆمەلایەتیەکان دەبێت، ئەوا پێش بینی کردن لەبواری کۆمەڵناسی وردبینی تێدا کەمتر دەبێت تادەگاتە زانستە سروشتیەکان.

ئامادەی پێشەکی | الاستعداد القَبلي | predisposition
حەزی پێشتر | المَيل السابق
بارێکی رەوشتیە، بەدوای تاکەوە یان لەگەڵ تاك دەبێت هەر لەرۆژی لەدایك بوونیەوە، ئەو بارە گەشەدەکات بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراو، یاخود بەرەو چەند تایبەتمەندی و خەسلەتێك یانیش ئارەزووی قبوڵکردنی چەند کاریگەرییەك، یان چەند ئاراستەو رەوتێك لەهەڵس و کەوتدا.

پێش مێژوو	ماقبل التاريخ	**prehistory**

ئەو سەردەمە دەست پێدەکات بەدەرکەوتنی مرۆڤ لەسەر زەوی و درێژەش دەکێشێت تامێژوو بەنووسراوی دەست پێدەکات. مێژوو لەو سەردەمە پشت بەڕاستی لێکۆڵینەوە لەپاشماوە مادییەکانی مرۆڤ دەبەستێت بۆ تۆمارکردنیان.

شارستانیەتی پێش پیشەسازی	حضارة ماقبل التصنيع	**Preindustrial civilization**

قۆناغێکە شارستانیەتە کۆنەکان پێیدا تێپەڕ بوونە، ئەو قۆناغە بەپێشکەوتنی زانستە تیۆرییەکان و هونەرو ئاداب جیاواز دەکرێتەوە، بەڵام لەو قۆناغەدا خەسڵەتەکانی کۆمەڵگە پیشەسازییەکان دەرنەکەوتوونە کەلەناوچە شارنشینەکان گەشەدەکەن.

لایەنگری کوێرانە
بڕیاری پێشەکی	١ – التحيّز	**prejudice**

ئاراستەیەکی هەڵچوانەیە، بەزۆری وا لەتاك دەکات کەحەزی لەلایەك بێت بێ لایەکی دیکە، دیارە ئەوەش بۆ بەدیکردنەکانی تاك و سروشکاری و نەریت و باوەڕو ئەزموونە سنووردارەکانی تاك دەگەڕێتەوە، دەکرێ ئەو حالەتەش ڕاست بێت یان هەڵە. دەووووترێت: لایەنگری ڕەچەڵەکی یاخود ڕەگەزی (racial prejudice) بۆ لایەنگری تاکەکانی ڕەچەڵەکێك بۆڕەچەڵەکەکەی خۆی، بەڵام بێ ئەوانی دیکە.

تەماشا بکە: لایەنگری پشتیوانی	**bias**

زیان	٢ – الضَرَر

واتە: ئەو ئێش و ئازارە مادییە یان ڕەوشتیەی تووشی کەسێك دەبێت، ئەگەر ئەو کارە بەهۆی کەسێکەوە روویداو بوو بەهۆی بەرپرسیاریەتی لەتاوانێك یاخود لەرێکەوتنێکدا، ئەوا لەوحالەتەدا پێویست بەسکاڵاکردن دەکات.

ئەقلیەتی سەرەتایی	العقلية البدائية	**Prelogical mantality**

تەماشابکە : بیرکردنەوەی سەرەتایی	**Mind prelogical**

ڕێنمایی پێش هاوسەرگیری	الارشاد قبل الزواج	**Premarital counseling**

ئەو کارو هەوڵانەی لەلایەن نووسینگە تایبەتیەکانەوە دەدرێن، بەپێشکەشکردنی ئامۆژگاری ورێنماییەکان پێش هاوسەرگیری، دەربارەی ئەرکەکانی هەریەك لەپیاووژن لەناو خێزانێکدا، هەروەها دەربارەی رەفتاری ئاسایی و سروشتی لەنێوانیانداو لەنێوان منداڵەکانیان، دیارە ئەو کارەش دەبێتە هۆی شادی و بەختەرەوەری کۆمەڵایەتی و سیکسی و رۆشنبیری و دروست بوونی پەیوەندییە سۆزدارییە تەواوەکانی نێوان هەردوو هاوسەر.

لەم بوارەدا چەندین نۆرینگەو دامەزراوەی سایکۆلۆژی هەیە بۆ ڕێنمایی و ئاراستەکردن و چارەسەکردنی پەیوەندییە سیکسیەکان و ئەوبارە شپرزەو ئاڵۆزییەی لەنێوان هەردوو هاوسەر هەیە.

مافی تایبەت (یاسایی)	الميزة
الامتياز	**prerogative**

مافێکە کاریگەرییەکەی تەنها لەسەر خاوەنەکەی دەبێت نەك کەسێکی دیکە لەهەندێ فەرمان و پلەو پایەدا، ئەم مافە ملکەچی بۆ هیچ نارەزاییەك یان چاودێرییەك نابێت نموونەی ئەو ئیمتیازەی تەنها شا سوودی لێ وەردەگرێت و لەبەرژەوەندی ئەو دەبێت، هەروەها مافی دادوەران بەرێگەنەدان بەسەرزەنشت کردن.

**ماوە بەسەرچوون** التقادم **prescription**

لەیاسادا ڕێگای لابردنی یەک لەمافەکانە، ئەویش بەتێپەڕ بوونی کات و بەپێی ئەو مەرجانەی کەیاسا دیارییان دەکات.
ڕەنگە پابەندییەکان کۆن بن و ماوەکانیان بەسەر بچێت، کەسانێك یاخود زیاتر بەسەریدا بچێت (تێپەڕبێت) بەپێی هەر جۆرێك لەوپابەندییانە.

**سەرۆکایەتی** الرئاسة **presidency**

لەزاراوەی سیاسیدا، سەرۆکایەتی بەمانای پێگەی سەرۆك دەوڵەتی هەڵبژێردراو یان سەرۆك حکومەت یاخود هەردووکیان بەکار دەهێنرێت، هەروەها زاراوەکە لەهەندێ باردا بەکار دەهێنرێت وەك ئاماژەیەك بۆ چەند فەرمانێك، نموونەی سەرۆکی دەزگایەکی دیاریکراو یانیش بەڕێوەبردنی کارگێرییەك.

**سیستمی سەرۆکایەتی** النظام الرئاسي **Presidential system**

یەك لەشێوەکانی حکومەتە، بەپێی ئەو سیستمە سەرۆکی هەڵبژێردراوی دەوڵەت نێوان سەرۆکایەتی دەوڵەت و سەرۆکی حکومەت کۆدەکاتەوە، واتە سەرۆکی دەوڵەت تەنها دەسەڵاتێکی هێماگەری - ڕووکەش - ی نابێت، بەڵکو دەسەڵاتێکی ڕاستی بەکردەوە بەدەستەوە دەبێت.

**ڕۆژنامەگەری** الصحافة **press**

پیشەی دەرکردنی ڕۆژنامەکان، ئەو کارەش بەکۆکردنەوەی دەنگ و باسەکان و نووسینی وتارەکان و ڕاگەیاندنی ئاگاداری و وێنەکان و بڵاوکردنەوەیان لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان دەبێت، بەمەبەستی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕو فێربوون و خۆ ئاسوودەکردن.
ڕۆژنامە لەگرینگترین ئامرازەکانی ئاراستەکردنی ڕای گشتیە، هەروەها هۆکارێکە بۆ ئاڵ و گۆڕکردنی بیروباوەڕەکانی نێوان تاکەکانی نەتەوەوچینەکانی و نێوان ئەنجومەنی حوکمڕانی و خەڵك.
لەهۆکارەکانی پەرەسەندنی ڕۆژنامەگەری و گەشەکردنی، بڵاوبوونەوەو گەشەکردنی فێربوون و خوێندەوارییە، هەروەها زۆر بوونی ژمارەی خوێندەوارانی ڕۆژنامەو ئاسانی گواستنەوەو گەیاندن و پێشکەوتنی ئامێرو کەرەستەکانی پێویست بۆ چاپکردن.
ڕۆژنامەگەری بەدەسەڵاتی چوارەم ناسراوە، دیارە ئەو پێگەیەی بەهۆی فراوانی دەسەڵات و کارتێکردنی گەورەی لەکۆمەڵگەدا وەردەگرێت، شان بەشان سێ دەسەڵاتەکەی دیکەی: یاسایی، جێبەجێکردن، دادوەری.
بۆیە دەوڵەتە دیموکراسییەکان بڕیاریان لەسەر ئازادی ڕۆژنامەگەری داوە، بەڵام لەسنوری یاسادا.

**گروپی فشار** الجماعة ذات النفوذ / الجماعة الضاغطة **Pressure group**

یەکێتیەکە لەنێوان چەند کەسانێك، چەند ئامانج و ئاراستەیەکی هاوبەشی هەیە، ئەو یەکێتیە هەوڵدەدات چەند بڕیارێك بەدەست بهێنێت بۆ بەرژەوەندی بەها پەسند کراوەکانی خۆی و بەهەموو شێوازێك کەلەژێر دەسەڵاتیدا بێت، بەتایبەتیش سوود وەرگرتن لەتواناکانی گەیشتن بەسیستمی حوکمڕانی.
زانایانی سیاسەت هەردوو زاراوەی گروپی فشاروگروپی خاوەن بەرژەوەندی (interest group) بەکار دەهێنن، بەڵام زاراوەی دووەمیان پێ چاکترە، هۆیەکەشی ئاشکرایە، زاراوەی گروپی فشار پەیوەست دەبێت بەچەند مانایەك کە جێگای ڕەزامەندی نەبێت و سووکایەتیش دەگرێتە خۆی.

**پایەبەرزی** — **الهیبة، المکانة** — **prestige**

**پێگەی کەسایەتی** — **المقام**

پێگەیەکی کۆمەڵایەتیە لەدیدی کۆمەڵەوە، تاك پێی دەگات بەهۆی ئەو ڕێزە کۆمەڵایەتیەی کەبەدەستی دەهێنێ و هەندێ دیاردەی دانپیانان و ڕێزیشی لەگەڵدا دەبێت.

بەلام دەبێ نێوان پێگەی کۆمەڵایەتی و دەسەلات تێکەڵ نەکەین، دەسەلات پەیوەستە بەدەستەوە گرتنی پلەوپایەیەك، هەر چەندە دەکرێ دەسەلات لەپێگەی تاك بەرزبکاتەوە هەروەها پێگە دەکرێ ببێتە هۆی ئەوەی تاکیش پلەو پایە گرینگەکان بگرێتە دەست.

**هۆکارەکانی پاراستن** — **الوسائل الوقائیة** — **Preventive measures**

**ڕێ و شوێنەکانی پاراستن**

ئەو هەوڵ و ڕەنجانەی دەدرێن بۆ ڕێگرتن لەدیاردەو لادانە جەستەییەکان یان کۆمەڵایەتیەکان پێش ڕوودانیان، یاخود هێشتنەوەی تاکەکان لەسەر هەمان دۆخی ئاسایی خۆیان.

**ئامادەکردنی پیشەیی** — **الاعداد للتأهیل المهني** — **Prevocational prepartion**

ئەو جۆرە ئامادەکردنە، بیرۆکەی کاری دەستی و گرینگی و چێژ وەرگرتن و ڕێز لێگرتنی گەشە پێدەدات، وەك بەشێك لەفێربوونی گشتیش کەمترنیە، ئەو کارە بەهۆی تێگەیاندنی زیاتری خوێندکاران بەبنەما بنچینەییەکانی ژمارەیەك لەپیشەجیاوازەکان دێتەدی، هەروەها ڕێکخستنی سەردان بۆ پرۆژە جیاوازە پیشەسازییەکان.

لێکۆڵینەوە لەم دیاردەیە دەرفەت دەدات بەدەرخستن و دۆزینەوەی توانای خوێنکاران، هەروەها ئارەزووەکانیان و هاوکارییان لەئاراستەکردن بەشێوەیەکی پیشەییانە.

**نرخ** — **الثمن** — **Price**

**بەها**

بریتیە لەپێوەرێك، گوزارشت لەبەهای کالایەك یان خزمەتگوزارییەك دەکات، لەکاتی ئاڵ و گۆڕکردن لەگەڵ کالایەك یاخود خزمەتگوزارییەکی دیکە، دیارە ئەو کارەش پێویست بەوە دەکات کەلەم بارەدا یەکەیەکی ژمارەیی هاوبەش هەبێت.

ئەگەر کۆمەڵگە سەرەتاییەکان یانیش زۆر دواکەوتووەکانی لێ دەربکەین، کەئاڵ و گۆڕ کردن بەشێوەی کەل و پەل بەکەل و پەل ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لەپرۆسەی گۆڕینەوەدا، ئەوا دەربڕین لەجیاتی نرخ بەو یەکانە دەبێت کە لەدراوی وڵاتێکدا پێکدێت.

نرخ دیاری دەکرێت لەحاڵەتی ڕکابەریدا لەنێوان هێزی داواکردنی کالا و ڕادەی خستنە ڕووی کالاکان بەشێوەیەکی گشتی.

وا ڕوودەدات لەبارودۆخێکی دیاریکراودا، دەوڵەت دەستێوەردانی هەبێت بەمەبەستی دیاریکردنی نرخەکان کەجۆرەها کالاو خزمەتگوزاریەکانی پێ دەفرۆشرێت.

**قەشەگەرێتی** — **الکهنوت** — **priesthood**

**قەشەکان**

کۆمەڵە پیاوێکی ئاینین لەکلێسەی ئەرثوذوکسی و کاثولیکیەکاندا، بەڕێ و ڕەسمە ئاینیەکان هەڵدەستن، هەروەها قوربانی ئامادەکردن و بەخشینی نێهێنیەکان.

کۆی پیاوانی ئاینیش پێیان دەوترێت ئەکلیروس (ecclesia)

**primaries** الانتخابات التمهيدية هەڵبژاردنە سەرەتاییەکان

هەڵبژاردنە ئامادەکاریەکان یان سەرەتاییەکان، هۆ کارێکە بۆ هەڵبژاردنی پاڵیوراوان بۆ پلەو پایەیەکی گشتی لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەویش بەئەنجامدانی چەند رێ و شوێنێك لەلایەن کۆی ئەندامانی حزبەکەوە، هەڵبژاردنەکەش بەشێوەی دەنگدانی نهێنی لەمیانەی هەڵبژاردنێکی گشتی ئەنجام دەدرێت، کەتارادەیەکی گەورە لەو کارڕاییە تایبەتە دەچێت کە لەهەڵبژاردنە کۆتاییەکان کاری پێدەکرێت.

**Primitive society** المجتمع البدائي کۆمەڵگەی سەرەتایی (بەرایی)

زاراوەیەکی ئەنثرۆپۆلۆجیە، بەو کۆمەڵگایە دەوترێت کەقەبارەی بچووکە و رێژەی دانیشتوانی کەمەو نیشتەجێی ناوچەیەکی سنوردارە، هەروەها بەسادەیی هونەرە ئامێرییەکان و ساکاری ژیانی ئابوری و کەمی کارو فەرمانە کۆمەڵایەتیەکان جیاواز دەکرێتەوە، لەگەڵ نەبوونی دیاردەی دابەش بوونی کار، یان کەلەپوور و یاخود ئەدەب و زمانی نوسراو، یانیش مێژووییەکی تۆمارکراو.

زاراوەکە ئەوەناگەیێنێ کە ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە دەکەوێتە پێش ئەوانی دیکەوە، یان ئەوە حالەتی یەکەم دەنوێنێ کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەسەری بووە.

**Primitivism** البِدائية سەرەتایی

باوەڕهێنان بەو بەهەشتە ونبووەی کەخۆی لەقۆناغە دێرینەکانی مێژووی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی دەنوێنێ، هەروەها مەزن راگرتنی ئەو ژیانە ئازادەی کەکارو بارەکان تێیدا ڕێرەوی سروشتی خۆی گرتبووەبەر، ئەو ژیانە چاکتربووە بۆ مرۆڤ لە ژیانی کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆزی دروستکراو.

لەبەرامبەر ئەو باوەڕە، ڕێبازی ئایندە خوازی (futurism) دێت کەبانگەشە بۆ جیابوونەوە لەڕابردوودەکات، کاریش بەشێوە نوێیەکانی ژیان بکرێت.

**primogeniture** البكرية / الاولية في الولادة نۆبەرەیی

ئەو حالەتەیە کەکەسێك یەکەم کەسی لەدایك بووی خێزانەکەیەتی، دیارە بەهۆی ئەو بارەوە چەند دەسکەوتێکی میراتی تایبەتی بۆ دەگەڕێتەوە، وەك مافی لەمیرات هەندێ جار بەبێ براو خوشکەکانی یان لەهەڵبژاردنی بەشەکەی خۆی پێش ئەوان، هەروەها هەندێ دیاردەی دیکەی پەیوەست بەو هەل و مەرجەوە.

**Cf: majorat** میراتی گەورەی خێزان

**principle** المبدأ پرەنسیپ / بنەما

ڕێسا یان پێوەر، دەوترێت بنەما ئاینیەکان، واتە پێوەرە ئاینیەکان، هەروەها بنەما فیزیکیەکان و بنەما لۆژیکیەکان و بنەما زانستیەکان.

دەوترێت: بنەما گشتیەکان (universal principles) بۆ ئەو گشتاندنە بنچینەییانەی کە بۆ ڕاڤەکردنی کارلێکردنە مرۆڤایەتی و رۆشنبیری و تیۆرییە گشتیەکان بەکار دەهێنرێت، وەك بنەمای بەردەوامی و بنەمای پەرەسەندن و بنەمای بڵاوبوونەوە...هتد.

زیندان | السِجن | **prison**

دامەزراوەیەکی تایبەتە بەسزادان، دەوڵەت بەڕێوەی دەبات بۆ بەندکردنی ئەو تاوانبارانەی بڕیاری دادگایان لەسەر دەردەچێت، ڕەنگە زیندانەکە سیستمی زیندانی بەکۆمەڵ پەیڕەوبکات، یان سیستمی زیندانی بەتەنیا بسەپێنێت یاخود سیستمێك پەیڕەو بکات کەهەردوو شێوازەکە بگرێتە خۆی.

تەماشا بکە: دامەزراوەکانی سزادان **Penal institutions**

ڕێزو پیرۆزی کەس (کاروباری کەسی) | الحُرمة الشخصية | **privacy**

پەرۆشی و بایە خدانی تاك بۆ پارێزگاریکردن لەسەر بەشێکی ژیان و بیروباوەڕو ئارەزوو چالاکیەکانی خۆی، لەبواری تایبەتمەندی و پیرۆزییە کەسێتیەکانی خۆی، یان بۆ ئەوانی دیارییان دەکات لەئەندامانی خێزانەکەی و هاوڕێکانی، هەر لەو مافانەی کەدانیان پێدانراوە، پێویستی ڕێز لێگرتنی تایبەتمەندییە کەسێتیەکان.

مافی تایبەت ئیمتیاز | الامتياز | **privilege**

ئیمتیاز بریتیە لەتایبەتمەندییەك یان مافێك دەدرێتە کەسێکی دیاریکراو، یان چینێك لەو کەسانە بێ ئەوانی دیکە، لەڕووی کۆمەلایەتیەوە، ڕەنگە ئەو مافە تایبەتی و جیاکارییە، یاسایی یاخود ئابوری یانیش کۆمەڵایەتی بێت، هەر بەپێی یاسا یاخود بەپێی داب و نەریت ئەو ئیمتیازە دەدرێتە کۆمەڵێك یان چینێکی دیاریکراو.

لەڕووی ئابورییەوە (concession) ئیمتیاز بریتیە لەمۆڵەتێك یان ڕێگا پێدان بە تاکێك یاخود کۆمەڵە تاکێك یانیش کۆمپانیایەك و هەر شتێکی دیکە لەو بارەوە، بۆ بەکار هێنانی دامەزراوەیەك یان سەرچاوەیەك لەسەرچاوەکانی سامان، کەواتە لەم ڕووەوە بەجۆرێك لەقۆرخ کردن دادەنرێت.

هەروەك باویشە، دەوڵەت ئەو مۆڵەت و ڕێگا پێدان و ئیمتیازاتە ئابورییانە بەچەند مەرج و دەستەبەرییەك دەبەستێتەوە، ئەویش لەڕووی ماوەی بەکار هێنانی و پشکی لەو قازانجەی کەدەدرێتە دەوڵەت، هەروەها لەهەندێکیان بەئەنقەست بەشداری لەپرۆسەی بەکارهێنانەکە دەکات.

ئەگەر خوازی گریمانکاری | الرُجحانية | **probabilism**

تیۆرییەکە لەلۆژیکدا، بەبۆچوونی ئەو تیۆرییە گەیشتن بەباوەڕی ڕەها کارێکی ستەمە، هەموو ئەوەی دەکرێت پێی بگەین تەنها پەسند کردنی بیروڕایەك دەبێت بەسەر بیروڕایەکی دیکە، کەئەویش تیۆرییەکی ناوەڕاستە لەنێوان گومان و حاڵەتی بڕاندنەوە.

لەرەوشتدا، مەبەست لەم تێورییە، هەڵس و کەوتی تاك بەپێی ئەو بیروڕایەی شیاوە، یان دەگونجێت، بۆ ئەوەی هەڵەیەك ڕوو نەدات.

ئەگەرێتی گریمانە | الاحتمال | **probability**

توانای ڕوودان یان ڕوونەدانی شتێك، بۆیە لەم بارەدا ئەگەرێتی دەخرێتە بەرامبەر باوەڕ. زانینی کۆمەڵایەتی ئەو زانینەیە کە نەگەیشتۆتە پلەی باوەڕ، بۆیە ئەگەرێتی بۆ هۆکارە خودیەکان دەگەڕێتەوە، وەك کەمی زانیاریەکان و پەککەوتوویی

لەهۆکارەکانی تێگەیشتن و ئامرازە زانستیەکان.
بەڵام ئەو چەمکە بۆ ئەگەرێتی، ئەو چەمکە زانستیە نیە کە ئەنجامەکانی ئەگەرێتی بۆ نەزانین یان بێ توانایی یاخود کەم و کورتی بگەڕێنێتەوە، بەڵکو ئەگەرێتی دەکاتە خەسڵەتێك بۆ خودی ئەو دیاردانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، بۆیە ئەوە وەك میتۆدێك یەئامرازێکی گونجاو دادەنرێت بۆ لێکۆڵینەوەو پێوانەکردنی.

رێژەی ئەگەرێتی | نسبة الاحتمال | **Probability ratio**

لەئامارادا ئەگەر چاوەڕوانی روودانی دیاردەیەکمان کرد لەنێوان ژمارەیەك لەدیاردەکانی دیکەی گریمانەکراو، بەجۆرێك کەرێگا بۆ گریمانەیەکی دیکە نەبێت، ئەوا ئەگەری روودانی دیاردەکە ئەو رێژەیەیە کە دەکەوێتە نێوان دووبارە بوونەوەی روودانی و کۆی دووبارە بوونەوەکانی روودانی هەموو دیاردەگریمانەکراوەکان.

نموونەکەلگرتن بەپێی ئیحتمال
نموونە هەلگرتنی ئەگەری | المعاينة بالاحتمالات | **Probability sampling**

نموونە کەلگرتن بەپێی ئیحتمال رێگا بەبەکارهێنانی تیۆریی ئەگەرێتی دەدات، واتە هەڵبژاردنی نموونەکە لەسەر ئەو بنچینەیە دەبێت کەهەموو تاکەکانی کۆمەڵگە دەرفەتی یەکسانیان هەیە بۆ هەڵبژاردن لەنموونەکە، ئەمەو تیۆریی ئەگەرێتی دەبێتە هۆی خستنەڕووی هاوکێشەکان بۆ بەهای چاوەڕوانکراوی هەر خەملاندنێك، هەروەها بۆ جیاوازی نموونەکانیش.
تیۆریی ئەگەرێتی یارمەتی توێژەر دەدات لەهەڵبژاردنی نموونەکە لەوپرۆژە جیاوازانەی کە بەرزترین زانیاریەکان دەداتە نموونەکە، سەرەڕای ئەو بارەش تیۆریی ئەگەرێتی، پێشەکی یارمەتیمان دەدات بۆ زانینی گرینگی جیاوازی نموونە کەلگرتن بۆ ئاستی ئەگەرێکی دیاریکراو بەمەبەستی نەخشەدانانی نموونە بژاردەکراوەکە.
هەروەها، نموونە کەلگرتن بەپێی ئیحتمال، بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە ئەو بنەمایانە دیاری دەکات کە پێویست بەپەیڕەوکردنی دەکات لەهەڵبژاردنی نموونەکە، رێگاش بەتوێژەر نادات (وەك نموونە) لەجیاتی یەکەیەك، یەکەیەکی ئاسانتر بەکاربهێنێت، سەرەڕای ئەوەش نموونەی کەلگرتن بەپێی ئیحتمال، رێساو بنەما تایبەتیەکان بۆبەدەست هێنانی هەڵسەنگاندن لە ئەنجامەکانی نموونە کەلگرتنەکە وەسف دەکات و لەگەڵ وەسف کردنی هەڵسەنگاندنی هەڵەکانی نموونە کەلگرتنەکە بۆ ئەو هەڵسەنگاندنە.

چاودێری کۆمەڵایەتی
لەژێر چاودێری | الاشراف الاجتماعي<br>المراقبة الاجتماعية | **probation**

سیستمێکە بۆ چارەسەرکردنی دۆخی هەرزەکارو نەوجوانی لادەر، هەروەها ئەوانی سەرپێچی یاسا دەکەن و لەلایەن دادگاوە بڕیار لەسەر حالەتەکەیان دەدرێت، هەر وەك دیارە کەسی لادەر لەژینگە سروشتیەکەی خۆی دەژێت و نەخۆشی و چێژ لەئازادییە کۆمەڵایەتیەکەی خۆی وەردەگرێت تارادەیەکی گەورە، بەڵام لەو ماوەیەدا کەلەژێر چاودێری دەبێت لەلایەن نوێنەری دادگای (نەوجوانان) کەسەرپەرشتیارێکی کۆمەڵایەتیە (probation officer)، لەژێر چاودێری و ئاگاداری و رێنماییەکانی ئەو دەبێت.
ئەگەر لەو ماوەیەدا گۆڕان لەرەفتاری بەرەو باشە روویدا، ئەوا لێبوردنی بۆ دەردەچێت لەوسزایەی بۆی دەرچووە، بەڵام ئەگەر دووبارە تاوانێکی دیکەی ئەنجامدا، یاخود لەمەرجەکانی چاودێری لایدا، ئەوا سزاکانی تاوانی یەکەمیشی بەسەر دەسەپێنرێتەوە.

سەرپەرشتیاری کۆمەڵایەتی
ئەفسەری چاودێری | المشرف الاجتماعي<br>للاحداث | **Probation officer**

سەرپەرشتیاری کۆمەڵایەتی نەوجوانان هەڵدەسێت بەچاودێری و تێبینی کردنی نەوجەوانی لادەر لەهەموو رووێکەوە، هەروەها هەڵدەسێت بەسەرنجدانی رەفتارە کۆمەڵایەتیەکانی لەگەڵ هاورێیانی لەناو دامەزراوەکەو لێکۆڵینەوەش لەو ژینگەیەی تێیدا ژیاوە لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەن، لەو هاندەرانەش دەکۆڵێتەوە کەبوونەتە هۆی کێشەکان.
سەرپەرشتیاری کۆمەڵایەتی راپۆرتەکەی بۆ دادگا بەرزدەکاتەوە کەبڕیار لەچارەنووسی نەوجەوان دەدات، ئەویش لەبەر رۆشنایی ئەو زانیاریانەی کەلەراپۆرتەکەدا هاتووە، بڕیارەکانی دادگا ئەو هۆکارانە دەگرێتە خۆی کە مەبەستی چارەسەرکردنی نەوجوانی لادەر دەبێت.

**Probationary contract** | عقد تحت الاختبار | گرێبەست لەژێر تاقیکردنەوەدا

گرێبەستی ژێر تاقیکردنەوە، گرێبەستێکی کارە بەڵام گرێبەستەکە پەیوەست دەبێت بەمەرجی هەڵوەشاندنەوەی بەهۆی ناڕازی بوون لەئاکامی تاقیکردنەوەکە، ئەگەر ئەو نارازیبوونە لەلایەن خاوەن کارەوە بوو بەهۆی بێ توانایی کرێکارەکە، یان ناڕەزایی کرێکاربوو بەهۆی بارودۆخی کارەکە.
ئەگەر ئەنجامی تاقیکردنەوەکە یاخود ماوەی چاودێرییەکە بەباشی ڕەزامەندی لەسەر درا، ئەوا مەرجی هەڵوەشاندنەوەکە دوادەکەوێت و کرێکار لەسەر پرۆژەکەی بەردەوام دەبێت، ماوەی تاقیکردنەوەکەشی بۆ ئەژمار دەکرێت، بەڵام ئەگەر ئەنجامی ئەزموونەکە ناڕەزایی بوون بوو، ئەوا گرێبەستەکە بێ هەر ئاگادارکردنەوەیەکی کرێکار یانیش پاداشت و قەرەبووکردنەوە، هەڵدەوەشێتەوە.

**problem** | المشكلة | کێشە مەسەلە

دیاردەیەکە لەچەند رووداوێك یان چەند بەسەرهاتێکی ئاڵۆزو تێکەڵاو پێکدێت هەندێکیان لەگەڵ هەندێك کەماوەیەکیش دەخایەنێت، ئەو دیاردەیە نادیاری و شپرزەیی دەگرێتە خۆی و تووشی تاك یاخود کۆمەڵ دەبێت، دژواریشە چارەکردنی پێش زانینی هۆیەکانی و ئەو بارو دۆخەی دەوروبەری داوە، هەروەها شیکردنەوەیان و گەیشتن بەبڕیارێك دەربارەیان.
دەوترێت ڕێگای بەکارهێنانی کێشەکان (problem method) کەلەپرۆسەی فێربووندا پیادە دەکرێت بەبەکارهێنانی کێشەیەك وەك میتۆد یاخود وەك هاندەر بەمەبەستی فێربوون.
کێشەکە پاڵ بەخوێندکار دەنێت بۆ گەڕان بەدوای زانیارییە پێویستیەکان و پشکنین و بیرکردنەوەی رەخنەگرانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.
بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنچینەیەکی زانستیانە (problem-solvin) چەند هەنگاوێك پێڕەودەکرێت:
1- زانینی کێشەکە. 2- پێش نیاز بۆ چارەکردنی.
3- هەڵسەنگاندنی پێش نیارەکانی چارەکردن. 4- لێکدانەوەی ئەنجامەکان.

**Social problems** | تەماشا بکە: کێشە کۆمەڵایەتیەکان

**proceduralism** | الشكلية الادارية | شێوەخوازی کارگێڕی

زیادەڕۆیی لەبواری، ئیش و کارەکارگێڕییەکان و گوێ ڕایەڵی ڕێکارییەکان بۆ چەندین ڕێنمایی و ڕێسا توونەدەکان، هەروەها بوونی سیستمێکی بیرۆکراسی زۆر ئاڵۆز.

**procedures** | الاجراءات | کارڕاییەکان شێوەی جێبەجێکردنی کار

مەبەست لەزاراوەکە بەمانا فراوانەکەی، لقێك لەیاسازانی کەتایبەتە بەبنەماکانی سیستمی دادوەری و تایبەتکاری دادگاکان و

بەدیهێنانی مەسەلەكان و جێبەجێكردنی بڕیارەكان.
بەمانای تەسكی زاراوەكەش، كۆی ئەو كاروبارانەی كەپێویست دەكات پێی هەستن بۆ گەیشتن بەبڕیاری دادوەری.
دەوترێت: كارراییە مەدەنیەكان (civil procedures)، هەروەها كارڕاییەكانی تاوانكاری (criminal procedures).
مەبەستیش لەكارڕایی لەڕووی كارگێڕییەوە، ئەوپرۆسەو هۆكارانەی سیستمی كاریان لێ پێكدێت، هەروەك باویشە، خشتەیەك دادەنرێت بۆ كارڕاییەكانی كار (procedures chart)، ئەو خشتەیە بەدوایەكدا هاتنی ئەو پرۆسانە ڕووندەكاتەوە كە كارڕاییەكانی كاری لێ پێكدێت.

پرۆسە العملية **process**

بەپێی ئەو چەمكەی باوە، پرۆسە چەند هەنگاوێكی پەیوەست بەیەك و ئاڵۆزاو ڕێك و پێكیشە، لەسیستمێكدا بەدوای یەكدا دێن، بەمەبەستی جێبەجێكردنی ئامانجێكی دیاریكراو.
تەماشا بكە: پرۆسەی كۆمەڵایەتی **Social processes**

زێدەی بەرهەم فائض المنتج **Producer's surplus**

جیاوازی لەنێوان كۆی ئەو دەرامەتانەی كەبەرهەمهێن بەڕاستی بەدەستی دەكەوێت و ئەو دەرامەتانەی كەمترن و ئامادەش بووە پێی رازی بێت لەژێر سێبەری بارودۆخی جیاوازدا.

كۆمەڵەی بەرهەمهێنانی هەرەوەزی جمعية الانتاج التعاونية **Producer's cooperative**

كرێكاران بەسەرمایەیەكی تایبەتەوە هەڵدەستن بەپێكهێنانی ئەو كۆمەڵانە، خۆیان دەست بەبەرهەمهێنان دەكەن و بەرگەی مەترسییەكانیش دەگرن، ئەگەر كۆمەڵە قازانجی بەدەستهێنا، ئەوا بۆ خۆیان دەبێت و ئەگەر زیانیشی بەركەوت، ئەوا بەسەریان دەشكێتەوە.

بەرهەمهێنان الانتاج **production**

واتە، ڕووەكانی (ئەنجامەكان) ئەو چالاكیەی مرۆڤ دەیبەخشێت بەهاوكاری سروشت و سەرمایەو كاروباری ڕێكخستن، بەمەبەستی خولقاندنی كاڵامادی و خزمەتگوزاریەكان، ئامانجیشی تێركردنی پێداویستیە مرۆڤایەتیەكانە، لێرەدا دوو جۆر بەرهەم هەیە:
بەرهەمی بچووك (small scale production)، زاراوەكە ئاماژەیە بۆ ئەو پرۆژەیەی كەموڵكی كەسێكە، یان موڵكی كۆمپانیایەكی بچووكە.
هەروەها بەرهەمی گەورە (large scale production) مەبەست لێی بەرهەمهێنانی كاڵایە بەبڕێكی گەورە.

چاودێری بەرهەمهێنان مراقبة الانتاج **Production control**

واتە پرۆسەی ئەنجامدانی تاقیكردنەوەو پێوانەو ئەندازە پێویستیەكانە بۆ گەیشتن بەڕاستی ئەو مەرج و خەسڵەتانەی كە بۆ بەرهەمەكان دیاریكراون لەكاتی دروست كردن و نەخشەكاریەكان، دەكرێ بەپرۆسەكانی چاودێری هەستین لەكاتی قۆناغەكانی بەرهەمهێنان، ئەویش بەمەبەستی دڵنیابوون لە بەكەڵك هاتنیان، هەروەها ئەو كارانە بەڕێوەدەچن پاش كۆتایی هاتنی كۆیی پرۆسە پیشەسازییە پێویستیەكانی بەرهەمهێنان، بەمەبەستی دوور خستنەوەی ئەو بەرهەمانەی كەلەگەڵ مەرج و سیفەتەكان یەك ناگرنەوە، هەروەها بۆ ڕاستكردنەوەی هەڵەكانیش ئەگەر بكرێت.

ئەندازیاری
بەرهەم هێنان
هندسة
الانتاج
**Production engineering**

لقێکی ئەندازیارییە، گرینگی بەلایەنە هونەریەکان دەدات لەبەڕێوەبردنی بەرهەم و شێوازەکانی.

ژیانی کردەیی تاك
الحياة العملية للفرد
**Production life**

ماوەیەکە لەژیانی کرێکار، لەو ماوەیەدا کرێکار بەکارێك هەڵدەسێت و دەسکەوتی لێ بەدەست دەکەوێت، درێژە پێدانی یان کورتی ئەو ماوەیە، پەیوەندی بەزۆر هۆکاری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و هی دیکەشەوە هەیە.
سیستمی تازە روو لەو ئاراستەیە دەکات کە ئەو ماوەیە کورت بکاتەوە بەهۆی درێژە پێدانی قۆناغی خوێندن و قەدەغەکردنی کاری نەوجەوانان و خانەنشینی لەتەمەنێکی زووتردا.

پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان
علاقات الاتناج
**Production relations**

لەئابوری مارکسیدا، مەبەست لەزاراوەکە، ئەو پەیوەندییانەی لەناو خەڵکدا دەردەکەون لەپرۆسەی بەرهەمهێنان و ئاڵ و گۆڕکردن و دابەشکردنی کالاکان.
جەوهەری ئەو پەیوەندییانەش بەو شێوەیە دەردەکەون، کەخاوەنداریێتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان کاری پێدەکات یاخود لەسەری دەڕوات.

بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی
الانتاج الاجتماعي
**Production social**

بەپێی چەمکی سۆفییەتی بۆ بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی ئەو بەرهەمە لەیەك فاکتەرەوە لەفاکتەرەکانی بەرهەمهێنان دروست دەبێت، کە ئەویش فاکتەری کاری کۆمەڵایەتیە، لێرەدا سەرمایەو دەرامەتە سروشتیەکان بە فاکتەرەکانی بەرهەمهێنان دانانرێن بەپێی لێکدانەوەی هزری مارکسی.
بێگومان ئەوەش گوزارشت لەجیاوازییەکی جەوهەری دەکات لەگەڵ ئەو لۆژیکەی کەلەدەوڵەتە رۆژ ئاواییەکان پەیڕەوکراوە، لەبەر ئەوەی هەریەك لەسەرمایەو دەرامەتە سروشتیەکان بەفاکتەری بەرهەمهێنان دادەنرێن کە ئەوەش لێکدانەوەی راست و دروستە، ئەگەرنا ئەوا کەمی سەرمایەو دەرامەتە سروشتیەکان نەدەبوونە کۆسپی سەرەکی لەبەردەم گەشە کردنی ئابوری، هەروەها لەدیاریکراوەکانی داهات ئەژمار نەدەکران.

بەرهەمداری
الانتاجية
**productivity**

دەکرێ پێناسەی زاراوەی بەرهەمداری بکەین، بەپێی ئەو پەیوەندییەی کە هەیە لەنێوان ڕەگەزی کارو نێوان ئەو ڕادەیەی کە هەریەکەیەك لەیەکەکانی ئەو ڕەگەزە بەرهەمی دەهێنێت، بۆیە مەبەست لەبەرهەمداری کەبەرهەمهێنانی کرێکارە، واتە ئەوەی تاك بەرهەمی دەهێنێت لەماوەیەکی دیاریکراودا.
بەرهەمداری کرێکار، یان بەرهەمی هەر کەسێك/ کاتژمێرێك (output perman/hour) ئەوەش ئاماژەیەکی گرینگە رۆشناییەك دەخاتە سەر رادەی سەرکەوتنی دامەرزاوەکە، یاخود پیشەسازییەکە لەبەکار هێنانی دەرامەتە ڕاستەقینەکانی (کەرەستەی سەرەتایی، سەرمایە، دەستی کار) لەگەڵ ڕادەی کاریگەری لەبەکارهێنانی ڕەگەزی کارکردن لەمیانەی بەکارهێنان لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا.

زمان پیسی | التدنيسية | **profanity**

گڵاوکردنی پیرۆزیەکان | تدنيس المقدسات

هێرش بردنە سەر شتەپیرۆزەکان یان دەربڕینی سووکایەتی بەرامبەریان.

تەماشا بکە: کاری دژ بەئاین | **Sacrilege**

پسپۆری لەکار
پیشەگەر | المهنة الفنية | **profession**

کۆمەڵە کاروبارێکی پەیوەست بەیەك و جیاکار، تاك بەزۆری پێی هەڵدەسێت لەپیشە باڵاکاندا، دەکرێ خەسلەتەکانی ئەو کاروبارانە کە وەك پیشەیی دەناسرێت لەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

1- بوونی سیستمێکی گشتی بۆ زانینی تیۆری بۆ ئەو کاروبارانە، دیارە ئەم لایەنەش بەسەر چاوەیەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ بەدەستهێنانی کارامەیی و چالاکی.

2- رازی بوونی کۆمەڵگە بەتاك و بەرێکخراوەکانیەوە بۆ دەسەڵات یان بۆ دەست رۆیی یاخود بۆ شارەزایی و توانای ئەندامانی ئەو خاوەن پیشانە، واتە دانپیانان بەلێهاتوویان.

3- بوونی چەند بنەماو رێسایەکی نارەسمی، ئامانجی بەخشینی رێزگرتن بێت بەئەندامانی پیشەکە وەك نازناوەجیاوازەکان لەناو کۆمەڵدا، هەروەها پاراستنیان لەو کەسانەی خۆیان وادەردەخەن کەخاوەن شارەزایی و توانان بەمەبەستی چوونە ڕیزی ئەو پیشەیە.

بەزۆری هەوڵدەدرێت لەپێگەو رێزلێگرتنی پێویست بۆ ئەو دیاردە پیشەییە بەرزبکرێتەوە بەهۆی کاری رێکخراوەپیشەییەکان، ئەوانی بنەماکانی پەیوەندیکردن بەپیشەو رەفتارە پیشەییەکان دادەنێن، هەروەها پارێزگاری لەئاستی پیشەکەو پاێزگاری لێدەکەن.

کولتوری پیشەیی | الثقافة المهنية | **Professional culture**

کولتورێکە، ئەوانی لەسەر پلەیەکی بەرزی فێربووندا دەبن، یان شارستانی ناوکۆمەڵن و لەشارەکاندا دەژین، ئەوانە شارەزایی و تێگەیشتنیان بۆی.

رۆشنبیری پیشەیی، زانیاری و زانستەکان دەبێت ، هەروەها داهێنانە کولتورییە نوێیەکان دەگرێتەوە، لەوانی دروست بوونە یاخود وەرگیراون، پاشان خراونەتە ناودەستی خەڵکێك کەلەئاستێکی بەرزی پسپۆرین لەخاوەن پیشە جیاوازەکاندا.

پەیوەندی پیشەیی | العلاقة المهنية | **Prpfessional relationship**

پەیوەندییەکە دروست دەبێت لەنێوان پسپۆری کۆمەڵایەتی و کەسانی پەیوەندار لەبوارێکدا کە پێویستیان بەیارمەتیدان هەبێت.

پەیوەندییەکە دادەمەزرێت بەمەبەستی ئاسانکردنی هاوکاری نێون هەردوولا، بۆ ئەوەی لەسێبەریدا کارتێکردنی پێویست لەکەسێتی هاوکارکراو و لەژینگەکەی بێتەدی، هەروەها ئەو کەم و کورتیانەی کەلەهەندێ رەگەزە کەسێتیەکان و لەفشارەکانی ژینگەوە بەدەستیانەوە دەناڵێنی، ئەو دیاردانە نەمێنن یان کەمببنەوە.

راهێنان مەشقی پیشەیی | التدريب المهني | **Professional training**

تەماشا بکە: ڕاهێنان - مەشق | **Training**

پرۆفیشنالیزم
**Professionalism** النزعة المهنية، الاحترافية
پیشەگەرێتی

مەبەست لەزاراوەکە، ئەو خەسلەتە ئاڵۆزانەیە کە چەند پیشەیەك پێی جیاواز دەکرێنەوە، وەك پشت بەخۆبەستن لەکاری پیشەییدا، هەستی بەرپرسیاریەتی وەك تاك، جێبەجێکردنی کردەیی بۆ چەند لێکۆڵینەوەیەکی هونەری لەگەڵ ئارەزووی خۆڕێکسختن و گیانی خەڵك خوایی و زیاتر پەسندێتی.

ئاراستەی پیشەگەرێتی بەشێوەیەکی گشتی، زیاتر ڕووی لەبەرزکردنەوەی رادەی پیشەکە دەبێت، لەگەڵ فراوان بوون لەمەرجەکانی کارپێکردن و خواستی زۆر بوونی خەسلەتە بەسوودەکانی لەهەردوو ڕووی مادی و ڕەوشتیەوە.

لێهاتوویی شارەزایی پیشەیی الجدارة المهنية **proficiency**

توانای ڕاپەڕاندنی ئەو ئیش و کارانەی کەپیشەیەك لەپیشەکان دەیخوازێت، زاراوەی تاقیکردنەوەی لێهاتوویی (examination of proficiency) بەو تاقیکردنەوەیە دەوترێت کەئەفسەرە کەشتیەوانەکان ئەنجامی دەدەن و ئامادەیان دەکات بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی فرۆکەوانی یان ئەفسەری کەشتیەوانی یاخود ئەندازیاری دەریایی و ...هتد.

قازانج الرِبح **profit**

قازانج ئەو جیاوازییەیە یان زێدەییەیە لەنێوان داهاتە گشتیەکان و نێوان پێدانە گشتیەکان تێچووەکانی بەرهەمهێنان لەدامەزراوەیەکدا، ئەو زێدەیە بەداهاتی مەترسی لە مامەڵەی ئاڵ و گۆڕکردن (risk-bearing) دادەنرێت.

چونکە خاوەن کار بازاڕی ئەو کاڵایە دەخەملێنێت کەسەرپەرشتی بەرهەمهێنانی کاڵاکە دەکات لەدامەزراوەکەی خۆی، هەروەها خەملاندنی ئەو خواستە دەکات کەلەسەر کاڵاکە هەیە لەناو بازاڕداو بەرپرسیاریەتی مەترسییەکانی بەرهەمیشی بەرامبەر ئەو خواستە دەکەوێتە سەر.

تەماشا بکە: سەرمایەداری **capitalism**

هاوبەشی لەقازانجدا
**Profit - sharing** المشاركة في الارباح
بەشداری کرێکاران لەقازانج

شێوازێکە بەهۆیەوە کرێکاران بەشێك لەقازانجی ئەو دامەزراوەیەی کاری تێدا دەکەن بەدەستیان دەکەوێت، ئەویش بەپێ چەند ڕێ و شوێن و ڕێسایەك کەپێشتر دیاریکراوە.

قازانجی لەڕادەبەدەر (چەوساندنەوە) السعي وراء الربح الفاحش الاستغلال– **rofiteering**

مەبەست لەم بۆ چوونە، چەند کەسانێك لەوانی لەبواری پیشەسازی و بازرگانی کار دەکەن، ئەوانە دەرفەت لەهەڵگیرساندنی جەنگ، یان زۆر کەم بوونەوەی هەندێ کەل و پەل و کەرەستە وەربگرن و بەکاری بهێنن بۆ بەدەست هێنانی قازانجی لەرادەبەدەر، بەهۆی نرخە زۆر گرانەکانیان کە دەیسەپێنن.

پێش بینی التكَهُن **prognosis**

مەبەست لەزاراوەکە، ئەو ئاراستەیەی دەشێ نەخۆشییەك وەری بگرێت، یان ئەوەندەی دەکرێ پێی هەستنبەپێی پێشبینیەکە، ئەویش بەپێی هەڵسانگاندنی هۆکارە جیاوازەکانی پەیوەست بەجۆری نەخۆشیەکەو تواناکانی چاکبوونەوە لێی.

**فێربوونی بەرنامەیی** | **التعليم المبرمج** | **Programmed instruction**

یەك لەڕێگاكانی فێربوونی تاكە، بەهۆی ئەو ڕێگایەوە تاك خودی خۆی فێردەكات، ئەویش بەهۆی بەرنامەیەك كەبەشێوازێكی تایبەت داڕێژراوە، ئەو بەرنامەیە بابەتە زانستیەكە لەسەر شێوەی كتێبێك یان ئامێرێكی فێركردن، یاخود فیلیمێكی بەرنامەیی دەخاتە ڕوو.

**ڕێگای هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی بەرنامەكان** | **طريقة تقدير ومراجعة البرنامج** | **Programme evaluation & review technique - PERT-**

ڕێگایەكی تەواوی بێ كەم و كورتیە، بۆ شیكردنەوەی تۆڕی چالاكیەكان و چاودێری كردنیان، ئەو كارەش یارمەتی كارگێری دەدات بۆ لێكۆڵینەوەو چاودێری كردنی پرۆژەكانی ئەندازیاری و نەخشەكێشان، یان توێژینەوە، یاخود گەشەپێدان یانیش دروستكردن، ئەویش بەهۆی چەند نەخشتەیەك بۆ ڕێڕەوە تەنگ و پركێشەكان.
مەبەستی سەرەكی لەدیاریكردنی ئەو ڕێگایە، دەست نیشانكردنی ئەو كاتەیە كەتێیدا پرۆژەكە بەرەو رووی مەترسی ناتەواوكردن دەبێتەوە لەكاتی دیاریكراویدا، ئەویش لەجیاتی ئەوەی ئەو كاتە دیاری بكرێت كەدەبێت تێیدا جێبەجێ بكرێت، بەزۆریش ئەو ڕێگایە پێش بینی بەدەرامەتە پێویستیەكان بۆ سەركەوتنی كارە چاوەڕوانكراوەكە دەگرێتە خۆی.

**بەرنامەكانی گەشەپێدان** | **برامج التنمية** | **Programmes development**

مەبەست لەبەرنامەكانی گەشەپێدان، ئەو پرۆژەو پلانانەی دادەنرێن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی گەشەپێدان.
لەدانانی ئەو بەرنامانەش دەبێ ڕەچاوی ئەوە بكرێت كەفرە مەبەست بن (multi - purosed)، هەروەها فرەشێوازیش (multi - processed)بن، كاریش لەسەر سوود گەیاندن بۆ هەموو دانیشتوانی كۆمەڵگە (multi focused) بكات.

**بەرنامەدانان** | **وضع البرامج** | **Programming**

**بەرنامە ڕێژی** | **البرمجة**

بەرنامە، شێوەی بەڕێوەبردنی ئەو كارەی كەپێویست دەكات پێی هەستین ڕووندەكاتەوە، ئەویش بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانجێك، هەروەها بەرنامە بنچینە بەرجەستەكراوەكان فەراهەم دەكات بۆ بەجێگەیاندنی كاروبارەكان و بوارەكانی ئەو چالاكیەی پێویست دەكات پێی هەستین لەماوەیەكی دیاری كراودا.
دانانی بەرنامەكان (programming) دوو ڕووی سەرەكی دەگرێتەخۆی: ڕووی یەكەم، بریتیە لەوەرگێڕانی بەرنامەكان بۆ ئەو پرۆژانەی كەدەكرێ پێی هەستن، ڕووی دووەمیش، بریتیە لەدانانی پلانێكی زەمەنی (scheduling) بۆ پرۆژەكان.
دەوترێت: بەرنامەدانانی هێڵی (linear programming) ئەویش شێوازێكی بیركاریانەیە بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی بەكارهێنانی دەرامەت و توانا سنوردارەكان، بەڕێگایەك كەپرۆژەكە ئەوپەڕی قازانج بەدی بهێنێ، یاخود كەمترین تێچووی بكەوێتە سەر.

**پێشكەوتن** | **التقدم** | **progress**

بزووتنەوەیەكە لەكاردایە بۆ جێبەجێ كردنی ئەو ئامانجانەی خەباتی بۆ دەكرێت، یان ئەو ئامانجە بابەتیانەی هەوڵی باشەو بەدیهێنانی بەرژەوەندییەكان دەدات.
پێشكەوتن چەند قۆناغێك دەگرێتە خۆی، هەر قۆناغێكیش لەقۆناغی پێشووتری زیاتر گەشە كردوو یاخود پێشكەوتووتر دەبێت.
هەروەها زاراوەكە ئاماژە بۆ گواستنەوەی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەكات بەرەو ئاستێكی باڵاتر لەڕووی كولتورو توانای

بەرهەمهێنان و زاڵبوون بەسەر سروشتدا.

تەماشا بکە: پێشکەوتنی کۆمەلأیەتی — Social progress

یەك لەدواییەك
یەك بەدواییەك — ١- المتوالية — progression

شێوازێکە بۆ رێك و پێکردنی یان رێکخستنی بەهاکان، لەزنجیرەیەکی بەدوایکدا هاتن، بەشێوەیەك هەر ڕەگەزێکی بەوی پێشووتری دەبەسترێتەوە، ڕەنگە یەك بەدوا یەکدا هاتنەکە ژمارەیی بێت، واتە: 1 2 3 4، یاخود ئەندازەیی بێت: 1 2 4 8.

شوێن کەوتن — ٢- التعاقب

زنجیرەیەك بەسەرهاتە یان رووداوە یاخود هەنگاوە پەیوەست دەبن بەیەکەوە.

پێشکەوتنخوازی — التقدمية — Progressivism

خەسڵەتێکە بەو کەسانە دەوترێت کەباوەڕیان وایە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی چەند یاسایەکی زەروری بەڕێوەی دەبات و گۆڕان و پەرەسەندن و پێشکەوتنی بەسەردا دەسەپێنێت بەلأم ئەو یاسایانە بەویستی تاکەکانی کۆمەڵگە دێنەدی.
هەروەها مەبەست لەزاراوەکە لەبواری سیاسەتدا، ئاراستەی لیبرالییەتە، یان کارکردن بە بەرنامەکانی کاری شۆڕشگێرانە.

قەدەغەکردن — المنع
یاساغ کردن — الحظر — prohibition

قەدەغەکردن و رێگرتن لەبەکار هێنانی هەندێ خواردن یان چەند جۆرە جل و بەرگێك یاخود هەندێ شتی دیکەی لەوجۆرە، ئەویش بەپێی نەریت بێت یانیش یاسا.
خواردنەوە کهولیەکان گرینگترین ئەو شتانەبوون کە ئەو قەدەغەیە دەیگرێتەوە، زۆر لەیاساکان ڕێگایان لەخاوەنداری یان فرۆشتن یاخود خواردنەوەی ئەو مادە کهولیانە گرتووە، تەنها بۆ مەبەستە پزیشکیەکان یانیش زانستیەکان نەبێت.

خستنە سەر ئەویدی
بەسەر داخستن — الاسقاط — projection

پرۆسەیەکی بەرگریکردنی نائاگاییە (نەستیە) تێیدا تاك هاندەرو بیروباڕو کردارە پڕ ترسەکانی، یان ئەوانی لای خۆی پەسندنین دەخاتە پاڵ کەسانی دیکە، ئەویش وەك هەلأتنێك لەدانپیانان بەو دیاردانە، یاخود بەمەبەستی کەم کردنەوی لەو بارەی کە هەستی پێدەکات لەتاوانبارکردنی خود و لەئێش و ئازار، یانیش لەگرژییە دەروونیەکان.
بەسەر داخستن لەم بارەدا یەك لەشێوازەکانی بیانوو هێنانەوەو بەرگریکردنە لەخود.

شێوازی خستنە سەر ئەویدی
یان، بەسەرداخستن — الاسلوب الاسقاطي — Projective method

خستنە سەر یان بەسەرداخستن لەمیتۆدەکانی توێژینەوەدا، یەك لەشێوزەکانی کۆکردنەوەی زانیارییە، شێوازەکە، خستنەڕووی هەڵوێستێکی هەژێن یان بەئاگاهێنەری تاك دەگرێتە خۆی، هەڵوێستەکەش داڕێژراوە یاخود هەڵبژێردراوە،

لەبەر ئەوەی ڕەنگە بەچەند مانایەکی جیاواز لەو مانایانەی کەهەڵوێستەکەی پێ داڕێژراوە بخرێتە ڕووی تاك، ئەو مانایانەی کەتاکیش بەبیری دێتەوە چەند ڕوویەکی کەسێتی خۆی و بونیادی و پێداویستیەکانی هەست و بەهاکانی دەگرێتەوە.
شێوازەکە پشت بەو گریمانەیە دەبەستێت کەڕێکسختنی تاك بۆ هەڵوێستێکی شاراوەی نادیار کە لەڕووی پێکهاتنەوەش سنوردانیە تاڕادەیەك، ئەوە ئاماژەیەکە بۆ درك پێکردنی تاك بۆ جیهان و بۆ بەدەنگەوە هاتنشی بۆ ئەو جیهانە.
بەکار هێنانی شێوازەکانی خستنەسەر، سوودی بۆ لێکۆڵینەوە لەکەسێتی تاك دەبێت هەروەها بۆ دەست نیشانکردن و چارەسەرکردنی ئەو حاڵەتانەی کە تووشی شپرزەیی دەروونی یاخود هەستی دەبێتەوە.

پرۆلیتاریا — البروليتاريا — Proletarial
چینی کرێکار

زاراوەکە لەسەردەمی دەوڵەتی ڕۆمانی بەکار هێنراوەو شێوەیەکی یاسای وەرگرتووە لە بەکارهێنانیدا، ئەو زاراوەیە دەربڕێنێك بوو بەو هاوڵاتیانە دەوترا کەتەنها خەسلەتیان وەچە خستنەوە بوو.
دواتر بیرمەندی فەرەنسی (سان سیمون) زاراوەکەی بەکار هێناوەو بەو کەسانەی دەوت کەخاوەن هیچ سامانێك نەبوون و هەر جۆرە دەستەبەرییەکان لەژیاندا نەبووە.
پاشان کارل مارکس ئەو وشەیەی بەکارهێنا بۆ ناساندنی چینی کرێکار، ئەوانی بەرۆژانە لەبەر هەمهێنانی پیشەسازی کاریان دەکرد، سەرچاوەی داهاتیشیان فرۆشتنی هێزی کاریان بووە، ئەو چینە تووشی هەژاری هاتبوون، بەهۆی چەوساندنەوەی سەرمایەداری بۆ یان، ئەوانە حاڵەتەکانی بێ بازاڕی و قەیرانەکان کاریگەری زۆری بەسەر ژیانیاندا هەبووە.
لەو دەستە واژانەی کەلەهزری مارکسی باوە (دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا)یە، (dictatorship of the proletariat) مارکس ئەو دەستەواژەیەی بەفۆرمێك لەدیموکراسییەتی کرێکاری دادەنا، لەبەر ئەوەی پرۆلیتاریا لەئایندە زۆرینەی کۆمەڵگە پێکدەهێنن، بۆیە لەم بوارەدا ناکرێ باس لە دیکتاتۆرییەتی چینێك بکەین.

بەرەڵایی سیکسی — الاباحية الجنسية، الاتصال الجنسي المطلق — promiscuity
پەیوەندی سیکسی ڕەها

ئەنجامدانی پەیوەندی سیکسی لەگەڵ هەرکەسێك، بێ ئەوەی هەرجۆرە بڕیارێکی یاسایی هەبێت کەپەیوەندییە سیکسییەکانی نێوان هەردوو ڕەگەز ڕێکبخات.
هەروەها ڕەنگە بەرەڵایی و ڕێگاپێدانی سیکسی لەچەند بۆنەیەکی ئایینی ئەنجام بدرێت.
چەند توێژەرێك باوەڕیان وایەکە لەقۆناغە سەرەتاییەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، قۆناغی بەرەڵایی و ڕێگا پێدانی سیکسی باوبووە، بەڵام ئەو بۆچوونە لەم ڕۆژگارەدا جێگای پەسند کردن نیە.

پڕوپاگەندەی بازرگانی — ١- ترويج المشروعات — promotion
برەو پێدان بەپرۆژەکان

پرۆسەی لێکۆڵینەوە و گەڕانە بەدوای تواناکان و پێگەیاندنی بیرۆکەی پرۆژەیەکی دیاریکراو بۆ قۆناغی جێبەجێکردن، ئەوەی بەو کارەش هەڵدەسێت پێی دەوترێت دەڵاڵ هاندەر دیارە ئەو کەسەی بەو کارە هەڵدەسێت لەبەرامبەردا پاداشت دەکرێت.

بەرزکردنەوەی پلە — ٢- الترقية

جێگۆڕینی کارمەند بۆ پێگەیەکی بەرزتر لەپێگەی ئێستای لەڕووی بەرپرسیارێتی و دەسەڵاتەوە، لەزۆر باریشدا پلە بەرزکردنەوە زیادبوونی موچە یان ڕۆژانەو کرێی لەگەڵدا دەبێت.

پڕوپاگەندە
بازاڕگەرمی
الدعاية
propaganda

زاراوەکە بەواتای کارتێکردن دێت لەسەر بیروبۆچوون و باوەڕەکانی ناوجەماوەر، بۆ ئەوەی روو لەئاراستەیەکی دیاریکراو بکات، واتە روو لەسیستمێك یان رێبازێك بکرێت، ئەگەر شێوەکەی ئەرێنی بێت یان نەرێنی.

هەروەها پڕوپاگەندەکار بۆ ئامادەکردنی دەروونی تاکەکانی ناوکۆمەڵیش دەکات، بە مەبەستی رازیکردنیان بەو بیروبۆچوون و تێروانینەی بانگەشەی بۆ دەکرێت و مێشك و دەروونیشی پێ پڕبکات، هەندێ جار کاری پڕوپاگەندە پەنا دەبات بۆ شێواندن و لادان لەڕاستیەکانی.

شێوەکانی پڕوپاگەندە زۆرن بەپێی زۆری مەبەستەکانی، ڕەنگە پڕوپاگەندە سیاسی یان کۆمەڵایەتی یاخود کولتوری و یانیش ئاینی بێت.

لەهەڵمەتەکانی پڕوپاگەندە (propaganda campaigns) تازەترین ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن بەکار دەهێنرێت، لەرۆژنامەو ئیزگەو تەلەفزیۆن و سینەماو بلاوکراوەکان...هتد.

لەمەترسیەکانی پڕوپاگەندەش، ئەوەیە دەوڵەت دەسەڵاتی بەسەردا زاڵبێت و جەماوەر ئامادەو سازبکات بەشێوەیەکی کوێرانە، هەروەها رێگا لەبیرکردنەوەی سەربەخۆ بگرێت.

ئارەزووی بەکاربردن
الميل الى الاستهلاك
Propensity to consume

مەبەست لەئارەزوو بۆبەکاربردن، ئەو پەیوەندییەی هەیە لەنێوان ئاستێکی دیاریکراوی داهات، لەگەڵ رادەی خەرجکراو لەبەکاربردن، ئارەزووی ناوەڕاستیش بۆ بەکاربردن، ئەوەیەکە خەرجکراوە یاخود خەرج دەکرێت لەئاستێکی دیاریکراوی داهاتدا، بەڵام ئارەزووی رادەیی بۆ بەکاربردن، ئەوە ئەو خەرجکردنەیە کەلەبڕی زیادەی داهات دەکرێت.

ئارەزووی ناوەڕاستیش بۆ پاشەکەوت، واتە ئەوەی لەئاستێکی دیاریکراویداهاتدا پاشەکەوت دەکرێت، ئەوە تەواوکەری ئارەزووی ناوەڕاستی بەکاربردن دەبێت، هەروەها ئارەزووی رادەی یەکلایی بۆ پاشەکەوت، واتە ئەوەی پاشەکەوت دەکرێت لەو بڕەی کەلە داهات زیاد دەبێت، ئەوە تەواوکەری ئارەزووی یەکلاییە بۆ بەکاربردن.

مولکایەتی خاوەنداریێتی
المُلكية
Property

خاوەنداریێتی لەڕووی یاساییەوە، واتە مافی هەبوونی شتێك، هەروەها سوود وەرگرتن و هەڵس و کەوت کردن پێی، بەڵام ئەو مافە ڕەنگە چەند مەرج و کۆت و بەندێکی کارگێڕی و مەدەنی دیاری بکات، بۆیە دەکرێ ئەو خاوەنداریتیە گشتی بێت واتە تەرخان کرابێت بۆ سوودێکی گشتی وەك یەك، هەروەها دەکرێ خاوەنداریێتیەکە تایبەت بێت، ئەوەشیان بریتیە لەمولکە تایبەتیەکانی تاك.

دەکرێ خاوەنداریێتی مادی (corporeal) بێت، ئەویش شتەمادییەکانی وەك: زەوی، خانوبەرە، کاڵاکان دەگرێتە خۆی، ئەمەو ڕەنگە خاوەنداریێتی مەعنەوی (in corporeal) بێت، وەك ئەو سامانەی کەدرکی پێ ناکرێت تەنها بەوێنا کردن نەبێت، نموونەی: نووسینەکان، داهێنانەکان و هەموو مافە کەسێتیەکان.

خاوەنداریێتی دەکرێ دابەش بکرێت بۆ: خاوەنداریێتی عەینی (realproperty) وەك، خانووبەرەکان، لەگەڵ خاوەنداریێتی کەسێتی (personal property) وەك شتەگوێزاوەکان.

مافی خاوەنداریێتی بەچەند ڕێگایەك بەدەست دەهێنرێت، لەوانە:

ڕێگای دەست بەسەر داگرتن(occupation)

ڕێگای بۆ ماوەیی میرات - (succession)

ڕێگای خاوەنێتی (دەستداری)(possession)

ڕێگای ڕاسپاردن(testament)

ڕێگای هاتنەسەر (accession)

ڕێگای گرێبەستی(contract)

ڕێگای مافی هەڵگرتنەوە (شەفعە) (pre-empation)

لەمافی موڵکایەتی چەند مافێکی بنچینەیی جیادەبێتەوە، ئەوانیش مافی سوود وەرگرتن (usufruct) و مافی بەکارهێنان (usage) و مافی کۆیلەیی (servitude) .

هەر لەومافانە چەند مافێکی پاشکۆیەتی لێ جیادەبنەوە لەوانە: مافی ڕەهن کردنی ڕەسمی - بارمتە (mortgage) ومافی تەرخانکردن پسپۆری (appropriation).

هەر لەمافی خاوەنداریێتی چەند لقێکی لاوەکی لێ جیادەبێتەوە، ئەوانیش: مافی بارمتەی دەستداری (pledge) و مافە تایبەتمەندییەکان ئیتمیاز (privilege).

لایەنگرانی ڕێبازی تاکگەرایی بەرگری لەمافی خاوەنداریێتی تاك دەکەن، بەڕەچاوکردنی ئەو لایەنەی کە بەرهەمی کارەو لەگرینگترین مەرجەکانی ئازادی کەسێتیە.

بەڵام لایەنگرانی ڕێبازی سۆسیالستی داوای سنووردار کردنی خاوەنداریێتی تاك دەکەن، یان نەهێشتنی، بەڵام موڵکایەتی هاوبەش شوێنی بگرێتەوە.

| | | |
|---|---|---|
| موڵکایەتی هاوبەش<br>خاوەنداریێتی تێکەڵ | الملكية المشتركة | **Property, corporate** |
| تەماشا بکە: خاوەنداریێتی هاوبەش | | **Common property** |

| | | |
|---|---|---|
| ئامرازەکانی<br>خۆپاراستن | الوسائل<br>الوقائية | **Prophylactic measures** |
| تەماشا بکە: هۆکارەکانی خۆپاراستن | | **Preventive measures** |

| | | |
|---|---|---|
| ڕازیکردن دڵڕاگرتن (قوربانی) | الاستعطاف<br>الاسترضاء | **propitiation** |

چەند نەریت و هەڵس و کەوتێکە، ئامانجی ڕازیکردنی بوونەوەرەکانی سەرووی سروشتە، یانیش خۆ دوورخستنەوە لەسزاکانیان یاخود لەتۆڵە سەندنەوەیان، بەپێی ناوەڕۆکی زاروەکە، هەوڵ دەدرێت ڕۆح و خواوەندو شەیتانەکان ئەهریمەن هێورو ئاسودە بکرێتەوە.

| | | |
|---|---|---|
| گریمانە دەربڕین<br>پێشنیاز | الفرض | **proposition** |
| تەماشا بکە: گریمان | | **hypothesis** |

| | | |
|---|---|---|
| کاروبار<br>مەسەلەکان | القضايا | **Propositions** |

مەلەسەکان لەلۆژیکدا، بریتیە لەپرۆسەی شیکردنەوەی ئەقلی یان هزری، بەدەربڕینێکی وردتر پرۆسەی سەلماندن،

مەلەسەکە بەخۆی دەکرێ شیبکرێتەوە بۆ ئەو یەکانەی کەلێی پێکدێن، ئەو یەکانەش لەلایەن لۆژیکیە نەریتخوازەکان ناویان لێناوە ئاستەکان (terms)، هەموو مەسەلەیەکیش دوو ئاست دەگرێتەوە خۆی نەك زیاتر، پەیوەستی نێوانیانیش لەیەك جیاکردنەوەیە جیاوازییە - ئەو دوو ئاستە بریتین لەبابەت (subject) کەتەنها ناوە لەگەڵ هەڵگر (predicate) کەخەسڵەتێك لەخەسلەتەکان دەخاتە پاڵ بابەتەوە، دەکرێ ئەو خەسڵەتە ناو بێت یاخود کردار یانیش خەسڵەت.

ئەو ڕێگایەی کەرەگەزەکانی مەسەلەکەی تێدا دادەڕێژرێت، ئەو ڕێگایەیە کەوێنەی مەسەلە لۆژیکیەکە دەست نیشان دەکات، هەروەها پێویستە پێکهاتەی مەسەلەکە بڕیارنامەو دواتر پەیوەندییەك بگرێتە خۆی.

مەسەلە لۆژکیکیەکان لەسەر دوو جۆرن: مەسەلە سادەکان و مەسەلە ئاوێتەکان، هەر یەکەشیان چەند بەشێکیان بەدوادادێت.

هزرو رەگ و ڕیشەی مەسەلەکان چەند پەیوەندییەکی جیاواز بەیەکیان دەبەستێتەوە، نموونەی: پەیوەندی سەلماندن (offirmation)، پەیوەندی ڕەتکردنەوە نیگەتیف (negation)، پەیوەندی لەگەڵدا بوون تیابوون (inclusion)، پەیوەندی نەگرتنەخۆ (exclusion)، پەیوەندی بەیەك گەیاندن (conjunction) پەیوەندی لەیەك جیاکردنەوە جیاوازی (disjuncition) و پەیوەندی گرتنە خۆ (implication) ناچاری.

مەسەلەگوزارشتیەکان القضايا الحملية **Propositions, categorical**

- بیرکردنەوە رووتەکان -

مەلەسەی بیرکردنەوەی رووت لەلۆژیکدا، ئەوەیە کە پێکدێت، لەبابەت کەجێگای بڕیاردانە، هەروەها هەڵگر کەخۆی خەسڵەتەو دەخرێتە سەربابەت.

بۆیە دەوترێت: ئەو خەسلەتە بەردەوامەو ناگۆڕێ یان دەگۆڕێ بۆ بابەتەکە، هەروەها پەیوەستیەکە بابەت بەهەڵگرەوە دەبەستێتەوە.

مەسەلەی بیرکردنەوەی رووت، شورەی چوارچێوە هەیە، ئەویش ئەو زاراوەیەیە کەئاماژە بۆ بڕیاردان دەکات (وەك گشت) و (هیچ شتێك) و (هەندێ) و (ناهەندێ) .

هەموو مەلەسەیەکی گوزارشتی ناچاری (affirmative) یان نێگەتیف (nagative) بەرەچاوکردنی لایەنە بابەتیەکەی، دابەش دەبێت بۆ کەسی (singular) و گشتی (universal) و ئەندەکی بەشی (particular ) و نادیار پشت گوێخراو (Indefinite).

مەسەلە پێکهاتووەکان القضايا المركبة **Propositions composite**

- ئاوێتەکان -

چەند مەسەلەیەکن ناتوانین دڵنیا بین لەئامانجیان، بەبەرامبەری جووت بوونی هەردوو ئاستەکەی لەسەر یەکتر، بەڵام لەحالەتی بەبەرامبەری جووت بوونی مەسەلە کە بۆ واقیع، ئەگەر لەگەڵ واقیعدا تەبابوو ئەوا باوەڕی پێدەکرێت، ئەگەر تەباش نەبوو لەگەڵ واقیعدا ئەوا بەدرۆ دەخرێتەوە.

مەسەلە مەرجدارەکان القضايا الشرطية **Propositions, conditional**

مەسەلە مەرجدارییەکان، هەروەك ناویانیش لێدەنرێت مەسەلە گریمانیەکان، چەند مەسەلەیەکی ئاوێتەن لەمەسەلەکانی بیرکردنەوەی ڕووت دانەپاڵ لەسەر چەند شێوەیەکی تایبەت.

هەردوولایەنی جەمسەری مەسەلە مەرجدارییەکان، دوومەسەلەی دانەپاڵن، هەردوو لایەنی مەسەلە دانە پاڵەکەشی دوو ئاستن، ئەوانیش بابەت و هەڵگر دراوەپاڵ

مەسەلەی مەرجداری دابەش دەبێتە سەردوو بەش: مەرجداری گەیندراو گریمانەکی دانراو (hypothetical)، کە

ئەویش مەسەلەیەکە پێکهاتووە لەدوو مەسەلەی دانەپاڵ، لەنێوانیاندا پەیوەندی پێویست یاخود بەدوادا چوون هەیە، لایەنی یەکەمی مەسەلەی مەرجداری مەرج پێی دەوترێت پێش خراو لەبەر ئەوەی لەیەکەمدایە، لایەنی دووەمیش (مەرجدار) پێی دەوترێت دوای ئەو لەبەر ئەوەی دەکەوێتە دوای پێش خراو، یانیش پاشکۆی پێش خراو دەبێت.

مەبەست لەمەسەلەی مەرجداری بڕیاردان نیە لەسەر ڕاستگۆیی پێش خراو، یاخود بڕیاردان بەڕاستگۆیی ئەوی دوای ئەو بەڵکو بڕیاردانە بە بوونی پەیوەستی لەنێوانیاندا، واتە بەڕاستگۆیی ئەوی دوای ئەو بەو ئەگەرەی پێش خراو ڕاستگۆبێت.

- دووەم بەشی مەسەلەی مەرجداری، مەرجداری جیاکەرەوەیە (disjunctive)کە لە دوو مەسەلەی دانە پاڵ پێکدێت، لەنێوانیاندا پەیوەندییەکی سەرکێشانە یان جیاواز هەیەو هەردوو لایەن ناویان لێدەنرێت - پێش خراوو دوای ئەو -، هەر وەك لە مەرجداری گەیندراودا هەیە.

هەریەك لە مەرجداری گەیەندراوو مەرجداری جیاکەرەوە دوو وێنەیان هەیە:

1- ئەوەی بابەتی پێش خراوو دوای ئەو تێیدا یەکیان گرت و هەڵگریش جیاواز دەبێت.

2- ئەوەی بابەت و هەڵگر تێیدا جیاواز دەبن لەهەردوو لای پێش خراوو لەدوای ئەو.

**Propositions, simple** القضايا البسيطة مەسەلە سادەکان

مەسەلە سادەکان لەلۆژیکدا، ئەو مەسەلەیەیە کەخاوەن بابەت و هەڵگریشە (subject predicate) هەروەها ئەو مەسەلەیە بوونی پەیوەندی نێوان دوو ئاست یان زیاتر دەسەلمێنێت، واتە مەسەلەیەکی پەیوەستە بە پەیوەندییەکردنەوە (relational)، هەروەها ئەو مەسەلەیە پەیوەستە بەئەندامیەتی چینی (class-membership) .

دەکرێ دڵنیابین لەڕاستگۆیی یان درۆی ئەو مەسەلانە بەشیکردنەوەی هەردوو ئاستی مەسەلەکە، ئەگەر هەڵگری لەسەر بابەتەکە تەواو جووت بوو، ئەوا ڕاستگۆیە، ئەگەر هەڵگری لەسەر بابەتەکەی جووت نەبوو، ئەوا درۆیە.

**Prosection** المقاضات لێپرسینەوە دادگایی

مەبەست لەم زاراوەیە، لەڕووی یاساییەوە، ئەو هەوڵ و ڕێ و شوێنە یاساییانەیە کەبۆ بەدەستهێنانی بڕیارێك یان فەرمانێکی دادوەری یاخود جێبەجێکردنیان دەدرێت.

لەیاسای تاوانکاریدا، زاراوەکە ئاماژە بۆ ئەو توێژینەوە یانیش لێکۆڵینەوانە دەکات کەبەڕێوە دەچن بۆ ئاشکرکردنی تاوانبار.

**Prosperity** الرخاء خۆشگوزەرانی

دۆخێکی ئابورییە، بەهۆیەوە ئاستێکی گوزەرانی شیاو بۆ کۆمەڵگە دێتەدی لەڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە.

**Prosperity index** دليل الرفاهية رابەری خۆشگوزەرانی

رابەرێکە، لەئامارە کۆمەڵایەتیەکان، بەکار دەهێنرێت، بەدەرهێنانی ژمارەی پێوانەیی کرێ و لێکدانی لەرێژەی سەدی بۆ ژمارەی ئەو کرێکارانەی کاردەکەن، دواتر دابەشکردنی ئەنجامی لێکدانەکە بەسەر ژمارەی پێوانەیی بۆ خەرجی ژیان.

**Prostitution** البغاء لەش فرۆشی داوێن پیسی

1- پەیوەندییەکی سیکسیە لەلایەن ژنێکی لەشفرۆشەوە ئەنجام دەدرێت لەبەرامبەر شتێك یان دەستکەوتێك، ئەو کارەش دوور

دەبێت لەهەر جۆرە هەست و سۆزێك، لەبەر ئەوەی ژنی لەشفرۆش، خۆی دەخاتە بەردەست هەر پیاوێك بێ کەمترین جیاوازی.
ڕەنگە لەشفرۆشیەکە وەك پیشەیەك (propessional prostitute) بێت، لەو بارەدا ئەو ژنە واڕاهاتووە کەژیانی پشت بەوکارە ببەستێت و هیچ کاروپیشەیەکی پەسندکراوی دیکەی نابێت.
هەروەها ڕەنگە کارەکە ماوە ماوە - کاتی (occasional prostitute) بێت، لەو حالەتە ژنی لەشفرۆش جەستەی خۆی دەخاتە ژێر دەستی پیاوێك بۆ ماوەیەکی دیاریکراوو لەبەرامبەر دەسکەوتێکی مادی.
کاری لەشفرۆشی لەهەندێ وڵاتدا قەدەغە کراوەو لەهەندێ وڵاتیش ڕێگای پێدراوە، لەکۆندا لەشفرۆشی چەند بەهایەکی ئاینی دەگرتە خۆی، واتە ئەنجامدانی کاری سێکسی لەگەڵ چەند کچێکی ناو پەرستگایەك بەکار پەرستیان دادەنرا لەبەر ڕێزی خودای ئەو پەرستگایە بووە.
2- بازرگانی کردن بەشەرەفەوە:
واتە، فرۆشتنی ویژدان و رزگاربوون لەبنەما رەفتاریەکان، یان چەوساندنەوەو بەکارهێنانی تواناکان بۆ چەند مەبەستێکی ئابروبەروناشەریفانە لەپێناو پارەو سامان.
وەك: کاری خراپە و ئابروبەری ڕۆژنامەگەری (prostitution of thepress) کاری خراپەو ئابروبەری بەهرەداران (prostitution of talents).

ڕێبازی پاراستنی بازرگانی مذهب حماية التجارة **protectionism**

زاراوەکە لەڕووی ئابوریەوە، بەواتای ڕێبازێکی سیاسی دێت، بەپێی ئەو ڕێبازە دەوڵەت دەست لەکاروباری بازرگانی و پەیوەندییە بازرگانیەکان وەردەدات، هەر بەپێی پێویستیەکانی ئەو سیاسەتە سەپاندنی باج بەسەرکالا هاوردەکان لەدەرەوە، لەگەڵ لێبوردن لەوکالایانەی کەلە ناوخۆ بەرهەم دەهێنرێن، ئەویش بەمەبەستی ڕێگرتن لەرکابەری کالا هاوردەکان بۆ کالا بەرهەمهێنراوەکانی ناوخۆ.
بۆیە تاریفەی پاراستنی بازرگانی (protective tariff) واتە، ئەوباجەی کەدەسەپێنرێت بەچەند تێکڕاییەکی بەرز بەسەر کالا هاوردەکان، ئامانجیش پاراستنی کالا نیشتمانیە هاوشێوەکانە.
دیارە ڕێبازی پاراستنی بازرگانی کاریگەریشی نامێنێ، ئەگەر دەوڵەتەکانی دیکەش هەستان بەپەیڕەوکردنی هەمان سیاسەت.

- جێنشینی المَحمية **Protectorate**
ناوچەیەکی پارێزراو

یەکەیەکی سیاسیە، دەسەڵاتی ناوخۆی بەڕێوەدەبات، لەکاتێکدا سەرپەرشتی پەیوەندییە دەرەکیەکانی و پاراستنی دەرەکی لەلایەن دەوڵەتێکی پارێزەری بەهێزی ترەوە دەبێت.
هەروەها دەوڵەتی پارێزەر، ئامۆژگاری و ڕێنمایی ئاراستەی دەسەڵاتە ناوخۆییەکە دەکات دەربارەی بەڕێوەبردنی هەموو کاروبارە کارگێڕی و ئابوری و ڕۆشنبیری و بوارەکانی دیکەش.
فەرەنسا لەسەدەی نۆزدەدا یەکەم دەوڵەت بوو ئەو سیستەمەی داهێنا، کەبوو بەهۆی بەرهەڵستی نێو دەوڵەتی دوای فراوانبوونی دەسەڵاتە داگیرکارییەکەی لە باکوری ئەفریقیا.
تەماشا بکە: دەوڵەتی پاشکۆ **Vassal state**

ئاکاری پروتستانتی الاخلاق البروتستانتية **Protestant ethics**

کۆمەڵە بەهاو ئاراستەیەکە، ڕێبازی پرۆتستانی دەیگیرێتەخۆی، وا راڤەش کراوە کە لەبارە بۆ گەشەکردنی سەرمایەداری نوێ.

ئەو چەمکە لەلایەن (maxweber)ەوە داڕێژراوە، ئەو هەوڵیدا ڕێککەوتنی ئایدیۆلۆجی نێوان سەرمایەداری و پرۆستانت ئاشکرابکات، بەجۆرێکی تایبەتیش ڕێبازی کالڤینیزم (calvinism) کەلەسەدەی حەڤدەدا باوبووە.

تەماشابکە: سەرمایەداری **capitalism**

**پروتوکول** | البروتوكول | **protocol**

**بڕوانامەی پەیمان**

زاراوەکە لەیاسای نێو دەوڵەتیدا سێ مانای هەیە:

1= ئەو ڕێساو نەریتانەی باون لە پەیوەندییە گشتی و نێودەوڵەتیەکان، بەوانی نووسراون یان نە نووسراون، لە رووی داب و نەریت و رەفتاری شیاو و گفتوگۆ کردنەوە.

2- تۆماری کۆبوونەوەکانی وتووێژ، کە هەموو باس و ڕووداوەکان دەگریتەوە.

3- ئەو ڕێکەوتنەی کە بریاری کۆبوونەوە دیبلۆماسیەکان دەگرێتەوە، لە کۆنگرەیەکدا دەربارەی کێشەیەکی نێودەوڵەتی ئەو ڕێکەوتنە بەڵگە نامەیەکی نێودەولەتیە تێیدا ئەنجامی گفتوگۆکان تۆمار دەکرێت لەگەڵ ئەو خالانەی کەلەسەری ڕێکەوتوون.

**حکومەتی** | حكومة المتخصصين | **Proto cracy**

**شارەزایان**

سیستمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، تێیدا دەسەلات بە دەستی ئەو هاولاتیانە دەبێت کە زۆرتر شارەزان، بێ گوێدانە پێگە کۆمەڵایەتیەکانیان.

لەبەرامبەر ئەو سیستمە، لەلایەکەوە سیستمێك دێت کە توێژێکی ئەریستوکراتی میراتگری زاڵن بەسەریدا، یان ئەو دیموکراسیەتەی کە تێکەڵەیەك لە فەرمانبەرەکانی پسپۆر و ناپسپۆر زاڵن بە سەریدا.

**چاودێری خودایی** | العناية الالهية | **providence**

**ـ قەزا و قەدەر ـ**

مەبەست لە زاراوەکە، تێروانین بۆ خودا وەك رابەرێك بۆ تاکەکان، ئەویش لە میانەی روانین و چاودێرییەوە.

دیارە چاودێری و ئاگاداری خوداش لەسەر دوو جۆر دەبێت:

چاودێری گشتی، کە ئەویش بریتیە لە دیاریکردنی بەر نامەیەك بۆ جیهان و دیاریگردنی ئامانجێك بۆی بەسەرجەم کاروبارەکانەوە، هەروەها چاودێری تایبەت کە بریتیە لە گرینگی پێدانی خودا بە تاکەکان، هەر تاکێك بە تەنیا.

**سندوقی پاشەکەوتن** | صندوق الاحتياط أو الادخار | **provident fund**

واتە ئەو سیستمەی کە باربووەکان ـ هاوکاری دارایی ـ لەوانی ژیانیان دابین کراوە کۆدەکاتەوە، هەروەها لە خاوەن کارەکانیش، بۆ ئەوەی لەگەڵ قازانجەکانی بدرێتەوە بەوانی ژیانیان دابین کراوە. ئەویش لە هەندێ بارودۆخی دیاریکراوی وەك خانەنیش یان کۆتایی هاتنی خزمەتگوزاریەکەیان یاخود بە هۆی پەککەوتن و مردنەوە.

**یاسای لێك نزیکبوونەوە** | قانون التقارب | **proximity law of**

لە دەروناسیدا مەبەست لە یاسای لێکنزیک بوونەوە، واتە نزیکبوونەوەی شتەکان لەو هۆکارانەی یارمەتیدەر دەبن بۆ تێگەیشتنی گروپە هەستیەکان. نزیکبوونەوەی شتەکان لە شوێنێکدا یارمەتی بەبیرهاتنەوەیان دەدات، هەروەها نزیکبوونەوەی شتەکان لە کاتێکدا و لەگەڵ تازەیی ڕووداوەکان لای تاك، ئەویش یارمەتی بەبیرهاتنەوەیان دەدات.

ڕێ و شوێنە کۆمەڵایەتیەکان | التدابير الاجتماعية | provisions, social

تەماشابکە: social provisions

خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بۆ چارەسەری دەروونی | الخدمة الاجتماعية الطبية النفسية | psychiatric Social wrok

ئامانجی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لە بواری نەخۆشیە دەروونی و ئەقڵیەکان، تێگەیشتنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و ئاستەنگە کەساییەتیەکانە، هەروەها بۆ ئەو فاکتەرە ژینگەییانەی بوونەتە هۆی حالەتێکی نەگونجانی لەبار بۆ نەخۆش لەکاتی چارەسەریەکەی، یان دوای چاکبوونەوەی، لەگەڵ ڕاهێنانی نەخۆش و هاوکاریکردنی بۆ ئەوەی متمانەی بە خۆی و بەکەسانی دیکە وەربگرێتەوە.

پزیشکەوانی ئەقڵی | الطب العقلي | psychiarty
پزیشکەوانی دەروونی | الطب النفسي

لقێکە لە کاری پزیشکەوانی، لە هەموو حالەتەکانی تێکچوون و شپرزەیی ئەقلی و دەروونی دەکۆڵێتەوە، هەروەها چاکردنەوە و ئاشکراکردنی هۆکارەکانی خۆپاراستن و تەندروستی ئەقلی.
ئەم لقە پزیشکیە لەلایەکەوە پشت بەدەروونناسی نەخۆش دەبەستێت، لەلایەکی دیکەوە بەکاری پزیشکەوانی گشتی.

کەرت بوونی دەروونی | الانقسام النفسي | psychic splitting

ئارەزوو بۆ جیابوونەوە، یان دووبەرەکی، یاخود دابەشبوون دابەش بوونێك جیاوازی تێدا بەدی دەکرێت، بە تایبەتیش لە فەرمانە دەروونیەکان.
ئەگەر ئەو نەخۆشیە توندی کرد، ئەوا نەخۆشەکە یەکگرتوویی کە سێتی خۆی لە دەسدەدات.

شیکردنەوەی دەروونی | التحليل النفسي | psychoanalysis

زاراوەکە لە لایەن ـ فرۆید ـ دانراوە، ناویشی بەو ڕێبازە ناوە کە خۆی کاری پێدەکرد ئەویش بۆ چارەکردنی دیاردەکانی پەشێوی ئەقلی و دەماری.
ئامانجیشی چوونە قوڵایەکانی ژیانی نائاگایی و نەستی نەخۆشەکە بووە، هەروەها ئاشکراکردنی گرێ شاراوەکانی، ئەو گرێیانەی پێکهاتوون لەویستە خەفەکراوەکان و یادگارییە لە بیرکراوەکان، کە شپرزەیی دەروونی و جەستەیی جیاواز دەخولقێنن، هەروەها لێکۆڵینەوە ـ یان شیکردنەوەی. ـ لە هۆکارەکانی چاکبوونەوەی نەخۆشەکە لەو دیاردانە، ئەویش بە هۆی هاوپەیوەندی بیرۆکە و هزرە ئازادەکان دێنەدی کە ڕێگا بە نەخۆش دەدات هەندێ لەو بەسەرهات و یادگاریانەی لە بیریانی کردووە بە بیری بێتەوە، هەروەها شیکردنەوەی چەند خەوێکی و ڕافەکردنی دیمەن و هێماکانی بەمەبەستی یارمەتیدانی نەخۆش لەسەر تێگەیشتن و دووربینی (insight)، واتە درك پێکردنی نەخۆش بۆ ئەو بارە نەخۆشیەی تێدایە و پاڵنەرەکانیش چین، لەگەڵ گوێزانەوەی (transfernce) واتە گۆرینی هەستەکان لە هەڵویستەکان یاخود لەکەسەکانەوە بۆ شیکاری دەروونی.

سایکو دراما
السيكودراما
psychodrama
نمایشی دەروونی

هۆکارێکی چارەسەرکردنە، لەلایەن (moreno)ەوە داهێنراوە، بەپێی ئەو ڕێگا چارەسەرییە، دەبێ هاوکاری نەخۆش بکرێت، بۆ ئەوەی لەتوانایدابێت هەستەکانی خۆی دەربرێت، ئەویش لە ڕێگای هەستانی بەنواندنی چەند ڕۆڵێکی جیاواز.
سایکو دراما لە تاقیکردنەوە و ڕاهێنانی پاڵێوراوان بۆ چەند کارو فەرمانێك بەکار دەهێنرێت، کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بەشێکیانن، وەك کاری بازرگانی.

ڕەوتی دەروونزانی
النزعة السيكولوجية
psychologism

واتە، ئارەزوو بۆ زاڵکردنی بیرو بۆ چوونی سایکۆلۆجیا بەسەر تێروانین و بیرو بۆچوونەکانی دیکە. ئەم بۆچوونە جۆرێکە لە خواستی دەروونناسی کە ئامانجی لەخۆ گرتنی فەلسەفەی هەیە بەگشتی، یان بەلای کەم واپیشاندان کە دەروونناسی بنچینەی یەکەمی فەلسەفەیە.
هەروەها مەبەست لە زاراوەکە، ئەو ئاراستەیەی کە بۆ چارەسەرکردنی لۆژێك پشت بە دەروونناسی دەبەستێت، بەو هەندەی بیرکردنەوە پرۆسەیەکی دەروونیە، واتە ڕووداوێکی دەروونیە وەك ڕووداوە دەروونیەکانی دیکە.

دەروونناسی
علم النفس
psychology

دەروونناسی لێکۆڵینەوە لە رەفتاری مرۆڤ دەکات، هەروەها لە بوارەکانی چالاکی تاك، لەو ڕووەوەی کە تاك بوونەوەرێکی زیندووە، ویست و هەست و درك پێکردن و هەڵچوون و بیرکردنەوە و فێربوون و ئەندێشەو دەربرین و داواکاری ئەقلانیەتی تێیدا هەیە.
تاك لە هەموو ئەو دیاردانەیدا، بەو کۆمەڵگەیە کاریگەر دەبێت کە تێیدا دەژێت و پشتی پێی دەبەستێت.

سایکولۆژیای
علم النفس التربوي
Psychoiogy, educational
پەروەردەیی

لقێکی دەروونناسیە، چەمکەکانی خۆی لە بواری پەروەردەو لە پرۆسەکانی فێربوون پیادە دەکات، هەروەها لێکۆڵینەوەکانی لەئاراستە کردنی پەروەردەو فێربوون و شێوازەکانی دابەش بونی قوتابیان لەسەر جۆرەکانی ئەو بەرنامانەی کەلەگەڵ تواناکانیان دەگونجێت و چارەسەرکردنی لایەنەکانی لاوازی لە خوێندن و چۆنیەتی یەکلاکردنەوەی کێشە دەروونیەکانی قوتابیان دەگرێتەوە.

سایکۆلۆژیای
علم النفس الصناعي
Psychology industrial
پیشە سازی

لقێکی دەروونناسیە، لێکۆڵینەوە لە کێشە دەروونیەکانی بواری پیشەسازی دەکات ئەویش لە ڕووی پەیوەندییەوە بەبەرهەمهێنانی تەواو پێویست بە باری گونجاندنی کرێکاران. ئەم لقە سێ بنەما دەگرێتەوە خۆی:
1- گونجاندن و لە باربوونی پیشەیی، ئەویش بژاردن و ئاراستە و ڕاهێنانی پیشەیی بۆ کرێکاران دەگرێتەوە.
2- ئەندازەی مرۆیی، ئەویش بریتییە لە گونجاندنی هەل و مەرجی کار بۆ کرێکار لەگەڵ چاکترین و ئاسانترین ڕێگاکانی کاکردن.
3- پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکان، ئەم بنەمایەش لایەنی مەعنەوی و ورەی کرێکاران و شێوەی پەیوەندیکردن و لێك تێگەیەشتنی نێوان کرێکاران و سەرکردەکانیان دەگرێتەوە.

سایکومەتری
القياس النفسي
psychometrice
پێوەری دەروونی

لقێکی دەروونناسیە، گرینگی دەدات بە پێوانەکردنی خەسلەت و تایبەتمەندییەکانی تاك و گروپەکان. ئەم بەشەی

دەروونناسی پشت بە تاقیکردنەوە پێوەرە دەروونیەکان دەبەستێت، نموونەی: تاقیکردنەوەی توانا و پێوەرەکانی کەسێتی و ئاراستەو ئارەزوو بەها و ڕێگاکانی بەسەر داخستن لە پێوانەی کە سێتی.

تەماشابکە: تاقیکردنەوە — test

سایکوبات — السيكوباتية — psychopathy

نەخۆشی مێشك

حاڵەتێکی نەخۆشی سایکوسیسە، لەو حاڵەتەدا نەخۆش بە رووالەت باری ئاسایی خۆی پاراستووە، بەڵام لە راستیدا تووشی شپرزەیی و پەشێویەکی ترسناك بۆتەوە لە پێکهاتەو رەگەزە کۆمەلایەتی و رەوشتیە ئەقلیەکانی، بەجۆرێك توانای پارێزگاری کردنی لەو ڕێسا و بنەمایانە نامینێت کە بەگشتی پەیرەوی دەکات یاخود باوەری پێیەتی لە رەفتاریدا.

دەروونناسی — علم النفس المرضي — psychopathology

نەخۆشی

واتە، لێکۆڵینەوە لە هۆکار و فەرمان و کرداره ئەقلیەکان لە چەند حاڵەتێکی نەخۆشی، هەروەها روونکردنەوەی هەموو دیاردەی تێکچوون و شپرزەییە دەروونیەکان، روونکردنەوەیەك سایکولۆژیانە.

کاری پزیشکی ئەقلی، بریتیە لە جێبە جێکردنی دەروونناسی نەخۆشی لە هەردوو بواری پاراستن و چارەسەرکردن.

دەروونناسی لەش — علم النفس الفيزيقي — psychophysics

سایکو فیزیکی

زانستێکە هەڵدەستێ بە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیەکانی نێوان خەسڵەتەکانی بەسەرهات و زانیارییە هەستیە جیاوازەکان و نێوان خەسڵەتە بە ئاگاهێنەرە فیزیکیەکان، وەك روناکی و دەنگ و پاڵە پەستۆ، کە کاریگەرییان لەسەر ئەو شارەزاییە هەستیانە دەبێت.

ئامانجی شێوازەکانی سایکوفیزیکی، دیاریکردنی کردارە هەستیە رەها و جیاوازەکانە، واتە ئەوەی کەمتر توند و تیژەو بەشی روودانی هەست پێکردن دەکات، هەروەها ئەوەی بچووکترین جیاوازییە لە نێوان دوو پلە لە توندی و دەکرێ هەستی پێبکرێت.

سایکوسیس — الذهان، المرض العقلي — psychosis

نەخۆشی ئەقلی

تێکچونیچکی گەورەیە لە هێزە ئەقلیەکاندا، دەبێتە هۆی تێکچوونی هەموو هۆکارەکانی گونجان و سازانی ئەقلی و کۆمەلایەتی و پیشەیی و ئاینی...هتد.هەروەها دەبێتە هۆی شپرزەیی گشتی لە کەسێتی مرۆڤدا، لەگەڵ لە دەستدانی توانا بۆ لێکدانەوەو دووربینی (insight).

وشەی سایکوسیس بەچەند حاڵەتێك دەوترێت کە سەرچاوەکەی دەروونیە (psycho genic)، بەڵام نەخۆشیە ئەقلیەکە، کە سەرچاوەکەی تووش بوونی ئەندامی بێت، ئەوە پێی دەوترێت سایکوسیسی ئەندامی (organic psychosis).

پزیشکەوانی — الطب البدني النفسي — Psychosomatic medicine

جەستەیی دەروونی

یەك لە لقەکانی کاری پزیشکی دەروونیە، لێکۆڵینەوەکانی پەیوەندی بەرەفتاری گشتی تاکی مرۆڤ دەبێت، ئەویش لە بواری

پەیوەندییەکەی بەکاری پزیشکی و بەلقە جیاوازەکانیەوە.
یان بە دەربرینێکی دیکە بریتیە لە چەمکێك باسی نەخۆشەکە دەکات زیاتر لەوەی باس لە نەخۆشیەکە بکات.
زانستەکە لە هەڵسەنگاندنی بۆ نەخۆشیەکە هەوڵدەدات وەك بەدەنگەوە هاتنێکی مرۆڤی نەخۆش بۆ ئێش و ئازارێك کە بەسەریدا هاتووە باسی بکات، ئەو بینینی بۆ نەخۆشیەکە تەنها لە میانەی پەتای میکرۆبی و لە ناوچوونی شانەکانەوە نابێت، بەڵکو لە میانەی ژیانی گشتی نەخۆشەوە تەمەشای دۆخەکە دەکات.

سایکولۆجیای پراکتیکی — علم النفس التطبيقي — psychotechnoiohy
دەروونناسی تەکنیکی

یەك لە لقەکانی دەروونناسیە، لە پراکتیکردنی میتۆدەکانی دەروونناسی و ئەنجامەکانی بەسەر پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکان بە پیشەسازییەوە دەکۆڵێتەوە.
هەروەها ئەو هەموار کردنانەی دەخرێنە سەر ئامێرەکان بۆ ئەوەی لە باربن لەگەڵ کردار و چالاکیە مرۆڤایەتیەکان. ئەم زانستە هەندێ جار ناوی لێدەنرێت(psycho technics).

چارەسەری دەروونی — العلاج النفسي — psychotherapy

چارەسەرکردنی نەخۆشیەکان، ئەگەر ئەو نەخۆشیانە هەڵگری مۆرکێکی هەڵچوانە بن بەهۆی هۆکارە دەروونیەکانی وەك: سروشکاری لەکاتی بەخەبەربوون، یان لە ماوەی نوستنی دەستکرد، هەروەها بە هێزکردنی حاڵەتەکاکانی ویست و ورە بەرزی و قەناعەت پێکردن و شیکاری دەروونی.

هەرزەکاری — البلوغ — puberty
بالقبوون — المراهقة

ماوەیەکە لە گەشەکردن، لە بالقبوونەوە دەست پێدەکات تا تەواو پێگەینی لاوێتی.
لە تایبەتمەندییەکانی ئەو ماوەیە، پێگەیەشتنی رژێنەکانی زاوزێ و پەیدابوونی دیاردەو ئاکارە نوێیە سیکسەیەکان.
هەر لە خەسڵەتە گرینگەکانی ئەو قۆناغە، ویست بۆ ئازادی و جیاوازی لە کەسانی دیکە و بایخدان بە ئایندە.
زۆربەی کۆبەڵگە سەرەتاییەکان، کاریان بەهەندێ داب و نەریت و رێ و رەسمی تایبەت بە هەرزەکاری (pubertyrites) کردووە، ئەویش بەمەبەستی تاقیکردنەوەیان دەرخستنی خەسلەتەکانی و ملکەچی و خودابینکردن، دیارە ئەو خەسلەتانەش گواستنەوەیان بۆ قۆناغی پیاوەتی ئاشکرا دەکات، بەوەش رۆڵیان لە ناو کۆمەڵگە گۆرانکاری بەسەردادێت.

جەماوەر — الجمهور مشترك المصالح — Public

واتە، ژمارەیەکی گەورەی تاکەکان، ئەوانە بە تێگەیشتنەوە بە شداری دەکەن لە یەکگرتنێك، تێیدا بەرژەوەندییەکانیان بەدی دێت، بۆیە لەو گردبوونەوەیە هەستێك بە یەکگرتن و بەدیهاتنی خود دێتە دی، بەلآم رادەی ئەو هەستە جیاوازی تێیدا بەدی دەکرێت لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دیکە. ئەوەی جێگای سەرنجدانە، جەماوەر بەزۆر لەیەك جیادەبنەوەو جیاوازیشیان دەبێت هەندێکیان لە هەندێکی دیکە، ئەو دیاردەیەش هاوکار دەبێت بۆ پێکهێنانی هۆکارە گشتیەکانی پەیوەندی کردن.
زۆربەی تاکەکانی جەماوەر پەیوەندیکردنێکی راستەو خۆ نیە لە نێوانیاندا، بەلآم هاوبەشییەك دەخولقێت بە هۆی ئەوەی دەیخوێنەوە و ئەوەی بەدەستیان دەگات لە زانیاریەکان و لە بوارە هاوبەشەکانی دیکەی چالاکی.
کاریگەری جەماوەر لەو کارانە دەردەکەوێت کە پێی هەڵدەستن، لە میانەی دەنگدان یاخود هاوکاری نەکردن یانیش پێدانی

باجه گشتیەکان...هتد.

کار و فرمانی جەماوەر وەك یەکەیەك، گەورەترە لە فەرمانی تویێژێکی کۆمەلایەتی (social category)، کە پێکدێت تەنها لە چینێکی خەلکی وەك ژنانی کرێکار یانیش دەرچوانی زانکۆ....هتد.

تەماشابکە: جەماوەرێکی گشتی **mass**

دەستەی گشتی الهيئة العامة **Public authority**

دام و دەزگا

کەسێکی مەعنەوییە، دروست دەبێت بەبریارێك لەلایەن دەسەلاتێکی تایبەتەوە، بۆ ئەوەی رێگای پێ بدرێت بە ئەرکەکانی یان بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی کار بکات، ئەوانی مۆرکێکی گشتیان هەلگرتووە، بێ خۆبەستنەوە بە یاسا و کارراییەکانی حکومەت کە بەزۆری رێگر دەبن و کارەکانی پەك دەخەن.

دەستەی گشتی، کەسێتیەکی رێز لێگیراوی هەیە و سامان و پارەکانی بە پارەو سامانی گشتی دادەنرێن، ئەگەر دەقێکی یاسایی نەبێت کە بەسامانی تایبەتی دیاری کردبێت.

قەرزی گشتی الدّين العام **Public debt**

قەرزی گشتی بۆ نەتەوەیەك، کۆی قەرزە داراییەکان دەگرێتەوە ئەوانی بەهۆی قەرزکردنی دام و دەزگا حکومیەکان لەسەر ئاستی نەتەوەیی و هەرێمی و خۆجێی پەیدابوونە.

ئەو جۆرە قەرزە، قەرزە داراییەکانی حکومەت ناگرێتەوە کە بەهۆی قەرزکردنی وەك: قەوالە زێرینیەکان یان دراویەکان یاخود پابەند بوون بە گرێبەستەکانی کالا و خزمەت گوزارییەکان پەیدا بوونە، هەروەها قەرزە تایبەتەکانی تاك و دامەزراوەکانیش ناگرێتەوە.

قەرزی گشتی دەرەکی، ئەوی کاتی دانەوەیەتی بۆ حکومەتەکان یاخود هاولاتیانی دەولەتێکی دیکە ئەویش بەرەهن کردنی ئەو داهاتەی بەرهەم هێنراوە لەلایەن هێزەکانی بەرهەم هێنان، دەگرێتەوە.

بەلام قەرزی گشتی ناوخۆ کە قەرزی هاولاتیانە بەسەر حکومەتەوە، ئەو قەرزە بارگرانی گەورە پەیدا ناکات بەسەر ئابورییەوە بە گشتی لەبەر ئەوەی چەند حالەتێکی گواستنەوە دەگرێتەوە لە نێوان خاوەن قەوالەکانی حکومەت و نێوان باجدەرەکان.

تەندروستی گشتی الصحة العامة **Public health**

زانستێکە ئامانجی رێگرتنە لە نەخۆشیەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی پێویستی تاکەکانی کۆمەلگەیە لە رووی جەستەیی و ئەقلیەوە، ئەویش بە هۆی رەنج و هەولە بە کۆمەلەکانیان.

تەندروستی گشتی چاودێری مندال و دایکان دەکات، هەروەها تاك لە ماوەی گەنجی و لە پیریشدا، ئەویش بۆ رێگرتن لە یەککەوتنێك یان نەخۆشیەکی دژوار کە توشی ببێت.

ئەرکی تەندرورستی گشتی، چاودێرییە لەنەخۆشیە پەتاکان و خۆپاراستن لە دژیان، لەگەل پاکردنەوەی ئاوی خواردنەوە و رزگاربوون لە پاشماوە و زبل و پیسی، هەروەها کۆکردنەوەی هەموو ئامارە بەکەلکەکان و فێربوونی رێساو بنەماکانی تەندروستی لە قەتابخانەکان...هتد

رای گشتی الرأي العام **Public opinion**

واتا، ئەو هەست و بیر و بۆچوونانەی باون لەناو جەماوەرێکی دیاریکراو لەکاتێکی دیاریکراودا، دەربارەی هەلوێستێك یان کێشەیەك لە کێشەکان.

رای گشتی شێوەکەی لەوکۆمەڵگایە وەردەگرێت کە تیایدا سەرهەڵدەدات، کارێگەریش دەبێت بەرووداو کارلێکردنەکانی ناو کۆمەڵگا، رای گشتی دەکرێ جێگیر و نەگۆربێت لە داب و نەریتەکان هەڵدەقوڵێت، یان گۆراوەو بەزۆریش ئاقلاینیەتی تێدا بەدیدەکرێت و پشت بەکۆمەڵە دیاردەیەکی رێکوپێکی هاندان و بازار گەرمی و خەڵەتاندن دەبەستێت.
رای گشتی هەندێ جار ئاشکرا دەبێت، بریتیە لە دەربرینی کومەڵە خەڵکێك بۆ بیرو بۆچەنەکانیان دەربارەی کێشەیەکی دیاریکراو، دەربرینێکی ئاشکرا، لە بارێکدا ئازادی فەراهەم بێت و خەڵکی ترسیان نەبێت لە دەربرینی بیروباوەرەکانیان بە ئاشکرا.
رای گشتی شاراوە یان نائاشکراش دەبێت، واتا ئەو بیروراگشتیەی ئاشکرا ناکرێت، بەهۆی ترس دەربرینی خەڵك، کەرەنگە بڕواکانیان دژی یاسابێت، یاخود لەگەڵ پێوەرە کۆمەڵایەتییە زانراوەکان ناگونجێت.
کۆمەڵگای تازە، گرینگی بەنەزانینی ئاراستەکانی رای گشتی دەدات، بۆ ئەوەی لەتوانادا بێت پلانی جیاوازی بۆ دابنرێت بەو شێوەی لەگەڵ ئەو ئاراستانە و رێکبکەون.

| | | |
|---|---|---|
| سیستمی گشتی | النظام العام | **Public order** |
| تەماشابکە: | | **Order, public** |

| | | |
|---|---|---|
| پەیوەندییە گشتیەکان | العلاقات العامة | **Public relations** |

پەیوەندییە گشتیەکان هەڵدەستێت بەکاری پەیوەندی کردن لە نێوان ریکخراوەکان و جەماوەر، هەروەها روونکردنەوە و راڤە کردنی هەریەکەیان بۆ لایەنەکەی دیکە، بۆ ئەوەی ئەو رێکخراونە سەرکەوتن بەدەست بهێنن لە راکێشانی متمانەی جەماوەر و تێگەیشتنی و لایەنگریشی، واتا پەیوەندییە گشتیەکان کاردەکات لەسەر دروستکردنی چەند پیوەندیەکی دۆستانە لەسەر بنچینەی لەیەك تێگەیشتنی ئاڵوگۆر.

| | | |
|---|---|---|
| فەرمانبەری گشتی<br>کارمەندی حکومی | الموظف العمومي | **Public servant** |

فەرمانبەری گشتی ئەو کەسەیە کە بەژداری دەکات لە کارێکی بەردەوامی دامەزراویەکی گشتی، کە بەشێوەی بەکارهێنانی ڕاستەوخۆ بەڕێوەدەچێت، بەشدار بوونیشی لەکارە لەسەردەست نیشانکردنی لەلایەنی کارگێرییەوە دەوەستێت، هەروەها قبولکردنی ئارەزوو مەندانی فەرمانبەریش بۆ کارەکە.
زاراوەی پلەوپایەی گشتی (public office) بەو پلەوپایەیە دەوترێت کەبەپێی یاسا دامەزراوەو فەرمانبەرێکی گشتی کاری تێدا دەکات، ئەویش بۆ ڕاپەڕاندنی چەند دەسەلآت و کاروبارێکی حکومی یان نیمچە حکومی.
ئەو پلەوپایەیە بە رێکخستنێکی یەکگرتووی حکومەتەوە یاخود بەشێکی بەستراوەتەوە.

| | | |
|---|---|---|
| دام و دەزگا گشتیەکان | المرافق العامة | **Public utilites** |

واتە، جۆرێك لە خزمەتگوزارییە بنچینییەکان پێشکەشی هاولآتیان دەکرێت بەهۆی دەولەت و دامەزراوە خۆجێی و شارەوانیەکان. رەنگە دەولەت ئەرکی بە جێگەیاندنی ئەو خزمەت گوزاریانە بە کەسێك یان کۆمپانیاك بسپێرێت، ئەویش بەپێی گرێبەستێك کە بەچەند مەرجێك دیاریدەکرێت، مافی بەجێگەیاندنیان یاخود پابەندبوون و جێبەجێکردنی ئەو خزمەت گوزاریانە دیاری دەکات، لەگەڵ دیاری کردنی نرخ و ماوەکەی یانیش رێگاکانی چاودێری کردن و سەر پەرشتی کردنی جێبەجێکار.
نموونەی ئەو دامەزراوانەش: گواستنەوە بەهۆی هێڵی ئاسنین (شەمەندەفەر) یان پێگەیاندنی ئاوی خواردنەوە بە شارەکان هەروەها کارەبا و غاز.

خۆشگوزەرانی گشتی — الرفاهية العامة — **Public welfare**

بە دیهێنانی ئاستێکی نموونەیی لەو خزمەتگوزاریانەی کە دام و دەزگا بنچینەییەکان پێشکەشی هاوڵاتیانی دەکەن. دیارە ئەو کارەش لەبەر ڕۆشنایی نوێترین بەرهەمەکانی زانستە کۆمەڵایەتی و سروشتیەکانی دێتەدی.

ڕاگەیاندن پروپاگەندە — الاعلان — **publicity**

فەرمانێکی گرینگە لە فەرمانەکانی پەیوەندییە گشتیەکان.

مەبەست لە ڕاگەیاندن، بڵاوکردنەوەی ڕاستی و دەنگوباس و هزر و بیروای نێوان جەماوەرە، ئەویش بە چەند هۆکارێکی جیاواز، وەك: ڕۆژنامە و ئیزگە و سینەما و پێشانگاکان، هەروەها جۆرەها شێواز و هۆکاری دیکە بەمەبەستی ڕازیکردن و ڕاکێشانی لایەنگری و بەدەستهێنانی پشتگیری،

سزادان — العقوبة، القصاص، الجزاء — **Punishment**

سزادانی تاوانبارێك بە ناوی کۆمەڵگە، ڕەنگە ئەو سزایە ببێتە هۆی کوشتنی خودی تاوانبار، یان ڕێگری لە ئازادییەکەی ئەویش بە زیندانی کردنی، یاخود سزادانی دارایی بە دەستگرتن بەسەر سامان و پارەکەی، یانیش سزاکە مافە نیشتمانیەکانی بگرێتەوە، بەداماڵینی لە مافی هاوڵاتیبوون،

دیارە سزادانیش چەند ئامانجێکی هەیە، وەك ڕیگری لە خراپەکاری، یان دامرکاندن و تەمیکردنی ئەو کەسە.

دەوترێت سزای یەك بە دوای یەك ـ بەرودوا ـ (cumulative punishment)، ئەو سزایەش بەسەر ئەو تاوانبارە دەدرێت کە هەڵاتبوو ئێستاش گەڕاوەتەوە.

هەروەها سزای بەدناو ـ ئابروبەر ـ (infamous punishment) بە زۆریش مەبەست لێی سزای زیندانی کردنە لەگەڵ کاری قورس، و سزای خنکاندن (capital punishment) واتە کوشتن بەهۆی دەوڵەتەوە.

ئەو جۆرەیان لە کۆندا بەسەر تاوانباران دەسەپێنرا تا ئەگەر تاوانەکانیشیان بێ بایەغ بووبێت: بەڵام لەسەدەکانی هەژدەمەوە ئەو سزایە ڕووی لە کەمبوونەوە کرد بەهۆی هەوڵەکانی چەند ڕووناکبیرێك.

تەماشابکە: سزا یاساییەکان — **legal sanctions**

هێزی کرین — القوة الشرائية — **purchasing power**

توانای پارە خەرجکردن و بەکاربەران لەسەر کرینی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان لە بەرامبەر ئەو داهاتەی کە بەدەستیان دەکەوێت.

دەوترێت: یەکسان بوونی هێزی کرین (purchasing power parity)، ئەو یەکسان بوونە دێتەدی کاتێ نرخی خەرجکردن لە نێوان دوو دراودا بەجۆرێك دەبێت کە برە هاوسەنگەکانی دراو، هێزی کرینیان وەك یەك بێت لە وڵاتی هەردوولایان.

پاکتاوکردنی سیاسی پاکتاوکردن — التطهير السياسي — **purgation**

زاراوەیەکە ئاماژە بۆ پاککردنەوە دەکات، واتە دوورخستنەوەی سەرکردایەتی حزبێك بۆ ڕەگەزە (کەسە) دژەکانی یان ئەوانی

جێگای ڕەخنەن لەلایەن حزبێکی سیاسییەوە یاخود حکومەت و یانیش هەر دامەزراوەیەکی دیکە.
ئەو کارە ڕەنگە بەندکردنی تێدا بێت.
هەندێ جار ئەوکارە جێبەجێ دەکرێت بەدەسگیر کردنی و زیندانی یاخود لە سێدارەدانی بەکۆمەڵ بۆ چەند توێژێکی ناو کۆمەڵ، ئەوانی بە مەترسی دادەنرێن بەسەر کۆمەڵگە، بەپێی ئەو واتایە، دیاردەکە لەلایەن چەند نووسەرێك بەروخسارێکی جەوهەری سیستمە دیکتاتورییەکانی دادەنێن.

**purification** | التطهير | پاککردنەوە

پاککردنەوە بەپێی دیدی ـ ئەنثر وپۆلۆجیا ـ پرۆسەیەکە لە جوارچێوەیدا مرۆڤ هەڵدەستێت بەپاککردنەوەی خۆی ئەگەر بەهۆی شوشتن بێت یان دەست نوێژ (ablution) یاخود بە پێشکەشکردنی قوربانی و یانیش هەر شتێکی دیکە لەوبارەوە وەك هێمایەك بۆ دیاردەکە.
ڕوودانی خوێن ڕشتن و لەدایك بوون و مردن لەو بابەتانەن کە پێویست بە پاککردنەوە دەکات، ئەو کارەش بە پێویست دەزانرێت پێش هەر چالاکیەکی دیکەی ڕەفتاری و نەریتی لەلایەن مرۆڤەوە.

**puritanism** | مذهب التزمُت<br>التطهيرية – البيوريتانية | پاکژیگەرایی<br>بیوریتانیزم

ڕێبازی کۆمەڵێگە، پەیرەوی چەند ڕێسایەك دەکەن لەرەفتاریاندا، لەتووند و تیژیدا ڕێسا باوە ئاساییەکان تێپەر دەکات، بەتایبەتیش ئەوەندەی پەیوەندی بەبوارە ڕەوشتی و ئاینیەکانەوە هەبێت.
تێڕوانینی لایەنگرانی ئەو ڕێبازە بۆ کۆمەڵگە، شێوەیەکی تیوکراسیە، تێیدا پیاوانی ئاینی دەسەڵاتێکی ڕەهایان دەبێت بۆ چاودێری کردنی ڕەفتاری تاکەکان.

**purposive sampling** | المعاينة العومية | نموونەی مەبەستدار

لەم بوارەدا، توێژەر هەڵدەستێ بە هەڵبژاردنی نموومەیەك، بەبۆچوونی خۆی ئەو نموونەیە نوێنەرایەتی کۆمەڵگە دەکات لە ئاست خەسڵەتێکی دیاریکراودا.
ئەو هەڵبژاردنە بۆ نموونەکە بە ڕێگای یەکسانی دەرفەتەکان نابێت، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی هەلدەبژێردرێت و لایەنگریشی بۆ لایەك تێدا دەبێت،
ئەو لایەنگرییەش گەورە دەبێت ئەگەر ژمارەی یەکەکان لە نموونەکەدا بچووك بوون.

**Purposivism** | الغَرضية | ئامانجخوازی<br>مەبەست گەری

ڕێبازێکە لە دەروناسیدا، بۆ چوونی وایە کە ڕەفتار بەهۆی چەند هاندەرێکی خودیەوە دروست دەبێت، ڕووی لە چەند ئامانجێك دەبێت، ئەگەر بە ئاگایی و هەست پێکردنەوە بێت، یان بێ ئاگایی نەستی بێت.

**Putting out system** | نظام الوسطاء | سیستمی بەرهەمهێنانی<br>ماڵە چە - دەڵاڵ

سیستمی دەڵاڵەکان، ئاماژە بۆ قۆناغەکانی پەرەسەندنی ئابوری دەکات لە سیستمی کارگەدا. بەپێی ئەو سیستمە، بازرگان یان

دەلاڵێك کەرەستەی خاو ئامادە دەکات، لە هەندێ باریشدا ئامێرو کەرەستە بۆ کرێکاران ئامادە دەکات، ئەوانی هەڵدەستن بە دروستکردنی ئەو کەرەستە خاوانە و بەرهەمهێنانی شتێکی دیکە لێی.

دیارە ئە کرێکارانە لە بەرامبەر کرێ و رۆژانەیەك رێککەووتن بۆ کارکردن لەو بوارە.

دەلاڵ هەڵدەستا بە ناردنی بەرهەمەکانی بۆ بازار، هەروەها ئەرکی هەموو پرۆسەکانی کارکردنی دەگرتە ئەستۆی خۆی لە سەردەمی تازەدا، رەنگە بەو سیستمەش بووترێت سیستمی پیشەسازی ناو مال خانەوادەیی - .

تەماشابکە: خزمەت گوزاری ناو ماڵ **Domestic system**

# Q

**Quadratic mean** | **الوسط التربيعي** | **ناوەندی دووجایی**
**نێوەنجی دووجا**

لە ئامـاردا، تێکـرای دووجـایی بـۆ کۆمەڵـە بەهایـەك، بریتیـە لـە رەگـی دووجـا بـۆ نـاوەنجی دووجاکـانی ئـەو بەهایانـە، ئـەو ناوەنجیە دووجایە زۆر کەم بەکاریش دەهێنرێت بۆ باسکردنی کۆمەڵەکان، بەڵام ئەو حاڵەتانەی کـە تێیـدا بـەکار دەهێنرێـت گرینگیان دەبێت و ناکرێ لە بری ئەو هەر ناوەنجییەکی دیکە بەکاربهێنرێت.

**Quaker** | **الكويكر** | **کویکەر**
**-کۆمەڵەی هاورێیانی ئاینی -**

کۆمەڵێکی ئاینیە، ناوی: کۆمەڵەی هاورێیانی ئاینی (quakers association)یە، رێبازەکەی ئاشتی و زیـان نەگەیاندنـە بەکـەس، هـەروەها پابەنـد بـوون بـە نـەریت و رەفتـار و رێ و رەسمـە ئاینیـەکان، نوێـژکردن بـە بێـدەنگی تـەواو، لەگـەڵ ئەنجامدانی خێرخوازی جۆرا و جۆر.

**Qualifications** | **المؤهلات** / **الكفاءة** | **لێهاتوویی** / **توانا**

بریتیـە لـە کۆمـەڵێك زانیـاری و توانـا و کارامـەیی و خەسـڵەتە گشـتیەکان هـەروەها بروانامـەی خوێنـدن و شـارەزایی و راهێنانەکان، ئەوانی تاك بە دەستی هێناون و ئامادەیان دەکات بۆ کارکردن.
دەوترێـت: مـەرج و داواکریـەکانی لێهـاتویی (qualification require ments) و پێوەرەکـانی لێهـاتووی (qualification standards)، هەروەها دەوترێت: فەرمانبـەری ئامـادەو لێهاتوو(qualified employee) واتـە ئـەو خەسڵەتانەی پێویستن بۆ ئامادەکردنی فەرمانێك.
هـەروەها لـە بـواری دڵنیـا بـوونی کۆمەڵایـەتی دەوترێـت: مەرجـەکانی شـایاندن (qualifying conditions)، واتـە ئـەو مەرجانـەی رێگـا بـەو کەسـە دەدات کـە سیسـتمی دڵنیـا بـوون دەیگرێتـەوە، سـوود لـە تایبەتمەندییـەکانی سیسـتمی بیمـە دڵنیابوون وەربگرێت کە سەلمێنراون.
هەروەها دەوترێت: ماوەیەکی پێویسـت بـۆ بەدەسـتهێنانی مافـەکانی سیسـتمی دڵنیـابوون (بیمـە) (qualifying period)، واتە: ماوەی بەشداریکردنێکی دیاریکراو، یان ماوەیـەکی خزمـەت گـوزاری یـاخود مـاوەی نیشـتەجێبوون کـە دەیگرێتـەوە بـۆ خۆی یانیش خێزانەکەی بەو پێیە مافی خەسلەتەچاکەکانی دڵنیا بوون دەدەدرێتە ئەو کەسانە.

**qualitative analisis** | **التحليل القيمي** | **شیکاری چۆنیەتی**
**شیکردنەوەی بەهایی**

شیکردنـەوەی چۆنیـەتی ـ بەهـا ـ لـە میتۆدەکـانی تۆژینـەوەدا، ئەو شـێوازەیە کـە توێـژەر پـەنای بـۆ دەبـات لـەو هـەموو پرۆسـە ئەقلیانەی مەبەست لێیان ئاشکراکردن و سادەکردنەوەی راستیەکانە.

وەك: دابەشكردن، پۆلینكردن، بەلگاندن، هەلێنجانی پێوانەیی و نواندن.

**كونترۆلی جۆری** | **فحص جودة الانتاج** | **quality control**

سەرپەرشتی كردنی پرۆسەكانی بەرهەمهێنان بۆ بەدیهێنانی بەرهەمی كالایەك بە كەمترین تێچوو بەچاكترین مەرج، ئەویش بەپێی ئەو پێوەرانەی دانراون دەربارەی جۆرایەتی بەرهەم.
لەو جۆرە كارانەشدا كرێكاران بەخشینی بەرامبەر بەرهەمی چاك وەردەگرێن، (quality bonus)، ئەویش ئەو پاداشتەیە كە پێیان دەدرێت لەسەر بنچینەی باشی بەرهەمەكانیان.

**شیكردنەوەی چەندایەتی** | **التحليل الاحصائي أو الكمي** | **quantitative analysis**

شیكاری چەندێتی ـ ئاماری ـ لە میتۆدەكانی تۆژینەوەدا، ئەو شێوازەیە كە توێژەر پەیرەوی دەكات بۆ پۆلێنكردنی ئەنجامەكان و پشكنینی رەخنەگرانە بۆ زانیاریە ژمارەییەكان، هەروەها بەكارهێنانی تێكراییە ئامارەییەكانو ژمارە پێوانەییەكان و پێوەرەكانی پەرش و بلاوی و پێوەلكان و ژماردنی ئەگەرەكان و... هتد.

**چەندێتیگەری** | **النزعة الكمية** | **quantitativism**

بۆ چوونێكە داكۆ كی لەسەر ژمارەو پێوانەكانی دەكات، وەك رێبازێك بۆ لێكۆلینەوە لە توێژینەوەی زانستی كە ناكرێ چاوپۆشی لێبكرێت لەهەر بوارێكدا بێت.
بەپێی ئەو بۆ چوونە واپێویست دەكات كە دیاردە بینراوەكان بگۆردرێت بۆخشتە ئاماریەكان و نەخشە زانیاریەكان، هەروەها گۆرینی یاسا زانستیەكان بۆچەند هێما گەرییەكی بیركاریانە.

**پاداشتەكانی بری بەرهەم** | **مِنَح كمية الانتاج** | **quantity bouns**

ئەو پاداشتانەی دەدرێنە كرێكاران دەربارەی ئەو كارەی كە ئەنجامدراوە، دیارە ئەو پاداشتە لە كەمترین رادەی كرێیەكی دیاریكراو، زۆرتر دەبێت.

**تێوری چەندەتی پارە** | **نظرية كمية** | **quantity theory of money**
**تێوری برە نەختینە** | **النقود**

ناوەرۆكی ئەم تێوریە ئەوەیە كە بەهای دراو لەسەر برەكەی دەوەسستێت.
لە ساكارترین شێوەكانی گۆرانكاری لەبەهای دراودا، ئەگەر شتەكانی دیكە لەسەر باری خۆیدا مانەوە ئەوا پەیوەندییەكە بەپێچەوانە دێت لەگەل گۆرانكاریەكان لەبری دراودا، ئەگەر بری دراوەكە بووە دوو جای پێشتر، ئەوا نرخەكانیش دەبنە دوو هەندەی كە لەسەری بوونە پێشتر، واتە بەهای دراوەكان دەبنە نیوەی ئەوەی كە پێشتر لەسەری بوونە.

**كارانتینە** | **الحَجَر الصحي** | **quarantine**
**شوێنی دابرینی تەندروستی**

چاودێریكردنی ئەو كەسانەی لەولاتانی دەرەوە دێنە ولاتێك و مەترسی بلاوكردنەوەی نەخۆشیان لێدەكرێت.
لەم بارەوە داوو دەرمانی پێویستیان پێ دەدرێت، یان جیادەكرێنەوە، ماوەی ئەو جیاكردنەوەیەش جیاواز دەبێت بەپێی ئەو نەخۆشیەی كە مەترسی لێدەكرێت.

**ناكۆكی** | **المشاجرة، النزاع** | **quarrel**
**شەر**

شێوەیەكە لە ناكۆكی لەنێوان چەند كەسێك یان چەند كۆمەلەیەك، ئەو ناكۆكیە توونـدی و تورەیی لەگەلدا دەبێت، رەنگە

جنێودانیش بگرێتە خۆی، هەروەها رەنگە بگاتە رادەی شەرە دەست یاخود بەکارهێنانی ئامێرێك لەو شەرەدا.

تەماشابکە: شەرکردن conflict

**کانی بەرد** المَحاجر **quarrise**

پیشەسازی دەرهێنانی بەرد لەو ناوچانەی تێیدا دەست دەکەوێت.

کرێکارانی ئەو جۆرە پیشانە بەرەو رووی هەندێ مەترسی و زیانی تەندروستی دەبنەوە، بۆیە یاساکانی کار رێگا لە مێردمندالْ و ژنان گرتووە کە لەو بوارەکار نەکەن.

**لادانی چارەکی** الانحراف الربعي **quartile deviation**

تەماشابکە: نیوەی چارەکی مەودا Semi - interquartile range

**نیمچە گروپ** شبه جماعة **quasi - group**

کۆمەڵە دانیشتوانێك بێ هەیکەلیەت و نارێکخراو، وەك: گردبوونەوە، توێژێکی کۆمەڵایەتی، حەشامەتێك، جەماوەرێك، ئەندامی ئەو جۆرە گرو پانە توانایان لەسەر پێکهێنانی هەیە، ئەگەر چی وەك پێویست هۆشیاری تەواویان نیە لەسەری، یان ئامادەییان هەبێت بۆ ئینتیما یاخود پێکهێنانی.

**راپرسی** الاستبیان **questionnaire**

**پرسنامە** الاستفتاء – الاستقصاء

ریگایەکە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان، ناوەرۆکی ئەو کارەش پشت بە کۆمەڵە پرسیارێك دەبەستێت، پرسیارەکان رەوانە دەکرێن بەرێگای پۆست بۆ کۆمەڵە تاکێك، یان لەسەر لاپەرەی رۆژنامەو گۆڤارەکان بلاّو دەکرێنەوە یاخود بەهۆی تەلەفزیۆن و ئیزگە رادەگەیێنرێن.

ئەویش بۆ ئەوەی خەڵکی وەلاّمیان بدەنەوە، یانیش رەوانە دەکرێن بۆ ئەو کەسانەی سەرپەرشتی تۆژینەوەیەك دەکەن، هەروەها دەکرێ بدرێتە دەستی ئەوانی بە توێژینەوەکان هەڵدەستن بۆئەوەی وەلاّم بدرێنەوە، دواتر توێژەر یان یەك لە نوێنەرەکانی ئەرکی کۆکردنەوەی دەگرنە دەست، پاش ئەوەی وەلاّمەکانی لەسەر تۆمار دەکرێت.

**ریزگرتنی** الطابور **queue**

**یەك بەدوای یەك** الصف

مەبەست لە زاراوەکە لەرووی کارگێرییەوە، پەیرەو کردنی بنەمای یەکسانیە لەکارو باری رەسمی لەگەڵ جەماوەردا.

بەو مانایەی کە سایکولوجیەتی ریزبوون یان پۆل بەستن لە کاروبارەکاندا دەچەسپێت، ئەوەی یەکەمجار ئامادە بێت ئەوە یەکەمجار خزمەت دەکرێت.

ئەم بنەمایە دەبێتە، رێسایەکی بەهێز لەلایەن جەماوەرەوە، ئەوەی بیەوێت بەسەریدا تێپەر بێت، ئەوا بەرەو رووی نارەزایی و بێزارییەکی توند دەبێتەوە.

مانگرتنی کتوپر
Quicki strike — الاضراب المفاضيء
- بەپەلە -

واتە، مانگرتنی کرێکاران بۆ ماوەیەکی کورت و بەشێوەیەکی کتوپر، رەنگە دووبارە ببێتەوە بۆ چەندین جارو لە ماوەیەکی جیاوازیشدا.
ئەو چالاکیە مەبەست لێی پشتکیری کردنی کرێکارانی دامەزراوەیەکی دیکەیە، یان وەك نارەزاییەك بەرامبەر مەرجەکانی کارگردن لە دامەزراوەکەیان.
هەروەها بۆ فشار خستنە بۆ سەر خاوەن کار بۆ بەدەنگەوە هاتنی داواکاری کرێکاران.

ولات فرۆش
quisling — بائع وطنه
خائین

کەسێك، خۆی بفرۆشێت و هاوکاری داگیرکەرانی ولاتەکەی خۆی بکات، بەتایبەتی لە رێگای بەشداری کردن لە دامەزراندنی حکومەتێکی گالتەجاری لە ولاتەکەی.
وشەکە لە ناوی ئەفسەرێکی نەرویجیەوە بەناوی (major quisling)ەوە وەرگیراوەو ناوبراو، ناوبانگی بە خیانەت دەرکرد.

رێژەی یاسایی
quorum — النصاب القانوني لصحة الاجتماع
بۆ راستی کۆبوونەوە

هەموو دامەزراوە و ئەنجومەنێك سیستمێکی بنچینەیی هەیە، ئەو سیستمە رادەی راستی یاسایی بۆ بەستنی کۆبوونەوەکان دیاری دەکات.
رێژەی یاسایی لە بارێکی ئاساییدا، بریتیە لە نیوەی ئەندامانی ئەنجومەنەکە بەلای کەم.
وەك باویشە، لەحالەتی پێش نیازکردن بۆ هەموار کردنی ئەو سیستمە، یان لە بارێکدا داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنەکە بکرێت، ئەوا پێویست بەئامادە بوونی دوو لەسەر سێی ئەندامان دەکات، بۆ ئەوەی کۆبوونەوەکە یاسایی ببێت.

نموونەی پشکی
Quota smpling — المعاينة بالصحة أو بالحصص
یان بەهۆی بەشەوە

کۆکردنەوەی نموونەکان، هەڵبژاردنیان بە ئەنقەست دێتەدی بۆ ئەوەی وێنەیەك دەربارەی چەند خەسڵەتێکی کۆمەڵگە بخاتە روو، ئەویش بەوەی هەر توێژەرێك بەشێك لەیەکە جیاوازەکانی نموونە کۆکراوەکانی پێ بدرێت کە پێویست دەکات نموونەکە بگرێتە خۆی.
لێرەدا توێژەر ئازادە لە هەڵبژاردنی ئەو یەکانە لە ناو سنوری ئەو بەشەدا.

سیستمی پشکی
Quota system — نظام الحصص

لە ئابووریدا، مەبەست لە سیستمی بەشەکان، سیستمێك چەند برێکی دەستنیشانکراو دیاری دەکات و رێگا لەوە زیاتریش نادات بە تاکەکان یان دامەزراوەکان یاخود دەوڵەتەکان، سیستمی بەشەکان بە کۆسپێکی گەورەی سەر گەشەکردنی بازرگانی نێودەوڵەتی دادەنرێت.
هەر هەوڵێکیش بۆ لادانی یاخود کەمکردنەوەی ئەو کۆسپ و رێگرییە سەپێنراوانە بەسەر بازرگانی دەرەکی لە ریگەی بەشەکانەوە، بەناوی رزگارکردنی بازرگانی نێو دەوڵەتی ((liberalization of trade) دەناسرێت.

ئەنجامی دابەشکردنی
بەرکەوت

خارج القسمة الحاصل

**quotient**

ئەو ژمارەیەی کە بەدەستمان دەکەوێت لە ئەنجامی دابەشکردنی ژمارەیەك بەسەر یەکێکی دیکە، مەبەستیش لێی رێبەرە (index) یان رێژەیەکە (ratio) بۆ دەرخستنی پەیوەندییە رێژەییەکەی نێوان دوو بڕ دادەنرێت.

وەك بەرکەوتنی زیرەکی (intelligence quotient) ئەو ژمارەیە دەردەهێنرێت بە دابەشکردنی تەمەنی ئەقلی خوێندکار بەسەر تەمەنی زەمەنی و جارانی سەدیش بکرێت، هەروەها بەرکەوتنی بە جیهێنانیش ( accomplishment quotient) ئەویش دەردەهێنرێت بە دابەشکردنی تەمەنی خوێندکار لە رووی بەرهەمهێنانەوە بەسەر تەمەنی زەمەنی و جارانی سەدیش دەکرێت.

# R

race — السلالة — بنەچە نەژاد
ڕەچەلەك

کۆمەڵە کەسانێك، چەند خەسڵەتێکی بایولوجی یان سایکولوجی یاخود کۆمەڵایەتی بەیەکیان دەگەیەنێت، کە بنچینە هاتنە خوارەوەیان لەسەر یەك بنەچەی هاوبەشە.

ئەوانە، پێکهاتەیەکی سروشتی تایبەت، وەك موو، یان شێوەی کەلەی سەر، یاخود ڕەنگی پێست یانیش درێژی بالا... لەیەکیان جیاواز دەکاتەوە.

توێژەران تا ئێستا ڕێکنەکەوتوون دەربارەی پۆلێنکردنیان بۆ ڕەچەڵە کە مرۆڤایەتیەکان، لەسەر بنچینەیەکی جێگیری دیاری کراو.

لەم بوارەدا چەندین دابەشکردن دەبینین بۆ ئەو ڕەگەزانە هەریەکێکیان بە پێی خەسڵەتێك یان ئەو خەسڵەتانەی کە لە جیهاندا کاریان پێدەکرێت، دەبنە بنچینەیەك بۆ ئەودابەشکردنە.

racism — العُنصرية — ڕەگەز پەرستی
نەژاد پەرستی

بیرو باوڕێکە پشت بە بیرۆکەی بالایی ڕەگەزێك بەسەر ڕەگەزەکانی دیکە دەبەستێت، واتە، ڕەچەڵەکە مرۆڤایتییەکان لە ڕووی پلەو پێگەکانیان هەمە جۆرن و بە هاکانشیان جیاوازە. ئەم بۆ چوونە یەك لە شێوەکانی خۆبایی ڕەگەزییە (ethnocentrism) واتە باوەر هێنان بەوەی ئەو کۆمەڵەی کە تاك ئینتیمای بۆی هەیە، لە ڕەچەلەکێکی جیاوازی تایبەت پێکهاتووە و لەسەرووی ڕەچەلەکەکانی دیکەیە.

Racketeering — النَّصب – البلطجة — فێڵ و ساختەچێتی
پارە پەیداکردن بەهەدەر

ساختەچی، ئەو کەسەیە کە بەهۆی هەرەشە یان توووند وتیژی خەلکی ڕووت دەکاتەوە.

ڕەنگە ئەو جۆرە کەسانە لەگەڵ یەك کاربکەن و هەستن بە هەندی کار و کردەوەی نارەوا.

Racketeering, labour — استغلال عُمالي — چەوساندنەوەی کرێکاران

فشاری دەسەلاّت دارانی ناو سەندیکا بەسەر کرێکاران بۆ ئەوەی ئینتیما بۆ سەندیکا بکەن، یان فشار خستنەسەر خاوەن کار بۆ دان پێدانان بەسەندیکا.

radicalism — الراديكالية الجذرية — رادیکالیزم
ڕیشەیی

ڕێبازی ئازادیخوازە توندڕەوەکان، ئەوانی داوای چاکسازییە ریشەییەکان دەکەن و رازی نابن بە چاکسازی پلە بە پلە بە مەبەستی چاککردنی کاروباری ئابووری و کۆمەلاّیەتی و سیاسی کۆمەڵگە.

رادیکالیزم ئەو پەڕی چەپ دەنوێنێ، لیبرالیزمیش لە پلەی دووەمدا دێت، دوای ئەوانیش ڕێبازی کۆنەپارێزان دێت کە، دژە بۆ هەر گۆڕانکارییەکی جەوهەری.

هونەری رادیۆ
الاذاعة
Radio broadcasting
- پەخش -

ئیزگە، یەك لە هۆیەکانی پەیوەندیکردنە بە جەماوەر، کار لەسەر گەیاندنی دەنگەکان دەکات بەشێوەی بێ تەلی، ئەویش بەکاری ئیزگەکان و گوێگرتن لێیان بە هۆی ئامێرەکانی پێشوازیکردن. ئیزگە چەندین بەرنامەی جۆراو جۆر ڕێکدەخات کەلەلایەن زۆربەی توێژەکانی کۆمەڵگە بایەخی پێ دەدرێت، ئیزگە بە هەرزانترین و خێراترین هۆیەکانی پەیوەندیکردنی دادەنرێت، هەروەها توانای گەورەی چەندین بابەتی پەروەردەیی و رۆشنبیری لە بەردەستە، بۆیە بووە بە بەشێکی جیانەبۆوە لە ژیانی ئاسای خەڵك و کاریگەرییەکی گەورەشی بەسەریاندا هەیە.
لەبەر ئەو هۆیانە زۆربەی حکومەتەکان هەڵدەستن بەسەرپەرشتی کردنی سەرئیزگە، بەڵام ئەوەی جێگای رەخنەگرتنە لەم بارەوە، دەستگرتنی دەولەتە بەسەر ئیزگە کە دەبێتە هۆی لەیەك چوون و هاوچەشنی لە داب و نەریت و رەفتارەکان، تارادەی ئەوەی هەر جۆرە ویست و هاندەرێك نەمینێت بۆ گوێگرتن لێی و هەر جۆرە گۆڕان جیاوازییەکی کولتوریش نەهێڵێت، دیارە ئەویش بە هۆی یەکخستنی بەرنامەکانە.

رەمەکی
عشوائي
random
بێ بیرکردنەوە

لە توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا، ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ پێدانی دەرفەتی یەکسان دەکاتبۆ هەڵبژاردن بە هەموو یەکەکانی کۆمەڵگە. تا ئەگەر ئەو نموونەیەی کە توێژینەوەکەی لەسەر جێبەجێ دەکرێت هەڵبژێردرا، ئەوا دەبێتە نوێنەرێکی راستەقینەی هەموو خەسڵەتە بنچینەییەکانی کۆمەڵگە.

مەودا
المدى
Range
ریز

لە ئاماردا مەودا پێوانەیەکە بۆ پەرش و بڵاوبوونەوەی بەهاکان لە دابەشکردنی دووبارە بوونەوەیی، هەروەها ئەو جیاوازییە یە لە نێوان بەرزترین بەهاو کەمترین بەها لە دابەشکردنەکەدا.
ئەگەر زانیاریەکان کۆکرانەوە، ئەوا دەکرێ مەودا بە دەست بهێنرێت، ئەویش بە لێدەرکردنی خاڵی ناوەراست لە ماوەی توێژی خوارەوە(class interval) لە خاڵی ناوەراستی ماوەی توێژی سەرەوە.
مەودا ساکارترین و ئاسانترین پێوانەیە دەکرێ بۆ پەرش و بڵاوبوونەوە بە دەست بهێنرێت.

پلە
الرُتبة
rank
پۆلین کردن

ئەو پێگەیەی کە یەکەیەك لە هەر جۆرێکدا بێت داگیری دەکات، لە ئاست ئەو یەکانەی دیکە کە ئینتیمایان بۆ هەمان گروپ هەیە، ئەویش بە پێی تایبەتمەندییەك، وەك: قەبارە یان جۆر یاخود گرینگی.
یەکەکان بە پێی بەهاو نرخیان رێك دەخرێن، دەست پێدەکات لە خوارەوە بۆ سەرەوە یان بەپێچەوانە.
لە رووی سایکولوجیەوە مەبەست لە پلە، ئەو پێگەیەی تاك کاری تێدا دەکات لە ناو کۆمەڵدا، هەر بەهۆی ئەو پێگەیەش دەبێتە خاوەن دەسترۆیی یان رێز، یاخود هێز، یانیش چەند تایبەتمەندییەکی جیاوازی دیکە لە ئاست کەسانی دیکە.

دەوترێت: کاروباری نووسین (rank and file) مەبەستیش لێی، فەرمانبەرانی بچووك لە کارووباری نووسیندا، واتە ئەو فەرمانبەرانەی بە کاروباری ئاسانی رۆتینی هەڵدەستن، کارەکانیانیش پێویست بە بیرکردنەوە یاخود داهێنان یانیش راهێنانی دوور و درێژ ناکات.
هەروەها دەوترێت: سیستمی رێکخستنی پلەکان (ranking system) وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو سیستەمەی دامەزراوە لەسەر بنچینەی مامەڵەکردنی تاکەکان بە پێی پێوەری پلەکان یان پایەکان کە بە دەستهێنان هێناوە لە سەر بنچینەی لێهاتوویی.

هاوکۆلکەی پەیوەستی پلەکان | معامل أرتباط الرُتب | **Rank correlation**

پلە لە ئاماردا شوێنی یەکەیەکە لە زنجیرەیەك پلەو پایەی قەبارە جیاواز ئەویش لە ئاست یەکەکانی دیکە.
هەندێ جار وا روودەدات، ئەو دوو دیاردەیەی کە پێویست دەکات هاوکولکەی پەیوەندی نێوانیان بدۆزرێتەوە، لەو دیاردانە بن کە ناکرێ پێوانەی ئەو بە هایانەی پێ بکرێت کە بە وردی وەری دەگرن، بەڵام دەکرێ لە شێوەی پلەو خانەیەك دابنرێن بە پێی ژمارە سروشتیەکان.
هاوکولکەی پەیوەندی نێوان پلەکان کە سیبرمان دایناوە، ئەوە لە سەر بنچینەی هەڵسەنگاندنی رادەی پەیوەستی نێوان دوو گۆڕاو دامەزراوە، چەندی جیاوازی نێوان پلەی بەها بەرامبەرەکان لە دوو گۆڕاودا گەورە بوون، ئەوەندە پلەی پەیوەستی نێوان هەردوو گۆڕاو کەم دەبێت و پێچەوانەکەشی بە پێچەوانە راست دێت.

گوناه پاککردنەوە رزگارانە - سەرانە | الفدية | **ransom**

ئەو قەرە بووەی تاوانبار دەیدات بە کەسی تاوان لێکراو یان ئەوانی شایانی ئەو قەرە بووەن لە کەسانی خزمی تاوان لێکراو بۆ ئەوەی لە تۆڵە سەندنەوەیان بە دوور بێت.

دەست درێژی سێکسی | الاغتصاب هتك الاعراض | **rape**

مەبەست لە زاراوەکە، پەیوەندیکردنی سیکسیە لەگەڵ ژنێك بەبێ رەزامەندی خۆی، ئەو کارەش لە رووی یاساوە نارەوایە.
دیارە دیاردەکە جیاوازیشە لەوەی پێی دەوترێت رفاندنی ژن - هەڵگرتن - بە مەبەستی هاوسەرگیری لە گەڵیدا یاخود پەیوەدنی سیکسی کە ناویشی لێنراوە (woman abduet) - ژن فراندن - .

پەیوەندی | الصلة العلاقة | **rapport**

پەیوەندییەکە لەسەر پلەیەکی بەرزی بیروباوەر و بەتەنگەوە هاتن و بایەخدان و هەست و سۆزی هاوبەش دامەزرابێت، لەکەش و هەوایەکی پر متمانەی ئاڵ و گۆڕو لێك تێگەیشتن، هەروەها مەبەست لێی حالەتێك لەبەدەنگەوە هاتنی هاوبەش لە نێوان دوو گروپ یان زیاتر، بەجۆرێك هەر لایەکیان دەکرێ بە خێرایی بەدەنگ لایەکەی دیکەوە بێت و هاوسۆزیشی بێت.
هەروەها زاراوەکە بەو پەیوەندییەش دەوترێت کە لەنێوان ئەو کەسەی بەکاری نووستنی موگناتیسی هەڵدەستێت و کەسی دووەم کە کارەکەی لەسەر ئەنجام دەدرێت، یان لە نێوان شیکاری دەروونی و نەخۆش.

**rate** المعدل تێكرا

پلەی پێوانەیی شتێك، بەیەكە، یان بەكات، یاخود بەهەر شتێكی دیكە، پێوانەبكرێت.

وەك تێكرای لەدایك بووەكان یانیش مردووەكان، واتە رێژەی سەدی بۆ ئەو دیاریانە، بۆ هەر هەزار كەسێك لە دانیشتوان.

**ratio** النسبة رێژە

رێژە لە ئاماردا، ئەو پەیوەندییە رێژەییەیە لە نێوان دوو بر لە كاتێكی دیاریكراودا، یان لە میانەی ماوەیەكی دیاریكراوی كاتێكدا.

رێژەی نێوان سەرمایە و كار (capital labour ratio)، ئاماژە بۆ بری سەرمایەی لەبار دەكات بۆ بری كاری رێگەپێدراو كە بەكارهێنراوە لەیەكە ئابوریەكان لە كاتێكی دیاریكراودا. رێژە لەنێوان مرۆڤ و زەوی (man - land ratio) ئاماژە بۆ ئەو پەیوەندییە رێژەییە دەكات لەنێوان ژمارەی دانیشتوان و نێوان رووبەری ئەو زەوییەی كە خەڵكی لەسەری نیشتەجێ بووە لە ماوەیەكی دیاریكراودا.

**ratification** التصديق / الاقرار پەسەندكردن / دان پێدانان

زاراوەكە لە یاسای گشتیدا، ئاماژەیە بۆ پێویستی پەسندكردنی یەك لە دەسەڵاتەكان بۆ كارێك كە تێكەڵی چالاكیەكان دەبێت یان پەیوەندی بە مافەكانیانەوە دەبێت.

لەیاسای گشتی نێودەوڵەتی، پەسەندكردن دوا قۆناغ دەبێت بۆ پەیمانە نێودەوڵەتیەكان.

**rational behaviour** السلوك الرشيد أو المعقول رەفتاری ژیرانە ـ ئاقلانە ـ

ئەقلانیەت یان ژیری، هەر كارێك پشت بەبیركردنەوە و بەڵگاندنی لۆژیكی ببەستێت، نەك هەڵچوون و هەست جوڵاندن.

رەفتاری هۆشیارانە ـ ژیرانە ـ ئەو رەفتاریە كە لەگەڵ شێوازی هزری لۆژیكی یەك دەگرێتەوە.

لە رەفتاری كۆمەڵایەتیدا بریاردان لەسەر كاروكردەوەكانی ئەوانی دیكە وا باوە كە رەفتارێكی هۆشیارانەیە كاتێ ئەوان هەمان سیستمی لۆژیكی لەسەر هەڵوێستی بكەر پیادە دەكەن.

زۆربەی تاكەكان هەلس و كەوتی خۆیان بەژیرانە دادەنێن، لەبەر ئەوەی رەفتاریان لەگەڵ شێوازە لۆژیكیەكانی بیركردنەوە یەكدەگرێتەوە، كە بە هەڵوێستێكی دیاریكراوی دەبەستنەوە.

**rationalism** المذهب العقلي رێبازی ئەقلگەرایی

1. مەبەستی گشتی لە ئاماژە بۆ كردنی زاراوەی (intellectualism) واتە ـ رەوتی ئەقلگەرایی ـ هەموو بوونێك بۆ بنەما ئەقلیەكان دەگەرێتەوە.

2. هەروەها مەبەست لە هێما پێكراوی تایبەتیشی، پشت بەستن بە ئەقل دژی ئاین، بە مانای قبولنەكردنی واتا ئاینیەكان تەنها ئەگەر لەگەڵ بنەما لۆژیكیەكان جووت بوون.

**rationali zation** ١ – الترشيد ئەقلانی كردن

لە بواری كارگێریدا مەبەست لە ناوەرۆكی زاراوەكە، بە یاساكردن و رێكخستن و رێك و پێكردنی زیاتری ناو دامەزراوەكە، یان بریتیە لە رەفتارە ئاراستەكراوەكان بەرەو بەیهێنانی چەند ئامانجێكی سنوردار لەو چوار چێوەیەی كە بۆی دیاریكراوە، هەروەها مەبەست لە زاراوەكە لەبواری ئابوریدا، ئەو هۆكارانەی كە ئامانجیان زۆر كردن و چاككردنی بەرهەمە، سەرەرای

کەمکردنەوەی تێچووەکەی، ئەویش لە ڕێگەی ڕێکخستنی هونەری پەرەپێدراو بە جۆرێك ئەو حالەتە بگاتە پلەیەك لە ئەقلانیەت کە تێیدا دیاردەی لە دەسەدان و دەست بڵاوی بۆ کەمترین ئاست دابەزێت بەپێی توانا.

بیانوو
٢– التبرير
بەڵگە بۆدۆزینەوە

لە دەروونناسیدا، ڕێگایەکە بۆ بەرگری کردن، بەو پێیە کەسێك چەند هۆیەکی رواڵەتی و ناراستی پێدەبێت، چەند ئاراستە و کرداری نائاگایی دەگرێتە خۆی.
بەو رەفتارەشی خۆی لە زانینی هۆو هاندەرە راستیەکان دوور دەخاتەوە، ئەو کارەی تاك، وەك ئامرازێك دەبێت، بۆ رزگاربوون لە دڵەراوکێ، یان بەرگریکردنی تاك لەخۆی کاتێ هەست بەتاوان دەکات.

ڕێکخستن
تنظيم توزيع السلع
rationing
دابەشکردنە کالا
تقنين السلع
- پسولەبەندی -

ئەو بریارو کاراییانەی حکومەت پێیان هەڵدەستێ لە بارو دۆخێکی نائاسایی، بەمەبەستی پەیدا کردن و زۆر کردنی خۆراکی پێویست و دیاریکردنی بەشی هەر تاکێکی لێی.
حکومەت لەو بارەدۆخەدا سیستمی پسولەی ئازوقەپێدان دەسەپێنێت، وەك سیستمێك کە بە ناچاری کاری پێبکرێت، بە پێی ئەو سیستمە هەموو خێزانێك بەشیان لە کالا و پێویستیەکان دیاری دەکرێت، ئەویش بۆ هەر ماوەیەکی دیاریکراو.

کاردانەوە
الاستجابة
reaction
پەرچەکردار
رد الفعل

هەموو وەڵامدانەوەیەکی بوونەوەری زیندوو لەئاست بە ئاگاهاتنی ئەندامانی هەستی.
رەنگە ئەو کاردانەوەیە زارەکی بێت، یان هەڵچوون شێوازبێت، یاخود پەرچەکرداری لەش، یانیش یەك لەئەندامانی لەش - پەل، قاچ، دەست - بێت، هەروەها دەکرێ بێ هەر جۆرە جولەیەك بێت و شێوەیەکی بێ دەنگی وەربگرێت.

کۆنە پارێز خوازی
الرجعية
reactionism
کۆنە پەرستی

زاراوەیەکی سیاسیە، بە شێوەیەکی گشتی مەبەست لێی بەرهەڵستی کردنی چاکسازییە نوێیەکانە، هەروەها خۆبەستنەوەیە بە بنچینەو شێوازو بنەما کۆنەکان، لە بوارەکانی سیاسەت و کۆمەڵایەتی و ئابوری، واتە خۆبەستنەوە بە دیاردە رزی و گەندەڵەکان، ئەوانی پێداویستیەکانی پێشکەوتن بەدی ناهێنن.

دووبارە خۆگونجاندن
أعادة التكيف
readaptation

تەماشابکە: گونجان، تەبابون
adaptation

دووبارە سازان
أعادة التوافق
read justment
راهاتن

تەماشابکە: ڕێککرتن، چاککردن
adjustment

**بەدیهێنانی خود** — تحقيق الذات — **realization , self**

**تەماشابکە: خود بەدیهێنان** — **self - realization**

**ڕێبازی ریالیزم**
**ڕاستیگەری** — المذهب الواقعي / الواقعية — **realism**

ئەو ڕێبازەیە کە ڕاستی مادەی هەەست پێکراو لە پێگەی یەکەمدا دادەنێت، بە بۆچوونی ڕێبازەکە، چەمکە ئەپستراکتەکان بوونی ڕاستیان نیە.

لە کۆمەڵناسیدا، ئـەم ڕێبـازە دەبەسـترێتەوە بـەو ئاراسـتەیەی کـە دیـدی وایـە، چـەمکە جیاوازەکانی وەك کۆمەڵگـە و کلتـور کۆمەڵ و بەهاو....هتد ئامازەن بۆ قەوارەیەکی هەبوو، دەکرێ لێکۆڵینەوە و پشکنینیان بۆ بکرێت لە ڕووی ڕاستیەوە.

لە بەرامبەر ئەم ڕێبازە، ڕێبازی ناوگەرایی (nominalism) دێت،کـە بـە پێـی بـۆ چوونی: مانـای گشـتی لـە ئـەقلی تاکـدا دروست دەبێت، ئەو مانایەش لە دەرەوەی ئەقل هیچی بەرامبەر نیە، لەو ڕووەوەی کە وایە.

ریـالیزم لـە ئەدەبـدا، هەوڵێکـە بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە واقعـی مـرۆڤ و چـاککردنی بـار و دۆخەکـەی، بـە ڕێگـای ئاشـکراکردنی ڕاستیەکەی ئاشکرا کردنێکی بابەتیانە و وێناکردنی ئەو ژیانە بەرجەستەکراوەی تێیدا دەژێت، هەروەها دەسەڵاتیشی بەسـەر دارشتنیدا هەیە وەك بوونەوەرێك.

**ڕاستی**
**هەقیقەت، ریال** — الحقيقة / الواقع — **Reality**

پلەی بەردەوامی ئەو مانایانەی دەدۆزرێنەوە لـە هـەر ئەزموونێکدا، یـان ئـەوەی پەیوەنـدی دەبێـت بەهـەر شـتێکەوە یـاخود کەسێك یانیش بیرۆکە و بەهایەك.

لێرەدا ریالزیم (realism) حالەتی ئاقلانی نیە (actuality) چونکە مەبەست لە زاراوەی دووەم بوونە بابەتیەکەیە، واتـە گواستنەوەی ئەگەرێتی یان شیاوی بۆ کار، وەك ئەو وزەیەی کە لە توانادایە ببێتە حاڵەتی کرداری بە هۆی جوڵەوە.

لـە قوتابخانـەی شـیکاری دەروونیـدا، دەوترێـت: پرەنسـیپی ریـالی (reality principle) مەبەسـتیش لێـی تێرکردنـی پێداویستیەکانی بوونەوەری ئەندامیە لەگەڵ ڕەچا و کردنی سازاندن لەگەڵ بوونە ڕاستیەکەدا.

لـە بەرامبـەردا، پرەنسیپی چێژ (pleasure principle) دێـت کـە پێویسـت بـە تێـر کردنێکـی ڕاسـتە خـۆی پاڵنـەرە غەریزییەکان دەکات، و بەها سەلمێنراوەکانیش ڕەچاو ناکات.

**بزووتنەوەی**
**کۆنەپەرستی** — الحركة الرجعية — **Reactionary movement**

بزووتنـەوی کۆنـە پەرستی، بزووتنەوەیەکـە لایـەنگری گۆڕانـە بنچـینەییەکان دەکـات لـە بـواری سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و ئابورییەوە بە جۆرێك کە دۆخەکە بگەڕێتەوە سەر سیستمی کۆنە پارێزی پێشو.

کۆنەپەرستان باوەریان وایە کە زۆربـەی کێشـە کۆمەڵایەتیـەکان بـەهۆیزیادەڕۆیی لـە دیموکراسـیەتەوە دروسـت دەبێـت، کـە خۆی لای جەماوەر خۆشەویست دەکات و هیچیشی پێ نیە، هەروەها بە زۆری بزوتنەوەی کۆنەپەرستی پشـتگیری حکومـەتی کەمایەتی دەکات. کۆنە پەرستان توند ڕەوترن لە بیر و باوەڕەکانیان تا کۆنە پارێزان.

**ئەقل**
**بیرکردنەوە** — العَقل — **reasoning**

کۆی پرۆسە ئەقلیە بالاکان، دەوترێت بەلگاندنی ئەقڵی، وەك هێما کردنێك بۆ چەند پرۆسەیەکی مێشکی جیاواز کە بـەهۆی هەڵوێستێکی ڕەفتاری جیاواز دەوروژێن.

بیرکردنەوە مانایەکی فراوانی هەیە، بە هەموو ئەوانە دەوترێن کە لە مێشکدا روودەدەن لە: ئەندیشەو وێنە و یادەوەریەکان هەروەها بیرکردنەوە مانایەکی تەسکیشی هەیە، بەپرۆسە ئەقلیە تایبەتیەکان، دەوترێت، لە بریار و دامالین و گشتاندن و نواندن و بەلگاندن، بەمەبەستی گەیشتن بە ئەنجامێك.

**یاخی بوون** | **التَمرد** | **Rebellion**
**شۆرش** | **العصیان**

یاخی بوون و هەلگەرانەوەی بەشێك لە تاکەکانی کۆمەلگەیەك، بەمەبەستی بەدیهێنانی دەسەلاتی ئۆتۆنومی یان سەربەخۆیی بۆ هەرێمێك، بەلام ئەو هەلگەرانەوەیە ناگاتە رادەی روخاندنی حکومەتی ناوەندی.

**تاوانکردنەوە** | **العَوْد** | **recidivism**
**- دووبارەکردنەوەی تاوان -**

واتە کەسێك بە تاوانێك هەستیت و بریاری سزادانی کۆتایشی لەسەر بدرێت. دواتر جارێکی دیکە تاوانێك ئەنجام بدات لەسەر هەمان شێوە، ئەوە پێی دەوترێت گەرانەوەی تایبەت، بەلام ئەگەر تاوانەکە جیاواز بوو لەوی پێشتر، ئەوە گەرانەوەی گشتیە.

**مامەلەی وەك یەك** | **المُعامَلة بالمثل** | **reciprocity**
**- پێدان و وەرگرتن -**

زاراوەی مامەلەکردن بە هەمان شێوە لە دیدی کۆمەلناسیەوە ئاماژەیەکە بۆ کردار و پەرچە کرداری ئال و گۆر لە نێوان دووکەس یان زیاتری بەشدار بوو لە پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان، بە جۆرێك هەر کارێك لەلایەن کە سێکەوە ئەنجام بدرێت، ئەوا پال بە کەسەکەی دیکەوە دەنێت کە بە کردارێکی هاو شێوە هەستێت.
لە رووی یاساییەوە، زاراوەکە ئاماژە بۆ یەکسانی لە خەسلەت و تایبەتمەندییەکانی نێوان هاولاتیانی چەندین حکومەتی جیاواز دەکات، رەنگە ئەو جۆرە مامەلەکردنە ناوەرۆکەکەی لە پەیمان و رێککەوتنەکانیشدا هەبن.

**چاکسازی زەوی نەکێلراو** | **أصلاح اراضي البور** | **reclamation**

پرۆسەی سوود وەرگرتن بە شێوەیەکی باشتر لە زەوییە بەبارەکان، یان ئەو زەویانەی بەرهەمیان سنورداره، ئەویش بە رێگای چارەسەرکردنیان، مانای تەواوی زاراوەکە، ئەوا دروستکردنی خانوو بەرەو دام و دەزگا لەسەر زەوییەکە دەگرێتەوە.

**ناساندن** | **التَعرّف** | **Recognition**
**- دان پیانان -** | **التمییز**

1- ناسینەوەی شتێك، واتە جۆرە درك کردنێکە، هەست بەهۆگری بەرامبەر شتەکە پەیدا دەکات.
رێگای ناسینەوەش (recognition method) رێگایەکی ئەزموونیە، لە دەروناسیدا بە کاردەهێنرێت بۆ پێوانە کردنی هێزی یادەوەری، دیارە ئەو کارەش بەخستنە رووی کۆمەلە شتێك دەبێت بۆ بەرچاوی تاکێك، پاشان داوای لێبکرێت ئەو شتانەی بە بیربێتەوە.
2- دان پیانان بەشتێك بەمانای قایل بوون دێت پێی، دەوترێت دانپیانان بە مندال (recognition of achild)، واتە دانپیانان بە شەرعیەتی مندال، هەروەها دانپیانانی کۆمەلایەتی بە فەرمانبەر(employee social recognition)، واتە بە دیهاتنی پێگەی کۆمەلایەتی فەرمانبەر، لە رووی سیاسیەوە دانپیانان بە دەولەتی نوێ دێتە دی، واتە ئەو دلنیایەی دەدرێتە دەولەت بۆ ئەوەی دەرفەتی پێبدرێت کە پێگەی خۆی وەك قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ لە کۆمەلگەی نێودەولەتی بگرێتەوە.

بونیادنانەوەی کۆمەڵایەتی — الاصلاح الاجتماعي — **Reconstruction social**

تەماشابکە: **Social reconstruction**

تۆمارکردن — التسجيل — **recording**

تۆمارکردنی زانیاری و ڕاستیەکان بە وشەو بەژمارە ئەویش بەهەر هۆکارێك بێت، بەمەبەستی پارێزگایکردنی ئەو مادەیەی کەزانیاری و ڕاستیەکانی هەڵگرتووە، تۆمارکردن بەپێوەرێك دادەنرێت بۆ پێوانەکردنی ڕادەی پێشکەوتنی چالاکیەکان، یان خزمەتگوزاری و یاخود کارکردن و ...هتد.

کات بەسەربردن
باش رابواردن — الترويح — **recreation**

واتە دڵخۆشی و ئاسودەیی دەروونی، ئەو کارەش چالاکیەکی ئازادانەیە تاك بۆ خۆی هەڵیدەبژێرێت و بەویست و ئارەزووی خۆی لەکاتی بێ ئیشیدا پێی هەڵدەسێت، دیارە ئەو چالاکیە لەگەڵ ئارەزوو هاندەرەکانی ئەو تاکە دەگونجێت و لە ئاکامەکانیشیدا هەست کردنە بەدڵخۆشی و ڕەزامەندی.
نموونەی ئەو چالاکیانە: وەرزش، موسیقا، هەروەها چەندین ئارەزووی دیکە.

کۆکردنەوەی تاکەکان — جمع الافراد
سەربازگرتن — التجنيد — **recruitment**

پرۆسەیەکە کۆمەڵان یان ڕێکخراوە جیاوازەکان پەنای بۆ دەبەن بەمەبەستی کۆکردنەوەی ئەندامانی نوێ، دیارە ئەو کارەش بەڕێگای پەیوەندیکردنی کەسێتی و رازیکردن و چەندین شێوازی دیکە دێتەدی، زاراوەکە بەکار دەهێنرێت وەك ئاماژەیەك دەربارەی پرۆسەی سەربازکۆکردنەوە لەو تاکانەی کەتەمەنیان دەگاتە رادەیەکی دیاریکراو بۆ ئەوەی بەشداری لەراژەی سەربازی بکەن، هەروەها داواکردن لەچەند کەسانێك لەهەل و مەرجێکی نائاسایدا بۆ کارکردن لەگەڵ سوپادا.
دەوترێت گەڕان بەدوای کرێکاران (recruitment of workers) واتە، هاوردەکردنی ئەوانی بەکەڵکی کارکردن دێن، ئەویش بەهۆی نووسینگەکانی دامەزراندن، یان ڕاگەیاندن، یاخود سەندیکای کرێکاران، یانیش پەیمانگاو زانکۆکانەوە..هتد.

رزگارکردن
گوناه پاکردنەوە — ١- الخلاص الافتداء — **Redemption**

تەماشابکە: رزگاری، خۆپاککردنەوە — **salvation**

گەڕاندنەوە
خستنە بری — ٢- الاسترداد، الاستبدال

گەڕانەوەی یان دەسکەوتنەوەی موڵك و سامانێك بە کرینەوەی جارێکی دیکە، یاخود خستنە بری موچەیەك بەسەرمایەیەکی نەختینە.

**reductionism** — النزعة الاختزالية — ڕەوتی لێکردنەوە گەری

لە میتۆدەکانی توژینەوە ئەم تێورییە، ئاماژە بۆ ئەو هەوڵ و کۆششانە دەکات کە بۆ ئاسانکردنی میتۆدەکانی توێژینەوە و شیکردنەوەی پەیوەندییە کردەییەکان دەدرێن، یاخود بۆ دارشتنی گریمانە و تێوری و یاساکان.

دیارە ئەوش بە پێی ئەو ئەگەرەی کە رێگا و هۆ و یاسا لە بارەکان بۆ راڤەکردنی جۆرێك لە دیاردەکان کە لەگەڵ دیاردەیەکی دیکە گونجا و دەبێت، هەروەها دەکرێ لە رواڵەتدا جیاوازیش بێت.

هەر لەسەر بنچینەی ئەو تیۆرییە چەندین هەوڵ دراوە بۆ راڤەکردنی دیاردە کۆمەلاّتییەکان بە پێی یاسا تایبەتییەکان زانستی سروشت.

**Re-education** — اعادة التعليم — دووبارە فێرکردنەوە

مەبەست، دووبارە راهێنانی ئەو تاکەی کە پیشەکەی خۆی گۆریوە، یان راهێنانی کەسێك کە پەکی کەوتبێت، بەهۆی تووش بوونیەوەی بە دیاردەیەکی درێژخایەن، راهێنانەکەش گونجا و بێت لەگەل ئەو توانایانەی ماوەیەتی بۆ ئەنجامدانی کارێکی لە بار.

هەروەها مەبەست لە دووبارە فێربوون، لە چارەسەرکردنی دەروونی، گۆرینی چەند نەریتێکی کەسی نەخۆش و شێوەکانی مامەڵەکردن و هەڵس و کەوت بۆ خۆ رزگارکردن لەو شێوە رەفتارانەی پەیوەندییان بە دیاردە نەخۆشیەکان هەیە، گۆرینیانیش بە شێوە ئاساییەکان.

**Re-employment** — اعادة الاستخدام — کارپێکردنەوە

دووبارە گەرانەوە بۆ سەر کار

پرۆسەی خستنە پاڵ و بەکارخستنەوەی کرێکارە کۆنەکان یان کرێکارە بێ ئیشەکان لەو دامەزراوەیەی کە پێشتر کاریان تێیدا کردووە. لەو بارەدا پەیوەندی نێوان کرێکار و دامەزراوەکە بە گرێبەستێکی تازە دەبەسترێتەوە، بەلاّم رەچاوی ئەوەی تێدا دەکرێت کە رۆژانە، یاخود کرێ نوێیەکە لە رۆژانەی پێشو کەمتر نەبێت.

**reference group** — الجماعة المَرجعية — گوروپی ژێدەر

- پەنا بۆ بردن -

گروپێکە تاك پەنای بۆ دەبات بە مەبەستی هاوکاریکردنی بۆ دیاریکردنی بیروباوەر و ئاراستە و بەهاو رەفتارەکانی.

لەو بارەدا تاك هەست بەجۆرە یەکگرتنێك دەکات لەگەڵ گروپە ژێدەر یەکەی، بێ ئەوەی پێویست بکات ببێتە ئەندام تێیدا، لێرەدا گروپی ژێدەر هەیە تاك خواستی بەئەندام بوونی تێیدا هەیە.

(aspirational reference group)، ئەو گروپە خاوەن چەندین پێوەری تایبەتە، بوون بە ئەندامی پێویست بە چەند مەرجێك دەکات.

ئەو تاکەی ئارەزووی پەیوەندیکردنی هەیە بە گروپێکی ژێدەری، ڕەنگە ئەو مەرجانەی تێدا فەراهەم نەبێت کە دەرفەتی بداتێ بۆ ئەوەی بچێتە ریزی ئەو گروپە، یان دلّنیانەبووە لە فەراهەم بوونی مەرجەکان.

هەروەها گروپی ژێدەری نەرێنی هەیە (negative reference group)، ئەویش ئەو گروپەیە، تاك پێوەر و بواری چالاکیەکانی وەك سەرچاوە تەماشا دەکات ئەگەر بە نارازی بوون بێت یاخود دژایەتی.

**referendum** — استفتاء الشعب — راپرسی

ریفراندوم

هۆکارێکە، ئەندامانی دامەزرێنەری رێکخراوێك پەنای بۆ دەبەن بەمەبەستی سەلماندنی یان رەخنەگرتن لە رێبازێکی سیاسی، کە سەرکردەکان یاخود نوێنەرانی رێکخراوەکە پێش نیازییان بۆی کردووە.

هەروەها بەهۆی راپرسییەوە، جەماوەرێکی دیاریکراو توانای خۆپاراستنیان دەبێت لە یاسایەك، کە دەکرێ زیان بەخش بێت، یانیش جەماوەری پشتگیری نەکەن.
لەم بوارەدا، دوو جۆر راپرسی هەیە: راپرسی ناچاری، ئەم حاڵەتەش بۆ دەربرینی رەزامەندییە لەسەر دەستورێکی نوێ، هەروەها ئەو خالانەی پێش نیازکراون بۆ هەموارکردنی دەستورە نوسراوەکە.
جۆری دووەمیان، راپرسی ئارەزوومەندانە، کاری پێدەکرێت لە ئاست ئەو یاسایانەی کە ناکەونە چواچێوەی راپرسی ناچاری، بۆ ئەوەی جەماوەر بریاری خۆی بدات.

**Referral of workers** ترشيح العمال للعمل ناردنی کرێکاران بۆ کار

چەند کارایيەکە، نووسینگەکانی دامەزراندن پێی هەڵدەستن دەربارەی کەسانی بێ ئیشی ناو نووسکراو لایان و رەوانەکردنیان بۆ کاروفەرمانە فەراهەم بووەکان.
دەوترێت پالاوتنی ناچاری (controlled referral)، وەك ئامازەیەك بۆ ناچارکردنی خاوەن کار لەسەر دامەزراندنی ئەو کرێکارەی پێش نیازکراوە بۆ دامەزراندن لە دامەزراوەکەی.
هەروەها دەوترێت: پالاوتنێکی پشت راست نەکراو (unconfirmed referral) واتە، نووسینگەی دامەزراندن هیچ زانیاری پێ نەگەیشتوە دەربارەی دامەزراندنی کەسی بێ ئیش کە پێشتر ناوی بۆ کارکردن تۆمار کراوە.

**Reflection** التأمل رامان

ئاراستەکردنی ئەقل بۆ زانینی ناوەرۆکی شت و پێکهاتەکانی، بەو کارەش مرۆڤ دەگاتە زانینێکی روون و ئاشکرا، دەربارەی سروشتی ئەو شتانە، هەروەها کارو کاریگەریەکان.

**Reflex act** الفعل المنعكس کاردانەوە

جوڵەیەکی سادەی وەرگیراونیە، ئەندامێکی جوڵە کردن، یان رژێن گلاند پێی هەڵدەستێت بەشێوەیەك کە ئارادەیەك نەگۆرەو هەڵبژێردراویش نیە، ئەو جوڵەیە وەك وەڵامدانەوەیەکە بۆبە ئاگا هاتنێکی هەستی بابەتی.
کاردانەوەکە لە ساکارترین شێوەکانی پێکدێت لە خانەیەکی دەماری کاریگەر بەهۆی بەئاگا هێنەرەکەوە، کاردانەوەی خانەکە بریتی دەبێت لە تەوژمێکی دەماری کە جوڵە کردنی لێ پەیدا دەبێت.
کاردانەوە ناوی لێدەنرێت مەرجدار (conditional reflex) کاتێ وەڵامدانەوەکەی بۆ بەئاگاهێنەرە سروشتیەکە نابێت، بەڵکو بۆ بەئاگاهێنەرێکی نوێ دەبێت، کە لە خەسڵەتەکانیدانیە ئەو وەڵامدانەوەیە بوروژێنێت، بەڵام ئەو خەسڵەتەی پەیدایکردووە بە پەیوەست بوونی بەئاگاهێنەرە سروشتیەکە چەندین جار، بە مەرجێك بەئاگاهێنەرە نوێیەکە، پێش ئاگاهێنەرە سروشتیەکە رووبدات بە چەند چرکەیەك.

**reform** الاصلاح ريفۆرم چاکسازی

چاککردنی یەك شێوازی سیستمە کۆمەڵایەتیەکانە، لەگەڵ جەخت کردن لەسەر لایەنی فەرمانی نەك بوونیادی. ئامانجی بزووتنەوەی چاکسازی نەهێشتنی رووە خراپەکانی نەسازانە، بێ ئەوەی هەوڵی گۆرینی بارودۆخە بنچینەییەکانی خودی کۆمەڵگە بدرێت.

بزووتنەوەی چاکسازی | حركة الاصلاح | Reformation. the

زاراوەکە، ئاماژەیە بۆ ئەو بزووتنەوە شپرزەو تێکچووەی هەڵ و مەرجی ئاینی گرتەوە لە ئەوروپا لە سەدەکانی (15-16) زاینیدا.
دیاردەکە بوو بە هۆی دابەشبوونی ئاینی مەسیحیەت لە رۆژئاوادا بۆ دوو بەش، ئەوانیش کاثولیك و پروتستانت بوون.
لە گرینگترین ئامانجەکانی ئەو بزووتنەوەیە بەرەنگار بوونەوەی دەسەڵاتی پاپاو سیستەمی ئاینی بوو، کە لە کۆتایی سەدەکانی ناوەراست بڵاوبووەوە، هەروەها لە ئامانجەکانی بزوتنەوەکە، دووبارە دابەشکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی و هێرش بردنە سەر سیستەمی دەرەبەگایەتی و دەسترۆیی قەشەو پیاوانی ئاینی مەسیحیەت کە پەیوەستی ئەو سیستەمە بوون.
لەو هەلومەرجەدا، کۆمەڵانی سیاسی روویان لە دەستورکرد، لەگەڵ دەرگا کردنەوە بۆ دابەش کردنی سامان و دەرکەوتنی چینی ناوەراست و کەمکردنەوەی ئەو کۆت و بەندانەی سەپێنرابوون بەسەر بانکە بازرگانیەکان، دیارە ئەو دیاردانەش هاوکار بوون بۆ دەرکەوتنی سەرمایەداری تازە.
بە گشتی بزووتنەوەی چاکسازی بنچینەی رۆشەنبیرییە نەتەوەیی و دیموکراسی و سەرمایەداریەکانی دارشت.

دەزگای چاکسازی | الاصلاحية | reformatory

دامەزراوەیەکە ئامانجی راهێنان و شایاندنی مێرد منداڵە لە دەروکەتنکەرەکانن، هەروەها دابینکردنی فێربوون و راهێنانی پیشەیی لە بار بۆیان.

ریبازی چاکسازی چاکسازێتی | مذهب الاصلاح | reformism

کارکردن بۆ گۆران لە ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە پلەپلە، ئەویش بە جێبەجێکردنی چەند چاکسازییەکی بچووك کە سروشتی بارودۆخەکە بپارێزی و بەهێزتریش بکات.
کۆمونیستەکان لایەنگرانی رێبازی چاکسازی بەلادەر لەسیستەمی مارکسی دادەنێن، بە لای ئەوان ئەو جۆرە چاکسازییە بنەمای یەکەمی ململانێی چینایەتی هەڵدەوەشێنێتەوە و سازان و رێکەوتنیش لە نێوان کرێکاران و سەرمایە داران دێنێتەدی، بەڵام کرێکاران وەك پاشکۆی سەرمایە داری دەمێنێتەوە لە رووی کردارەوە.

پەنا هەندە دالدە بۆ هێنان | اللاجيء | refugee

کەسێك ناچار دەبێت وڵاتەکەی خۆی بە جێبهێڵێت و لە وڵاتێکی دیکە نیشتە جێ بێت لە بەر هەر هۆیەك بێت.
رێککەوتن نامەی نێو دەوڵەتی بۆ رێکخستنی کاروباری پەنا هەندەکان لە بواری 28/تەمووزی/ 1951، بایەخی تەواو بە پارێزگاریکردنی پەنا هەندەکان دەدات.
دەوترێت: چاودێری پەنا هەندەکان (care of refugee) مەبەستیش ئەو رەنج و هەوڵانەی دەدرێن بۆ دابین کردنی خانوو هۆیەکانی ژیان بۆ پەنا هەندە.
هەروەها دەوترێت: ماڵی پەنا هەندەکان (house of refugee) واتە، ئەو دامەزراوەیەی تەرخان کراوە بۆ دەست گرتن بەسەر پەنا هەندە کەتنکەرەکان.

نوێبوونەوە بوژاندنەوەی رۆحی | التجديد البعث الروحي | regeneration

واتە، گێرانەوەی شتێك بۆ دۆخێکی نوێ، یان بارێکی باشتر، زاراوەکە ئاماژەبۆ زیندیبوونەوەی رۆحیش دەکات.

تەماشابکە: تازەگەرێتی — Modernization

بوژاندنەوە — revivalism

**رژێم** — نظام حكومي أو أجتماعي — **regime**

شێوەی فەرمان ڕەوایی

یەك لە شێوەکانی حکومەتە، ئەگەر دیموکراسی بێت یان دیکتاتۆری. لە زانستی سیاسەتدا جیاوازی نێوان سیستمی حکومی (regime)و دەسەڵاتی حکومی (authority) دەکرێت. سیستمی حکومی دەگۆڕێت بەهۆی شۆڕشەوە لە کاتێکدا دەسەڵاتی حکومی بە ڕێگای هۆکارە ئاشتیەکان دەگۆڕێت.

**رژێمی توند** — التنظيم الصارم — **regimentation**

پەیرەوی توند

ڕێکخستنی تاکەکان، بە هۆی ئامۆژگاری و ڕێنماییە ڕێبازی و رەفتاریەکان، ئەوانی داڕێژراون بەمەبەستی زۆرکردنی یەکخستنی رەفتار و شێوازی بیرکردنەوەی چەق بەستو. دیارە ئەو کارەش بە شێوەیەکی تایبەت بە هۆی سیستەکانی فێربوون دێتەدی کە بەفراوانی یاسا ڕێژ کراون.

**هەرێم** — الاقليم — **Region**

زاراوەی هەرێم ئاماژە بۆ چەند ناوچەیەکی جوگرافی دەکات، کە رەنگە چەند خەسڵەتێکی هاو چەشنی هەبێت و لە ناوچە سنووردارەکانی دیکە یان هەرێمێکی دیکە جیاواز بکرێتەوە، یاخود بەکاردەهێنرێت وەك یەکەیەکی حکومی یانیش کارگێری.

هەرێمەکان رەنگە: کولتوری، پیشەسازی، شارستانی، تۆپوگرافی، ئابوری، کارگێری، سیاسی، بن...هتد.

**دوو هەرێمی** — الثنائية الاقليمية — **Regional dualism**

مەبەست لە زاراوەکە، بوونی کەلێنێکی گەورە لە نێوان ناوچە گوند نشینەکان و ناوچە شارنشینەکان لە ناویەك کۆمەڵگادا.

**کۆمەڵناسی هەرێمی** — علم الاجتماع الاقليمي — **regional sociology**

زانستێکە لێکۆلینەوە لەو ناوچە جیاوازانە دەکات کە بەچەند خەسڵەتێکی سروشتی لەیەکچوو جیاواز دەگرێنەوە، هەروەها خاوەن کولتوری تایبەت و زمان و داب و نەریتی خۆیانن... هتد.

زانستەکە هەوڵدەدات بەکۆمەڵە ڕێساو بنەمایەکی تیۆری و چەند شێوازێکی پراکتیکی بگات، کە دەکرێ بەهۆیانەوە ئەو هەرێمە گەشە بکات و ـ لەو چوار چێوەیەشدا ـ مامەڵە لەگەڵ دیاردە جیاوازەکانی بکرێت.

**ناوچە پەرستی** — النزعة الاقليمية — **regionalism**

ناوچە گەری

سیستمێکی سیاسی کارگێری ناناوەندیە، پتەوی و بەهێزی بریتیە لە: دەوڵەتێك بەچەند ناوچە و هەرێمێکی نزیك لەیەك لە یەکچوو لەرووی ئابوری و کولتوری داب و نەریتەوە، ڕادەیەك لەسەر بەخۆیی لە حکومەتی ناوەندییان پێدەدا.

هەرێمەكانی ناو دەوڵەت ئەندامی كاراو تـەواو كـاری قەوارەكـەن، بۆیـە دەوڵـەت هەڵدەسـتێت بەرێكخسـتنی پەیوەندییـەكانی نێوانیان لەگەڵ یەكتریدا، هەروەها پەیوەندییەكانی نێوان هەرێمەكان و دەوڵت.
بەم شێوەیە هاوسەنگی نێوانیان دەپارێزرێت، بەرادەیەك دادپەروەری ئابووری و سیاسی دەستەبەر دەبێت و هـیچ هـەرێمێك بەسەر ئەوی دیكە زاڵ نابێت، هەروەها بەرژەوەندییەكانی خۆشی ناكاتە قوربانی لە پێناو ئەوی دیكـە، یـاخود هـەرێمێك لـە هەرێمێكی دیكە جیاواز بكرێتەوە.

| | | |
|---|---|---|
| گەرانە دواوە<br>كشانەوە | النكوص<br>التراجع | regression |

لە دەروونناسیدا ئەو بارەیە كە تووشی تاك دەبێت، بەهۆی بێ ئومێدی و سەرنەكەوتنی.
بۆیە دەگەرێتەوە قۆناغێك لەو قۆناغە سەرەتاییانەی كە تێیدا هەستی بە دڵنیای و ئاسوودەیی دەكـرد، هـەر چـەندە دەكـرێ ئەو قۆناغەی تێپەریش كردبێ، هەروەك لە حاڵەتی پەیوەست بوونی توونـد بە دایكەوە.
لە ـ ئەثنولوجیا (بنەچەناسی) مەبەست لە زاراوەكە، هەڵوەشاندنەوەی كولتورو كۆمەڵگەیە، وەرگەرانیشە دژی پێشكەوتن.

| | | |
|---|---|---|
| لێژی<br>لاری | خط الانحدار | rgression line |

هێلی لێژی لە ئاماردا، بۆ لێكۆڵینەوەی پەیوەندی پەیوەندی نێوان دوو بڕی گۆڕاو بـەكار دەهێنرێـت، ئـەو هێڵـە پەیوەنـدی نێـوان ئـەو دوو برە وێنادەكات لـە شـێوەیەكی ئەنـدازەیی بینـراو، تێیـدا دەبیـنین كـە چـۆن یـەك لـەو دووبـرە بـەلای ئـەودا دەروات كـە چاودێری برەكەی دیكە بكات لە گۆرانیدا، ئەگەر راستەوانە بێت یان پێچەوانە.
هێڵی لێژی لە بتنچینەدا بۆ پێش بینی كردن بە كەڵك دێت، ئەگـەر بـەهای یـەك لـەودوو گۆراوەمـان زانـی، ئـەوا لـە توانـادا دەبێت پێش بینی بەهای گۆراوی دووەم بكەین،كە ئەگەری زیاتر دەبێت.
دەكـرێ وێنـەی هێڵـی لێـژی بـە هـۆی هـاو كۆلكـەی لێـژی (regression coefficient)، بكێشـین، كـە ئـەویش رێگایـەكی بیركاریانەیە لەلایەن بیرسون ەوە بۆ ئەم مەبەستە دانراوە.

| | | |
|---|---|---|
| قەواڵە كارگێرییەكان<br>رێكخستنە كارگێرییەكان | اللوائح الادارية | regulations, administrative |

بریتیـە لـە كۆمـەڵە رێسـاو بنەمایـەكی رێكخراویـی، جێبـەجێكردنیان پێویسـتن كـە لەلایـەن دامەزراوەیـەكی كارگێرییـەوە دەرچوون، ئەویش بە مەبەستی راڤەكردنی چەند دەقێكی یاسایی، یاخود شێوەی پیادەكردنیان یانیش بـۆ رێكخسـتنی چـەند هۆكارێك كە لە یاسادا رێك نەخراون.
ئەو رێسا و بنەمایانـەش چـەند جـۆرێكن، هەنـدێكیان بـواری جێبـەجێكردن دەگرێتـەوە بـە شـێكیان لایـەنی رێكخراوەیـی و دیسپلین، هەندێكی دیكەش یاسا و نۆرمەكانی دەسەڵات پێدان دەگرێتەوە.

| | | |
|---|---|---|
| شایاندن<br>گەرانەوەی متمانە | ١ – التأهيل | rehabilitation |

یارمەتیدانی ئەو كەسانەی كەموكورتی ئەندامیان هەیـە، بـە مەبەسـتی بـەكارهێنانی توانـا و بـەهرەكانیان و هەسـتانیان بـە كارێك كە لەگەڵ هەل و مەرجی هەریەكەیان بگونجێت بۆ ئەوەی خۆیان و خێزانەكانیان بژین.

مەڵبەنـدەکانی ئامـادەکردن و ڕاهێنـانی پیشـەیی (rehabilitation centres) گرینگـی بـەو کەسـانە دەدەن، ئـەویش بـە ئامادەکردنی خزمەتگوزارییە پیشەییەکان بۆیان، بۆ ڕاهێنـان و ئامادەکردنیـان بـەهۆی ئاراسـتەکردنی پیشـەیی و ڕاهێنـان و کارکردن، بۆ ئەوەی کەسی پەککەوتە توانای پەیداکردنی کارێکی لە باری هەبێت و تێیدا جێگیریش بێت.

ماف پێدانەوە | ٢- رد الاعتبار

لە یاسادا گێڕانەوەی ڕێز و بایەخی مرۆڤ، بەشێوەیەکی گشتی، مەبەست ئەوەیە گێڕانەوەی ئەو حاڵەتەی کە لەدەستی دابوو.

بەجەستە کردن | التجسيد | reification
شت پەرستی

بە بۆچوونی ـ کارل مارکس ـ بەجەستە کردن یەك لە ئامانجەکانی ئاراستەیەکە ڕووی لە بیرۆکەی ـ فیتیشـزم ـ کـردووە، کـە بیرە ڕووتەکان ـ ئەپستراکتەکان ـ گەورە دەکات لە وێنەی چەندین بڕیاری زاڵ.

بەجەسـتە کـردن بریتیـە لـە دروسـت کردنـی چـەند شـتێك لەبەرهـەمی چـالاکیە مرۆڤایەتیـەکان، وەك کـالا و دراو و خاوەندارێتیەکان.

لە سیستمی سەرمایەداری ئەو شتانە لە خودی خۆیاندا بوونیـان دەبێت و هێزێکی زاڵیشیان هەیـە، کـە تاکەکانی کۆمەڵگە دەهارن و بەرۆڵی خۆیان دادەبەزنە ئاستی شتەکان.

ئەو کالایەی کە بەرهەمی کاریشە بەرەو ڕووی مرۆڤ دەبێتەوە وەك بوونەوەرێکی نامۆ یاخود وەك هێزێکی سەربەخۆ.

بەجەستە کردن دەربڕینێکی زیاتر واقیعیە، ئاماژە بۆ کردنێکە بۆ حاڵەتی ـ نامۆبوون ـ بەجۆرێکی تایبەتێش نامۆ بوونی ئابوری.

ڕووتکردنەوەی کرێکار بۆ بەرژەوەندی ئەو بەرهەمەی کە سەرمایەدار بەهۆیـەوە لـە خۆبـایی دەبێـت، ئـەوە دەگەیـەنێت کـە کارەکەی نابێتە شتێك تەنها بەوەی بـوونێکی دەرەکـی وەربگرێـت وەك کالایـەك، بـەڵکو ئـەوەش دەگـەینێت کـە کارەکـەی لـە دەرەوەی ئەو، بوونی دەبێت کاریشی لە بەرەو ڕوو بوونەوەی کرێکار دەبێتە هێزێکی سەربەخۆ.

گیان چوونە لەشێکی دیکەوە | التقمص | Reincarnation
دونادۆن

باوەر بوون بە گەرانەوەی ڕۆح دوای مردن بۆ سەر زەوی و جێگیر بوونی لە جەستەیەکی دیکەدا. ئەو گواسـتنەوەیەش وەك لە دایکبوونێکی دووەمی ڕۆحە یان نوێبوونەوەی.

گواستنەوەی ڕۆح | Ana: metempsychosis

پشتگیری | التعزيز | reinforcement
پاڵپشت | التدعيم

لە دەروونناسیدا، مەبەسـت لـە زاراوەکـە، پرۆسـەی زیـاد کردنـی کـرداری نـەریتی فێربوونـە، هـەروەها سـزا و پاداشـتیش بـە هۆکاری پشتگیری دادەنرێن.

لـە شـیکاری دەروونیـدا، مەبەسـت لـە پشـتگیری، لەفێڵـەکانی خـەوبینین، تێیـدا سـەر لـە نـوێ ورژێنـەری یەکـەمی خـەون دەردەکەوێت، بە مەبەستی دڵنیابوون، ئەویش بە هۆی دەرکەوتنی خەونەکەیە بە دەم خەونێکی دیکەوە.

**reinstatement** | أعادة الجند الى عمله | گەڕانەوە بۆ سەرکار

پرۆسەی پەیوەندی کردن و پێگەیاندنی سەرباز بۆ کاری پێشوی، دوای کۆتایی هاتنی ڕاژەی سەربازییەکەی.
زۆربەی یاساکان ئەوەیان تێدا هاتووە کە دوای ڕاژەی سەربازی پێویستە خاوەن کار، ئەو کارمەندە بگەڕێنێتەوە سەر کارەکەی پێشووی، ئەگەر توانای کارکردنی هەبوو، بەمەرجێك داواکارییەك لەم بارەوە پێشکەش بکات.
تەماشابکە: جەنگاوەری دێرین **Veteran**
کۆتایی هاتنی خزمەتی سەربازی **Demobilization**

**rejection** | الرفض النبذ | ڕەتکردنەوە فرێدان

لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتییدا، فرێدان بە واتای بێبەشکردنی کەسێك دێت لە تێکەڵاوی و کارلێکردنی کۆمەڵایەتی لە حاڵەتە ئاسای و لە بارەکەیدا.
ئەو دیاردەیە ڕوودەدات نەك تەنها کاتێ لەلایەن کۆمەڵێکەوە تاك دوور دەخرێتەوە، بەڵکو ڕوودەدات کاتێ تاك بێبەش دەکرێ یاخود ڕێگای لێ دەگیرێ لەوەی ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی لە باری هەبێت، یاخود ڕێگای پەیوەندییکردنی لێدەگیرێت.
بۆیە تاك کاتێك شوێنێکی کۆمەڵایەتی نزمی بۆ دیاری دەکرێت ئەگەر لە ناو خێزان بێت یانیش لە کارکردن کەمتر لەو پێگە کۆمەڵایەتیەی لەبار بێت لەگەڵ تەمەنی یان ڕەگەزی، ئەوە بە کەسێکی دەست بەردار و ناپەسەند دادەنرێت.

**Relation** | العلاقة | پەیوەندی

پەیوەستیە کە لە نێوان دوو شت یان دوو دیاردە، بە جۆرێك گۆرینی یەکێکیان پێویست بە گۆرینی ئەوی دیکە دەکات ڕەنگە پەیوەندەییەکە، پەیوەندی ڕێککەوتن یاخود پاشکۆیەتی بێت.
دەوترێت - بنەمای پەیوەندی ئەویش یەك لە بنەماکانی بیرکردنەوەیە، لە بەرئەوەی کاری ئەقلی لە کۆیدا، هەولێکە بۆ بەستنەوەی دوولا بە یەکتر.

**Relation socail** | العلاقة الاجتماعية | پەیوەندی کۆمەڵایەتی

هەر جۆرە پەیوەندییەك لە نێوان دووکەس یان دوو کۆمەڵ یاخود زیاتر، یانیش لە نێوان تاکێك و کۆمەڵێك. ڕەنگە ئەو پەیوەندییە پشت بە هاوکاری یان ناهاوکاری ببەستێت، هەروەها دەکرێ ڕاستەخۆ یاخود ناڕاستەوخۆبێت، یانیش یەکسەر و یان دوا خراو بێت.

**relationship** | صلة القرابة | پەیوەندی خزمایەتی

پەیوەندییەکی یاساییە لە نێوان دوو کەس، یەکیان لەوی دیکەوە هاتۆتە خوارەوە وەك: باوك و کورو باپیرە و نەوە. ئەوانە لە خزمایەتییەکی ڕەچەلەکی و لقە ڕاستەوخۆکانەوە، یان لەیەك ڕەچەڵەك دێنە خوارەوە، وەك براو مندالانی مام، کە خزمایەتیەکی پەراوێزی و دەوروبەریش دەگرێتەوە.
ئەو خزمایەتیە دروست و یاسایی(legitimate) دەبێت، یان سروشتی (natural) و یاخود نا شەرعی (illegitimate).
تەماشابکە: پەیوەندی کۆمەڵایەتی **Social relationship**
خزمایەتی، هاوخوێنی **Ana: consanguinity**

**Relativism** النسبية ڕێژەییگەری

مەبەست لە زاراوەکە، ئەو بیرو رایەی دەڵێت راستی ڕێژەییە، جیاوازیشی تێدا دەبێت لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی دیکە و لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دیکە، هەروەها لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە، ئەو راستیەش پێوەرە بابەتیەکانی نیە.
بۆیە هەموو درك پێکراوێك ڕێژەییە، لە بەرامبەشیدا لە شیکاری زانستی هەردوو رەگەزی ڕێژەیی خوازی (relativism) و هەبوونایەتی هەیە (determinism).
بەڵام ڕێژەیەتی یان هاوڕێژەیی (relativity) لە سروشتدا، ئەوە تیۆرێکی فیزیکیە، لەلایەن ئەنیشتاین بنچینەکەی دانراوە و تێیدا شوین و کات دوو دیاردەی ڕێژەیین.

**relativism , cultural** النسبية الثقافية ڕێژەیی کولتوری

بیروڕایەکە دەڵێت، تێگەیشتن و راڤەکردن و هەڵسەنگاندنی کولتورەکان، یان دیاردە کولتورییەکان بەشێوەیەکی راست لە توانادا نابێت، تەنها ئەگەر ورد بوونەوەمان لەو دیاردانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکەین لە ئاست ئەو ژینگەیەی کە تێیدایە، هەروەها بۆ ئەو رۆڵەی کە پێی هەڵدەستێت لە سیستم و شێوازێکی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری گەورەتر بێت، بۆیە لە دوایشدا بەها هەمەلایەنەرەهاکان بوونیان نابێت.
ئەو داب و نەریتانەی کە لە کولتورێکدا باون، لە توانادا نیە بریاریان لەسەر بدرێت یان هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت بە شێوەیەکی راست، تەنها بە تەماشاکردن و وردبوونەوە لەو بەهایانەی پەیوەستن پێیانەوە، هەروەها بۆ ئەو پێداویستیانەی کە تێریان دەکات لەگەڵ پەیوەندییە گشتیەکانیان بەپابەند بوونەکانی دیکەوە... هتد.
کەوابێ ڕێژە خوازی کولتوری وادەسەلمێنێت ئەو بەهایانەی کە لە هەر کولتورێکدا هەیە، پێویست بە تێگەیشتن و هەڵسەنگاندن دەکات بەپێی ئەو ڕێگایەی کە خاوەن کولتور تەماشای شتەکان دەکات و دواتریش ناکرێت نەریتەکانی یەك لە کولتورەکان بریارێکی بابەتیانە یان لەسەر بدرێت بەوەی بالاترە لە خوو نەریتەکانی کولتورێکی دیکە.

**relativism, historical** النسبية التاريخية ڕێژەیی مێژوویی

ڕێبازێکە بۆ چوونی وایە کە ئێمە ناتوانین بگەینە وێنەیەکی تەواو و ڕێکو پێك بۆ رابردوو، هەروەك هەبووە، بەڵکو ئێمە وێنەیەك دەبینین ئەویش بەکاریگەر بوونمان بەسەردەم و چەمکەکانی، بەو پێیە وێنەکە یاخوود راستیەکە ڕێژەیی دەبێت،

**relativism , moral** النسبية الاخلاقية ڕێژەیی ئاکاری

واتە، بیرۆکەی چاکە و خراپە، جیاواز دەبن بەپێی جیاوازی کات و کۆمەڵەکان.

**relaxation** الاسترخاء خاوکردنەوە
پشوودان

پشوودانێکی تەواو لە هەردوو رووی جەستەیی و مێشکی لە کەش و هەوایەکی هێمندا، بۆ ئەوەی ئاسەواری گرژییەکانی سەر ماسولکە و بارە دەروونیەکان نەمێنن.
ئەو شێوازەش بەکار دەهێنرێت لە چارەسەری دەروونی، لەبەر ئەوەی شیکاری دەروونی هەڵدەسێت بە ئامادەکردنی زەمینەیەکی لەبار وەك یارمەتیەك بۆ خاوبوونەوەی باری نەخۆش، بەو کارەش نەخۆش زیاتر ئامادە دەبێت بۆ وەرگرتنی پێش نیاز و ئاراستەکردن.

**reliability** الثبات بەردەوام بوون ـ جێگری

مەبەست لە بەردەوام بوون و دڵنیا بوون لە زانیاری میتۆدەکانی تۆژینەوە، ڕادەی ڕێکوپێکی نێوان ئەو زانیاریانەن کە کۆدەکرێنەوە بە هۆی دووبارە پیادەکردنی هەمان ئەو پێوەرانە لەسەر ئەو تاکانە، یان ئەو دیاردانە و لە ژێر هەمان بارودۆخ، یاخود لە ژێر باردۆخێك کە گەورەترین رادەی لەیە کچوونی تێدا فەراهەم دەبێت،

چەند نووسەرێك بۆ چوونیان وایە کە جێگیری و بەردەوام بوون چەندین مانای هەیە، ئەو زاراوەیە ڕەنگە بەمانای جێگیر بوون (stability) بێت، ئەویش بەواتای ئەوەی، ئەگەر پرۆسەکانی پێوانەکردنی یەك تاك دووبارە بووەوە، ئەوا شتێك لە حالەتی جێگربوون، یان سەقامیگری ئاشکرا دەکات.

هەروەها ڕەنگە بەمانای بابەتگەری (objectivity) بێت، بەواتای ئەوەی کە تاك هەمان پلە بەدەست دێنێ، هەرکە سێك بێت ئەو پسپۆرەی تاقیکردنەوەکە لەسەر ئەو تاکە جێبەحێ دەکات.

لێرەدا تاقیکردنەوەی جێگیر دەبێتە پێوەرێك هەڵسەنگاندنی تاکی پێ ئەنجام دەدرێت، کە دووکەس جیاوازییان لەسەری نەبێت بەتەواوی، وەك ئامێرێکی تەرمومیتر کە لە خوێندنەوەیدا جیاوازی لەسەر نابێت،

دەوترێت هاوکۆلکەی جێگیری (coefficient of reliability) بۆ روونکردنەوی پەیوەست بوون یان گونجانی نێوان کۆمەڵێك زانیاری کە لە توێژێکی کۆمەڵگە وەرگیراوە لەگەڵ کۆمەڵێکی هاوشێوە کە لە هەمان توێژەوە وەرگیراوە بەلاّم بە سەربەخۆییەکی تەواو لە گروپی یەکەمدا.

**relief** ١ – الاعانة المساعدة یارمەتی

یارمەتیدانی ئەو کەسانەی داهاتیان بەشی پێداویستەکانیان ناکات، ڕەنگە ئەو یارمەتیدانە گشتی (public) بێت لەلایەن دەوڵەت و ئەنجوومەنە خۆجیەکان.

هەروەها ڕەنگە تایبەت (private) بێت لەلایەن ئەنجوومەنە تایبەتیەکانی وەك کۆمەڵە خێر خوازەکانەوە.

٢– الرضا، الانفراج رازی بوون
بار سووك کردن

لە دەروونناسیدا هەست بە ڕەزامەندیە کە لە ئەنجامی نەمانی گرژی و دڵتەنگیەوە دروست دەبێت.

**religion** الدين ئاین

کۆمەڵە بیر و باوەڕێکە، کۆمەڵێك باوەڕیان پێ دەبێت، ئەو بیر و باوەڕە سیستمێکی بەیەك گەیەنراو پێك دێنێت، بە زۆریش پەیوەستی بە جیهانی دەرەوەی سروشت هەیە.

هەروەها بەجێگەیاندنی ئەرك و نەریت و ڕێنماییەکانی ئەو ئاینە پیرۆزەو باوەڕە هێنان بە هێزێکی رۆحی بالا دەگرێتەوە، ڕەنگە ئەو هێزە بالایەش تەنها یەك خودا بێت، یاخود چەند خودایەك.

دەوترێت: ئاینی سروشتی (natural religion)، مەبەستی لێی باوەرهێنانە بە بوونی خودا و نەمری رۆح، بەلاّم پێویست نەبوون بە سروش.

هەروەها ئاینی رەوشکاری پۆزەتیف (positive) کە لە سەر زیندوویی و ویژدان و ئەقڵ دادەمەزرێت.

**Religion, sociology of** علم الاجتماع الديني کۆمەڵناسی ئاین

تەماشابکە: Sociology of religion

هاتنەوە بیر
یادکردنەوە
التذكّر
remembronce

خستنە رووی چەند ئاماژەو بەڵگەیەك لەلایەن كەسێكەوە، بەهۆی كاریگەری بە شتێك یان چەند شتێكەوە ئاشكرا دەبێ، كە لە ژیانی روویداوە، یاخود پێیدا تێپەر بووە.

پاداشت
قەرەبوو
المكافأة
التعويض – الاتعاب
remuneration

ئەم وشەیە، بە هەموو شێوە و جۆرەكانی بە مانای كرێ دێت، بەلاَم لەسەر شێوەی پاداشت، یان ماندووبوون خەرج دەكرێت. لەبەر ئەوەی وشەی كرێ بریندار كردنی هەست دەگرێتەوە، بۆیە دەوترێت ماندوو بوونی پارێزەر، ماندبوونی پزیشك.

تەماشابكە: كرێ wage

سەردەمی ڕابوون
ڕینسانس
عصر النهضة
Renaissance

ئەو سەردەمەی كە لەگەڵ كۆتایی هاتنی سەدەكانی ناوەراست دەست پێدەكات تا دەگاتە سەردەمی نوێ، ئەو سەردەمە بە بزووتنەوەی زیندوكردنەوەی هونەر و ئەدەب ناسراوە، زاراوەكەش بەكاردەهێنرێت بە مانای نوێبوونەوە و بوژاندنەوە.

مولْكانە
الرَيع
rent

وشەی مولْكانە لە دەربرینە باوەكەی ناو خەڵكدا، بەمانەی ئەو نرخەیەكە لە بەرامبەر بەكارهێنانی زەوی یان بەكرێگرتنی خانوو دەدرێت.
بەلاَم لە شیكاری ئابوریدا، زاراوەكە مانای جیاواز هەڵدەگرێت، چونك مولْكانە وەك باوە بە داهاتێك دادەنرێت كە بەهۆی هەر فاكتەرێك لە فاكتەرەكانی بەرمهێنانی تایبەتەوە پەیدا دەبێت، ناكرێ ئەو برەی خراوەتە ڕوو لە بازاڕەكاندا لێی كەم بكرێتەوە یاخود زیاد بكرێت، ئەگەر هاتوو زیاد یاخود كەم كرایەوە، ئەوا بەبرێكی زۆر كەم دەبێت.

خاوەن داهات
داهاتدار
صاحب الدخل
rentier

مەبەست لە زاراوەكە لە بنچینەدا، ئەو كەسەی قەواڵەكانی حكومەتی هەڵدەگرت و بە هۆیەوە داهاتێكی دەست دەكەوێت.
دواتر زاراوەكە بووە نیشانەیەك بۆ هەر تاكێك كە لە بنچینەدا لەسەر داهاتێك بژێت و سەرچاوەكەشی وەبەرهێنانی دارایی بێت.
خاوەن داهات ئایندەیەكی نەرێنیە بۆ دەرامەت، بەدەستهێنانی ئەو داهاتەی پشتی بە چالاكیەكی ئابووری پێشووتر بەستووە، نەك لەسەر چالاكیەك كە بەردەوام بێت، بۆیە ئەو كەسە جیاواز دەبێت لەو تاكەی كە بە هۆی داهاتێكەوە دەژێت و لە ناوەندێكی تایبەتمەندەوە بەدەستی دەكەوێت، نموونەی ئەو كەسەی كە سەر بە چینی مولكدارە ئەریستوكراتەكانە.

هەروەها کەسی خاوەن داهات لە روویەکی دیکەوە جیاواز دەبێت لە خاوەن ئەو سەرمایەی کە داهاتی لە ڕێگەی بازار گەرم کردن و جامبازیکردن بە پرۆژەکان دەست دەکەوێت، تا ئەگەر لەسەر شێوەی وەبەر هێنانیش بێت.

دووبارە ڕێکخستنەوە | اعادة التنظيم | **reorganization**

مەبەست لە دووبارە ڕێکخستنەوە، لێکۆڵینەوەیەکی پێشکەوتووانەیە بۆ ڕێکخستن لە ئەنجامی گۆڕینی بارودۆخە جیاوازەکانەوە، هەروەها چاوخشاندنەوەشە لەبواری پەیوەندییەکانی ئەو ڕێکخستنە مەبەستی بەدیهێنانی گونجاندن لەنێوان هەیکەلی ڕێکخستن و بارەکردارییە پڕاکتیکیەکەی، ئەویش بەئامانجی بەدەست هێنانی لێهاتووترین ئەنجامەکان لەو ڕێکخستنە.

لە فێربووندا، مەبەست لە زاراوەکە، ئەوەیە کە فێربوون تەنها بەشە بچووکە سەربەخۆکان ناگرێتەوە، بەڵکو بە گۆڕینی گشتەوەیە، ئەو تیۆرییەش دژە لەگەڵ تیوری هاوبەستی (associationism).

قەرەبوو بژاردن | التعويض | **reparation**

تەماشابکە: بەخشین، بژاردن، بیمە | **indemnity**

ناردنەوە بۆ نیشتمان | الترحيل الى الوطن | **repatriation**

ناردنەوەی کرێکارانی بیانی بۆ نیشتمانە بنچینەییەکەیان، پاش تەواو بوونی کاریان لەو وڵاتەی بۆی هاتبوون.

کاری دووبارەکراو | العمل المتكرر | **Repetitive Work**

تەماشابکە: جێبەجێکردنی کار لەسەر یەك شێواز | **Routine work**

جێگرتنەوە شوێن پڕکردنەوە | الاحلال شَغل الوظائف الخالية | **replacement**

کارکردن لەو شوێن و فەرمانەی بە تاڵە، ئەویش بەهۆی دامەزراندنی کرێکارانی نوێ، یان گواستنەوەی کرێکارانی زێدە لەبەشەکانی دیکەوە بۆ شوێن کارە بەتاڵەکان، یاخود بەرێگەی بەرزکردنەوەی پلەی چەند کرێکارێك بۆ کارکردن لەو شوێن و فەرمانە بەتاڵانە.

ڕاپۆرت | التقدير | **report**

نووسینێکە دەربارەی زانیاری و ڕاستی و ڕێنماییە تایبەتیەکان بۆ بابەتێکی دیاریکراو کە خراوەتە ڕوو، بە مەبەستی وەرگرتنی چەند بڕیارێك لەسەر ئەو بابەتە.

ڕاپۆرتەکان لە ڕووی کارگێرییەوە بە گرینگترین هۆکارەکانی پەیوەندیکردن و چاودێری دادەنرێن.

نوێنەرایەتی | ١– التمثيل | **representation**

مەبەست لە نوێنەرایەتی یان جێگری لە یاسادا، هەستانی کەسێك بە هەڵس و کەوتێکی یاسایی بە ناوی کەسێکی دیکەوەو

بۆ بەرژەوەندی ئەو کەسە، ئەویش بە پێی راسپاردنێکی ـ دەسەڵان پێدان ـ یاسایی یاخود رێککەوتنێك لە نێوان هەردوولا.
نوێنەرایـەتی ئەنـدامان لـە ئەنجومـەن و دامـەزراوە گـەورەکان لـە رووی قـەبارە و ئەنـدامێتی بەرێگـەی هەڵبـژاردنی چـەند نوێنەرێك دێتەدی بۆ بەرێوەبردنی کاروبارەکان.
هەر کۆمپانیایەکی بازرگانی یاخود سەندیکایەك و کۆمەڵەیەك یانیش دەوڵەتێك کە قـەبارەی گـەورە بێت، یـانیش ئەندامـە پەرش و بڵاوەکان لە چەندین شوێن، ئەوانە هەڵدەستن بە کۆکردنەوەی هەموو ئەندامەکانیان لە کۆبوونەوەیەکی گشـتی بـۆ رووبەروو بوونەوەی کێشەی نوێنەرایەتی، ئەگەر رادەیەك لە رێك کەوتن هەبوو لەگەڵ ئەندامانیان.

وێناکردن ٢– التصور

لە دەروونناسیدا، ئەو پرۆسەیەی بەهۆیەوە شارەزایی و ئەزموونێکی پێشو بە دەست دێنێتەوە.

نوێنەرایەتی رێژەیی التمثيل النسبي Representation proportional

نوێنەرایەتی رێژەیی زاراوەیەکە بەچەند سیستمێکی تایبەت بە دەنگدان دەوترێت، ئامانجی دەستە بـەرکردنی هـەموو شـێوە جیاوازەکـانی بیرورایـە لـە ولاتێکـدا، بـۆ ئـەوەی ئـەو ولاتـە بەنوێنەرایەتیـەکی راسـت بگـات ئـەویش لـە ئەنجومـەنێکی هەڵبژێردراودا، نوێنەرایەتیەکەش لەگەڵ هێزی هەر حزبێك بگونجێت.
زاراوەکە وەك باوە بەکاردەهێنرێت بـۆ باشـکردنی چـەند سیسـتمێکی تایبـەت بـەو بازنـە گەورانـەی کـە هەریەکـەیان چـەند ئەندامێك بۆ پەرلەمان هەڵدەبـژێرێت، ئەمـە و چـەندی قـەبارەی بازنـەکان گـەورەبن ئەوەنـدە سیسـتم نزیـك دەبێتـەوە لـە بەدیهێنانی نوێنەرایەتیکردنی شێوە جیاوازەکانی بیرورا.
نوێنەرایەتی رێژەیی لەسەر بنچینەی کارکردن بەلیستی حزبی پێکدێت، هەر جزبێك لیستێکی خـۆی دەخاتـە روو، رکابـەری لیستێکی دیکە دەکات بەناوی کاندیدەکانیەوە لە بازنەیەکدا.
هـەر دەنگدەرێك دەنـگ بـە لیستی حزبێـك دەدات، یـانیش جیاکردنـەوەی هـەموو دەنگـەکان، ئـەو رێژەیـەی هـەر حزبێـك بەدەسـتی هێنـاوە دەزانرێـت، لـەنێوان کـۆی گشـتی ئـەو دەنگانـەی کـە دراون، کروسـیەکان بـەپێی رێـژەی دەنگـەکان دابـەش دەکرێـت لـەنێوان حزبەکان.

وێناکردنە کۆییەکان التصورات الجمعية Representations, collective

تەماشابکە: collective representations

خەفەکردن چەپاندن الكبت repression

کردارێکی دەروونی نەستیە، رێگردەبێت لەبەردەم دەربرینی هزر و بیروباوەڕو ئارەزووە ئێش دار و بەئازارەکان، یـان ئـەوانی لە بازنەی نەستدا قەدەغەکراون بۆ سنووری هەست، ئەگەر چی بەزیندوویی و کاریگەری لە نەستدا ـ نائاگایی ـ هەرماون.
دەوترێت: خەفەکردنی کۆمەڵایەتی (social repression)

تەماشابکە: نەست ـ نائاگایی ـ unconscious

**reprisal** — الانتقام، الاقتصاص / الاخذ بالثأر — تۆڵە سەندنەوە / تۆڵە کردنەوە

لە یاسای گشتی نێو دەوڵەتی، مەبەست لە زاراوەکە، رووبەروو بوونەوەی ئەو کارەی بە پێچەوانەی یاساکانی جەنگ ئەنجام دەدرێت، بەهەمان شێوە تۆڵە سەندنەوەی بۆ بکرێت، ئەویش بۆ ناچارکردنی دوژمن کە رێز لە رێسا و بنەماکانی جەنگ بگرێت و پابەندی کارە ڕەواکان بێت لەجۆرەکانی ئەو سزا و تۆڵە سەندنەوانە، هێرش بردنە سەر شارەکان لە رێگەی ئاسمانەوە و بەکارهێنانی گازی ژاراوی، یان دەست گرتن لە رێگای هێزەوە بەسەر سامانی دەوڵەتێکی دیکە و یاخود بەسەر پارەو سامانی خەڵکی وڵاتێك لەلایەن هێزی دەوڵەتێکی دیکە.

**reprobation** — الاستهجان — نارازی بوون / نەویستن

هەستی ناڕەزایی و بێزاری کە گروپێك دەری دەبرێت، ئەویش بە قبول نەکردنیان یان نارازی بوونیان بۆ کردارە رەوشتیە پەسەندکراوەکان، بەڵام ناچاری نیە کە پابەندییان ببن، واتە دەکرێ وەك ئامۆژگاری وەربگیرێن، بەڵام ناسەپێنرێت کە پابەندی بن.

**reproduction** — ١– التوالد – الانجاب — زاوزێ / وەچەخستنەوە

لە بایولوجیادا مەبەست لە زاراوەکە، ئەو کردارەی بە هۆیەوە بوونەوەرێکی نوێ دەردەکەوێت و دەبێتە هۆی بەردەوامی ژیان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە.

٢– الاسترجاع، الاستعادة — بەرهەم هێنانەوە / گێرانەوە

لە دەروناسیدا، مەبەست لە زاراوەکە، گێرانەوەی روویەك لە ئەزموونێکی پێشووتر دەوترێت: خەیاڵکردن بەگێڕانەوە (reproduction imagination) واتە ئەو هێزە خەیالاوییەی ئارەزووی گێرانەوی ئەو شێوازانەی پێشتری هەیە کەسەرنجیان دراوەتێ، ئەویش لەجیاتی هەڵێنجانی جۆرو شێوازی نوێ.

**republic** — الجمهورية — کۆماری

دەوڵەتێك خاوەن سەروەرییەکی تەواو بێت، ئەرکی بەرێوبردنی کاروباری ناوخۆیی و دەرەکی لەلایەن سەرۆکێکەوە بەرێوە دەچێت، ئەگەر راستەخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرا یان بەرلەمان یاخود هەر ئەنجومەنێکی دیکە.

زۆربەی دەوڵەتانی تازە دامەزراو ئەم جۆرە سیستمەیان پێ باشە و لە سیستمی پاشایەتی پشتاو پشت دوور دەکەونەوە.

ڕەنگە دەوڵەتی کۆماری سیستمەکەی سەرۆکایەتی بێت وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یاخود سیستمی پەرلەمانی بێت وەك فەرەنسا.

**republicanism** — النزعة الجمهورية — کۆماری خوازی

کۆمەڵە بزووتنەوەیەکی سیاسی و فەلسەفیە، ئەوانە هاو بیرن لە دژایەتیکردنی سیستمی پاشایەتی و سیستمی حکومەتی کۆمارییان پێ باشترە، لە بەر ئەوەی نوێنەرایەتی گەل دەکات بە پێچەوانەی سیستمەکانی دیکەی حکومرانی.

بەڵام ئەو بزوتنەوانە هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی دیکە جیاوازن، دەربارەی ئەو بەهایانەی پەیوەندییان بە ئازادی و یەکسانی هەیە.

تەماشابکە: پاشایەتی کۆماری

monarchy
re public

داواکاریەکانی کار
پێویستیەکانی فەرمان

مطالب الوظيفة

re quirements , job

مەبەست، ئەو توانستە ئەقلیانەو ئامادەکارییە جەستەییانەی پێویستن لەو کەسەی ئەرکی فەرمانێکی پێ دەسپێردرێت.

دەست بەسەر داگرتن
داواکردن

الاستيلاء

reqwisition

دەستگرتنی حکومەت بەسەر سامان و داراییەکی جێگیری نەجولاّو بۆ مەبەستێکی تایبەت.

ئەگەرکارەکە لەکاتی جەنگ هەلگیرساندرابێت ئەوا دەبێتە بەشێك لە دیاردەکانی جەنگ، بەلاّم ئەگەر لەکاتی جەنگدا نەبێت، ئەو دەست بەسەر داگرتنە کارێکی مەدەنیە و لەلایەن ئەو فەرمانبەرانەوە ئەنجامدراوە کە بریاری تایبەتیان بۆ دەرچووە لەم بارەوە.

تۆژینەوە
لێکۆڵینەوە

البَحث

research

کرداری گەران بەدوای راستیەکان و پۆلینکردنی و شیکردنەوەیان دەربارەی کێشەیەکی دیاریکراو، ئەویش بۆ دەرخستنی راستی و هۆیەکانی ئەو کێشەیە، هەروەها ئەو چارەسەریانەی لەگەڵیدا دەگونجێت بەشێوەیەکی بێلایەنانە و دوور لە لایەنگیری کێشەکە.

نیشتەجێکردن
جێگیربوون

التوطين

resettlement

ئامانج لە نیشتە جێکردن، گواستنەوەی تاکەکانە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە.

ڕەنگە ئەو نیشتەجێکردنە ناچاری و بەزۆر بێت، ئەویش بەدەرکردنی فەرمانی نیشتە جێکردن لەچەند شوێنێکی دیاریکراو.

هەروەها دەکرێ ئەو کارە ئارەزوو مەندانە بێت، ئەویش بەدیاریکردنی رووبەرێکی زەوی کشتەکاڵی بۆ ئەو هۆزو تیرانەی داوای نیشتە جێکردن دەکەن، ئەمە و دەکرێ نیشتە جێبوونەکە بە کۆمەڵ بێت و هەموو عەشیرەتەکە بگرێتەوە ڕەنگە بۆ تاکیش بێت وەك دابەشکردنی زەوی بەسەر ئەو کەسانەی شایانی ئەوەن زەویان پێبدرێت بەپێی یاساکانی چاککردنی کشتوکاڵ.

نیشتە جێبوون
نشینگە

الاقامة

residenece

وشەکە ئاماژە بۆ نیشتەجێبوونی کەسێکی بیانی دەکات لە ولاّتێك کە ولاّتی بنچینەیی خۆی نەبێت، هەروەها ئاماژەیە بۆ بارەگا و ئارامگەی ئاسایی تاکی نیشتەجێبوو.

تەماشابکە: نیشتەجێبوونی هەمیشەیی، نیشتەجێبوون

domicile

چاودێری لەناو
دامەزراوەکانی بەخێوکردن

العناية داخل المؤسسات الايوائية

residential care

ئەو خزمەت و چاودێرییەی پێشکەش نیشتە جێبوان دەکرێت لەو دامەزراوانەی کە لەلایەن حکومەت یان ئەنجومەنە

ئەهلیەکان دادەمەزرێت بۆ چاودێریکردنی هەندێ گروپ و توێژەی وەك پەککەوتە و بەتەمەن، هەروەها مندالان... هتد.

نیشتووەکان
الرواسب
**residues**
پاشماوەکان

کۆمەڵە هاندەرو ئارەزوویەکی مرۆڤایەتیە، چەندین جۆری وەڵامدانەوە و ڕەفتاری ناراستەوخۆی بەدوادادێت. بەو مانایەی کە ئەو جۆرە ڕەفتارە بە دەربرینێکی راستەو خۆ دانانرێت بۆ رازیکردنی هاندەرەکان.

نیشتووەکان غەرییزە نین، بەڵام هۆکارێکن لە پشتەوەیان، غەریزە یان هاندەرە بنچینەییەکە خۆی دەشارێتەوە، دواتریش ئەو نیشتووە حاڵەتێکی نائەقلانیە، لەبەر ئەوەی کار بۆ شاردنەوەی هاندەری بنچینەیی دەکات و بەشێوەیەکیش دەردەکەوێت کە شێوە راستیەکەی خۆی نییە،

بەرهەڵستی
المقاومة
**resistance**
خۆراگری

بەرهەڵستی لەڕووی سیاسییەوە، ناسەلماندنی فەرمانەکان و ڕێگری لە هێز دەگەیێنێ، ڕنگە ئەو بەرهەڵستیە نەرێنی(passive resistance) بێت، ئەویش ئەو جۆرە بەرهەڵستیە کە توونـدو تیـژی ناگرێتە خۆی، هەروەها بەرهەڵستی ئاشتیانە (non violent resistance) ش دەبێت، واتە قبوڵنەکردنی هاوکاری.

لە رووی دەروونیەوە، بەمانا دینامیکیەکەی، بەرهەڵستی بریتییە لە نارەزاییەتی ڕەمەکی، بۆ هەر هەوڵێك بە گواستنەوی بابەتێك لە نەستەوە بۆ هەست، یان بۆ هەر هەوڵێکی رووتکردنەوەی نەست، بەو کارەش هەست بابەتە خەفە کراوەکان یاخود ئەو ئارەزووە تورەو بێزارەکان دوور دەخاتەوە.

تەماشابکە: زۆر لێکردن **Coercion**

بریار نامە
١- القرار الصادر عن الجماعة
**resolutio**

واتە، ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانەی کە لە کۆبوونەوە یاسایەکاندا یەکلا دەکرێنەوە، دەربارەی بابەتێکی دیاری کراو، ئەو بریارانەش بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی بەشدار بوو لە کۆبوونەوەکە دەردەچێت.

لە بارێکدا ئەگەر دەنگەکان یەکسان بوون، ئەوا ئەو لایەنەی سەرۆکی کۆبوونەوەکەی لەگەڵدایە، بریاری ئەو لایەنە پەسەند دەکرێت.

چارەسەر
٢- الحل
یەکلاکردنەوە

لە لۆژیکدا، ئەو پرۆسەیەی کە بەهۆیەوە گشت بۆ چەند بە شێك، شیدەکرێتەوە، یان گریمانەیەك بۆ چەند گریمانەیەکی سادەتر شیدەکرێتەوە، هەروەك لە حاڵەتی هەڵێنجاندا (deduction) کاری پێدەکرێت.

داهات
الموارد
**resources**
دەرامەت

ئەو هۆکارانەی بەکار دەهێنرێن بۆ دروست کردنی ئەو کالایانەی کە ویست و ئارەزوە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی تێر دەکات. رەنگە ئەو دەرامەتانە سروشتی بن، واتە لە سروشتەوە دەسمان دەکەوێت، یان رەنگە مرۆڤایەتی بن کە خۆی دەنوێنێ لە توانا و وزە ئەقلی و ماسولکەییەکان، هەروەها دەکرێ زەمەنی بن، ئەویش بریتیە لەو کاتەی کە لە ژێر دەسەڵاتماندایە.

هەموو ئەو جۆرە سەرەکیانەی دەرامەت، زۆر کەمن لە ئاست پێداویستیمان بۆیان، کەمی دەرامەتەکانیش بە رۆڵی خۆی دەبێتە

هۆی کەمی کالا و خزمەت گوزارییەکان کە بە شداری دەکەن لە بەرهەمهێنانیان، بۆیە دەگمەنی دەبێتە مۆرکی ژیانی ئابوری.
بەڵام بۆ چۆنیەتی بەکارهێنان و دابەشکردنی دەرامەتەکانی بەرهەمهێنان (allocation of resources)، لەنێوان چالاکیەجیاوازەکان ئەوا گرینگیەکی گەورەی دەبێت، چونکە خراپ بەکارهێنانی ئەو دەرامەتانە دەبێتە هۆی لە دەستدانی زۆر بوونی بەرهەم بۆ کۆمەڵگە، کە دەکرێ ئەو زۆر بوونە بێتەدی بەهۆی بەکارهێنانێکی زیاتر ئەقلانی بۆ هەمان ئەو دەرامەتانەو لە ژێر سێبەری هەمان بارودۆخ لە پێشکەوتن و شارەزایی و هونەری.

**وەڵامدانەوە** — **الاستجابة** — **response**
**پەرچەکردار**

هەموو وەڵامدانەوەیەك لەلایەن بوونەوەری زیندوو لە ئاست بە ئاگاهاتنی ئەندامانی هەستکردن، دیارە ئەویش بەهۆی ورژێنەرێکی دیاریکراو روودەدات.
وەڵامدانەوە یان پەرچەکردار، رەنگە ئەرێنی و هاوکاریکەر بێت (cooperative response) یان بە پێچەوانە نەرێنی (non cooperative response) دەبێت.
دەوترێت بە دەنگەوە هاتنی ئاشکرا (overt response) ئەویش ئەو رەفتارەیە کە دەکرێ سەرنجی بدرێتێ بەهۆی ئەوانی دیکەوە، هەروەها بە دەنگەوە هاتنی شاراوە (covert response) کە ئاشکرانیە و کەسانی دیکە هەستی پێناکەن، یاخود ئاگایان لێی نەبێت.
هەروەها دەوترێت سەرکردایەتیەکی بە دەنگەوە هاتوو (responsive leader ship ) واتە هەست کردن بە پێداویستیەکانی تاك و رازی بوون بە بەشداریکردنیان لە وەرگرتنی بریارەکان، دیارە ئەویش دەبێتە هۆی جێبەجێکردنی ئەو پێداویستیانە بەشێوەیەکی کاریگەرانە.

**بەرپرسیارێتی** — **المسؤلية** — **responsibility**
**لێپرسراوێتی**

پابەند بوونی مرۆڤ بەرامبەر کەسانی دیکە، بەرپرسیاریش چەند جۆرێکە، لەوانە: بەرپرسیاری مەدەنی، وەك ئەوەی باوك پرسیار لەکاری کورەمنداڵەکەی بکات.
بەرپرسیاری گرێبەستی، ئەویش بەهۆی جێبەجێکردنی کارێك یان بوونی کەم و کورتی لەو جێبەجێکردنە، هەروەها بەرپرسیاری تاوانکاری، کە پێویست بە سزادانی تاوانبار یاخود کەتنەکەر دەکات بەپێی بریارەکانی یاسا.
تەماشابکە: بەرپرسیارێتی کۆمەلایەتی **Social responsibility**

**چێشتخانە** — **المطعم** — **Restaurant**
**خواردنگە**

شوێنێکە تێیدا خواردن ئامادە دەکرێت بۆ ئەوانی سەردانی دەکەن.
چێشتخانەکان پەیدا بوون بەهۆی گواستنەوەی ئەرکی ئامادەکردنی خواردن بۆ دەرەوەی ماڵ، هەروەهاجیاکردنەوەی نێوان شوێنی خواردن و شوێنی نووستن.
هەردوو ئەرکی نووستن و خواردن لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان لەیەك شوێندا جێبەجێ دەبوون.
هەر لەگەڵ گەشەکردنی هاتووچۆو گەشت کردن،پێویستی شوێن بۆ نووستن و شوێنێك بۆ خواردن دروست بوو، گرینگی ئەو شوێنانەش زیاتر پەرەی سەند لە سەردەمە تازەکاندا، بە تایبەتی دوای گەشەکردنی شارەکان و کارکردنی ژنان لە پیشە سازیدا.

كۆنترۆلكردنی كۆمەڵایەتی | الضبط الاجتماعي | Restraint, social

تەماشابكە: كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی | social control

كاركردن بە هۆكارە ڕێگرییەكان | مزاولة الوسائل المقيدة | restrictive practices

ڕێككەوتنی هەندێ خاوەن كار لەسەر كەمكردنەوەی بەرهەم، یان ڕێككەوتنی كرێكاران لەسەر كەمكردنەوەی رەنج و ماندو بوونیان لەكاتی كاركردن.

بەم شێوەیە هەر لایەك هەوڵدەدات لایەكەی دیكە ناچار بكات لەسەر قبوڵكردنی بیر و بۆچوونەكانی.

ڕۆژی زیندووبوونەوە - بوژاندنەوە - | البَعث | resurrection

مەبەست لە زاراوەكە لە رووی ئاینیەوە، هەستانەوەی مرۆڤە لەناو گۆر، ئەویش لەكاتی كۆتایی هاتنی جیهان.

لێرەدا جەستەكان زیندوو دەبنەوە و رۆحیان دێتەوە بەر بۆ ئەوەی بەیەكەوە بەشداری بكەن لە شادی یان سزادانی یەكجارەكی، هەروەها مەبەست لەم زاراوەیە، بوژاندنەوەی هزرو گیان و ئاینەكەیەتی یاخود گوزەرانی رۆحیە.

تۆڵەكردنەوە وەك خۆی تۆڵە سەندنەوە | مقابلة الاذى بمثله الثأر | retaliation

تۆڵەكردنەوەی تاك لەو كەسەی كە زیانی بەخۆی یان بەیەك لە ئەندامانی كۆمەڵەكەی گەیاندووە، تۆڵە كردنەوەكەش بە هەمان رادەی ئەو زیانە دەبێت كە بەهۆی كارەكە روویداوە.

لە ئەدەبی عەرەبیدا باس لەبنەمای، تۆڵەی یەك بەیەك، سەر بە سەر دەكرێت.

تەماشابكە:: تۆڵە سەندنەوەی خوێن | bood revengee

دواكەوتنی ئەقلی | التأخر العقلي | retardation, menta

حالەتێكی ئە قلی بۆ ماوەیی یان وەرگیراوە، خاوەنەكەی ئاستێكی نزمی ژیری هەیە، حالەتەكە دیاردەیەكی مەترسیداری لەگەڵدا دەبێت، كە بریتیە لە بێ توانایی لەسەر گونجاندنی كۆمەڵایەتی و پیشەیی، هەروەها لاوازی لە بواری فێربوون، یاخود نەبوونی توانا بۆ ئەوەی هاوشانی كەسانی ئاسایی بێت.

خانەنشین | التقاعد | retirement

مەبەست لە خانەنشین، ئەوەیە كاتێ كرێكار بگاتە تەمەنێكی دیاریكراو و توانای كاركردنی نەمینێت.

تەمەنی نزیكی بۆ خانەنشین لە نێوان (65-60) ساڵ دیاری دەكرێت، بەڵام ئەو تەمەنە بۆ ژن كەمتر دەبێت.

هەروەها بارودۆخی كاركردن لە هەندێ پیشەسازیدا وا پێویست دەكات كە كرێكاران لە تەمەنێكی زووتر خانەنشین بكرێن.

سیستمەكانی دابین كردنی كۆمەڵایەتی ڕێگا بەو كارێكارە دەدات كە ژیانی كاركردنی تەواوكردوە، دوور بكەوێتەوە و پشو

بدات و موچەیەکی خانەنشینی تەواوی بدرێتێ.

بێدەنکردنی رکابەر
داش بە داش
الرَد بالمثل
retortion

لە یاسای نێودەوڵەتیدا، مەبەست لە زاراوەکە، کاردانەوەی دەوڵەت لە بەرامبەر کارێك کە دەوڵەتێکی دیکە پێی هەستاوە ئەویش بەدەستێوەردان لەبەرژەوەندییەکانی دادەنرێت.
دیارە ئەو کاردانەوەیەش هاوشێوەی کاری دەوڵەتەکەی دیکە دەبێت.

دووبارەکردنەوەی راهێنان
- فێرکردنەوە -
اعادة التدريب
re-training

مەشق و راهێنان، ئامانجی بەدەستهێنانی پسپۆری و شارەزایی و زانیارییە پێویستیەکانە بۆ ئەنجامدانی کارێك، جیاواز لەو کارەی کە لە بنچینەدا کرێکارێك پێی هەستاوە.
تەماشابکە: راهێنان
training

گێرانەوەی رابردوو
بەرپەرچی کاردانەوە
التَرجيع
الرَجْع
retroaction

لە دەروونناسیدا، مەبەست لە زاراوەکە، کاریگەری کارێك یان ئەزموونێك بۆ بەبیرهاتنەوەی کارێك یاخود ئەزموونێکی وەرگیراو لە کاتێکی پێشووتردا.
ئەگەر ئەو کاریگەرییە لە باربێت، ئەوا پێی دەوترێت ئاسانکردنی گێرانەوەیی (retroactive facilitation)، بەڵام ئەگەر لە باروگونجاو نەبێت ئەوە پێی دەوترێت خەفەکردنی گێرانەوەیی (retroactiveinhibition)، کەبریتیەلە، بیرکردنی بەشێك یاخود هەموو ئەوەی تاك پێشتر فێری بووە.

کاریگەریپێشینە
رجعية الاثر
retroactivity

گواستنەوەی کاریگەری یاسا یان بریارێك یاخود هەر کارێکی یاسایی بۆ رابردوو، چونکە لەرێساو بنەما بریار لەسەر دراوەکانی یاسا، نابێت یاسا کشانەوەی بۆ سەر رووداوەکانی رابردوو هەبێت، واتە پیادە نەکردنی یاسایەکی نوێ لەسەر ئەو رووداوانەی کەپێش بلاوکرنەوە و جێبەجێکردنی یاساکە روویانداوە.

نوشستی
دانە دواوە
التراجع
التقهقر
retrogression

تەماشابکە: گەرانەوە، کشانەوە
regression

سروش
الوحي
revelation

دەرکەوتنی خودی یەزدان بۆ مرۆڤ، یان ئاشکرا کردنی راستیە خواوەندییەکان بۆ مرۆڤ.
سروش بەو کەسە دەگەینرێت کە هەڵبژێردراوی خواوەندە.
وا گریمانە دەکرێ لە باوەرهێنان بە سروش، کە دەکرێ خودا زانینی تایبەتی خۆی بۆ مرۆڤ ئاشکرا بکات، ئەو ئاشکرا

کردنەش چەند شێوەیەك وەردەگرێت، ڕەنگە کارەکە بەهۆی سروشتەوە بێتەدی.

تۆڵَە | الثأر | revenge

ئەو کەسەی زیانی پێ گەیشتووە، زیان بەو کەسە بگەیەنێت کە بووە بەهۆی ئەو زیان گەیاندنە.

ئەو ئێش و زیان و ئازار گەیاندنەش سنووری بۆ نییە لەو جۆرەکارانەی تۆڵە بە تۆڵەیە(retaliation).

داهات
بەرووبوم | الدخل | revenue

تەماشابکە: داهات | | income

هەڵسوکەوتی پێچەوانە | التصرف العكسي | reversion

لە دەروونناسیدا ئەم هەڵسوکەوتە فێڵێکی دەروونیە، ڕەنگە لەکاتی تێهەڵچوونی یان سەرهەڵدانی پێداویستیەك کە لە نەستەوە پێداگری لەسەر دەکرێت و دەیەوێت گوزارشت لەخۆی بکات بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراودا.

لەو بارەدا هەست هیچ ڕێگایەکی کارکردنی بەدەستەوە نامینێت تەنها ئەگەر بەپێچەوانە کار بکات، بەو کارەش تاك جۆرێك لە بەدەنگەوە هاتنێکی دژ و بەرهەڵست بۆ ئەو پێداویستیە ورکاوییە بەدی دێنێت.

پوختە کردنەوە خوازی
پێداچوونەوە خوازی | التنقيحية | revisionism

شێوەیەکی هەموارکراوو پێچەوانەیە بۆ مارکسیزم، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا بانگەشەی بۆ کراوەو کەوتۆتە ڕوو، جیاوازی هەیە لەگەڵ مارکسیزمی لینینیزمی نەریتی، بەپێی ئەو شێوە هەموارکراوە، باوەر وابوو کە گواستنەوەی کۆمەڵگە لە قۆناغی سەرمایەداری بۆ قۆناغی سۆسیالیزمی، پێوسیستی بە بەکارهێنانی توندوتیژی ناکات.

لەلایەنگرانی ڕێبازەکە، هەریەك لە: ئەردوار بەرنشاین، کارل کاوتسکی.

بەبۆچوونی کاوتسکی، هەڵبژاردنە گشتیەکان لە ژێر سێبەری سیستمی پەرلەمانی، توانای جێبەجێکردنی شۆرشی سۆسیالیستیان هەیە بە شێوەیەکی ئاشتیانە و بەبێ خوێن ڕشتن و دوور لە توندوتیژی.

بوژانەوەی نەریت و بیروباوەڕی کۆن | نزعة الاحياء | revivalism

شێوەیەکی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانە، بریتیە لەو ڕەنجە هۆشیار و ڕێکخراوەییەی کە بەشێك لە ئەندامانی کۆمەڵگە پێی هەڵدەستن، بۆ گەرانەوە بەرەو سەردەمێك کە بە شادی و بەختەوەری جیاواز کراوەتەوە یان زیندو کردنەوەی سەردەمی زێرین و یاخود بوژاندنەوەی بەهاو لایەنە چاکەکانی پێشوی کۆمەڵایەتی.

بوژاندنەوەی ئاین
ژیانەوەی ئاین | الاحياء الديني | revivals,religious

مەبەست لە زاراوەکە بەمانا فراوانەکەی، هەموو ئەو کار و کردەوە ئاینیانەی کە جۆش و خرۆشی بە کۆمەڵ یان بزواندن و وروژاندنی بە کۆمەڵ دەگرێتەخۆی.

دیاردەکە چەندین شێوەی جیاوازیشی دەبێت، لە شێوەی ترس و تۆقاندن بێت یاخود خۆشی و شادی.... تا دەگاتە پلەی

هیستیریا، حاڵەتەکە بە زۆرترین دیاردەکانی ئاینی خۆرسك و لادان دادەنرێت.
زاراوەکە مانایەکی دووەم و زیاتر سنووردارتریشی دەبێت، بەتایبەتی لە بیرو بۆچوونی پیاوە خواناسە مەسیحیەکانەوە دەردەکەوێت و بەبزووتنەوەکانی رابوونی ئاینی دەوترێت، ئەوانی ماوە ماوە لە چەند ناوچەیەکی فراوان بلاّودەبنەوە و پەیوەندییان بە بزووتنەوە کۆمەلاّیەتیە گشتیەکانەوە دەبێت.

**revocation** ١- العزل لەکارخستن

جۆرێکە لە تەمێکردن بەرامبەر فەرمانبەر، بەو پێیە فەرمانبەر لە کارەکەی دوور دەخرێتەوە پێش ئەوەی بگاتە تەمەنی یاسایی، لەم بارەدا دەکرێ ئەو کەسە خانەنشین بکرێ، یاخود نەکرێ.

٢- الالغاء هەڵوەشاندنەوە
الابطال بەتاڵکردن

ئەم وشەیە لەیاسادا لەچەند شوێنێکی جیاواز بەکاردەهێنرێت، لە یاسای مەدەنیدا دەوترێت، پاشەکشە لەوەسیەت یان لە خەلاّت پێدان، هەروەها بە تاڵکردنەوەی داوا لە دادگا.
لە یاسای نێودەوڵەتیدا، دەوترێت هەڵوەشاندنەوەی پەیمان، ئەگەر هەموو لایەنەکان لەسەری رازی بن.

**revolution** الثورة شۆڕش

گۆڕانێکی کتوپڕی قوڵە لەبوارەکانی سیاسی و کۆمەلاّیەتی ولاّتێکدا، ڕەنگە ئەو گۆڕانە لە ڕێگەی توندوتیژی یان بەکارهێنانی هێزی یاساییەوە بێتە دی.
لەکار و رووداوەکانیدا، شۆڕش ئەو هۆکارانە پەیڕەوناکات کەلە سیستمی دەستوری ولاّتدا بڕیاری لەسەر دراوە.
لەسەردەمی ئێستا، زاراوەی شۆڕش بەکارهێنانێکی گشتی بەکاردەهێنرێت وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو بزووتنەوەیەی دەبێتە هۆی گۆڕانێکی ریشەیی لە کۆمەڵگەدا و گۆڕانکارییە پیشەسازی و کولتوری و زانستیەکان دەگرێتەوە، ئەو بوارانەی کتوپڕو بە توندوتیژی جێبەجێ ناکرێن، بەلاّم ڕەنگە ماوەیەك درێژەبکێشێت.
تەماشابکە: شۆڕشی کۆمەلاّیەتی **social revolution**

**reward** ٢- المكأة:الثواب پاداشت
الجزاء خەلاّت

ئەو فەرمانبەرانەی بەشێوەیەکی نایاب کارو خزمەتگوزاریەکانی سەرشانیان ئەنجام دەدەن، ئەوانە خەلاّت دەکرێن.
وەك باویشە وشەی بەخشیش (bonus) بەو پارمەتیە یان ئەو خەلاّتە دەوترێت کە فەرمانبەر بەدەستی دەکەوێت، بەلاّم وشەی پاداشت (reward) بەو خەلاّتە دەوترێت کە فەرمانبەر بەدەستی دەهێنێت دواتر.
مەبەست لە وشەی بەخشین لە دەروونناسیدا، ئەو هاندەرە ئەرێنیەی تاك بەدەستی دەهێنێت لەکاتی روودانی ئەو بەدەنگەوە هاتنەی کە بەخشینەکەی لەسەر دەوەستێت.
لەکاتێکدا (thorndike) وشەی پاداشت (reward) بەو دیاردەیە دەڵێت، ئەوا (pavlov) وشەی بەهێزکردنی (reinforcment) بەکاردەهێنێ.
تەماشابکە: بەخشیش **bonus**

**rhythm** الاتزان هاوسەنگی - ریتم
الايقاع ئاواز خواستن

بەدوا یەکدیهاتنی پارچە ئاوازێك لەماوەیەکی دیاریکراو بەشێوەیەکی سیستمی، یان کۆمەڵە ئاوازێك لەماوەیەکی دیاریکراو لەئاست دەنگەکان، یاخود لەئاست جوڵەو خێرایی موسیقا.

هەروەها مەبەست لە زاراوەکە، ڕێکوپێکی و بەدوایەکداهاتنێکی زانراوی پێشتر، بۆ هەر دیاردەیەك لەدیاردەکانی ژیان و هزر.
دەوترێت، هاوسەنگی کۆمەڵایەتی (social,rhythm) وەك هێمایەك بۆ هەر بەدوایەکداهاتنێك کە بەشێوەیەکی خولی ڕوودەدات دەربارەی هزر و هەست و کارو بارە لەیەکچووەکان، یانیش زۆر هاوشێوەکان، کە لەلایەن گروپەکانەوە ئەنجام دەدرێن.
هەروەها، لەزانستی دانیشتواندا، دەوترێت: ڕێگای هەڵسەنگاندنی ماوەی دڵنیایی، (rhythmmethod). واتە ئەو ماوەیەی کە پیاو لەگەڵ هاوسەرەکەی جووت نابێت، کاتێ ژن ئامادەیی دووگیانی تێدا دەبێت، ئەو کارە تەنها لەماوەی دڵنیابوون ئەنجام دەدرێت، ئەویش لەماوەی حاڵەتی مانگانەی ئافرەت.

**right** | **الحق** | **ڕاستی**
**ماف**

مەبەست لە ماف، ئەو بەرژەوەندی و ئازادیانەی تاك یان گروپ لە کۆمەڵگە چاوەڕێی دەکات، ئەویش تا ئەو بارەی کە لەگەڵ پێوەرەکانی کۆمەڵگە ڕێکدەکەوێت، واتە ئەو دەسکەوت و تایبەتمەندییانەی تاك یاخود گروپ وا هەست دەکات کە مافی خۆیەتی لە کۆمەڵگە بەدەستیان بهێنێ.
ماف لەدیدی یاساوە، دەسەڵاتێکە یاسا دەیسپێرێتە کەسێك بۆ ئەوەی توانای پێ بدات بۆ ڕاپەراندنی هەندێ کاروباری دیاریکراو، ئەویش بە مەبەستی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەك کەیاسا دانی پێداناوە.
ماف دابەش دەکرێتە سەر، مافی سروشتی (natural) و مافی ڕەوشکاری (positive).
مافی سروشتی ئەو مافەی پەیوەستە بە سروشتی مرۆڤەوە، لەو ڕووەوەی کە ئەو مرۆڤە، بەڵام مافی ڕەوشکاری، ئەوە یاسا نووسراوەکان و داب و نەریتە سەلێنراوەکان دیاری دەکەن.
تەماشابکە: مافە کۆمەڵایەتیەکان **social rights**

**rights,vested** | **الحقوق المكتسبة** | **مافە بەدەستهاتوەکان**

ئەو مافانەن کە دادوەر بۆی نییە دەسەڵاتی ئەو یاسایە هەڵوەشێنێتەوە کە لە سێبەریدا بڕیاریان لەسەر دراوە، بۆیە ئەو بۆی نیە لە خاوەنەکەی وەربگرێتەوە یان کاریگەرییان لەناو بەرێت بەبیانوی پیادەکردنی یاسایەکی نوێ.
ناکۆکی یاساکان **cf.conflict of laws**

**riot** | **التجمهر المُخِل بالامن** | **ئاژاوە**
**گەلە کۆمە**

گردبوونەوەی دەستە و کۆمەڵە کەسانێك لە شەقامێکی گشتی، کە ببنە هۆی تێکدانی دۆخی گشتی و ئاسودەیی.

**risk** | **المخاطرة** | **مەترسی**
**سەرچلی**

مەبەست لە وشەی مەترسی لە مانا گشتیەکەی، ئەگەری تووشبونە بەزیان و دۆڕاندن. زاراوەکە لە ئابوریناسیدا بەکاردەهێنرێت وەك ئاماژەیەك بۆ حاڵەتێك کە مرۆڤ توانایەکی تەواوی بەدەستەوە نابێت بۆ پێش بینی کردنی ئەنجامە ئەرلتەرناتیفەکان، لە نێوانیانیشدا هیچ ئەنجامێك نییە کە پشگیری یەك ئەگەریش بکات.
پیاوانی کاروباری ئابوری، داوای ئەوە دەکەن کە پێی دەوترێت پاداشت و بەخشین مەترسی و سەرچلی (risk premiums)، ئەویش بەرەوچاوکردنی ئەوەی کە ئەو دیاردانە نرخی سەرچلی و مەترسییەکانن و بەئەنقەست دێنەدی، هەروەك ئەنجامەکانیش جێگای باوەری تەواو نابن.
تەماشابکە: مەترسیە کۆمەڵایەتییەکان **social risk**

داب و نەریت
- ڕێ و ڕەسم -
الطقس
rite

کارێك یان چەند کارێکی ڕواڵەتی، ڕێکەوتن لەسەری هەیە، ئەو کارانە بەجۆرێکی تایبەت هەڵگری سروشتێکی جادوگەری و ئاینین. دەوترێت:

ڕێ و ڕەسمی کۆمەڵایەکی — social rites

ڕێ و ڕەسمی لە دایك بوون — birth rites

ڕێ و ڕەسمی وەرگرتن و فێرکردن — Initiation rites

ڕێ و ڕەسمی بالغی و هەرزەکاری — puberty rites

ڕێ و ڕەسمی پاکبوونەوە — purification rites

ڕێ و ڕەسمی ئاینی — religious rites

ڕێ و ڕەسمی گۆڕینی پێگە — passage rites

ڕێ و ڕەسمی
پەیرەو کردنی نەریت
الطقسية
التعلق بالطقوس
ritualism

بە بۆچوونی (Robert merton) پەیوەست بوون بە نەریت و ڕێ و ڕەسمیەکان، جۆرێکە لەراهاتن و گونجاندنی تاك، تێیدا تاك بەو ئامانجانە رازی نابێت کە پێوەرە کولتورییەکان دیارییان دەکات، چونکە وا هەست دەکات کە سەرکەوتوو نابێت لەجێیە جیکردینان، بۆیە بەردەوام دەبێت لە پەیوەندیکردن بەو شێواز و پێوەرە ڕۆتینیانەی کە واباور دەکات بیگەیێنێتە ئامانجەکان.

تا هەست بە دڵنیای دەکات، کاتێ بە ناچاری پەیرەوی شێوازە ڕۆتینیە سەلێنراوەکان دەکات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، ئەگەر چی باوەر ناکات بەسەرکەوتن یاخود گەیشتن بە پێگەیەکی بالا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ملکەچی بۆ هۆکارە سیستمیەکان، رزگاری دەکات، یانیش دەیپارێزێت لەو دڵەراوکێیەی کە نوشستی لە جێبەجێکردنی ئامانجەکان دەیخولقێنێت.

ڕکابەری
التنافس
rivalry

ڕکابەری لەنێوان چەند تاکێك یان چەند کۆمەڵێك بۆ گەیشتن بەهەمان شت یاخود هەمان ئەو ئامانجەی کە تەنها یەك لەو دوو ڕکابەرە بەدەستی دەهێنن، هەر لایەنێکیش هەوڵدەدات رەفتاری خۆی رابهێنێت بە بەردەوامی لەسەر بنچینەی سەرکەوتن یانیش نوشستی هێنانی لایەنی بەرهەڵست.

دەکرێ ئەو ڕکابەرییە وەرگەرێت بۆململانێیەکی ئاشکرا یان شەرێك، هەروەها ڕەنگە ببێتە هۆی پەیدابوونی دوژمنایەتی یان رق و قین لە نێوانیاندا.

تەماشابکە: ململانێ — conflict

مرۆڤی
ئۆتۆماتیکی
اللأنسان اللألي
robot

داهێنانێکی میکانیکیە، بەجۆرێك دروستکراوە کە بەهەندێ کاروباری مرۆڤ هەستێت.

ناولێنانەکەشی بە (robot) بۆ کەسێتیەکی شانۆگەری دەگەرێتەوە لە نووسینی ـ کارل تشابك ـ، لەو شانۆگەرییە باس لە راپەراندنی هەندێ کاروبار دەکرێت کە پەیویست بەبیرکردنەوەی ئەقلی دەکات، بەڵام دوور لە سۆز و هەست.

| | | |
|---|---|---|
| بزاوتی بازار | الروكرماتية<br>دراسة حركة المواد | **rochrematics** |

پرۆسەی جولەی کالاکان کە لە سەرچاوەکانی کەرەستەی خاوو سەرەتاییەکانەوە دەست پێدەکات... ، تا گەیشتنی بەدەستی بەکاربەر لە کۆتاییدا.
چەمکی زاراوەکە کارە بنچینەکانی بەرهەم هێنان و بازارگەیاندن دەگرێتەوە، ئەویش وەك سیستمێکی تەواو و هەمەلایەن.
هەروەها پرۆسەکە هەڵبژاردنی باشترین هۆکارەکانی کۆکردنەوەی نێوان کارەکانی گواستنەوەی کەل و پەل و پۆلینکردن و وەرگرتن و دابەش کردنیان دەگرێتەوە.

| | | |
|---|---|---|
| ڕۆلی پی سپێردراو<br>- دراوە پاڵ - | الدّور المفروض | **role,ascribed** |

ئەو ڕۆلەی دەدرێتە پاڵ منداڵ هەر لە کاتی لەدایکبوونەوە، یان کاتی گەیشتنی بە تەمەنێکی دیاریکراو، ئەگەر بۆ کەسی نێر بێت یاخود مێ.
هەروەك چۆن قۆناغە جیاوازەکانی تەمەن بەچەند پێش بینیەکی جیاواز دەبەسترێتەوە، ئەوا ئەو ڕۆلانەی کە لەسەر بنچینەی ئەندامیەتی تاك لە کۆمەڵێکی ڕەچەڵەکی یاخود ئاینی دروست دەبن، ئەوانیش ڕۆلی پێ سپێردراون.

| | | |
|---|---|---|
| ڕۆڵی بەدەستهێنراو<br>- ڕێ بۆدانان - | الدور المكتسب | **role,prescribed** |

ئەو ڕۆڵەیە کەپێوەرە کلتوریەکان دیاری دەکات، ئەو ڕۆڵە بریتیە لە کۆمەڵە ڕەفتاریکی چاوەڕۆوانکراو، لە وانی بە ڕۆڵێکی دیاریکراو هەلدەستن، ئەمەو ڕۆلی پێ سپێردراو، سنوری ڕەفتاری تایبەت بەو ڕۆڵە ڕوندەکاتەوە.

| | | |
|---|---|---|
| ڕۆڵی کۆمەڵایەتی | الدور الاجتماعي | **role,social** |
| تەماشابکە: | | **social role** |

| | | |
|---|---|---|
| ململانێی ڕۆڵەکان | صراع الادوار | **role confliet** |

واتە، ئەو دژوارییەی کەبەرەو رووی تاك دەبێتەوە لە هەستانی بەو ڕۆلەی چاوەڕوان دەکرێت لێی، ئەویش لەو ناوەندە جیاوازانەی کە بوونی تێیدا دەبێت.

| | | |
|---|---|---|
| نواندنی ڕۆڵ | تمثيل الدور | **role playing** |
| تەماشابکە: درامای کۆمەڵایەتی | | **socio drama** |

| | | |
|---|---|---|
| ڕومانسی<br>ڕێبازی ڕۆمانتیك | الرومانسية | **romanticism** |

ئاراستەیەکە، مەبەستی ڕزگاربوونە لە ڕێسا و نەریتە بۆماوەییەکان، هەروەها خۆشەویستی سروشت و زاڵکردنی هەست و سۆزە خودییەکان و ئەندیشەکاری، بەسەر ئەقڵ و لۆژیکدا.
ڕۆمانسێتی لە بیرو بۆچوونی فەلسەفەوە، بریتییە لە ئازادکردنی تاك و وروژاندنی هەست و سۆز لە نادیارترین و لێلترین وێنەکاندا، هەروەها باورهێنان بە ناکۆتایی بوون و ناکۆتایی هاتنی پێشکەوتن لە مێژوودا.

له بەرامبەر زاراوەی ڕۆمانسی، چەمکی کلاسیکی دێت (classicism).

**routine work** — العمل على وتيرة واحدة — کارکردن لەسەر یەك شێواز - ڕۆتین -

ئەو کارەی لەماوەی بەڕێوەبردنی، خۆی لە چەند کاروکردارێکی رەسمی رێك و پێك دەنوێنێ، زاراوەکە ڕەنگە گوزارشت بێت بۆ حاڵەتێك لە سستی و بێ جوڵەیی، یاخود جۆرێکە لە دۆگما لەبواری پراکتیکییەوە.

**routinization, ecological** — الروتينيةالايكولوجية — ڕۆتینی ژینگەیی

واتە، هەڵسوکەوت وجوڵەی دانشتوان کە ڕۆژانە ڕوودەدات لەناو کۆمەڵگەی شارنشیندا.

ئەوانی بریتین لە جوڵەی دانشتوان لە شوێنی نیشتەجێ بوونیان بەرەو شوێنی کارکردن، هەروەها گواستنەوەی کالاکان لە شوێنی بەرهەم هێنان بۆ شوێنی بەکارهێنان.

**rule. making** — سن اللوائح — دانانی قەواڵەکان

ئامادەکردنی ڕێسا و ڕێنماییەکان لەلایەن دەسەڵاتی تایبەت و پسپۆرەوە، لەگەڵ دەربڕینی رەزامەندی لەلایەن سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەسەریان، دواتر ڕاگەیاندن و بلاوکردنەوەیان بەهۆی ئەو دەسەڵاتەوە بە مەبەستی زانیاری و پێزانین.

تەماشا بکە : لستی یاساکان — **By-laws**

**rumour** — الاشاعة — واتەوات دەنگۆ

هەموو پرسێك یان ڕستە و دەربڕینێك، جۆرایەتی بیت یاخود بابەتی، جێگای پەسەند کردنیش بێت و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگوازرێتەوە، ئەویش بەهۆی وشەیەکی وتراو، بێ ئەوەی لێرەدا هەر جۆرە پێوەرێك هەبێت بۆ ڕاستگۆیی ئەو دەربڕینە.

**Rural belt** — النطاق الأخضر — پشتێنەی سەوز

تەماشابکە: پشتێنەی سەوز — **Green belt**

**Rural development** — التنميةالريفية — گەشەپێدانیلادێی

خولقاندنی بارودۆخێکی ئابوری و کۆمەلایەتی، بەپشت بەستنی تەواو لەسەر کاری بەکۆمەڵ لەنێوان خەڵکی دیهات، هەروەها بەکار هێنانی توانا و دەرامەتە بەردەستەکان لە کۆمەڵگەدا.

دیارە هۆکاری ئەو کارەش بەدەست نیشانکردنی پێداویستی و کێشەکان دەبیت، هەروەها دانانی پلان و ئەو بەرنامانەی ئامانجیان چاکردنی ژینگەی دێهاتەکان دەبێت، لەکەڵ بەرزکردنەوەی ئاستی ئابوری و تەندروستی و فێربون...هتد.

کارکردنیش لە سەر جێبەجێکردنی ئەو بەرنامانەی لەگەڵ پشت بەستنی گەورە بە دەرامەتەکانی دێهات و پالپشتی کردنی ئەو دەرامەتانە لەڕیگای ئەو خزمەتکوزاریانەی کە دامەزراوەکانی گەشەپێدانی سەر بەحکومەت ئامادەی دەکەن.

**کۆچکردن لەگوندەوە** الطرد الريفي / الهجرة الريفية **Rural exodus**

واتا کۆچی بەردەوام لەگوندەوە بۆ شارەکان، شاربەو خەسلەت و تایبەتمەندییەی کە هەیەتی، کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر ڕاکێشانی دانیشتوانی دەوروبەری بەرەو لای خۆی.
ئەو دیاردەیە لە زۆربەی ناوچەکانی جیهان باوە، هەر لەگەل شۆرشی پیشەسازییەوە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، کە گەیشتۆتە لوتکە لە هەندێ وڵاتدا.
لە هۆکارە گرینگەکانی ئەو دیاردەیە، زۆر بوونی ڕێژەو چڕی دانشتوانی دێ و گوندەکان، لەگەڵ دابەزینی ئاستی گوزەرانیان و لاوازی و لە ناوچوونی پیشەو کارەکانی گوند، بەهۆی زاڵبوون و سەرکەوتوویی پیشەسازییە نوێیەکان.
بەڵام لە گرینگترین فاکتەری راگێشانی دانیشتوانی دێهات بەرەو شارەکان، بریتییە لە زۆر بوونی دەرفەتی کارکردن و بەرزبوونەوەی ئاستی گوزەران و خۆشی باری شار و فەراهەم بوونی خزمەت گوزارییەکانە.

**بە پیشەسازیکردنی لادێ** التصنيع الريفي **Rural industrialization**

مەبەست لەم بۆچوونە، گەشەکردنی ئەو پیشەسازییانەی پشت بە کەرەستە خاوە فەراهەم بووەکان دەبەستێت لە ناوچەکانی دەرەوەی شار، دیارە ئەو هەل و مەرجەش چەند دەرفەتێك خۆش دەکات بۆ کارو داهاتی ناوچەکەش.
هەروەك باویشە، دەوڵەت یارمەتی پیشەسازییەکانی گوند دەدات، ئەویش بە زۆرکردنی متمانە پێکردن و ئاسانکردنی مەرجەکانی قەرزپێدان و ڕێنمایی و ئامۆژگاری کردن دەربارەی چاککردنی شێوازە هونەرییەکانی پیشەسازی، هەروەها ئاسانکاری لە گەیاندنی کالاکان بۆ بازار و هاندانی هەرەوەزییە کشتوکاڵیەکان.

**دانیشتوانی لادێ** سكان الريف **Rural population**

ئەو کومەڵەو گروپانەی لە دیهاتەکان دەژین، ژیان گوزەرانیشیان پشتی بە سود وەرگرتن و بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی بەستووە، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاری تێدا دەکەن.

**خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لادێ** الخدمة الاجتماعية الريفية **Rural socialwork**

ئامانجی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لە دێهاتەکان، بە دەستهێنانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و ئابورییە بۆ داننشتوانی گوند، بە شێوەیەك ئامەدەیان بکات کە پشت بەخۆیان ببەستن بۆ خزمەت کردنی خۆیان، هەروەها هەڵگرتنی ئەرك و بەرپرسیاریەتی پێشکەوتن و بوژاندنەوەی کۆمەڵگە دیهاتیەکەیان.

**کۆمەڵگەی لادێی** المجمع الريفي **Rural society**

کۆمەڵگەی گوند، ئەو کۆمەڵگایەیەکە لە ئاستێکی ڕێکخراوەیی نزم دەژێت، ئەو جۆرە ژیانە لای جوتیارانی زەوی و شوان و ڕاوچیان و ئەوانی بە ماسی گرتن دەژین دەبینریت.
ئەو کۆمەڵکەیە وەك باوە بەرامبەر کۆمەڵگەی شارستانی تەماشادەکرێت، لە خەسڵەتەکانیش: زاڵبوونی پیشە کشتوکاڵیەکان بە شێوەیەکی ڕێژەیی، پەیوەندییە توونە و تۆڵەکانی نێوان خەڵکی، بچوکی قەبارەی گردبوونەوە کۆمەڵاتییەکان، هەروەها کەم و کورتی لە ژمارەی دانشتوان بە شێوەیەکی ڕێژەیی و ڕێژەکی بەرزی هاو جۆری و یەك ڕەگەزی کۆمەڵایەتی و کەمی جیاوازی و پلەبەندی ناو خۆیین سەرەڕای کەمی جولە و بزاوتی کۆمەڵایەتییە ستونی فەرمانییەکان لای دانشتوانی گوند.

**به لادێ بوونی شار** تريیف الحَضَر **Ruralization**

**واتە، گواستنەوەی هەندێ رەگەزی کولتوری کۆمەڵگە لادییەکان بۆ ناو کۆمەڵگەی شارستانی و بەجۆرێکی تایبەتیش ئەو شێوازە رەفتاریانەی کە کۆچبەرە هاتووەکانی ناوچە گوند نشینەکان دەبنە هۆی گواستنەوەی، ئەگەر ژمارەی ئەو کۆچبەرانە گەورەبن، ئەوا ئەوانە بە شێوەیەکی تەنهایی و گۆشەگیر تارادەیەك دەژین، هەروەها دەکرێ زۆرێك لەو بەهایانەی کە لە گوندەکان باون بەرهەڵستی بکەن بەرامبەر کارتێکردنی کولتوری شارستانی.**

**نیشتەجێکردنی دانشتوانی گوند.** trans plant.ana rural

**تێکەڵبوونی گوند بە شار** أمتزاج الريفبالحضر **rurbanization**

**تێکەڵبوونی ژیانی شارستانی بە ژیانی لادێ، ئەویش بەهۆی بڵاوبوونەوەی شارنشینەکان لە ناوچە لادییەکان، هەروەها بە هۆی پەرتەوازەیی و ئاوارە بوونی دانشتوانی گوند بەرەو ناوچە شارنشیینەکان و دەرکەوتنی ناوچە تێکەڵبووەکان کە نەمۆرکی شارستانی یاخود لادێی هەڵنەگرتووە بە تەواوی.**

# S

تێکدان | التخریب | **Sabotage**
لە ناوبردن | الاتلاف

دەست درێژیکردنی کرێکاران بۆ سەر ئامێر و ئامرازەکانی کار، یان کالاکان، هەروەها زیان گەیاندن بە شوێنی کارکردن، ئەویش بە مەبەستی پەککەوتنی بە شێوەیەکی کاتی و ئازاردانی خاوەن کار تا ناچاربکرێت نەرم بێت و تێگەیشتنیان لەگەڵدا ئەنجام بدات.

لە ناوبردن یان فەوتاندن لەو تاوانانەیە کە سزای یاسایی لە سەر دەبێت.

دەوترێت: تێکدانی کۆمەڵایەتی (social sabotage) وەك هێمایەك بۆ نیازی خاوەن کارەکان بۆ کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان

کۆمەڵگەی پیرۆز یان نەریتگەری | المجتمع المقدس أو التقلیدي | **Sacred socity**

کۆمەڵگەیەك ژمارەیەکی زۆری پێوەرە پەسەندکراوەکانی تێدا بلاوەبێتەوە، رادەی چاودێری کۆمەڵایەتیشی تێدا زۆر توند دەبێت لەگەڵ بەرهەڵستی بۆ هەر گۆرانکارییەك ئەویش بە بەراود کردن لەگەل گۆمەلگەی عملاینەت (secular society.)

قوربان | القربان | **sacrifice**
بەختکردن | الضحیة

تەماشابکە: قوربانی | **Offering**

گلاوکردنی پیرۆزییەکان | تدنیس المقدسات | **sacrilege**

تاکێك تاوانی دەستگرتن ئەنجام بدات بە سەر ئەوشتانەی کە بۆ خودا تەرخان کراون یان بۆ ئاین، بە مەبەستی سوود وەرگرتن لێی بۆ خودی خۆی یاخود بۆ کاروباری ژیان. یانیش دەستدرێژی و کاری نارەوا بەرامبەر شکۆمەندی پەرستگاکان و گلاوکردنی ئەوی پیرۆزە.

سادیزم | السادیة | **sadism**
چێژ لە ئازاردانی ئەویتر

بە دەستهێنانی وروژاندنی غەریزەی سیکسی یان تێربوون یاخود هەردووکیان بەیەکەوە، ئەویش بەهۆی ئازار پێگەیاندنی جەستەیی یانیش دەروونی بە کەسێکی دیکە.

دیاردەکە، دەکرێ لە هاندەرە بنچینەییەکە جیابێتەوە و سەربەخۆبێت و ببێتە شێوەیەك لە شێوەکانی لادان -نەخۆشی-. لەم بارەدا بە تەواوی زاڵدەبێت بە سەر ژیانی سیکسی تاك.

ئاسایشی پیشەسازی | الامن الصناعي | **Safety, industrial**

تەماشابکە: ئاسایشی پیشەسازی | **Industrial security**

کرێ		الاجر		Salary
موچە		المرتب

هەرچی بۆ کرێکارێك خەرج دەکرێت، ئەگەر پارەبێت یان شتێکی دیکە، ئەویش بەرامبەر بەو کارەی کە پێی هەڵدەستێت. هەروەك باویشە پلەی کرێ (salary rate) بۆ هەر فرمانێك لە فرمانەکان دیاری دەکرێت. رەنگە کرێکان پۆل پۆلیش (salary ranges) بکرێن بۆ دیاریکردنی کەمترین ئاست و بەرزترین ئاست کە دەدرێتە هەر توێژێك لە کرێکارانی دامەزراوەکە.

رزگاربوون		الخلاص		Salvation

بیرۆکەیەکە لە ئاینەکانی بودایی و مەسیحیەت هەیە، مەبەست لێی رزگاربوونە لە هەڵەو تاوان، هەروەها لە لەو ئێش و ئازارەی پەیوەستە بە ژیانی مادییەوە.
لای فەیلەسوفەکان، ئەم زاراوەیە، زانینی راستی و خۆشی دەگەیێنێ، کە بە هۆی ئەو زانینەوە بە دەستمان دەکەوێت.

سوپای رزگاری		جیش الخلاص		Salvation army

گروپێکی نێو دەوڵەتیە بە کاروباری ئاین و چاکەکاری هەڵدەستێت، بە تایبەتی لە ناوچینە هەژارەکان ئەوانی لە کاریگەری ئاینی مەسیحیەت دوورن، ئەویش بە مەبەستی رزگارکردنی ئەندامانی ئەو چینانە لە خراپەکاری.
کۆمەڵە لەلایەن - ولیەم بوپ - لە شاری لەندەنساڵی (1865) دامەزراوە، سەرەتای دامەزراندنی وەك کۆمەڵەیەك بۆ بوژاندنەوەی رۆحی لە گەرەکە هەژارەکان کاری کردووە، یانیش وەك نێردراوی مەسیحی. دواتر ناوی لێنرا سوپای رزگاری لەبەر ئەوەی سیستمێکی سەربازی پەیرەو کرد، قەشە لە ناو ئەو سوپایە رۆڵی ئەفسەری دەگێراو ئەندامانیشی سەرباز بوون. سوپای رزگاری لە وڵاتانی ئینگلتەرا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بلاوبۆتەوە.

تیۆری نمونەکان		نظرية العَينات		Sampling theory
- بژاردەکان -

نموونە - بژاردە - بەشێکە لە کۆمەڵگە، یان کۆمەڵەیەکی ئەندەکیە، لەوتاکانەی تێکەڵی پێکهاتەی کۆمەڵگەن، توێژینەوەش لە سەریان ئەنجام دەدرێت. نموونەی ئاماری نموونەیەکە بە شێوەیەك هەڵدەبژێردرێت کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی راستەقینە بکات نوێنەرایەتییەکی دروست. لەو کات و بارەشدا توێژەر دەتوانێت ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەی بۆ نموونە کە پوخت بکاتەوە، بە شێوەیەك بەکەڵکی ئەوە بێت کە گوزارشت لە هەموو کۆمەڵگە بکات.
بۆیە، توێژینەوە زانستیەکان لە سەر بنچینەی لێکۆڵینەوە لە چەند نموونەیەکی سنووورداری هەڵبژێردراو دادەمەزرێت، ئەویش لەو کۆمەلاَنەی ویستیان هەیە خەسڵەتەکانی خۆیان بزانن، لە جیاتی لێکۆڵینەوە لە خودی کۆمەڵە بنچینەییەکان.
لێردەدا قەبارەی نموونەکە دەبێت لە باربێت بە جۆرێك سیفەتی نوێنەرایەتی کۆمەڵەی تێدا فەراهەم بێت بە پلەیەکی ورد لە ئەقلانیەت. چونکە بەبێ فەراهەم بوونی ئەم مەرجە، ئەوا ئەو توێژینەوەیەی ئەنجام دەدرێت، بایەخی نابێت بە هیچ شێوەیەك، بەڵکو رەنگە هەڵ خەڵەتێن بێت ئەگەر بیروراکانمان لە سەری دەربری.

نمونەی مەبەستدار		العينة المقصودة		Samplepurposive

نمونەی مەبەستدار لە ئاماردا، ئەوەیە کە ژمارەیەکی کەمی تاکەکانی هەڵدەبژێردرێت بە رێگایەك کە تێیدا پێویست دەبێ رەچاوی خەسڵەتی نوێنەرایەتی بکرێت.

له گرینگترین ناتەواویەکانی نموونەی مەبەستدار، ئەوەیە کە بەرێگایەکی بابەتیانە هەڵنابـژێردرێت کـە کاریگـەری ڕەگـەزی کە سێتی له هەڵبژاردنەکە دووربخاتەوە، هەروەك لـە نموونـەی هەڕەمـەکی ڕوودەدات، بۆیـە کـارێکی ئاسـانەکە لایـەنگری بـۆ خەسڵەتێك لە خەسڵەتەکانی گشتی تێدا بێت.

سەرەرای ئەوەش نموونەی مەبەستدار ئاستی پەرشـی و بـڵاوی تاکـەکانی دەرناخـات دەربـارەی ناوەندییەکـەی، لـە بەرئـەوەی هەموو تاکەکانی لە نزیك ئەو ناوەندە هەڵدەبژێردرێن .

له بەر ئەو هۆیانە، توێـژەر پـەنا نابـات بـۆ بـەکارهێنانی، تـەنها ئەگـەر بـارودۆخی توێژینـەوەکـە ناچـاری بکـات بـۆ بـژاردنی ژمارەیەکی زۆر کەم لە تاکەکانی.

نموونەی هەرەمەکی | العَينة العشوائية | Sample Random

نموونـەی هەڕەمـەکی لـە ئامـاردا، نموونەیەکـە یەکـەکانی لـە چوارچـێوە تایبەتیەکـەی خـۆی هەڵدەبـژێردرێت لـە سـەر بنچینەیەك کە هەلی وەك یەك بۆ هەڵبژاردنی هەموو یەکەکانی کۆمەڵگە ئامادە دەکات، ئەوانی کە لێی پێکدێن.

خەسڵەت و تایبەت مەندییەکانی نموونەی هەڕەمکی بریتیین:

1- ساکارترین جـۆر و گـرینگترین نموونەکانیـەتی، لـە بەرئـەوەی دەبـێ لـە قۆناغێـك لـە قۆناغـەکانی توێژینـەوە ئامـاری بەکاربهێنرێت.

2- له هەڵەکانی لایەنگری بە تەواوی دوورە.

3- یاساکانی ئاماری بەسەردا پیادە دەبێت، ئەویش لە لێکدانەوەی ژمارەی هەڵەی بەرێککەوت بۆ پێوەرە دەرهێنراوەکان لێی.

نموونەیچینایەتی | العينة الطبقية | Sample,stratified

ئەم جۆرە نموونەیە ـ بژاردەیە ـ لەئاماردا بەکاردەهێنرێت لەو حاڵەتانەی کە کۆمەڵێك نموونەکەی لێـوەر دەگیرێـت، ئـەویش یان بە شێوەیەکی سروشتیانە دابەش بووەتە سەر چەندچینێك، یاخود دەکرێ بە ئاسانی دابەش بێت بەسـەر چەندچـینێك، کە هەریەکەیان خەسلەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، جیاواز لەوانی دیکە.

خەسڵەتەکانی نموونەی چینایەتی لەچەند خاڵێك کورت دەکرێنەوە:

1. نموونەکە، چەندیەکەیەك لەهەر چینێك دەگرێتە خۆی.

2. نوێنەرایەتی کردنی بۆ کۆمەڵگە، ورد ترە لە نموونەی هەڕەمەکی و ڕێکخراوەیی، لەبـەر ئـەوەی هەڵـەی بەرێکـەوت تێـدا کەم دەبێت.

نموونەیسیستمی ـ ڕێکەکان ـ | العينة المنتظمة | Sample,systematic

نموونەی سیستمی لەئاماردا، ئەوەیە کە یەکەکانی بژاردە دەکرێن بەجۆرێك کە پێوانـەی نێـوان دوویەکـە، یـان مـاوەی نێـوان هەریەکەیەك و ئەوی پێشوتری، جێگیردەبێت بۆ هەموویەکانی نموونەکە.

ئەگەر قەبارەی نموونەکە (5٪) بێت، ئەوە پێویست بـەوە دەکـات کـە یەکـەی یەکـەم بـە شـێوەیەکی ڕەمـەکی هەڵبـژێردرێت لەنێوان ( 20،1)، ئەگەر وامانیش دانا کە ژمارەی یەکەی یەکەم ـ3. یە لەخشتە هەڕەمەکیـەکان، ئـەوا یەکـەکانی نموونەکـە دیاری دەکرێت بە ژمارەکانی (3، 8، 13، 18،....هتد) تا ژمارەی یەکەکانی نموونەکە بە تەواوی وەردەگرین.

بەڵام ئەگەر قەبارەی نموونەکە (10٪) بێت، ئەوا یەکەی یەکەم بەرەمەکی لەنێوان (10،1) هەلدەبژێرین.

ئەگەر وامان دانا کە ژمارەی یەکەی یەکەم (7) بێت لەخشتەی هەڕەمەکیـەکان ئـەوا یەکـەکانی نموونـە سیسـتمیەکان دیـاری دەکرێن بە ژمارەکانی (7،17،27،37...هتد)تا ژمارەی یەکەکانی نمووکە بەتەواوی وەردەگرین.

خەسلەت و تایبەتمەندییەکانی نموونەی سیستمی لەم خاڵەنە کورت دەکرێتەوە:

1. هەڵبژاردنی ئاسانترە لە نموونەی هەڕەمەکیەکە.

2ـ نوێنەرایەتی کۆمەڵگە دەکات نوێنەرایەتیەکی ورد، بەومانایەی کە هەڵەی بەرێکەوت تێدا کەمتر دەبێت، هەروەك لەحاڵەتی نموونەی هەڕەمەکی هەیە.

بوژانگە
خانەی تەندروستی
المصحة
**Sanatorium**

شوێنێکی سازگارە کە لەناوچە تەندروستیەکان دروست دەکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشیانەی پێویستیان بەبەکارهێنانی هۆکارە سروشتیەکان دەبێت، چارەکردنێکی تایبەت.
لەم بوارەدا چەندین خانەی تەندروستی جۆراوجۆر هەیە، هەریەکەیان تەرخان دەکرێت بۆ چارەکردنی نەخۆشیەکی دیاریکراو.

چارەسەری سزایی
١- الجزاء
**sanction**

سزا، بریتیە لەکاردانەوەی کۆمەڵگە، یان کاردانەوەی ژمارەیەکی گەورەی ئەندامانی لە ئاست رەفتاری یەك لەتاکەکانی، دیارە بەپێی ئەو کاردانەوەیەش ئەو رەفتارە پەسەند دەکرێت ـ سزا ئەرێنیەکان ـ یاخود پەسەند ناکرێت ـ سزا نەرێنیەکان ـ .
سزا چەند جۆرێکی هەیە، لەوانە باو و نافەرمی (natural sanction) ئەوەیە کە دەبەخشرێتە مرۆڤ بەرامبەر چاکەو خراپە، ئەویش لەرێگەی ستایشی کردنی کۆمەڵگە (approbation) بۆ کارەکانی، یاخود بە ناپسەندکردن کارەکانی (reprobation)
لە وانەش:
سزای گاڵتە جاری یانیش زەمکردنی (satirical samction) واتە روو بەروو بوونەوەی ئەو تاکەی کە لەکۆمەڵگە لایداوە بە گاڵتە پێکردن و زەمکردنی لەناو خەڵکدا.
هەروەها سزای یاسایی یاخود سیستمی ( legal sanction) ئەویش بە هۆی سزاو پاداشتەوە و بەپێی یاسا دەبێت.

پەسندکردن
رێگاپێدانی کۆمەلایەتی
٢- التصدیق الاجتماعي

رێگا پێدانی کۆمەڵگا و بریاردان یان بیانوو هێنانەوەی بۆ ئەنجامدانی چەند جۆرە رەفتارێك.

پیرۆزی
پاکژی
القداسة، الطهارة الورع
**sanctity**

خەسڵەتی هەموو شتێکی پیرۆز یان پاك، ئەو پاکیەی ئەنجامی ویستێکی ئازادو رزگاربووە لەهەر فشارێك، هەروەها حاڵەتکە پاڵنەرێکی تەواوی کەسێتی لە پشتەوە دەبێت.
کەسی پاك و خواناس، ژیانی رۆژانەی خۆی دەکاتە قوربانی لەپێناو ژیانی رۆحی، هەروەها خۆشی بۆ خودا پەرستی تەرخان دەکات.
پیرۆزی و پاکی جیاوازیان دەبێت لەدیاردەی پابەندبوون بەچاکەکاری، لەبەر ئەوەی چاکە کاری بەپێی یاسا کاردەکات، یان رەنجدەدات و بەرەنگاری سروشت دەبێتەوە لە رەفتاریدا.

پیرۆزی، پاکی
**Ana . holiness**

پەناگە  خەڵوەتگا
پەرستگا
الملجأ، الحرم
**sanctuary**

شوێنێکە بە پیرۆزی و پاکی (sanctity) جیاواز دەکرێتەوە، لەو شوێنە لە رابردوو کەسی تاوانبار پارێزگاری لێدەکرا، وەك ئەوەی هەڵاتبوو کەسانی دیکە بە دوای کەوتبوون و لێی دەگەڕان، بە شێوەیەکی تایبەتیش بۆ تۆڵە کردنەوە، کە نەریتێکی باو بووە.

بایەخدان بە تەندروستی گشتی
العناية بالصحة العامة
**sanitation**

تەماشابکە: تەندروستی گشتی
**Public health**

دەوڵەتی پاشکۆ
الدولة التابعة
**Satellite state**

دەوڵەتی پاشکۆ، دەوڵەتێکە سەربەخۆییەکی رەواڵەتی هەیە، بەڵام لەرووی کردەییەوە پاشکۆی دەوڵەتێکی گەورەیە و ملکەچی دەبێت لە زۆربەی بابەت و پرسەسیاسی و ئابووریەکانی،

چڵێسی سیکسی
حەشەرێتی
الشراهة الجنسية، الغُلّمة
**satyriasis**

هاندەرێکی سیکسی زیادەرۆیە، یان حاڵەتێکی ئاسایی نیە لای پیاوان، لە بەرامبەریدا، چڵێسی سیکسی ژنان دێت (nym phomenia)

تەماشابکە: لادانە سیکسیەکان
**sexual perversions**

کێویەتی
درەندەیەتی
الوَحشية
الهمجية
**savagery**

باری ئەو کۆمەڵگایەی کە کولتورە مادییەکەی تەنها لەسەر چنینەوەی میوە و ڕاوکردن کورت دەبێتەوە، بەڵام ـ مەرجان ـ بۆچوونی وایە کە قۆناغی درەندەیی (barbarity) پێشکەوتووترە لە قۆناغی کێویەتی (savagery).
هەروەها دەوترێت: گەلانی نیمچە دواکەوتوو (semisavage)، واتە ئەو گەلانەی کە هەندێ پێشکەوتنیان بەدەست هیناوە.

درندەیی
**Ana. barbarity**

پاشەکەوت کردن
الادخار
**saving**

ئەو برە پارەیەی کە تاکەکان هەڵیدەگرن یان دەیپارێزن بۆ کاتی پێویست یاخود بۆ وەبەرهێنان، کاتێ داهاتیان لەو برەی بە کاری دەهێنن زۆرتر دەبێت.
پاشەکەوت رەنگە ئارەزوومەندانە بێت (voluntary saving )، لەو بارەدا تاك بەویستی خۆی هەڵدەستێت بە هەڵگرتن و خەرج نەکردنی بە شێك لە داهاتی.
یانیش پاشەکەوت ناچاری (compulsory saving) دەبێت، لەو بارەدا تاك ناچار دەبێت بە کەمکردنەوەی بری بە کاربردنی لە کالاو خزمەتگوزاریەکان بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخەکان بە تێکراییەکی خێراتر لە زیادبوونی داهاتی کەسەکان.

سندوقەکانی پاشەکەوت کردن
صنايدق الادخار
**Saving funds**

جۆرێکە لە کۆمەڵەکان، لە لایەن کرێکارانەوە دروست دەکرێت بۆ کۆکردنەوەی پارەی پاشەکەوت کراوی ئەندامان و

وەبەرهێنانی بۆ بەرژەوەندی هەموویان.

هەموو ئەندامێك لەو كۆمەڵەیە مافی ئەوەی هەیە بەشێك لەو پاشەكەوت كراوە وەربگرێت كە پێویستی پێی دەبێت بۆ روو بەروو بوونەوەی بارە نائاساییە جیاوازەكان.

**پێوەرەكانی ئاراستە ئەقڵیەكان مقايس الاتجاهات العقلية Scales of attitudes**

پێوەرەكانی ئاراستە ئەقلیەكان لە میتۆدەكانی تۆژینەوە بەكار دەهێنرێن، كاركردنی پێوەرەكانیش لە سەربنچینەی بە دەستهێنانی چەند وەڵامدانەویەكی زارەكی دەبێت دەربارەی چەند هەڵوێستێكی دیاریكراودا. دیارە ئامانجیش لێی دیاریكردنی پێگەی تاك دەبێت لە پێوەرێكی نە پچراودا (continuum).

ئەو پێوەرەش وەك باوە بەدوو لایەنی دوور لە یەك دیاری دەكرێت، ئەو دوولایەنەش، ئەو پەری نەویستن و ئەو پەری پەسەندكردنە.

رەنگە پلە بەندی پێوەری نەپچراو تەنها لە ئەنجامی پلە بەندی یەكەكانی بێت، ئەویش بە ئامادەكردنی چەند ژمارەیەك لە یەكەكان، جیاواز دەبن لە رووی توندی و فراوانیەوە، توێژەریش لە سەر ئەو بنچینەیە كار لەسەر رێكخستنیان دەكات بۆ دیاریكردنی هەڵوێستی لایەنی شارەزا لەو پلە جیاوازانە.

ئەمەو رەنگە لەوەش زیاتر پلە بەندی لە وەڵامدانەوە بگرێتە خۆی دەربارەی هەر یەكەیەك، داواش لەلایەنی شارەزا ناكرێت تەنها بەدەربرینی رەزامەندی یاخود نارازیبوونی لە سەر پرسەكە، یانیش ئەو گریمانەیەی كە یەكەی پێوەر دەیگرێتە خۆی، بەڵكو داوای لێدەكرێت بە دەربرینی پلەی رەزامەندی یاخود بەرهەڵستیەكەی، بەوەی وەك نمونەیەك پلەیەك لە پێنج پلە بژاردە بكات بۆ دەربرینی رادەی باوەڕی توندی بەو گریمانەیەی كە ئەو یەكانە دەیگرێتە خۆی.

نموونە لە سەر ئەوانە: مافی ژن لە كاركردن لە فرمان و كاروبارەگشتییەكان زۆر پەسەندە پەسەندە بێلایەنی بەرهەڵستی بەرهەڵستی توند.

تەماشابكە: پێوەری ئاراستەكان **attitude scales**

**ریزبەندی بەرەبەر التدريج scaling**

ریز بەندی لە ئاماردا، بریتیە لە دانانی چەند ژمارەیەك بۆ خەسڵەتی شتەكان، یان تاكەكان یاخود بە پێی رێسایەك بۆ دەرخستنی خەسڵەتەكانی، تا ئەنجامدانی پێوانەی بە هایی بۆ گۆراوە جۆرایەتیەكان.

لێرەدا چەندین جۆری جیاواز هەیە بۆ پێوەرەكانی ریز بەندی (scales) لە وانە پێوەری ناڤكی (nominal scale) و پێوەری رێژەیی (ratio scale) و پێوەری پۆلێنكردن(rating scale).

**هەڵگرتنی تاوانی كەسێكی تر - قۆچی قوربانی - حمل خطايا الغير scapegoating**

گلەیی و گازندەكردنی تاك بەهۆی ماندوو بوونیەوە، یان بێبەشكردنی یاخود هەست بە تاوان كردن بەرامبەر كەسێك و كۆمەڵێكی بێ تاوان.

سەرچاوەی زاراوەكە بۆ جولەكە كۆنەكان دەگەرێتەوە، ئەوان هەڵەو تاوانەكانیان دەخستە ئەستۆی بەرانێكەوە، (ئەویش وەكهێماگرییەك) بەرانەكەشیان بەرەو دەشت و بیابان دەبرد.

دەسەڵاتدارانی سیاسی بە زۆری، هەڵە و كەم و كورتی خەڵكی دیكە بەكاردەهێنن وەك شێوازێك لە شێوازەكانی پڕ و پاگندە، كە گلەیی رەخنەكانیان ئاراستەی دوژمنێكی بیانی یانیش گروپێكی لاوەكی دەكرد لە ناو كۆمەڵگە، بەو هەندەی بەرپرسن

لەو بارودۆخە خراپەی روویداوە، ئەو کارەشیان بە مەبەستی دوورخستنەوەی ناحەزی و دوژمنکاری بووە لە ئاست چینی دەسەلاّتدار.

فالگرتنەوە بە بەکارهێنانی ئێسک | العرافة عن طريق العظام | scapuliman

فالچێتی بەهۆی خوێندنەوەی پارچە ئێسکی گیانداران پاش سووتاندنی.

دەگمەن زۆرکەم | النُدرة | scarcity

بەش نەکردنی کالا و دەرامەتەکان لە رووی چەندایەتیەوە بۆ پرکدنەوەی پێداویسیەکان.

دیار زۆر کەمی دەرامەتەکان یان هۆکارەکانی تێرکردنی ویست و ئارەزووە مرۆڤایەتیەکان بیرۆکەیەکی ئابوورییە، گوزارشت لە پەیوەندی نێوان ویستە مرۆڤایەتیەکان و نێوان هۆیەکانی تێربوونی دەکات. بۆیە کەمی کالاکان بۆ کەمی دەرامەتەکاندەگەڕێتەوە یاخود ئەو هۆکارانەی بەشداری لە دروست بوونیان دەکەن، ئەگەر زۆرکەمبوونەوەی دەرامەتەکان روونەدا ئەوا کێشەی ئابووری درووست نەدەبوو.

دیاگرامی پرژاو هێلکاری بلاّوبوونەوە | رسم بياني للانتشار | Scatter diagram

ئەو وێنەیە لە ئاماردا بە کاردەهێنرێت بۆ پێوانەی پەیوەست بوون، کە بریتییە لە چەند خالێکی زانیاری لە سەر هێلی بلاّوبوونەوەی راست، یان چەماوە.

ئەگەر پەیوەندییەك هەبوو لە نێوان ئەو دوو گۆراوەی کە هەولی پێوانەی پەیوەستی نێوانیان دەدەین، ئەوا خالەکان بە شێوەیەکی رێك و پێك بلاّو دەبنەوە و لە سەر بنکەیەکی دیاریکراویشدا بەریوەدەچن، بەلاّم ئەگەر خالەکان پەرش و بلاّوبوون و هەر چۆنێك رێککەوتبێت و بێ هەرجۆرە رێکخستنێکی سەرنج راکێش، لە و بارەدا ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو پەیوەندییەی نێوان هەردوو گۆراوەکە بوونی نیە، یان زۆر لاوازە.

گومانکاری | الشَك | Scepticism

رێبازی ئەوانەیە کەپابەندن بە دیاردەی گومانەوە، وەك میتۆدێکی یەك بینەو بارێکی جێگیروەریدەگرن، ئەوانە بەردەوام راڕادەبن لە نێوان سەلماندن و رەتکردنەوە، لە بریاردانیشدا دەوەستن.

فۆرمی توێژینەوە | ١ – أستمارة البحث | schedule

نموونەیەك بە کاردەهێنرێت لە میتۆدەکانی توێژینەوە، خشتەکە کۆمەلە پرسیارێکی تێدا دەبێت کە ئاراستەی تاکەکان دەکرێت بە مەبەستی بەدەست هێنانی چەند زانیارییەکی دیاریکراو، ئەم خشتەیە خشتەی روونکردنەوە بە پۆستە رەوانە دەکرێت، یان لە کاتی چاو پێکەوتن پرسیارەکان ئاراستە دەکرێن خشتەی چاوپێکەوتن - .

خشتەی توێژینەوەکە، لە بەر رۆشنایی چوارچێوەی گشتی بۆ بابەتی لێکۆلێنەوەکە دادەرێژێت، ئەویش بە پێی بەرنامەیەکی رێك و پێك و ناوەرۆکەکەی هەموو ئەو خالە سەرەکی و لاوەکیانە دەگرێتەوە کە توێژینەوەکە بۆی دانراوە.

لە خشتەکەدا ئەو خالانە بە شێوەیەکی لۆژیکیبە زنجیرە تۆمار دەکرێت و.

خشتەی کار | ٢- جدول الاعمال |
کاتەکانی کار | جدول المواعید |
تەماشابکە: ڕێکخستنی بەرنامەی کاتەکانی کار | | scheduling

نەخشەی کار | وضع الخطة الزمنية | scheduling

لەو بەرنامەیەدا بوارەکانی چالاکی و ئەو ئەرکانەی پێویست دەکات پێی هەستین بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی دیاریکراو ڕووندەکرێتەوە.

دانانی بەرنامە دوو ڕووی سەرەکی دەگرێتەوە: ڕووی یەکەم، دیاریکردنی ئەو پرۆژانەی کە دەکرێ بێنە دی. ڕووی دووەم، دانانی پلانێکی کاتی بۆ ئەو پرۆژانە.

بەرنامە ڕێژی | المخطط | schema

پلانێکە پیادەکردنی دەبێتە هۆی ڕێکخستنی ڕووداوەکان، ریکخستنێکی زانستیانە لەپێناو ئەو ئامانجانەی کە پێویست بەجێبەجێکردن دەکات.

شیزو فرینیا | انفصام | schizo phrenia
شێتی سەرەتایی | الجنون المبكر، جنون المراهقة |

نەخۆشی دەروونی ـ سایکو سیسی ـ لە گرینگترین دیاردەکانی: گۆشەگیری نەخۆش لەسەر خودی خۆی و پاشگەزبوونەوەی و خول خواردنی ئەقلی لەجیهانی ئەندێشە و خەیاڵ پلاوی، نەبوونی گونجان و ڕێکوپێکی لەنێوان میزاج و بیرکردنەوە، گەوجی ویژدانی و تێکچوون و گەندەڵی ژیانی هەستیاری، چەندین بیر و باوەری ناراست و ورێنە و هەست کردن بە چەوساندنەوە، خۆ بەگەورە زانین و نەمری و باوەر بە توانایەکی لەرادەبەدەرو جیهان لەخۆگرتن، هەروەها دیاردەکانی لادانە سیکسیەکان، بەخرۆش هاتنی سیکسی، هەتیوبازی، هەڵوەشاندنەوەیەکی گشتی لەکردارە ئەقلیەکان.

سکولاتیزم ـ مامۆستایان
ڕێبازی لاهوتی | المذهب اللاهوتي أو الكلامي – الاسكولاتية | scholasticism

زاراوەی ڕێبازی لاهوتی، لەسەردەمی ڕابوونەوە ئەو سیستم و ڕەوتە فەلسەفی و لاهوتیانە دەگرێتەوە کە باو بوونە لەسەردەمەکانی ناوەڕاست، ئامانجیشی پراکتیك کردنی ئاین بووە لەسەر ئەقڵدا،

لەسەدەی نۆزدەهەمدا ئەو ڕێبازە شێوە و مۆرێکی ئەفلاتونی و نوێی گرتەخۆی.

لەماوەی سەدەی پازدەهەمدا ئەو زاراوەیە بەسەر ئەو بزوتنەوە هزرییانە پیادەکرا کە لە ئەوروپا سەریان هەڵدا و پاشان کشان و چەند هزرێکی فەلسەفی دیکەیان گرتەخۆ، هەروەها چەندین ڕێبازی لاهوتی عەرەبی، جوولوکە، هیندی گرتۆتەوە، کەباوبوون لە سەدەکانی ناوەڕاستدا.

ڕێبازی لاهوتی بەو مانایە، دیاردەیەکە لەو قۆناغە شارستانیانە بەدی دەکرا کە تێیدا فەلسەفە و لاهوت ملکەچی ڕێکخستنێکی وشکە باوەری بوون.

**school of thought** | المدرسة الفكرية | قوتابخانەی هزری

کۆمەڵە بنەماو ئاراستەیەکی هزری دیاریکراوە، گروپێك لەنووسەر و بیرمەندان بانگەشەی بۆ دەکەن لەبواری یەك لەلێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیەکان،

**School social work** | الخدمة الاجتماعية المدرسية | کاری کۆمەڵایەتی قوتابخانەیی

خزمەت گوزاری کۆمەڵایەتی قوتابخانەیی، بەیاخ بە رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی دەدات لە قوتابخانەدا، ئەویش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی تاك و رێکخستنی گروپی قوتابیان و توندکردنی پەیوەندییەکانی نێوان قوتابیان و دەستەی مامۆستایان، هەروەها لە نێوان قوتابخانە و ماڵەوە، لەگەڵ بەکارهێنانی هەموو ئەو تواناییانەی کە ژینگەی قوتابخانە و کۆمەڵگەی دەرەکی رێگەی پێدەدەن لەو بوارەی پەیوەندی بە ژیانی قوتابی هەیە لە قوتابخانە.

**science** | العِلم | زانست

کۆمەڵە زانیارییەکی تەواوی هەمەلایەن، لەگەڵ بنەماکان، هەروەها بابەتە گشتیەکانی بیرکردنەوە.
ئەوانی پەیوەستن بە راستی دیاردەیەکی دیاریکراو. زانست لە سەر بنچینەی سەرنجدان و ئەزموون دادەمەزرێت پشت بە ئارەزووەکانی تاك یاخود بیروڕای کەسێتی نابەستێت.
گرینگترین ئەو خەسڵەتانەی کە پێویستە لە بیرکردنەوەی زانستیدا بێنەدی بریتیین لە وردی چەمکەکان، گشتاندن، توانای بژاردن، راستگۆیی، سەلماندنی راستێتی، بونیادی سیستمی، بابەت گەری.
هەروەها دەکرێ زانستەکان پۆلێن بکرێن، پۆلێنکردنێکی سەرەو خوار، دەست پێ دەکات لە بابەتە گشتیەکانەوە بۆ تایبەتیەکان، بەم شێوەی خوارەوە:
1- لۆژیك 2- بیرکاری 3- ئەندازە 4- زانستی بزووتن (kinematice) 5- زانستی میکانیك 6- زانستە سروشتییەکان 7- ئەستێرە ناسی 8- زەوی ناسی 9- کیمیا 10- بایۆلۆجیا 11- دەروونناسی 12- کۆمەڵناسی.
زانست رێگا خۆش دەکات بۆ کارکردن، هەروەها یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی بە شێوەیەکی چاکتر و دوورکەوتنەوە لەو مەترسییانەی جێگای هەڕەشەن.

**Sciences , social** | تەماشا بکە: زانستە کۆمەڵایەتیەکان

**Sciences , social** | العلوم الاجتماعية | زانستە کۆمەڵایەتییەکان

بریتیە لەو کۆمەڵە لێکۆڵینەوانەی کە میتۆدی زانستی بەکار دەهێنێت لە تۆژینەوەکانی دەربارەی دیاردەکانی چالاکیە جیاوازەکان، ئەوانی مرۆڤ پێی هەڵدەستێ، ئەگەر وەك تاك بێت یان گروپ یاخود کۆمەڵگە.
ئەو لێکۆڵینەوانە چەندین لقی کۆمەڵناسی و ئەنثروپۆلۆجیا و لقەکانی دەروونناسی واتە زانستی رەفتاری تاك و ئابووری و چەند لقێکی لێکۆڵینەوەکانی زمان و مێژوو یاسا دەگرێتەوە.

**Scientific management** | الادارة العلمية | کارگێری زانستی

**Management , scientific** | تەماشابکە: کارگێری زانستی

**Scientific method** — المنهج العلمي — میتۆدی زانستی

ئەو رێبازەی ئەقڵ پێڕەوی دەکات بۆ لێکۆڵینەوە لە هەر بابەتێکی زانستی، ئەویش بە مەبەستی گەیشتن بە پرسە گشتیەکان، واتە یاسا زانستییەکان یاخود ئەو رێبازەی کە بەهۆیەوە زانست یاساکانی دروست دەکات و دەگاتە راستیەکان.

میتۆدەکانی زانست بە سەر دووبەش دابەش دەبن:

1- میتۆدە هونەرییەکان، ئەوانی بە هۆیەوە توێژەر بابەتی توێژینەوەکەی چارەسەر دەکات بە شێوەیەکی دیاریکراو و بە پێی سروشتی ئەو بابەتەی توێژینەوەی لە سەر دەکرێت.

دیارە ئەویش زۆر و جۆراوجۆرن بە پێی جۆراو جۆری زانستەکان.

2- میتۆدە لۆژیکیەکان، واتە ئەو رێگا ئەقلیانەی توێژەر بە کاریان دەهێنێت بۆ بەدەست هێنانی پێداویستیە زانستییەکان، کە بابەتی توێژینەوەی لۆژیکیە.

لە گرینگترین خەسڵەتەکانی میتۆدی زانستی، ئەویە کە هیچ دیاردەیەك بە بێ هۆ نیە، ئەگەر هۆیەکە روویدا، ئەوا دەبێت هۆکردەییەکەش رووبدات.

دیارە یاسای زانستی دیاردەکان رووندەکاتەوە دیاریکردنێکی چەندایەتی، کە تایبەترین خەسڵەتەکانی میتۆدی زانستیە.

**scientism** — النزعة العلمية — زانستخوازی

رێبازێکە تەنها پشت بە زانست دەبەستێت لە رووی توانای لە سەر چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان و پراکتیك کردنی رێبازی زانستیانە لە هەموو بوارەکانی زانیاری مرۆڤایەتی بەڵکو تا دەگاتە ڕادەی پێش بینی کردن بەڕێڕەوی ڕەفتاری مرۆڤایەتی و زاڵبوون بە سەریدا.

هەروەها ئەو رێبازە وا دەسەڵمێنێت کە زانست لە توانایدا هەیە فەلسەفەیەکی هەمەلایەنەی ژیان بگەینێتە مرۆڤ.

**score** — الدرجة، النتیجة، المقدار — نمرە، ئەنجام بڕ

وشەکە لە ئاماردا بەکاردەهێنرێت لە چەند بوارێکی جیاواز، دەوترێت:

پێوەری پلەکان (criterion score) بۆ روونکردنەوەی پلەکانی تاقیکردنەوەیەکی دیاریکراودا، هەروەها دەوترێت بڕی پێوەری (normative score)، ئەویش بە کاردەهێنرێت لە لێکۆڵینەوە دەربارەی دابەش بوونی کۆمەڵگایەك، دەوترێت،بڕی خام (row score) ئەویش ئەو بڕەیە کە لە شێوە سەرچاوەییەکەی هەڵبژاردن بە دەستمان دەکەوێت پێش بە ستنەوەی بەهەر بڕێکی دیکە لە هەڵبژاردنی کۆمەڵگادا.

**scouting** — الحركة الكشفية — دیدەوانی

بزووتنەوەیەکی وەرزشی کۆمەڵایەتی پەروەردەییە، دادەمەزرێت بۆ رێکخستنی لاوان لە چەند تیپێك بەسەر پەرشتی چەند راهێنەرێك.

ئامانجیشی راهێنانی گەنجانە لەسەر سەختی ژیان و تووندوتیژی و پشت بەستن بەخود.

دیارە ئەو چالاکیەش بەهۆی مانەوە لەناوچەکانی دەشت و دەرەوەی شارەکان و بەپێڕەو کردنی ژیانێکی سروشتی دێتەدی.

فالگرتنەوە | فَتح المَندل | scrying

تەماشابکە: خوێندنەوەی غەیب | divination

کرێکارانی دەریا
دەریاوان | عمال البَحر | seamen

ئەو کرێکارانەی کە لەسەر پشتی کەشتیەکدا بەکاروباری جیاواز هەڵدەستن لەبەرامبەر کرێیەك.

کاری دەریایی تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەوانە گەشتی درێژخایەنی ناو دەریا و مەترسیەکانی، هەروەها هاتوچۆی کەشتیەکان لەنێوان چەندین دەوڵەتی جیاوازدا کە مۆرکێکی نێودەوڵەتی دەبەخشێتە کاری کەشتیوانی.

بۆیە وەك باوە، چەندین یاسای تایبەت دەردەچێت، بۆ رێکخستنی کاری دەریایی جیاواز لە کاری ئاسایی.

رێورەسمی
وەرزی | الطقس الموسمي | seasonal ceremong

تەماشابکە: نەریتی سالانەی ئەستێرە ناسی | calendricalrites

پیشەسازی وەرزی | الصناعة الموسمية | seasonal industry

تەماشابکە: پیشەسازی وەرزی | industry , seasonal

بێکاری وەرزی | البطالة الموسمية | seasonal unemployment

ئەو جۆرە بێکارییە روودەدات بەهۆی گۆرانکارییە وەرزییەکانەوە، کە کاریگەرییان لە سەر چەند پیشەسازییەك دەبێت. ئەو پیشەسازییانە لە هەندێ وەرزدا کاردەکەن و لە هەندێکی دەوەستن، یاخود لە بەشێکی ساڵدا کاریان زۆر دەبێت و لە بەشەکەی دیکەدا بە پێچەوانە.

تەماشابکە: بێکاری | unemployment

جیابوونەوە | الانفصال
الانشقاق | secession

مەبەست لە زاراوەی جیابوونەوە، کشانەوەی یەکەیەك لە کۆمەڵێکی سیاسی یان سەندیکایی، کە ئینتیمای بۆیان هەیە.

هەروەها وشەکە لە سیاسەتدا، مەبەست لێی جیابوونەوەی ویلایەتێك یاخود دەوڵەتێك لە یەکێتیەکی نێوان چەند ویلایەتێك یانیش نێوان چەند دەوڵەتێك، ئەویش بۆ دامەزراندنی ویلایەتێك یان دوڵەتێکی سەربەخۆ.

گروپی لاوەکی | الجماعة الثانوية | secondary group

تەماشابکە: | group , secondary

**secondary relations** | العلاقات الثانوية | پەیوەندییە لاوەکیەکان

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ناکەسیەکان، ئەوانی دەکەونە چوار چێوەی ئەنجامدانی چالاکیەکی دیاریکراو، وەك پەیوەندی نێوان فرۆشیار و کرێکار، دیارە ماف و ئەرکی تاکی بەشدار بوو لە و جۆرە پەیوەندییە ئاشکرایە، بەڵام دیاردەکانی دیکەی ژیانیان هیچ کاری بەم پەیوەندییەوە نابێت.
پەیوەندییە لاوەکیەکان بەزۆری کورت خایەنن، واتەماشای کەسی بەشداربوو دەکرێت تێیدا وەك ئەوەی بە ئەرکێك هەڵدەستێ و دواتر دەگونجێ کەسێکی دیکە جێگای بگرێتەوە بەهەمان کار هەستێت.
کۆمەڵگای شارستانی بە زۆربوونی ئەو جۆرە پەیوەندییە لاوەکیانە جیاواز دەکرێتەوە.

**secret ballot** | الاقتراع السري | دەنگدانی نهێنی

**ballot** | تەماشابکە: دەنگدان

**secret society** | الجمعية السرية | کۆمەڵەی نهێنی

کۆمەڵە نهێنیەکان، بریتیین لەو رێکخراوانەی کە ئەندامانی و چالاکیەکانی لە بارێکی نهێنیدا کاردەکەن، ئەویش بە مەبەستی پاراستنی ئەندامانی خۆی لە چەوساندنەوە و دوورکەوتنەوەی لە بەرهەڵستی کردنی ئاشکرا.
کۆمەڵە نهێنیەکان چەندین جۆریان هەیە، لەوانە، کۆمەڵەی تائیفی، ئاینی، سیاسی.
ئەو کۆمەڵانە هەموویان لە خەسڵەتێکی بنچینەیی بەشدار دەبن، ئەویش کارکردنیانە بە شێوەیەکی نهێنی و دوور لە چاودێری، لە بەرئەوەی کۆمەڵگە یاخود دەسەڵاتەکان بە شێوەیەکی گشتی دژایەتی ئەو ئامانجانە دەکەن کە ئەو کۆمەڵانە هەوڵی جێبەجێکردنیان دەدەن.
ئەو جۆرە کۆمەڵانە چەندین خەسڵەت و تایبەتمەندییان هەیە، لەوانە ئەندامییەتی لەو رێکخراوە نهێنیانە بە ستراوەتەوە بە چەند مەرج و پابەند بوونێکی دیاریکراو، چالاکیەکانیان جۆرێك لە نادیاری و شاراوەیی پێوە دیارە، رێ و رەسم و نەریت و هێماو زاراوە و وشەی نهێنی بەکار دەهێنن.
ڕەنگە چالاکیەکانیان، هەندێ رووی ئاشتیانە، یانیش تووندو تیژی بگرێتە خۆی.

**sect** | الطائفة الدينية<br>الملّة | گروپی ئاینی<br>رێباز

گروپێکی ئاینیە، لەو خەسڵەت و ەتایبەتمەندییانەی کە لە رێبازەکەی بەدی دەکرێت:
گۆشەگیری، وشکە باوری، توند رەوی بیرو باوەر.

**ana . denomination** | تاقم، رێباز

**sectarianism** | مذهب التَشيع | لایەنگری رێبازێك<br>تیرەگەری - کەمینەگەری

وشەکە لە بنچینەدا، ئاماژەیە بۆ پەیوەست بوون و باوەری توندی ئاینی، بەڵام سۆسیالیستە مارکسیەکان بە مانای لایەنگری حزبی بە کاریان هێناوە.
مەبەستیش لەو لایەنگرییە جیابوونەوە لە زۆرینەی جەماوەری کرێکاران و خۆبەستنەوەبە چەند گروپێکی بچوك لە ناو حزبدا، هەروەها دوورکەوتنەوە لە پەیوەندی کردن بە سەندیکای کرێکاران و رێکخراوە جەماوەریەکانی دیکە، ئەویش بەبر و بیانووی پارێزگاریکردن لە پاك و خاوێنی رێبازەکە.

**section** | القسم، الفرع | بەش، لق
الشعبة | هۆبە

بەش لە رووی کارگێڕییەوە، کەرتێکی جیاوازی کارگێرییەکەیە، چەندین فەرمانبەر دەگرێتە خۆی، تایبەتیشە بەچەند کاروبارێکی دیاریکراو.

**secter , public** | القطاع العام | کەرتی گشتی

کەرتی گشتی، هەمووی دامەزراوە گشتی و یەکە ئابوریەکان دەگرێتەوە، ئەوانی مولکی دەوڵەتن، یان دەوڵەت بەشداری لەبەشێکی سەرمایەکەی دەکات.
بەدروست بوونی کەرتی گشتی، بوارەکانی دیکەی چالاکی ئابوری کە تاکەکان پێی هەڵدەستن، کەرتی تایبەت (private sector) پێکدێنن.
فراوانبوونی کەرتی گشتی، رەنگدانەوەیەکی یاساییە بۆ فەلسەفەی کۆمەڵگە سۆسیالستە تازەکان.

**sectors , economic** | القطاعات الاقتصادية | کەرتە ئابوریەکان

چالاکی ئابووری بەسەر سێ کەرت دابەش دەکرێت:
کەرتی یەکەم ـ بەرایی ـ (primary sector) ئەم کەرتە بەکارهێنانی بوارەکانی سامانە سروشتیەکان دەگرێتەوە، وەك کانەکان، کشتوکاڵ.
کەرتی دووەم ـ ناوەندی ـ (secondary sector) ئەویش بواری پیشەسازی دەگرێتەوە.
کەرتی سێیەم ـ (tertaiary sector) بوارەکانی خزمەت گوزاری کارگێری و گواستنەوەو بازرگانی دەگرێتەوە،
کەرتی سێیەم، بە خێراییەکی توند گەشەدەکات و بەردەوام دەبێت لەگەڵ زۆر بوونی ژمارەی کارمەندانی.

**secular society** | المجتمع الدينوي | کۆمەڵگەی عیلمانی

کۆمەڵگایەکە خۆی بەچەند بەهایەکی سوودگەری و ئەقلانی دەبەستێتەوە، هەروەها بەگۆڕین و نوێکاریش رازی دەبێت، لەبەرامبەریشدا کۆمەڵگای نەریتی و کۆنە پارێزی هەیە.
لە کۆمەڵگای عیلمانی بایەخ نادرێت بە پیرۆزیەکان و بەو هێزانەی لە سروشت بەدەرن، یاخود بەو بەهایانەی پەیوەندیان بەداب و نەریت و رەوتەکانی کۆنە پارێزی هەیە.
دەولّتی عیلمانی (secular state) لە دەستورەکەیدا بریار لەسەر ئاین یان رێبازێکی دیاریکراو نادات کە حکومەتەکەی پێرەوی بکات، لەو دەولّتانەدا هاولاّتیان لەگەڵ جیاوازی بیرو باوەری ئاینیان، یەکسان دەبن لە هەموو مافەکان.
هەروەها، رەنگە دەوڵەتی ناعەلمانیش هەبێت، بەلاّم لە دەستورەکەیدا بریار لەسەر یەکسانی هەموو هاولاّتیان دراوە، ئەوەندەی پەیوەندی بە رێبازی ئاینیەوە هەبێت.

**secular trend** | الاتجاه العام للتغيرات الطويلة الاجل | ئاراستەی گشتی بۆ گۆڕانە درێژ خایەنەکان

لەئامارداا مەبەست لەزاراوەکە، ئەو گۆرانکاریانەی ئاماژە بۆ ئەو ئاراستە گشتیە دەکەن کە زانیاریەکان یان دیاردەکان کاری پێدەکەن لە ماوەیەکی دوورو درێژدا، بە دەربرینێکی دیکە، ئەو گۆرانکاریانە ئاماژەن بۆ گەشەکردن یاخود گرژبوونەوە سروشتیە پلە بەپلەکان، ئەویش لە ماوەیەکی دوورو درێژی کاتدا.

بەشێوەیەکی ئاسایی ئاراستەی گشتی دیاردەکان بەهۆی چەماوەیەك خۆی دەنوێنێ کە ناوی لێدەنرێت چەماوەی ئاراستەی گشتی (trend curve)، هەروەها دەبێ ئەو ئاراستەیە ماوەیەکی دوورو درێژی کات بگرێتە خۆی، یان ماوەیەکی دوورو درێژ داپۆشی، بۆ ئەوەی ئاراستە گشتیەکەی زانیاریەکان بنوێنێ نواندنێکی راست.

سیکولاریزم

عیلما نیگەری | المذهب الدنیوي | secularism

گۆرین و سیحرو ئاین بەچەند شێوەیەکی ئەقلانی تر لەچاودێریکردن.

ئەو کۆمەڵگایانەی ناویان لێنراوە کۆمەڵگە پیرۆزەکان، ئەوان هەموو بوارەکانی چالاکیان، کە مۆرکێکی کۆمەڵایەتی هەیە، بەچەند دیاردەیەکی سیحراوی و ئاینی جیاواز دەکرێنەوە، دیارە ئامانجیش زاڵبوونە بەسەر ژینگەی سروشتی یان کۆمەڵایەتی یاخود جیهانی سەرووی سروشت، دواتر، وردە وردە لە جێگای ئەو شێوازە سیحری و ئاینیە، شێوازی ئەقلی و زانستیانە شوێنیان دەگرێتەوە.

ئاسایشی ـ تاك کەسی | الامن الفردي | security , individual

رەگەزێکە لەرەگەزەکانی ئازادی تاك، ئەویش بەخۆ پاراستنیان لە زیندانی و بەندکردن، هەروەها لە سزا زۆرداریەکان.

تەمەشابکە: ئاسایشی کۆمەڵایەتی | social security

ئاسایشی پیشەسازی | الامن الصناعي | security , industrial

ئەو رەنج و هۆکارانەی ئامانجیان پاراستنی کرێکارانەو بەرگری لێکردنیانە لە پێکانەکانی کار و نەخۆشیەکانی پیشە، ئەویش بە فەراهەم کردنی مەرج و خەسڵەتە هونەریەکانی کارکردن، هەروەها کارراییە رێکخراوەییەکان لە ژینگەی کاردا، بۆ ئەوەی کرێکارێك بێ ترس و لەبارێکی تەندروست کار بکات، بەو مانایەی کە پێکان و تووش بوونی کرێکار لەکاتی کاردا روونەدات، هەروەها نەخۆشیەکانی پیشەش لە ژیانیدا پەیدا نەبێت.

بەپێی یاسا، خاوەن کارو کارگەکان ناچار دەکرێن بەچەند کارێك هەستن کە پاراستنی کرێکاران لەمەترسیەکانی کارو زیانەکی دەستە بەربکات.

ئاسایشی

کۆمەڵ | الامن الجماعي | security, collective

تەماشابکە: | collective security

ئاسایشی

گشتی | الامن العام | security, publie

چالاکییەکە حکومەت پێی هەڵدەستێ، ئامانجیشی سەقامگیری ئاسایشە لە وڵاتدا.

ئەو چالاکیە کاروباری بەرگری کۆمەڵایەتی و بەرگری مەدەنی و ورێکخستنی جوڵەی هاتووچۆو چاودێری نەریت و رەفتارە گشتیەکان دەگرێتەوە، سەرەرای کوژاندنەوەی ئاگرکەوتنەوە.

سەقامگیری ئاسایش خەسڵەتێکی پێویستە بۆبەرهەم هێنان و خۆشگوزەرانی.

**sedentarization** توطين البدو نیشتەجێکردنی کۆچەران

نیشتەجێکردنی کۆچەرو دانیشتوانی دەشت و بیابانەکان لەژینگەکانیان، ئەویش لە چوارچێوەی نەریت و پێداویستیەکانی ژیان و گوزەرانیان، هەروەها ئامادەکردنی زەمینەیەکی لەبار کەببێتە هاندەر بۆ ئەو سەقامگیرییە.

**sedition** الفتنة ئاژاوە فیتدان

مەبەست لە زاراوەکە، ئەو کارو کردەوانە دەگرێتەوە کە رووی لە تێکدانی باری سەقامگیری گشتی وڵات دەکات، دیاردەکە بە چەند خەسڵەت و تایبەتمەندییەك جیاواز دەکرێتەوە، لەوانە:

ملکەچی نەبوون و نارەزایی توند بەرامبەر حکومەت، هاندان بۆ هەڵگەرانەوە ئەویش بەهۆی کاروکردەوە بێت یان ئاخاوتن و یاخود نووسین، کە ناگەنە پلەی خیانەت و توندوتیژیشی لەگەڵدانەبێت

**seduction** الاغواء لەخشتەبردن

دیاردەی لە خشتەبردن جیاوازی هەیە لەگەڵ تاوانەکانی دیکە کەدژی ژن ئەنجام دەدرێن،

ئەو جیاوازیەش لەوەدایە کەلە خشتەبردن حاڵەتی توند و تیژی ناگرێتەوە.

لەم بارەدا کارەکە بە رەزامەندی خودی ژنەکەبووە، بەڵام ئەو ڕازی بوونەش بەرێگەی خەڵەتاندن و بەڵێنی درۆو ورژاندی هەستی سیکسی، هەروەها خستنە روو کە ئەوکارە سوودو قازانجی دەبێت، ئەگەر ژنەکە رازی بوو بەجووت بوونی ناشەرعی.

لەخشتەبردن کاریگەرییەکی خراپ بەجێ دەهێڵێت بەسەر کەسی تووش بوو، دەکرێ ئەو کەسە تووشی ئێش و ئازار و تێکچوونی ڕەوشتی بێت دواتریش ناوبانگی لەدەست بدات.

یاسا سزای ئەو کەسە نادات کەبەکاری سێکسی هەڵدەستێت لەگەڵ ئەو ژنە، لەبەر ئەوەی کارەکە رەزامەندی خۆی لەسەر بووە، تەنها ئەگەر ژنەکە لە تەمەندا بچووك بێت ئەوا بەپێی یاسا سزای لەسەر دەبێت.

**segmentation** الانقسام، التجزئة بەش بەش بوون

لە کۆمەڵناسیدا مەبەست لەم زاراوەیە دابەشبوونی کۆمەڵە گەورەکانە بۆ چەند کۆمەڵەیەکی بچووکتر، ئەگەر کۆمەڵە بچووکەکان ئامانجەکەیان گونجاند لەگەڵ کۆمەڵە گەورەکان، ئەوا رێکخستن و رێك و پێکی لەنێوانیاندا روودەدات و کاروبارەکانیان لەو پەیوەندییە بەشێوەیەکی ئاسایی بەرێوەدەچێت، بەڵام ئەگەر هەر کۆمەڵەیێکی بچووك هەوڵیدا سەر بەخۆیی ڕەهای هەبێت و زاڵیش بێت بەسەر کۆمەڵەکانی دیکە، ئەوا ئەو کارە دەبێتە هۆی زیاتر دابەش بوونیان.

**segregation** العُزلة دابڕان هەڵاواردن

جیابوونەوەی توێژێك یان زۆرتر لە دانیشتوان بۆ ئامانجێکی کۆمەڵایەتی زانراو، یاخود بەهۆی پرۆسەیەکی تایبەتی ناهۆشیارانە لە ئەنجامی چەند کارتێکردنێکی کەسێتی و رۆشنبیرییەوە.

هەڵاواردن لە کۆمەڵی شارستانی هەندێ جار بریتیە لە ئارەزووی خەڵکێك سەربەچینێکی ئابوری یانیش لەیەك ئاستی خوێندەواری و یان لەیەك پیشەدا، بۆ گردبوونەوە لەیەك شوێن و دامەزراندنی بەربەستە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان لەنێوانیان و نێوان گردبوونەوەکانی دیکەی جیاواز لەوان.

**selection,natural** الانتخاب الطبيعي **هەڵبژاردنی سروشتی**

یاسایەکە ـ داروین ـ بانگەشەی بۆ کرد، ئەو یاسایە پەرەسەندن و جۆراوجۆری بوونەوەرە زیندووەکان راڤەدەکات کە یاسایەکی فەرمانیە و لەیاسایەکی دیکەوە جیابۆتەوە کە ئەویش یاسای ململانێی مانەوەیە.

بەپێی ئەو یاسایە بوونەوەرە لاواز و بێکەلکەکان لەناو دەچن، مانەوەش بۆ بوونەوەرە بەهێز و باشەکانە.

بەم پێیە بوونەوەری بالا و پەروەردەکراو بەرهەم دێت لەجۆرە زیندووەکان.

**selection, social** الانتخاب الاجتماعي **هەڵبژێری کۆمەڵایەتی**

پرۆسەیەکە بەهەمان شێوەی پرۆسە بایۆلۆجییەکەیە، بەو هۆیەوە تاك و گروپ و خەسلەتە رۆشنبیرییەکان هەڵدەقوڵێن ـ یان سەرهەڵدەدەن ـ و دەبنە خاوەن دەسەڵات، یاخود بەلای کەم زاڵدەبن بەسەر رەگەزە لاوازە رکابەرەکان.

هەروەها مەبەست لەو زاراوەیە چاودێری کردنی هاوسەرگیری و زاووزێیە، ئەویش بە پراکتیك کردنی چەند کوت و بەندێکی کۆمەڵایەتی سەلمێنراو دەبێت، بەو پێیە هاوسەرگیری لەنێوان ئەو کەسانە دێتەدی کە هەندێ ئاستی کۆمەڵایەتیان تێدا فەراهەم دەبێت لەجیاتی ئەوەی بە شێوەیەکی لەخۆکارییەوە ـ یانیش بە شێوەیەکی سەرپێی ـ بێتەدی.

**selection, vocational** الاختيار المهني **هەڵبژێری پیشەیی**

هەڵبژێری پیشەیی، واتا دەست نیشانکردنی باشترین تاك بۆ پیشەیەکی دیاریکراو، بۆ ئەوەی بتوانێت گەورەترین بەرهەمی هەبێت و بەکەمترین وزە، بەجۆرێکیش کە بەرەو رووی کەمترین هەل و مەرجی ناگونجاندن و بەرهەڵستی نەبێتەوە.

ئەرکی هەڵبژاردن تەنها ئەوەندە نیە کە بە تواناترین تاك دەست نیشان بکرێت بۆ پیشەیەك، بەڵکو ئەو کارە سوودیشی دەبێت لە دابەشکردنی کاروبارەکان بەسەر کارمەندانی ناو دامەزرایەك و گواستنەوەی کرێکار لە کارێکەوە بۆ کارێکی دیکە و بەرزکردنەوەی پلەی کارمەندان بۆ پلەوپایەی بالاتر، هەروەها دیاریکردنی ئەوانی بەکەلکی راهێنان دێن لەسەر کارێکی دیاریکراودا و دورخستنەوەی ئەوانی بەکەلك نایین.

هەڵبژێری پیشەیی چەند هەنگاوێك دەگرێتە خۆی:

1. شیکردنەوەی کاروبارەکان، بەئاشکراکردن و دۆزینەوەی کەسە زەرورییەکان بۆ هەر کارێك لەکارەکانی ناو دامەزراوەکە، بۆ ئەوەی لەتوانادابێت ئەو مەرج و خەسڵەتانەی بوونیان پێویستە لەو کەسەی کە بە کارێك هەڵدەستێ، دیاری بکرێن.

2. لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن بۆ تاك بکرێت بەمەبەستی زانینی ئامادەیی و تواناو شارەزایی و خەسڵەتە کەسێتیەکانی، هەروەها ئارەزوو ئاراستەکانی لەبارێکی ئاساییدا ئەو توانا و مەرج و خەسڵەتانە، لە روونکردنەوەیەکی دەروونی (psychograph) بۆ هەر تاکێك دەخرێتە روو.

3. سازاندنی نێوان خەسڵەت و مەرجەکانی کار لەگەڵ خەسڵەتەکانی تاك، بە جۆرێ کە توانای تاکمان بۆهەر کارێك بۆ دەرکەوێت.

**self (self - conception)** الذات **خود**

سیماو روخساری کەسێتی، کە تێگەیشتنی کەس بۆ خودی خۆی دەگرێتەوە (self-conseption)، واتا ئەو دیمەنەی کەتاك خۆی تێدا دەبینێت وەك ئەنجامێك بۆ ئەزموون و بەسەر هاتەکانی لەگەڵ ئەوانی دیکە دا، هەروەها ئەو رێگایەی بە هۆیەوە ئەوانی دیکە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن بەپێی ئەو هێما و بیرو بۆچوونانەی پێکیان دەهێنێ دەربارەی دیدو تێروانینیان (social self).

دیارە خودیش لە میانەی پرۆسەی گەشەپێدان و کارلێکرنی کۆمۆڵایەتی گەشە دەکات.

وشەی خود لە رووی مێژووییەوە لە زۆر باردا مانایەکی میتافیزیکی هەڵگرتووە ئەو وشەیە بنەمای ئەو یەکگرتنە شاراوەیەی پشتی ئەزمونی خودە، لە دوایشدا لە زۆر رێبازە ئایدیالیزمیەکان گرینگترین شتە لە گەردووندا.

**self - determination** حق تقرير المصير مافی چارەی خۆنوسین

ئەو مافە یەك لەو بنەما سەرەكیانە دەنوێنێ كە لە فەلسەفەی دیموكراسیدا هەڵقوڵاوە و باوەری بەمافی تاك و كۆمەڵان و كۆمەڵگەش دەبێت، لە دیاریكردنی ئەو سیستم و شێوازەی بۆی دەگونجێ، بەمەرجێ دژ نەبێت لەگەڵ سیاسەتی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگە یان ئەو ئایدۆلۆجیایەی لەناو كۆمەڵگەوە باون.

**self - determinism** الحتمية الذاتية هەر بوونایەتی خودی

هەڵوێستێكی مام ناوەندییانەیە لە نێوان هەربوونایەتی (determinism) و ناهەربوونایەتی (indeterminism).

لایەنگرانی هەربوونایەتی خودی بۆچوونیان وایە كە كارەكانمان بەراستی سنوورداركراون، بەڵام نەك بەهۆی چەند هێزێك یان بارودۆخێكی دەرەكی لەهەر جۆرێكدابێت، بەڵكو جۆری خود ـ سروشتەكەی ـ دەسەڵاتدار دەبێت لە هەڵبژاردنی ئەو كردارانەی كەپێی هەڵدەسین.

هەربوونایەتی خود بە دابینكەرێك دادەنرێت بۆ ئازادییە رەوشتیە بنچینەییەكانمان.

**Self. employed** المُشتَغل لحساب نفسه كارگوزاری خۆیی

خاوەن ئیشی خۆ - سەربەست

ئەوانی ئیش بۆ خۆیان دەكەن، توێژێكی گەورە لە هێزەكانی دەستی كاركردن پێكدەهێنن.

نمونەی ئەوانەش: كشتیاران، خاوەن فرۆشگاكان، پزیشكەكان، پارێزەران، ژمێریاران ....هتد، ئەوانیش هەمان ئەرك و مەترسیەكانی كاركردن هەڵدەگرن، وەك هەموو خاوەن كارێك.

**Self - enumexation** طريقة التسجيل الذاتي خۆوەڵامدانەوەی لێتوێژراو

یەك لە رێگاكانی كۆكردنەوەی زانیاریەكانە، بەمەبەستی توێژینەوە، ئامرازەكەشی فۆرمی وەرگرتنی زانیاریەكانە، یان راپرسی و یاخود پرسیاركردن، كە هۆكارەكانی زۆرن.

رەنگە فۆرمەكە بە پۆست رەوانەبكرێت، یانیش باسەكانی بە تەلەفۆن یان رادیۆ بگەیەنرێت، یاخود لە تەلەفزیۆن و سینەما بخرێنەروو، هەروەها دەكرێ لە رۆژنامەو گۆڤارەكان بلاوبكرێنەوە.

ئەم رێگایە لەوە كورت دەكرێتەوە كە ئەو كەسەی توێژینەوەی لە سەر دەكرێت وەڵامەكانی بە خودی خۆی لەسەر فۆرمەكە تۆمار دەكات.

**self- evidence** الوضوح الذاتي ئاشكرا

بەڵگەنەویست

شێوە و سیفەتی شتێك كەبوونی ئاشكرا و روون بێت بۆ ئەقڵ، بێ ئەوەی پێویستی بەسەلماندن یان بەڵگە هەبێت.

ئەو سیفەتەش بەهەر دەستەواژەیەك دەوترێت كەراستی و دروستی یەكسەر روون و ئاشكرا بێت، تەنها بەتەماشا كردنیش.

**self- management** الادارة الذاتية كارگێری خودی

واتە بەرێوەبردنی بەرهەمهێنەران، لە لایەن كرێكاران و فەرمانبەران، بۆ كارەكانیان یان دامەزراوەكانیان یاخود هەر چالاكیەكی ئابوری و كۆمەڵایەتی.

**self - preservation** المحافظة على الذات خۆپاراستن

هەوڵدانی هەر بوونەوەرێکی زیندوو بۆ مانەوە لەژیاندا لەناو جیهانێکی گۆڕاودا، هەر لەسەر بنچینەی ئەو غەریزەیەش بنەمایەکی یاسایی دروست بووە، ئەو بنەمایە ماف دەداتە هەموو تاکێکی سروشتی لە ژیاندا و لەدوایش دانپیانان بەمافی بەرگریکردن لە خود.

**self - realization** تحقيق الذات خود بەدیهێنان
گوێ لەخۆگرتن

ڕێبازێکی ڕەوشتیە، بۆ چوونی وایە کە بالاترین چاکە بۆ مرۆڤ خۆی لە بەدیهێنانی تواناو بەهرەکانی دەبینێتەوە تادەگاتە ئەو پەری رادە.
ئەم ڕێبازە هەندێ جار ناوی ڕێبازی تەواوگەری (perfectionism) وەردەگرێت و جەخت لەسەر بەهرە بالاکانی مرۆڤ دەکات.
لە دەروونناسیدا، مەبەست لە زاراوەی خود بەدیهێنان، گەشە کردنێکی هاوسەنگی کەسێتیە، واتە رازی بوون بە لایەنە جیاوازەکانی کە سێتی، تێکەڵبوو لەگەڵ ئاراستەیەکی تەریبی، تێیدا لایەکی بەسەر لایەکی دیکە دا بەرزنابێتەوە.

**semantics** علم مَعاني الكلمات واتا ناسی
سیمانتیک

لێکۆڵینەوە لەواتاکانی ئاخاوتن لەرووی وەسپگەرییەوە، لە زمانێك لە زمانەکان و لەکاتێك لەکاتەکانی بەکارهینان و لە شوێنێکی دیاریکراودا.
هەروەها ئەم زانستە لە رووی پەرە سەندنەوە، لێکۆڵینەوە لە گۆڕینی واتاکانی وشە دەکات لە زمانێك لە زمانەکان و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێك لە قۆناغەکانی مێژوویدا.

**Semi - inter quartile range** نصف المدى الربيعي نیوەی چارەکی مەودا

یەك لە پێوەرەکانی پەرش و بلاوبوونەوەیە لە ئاماردا کە لە مەودای رەهادا جیاواز دەبێتەوە، بەوەی مەودای رەها گرینگی بە هەردوو بەها توندرەوەکە دەدات و بەهاکانی دیکە پشت گوێ دەخات، هەروەها ئەو دوو بەهایەش رەنگە لە بارێکی جیابوونەوە دابن لە تاکەکانی دیکەی گروپەکە، بۆیە رێکاری سروشتی بۆخۆ دوورخستنەوە لەو دیاردەیە ئەوەیەکە هەردوو بەشە توندرەوەکە لەوگروپە بسڕینەوەو تەنها کارەکان لەسەر بەشی ناوەندی بەهاکانی گروپەکەبوەستێت.
هەر لەسەر ئەم شێوە کارکردنە، گرینگی بە نیوەی ناوەراستی بەهاکانی گروپەکە بدەین، هەردوو چارەکی یەکەم و چارەکی کۆتایی پشت گوێ بخرێن.
ئەو دوو بەهایە کە بایەخیان پێدەدرێت بە پێی ئەم شێوە کارکردنە، ئەوانە بریتی دەبن تەنها لەو بەهایەی کە تێیدا چارەکی ژمارەی تاکەکانی گروپەکە کەم دەبنەوە، لەگەڵ ئەو بەهایەی کە تەنها چارەکی تاکەکانی گروپەکە لێی زۆرتر دەبن.
ئەگەر تاکەکانی گروپەکەمان ژمارە کرد، بەدەست پێکردن لە کەمترین بەهاوە تادەگەینە تادەگەینە چارەکی تاکەکانی گروپەکە، ئەوا ئەو خاڵەی کەپێی دەگەین بەو شێوەیە بریتی دەبێت لەچارەکی خوارووتر، هەروەها ئەگەر تاکەکانی گروپەکەمان ژماردەکرد بە دەست پێکردن لە گەورەتر ینیان لەرووی بەهاوە تا دەگەینە چارەکی تاکەکانی گروپەکە، ئەوا ئەو خاڵەی کە پێی دەگەین بەو شێوەیە بریتی دەبێت لە چوارینەی بەرزتر، یاخود چوارینەی سێیەم، بەو پێیەش ناوەند چوارینەی دووەم دەبێت.
هەر گرپێك چوار چوارەکی دەبێت بەلام سێ چوارینەی دەبێت، جیاوازیش لە نێوان چارەك و چوارینە ئەوەیە کەچارەك بەشێکە لە گروپ، بەلام چوارینە ئەوە خاڵێکە کۆتایی چارەك دیاری دەکات.

دەتوانین بڵێین کە یەك لە بەهاکان دەکەوێتە چارەکی یەکەم، بەڵام ناتوانین بڵێین دەکەویتە چوارینەی یەکەم، بەڵام دەکرێ باس بکەین کە دەکەوێتە چوارینەی یەکەم.

ئەگەر باسەکەمان کورت کردەوە لەسەر مەودای نێوان هەردوو چوارینەی یەکەم و سێیەم، وەك باس و، بەپێی توانا، بەها تووندرەوەکان دووربخرێنەوە کە رەنگە دووربن لە وەی نوێنەرایەتی بەهاکانی گروپەکە بکەن، هەر بۆ ژماردنی نیمچە مەودای چوارینەیی پێویست دەکات لەسەرمان کە یەکەم جار هەردوو چوارینەی یەکەم و سێیەم بژمێرین، ئەو جیاوازیەی کە لە نێوانیاندا هەیە بە دابەشکردنی بە سەردوو، ئەوە نیمچە مەودای چوارینەییە.

لادانی چارەکی: **Ana.quaritile deviation**

سیمینار الحلقة الدراسية **seminar**

کۆڕێکی فێربوونە، کۆمەڵێك خوێندکار کۆدەکاتەوە بۆماوەی نێوان یەك هەفتە تا چوار هەفتە بە مەبەستی توێژینەوە و روونکردنەوەی لایەنە جیاوازەکانی بابەتێکی دیاریکراو، ئەوانی کۆڕەکەش بەرێوە دەبەن چەند مامۆستایەك دەبن کە بەکاری هاوکاری و ئاراستەکردنی لێکۆلینەوەکان و پێشکەشکردنی شارەزاییە تایبەتیەکان هەڵدەستێن.

کرێکاری نیمچە شارەزا العامل متوسط المهارة **Semi skilled worker**

ئەو کرێکارەی پێشتر راهێنراوە بۆ راپەراندنی چەندین کاری دیاریکراو، دیارە ئەو کارانەش پێویستیان بە ئاستی بەرزی شارەزایی هەیە.

بەڵام دیارە ئەو کرێکارە نەیتوانیوە ئەو زانیاری و شارەزاییە هونەرییە هەمەلایەنە بەدەست بهێنێ، کەتێگەیشتنیان مەرجە بۆ کارەکە.

ئەنجومەنی پیران مجلس الشيوخ **senate**

ئەنجوومەنێکی نوێنەرایەتی بالایی گەلە، لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەران لە دەسەڵاتی یاسادانان بەشداری دەکەن و خاوەن دەسترۆییەکی گەورەش دەبێت

تەماشابکە: ئەنجومەنی نوێنەران **parliament**

پیرێتی الشيخوخة **senility**

تەماشابکە: زۆر کۆن **Age gold**

پێشکەوتوویی پێشینەی خزمەت الاقدمية **seniority**

مەبەست لە وشەکە، مافدارێتی،یان مافێکی پێشینەیە، فەرمانبەر بەدەستی هێناوە بەهۆی خزمەت کردنی دوورو درێژی لە کارێکی دیاریکراودا، وەك لە مێژ تر یاخود کۆنتر لەو پلەو فەرمانیەدا بوە.

دەوترێت: مەرجەکانی پیشینەیی خزمەت (seniority provisions)، هەروەها مافەکاتی پێشینەیی خزمەت (seniority rights) کە مەبەستی ئەوەیە ئایا کرێکار مافی لەسەر بنچینەی کۆنتری پێدەدرێت لە ئاست هەموو

کارمەندەکانی دیکە لە دامەزراوەکەیدا، یاخود لەسەر بنچینەی کۆنتری لەکارگێری یانیش لە بەشێکیدا، بەو مانەیەی کە هەر بەشێك بەیەکەیەکی سەربەخۆ دادەنرێت لە بەشەکانی دیکەی کارگێری ناو دامەزراوەکە، ئەوەندەی پەیوەندی بەئەژمارکردنی مافی پێشەوەتری (کۆنی) کارمەندا هەیە لە خزمەت کردن.

**sensation** الاحساس هەست کردن

کردارێکە پەیدا دەبێت بەهۆی کاریگەری ئەندامانی هەست هەروەها بە کاریگەری ئاگاهێنەرە دەرەکیەکان.

ئەو هەست کردنەش بەسێ قۆناغدا تێپەڕ دەبێت:

1ـ قۆناغێکی فیزیکی، بریتیە لەوروژێنەرە فیزیکیەکانی وەك: رووناکی و دەنگ و گەرمی و ... هتد، کە لەسەرچاوە دەرەکیەکانەوە هەڵدەقوڵێن و دەگەنە ئەندامانی هەست.

2ـ قۆناغێکی فسیولوجی، لەو قۆناغەدا ئەندامانی هەست کارتێکردنیان بەسەردا دێت، دواتر هەڵچونی دەمارەگشتیەکان یانیش تایبەتیەکانی هەست روو دەدات و پاشانیش گەیشتنی کاریگەریەکە بۆ ناوەندە دەماریەکان.

3ـ قۆناغێکی دەروونی کە بریتیە لە هەست کردن بەو کاریگەرییە، هەست پێکردنیش تەنها لەم قۆناغادا دێتەدی.

**senstionalism** المذهب الحسي هەستیگەری

فەلسەفەی هەست

بەپێی بۆچونی ئەم رێبازە، سەرچاوەی زانین تەنها هەستەکانە، هەر هەستەکانیش بریار دەدەن دەربارەی بەهای ئەو زانینە، هەروەها مەبەست لەم رێبازە، کە تێرکردنی هەستەکانە، بالاترین چاکەیە (sensualism)

**sentence** ١ – الحكم بعقوبة بریاری تاوانبارکردن

ئەو بریارەی لەلایەن دادگاوە دەردەچێت دوای تاوانبارکردنی کەسی تاوانبار لە داخوازیەکی سزایی.

رەنگە بریارەکە کۆتایی (final) بێت، هەروەها دەکرێ بریارەکە دیاری کراو نەبێت (indeterminate)واتا ماوەی سزاکە دیاری ناکرێت بە شێوەیەکی بنڕ بەسەر تاوانباردا، بەڵکو تەنها هەردوو رادەکەی رووندەکرێتەوە.

لە بەرامبەردا، داخوازی مەدەنی هەیە (judgment)

**Ana. Judement** بریاری دادگا.

٢– القضية مەسەلە

کێشە

لە لۆژیکدا قسەکردن یان ئاخاوتنێکی بەسوود کە رەنگە راستگۆبێت یاخود درۆ، بە دەربرینێکی دیکە، مەسەلە بریتیە لە کۆمەڵە زاراوەیەکی پێکهاتوو لەسەر شێوەیەکی تایبەت.

یانیش بریتیە لەو قاڵبە زارەکیەی بریاری تێدا دادەرێژرێت، بریاریش ئەو واتایەیە کە سوود لەمەسەلەکە وەردەگرێت، کە هەردوو حاڵەتی راستگۆیی و درۆ هەڵدەگرێت.

**sentiment** العاطفة سۆز

ئارەزوویەکی هەڵچوانەیە، چڕدەبێتەوە لەدەوری بیرۆکەیەك یان بابەتێك، ئارەزووەکە ئەنجامی ئەزموونێك نیە، بەڵام بەشێکە لە فەوارەی تاك و رەنگە هەندێ جار بەشێوەیەکی رێکوپێك دەرکەوێت، دووریش دەبێت لەوردەکاری، دیارە سۆز

کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر پێکهاتەی کەسێتی هەیە.
دەوترێت: سۆزی گشتی (public sentiment) وەك ئاماژەیەك بۆ ئاراستەی بەشێك لە ئەندامانی کۆمەڵگە بەرامبەر بابەتێکی دیاریکراو کە پشت لەسەر حالەتی هەڵچوون و لایەنگری دەبەستێت، نەك لەسەر ئەقل و لۆژیك.
هەروەها دەوترێت، ڕەوتی سۆزگەرایی (sentimentalism)، واتە ئەورەوتەی بەسۆز کاریگەر دەبێت نەك بە ئەقل.

**separation of powers** — فصل السلطات — جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان

مەبەست لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، دابەشبوونی دەسەڵاتەکانە لەنێوان دامەزراوە جیاوازەکانی حکومەت.
هەر دامەزراوەیەك بەفەرمانێکی جیاواز لەوانی دیکە هەڵدەستێت، جیاکردنەوە لەنێوان دەسەڵاتەکانی یاسایی و دادوەری و جێبەجێکردن دەکرێت.
دەوترێت: کۆت و بەند و هاوسەنگیەگان (checks balances)ی تایبەت بەبنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، مەبەستیش لێی ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی پارێزگاریکردن لەو بنەمایە، ئەویش دەبێتە هۆی پاراستنی هەموو دەسەڵاتێك لەوی دیکە و پاراستنی گەلیش لە هەموو دەسەڵاتەکان.

**separtism** — النزعة الانفصالیة — جیابوونەوە خوازی

مەبەست لە جیابوونەوە خوازی لە سیاسەتدا، ناوچەیەك لە دەوڵەتێکدا ڕەچەڵەکێکی جیاواز لەدانیشتوانی دەوڵەتەکەی تێدا نیشتەجێ بووە، پێویست دەکات ڕێگای جیابوونەوەی پێ بدرێت لەو کۆمەڵگە سیاسییەی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، بۆ ئەوەی حوکومرانی خۆی بکات، یاخود دەرفەتی پێ بدرێت بە ئازادی بچێتە پاڵ کۆمەڵگەیەکی سیاسی دیکە کە پەیوەستی ڕەچەڵەکی یانیش هەر جۆرە پەیوەستیەکی دیکە لەنێوانیاندا هەبێت.
لەبەرامبەر ڕەوتی جیابوونەوەخوازی، ئاراستەی یەکگرتوویی سیاسی (political integration) دێت.

**squential analysis** — التحلیل التتابعي — شیکردنەوەی زنجیرەیی (بەدوای یەکداهاتن)

یەك لە کاراییەکانی توێژینەوەیە، پێشەکی کۆی ئەو حاڵەتانەی کە توێژینەوەی تێدا ئەنجام دەدرێت دەست نیشان ناکرێن، بەڵام لەکاتی بەڕێوەچوونی توێژینەوەکە هەروەها بەهۆی شیکردنەوەی خولی بۆ کۆی زانیاریەکان، ئەوا ئەو حاڵەتانە دەست نیشان دەکرێن.
لەهەر قۆناغێکدا زانیاریەکان شیدەکرێنەوە، توێژەر ئەوە دیاری دەکات کە ئایا لەتوانادا هەیە گریمانەکان پەسەند بکات یان پەسەندی نەکات، یاخود کارەکە پێویست بەبەدیهێنانی زانیاری دیکە دەکات، یانیش جۆرێکی دیاریکراوی دیکە لەزانیاریەکان.

**serfdom** — رقُ الارض — کۆیلەی زەوی

پابەندبوونی کرێکاری کشتیاری بە ملکەچی و گوێڕایەڵی بۆ کەسی دەرەبەگ، ئەو کارەش لەبەرامبەر ئەوەی پارچە زەوییەك لە دەرەبەگ وەربگرێت بۆ کارکردن تێیدابێ بەرامبەر، هەروەها قەدەغەکردنی جێگۆڕینی کشتیاری لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بەبێ ڕەزامەندی دەرەبەگ،
تەماشابکە: سیستمی دەرەبەگایەتی **feudalism**

کارگوزاری
خزمەت

service — ١ – الخدمة

هەر کارێك تاك پێی هەستێت بۆ تێرکردنی پێداویستیە مادی و مەعنەوییەکانی تاکەکانی دیکە.
دیارە بەهۆی بوونی جیاوازیش لەنێوان کاروفەرمانە کۆمەڵایەتیەکان، ئەوا ئاڵ و گۆڕکردنی کارگوزاری دەبێتە زەرورەتێك لە زەرورەتەکانی ژیانی کۆمەڵ.
هەروەها ئەو چالاکیانەی کە بەرهەمێکی مادییان نیە، بەڵام پێداویستیە مادی و مەعنەوییەکانی تاك تێردەکات، ئەو کارانەش بەکارگوزاری دادەنرێن، ئەو جۆرە چالاکیانەش کەرتی ئابوری سێیەم (tertiary) دەیگرێتە خۆی، بۆیە ژمارەی کارمەندان لەو کەرتە رووی لەزۆر بووندایە بەشێوەیەکی بەردەوام، ئەوەش پێش ئەوەی شارستانیەتی ئامێر ببێتەشارستانیەتی کارگوزاری بەپلەی یەکەمدا.
کارگوزاری لەسەر دوو جۆر دەبێت:
کارگوزارییەگشتیەکان (public services)، وەك خزمەتگوزاری فێربوون و تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئازوقە گەیاندن، کەبەزۆری دەوڵەت پێیان هەڵدەستێت.
هەروەها کارگوزارییە کەسێتیەکان (sersonal services) کەخزمەتگوزاری چێشتخانەو قاوەخانەو شوێنی ڕابواردن و ئوتێلەکان دەگرێتەوە...هتد.

تەماشابکە: خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی — Social service

بەش — 1- القسم

بەشێکی جیاوازو تایبەتمەند لەکارگێڕییەکان، چەند فەرمانبەرێك کاری تێدا دەکەن و بەهەندێ کاروباری دیاریکراو هەڵدەستن.

کۆیلایەتی — Servitude — ١ – الرق
العبودية

ملکەچی تاکەکان بۆ دەسەڵاتی کەسانی دیکە، دەوترێت کارەقورسەکان (penal servitude) بەو کارەی کەدەبێ کۆیلەکان پێی هەستن وەك سزایەك دەربارەی تاوانێك.

هاوڕێیەتی
مافی هاوڕێیەتی — ٢ – الارتفاق

ئەرك پێ سپاردنێکی ڕێك و پێکە، بۆ بەکارهێنانی خانوو بەرەیەك کەموڵکی کەسێکی دیکەیە، یان بۆ سوودوەرگرتن لێی.
ئەگەر حاڵەتی هاوڕێیەتیەکە ئەرك پێ سپاردن بوو، بێ کارو کردەوە ئەوە حاڵەتێکە نەرێنیە (negative) بەڵام ئەگەر کاروکردەوەی لەگەڵدا بوو، ئەوە حاڵەتەکە ئەرێنیە (positive).
دەکرێ هاوڕێیەتیەکە یاسایی (lega)بێت، کەبەهۆی یاساوە دروست دەبێت، یاخود سروشتی بێت (Natural) کە بۆ سروستی موڵکایەتی و خانوو بەرە دەگرێتەوە.

ئاوەدانی
ئاوەدانکردنەوە

settlement — ١ – العمران

زاراوەیەکی گشتیە، بەزۆری لەلایەن جوگرافی ناسانەوە بەکاردەهێنرێت بۆ چەندین جۆرو نموونەی خانوو بەرەی مرۆڤایەتی.
دەوترێت ئاوەدانی لادێی و ئاوەدانی شاری، هەروەها دەوترێت ئاوەدانی پەرش و بلاو و ئاوەدانی چڕ.

ئاوەدانی پەرش و بڵاو یەك لەنموونەكانی ئاوەدانی لادێیە، زۆرینەی دانشتوان تێیدا لەچەند خانوویەكی دوور لەیەك دەژین ئەوەش بەپێچەوانەی ئاوەدانی چڕ، كەدانیشتوان تێیدا لەچەند گوندێك یاخود ناوچەیەك دەژین لەژێر چاودێری دەسەڵاتێكی كارگێڕی ناوەند.

هەروەها دەوترێت: تۆڕی ئاوەدانی (settlement net) وەك ئاماژەیەك بۆ بوونی پەیوەستیەك یاخود كارلێكردنی ڕەگەزەكانی ئاوەدانی لادێی و ئاوەدانی شاری لەهەرێمدا.

شوێنی ژیان ٢- المحلة

دامەزراوەی كۆمەڵایەتی المركز الاجتماعي

دامەزراوەیەكە لەناوچە شارنشینە دواكەوتووەكان دادەمەزرێت بۆ پێشكەشكردنی خزمەتگوزاریەكانی فێربوون و چالاكیە كۆمەڵایەتیەكان، بۆ دانیشتوانی گەڕەكەكە.

ڕێككەوتن 2- التسوية

ساغكردنەوەی ناكۆكیەكان و ڕێككەوتن لەسەر چارەسەركردنیان.

ڕەگەز الجنس Sex

ئەو خەسڵەتە سروشتی و دەروونیانەی هەردوو ڕەگەزی نێرومێ لەیەك جیاواز دەكاتەوە، هەروەها بۆ ئەو دیاردەو ئاكامانەی كە بەدوایاندا دێت.

ڕەگەز بەپێی بیروڕای سۆسیۆلۆجیاوە، بەواتای دابەشكردنی ئەرك دێت لەنێوان نێرومێ لەدوو ناوەندی سەرەكیدا، كەڕەفتاری باو دەربارەیان جیاواز دەبێت لەهەموو جۆرە كۆمەڵگەكاندا.

زایەندییەتی
ڕەگەزییەت الجنسية Sexuality

كۆمەڵە دیاردەیەكی بایۆلۆجی و تویكاری و فسیۆلۆجی و دەروونناسی كۆمەڵایەتین، پەیوەستن بەپرۆسەی زاوزێ و ئەو كردارانەی ئاسانكاریان بۆ دەكات.

هەروەها ئەو ئەنجامانەی بەدوایاندا دێت كەسنوری تاك تێپەڕ دەكات بەرەو جۆر، لەگەڵ ڕەچاوكردنی جۆرەها دیاردە كەلەگەڵ پرۆسەكە پەیدا دەبن، وەك حاڵەتە دەروونیەكان و ئەو ئاسەوارانەی كاریگەرییان لە دەروونی تاك و كەسێتیەكەی بەجێ دەمێنێ.

پەیوەندی ڕەگەزێتی، پەیوەندییەكی كۆمەڵایەتیە، بەڕادەی بچووك ڕێكدەخرێت دەربارەی پێداویستیە سێكسیە بایۆلۆجیەكان.

لەهەموو كۆمەڵگاكانیشدا پێداویستیە كۆمەڵایەتیەكان، ئەوانی بەستراونەتەوە بەحاڵەتەكانی قبوڵكردن و هاوڕێیەتی و خۆشەویستی، هەروەها پێداویستیە ئابوریەكان پەیوەست دەبن پەیوەستیەكی توونی بەو چەمكانەی بەستراونەتەوە بەپەیوەندییە سێكسییەكان، بگرە تاروخساری بایۆلۆجی سیكسیش تەنها دەربرینێك نیە بۆ هاندانە فزیۆلۆجیەكە.

هەموو ڕێگاو سەرچاوەكانی تێربوونی سێكسی ئەو مانای واتایانەی پەیوەستن بەپەیوەندییە سێكسیەكانەوە، تادەگاتە مەبەستی جەوهەری سیكسیش، ئەوا تاك لەدابوونەریت و سنووری كولتورە ڕەسەن و لاوەكیەكان، هەروەها ئەزموونی كۆمەڵایەتیەوە، وەریان دەگرێت.

چالاكی سێكسی ڕەنگە چەند شێوەیەكی جیاواز وەرگرێت، وەك سێكس لەگەڵ ناهاوڕەگەز(hetero sexuality)، واتا ئارەزووی جووت بوون لەگەڵ توخمی جودا (نێرومێ).

هەروەها سێكسی هاوڕەگەزی (homoseuality) واتا، ئارەزووی پەیوەندی سێكسی لەنێوان تاكەكانی یەك ڕەگەز (هەتیوبازی).

## بەدرەفتاری سێکسی | الانحرافات الجنسية | Sexual perversions

لادانە سێکسیەکان

ئەو کردارە سێکسییانەی بابەتەکەی یان کارەسێکسییەکەی نادروست دەبن لەڕووی بایۆلۆجیەوە پەسندیش نابن لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە.

زۆربەری لادانە سێکسیەکان بریتی دەبن لەگۆڕینی کاری پێگەیشتووانەی زاوزێ بەچەند هۆکارێکی ئامادەکاری بۆ غەریزەی سێکسی.

دەکرێ لادانە سێکسیەکان دابەش بکرێنە سەر دوو جۆری سەرەکیەوە:

1- ئەو لادانانەی پەیوەندییان بەرەگەزی بەرامبەرەوە دەبێت.

أ) ئەوانەش وەك: حەشەرێتی یان چڵێسی سێکسی لای نێرەکان (stayrisasis)، تێر نەخواردنی سیکس لای ژنان (nymphomenia)، یان پانۆکی، کاری سیکسی نێوان دوو ئافرەت (frotturism)، کاری پەیوەندیکردنی سیکسی بەپیرەوە (frotteutism)، پەیوەندیکردنی سیسکی بەمنداڵان (pedophi lia).

ب) ڕەنگە کارە سێکسیەکان ناڕاستەوخۆ دووربێت لەتووندی، وەك سەرەتاتکێ و بەدزی تەماشاکردن، بۆ ئەوانی تێر نەبوونە (voyeurism)، یان خۆ دەرخستن، یاخود ناڕاستەوخۆی توونددو تیژ، وە سادیزم (sadism) و ماسوشیزم (masochism).

2- لادانە سێکسیەکان کەپەیوەندییان بەرەگەزەکەی دیکەوە (بەرامبەر) نیە.

أ) ڕەنگە ڕاستەوخۆ بێت وەك حاڵەتێکی تێرنەخواردنی سیکسی لەگەڵ هاوڕەگەز (homo sexuality)، لەنێوان پیاوو پیاو (حیزی) (pederasty)، یاخود لەنێوان ژنان (پان پانۆکی) (lesbianism) هەروەها پەیوەندیکردنی سێکسی بەگیانداران (bestiality).

2- دەکرێ ناڕاستەوخۆ بێت وەك جادو و تەلیسم (fitishism)، هەروەها لەبەرکردنی جل و بەرگی ڕەگەزەکەی دیکە (transvestism).

## شامانیزم | الشامانية | Shamanism

سیحربازی پزیشك

ڕێگایەکە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی لەهەندێ کۆمەڵگە سەرەتاییەکان، ناوی شامان (Shaman) واتە کەسی جادووگەر، بەو کەسانە دەوترێت کەپەیوەندییان بەو هێزانە هەیە کەلە سروشت بەدەرن.

ئەو پەیوەندیکردنەش بەهۆی ڕێ و ڕەسم و نەریتەجیاوازەکانەوە دێتەدی کەمەبەستیش لێی چارەسەرکردنی نەخۆشەکانە.

## بەشەبەرهەمی کشتوکاڵی | المُزارعة | Share - cropping

کارکردنی کرێکاران بەکاری کشتوکاڵی بەمەبەستی بەرهەمهێنانی بەروبووم لەزەوی دەرەبەگێك، ئەویش لەبەرامبەر بەشێك لەفرۆشتنی ئەو بەروبوومە، وەك باوێشە دەرەبەگ جێی نیشتەجێ بوون بۆ کرێکاران ئامادە دەکات.

## نۆرەکار | العَمل بالمناوبة | Shift work

ڕێکخستنی کاتەکانی کار لەسەر بنچینەی کارپێکردنی کرێکاران بەدوو نۆرە یان زیاتر، دیارە ئەو بارەش لەو جۆرە کارو پیشانە دەبێت کەبارودۆخەکە پێویست بەپەیڕەوکردنی ئەو سیستەمە دەکات.

دەوترێت نۆرەکاری بەیانیان (day-shift) و نۆرەکای شەوانە (night-shift)، ئەو نۆرەیەش لەنیوە شەوەوە دەست پێدەکات تا ڕۆژهەڵات (graveyard shift)، هەروەها گۆڕینی کرێکاران، نۆرەکاری خولانەوەیی (rotating)، لەگەڵ بەردەوامی کارکردنی کرێکاران لەهەمان نۆرە نۆرەکاری نەگۆڕ (fixed shifts) و سیستەمی یەك نۆرەیی (shigle shift system) و سیستەمی سێ نۆرەیی (system of three shifts) و سیستەمی دوو نۆرەیی (system of two shifts).

هەروەك باوێشە کرێکاران بەنۆرەی بەدوای یەکدا کاریان پێ دەکرێت، کرێکارانی نۆرەی ڕۆژ یەك هەفتە کاردەکەن، پاشان

جێگۆڕکێیان پێ دەکرێت بۆ کارکردن لەکاری شەوانە، ئەویش بۆ یەك هەفتەو..بەو جۆرە.
بەڵام ئەگەر کرێکارانی نۆرەی شەو لەکارەکانیان بەردەوام بوون، ئەوا ئاساییە زیادەی سەرمووچە وەربگرن بەرامبەر کاری شەوانەیان.

Shop, closed — المنشأة — دامەزراوەی داخراو
ئەندامەتی زۆرەملێ لەسەندیکا

Closed shop — تەماشا بکە:

Shoprules — لائحة نظام العمل بالمنشأة — ڕێساکانی کارکردن

خاوەن کار پرۆژە یاسایەك ئامادە دەکات کەچەندین ڕێساو بنەمای تایبەت بەسیستمی کاروئەرك و مافی کرێکاران دەگرێتە خۆی.
ئەو پرۆژەیە کاتەکانی دەست پێکردنی کارو کۆتایی هاتنی و ئەو پێداویستیانەی تایبەتن بەتەندروستی و خۆپاراستن لەڕووی داوەکان، هەروەها ڕێ و شوێنی پشوودان و مۆڵەت وەرگرتنی نەخۆشی و ساڵانە و پێدانی ڕۆژانە و کرێی کرێکاران دیاری دەکات.
سەرەڕای هەندێ ڕێسای تایبەت بەدیاریکردنی کرێ و پاداشتی بەرهەمهێنان، دەست نیشان دەکات، ئەو جۆرە پرۆژەیاسایانە، بۆ سیستمی کارکردن و سوودو گرنگی دەبێت لەیەکخستنی ڕێساکانی کارکردن لەناو دامەزراوەکان بۆ هەموو کرێکاران.

Sib — البَطن — بنەماڵە بن عام

کۆمەڵگەیەکی بچووکە لەسەر بناغەی پەیوەستی خوێن پێکدێت، ئەو کۆمەڵە بچووکە لەیەك باپیرەوە ئەگەر لەلقی دایك بێت یان لەلقی باوك دێتە خوارەوە، بەردەوامیش تاکەکانی ناوی ئەو هەڵدەگرن و ئەو منداڵانەی لەهەمان باوك و دایك دێنە خوارەوە پێیان دەوترێت خوشك و برا (siblings) دەوترێت: ڕکابەری خوشك و برا (sib rivalry) بۆ هەستی ئیرەیی لەنێوان منداڵان، ئەوانی لەهەمان باوك و دایك دێنە خوارەوە، ڕەنگە هۆیەکەشی بۆ خۆشەویستی زیاتری هەندێکیان بەسەر هەندێکی دیکەدا بگەڕێتەوە.
تەماشا بکە: هۆز trible ، تیرە Phratry، عەشیرەت clan

Siege, stare of — الاحكام العرفية — یاسا عورفیەکان

سیستمێکی نائاسایی مەترسیدارە، ڕێگر دەبێت لەبەردەم ئازادییەکانی تاك و دەستەبەرییە دەستوریەکانیش بەتاڵ دەکاتەوە، دیاردەکە بەپێی تیورییەك کە دەسەڵات ناچار دەکات بڕیار لەسەر ئەو حاڵەتە بدات، بەهۆیەوەش دەسەڵاتی نائاسایی فراوان دەدرێتە حکومەت، ئەویش بەمەبەستی ڕوو بەڕووبوونەوەی هەل ومەرجێکی ناکاو و بۆ پارێزگاریکردنی لەئاسایش و ئاسوودەیی وڵات.

Sifting — الغَربلة — لەبێژنگدان
شتی بێژراو

جۆرێکە لەدابەشکردن، پشت بەهەڵبژاردنی باشی تاکەکان دەبەستێت لەهەر دوو ڕووی کۆمەڵایەتی و جوگرافیەوە.
هەموو کۆمەڵگەیەك بەشێوەیەکی بەردەوام هەڵدەستێ بەدیاریکردنی ئەندامانی لەگەڵ ئەوانی لەدەرەوە ڕووی تێدەگەن بەپێی ئەو پێوەرانەی کەکولتورەکەی پەسندی دەکات، کۆمەڵگە ئەندامانی خۆی بەسەر بوارە جیاوازەکانی چالاکیدا دابەش دەکات و بۆ هەر یەکەیان پێگەو کارێکی تایبەت دیاریدەکات.
بزووتنەوەی ئێکۆلۆجیەکان لەڕووی کۆچکردن و هێرش بردندا بوارە جوگرافیەکانی پرۆسەی لەبێژنگدان دەنوێنێ.

Significance, statistical — الدلالة الاحصائية — ئاماژە ئاماریەکان

لەزانستی ئاماردا، مەبەست لەدەستەواژەکە، لەتوانادا هەیە، ئەو نموونەیەی کەدەکەوێتە ژێر سەرنجدان، نوێنەرایەتی خەسڵەتەکان یان پەیوەندییەکان یاخود گریمانە ڕاستیەکانی گروپەکە بکات، یانیش ئەو بۆ ڕێکەوت دەگەڕێتەوە.
بەردەوام چەند جیاوازییەك هەیە لەو نموونانەی کەلەهەمان گروپ وەرگیراون، تاقیکردنەوەکانی هێما گەرییە ئامارییەکان، هەوڵدەدات ئەوە دیاری بکات کەئایا پەیوەندی و جیاوازییەکانی نێوان گۆڕاوەکان لەنموونەکەدا، یان لەنێوان نموونەو شێوەی گروپدا، ئەوانە ئەو جیاوازیانەن کەبەڕێکەوت لەنێوان نموونەکان ڕوویانداوە، یاخود ئەوانە ڕەنگدانەوەی خەسڵەتەکانی ئەو گروپەن کە نموونەکەی لێوەرگیراوە.

لەیەکچوون
هاوچەشنی

التشابه

**Similarity**

لەیەك چوونی نێوان دوو شت، واتە بەشداریان لەچەند ڕەگەزێکی وەك یەك، یان چەندین پەیوەندی وەك یەك، لەیەکچوون ڕەنگە یەکگرتن بێت لەچۆنیەتی، وەك لەیەکچوونی دووشت لەڕەنگدا یاخود لەدروست بووندا، هەروەها لەقەبارەدا وەك لەیەکچوونی دووشت لەقەبارە یانیش لەکێشدا.
لەدەروونناسیدا دەوترێت یاسای لەیەکچوون (Law of similarity) بۆ ئەو هاوپەیوەندییە هزرییەی کەبەپێی ئەو بیرۆکەیەك داوای بیرۆکەیەکی دیکە دەکات و لەیەکیش دەچن لەهەندێ ڕووەوە.

وێنەی دەقاو دەق، لەیەکچوون

**Ana. Similitude**

کارئاسان کردن
تەماشا بکە :

تبسيط العمل

**Simplification, work**
**Work simplification**

گوناح سەرپێچی
تاوان

الأثم، الخطيئة
المعصية

**Sin**

سەرپێچی کردنی بڕیارو قەدە غەکراوەکان بەئەنقەست، بەڵام لێرەدا جیاوازی هەیە لەنێوان گوناح و تاوانی ئاینی و ئەوی مرۆڤ بڕیاری لەسەرداوە، یەکەمیان سەرپێچیە لەشەریعەتی خودا، لەکاتێکدا دووەمیان سەرپێچیە لەبڕیارەکانی ئەقل.
تەماشا بکە: گوناح، یاسای ئاینی شکاندن

**Offence**

ڕێبازی تاکگەرایی

مذهب التفرد
الفردانية

**Singularism**

تیۆرییەکی فەلسەفیە، داکۆکی لەیەکێتی توندی ئەندامیەتی دەکات، لەپێکهاتنی باری ڕاهاتوو، بەجۆرێك هەموو بەشەکانی لە (گشت)دا بەیەك دەبەسترێنەوە ئەو (گشت) بوونەش ماناو بەهاو بوون، دەخاتە سەر حاڵەتەکە.
لەڕووی کۆمەڵایەتیە، ئەو حاڵەتە ئەوە دەسەلمێنێت کەکۆمەڵگە تەنها کۆی ئەندامەکانیەتی، لێرەدا قەوارەیەکی زیندووش نیە بەناوی کۆمەڵگە، بەڵکو تاك تەنها ڕاستی کۆمەڵایەتیە، لەبەرامبەر ئەو ڕێبازەش زێباری فرەیی زۆرینە (pluralism) دێت.

هەڵوێست

١- الموقف

**Situation**

هەڵوێست شێوەیەکی گشتیە بۆ ئەو فاکتەرە کۆمەڵایەتیانەی کاریگەرییان لەرەفتارو ئەزموون و شارەزاییەکانی تاك دەبێت، ئەویش لەچوار چێوەی سیستمێکی دیاریکراودا بۆ کارلێکردن بەتایبەتیش ئەماوەیەکدا، بۆیە ڕەفتار جیاوازی تێدا دەبێت بەپێی جیاوازی هەڵوێستە کۆمەڵایەتیەکان.

بـەدەربڕینێکی دیکـە، هەڵوێسـت پێکـدێت لـەو کارتێکردنـە هەسـت جوڵێنـە ڕێـك و پێکانـەی نـاوخۆیی و دەرەکـی، کەکارپێگەرییان لەسەرتاك دەبێت لەساتێکی دیاریکراودا یاخود لەبارێکدا کەتاك ئامادەیی بەدەنگەوە هاتنی هەبێت.
ڕەفتاری تاك لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە دەگۆڕێت، بۆیە دەوترێت یاسای هەڵوێست (law of situation) بـەو ئاراسـتەیە کە هەڵوێستەکە دەیسەپێنی یاخود دۆخەکە پێویستی دەکات، ئەویش بەومانایە کەهەڵوێست بـەو یاسا ناواخنیـە دادەنرێـت کەبڕیارەکان یەکلادەکاتەوە.

شوێن ٢- المكان

واتـە، ژینگـە بەبوونـەوەری زینـدووەوە لەسـاتێکی دیـاریکراودا، زاراوەکـە فـراوانترە لـەو ئامـاژە پێکردنـەی کـە تـەنها ژینگـە بگرێتەوە، لەبەر ئەوەی واتاکەی بەئاگاهێنەرو کاریگەرییە ناخۆیی و دەرەکیەکانیش بەیەکەوە دەگرێتەوە.

لاروگێڕی چەوتی الألتواء **Skewness**
ئاسیمێتری

لـەئاماردا مەبەسـت لەزاراوەکـە، ئەوەیەکەدابەشـکردنی بـەهاکان لەهـەر توێژینەوەیـەکی کردەیـی، نـاکرێ جـووت بـن (وەك یەك بن) جووتبوونێکی تەواو لەسەر دابەشبوونە هاوسانە نموویيکە، بەڵام لادانـی دابەشـبوونەکەلەو نموونەیـە ڕەنگـە کـەم بێـت و هـیچ ئاماژەیـەکی ئامـاری نـەبێت، بـەهۆی چـەند بـارودۆخێکی تایبـەت بەتوێژینەوەکـە یـان ڕەنگـە گـەورەبێت تاپلەیـەك کەتوێـژەر لەگەڵیـدا نـەتوانێت گریمانـەی دابەشـبوونی هاوسـانی بکـات لـەو بەهایانـەی کـە بەدەسـتیان دەهێنـێ، هەروەها لادانی دابەشبوونی هاوسانی، ڕەنگە شێوەیەك وەربگرێت بەجۆرێك وا لەچەماوەکە بکات کەبەلای بـەها گـەورەکانـدا بشکێتەوە، لەم بارەشدا وا وەسف دەکرێت، کەلارو گێرییەکە نەرێنیە، هەروەها ڕەنگە بەلای بەها بچووکەکان بشکێتەوە، لـەم بارەشیاندا وا وەصف دەکرێت کەلاروگێرییەکە ئەرێنیە.
ئەمەو ناوەندی ژمێرەیی و ناوەندو جۆر، بـەهاکانیان یـەکگرتوو دەبێـت، بـەڵام لەچـەماوە لاروگێریـەکان ئـەوا ئـەو کۆڵکانـە بەهاکانیان جیاواز دەبێت.
لەسەر ئەم بنچینەیە دەکرێ کۆڵکەی لاروگێڕی وا بژمێردرێت کە ئەوجیاوازیەیە لـەنێوان ناوەنـدو جـۆر، بـەڵام کۆڵکەیـەکی لەو جۆرە کەبەهایەکی ڕەهای دەبێت و لەسەر پەرش و بڵاوبوونەوەی بەهاکانیش دەوەستێت، ئـەو کۆڵکەیـە تـەنها بەکـەڵکی ئەوە دەێت کەبەراوردی نێوان لاروگێڕی دوو گروپی یەکگرتووی لادەری پێوەری پێ بکرێت.
بەڵام ئەگەر ویستمان، پێوانەی لاروگێڕی بەدەست بهێـنین، ئـەوا ئـەو پێوانەیـە یەکسان دەبێـت بـۆ ئـەو جیاوازییـەی نێـوان ناوەندی ژمێرەیی و جۆر بەدابەشکردنی بەسەر لادانی پێوانەیی .

کارامەیی المهارة **Skill**
شارەزایی

بوونی تواناو هێز بۆ ئەنجامدانی چەندین کاروباری بزوێنـەری ئـاڵۆز، بەشـێوەیەکی ئاسـان و ورد، هـەروەها بـوونی توانـا بـۆ گونجاندن لەگەڵ بارودۆخە گۆڕاوەکان بەمەبەستی ئەرك بەجێگەیاندن.
لێرەدا چـەندین پلـەی جیـاوازی کارامـەیی (degree of skill) هەیـە، دەکـرێ لەڕێگـەی تاقیکردنـەوەکانی کارامەییـەوە بیانناسین (Skill tests) کەوامان لێدەکات ڕادەی بەدەستهێنانی لێهاتوویی و شارەزایی پێویست بـۆ ئەنجامـدانی پیشـەیەکی دیاریکراو بزانین.
کرێکـاری شـارەزاش (Skilled worker) ئـەو کەسـەیە کەهـەموو توانسـت و لێهـاتوویی پێویسـتی پەیـداکردووە بـۆ جێبەجێکردنی پیشەیەك یاخود کارێك.

کۆیلەیی الرق **Slavery**

بەندێتی العبودیة

تاکێك ببێتە موڵکی تاکێکی دیکەو زاڵیش بێت بەسەریداو سوود لەکارو خزمەتگوزاریەکانی وەربگرێت.
سیستمی کۆیلەیی واتە بوونی پەیوەندییەکی پاشکۆیەتی درێژخایەن لەنێوان کەسی کۆیلەو سەردارەکەی کاربەدەست بەپێی ئەو پەیوەندییە کۆیلە ملکەچییەکی ڕەهای بۆ سەردراەکەی دەبێت، لەم بارەوە کۆیلە وەك یەك لەکەرەستەو شتەکانی کەسی دەسەڵات سەردار ئەژمار دەکرێت، نەك وەك کەسەکان.
کۆیلەیی بازرگانی (commercial slavery) لەسەردەمە تازەکاندا بەلای کەم پەیوەست دەبێت بەژیانی کشتوکاڵییەوە لەو هەرێمانەی کەبەرەو ڕووی کەمی دەستی کار بوونەتەوە.
بەڵام کۆیلەیەتی لەناو ماڵاندا (domestic slavery) زیاتر بڵاوبۆتەوە بەتایبەتیش لەکاروباری ناوماڵ و خزمەتگوزارییە کەسێتیەکان.
پەیدابوونی سیستمی کۆیلەیی بۆ دیاردەی دیلگرتن یاخود کڕین و فرۆشتنی مرۆڤ دەگەڕێتەوە.
هەروەها لەچەند سەردەمێك کەسانی تاوانبارو قەرزارو بێکەس - بیژی وەك کۆیلەبەکار هێنراون، واش باو بووە کەکۆیلە کوڕەکەشی هەر کۆیلە بمێنێتەوە.

کۆیلەی سپی پێست الرقیق الابیض **Slavery white**

ڕاکێشان و پەیداکردنی منداڵ و کەسانی تەمەن بچووك بەتایبەتی لەڕەگەزی مێینە بەشێوازو هۆکاری جیاواز لەخەڵەتاندن و فریودان، یان زۆر لێکردن، بەمەبەستی بازرگانی پێوەکردنیان و کاری داوێن پیسی.

نووستن النَومّ **Sleep**

دابەزینی باری هەستکردن و ئاگایی و بیرکردنەوە، بەشێوەیەکی سروشتی و کاتی و ماوەماوە، لەخەسڵەتەکانی نووستن، نەبوونی جوڵە بەشێوەیەکی ڕێژەیی و بێ توانایی لەسەر وەڵامدانەوە بەشێوەیەکی کارا لەئاست کارتێکردنە دەرەکیەکان.
ئەوەی لەو حاڵەتە بەدەرە، دیاردەی خەواندنی موگناتیسیە (hypnosis) لەم بارەدا کەسی نووستوو وەڵامی کەسی بەرامبەری دەداتەوە ئەوی بەکارەکە هەڵدەستێ.
دیاردەی بوورانەوە (swooning) کەبەخاوبوونەوەی کۆئەندامی ماسولکەکانی جیاواز دەکرێتەوە، هەروەها بێ ئاگایی تەواو (coma)، کەجۆرێکە لەبێ تواناییەکی تەواو بۆ دەنگەوەهاتن دەگرێتەوە خۆی.
باری دەروونی تاك کارتێکردنی لەسەر نووستنی دەبێت، ڕەنگە بارە دەروونیەکە هۆیەك بێت بۆ حاڵەتی خەو زڕان (insomnia) زیاتر بێ ئارامی و گرژی بۆ تاك دەخولقێنێ.

دروشم الشعار **Slogan**

زاراوەیەکی کورتکراوەیە، بەبیرهاتنەوەی ئاسانە، گوزارشت لەبیرۆکەیەکی جێگیر یان بەهایەك یاخود ئامانجێك دەکات.
زاراوەکە لەبارێکی ئاسایدا ئامانجی رازیکردنە، لەتایبەتمەندییەکانیشی، ڕوونی و ئاشکرایی و ساکاری، بەبێ گتوگۆ کارتێکردنی لەسەر ڕای گشتی دەبێت بۆ پڕوپاگەندە کردن بەزۆری دروشمەکان بەکار دەهێنرێن، ئەو دروشمانەش ڕەنگە سیاسی بن، هەر لەکاری سیاسی، چەندین دروشمی هاوبەش بەکار دەهێنرێن دەربارەی ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراو.
دروشمەکانی پڕوپاگەندە، ڕستەکانیان کورت و کارتێردنیان دەبێت، سوودو کەڵکی ئەو کاڵایانەی پڕوپاگەندەیان بۆ دەکرێت، ئاشکرادەکەن.
تەماشا بکە: پروپاگەندە propaganda ڕاگەیاندن publicity

گەڕەکەمیللیەکان الاحیاء المتخلفة **Slums**

هەژارەكان

ئەو گەڕەكانە لەڕووی مادییەو بەوە دەناسرێن كەخانوو بەرەكانیان لەبارێكی خراپدایە، ڕێگاو شەقامەكانی تەسك و باریكن، زبل و پیسایی لەهەموو شوێنێكدا بڵاون، هەروەها لەڕووی كۆمەڵایەتییەوە بەوە جیاواز دەكرێتەوە كەژمارەی دانشتوانی چڕەو هەژاریشی تێدا لەئاستێكی بەرزدایە، باری تەندروستی و فێربوونیان خراپ و دواكەوتووە، ڕێژەی بەرەڵلایی گەنج و هەرزەكاران و تاوانەكانیش زۆرن هتد.

جگەرەكێشان التدخين smoking

نەریتی كێشانی جگەرەی دروست كراوی تووتن، تاك وەك نەریتەكانی دیكە كاری پێدەكات، نەریتەكە بەفراوانی بڵاو بۆتەوە، ڕاهاتن و بەردەوام بوون لەسەریشی دەبێتە هۆی خوپێوەگرتن و لەئاكامیشدا هەڵمژینی لەش بۆ مادەی نیكۆتین كەزیانێكی زۆری بۆ تەندروستی لەش دەبێت، دیارە زیانەكانیشی جیاواز دەبێ لەكەسێكەوە بۆ كەسێكی دیكە.

جگەرەكێشان لەتەمەنی هەرزەكارییەوە دەست پێدەكات، وەك سەرنجشی دەدرێتێ زیاتر بڵاوە لەناو سەڵت و ڕەبەنەكان تا ئەوانی هاوسەرگیرییان سازداوە، هەروەها لەناوكرێكاران زیاتر تا دەگاتە فەرمانبەران.

هەندێ لەتوێژینەوەكان دەریان خستووە كە لەناو ئەوانی خویان بەجگەرە كێشانەوە گرتووە، ژمارەیەكی گەورەی تێدایە لەوانی ڕووكراوەو شادن (extroverts) هەروەها ئەوانی نەخۆشی نیرۆسیسی (neurotics) یان هەیەو لەخەسلەتەكانیشیان دڵە ڕاوكێ و گرژییە.

سەرنج دەدرێت كە ئەو پڕوپاگەندە فراوانەی كارگەكانی جگەرەپێی هەڵدەستن یارمەتیدانە بۆ زۆربوونی دیاردەی جگەرەكێشان، بۆیە چەند وڵاتێك كار لەسەر ڕێگرتن لەو پڕوپاگەندەیە دەكەن، یاخود پابەندكردنی لایەنی پڕوپاگەندەكە لەگەڵ دروشمەكانی پڕوپاگەندەكەیان زیانەكانی جگەرە كێشانیش دەربخەن.

تەمەشابكە : خوگرتن بەمادە كهولیەكان

مادە بێ هۆشكەرەكان

Alcoholism druge

لەخۆبایی التحذلق، التعاظُم

Snobbism

لووت بەرز التكبر

مەبەست لەزاراوەكە، كەسێكی بازاڕی لاسایی كەسانی چینە باڵاكان بكاتەوە، وەك ئەوان ڕەفتار بكات، لاسایكردنەوەكەشی كوێرانە بێت، بەم كارە، ئەو كەسە خۆی دەخاتە بەردەم گاڵتە پێكردن یان ڕق و قینەوە، كە بەزیادە ڕۆییەوە باس لەپلەو پایەو ساماندارى بكات، دیارە ئەو كارەشی دەبێتە جێگای سووكایەتی پێكردن و ڕیسواكردنەوە.

ڕەنگە ئەو رەفتارەشی لەترسی ئەوە بێت كەنەك خەڵكی بەچاوێكی كەم و نزم تەماشای بكەن.

كۆمەڵخوازی الاندماج أو الارتباط بالجماعة Sociability

حەزبەتێكەڵبوونی كۆمەڵ

پەیوەست بوونی تاكەكان بەكۆمەڵ و تێكەڵبوونیان تێی، ڕەنگە پەیوەست بوونەكە لاواز یان توونـدبێت، ئەویش بەپێی جیاوازی هەل و مەرجەكان.

كۆمەڵایەتی اجتماعي Social

هەموو ئەو كاروبارانەی پەیوەستن بەپەیوەندییە ئاڵوگۆڕەكانی نێوان تاكەكان یان گروپەكان، دیارە لەهەر كارتێكردنێكی رەفتاریدا، ئەوا فاكتەری كۆمەڵایەتی (social factor) بوونی دەبێت، ئەگەر دیاردەكە پەیوەست بێت بەتاكێكەوە یاخود گروپێك، هەروەها ئەو كەسە یانیش ئەو كەسانەی لەڕووی مادییەوە بوونیان هەبێت یان نەبێت.

زاراوەی کۆمەڵایەتی جیاوازی دەبێت لەزاراوەی کولتور، بەوەی زاراوەی یەکەم پەیوەستە بەپەیوەندی کەسەکان، لەکاتێکدا زاراوەی دووەم پەیوەستە بەبیروباوەڕو ئاستەکانی رەفتارو بەهاو زانین و بوارەکانی دیکەی کولتور.

**توانای کۆمەڵایەتی** | **القدرة الاجتماعية** | **Social abilty**

بوونی توانا لەسەر مامەڵەو پەیوەندیکردنی باش لەگەڵ کەسانی دیکە، هەروەها بەشداریکردن لەکارو کردارە کۆمەڵایەتیەکان و بەدەست هێنانی پلەو پایە لەناو کۆمەڵێکدا، یاخود بوونی توانای کارتێکردن لەکەسانی دیکەو تێکەڵبوونیان بێ هەر ناکۆکی و جیاوازیەك، یانیش توانای گونجاندن و تەبابوون لەگەڵ کەسانی دیکە.

**لەریز بەدەری کۆمەڵایەتی** | **الشذوذ الاجتماعي** | **Social abnormality**

هەر کاروکردەوەیەك دەرچوون بێت لەحاڵەتی باوو ئاسایی، لەبواری پەیوەندییەکانی تاك بێت لەگەڵ کۆمەڵ، یان لەپەیوەندییەکانی کۆمەڵ بێت بەژینگەوە، یاخود لەکاری بوونیاد نان و فەرمانەکانی خودی کۆمەڵگە.

**بەجێگەیاندنی کاری هاوبەش** | **انجاز العمل المشترك** | **Social achievement**

پرۆسەیەك، یان گەیاندنی پرۆژەیەك بەقۆناغی سەرکەوتن، ئەویش بەهۆی بەشدرایکردنی چەندین کەس لەگەڵ یەکتر لەو کارەدا.

**کردەی کۆمەڵایەتی** | **العمل الجماعي** | **Socila action**

کاروڕەنجێکی بەکۆمەڵی ڕێك و پێکە، ئامانجی دەستەبەر کردنی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانەیە کەکارتێکردنیان لەژمارەیەکی گەورەی خەڵك دەبێت، بەدیهێنانی ئەو ئامانجەش بەهۆی کارتێکردن لەیاسا ڕێژی کۆمەڵایەتی، یاخود لەو لایەنانەی کەپرۆژەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی بەڕێوەدەبەن.

**چالاکی کۆمەڵایەتی** | **النشاط الاجتماعي** | **Social activity**

ئەو کاروبارانەی خەڵکی پێی هەڵدەستن بەیەکەوە، ئەو جۆرە کاروبارانەش، هاوکاری ڕەنجدان لەکاردا، یان چالاکیەك لەکاتی بێ ئیشیدا دەگرێتەوە.

**حەز لەدەستکەوت و خاوەنداریێتی** | **الرغبة الاجتماعية في التملك** | **Social acquisitiveness**

ویستێکی بەهێزە بۆ بەدەستهێنانی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی، یان ئینتیما بۆ گروپێك یاخود هەر بەهایەکی کۆمەڵایەتی، ئەو گروپە دیاری دەکات کەتاك ئینتمای بۆی هەیە.

**گونجاندنی کۆمەڵایەتی** | **التكيف الاجتماعي** | **Social adaptation**

خۆگونجاندن کردارێکی کۆمەڵایەتیە، کردارەکە چالاکی تاکەکان یان گروپەکان دەگرێتەوە، هەروەها ئەو رەفتارانەی کەئامانجیان تەبابوون و پێکهاتنی نێوان تاك و تاکێکی دیکەیە، یاخود نێوان چەند تاکێك و ژینگەکەیان، یانیش نێوان گروپە جیاوازەکان.
گونجانی تاکەکان دیاردەیەکی ناچارییە، بەهۆی ئەو نەریت و بیروڕاو ئاراستە جیاوازانەی نێوانیان بەهیوای ئەوەی کەژیانی کۆمەڵایەتی لەسازدانێکی تەواودا بەڕێوەبچێت.

**ڕێککەتنی کۆمەڵایەتی** | **التوافق الاجتماعي** | **Social adjustment**

هەوڵەکانی تاك لەکات و بارێکدا کەبەرەو ڕووی کێشەیەکی ڕەوشتی یان ململانێیەکی دەروونی دەبێتەوە، دیارە ئەو حاڵەتەش دەبێتە هۆی گەڕان لەنەریت و ئاراستەکانی ئەو تاکە بۆ ئەوەی تەبابێت و ڕێککەوێت لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەی لەگەڵیان دەژێت.

**Social administration** الادارة الاجتماعية کارگێڕی کۆمەڵایەتی

زاراوەکە ئاماژە بۆ ئەو کاروبارانە دەکات کە لەلایەن ئەوانی کاری خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان هەڵدەسوڕێنن، ئەوانە شێوازێکی هونەری بەکار دەهێنن بەپشت بەستن لەسەر پیادەکردنی زانستە کۆمەڵایەتیە بنچینەییەکان.

هەروەها زاراوەکە ئاماژەیە بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیەی پەیوەستە بەشیکردنەوەی سیاسەتی کۆمەڵایەتی، یاخود جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانەو رادەی کاریگەری لەچارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان.

**Social agency** المؤسسة الاجتماعية دەزگای بریکاری کۆمەڵایەتی

هەموو گروپێك خاوەن ڕێکخستنێکی بەردەوام بێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو یان نادیاریکراو، ئەو ڕێکخستنە پێکدێت لەچەند کەسانێك، سروشتی یاخود ئاسایی، لەبنچینەشدا دامەزراوەکە کاری بریتی دەبێت لەئامادەکردنی جۆرێکی دیاریکراو لەخزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان، بێ ئەوەی ئامانجی قازانجێکی مادی بێت.

بۆیە ناوی لێدەنرێت دامەزراوی کۆمەڵایەتی بەرایی (primary social agency)، ڕەنگە ئەو دامەزراوەیە لەبنچینەدا تایبەتمەند بێت بەخزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، بەڵکو خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی تێیدا بەشێك لەچالاکیە زۆرەکانی دامەزراوەکە دەنوێنێ و ناویشی لێدەنرێت (secondary social agency)، دامەزراوەی کۆمەڵایەتی لاوەکی.

**Social anabolism** الابتناء الاجتماعي بونیادی کۆمەڵایەتی

گەشەکردنی بونیادی گەشوێنی خۆی لەکۆمەڵگە وەردەگرێت لەمیانەی تێگەیشتن و گونجاندنی بیروباوەڕو کردارەتازەکاندا.

**Social analysis** التحليل الاجتماعي شرۆڤەکردنی کۆمەڵایەتی

پشکنینێکی هەمە لایەنەیە بۆ ڕووداوە کۆمەڵایەتیە ئاڵۆزەکان بەمەبەستی جیاکاری لەنێوان بەشەجیاوازەکانی، هەروەها دیاریکردنی پەیوەندی هەربەشێك بەبەشێکی دی و پەیوەندی هەربەشێکیش بەگشتەوە.

دیارە ئەو کارەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی وەسفێکی میتۆدی بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی دیکەو بەپێی پۆلینکردنێکی شێوەیی و بابەتی.

**Social anatomy** التشريح الاجتماعي توێکاری کۆمەڵایەتی

بونیادنان و ڕێکخستنی کۆمەڵگە، هەروەها فەرمانی گروپەجیاوازەکان و پێگە ڕێژەییەکەی و پشت بەستنی هەندێکیان لەسەر هەندێك، لەگەڵ پەیوەندییەکانیان بەکۆمەڵگە وەك یەکەیەکی کارای تەواوکار.

**Social anthropology** الانثروبولوجيا الاجتماعية مرۆڤناسی کۆمەڵایەتی

تەماشا بکە: **Anthropoloty, social**

**Social ascension** الترقي الاجتماعي پلە بەرزبوونەوەی کۆمەڵایەتی

یەك لەجۆرەکانی جوڵەکردنی کۆمەڵایەتیە، سەرکەوتنی تاکەکان یان گروپەکان لەپێگەو پایەی کۆمەڵایەتی دەگرێتە خۆی، ئەویش لەڕووی پایەو هێزو دەسترۆیی و رێزلێنانەوە دیتەدی، لێرەدا چەندین فاکتەری جیاواز هەیە بۆ بەرزبوونەوەی کۆمەڵایەتی، لەوانە: کەڵەکەبوونی سامان، بەدەستەوە گرتنی فەرمان، پلەبەرزبوونەوە، هەروەها دەرفەتی دەسترۆیی... هتد.

**Ana: social ascendancy** بەرزبوونەوەی پلەوپایە

**Social assimilation** التمثيل الاجتماعي لێکچوونی کۆمەڵایەتی

پرۆسەیەکە، بەپێی ئەو پرۆسەیە چەند تاکێك یان چەند گروپێك تێکەڵ دەبن، ئەوانە نوێنەرایەتی چەندین کولتوری جیاوازدەکەن لەیەکەیەکی هاوچەشنی وەك یەك.

**Social assistance** المساعدة الاجتماعية یارمەتیدانی کۆمەڵایەتی (یاریدە)

**Assistance** تەماشا بکە: یارمەتیدان یاریدە

**Assistamce, public social** یارمەتیدانی کۆمەڵایەتی گشتی

**Social atom** الذرة الاجتماعية ناوکەی کۆمەڵایەتی (گەردیلە)

زاراوەکە لەپێوەری کۆمەڵایەتی بەکار دەهێنرێت، وەك هێمایەك بۆ ئەو تاکەی کەبەناوکە دادەنرێت و دەکەوێتە ناوەڕاستی تۆڕی کۆمەڵایەتیەوە (social net)، ئەو تاکە دەبێتە جێگای پەسندێتی و جیاوازی لەهەردوو رووەوە وەك یەك، لەلایەن ئەو تاکانەی کە ئەو تۆڕەیان لێ پێك دێت.

**Social authority** السلطة الاجتماعية دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی

**Social power** تەماشا بکە: هێزی کۆمەڵایەتی

**Social back warkness** التخلف الاجتماعي پاشکەوتەیی کۆمەڵایەتی

دواکەوتن و بێ جوڵەو سستی کۆمەڵگە، هەروەها دەسترۆیی ئاراستەو بۆ چوونە کۆنەپەرستیەکان لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگاکە، هۆکارەکانی دواکەوتنی کۆمەڵایەتی لق و پەلی زۆرن، تێکەڵدەبن هەندێکیان لەگەڵ هەندێك تا ئەو ڕادەیەی کەهەر یەکەیان لەیەك کاتدا دەبن بەهۆو بەئەنجامیش.

لەگرنگترین هۆکارەکانی دیاردەی پاشکەوتەیی: بڵاوبوونەوەی داب و نەریتە کۆنەکان، بەرزبوونەوەی رێژەی نەخوێندەواری و دابەزینی ئاستی زانیاری هونەری، هەروەها خراپی باری تەندروستی و نیشتەجێ بوون و نزمی پێگەی ژن و لاوازی و بێ توانایی چینی ناوەڕاست، سەرەڕای کەم و کورتیەکانی دامەزراوە حکومیەکان.

**Social balance** التوازن الاجتماعي هاوسەنگی کۆمەڵایەتی

**Social equilibrium** تەماشا بکە: هاوسەنگی کۆمەڵایەتی

**Social barrier** الحاجز الاجتماعي بەربەستی کۆمەڵایەتی (کۆسپ)

هەموو ڕەگەزێك لەڕەگەزە كولتورییەكانی كۆمەڵگایەك، تایبەتمەندی خۆی هەیە، كاریش بۆ ئەوە دەكات كەچوونە پاڵی یەك لەچینەكان، كارێكی دژوار یان مەحاڵ بێت.
بوونی كۆسپ و ڕێگرییە كۆمەڵایەتیەكان، پەیوەستە بەتوێژ بەندی خودی چینی كۆمەڵایەتیەوە، بەڵام ئەو حاڵەتە لەناو كۆمەڵگە سیاسیە سەربەخۆ كانیش هەیە.
هەریەك لە: هاوسەرگیری ناوخۆیی و ئەو سیستمانەی كە دامەزراون لەسەر بنچینەی لەدایك بوون، جۆری پیشەكان، یان ئاینەكان، یاخود گەلان، یانیش ئەو ڕەگەزانەی تەنها ئەندامانی خۆی دەگرێتەوە، هەموو ئەوانە ڕێگرو كۆسپ كۆمەڵایەتین.

ڕەفتارگەرایی كۆمەڵایەتی | السلوكية الاجتماعية | **Social behaviourism**

یەك لەگریمانەكانی تیۆری كۆمەڵناسیە، بەپێی بۆ چوونی ئەو تیۆرییە تاك و كارلێكردنی لەگەڵ تاكەكانی دیكە، یەكەی بنچینەییە بۆ شرۆڤەكردنی سیوسیۆلۆجی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەفتاری كۆمەڵایەتی ئاراستەیەكی گەردیلەیی نیە، چونكە چەمك و گشتاندنە كۆمەڵایەتیەكان دەربارەی كۆمەڵ یان كۆمەڵگە دوور ناخرێنەوە، بەڵام وا تەماشا دەكرێن كەچەند چەمكێكی ڕاستن و خاوەن مانان، لەبەر ئەوەی پشت بەرەفتاری تاكەكان دەبەستێت.

هەبوونی كۆمەڵایەتی | الكائن الاجتماعي | **Social being**

- بوونی كۆمەڵایەتی -

مرۆڤ لەپەیوەندییەكانی لەگەڵ بوونەوەرە مرۆڤایەتیەكانی دیكە.

خزمەتگوزاری كۆمەڵایەتی تاك | خدمة الفرد الاجتماعية | **Social case work**

تەماشا بكە: خزمەتگوزاری تاك | | **Casework**

دەستەی كۆمەڵایەتی | الفئة الاجتماعية | **Social category**

كۆمەڵە تاكێكی نارێك و پێك، لەشێوازێكی كارلێكردووی كۆمەڵایەتی دەبن، بۆیە ئەو دەستەیە گروپ پێك ناهێنێت، بەڵام بەچەند خەسڵەت و پلەو پایەیەكی كۆمەڵایەتی لەیەكچوو جیاواز دەكرێنەوە، نموونەی ئەوانەش: ژنانی كاركەر، كرێكارانی بەتەمەن لەپیشەیەكدا، ئەوانی خاوەن سامانێكی فراوانن، ئەو جۆرەكەسانە هەست بەپێناسەیەكی هاوبەش ناكەن، ئەگەر هۆشیاری هاوبەش لەنێوانیاندا گەشەی كرد، ئەوا سەركردایەتیەكیان بۆ دەردەكەوێت و دەستەكەش دەبێتە بنچینەی پێكهاتنی كۆمەڵ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی دەستە كۆمەڵایەتیەكان ناگۆڕێن بۆ كۆمەڵ.

هۆكارگەری كۆمەڵایەتی | السببية الاجتماعية | **Social causation**

چەمكێكە ئەوە دەسەلێنێت كەرەفتاری كۆمەڵایەتی و شێوازە كۆمەڵایەتیەكان، ملكەچی یاسا زانستیەكان دەبن، دەكرێ ڕاڤەش بكرێن لەبەر ڕۆشنایی هۆو ئەنجامەكان.

گۆڕانی كۆمەڵایەتی | التغير الاجتماعي | **Cadial change**

هەر گۆڕانێك ڕوودەدات لەڕێكخستنی كۆمەڵایەتی ئەگەر لەبونیادی بێت یان لەفەرمانەكانی لەماوەیەكی زەمەنی دیاریكراودا، بەم پێیە گۆڕانی كۆمەڵایەتی جەخت لەسەر هەموو گۆڕانێك دەكات كەڕوودەدات لەپێكهاتەی دانشتوانی كۆمەڵگە، یاخود لەبونیادی چینایەتی، یانیش لەسیستمە كۆمەڵایەتیەكەی، یان لەشێوازی پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكانی، هەروەها لەبەهاو

ئەو پێوەرانەی کاریگەرییان لەرەفتاری تاکەکان دەبێت و پێگەو رۆڵەکانیان لەو رێکخستنە کۆمەڵایەتیە جیاوازانە دیاری دەکات کە ئینتیمایان بۆی هەیە.

جولانی کۆمەڵایەتی — التنقل الاجتماعي — **Social circulation**

سووڕی کۆمەڵایەتی — الدورة الاجتماعية

یەك لەشێوازەکانی بزاڤی کۆمەڵایەتیە، ئەویش بە تەواوی پەیوەستە بەجولەی ئاسۆیی چینی کۆمەڵایەتیەوە، ئەگەر بەجێگۆرکێی تاك و خێزانەکان بێت بەرەو سەرەوە یان بەرەو پێگە کۆمەڵایەتیەکانی خوارەوە لەپلە بەندی کۆمەڵایەتیدا.

دەستاو دەستی بژاردەکان — **Cf. circulation of elites**

چینی کۆمەڵایەتی — الطبقة الاجتماعية — **Social class**

تەماشابکە: چین — **class**

لکانی کۆمەڵایەتی — التماسك الاجتماعي — **Social cohesion**

سەقامگیری سیستمی کۆمەڵایەتی و فەراهەم بوونی هاوکاری نێوان تاکەکانی.

لە بەرامبەریشدا، هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵایەتی (cocoial disorganization) دێت.

پێك گەیشتنی کۆمەڵایەتی — الاتصال الاجتماعي — **Social communication**

تەماشابکە: — **Communication, Social**

رکابەری کۆمەڵایەتی — التنافس الاجتماعي — **Social competition**

یەك لەشێوەکانی کارلێکردنە کە هەوڵ و تێکۆشان دەگرێتەخۆی لەپێناو گەیشتن بەپێگە کۆمەڵایەتیە سنوردارەکان، تاك یان گروپ لەو خەبات و تێکۆشانەی ملکەچی ئەو کۆت و مەرجانە دەبێت کەسیستمی کۆمەڵایەتی باو دەیسەپێنێت.

ململانێی کۆمەڵایەتی — الصراع الاجتماعي — **Social conflict**

ئارستەو خواستێکە، ئامانجی سەرکەوتنە بەسەرتاکەکان یان گروپی بەرهەڵستکاران، یاخود زیان گەیاندن بەموڵك و خاوەنداریێتیان، یانیش بەکولتورەکەیان، هەروەها هەرشتێك پەیوەندی بەلایەنی بەرهەڵستکارەوە هەبێت، دیارە دواتر ئەو ململانێیە شێوەی هێرش و بەرگریکردن وەردەگرێت.

پشێوی کۆمەڵایەتی — البلبلة الاجتماعية — **Social confusion**

پاشەگەردانی — الاضطراب الاجتماعي

ناکۆکی و لێك دوورکەوتنەوەی بەهاباوەکانی نێوان توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، هەروەها ئەو شێوازو رەفتارانەی لێی پەیدا دەبن.

هۆشیاری کۆمەڵایەتی — الوعي الاجتماعي — **Social consciousness**

Consciousness, collective — تەماشابکە: هەستی کۆمەڵایەتی (بەکۆمەڵ)

Social consensus — الاتفاق الاجتماعي / الاتساق الاجتماعي — ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی پێکهاتن -

مەبەست لەم بۆ چوونە، پەیوەستی و تەواوکاری و کارلێکردنی سیستەمە کۆمەلایەتیەکانە، لێرەدا هاوکارییەکی تەواو هەیە لەنێوان سیستم و دیاردەکانی کۆمەڵگە، ئەو دیاردەو ڕووداوانەی ڕوودەدەن لە سیستەمێکدا، ئەوا بەهۆیانەوە گۆڕانێك پەیدا دەبێت، ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێژەیش بێت، ئەمە جگە لەو سیستمانەی کە پەیوەستن لەگەڵی، ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕستەوخۆ.

Social constitution — الدستور الاجتماعي — دەستوری کۆمەڵایەتی

ئەو سیستمەی لەزنجیرەیەك کارگوزاری کۆمەڵایەتی پەیوەست لەگەڵ یەکدا پێکدێت، یان لەکارو فەرمانە کۆمەڵایەتیە زەرورییەکان بۆ مانەوەی ژیانی ئاسایی کۆمەڵگە.

Social constraint — الضبط الاجتماعي — کۆت و بەندی کۆمەڵایەتی (جڵەوگرتن)

Restraint, social — تەماشابکە:

Social contact — الاتصال الاجتماعي — پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی بەرکەوتن -

Social relations — تەماشابکە: پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان

Social contagion — العدوى الاجتماعية — کارلێکردنی کۆمەڵایەتی تەشەنە -

بەهۆی کارلێکردنی کۆمەڵایەتیەوە، هاندەرەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگوازرێتەوە، دیارە ئەو دیاردەیەش ئەنجامێکە بۆ جووت بوونی یان گونجانی وەڵامدانەوە ئاشکراکان دێنەدی. تەشەنەی کۆمەڵایەتی لە مۆدەکان و لەحالەتەکانی تۆقاندن و شادی و ...دەردکەوێت.

Social continuation — الامتداد الاجتماعي — درێژەپێدانی کۆمەڵایەتی بەردەوام بوون -

درێژەپێدانی کارراییەکان و ڕێکخستن بەرێگای بڵاوبوونەوە یان فراوان بوون بۆ چەند ناوچەیەك یاخود بۆ ناوچەند گروپێك کەپێشتر کولتورێکی دیاریکراو یاخود ڕێکخستنێکی دەست نیشانکراوی تێدا بڵاوبۆتەوە.

Social contract — العقد الاجتماعي — پەیمانی کۆمەڵایەتی

تیۆرییەکی فەلسەفیە، مەبەست لێی، ڕاڤەکردنی بیرۆکەی سەرچاوەی دامەزراندنی دەوڵەتە.

ناوەرۆکەکەشی ئەوەیە، دەوڵەت لەئەنجامی گرێبەستێك پێکدێت لەنێوان گەل و شا دا (واتە فەرمانڕەوا)، ئەویش بەپێی چەند مەرجێکی دیاریکراو، هەر سەرپێچی و لادانێك لەلایەن شا بۆ ئەو مەرجانە دەبنە هۆی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە، واتە بنچینەی دروست بوونی دەوڵەت ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتیەیە کە بۆ چوونی وایە خەڵکی بۆ ئەوەی

لەبارەی ئاژاوە دووركەونەوە هەروەها بۆ ئەوەی ئەو كۆمەڵگایە پێك بهێنن كە تێیدا دەژین.

**Social control** الضبط الاجتماعي كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی

چاودێری كۆمەڵایەتی بریتیە لەوپرۆسانە، یان ئەو ڕێكارییە مەبەستدراو نا مەبەستدارانەی كۆمەڵگایەك یاخود بەشێكی كۆمەڵگە كاریان پێدەكات بۆ چاودێری كردنی ڕەفتاری تاكەكانی و دڵنیابوون لەوەی كەهەڵس و كەوتیان بەپێی پێورو بەهاكانە، یانیش بەپێی ئەو سیستمانەیە كە بۆیان داڕێژراوە.

كۆنترۆڵی كۆمەڵا یەتی لە كۆمەڵگەی تازەدا، بەڕای گشتی و بەحكومەت دەسپێردرێت، ئەویش لەڕێگای یاساوە، بەڵام لە كۆمەڵگە نەریتگەرییەكان، شێوازە كۆمەڵایەتیەكانی وەك داب و نەریتە میللییەكان ڕۆڵێكی گەورە لە چاودێری كۆمەڵایەتی دەگێڕن.

**Social credit** الائتمان الاجتماعي بروایپێدانی كۆمەڵایەتی

پلانێكی ئابورییە، پشت بە تیورییەكانی كلیفور دوگلاس دەبەستێت، ناوەرۆكەكەی ئەوەیە كە خراپی و دەسكورتی باری ئابوری، بۆ خراپی لەدابەش بووندا دەگەڕێتەوە، دیارە ئەویش ئەنجامە بۆ بێ توانایی لەهێزی (توانای) كڕینی وەك پێویست.
ناوبراو پێش نیازدەكات بۆ دووبارە دابەش بوونەوەی هێزی كڕین بەهۆی دەركردنی چەند پشكێك بۆ هەر هاولاتیەك.

**Social Darwinism** الدارونية الاجتماعية داروینزمی كۆمەڵایەتی

هەوڵدانێكە بۆ پراكتیك كردنی تیۆرییەكانی پەرەسەندنی گیانداران لەرا ڤەكردنی دیاردە كۆمەڵایەتییەكان.
بەپێی تیۆرییەكەی داروین، لەژیانی كۆمەڵایەتیدا یاساكانی ركابەری و ململانێ و بژاردنی سروشتی بریاردەدات و دەبێتە هۆی مانەوەی باشترو دووخستنەوەی لاواز.
لەگەڵ سادەیی ئەو تیۆرییە وەك نموونەیەكی راڤەكردن بۆ كارلێكردنی كۆمەڵایەتی، بەڵام راڤەكردنەكە لەگەڵ بۆ چوونی تیۆرییە تازەكانی كۆمەڵناسیدا یەك ناگرێتەوە

**Social decrement** نقص انتاج الجماعة كەمبوونەوەی بەرهەمی كۆمەڵ

مەبەست لەزاروەكە كەمبوونەوەیە لە تێكڕای بەرهەمی كۆمەڵە كرێكارێك كەبەیەكەوە كار دەكەن، ئەویش لە كاتی بەراوردكردنی بەبەرهەمی تاكەكانی كۆمەڵ، كاتێ هەریەكەیان بەتەنیا كاردەكەن، لەبەرامبەریشیدا زۆر بوونی بەرهەمی كۆمەڵ دیت (Social increment)

**Super valent** تەماشا بكە: زۆربوون یان كەمبوونی بەرهەمی باشی كۆمەڵ

**Social defence** الدفاع الاجتماعي بەرگریكردنی كۆمەڵایەتی

بزووتنەوەیەكی كۆمەڵایەتیە، تێدەكۆشی دژی تاوان، تێكۆشان دژی ئەو دیاردەیە وەك ئەركێكی بنچینەیی بەسەر كۆمەڵگا تەماشا دەكرێت، لەگەڵ گرینگی پەنابردن بۆ چەندین هۆكاری جیاواز بەمەبەستی كەمكردنەوەی لەروودانی ئەو دیاردەیە، ئەگەر پێش روودانی تاوانەكە بێت یاخود لەپاش بوودانی.
ئامانجی ئەو هۆكارانەش تەنها پاراستنی كۆمەڵگە نیە لەدژی تاوانباران، بەڵكو ئەو سنوورە تێپەر دەكات بەرەو پاراستنی ئەندامانی كۆمەڵگە لەمەترسی روودانی تاوان

**Social degeneracy** الانحطاط الاجتماعي دارِمانی كۆمەڵایەتی

بارێکە بەسەر کۆمەڵگا دادێت، لە تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی ئەو بارە، دەرچوونە لە پێوەرە ڕەوشتیەکان یان پێوەرە هزرییەکان، بێ ئەوەی بەچەند پێوەرێکی دیکە قەرەبوو بکرێتەوە کە پشت بەبەها کۆمەڵایەتیە ئاساییەکان ببەستێت، ئەو دیاردەیە دەبێتە هۆی پەکەوتەیی ئەندامانی کۆمەڵگە لەوەی کە هاوکاری یەکتر بکەن هەروەها دارمانیان بەرەو دۆخێکی خراپتر.

**پێ سپاردنی کۆمەڵایەتی** **التفويض الاجتماعي** **Social delegation**

پێ سپاردنی کۆمەڵایەتی بەرێگای کارکردن بەسیستمی بەشداریکردن لەبەرێوەبردنی کاردادێتەدی، بەپێی ئەو شێوازە لە کارکردندا سەرۆکی دامەزراوە، کارمەندوو فەرمانبەرانی بەشدار دەکات لەباسکردنی کێشەکانی کارکردن ئەویش بەرێگای دەسەڵات پێدانی کۆمەڵایەتی.

دەکرێ ئەو شێوەکارپێ سپاردنە کەلەبواری پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکانەوە دێتەدی، بەراوردبکرێت بە دەسەڵات پێدانی فەرمی (formal delegation) لەبواری کاری رێکخراوەییدا.

ئەگەر دەسەڵات پێدانی فەرمی ببێتە هۆی بەهێزکردنی دەسەڵاتی سەرۆك لەبواری کاری رێکخستندا، ئەوا راسپاردنی کۆمەڵایەتیش، دەسەڵاتەکە لاواز ناکات.

**دیموکراسی کۆمەڵایەتی** **الديمقراطية الاجتماعية** **Social democracy**

بزوتنەوەیەکی سیاسییە، ئامانجی گواستنەوەی پلەبەپلەو ئاشتیانەیە لەسیستمی سەرمایەدارییەوە بۆ سیستی سۆسیالستی بەرێگای هۆکارە دیموکراسییەکان.

**گەندەڵی کۆمەڵایەتی خراپ بوون -** **الفساد الاجتماعي** **Social deterioration**

پرۆسەی دارمان و لێژبوونەوە لەدۆخێکی پێشووتر، کە بەدۆخێکی پێوەری دادەنرا، وەك باری خۆشگوزەرانی تاکەکان، یان پلەو ئاستی یەکگرتوویی و هاوکارییان یاخود چاودێرییان بۆ یاساکان.

**گەشەکردنی کۆمەڵایەتی** **١- النمو الاجتماعي** **Social develoment**

واتە، پرۆسەکانی گۆرانی کۆمەڵایەتی کەبەشوێن بونیادی کۆمەڵایەتی دەکەوێت، بەرێگای پەرەسەندنی سروشتی و گۆڕنکاری پلە بەپلە.

**گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی** **٢- التنمية الاجتماعية**

ئەو هەوڵ و ڕەنجانەن کە دەدرێن بۆ روودانی زنجیرە گۆرانکارییەکی فەرمانی و پەیکەری، ئەوانەی پێویستن لەپێناو گەشەپێدانی کۆمەڵگە، دیارە ئەو کارەش بەزۆربوون و پەرەسەندنی توانای تاکەکان دێتەدی لەمیانەی بەکارهێنانی ئەو هێز و توانایانەی لەبەردەستن تا ئەو پەری توانا ئەویش بەمەبەستی بەدیهێنانی گەورەترین رادەی ئازادی و خۆشگوزەرانی بەشێوەیەکی خێراتر لەتێکرای گەشەکردنی سروشتی.

**دیاریکردنی ئەنجامی توێژینەوە** **التشخيص الاجتماعي** **Social diagnosis**

دیاریکردنی ئەنجامی لێکۆڵینەوە یان دەست نیشانەکردنی کۆمەڵایەتی لەهونەری خزمەتکردنی تاك، بریتیە لەتێگەیشتنی جۆری کێشەی کەسی ئاشناکار تاکی خاوەن کێشە ئەویش لەبەر رۆشنایی هۆکارە کەسێتی و ژینگەییەکان، کە رۆڵی گرینگیان گێراوە لەدروست بوونی کێشەکە، هەروەها بەستنەوەیان بەئامانجەکانی کەسی ئاشناکار لەگەڵ ڕەچاوکردنی هۆکارو ئامرازەکانی ئەو کەسەو پسپۆر و دامەزراوەکە لەچارەسەرکرنی ئەو حاڵەتە ئاڵۆزییە، بەدەربرینێکی دیکە دەست

نیشانکرنی کۆمەڵایـەتی، بریتیـە لـە دۆزینـەوەی پەیوەندیـەکی هـۆۆ کارمەنـدی هۆکـاری لـەنێوان بـاری راهـاتووی کەسـی ئاشناکار لەهەردوو بواری ناخۆیی و دەرەکی، هەروەها لەنێوان دیاردەکانی خراپ گونجان و نێـوان پشت بەسـتن بـەو حاڵەتـە لەچارەسەرکردن.

**Social differentiation** التباين الاجتماعي جیاوازی لێك نەچوون کۆمەڵایەتی

جیـاوازی نێـوان پێگـە کۆمەڵایەتیـەکانی تاکـەکان، بەتایبـەتی لـەڕووی بـەها کۆمەڵایەتیەکانیـەوە لەتاکێکـەوە بـۆ تـاکێکی دیکـە، لەدوایشدا خەسڵەتە مادی و ئەدەبیەکان، جیاواز دەبن لەنێوان تاکێکەوە بۆ تاکێکی دیکە، بۆ ئەوانی لەو پێگانە جێگیربوونە.

**Social direction** الاتجاه الاجتماعي ئاراستەی کۆمەڵایەتی

**Orentatio, Social** تەماشابکە: ئاراستەی شارەزایی کۆمەڵایەتی

**Social discipline** ضبط السلوك الاجتماعي دیسپلینی کۆمەڵایەتی

زەبت و رەبتی کۆمەڵایەتی

ئاراستە و چاودێریکردنی ڕەفتاری تاك لەلایەن خێزان یان کۆمەڵ یاخود نەتەوە.

**Social discrimination** التفرقة الاجتماعية جیاوازی جیاوازیکردنی کۆمەڵایەتی

جیـاوازی مامەڵـەکردن لەگـەڵ گروپـە یەکسـانەکان لەپێگەوپایـەدا، ئەگـەر بەتـەواوکردن و بەخشـینی تایبەتمەنـدی و دەسکەوتەکانی بێت، یان بەسەپاندنی کۆت و مەرجەکانی بێت.

پیادەکردنی ئەو زاراوەیە تەنها گروپەکان ناگرێتەوە،بەڵکو پەل دەهاوێت بۆ ناوچەکانیشی،جیاوازیکردن، جیاوازە لەجیاکاری (differentiation) واتە، گواستنەوە لەحالەتی هاوچەشنی و یەکسانی بۆ حالەتی جۆراو جۆرییەوە، هەروەها جیاوازیش دەبێـت لەبڵنـدی و شـکۆیی یـاخود پەسـندێتی (distinction) واتـە سـەرکەوتنی تـاك بەسـەر ئـەوانی دیکـە بەشـێوەیەکی پەسندکراو.

**Social disequilibrium** اختلال التوازن الاجتماعي تێکچوونی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی

بارێکـە لەهەڵوەشـاندنەوەی نـاکۆکی، تێیـدا رکابـەری و دژایـەتی لـەنێوان گروپـەکان بـاو دەبێـت، ئاکامەکانیشـی خـراپ دابەشبوونی دەسەڵاتە، دیارە ئەو بارەش ڕەنگدانەوەی بەسەر بونیـادی کۆمەڵایـەتی بەگشـتی یـاخود لەسـەر چـەند بەشـێکی دەبێت.

**Social disintegration** عدم التكامل الاجتماعي کامل نەبوونی کۆمەڵایەتی –

- هەڵوەشاندنەوە -

لەیەك ترازانی بونیادی کۆمەڵ بەهۆی لەدەستدانی پێوەرە هاوبەشەکان و سەرکردایەتی و دۆخی یەکپارچەیی، بـەکارهێنانی زاراوەکە ئێستا زۆر کەمە، لەبەر ئەوەی بەهایەکی نەرێنی دەگرێتە خۆی. تیۆرییە تازەکان جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکـەن کـە لێکترازانی گروپ ڕەنگە بەشێك بێت لەپرۆسەی تەواوکاری لەگروپێکی گەورەتر یان لەکۆمەڵگەدا.

**Social disorganization** التفكك الاجتماعي هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵایەتی

بێ توانایی سیستمی کۆمەڵایەتی، یان شکست هێنانی ئەو سیستمە لەدیاریکردنی پێگەی تاکەکان و ڕۆڵەپەیوەستدارەکانیان بەشێوەیەك ببێتە هۆی گەیشتنیان بەئامانجەکانیان بەشێوەیەکی پەسەندکراو.
هەروەها مەبەست لەزاراوەکە کەموکورتی یان تێکچوون لەرێك و پێکردن و سازانی نێوان ئەو یەکانە کە کۆمەڵگەیان لێ پێکهاتووە، بەجۆرێك حالەتە کەببێتە هۆی رێگری لەنێوان کۆمەڵگە و نێوان بەدیهێنانی فەرمانەکانی، بۆ دابینکردنی درێژەپێدانی مانەوەی.

| | | |
|---|---|---|
| دووریی کۆمەڵایەتی<br>ڕەهەندی کۆمەڵایەتی | التباعد الاجتماعي | **Social distance** |

هەست کردنێکە بەلێکدوورکەوتنەوەی نێوان تاکەکان یان گروپەکان، چەندی لێدوورکەوتنەوە کۆمەڵایەتیەکەی نێوان دوو گروپی جیاواز لەپێگەو لەکلتوردا زۆربوو، ئەوەندە هاوسۆزی و تێگەیشتن و هۆگری و کارلێکردنی نێوانیان کەم دەبێتەوە.
ڕەنگە ئەو دوورییە کۆمەڵایەتیە چەند رێسایەکی ڕەسمی (formal) دانی پێدانابێت، هەروەك لەسیستەمی تائیفەکاندا هەیە. لێدوورکەوتنەوە لەم حالەتەدا بەدۆخێکی پەسەندکراوی یاسایی دادەنرێت.
دەکرێ دوورییە کۆمەڵایەتیەکە ئاسۆیی (horizontal) بێت، واتە لەنێوان چەند کەسانێك یاخود چەند گروپێك بێت کەهەمان پایەو پێگەی کۆمەڵایەتیان هەیە.
هەروەها دەکرێ ستوونیش بێت (vertical) واتە لەنێوان چەند کەسانێك یاخود چەند گروپێك بێت کەپایەو پێگەی کۆمەڵایەیتان یەکسان نەبێت.

| | | |
|---|---|---|
| دینامیکیە<br>کۆمەڵایەتیەکان | الدینامیات الاجتماعیة | **Social dynamics** |
| تەماشابکە: دینامیکیەتی گروپەکان | | **Group dynamics** |

| | | |
|---|---|---|
| ئیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی | الایکولوجیا الاجتماعیة | **Social ecology** |

بەڕەچاوکردنی ئەوەی، کەئیکۆلۆجیای مرۆڤایەتی یەك لە لقەکانی کۆمەڵناسیە، نەك یەك لەبابەتەکانی جوگرافیای مرۆیی، کۆمەڵناسان بەزۆری زاراوەی ئیکۆلۆجیای مرۆیی (human ecology) بەکاردەهێنن.

| | | |
|---|---|---|
| ئابوری کۆمەڵایەتی | الاقتصاد الاجتماعي | **Social economics** |

لقێکە لەئابوری پراکتێکی، لێکۆڵینەوە لەو هۆیەکۆمەڵایەتیانە دەکات کە بەهۆی رەفتاری ئابورییەوە، دروست بوونە هەروەها لەو ئەنجامە کۆمەڵایەتیانەی کە بەهۆ٧ ی ئەو رەفتارە پەیدابوونە، ئابوری کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوە لەو هۆکارانە دەکات کەرۆڵیان دەبێت لەکەمکردنەوەی بارگرانی و چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی و چاککردنی باری کرێکاران، بەمە ئابوری کۆمەڵایەتی پەیوەستە پەیوەستیەکی توونە بەدادوەری و بنەما رەوشتیەکان.

| | | |
|---|---|---|
| پەروەردەی کۆمەڵایەتی | التربیة الاجتماعیة | **Social education** |

پەروەردە یارمەتیەکە بۆ ئامادەکردنی تاکەکان، بۆ ئەوەی لە توانایاندا بێت بە شدارییەکی کارایان هەبێت لە چالاکیەکانی کۆمەڵگە.

| | | |
|---|---|---|
| خستنە لاوە<br>لە ناوبردنی کۆمەڵایەتی | العزل الاجتماعي | **Social elimination** |

ئـەو هـەنگاوە کۆمـەڵایەتیانـەی کـە کاریـان پێـدەکرێت وەك هۆکارێـك بـۆ هەڵبـژاردن، ئامـانجیش لێیـان، لـە نـاوبردنی یـان دوورخستنەوەی ئەو تاکانەیە کە تووشی کەم و کورتی یاخود نەگونجان بوونە لە بە شداریکردنێکی چالاکانەی کۆمەڵایەتی.

وزەی کۆمەڵایەتی - تین - | الطاقة الاجتماعية | **Energy, social**

بوونی توانا لەسەر بەخشین و پێدانی ڕەنج و هێزی هاوبەش بەمەبەستی ڕوودانی کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان، ئـەو شـێوە چالاکیە کۆمەڵایەتیەش پەیوەستە بە پێداویستیەکان یان ویستە جۆرا و جۆرەکان.
بەڵام بە شێوەیەکی گشتی چەند پێداویستیەکی بایولوجی برسێتی، غەریزەی سیکسی و چەند پێداویستیەکی کۆمەڵایـەتی ویست بۆ پەسەندکردن و لەیەك تێگەیشتن، هەستان بەچەند کار و تاقیکردنەوەیەکی تازە دەگرێتە خۆی.
لایەنگرانی ڕێبازە (energism) دیاردە جیاوازەکان ڕاڤە دەکەن بە هۆی گۆڕانکارییەکانی وزەوە.

ئەندازەی کۆمەڵایەتی | الهندسة الاجتماعية | **Social engineering**

مەبەست لە زاراوەکە پراکتیك کردنی یاسا و بنەما کۆمەڵاتیەکانە دەربارەی کێشە دروست بووەکانی ناو کۆمەڵگە. چەمکەکە جیاوازی هەیە لـە چـەمکی چاکسازی کۆمەڵایـەتی بـەوەی بایـەخ بـە بوونیـادی کۆمەڵایـەتی دەدات نـەك بـە کـەم و کورتیـە فەرمانیـەکان، هـەروەها گرینگی بـە خولقانـدنی چـەندین شـێواز و نمونـەی کۆمەڵایـەتی نـوێ دەدات، نـەك تـەنها پرۆسـەی تەبابوونی ڕەفتاری مرۆڤایەتی، یاخود گونجانی لە کۆمەڵگە بە پێی پێوەرە باوەکانی ناو کۆمەڵگە.

بوون، یان بوونەوەری کۆمەڵایەتی | الذاتية، أو الكينونة الاجتماعية | **Social entity**

زۆرتـرین جـۆرو دەسـتە کۆمەڵایەتیـە هەمەلایەنـەکان، ئەوانـە، بـریتین لـەو چـینەی کەهـەموو بوونـەوەرو گروپـە تێگەیشتووەکان بۆ کاروباری خۆی، دەگرێتەوە.
هەروەها لەکاتی پێش بینی کردن بەرەفتاری یان چاودێریکردنی ئەوا پێویست دەکات جێگای بایەخ پێدان و گرینگی بێت.

ژینگەی کۆمەڵایەتی | البيئة الاجتماعية | **Social environment**

کۆمەڵگە بەو هەندەی بوارێکە بۆ چالاکی تاکەکان و کۆی ئـەو سیسـتم و شـێوەو شـێوازو پرۆسـە کۆمەڵایەتیانەیـە، کـە ئـەو تاکانـە پێکـدەهێنێ، وەك پیشەونشـتەجێ بـوون، بـاری ئـابوری و تەندروسـتی و فێربـوون، کـە هـەموویان پەیوەسـتن لەگـەڵ یەکتر.

هاوسەنگی کۆمەڵایەتی (هاوتایی) | التوازن الاجتماعي | **Social equilibrium**

مەبەسـت لەبۆچـوونەکە بـوونی جۆرێـك لەهاوسـەنگی لـەنێوان کۆمەڵـە دیاردەیـەکی پەیوەسـت لەگـەڵ یـەکتر ڕەنگـە ئـەو هاوسەنگیە ئاشکرابێت یـان شـاراوە، ڕەنگـە واتەماشـابکرێت کەڕاسـتیەکی بابەتیـە، یـاخود تـەنها بـۆ شـیکاری بێـت، هـەروەها دەکرێ وەستاوو بێ جوڵە (ستاتیك) بێت، یاخود بزوێنەرکاری (دینامیکی) بێت.
سیستمی کۆمەڵایەتی لەکاتی شپرزەیی و تێکچوونیدا، ئارەزووی گەڕانەوە بۆ حاڵەتی پێشوی خۆی دەکات.
واتە گێڕانەوەی هاوسەنگیەکەی.

گەشکەی کۆمەڵایەتی (ئەوپەڕی خۆشی) | النشوة الاجتماعية | **Social euphoria**

- رادكليف براون لەلێكۆڵینەوەكەی بۆ یاسای سەرەتایی، ئەو زاراوەی بەكار هێناوە مەبەستیش لێی، بارێك لەسەقامگیری كۆمەڵایەتیە كەبەدوای سزادانی تاوانبار دێت.
لەبەرامبەر ئەو حاڵەتە، دیاردەی بێ ئارامی (dysphoria) دێت كە بەهۆی ئەنجامدانی تاوانێكەوە پەیدا دەبێت، لەلایەن تاكێكەوە كە دژ دەبێت لەگەڵ هەستە رەوشتیەكان.

## Social evolution — التطور الاجتماعي — پەرەسەندنی كۆمەڵایەتی

گەشەكردنی كەلتور و شێوەكانی پەیوەندییە كۆمەڵاتییەكان و كارتێكردنی كۆمەڵایەتی.
پرۆسەكانی پەرەسەندنی كۆمەڵایەتی هەمان شێوەی ئەو پرۆسانەیە كە پەرەسەندنی بایۆلۆجی پێدا تێپەر دەبێت، ئەوانی بریتین لە جۆرا و جۆری و تێكۆشان لە پێناو مانەوە و بژاردەی سروشتی و گونجان. ئەگەر چی بە تەواویش لەگەڵ ئەو پرۆسانە وەك یەك نین.

## Social exchange — سجل تبادل المعلومات — مەڵبەندی زانیارییەكانی ئاڵوگۆری كۆمەڵایەتی

یەك لە دامەزراوەكانی رێك و پێك كردنی كۆمەڵگەیە، زانیارییە تایبەتیەكانی تێیدا كۆ دەكرێتەوە، دەربارەی هەموو ئەو حاڵەتانەی كە یارمەتی وەردەگرن لەلایەن هەر ئەنجومەنێك كەسەر بە حكومەت بێت یان دامەزراوەی ئەهلی.
هەروەها خزمەت گوزارییەكانی دیكەی تێدا تۆمار دەكرێت كە ئەو ئەنجومەنانە پێشكەشی دەكەن دەربارەی ئەو حاڵەتانەی كە یارمەتیان دەدات، ئەو كارەش دەبێتە هۆی فەراهەم بوونی ئەو زانیاری و ئامارانەی كە وێنەیەكی ئاشكرای دیاردەكانمان بۆ رووندەكەنەوە، بۆ ئەو خزمەت گوزارییانەی پێشكەشی خێزانە هەژارەكان دەكرێت لە شاردا.

## Social facilitation — التسهيل الاجتماعي — كار ئاسانی كۆمەڵایەتی - ئاسانكردن -

مەبەست لە ئاسانكاری كۆمەڵایەتی، زۆركردنی چالاكی تاكە یان زۆركردنی بەرهەمەكەیەتی، كاتێ لە ناو كۆمەڵە كەسانێك كار دەكات، ئەویش زیاتر لەوەی ئەگەر بەتەنها كار بكات لە كارێكی هاوشێوە.
دیارە حاڵەتەكەش بەهۆی ئەو كاریگەرییەی كە بەسەریەوە كۆ دەبێتەوە كاتێ لەگەڵ ئەوانی دیكە كار دەكات، ئەو بارەش بە رۆڵی خۆی هێزی ورژاندن بەسەر هەر تاكێك زۆرتر دەكات.

## Social fact — الواقعة — راستی كۆمەڵایەتی واقعیەتی

بریتیە لە رێبازێك یان نمونەیەك بۆ رەفتارێكی كۆمەڵایەتی، ئەویش كارێ لە كارە كۆمەڵاتیەكان، یاخود (ئەو نمونەیە)، نموونەی بیركردنەو و كاركردنە لە ناو گروپێك لە گروپەكان.

## Social fermentation — الاضطراب الاجتماعي — پشێوی كۆمەڵایەتی - هاتنە جۆش -

كردارێكە بە هۆیەوە كۆمەڵگە یان گروپ دەگاتە حاڵەتێك لە بێ ئارامی و نارەزایی، ئەوندەی پەیوەندی بە بارودۆخی ئێستای هەبێت، هەروەها بۆ گەیشتن بە حالەتی گۆرانكاری.
هەروەك باویشە بەتەنگەوە هاتن و سەركردایەتیكردنی ئەو پرۆسەیە، گروپێكی دیاریكراو پێی هەڵدەستێ كە گرینگی بەو گۆرانكارییەك دەدات كە ویستی لەسەر بێت.

**Social field** الجال الاجتماعي مەیدانی کۆمەڵایەتی

زاراوەکە هەندێ جار بەکار دەهێنرێت وەك هاوتایەك بۆ دەوروبەرە کۆمەڵایەتیەکە، بەڵام (kurt lewin) و پەیرەوکارانی، مانایەکی تایبەتی فراوانتریان بە خشیوەتە زاراوەکە. بە پێی ئەو مانایەش، زاراوەکە تەنها ئەوانە ناگرێتەوە کە لەو بوارەو لە هەمان کاتدا بوونیان هەیە، بەڵکو ئەوانەش دەگرێتەوە کە وەك هێمایەك هەبوونە، نموونەی: باوکان و ماموستایان و کەسانی دیکەش، هەر چەند بزرن و ئامادەنین بەڵام جۆرێك کاریگەرییان هەیە، ئەوەش کاتێ مرۆڤ دەکەوێتە بیرکردنەوە لەوەی کە کەس و کاری و ماموستاکانی چاوەڕێی دەکەن لێی.

**Social force** القوة الاجتماعية هێزی کۆمەڵایەتی

- تین -

زاراوەکە لە کۆندا بە کارهێنراوە وەك ئاماژەیەك بۆ هەر شتێك کە کارتێکردنی لەسەر رەفتاری کۆمەڵایەتی هەبێت، یان بەرهەمی ئەو کارتێکردنە کۆمەڵایەتیە بێت، بەلام لەم رۆژگارەدا زاراوەکە بەکارهێنانی کەمبۆتەوە.

**Social foundation** المؤسسة الاجتماعية دامەزراوەی کۆمەڵایەتی

هەموو دامەزراوەیەك کە بە تەرخانکردنی برە پارەیەك دامەزرابێت بۆ ماوەیەکی نادیار، ئەویش بەمەبەستی کارێك کە مۆرکێکی مۆرڤایەتی یان ئاینی یاخود هونەری و یانیش وەرزشی هەڵگرتبێت، یاخود بۆ هەر کارێك لە کاروبارەکانی خێر خوازی و چاودێری کۆمەڵایەتی، یانیش بۆ بەرژەوەندی و خێر و چاکەی گشتی، بێ ئەوەی مەبەستی هەر سودێکی مادی بێت.

**Social function** الوظيفة الاجتماعية ئەرکی کۆمەڵایەتی

کاری کۆمەڵایەتی

زنجیرەیەك کارگوزارییە، گروپێکی رێك و پێك لە تاکەکانی کۆمەڵگەیەك پێی هەڵدەستن بۆ بەرژەوەندی و چاکەی ئەندامانی ئەو کۆماڵگایە.

ئەو جۆرە کار گوزاریانە روو لە پسپۆری دەکەن چەندی کۆمەڵگە دۆخەکەی رووی لە ئاڵۆز بوون کرد، لە گرینگترین ئەو کارگوزاریانەش، چاودێری تەندروستی و فێربوون.

**Social genesis** النشوء الاجتماعية سەرهەڵدانی کۆمەڵایەتی

التكوين الاجتماعية پەیدابوونی کۆمەڵایەتی

ئەو گەشەکرن و گۆرانکاریانەی روودەدەن لە پەیوەندیەکان و لە سیستمە کۆمەلاتیەکان، یان لە بەهاکاندا.

تەماشابکە: کۆمەڵگەی سەرەتایی **Primitive society**

**Social geography** الجغرافيةالاجتماعية جوگرافیایکۆمەڵایەتی

تەماشابکە: **Geography, social**

**Social goals** الاهداف الاجتماعية ئامانجە کۆمەڵایەتیەکان

بریتیە لە ویست و ئارەزووەکان یان ئەو ئامانجەی کە هەوڵی گەیشتنیان بۆ دەدرێت بە چەند رێکارییەکی جیاواز و

هۆکارێکی جۆرا و جۆر، ئەویش بۆ گەیشتن بە روودانی چەند گۆرانکارییەکی مەبەستدار.

گروپی کۆمەلأیەتی — الجماعة الاجتماعية — **Social group**

تەماشابکە: گروپ، کۆمەل — **Group**

خزمەتگوزاری کۆمەلأیەتی گروپ — خدمة الجماعة — **Social group work**

تەماشابکە: کاری گروپ — **group work**

گەشەکردنی کۆمەلأیەتی — النمو الاجتماعي — **group growth**

گەشەکردنی خەسلەتەکانی تاك، بەو شێوەی لەگەڵ سیستمە کۆمەلأیەتیە سەلمێنراوەکان رێکدەکەوێت.

بۆ ماوەیی کۆمەلأیەتی — الوراثة الاجتماعية — **group heredity**

گواستنەوەی شێوازە کەسێتیەکان و نەریتە کولتوریەکان لە کەسان و باوکانی پێشینە بۆ مندالەکانیان، هەروەها لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی دیکە، ئەویش بە هۆی پێگەیاندنی کۆمەلأیەتیەوە.
پرۆسەکە زەرورەتە بۆ مانەوەی جۆری مرۆڤایەتی، چونکە جێگیر بوون و جۆراو جۆریەتی، یان گونجانی رەفتار بەشێوەیەکی بنچینەی دیاری دەکرێت، بەهۆی شێوازە کۆمەلأیەتی و کولتوریەکانی باب و باپیرانی تاکەوە، هەروەها بەهۆی شارەزاییەکانی تاك لە کۆمەلگە یاخودلەو کۆمەڵەی تێیدا دەژێت.

کە لە پوری کۆمەلأیەتی - پاشماوە - — الميراث الاجتماعي — **Social heritage**

کۆی یاساو داب و نەریت و سیستمە جیاوەزەکان، ئەوانی بنچینەپێکدەهێنن بۆ شارستانیەتی کۆمەڵ هەوڵ و رەنجی نەوەکانی پێشوش دەگرێتەوە. ئەوانی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە لەگەل هەندێ دەسکاری و راستکردنەوە.

مێژووی کۆمەلأیەتی — التاريخ الاجتماعي — **Social history**

لێکۆڵینەوە لە پەرەسەندنی پەیوەندییە کۆمەلأیەتییەکان و گەشەکردنی سیستمە کۆمەلأتیەکان، هەروەها لێکۆڵینەوە لە چەمك و بەها کۆمەلأتیەکان مێژووی کۆمەلأیەتی بە پەشیمان بوونەوەیەك دادەنرێت لەو ئاراستەیەی کە لێکۆلینەوەی مێژوویی تەنها لە سەر بوارە سیاسییەکە کورت ببۆوە، بە تایبەتیش ئەوندەی پەیوەندی بە مێژووی حکومەتەکان و حکومرانیەوە هەبووە.
گەشەکردنی کۆمەلگەی پیشەسازی و دەرکەوتنی شێوەی نوێی لە بونیادی کۆمەلأیەتی یارمەتیدەر بوونە بۆ گرینگیدانی زیاتر بە مێژووی کۆمەلأیەتیوە.

مێژووی خزمەتگوزاری کۆمەلأیەتی تاك — التاريخ الاجتماعي في خدمة الفرد — **Social history in case work**

مێژووی کۆمەلأیەتی بۆ - کەسی کار ئاشنا - لە هونەری خزمەتکردنی تاك، بریتیە لە راپۆرتێکی هەمەلایەنە دەربارەی

چەندین ڕووداوی جیاواز، کە کەسەکە پێیدا تێپەر بووە، ئەویش دوای کۆکردنەوەیان بەپێی سیستمێکی دیاریکراو.
ڕاپۆرتەکە بەهایەکی دەبێت بۆ ئاسانکردنی بەڕێوەبردنی پرۆسەکانی چارەسەر کردن کە دوای لێکۆڵینەوەکەدێت.

**تەندروستیکۆمەڵایەتی** — الصحة الاجتماعية — **social hygiene**

زاراوەکە بەمانا فراوانەکەی، مەبەستی هەر کێشەیەکە لەکێشەکانی ڕەفتاری سیکسی، کە هەر جۆرە پەیوەندییەکی بەتەندروستی گشتیەوە هەبێت و تا ئەو ئاستەی تەندروستی کۆمەڵگەش بگرێتە خۆی.
بەڵام بەزۆری زاراوەکە بەکار دەهێنرێت بەمانایەکی تەسکتر، ئەویش وەك ئاماژەیەك بۆ چاودێریکردنی ئەو نەخۆشیە زاووزێیانەی بڵاودەبنەوە.

**نانەرم و نیانیکۆمەڵایەتی** — عدم المرونة الاجتماعية — **Social immobility**

بارێکە تێیدا، توندی و بێ جووڵەیی کۆمەڵایەتی ڕێگری دەکات لەڕوودانی هەر گۆرانکارییەك لە پێگەو پایە کۆمەڵایەتیەکانی ناوکۆمەڵگە، وەك کارکردن لەپیشەکان و بەشداریکردنی لەرێکخراوەکان، کە پشتاو پشت هاتوونەتە خوار، دەوترێت: بێ جووڵەیی کرێکاری(labour immobility) واتە نەبوونی ویستی کرێکاران لە گۆرینی شوێنی کاکردنیان.

**پێویستیە کۆمەڵایەتیەکان** — الضروريات الاجتماعية — **social imperatives**

مەبەست داواکارییە بنچینەییەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیە، کەئامادەکاری دەکات بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی بەهۆی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانەوە دروست بوونە، پێویستە هەموو شێوەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ئەو داواکاریانە فەراهەم بکەن، ئەگەر مەبەست مانەوەی ڕێکخستنەکەیە.

**زۆربوونی بەرهەمی کۆمەڵ ـ هەڵکشان ـ** — زيادة انتاج الجماعة — **social inerement**

تەماشابکە: کەم بوونەوەی بەرهەمی کۆمەڵ. — **social decrement**

**نایەکسانیکۆمەڵایەتی** — عدم المساواة الاجتماعية — **social inequality**

ئەو جیاوازیانەی لەبارودۆخی کۆمەڵایەتیدا هەیە، ئەوانە لەبنچینەدا دروست بوونە بەهۆی: سەرچاوەی خێزانی، ئەریتی کۆمەڵایەتی، سامانداری، دەست ڕۆیی سیاسی، فێربوون و نەخوێندەواری و ڕەفتارەکانەوە، ئەوەش لەکۆمەڵگەیەکی هاوچەشن و یەك ڕەگ.

**نەجووڵانی کۆمەڵایەتی**
**وشکە باوەری کۆمەڵایەتی** — الجمود الاجتماعي — **social inertia**

بەرهەڵستی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی و بەردەوامبوونی شێوازەکانی کاری نەریتی و نا کردەیی و زیان بەخشین، کە لەگەڵ پێداویستیە ڕاستیەکان ناگونجێن.
درێژە پێدانی ئەو شێوازانەش بۆ سیستی و وەستانی چالاکی کۆمەڵایەتی دەگەرێتەوە، کە بەهۆی کەم بوونەوەی هێز و توانای کۆمەڵایەتیپێویست بۆ ڕوودانی گۆرانکاری کارا.

**سەرمایەی کۆمەڵایەتی** — رأس المال الاجتماعي — **social Infra - structure**

تەمشابکە: ژێرخان — **Infra - structure**

ناجێگری کۆمەڵایەتی | عدم الاستقرار السياسي | Social instabiliy

- بێ ئاسوودەی -

بارێك لە ناهاوسەنگی لەنێوان یەکە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، وەك لەدەستانی تەبابی یان رێککەوتنی نێوان ئەویەکانە. ئەوکارەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی گرژی و ململانێ و پەنابردن بۆ تێکۆشان لە پێناو بەدەستهێنانی پێگە و دەسەڵات.

سیستەمەکۆمەڵایەتیەکان | النظم الاجتماعية | social institutions

تەماشابکە: رێساو یاساکان | institutions

بیمەکاری کۆمەڵایەتی | التأمين الاجتماعي | Social insurance

- دڵنیابوون -

سیستمێکە، ئامانجی ئاگاداری و وریا بوونەیە لە ئەنجامی ئەو مەترسییە کۆمەڵایەتیانەی کرێکاران تووش دەبن، کاتێ بەتەنها خۆیان ناتوانن بەرەو رووی ئەو مەترسیانە ببنەوە، دیارە ئەوەش بە هۆی بێ توانایانە لە رووی داراییەوە.

ئەو مەترسیانە لەسەر دوو جۆرن:

ئەو مەترسیانەی پەیوەستن بە کارەوە، وەك تووشبوونەکانی کارو نەخۆشیەکانی پیشە و مەترسیە گشتیە هاوبەشەکانی نێوان کرێکاران هەروەها چەند مەترسیەکی دیکەی وەك: نەخۆشی، پیری، پەککەوتن و مردن.

لێرەدا چەندین جۆری جیاوازی دڵنیابوون بیمە هەیە:

بیمەی پەککەوتن | Invalidity insurance

بیمەی مردن | Death insurance

بیمەی دایکایەتی | Maternity insurance

بیمەی پیری | Old age insurance

بیمەی خانەنشین | Pension insurance

بیمەی نەخۆشی | Sickness insurance

بیمەی میرات | Survivors insurance

بیمەی دژی بێکاری | Unemployment insurance

دەوڵەتان لە پیادەکردنی جۆرەکانی بیمەی کۆمەڵایەتی، بە چەند پلەیەکدا دەست پێدەکەن، سەرەتا لە بەشێکەوە دەست پێدەکەن، پاشان درێژە دەکێشێت تا هەموو جۆرەکانی دیکەی دڵنیابوون دەگرێتەوە.

ژیری کۆمەڵایەتی | الذكاء الاجتماعي | Socil intelligence

توانای مامەڵەکردنی تاك لەگەڵ هەڵوێستە نوێیەکان کە چەندین پەیوەندی ئاڵوگۆر لەگەڵ ئەندامانی دیکەی کۆمەڵ دەگرێتە خۆی.

تەواوکاریکۆمەڵایەتی | التكامل الاجتماعي | Social integreation

پرۆسەی رێکخستنی نێوان چین و گروپە جیاوازەکان لە رووی رەچەڵەکەوە هەروەها شێوازەکانی دیکەی کۆمەڵگە لە یەکگرتنێکی تەواوکاریدا.

کارلێکی کۆمەڵایەتی | التفاعل الاجتماعي | Social interaction

رەفتارێکە، دەبێتە هۆی پەیوەندی لە نێوان تاکێك و تاکێکی دیکە، یان لەنێوان کۆمەڵە کەسانێك، دروستیش دەبێت بە هۆی

چەند هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی جیاوازەوە.
واتە، کارێکی کۆمەڵایەتی لە فراوانترین ماناکانیدا، بریتیە لە کاریگەری کەسێك بەکاروبار و بیرورای ئەوانی دیکە، هەروەها کارتێکردنیشی لەوان.
ئەوەش بەومانایە دێت کە لێرەدا کارتێکردن یان کارلێکردن هەیە، هەروەها کارو هەلچوونیش هەیە لە هەر هەڵوێستێکی مرۆڤایەتی.

**Social issues** — المسائل أو القضايا الاجتماعية — مەسەلە، یان پرسەکۆمەڵایەتیەکان

بریتیە لە چەند هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی کە بەرەو رووی کۆمەڵگە یان چەند دامەزراوەیەکی یاخودچەند گروپێکی دەبێتەوە،
ئەو دیاردانە پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی زۆرتر دەبێت بۆ دیاریکردن و راڤەکردنیان، لەگەڵ پێش نیاز کردنی چەند چارەسەرییەکی کردەیی لەبار بۆیان، کە رێککەوتنی لایەنی مەبەستدار لەسەریان ئاسان دەکات.
بەو جۆرە دەکرێ پرس یاخود کێشە کومەڵایەتیەکان بگۆڕێن بۆ پێداویستی کۆمەڵایەتی کە گرینگی خۆیان دەبێت لەگەڵ پێویستی بە دۆزینەوەی چارەسەرییە گونجاوەکان بۆیان، ئەویش بۆ رێگرتن لەوەی کە ببنە چەند کێشەیەکی کۆمەڵایەتی.

**Social justice** — العدالة الاجتماعية — دادپەروەریکۆمەڵایەتی

هاوکاری نێوان تاکەکان لەکۆمەڵگەیەکی یەکگرتوودا، تێیدا هەموو ئەندامێکی دەرفەتێکی یەکسان و راستی بە دەست دەکەوێت بۆ ئەوەی گەشە بکات و فێر بێت تائەو پەری بوار کە تواناکانی دەرفەتیان پێ دەدات.

**Social katabolism** — الهدم الاجتماعي — کاتابۆلیزم- توانەوەیکۆمەڵایەتی

واتە روخساری تێکدەری پرۆسەی ئاوێتە بوونی کۆمەڵایەتی، هەروەها لەناو چوونی سروشتی بۆ ئەو بەشانەی کە بونیادە کۆمەڵایەتیەکەی لێ پێکهاتووە و گۆڕینەوەشیان بە شێوەیەکی سروشتی بە کرداری دروست کردنی کۆمەڵایەتی.

**social ana bolism** — تەماشابکە: پێکهێنانی کۆمەڵایەتی

**Social metabolism** — زیندە گۆڕانی کۆمەڵایەتی

**Social lag** — التخلف الاجتماعي — دواکەوتوویی- کەلێنی - کۆمەڵایەتی

**Lag. Cultural** — تەماشابکە: دواکەوتنی رۆشنبیری

**Social legislation** — التشريع الاجتماعي — یاسا دانانیکۆمەڵایەتی

ئەو یاسا و بڕیارانەی دەسەڵاتییاسادانان دەریان دەکات بەو ئامانجەی کەمافە کۆمەڵایەتیەکانی تاکەکان بچەسپێت لە بوارەکانی فێربوون و تەندرووستی و کارکردن.
هەروەها کار بۆ بەدیهێنانی یەکسانی لە نێوان خەڵکی بۆ ئەوەی چێژ و خۆشی لەو مافانە وەربگرن لەگەڵ کەمکردنەوەی ئەو جیاوازیانەی کە هەیە لە نێوان چینە جیاوازەکان.

**social life** — الحياة الاجتماعية — ژیانی کۆمەڵایەتی

مەبەست ئەو ژیانە کۆمەڵایەتی و ئابورییەی گەلە، بەپێی بیرو بۆ چوونی رۆشنبیری و مێژوویيەوە.

چەمکی ژیانی کۆمەڵایەتی چەمکێکی سنوور فراوانە.
هەروەك graham ـ پێناسەی کردووە، ئەو ژیانە چەند لایەن و بابەتێکی دوور و درێژ دەگرێتەوە کە مێژوو نووس پەسندی ناکات بەو هەندەی بواری گرینگ نین و شایانی سەرنجدان نین، کە ئەویش ژیانی ناوخۆی کۆمەڵگەی خۆجێیە.
هەر لەو لایەنانەی پەیوەندییان بە ژیانی ناوخۆ هەیە، داب و نەریت و بیر و باوەرە کۆنە بەسەر چووەکانە، ئەوانی لەرۆژ کارێکدا پربوون لەژیانی گەرم و خۆر.

نەگونجانی کۆمەڵایەتی — سوء التوافق الاجتماعي — **Social malad justment**
ـ رانەهاتن ـ
بێ توانایی لە ڕوو بەروو بوونەوەی داواکاریەکانی ژینگەی کۆمەڵایەتی، هەروەها پەککەوتن لە هەڵس و کەوت کردن بەپێی پێوەرە تایبەتیەکان بەبەهاکانی کۆمەڵگە.
دیارە لەهۆیەکانی ئەو نەگونجانە کۆمەڵایەتیەش، کەمی کارامەییە کۆمەڵایەتیەکان و پێگەی نزمی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ داواکارییە کۆمەڵایەتیە نەریتیەکان و نەگەنجانی لەگەڵ هەست و سۆزەوە.
تەماشابکە: نەگونجان ـ نەسازان — **malad justment**

مرۆڤی کۆمەڵایەتی — الانسان الاجتماعي — **socialmam**
کەسێك، لە ئینتیما و تێکەڵ بوون دەگەرێت لەناوگروپە جیاوازەکان، لەگەڵ جیاوازی جۆرەکانیان، لەوانە: خێزان، دراوسێ، یانە، سەندیکا و حزبی سیاسی، ئەو گروپانە تارادەیەکی دوور، رەفتار و رەوشتی تاك پێکدەهێنن.

پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی — النضُج الاجتماعي — **Social maturity**
ـ کامل بوون ـ
پلەیەکە، بەشێوەیەکی ئاشکرا تێیدا ئاراستەکانی تاك و پێگەیاندنی و جێگیر بوونی هەست و سۆزی رەنگدەداتەوە.
هەروەها زاراوەکە ئاماژە بۆ ئەو جۆرە گونجاندنە دەکات کە کەسی پێگەیشتوو لەژینگە کەیدا پێی جیاواز دەکرێتەوە.

پزیشکەوانیکۆمەڵایەتی — الطب الاجتماعي — **Social medicine**
زانستێکە بایەخ دەدات بەلێکۆڵینەوە لە هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان و ئەو داب و نەریت و بیر و باوەڕانەی دەبنە هۆی نەخۆشیەکان.
هەروەها بایەخ بەو نەخۆشییە کۆمەڵایەتیانەش دەدات کەلەبەر چەند هۆیەکی سروشتی کۆمەڵایەتی سەر هەڵدەدەن، وەك خوگرتن بەمادە هۆشبەرەکان و خواردنەوە کهولیەکان.
ئەم زانستە بایەخ دەدات بەچەندین نەخۆشی، لەوانەی تاك تووشی دەبێت ئەگەر لەکەش و هەوایەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بژێت، وەك نەخۆشیەکانی پێست.

زیندە گۆرانی کۆمەڵایەتی — الایض الاجتماعي — **Social metaboilsm**
واتە، پرۆسەکانی بونیادنان و پووکانەوە، یان هاوسەنگی لەنێوان ئەوکەرەستە سەرەتاییانەی دێنە ناو ئەو وزەیەی بەکار دەهێنرێت، بەمانای توانای بەرهەمهێنانی لەئابوری کۆمەڵایەتیدا.
پێکهێنانی کۆمەڵایەتی ـ خانە زینوبوونەوە ـ — **cf. social anabolism**
رووخینە کرداری کۆمەڵایەتی. — **social kata bolism**

ئەقڵی کۆمەڵایەتی — العقل الاجتماعي — **social mind**
مەبەست لێی، یەکە ئەقڵییەکەی گروپە، کە خۆی دەنوێنێ لە هەست و سۆز و بیرو باوەر و هەر جۆرە بیرکردنەوە و وێنا

کردنێکی کۆمەڵایەتی.
بەدەربرینێکی دیکە، ئەو کولتورە کۆمەڵایەتیەی لە ناو گروپدا بلاوە.

هۆشیاری کۆمەڵایەتی
Social mindedness الوعي الاجتماعي
- بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی-
ئاراستەو هەڵوێستی تاکەکان بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی بە مەبەستی چارە سەرکردنی کێشە کۆمەڵاتیەکان، یان چاککردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی.
هەروەها بە هۆی هۆشیاری و بیرکردنەوە، ئەو کاروبارانە و هۆیە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی یەکلا دەکرێنەوە، لەگەڵ باوەرهێنان بە جێبە جێکردنیان یاخود چارەسەرکردنیان.

بزاوتی کۆمەڵایەتی
Social mobility التحرك الاجتماعي
مەبەست، جوڵەی تاك و گروپەکان لە پێگەیەکی کۆمەڵایەتیەوە بۆ پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دیکە. لێرەدا دوو جۆر جوڵە هەیە: جوڵەی ستونی (virtical) کەبەرەو سەرەوە یان خوارەوە دەبێت، وەك جێگۆرینی کەسێك لە چینی خوارەوە بەرەو چینی ناوەراست.
جوڵەی ئاسۆی (horizontal) ئەم جۆرەش بە جێگۆرینی کەسەکەوە دەبێت لە پێگەیەکەوە بۆ پێگەیەکی دیکە لە ناو هەمان چین، وەك جێگۆرینی کەسێك لە کاری کشتوکاڵی بۆ کاری بازرگانی.
هەربەهۆی جولەی ستونی کە تاك پێی هەڵدەستێت، گۆران لە پێگەو رۆڵ یاخود رۆڵەکان روودەدات.

مۆرفۆلوجیای کۆمەڵایەتی
Social morphology المورفولوجيا الاجتماعية تركيب المجتمع
شێوە و پێکهاتنی کۆمەڵگە
مۆرفۆلوجیای کۆمەڵایەتی لای موس (mouss) لێکۆڵینەوەیەکە لە کۆمەڵگە لە رووی روخساری مادیە دەرەکیەکەی، واتە لە رووی دانیشتیوانەوە:
پێکهاتەیان، دابەش بوونیان، کولتوریان، جولەی هاتووچۆیان و کۆچکردنە دەرەکی و ناوخۆیان لە کونەوە بۆ شارەکان، هەروەها شوێنی ولاتەکەیان، تەسکی یان فراوانی رووبەرەکەی، نزیکی یاخود دووری لە دەریا، رێگاکانی هاتووچۆ کە بەلایەنی دیکەیان دەبەستێتەوە. دەبێ رەچاوی ئەوەش بکرێت کە نیشتیمان و سنوورەکەی و سروشتەکەی و رەگەزەکانی و شوێنەکەی لە هۆکارە گرینگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتین. ئەمە و جیاوازی پێکهاتەی ژینگەی کۆمەڵگاکان بە هۆی جیاوازی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان، وا لە دیمەن و روالەتەکانی کۆمەل دەکەن کە جیاوازیان تێیدا رووبدات لە پێکهاتە و پێکهێنان و بونیادنانی کۆمەڵگاکان.

بزافی کۆمەڵایەتی
Social movement الحركة الاجتماعية
رەوتێکی گشتیە، پاڵ بە چینێك لە چینەکان، یان بە توێژێکی کۆمەڵایەتیوە دەنێت بۆ رێکخستنی خۆی، ئەویش بە ئامانجی هەستانی بە کارێکی یەکگرتوو.
ئەو کارە رەنگە هەوڵی راستکردنەوەی سیستمە کۆمەڵاتیەکە بێت، یاخود مانەوەی و یانیش گۆرینی و یان لە ناوبردنی بێت.
هەروەها زاراوەکە ئاماژەیە بۆ ئەو گروپەی کە بەکاری بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکە هەڵدەستێت. ئەمە و پلەی رێکخستنی ئەو بزووتنەوەیە و بەردەوامی و روونی ئامانجەکانی، جیاواز دەبێت لە بزوتنەوەیەکەوە بۆ بزوتنەوەیەکی دیکە.

گۆرانی کۆمەڵایەتی
Social mutation التحول الاجتماعي
- وەرچەرخانی کتوپر -

بریتیە لە گۆرانێکی کتوپر یان دووبارە پێکهێنانەوەی شێوازی بونیادی کۆمەڵایەتی. دیاردەکە روودەدات وەك روخسارێك بۆ قەیرانەکانی پەرەسەندن، بەمەبەستی چارەسەرکردنی ململانێیە مەترسیدارەکان، یاخود خێراکردن لە دەرکەوتنی چەندین ململانێ یانیش قەیرانەکانی دیکە.
ئەگەر بە هۆی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵایەتی بارودۆخێك هاتە ئاراوە، پێویستی بە دووبارە رێکخستنەوەی فاکتەرە کۆنەکانی کرد، ئەوا بونیادە نوێیەکە کە لە ناکاو سەری هەڵداوە، بە گۆرانێکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت.

**Social needs** الحاجات الاجتماعية پێداویستیە کۆمەڵایەتیەکان

چەند هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی بە دوای یەکدایە، رووبەرووی مرۆڤ یان کۆمەڵ دەبێتەوە، ئەو هەڵوێستانە پێویستیان بە چارەسەری گونجا و دەبێت.

**Social nominalism** الاسمية الجماعية ناو خوازی کۆمەڵایەتی

بیروڕایەکە، ئینکاری راستی کۆمەڵەکان دەکات، وەك رەگەزی سەربەخۆ، بۆ چوونی ئەو وایە کە ئامانجی زانستە کۆمەڵایەتیەکان لە چوارچێوەی تاکەکاندا کۆدەبێتەوە، بە جۆرێکی تایبەتیش لە رەفتەرەکانیان. هەروەها ئەو رێبازە وا دەبینێ کە چەمکە سوسیولوجیەکان بریتین لە چەند ناو لێنانێکی زارەکی رووت بۆ چەند گروپێك لە تاکەکان یاخود بۆ چەند رەگەزێك کە رەفتاریان هاوبەش بێت.

**Social norms** المعايير الاجتماعية پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان
فۆرمە کۆمەڵایەتیەکان

**Norm, social** تەماشابکە:

**Social nucleus** النواة الاجتماعية ناوکی کۆمەڵایەتی
- ناوکە -

یەکەی ناوەندییە لە کۆمەڵگە، کە ناوکەی بیرو باوەرە نوێیەکان و سیستمە کۆمەڵایەتیە تازەکان دەگرێتە خۆی.
هەروەها دەوترێت، خێزان ناوکی کۆمەڵگەیە.

**Social objct** الموضوع الاجتماعي بابەتی کۆمەڵایەتی
الغرض الاجتماعي ئامانجی کۆمەڵایەتی

هەر شتێك یان بیرۆکەیەك یاخود رووداوێك یانیش دۆخێك، کە کۆمەڵ مانایەکی جیاکاری تایبەتی پێ بدات. کەواتە هەموو ئەزموونەکان، سستمێك لە چەند بابەتێکی کۆمەڵایەتی دەیانگرێتە خۆی و لەناخۆیدا بوونەوەرە مرۆییەکان کار لەیەك دەکەن و یەکە خودیەکانیش دەبنە ئەندامی، پێوەرەکانی کۆمەڵیش شێوازی ئەو هەڵس و کەوتە دیاری دەکەن کە لە دوایشدا ئامانجی بابەتەکان دەست نیشان دەکات.

**Social order** الانتظام الاجتماعي رێك و پێکی کۆمەڵایەتی
نەزمی کۆمەڵایەتی

کۆی سیستمە کۆمەلایەتیە ئالۆزەکان و ئەو پەیوەندییانەی لە نێوانیاندا هاتوتە کایەوە، ئەوانی گونجان و رێك و پێکی لە ناویاندا باو دەبێت، هەروەها ناکۆکی و ململانێ لە نێوان پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان دوور دەبێت.
دەگرێ ئەو بارە بەتەندروستی تاکەکان بەراورد بکەین.

**Social organization** التنظيم الاجتماعي رێکخراوی رێکخستن - کۆمەڵایەتی

شێوازێکی جێگیرە تا رادەیەك لەپەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان و چالاکیە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەیەك یان گروپێك،

شێوازەکە لەسەر ڕێکخستنی چەند ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی و پێوەر و چەمکە هاوبەشەکان پێکدێت، کە ئامانجی ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و جێبەجێکردنی ئەو مەبەست و ئامانجانەیە کە کۆمەڵگە هەوڵیان بۆ دەدات.زۆرینەی زاناکان زاراوەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و بونیادی کۆمەڵایەتی بە ئاڵوگۆرکردنی بەکاردەهێنن، بەڵام زاناکانی ئەنثروپۆلۆجیای کۆمەڵایەتی لە بەریتانیا، وادەبینن کە لێرەدا جیاوازی هەیە لە نێوانیان.

+رادکلیف براون پێناسەی بونیادی کۆمەڵایەتی دەکات بەوەی جۆرێکە لە ڕیزبەندی تاکەکان لە چەند پەیوەندییەکی دامەزراوەیی (institutionalised)،لە کاتێکدا پێناسەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دەکات بەوەی ڕیزبەندی چالاکیە کۆلامەیەتیەکانە.

دامەزراوەی کۆمەڵایەتی الکیانالاجتماعی **Social Organism**

قەوارەی کۆمەڵایەتی

سیستمێکی کۆمەڵایەتیە، یان کۆمەڵگەیەکە هاوشێوەی سیستمی ئەندامیەتی

تەماشابکە:تیۆری پێکهاتنی ئەندامی کۆمەڵگە **Organicism.**

قاڵب گرتووی کۆمەڵایەتی التحجر الاجتماعي **Social ossification**

چەق بەستووی کۆمەڵایەتی

وشك بوون و چەق بەستوویی داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان، هەروەها شێوازەکانی دیکەی ڕەفتار، بە جۆرێك کە بەرهەلستی گۆرانکاری بکات.هەرچەندە ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیانە بەکەڵکی ئەوەش نەماون کە ڕووبەرووی پێداویستیە کۆمەڵایەتیەکان ببنەوە کە لە پێناویاندا پەیدابوونە.

مشەخۆریکۆمەڵایەتی التطفلالاجتماعي **Socialparasitism**

جۆریکە لەو نیشانە مرۆڤایەتیانەی کە تاکێك یان گروپێك پێی جیاواز دەکرێتەوە.

دیاردەکە باویشە لەجیهانی رووەك و گیانداران، لەم بارەوە، تاکێك یان گروپێك لەسەر ئەرکی کەسێك یاخود گروپێکی دیکە دەژێت، بێ ئەوەی بەرامبەر بەو یارمەتیە بەشدارییەك بکات بۆ بەرژەوەندی گروپەکە. ئەوانی دیاردەکە دەیانگرێتەوە، ئەوانەن کە هەڵدەستن بە رووتکردنەوەی کەسانی پارەو ساماندار(racketeers)و دەولەمەندکان بەمیراتی،هەروەها ئەوانەش دەکرێتەوە کە تەمبەل و شەرانین.

بەڵام ئەو توێژە خەلکە ناگرێتەوە کە مافی ئەوەیان هەیە پشت بەکەسانی دیکە ببەستن بۆ ژیانیان بە پێی شەرع.

نەخۆشیکۆمەڵایەتی الباثولوجياالاجتماعية **Socialpathology**

لێکۆڵینەوە لە بارەی هەڵوەشاندنەوەو نەگونجانی کۆمەڵایەتی، هەروەها زانینی هۆیەکانی دیاردەی وەك هەژاری و بێکاری و نەخۆشی و تاوان و جیابوونەوەی خێزان و داوێن پیسی و لەشفروشی.

ڕەنگە مەبەست لە زاراوەکە، لێکۆڵینەوە بیت لەجیاوازییەکانی نێوان چینە کۆمەڵایەتیەکان و رادەی کاریگەرییان بە نەخۆشی و مردنەوە.

تەماشابکە: هەڵوشاندنەوەی کۆمەڵایەتی (social disorganization)

شێوازی کۆمەڵایەتی النمطالاجتماعي **Social pattern**

نموونەی ڕەفتارێك کە دووبارە دەبێتەوە، وەك ژەمی خواردن رۆژی سێ جار، یان بە جێگەیاندنی ئەرکی نوێژی بەیانیان .

**Social phenomena** الظواهرالاجتماعية دیاردە كۆمەڵایەتیەكان

چەند نموونەیەكی وەك، كارو بیركردنەوە و هەست كردن، لە گۆمەلگەیەكدا باو دەبێت و تاكەكانیش خۆیان ناچار دەبینن لەسەر پیادەكردنی لە كاروكردەوە و بیر كردنەوەیان .

**Social philosophy** الفلسفةالاجتماعية فەلسەفەی كۆمەڵایەتی

واتە، ڕاڤە كردن و هەڵسەنگاندنی دیاردە كۆمەڵایەتیەكان بەپێی بیروراى ڕەوشت ناسی و بەها سەلمێنراوەكان، هەروەها توێژینەوەكە بە جۆرێكی تایبەت لەو چەمكانە دەكۆڵێتەوە كە پەیوەستن بە كۆمەڵناسی و بە لێكۆڵینەوە پێكهێنانەكان (synthesis)بۆ ئەو مەعریفە زانستیەی كە زانستە كۆمەڵایەتیەكان پێی دەگەن.

**Social planing** التخطيطالاجتماعي پلاندانانی كۆمەڵایەتی

**Planing ,social** تەماشا بكە:

**Social policy** السياسة الاجتماعية سیاسەتی كۆمەڵایەتی

ئەنجامەكانی بیركردنەوەی ڕێك و پێك كە پلان و بەرنامە كۆمەڵایەتیەكان ئاراستە دەكات، ئەمەو سیاسەتی كۆمەڵایەتی لە ئایدیولوجیای كۆمەڵگەوە هەڵدەقوڵێت بۆ ئەوەی گوزارشت لە ئامانجە دوورەكانی بكات و بوارەكانی بەرنامەو پلانە كۆمەڵایەتیەكان روونبكاتەوە، هەروەها ئاراستە گشتیەكانی بۆ ڕێكخستنی و بۆ ئەرك بە جێگەیاندن دەست نیشان بكات، سیاسەتی كۆمەڵایەتی كاریگەری دەبێت بەسەر پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكانی تاكەكان و سەر بەپەیوەندییان بەو كۆمەلگایەی تێیدا دەژین.

**Social position** الوضعالاجتماعي پێگەی كۆمەڵایەتی
ڕەوشی كۆمەڵایەتی

پێگەی تاك پەیوەست دەبێت بەرۆڵی لە ناو گروپدا، هەر ئەو پێگەش شوێنگەی ڕێكخستنی رۆڵەكانە، یان كۆی پێش بینی رۆڵەكانە، هەروەها ئەو پێگەیە ڕەگەزی ئۆتونومی و ڕێكخراوەییە (element of organizational outonomy)واتە دەست نیشانكردنی پێگەی تاك لە ناو كۆمەڵدا (location in social space)،هەروەها لە پۆلی ئەندامیەتی ڕێكخستن (category of organizational member ship)بەلام رۆڵ (role) روخسارێكە بۆ فیزیولوجیای ڕێكخستن، رۆڵ فەرمان و كردار دەگرێتە خۆی، لە كاتێكدا ڕاستە بڵێین كە كەس پێگەیەكی كۆمەڵایەتی بەكاردەهێنێ، بەلام ڕاست نیە بڵێین كە كەس رۆڵێكی كۆمەڵایەتی بەكاردەهێنێت.

**Social power** السلطةالاجتماعية دەسەڵاتی كۆمەڵایەتی
هێزی كۆمەڵایەتی

هەر وزەیەك یان هێزێك لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكان و لە خەسڵەتی فەرمانەكانی بونیادی كۆمەڵایەتی وەربگیرێت. ئەو دەسەڵاتەش لەسەر شێوەی چەند گروپێكی فشار و سوپا و حاڵەتی دەستڕۆیی و پێگەی و دامەزراوەكانی لێپرسینەوەی كۆمەڵایەتی دەر دەكەوێت، سەركردەكان دەتوانن دەسەڵاتی كۆمەڵایەتی و چاودێرییان بەهۆی پروپاگەندەو دامەزراوەی سیاسی و ئابوری و ئاینیەوە دەربخەن.

**Social Pressure** الضغط الاجتماعي فشاری كۆمەڵایەتی
زۆرلێكردن

ڕەنج و هەوڵدانێكی ئاراستەكراوە بەرەو تاك و گروپەكان، بەمەبەستی ڕاستكردنەوەی ڕەفتاریان و بۆ گەیشتن بە چەند

ئامـانجێکی دیـاریکراو . فشاری کۆمەڵایـەتی بـەهۆی رای گشـتیەوە، بـەزۆری ئاراسـتەی حکومـەت و دامـەزراوەکانی یاسـادانان دەکرێت بۆ گەیشتن بەکارێك کە پەیوەست بێت بەچەند کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو.

گرفتە کۆمەڵایەتیەکان المشكلاتالاجتماعية **Social problems**

کێشە کۆمەڵایەتیەکان، ئەو حاڵەتەیە کە نێوان ئاستە ویستراوەکان و دۆخە واقعیـەکان لێـك دووردەخەنـەوە . کێشـەکان بـەو مانایە دێن کە پشێوی و پەك خستنی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان دەنـوێنێ، بـە ڕێگایـەك کـە ویسـتی لەسـەر بێت، هـەروەك ئەوانی کۆمەڵگە سەرپەرشتی دەکەن، دیارییان کردووە.
کیشە کۆمەڵایەتیەکان پەیوەست دەبن بەو پرسانەی کە خەسڵەت و ئاکاری بە کۆمەڵ هەڵدەگرن و ژمارەیـەك لـە تاکـەکانی کۆمەڵگەش دەگرێتەوە، بە جۆرێك ڕێگریش دەبێـت لـەوەی کـە ئـەو تاکانـە بەرۆڵە کۆمەڵایەتیـەکانیان هەسـتن بـەپێی ئـەو چوار چێوە گشتیەی لەسەری ڕێککەوتوون و لەکەڵ ئاستی راهاتووی کۆمەلگە، یەك دەگرێتەوە.
بەزۆری کێشە کۆمەڵایەتیەکان کاریگەرییان دەبێت و وەك کوسپ دەبـن بـۆ یـەك لـە سیسـتمە کۆمەڵایەتیـە بنچینەییەکان، هەروەك لە حالەتی : بێکاری و سەرگەردانی هەرزەکاران و حالەتەکانی دیکە.

پرۆسە کۆمەڵایەتیەکان العملياتالاجتماعية **Social processes**

واتە هەر نموونە و شێوازێکی دووبارە بووەوەی کارلێکی کۆمەڵایەتی دەکری دەست نیشان بکرێ، تاکـەکانیش لـە کۆمەڵگـە بـە چـەندین پەیوەنـدی و پەیوەسـتی ناسـنوردار دەبەسـترێنەوە، کـە بـەهۆی سروشـتی کۆبوونـەوەیان و لەئـەنجامی کـارلێکی ویسـتەکانیان و بەریەککـەوتنی هەنـدێکیان لەگـەڵ هەنـدێکی دیکـە دروسـت دەبـن. ئـەو کارلێکـە و بـەر یـەك کـەوتن و پەیوەندییانە، بریتی دەبن لە چەند پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی، پرۆسـە کۆمەڵایەتیـە بنچینەییەکان، دیاردەکـانی ململانـێ و ڕکابەری و تێکەڵاو بوون و سازدان و گونجان و پسپۆرییەتی و جیاوازی و پلـە بەنـدی کۆمەڵایـەتی دەگرێتـە خـۆی، بەشـێکی زۆری کۆمەلناسان وا دەبینن کە کۆمەڵناسی لێکۆلینەوە لە کـارلێکی کۆمەڵایـەتی دەکات، لەدوایشدا لێکۆلینـەوە لـە پرۆسـەی کۆمەڵایەتی دەکات.

بەرنامەی کۆمەڵایەتی البرنامجالاجتماعي **Social programme**

تەماشا بکە:دانانی بەرنامەکان **programming**

بەرنامەکانی پەرەسەندن **Programmes development**

پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی التقدمالاجتماعي **Social progress**

مەبەست لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی گۆرانی کۆمەڵایەتیە بە ئاراستەی ئەو ئامانجانەی کە بڕیاریان لەسەر دراوە.
گۆران بە تەنها، تا ئەگەر خەسڵەتێکی شۆڕشگێرانەشی وەرگرت، ئەوە ناگەیێنێ کە بەناچاری پێشکەوتن دەگرێتە خۆی .

ئامادەکارییە کۆمەڵایەتیە کان - قایمەکاری - التدابيرالاجتماعية **Social Provisions**

دۆخێکی کۆمەڵایەتی و ئابورییە، لەمیانەیـدا هۆکارەکانی چاککردنی گـوزەرانی تـاك و خێزانـەکان ئامـادە دەکـرێن، ئـەویش بەڕێگەی چەند هۆکارێکی گشتیەوە دەبێت، یاخود بەهۆی کاری هەرەوەزی، وەك پاك و خاوێنی شەقامەکان و خۆپاراستن لـە ئاگر کەوتنەوە و گەیاندنی ئاوی خواردنەوە و دامەزراندنی قوتابخانە و یاریگاکان و .....هتد.
تێچووی ئەو خزمەتگوزارییە گشتیانە لە ڕێگەی باجەوە ئامادە دەکرێت.

دەروونناسی کۆمەڵایەتی علم النفس الاجتماعي **Social psychology**

زانستێکە لێکۆڵینەوە لە خەسڵەتەکانی رەفتاری کۆمەڵایەتی دەکات، واتە لێکۆڵینەوە لە رەفتاری تاك و گروپەکان دەکات، ئەو رەفتارانەی لە میانەی هەڵوێستە جیاوازە کۆمەڵایەتیەکانەوە پێکدێن.

هەروەها زانستەکە، بایەخ دەدات بەو پەیوەندییە ئالا و گورەی لەنێوان تاك و گروپدا هەیە، لەگەڵ لێکۆڵینەوە لەجموجۆڵ و چالاکی گروپ و کاریگەری ئەو گروپ و جموجۆڵ و چالاکیانە لە رەفتاری تاك و گروپدا.

پلەو پایەی کۆمەڵایەتی المرتبةالاجتماعية **Social rank**

پلەو پایەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەندامانی گروپ، پشت بەوە دەبەستێت کە خەڵکی لەسەری راهاتوون و پێ دەڵێن : پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرز، یان پێگەیەکی کۆمەڵایەتی سوك و ریسوا .

سیستمی پلەو پایەکان (ranksystem)، بریتیە لەرێکو پێکردنی پەیوەندییەکانی نێوان پلەو پایە جیاوازەکان، ئەویش لە پلە بەندییەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا دەبێت .

واقیعگەرایی کۆمەڵایەتی
ریالیزمی کۆمەڵایەتی مذهب الواقعالاجتماعي **Social realism**

بیروڕایەکە دەڵێت:گروپەکان وەك دەوڵەت و کۆمەڵگەو کۆمەل و سیستم و پەیوەندییە کان، ئەوانە قەواریەکی خودیان هەیە و تەنها کۆمەڵە تاکێك نین.

راستی کۆمەڵایەتی الحقيقةالاجتماعية **Social reality**

چەمکێکە ئیستا بوونی هەیە، واتا ئەوەی کۆمەڵ دروستی کردووەو هێشتوویەتیە وە، لەگەڵ تێروانینی گشتی دەربارەی بوونی دیاردەیەك کە پێویستی بە سەلماندنی تاکەکانی دیکە هەبێت.

دیارە لە دەستدانی بڕوای تەواو بەو راستییەی کە کۆمەڵ کۆکە لەسەری، ئەوە کارێکە دەبێتە هۆی دابڕان و دوورخستنەوەی تاك لەوەی کە توانای پەیوەندیکردنی بە کۆمەڵەوە هەبێت.

جۆری راستیش هەروەك کولتور گوزارشتی لێدەکات، بەشێکە لە کەلەپوری کۆمەڵایەتی، دیارە ئەویش پێویستە بۆ مانەوەی مرۆڤ،وەك پێویست بوونی رەفتاری خۆرسك لای گیاندار.

ئەگەر چی چەمکە مرۆڤایەتیەکان دەربارەی راستی، زیاتر بەرەو رووی گۆران دەبێتەوە لەو راستیانەی کە لە جیهانی گیانداران هەیە.

چاکسازی کۆمەڵایەتی الاصلاح الاجتماعي **Social reform**

بزافێکی گشتیە، هەوڵدەدات زاڵ بێت بەسەر ئەو دیاردە خراپانە کە بەهۆی کەم و کورتی لە فەرمان و سیستمی کۆمەڵایەتیەوە، یان لە هەر بەشێکیاندا، دروست دەبن .

چاکسازی کۆمەڵایەتی لە رووی چەمك و ئامانجەکانیەوە، دەکەوێتە نێوان خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و ئەندازەی کۆمەڵایەتی.

ئامانجەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە بارێکی ئاسایدا، بریتیە لە: توانەوەی جیاوازی نێوان چینەکان، هەروەها یەکسانی لەهەل و دەرفەت، یەکسانی لە بەردەم یاسادا، دادوەری لە دابشکردنی خەرجیە گشتییەکان، بەشداری کردنی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە لە بەرپرسیاریەتی سیاسی و چێژ و سوود وەرگرتن لە ئازادییە بنچینە ییەکان.

پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان العلاقاتالاجتماعية **Social relations**

ئەو پەیوەندییانەی لە نێوان مرۆڤێك و مرۆڤێکی دیکە بەڕێوە دەچن، بەجۆرێك لە نێوانیاندا کارلێکردن و وەڵامدانەوە دەبێت . ئەو پەیوەندییانە بنچینەی یەکەمن بۆ هەموو پرۆسە کۆمەڵایەتیەکان، دەکرێ هەردوو دیاردەی پەیوەندیکردن و

دابران بەدوو جەمسەری پێوانەی کۆمەڵایەتی دابنرێن، هەر چەندە هەرلایەکیان لە پلەی توندوتیژیدا جیاواز دەبن.

**Social relationship** وضع العلاقةالاجتماعية دۆخی پەیوەندیکۆمەڵایەتی

یەك لە شێوازەکانی رەفتاری کۆمەڵایەتییە، بریتیە لە کارلێکردنی نێوان تاکەکان یان گروپەکان. لەو پەیوەندییەدا دۆخەکانی دوورکەوتنەوەی شوێنی لە نێوانیاندا ئاشکراتر دەردەکەوێت تا حالەتی بەدوایکدا هاتنی زەمانی، هەروەها لە و پەیوەندییانە بێدەنگی ئاشکرا تر لە جووڵە دەردەکەوێت.

ئەمەو دۆخی پەیوەندی کۆمەڵایەتی درێژ خایەن تارادەیەك، ناوی لێدەنرێت پەیوەندی کۆمەڵایەتی(social relation)

**Social reorganisatio** أعادة التنظيمالاجتماعي دووبارە رێکخستنەوە کۆمەڵایەتی

مەبەست کاری هەرەوەزییە، بۆ بەرهەڵستێکردنی ئەوبارودۆخەی کە ویستی لەسەر نیە لە ناو کۆمەڵگە. لەبەرامبەریشیدا هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵایەتی(social disorganis ation)دێت، یان کاردانەوەی ئەو هەڵوەشاندنەوەیە، کاتێ لە تواناندا نابێت بارودۆخە جیاوازەکان رێك بخرێن.

**Social repression** القمع أو الكبحالاجتماعي سەرکوتکردنی کۆمەڵایەتی

دوورخستنەوەی یان رێگرتن لە رەفتاری لادەر، ئەویش بەرێگەی هەوڵ و رەنجدانی بە کۆمەڵ.

**Social research** البحث الاجتماعي تۆژینەوەی کۆمەڵایەتی

بەکارهێنانی شێوازی زانستی لە لێکۆڵینەوە دەربارەی کۆمەڵگە هەروەها هەر دیاردەیەك بەهۆیەوە پەیدا دەبێت لە دیاردەکانی و چی روودەدات لە کێشەکان.

تۆژینەوەی کۆمەڵایەتی سوودی دەبێت بۆ دۆزینەوەی راستیە کۆمەڵایەتیە نەزانراوەکان هەروەها راستکردنەوەی بیر و باوەرە هەڵەکان دەربارەی کۆمەڵگە، لەگەڵ لە دەست نیشانکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان، بەجۆرێك کە لە تواناندا بێت چارەسەرکردنیان و خۆپاراستن لێیان، ئەمەو لەگەڵ بەکارهێنانی ئەنجامەکانی تۆژینەوەکە بۆ نەخشە کێشان و پلانە کۆمەڵایەتیەکان، هەروەها لە دارشتنی یاسا کۆمەڵایەتیەکان.

**Social resources** الموارد الاجتماعية سەرچاوە کۆمەڵایەتیەکان
دەرامەتە کۆمەڵایەتیەکان

مەبەست لە زاراوە کە لە کارگوزاری کۆمەڵایەتیدا، هەموو ئەو کەس و رێکخراوانە ی کەلە تواناياندا دەبێت یارمەتی تاك بدەن لەو بوارانەی پێویستی بە یارمەتیدان دەکات .

**Social responsibility** المسؤلية الاجتماعية بەرپرسياريەتی کۆمەڵایەتی

بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی پشت بەپەیوەستی نێوان ماف و ئەرکەکان دەبەستێت، تێرکردنی پێداویستیەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان، دەبێ ببەسترێنەوە بە رادەی هاوکاری کردنی تاکەکانی کۆمەڵگە و بەشداریکردنیان بۆ بەدیهێنان و تێرکردنی پێداویستیەکانیان و چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەویش بەپشت بەستن بە خۆیان.

بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی ئالا و گۆرە لە نێوان تاکەکان و گروپەکان، هەروەها لە نێوان کۆمەڵگە خۆجێیەکان و کۆمەڵگەی گشتی .

**Social revolution** الثورةالاجتماعية شۆرشی کۆمەڵایەتی

گۆرینی کتوپر لە سیستمی کۆمەڵایەتیدا، بەتایبەتیش لەحاڵەتێکدا کەگۆران لە پێکهاتەی چینایەتی کۆمەڵگە روودەدات. هەروەها مەبەست لەزاراوەکە کاتێ گۆران لە سیستمە سیاسی و ئابوری و هزرییەکان روودەدات.

**مافە کۆمەڵایەتیەکان** الحقوق الاجتماعية **Social rights**

مافە کۆمەڵایەتیەکان، مافی هەموو هاوڵاتیانە لە بواری: فێربوون، چاودێری تەندروستی، کارکردن و بیمەی کۆمەڵایەتی دژی پەککەوتن و پیری و بێکاری، هەروەها بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی هەمە لایەن.

**مەترسییە کۆمەڵایەتیەکان** المخاطرالاجتماعية **Social risks**

ئەو مەترسیانەی تووشی مرۆڤ دەبن لە ئەنجامی روودانی چەند دیاردەیەکی نائاسایی چاوەڕوانکراو. ئەو مەترسیانەش ئەگەر رووبدەن، دیارە دەبنە هۆی زیان گەیاندن لە داهات، وەك برینی ئەو داهاتە یان تەنها کەمبوونەوەی ئەگەر بەشێوەیەکی بەردەوام بێت یاخود کاتی .

بیمە کۆمەڵایەتیەکان شوێنی ئەو مەترسیانە دەگرێتەوە، کاتێ کرێکار لەکاتی کارکردن تووش بێت.

ئەو مەترسیانەی بەرەو رووی کرێکار دەبنەوە، کاریگەرییان بەسەر توانای بەرهەمهێنانی دەبێت، ئەوەندیپەیوەندی بەخۆی هەبێت لەئێستاو لە ئایندەدا، هەروەها ئەوەندەی پەیوەندی بەخێزانەکەشی هەبێت لە ژیانی و لەپاش مردنیش.

**رۆڵی کۆمەڵایەتی** الدور الاجتماعي **Socialrole**

واتە، رەفتاری چاوەڕوانکراوی تاك لە ناو گروپدا، کە رووی دینامیکیەتی پێگەی تاك دەنوێنی . لەکاتێکدا پێگە و پایە ئاماژەن بۆ شوێن و بایەخی تاك لە ناو کۆمەڵدا، ئەوا رۆڵ ئاماژە بۆ نموونەی ئەو رەفتارە دەکات کە پلە و پایەکە پێویستی دەکات. رەفتاری تاك لەبەر رۆشتایی پێش بینیەکانی خۆی و پێش بینیەکانی ئەوانی دیکە سنوردار دەبێت، ئەو کارەش کاریگەری دەبێت بەسەر تێگەیشتنی تاك و ئەوانی دیکە بۆ ئەو ماف و ئەرکانەی پەیوەستدارن بەپێگە کۆمەڵایەتیەکانەوە سنوری رۆڵیش ئەو کارانە دەگرێتەوە کە گروپ قبوڵی دەکات لەبەر رۆشنایی ئاستەکانی رەفتار لەو کولتورەی کە باوە. کارێکی ئاساییە کە تاك زیاتر لەیەك رۆڵی هەبێت لەناو ئەو سیستمە کۆمەڵایەتیەی ئینتیمای بۆی هەیە، باب و کور مامۆستا و بەڕێوەبەر، هەموویان رۆڵی کۆمەڵایەتین، ئەوانی پێی هەڵدەستن پێویست دەکات لەسەریان پابەند بن بە چەند شێوازێکی رەفتاری دیاریکراو کە کۆمەڵگە بۆ یان دەست نیشان دەکات.

**چارەسەری سزایی کۆمەڵایەتی** الجزاء الاجتماعي **Social sanction**

سزادان یان ئەو پاداشتەی کە کۆمەڵ بریاری لەسەر دەدات، تایبەت بە رەفتاری ئەندامانی خۆی . لێرە دا کۆمەڵ بە چاوی پەسەندکردن تەماشای ئەو کەسە دەکات کەملکەچی پێوەرەکان دەبێت، هەروەها بریاردان لەسەر سزادان دەدات لە بەرامبەر کەسانی بەرەڵلاو هەڵگەڕاوە لە پێوەرەکان بۆ ناچارکردنیان بەملکەچی بۆ رێساویاساکانی خۆی.

**رەزامەندی کۆمەڵایەتی** الرضا الاجتماعي **Social satisfation**

رازیبوون، واتە هەست کردن بەخۆشی و دڵنەوایی کە لەگەڵ جێبەجێکردنی هیواو ئامانجەکان پەیدا دەبێت، وەك ئەو رازیبوونەی لەئەنجامی تەواوکردنی کارێك(job satisfaction)سەرهەڵدەدات . رەزامەندی کۆمەڵایەتی، ئاماژەیەکە بۆ توانای سیستمی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەیەکدا، کەزۆرینەی ئەندامانی ناچار بکات چەمکەکانیپەیوەست بە بەهاکانی قبوڵ بکەن و رەزامەندییانیشلەسەری هەبێت.

**زانستە کۆمەڵایەتیەکان** العلوم الاجتماعية **Social sciences**

**تەماشا بکە:** **Sciences social**

**ئەنجومەنی کۆمەڵایەتی** — السكرتارية الاجتماعية / الهيئة الاجتماعية لخدمة أصحاب الاعمال — **Social secretary**

چەند ئەنجومەنێکی گشتیە، بۆ یەکەم جار لە وڵاتی بەلجیکا دروست بوونە وەك نێونەر بۆ خاوەن کاروپرۆژە بچووکەکان، بەمەبەستی ئەنجامدانی کارەکان بەهەموو یاخود بەبەشێکی ئەو ئەرك و کارراییانەی بەسەریاندا سەپێنراوە، ئەویش بەپێی یاسا جیاوازەکان بەتایبەتیش یاساکانی باج و کارو بیمەی کۆمەڵایەتی، دیارە ئەو کارەش لەبەرامبەر چەند باجێکی کەم دەبێت. ئامانج لەهاوکاری کردنی خاوەن کارەکان، راپەراندنی ئەو کارراییانەیە بەباشترین شێوە و بۆ دوورخستنەوەیان لەپەنابردن بۆ دەڵال و جامبازان، کە دەکرێ ببێتە بارگرانی گەورە بەسەریانەوە.

**زامنکردنی کۆمەڵایەتی** — الضمان الاجتماعي — **Social security**

سیستمێکە دەوڵەت دایدەنێت، ئامانج لێی، پاراستنی تاك و خێزانەکانیانە لە کاتی تووشبوونیان بە کارەسات و رووداوی جیاواز لەژیاندا، هەر بەهۆی ئەو سیستمە دەکرێ خۆشگوزەرانی دابین بکرێت بۆ ئەو کەسانە، ئەویش لە ئاستێکی چاك و لەباردابێت.

**هەڵبژاردنی کۆمەڵایەتی** — الانتخاب الاجتماعي — **Social selection**

تەماشا بکە: Social و Selection

**خودی کۆمەڵایەتی** — الذات الاجتماعية — **Social self**

مەبەست، تاك هەر وەك ئەوانی دیکە تەماشای دەکەن لەرووی ئەزموونە کۆمەڵایەتیەکانی یان کەسێتی تاك کە ئەوانی دیکە هەڵسن و کەوتی لەگەڵ دەکەن، ئەو هەڵس و کەوتەش نیشانە و بەڵگەی هاوکارییانە لەگەڵیدا .

**خزمەتگوزەرانی کۆمەڵایەتی** — الخدمة الاجتماعية — **Social service**

تەماشا بکە: خزمەتگوزەرانی کۆمەڵایەتی — Social work

**هەڵوێستی کۆمەڵایەتی** — الموقف الاجتماعي — **Social situation**

کۆی ئەو فاکتەرە کۆمەڵایەتیانەی کاریگەرییان لەسەر رەفتاری تاکەکان یان شارەزاییان دەبێت، لەناو سیستمێکی کارلێکی و لە هەر کاتێکدا . رەفتاری تاك لەهەڵوێستێکەوە بۆ هەڵوێستێکی دیکە جیاواز دەبێت، بۆیە فاکتەرە کۆمەڵایەتیەکانی پەیوەندار بە هەڵوێستەکان گرینگی گەورەیان دەبێت لە تێگەیشتنی رەفتاری تاك و لەو وێنەیەی کەلەسەر خۆی پێکی دەهێنن .

**هاوکاری کۆمەڵایەتی** — التضامن الاجتماعي — **Social solidarity**

تەماشا بکە : هاوکاری — solidarity

**بواری کۆمەڵایەتی**
**شوێن** — المجال الاجتماعي — **Social space**

بەپێی دیدی (kurt lewin) رەفتارکۆ دەسکەوتی ئەو بوارە زیندووەیە کەشان بەشان رەگەزە فیزیکیەکان (ئەو شوێنەی کە کەسەکەی تێدا دەبێت، لەگەڵ کەرەستە و پێداویستیەکانی و رێك و پێکردنی ئەو کەرەستانە) و بواری کۆمەڵایەتی

(social space ) واتە (ژینگە و ئەو کەسانەی کە لەگەڵیاندا مامەڵە دەکرێت، پەیوەندییان بەوانەوە) هەروەها بواری دەروونی بەمانا تایبەتیەکەی (کەسێتی خودی تاك و هەرچی پەیوەندی پێوەی هەیە لە بەها و هیوا و نەریت و ئارەزووەکان) کۆدەکاتەوە.

سەقامگیری کۆمەڵایەتی — الاستقرار الاجتماعي — **Social stability**

بەردەوام بوون و درێژەپێدانی شێواز و کلێشە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان لە ناو گروپدا یان کۆمەڵگە، بێ ئەوەی هەر گۆرانێکی کتوپر یاخود ریشەیی لە هەر لایەنێك لە لایەنەکانی ئەو شێواز و کلێشانە رووبدات. جێگیر بوونی کۆمەڵایەتی بەزەرورت ئەوە ناگەێنی کە کۆمەڵگە بێ دەنگ و بێ جۆڵە یە، کۆمەڵگە بەحاڵەتی جێگیر بوون دادەنرێت ئەگەر گۆرانکاریەکان وردە وردەو بە سستیەکی تەواو روویاندا، ئەویش بۆ ئەوەی دەرفەت بە دیاردە کولتوریەکانی دیکە بدرێت بۆ بونیادنانی کۆمەڵایەتی، بێ ئەوەی هەر کەم و کورتیەك یانیش هەڵوەشانەوەیەکی مەترسیدار رووبدات

ئاستی کۆمەڵایەتی — المستوى الاجتماعي — **Social standard**

کەمترین یان بەرزترین رادە بۆ ئەو پلەیەی کۆمەڵگە چاوەروانی دەکات لە ئەندامانی کە پێی بگەن لە ملکەچیان بۆی، ئەو دیاردەیەش لە رەفتارو داب نەریت و شێوازی ژیانیان رەنگدەداتەوە، دیارە ئەو کارەشیان دەبێتە هۆی مانەوەی بەها کۆمەڵایەتیەکان.

تەماشا بکە : پێوەر - ئەندازە — **standard**

وەستانی کۆمەڵایەتی
- ستاتیك - — السكون الاجتماعي — **Social statics**

بێ جموجۆڵەی کۆمەڵایەتی، هەروەك(auguste comte) پێناسەی دەکات بەواتای لێکۆڵینەوە دێت لە بونیادی کۆمەڵایەتی و لە پەیوەندی نێوان بەشە جیاوازەکانی لەکاتێکی دیاریکراو دا. لێکۆڵینەوە لەستاتیکی کۆمەڵایەتی تەواوکەری لێکۆڵینەوەیە لە دینامیکیەتی کۆمەڵایەتی، لەم رۆژگارەدا ئەو زاراوەیە لە سنورێکی زۆر تەسکدا بەکاردەهێنرێت .

ئامارە کۆمەڵایەتیەکان — الاحصاات الاجتماعية — **Social statistics**

زاراوە کە بەکاردەهێنرێت وەك هێماگەرییەك بۆ پیادەکرنی رێبازەکانی ئامار لەسەر کێشە کۆمەڵایەتیەکان، هەروەها بەکاردەهێنرێت دەرباری ئەو زانیارییە ئاماریانەی کۆ دەکرێنەوە و پەیوەندیشیان بەو کێشانەوە دەبیت .

پێگەی کۆمەڵایەتی — المركز الاجتماعي — **Social status**

تەماشا بکە: — **Status, social**

وروژێنەری کۆمەڵایەتی
هاندانی کۆمەڵایەتی — المثير الاجتماعي الحافز الاجتماعي — **Social stimulus**

ئەو وروژێنەرەی بەدەنگەوە هاتن دروست دەکات لای خەڵکی وەك کۆمەڵ، نەك وەك تاکەکان، نموونەش لەسەری : واتە وات و دەنگوباسەکان .

توێژی کۆمەڵایەتی — القطاع الطبقي – الشريحة الطبقية — **Social Stratum**

تەماشا بکە : توێژێکی کۆمەڵایەتی — **Stratum**

ریز بەندیی کۆمەڵایەتی — التدرج الاجتماعي — **Social stratification**

واتە: ڕێکخستن و ڕیز بەندی خەڵکە لەکۆمەڵگەدا، بۆچەند پلەیەکی یەك بە دوایەکدا . بەدەربرینێکی دیکە، بریتیە لەو پرۆسەیەی کە خەڵکی بەهۆیەوە یەکتری دابەش دەکەنە سەر چەند چین و توێژێك (strata of classes) ئەویش لە ڕووی ئاستی داهات یان ڕۆشنبیری یاخود پێگەو بایەخی خێزانی و دەست ڕۆیی لەناو کۆمەڵدا (واتە جۆرە دابەشبوونێك) دیارە ئەوەش لەناو خەڵکدا دیاردەکانی پەسندی و ڕێز، یان سۆز یاخود ڕسوایی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بە بۆجوونی کارل ماکس توێژ بەندیی چینایەتی بۆ ئەو فۆرمە دەگەڕێتەوە کە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی لەناو کۆمەڵگەدا کاری پێدەکات.

**Social structure** البنيان الاجتماعي بونیادی کۆمەڵایەتی

بریتیە لەو شێوازو نموونە سەلمێنراوانەی ناو هەر سیستمێکی ناوخۆی گروپێك، کە کۆی ئەو پەیوەندییانەی هەیە لەنێوان ئەندامانی گروپەکە، هەندێکیان لەگەڵ هەندێك و لەنێوان ئەوان و خودی گروپەکە دەگرێتەوە. بەدەربرینێکی دیکە بودنیادی کۆمەڵایەتی چوارچێوەی کۆمەڵگەیە، ئەویش وەك پەیوەندییەکی ڕێکخراوی نێوان یەکە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان (ئەو گروپانەی بەهۆی خزمایەتیەوە دروست بوونە، ڕەگەز، تەمەن، بەرژەوەندی هاوبەش، پێگەو پایە) یاخود وەك نموونەیەکی دامەزراو بەپێی ئەو پەیوەندییە. لە کۆمەڵگە شارستانیەکان، حزبی سیاسی و سەندیکای کرێکاران و ئەوانی لەسەر ئەو شێوەیەن، بونیادی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن

**Social supervalent** زيادة أو نقص زۆربوون یان کەم بوونی باشی بەرهەمی کۆمەڵ
جودة أنتاج الجماعة (بەهای بەرهەمی کۆمەڵایەتی)

مەبەست لە دەستەواژەکە، زۆربوونی یان کەمبوونی بەرهەمی باشی کرێکارێك، کاتێ لەگەڵ کۆمەڵێکدا کار دەکات، بە بەراورد کردنی بەرهەمەکەی بەو بەرهەمەی کاتێ بەتەنها کاردەکات. ئەو بۆ چوونە ئاماژەیەکە بەکاردەهێنرێت بۆ تێکرای زۆر بوونی یاخود کەم بوونی بەرهەمی کرێکارەکە لەحاڵەتی کاری پێویست بەتەنها و بەبەراورد کردنی لەگەڵ حاڵەتی کاری بەکۆمەڵ .

**Social decrement** تەماشا بکە: کەمبوونی بەرهەمی بەکۆمەڵ

**Social supervision** الاشراف الاجتماعي سەرپەرشتی کۆمەڵایەتی

ئەوسەرپەرشتی کردنەی منداڵ بەپێی بڕیاری دادگا دەبێت، کارەکەش جۆرێك لە چاودێری، یان تێبینی و سەرنجدانی (supervision) پێویست دەبێت، دیارە بنچینەی بڕیاری دادگاش، دوور گرتنی منداڵەکە دەبێت (ئەوی خراوەتە ژێر چاودێری) کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروست بکات یاخود پێی هەستی . چاودێرییەکە هەڵناگیرێت تا ئەو کاتەی دادگا دڵنیا دەبێت لەوەی کە ڕەفتاری ئەو منداڵە لە لایەن کۆمەڵەوە پەسند کراو دەبێت .

**Social survey** المَسح الاجتماعي ڕووپێوی کۆمەڵایەتی
- وردبینی -

یەك لە ڕێگا سەرەکیەکانە بەکاردەهێنرێت لە توێژینەوە فەرمانیەکان. ڕێگا کە بریتیە لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانە دەربارەی ناوچەیەك یان کێشەیەك لەکێشەکانی کۆمەڵگە، ئەویش بەمەبەستی بەدەست هێنانی ئامار و زانیارییە تەواوەکان کە دەکرێ سوودیان لێوەربگیرێت لە دانان و جێبەجێکردنی چەند پرۆژەیەکی لەبار بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی .

**Social survival** البقاء الاجتماعي مانەوەی کۆمەڵایەتی
- نەمری -

**Survival** تەماشا بکە: مانەوە

**سیمبولی کۆمەڵایەتی** الرمز الاجتماعي **Social symbol**

- هێما -

ئەو هێمایەی تەنها تاك ناگرێتەوە، بەڵکو مانایەکی هاوبەش هەڵدەگرێت، دەکرێ لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵیش بگوازرێتەوە.

تەماشا بکە: سیمبولی، هێما **Symbol**

**سیستمی کۆمەڵایەتی** النسق الاجتماعي **Social system**

سیستمی کۆمەڵایەتی، واتە هەر یەکەیەکی کۆمەڵایەتی هەڵدەسێت بە جێبەجێکردنی فەرمانێك، هەروەها مەبەست لیێ، کۆمەڵە کردار و کارلێکردنێکی دیاریکراوی نێوان ئەو کەسانەی پەیوەندی ئاڵۆ گۆر بەیەکیان دەبەستێتەوە . هەندێ لە کۆمەڵناسان و شارەزایانی ئەنترۆپۆلۆجیا، زاراوەیەکی دیکە بەکاردەهێنن، ئەویش ڕێکخراوی کۆمەڵایەتییە (social organisation)، یان زاراوەی ڕێکخراو (organisation)، وەك ئاماژەیەك بۆ هەمان دیاردە یاخود دیاردە هاوشێوەکان بەگشتی .

**ئامانجخوازی کۆمەڵایەتی** الغائية الاجتماعية **Social teleology**

واتە چاودێرییەکی هۆشیارانە و ئاقلانە بۆ گەشە کردنی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك، ئەویش بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجە کۆمەڵایەتیە داواکراوەکان .

**هزری کۆمەڵایەتی** الفكر الاجتماعي **Social thought**

هزری مرۆڤ دەربارەی پەیوەندی و پابەندییەکانی لەئاست هاورێکانی. دیارە هزری کۆمەڵایەتی پەرەیسەند بەرەو کۆمەڵناسی کاتێ میتۆدەکانی توێژینەوە پێشکەوتن و گەیشتنە دیدێکی بابەتیانە .

**کاتی کۆمەڵایەتی** الزمن الاجتماعي **Social time**

- زەمان -

کات بەو هەندەی گوزارشتلە ریتمی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکات، ئەویش بەپێی چوارچێوە سەرچاوەییە کولتوری و کۆمەڵایەتیەکەی، بەڵام کاتی - زەمەنی - ئەستێرەناسی، ئەوە یەك لەو چەمکانەیەکە پەیوەستە بەزەمانەوە. تاکەکان هەروەك باوە دیاردەی کۆمەڵایەتی قبوڵ دەکەن وەك چوارچێوەیەکی سەرچاوەیی، بۆیە دواتر چەمکی زەمان هەر وەك زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگە قبوڵ دەکەن بەو پێیەی کارێکی سروشتیە، ئەوا بەکاردەهێنرێت وەك پێوەرێك بۆ ڕێکخستنی ڕووەکانی چالاکیان.

ئەمەو، وێنا کردنی زەمانی کۆمەڵایەتی و رەفتاری کۆمەڵ، جیاوازی دەبێت بەپێی ئەو پێوانەیە و بەشێوەی بەکارهێنانیشی بەپێی بیرو باوەر و نەریتە باوەکان لەکۆمەڵدا.

**نەریتی کۆمەڵایەتی** التقاليد الاجتماعية **Social traditions**

رەگەزەکانی ئەو کولتورەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە لەماوەی کاتدا. هەروەها بەیەکگرتوویەکی بنچینەی بەردەوامیش جیاواز دەکرێتەوە .

خەسلەتی کۆمەڵایەتی | السمة الاجتماعية | **Social trait**

=نیشانە=

تەماشا بکە : تایبەتمەندی کەسێتی | **trait**

چارە کردنی کۆمەڵایەتی | العلاج الاجتماعي | **Social treatment**

- رەفتار لەگەل کردنی -

مەبەست لە زاراوەکە لە خزمەتکردنی تاکدا، هاوکاری تاك بکرێت بۆ چاککردنی رۆڵی لەناو کۆمەڵگە لەرێگەی پەیوەندییە پیشەییەکە، ئەویش بەکارتێکردن لەکەسێتی و پاڵپشتی کردنی تواناکانی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان و راستکردنەوەی کاریگەری ژینگەو بەکارهێنانی دەرامەتەکانی . بە دەربرینێکی دیکە، چارەکردنی کۆمەڵایەتی کۆی خزمەتگوزاریە مادی و مەعنەوییەکان دەگرێتەوە کە بۆ تاك ئامادە دەکرێت، بۆ ئەوەی کاریگەری سەلمێنراوی هەبێت لەسەر هەڵوێستی .

رێبازی - رێڕەوی - کۆمەڵایەتی | الاتجاه الاجتماعي | **Social trend**

تەماشا بکە : ئاراستەی کۆمەڵایەتی | **Orientation, social**

پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی | التواصل الاجتماعي | **Social transmission**

- پێگەیشتن -

پرۆسەیەکە، بەهۆیەوە رەفتار و خەسڵەتە کولتوریەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە، بەو کارەش بەردەوامی و درێژە پێدان دێتە دی، هۆکارەکانیش لاسایی کردنەوەو فێربوون و پێگەیاندن و شێوە چاودێرییە جیاوازەکانی دیکەی کۆمەڵایەتیە.

نموونەی کۆمەڵایەتی | النموذج الاجتماعي | **social type**

- شێواز -

ئەو بونیادە ژێرەیە، کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی یان لە بەشێکیدا باو دەبێت، دیارە پێکهاتووە بە پێی فۆرمێکی تایبەت، خەسلەتەکانی ئامانجە دەست نیشانکراوەکە دیاریدەکات.

تەماشا بکە: نموونە. | **type**

یەکگرتن، یەکێتی کۆمەڵایەتی | الوحدة الاجتماعية | **Social unity**

یەکێتی کار کردن لەکۆمەڵدا، بەهۆی چەند جوڵانەوەیەکی سازان و تەبایی ئاڵوگۆر، لە رەفتاری تاکەکاندا(ئەندامانی کۆمەڵەکە) بەجۆرێك کە کاری بەکۆمەڵ بەگشتی، یەك ئامانجی دەبێت.

دڵەراوکێ کۆمەڵایەتی | القلق الاجتماعي | **Social unrest**

- بێ ئارامی -

واتە، بەریەك کەوتن و بێ ئومێدی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، ئەگەر ئەو حاڵەتە لە پەشۆکان و دڵەراوکییە سنوردار نەبوو، ئەوا دەبێتە هۆی شڵەژان وهەڵوەشانەوە، بەڵام ئەگەر سنورداربوو، ئەوا لە چەند کاروکردەوەیەکی جیاوازدا

دەردەکەوێت ئاراستەکانیشی دەکەوێتەدەستی ئەو کەسەی ئاراستەی دەکات.

**بەها کۆمەڵایەتیەکان** القيم الاجتماعية **Social values**

ئەو سیفەت و ئاکارانەیە کە خەڵکی بەباشی دەزانن، یان لە ناو کولتورێکی دیاریکراودا ویستی خەڵکی لەسەر دەبێت. هەروەها بەها کۆمەڵایەتیەکان شێوەیەکی گشتیخواز وەردەگرن لەلایەن هەموو تاکەکانەوە و دەبنە ئاراستە کەری رەفتار یاخود ئامانج بۆ ئەو رەفتارە.

بەهای ئابوری **Cf.value, economic**

**کرێی کۆمەڵایەتی** الاجر الاجتماعي **Social wage**

کەمترین ئاستی کرێ کە بەشی کرێکارێك بکات و لە ئاستێکی مام ناوەندی ژیانێك بەسەر ببات و جێگای رەزامەندی بێت لەناو کۆمەڵێکی شارستانی. ئەو ئاستە و ئەو کرێیە هاوکار بێت بۆ ئەوەی پێداویستیەکانی ژیانی دەست بکەوێت، لەگەڵ رەچاوکردنی لایەنی بارگرانی ژیان کە ئەرکەکەی دەکەوێتە سەرشانی ئەو کرێکارە.

**خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی** الرفاهية الاجتماعية **Social welfare**

سیستمێکی رێکخراو و رێکوپێکە لە کارگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان و ئەو دامەزراوانەی ئامانجیان یارمەتیدانی تاك و گروپەکانە بۆ گەیشتن بە ئاستە لە بارەکانی ژیان و تەندروستی . هەروەها ئامانج لەو سیستمە خولقاندنی چەند پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی یەکسانە لە نێوان تاکەکاندا، ئەویش بە گەشەکردنی تواناکانیان و چاککردنی ژیانی مرۆڤایەتیان بەو شێوەی لەگەڵ پێداویستیەکانی کۆمەڵگە رێکدەکەوێت.

زاراوەی - خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی - لەماوەی چارەکی دووەمی سەدەی بیستەم دەرکەوت بە مەبەستی جیاوازی کردن لەنێوان ئەو دیاردەیە و نێوان ئامانجەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، کە چەند بابەتێکی ئاینی بوونەتە هاندەریان .

**خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی** الخدمة الاجتماعية **Social work**

بریتیە لە چەند کارگوزارییەکی پیشەیی یان چەند پرۆسە و هەوڵدانێکی رێکخراو، کە رەنگ و روویەکی چارەسەرکردن و خۆپاراستنی مرۆڤایەتیانە هەڵدەگرێت و پێشکەش خەڵکی دەکرێت، ئامانجیشی یارمەتیدانە، ئەگەر وەك تاك بێت یاخود گروپ بەمەبەستی گەیشتن بەژیانێکی بەخشندە و سەر بەرزانە کە چەندین پەیوەندی بەکەڵك و باشی تێدا باو دەبێت، لەگەڵ چەند ئاستێکی کۆمەڵایەتی کە لەگەڵ ویست و تواناکانیان یەکدەگرێتەوە و گونجا و دەبێت لەگەڵ ئاست و ئاواتەکانی ئەو کۆمەڵگایەی تێدا دەژین. کارگوزاری کۆمەڵایەتی ئەرکەکانی خۆی بەشێوەی کاری مادی مەعنەوی پێشکەش دەکات بۆ ئەوانی پێویستیان پێی دەبێت لەتاك و گروپ و کۆمەڵگە، ئەگەرلە ناو دامەزراوە بێت یان ئەنجومەنەکان، ئەویش بەهۆی کەسانی پیشەیی ئامادەکراو لە رووی تیۆری و پراکتیکی بۆ راپەراندنی ئەو ئەرکانەی کەوتۆتە ئەستۆیان.

**کارگێری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی** أدارة الخدمة الاجتماعية **Social work administration**

جێبەجێکردنی شێوازەکانی کارگێری، کە لایەنەکانی پروسەی ئاراستەکردن و چاودێری و رێکخستن دەگرێتەوە، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی دامەزراوە کارگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان. لێردا وا پێویست دەکات ئەوی بەئەرکی ئەو کارگێرییە هەڵدەسێت، کەسێکی شارەزا بێت بەهونەرەکانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و ئەوەندەش لێهاتوو بێت کە توانای سەرکردایەتیکردنی کارمەندان و بەدیهێنانی هاوکاری لەنێوانیاندا هەبێت .

**سۆسیالیزم** الاشتراكية **socialism**

کۆمەڵێکی تەواوە لە چەمك و میتۆدو رێکخراو و هۆکارە سیاسییەکان، ئەوانی هەموویان - لەگەڵ جیاوازی لە باسکردنی دوورو درێژیدا - بەشدارن لەدژایەتیکردنی کۆمەڵگەی سەرمایەداری . هەروەها باوەڕیان بەپێشکەوتنی حەتمی بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە و جەخت لەسەر ویستی شۆرشگێرانەش دەکەن بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی زیاتر تێرو دادوەر، ئەویش بەهۆی کاری هۆشیارانەی بەکۆمەڵ لە پێناو بەدیهێنانی یەکسانی راست لە نێوان هەموو خەڵك و نێوان هەموو نەتەوەکان . هەموو رێبازە سۆسیالستەکان لەگەڵ جۆراوجۆری و جیاوازیان، بەشدارن لە باوەرهێنان بە حەتمیەتی و رێکخستنی هێزەکانی بەرهەمهێنان و بەستنەوەی فەرمانە ئابوریەکان بە دەوڵەت و باوەڕهێنان بەوەی کارکردن بنچینەی شەرعی هەموو خاوەندارییەکە .

سۆسیالیزمی هەرەوەزی
- هاوکاری -
الاشتراکیةالتعاونیة
**Socialism associative**

ئەو جۆرە سۆسیالیزمە چەند بیرمەندێك لە فەرەنسا و ئینگلتەرا بانگەشەیان بۆی دەکرد لەسەدەی نۆزدەدا لەوانە شارلی فورییە، روبەرت ئۆین، لوی بلان. بنچینەی بیرۆکە کەشیان، ژیانی هاوبەش و کارکردنی هاوبەش بوو لە چەند کۆمەڵگەیەکی بچووك، تێیدا رکابەری لەنێوان بەرهەمهێنەرەکان لەناو دەچێت، هەروەها رکابەری و ململانێی نێوان کرێکارو خاوەن کارەکان نامینێت و هاوکاری شوێنی ئەوانە دەگرێتەوە. بەو پێیە لێرەدا دەولەت ئەرکی رێکخستنی بەرهەمهێنان و دابەشکردن بە دەستیەوە نابێت، هەروەك قوتابخانەی سان سیمون بۆی دەچێت و هەندی لایەنی سۆسیالستی بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو ئەوی بەو کارانە هەڵدەسێت ئەو تاکانەن کە بەشداری لە چەند هەرەوەزییەك (phalansteres)و یان لەچەند کارگەیەك (ateliers) یاخود لەچەند کولونیالێك (colonies)ناوچەی داگیرکراو.

سۆشیالیزمی فابی
تەماشا بکە:
الاشتراکیة الفابیة
**Socialismو fabiam**
**fabiam Socialism**

سۆسیالیزمی سەندیکایی
- ئەنجومەن -
تەماشا بکە:
الاشتراکیة النقابیة
**Socialismو guild**
**Guild socialism**

سۆسیالیزمی مرۆیی
تەماشا بکە:
الاشتراکیة الانسانیة
**Socialismو human**
**Human Socialism**

سۆسیالیزمی نیشتمانی
تەماشا بکە:
الاشتراکیة الوطنیة
**Socialism, national**
**National Socialism**

سۆسیالیزمی زانستی
تەماشا بکە: مارکسیزم
الاشتراکیة العلمیة
**Socialism, scientific**
**marxism**

سۆسیالیزمی دەولەت
تەماشا بکە:
اشتراکیة الدولة
**Socialism, state**
**State Socialism**

## Socialism, utopian — الاشتراكية الخيالية — سۆسیالیزمی ئەندیشەیی یوتوپیایی -

ڕێبازێکە چەند بیرمەندێك وەك (سان سیمون، فورییە، برودون) لەفەرەنسا (روبەرت ئۆین، جون گرای، ولیام تومسون، توماس هود جسکن) لەئینگلتەرا، هەروەها فەیلەسوفی ئەلمانیا فیختە، بانگەشەیان بۆ کردووە. ئەو بیرمەندانە ئاماژەیان بۆ لایەنە خراپەکانی سیستمی سەرمایەداری کردووە و باسی ئەو ناکۆکیانەیان کردووە کە خراپە و ململانێی توونـدیان بەدوای خۆیاندا هێناوە،ئەویش بەهۆی گردبوونەوەی سامان و دەسەڵات لە ژێر دەستی کەمایەتیەك، زۆرینەش بەرەو رووی چەوساندنەوە و هەژاری دەبنەوە. بۆیە ئەو بیرمەندانە داوای دامەزراندنی سیستمێکی کۆمەڵایەتی نوێیان دەکرد لەسەر بنچینەیەکی ئەقلانی و تا بکرێت نزیکتر بێت لە دادپەروەری و توانای باشتریشی هەبێت بۆ فەراهەم کردنی خۆشگوزەرانی بۆ چین و توێژەکانی هەموو کۆمەڵگە وەك یەك . ئەم ڕێبازە سۆسیالستیە کۆنە لەپێش هزری مارکسیزم سەری هەڵداوە و ناوی لێنراوە سۆسیالیزمی خەیاڵی، لەبەرئەوەی ئەو بنەما چاکسازیانەی دایرشتووە تەنها لەئەندیشەی ئەوانی دایان هێناوە دەرناچێت. لەکاتێکدا سۆسیالیزمی زانستی (scientificsocialism)کەمارکس بانگەشەی بۆ کردووە، دووربووە لەخەیاڵ و گرینگی بەلایەنە مادییەکانی داوە بەوردی .

## Socialism of the chair — اشتراكية الاساتذة — سۆسیالیزمیمامۆستایان

قوتابخانەیەکی هزرییە لە ئەلمانیا دەرکەوتووە لە هەفتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، قوتابخانەکە داوای چاککردنی بارودۆخی چینی کرێکارانی کردووە لەرێگەی دەرکردنی چەند یاسایەکی تایبەت بەکارگەکان (بارودۆخی کار، کاتەکانی کار، ئاسایشی کارو پیشەسازی...هتد)، هەروەها زامنکردنی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی سندوقەکانی پاشەکەوتکردن .

## Socialization — ١-التنشئة الاجتماعية — بەکۆمەڵایەتیبوون

پرۆسەیەکە بەهۆیەوە، کولتور لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە، هەروەها ئەو ڕێگا و شێوازانەی بەهۆیەوە تاکەکانی پێ پێکدێن و ڕاگیردەکرێن هەر لەمنداڵیەوە تا توانای گوزەرانیان دەبێت، لەکۆمەڵگەیەك کە هەڵگری، کولتورێکی تایبەتە . ئەو باوك و قوتابخانەو لەکۆمەڵگایانەی منداڵان فێری، زمان و ئاین و نەریت و بەها و زانیاری و شارەزاییەکان دەکەن...ئەوانە دەکەونە ناو ئەو کارەوە .

### ٢-التأميم — خۆماڵیکردن

سامان و دارایی خستنە ژێر دەسەڵاتی گشتی یان حکومەت، لەپێناو بەرژەوەندی گشتی .

## sociations — العلاقات الاجتماعية — پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان

زاوارەکە هەموو ئەو پەیوەندییانە دەگرێتەوە کە لەنێوان تاکەکاندا بوونیان هەیە، یان کارلێکردنە کۆمەڵایەتیەکان، ئەگەر هاوکاری بن یاخود ململانێ. لەهاوتا نزیکەکانی زاوارەکە: رەفتاری کۆمەڵایەتی، پرۆسەی کۆمەڵایەتی، پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکان.

## Society — المجتمع — کۆمەڵگە

کۆمەڵە خەڵکێکن بەیەکەوە دەژین لەناوچەیەکی دیاریکراودا، نێوان ئەو کۆمەڵە خەڵکە کولتورێکی هاوبەشی جیاواز لەوانی دیکە و هەستێك بەیەکگرتوویی هەیە، هەروەها دیدیان بۆ خۆیان وەك قەوارەیەکی، جیاواز کۆیان دەکاتەوە. لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە، گردبوونەوەی چەند گروپێکە لە پێکهاتەیەك، چەند رۆڵێکی بەیەکەوە بەستراو لە نێوان

هەنـدێکیان و هەنـدێك دێتـە دی، لـە رەفتاریشـدا پـەیرەوی پێـوەرە کۆمەڵایەتیـەکان دەکـەن .کۆمەڵگـە هـەموو سیسـتمە کۆمەڵایەتیە بنچینەییە زەرورییەکان دەگرێتە خۆی بۆ روو بـەرو بوونـەوەی پێداویستیە مرۆییـە بنچینەییەکان. کۆمەڵگـە سەربەخۆیی خۆی هەیە، ئەویش بەو مانایە نابێت تـەنها لـەرووی ئابوورییـەوە بەتـەواوی پێویسـتە خودییـەکانی ڕازی بێـت، بەڵام بەمانای ئەوەی کە هەموو شێوە رێکخراوەییە زەرورییەکانی مانەوە بگرێتە خۆی.

**کۆمەڵگای چینایەتی** — المجتمع الطبقي — **Society, class**

کۆمەڵگایەکـە جیاوازییـەکی تووند لـەنێوان چـینە کۆمەڵایەتیـەکانی دەبێـت، واتـە پێکهـاتن و یەکلابوونـەوەی ڕۆڵـی چـین. هەرچینێکیش بەچەند ئاراستە و ڕەوتێکی تایبەت جیاواز دەبێتەوە، هەروەها بەبەهاو خەسڵەتە کولتورییەکانی دیکە، بـەو جۆرە سیما و خەسڵەتەکانی هەر چینێك، لقە کولتور دەبن لەسنووری کولتورە هەمەلایەنەکەی کۆمەڵگە .

**کۆمەڵگای ناچینایەتی** — المجتمع اللاطبقي — **Society و classless**

کۆمەڵگایەك دابەش نەبووە بەسەر چینەکاندا، بەئاشکراش هـیچ چـینێك لـە چـینە کۆمەڵایەتیـەکانی تێـدا دەرناکـەون، ئـەو کۆمەڵگایـە بـە لاوازی هۆشـیاری چـینایەتی و دابـەزینی ئاسـتی دەرکـەوتنی چـینایەتی دەناسـرێت، هـەروەها لـە نـاو ئـەو کۆمەڵگایەش کولتوری لاوەکی یان لقە کولتوری تێدا باو نیە کە لەسەر بنچینەی چینە کۆمەڵایەتیەکان دامەزرا بێت .

**نیوەندێتی کۆمەڵگە** — مركزية المجتمع — **Sociocentrism**

دیاردەیەکی هزرییە، بەپێی ئەو دیاردەیە تاك باوەری وایە کـە ئـەو کۆمەڵگایـەی ئینتیمـای بـۆی هەیـە، مەڵبەنـدی جیهانـەو هەموو شتێکی بۆ دەگەڕێتەوە .

**سیستمی فەرمانرەوایی بەکۆمەڵ** — نظام الحكم الجماعي — **Sociocracy**

زاراوەیەکـە لەلایـەن (auguste come)وە دانـراوە، وەك ئاماژەیـەك بـۆ ئـەو شـێوە حوکمرانیـەی کەلـە سـەر بنچـیەی دیموکراسیەت دامەزراوە، ئەویش بەرێگای نوێنەرایەتی پەرلەمانیەوە، لە بەرامبەریشیدا حوکمرانی تاکرەوی دێت .

**کولتوری کۆمەڵایەتی** — الكيان الثقافي الجماعي — **Cocioculture**

قەوارەی رۆشنبیری کۆمەڵایەتی، پێکهاتەیەکی سەرووی ئەندامییەتە، کۆمەڵگە و کولتور دروسـتی دەکـەن لەمیانـەی کـارلێکی ورد لە نێوانیاندا.

**سوسیۆ دراما**
**نمایشی کۆمەڵایەتی** — تمثيل الادوار — **Cociodrama**

یەك لە هۆکارە کردەییەکانە بۆ راهێنان، لەم بوارەدا بەشدار بووان هەڵدەستن بە چەند رۆڵێکی زیندووی راسـت، ئـەویش لـە چـەند هەڵوێسـتێکی جیـاوازدا . ئـەوان بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو هەڵوێسـتە کۆمەڵایەتیانـەی کـاری تێـدا دەکـەن، زانیارییـە تیورییەکانیان و شارەزاییەکانی خۆیان بەکاردەهێنن. شێوازەکە دەبێتە هۆی گۆڕین لـە رەفتـار و ئاراسـتەکانیشدا، بـەکاریش دەهێنرێت بۆ راهێنانی سەرۆك و سەرکردەکان .

تەماشابکە: **Ana: role playing**

**دروست بوونی هاندەرە کۆمەڵایەتیەکان** — الدواقع الاجتماعية النشأة — **Sociogenic Motives**

ئەو هاندەرانەن کە بەهۆی کارلێکردنی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەوە پەیدا بوونە، ئەویش لەمیانەی ئاراستە و بەها و پێـوەر و پێش بینیە کۆمەڵایەتیەکان . ئەو هاندەرانە ئاراستە کۆمەڵایەتیەکانی تاك دیاری دەکەن.

سوسیۆگرام | البيان السوسيوجرامي | **Sociogram**

نەخشەیەکە ئەو شێوازە یان ئەو نموونەیە ڕووندەکاتەوە کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵدا کاری پێدەکەن، وەك دەیاردەکانی پەسند کردن، ناکۆکی، گوێ نەدان .... هتد

سوسیۆگرافی | الجغرافية الاجتماعية | **Sociography**

باسکردنی چەند کۆمەڵگایەکی دیاریکراو لەڕووی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە، لەگەڵ شارو گەلانیشی. هەروەها مەبەست لە زاراوەکە، لێکۆڵینەوە لە کێشە کۆمەڵایەتیە دیاریکراوەکان لەناوچەیەکی سنورداردا .

کۆمەڵگە پەرستن | عبادة المجتمع | **Sociolatry**

وا تەماشای کۆمەڵگە بکرێت کە سەرچاوەی بوونی مرۆڤە و لەدوایشدا بکرێتە بابەتێکی پیرۆز .

هەر بوونایەتی سوسیۆلوجی | الحتمیةالسوسیولوجي | **Sociological determinism**

ئاراستەیەکە بۆ چوونی وایە، کە ڕەفتاری تاك بە گشتی سنووردارە بەکاریگەرییە کولتوری و کۆمەڵایەتیەکان، لەو ئاراستەیەش بەها جیاوازییەکانی تاك یاخود کارتێکردنی هۆکارە سایکولوجی و بایولوجی و جوگرافیەکان بەهەند وەرناگیرێت .

تاکگەرایی سوسیۆلۆجی | الوحدة الوسيولوجية | **Sociological singularism**

هەر تیۆرییەکی ناوخوازی، بۆ چوونی وایە کە چەمکە پەیوەندارەکان بە کۆمەڵگەوە یان بەگروپەوە، لەڕاستیدا هیچ بوونێکیان نیە جیاواز لە ئەندامانی (تاکەکانی) .

تیۆری سوسیۆلۆژی | النظرية الوسيولوجية | **Sociological theory**

تیۆرییەکە هەوڵدەدات بگاتە چەند شرۆڤەیەکی میتۆدی و چەند پێش بینییەکی پەیوەست بە سروشت و شێواز و بزوێنەرکاریەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتی. تیۆری سوسیۆلۆجی لە شێوازێکی یەکگرتووی سفت سەرنجدانی تاك و چەمکەکانی تایبەت بە ژیانی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە .

تەماشا بکە: **Theory**

ڕەوتی کۆمەڵناسی<br>مەیلی کۆمەڵایەتی | النزعة السوسيولوجية | **sociologism**

مەبەست لەو بۆ چوونە، شرۆڤەکردن و لێکدانەوەیەکی هەمەلایەنە بۆ کۆمەڵگە و ڕێکخستنە کانیان، هەروەها بۆ ناوەرۆکی بەها و پەرەسەندنەکانیان ئەویش تەنها بەرێگای میتۆدەکانی کۆمەڵناسیەوە. ڕەوتی کۆمەڵناسی روو لە تێگەیشتن و وەرگرتنی بەها رەوشتیەکان دەکات، لەگەڵ بنەما یاساییەکان، هەوڵیش دەدات دروست بوون و پەرەسەندنیان ڕاڤە بکات بەهۆی تەنها تیۆری سوسیۆلۆجیەوە . ئاراستەکە کاردەکات بۆ کورتکردنەوەی جیهانی بەهاکان و جیهانی مرۆڤایەتی و بگرە تا دەگاتە خودی دەروونناسی، ئەویش لەسەر ئەنجامی ڕێکخستنەکان،کە تیۆری سوسیۆلۆجیا لەسەر شێوەی ڕاڤەکردنێکی کۆتایی دایدەرێژێت .

کۆمەڵناسی | علم الاجتماع | **Sociology**

لێکۆڵینەوەیەکی وەسپگەری و لێکدانەوەیی بەراور کردنە بۆ کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان، هەروەك لەزەمان و شوێندا دەردەکەوێت، ئەویش بۆ گەیشتن بەیاساکانی ئەو پەرەسەندنەی کە کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکان لەبواری پێشکەوتن و گۆڕاندا

ملکەچـی دەبـن . هـەروەها، کۆمەڵناسـی هەڵدەسـێت بـە لێکوڵینەوەیـەکی بابەتگەریانــە بـۆ دیـاردە کۆمەڵایەتیـەکان و شیکردنەوەیان شیکردنەوەیەکی زانستیانەی راست .

کۆمەڵناسی کردەیی - پراکتیکی - علم الاجتماع التطبيقي **Sociology , applied**

زانسـتێکە لێکۆڵینـەوە دەکـات لـەتوانای دانـانی راسـتیەکانی کۆمەڵناسـی و تیـۆری کۆمەڵناسـی لـە بـواری جێبـەجێکردنیان بەکردار، هەروەها هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی سیستەم و دۆخە دروستبووەکان، لەگەڵ چارەسەرکردنی ئـەوانی ناتـەواو و بـێ کـەڵکن. لێـرە دا لـەو بابەتانـەی دەکەونـە نـاو ئـەو بـاس و توێژینەوانـە: لێکۆڵینـەوەکانی پەیوەسـت بەرێکخسـتن و بـەرێکوپێکی و رووپێـوکردنی کۆمەڵایـەتی و چاودێری کۆمەڵایـەتی و پلانـدانانی کۆمەڵایـەتی و ئەنـدازیاری کۆمەڵایـەتی، سەرەرای ئەو جۆرە کاروبارانەی پەیوەندییان بەچاکسازی کۆمەڵایەتی هەیە.

کۆمەڵناسی پەروەردە علم الاجتماع التربوي **Sociologyeducational**

لقێکی کۆمەڵناسیە، لێکۆڵینەوە لەسیستەمەکانی پەروەردە و یاساکانی پەرەسەندنی دەکات، هەروەها لەچۆنیەتی، ئەنجامـدانی ئەو سیستمانە بۆ فەرمانەکانی و پەیوەندییان بە سیستمە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە.

کۆمەڵناسی مێژوویی علم الاجتماع التاريخي **SociologyHistorical**

زانستێکە هەڵدەسێت بـە شـرۆڤەکردنی زانیارییـە مێژووییـەکان بـۆ بەدەسـت هێنـانی گشـتاندنە سۆسـیۆلۆجیەکان، ئەمـە و رەنگە لێکۆڵینەوە مێژووییەکە هەوڵدانێك بۆ دۆزینـەوەی ئاراسـتە گشـتیەکان بگرێتـە خـۆی دەربـارەی پەرەسـەندنی یـاخود گۆرینی کۆمەڵگە، یانیش شارستانیەت و یان رەنگە لە شیکردنەوەی کێشەیەکی دیاریکراودا چربێتەوە.

کۆمەڵناسی پیشەسازی علم الاجتماع الصناعي **SociologyIndustrial**

پراکتیکردنی تیۆری کۆمەڵناسی و میتودەکانی تۆژینەوە لە لێکۆڵینەوەی بونیـادی کۆمەڵایـەتی بـۆ پیشەسازی، کـە پێکـدێت لەدامەزراوە و سیستمە پیشەسازییەکان. هەروەها لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییـەکانی نێـوان پیشەسـازی و بونیـادی کۆمەڵایـەتی، بـە جـۆرێکی تایبـەتیش لێکۆڵینـەوە لـە پەیوەنـدی پیشەسـازی بەکۆمەڵگـەی خـۆجێی و بـە هـەردوو سیسـتمی ئـابوری و سیاسییەوە .

کۆمەڵناسی پزیشکی علم الاجتماع الطبي **SociologyMedical**

لێکۆڵینـەوە لـە دیـاردە کۆمەڵایەتیـەکاتی نەخۆشـی دەکـات، لەگـەڵ ئاراسـتە جیاوازەکـان بـەرەو نەخۆشـیەکە، هـەروەها دابەشبوونی نەخۆشیەکان و پەیوەندییان بە سیستمی کۆمەڵگەوە . ئەمە و زانستە کە لێکۆڵینەوە لەبونیادی رێکخراوەیی بۆ رۆڵی چارەسـەرکردن و رۆڵـە کۆمەڵایەتیـەکانی نەخۆشـی دەکـات، هـەروەها بـۆ ئـەوانی چارەسـەری نەخۆشـیەکان دەکـەن - پزیشکان و پەرستیاران..هتد.

کۆمەڵناسی پیشەیی علم الاجتماع المهني **Sociology Occupational**

جێبەجێکردنی بنەماکانی کۆمەڵناسی لە شرۆڤەکردنی پیشە جیاوازەکان، هەروەها لێکۆڵینەوەی جۆر و شـێوازەکانی هێڵـە پیشەییەکان.

کۆمەڵناسی سیاسی علم الاجتماع السياسي **Sociology political**

لێکۆڵینـەوە لـە دیـاردە سیاسـیەکان دەکـات، لـەرووی کاریگـەرییان بـە بونیـادی کۆمەڵایـەتی و بـە کولتورییـەوە، هـەروەها کارتێکردنی بەسەریانەوە. زانستە کە لە دامەزراوە سیاسییە رەسمی و نارەسمی و حزبە سیاسیەکان دەکۆڵێنـەوە هـەروەها لـە

کاریگەری پوختەی بژاردە و گروپەکانی بەرژەوەندی و کۆمەڵانی فشار و لە پێکهێنانی رای گشتی دەکۆڵێتەوە .

**کۆمەڵناسی لادێیی** علم الاجتماع الريفي **Sociology rural**

زانستەکە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکانی ژینگەی دێهات و دەرەوەی شار ئەنجام دەدات، وەك ئەو پەیوەندییانەی کە لە نێوان دانیشتوانی دێهات و ئەوانی دیکە هەیە کە دانیشتوی دێهات نین، هەروەها لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی گۆرینی کۆمەڵگەی دێهات و هۆیەکانی و ئەنجامەکانیشی دەکات و ....هتد

**کۆمەڵناسی شارنشین** علم الاجتماع الحضري **SociologyUrban**

زانستێکە لێکۆڵینەوە کانی دەربارەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی ناوچەی شارنشین و ئاوەدانیە گەورەکان دەبێت، بەپلەی یەکەمیش گرینگی بەشار دەدات لەروو گەشەکردن و پەرەسەندنیەوە، بەو هەندەی کۆمەڵگەیەکی تایبەتمەندە. زانستەکە لە رادەی ئەرك بەجێگەیاندن و پلاندانان و ئەو کێشانەی بەرەو رووی شارەکان دەبنەوە دەکۆڵێنەوە .

**کۆمەڵناسیهونەر** علم اجتماع الفن **Sociology of art**

زانستێکە گرینگی دەدات بە پێناسەو پۆلێنکردن و راڤەکردنی کارە هونەریەکان و هونەرمەندان ، ئەویش لەرووی کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە و کاریگەری کۆمەڵگە بەسەریانەوە.

**کۆمەڵناسی مەعریفە - زانین -** علم اجتماع المعرفة **Sociology of knowledge**

زانستێکە هەوڵی دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییانە دەدات کە لە نێوان شێواز و جۆرەکانی بیرو باوەر و هزر و نەریت و چەمك و بیرکردنەوە و لێکدانەوەکان و نێوان ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتیە جیاوازانەی کە تێدا دەردەکەون . بەو کارەش جەخت لەسەر پەیوەستی ئاراستە هزرییەکان دەکات بە چەندین جۆری دیاریکراو لە شارەزایی و لە ئەزموونە مرۆڤایەتیەکاندا . زانستەکە ئەو شارەزایی و ئەزموونانە بەکەم و کورتیەکانیانەوە وەرناگرێت وەك ئەو شێوەی کە لە روخسارە زارەکیە گشتیەکانەوە دەردەکەوێت، هەروەها هەموو ئەو ناوەرۆك و هزر و بیرو باوەرانە و ئەو بەهایەی کە پێیان دەدرێت لەگەڵ رادەی درێژبوونەوەی و پەل هاویشتن بۆ جیهانی جێبەجێکردنی و بەرجەستە بوون لە سیستەم و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان، دەخاتە هەمان چوارچێوە.

**کۆمەڵناسی ئەدەب** علم اجتماع الادب **Sociology of literature**

لێکۆڵینەوەلەو ژینگەیە دەکات کە بەرهەمی ئەدەبی تێیدا دەردەکەوێت، هەروەها لێکۆڵینەوە لەسیفاتەکانی خوێنەوارو ڕادەی خوێندنەوەیان و چی دەخوێننەوە و کاریگەرییەکانی ئەو خوێندنەوەیەش . لێکۆڵینەوە کانی زانستەکە لەو پەیوەندییانە دەکۆڵێتەوە کە لە نێوان کۆمەڵگە بەگشتی و بونیادی چینایەتی هەیە، لەگەڵ چۆنیەتی دیدیان بۆجیهان.

**کۆمەڵناسی رێکخستن** علم اجتماع التنظيم **Sociology of organization**

پراکتیکردنی تیۆرییەکانی کۆمەڵناسی هەروەها چەمك و رێباز و ئامرازە وێنا کراوەکانی، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە و رێکخستنانەی هەڵگری چەندین شێوازی جیاواز و ئامانجی لە یەك نەچوون . لێکۆڵینەوەکان لەم بوارە دا گرینگیان لەو پەیوەندییە تووندەی بە تیۆری گشتیەوە هەیە لە کۆمەڵناسیدا، وەردەگرێت .

**کۆمەڵناسی ئاین** علم الاجتماع الديني **Sociology of religion**

پراکتیکردنی چەمکەکان و بیرکردنەوەی سۆسیۆلوجی لە لێکۆڵینەوەی سەر رەفتاری ئاینی مرۆڤ و سیستەمە ئاینیە جیاوازەکان . زانستەکە لێکۆڵینەوە لە دروست بوون و پەرەسەندنی ئاینیە جۆراو جۆرەکانیش دەکات، ئەوانی لە کولتوری

کۆمەڵگە جیاوازەکان بڵاو دەبنەوە، هەروەها زانستەکە نێوان ئەو خواوەندانەی کە ئەو کولتورانە باوەریان پێی هەیە و نێوان ژیانی رۆژانەی کۆمەڵایەتیان و بارودۆخی ژینگەیان بەیەك دەبەستێتەوە.

**کۆمەڵناسی کار** علم أجتماع العمل **Sociology of work**

زانستێکە لێکۆڵینەوە لەو پەیوەندییانە دەکات کە لە نێوان گروپەکان دروست بوونە، بەهۆیەوەش دامەزراوە جیاوازەکان بەمەبەستی بەرهەم هێنان پێکدێن. هەروەها لێکۆڵینەوە لەو رۆڵە کۆمەڵایەتیانە دەکات کە بە هۆی دابەش بوونی کارەوە دروست بوونە، لەگەڵ رێکخستنی رەسمی و نارسمی بۆ کرێکاران و پەیوەندیکردنە ئاسۆیی و ستوونیەکانی ناو دامەزراوەکان و ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتی و کولتوری و تەکنۆلۆجیانەی کارتێکردنیان لە کاردا دەبێت ......و هتد.

**کۆمەڵناسی پێوانەیی**
**سۆسیۆمەتری** القياس الاجتماعي **Sociometry**

رێبازێکە دەکرێ بەهۆیەوە پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان، هەروەها هەست و سۆزیان بەرامبەر یەکتر بزانرێت , ئەو کارەش بە پشت بەستن لەسەر بیروڕای تاکەکان و پلەو جۆری پەیوەندیکردنە کە دەوەستێت، ئەگەر بەشێوەی سەپێنراو بێت یان خۆکار .

**شانەی کۆمەڵایەتی** الخلية الاجتماعية
**یەکەی کۆمەڵایەتی** الوحدة الاجتماعية **Socius**

یەکەیەکی بچووکە، جێگای تۆژینەوەیە لەکۆمەڵناسیدا، ئەو وەك تاکێك، نەك بەرەچاوکردنی ئەوەی بوونەوەرێکی ئەندامی و دەروونی بێت، بەڵکو بەرەچاوکردنی ئەوەی دەچێتە ناو تۆرێك لە پەیوەندی و هەڵس و کەوتە کۆمەڵایەتیەکان .

**نێربازی** اللواط **Sodomy**

پەیوەندییەکی سیکسیە لە نێوان نێرەکان لە رێگای کۆمەوە .

تەماشا بکە:لادانە سیکسیەکان **Sexual perversions**

**رێبازی هاوکاری**
**- سولیدارێتی -** مذهب التضامن **Solidarism**

رێبازێکی رەوشتیە بانگەشەی بۆ دەکرێت لە بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە . لایەنگرانی ئەم رێبازە بۆ چوونیان وایە کە چاکسازی لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی تەنها بە زاڵبوون بە سەرتاکرەوی لە لایەکەوە و بەسەر رەوتی شۆرشگێری بە کۆمەڵ لە لایەکی دیکەوە دێتەدی .

**هاوکاری** التضامن **Solidarity**

واتای زاراوەکە، پرۆسەی پشتیگری یان پاڵپشتی ئاڵوگۆر لە ژیانی کۆمەڵایەتی دەگەیێنێ . مانا بنچینەییەکەی ئەم چەمکە مانایەکی یاساییە، پێشتر بەکاردەهێنرا وەك ئاماژەیەك بۆ هاوکاری تاك لەگەڵ گروپەکەی لەهەڵگرتنی ئەرك و بەرپرسیاریەتی . دەوترێت : هاوکاری ئۆرگانی (organic solidarity)بۆ ئەو دیاردەیەی کە لەناو کۆمەڵگەدا باو دەبێ و لەسەر بنچینەی دابەشکردنی ئەو کارەی پێویست بە هاوکاری تاکەکانی دەکات دادەمەزرێت. هەروەها دەوترێت، هاوکاری ئامێری (mechanical solidarity)، بەو دیاردەیە کە لە کۆمەڵگەی نەریتی باو دەبێت، ئەو کۆمەڵگەیەش بە دیاردەی لەیەك چوونی بەهاو رەفتارەکانی جیاواز دەکرێتەوە. هاوکاری لەیاسادا ناساندنێکە، پابەند بوون دەگەینێت لەکاتی فریی

لایەنەکانی، دەبێتە ڕێگریش لەبەردەم دابەش بوونی کۆمەڵ بەسەر خەڵکی قەرزدار و زۆرینەیەکی قەرزکەر، دیارە ئەو خەسلەتەش یەك لە ڕێگاکانی زامنکردنە بۆ قەرز.

تەماشا بکە: گروپی کار — Team work

**Solipsism** — مذهب الذات – الوحیدة – — ڕێبازی خۆیەتی - خودتاکی -

ڕێبازێکە بۆ چوونی وایە کە تەنها خود بوونی هەیە، هەموو کەسەکان و شتەکان و گەردوونی مادی بە گشتی بوونیان نیە، تەنها بەرادەی ئەوەی بە بەردەوامی لە تێگەیشتنی تاکدا دێتەدی .

**Somnambulism** — السیر أثناء النوم — ڕۆیشتن بەدەم خەو - خەوە ڕێ -

دیاردەیەکە لەدیاردەکانی هیستریا، لەحالەتی خەوتن تاك دەڕوات و بە چەند جموجوڵێکی ئاڵۆزیش هەڵدەسێت، کاتێ لە خەویش هەڵدەسێت لە بیری نامێنێ .

**Song, popular** — الاغنیة الشعبیة — گۆرانی میللی

چەند کورتە هەڵبەستێکە، یان چیرۆکێك لەسەر شێوەی هونراوە داڕێژراوە، تاکەکان دەیکەن بە گۆرانی، دیارە ئەویش دەبێتە هۆی ڕەواندنەوەی بارگرانی دەروونی، یاخود کەمکردنەوەی قورسایی و ئازارەکانی کارکردن . هەروەها کاتێ گروپە کرێکارێك بەیەکەوە کارێك ئەنجامدەدەن ، هەندێ گۆرانی تایبەت بەو حاڵەتە دەچڕن، ئەو ئاوازە تایبەتیەش جۆرێك لەسازان و گونجان لەجوڵە و چالاکیە جەستەییەکانی ئەو کرێکارانە دروست دەکات .

**Sophism** — مذهب السفسطة — ڕێبازی سوفستائیەکان سوفستە خوازی

سوفستائیەکان لەسەردەمە کۆنەکانی یونان دەرکەوتون، لەوکاتانەی کە هێزی دیموکراسی بەهێزبوو، هەروەها ناکۆکی و ململانێیە دادوەری و سیاسیەکان زۆربوون. لەو سەردەمە دۆخەکە وا پێویستی دەکرد کە فێری گوتار خوێندنەوە بن بەمەبەستی بەرگریکردن لە هەرمافێك یان پشتگیریکردن لە هەرئامانجێك . سوفستایئەکان هاتنە پێشەوە بۆ ئەوەی خەڵکی فێری ڕەوان بێژی و شێوازەکانی . دیالیکێك بکەن، بەڵام ئەوان دیالیکتیکیان خراپ بەکارهێنا و بوونە کەسانی هەڵە کارو مامۆستای هەڵەکردن، بەو کارەشیان زاراوەکان گۆڕان. سوفستایئەکان دژایەتی ڕێبازە فەلسەفیەکانیان دەکرد هەندێکیان دژی هەندێك بەکار دەهێنا، ڕەخنەیان لەبەڵگەی هەندێکیان بە بەڵگەی لایەکی دیکە دەگرت، بێ ئەوەی خۆیان بەکاری فەلسەفە هەستن. هەروەها بەرهەڵستی ڕێبازو بیرو باوەڕو ڕەوشت و نەریتەکانیان دەکرد، لای گەلان لەگەڵ جیاوازیەکانیشیان، بەوکارەشیان گومان وبێباوەڕیان بڵاو دەکردەوە . سوفستی لە لۆژیکدا بەوپێوەرە دەوترێت کە پێشەکیەکانی ڕاست بێت و ئەنجامەکانی درۆ، ئەویش بەمەبەستی هەڵخەڵەتاندنی لایەنی ڕکابەرو بێدەنگ کردنی .

**Sophistication** — السفسطة، التخریف التمویة، المغالطة — سوفستی، پڕوپوچ گۆڕینی ڕاستی، هەڵەکاری

وەرگرتنی ئەو قسەو باسە زاراوەییانەی بەتاڵن و دوورن لە هەر ڕاستی و پتەوییەك، هەروەها چەواشەکاری و گۆڕینی ڕاستیەکان .

**Sorcery** — السحر الضار الشعوذة — جادوو ئەفسونبازی

پەنا بردن و داوای هاوکاری لە ڕۆحە شەرانگێزەکان، ئەویش لەسەر بنچینەی باوەڕهێنان بەوەی ئەوانە خاوەن هێزێکی لە

رادەبەدەرن، بەمەبەستی بەدیهێنانی زیان یان خراپەکاری دژی تاکەکان یاخود دژی کۆمەڵگە بێت.

| | | |
|---|---|---|
| ژن خوشکی خۆهێنان | السرورا<br>الزواج من أخت الزوجة | Sororate |

نەریتێکە وا باوە کە پیاو لەگەڵ خوشکی هاوسەرە مردووەکەی، هاوسەرگیری بکات . بەزۆریش وا روودەدات کە لەگەڵ خوشکی بچووك ئەو هاوسەرگیرییە سازبکرێت . لە هەندێ کولتوردا، وا چاوەروان دەکرێت پیاو بەوکارە هەستێت بێ ئەوەی فشار و زۆرلێکردنی لەسەر بێت، لەکاتێکدا لە هەندێ کولتوری دیکەدا داوای لێدەکرێت کە بەوکارە هەستێت .

تەماشا بکە: هاوسەرگیری لەگەڵ بێوەژنی برا — Levirraty

فرەهاوسەری — Polygamy

| | | |
|---|---|---|
| بەخت لێکدانەوە<br>جادوو | العرافة عن طريق<br>رمى الزهر | Sortilege |

تەماشا بکە : فالگرتنەوە — Divination

| | | |
|---|---|---|
| گیان<br>رۆح - هەناسە | النفس | Soul |

ئەو بوونەی کە باوەر وایە ئەو جەوهەرە = ناوەرۆك - و ژیانی تاك دەجوڵێنێ، هەر وەك لەبوارەکانی چالاکی تاك دەردەکەوێت . ئەو بوونە لە هەندێ رێبازدا وەك مێوان لای لەش تەماشا دەکرێت، لە کاتی مردنی لەش =جەستە = ئەو لێی جیادەبێتەوە و هەر بە نەمری دەمێنێتەوە . لە هەندێ رێبازی دیکەدا، تەنها فەرمانێکە بۆ لەش، هزری نوێش زیاتر باوەری بەو ئاراستە فەرمانیە هەیە .

| | | |
|---|---|---|
| سەرچاوەی زانیاریەکان | مصادر البيانات | Sources of information |

بەڵگە نامە بڵاو کراوە و نا بڵاوکراوەکان، ئەوانی چەند راستیەك دەگرنە خۆیان و هەلگری بە هایەکی کۆمەڵایەتین، ئەویشی لەگەڵ ئەو راپۆرتە ئاماریانەی کە دامەزراوەکانی حکومەت بڵاو یان دەکاتەوە،هەروەها تۆمارە گشتیەکان ئەوانی لە بەردەستن و دەست نووس ونووسراو وتار و بیرەوەریەکانیش. ئەو بەڵگەنامانە دابەش دەبن بۆ: بەڵگەنامە بنچینەییەکان وبەڵگە نامە لاوەکیەکان.

| | | |
|---|---|---|
| سەروەری | السيادة | Sovereignty |

دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر ئەو هەرێمەی کە تایبەتە بەخۆی، هەرچیەکی تێدابێت لەکەسەکان و موڵك و سامان .هەروەها دەوڵەت بەو دەسەڵاتەی بەرەو رووی دەوڵەتە دەرەکیەکانی دیکە دەبێتەوە، لە رووی تیۆرییەوە هەموو دەوڵەتێك خاوەن سەروەرییەکی یە کسانە لە ئاست سەروەری هەر دەوڵەتێکی دیکە، ئەویش لەرووی یاسای نێو دەوڵەتیەوە چەند بێت ژمارەی دانیشتوان و رووبەر و سامانی . دیارە ئەوبارەش بە بنچینەیەك دادەنرێت بۆ نوێنەرایەتی و دەنگدان لە رێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان.

| | | |
|---|---|---|
| بواری کۆمەڵایەتی | االمجال الاجتماعي | Space social |
| تەماشا بکە: | | Social space |

بواری زیندەیی | المجال الحیوی | Space, vital
ناوچەی گرینگ
تیورییەکە، هەندێ شارەزا و زانای ئەلمانیا دایانهێناوە، بەمەبەستی بیانو هێنانەوە بۆ فراوانبوونی سنوری دەوڵەتەکەیان لەسەرحیسابی دراوسێکانیان لە دەوڵەتانی بچووک.

سنوری سەرپەشتیاری | نطاق الاشراف | Span of control
- سەرپەشتیکردن -
ژمارەی ئەو تاکانەی کە یەك سەرۆك دەتوانێت سەرپەشتیان بکات، بۆ ئەوەی چاودێرییەکەی لەسەر کارکردنەکە بەشێوەیەکی کارا بێت .
تەماشا بکە: چاودێری کارگێری | Control administrative

کاتی بێ ئیشی | وقت الفراغ | Sparetime
تەماشا بکە : کاتی بەتاڵی | Leisure

پسپۆری - شارەزایی | التخصص | specialilation
کورت کردنەوەی هەوڵ رەنجەکانی تاك یان گروپ لەسەر کارێکی دیاریکراو، هەروەها خۆماندو کردن بەوکارەوە . پسپۆری یان خۆتەرخانکردن بە کارێك لەسەر بنچینەی جیاوازی لە نێوان کەسەکان، پشت بە خەسڵەتە جەستەیی و ئەقلیەکان دەبەسێت، دیارە ئەو جیاوازییەش لە خەسڵەتەکانی دەبێتە هۆی جیاوازی لەتوانا و لەئاستەکانی کاری تاکێك . دابەشکردنی کار دەبێتە هۆی پسپۆری، ئەمە و چەندی ئەو پسپۆرییە وردبینی تێدا بوو ئەوا ئەوەندە لێهاتوویی لەجێبەجێکردنی کارەکە زۆرتر دەبێت. جۆرەکانی پسپۆری لە کاردا، لەگەڵ پلەو ئاستی جیاواز لە بوارەکانی چالاکیدا رێکدەکەون، هەر بۆیە، دەبینین پسپۆری لەبوارەکانی پیشەسازی و پیشە و زانست و ئاین و فێر بوون سیاسەت و کارگێری...دێتە پێشەوە .لە بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا، بەرەو ورووی پسپۆری ئیکۆلۆجی (ecological specialization) دەبینەوە، واتە تەرخانکردنی ناوچەکانی ناوشار، بۆ ناوچەی کاروبارەکان، ناوچەی بانکەکان، ناوچەی بازرگانی بەکۆ، ناوچەی رابواردن و شوێنی سەما...هتد. هەروەها پسپۆری لەسیستمە کۆمەڵایەتیەکان (institutional specialization)، پەیدا دەبێت، وەك سیستمی ئاینی، سیستمی ئابوری سیستمی سیاسی، هەریەکەیان بەفەرمانێکی کۆمەڵایەتی جیاواز لەوی دیکە هەڵدەستێ. ئەو پسپۆرییە لە کۆمەڵگە ئاڵۆز و گرێیاوییەکان باو دەبێت، لەکاتێکدا لە کۆمەڵگە خۆرسکیەکان بەرچاوناکەوێت، کە بە یەکگرتوویی سیستمەکانی دەناسرێتەوە دەبینین خێزان بە بەشێکی گەورەی کار و فەرمانە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان هەڵدەسێت.

تایبەتمەندییە کولتورییەکان | الخصوصیات الثقافیة | Specielites cultural
رەگەزکانی ئەو کولتورەی کە ئەندامانی چەند توێژێکی تاکەکان بەشداری تێدا دەکەن، بەڵام بێ بەشێکی دیکە لەدانشتوان، وەك ئەو رەگەزە کولتوریانەی پەیوەستن بە پیشە جیاوازەکانەوە .

ئاکار و تایبەتمەندییە پێوەریەکان | المواصفات القیاسیة | Specifications standaed
دانانی پێوەرە دیاریکراوەکان بۆ خەسڵەتەکانی کەرەستەی خاو و بەرهەمەکانی و پرۆسە هونەریەکان، هەروەها بۆ کەرەستە و ئامێرەکان و... ئەوانی دیکەش، ئەو کارەش دەبێتە هۆی ئەوەی کارگەکان لە توانایاندا بێت کالا پێوەریەکان بەرهەم بهێنن و بەرهەمەکانیشیان گونجا و بێت لەگەڵ ئەو تواناياناەی لە بەردەستن، هەروەها لەگەڵ پێداویستیەکانی بەرهەمهێنانی،

دیارە ئەو کارەش هاوکار دەبێت بۆ زۆربوونی بەرهەم و دابەزینی رادەی تێچووەکانی .

جامبازی المضاربة **Speculation**
پارەبازی

وشەکە بەمانای کرین و فرۆشتنی کالا و کەل و پەل دێت، ئەویش بەمەبەستی قازانج کردن بەهۆی جیاوازی نرخەکان . شێوەی سەرەکی جامبازییەکە، خۆی دەنوێنێ لە کرین بەنرخێکی هەرزان لە پێناو فرۆشتنی دواتر بەنرخێکی بەرزتر، هەروەها چاوەروانکردنی ئەوەی کە جارێکی دیکە بەنرخێکی کەمتر کالاکە بکرێتەوە، پێشە ئەوەی بگاتە دەستێك و یەکلا بێتەوە .

کەم و کورتیەکانی عیوب الكلام **Speech defect**
ئاخاوتن

تێکچوونی و شپرزەیی لە گفتو گۆو ئاخاوتندا، بە دەرچوون و لادان دادەنرێت لە بارە ئاساییەکەی . دیاردەکەش جۆری زۆرە، لەوانە بوونی کەم و کورتی لە گوتن، واتە ناڕوونی لە قسەکردنی (stuttering)، هەروەها شپرزەیی و ناڕوونی دەنگەکان و وەستان لە کاتی قسەکردن و پەلەپەلو منجەمنج کردن لە دەربڕیندا، هەر لە دیاردەکانی حاڵەتەکە، گیرخواردن لە دەربڕین و دووبارە کردنەوەی دەنگەکانیش پاش دەرچوونیان، دیاردەکان هەموویان بەشێکن لە کەمو کورتیەکانی ئاخاوتن.

نەبوونی توانای قسەکردن و تێگەیشتن **Cf: aphasia**

جادو الرقية **spell**
نوشتە التعويذة
تەماشا بکە : جادو **Charm**

سنوری هەژمونی منطقة النفوذ **Sphere of influence**

دەستەواژەکە، بەکاردەهێنرێت وەك هێمایەك بۆ ناوچەیەکی جوگرافی یان هەریمێك، وازانراوە دەوڵەتێکی دیاریکراو چەند مافێکی سیاسی یاخود ئابوری رەهای تێدا هەیە . دیاریکردنی ئەو ناوچەیەش، ئاگادارییەك دەگەێنی بۆ دەوڵەتانی دیکە کە دەستێوەردانی ناوچە کە قەدەغەیە . ئەو دەوڵەتەی، خاوەن ناوچەی دەسترۆییەو هەژموونی بەسەر ناوچەکە هەیەو بەخۆی بەستۆتەوە، ئەوا لەم بارەدا چەند دەسکەوتێکی بۆ دەگەرێتەوە، بەو کارەشی لە بەرپرسیاریەتی و ناکۆکیەکانی رزگاری دەبێت ئەگەر ناوچەکە بەتەواوی بکاتە پاشکۆی خۆی .

دەست لێوەشاندنی المحسوس **Spirit possessed**
جنۆکە الخاضع للروح

باوەرهێنان بەوەی رۆحێك چۆتە جەستەی مرۆڤەوە، یان زاڵبوونی بەسەریدا، پاشان گومانکردن بەوەی کە ئەوکردارانەی تاك پێی هەڵدەسێت، ئەوە کرداری ئەو رۆحەیە کە چۆتە لەشی مرۆڤەوە، یاخود ئەو ئاراستەی دەکات .

ئامادەخوازی رۆحەکان مذهب حضرة الارواح **Spiritism**

تیۆرییەکە، بۆ چوونی وایە کە گیانی مردووەکان ئامادەن ئەگەر چی نابینرێن، ئەو رۆحانە لە توانایاندایە بەهۆی ناوەند بارێکەوە پەیوەندی بەزیندووەکان بکەن . تیۆرییەکانی پەرەسەندنی پەیوەندار بەسەرچاوە و بنچینەی ئاینەکان، ئەم رێبازە بۆ قۆناغێکی دوای قوناغی رۆحگەرایی (animism)دەگەرێنێتەوە .

ڕێبازی ڕۆحی گیان پەرستی | المذهبالروحي | **spiritualism**

1- ئونتولۆجیا، ئەم ڕێبازە بوونی دوو جەو هەر دەسەلمێنێت، هەریەکەیان بە بوونی و بە کردارەکانی سەربەخۆیە، ئەوانیش ڕۆح بە خەسڵەتە خودیەکانی لە ئەقلانیەت و ویست و ئازادی.
مادە، بە خەسڵەتە خودیەکانی لە درێژبوونەوە و جولەدا.
2- لە دەروناسیدا، ڕێبازەکە ئەوە دەسەلمێنێ کە راڤەکردنی دیاردە دەرونیەکان بە دیاردە فسیولوجیەکان کارێکی مەحالە.
لە بەرامبەر ئەم ڕێبازە، ڕێبازی مادییەت (materialasm) هەیە.

سیستمی مەحسوبیەت | نظام المحسوبية | **Spoils system**

سیستمێکە لە کاتی گۆڕینی حزبی دەسەلات دار، هەڵدەستێ بە گۆڕینی شوێنی فەرمانبەران ئەو کارەش ناوی لێدەنرێت - سیستمی دەسکەوتەکان - بەرەچاو کردنی ئەوەی کە حزبی سەرکەوتوو پێگەو پایە حکومیەکان وەك پاداشت بە ئەندامانی خۆی دەبەخشێ.

یارییە وەرزشیەکان | الألعاب الرياضية | **sports**

شێوەکانی ئەو چالاکیە جەستەییانەی لە بارێکی ئاسایی لە هەوای پاکدا ئەنجام دەدرێن و دەبنە هۆی رابواردن و خۆ ئاسودەکردن. ئەو یارییانە سودیان لە پێکهێنانی جەستەو رەوشتدا دەبێت.
لەم بوارە و لەم جۆرە یاریانە، راهێنان و ڕکابەری پێویست نین، هەروەك لە یاریەکانی گۆرەپان پێویست دەبن.
تەماشابکە: یاریەکانی گۆرەپان **Athletics**

سیخوری جاسوسی | الجاسوسية | **spying**
**Cf. esionnage**

هۆکارەکانی سەقامگیر بوونی ئابووری | عوامل الاستقرار الاقتصادي | **Stablizers, economic**

ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی جێگیر بوونی ڕەوشی ئابوری، وەك زۆر بوونی خەرجی گشتی، یان داشکاندنی نرخی قازانج، یاخود دووبارە دانانەوەی نرخی داشکاندن لە کاتەکانی بێ بازاری.
هەروەها کەمی خەرجی گشتی، یان بەرزبوونەوەی نرخی قازانج، یانیش دووبارە دانانەوەی نرخی داشکاندن لە کاتەکانی هەڵئاوسان و بێ رەواجی.

سەقامگیری کۆمەلآیەتی | الأستقرار الاجتماعي | **Stability, social**
تەماشابکە: **Social stability**

دەستەی کارمەندان | موظفو الادارة هيئة العاملين | **staff**

زاراوەکە ئاماژەیە بۆ فەرمانبەرانی کارگێری، یان هەموو ئەو کارمەندانەی لە دامەزراوەیەك کار دەکەن. هەروەها ئاماژەیە بۆ کارگوزاری راوێژکارانیاخود دەستەی شارەزایان، ئەوانی هاوکاری سەرۆکی دامەزراوەکە دەکەن، بەلآم دەسەلآتی کارگێرییان

نیە.
دەوترێت: دامەزراندن (staffing) واتەخستنە سەر کار، بە تایبەتیش بۆ شوێنە کارگێرییەکان بە ژمارەیەك لە کەسانی شارەزای لێهاتوو.

وەستانی جولەی ئابوری بێ بازاری | الركود الاجتماعي | **Stagnation, economic**

وەستانی چالاکی ئابووری، بریتیە لەو باەری کە بەرهەم تێیدا نەگۆر دەبێت، نەکەم دەکات و نەزۆریش، تەنها بە رێژەیەکی کەم نەبێت، یان ئەو هەل و مەرجەی بێکاری درێژ خایەن تێیدا پەرە دەسێنێت.
ئەو حاڵەتەش ڕەنگە لە پیشەسازییەکی دیاریکراو دا، یانیش لە چەند کەرتێکی گەورەی چالاکی ئابوری یاخود هەموو چالاکیە ئابوریەکان بگرێتەوە.

ڕێبازی ستاخانوف ستاخانوفیزم | الستاخانوفية | **stavhanovism**

ڕێبازێکە بۆ ڕێکخستنی کار و بەرزکردنەوەی توانای بەرهەم هێنان، ڕێگاکە لە کارکردن ناوەکەی بۆ ئەو کرێکارە روسیە دەگرێتەوە کە دایهێناوە. بە پێی ڕێبازەکە، لە کارکردن رکابەری لە بەرهەمهێنان بە ڕێوە دەچێت لە نێوان تێپەکانی کار، ئەوانی بە هەمان کردارە پیشەسازییەکان هەڵدەستن، پاشان تێپە سەرکەوتووەکان ڕێنمایی تێپە شکست خواردوەکان دەکەن.
لە هەمان کاتدا دەولەت هانی ڕێگاکانی کارکردن دەدات کە دەبنە هۆی زۆر بوونی بەرهەم هێنان، ئەوانی بەو کارەش هەڵدەستن لە کرێکاران نازناو و پیاهەڵدانی نەتەوەیی دڵسۆزیان پێ دەبەخشرێ، هەروەها دەسکەوتی زۆری دیکەیان پێدەرێت.

پێوەر ستاندارد | المعيار المستوى | **standard**

ڕێسایەکە لە دیاردەو کارکردنەکانی پێشو وەردەگیرێت، یان لەلێکۆلینەوە شیکاریەکان پوخت دەکرێنەوە.
ئەو ڕێسایە دەبێتە بنچینەیەك بۆ هاوجووت بوون یاخود بەراود کردن، ئەگەر لە جێبەجێکردن بێت یانیش پێوانەکردن یان بریاردان بە پێی ڕێساکە، دەربارەی توانای یاخود چەندایەتی و یانیش رادەی و یان بە هاو جۆری بێت.
لە ئابوریدا دەوترێت، ڕێسای زێر (gold standard)، ئەویش وەك هێمایەك بۆ ئەو سیستمە دراوییەی کە یەکەی بەهاکە تێیدا یەکسانی برێکی دیاری کراوی زێر دەبێت.

تێچووە پێوەریەکان | التكاليف المعيارية | **Standard cost**

ئەو خەرجی و تێچوانەی پێش بەرهەم هێنان دیاری دەکرێن، ئەویش لەسەر بنچینەی بەکارهێنانی چەند پێوەرێك بۆ پێوانەکردنی بابەتە جیاوازەکانی تێچوو، هەروەها بەکارهێنانی ئەو پێوەرانە بۆ چاودێری کردنی تێچووە راستیەکان و دیاریکردنی لادانەکان.

لادانی پێوانەیی | الانحراف المعياري | **Standard deviation**

ئامرازێکە لە ئامار، بە هۆیەوە جیاوازیەکان یان هەڵەکلن پێوانە دەکرێن، بۆ زانینی رادەی گرینگترین ئەو ئاماژەو بەڵگانەی دەریدەخات.
لادانی پێوانەیی بۆ گروپێك لە بەهاکان بریتییە لە تێکرای دووجایی بۆ لادانەکانی ئەو بەهایانە لە تێکراییە ژمێرییەکەی.

به دەربرینێکی دیکە لادانی پێوانەیی بریتیە لە ڕەگی دووجا بۆ ناوەندی دووجای لادانەکان لە تێکرای ژمێرەیی.

هەڵەی پێوانەی | الخطأ المعياري | **Standard error**

تەماشابکە: لادانی پێوانەیی **Standard deviation**

ئاستی بژێوی | مستوى المعيشية | **Standard of living**

ئاستی بژێوی دیاری دەکرێت بە رادەی ئەو کالا و کەرەستە خزمەت گوزاریانەی کە تاك یان خێزان یاخود توێژێکی کۆمەڵایەتی یانیش گەل دەستی دەکەوێت.

دیارە ئەو رادەیەش لە کالا و خزمەت گوزاریەکان، بە رۆڵی خۆیان پەیوەست دەبن بە پلەی پێشکەوتنی شارستانی یان پێکهاتەی چینایەتی کۆمەڵگە، سەرەرای فەرمانی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو کالاو خزمەت گوزاریانە.

ئاستی بژێویش لەسەر بنچینەی تێکرای دەسکەوتی تاك لە کالا و خزمەت گوزاریەکان دەپێورێت.

یەك ئەندازەکردن | التنميط
به پێوانه کردن | التقنين
**Standardization**

مەبەست لە زاراوەکە، دیاریکردنی ژمارەی شێوە جۆراو جۆرەکانە، کە هەر چەشنێك یان لقێك لێیان پێکدێت.

هەر چەندە ژمارەیەکی گەورەی شێوەکان لە سروشتدا دەکرێ رووبدەن، بەلام هەندێ نمونە کە تاکەکانی لە یەك دەچن لە یەکچونێکی گەورە، ئەوانە دەکرێ درێژە بە مانەویان بدەن، هەر ئەو راستیەشە وادەکات کە هەستان بە پولینکاری و گشتاندن لە توانا دابێت.

پرۆسەی هەڵبژاردنی لە یەك چوون لەحالەتی گەشەکردنی سیتمە کۆمەڵایەتیەکان دێتەدی، تا ئەگەر ئاراستەی هۆشیاری رۆڵیش بگێرێت.

دیاردەی یەك ئەندازەکردنی کۆمەڵایەتی لە زمان و جل و بەرگ و شێوازەکانی رەوشت و نەریت و هەڵس و کەوتەکانی کارکردن دەردەکەوێت، لە راستیداو لە دیدێکی گشتیەوە، دەکرێ تەماشای هەموو تێورییە کۆمەڵایەتییەکان بکرێت وەك نموونە بۆ یەك ئەندازەکردن.

برسێتی | المجاعة | **Starvation**

تەماشابکە: قاتی و قری **famine**

دەولەت | الدولة | **state**

لێرەدا مەبەست مانا سیاسیەکەی زاراوەکەیە. دەوڵەت کۆمەڵگەیەکی رێکخراوە لەسەر هەرێمێکی دیاریکراودا دەژێت و ملکەچی دەسەلاتی ئەنجومەنێکی فەرمانرەوایە، خاوەن سەروەرییە کە سایەتیەکی مەعنەوی جیاواز لە کۆمەڵگاکانی دیکەی هاوشێوەی هەیە.

لە نێوان تاکەکانی دەوڵەت پەیوەستەیەکی سیاسی و یاسایی هەیە، بە پێی ئەو پەیوەستیە، دەبێ ئەندامانی ملکەچی دەوڵەت و پابەندی یاساکانی بن.

هەروەها پەیوەست دەکات لەسەر دەولچەت پارێزگاری لە گیان و ماڵی ئەندامانی و لە هەموو مافە سروشتی و دانراوەکانی بکات.

دەوترێت: یەکخستن و چرکردنەوەی دەسەلاتەکانی دەوڵەت (etatism) واتە سۆسیالستی دەوڵەت.

تەماشابکە: دەوڵەتی فیدراڵی **Federal state**

Legal state — دەوڵەتی یاسایی

Walfar state — دەوڵەتی خوش گوزەرانی

**State, legal** — الدولة القانونية — **دەوڵەتی یاسایی**

ئـەو دەوڵەتـەی ئەنجومەنـە فـەرمانرەواکانی تێیـدا ملکەچـی یاسـادەبن، بـەجۆرێك هـەموو لایەنـەکان لـە هاولاَتیـان و لەدەسـەلاَتدار گـوێ رایـەڵی چـەند بنەمایـەکی یاسـایی ناسـراودەبن، بـەوەش پێگـە یاسـاییەکانیان دەسـت نیشـان دەکرێـت بەشێوەیەکی روون، سەروەری و بریاری بالاش لەناو کۆمەڵ بۆ یاسا دەبێت نەك بۆ ویستی فەرمانرەوا.

**State farm - sovkhoz -** — المزرعة الحكومية — **کێڵگەی کشتوکاڵی دەوڵەت - سوفخوز -**

لەولاَتی - یەکێتی سوڤیەت - ی پێشو، دوو جۆری سەرەکی لـە رێکخسـتنی کشـتوکاڵی هـەبووە، ئـەوانیش کێڵگـەی بەکۆمـەڵ و بەناوی - کولخوز - ناسرابوو، لەگەڵ کێڵگەی حکومەت بەناوی - سوفخوز - ناسرابوو.

جۆری دووەمیان، ئەو کێڵگانەن کە دەوڵەت خاوەنداریيان دەکات و راستە و خۆش بەرێوەیان دەبات.

لێرەدا دەوڵەت بەرێوەبەرەکانیان دیاری دەکات و موچەی کارمەندانیشی دەدات، بەرهەمەکەشی موڵکی دەوڵەت دەبێت.

مەبەسـت لـە دامەزرانـدنی ئـەو کێڵگەیـەش، ئەوەیـە کـە ببێتـە نموونەیـەك لـەرووی بـەکارهێنانی تـازەترین شـێوازە کشتوکاڵیەکان، دیارە ئەوەش دەبێتە هۆی زۆری و باش بوونی بەرهەم.

**State socialism** — أشتراكية الدولة — **سوسیالیزمی دەوڵەت**

رێبازێکە چەند کەسانێك لەهەڵگرانی هزری سۆسیالیزمی لەولاَتی فەرەنسا بانگەوازیان بۆی کردووە، بەتایبەتی - لوی بلان -.

ناوبرا باوەری بەرێبازی سۆسیالیزمی دەولەت و لەسەر شێوەی پلە بەپلە هەبووە، ئەو رێگایەش بەرێگای سروشتی دەزانرێت.

هەروەها باوەری بەهاوکاری مەعنەوییە لە نێوان چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، بیرۆکەی ململانێی چینایەتی دوور دەخاتەوە، کە حالەتی شۆرش بە رێگایەك بۆ پێشکەوتن دادەنێت.

سۆسیالیزمی دەوڵەت، داوای دەستێوەردانی دەوڵەت دەکات لەگەڵ فراوان بـوونی سـنوری چـالاکیەکانی لـەبوارە ئابورییەکانـدا، هەروەها جەخت لەسەر گرینگی پەروەردەو رۆشنبیرکردنەوەیکۆمەڵ بەمەبەستی بەرزکردنـەوەی ئاسـتی بیرکردنـەوەی، بـۆ ئەوەی بەتواناتربێت لەبەکار هێنانی شارەزاییەکانی هەروەها فێربێت سوود لەبەرهەمی شارستانیەت وەربگرێت.

بەو کارانەش، رێگا خۆش دەکرێت بۆ گواستنەوەی هێمنانەی دروست بـۆ رێکخسـتنێکی کۆمەڵایـەتی نـوێ، کـە ناوەرۆکەکـەی بەرهەمی زۆرو دادپەروەریش لەدابەشکردنی ئەو بەرهەمە کۆمەڵایەتیە بکرێت.

**State, vassal** — دولة تابعة — **دەوڵەتی پاشکۆ - ژێر دەست -**

هەر دەوڵەتێك ملکەچی دەوڵەتێکی دیکەبێت ئەو دەوڵەتەش دەوڵەتێکی دەسەلاَتدار (suzerain state) دەبێت.

دۆخـی پاشـکۆیەتی چـەند پلەیـەکی جیـاوازی دەبێـت، بـەلاَم بەشـێوەیەکی گشـتی واگریمانـە دەکـرێ کـە دەوڵـەتی پاشـکۆ بەکارهێنانی سەروەری دەرەکی لێ قەدەغەبکرێت و بەشێکی کەمیشی لەدەسەلاَتی ناوخۆیی دەبێ.

دیارە ئەو حاڵەتەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەشداری لە کاروباری نێودەوڵـەتی نـەکات تـەنها بـەهۆی دەوڵەتـە دەسـەلاَتدارەکەوە دەبێت کە بۆتە پاشکۆی، هەر ئەویش نوێنەرایەتی دەکات و کاروبارەکانی بەرێوە دەبات.

بیٚ ولاٚت ـ

بیٚ هاولاٚتی نامه

**State less** العديم الجنسية

واته، هەرکەسێك سیفەتی ـ ڕۆڵەی نیشتمانی ـ بەسەردانەسەلێنرێت لەهەر دەوڵەتێك بەپێی یاسای ڕەگەزنامەکەی، لەو حاڵەتەش وەك بیانیەك دەناسرێت.

ڕەنگە ئەو دیاردەیە لەکاتی لەدایکبوونەو بێت، ڕەنگیشە لە مێژوویەکی پاشتر ڕوووبدات.

کۆمەڵگەی بیٚ دەوڵەت

**State less society** المجتمع بدون دولة

ئەو کۆمەڵگایەی دەوڵەتێك نوێنەرایەتی ناکات، واتە ئەو کۆمەڵگایەی خاوەن بونیادی سیاسی پسپۆر نیە، ئەو بونیادەی کە پێك دێت لە چەندین فەرمان و دامەزراوە لێرەدا مەبەست لەفەرمانە پسپۆرییەکان، ئەو فەرمان و دامەزراوە ڕەسمیانەن کە ناویان لێنراوە و بڕواشیان پیٚ کراوە و لەلایەن کە سانی شارەزاوە بەڕێوە دەچن، نەك هەرکەسێك بێت.

بەڕێوبردنی

کاروباری دەوڵەت

**States manship** تدبير أمور الدولة

بەڕێوبردنی کار و باری دەوڵەت دەکریٚ ئەنجام بدرێت، وەك لقێك لەو فەلسەفە پراکتیکیەوە، کە زانینی ئامانجە ڕاستیەکانی کۆمەڵگەی سیاسی دەگرێتە خۆی، لەگەڵ ئەو هۆکارانەش کە دەکریٚ ئەو ئامانجانەی پیٚ بێتە دی، یان ئەو هونەرە کردەییەی ئامانجی جێبەجێکردنی دەسەلاٚتی سیاسی و پارێزگاری کردنیەتی.

زانستی ستاتیك

ـ وەستان ـ

**Static** علم السكون

باسکردنی دیاردەکان لەو بارە ڕاهاتووەی کە تێیدان بیٚ گوێدانە پەرەسەندنیان یان گۆڕانیان. دەوترێت کۆمەڵناسی ستاتیکی لە بەرامبەر کۆمەڵناسی دینامیکی.

کۆمەڵگەی بیٚ جوڵە

ـ وەستاو ـ

**Static society** المجتمع الاستاتيكي أو الساكن

کۆمەڵگەیەکی کەم ئەزموونە، گۆڕانیشی بەسەردا ڕوو نادات لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە.

لە ڕابردوودا باوەر وابوو کە کۆمەڵگا سادەکان، ئەوانی خاوەن کولتورێکی نووسرا و نین، ئەو کۆمەڵگایانە لە ماوەی هەزاران ساڵدا کۆمەڵگای بیٚ جوڵە ماون. لە کاتێکدا چەند کۆمەڵگەیەك بە خێراتر لە وانی دیکە دەگۆڕێن. ئەوەی جێگای گومانیشە کۆمەڵگە بیٚ جوڵەو وەستا و بمینێتەوە. بگرە تا سادەترین کۆمەڵگاکان گۆڕانیان بەسەر دێت، ئەویش بە هۆی فاکتەرەکانی گۆڕان لە تەکنولوجیا و زانست و پەیوەندییە کولتورییەکان و ڕکابەری و ڕووداو و کارەساتەکان، هەروەها لە دەستدانی دەرامەتەکان و کۆچکردن بۆ ژینگە تازەکان.

**statism** مذهب مركزيةالدولة دەولەت خوازی

**Etatism** تەماشابکە:

**Statistics** الاحصاء ئامار

زانستێکە، توێژینەوە لە شێوازی کۆکردنەوەی ڕاستیەکان دەکات، ئەوانی تایبەتن بە دیاردە زانستی و کۆمەڵایەتیەکان کە خۆیان لە چەند حاڵەتێك یان سەرنجدانێك دەنوێنیٚ. هەروەها زانستێکە توێژینەوەکانی دەربارەی چۆنیەتی تۆمارکردنی

ئەو راستیانە دەبێت، ئەویش لە شێوەیەکی پێوانەی ژمارەیی لەگەل کورتکردنەوە شیان بە ڕێگایەك کە بەهۆیەوە زانینی ئاراستەکانی ئەو راستیانە و پەیوەندییەکانی هەندێکیان لەگەڵ هەندێك و ئەو یاسایانەی بە هۆیانەوەی کار دەکەن ئاسان بێت.

لە جۆرەکانی ئاماریش:

ئاماری وەسفی (descriptive statitics) ئامارەکان بە کورتکراوەیی ئامادە دەکات، لە شێوەی تێکراییەکان یان پێوەری بۆ ئاراستەکان.

ئاماری نموونەیی یان ئامارە دەرئەنجامیەکان (inductive or sampling statistics) ئەم جۆرەیان گرینگی دەدات بە رادەی نوێنەرایەتی کردنی نموونەکە بۆ ئەو کۆمەڵگایەی کە لێی وەرگیراوە.

ئاماری پەیوەندییەکان (statistics of relation ships) ئەم جۆرە ئامارە گرینگی دەدات بە پێوەری پەیوەندییەکانی نێوان گۆڕاوەکان هەڵگری مۆرکێکی چەندایەتی رووت، واتە بە پەیوەست بوونەوە.

ئاماری نیشانەدارەکان (parametreic statics) گرینگی دەدات بەدانانی چەند گریمانەیەك دەربارەی سروشت و خەسڵەتەکانی ئەو کۆمەڵگایەی نموونەکەی لێوەر دەگیرێت.

ئاماری بێ نیشاندارەکان (non parametric statistics)، لێرەدا چەند شێوازێك بۆ بە ئەنجام گەیەشتن بە کاردەهێنرێت، کە هەڵناسن بە دانانی ئەو گریمانانە.

**نەخشە ئامارییەکان** الخرائط الاحصائية **Statistical maps**

نەخشە ئامارییەکان بە شێوەیەکی گشتی بە کاردەهێنرین بۆ روونکردنەوەی لێك نەچوونی هەرێمێك لە رووی چڕی میلێکی چوار گۆشە لە ئاست دیاردەیەکی دیاریکراو (density maps)، یان بۆ روونکردنەوەی دابەش بوونی زەوی لە ئاست یەك لە دیاردەکان (distribution maps).

**خشتە ئامارییەکان** الجداول الأحصائية **Statistical tables**

شێوازێکە بۆ ڕێکخستن و کورتکردنەوەی زانیاریەکان، یان بەهاکان و پۆلێنکردنیان و دابەشکردنیان بە ڕێگایەکی لۆژێکی و بە شێوەیەك توانای خوێندنەوەو تێگەیشتنیان هەبێت. هەروەها ئەو خشتە ئاماریانە یارمەتی بە جێگەیاندنی بەراودکردنەکان دەدەن.

**پلەو پایەی فەرمی** المركز الرسمي **Status, formal**

پلەو پایەی کەسێك لە ناو کۆمەڵ، کە بەشێوەیەکی رەسمی دیاری دەکرێت، دیارە بە پێی ئەو پلەو پایەیە، ئەو کەسە ماف و ئەرکەکانی سەرشانی ڕووندەکرێتەوە، نموونەش بەڕێوبەری کارگێری لە دامەزراوەیەکدا.

**پلەو پایەی نافەرمی** المركز غير الرسمي **Status, informal**

کەسێك پلەو پایەیەکی هەبێت لە ناو کۆمەڵێکی نارەسمی، پلەو پایەکەی جیاواز دەبێت لە پلە و پایە رەسمیەکەی. ڕەنگە تاك پلەو پایەکی رەسمی نزمی هەبێت، بەڵام لە پێگە نا رەسمیەکەی خاوەن دەسترۆییەکی گەورە بێت، ئەویش بە هۆی ئەو تایبەت مەندی و خەسڵەتانەی پێی دەناسرێت، یاخود بە هۆی پلەو پایەکەی لە دەرەوەی کۆمەڵ.

ئەو کەسەی پلە و پایە رەسمیەکەی ڕێگای هیچ دەسەڵاتێکی پێ نادات، دەکرێ خاوەن دەسەڵات و دەسترۆییەکی گەورە بێت بە هۆی پێگە نارەسمیەکەی.

**Status, social** المركز الاجتماعي پلەو پایەی کۆمەڵایەتی

ئەو پێگە کۆمەڵایەتیەی تاك کاری تێدا دەکات باب، کور، ماموستا، قوتابی، سەرۆك، ژێردەست....، هەر پلەو پێگەیەك لەوانە چەند رۆڵێکی دیاریکراوی پێوە بەستراوەتەوە، تاك پێیان هەڵدەستێت بە پێی ڕێسا ڕەفتارییە سەلمێنراوەکان.

دەکرێ پێگە کۆمەڵایەتیەکە درابێتە پاڵ، یان سە پێنراو بێت (ascribed stiatus) بەسەر تاکداو ناتوانێت هیچی لێ بگۆڕێت ئەو حاڵەتەش هەر وەك باوە پەیوەست دەبێت بە دۆخی لە دایکبوونی کەسەکە، یان ڕەچەڵەك و خزمایەتی یاخود رەگەز و یانیش ئاینەکەی، هەروەها رەنگە پلە کۆمەڵایەتیەکەی دەسکەوتوبێت یان بەر ئەنجامی کارێك بێت ئەو پلەو پێگەیەش تاك بە هەوڵ و توانا و لێهاتوویی کەسایەتی خۆی پێی دەگات (achieved status). لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان پلەو پایە سەپێنراوەکان بڵاو دەبێتەوە، لە کاتێکدا لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان پلەو پایە دەسکەوتووەکان بڵاو دەبنەوە.

**Statute** القانون النظامالأساسي یاسا یاسای بنەرەتی

1- یاسایەکی نووسراو، لەلایەن دەسەڵاتە جیاوازەکانی یاسادانانەوە دادەنرێت لە بەرامبەریشدا یاسای نە نوسراو هەیە (unwritten law).

2- سیستم یان پرۆژە یاسا بۆ دەستە بەرکردنی باش بەرێوەچوونی کارێك، بۆ کۆمەڵێکی گشتی یاخود تایبەت، وەك کۆمپانیاو، کۆمەڵەیەك.

**Statutes personal** قانون الاحوال الشخصية یاسای باری کەسێتی

یاسایەکە، چارەسەری بابەت و حاڵەتەکانی کەسی مرۆڤ دەکات، وەك : هاوسەرگیری، لەیەك جیابوونەوە، باوکیەتی، کورێنی، خەرجی بژێو، ڕەچەڵەك..،

هەروەها بابەتە پەیوەند دارەکان بە شایەستەیی و دەسەڵاتداری بەسەر سامان و میرات و وەسیەت کردن.

**Sterility** العُقم نەزۆکی

واتە، بێ توانایی پیاو یان ژن لە بەشداریکردن بۆ نەوە هینانەوە منداڵ بوون دەکرێ ئەو نەزۆکیە بەردەوام یاخود کاتی بێت. بەڵام بێ بەرەیی (infertility) ڕەنگە هۆیەکەی وشك بوونێکی فسیولوجی بێت، یاخود هۆیەکەی لەسەر ئارەزووی هەردوو هاوسەر بوەستێت.

**Stereotype** القالب الجامد الفكرة النمطية الثابتة کلێشە دروست کردن - ستیریوتایپ -

کۆمەڵە گشتگاندنێکە لایەنگیری و زیادەرۆی تێدایە دەربارەی کۆمەڵێك یان دەستە خەڵکێك. ئەو گشتاندنەش شێوەی بیرۆکەیەکی نەگۆر وەردەگرێت و دژواریشە راستکردنەوەی تا ئەگەر بەڵگەش لەسەر هەڵەکانی هەبێت.

هەروەها مەبەست لێی، پرۆسەی دابەشکردنی خەڵکە بۆ چەند شێوە و جۆرێکی بێ جووڵەلە رووی ئاکار و خەسڵەتە مرۆڤایەتیەکانەوە، چونکە تاك بیر و باورە نموونەییەکانی لەو گروپە سەرچاوەییانە وەردەگرێت، کە ئینتیمای بۆ یان هەیە.

نەزۆ كاندن
التعقيم
**sterilization**
نەزۆ ككردن

هۆكارێكی پزیشكیە بۆ ڕێكخستنی منداڵبوون، بەكار دەهێنرێت بۆ نەهێشتن، یان وەستانی منداڵبوون، ئەگەر بۆ نێربێت یان مێ.

چەند یاسایەك دەربارەی ئەو دیاردەیە هەیە و سەلماندویەتی كە كار بەو ڕێكارییە پزیشكیە بكرێت لەحاڵەتی گواستنەوەی پشتاوپشتی چەند نەخۆشیەك، ئەگەر جەستەیی بێت یاخود ئەقڵی.

تەماشابكە: بۆماوەیی
**Heredity**

بەئاگاهێنەر
المنبه
**Stimulus**
وروژێنەر
المثير

هەر شتێك ببێتە هۆ بۆ ڕوودانی گۆڕانێك لە چالاكی بوونەوەری زیندوو، یان لەناوەڕۆكی شارەزاییەكی هەست پێكراو.

ڕەنگە هاندەر یان ورژێنەر دەرەكی بێت (external stimulus) یان ناوەخۆیی بێت (internal stimulus).

ڕەواقیزم
الرواقية
**stoicism**
- تاكگەرایی - زانستخوازی -

قوتابخانەیەكی فەلسەفیە لەلایەن - زەینون - ەوە دامەزراوە، بۆچوونی وایە كە جەو هەری - ماهیەت - ی مرۆڤ بەشێكە لەو یەكگرتنە كۆ كراوەی نێوان خودا و سروشت، هەر بەپێی بۆ چوونەكانی ناوبرا: ڕاستی مادییە، هێزێك دەسەڵاتی بەسەریدا دەبێت، ئەویش - هێزی یەزدانیە - و ئاراستەشی دەكات.

قوتابخانەكە جەخت لەسەر زاڵبوونی زەرورەت لەگەردوندا دەكات، لەگەڵ زاڵبوونی ویست لە هەڵچوونە مرۆڤایەتیەكان، ئەویش لە پێناو بەدیهێنانی شادی.

چەرخی بەردین
العصر الحجري
**Stone age**

سەردەمێكە، تێیدا مرۆڤ كەرەستەو پێداویستی و چەكەكانی خۆی لەبەرد دروست كردووە، ئەو ماوەیە دەكەوێتە پێش ئەوەی مرۆڤ كانەكان لەزەوی دەربهێنێ و كەرەستەو ئامێریان لێ دروست بكات.

چەرخی بەردین ئاماژە بۆ ماوەیەكی مێژوویی جێگیر ناكات، بەڵام قۆناغێكی شارستانیەت دیاری دەكات كە زۆر لەدانیشتوانی زەوی پێدا تێپەر بوونە.

چەرخی بەردین بەپێی جۆری ئامێر و كەرەستەكان و پلەی پوختی و وردی دروستكردنیان هەروەها بەپێی ئەو چیینە زەوییەی كە ئەو كەرەستە و ئامێرانەی تێدا دۆزراوەتەوە، دابەش دەكرێتە سەر دوو بەشی سەرەكی:

چەرخی بەردینی كۆن، یان چەرخی بەردینی داتاشراو (paleolithic) هەروەها چەرخی بەرینی تازە، یاخود چەرخی بەردینی سافكراو (neo lithic).

ئەو دوو چەرخە هەریەكەیان خەسڵەتە جیاوازەكانی شارستانیەتی هەڵگرتووە، بەپێی جیاوازی كات و ژینگە و مرۆڤ.

نامۆ
الغريب
**Stranger**
بێگانە
الاجنبي

تەماشابكە: بێگانە
**Alien**

ستراتیژییەت | الاستراتیجیة | Strategy
مەبەست لە زاراوەکە، هونەری سەرکردایەتی لە جەنگێکی گشتی ولە سەرئاستی دەوڵەتدا، بەم پێیە پلانە سەربازییەکان لەگەڵ پلانە ئابووری و راگەیاندن و سیاسییەکان هەمووماں رێکدەخرێن، هەروەها وابسی دەکرێت کە ستراتیژییەت پلانێکی گشتیە بۆ هەڵمەتێکی سەربازی تەواو.
ستراتیژیەت لەرووی سیاسییەوە، بریتیە لە دیاریکردنی ئامانجەکان و دەست نیشان کردنی هێزی سەرەکی هێرش بردن و ئاراستەی سەرەکی بزاوتەکە.
زاراوەی ـ بابەتەکانی ستراتیژییەت ـ بەهەموو ئەو کەرستانە دەوترێت کە بەشدارن لە جێبە جێکردنی پرۆسەکانی جەنگ و یارمەتیدەر دەبن لە بەدەستهێنانی سەرکەوتن.
هەروەها زاراوەی ـ مەلبەندەکانی ستراتیژییەت ـ بەو شوێنە سەربازییە گرینگانە دەوترێت کە لەسەرکەوتن سوودیان لێوەردەگرێت، ئەگەر لە رووی بەرگریکردن بێت یان هێرش بردن.

ریزبەندی چینایەتی | التدرج الطبقي | Stratification
تەماشابکە: توێژبەندی کۆمەڵایەتی | Social stratification
چینی کۆمەڵایەتی | Social class

توێژی چینایەتی | الشریحة الطبقیة<br>القطاع الطبقي | Stratum
کۆمەلێك لە تاك و گروپەکان هەمان توێژ پێکدەهێنن، ئەوانە لە هەمان ئاستی پرۆسەی توێژ بەندی چینایەتی دەبن، وەك کرێکار و کارمەند و جوتیاران و ....هتد.
لێرەدا توێژی چینایەتی نزم (lower statum) هەیە، تاکەکانی ئەوانە بە ئەقلیەتێکی سەرەتایی و کورت بینی و بێتوانایی جیاواز دەکرێنەوە.
هەروەها توێژی چینایەتی بالا (higher stratum) هەیە، کە پێکدێت لەوانی پێشرەوی ناو کۆمەڵگەن، واتە دام و دەزگاکانی فەرمانرەوا و رۆشنبیرانی نەتەوە.
تەماشابکە: چین | class
توێژ | category

ململانێ<br>کێشمەکێش | الصراع | Strife
تەماشابکە: ململانێ، دژایەتی | Conflict
مانگرتن | الاضراب | strike
رازی نەبوونێکی بە کۆمەڵی کرێکارانە لە جێبەجێکردنی ئەو کارەی کە پابەند بوون پێوەی بە پێی گرێبەستەکانی کارکردن لە نێوان کرێکار و خاوەن کارەکان، ئەویش لە پێناو چەند داواکارییەك دەربارەی مەرجەکانی کارکردن. دەوترێت:
مانگرتنی سست و هێواش | Ca'canny strike
مانگرتنی نارازی بوون | Demonstration strike
مانگرتنی ناڕەوا | illegalor outlaw strike
مانگرتنی نەرێنی | - negative strike
مانگرتن لە بەشێکی کار | - partial strike

- sit-down strike مانگرتن له شوێنەکانی کار
- secondary strike مانگرتنی لاوەکی
- sympathetic strike مانگرتنی هاوسۆز
- positive strike مانگرتنی ئەرێنی

مانگرتن گرینگترین ئامرازە کرێکاران بە کاری دەهێنن دژی خاوەن کار، لە بەرامبەریش خاوەن کار ڕێگای داخستنی دامەزراوەکە دەگرێتە بەر ( lock - oub).

چەند یاسایەکی کارکردن، ڕێگا لە مانگرتنی کرێکارانی دامەزراوەی گرینگ قەدەغە کردووە، ئەویش لە هەندێ بارودۆخ، کاتێ ململانێ و ناکۆکی نێوان هەردوولا وەك کێشەیەك دەخرێتە بەردەم ڕێکەوتن لە دادگا.

**بونیادگەری** — التركيبية البنيانية — **Structuralism**

**ـ بونیاد خوازی ـ**

کۆی ئەو بیروباوەر و هزرانەیە کە پراکتیك دەکرێت بە جۆرێکی تایبەت لەسەر زانستە مرۆڤایەتیەکان، وەك دەروونناسی و کۆمەلناسی.

ئامانجیش هەوڵدانێکە بۆ ڕاڤەکردنی دیاردەکان بەهۆی بیرۆکەی بونیادەوە، واتە کۆی پێکهاتوەکە لەچەند ڕەگەزێکی پەیوەست هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی دیکە، ئەوانی توانای گۆڕان و دروست بوونیان هەبێت.

تەماشابکە: جشتالیزم **gestatltism**

**بونیاد** — البناء — **Structure**

**چەمکی بونیاد**

ئەو گشتەی پێکهاتووە لە چەند دیاردەیەکی هاوکار لەگەڵ یەکتر، بەجۆرێك هەر دیاردەیەك تێیدا دەبێتە پاشکۆی دیاردەکانی دیکە و پەیوەستیش دەبێت پێوەیان.

بە دەربرینێکی دیکە، بونیاد، ڕێکخستنێکی بەردەوامە بەشێوەیەکی ڕێژەیی، بەشەکانی بە چەند ڕێگایەکەوە دەجوڵێن کە پێشتر دیاریکراون، هەروەها سستمەکە (یان شێوازەکە) سنوردار دەبێت بە جۆری ئەو چالاکیەی کە کاری پێدەکات.

دەوترێت: بونیادی چینایەتی (class stru cture) و بونیادی کۆمەلایەتی ( social structure).

هەندێ جار کارل مارکس بەبناغەی ئابوری وتووە بونیادی خوارەوە، یان ژێرخان (infra - structure) و بە دیاردە رەوشتی و ئەقلیەکانیشی وتوە بونیادی سەرەوە (supra - structure)، بۆ چوونیشی وایە کە دووەمیان لەسەر یەکەمیان دادەمەزرێت.

**تێکۆشان** — الكفاح — **struggle**

یەك لە شێوەکانی کارلێکی کۆمەلایەتیە، ئەو شێوە کارلێکەش، رکابەری و ململانێ دەگرێتەوە.

دەوترێت خەباتی چینایەتی (class struggle)و خەبات لە پێناو مانەوە.

.(struggle , for existence).

**شێوە، مودە** — الشكل، الزي — **style**

**شێواز** — الطراز

فۆرمێکی جیاواز لە خستنە روو، یان لە بونیادنان و یاخود لە جێبە جێکردنی هەر هونەرێك یانیش بەر هەمهێنانێك.

**subalternation** — التداخل — **تێ هەڵکێش بوون**

**چون بە ناویەکدا**

لە لوژیکدا، مەبەست لە چون بە ناویەکدا، ئەوەیە کە مەسەلەیەکی گشتی (universal propostion)، مەسەلەیەکی لاوەکی (subaltern proposition) بگرێتەوە.

ئەویش بێ گۆران لە چون و لەهەمەگەریدا، ئەگەر مەسەلەکە پوزەتیف بوو یان نیگەتیف، مەسەلەکەش بە شێکی یەکگرتوو لە چونیەتیدا و لەگەلیدا دەگرێتە خۆی.

**subconscious** — تحت الشعور — **ژێر ئاگایی**

**پەراوێزی هەست**

رووداوە دەروونیە شاراوەکان کە لە تواناباندا بەو بارەی لە سەریەتی و لە خودی خۆیدا نیە بگەنە هەست، هەروەها لە توانادا نیە ناوەرۆکەکەی بزانرێت بە شێوەیەکی راستەخۆ، بەڵکو بە هۆی شیکرنەوەی دەروونی دەردەکەوێت.

زاراوەکە لە فوتابخانەی شیکاری دەروونی بەکار ناهێنرێت بەڵکو لە جیاتی ئەو زاراوەی (unconscious) بەکاردەهێنرێت.

**subculture** — الثقافة الفرعية او الخاصة — **کولتورێکی لاوەکی**

**وردە کولتور**

ئەو کولتورەی لە ناو کۆمەڵگایەك پێك دێت، هەندێ توێژ بۆ خۆی کولتورێکی تایبەت پێکدێنێ جیاواز لەو کولتورە گشتیەی ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی.

ئەو کلتورە لاوەکیە هەرچەندە جیاواز دەبێت لە ئاراستە گشتیەکەی کولتوری کۆمەڵگە، بەلام کولتورێکی جیابۆوە نیە لێی بە تەواوی، بەڵکو سەرچاوەکانی لەو وەردەگیرێت و پیوەستیەکی گشتی پێوە دەبێت.

**Sub group** — الجماعة الفرعية / العشيرة — **گروپی لاوەکی**

**عەشیرەت ژێر گروپ**

لقێکە لە گروپێکی گەورەتر، رەنگە وەك یەکەیەکی فەرمانی لە ناو گروپە گەورەکە کار بکات، هەروەها هەندێ جار بە جیا لێی کار دەکات.

**Sub jectivism** — الذاتانية — **خود گەرایی**

**- خودی -**

رەوتێکی فەلسەفیە، بۆ چوونی وایە کە زانین و لێکدانەوە و رێ و شوێنە بە هاییەکان، ئەوانە بۆ شارەزایی خود دەگەرێنەوە.

دەوترێت: میتۆدی خودی (subjective method)، واتە رامان و ئەو پشکنینە دەروونیەی درکی پێ ناکرێت تەنها ئەوندەی لە ساتێکدا بۆ هەست رووندەبێتەوە.

**Sublimation** — الأعلاء / التسامي — **بالابوون**

زاراوەیەکە (فرۆید) دایهێناوە، وەك ئاماژەیەك بۆ پرۆسەی گۆرینی هێز و توانای ئارەزوو یستە شاراوەکان هەروەها کارپێکردن و

سـوود لـێ وەرگرتنیـان لـە بوارەكـانی دیكـە، كـە دۆخـە كۆمەڵایـەتی و نەریتـەكان دەیسـەلمێنن، نموونـەش، گـۆڕینی ئـارەزووە سێكسیەكان بۆ ئارەزووی هونەری و گۆڕینی ئامانجە غەریزییەكان بە ئامانجی كۆمەڵایەتی (بایەخدان بە هونەر و ئەدەب).

ملكەچی | الخضوع | Submission
خۆبەدەستەوەدان | الاذعان

خۆبەدەستەوەدانبە یاسایەك یان دەسەڵاتێك یاخود ملكەچی بۆ سەركردایەتیەك.

لە یاسادا مەبەست لە ملكەچی، رازی بوونە بەمەرجەكانی گریبەستی گوێ رایەڵی.

تەماشابكە: ملكەچ كردن، پاشكۆیەتی Subordination

بە پەلكردنی كارا | التفریع الفعال | Suboptimisatioin

زاراوەیەكـە بـەكار دەهێنرێـت لـە شـیكردنەوەی چـەندایەتیدا بـۆ چـەند كێشـەیەكی جـۆرا و جـۆر، لـە كـاتی هەڵبـژاردنی سیاسەتێك لە نێوان چەند ئەلتەرناتیڤێكی گونجاوی بەردەست، ئەوا هەندێ فاكتەر كاریان پێدەكرێت لەبەر ئەوەی فاكتەری نەگۆرن (جێگیرن)، لە كاتێكدا كارەكە لەڕاستیدا جیاواز دەبێت، یان لە كاتی پشكنین پشت بە چەند فاكتەرێكی گۆڕاوی دیكە دەبەسترێت، ئەوەش رێگا خوش دەكات بۆ بە ئاسانكردنی كێشە ئالۆزەكەی سیاسەت بـە كـاركردن لەسـەر بـەش بەشـكردنی (كێشەكە) لە ناو بەشە جیاوەزەكانی رێكخراوەكە.

ئەو سیاسەتەی پیادەش دەكرێت بە پێی ئەو شێوازە بە لقە سیاسەتێكی كارا (suboptimum) دادەنرێت بە بەراودكردنی بەو سیاسەتەی كە بژاردە دەكرێ لە كاتی بە هەند وەرگرتنی هەموو گۆڕاوەكان.

ژێر دەستەیی | الاخضاع | Sub ordination
پاشكۆ كردن | التابعیة

كردارێكە بە هۆیەوە تاكێك یان گروپێك لە پلەو پایەیەكی كەمتر دادەنرێت لە ئاست تاكێك یـاخود لەئاست گروپێكـی دیكـە كە دەسەڵاتێكی بالای بە دەستەوەیە.

زاراوەكە لە دەروونناسیدا بەكار دەهێنرێت وەك ئاماژەیەك لەسەر ملكەچی ناوەندەكانی خوارەوەی كۆ ئەنـدامی دەمـاری بـۆ ناوەندەكانی بالا.

تەماشابكە: بەرز خوارزی Super ordination

باربوو | الاعانة | subsidy
كۆمەك

برە پارەیەكە دەوڵەت بە دامەزراوە خۆجەییەكانی دەدات، ئەویش بە مەبەستی هاوكاری كردنیـان لـە ئاسـت خەرجـەكانیان، یان بریتیە لەو یارمەتیەی دەدرێتە نێنەران بۆ زۆركردنی قەبارەی هەناردەكانیان.

تەماشابكە: یارمەتی assistance

ئابوری گوزەران | اقتصاد الكفاف | Subsistence economy
- ئاستی بژێوی -

جۆرە رێكخستنێكی ئابورییـە، بـە بـەكارهێنانی هونـەرێكی بەرهـەمهێنانی سـادە جیـاواز دەكرێتـەوە لـەو جـۆرە رێكخستنە

ئابورییە چەند یەکەیەکی کۆمەڵایەتی بچووک یان چەند خێزانێك یاخود چەند گروپێکی نەریتی و یانیش هۆزایەتی کۆمەڵە لادێیەکان دەگرێتەوە.
لە تایبەتمەندییەکانی ئەو شێوە ڕێکخستنە، تەنها پێداویستیە زەرورییەکانی ژیان بۆ ئەندامانی دابین دەکات، هەروەها وا لەو یەکە کۆمەڵایەتیانە دەکات کەملکەچی کارەکەیان بن، سەربەخۆییەکی ڕێژەیشیان هەبێت لە ئاست کۆمەڵەو لایەنەکانی دیکە لەبەر ئەوەی ئەو ڕێکخستنە ئابورییە هەڵدەسێت بە بەرهەمهێنانی زۆربەی ئەو کەل و پەلانەی بەکاری دەهێنن.
زاراوەکە بە زۆری بەکاردەهێنرێت وەك هاوتەیەك بۆ زارەوەی کاری جوتیاری بەمەبەستی بژێوی (subsistence farming) یاخود کاری کشتوکاڵی بۆ بژێوی (subsistence agriculture).
کاتێ لە بواری ئەنثروپۆلۆجیا زاراوەکە بە کاردەهێنرێت، ئەوە مەبەست باسکردنی ئەو کۆمەڵگا سەرەتاییانەیە کە پشت بە ڕاوکردن و کۆ کردنەوەی بەرو بووم دەبەستن، هەروەها دەکرێ لەوەش تێبگەیەن کە ئەم جۆرە ئابورییە تەنها ئاستی بژێوی زەروری بۆ ئەندامانی دابین دەکات.
ئەمە و دەوترێت، بژێوی گوزەرانی شارنشین (subsistence urbanization) بۆ ئەو بارەی شار، کە هاوڵاتی ئاسایی تێیدا تەنها پێداوستیە زەرورییەکانی دەست دەکەوێت.

جەوهەر
ناوەرۆك
الجوهر
**substance**

جەوهەر لەلای فەیلەسوفەکان، ئەو بوونەیە کە خۆی پەیدابووە، پێویستی بەکەس نەبووە، نەلە دۆخی تازەو نەلە کۆندا. لە بەرامبەریدا، ڕوودا و (accident) دێت، ئەوی کە دەگۆڕێت یان لە ناو دەچێت، لە کاتێکدا جەوهەر وەك خۆی دەمینێت. لەش جەوهەرە لە خودی خۆیدا هەیە، ڕەنگ ڕووداوە، لە خودی خۆیدا پەیدا نابێت.

ڕێبازی ناوەرۆکخوازی مادده
- جەوهەرییەت -
مذهب جوهرية المادة
**substantialism**

ڕێبازێکی فەلسەفیە، ئەوە دەسەلمێنێت کە ڕاستیە بەردەوامەکان ئەو دیاردانە دەگرنە خۆیان کەدەکرێ بە هۆی هەستەوە درکیان پێ بکرێت، یان ئەوە دەسەلمێنێت کە مادده جەوهەرێکی ڕاستەقینەیە نەك کۆکراوەیەك بۆ ناوەندەکانی هێز.

خستنە جێ
گۆڕینەوە
الاحلال
الابدال
**subtitution**

مەبەست لە خستنە جێ لە تیۆری ئابوریدا، هۆکارە زیاتر لە بارەکان بخرێنە شوێن هۆکارە کەمتر لە بارەکان.
کەسی بەکاربەر، هەوڵی چاکترین هۆکار دەدات بۆ ڕاهاتن لە نێوان کالاکان، ئەو بنەمای سوود و کەڵکی ڕوو لە کەمبوونەوە ڕەچاو دەکات. لە کاتێکدا کەسی بەرهەمهێن هەولی چاکترین هۆکار دەدات بۆ ڕاهاتن لە نێوان ڕەگەزەکاندا، ئەوی ئەو ڕەچاوی دەکات، (بنەمای، دەگمەنی ڕوو لە کەمبوونە) واتە هەر لایەکیان هەولی گەیەشتن بە ئاستی وەك یەك دەدات.
لە دەروونناسیدا مەبەست لە خستنە جێی یەکتر، ئاڵوگۆڕکردنی جۆرێك لە چالاکیە بە چالاکیەکی دیکە. ئەو فێڵە دەروونیەش یەك لە شێوەکانی قەرە بۆ کردنەوەیە تاك پەنای بۆ دەبات لەکاتی بێ ئومێدی، وەك پەنابردنی تاك بۆ کاری دەست پەری لە حاڵەتێکدا دەرفەتی پەیوەندی سیکسی بۆ نەرە خسێت لەگەڵ ڕەگەزەکەی دیکە.

قەراغ شار
دەڤەری شار
الضاحية
**suburd**

شوێنێکی دەوروبەری شارە و لە پەیوەندیدایە بە شارەوە. لە کاتێکدا شارە کۆنەکان لە ناو شورەکاندا بوونە، ئەوا شاری نوێ

فراوان دەبێتەوە بە هۆی فراوان بوونی ئاسایش و ئاسودەیی و هۆیەکانی هاتوو چۆ. بۆیە شارە نوێیەکان پەل دەهاوێن و درێژدەبنەوە بەرەو چەند ناوچەیەکی دیکە کە روخساری ئاوەدانی و شارستانی تێیدا کەم بووە، وردە وردە لەگەل ناوچە دیهاتیە فراوانەکانی تێکەڵ دەبن.

یارمەتی دارایی
کۆمەك
الاعانة
**subvention**

بەخشینێکی داراییە، دەوڵەت پێشکەشی دەکات بەمەبەستی هاندان یان پاراستنی چەند جۆرێك لە چالاکی ئابووری یان لە کلتوری یاخود کۆمەلأیەتی.ئەو جۆرە هاوکاری و باربۆیانەش لە بابەتە جێگیرەکانی ناو بودجەی گشتین.

یارمەتیە داراییەکان، ئەو یارمەتیانەش دەگرێتەوە کە دەوڵەت پێشکەشی چەندین جۆرە کۆمەڵەی دەکات، لە وانی: خێر خواز و ئەدەبی هونەری و کولتوری و زانستین، ئەو کۆمەلأنە ئەو توانانەیان نیە بە پشت بەستن تەنها بە ئابوونەی ئەندامانیان و چالاکیەکانیان ئەنجام بدەن، بێ ئەوەی حکومەت هاوکارییان بکات.

کارتێکردنی روخاندنی
بیر ورای کەسانی دیکە
التأثير على رأي الغير
**subverson**

کردارێکە ئامانجی راستکردنەوەیان گۆرین لە رەفتاری تاکەکان، ئەویش بەمەبەستی راکێشانیان بۆ بەرەی دژ بە رژێمێك، بۆ ئەو مەبەسەش شێوازە سایکۆلۆژییە جیاوەزەکان بەکار دەهێنرێت.

تەماشابکە: جەنگی دەروونی **War, psychological**

شوێن کەوتن
بەرو دوایی
١- التتابع، التعاقب
**succession**

مەبەست لە زاراوەی بە دوایەکداهاتنی کولتوری، لە هەر ناوچەیەك گروپێك بە دوای گروپێکی دیکە نیشتە جێی ناوچەکە بێت ( هەریەکەشیان کلتورێکی ئاوێتەی هەیە)، هەر گروپێك رێگا بۆ ئەوی دوای خۆی خۆش دەکات، ئەنجامەکەشی بە دوایەکداهاتنی گروپەکان دەبێت.

مەبەست لە بەر و دوای یەك هاتن لە ناو کۆمەڵی شارنشین، دەرچوونی دانیشتوان لەو گەرەکانەی دانشتوانی نوێ نیشتە جێی بوونە کەجیاوازیشن لە دانیشتوانە کۆنەکان.

میرات بۆ مانەوە
جێنشین
٢- التوارث

مەبەست لە زاراوەکە لە رووی سیاسییەوە، ئەو کردارەی کە شوێن کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی دەکەوێت بە دوای کە سێکی دیکە دێت، ئەو کەسە پلەو پایەك یاخود فەرمانێك یان دەسەلأتێك، دەگرێتەوە دەست، هەروەها کۆی ئەو ماف و ئەرکانەی کە پەیوەندی بەو دەسەلاتەوە هەیە بۆی دەگوازرێتەوە.

دەنگدان
مافی هەڵبژاردن
التصويت
**suffrage**

مەبەست لە دەنگدان، کرداری وەرگرتنی بیر و رِایە دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو، یان هەڵبژاردنی پالێوراوێك بۆ پلەو پێگەیەکدەنگدانیش دوو جۆری هەیە:

دەنگدانی راستەوخۆ (direct) لەو حاڵەتەدا دەنگدەر راستەخۆ ئەو کەسە دیاری دەکات کە دەنگی دەداتێ.
دەنگدانی نا راستەخۆ (indirect) لەم بارەشدا دەنگدەر دەنگ بە کەسێکی دیکە دەدات، ئەو کەسە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە.
دەنگدان دەکرێ بە نهێنی بێت (secret voting) یاخود ئاشکرا دەبێت (open voting).
هەر وەك باویشە بریار بە زۆرینەی دەنگ وەردەگیرێت، واتە لە نیوەی ئەوانی مافی دەنگدانیان هەیە زیاتر بێت، بۆ وەرگرتنی چەند بریارێك لە هەندێ باری دیاریکراودا، چەند مەرجێك دادەنرێت، وەك بوونی زۆرینەی تایبەت ( special majority) یاخود زۆرینەی رهای دەنگ (absolute majority).

**Ana: voting** هەڵبژاردن

**Suggestion** ١-الأيحاء پێ راگەیاندن، سروش

هەوڵی کارتێکردن لەسەر بیرکردنەوە و ئاراستە و بۆچوونە ویژدانیەکانی کەسێك، هەروەها لەسەر رەفتاریش . ئەو کارتێکردنەش بەبێ بەکارهێنانی شێوازە لۆژیکیەکانی رازیکردن یان شێوازەکانی داواکردن و قەدەغەکردن روودەدات . ئەمەو لەحاڵەتەکانی لاوازی لەرووی زیرەکی ئەقلیەوە، هەروەها لاوازی لەرووی توانای جیاکاری و رەخنەگرتن، ئەوا توانایی و لێهاتوویی بۆ دیاردەی پێ راگەیاندن (suggestibility) زۆرتر دەبێت . چارەسەرکردن بەهۆی پێ راگەیاندنەوە پشت بەوە دەبەستێت، کە نەخۆش دەبێ هەست بەئاسودەیی و دڵنەوایی بکات، کە ئەرکی کەسی چارەسەرکەرە، بەهۆی ئەوەشەوە نەخۆشی لە دیاردە نەخۆشیەکانی دووردەکەوێتەوە کە وەك جۆرێ لە ملکەچی دەبێت .

٢-الاقتراح پێش نیاز

خستنەرووی بیرۆکەیەك، یان بیروڕایەك، یاخود چارەسەرکردنی کێشەیەك. دەوترێت سیستمی پێش نیازەکان (suggestion system)بۆ ئەو سیستمەی پێرەو دەکرێت لە چەند پرۆژەیەکی پیشەسازیدا، بەمەبەستی رەخساندنی دەرفەت لەبەردەم کرێکاران بۆ ئەوەی پێش نیازەکانیان بۆ چاکردنی باروڕۆخە کارکردن و شێوازەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییە پیشەسازییەکان و ........ بخەنە روو

**Suicide** الانتحار خۆکوژی

مەبەست لە زاراوەکە، خۆ کوشتنی تاکە، ئەگەر لەحاڵەتی هۆشیاری و ئاگایی بێت یان پێچەوانەکەی . لە هەمەموو کۆمەڵگاکان دید بۆ خۆکوشتن، لەسەر رادەی ئەو دڵنیابوونە دەوەستێت کە هەر کۆمەڵگەیەك بەسەر حاڵەتی تاکگەرایی دەیسەپێنێ، چونکە چەندی رکابەری و ویست بۆ دانپیانان بەخود کەمبێتەوە، ئەوەند خۆکوشتنی کەمبێتەوە، هەروەها چەندی رکابەری لەنێوان تاکەکان توونـد بێت و خواستی کەسێتی زاڵ بێت ئەوەنـدە خۆکوشتن زۆرتر بڵاودەبێتەوە . دورکهایم – چەند جۆرە خۆ کوشتنێکی لە یەك جیاواز کردۆتەوە، لەوانە : خۆکوشتن بەهۆی خۆنەویستیەوە خەڵك خوایی - لێرە دا تاك خۆی دەکوژێت بەهۆی دڵسۆزی بۆ کۆمەڵگە، هەروەها خۆ کوشتن بەهۆی خۆ پەرستیەوە، دیاردە کە لێرەدا پێچەوانەیە، تاك بەزیادەرۆیی خۆی هەڵدەکێشی و نرخ بۆ خۆی دادەنێت . جۆرێکی دیکەی خۆکوشتن ئەو خۆکوشتنەیە کە بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵایەتیەوە روودەدات و دەبێتە هۆی تێکچوونی سیستمی کۆمەڵایەتی .

**Superannuation** التقاعد خانەنشین

وازهێنان لە کارکردن بەهۆی گەیشتن بە تەمەنی پیری. دەوترێت سندوقی خانەنشین (superannuation fund) مەبەستیشی لێی، ئەو سیستمەی تایبەتە بە کۆکردنەوەی پارە لەکەسی- بیمە بۆ کراو - بۆ ئەوەی لەکاتی خانەنشین بۆیان بگەرێتەوە .

منی بالاّ
ویژدان
الذات العلیا
Superego

یەك لەرووەكانی بونیادی كەسێتیە، لەخودەوە هەڵدەقوڵێ، ئەو هێزە رەوشتیە شاراوانە دەگرێتەوە، ئەوانی تاك باوەری پێیانبووە لە ماوەی منداڵیدا، ئەویش بە یەكگرتنی لەگەڵ هەلگری پێوەرەكان و بەجۆرێكی تایبەتیش باوك و دایكی . منی بالاّ وەك چاودێرێكی ناو خۆ كار دەكات، هەروەك چۆن هەلگری پێوەرەكان پێشتر پێی هەستاوە .

سەرووی تاك
مافوق الفرد
Super individual

- سەرووی تاك - ئاستێكە لە رێكخستنی كردەیی، كە ئاستی سایكۆلۆجی تێپەر دەكات . ئەمەو چەند كۆمەڵناسێك هەوڵی ئەوەیانداوە كە ئاستی كۆمەڵایەتی سەرووی تاك یان سەرووی ئەندامی دیاری بكەن . (malinowski) جەخت لەسەر ئەوە دەكات كە - راستی سەرووی تاك - خۆی لەو قەوارە كولتورییە مادییە دەنوێنی كە لە دەرەوەی هەر تاكێك دەمینێ . بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا كارتێكردنی لە تاكدا دەبێت بە شێوازە سایكولۆژییە ئاساییەكەی، بۆیە لێردا هیچ شتێكی شاراوە نیە لەو راستیەی كە دەڵێت، كولتور لە هەمان كاتدا سایكۆلۆژی و كۆمەڵایەتیشە .

گرێی خۆ بەزل زانی
عقدة التفوق
SuperiorityComplex

زیادەرۆیی لە نرخ دانان و هەڵسەنگاندنی تاك بۆ خودی خۆی، هەروەها و تەماشای خەسڵەت و رەفتارەكانی خۆشی بكات كەلە خەسڵەت و كرداری ئەوانی دیكە بەرزترە، ئەویش بۆ ئەوەی كەم و كورتیەكانی خۆی لەكردارو رەفتار دا پێ چارەسەرو خستنە بڕی بۆ بكاتەوە .

مرۆڤی بالاّ
سوپەرمان
الانسان الكامل
Superman

مەبەست، دروستكراوێكی گریمانەیی خەیالاّوی - یە، بالاّترە لە جۆری مرۆڤایەتی، بۆ چوون وایە كە ئەو جۆرە مرۆڤە، هەموو خەسڵەتە هزرییەكانی مرۆڤی هەیە، بێ هەر سنورێكی مرۆڤایەتی. - نیتشە ی فەیلەسوف، ئەو دەربرینەی بە مرۆڤی ئایندە و تووە، كە مرۆڤ ئیستا پێی دەگات لە پەرەسەندنی، ئەویش دوای ئەوەی زۆر لە خەسڵەتە بالاكانی بە دەست هێناوە .

رێبازی سەرووی سروشتگەرایی
مذهب مافوق الطبيعة –الاعجازية
Supernaturalism

باوەر هێنان بە هەموو شتێك لەسەرووی توانای سروشتدا بێت، لەبەر ئەوەی ئەو شتانە لەسەرووی ئاستی سروشتدان . لەكاتێكدا هۆیە سروشتیەكان توانای روودانی ئەوەیان نیە .

بەرز خوازی
الاستعلاء
Superordination

كردارێكە، بە پێی ئەو كردارە تاكێك یان كروپێك لە پلە و پایەیەكی بەرزتر دادەنرێت لە ئاست تاكێك یاخۆد گروپێكی دیكە .
تەماشا بكە : ملكەچی، پاشكۆیەتی
Subordination

سەرووی ئەندامی
فوق العضوي
Super organic

هەموو شتێك لەسەرووی قەوارەی ئەندامی بێت. زاراوەكە بەدیاردە دەروونیەكانیش دەوترێت، هەروەها بەرێكخستنی كۆمەڵایەتی و فەرمانە كۆمەڵایەتیەكان دەوترێت .

زێدە بەرهەم | الافراط في الانتاج | **Super production**

یەك لە ڕۆڵەکانی سوری ئابورییە، تێیدا بەرهەم زۆر دەبێت، دیاردەکەش کاتی دەبێت لەبەر ئەوەی گرینگی بەفراوانکردنی بازارەکان دەدرێت .

تەماشا بکە: زێدە بەرهەم **Over production**

پوچ باوەری | الخرافة | **Super stition**
خورافات

دیاردە پر و پۆچەکان، واتە کۆمەڵە کردارێك یان چەند زاراوە و ئاخاوتنێك یاخۆد ئەو ژمارانەی کە بۆ چوون وایە شادی و خۆشی یانیش بەدبەختی بەدوای خۆیاندا دەهێنن .ئەو دیاردە ئەفسوناویانە بریتین لە هەندێ بیر و باوەری ئاینی کۆن کە لە مێشکدا نیشتوون ، بەڵام لە ڕۆژگاری وەك ئەمرۆدا هیچ پاڵپشتیەکیان نیە لەلایەن بیروباوەرە ئاینیە باوەکان، یان لەلایەن راستیە سەلمێنراوەکان . هەروەها زاراوە کە ئاماژە لەسەر پەیوەست بوون بە بنەمایەك یاخود ڕێبازێك دەکات، بەڵام بێ ڕەخنە یاخودی شیکردنەوەیەك .

سەرخان | البناء الفوقي | **Superstructure**
بوونیادی سەرینە

تەماشا بکە: بونیاد **Structure**

سیستمی سەروو | النسق الفوقي | **Super system**

سیستمی کولتوری و کۆمەڵایەتی گشتی دانیشتوان، سیستمەکە بە تەواوکاری دەناسرێت تارادەیەك، پێکدێت لە زمان، ئاین، هونەر، ڕەوشت .

سەرپەرشتیکردن، چاودێری | الاشراف | **Super vision**

فەرمانێکی کارگێرییە، تایبەت بە پەیوەندییە راستەو خۆیەکانی نێوان فەرمانبەران و کەسی بەرپرسی ڕەسمی . بەو پێیە سەرپەرشتیار یەکەم کەس دەبێت کە دەسەڵاتی ئاراستەکردنی کاری ئەوانی دیکەی پێ سپێردراوە . پێناسەی سەرپەرشتیکردن لەسەر ئەو کەسانەش پیادە دەبێت کە بەشێکی کارەکەیان بۆ بەرهەمهێنان تەرخان دەکەن و لەهەمان کاتدا بەرپرسیارەیەتی ئاراستە و ڕێنمایی کردنی فەرمانبەرانی دیکە دەکەوێتە ئەستۆیان، ئەوانە پێیان دەوترێت سەرپەرشتیارە کرێکارەکان (working supervisors) یاخود سەرکردە راستەوخۆیەکان (firstline supervisors) . دەکرێ سەرپەرشتیاری کەسێتی بێت (personal) ئەو کارەش بریتی دەبێت لە پەیوەندییە کەسێتیە راستەوخۆیەکانی نێوان سەرۆکی سەرپەرشتیارو کارمەندانی، یاخود دەکرێ ناکەسێتی (impersonal) بێت، وەك بەکارهێنانی ئامرازەکانی پێوانە و هەڵسەنگاندنی بری کاری ئەنجامدراوو شێوازی ئەرك بەجێگەیاندنی . دەکرێ سەرپەرشتیاری زۆرداری (outocratic) بێت، لێرەدا مەبەست، گەرانە بەدوای هەڵەو کەم و کورتیەکان، هەروەها دەرکردنی ڕێنماییە دیکتاتۆرییەکان بۆ چاککردنی سیستمی کارکردن. سەرپەرشتیاری دەکرێ هەرەوەزی بێت (cooperative)، تێیدا هەموو لایەك هاوکاری یەکتر دەکەن لە کارەکەیان بۆ دانانی پلانەکان کە مەبەست لێیان چاککردنی سیستمی کارکردنە .

تەماشا بکە: سەرپەرشتیاری کۆمەڵایەتی **Social supervision**

خستنەروو | العرض | **supply**

خستنەرووی کاڵایەکی ئابوری، واتە ئەو بڕەی کە بەرهەمهێنەران دەیخەنە روو بۆ فرۆشتنی بەنرخێکی دیاریکراو و لەکاتێکی دیاریکراودا، ئەمە لەگەڵ ئەگەری مانەوەی شتەکانی دیکە وەك خۆی، لەو هەل و مەرجەدا، دواتر پەیوەندییەکی دیاریکراو پەیدا دەبێت لەنێوان نرخ و ئەو برەی دەخرێتەروو، تێیدا نرخ گۆراوی سەربەخۆ دەبێت، ئەو بڕەی خراوەتە

رووش گۆڕاوی پاشكۆ دەبێت. ئەو پەیوەندییەش ڕاستەوانە دەبێت، بەو مانایەی ئەگەر نرخی كاڵایەك بەرزبۆوە ئەوا بڕی خراوە رووش زۆر بەرز دەبێتەوە، هەروەها ئەگەر نرخەكە دابەزی ئەوا بڕەكەشی كەمدەبێتەوە، حاڵەتەكەش بەیاسای خستنەروو دەناسرێت .

پشتگیری | الدعم
لایەنگری | التأیيد
**Support**

پشتگیری تاكێك بەیارمەتیدانی یان هاندانی یاخود لایەنگری و بەشێوەیەكی تایبەت لە حاڵەتی ركابەری یانیش هەڵبژاردن . هەروەها پشتگیری كەسی داوا لێكراو لە داوایەكی دادگایی، پشتگیریكردنی هەر شتێكی ڕاست ورەوا لە هەر بزووتنەوەیەكی هزری یان سیاسی دیاریكراو.

سەركوتكردن | القَمع
خەفەكردن | الاخماد
**suppression**

دابرین و دوورخستنەوەیەكی خۆویستی یان هەستیی، بۆ پێداویستەكان یان ڕووداوەكان یاخود بەسەرهات و ئەزموونەكان یانیش یادەوەرییە پڕ ئێش و ئازارەكان و ئەوانی جێگای ڕەزامەندی نین . لە كاتێكدا مرۆڤ خۆی ڕزگار دەكات لەو ڕووداوانەی ویستی لەسەریان نیە ئەویش بە دوورخستنەوەیان و پاڵپێوەنانیان بەرەو حاڵەتی نەستی و بێ ئاگایی، مەبەستیش پاراستنی ژیانی هەستیارییە لەو دیاردە و ڕووداوانەی دەبنە هۆی بێ ئارامی و پەشێوی ژیان.

تەماشا بكە: خەفەكردن **repression**

زێدە | الفائض
زیاد لە پێویست
**surplus**

وشەی زێدە لە ئابوریناسیدا، چەند بەكارهێنانێكی جیاوازی هەیە، لەوانە :

1- زێدە بایی (surplus value)، ئەو بەها زیادەی سەرمایەدار پوختەكەی وەردەگرێت بەهۆی فرۆشتنی كاڵاكانی . كارل ماركس بۆ چوونی وایە كە سەرمایەدار، ئەو زیادەیەی لە هێزی كارەوە دەست دەكەوێت .

2- زێدەی بەكاربەر (consumers surplus) ئەویش جیاوازی نێوان سوود گشتی و ئەو نرخە گشتیە دەنوێنێ كە بەكاربەر دەیدات بۆ پەیداكردنی هەموو ئەو یەكانەی كە لە كاڵاكان دەیانگرێت، یان بریتیە لە جیاوازی نێوان ئەوەی بەكاربەر پێی ڕازییە بیدات و نێوان ئەوەی بۆ كرینی كاڵاكە دەیدات لەڕاستیدا، ئەو جۆرە زێدەیەش جیاواز دەبێت بەپێی داهاتی بەكاربەر یان ئارەزووی بۆ بەكارهێنانی كاڵاكە،

3-زێدەی بەرهەمهێن (producers surplus) بریتیە لەو جیاوازییەی هەیە لەنێوان، ئەو نرخەی كە بەرهەمهێن پێی ڕازی دەبێت كاڵاكانی پێ بفرۆشێت - دیارە ئەویش یەكسانی تێچووی بەرهەمهێنانەكەیە - و نێوان ئەو نرخەی كە بەڕاستی پێی دەفرۆشێت . یاخود جیاوازی لە نێوان تێچووەكانی گشتی بەرهەمهێنان و ئەو نرخە گشتیەی بەدەست هاتووە لەفرۆشتنی هەموو یەكە بەرهەمهێنەرەكان . ئەو زێدەیەش لەبەرهەمهێنەرێكەوە بۆ یەكێكی دیكە جیاواز دەبێت

هونەری سوریالی | مافوق الواقع
سریالیزم | السيريالية
**surrealism**

بزووتنەوەیەكی هونەرییە، كاریگەر بووە بە ڕێبازەكەی فرۆید، بە بۆ چوونی ڕێبازەكە جیهانێكی ڕاستی لە پشتی جیهانی پیشەسازییەوە هەیە . هەروەها ئەوەی لەئاستی هۆشیاریدا هەیە، ئەوە بەرهەمی دەسەڵات و توانای ئەو ئەقڵەیە كە داب و

نەریتی بەدواوەیە. ئەرکی هونەریش دۆزینەوەی جیهانە و گوزارشت کردنە لەو جیهانە، هەروەك چۆن مـرۆڤ تاقیکردۆتـەوە و هەستی پێکردووە پێشتر، لەو کارەشیدا مرۆڤ پشتی بە نەست و نائاگایی و ویستە سەرکێشەکان بەستووە .

ناوەند — المحيط — **surroundings**

دەوروبەر — الوَسَط

کەش و هـەواو بـاری سروشـتی (physical climate) یـان دەروونـی (psychological climat)کە دەورووبـەری تـاك دەدات، ئەو بارە سروشتیە یان دەروونیە کاریگەری لەسەر رەفتاری ئەو تاکە دەبێت . خراپی بـارودۆخی کـارکردن و خراپـی پەیوەندییەکان لە دامەزراوەکە دەبێتە هۆی دابەزینی ورە و باری دەروونی کرێکار و لەدوایشدا دابەزینی بەرهەمەکەی .

رووپێوانی کۆمەلایەتی هەمەلایەن — المسح الآجتماعي الشامل — **Survey و social**

لێکۆڵینەوە لە هەموو ئەندامانی کۆمەلگەیەك، یان لەگروپێکی دیاریکراو، وەك گوندێك یاخود گەرەكێك بەمەبەستی وێنـا کردنی بارودۆخی کۆمەلایەتی و ئابوری و گوزەرانیان . لەبەرامبەر دا، رووپێوی نموونەیی هەیـە (sample survey) کـە بە هۆی نموونەیەکی هەلبژاردە، نوێنەرایەتی دانشتوان دەکات لە خەسلەتە جیاوازەکاندا، بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە

تەماشا بکە : رووپێوی کۆمەلایەتی — **Social survey**

مانەوە — ١– البقاء — **survival**

بەردەوام بوون

درێژە پێدان بەمانەوەی تاکەکان و گروپەکان و شتەکان و بیرو باوەرەکـان لەسـنور و مەرجـە شـیاوەکانی زەمـان و شـوێندا . دەوترێت : مانەوە بۆ شیاوترین و چاکترین(survival of thefittest)، دیاردەکەش لەسەر بنچینەی هەلـبـژێری سروشـتی هەلدەسێت لە نێوان تاکەکانی یەك جۆردا.

نیشتووە کولتوریەکان — ٢– الرواسب

ئەو رەگەزە کولتوریانـەن کـە لەچـەند هەلوێستێکی کولتـوری کۆنـدا دەبنـە پاشمـاوە و دەنیشـن، دیـارە ئـەو رەگەزانـە پـاش نەمانی ئەو بارودۆخە کۆمەلایەتیەی کە لەسێبەریدا دروسـت بوونـە، زیـاتر لەگـەلّ ئـەو هەلوێستانە گونجاو بوونـە . یـان بـریتین لـەو پێکهاتـە کولتوریانـەی کـە فەرمانـە بنچـینەییەکەی لـە مـاوەی کاتـدا گـۆرانی بەسـەردا هـاتووە، بەشـێوەیەك بەکارهێنانیان تەنها بووە بەرێککەوتنێکی روالەتی .

یارمەتیدان، هۆی گوزەران — المساعدة، الأعانة — **sustenance**

تەماشا بکە :یارمەتی — **assistance**

سیستمی وزە لێبرین — نظام الأستنزاف — **Sweating system**

شێوازێکە لەسەرەتاکانی سـەدەی (19 ) لـە ولاتـی ئینگلتـەرا دەرکـەوتووە، مەبەسـتیش لێـی بـەکارهێنانی کارکردنـە بـەهۆی یارمەتیدانی کرێکاران بە کەرەستەی سەرەتایی پێویست، لەگەلّ پێـدانی کـرێ و رۆژانـەکانیان لەسـەر ئـەو بابەتانـەی کـە لـە کارەکانیان دروستی دەکەن، ئەگەر لەناو مالەکانیان بێت یاخود لە چەند جێگایەکی بچووك . کرێکارانی ئەم جۆرە سیسـتمە بریتین لە ژنان و مندالان، ئەوانی بەهۆی یاسای کارەوە، کارگـەکان نـاتوانن کاریـان پـێ بکـەن، سـەرەرای پیـاوانی تەمـەن

گـەورەش . هـەروەها زاراوەكـە بـەكارهێنراوە وەك ئامازەيـەك بـۆ پێـدانی ڤونتـەراتی كـاركردن بەكەسـانی جامبـاز بـۆ جێبەجێكردنی، ئەويش بە بەكارهێنانی چەند كرێكارێك، كە بەرۆژانەيەكی كەم كاريان پێ دەكات .

**پێوەری لۆژيكی** — القياس المنطقي — **syllogism**

**لێكدانەوەی لۆژيكی**

زاراوەيەكە لە لۆژيكدا بەكاردەهێنرێت، وەك ئاماژەيەك يان بەڵگە هێنانەوەيەك لەسەر گواستنەوەی هـزر، لـەكاتی بڕيـاردان لەسەر حاڵەتی گشتيەك بـۆ بڕيـاردان لەسـەر حاڵەتێكی ئەنـدەكێ (بـەش) يـاخود چـەند بەشـێك كـە كەوتوونەتـە نـاو ئـەو گشتيەوە. پێوەر لەدوو مەسەلەپێكدێت و دەبێتە هۆی پەيوەست بوون بەمەسەلەيەكی سێيەمەوە، هـەر دوو مەسـەلەكە بـە پێشـەكی ناويـان دەهێنرێـت، مەسـەلەی سـێيەمی پێـوە بەسـتراويش نـاوی بەئـەنجام دەهێنرێـت، هـەر بـۆ ئـەوەی بـاوەر بەراستگۆيی ئەنجامەكە بكەين ئەوا دەبێ يەكەمجار باوەر بەراستگۆيی پێشكەكيەكان بكەين . جياوازيش لـەنێوان پێـوەر و هەڵێنجان، ئەوەيە هەڵێنجان بريتيە لە بەڵگاندنێكی بەرەو سەر، تێيدا لە بەشە بچووكەكانەوە (ئەندەك) دەست پێدەكـەين و كۆتايی پێ دەهێنين بە بڕيارە گشتيەكان . پێوەريش بەڵگاندنێكی هاتنە خوارەوەيە، لەبڕياری گشتيەوە دەست پێدەكەين و كۆتايی پێ دەهێنين بە بڕيارێكی ئەندەكی (بەشێك). هەروەها ئـەنجامی هەڵێنجانەكـە، فـراوانترە لەهـەر پێشـەكيەك لـە پێشەكيەكانی . بەڵام پێوەرئەنجامەكەی بەردەوام لەپێشتر و تايبەترە لە پێشەكيەكەی . لەكۆتاييدا، هـەڵێنجان - ئيسـتيقراء - پشت بەسەرنجدان دەبەستێت، دەربارەی ئـەوەی لەگـەردوون روودەدات، هـەروەها پەيوەسـتيەكانی نێـوان شـتەكان، بـەڵام پێوەر بەڵگاندنێكە پشت لەسەر هزری تيۆری رووت دەبەستێت .

**پێوەری گريمانەيی** — القياس الاقتراني — **Syllogism , hypothetical**

پێوەری گريمانەيی لە لوژيكدا، ئەو پێوەرەيە كە ئەنجامەكەی يان دژەكەی بەڕاستی لـە پێشـەكيەكاندا بـاس ناكرێـت، بـەڵكو لە پێشـەكيەكان بوونيـان بەبابەتەكانيـەوە دەبێـت نـەك بـە وێنـەكانی، پاشـان ئـەقل بـەكورتی دەريـان دەهێنێـت . پێـوەری گريمانەيی دابەش دەبێتە سەر دوو بـەش: پێوەری گوزارەشـت - بيركردنـەوەی رووت (categorical syllogism)ئـەويش لە چەند مەسەلەيەكی بيركردنەوەی رووت پێكدێت . بەشـی دووەميـان، پێـوەری مەرجـدارە(conditional syllogism) ئەويش لە دوومەسەلە پێكدێت، يەكەميان مەرجدارييە، دووميان گوزارشـتيە، ئەويشـيان چـەند جۆرێكـە : لەوانـە پێـوەری گريمانـەيی پەيوەنداری (purehypothetical) لەگەڵ پێوەری گريمانەيی جيابۆوە . (puredisjunctive).

**پێوەری هەڵاوێرد** — القياس الآستثنائي — **Syllogism , mixed hypothetical**

ئەم پێوەرە لەلۆژيكدا لە دوو پێشەكی پێكهاتووە، گەورەكەيان مەرجدارە و گچكەكەشيان گوزارشـتی نائاسـاييە . پێـوەر پێـی دەوترێت گەيندراو يان جيابۆوە بەپێی گەورەييان، ئەگەر پێوەرەكە مەرجداری گەيندراو بوو ئەوا ناوی لێدەنرێت نائاسايی گەيندراو(Syllogism hypothetical mixed)، ئەوەيش لە دوو مەسەلە پێكدێت : مەرجداری گەيندارو و گوزارشتی . هەروەها پێوەری نائاسايی جيابۆوە (mixed disjunctive syllogism) ئـەوەش پێكهـاتووە لەپێشـەكيەكی مەرجـداری جيابۆوە و يەكێكی ديكەش گوزارشتی .

**پشت پێكبەستن، هاو بەرپرسياری** — التكافل — **symbiosis**

زاراوەيەكی تازە بەكارهێنراوە لە لێكۆڵينەوە ئەنثرۆپۆلۆژييەكان بەشـێوەيەكی رێـژەيی . زاراوەكـە ئامـاژە بـۆ ئـەو حاڵەتانـە دەكات كـە دوو كۆمەڵگـە يـەكێكيان پشت لەسـەر ئـەوی ديكـە دەبەسـتێت تارادەيـەكی گـەورە، وەك ئـەوەی يـەك سيسـتمی ئابوريان هـەبێت يـان بەيەكـەوە بەشـداری لـە جـەنگ و هێرشـەكان بكـەن، بـەڵام لەرووييـەكی ديكـەوە ئـەو دوو كۆمەڵگەيـە هەڵگری چەندين خەسڵەت و ئاكاری جياوازی كولتـوری و كۆمەڵايـەتی دەبـن، هەريەكەشـيان خـۆ دەبەسـتێتەوە بـە چـەند

بەهایەکی جیاواز، لەگەڵ چەند شێوازێکی تایبەت  کە لە ژیانی رۆژانە پەیرەوی دەکەن . دەوترێت پێکەوە ژیانی ئیکۆلۆژی (ecological symbiosis) وەك ئاڵ و گۆر کردنی خزمەتگوزاریەکان لە نێوان دانشتوان لەناوچەیەکی دیاریکراودا، بۆ ئەوەی پەیوەندیکردنی کەسێتی دروست بێت لە نێوانیان . هەروەها دەوترێت پێکەوە ژیانی پیشەسازی ( industrial symbiosis) وەك پشت بەستنی کارگە و پیشەسازییەکان هەندێکیان لە سەر هەندێك

سەمبول

**symbol** الرمز

هێما

1- بابەتێك یان دەربرینێك یاخود چالاکیەکی بە دەنگەوە هاتن، کە نیشانە بۆ بیرۆکەیەك یان تایبەتمەندییەك دەکات، نیشانەکردنەکە رووت دەبێت و شوێنی بیرۆکەکە دەگرێتەوە و دەبێتە ئەلتەر ناتیڤێك و نوێنەری . دەوترێت: هێمای کۆمەڵایەتی (social symbol) ئەویش مانایەکی گشتی دەبێت، تاکەکانی کۆمەڵگە بەشدار دەبن تێیدا، نموونەی ئەو هێمایانەی لە ئەفسانە و فولکلۆر دەردەکەون .

2- نیشانەیەکی باوە بەکاردەهێنرێت بەکارهێنانێکی روو لە زۆر، بۆ نوێنەرایەتی کردنی کۆمەڵە شتێك یان جۆرێك لە پەیوەندییەکان .

**symbolism** الرمزية هێما گەری

کرداری پێدانی چەند مانایەك بە چەند شتێکی تایبەت، بەجۆرێك لەتوانادا بێت - بەش - دەربرین لە گشت بکات و ئاماژەشی بۆ بکات . زاراوەکە چەندین شێوە لەشێوەکانی رەفتار دەگرێتە خۆی، لە بنچینەشدا ماناکەی لەسەر چەند شتێك کورت دەبووەوە کە مەبەست لێیان گرینگیدانی تایبەت بوو بەکەسێك یان شتێك یاخود بیروکەیەك یانیش رووداوێك، پەیوەست دەبێت بەخودی هێماکە یان هیچ پەیوەستیەکی نابێت. لەگەڵ فراوان بوونی پلە بە پلەی مانای هێما گەری، وای لێهات تەنها شتە ئاسایی و بێ نرخەکان نەگرێتە خۆی، بەڵکو زۆر شتی بەهادار بگرێتە خۆی کە تەنها وەك شتی گرینگ تەماشا نەکرێت لەخودی خۆیدا، بەڵکو ئاماژەش بۆ چەندین بیرو باوەر و کردار بکات کە کاریگەری گشتیان بۆ کۆمەڵگە دەبێت . هێما گەری لەئەدەبدا گوزارشت  لە بیرو بۆچوونە دەروونیەکان دەکات، لە رێگای فەرمان و ئاماژە بۆ کردن لە جیاتی شێوازی دوور و درێژی راپۆرتی راستەوخۆ. لە قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونیدا، هێما گەری بەرێگایەکی سەرەتایی دادەنرێت لەبیرکردنەوە دا، لەنەستدا دەمێنێتەوە چونکە ماناکانی خەو بینین دەشارێتەوە، هەروەها دەکرێ بەمانای هێما بگەیی بەهۆی گەرانەوەی ئازادانە بۆ هزرو ئەو باوەرانەی کە خاوەنی خەونەکە پێی هەڵدەستێ .

هاوسۆزی

**sympathy** المشاركة الوجدانية

هاوبەشی  و ویژدانی

ئارەزوویەکی خۆرسکیە، تێیدا حاڵەتی هەڵچوون لە کاریگەرەوە بۆ کارتێکراو دەگوازێتەوە دوای ئەوەی کارتێکراو درك بە دیاردە دەرەکیەکانی ئەو حاڵەتە دەکات لای کەسی کاریگەر، ئەو ئارەزووە خۆرسکەیەش کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لە بەهێزکردنی پەیوەستیە کۆمەڵایەتیەکان. دەوترێت : رق و قین (antipathy)کە پێچەوانەی هاو سۆزییە .

کۆبونەوە

**symposium** الندوة الدراسية

کۆربەند

کۆبونەوەیەکە پێکدێت لە ژمارەیەکی سنورداری پسپۆران، ئەو کوبونەوەیە چەند رۆژێك دەخایەنێت، بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەیەك .

**Symptom** العرض نیشانەی رووداو

زاراوەکە بە مانا گشتیەکەی، هەر رووداوێك یان روخسار و رواڵەتێك لەگەڵ شتێکی دیکە روودات، هەروەها بوونی یاخود روودانی دەربخات . زاراوەکە بەمانا پزیشکیەکەش، روخساریانیش ئەو شتەی بوونی نەخۆشیەك یان شپرزەیی رەفتارێك دەربخات .

**Syncretism** التلفيقية سازاندنی بیرو باوەری جیاواز

کۆکردنەوەی نێوان چەند رەگەزێکی جیاواز لەگەڵ یەکتری، کە لەچەند رەوتێکی جیاواز وەرگیراون، دانانیشیان لە یەك سیستم، وەك توانینەوەی دوو بیرۆکە یان دوو رێبازی ئاینی جیاوازی بەرامبەر یەك، یاخود تێکەڵاو کردنی چەند بەشێك یانیش چەند بنەمایەك و چەند کولتورێکی جیاوازی دژ بەیەك هەندێکیان لەگەڵ هەندێك، بۆ ئەوەی یەك رێباز پێکبهێنێت کە رەنگە لەگەڵ بنەما دروستەکان رێك نەکەون . لەبەرامبەر ئەم رێبازە، رێبازی رێککەوتن (eclecticism)دێت کە تەنها ئەو بیروڕایانە کۆدەکاتەوە کە لەسەر بنەمایەکی ئاقلانە بونیاد دەنرێن .

**eclecticism** تەماشا بکە: رێبازی هەلبژاردنی بیرورا

**synchronic method** المنهج الزمني میتۆدی هەمان کات

میتۆدێکە هەڵدەسێت بەلێکۆڵینەوەی کولتوری لەکاتێکی دیاریکراو دا، ئەوەش جیاواز دەبێت لەمیتودی پەرەسەندنی (diachronic method) کە لێکۆڵینەوە لە پەرەسەندنی کولتوری دەکات بە درێژایی زەمان .

**syndicalism** النقابية بزووتنەوەی سەندیکایی

بزووتنەوەیەکە، یان هزرێکی سۆسیالستی فەرەنسیە لە بنچینەدا، ئامانجی زالبوونی رێکخراوی کرێکارییە، یان سەندیکاکانیان بەسەر هۆیەکانی بەرهەمێنان و دابەشکردنی بەرهەمەکانیان . وشەکە لە بەکارهێنانی رۆژانەیدا، ئاماژە بۆ تەکتیکە سەندیکاییەکان دەکات، ئەگەر ئاراستەکراو بێت یاخود ئاراستەکراو نەبێت، بۆ گەیشتن بەدەستڕۆیی یەکێتی سەندیکای کرێکاران بەسەر پیشەسازیدا . دەوترێت سەندیکای شۆرشگێری(revolutionary syndicalism) ئەو بزووتنەوەیەی ئەنارشیزمەکان پاڵپشتی دەکەن و ئامانجیشی رووتکردنەوەی سەرمایەدارییە لەخاوەنداریتی و دەسەلاتی بەسەرپیشەسازییەکان، ئەویش بە هۆی کاری راستەوخۆ و مانگرتنە گشیتەکان هەروەها کرداری توندوتیژو تێکۆشان بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان و بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان .

**syndicate** النقابة سەندیکا

**Trade union** تەماشا بکە : سەندیکای کرێکاران

**synergy** التأزر هاوهەستی یاریدەدان

یەك لەشێوەکانی هاوکاری نێوان تاکەکان یان گروپەکان دەبێت، کاتێك ئەوان ملکەچی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەبن، لە هەمان کاتدا بێ ئەوەی درکی پێ بکەن بەشداری دەکەن لە جێبەجێکردنی بەرژەوەندی هاوبەشیان.

پێکهێنان | التركيب | **synthesis**

مەبەست لە زاراوەی پێکهێنان لە لۆژیکدا ، گواستنەوە لەواتا سادەکانەوە بۆ واتا پێکهاتووەکان، کارەکەش دەست پێدەکات لە کاری سادە و ئاسان لە رووی زانینەوە، دواتر پلە بە پلە سەرکەوتن بەرەو گەیشتن بە زانینی زۆرترین کارە پێکهاتووەکان . لە بەرامبەر ئەم زاراوەیە، شیکارکردن (analysis) دێت .

ڕێباز
ڕێڕەو | ١–المذهب | **system**

کۆمەڵە بیرورا و تیۆری زانستی و فەلسەفیە، هەندێکیان بە هەندێکیان دەبەسترێنەوە و دەبنە یەکەیەکی ڕێك پێك .

یاسایی
ڕەوتگەری | ٢– النسق

گۆمەڵە بەرژەوەندییەك و چەند ڕوویەکی چالاکین، لەگەڵ یەك هەندێکیان لەگەڵ هەندێك پەیوەست دەبن، وا گریمانەش دەکرێت کەلەوەدا سیستمێك بوونی هەبێت و پێکهاتبێت لە چەند بەشێك یان دیاردەیەك لەسەر شێوەیەکی ڕێك و پێك، تایبەتمەندی ڕێکخستنی تێدا بەدی دەکرێت لەکارکردندا و لە بونیادیش تەواو کار دەبێت . دەوترێت: سەرخان ( super system) وەك ئاماژەیەك بۆ سیستمێکی کولتوری گشتی بۆ دانشتوان، کە بە تەواوکاری دەناسرێت تارادەیەك و پێکدێت لە زمان و ئاین و هونەر و ڕوشت و زانست ......هتد

نموونەی سیستماتێك
(بژاردەرێکەکان) | العينة المنتظمة | **Systematic sampling**

تەماشا بکە: **Sampling systematic**

شیکردنەوەی سیستمەکانی کار | تحليل أنساق العمل | **Systems analysis**

لێکۆڵینەوە لەکارڕایی و شێوازەکانی کار کردن لە دامەزراوەکاندا، بۆ گەیشتن بە چۆنیەتی جێبەجێکردنی کردارە زەروریەکان بەباشترین شێوە هەروەها بڕیاردان لەسەر ئەوەی چی بکرێت بەشێوەیەکی ورد و بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە هەوڵیان بۆ دەدرێت .

# T

**tabulation** | جدول البيانات | خشتە دانەوەی داتاکان
التبويب | پۆلێنکردن و ڕێکخستنی داتاکان

دوای دەسکەوتنی زانیارییە ئامارییەکان لە بواری کارکردندا، ئەو زانیاریانە دابەش دەکرێنە سەر چەند گروپێکی لە یەك چوو، واتە چەند توێژێك . لە هەر توێژێکیش ئەو تاکانە دادەنرێن کە پەیوەستن پێوەی، پاشان گروپەکان دەخرێنە چەند خشتەیەکەوە . بەو کارە، دیمەنێکی ژمارەیی کورت دەخرێتەروو، لەگەڵیدا تێگەیشتن و وەرگرتنی ئاسان دەبێت، هەروەها کاری بەراورد کاری و لێکۆڵینەوە جیاوازەکانیش ئاسان دەبن کە لە پێناویاندا ئەو زانیاریانە کۆکراونەتەوە . ڕەنگە پرۆسەی پۆلێنکردن لە چەند خشتەیەك بەشێوەیەکی دەستی یاخود ئامێری بێتەدی .

**taboos** | المحرمات | قەدەغەکراوەکان
التابو | تابو

حەرامکردنی هەستان بە چەند کردارێکی دیاریکراو، یان بەکارهێنانی چەند شتێك یاخود خودی چەند وتەیەك لە گفتوگۆدا، ئەویش بەهۆی پەیوەست بوونی توونديانەوە بەهێزە ئەفسوناویەکان، یانیش پیرۆزەکان، بۆ ئەوەی ئەو ئێش و ئازارانەی تێیدا خۆیان شاردۆتەوە، تاك لێیان بە دوور بێت لە بارێکدا کە، دەسەڵاتی بەسەریاندا نەماو سزادانی توونديش بە دوایاندا بێت. وشەکە لە ناوچەی (بولینیزیا) بڵاوبۆتەوە، لەنووسینەکانی ئەنثرو پۆلوجیاش لە هەموو زمانەکاندا بەکارهێنراوە، بەڵام خودی بیرۆکەکە لای زۆربەی گەلە سەرەتاییە ناسراوەکان باو بووە. قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی زاراوەکەی خواستۆتەوە، بۆ ئەوەی ئاماژەی بۆ جۆرە حەرامکراوەکانی پێ بکات کە بارودۆخە شارستانیەکان دەیان سەپێنن بەسەر ویستی تاکەکان، بەتایبەتیش ویستە سێکسییەکان .

**tactics** | التكتيك – الخطة النظامية | تەکتیك - پلانی سیستمی

هونەری سەرکردایەتیکردنە لە بواری جەنگدا، کاتێ پلانی هێرشکردن یان بەرگری کردن دادەنرێت و جێبەجیش دەکرێت لە گۆرەبانی جەنگدا. تەکتیك لە رووی سیاسییەوە شێوازێکی خەباتە، هەروەها شێوە و میتودەکانیەتی بۆ بەدیهێنانی چەند ئەرکێکی گرینگ لە ساتێکی دیاریکراودا.

**Take off** | الانطلاق | بازدانی ئابوری
دەست بە گەشەکردن

وشەکە لە لایەن (W.W.Rostow)بەکارهێنراوە، لەمیانەی تیۆرییەك دەربارەی پەرەسەندنی ئابوری . ناوبراو تیۆرییەکەی خۆی بەسەر پێنج قۆناغ دابەشکردووە، ئەوانیش:

1- قۆناغی نەریتی و ئاسایی باو
2- قۆناغی پێش بەرپا بوون .
3- قۆناغی بەرپا بوون .
4- قۆناغی گەشەی ئابوری
5- قۆناغی بەکار بردن .

قۆناغی بەرپا بوون ئەو قۆناغەیە کە ئەو هێزانەی بەرهەڵستی کردنی پێشکەوتن دەکەن دەروخێن . لەو قۆناغەدا بەرهەمی تاك لەبارێکی ناوەراستدا دەست دەکات بەزۆربوون، لەگەڵ خۆشیدا چەند گۆرانکارییەکی ریشەیی لە هونەرەکانی

بەرهەمهێنان هەڵدەگرێت ، توێژێك لەتاكەكانی كۆمەڵگە بەو گۆرانكارییە هەڵدەستێ، كە بەراستگۆیی لەنیازو بریاردا و بەگیانی نوێكاری و داهێنان جیاواز دەبێتەوە.

بەهرە
دانایی
الموهبة
Talent

بەرزترین پلەكانی ئامادەیی یان توانایە، لەبوارێك لە بوارەكاندا، وەك بەهرەی هونەری یاخود ئەدەبی. بەهرە پشت بەتوانا سروشتیەكان، یانیش دەسكەوتەكانی تاك دەبەستێت هەروەها لەسەر هاندەرەكان و ژینگەی كۆمەلایەتی دەوستێت، بەهرە ئەنجامی كارلێكی ئەو هەل و مەرجانەیە .

سزدان بە هەمان
تاوان
القصاص بنفس
الجرم
Talion

تەماشا بكە: تۆڵە كردنەوە
Retaliation

تەلیسم - نوشتە - كاری جادوویی
الطلسم
talisman

جەستەیەكە باوەری وایەكە تاك لە خراپەكاری دەپارێزی و بەختی باشی بۆ دەهێنێ، بەتایبەتیش ئەگەر كاریگەری ئەو جەستەیە بۆ ئەستێرە گەردوونیەكان بگەرێتەوە .

تاریفەی گومرکی
باجی گومرك
التعريفة الكمركية
tariff

تاریفەی گومرکی، وشەیەكە ئاماژە بۆ ئەو باجە دەكات كە دەسەپێنرێت بەسەر ئەو كالایانەی لەنێوان هەرێمە جیاوازەكانی دەوڵەتانەوە تێپەر دەبن، هەروەها ئاماژەش بۆ خشتەكانی باجە گومركیەكان دەكات . باجە گومرییەكان، دابەش دەكرێن بە پێی ئەو مەبەستەی كە لە پێناویدا سەپێنراون : تاریفەی دەرامەت (revenueduties)ئامانجی بنچینەیی لەم تاریفەیە پەیدا كردنی داهاتی گشتیە بۆ دەوڵەت. باجی پاراستن (protective duties) مەبەستی بنچینەیی بۆ سەپاندنی ئەم باجەش، دۆزینەوەی سەرچاوەیەكی نوێی نیە بۆ داهاتی گشتی، بەڵكو پالپشتی و هاندانێكە بۆ لقەكانی پیشەسازی نیشتیمانی، بەلاملەگەڵ تێپەربوونی كات، ئەو جیاوازییە وردەی نێوان ئەو دوو جۆرە تاریفەیە نەماو ئامانجە بنچینەییەكان لە سیاسەتی باجی گومركی تێكەلاوی مانا فراوانەكەی بابەتەكە بووە لەگەڵ كێشەكانی سیاسەتی بازرگانی نێو دەوڵەتی .

فەرمان
ئەرك
الواجب
Task

ئەرك یان فەرمان لەرووی رێكخستنی كارەوە، وشەكە بە هەموو هەڵویستێك دەوترێت كە تێیدا رەنجێكی مرۆیی دەبەخشرێت بۆ مەبەستێكی تایبەت، رەنگە ئەو رەنجە جەستەیی (physical) یان ئەقلی (mental) بێت . دەوترێت : هێزی كار (task force) وەك ئاماژەیەك بۆ كۆمەڵە تاكێكی داهێنراو لە كارێكی دیاریكراو دا .

تام
چێژتن
الذوق
Taste

سیفەتەكە پەیوەست دەبێت بەهەستی چێژەوە، كاریگەریش دەبێت بەمادە كیمیاوییەكان بەهۆی زمانەوە .هەروەها مەبەست لێی بوونی توانا لەسەر بریاردان دەربارەی بابەتێكی جوانی دروست .

تەماشا بکە : هونەر art

خاڵ کوتان
الوشم tatoo
تاتو

رازاندنەوەی چەند وێنەیەکی دیاریکراو لەسەر پێستی مرۆڤ، بەتایبەتیش لەسەر ناو لەپ یان باڵ یاخود بەرزایی شان . کۆمەڵەکان لەم بارەوە شێواز و ڕێگای جیاوازیان بەکارهێناوە، وەك دەرزی تێوەژاندن و رەنگ کردنی سەر پێست. لە کۆندا چەندین کۆمەڵ، کوتانیان بەکارهێاوە بۆ چەند مەبەستێك، وەك ئەوەی کەڵکی هەبێت بۆ بەرگریکردن دژی نەخۆشی و خۆ پاراستن لە چاو تێ برین و بەدی، یاخود وەك خەسڵەتێکی چینایەتی و یانیش پەیوەندییەکی هۆزایەتی و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی . هەروەها کار بەم نەریتەکراوە وەك ئەوەی لەسەر پێستی کۆیلە ناوی خاوەنەکەی بنووسرێت .

دووپاتکردنەوەی گوتەی بێمانا
االتوتولوجیا
قانوناللغو تحصیل حاصل
Tautology

زاراوەکە لە لۆژیکدا بەو مەسەلەیە دەوترێت کە بابەتەکەی و هەڵگرەکەی یەك شت دەبن، وەك ئەوەی بڵێین : مرۆڤ مرۆڤە . هەروەها مەبەست لێی ئەو هەڵەکارییەی هەوڵدەدات راستی گوتەیەك بسەلمێنێ بە دووبارەکردنەوەی ناوەرۆکەکەی ئەویش بەچەند ئاخاوتنێکی دیکەی نەك هەمان ئاخاوتن و ئەو گوتانە . دیارە ئەو دووبارە کردنەوەیەش پەسەندکراوە بەسوود دەبێت لە کاتی دانانی پێناسەکان .

تەیلوریسم
التیلوریة Taylorism
پێڕەوی تەیلور
تەماشا بکە :کارگێری زانستی Management و scientific

باج الضريبة Tax

باج برە پارەیەکە، تاك بەدەوڵەتی دەدات بەشێوەیەکی زۆرداری، دیارە ئەویش وەك بەشدارییەك دەبێت بەرامبەر ئەرکە گشتیەکان . بنچینەی سەپاندنی باج، بۆبوونی توانای پێدانی دەگەڕێتەوە، لەو بوارەشدا گوێ نادرێت بەو قازانجەی کە بۆ تاك دەگەڕێتەوە لە ئەنجامی چالاکی دەوڵەت. لە جۆرەکانی باج - میرانە-(fee) کە بریتیە لە برێك پارە بەرامبەر خزمەتگوزاریەکانی حکومەت .بەڵام خاوە (سەرانە) (assess ment)، برە پارەیەکە بەسەر موڵکێك دەسەپێنرێت، ئەویش بەهۆی قازانجەوە لە کارێکی چاکسازی دیاریکراوی حکومەت دێتەدی، باجەکەش بەرامبەر خەرجی و تێچووی ئەو کارە چاکسازییەوە دەبێت . باجەکان بەشێوەیەکی ئاسایی بەپێی سەرچاوەکانیان پۆلین دەکرێن، نموونەی باجی داهات (incometax)و باجی مولکداری (property tax)لەگەڵ باجی بەرهەم (excise tax). هەروەها باجەکان دابەش دەکرێن بۆ باجە راستەوخۆکان (directtaxes) ئەو جۆرەشیان بارگرانیەکەی راستەوخۆ دەکەوێتە سەرئەستۆی خودی ئەو کەسەی باجەکە دەدات، بەڵام باجە ناراستەوخۆکان (indirect taxes) ئەرکیان بڵاودەبێتەوە بەسەر کەسانی دیکەش .

فێرکردن
التعلیم teaching
پیشەی مامۆستایەتی

گواستنەوەی زانیاریەکان لە مامۆستاوە بۆ قوتابی، ئەویش بە مەبەستی زۆرکردنی زانیاریەکان، هەروەها پرۆسەکە هۆکارێکیشە بۆ پەروەردەکردنی قوتابی . فێربوون فاکتەرێکی بچووکە، بەڵام پەروەردە سنوری فراوانترە، لەبەرئەوەی

هەموو گەشەپێدان و پەروەردەو ڕاهێنانێك دەگرێتەوە، دیارە ئەو بوارانەش کاریگەرییان لەسەر توانا و ئامادەییەکانی تاك، هەروەها بوارەکانی ڕەفتاریش دەبێتە مەبەستی ئاراستەکردنی .

کاری بەکۆمەڵ | روح الفريق | Team work
هەرەوەز

ئەوەی لە ئەنجامی هاوکاری کۆمەڵە تاکێك دێتە بەرهەم، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجێکی هاوبەشی .

شێوازە تەکنیکیەکان | الاساليب الفنية | Technic ways

شێوازە ڕەفتارییە باوەکان لەشارستانیەتەکانی زانست و تەکتولوجیا، لە بەرامبەریشدا شێوازە میللییەکان(folk-ways)دێت، کەلەکۆمەڵگە دواکەوتووەکان باوەن .

تەکنوکراسی | التكنوقراطية | technocracy
دەسەڵاتی پسپۆران

بزووتنەوەیەکە ساڵی1932- لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەستی پێکردووە، تەکنوکراسەکان پێکهاتوون لە ئەندازیاران و تەلارسازان و ئابوریناسان، ئەوانی لەبواری زانستەکان کاریان کردووە و داوای پێوانەکردنی دیاردە کۆمەڵایەتیەکانیان کردووە، پاشانیش پوختکردنەوەی چەند یاسایەك کە دەکرێ بەکاربهێنرێن بۆ بریاردان لەسەر ئەو دیاردانە . ئەمەو بۆ چوون وابووە کە ئابوریەکانی سیستمی کۆمەڵایەتی بەرادەیەك ئاڵۆزن ناکرێ سیاسەتمەداران تێی بگەن و بەسەریدا زاڵبن، بەڵکو پێویست دەکات بەڕێوەبردنی ئەو کارە ئابوریانە لە ژێر چاودێری زانا و ئەندازیاران بێت (techno-bureacracy)، دیارە ئەو داوایەش ئەنجامێکی سروشتیە بۆ پێشکەوتنی تەکنولوجیا .

بێکاری تەکنولۆجی | البطالة التكنولوجية | Technological Unemployment

تەماشا بکە : Unemployment,Technological

تەکنۆلۆجیا | التكنولوجيا | technology
هونەری پیشەسازی

مەبەست لە تەکنۆلۆجیا بەمانا فراوانەکەی، ئەو رووە رۆشنبیرییەی کە زانین و ئامرازەکانی دەگرێتەوە، ئەوانی بەهۆیەوە مرۆڤ کارتێکردنی دەبێت بەسەر جیهانی دەرەکی و زاڵیش دەبێت بەسەر مادە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئەنجامە زانستیانەی کە ئارەزوو هەیە لەسەریان . ئەو زانینە زانستیەی کە بەکردار جێبەجێ دەبێت بەسەر کێشە کردەییەکان و پەیوەستیشە بەئامادەکردنی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان، ئەو زانینە بەروویەکی تەکنولۆجیای تازە دادەنرێت .مەبەست لە گۆرانی تەکنولۆجیا، کۆی داهێنانەکانە، یان ڕێگا تەکنولۆجیەکان یاخود خزمەتگوزاریەکان و یانیش ئەو نموونە تازانەی بەکاردەهێنرێن لەبەرهەمهێناندا و دەبنە هۆی پەرەپێدان لەبری بەرهەمهێنان یان لە پلەی باشیدا .

ئامانجخوازی | الغائية | teleology

تیۆرییەکە باوەری وایە کە پرۆسە ئەندامیەکانی بوونەوەری زیندوو، بە پێی هێزێکی ئەندێشە کراو کاردەکات، ئاراستەشە بەرەوجێبەجێکردنی نموونەی بوونەوەری زیندوو یان وێنە کەی، لەبەرامبەرئەم تیۆرییە، تیۆری نائامانجخوازی (dysteleology) دێت، بە پێی ئەو تیۆرییەش سروشت بە بێ ئامانج کاردەکات.

**بیرخوێندنەوە**    **التخاطُر**    **telepathy**

**دوور ئاگایی**

گواستنەوەی لەدوور بۆ بیرو ئەندیشەو دیاردە ویژدانیەکان، هەروەها هەر دیاردەیەکی دیکە لەجۆری ئەزموونە هەستیە ئالۆزەکاندا بێت، لەئەقلێکەوە بۆ ئەقلێك، وەك یەکەم بینین . هەر چەندە وا دەگوترێت کە ئەو گواستنەوەیەش بەبێ هۆکارە هەستیە زانراوەکان دێتەدی.

**گواستنەوەی بیروباوەر**    **Ana:thought transference**

**تەلەفزیون**    **التلفزیون**

**الاذاعة المرئیة**    **television**

گواستنەوەی رەنگ و دەنگ لەیەك کاتدا بەهۆی هەڵگری کارەبایی، تەلەفزیون هۆکارێکی بیستن و دیتنە بۆ پەیوەندیکردنی جەماوەری بەکاردەهێنرێت، ئەویش بەهۆی پەخش و بڵاوکردنەوەی چەند بەرنامەیەکی دیاریکراو . شێوازی کارکردنی تەلەفزیون، وەك هۆیەکانی پەیوەندیکردنی دیکەو بەکۆمەڵانەوە، ئامانجی خولقاندنی تەبایی و رێك و پێکییە لە نێوان ئەو گروپ و خەڵکەی کۆمەڵگایان لێ پێکدێت، هەروەها یەکخستنی هەستی تاکەکان و نزیکردنەوەی بیرو باوەرو بۆ چوونەکانیان . تەلەفزیون بەیەك لە نوێترین و گرینگترین هۆیەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، لەبەر ئەوەی زیاتر سەرنج راکێشە بۆ بینەر، کاریگەری قوڵیشی لەسەر دەروونی دەبێت .

**سرووشت**    **المزاج**    **Temperament**

**باری هەست و هۆشی**

رێگایەکە بەهۆیەوە تاك بەدەنگی وروژێنەرە جیاوازەکانیەوە دێت، ئەویش بەپێی خەسڵەتە جەستەیی و دەروونیەکانیەوە کە سنوردار دەبن بەکاری کارتێکردنە کیمیاوییەکان بەسەر پرۆسەکانی لەناوبردن و بونیادنان لە لەشدا، ئەو کارتێکردنانە کاریگەرییان بەسەر چالاکی گشتی مێشك یان کۆئەندامی دەمار دەبێت . لەو خەسڵەت ئاکارانی لەشیش : توانای مرۆڤ بەرامبەر بەدیاردەی ماندوبوون، خاوبوونەوە و گۆشەگیری. شێوازەکانی میزاج چەند جۆرێکن، بەپێی پێکهاتەی خوێن:

میزاجی فلیگماتیك (بەلغەمی) phlegmatic

میزاجی خوینین sanguine

میزاجی میلانگولیا melan cholic

میزاجی زەردین choleric

هەروەها بەپێی خەسڵەتەکانی جەستە، جۆرەکانی میزاج بریتین لە:

میزاجی ناوکی endomorphy

میزاجی دەماری ectomorphy

میزاجی داهێنراو meso morphy

**کاتگەرایی - سەردەمێتی**    **الزمانیة**    **temporality**

وشەی کاتگەرایی بۆ کات دەگەرێتەوە، واتە ئەو ماوەیەی کە کەوتۆتە نێوان دوو رووداو، یەکەمیان تێپەر بووە، دوومیشیان پاشکەوتووە، یان بەدوایدا دێت . کاتگەرایی خەسڵەتی ئەو شتەیە کە پەیوەستە بەکاتەوە و دژی هەتاییە، رێژەی کاتی بۆ هەتایی وەك رێژەی کۆتایی بۆ ناکۆتاییە .

**tenancy** الاجارة بەکرێ گرتن

گرێبەستێکە، بەپێی ئەو گرێبەستە خاوەن ماڵ رازی دەبێت بەوەی کەسی کرێ گرتە سوود لەو شتەببینێ کە بەکرێ گیراوە تاماوەیەکی دیاریکراو ئەویش لە بەرامبەری کرێیەکی زانراوەدا (rent) . یاسا ئەو پەیوەندییەی نێوان خاوەن ماڵ و کرێ گرتە رێك دەخات .

**Ana.leas, hiring** بە کرێ گرتن

**cf.rent** کرێی خانوو

**tendency** النزعة / الميل حەز، مەیل

ئامادەییەکی ویژدانی هەڵچوانەی وەرگیراوە، پاڵ بەتاکەوە دەنێت بۆ ئەوەی بەکارێك هەستێت، یان گرینگی بەچالاکیەك یاخود بەکارێکی دیاریکراو بدات، رەنگە ئەو کارە خۆرسکی بێت یانیش وەرگیراو. لەشیکردنەوەی دەروونناسیدا دەوترێت - ئارەزووی کوتایی -(finaltendeny) ئەویش ئامانجی کۆتاییە کە تاك بە سەر ئارەزووە راستەقینەکانی دەیسەپێنێت، بەڵام ئامانجە هۆکاریەکان، ئەوانە ئەلتەر ناتیڤی هێما گەرین (symbolic substitutes)

**tension** التونر گرژی

هەستکردنێکە بەبێزاری و تەنگەتاوی، هەروەها شپرزە بوونی باری هاوسەنگی و ئامادەکاری بۆ گۆرینی رەفتار لە کاتی رووبەروو بوونەوەی هەر هەرەشەیەك، لەگەڵ گۆران لە هەڵوێستدا. لە دیاردەکانیشی، بێ ئارامی و دڵەراوکێ و هەڵچوون و نەمانی کاری رێك و پێك، لەگەڵ جوڵە و چالاکی زیاتر. دیارە ئەو بارەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی چەند کێشەیەك تاك توانای زاڵبوونی بەسەریدا نابێت، هەروەها بێ ئومێدی بەردەوام، یانیش و روژاندنی کتوپری توند، بۆیە ئەو دیاردانە دەبنە هۆی زیانگەیاندن بەتەندروستی تاك لە هەردوو رووی دەروونی و جەستەییەوە .

**term** الحد المنطقي ئاستی لۆژیکی / زاراوە

ئاستی لۆژیکی گوتەیەکە بەکەلکی ئەوە دێت تەنها خۆی رابگەیەنرێت، یان بەتەنها خۆی رادەگەیەنرێت . ئاستە لۆژیکیەکان ساکارترین بەشەکانی ئاخاوتنی لۆژیکین لەبەر ئەوەی رەگەزە یەکەمەکانن کە مەسەلەکانیان لێ پێکدێت، هەروەها ئەوەی کە بەڵك دێت ببێتە ئاستێکی لۆژیکی ئەوە ناوەکەو وشەکەیە، لێرەدا هیچ نموونە و وریاکردنەوەیەکیش نیە لە ژمارەی گوتەکان لە ئاستی لۆژیکی، رەنگە ئەو ئاستەیەك وتە بێت یاخود زیاتر. لۆژیك ناسان، ئاستە لۆژیکیەکان بەسەر زۆربەش دابەش دەکەن، ئەویش بەپێی مانا جیاوازەکانیان و پەیوەندی ئەو مانایانە لەگەڵ یەکتر، گرینگترین ئەو دابەش بوونانەش:

1- گشتی و ئەندەکی - بەش -

2- ناوی خود و ناوی واتا

3- سەلمێنراو و رەتکراو

4- رەها و رێژەیی

**Territoriality of the law** أقليمية القانون هەرێمێتی یاسا

بنەمایەکە، یاسای دەوڵەت پیادەی دەکات بەسەر هەموو ئەوانەی دەکەونە ناو هەرێمەکەیەوە، بە جۆرێك ئەو یاسایە بەسەر هەموو ئەو کەسانەی نیشتەجێن لەو هەرێمە پیادە دەبێت، ئەگەر هاوڵاتی بن یان بیانی. یاساکە لە دەرەوەی سنوری هەرێمەکە جێبەجێ ناکرێت تا لەسەر هاونیشتمانیانیش لەدەرەوە، ئەو یاسایە دیاردەیەکە لە دیاردەکانی سەروەری دەوڵەت

بەسەر هەرێمەکەی.

**territory** المقاطعة هەرێم ناوچە - کانتون

روبەرێکی دیاریکراوە لە دەوڵەت، خاوەن هەموو مافە یاساییەکانی خۆی نیە، بەڵکو لەلایەن دەوڵەتەوە وەك ناوچەیەکی پاشکۆ بەڕێوە دەچێت، سیستمێکی یاسایی تایبەتی هەیە. دەوترێت دەسەڵاتی هەرێمایەتی ( territorial jurisdiction) بۆ ئەو دەسەڵاتەی کە حکومەت بەکاری دەهێنێت بەسەر ئەو هەرێمە پاشکۆیەو ئەو کەسانەی نیشتەجێن تێیدا. هەروەها دەوترێت، درێژەپێدانی یاسا (extraterritorial) لەبەر ئەوەی دەسترۆیی یاساکە دەکرێ سنوری هەرێمی دەوڵەت تێپەر بکات.

**terrorism** النزعة الارهابية تیرۆریزم

بڵاوکردنەوەی جۆرێك لەتۆقاندن کە لەش و ئەقڵ دەوروژێنێت، واتە ئەو رێگایەی بەهۆیەوە گروپێکی رێکخراو یان حزبێك هەوڵدەدات ئامانجەکانی خۆی بەجێ بهێنێ، بەهۆی بەکارهێنانی توندوتیژی و کاری تۆقاندن، ئەگەر دژی کەسەکان بێت یان نوێنەرانی دەسەڵات ئەوانی بەرهەڵستیان دەکەن . روخاندنی خانووبەرە و لەناوبردنی بەرهەمەکشتوکاڵیەکان لە هەندی بارودۆخدا، وەك یەك لە شێوەکانی کاری تیرۆر دادەنرێت .

**test** الأختبار الرائز ئەزموونکردن

پێوەرێکە بەکاردەهێنرێت بۆ ئاشکراکردنی راستی یان هەڵە، بەپێی چەند بارودۆخێکی گریمانەکراو . ئەزموونە دەروونیەکان پێوانەی، توانا (ability)یان شیاوی (aptitude)یاخود دەسکەوت (achievement) یانیش کارامەیی (skill)دەکات. ئەو جۆرە ئەزموونانە بەکاردەهێنرێن لە بواری ئاراستەکردنی فێربوون و پیشەیی هەروەها لە هەڵبژاردنی کاری پیشەیی. تاقیکردنەوە دەروونیەکان پۆلێین دەکرێن لەسەر بنچینەی ئەو فەرمانانەی کە پێوانەیان دەکات، وەك تاقیکردنەوە زیرەکیەکان و تاقیکردنەوە کەسێتیەکان، یان پۆلێن دەکرێن لەسەر بنچبینەی ئامانج لەپراکتیکردنی، وەك تاقیکردنەوە ئامادەکاریەکان و تاقیکردنەوەکانی بەسیەتی، یاخود لەسەر بنچینەی جۆری ئەرك بەجێگەیاندن لە تاقیکردنەوەدا پۆلێن دەکرێن، وەك تاقیکردنەوە زارییەکان (verbal tests)و تاقیکردنەوەکانی ئەرك جێبەجێکردن (performance)یانیش لەسەر بنچینەی شێوازی پراکتیکردن، وەك تاقیکردنەوەکانی بەتاك و تاقیکردنەوەکانی بەکۆمەڵ.

**testimony** البينة بەڵگە شایەتنامە

لەیاسادا دوو مانا بۆ ئەم زاراوەیە هەیە:

1- مانایەکی گشتی، بەڵگەیەکە لەسەر هەر شێوەیەك بێت، بەنووسین یان شایەتی و یاخود چەند ئاماژە و نیشانەیەکی پەیوەندار.

2- مانایەکی تایبەت، بریتیە لە شایەتی کەسەکان بێ هەر بەڵگەیەکی دیکە، مەبەستیش ئەو باسانەی مرۆڤ لەبەردەم دادگا ئاشکرایان دەکات دەربارەی رووداوێك کە لایەن کەسێکەوە روویداوە و دەبێتە هۆی ئەوەی مافی کەسێکی پێوە بەسترا بێت. رێگا بەبەڵگە هێناوە دەدرێت بەپێی سەرچاوە بۆ سەلماندنی رووداوە مادییەکان لە هەڵس وکەوتە بازرگانیەکان، بەڵام لەهەڵس وکەوتە مەدەنیەکان رێگای پێ نادرێت تەنها ئەگەر بەهاکەی مافێکی یاسایی دیاریکراو تێپەر نەکات، هەروەها لەهەندێ حاڵەت کە یاسا دیاریان دەکات، دەکرێ حاڵەتی نائاسایی رێگای پێ بدرێت .

شانۆ
المسرح
**Thetre or theatre**
سینەما

وشەی شانۆ لە بنچینەدا بەو تەلارە دەوترێت کە - دار بەندی نواندنی - تێدایە، لەگەڵ هۆڵێك بۆ ئامادە بوونی بینـەران. وشـەکە دەکرێ بەوانەش بووترێت کە پەیوەندییان بەهونەری شانۆیی هەیە، وەك شانۆگەری، تیپی شانۆگەری، هەروەها خـودی نوانـدن. لەجۆرەکانی شانۆ، شانۆی میللی (people's theater) و شـانۆ لـە دەرەوەی خـانو (out doortheater) و شـانۆی بـووکی سەماکەر (puppot theater) . شانۆ بەگرینگترین هۆیەکانی پەیوەندی جەماوەری و کارتێکردنی جەماوەری دادەنرێت .

خواناسی
الاعتقاد بالله وحده
**theism**
بروا بوون بەخوا

ڕێبازی بروا بوون بەخوا لە رووی ئاینیەوە، بوونی خودا دەسەلێنێ ئەگەر ئەو سەلماندنە دان پیانان بوو بـەبوونی سروشـی خواوەندییەوە، یان بێ بوونی ئەو سروشە خواوەندییە بوو. بەلام بێباوەری (atheism) ئەوە حاڵەتی بـاوەر نەبوونـە بـە خودا، هەروەها دیاردەی پەیدا کردنی شەریك بۆ خواوەند (polytheism) واتە فرە خوایی .

ثیوکراسی
الثيوقراطية، الحكومة الدينية
**theocracy**
دەسەلاتی ئاینی

سیستمێکی سیاسـییە، دەسـەلاتەکەی پشـت بـە رێنمـا ئاینیـەکان و تیـۆری - پێسـپاردنی خـودایی - دەبەسـتێت . دیـارە ئـەو دەسەلاتەش لە دەرەوەی ویستی مرۆڤە و تێیدا پیاوانی ئاینی دەسەلات دەگرنە دەست. هەروەها بە بـۆ چـوونی ئـەم رێبـازە، دەبێ دەسەلاتی دونیایی - مەدەنی - پابەندی دەسەلاتە روحیەکە بێت . لە لێکۆلینەوە مێژووییەکان بۆ سیسـتمیثیوکراسـی، دەردەکـەوێت کـە ئـەو دەسـەلاتە ناکۆکـە لەگـەڵ رەوتـی مرۆیـی (humanism) لـە رووی فەلسـەفیەوە، هـەروەها لەگـەڵ دیموکراسیەت لە رووی سیاسییەوە .

خواناسی
العلم الآلهي
**theology**
لاهوت
اللاهوت

زانستی باوەرەکان، کە لە شێوازێکی زانستیانە رێکیان دەخات و دایان دەرێژێت . بۆ ئەوەی پێکهاتەیەکی توونـد و رێکـو پێکـی لێ پەیدا بێت، ئەویش لەبەر رۆشنایی ئەقل و سروشدا - وەحی - زانستەکە لە هەبووی رەهـا دەکۆلێتـەوە، رەنگـە پیرۆزیـش بێت (sacred) و پشت بە وشەی ئەو خودایە دەبەستێت کە لە کتێبە پیرۆزەکاندا پارێزراوە یاخود سروشتی (natural) دەبێت . لەسەلماندنش بۆ بوونی خودا پشت بەو سیستمە دەبەستێت کەلە جیهانی سروشتدا باوە .

تیۆری
النظرية
**theory**
بیردۆز

تیـۆری، بریتیـە لـە چـوار چـێوەیەکی هـزری، کۆمەڵـە گریمانەیـەکی زانسـتیانە راڤـە دەکـات و لـە سیسـتمێکی زانسـتیانە بەیەکەوە پەیوەست دایان دەرێـژێت بونیادنـانی تیـۆری زانسـتی، پشـت بـە هـەوڵ و رەنجـی ئـەقلیکی پێکهێنـانی دەبەسـتێت لەلایەن توێژەرەوە، کە بەدیدێکی گشتی بۆ راستیە ئەندەکیـەکان - بـەش- جیـاواز دەکرێتـەوە، هـەروەها سووریشـە لەسـەر رێکخستنی بەشەکان لە سنوری گشتێکی یەکگرتوو، بۆیە بەردەوام بە بەرزترین ئاستەکانی زانین دادەنرێت. تیـۆری زانسـتی لەگەڵ یاسا زانستیەکاندا بەشدارییان دەبێت، بـەوەی بوونیـان رێـژەیی و بـۆ چـوونی نزیکیـان هەیـە، بـەلام لەهـەمان کاتـدا تیۆری زانستی کەمتر جێگای دڵنیا بوون و جەخت کردن دەبێت تا دەگاتە یاساکان، بۆیە وەك گریمانەیـەك لەپلـەی دووەمـدا تەماشا دەکرێت. زاناکان، باوەریان بە تیۆرییەکان زیاتر دەبێت چـەندی ئەزمونـەکان لایـەنگریيان بکات، هـەروەها چـەندی ژمارەیەکی گەورەی دیاردە و یاساکانی راڤە کـرد، لەروویـەکی دیکـەوە .ئـەو تیۆرییانـە دەبێـت لەپەرەپێدانـدا بـەردەوام بـن،

لەگەڵ پەرەپێدانی کات و سەردەم، لەبەر ئەوەی ئەوان گوزارشت لە قۆناغی ئێستای زانیاریمان دەکەن، بۆیە پێویست بە هەموار کردنیان دەکات بەپێی پێشکەوتنی زانست.

سوفیگەریێتی | مذهب الحكمة الآلهية / الثيو صوفية | **Theosophy**

ڕێبازێکی تێکەڵە لەفەلسەفەی ڕۆحی هیندی و فەلسەفەی ئەقلی ڕۆژئاوایی. باوەڕی وایە کە تاکەکان بەتایبەتیش لێهاتووەکان، دەکرێ ئیلهامی خوداییان دەسکەوێت، هەروەها زاڵبن بەسەر هێزەکانی لە سروشت بەدەر.

ساڕێژکردن، دەرمانکردن | العلاج | **therapy**

یەك لە ئەلقەکانی زانستی پزیشکیە، بایەخ بەچاککردنەوە دەدات، یان بەجێبەجێکردنی تیمارکردن بۆ چاکبوونەوەی نەخۆش، ئەگەر جەستەیی یاخود دەروونی یانیش کەمکردنەوەی ئێش و ئازاربێت یان پاراستنی . دەوترێت، چارەکردنی دەروونی (active therapy) ئەویش جۆرێکە لەچارەکردن بە هۆی شیکاری دەروونی، تێیدا کەسی چارەسەرکەر - پزیشك - پرسیار ئاراستەی نەخۆش دەکات بۆ ئاشکرا کردنی زۆرترین ڕووەنەستیەکان بەوەش کۆتایی بەو بەرهەڵستیە دێت کە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم شیکردنەوەی بۆ نەخۆشیەکە . هەروەها دەوترێت چارەکردنی بە کۆمەڵ (group therapy) واتە دابەشکردنی نەخۆشەکانی نیرۆسیسی بۆ چەند گروپێك، هەر گروپێك ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە هەمان سکاڵاو نەخۆشی دەردەبرن، پاشان ئەوانە هان دەدرێن بۆ بەشداری کردن لە گفتوگۆیەکی بابەتیانە، دیارە ئەو کارەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ لەناوبردنی دیاردە شپرزەییە دەروونی و رەفتاریەکان . چارەکردنی پیشەیی (occupational therapy)، واتە چارەکردنی نەخوشیە دەروونیەکان لە ڕێگای کارکردن، کە یارمەتی چاکبوونەوە دەدات .

تێز / دەربرینێك بۆ سەلماندن | الدعوى | **thesis**

تێز لەلۆژیکدا، ئەو بریارەی پێویست بەسەلماندنی دەکات بە بەڵگەوە، هەروەها دەرخستنی بەڵگەکەش . تێزلای - هیگل - بریتیە لە لایەنی یەکەم لە کۆی سێ ئاست یان سێ مەسەلە، ئەوانیش بریتین لە: تێز (thesis)، دژی تێز (antithesis) و رامکردنی نێوانیان (synthesis).

بیرکردنەوە / بیر - را | التفكير | **thinking**

ڕێبازێکی دیاریکراوە لە واتاو هێما ئەقلیەکان، ئەوانی کێشەیەك دەیانورووژێنێت، یان هەڵوێستێك بۆ گەیشتن بە ئەنجامێك پێویستی دەکات. ئەمەو پرۆسەکانی، بریاردان و دامالین و وێناکردنی ئەقلی و بەلگاندن لە دیاردەکانی بیرکردنەوەن بەتەسکترین ماناکانی، ئەگەر مەبەستیان مانا فراوانەکەش بێت، ئەوا وێناکردنی هەستی و ئەندیشەکردن و بیرکەوتنەوە دەگرێتەوە . دەوترێت بیرکردنەوەی رووت (abstract thinking) و بیرکردنەوەی داهێنانە (creative thinking)و بیرکردنەوەی ڕێکو پێك (disciplinary thinking).

بیر / هزر | الفكر | **thought**

دیاردەیەکی ئەقلیە، بەرهەمی پرۆسەی بیرکردنەوەیە، بەهۆی حاڵەتەکانی درك پێکردن و شیکردنەوە و گشتاندنەوە دروست دەبێت . هزر جیاوازی لەگەڵ سۆزدا دەبێت، سۆز لەئارەزوویەکی هەڵچوانەوە پەیدا دەبێت پشت بە ئەزمون

نابەستێت و لە دەوری بیرۆکەیەك یاخود بابەتێك دەسورێتەوە . هەروەها هزرجیاوازی لەگەڵ ویستدا دەبێت، کە ئامانجی زاڵکردنی لایەنی ئارەزووەکانە بەسەر بریارە ئەقلیەکانەوە . دەوترێت : خوێندنەوەی هزرەکان (thought reading) واتە تێگەیشتنی هزرەکانی کەسێکی دیکە بێ ئەوەی هەستەکان بەکاربهێنرێت، هەروەها دەوترێت کواستنەوەی هزرەکان (thought transference) بەمانای بیرخوێندنەوە (telepathy) هەروەها یاساکانی هزر (laws of thought)، واتە ئەو بنەما یەکگرتووانەی کە بەهۆیەوە بیردەکرێتەوە.

**Cf. social thought** هزری کۆمەڵایەتی

**Tillage** الفلاحة الزراعة جوتیاری کشتیای

بەواتای زانست و هونەری زەوی کێلان بۆ بەرهەم هێنانی بەرووبووم. رێگاکانی زەوی کێلان و شێوەکانی لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی دیکە جیاوازی تێدا دەبێت لەبەر چەند هۆکارێك، لەوانە: کەش و هەوا، خاك، بارودۆخی دانشتوان و چەندین هۆکاری دیکە . لەهەندێ زمانە ئەوروپیەکان زاراوەی کشتوکاڵ (agriculture) فراوانتر بەکاردەهێنرێت، بەجۆرێك بەخێوکردنی ئاژەڵ و لەوەریش دەگرێتەوە، سەرەرای کێلانی زەوی .

**Tim** الزمن کات زەمەن

رەوشێکە تێیدا رووداوەکان جیاواز دەکرێنەوە، ئەوەندەی پەیوەندی بە رووداوەکانی پێشوو دواتر هەبێت، هەروەهای دەست پێکردنیان و کۆتایی هاتنیان .

**c.F social time** کاتی کۆمەڵایەتی

**Time budget** میزانیة الوقت گەنجینە بودجەی کات

بودجەی کات، بریتیە لە تومارکردنی چالاکیە یەك بەدوای یەکەکانی تاك، کە پێیان هەڵدەستێ لە ماوەیەکی دیاریکراودا و رۆژانەش بەزۆری -24- کاتژمێر دەخاینێت . تۆژینەوە لە بودجەی کاتدا هەموو زانیارییە تایبەتیەکان بەچالاکی تاك دەکرێتەخۆی، مەبەستیشی شیکردنەوەی ئاراستە بنچینەییەکانە ئەوانی پەیوەستن بە دابەشبوونی کات .

**timelag** الفاصل الزمني ماوەی جیاکەرەوە

زاراوەیەکە ئابوریناسان بەکاری دەهێنن لە شیکردنەوەی دینامیکیدا، وەك دەربرینێك بۆ تێپەر بوونی ماوەیەك لە نێوان روودانی هەر گۆرانێك لە برێکی ئابوری دیاریکراودا و نێوان روودانی هەر گۆرانێکی دیکە کە پێشووتر یاخود دواتر رووبدات لە هەمان ئەو برە ئابوریە بێت یاخود برێکی دیکە. ئەگەر گۆرانێکی روو لە زۆربوون لەوە بەرهێنان رووبدات لە ساتێکی دیاریکراو دا، ئەوە دەبێت ماوەیەك تێپەر بێت - درێژەبکێشێت یان کورت - بۆ روودانی گۆرانێکی دواتر لە داهاتدا، ئەویش لە ساتە وەختێکی دواتر .

**Time series** السلسلات الزمينة زنجیرە رووداوە کاتیەکان سەردەمە مێژووییەکان

زنجیرە زەمانیەکان بۆ هەر دیاردەیەك، بریتیە لە چەند بەهایەك یان چەند برو کێشێکی ئەو دیاردەیە، ئەویش لە زنجیرە مێژووییەکی بە دوایەکدا هاتوو، نموونەی: رۆژەکان، مانگەکان، ساڵەکان .......هەندێ جاریش پێی دەوترێت زنجیرەی

مێژوویی (hisyorical series) . هەروەك باویشە، ئەو ماوانەی نێوان مێژووە بە دوایەکدا هاتووەکان، یەکسان دەبن، ئەویش ئاسانتر و تەواوتر و وردترە. ئەو زنجیرە رووداوانە، لەبارێکی ئاسایی دێنەدی لە ئەنجامی تەماشا کردنی ئەو دیاردانەی کەماوەییەکە لێیان دەکۆڵینەوە، هەروەها پێوانەکردنیان لە چەند کاتێکی رێکو پێکدا.مەبەست لە زنجیرە زەمەنیەکان، ئەوەیە کە زنجیرەیەکمان لە بەهاکان یاخود لەبروکێشەکان بداتێ بۆ ئەو دیاردانەی کەلێیان دەکۆڵینەوە بەهۆیانەوەش ئەو گۆرانکاریانەی کە روویانداوە بەسەریاندا لەو ماوەیەدا دەردەکەون. دەکرێ جیاوازی لە نێوان چوارجۆر لەو گۆرانکارییانە بکەین کە بەسەر بەهای دیاردەکان روو دەدەن بەرێکو پێکی:

1- گۆرانکارییە ئاراستەییەکان، یان ئاراستە گشتی (secular trend)

2- گۆرانکارییە وەرزییەکان (seasonal variations)

3- گۆرانکارییە چەرخییەکان - خولیەکان - (cyclical variations)

4- گۆرانکارییە رێکەوتەکان (accidental variation)

| | | |
|---|---|---|
| کات - زەمانی کۆمەلآیەتی | المجال الاجتماعي | Time و social |
| تەماشا بکە : | | Social time |

| | | |
|---|---|---|
| هاوکاری | التضامن | togetherness |
| تەماشا بکە : | | solidarity |

| | | |
|---|---|---|
| لێبوردەیی<br>چاوپۆشین | التسامح | Toleration |

هەلۆیستێکە لە ئامادەکاری بۆ وەرگرتنی بیرو بۆ چوونە جیاوزەکان، دەردەکەوێتە، ئەوەندەی پەیوەست بێت بەجیاوازیەکانلە رەفتار و بیرو رادا، بەلآم بێ ئەوەی پەسندییان بکات. لێبوردەی پەیوەستە بە رێبازو سیاسەتەکانی ئازادی لە بواری چاودێری کۆمەلآیەتی، دیارە لەو بوارەدا رێگا دەدرێت بە جۆراو جۆری هزرو بیروباوەرەکان، بەلآم ئەو لێبوردەییە جیاوازی دەبێت لەگەڵهاندانی کارا بۆ لێك نەچوون و جۆراو جۆری. لەبەرامبەر زاراوەی لێبۆردەیی، زاراوەی رق و تووره بوون دێت (intolerance)

| | | |
|---|---|---|
| باری راهاتوو<br>بارودۆخی ئیستا | الوضع القائم | Topia |

زاراوەیەکە لە لایەن - کارل مانهایم - بەکارهێنراوە، وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو سیستەمەی هەیە و ئەندیشەی (utopia) تێدا پەیدا دەبێت واتە، هیواو چاو تێبرین بۆ بە دەستهێنانی چەند ئامانجێك کە لە بارودۆخەکەدا نیە .

| | | |
|---|---|---|
| تۆپۆگرافیا<br>روخسارناسی | الطبوغرافيا | topography |

باسکردنی دوورودرێژی شوێنێك، ئەو باسکردنە رووی زەوی و هەر دیاردەیەکی هەمیشەیی دیکە دەگرێتەوە، ئەگەر سروشتی بێت یان دروستکراوی مرۆڤ. لە دەروونناسیدا مەبەست لە تۆپۆگرافیا گرتنی وێنەی ئەو شوێنانەی کە تێیدا یاخود لە نێوانیاندا کرداره دەروونیەکان بەرێوە دەچن، ئەوانیش ناوچەی هەست و نەستەکان و پێش هەستکردنن،

یـانیش لەسـەر بنچـینەی دابەشـبوونێکی دیکـە، کـە ئـەوانیش بـریتین لـە : ئـەو : ئیـد (id) و مـن (ego) ومنـی بـاڵا (super ego) یە

**پێکهاتەی هێمایی مەیدان** — تبولوجيةالمجال — التركيب الرمزى للمجال — **Topology field**

مەبەست لە زاراوەکە، ئەو تیۆرییەی (kurt lewin) دایناوە دەربارەی دەروونناسی کۆمەڵایەتی، ئـەوەش بـە وەرگرتنـی - تیۆری بوار - لە زانستە سروشتیەکان و هەموار کردنی و گەشەپێدانی بەو شێوەی کە لەگەڵ زانستەکانی رەفتاردا دەگونجێت . بە بۆ چوونی ناوبراو، تۆپۆلۆژیا وەك لقێك لە ئەندازە، تۆێژینەوە لە خەسڵەتەکانی ئەو شێوانە دەکات کـە بـە جـێگیری دەمێنێتەوە بێ ئەوەی گۆرانیان بەسەردا بێت لە ژێر کاریگەری زۆر بـۆ هێنـان، یـان گـۆرینی بـەردەوام لـە ئـەنجامی چـەند پەیوەندییـەك هـەر چۆن رێکبکـەوێت بـۆ ئـەو پەیوەندییانـەو بـۆ دۆخەکـە، کـە دەکـرێ لـەبار بێـت بـۆ زۆر لەکێشـەکانی دەروونناسی . (لیفن) بۆ چوونی وایە کـە چـەمکە تۆپۆلۆژییـەکان بـە گشـتی رێگامـان پێـدەدەن ئـەوە دیـاری بکـەین کەچـی دەکرێ رووبدات لە بواری گرینگ و زیندوی دیاریکراودا، هەروەها چ رووداوێك چاوەروان نەکراوە، بەوەش لایەنی پێکهاتنی بوار دەگرێتەوە، چەمکە دینامیکیەکانیش تەواوکەریان دەبێت کە بەرۆڵی خۆیـان دەسـت نیشـانی ئـەو رووداوانـە دەکـەن کـە دەکرێ بەراستی رووبدەن. هەروەها - لیڤن - بـواری کاریگـەرو زینـدوو دابـەش دەکاتـە سـەر چـەند ناوچـەیەك. ناوچـەکانی ژینگەی سایکۆلۆریش ئاماژە بۆ بوارەکانی چالاکی باری راهاتوو یاخود ئەوانەی چاوەروان کراون، دەکەن، زیاتر لەوەی ئاماژە بۆ چەند رووبەرێکی بابەتیانە بکەن کە تێیدا رووەکانی چالاکی روودەدەن، یانیش ئاماژە بۆ ئەو شتە دەرەکیانە بکـەن کـە لایەنەکانی ئەو چالاکیە پێی دەبەسترێنەوە. ئەمەو دیـاریکردنی هـەر لایـەنێك لـە لایەنـەکانی چالاکی، ئـەوا زانینـی کـات و شوێن و ئەو شتانەی کە پەیوەستن پێوەی ئاسانی دەکات، هـەروەها هـەر گۆرانێـك لـە دۆخـی هـەر ناوچـەیەك لـەناو بـواری گرینگی زیندوودا، ئەوە درك کردن دەبێت بەوەی کە جوڵەیە. جوڵەش لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە، گواسـتنەوەی خود - کەسەکە - دەگرێتەوە لە دۆخی ئیستای بۆ دۆخی کۆتایی، ئـەویش لـە چـەند رێرەوێـك یـاخود چـەند رێگایـەك لـەو شوێندا (hodological space )ئەو رێگایەش چـەند ئاراسـتەیەکی جیـاواز وەردەگرێـت، دەگـۆرێـت بـە گـۆرینی ژینگـەی سایکولوجی .

**توتالیتاریانیزم** — **حکومەتی دیکتاتوری** — الكليانية — الحكم الشامل — **totalitarianism**

یـەك لـە شێوەکانی حوکمرانیـە، لەسـەر ملکەچـی تـاك بـۆ دەوڵـەت دامـەزراوە، هـەروەها دەسـەڵاتی تـەواو بەسـەر هـەموو دیاردەکانی ژیـانی نەتـەوە و هێـزە بەرهەمهێنـەرەکانی، ئـەو جـۆرە دەسـەڵاتدارییە لەسـەر بنچـینەی چـەند گریمانەیـەکی ئایدۆلۆجی و کرداری خۆویستانەی دیـاریکراو دامـەزراوە . دەسـەڵاتدارانی ئـەو جـۆرە حوکمرانیـە بـەناوی کـۆی دانیشـتوان بریارەکان و حوکمرانی خۆیان رادەگەینن. زاراوەکـە بەسیستەمەکانی نـازیزم و فاشـیزم دەوتـرا، هـەروەها هەنـدێ جـار بـە سیستمی کۆمۆنیستەکانیش وتراوە.

تەماشا بکە : فاشیزم — **Fascism**

نازیزم — **nazism**

**هەمەگەری** — **گشتێتی** — الوحدة الكاملة — **Totality**

مەبەسـت لـە زاراوەکـە لـە کۆمەڵناسـیدا، ئەوەیـە کـە راسـتی کۆمەڵایـەتی دیاردەیـەکی کۆمەڵایەتیـە، یـەکگرتنێکی تـەواو پێکدەهێنێ. مێژوو بریتیە لە یەکگرتنێکی تەواو، چونکە ناکرێ هیـچ فاکتـەرێك لـەو فاکتەرانـەی پێکـی دەهێـنن لێـی جیـا بکرێنەوە. زانستە مرۆڤایەتیەکان هەوڵی گەیشتن دەدەن بە تیۆرێکی گشتی، کە لێکۆڵینـەوە تایبەتیـەکان تێکـەڵ دەکـەن بـۆ

ڕوونکردنەوەی یەکگرتنی تەواوی مرۆڤ.

**تەوتەم** **الطوطم** **Totem**

**ئاژەڵ پەرستی**

گیانلەبەر، یان ڕووەك، یاخود جەستەیەکی هەست پێکراو، مرۆڤی سەرەتایی بەرێز و کرنۆش بردن تەماشای دەکات، بێ ئەوەی هیچ هۆیەکی ئەقلانی هەبێت بۆ ئەو کارەی . خەلکی هۆزە تەوتەمیەکان باوەریان وایە کە ئەوان لە تەوتەمەوە هاتوونەتە خوارەوە، هەروەها هۆزەکەش هەر ئەو ناوەی لێدەنرێت . واتە تەوتەم لای ئەوان هێمایە بۆ باوك یان باپیرە و جێگای ئەوان دەگرێتەوە.

**برِوا بوون بە تەوتەم** **الطوطمية** **totemism**

کۆمەڵە بیرو باوەڕێکی ئاڵۆزە دەربارەی تەوتەم و ئەو پەیوەندیە نهێنیەی نێوان ئەندامانی هۆز. تەوتەمیزم ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵ.

- دورکهایم - باوەری وایە کە تەوتەمیزم شێوەیەکی سەرەتایی ئاینە، هەروەها فاکتەرێکی گرینگیش بووە لە گەشەپێدانی تووند و تۆڵی کۆمەڵایەتی لای کۆمەڵگە سەرەتاییەکان .

**گەشت و گوزار** **السياحة** **Tourism**

گەشت و گوزاربە واتای گواستنەوە و جێگۆرکێی کەسێك لە شوێنی نیشتەجێ بوونیەوە بۆ شوێنێکی دیکە و بۆ ماوەیەکی کورت تارادەیەك، ئەمە لەگەڵ خەرج کردن لە داهاتی خۆی لەو گەشت و هاتووچۆیە، نەك بەهۆی داهاتی کارکردن لەو شوێنەی گەشتی بۆی کردووە. ڕەنگە ئامانجی گەشتیار تەنها کات بەسەربردن بێت لەو ماوەیەی کە مۆڵەتی وەرگرتوە، یان حەجکردن بێت یاخود بۆ چارەسەر و کاری تەندروستی بێت، یانیش خوێندن بێت. بەو شێوەیە گەشتیار دەبێتە کەسێکی بەکاربەر نەك بەرهەمهێنەر، گەشت کردنیش ڕەنگە ناوخۆیی بێت یان دەرەکی. حکومەتەکان بایەخ بەلایەنەکانی گەشت کردن دەدەن، بۆ ئەو مەبەستە هۆکارە پێویستیەکانی رابواردن و پشودان بۆ گەشتیاران ئامادە دەکەن، لە ئوتێل و هۆیەکانی هاتووچۆ، هەروەها دروستکردنی پرۆژەکانی گەشتیاری و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان بەمەبەستی ئاسانکردنی گەشت . دەوترێت گەشتی کۆمەڵایەتی (social tourism) بۆ ئەو جۆرە گەشتەی ڕێکدەخرێت بۆ خێزانی فەرمانبەران و کرێکاران و ئەوانی داهاتیان سنوردارە .

**شاروچکە** **البَلدة** **المدينة الصغيرة** **Town**

لە کۆندا مەرج بووە کە شوێنی ئاوەدانی، پەرستگاو گورستانی تێدا بێت بۆ ئەوەی شایانی ئەوە بێت ناوی شاروچکە هەڵبگرێت. بەڵام ئاراستەی نوێ پابەندی ئەو مەرجە نابێت، بەڵکو مەبەست لە شاروچکە هەر شوێنێك ئاوەدان بکرێتەوە بە ژمارەیەکی لە بارو پەسند لە خانوو بەرەی نزیك یەك . شاروچکە لە بارێکی ئاسایدا گەورەترە لە گوند و بچووکترە لە شار (city) .

**پیشە** **١-الحرفة** **Trade**

**تەماشا بکە : سەندیکای کرێکاری** **Trade untion**

**بازرگانی** **٢-التجارة**

کرین و فرۆشتن بە مەبەستی دەسکەوت و قازانج لەو ئاڵوگورکردنە، هەروەها دانانی کالاو خزمەتگوزاریەکان بۆ

بەکاربەران. بازرگانی چەند جۆرێکی هەیە، ڕەنگە بازرگانی فرۆشتنی کەل و پەلەکانی لەسەر شێوەی تاك بێت یاخود بە کۆ، هەروەها بازرگانی ناوخۆیی دەبێت یان دەرەکی .

تەماشا بکە : ئاڵوگۆڕ barter

**ئەنجومەنی بازرگانی** **أتحاد أصحاب الاعمال** **Trade association**

یەکێتیەکە پێکدێت لە بازرگان و خاوەن کارو پیشەسازییەکان، ئەویش لە کارێکی بازرگانی بێت یان لە پیشەسازییەکی دیاریکراو، بەمەبەستی پاراستن و بەهێزکردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەندامان. ڕەنگە دروست بوونی ئەو یەکێتیانە، کاردانەوە بێت بۆ گردبوونەوەی کرێکاران لە پیشەیەك یاخود لەکارێکدا لەسەر شێوەی سەندیکای کرێکاری بۆ بەرگریکردن لەبەرژەوەندی ئەندامانی .

**ئازادی بازرگانی** **حرية التجارة** **Trade و freedomof**

واتە، بنەمای نەهێشتنی ئەو کۆت و بەند و کۆسپانەی دەبنە ڕێگر لەبەردەم گەشەکردنی بازرگانی نێو دەوڵەتی و قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی. لەبەر ئەوەی گەشە کردن و بڵاوبوونەوەی بازرگانی دەبێتە هۆی پەیدا بوونی پسپۆڕی و دابەشبوونی کار، بەوەش نرخەکان رووله دابەزین دەکەن و لێهاتوویی لە بواری بەرهەمهێنان زۆرتر دەبن و پرۆژەکانیش دەگەنە قەبارە نموونەییەکان .

**سەندیکای کرێکاری** **النقابة العمالية** **Tradeunion**

ڕێکخستنێکی ئارەزوو مەندانەی بەردەوامە بۆ کرێکاران ، چاودێری بەرژەوەندییەکانیان و بەرگری لە مەرجەکانی کارکردنیان و چاککردنی کاروبارو گوزەرانیان دەگرێتەوە . دروست بوونی سەندیکاکان لەسەر دوو پلەی بنچینەیی ڕێکدەخرێن :

1- سەندیکای پیشەسازی (industrial union) هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لە پیشەسازییەکی دیاریکراودا کاردەکەن، بێ گوێدانە کار یان پیشە و یاخود ئەو ئەرکەی کرێکار بەراستی لەناو کارگە و پیشەسازیدا پێی هەڵدەستن .

2- سەندیکای پیشەیی (craft union)، ئەویش بریتیە لەو سەندیکایانەی کە کرێکارانی لە یەك پیشە کار دەکەن، بێ گوێدانە پیشەسازییەکەی کاری تێدا دەکەن . سەندیکاکانیش دابەش دەکرێن لەرووی ناوچەی چالاکیانەوە بۆ :

سەندیکای دامەزراوەکە (company union)،

سەندیکای خۆجێی (local union)

سەندیکای نەتەوەیی (national union)

**نەریت** **التقاليد**
**کەلەپور** **التراث** **Tradition**

ڕەگەزەکانی کولتور کەلە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێنەوە، واتە ئەوانەی بریتین لە چەند بنەمایەکی ڕەفتاری تایبەت بە گروپێك یان بە تائیفەیەکی دیاریکراو، کە لە باب و باپیرانەوە دەگوازرێنەوە بۆ نەوەی هاتو - دواتر - داب و نەریتە کۆنەکان جیاواز یان دەبێت لەخوورەوشتی کۆمەڵایەتی (custom)، هەروەها لە عورفەکان - سونەتەکان - (mores) لەوەی کە خەڵکی بەرامبەر داب و نەریتە کۆنەکان ڕێزی گەورەیان بۆی دەبێت وەك دیاردەیەکی پیرۆز تەماشای دەکەن و ناتوانن پشتی لێ بکەن.

**نەریتخوازی** **النزعة التقليدية** **traditionalism**

قایل بوون و بایەخدانی پر هەست و سۆز بەکەلەپور، بەتایبەتیش بیروباوەرە نەریتیەکان و ملکەچی بۆ یان، بە بۆ چوونی ئـەو ئاراسـتـەیە، شـێوازو سیـستمە کۆنـەکان باشـترین رابـەرن بـۆ دەسـت نیشـانکردنی رەفتـار لـە ئیـستا و لـە ئاینـدەدا. نەریتخوازان هەر گۆرانێکی کۆمەلآیەتی رەت دەکەنەوە، هەروەها دیاردەکە وەك کاردانەوەیـەك خـۆی دەردەخـات بەرامبـەر هەر رەوتێکی شۆرشگێری کە مەبەستی رێکخستنەوەی دەولەت یاخود کۆمەلگە بێت لەسەر چەند بنەمایەکی ئەقلی .

ترافیك | حركة المرور | **Traffic**

جوولەی هاتووچۆ لەشارەکاندا بەهۆی ئۆتۆمبێلە تایبەت و گشتی و هێلەکانی -ترام - و چەندین هۆکاری دیکـەی گواسـتنەوە . ئەو جوولە و هاتووچۆیە، پەیوەندییـەکی توونـدی هەیـە بـەژیانی خـەلکی و بـە بوارەکـانی چالاکیان . هـەر بـەهۆی زۆر بوونی ژمارەی دانشتوان ئەوا بەکارهێنانی هۆیە تایبەتیەکانی گواستنەوە زۆرتر بوونە، رێگاکانی هاتووچۆش جەنجال و پر بوونە و توانای جوولەی هاتووچۆی زۆریان نیە، بۆیە وا پێویست دەکات کە هەولی دۆزینـەوەی هۆکـارە جیاوازەکـانی دیکە بدرێت، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە .

راهێنان
مەشق
| التدريب | **training**

ئامادەکردنی تاك بۆ کارکردن یان سەرکەوتن لە هەر لقێك لەلقەکانی چالاکی، هەروەها یارمەتیدانی بۆ سوود وەرگـرتن لـە تواناکانی تا ئەو ئاستەی کە بۆ خودی خۆی و بۆ کۆمەل دەسکەوتی زیاتر بە دەست دێنێت. راهێنـان جیـاوازە لـە فێربـوون، لـەوەی فێربـوون ئامـانجی فراوانکردنـی تێگەیشـتن خوێندکارانـە، هـەروەها زۆرکردنـی زانیارییـە گشـتیەکان و تیۆرییـە بنچینەییەکانە. بەلآم راهێنان هەلدەستێ بە ئامادەکردنی تاکەکان و راهێنانیـان بـۆ ئـەوەی کاروبـاری دیـاریکراو بـە ئـەنجام بگـەیێنن بـە شـێوەیەکی وردو بـە لێهاتوویی، یـاخود ئەنجامـدانی چـەند کـارێکی پسـپۆری کـە سروشـتی پەرەسـەندنی کـار پێویستی دەکات . راهێنان چەند جۆرێك دەگرێتەخۆی، لەوانە :

راهێنانی سەرەتایی (initial training)

راهێنانی پیشەیی (vocational training)

راهێنانی سەرپەرشتیاران (foremen training)

راهێنانی ئەندامانی کارگێری لە پلەی ناوەراستدا: (middle management training)

راهێنانی ئەندامانی کارگێری لە پلەی بالآدا:(high management training)

لێرەدا چـەندین سیـستمی جیـاواز بـۆ راهێنـان هەیـە، بـەپێی داواکاری کـارە هونەرییـەکان و شایـستەیی هێـزی کـار و ئـەو ئاستانەی پێویستن لە بەرهەم هێناندا، گرینگترین ئەو سیستمانەش:

1- پەیمانگاکانی راهێنانی پیشەیی : (vocational training institutes) .

2- خوێندکارانی پیشەسازی : (apprenticeship training) .

3- راهێنان لەکاتی کارکردن : (on- the-job training) .

4- پۆلە ناوخۆییەکان، یان شوێنە تایبەتیەکان بۆ راهێنان : (vestibule training) .

نیشانە
خەسلەت
| السمة | **trait**

روخسـارێکی جـێگیری رێژەییـە، لـە روخسـارەکانی رەفتـار، واتـە خەسـلەت پەیوەسـت دەبێـت بەیـەك جـۆری دیـاریکراو لـە هەلۆیستەکان یان پێوەرە کۆمەلآیەتیەکان . وەك ناولێنانی خەسلەتی خۆپەرستی یاخود چلێسی یانیش ئازایەتی لە کەسێك.

پیشەسازی نارێك و پێك الصناعة غير المنتظمة **Tramp industry**

- بێ سەروبەر -

پیشەسازییەکە ژمارەیەکی گەورەی کرێکارانی لابەلا و بەرێکەوت یان کۆچبەران بەکاردەهێنێت، دیارە ئەو پیشەسازییە سروشتێکی وەرزی و کاتی هەیە، لەزۆر باردا .

ڕێبازی بڵند خوازی مذهب التعالي المذهب السامي **transcendentalism**

ڕێبازەکە، ئاراستەیەکی گشتیە، زیاتر لەوەی فەلسەفەیەکی دیاریکراو بێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ڕێبازەکە لە فەلسەفەی - کانت - (kant) ەوە وەرگیراوە، چونکە باوەری بە ئایدیالیزم و بەها مەعنەوەی و رۆحیەکان هەیە، هەروەها دژی رەوتی مادییەتە. بە بۆ چوونی ئەم ڕێبازە، حاڵەتی خودا لەئاست جیهاندا، وەك حاڵەتی داهێنەرە لەئاست داهێنانەکەی، یان ئەو گوتەیەی کە لە پشتی دیاردە هەستیە گۆراوەکان، چەند ناوەرۆکێك -جەوهەر- ی جێگیر هەیە، یاخود چەند راستیەکی رەهای دروست بوو لە خودی خۆیدا هەیە . بەگشتی هەموو فەلسەفەیەك بۆ چوونی وایە کە جیهان بە شێوەیەکی روو لە بەرزی ڕێکخراوە و دامەزراوە، تێیدا ڕووداوەکان ملکەچی ئەندیشە و هزرەکان دەبن، هەروەها ئەندیشەکانیش ملکەچی بنەماکان دەبن، کە ئەوانیش فەلسەفەیەکی روو لە بەرزییە .

گواستنەوەی التحويل **Transference**

گۆڕین

مەبەست لە وشەکە بەشێوەیەکی گشتی، گواستنەوەی هەر شارەزاییەکی دەروونیە - هەست و سۆز و ئارەزووەکان - لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، یان گۆڕینی هاندەر یاخود ویست لەبابەتە بنچینەییەکەوە بۆ بابەتێکی جێگیرەوە - ئەلتەر ناتیف - هەروەك چۆن لە حاڵەتی دەستدرێژی بۆ سەر کەسێکی لاواز ڕوودەدات لەجیاتی ئەوەی بەرپەرچدانەوەی ئەو کارە بکرێت، یانیش گۆران لە حاڵەتی خۆشەویستی منداڵ، بەرەو خۆشەویستی ئاژەڵ. لەشیکردنەوەی دەروونیدا مەبەست لەوشەکە، گواستنەوەی هەستەکانی نەخۆشی ئەقلیە، لەکاتی شیکردنەوەیدا، ئەگەر ئەو هەستانە خۆشەویستی بن یان رق و قین لەو هەڵوێستانە یاخود لەو کەسانەی کە زیندوو کراونەتەوە لە بنچینەدا و خولانەوەشیان لە دەوری خودی کەسی شیکار.

گوێزانەوەی خزمەتگوزاری تاك التحويل في خدمة الفرد **Transfer in case work**

کاتێ مرۆڤ هەوڵدەدات کارێك یان خزمەتگوزارییەکی دەسکەوێت لە دامەزراوەیەك کە ئەو خزمەتگوزارییەشی تێدا فەراهەم نابێت، یان لەکاتی لێکۆڵینەوە لە هەل و مەرجی خۆی ئەوەی بۆ ئاشکرا دەبێت کە پێویستی بەکارەکەیە بەڵام لە دامەزراوەیەکی دیکە نەك ئەوەی هەوڵی بۆی داوە، لەو بارەدا پسپۆری کۆمەڵایەتی هەڵدەستێ بە گوێزانەوەی بۆ دامەزراوەیەکی شارەزا و تایبەت، ئەویش بە پێی راپۆرتێکی سادە و روون کە زانیارییە گرینگەکان دەربارەی حاڵەتەکەی و هۆیەکانی گواستنەوەی دەگرێتەخۆی .

تیۆری گواستنەوە و گۆرانکاری نظرية التحويل **Transformism**

تیۆرییەکی زانستیانەیە، باوەری بە جێگیر نەبوونی جۆرە زیندووەکان هەیە، لەبەر ئەوەی لەپەرەسەندنێکی بەردەوامە، ئەوانە لەسەر یەك بار نامینێنەوە، بەڵکو دەگۆڕێن بەشێوەیەکی بەردەوام . گۆران لە زیندەزانیدا - بایولۆجی - فراوانترە لەدیاردەی پەرەسەندن (evolution) بەڵام ئەگەر پەرەسەندنمان کردە یاسایەکی گشتی کە مادە و ژیان و ئەقل و کۆمەڵگە بگرێتەوە، ئەوا بەگرینگترین گۆران دادەنرێت.

**Transhumance** الآنتجاع پەنابردن بۆ شوێنی لەوەر

1- کۆچـێکی وەرزی شـوان و ئـاژەڵ بەخێوکەرانـە، لـەنێوان دوو هـەرێمی جیـاواز لـەرووی ئـاوو هـەوا، یـان کۆچـکردنی راستەوخۆی (بۆ - لە) چیاکانەوەیە، هەردوو وەرزی هاوین و زستاندا .

2- بەشێوەیەکی گشتی زاراوەکە، وشەیەکی هاوتایە بۆ دەشتەکی و بیابان نشین، یاخود کۆچکردنی وەرزی شـوان و گاوانـە نیمچەکۆچەرییەکان .

**Transportation** النقل گواستنەوە

برینی ماوە و دووری، هەروەها جێگۆرینی شوێنی کەل و پەل و کەرەستەکان، یـان کەسـەکان لـە شـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێکی دیکە . لە ناوچە دواکەوتووەکان پرۆسەی گواستنەوە لە سەر شانی مرۆڤ و بە یارمەتیدانی ئاژەڵ و بە کەشتیە چادردارەکان ئـەنجام دەدرا، بـەڵام لـە ناوچـە پێشکەوتووەکان پرۆسـەی گواسـتنەوەی سـەر زەوی بەشـەمەندەفەر و ئوتومبیـل جێبـەجێ دەکرێت، لە ناو دەریاش بەکەشتی و لە ئاسمانیشدا بەفرۆکەکان. توێژرانی ئەنترۆپۆلۆجیا، لێکۆڵینەوە لەحاڵەتی گواسـتنەوە دەکـەن وەك یـەك لـە شـێوەکانی کولتـوری مـادی، لـە کاتێکـدا زانسـتە کۆمەڵایەتیـەکانی دیکـە، گرینگـی بەئەنجامـەکانی گەشەکردنی هۆیەکانی گواستنەوە دەدەن - زانستی سیاسەت بۆ چوونی دەربـارەی گواسـتنەوە بریتیـە لـەوەی کـە گواسـتنەوە وەك رێبەرێکـە بـۆ خەملانـدنی سـنورە جوگرافیـەکانی یەکـەی سیاسـی، هـەر پێشـکەوتنێکی سـەرنج راکێش لـە هۆیـەکانی هاتووچـۆ بەئاگادارکردنەوەیـەك دادەنرێـت، فشـارێکیش دەبێـت بـۆ فـراوان بـوونی سـنوری یەکـەی سیاسـی . توێـژەرانی کۆمەڵناسی و جوگرافیا، وا دەبینن کە باش بوونی هۆیەکانی گواستنەوە تەنها کاریگەری لەسەر لایەنی خۆشگوزەرانی مـادی و کەمکردنەوەی رەنج و ماندوو بوون نابێت، بەڵکو یارمەتی لە دووبارە دابەشبوونی دانشتون و چاککردنی شێوەی ناوچـە خۆجییـەکان (neighbor hood) و زۆربـوونی گردبوونـەوەی دانشـتوان دەبێـت رەنگـە بـەهۆی گەشـەکردنی دیـاردەی گواستنەوە، جیاوازی توند لەشێوازەکانی رەفتار لەیەك ناوچەدا پەیدا ببێت، هەروەها ئابورینـاسان هۆیـەکانی گواسـتنەوە وەك هۆکار بۆ گۆرانی ئابوری لە کۆمەڵگە پشت گوێ ناخەن .

**Transsexualism** الشعور بالأنتماء الى الجنس الآخر مەیلی رەگەزەکەی بەرامبەر

هەستێکە لای تاك دروست دەبێت، بـەوەی حـەز دەکـات سـەر بـە رەگەزەکـەی دیکـە بوایـە، لەگـەڵ ئـەو هەسـتەش، بـوونی ویستی گۆرینی رەگەزەکەی بۆ ئەوەی بەو شێوەیە بژیت کە خۆی وێنای دەکات .

**Transvestism** أرتداء ملابس الجنسى الآخر لەبەرکردنی جل و بەرگی رەگەزی بەرامبەر

دیاردەیەکی نائاسایی سیکسیە، بـەهۆی وروژانـدنی حاڵـەتی سـەرگەرمی سیکسـی لای تـاك پەیـدا دەبێـت، ئـەویش لـە کـاتی لەبەرکردنی جل و بەرگی رەگەزی بەرامبەری .

**treason** الخيانة خیانەت ناپاکی

لـەزۆرترین مانایـدا و بەشـێوەیەکی گشـتی، زاراوەکـە ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـات کـە هـەر کـارو کردەوەیـەك زیـان بـە دەوڵـەت بگەیێنێ، بەهۆی هاونیشتمانیەکەوە. لە کاتی جەنگیشدا مەبەست لە خیانەت، هەر کارێك لە لایەن تاکێکەوە ئەنجام بـدرێت و ببێتە هۆی پشتگیری بۆ پلانەکانی دوژمن . لە کاتی ئاشتیشـدا زاراوەی خیانـەت هـەر هـەوڵێك دەگرێتـەخۆی کـە ئامـانجی

گۆرینی حکومەت بێت (واتە تێکدانی) .

چارەکردنی - خزمەتکردنی کۆمەڵایەتی العلاج الأجتماعي **Treatment in case work**

تەماشا بکە : چارەکردنی کۆمەڵایەتی **Social treatment**

پەیماننامە
گرێبەست المعاهدة **Treaty**

لە یاسای نێو دەوڵەتیدا، پەیمان گرێبەستێکی یاساییە لە نێوان دوو دەوڵەت، یان زیاتر، بۆ رێککەوتن لەسەر رێکخستنی پەیوەندییەکی دیاریکراو . پەیمان بەچەند رۆڵێکی جیاوازدا تێپەر دەبێت، دەست پێدەکات بە گفتوگۆ، پاشان واژوکردن و دواتر سەلماندن و پەسەندکردن. لێرەدا پەیمانی دوو لایەنی (bilateral treaty) هەیە، ئەویش رێککەوتنێکە لە نێوان دوو دەوڵەت، هەروەها پەیمانی بە کۆمەڵ (collective treaty) هەیە، ئەویش رێککەوتنێکە لە نێوان دوو دەوڵەت زیاتر .

ئاراستە، رەوت، تەوژم الآتجاة **Trend**

بزووتنەوەیەکی گشتیە، بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراو، وەك ئەوەی بوترێت، تەوژمێك هەیە بەرەو بەرزبوونەوەی نرخەکان . هەروەها ئاراستەی دانشتوان (population trend) وەك هێمایەك دەربارەی زۆربوون یان دابەزینی ژمارەی دانشتوان، لەگەڵ ئاراستەی کۆمەڵایەتی (social trend) ئەویش وەك هێمایەك بۆ رەوتە باوەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی .

دادگاکردن
دادگایی المحاكمة **trial**

یەك لە هەنگاوەکانی رێکارییە یاساییەکانە، ئامانجی تاقیکردنەوەی یان پوخت کردنەوەی رووداوەکانی داواکەیە لەو دادگاییە، ئەویش لەبەر رۆشنایی یاسای پەیرەوکراو و بەمەبەستی دەست نیشانکردنی رووداوەکە .

خێڵ هۆز القبيلة **tribe**

خێڵ لەبارێکی ئاسایدا پێکدێت لە چەند لق و پشتێك، یان چەند گروپێك، ئەوانە لە هەرێمێکی هاوبەش نیشتەجێ دەبن و بە موڵکی خۆیانی دادەنێن، خاوەن شێوازێکی ئاخاوتن و کولتوری وەك یەکن، رێکخستنێکی سیاسی یەکگرتوویان هەیە، یاخود بەلای کەم هەبوونی جۆرە هاوکارییەکی هاوبەش لە نێوان رەگەزە دەرەکیەکان . دەوترێت گواستنەوە بەرەو کۆمەڵگەی خێڵایەتی (tribalization) گواستنەوە لە کۆمەڵگەی خێڵایەتیەوە بۆ کۆمەڵگەی شارنشین (detribalization)

دادگە المحكمة **Tribunal**

تەماشا بکە : دادگە **Court**

باج، میرانە الجزية
الآتاوة **Tribute**

بڕێك پارەیە، كە بەناچاری دانشتوان یان حكومەتی دەوڵەتە دۆڕاوەكە بە حكومەتی دەوڵەتە سەركەوتووەكەی دەدات .

رووكردنە ......
وەرگەران بۆی .....
الانتحاء
Tropism

بەدەنگەوە هاتنی ڕووەك و گیاندارانی بچووك، بە دەنگەوە هاتنێكی ناچاری بۆ بە ئاگا هێنەرێكی فیزیكی دەرەكی، تا دەگاتە ئەوەی كاریگەری بەئاگاهێنەرەكە لەسەر هەردوو لای لەشەكە یەكسان بێت . لەم بارەدا رووكردنە كە پۆزەتیف دەبێت ئەگەر جوڵەكە بەرەو بەئاگاهێنەرەكە بوو، بەڵام جوڵە كردنەكە نەكێتیف دەبێت ئەگەر لە بەئاگاهێنەرەكە دووركەوتەوە.

جەنگ وەستان
شەر ڕاگرتن
المهادنة
Truce

ڕاگرتنی ململانێ لە نێوان دوولایەنی ناكۆك، هەر چەندە ئەو ناكۆكیە لە نێوانیان هێشتا بە كۆتایی نەهاتووە.

خۆ دزینەوە لە ئەرك جێبەجێكردنی
التهرب من أداء الواجب
truancy

پشت گوێ خستنی تاك بۆ بەجێهێنانی ئەركەكانی، بەتایبەتی نەچوونی قوتابیان بەئەنقەست بۆ قوتابخانە و بێ مۆڵەتی قوتابخانە بێت یاخود لە لایەن كەسی و كاریانەوە . دیارە ئەو دیاردەیەش بلاوبۆتەوە بەهۆی تێكچوونی باری خێزانی و كۆمەلایەتی .

سیستمی كرێ
عەینی ئاڵۆگۆڕ -
نظام الآجر العينى
Truck system

خەرجكردنی كرێ و رۆژانەی كرێكاران، بەهەمان ئەو شتەی كە بەرهەمی دەهێنن، یان كرێكەیان بەر شت و كالایەكی دیكە بخرێت . بۆیە كرێكاران ئازادانە ناتوانن هەلسی و كەوت بەو شتە بكەن، هەروەك بەپارەكە دەیكەن. ئەو سیستمە لە رابردوودا باو بووە، بە پێدانی كرێكاران بەشێك لەبەرهەمەكانیان لە جیاتی مافی كاركردنیان، ئەو سیستمە تا ئیستاش لە هەندێ كاروباری كشتوكاڵی كاری پێدەكرێت .

تروست
هاوپەیمانی چەند كۆمپانیایەك
الترست
الاتحاد الاحتكاري
trust

ڕێككەوتنێكە لە نێوان چەند كۆمپانیا و پرۆژەیەك، بۆ ئەوەی لە ژێر دەسەڵاتی یەك دەستەی كارگێریدا بن، بەم كارەش كەسێتێ هەریەكە لەو لایەنانە لەناو كارگێرییە نوێیە كە دەتوێتەوە. ئامانجی سەرەكیش لەم جۆرە ڕێكخستنە دەست بەسەرداگرتنە بەسەر لقێكی دیاریكراو لەلقەكانی چالاكی ئابوری، بەتایبەتیش لە بوارەكانی پیشەسازی و بازرگانی و خزمەتگوزاریەكان.

راسپێری
پێ راسپاردن
الوصاية
Trusteeship

سیستمی دانانی پێ سپێراوێك، یان پاسەوانێك، یاخود بریكارێك بە پێی بریار و دەسەڵاتەكانی یاسا، بۆ بەرێوەبردنی ئەو كارەی كە پێی دەسپێردرێت لە ماڵ سامان بۆ سوودی كەسێكی دیكە.

ولاتێك لە ژێر چاودێری | بلد تحت الوصاية | **Trusteeship territory**

دەوڵەتێکە ئەرکی بەڕێوەبردنی بەئەنجوومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان یان دەوڵەتێکی دیکە سپێردراوە، بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی و دەرەکی، بەئامانجی گەیاندنی ئەو دەوڵەتە بۆ حاڵەتێك کە توانای سەربەخۆیی و بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی هەبێت لە ئایندەدا، ئەویش بەپێی ناوەڕۆکی دەستوری نەتەوە یەکگرتووەکان .

سووڕانی ئیش و کاری بازرگانی | الدوران | **turnover**
خولانەوە

پێوەرێکی ئامارییە، ڕادەی نزم بوونەوە و جێگرتنەوە ڕووندەکاتەوە، کەلە قەوارەیەکدا دێتەدی، وەك سووڕانی دراو، سووڕانی کاڵاکان لە ماوەیەکی دیاریکراودا .

تەماشا بکە : سووڕانی کار | **Labour turnover**

نموونە | النموذج | **type**
مودیل

تەماشا بکە : نموونە، مۆدە، شێواز | **model**

لێکۆڵینەوەی ڕوخساری زەوی | التيبولوجيا | **typology**
نیشانە ناسی | دراسة الأنماط أو النماذج

میتۆدێکی زانستیە لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنرێت. میتۆدەکە ئەوە دەسەلمێنێت کە نموونەکان لە چەند ڕەگەزێك پێکدێن دەکرێ سەرچاوەکەیان لە جیهانی تاقیکردنەوەدا بدۆزرێتەوە . ڕێبازی شێوازە زیندووەکان (typological doctrine) پشت بە دابەشبوونی خەڵکی بۆ چەند توێژێك دەبەستێت کە چەند خەسڵەتێکی زیندووی ئەندامی جیاوازیان دەکاتەوە . میتۆدی شێواز گرتن (typological method) یش، ئەو میتۆدەیە کە پەرەسەندنی ڕەگەزەکانی کولتوری مادی ڕووندەکاتەوە، ئەویش لەمیانەی ڕێکخستنیان لە زنجیرەیەکدا و لەسەر بنچینەی لەیەکچوونی ڕووەکانی، هەروەها میتۆدەکە ئەوە دەگەێنێت پۆلینکردنی ئەو شێوە ڕەگەزە کولتوریانە بەپێی چەند پێوەرێکی شێوەیی دەبێت.

ستەمکاری، چەوساندن | الطغيان | **tyranny**

یەك لە شێوازەکانی دەسەڵاتدارییە، پشت بە دڵڕەقی و فشار و پەنابردن بۆ سزا توندو تیژەکان دەبات. ستەمکاری لەگەڵ چەند سیستمێکی حوکمڕانی ئۆتۆکراسی یان حکومەتی کەمایەتی یەك دەگرێتەوە، بەڵکو لە حکومەتی دیموکراسیشدا، ئەو دیاردەیە کاری پێدەکرێت، ئەگەر کەمایەتی کەوتە ژێر فشاری زۆرداری زۆرینەی دەسەڵاتدار ڕەنگە مەرجیش نەبێت، یاخود پێویست نەبێت کە حکومەتی دیکتاتوری ملهوری (dispotism) پەنابباتە بەرستەمکاری، بەتایبەتیش ئەگەر فەرمانڕەوای زۆردار،ئاراستەیەکی باشی هەبێت و دەسەڵاتەکەی جێگیر بێت.

# U

ئولتیماتۆم ultimatum الانذار
دوائاگاداری

ئاگاداری - یان هۆشداری - له یاسای نێودەوڵەتیدا، بریتیه له داواکارییەك یاخود پێش نیارێك، حکومـەتێك بـۆ حکومـەتێکی دیکـه دەیخـات روو، وەك دواهەوڵدان بـۆ چارەسـەرکردنی ناکۆکیـەك، یـانیش کۆتـایی هێنـان بـه گفتوگۆیـەك. لـەرێگای ئـەو ئاگادارییــەوە، ماوەیــەکی کــورت دیــاری دەکرێــت، دەبــێ لــەو ماوەیــەدا وەلامێکــی یەکلاکــەرەوەی راســت و تــەواو بــۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە نێوانیاندا هەیە بخرێتە روو. ئەگەر ئەو ماوەیە تێپەر بـوو بـێ چارەسـەرکردنی پێویست، یان بێ جێبەجێکردنی داواکاریەکان، ئـەوا چـەند رێکارییـەکی تونـد پێـرەو دەکرێت، وەك سـزادان یـان برینـی پەیوەندییـە دیپلۆماسیەکان، یاخود راگەیاندنی جەنگ.

کۆ دەنگی unanimity الاجماع
بەتێکرایی

رێککەوتن لە نێوان کۆمەڵە کەسانێك لەسەر بابەتێك، بێ ئەوەی لە نێوانیاندا کەسێك دژ بێت یان بیرورای جیاواز بێت. لـە کۆنـدا مەبەسـت لـە کۆ دەنگی رێککـەوتنی بیرمەنـدو رۆشـنبیرە ئاینـدارەکان بـووە، لەسـەر کـارێکی ئـاینی، بـۆ ئـەوەی وەك بەڵگەیەکی شەرعی کاری پێ بکرێت.

نەست Unconscious mind اللاشعور
ئەقلی ناوەوە العقل الباطن

مەبەست لە زاراوەکە لە قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی، ئەو کردارە - دەروونیانەی بێ هەستکردنی تـاك روودەدەن، یـان هانـدەرە رەمەکیـە سـەرەتاییە خەفـەکراوەکانن، ئـەویش بـەهۆی نالـەباری و نـەگونجانیان بـۆ بنـەما رەوشـتیەکان یـاخود کۆمەڵایەتیەکان، یانیش دەبنە هۆی رووادنی هەستێك بـه دڵەراوکێ و نائـارامی، وەك ویسـتە سیکسـییەکان و شـەرانگێزی و ئـەو ئـەزموون و شـارەزاییانەی دەگوازرێنـەوە و دەبنـە هـۆی ئـێش و ئـازار، هـەروەها دەکـرێ لـە رێگـای شـیکردنەوەی دەروونیــــەوە لایەنــــە شــــاراوەکانی ناهۆشــــیاری ئاشــــکرا بکــــرێن. دەوترێــــت ناهۆشــــیاری بــــە کۆمــــەڵ (collective unconscious)، لێرەدا هەستی تاك پەیوەستە بە هەستی گشتیەوە، چونکە یادەوەریـەکانی پەیوەسـت بـە جـۆرەوە وەردەگیرێنـەوە، ئـەویش لـە میانـەی ئـەو ناهۆشـیاریە بـە کۆمەڵـە کـە بـۆ شـێوازە سـەرەتاییەکانی بیرکردنـەوە دەگەرێتەوە، هەر لەسەر بنچینەی ئەو بیروڕایە، داستانە میللییەکان و خەونە نامۆییەکان راڤە دەکرێن.

کەم بە کاربردن Under consumption قلة الاستهلاك

ئارەزووی تاکەکان بۆ زۆرکردنی پاشەکەوت، تا ئەو ئاستەی کە خەرجیەکانیان بەشی ئەوە ناکات دەرفـەتی کـار بـۆ هـەموو کرێکاران بدرۆزێتەوە. ئەگەر ئەو پاشەکەوت کردنەش بەرەو وە بەرهێنان ئاراستە نەکرێت، ئەوا ئەو دیاردەیە دەبێتە هـۆی دابەزینی داهاتی نەتەوەیی .

دواکەوتن Under development التخلف

باری وڵاتێك، کەکەمی داهاتی راسـتی تـاك یـەك لـە خەسـڵەتە دیارەکانیـەتی، ئـەویش بـەهۆی کەمتەرخـەمی دانشـتوانی لـە بـەکارهێنانی دەرامەتـەکانی، بـەو وڵاتـەش دەوترێـت وڵاتـی دواکـەوتوو (undeveloped countries) . بـەلام وڵاتـی ناوەراسـت لـەرووی گەشـەکردنەوە، پێـی دەوترێـت - (semi-developed countries) هـەروەها بـەوڵاتی پێشـکەوتوو

لەرووی پەرەسەندنەوە دەوترێت (developed countries). لە وڵاتانی دواکەوتوودا، داهاتی راستەقینەی تاك بە بەراوردکردن لەگەڵ داهاتی راستەقینەی تاك لە وڵاتێکی پێشکەوتوو، دادەبەزێت .

**Under employment** البطالة الجزئية بێکاری بەشی

شێوە بێکارییەکە لە ئەنجامی کەمبوونەوەی بەرهەم هێنانی تاکەکان لەئاست ژمارەیان پەیدا دەبێت، لەوەی کەوا پێویست دەکات هەمان ئەو ژمارەیە چەندی بەرهەمیان هەبێت. لێرەدا بێکاری بەش، یان نەبینراو، یاخود شاراوە (invisible) هەیە، ئەو دیاردەیەش لەخەسڵەتی ئەو کەسانە پەیدا دەبێت کە ئەگەر هاتوو ماوەکانی کارکردنیانیش ئاسایی بێت، بەڵام داهاتیان کەمەو دابەزیوە، یاخود ئەوانی کاروبارەکانیان رێگر دەبێت لەبەردەم سوود وەرگرتنی تەواو لە هێزو شارەزاییەکانیان. هەروەها، بێکاری بەشی دیار یاخود بینراو (visible) هەیە، ئەوەشیان کارکردنی ماوەیەکی کەمتر لەکاری ئاسایی دەگرێتەخۆی، لە خەسڵەتەکانی ئەو کەسانەش کە کار دەکەن، خۆیان لە هەندێ کاتدا کارەکانیان هەڵنابژێرن.

**Ana. Disguised unemployment** بێکاری شاردنەوە.

**Under managment** قصور الإدارة کەم و کورتی کارگێری

واتە کەموکورتی کارگێری دامەزراوەیەك لە رووی ژمارە و ئاستی لێهاتوویی و جۆراوجۆری پسپۆری لە فەرمان و کاردا، هەروەها کەمی ژمارەی ئەو تاکانەی ئامادە و شایستەن بۆ کاری کارگێری .

**Under nourishment** نقص التغذية کەم خۆراکی
بەد خۆراکی

**Malnutrition** تەماشا بکە: کەم خۆراکی

**Ana. Under feeding** خواردن کەم پێدان

**Underpopulation** نقص السكان کەمی دانشتوان

**Population** تەماشا بکە : دانشتوان

**Under production** القلة في الانتاج کەمی بەرهەم

دابەزینی ئاستی بەرهەمی دامەزراوەیەك لەو برەی کە راهاتووە لە سەری، یان بریار بوە بەرهەمی هەبێت، ئەویش لەبەر چەند هۆیەك، ئەگەر ناچاری بێت یانیش ئارەزوومەندانە .

**Production** تەماشا بکە : بەرهەم

**Under staffed** نقص الموظفين کەمی فەرمانبەران

دابەزینی ژمارەی فەرمانبەران لەو ئاستەی بریاری لەسەر دراوە بۆ جێبەجێکردنی کارێك. ئەویش بەپێی تێکرای ئەو تاکانەی کە لە سەر میلاك دانراون.لەبەرامبەر ئەو دیاردەیە، زۆری ژمارەی فەرمانبەران (over staffed) هەیە.

**Staff** تەماشا بکە : دەستەی فەرمانبەران

**Under standing** — الفَهم — تێگەیشتن

هێزی تێگەیشتن و بیرکردنەوە، کە جیاوازی لە نێوان هەڵە و راست دەکات . هەروەها درك بە پەیوەندییە لۆژیکیەکان دەکات . زاراوەکە بەشێوەیەکی گشتی و بێ وردبوونەوە بەکاردەهێنرێت .

**Comprehension** — تەماشا بکە : درك پێکردن

**Under taking** — المنشأة — دامەزراوە، پرۆژە

**Establishment** — تەماشا بکە : نووسینگەی دامەزراندن

**Underworld** — عالم الرذيلة — جیهانی خراپەکاری دۆزەخ

پیاو خراپ و خوێرییەکان، ئەوانی بە کاری تاوانکاری هەڵدەستن وەك بەرێوەبردنی شوێنەکانی داوێن پیسی و قومار و بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکان ......هتد .

**Unemploy ability** — عدم الصلاحية للعمل — بۆ کار کردن ناشێت

بێ توانایی تاك لەسەر کارکردن، ئەوەش بەهۆی پەککەوتنی جەستەیی یان ئەقلی بێت، یاخود بەهۆی نەخۆشیەوە یانیش تەمەن گەورەیی.

**unemployment** — البطالة — بێکاری

بارێکە، تاك تێیدا توانای کارکردنی دەبێت، ویستشی لەسەر دەبێت، بەدواشی دەگەرێت، بەڵام دەستی ناکەوێت، ئەو دیاردەیەش حاڵەتەکانی مانگرتن و کار نەکردن بەهۆی پێکان و نەخۆشی ناگرێتەوە.

بێکاری چەند جۆرێکە، لەوانە :

| | |
|---|---|
| بێکاری بەرێکەوت - جارناجار - | Casual or intermittent unemplogment |
| بێکاری لێك سووان - هەڵست وکەوت | Frictional Unemplogment |
| بێکاری وەرزی | Seasonal unemplogment |
| بێکاری تەکنولۆژی | Technological unemplogment |
| بێکاری هەمیشەیی-درێژخایەن - | Chroni unemplogment |
| بێکاری دەوری - خولاو - | Cyclical unemplogment |

**Unemployment technological** — البطالة التكنولوجية — بێکاری تەکنولۆژی

جۆرە بێکارییەکە بەهۆی فراوان بوون لە بەکارهێنانی ئامێرەکان پەیدابووە، ئەو ئامێرانەی کە خرانە جێگای کرێکاران، هەروەها بەهۆی رێکخستنی زانستیانە بۆ کار . دیارە لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئامێرەکانەوە، خەرجیەکانی بەرهەمهێنان دابەزین ئەو حاڵەتەش بوو بەهۆی دابەزینی نرخەکان و زۆربوونی داواکاری لەسەر کاڵاکان و کردنەوەی بازاری نوێ، لێرەدا دووبارە بەکارهێنانی کرێکارانی پێشو رێکدەخرێتەوە لەگەڵ راهێنانیان لەسەر شارەزاییە پێویستیەکان بەمەبەستی

رووبەروو بوونەوەی دۆخە نوێیەکان .

مامەڵەی نارەوا لەگەڵ کرێکاران | المعاملة المجحفة بالعمال | **Unfair labour practice**

هەر کردارێک یان کارراییەک، ئامانجی رێگرتن بێت لە کرێکاران بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان، ئەویش لە رێکخستنی ریزەکانیان و دەستگرتن بەسەر دامەزراندنی رێکخراوەکانیان، یاخود بەرێوەبردنی ئەو رێکخراوانە بێت .

بێ توانایی - بێ کەڵکی لەسەر کارکردن | عدم القدرة على العمل | **Unfitness for work**

نەبوونی توانای جەستەیی یان ئەقلی، یاخود باری دەروونی لەبار بۆ پێداویستیەکانی کارکردن .

هاوچەشن
هاوجۆری | التجانس | **Uniformity**

تەماشا بکە : هاوچەشنی، یەکسانی | **homogeneity**

تاك رەگەز | أحادي السلالة من طرف واحد | **unilineal**

واتە هاتنەخوارەوە لەرەچەلەکی نێر یان رەچەڵەکی مێ، لەبەرامبەریشدا دوو رەچەڵەکی (bilateral) دێت .

**Ana.unilateral**

سەندیکا
یەکێتی کرێکاران | ١ – النقابة | **union**

کۆمەڵە کرێکارێك بەیەکەوە کار دەکەن بۆ بەرزکردنەوەی بارودۆخیان و بەرگری کردن لەبەرژەوەندییەکانیان لە بەرامبەر خاوەن کارو دەسەڵاتی تایبەت .

یەکێتی | ٢ – الآتحاد

گردبوونەوە و پاڵپشتی کردنی چەند کەس و گروپێك، هەندێکیان لەگەڵ هەندێك، بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی هاوبەش، وەك یەکێتی خوێندکاران و یەکێتی نێوان دەوڵەتەکان. زاراوەی یەکێتی لە لۆژیکدا، بە بەشداریکردنی شتەکان لەیەك هەڵگری خودی یان بەرێکەوت، دەوترێت. یاخود لە بەشداریکردنی هەڵگرەکان لەیەك بابەتدا، یانیش لە کۆبوونەوەی هەڵگر و بابەت لەیەك خودا.

یەکێتی - یەکبوون
یەك کۆکی | الوَحدة | **Unity**

شێوە پێکهاتنێکە بۆ ئەو شتەی یەکەو بۆ ئەوەی گشتێکی ئەندامی پێکدەهێنی وەك یەکبوونی من و یەکبوونی کۆمەڵایەتی. دەوترێت: تیۆری یەکبوون(theory of unity)، ئەو تیۆرییە لەلایەن (froebel) بانگەوازی بۆ کراوە، تیۆرییەکە ئەوە دەسەلمێنێ کە روحی مرۆڤ رواڵەت و روخسارێکی سروشتە، لەدوایشدا پێویستە فێربوون هاوکاری تاك بکات بۆ ئەوەی کە تاك بزانی رێزی سروشت و ئاین و زمان بگرێت لەکارێکی هاوبەشیان.

تەماشا بکە: یەکبوونی کۆمەڵایەتی | **Social unity**

دەوڵەتی یەکگرتوویی | الدولة الوحدوية | **Unitary state**

ڕێکخستنی دەوڵەت لەسەر بنچینەی چڕکردنەوە و کۆبوونەوەی دەسەڵاتی سیاسی لەسەر ئاستی نەتەوەیی، دواتر دابەشکردنی ئەو دەسەڵاتە لەرووی جوگرافیەوە لە نێوان حکومەتی ناوەندی و دەسەڵاتە هەرێمایەتیەکان. حکومەتی ناوەندی ئەو دەسەڵاتانە دیاری دەکات کە بە ئەنجوومەنە جیاوازە خۆجێیەکانی دەسپێرێت، کارەکەشی دەبێتە هۆی ئاسانکردنی پلانی ئابوری، هەروەها هێزو توانای حکومەت لەچارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکان زۆرتر دەکات بەشێوەیەکی یەکگرتووانە لەسەرانسەری وڵات . ئەو جۆرە سیستمە ڕەنگە زیادەڕۆیی بگرێتەوە و پەیوەستی ناوەندێتی توووند بێت هەروەها لاوازکردنی دەسەڵاتی حکومەتە خۆجێیەکان .

**هەمەلایەنیگەری گشتێتی** | النزعة العمومية أو الكلية | **universalism**

مەبەست، ئاراستەو بۆ چوونی کەسێك بۆ کەسێکی دیکە یان بۆ چەند کەسێك لە هەڵوێستێکدا بەهۆی چەند ئاستێکی گشتی لەرەفتاردا، لەجیاتی ئەوەی ئەو ئاراستەیە پشت بەو پەیوەندییە تایبەتیە ببەستێت کە رەنگە لە نێوانیاندا هەبێت. ئەو شێوازەش لە رەفتاردا دروست دەبێت ئەگەر واسەلمێنراو بوو یاخود چاوەڕوانکرا کە تاك تەماشای تاکێکی دیکە بکات وەك ئەندامێك یانیش نوێنەری توێژێکی کۆمەڵایەتی (social category) یان ناوەندێکی کۆمەڵایەتی ( social status) پەیوەست بەو هەڵوێستەی هەیە یاخود دروست بووە، هەروەها ئەو کەسە هەڵس و کەوتی بەرەو تاکەکەی دیکە وەك هەڵس و کەوتی بەرامبەر هەر ئەندامێك لە ئەندامانی توێژی کۆمەڵایەتی بێت . لەم بوارەدا، ئەگەر چەند پەیوەندییەکی تایبەت هەبێت لەنێوان هەندێ کەس لە هەڵوێستێکدا کە بە گشتی دابنرێت، ئەوا وا چاوەڕوان دەکرێت لێیان کە ئەو پەیوەندییە پشت گوێ بخرێت. نموونەش لەسەر ئەوە : ئەگەر خوێندکارێك کوری برای مامۆستایەك بوو، ئەوا بۆ چوونە گشتیە کە وایپێویست دەکات کە مامۆستا لە ناو پۆلدا ئەو پەیوەندییە پشت گوێ بخات، مامەڵەو هەڵس و کەوتی لەگەڵ کوری براکەی وەك ئەندامێکی توێژی خوێندکاران بێت لە رووی کۆمەڵایەتیەوە، هەروەها هەمان پێوەری لەسەر پیادە بکات کە بەسەر خوێندکارانی دیکەی پیادە دەکات .

**گشتیەکان** | الكليات | **Univerals**

بریتیە لەو بابەتە ئەپستراکتانەی لەسەر شێوەی چۆنایەتی و پەیوەندی و ژمارەکانن . ئەوانە، ئەو شتانەن کە ناکرێت دیاری بکرێن لە شوێن و کاتدا دیاریکردنێکی ئاشکرا . گشتیەکان بەرامبەری ئەندەکیەکانن - بەش -، هەروەها هەندێ جار پێناسەش دەکرێ بەوەی بابەتەکانی بیرکردنەوەن، لەکاتێکدا ئەندەکیەکان پێناسە دەکرێن بەوەی بابەتی تێگەیشتنی هەستی یان هەست کردنن.

**دڵەراوکێ**
**بێ ئارامی** | القلق | **Unrest**

تەماشا بکە : مەراق، خەم | | **Anxiety**

**کرێکاری نەشارەزا - بێ بەهرە** | العامل غير الماهر | **Unskilled worker**

کرێکارێکی ئاساییە بەکارێکی زۆر سادە هەڵدەسێت، ئەو کارە پێویستی بە بیرکردنەوە یان داهێنان یاخود وردبینی ناکات، دەکرێ پاش راهێنانێکی ئاسان بە کارەکە هەستێت.

**ڕەوتی ناکۆمەلایەتی** | النزعة غير الأجتماعية | **Unsocial trend**

- خەڵك نەخواز -

ئارەزووی خۆ دوورگرتن لە بواری چالاکی کۆمەلایەتی، یان نەبوونی ویست بۆ بەشداریکردن لە بوارەکانی چالاکی کومەڵ .

بەرزبوونەوەی پلە | الترقية | upgrading

تەماشا بکە : پلە پێدان | Promotion

چینی سەرەوە -بالا- | الطبقة العليا | Upper class

تەماشا بکە : چینی ئەریستوکرات | Class و upper

چێوەی شارنشینی | الاطار الحضری | Urban fence

پەرژینی شار | اطار المدينة

هێڵێکە دەکرێ بکێشرێت لە دەوری هەر شارێك، بەجۆرێك هەموو ئەو زەویانە بگرێتەوە کە بەرەو رووی دەستڕۆیی شار دەبێتەوە .

هەرێمی شار | أقليم المدينة | Urban field

تەماشا بکە : ناوچەی شار | City region

جوگرافیای شار | جغرافية المدينة | Urban geography

تەماشا بکە : جوگرافیای شار | Geography و urban

روخساری گشتی شار | وجه المدينة / المظهر العام للمدينة | Urban landscape

ئەو شێوەیە، یان شێوە بەرجەستەکانی تەلارو خانوو بەرەو زەوییە چۆڵەکان، یاخود رێکوپێکردنی ئەو شێوانەی کە روخساری گشتی شاری لێ پێکدێت، یانیش دیمەن و دیاردە سەرەکیەکانی رووی شار .

ئاوەدانکردنەوەی شارنشینی | العمران الحضری | Urban settlement

زاراوەیەکی گشتیە بەزۆری جوگرافی ناسان بەکاری دەهێنن بۆ جۆرەها خانوو بەرەو شوێنی نیشتەجێی مرۆڤایەتی .

ناوچەی شارنشین / شوێنێکی ئاوەدانی | البُقعة الحضرية | Urban tract

تەماشا بکە : ناوچەیەکی شارنشین | Built uparea

بەشار بوون | التحضر | Urbanization

باژێر سازی

بوون بەشارستانی، چەمکێکی دینامیکیە، ئاماژەیە بۆ پرۆسەی گۆڕینی ناوچە دیهاتیەکان بۆ ناوچە شارستانیەکان، پرۆسەکە کارتێکردنی بەهێزی دەبێت لەسەر ژیانی ئابوری دانیشتوان، کارەکە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی دیهات و زۆربوونی دانیشتوانی شارەکان، واتە ئەوانی لە بواری کشتوکاڵ کاردەکەن ژمارەیان کەم دەبێتەوە، هەروەها ئەوانی بە پیشەکانی دیکە کاردەکەن ژمارەیان رووی لە زۆر بوون دەبێت . کرداری نیشتەجێبوون لە شار، شتێکی لەوە زیاترە کەخەڵکی لە گوندەوە روو لەشاربکەن، هەروەها لەکاری زەوی کێڵان و کشتوکاڵیەوە بەرەو ڕووی شێوازەکانی دیکەی کارو پیشە دەڕۆن، چونکە تەنها بە جێگۆڕینی مرۆڤ لە گوندەوە بۆ شار ئەو مرۆڤە نابێتە شارستانی . دیاردەی بەشارستانی بوون، چەند گۆڕانێکی بنچینەیی دەگرێتە خۆی، لە بیرو رەفتاری خەڵك و لە بەها کۆمەڵایەتیەکان، هەروەها دیاردەکە چەند گۆڕانکارییەك لە ئاراستەکان بەرەو کارکردن دەگرێتەوە، دیارە دۆخەکە دابەشبوونێکی نوێ بۆ کار دەسەپێنێن، دابەشبوونەکەش بەردەوام دەبێت لە گۆڕانکاری. بەڵام رەوشت و رەفتاری جوان (urbanity) ئەوە چەمکێکی -ستاتیکی- نەجوڵاوە.

خو التقليد **Usage**

واتە رەفتار یان شێوازێکی رەفتاری، کۆمەڵگە قبوڵی دەکات بێ هەر هاندەرێکی دیکە، جگە لە پەیوەست بوون بەرێساکانی باب و باپیران نەبێت. خوو نەریت، جیاوازە لە عورف و رەوشت (custom) کە پشت بەهێزی سزادان دەبەستێت بەرامبەر ئەو کەسەی لێی لادەدات .

ریبا سوودی پارە بەقەرز الربا **Usury**

قەرزێکە سوودێکی زۆری بەدوادێت، لەم بارەوە چەندین یاسا و رێنمایی داڕێژراوە بەمەبەستی پاریزگاری لەو کەسانەی تووشی ئەو جۆرە قەرزە دەبن بەهۆی ڕیباوە. بەپێی ئەو یاسایانە نابێت بەهای سوود وەرگرتن لەو جۆرە قەرزانە لە سنورێکی ئەقلانی بچێتەدەر. هەروەها چەندین کۆمەڵەی هەرەوەزی و قەرز پێدان دروست دەبن بۆ پاراستنی ئەوانی قەرز دەکەن.

ڕێبازی سوودگەرایی مذهب المنفعة **Utilitarianism**

لە ئابوریناسیدا، ئەوە سەلمێنراوە کە نرخی کاڵایەك بەگشتی لەسەر ئەوە دەوەستێت، کە چەند سوودی لێوەردەگیرێت ، نەك لەسەر ئەوەی تێچووی کارکردنی چەندە . لەمۆراڵناسیدا، کەڵك وەرگرتنی تاك و کۆمەڵ دەکرێتە پێوەرێك بۆ رەفتار، بۆ چوونیش وایە کە چاکەی باڵا بریتیە لە جێبەجێکردنی گەورەترین بەختیاری بۆ زۆرترین ژمارەی خەڵك .

سوود کەڵك المنفعة **Utility**

ئەو پەیوەندییەی لە نێوان پێداویستیە مرۆڤایەتیەکان و بەرهەمە جیاوازەکاندا هەیە، هەندێك وا پێناسەی دەکەن کە بریتیە لە حاڵەتی باش پێ ژیان یان تێربوون یاخود خۆشگوزەرانی، واتە توانای شتێك لەسەر خۆ تێرکردن لەو پێداویستیانەی کە مرۆڤ هەستیان پێ دەکات . ڕەنگە سوود لێوەرگرتن روو لە کەمبوون بێت (diminishing utility) یان دوایی و کۆتایی شت بێت (final utility) یاخود لەپەراوێزدا - قەراغیدا - بێت (marginal utility)، یانیش گشتی بێت (total utility) .

کۆمەڵگەی ئایدیالی، یوتۆپیا المدن الفضلة **Utopia**

اليوطوبيا

مەبەست لە زاراوەی - یوتوبیا- کۆمەڵگەیەکی خەیاڵی لە پێناو بەختیاری مرۆڤ، دوور لە کەموکورتی مرۆڤایەتی، هەروەها مرۆڤ لەو کۆمەڵگا ئەندیشەییە، دوور لە ململانێ یان ناکۆکی و هەر جۆرە خراپەکارییەك بژێت، دوور لە هەر دیاردەیەك کە بەهۆی کارلێکی مرۆڤایەتییەوە روو دەدەن لە هەر کۆمەڵگایەك بێت لە رابردوو لە ئیستادا . لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا، وشەکە بەکاردەهێنرێت وەك هێمایەك بۆ پرۆژەیەك لە پێناو پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، کەماحالە جێبەجێکردنشی . لەگەڵ ئەوەشدا، هەر پرۆژەیەك بۆ پێشکەوتن و پەرەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئامانجی دانانی سیستمێکە، بەڵام هێشتا ئەو سیستمە بوونی نیە. هەروەها هەموو چاککارێکی کۆمەلایەتی پێویست دەکات پشت بە نموونەیەکی ئایدیاڵی دیاریکراو ببەستێت، ئەو نموونەیە دەبێتە بناغەی کارەکەی، ئەمە و پێشکەوتنی کۆمەڵگەش پێویستە ئامانجێك یاخود نموونەیەکی باڵای هەبێ، بۆیە یۆتۆبیا پێویستە بۆ بەرێوەبردن کۆمەڵگە .

تەماشا بکە: ئایدیولوجیا **Ideology**

V

شوێن کاری بەتاڵ الوظيفة الخالية **Vacancy**

پۆستی چۆڵ

ئەو فەرمانەی(ئەو کارەی) شوێنەکەی بە بەتاڵی دەمێنێتەوە لەناو پلە و شوێنە بریار لەسەر دراوەکانی دامەزراوەیەك، ئەویش بەهۆی دەست لەکارکێشانەوە، یان دەرکردنی فەرمانبەرەکە لەکارەکەی، یاخود بەهۆی کۆچی دوایی و یانیش بەهۆی دروست بوونی ئەو پلەیە کە پێشتر بوونی نەبووە .

دەربەدەری التشرد **Vagrancy**

بێلایەنی

واتە مرۆڤ شوێنی نیشتەجێی زانراوی نەبێت، هەروەها نەهۆکارەکانی ژیان و نە ئەرکێك و نەکارێکیشی نەبێت . ئەمەو سەرەرای پەنابردن بۆ پاڵدانەوە و تەمەڵی، هەر چەندە توانای کارکردنی هەیە بەڵام رێگای سوالکردن و خێر پێکردن دەگرێتەبەر، بەکەسی بێلانەو دەربەدەریش دەوترێت (vagabond).

بێ لایەنی هەرزەکاران - مێردمنداڵان تشرد الأحداث **Vagrancy** و **juvenile**

حاڵەتێکە تێیدا مێرد منداڵان، ئەوانی تەمەنیان لە -18- ساڵ کەمترە، لە ماڵی کەس و کاریان ئەوی سەرپەرشتی و بەخێویان دەکات دووردەکەونەوە سەری خۆیان هەڵدەگرن، هیچ پیشەو کارێکیانیش نابێت، بەڵکو لەسەر داوێن پیسی و کرداری خراپ و قەدەغەکراو دەژین .

راستگۆیی الصدق **validity**

راستێنی الصحة

راستگۆیی، چەمکێکی فراوانە، چەند مانایەك هەڵدەگرێت، جیاوازیان تێدا دەبێت بەپێی جیاوازی ئەو بابەت و باسانەی توێژەران گرینگی پێدەدەن لە کاتی باسکردنیان بۆ واتای راستگۆیی . لەبواری توێژینەوەدا، مەبەست لە راستگۆیی، تاقیکردنەوە ئەوە پێوانە بکات کە بۆ پێوانەکردن دانراوە، واتە، تاقیکردنەوەی راستگویانە ئەو دیاردەیە پێوانە بکات کە دەڵێ پێوانەی دەکەم وهیچ شتێکی دیکە لەجیاتی ئەو یاخود سەرەرای ئەو پێوانە ناکات . تاقیکردنەوەی - توانای میکانیکی - (نموونە) بۆ ئەوەی راستگۆ بێت پێویست دەکات بەپێی توانا، پێوانەی تەنها ئەو دیاردەیە بکات، نەك پێوانەی شارەزایی و لێهاتوویی کاری دەستی بکات لەجیاتی توانای کارە میکانیکیەکە . دەوترێت : هاوکۆڵکەی راستگۆیی ( coefficient of validity) دیارە ئەوەش، رادەی سەرکەوتنی هۆکارەکانی پێوانەکردن رووندەکاتەوە، لە پێوانەکردنی ئەوەی پێی سپێردراوە بۆ بۆ پێوانەکردنی .

هەڵسەنگاندن التقدير **Valuation**

نرخ بۆ دانان

بریاردان لەسەر بەهای شتێك، ئەویش تارادەیەك نزیکبوونەوە لە راستی، بریاری هەڵسەنگاندن - یان نرخاندن - لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاواز دەبێت بەپێی جۆری بیرو بۆ چوون و ئاراستەکان. بۆیە هەڵسەنگاندنی کەسی، (subjective valuation) زۆرداری بەسەرەوە دەبێت، بەڵام هەڵسەنگاندنی بابەتیانە (objective valuation) ئەو هەڵسەنگاندنە دەکرێ بگەین پێی لەرێگەی پێوەرێکی بابەتیانە کە هەر جۆرە ئارەزوو ویستێکی کەسێتی تێدا رەچاونەکرێت .

بەها　　القيمة　　**Value**

هەر شتێك جێگای بایەخپێدان و چاودێری و ئاواتی تاك بێت، لەبەر چەند هۆیەكی كۆمەڵایەتی، یان ئابوری، یاخود سایكۆلۆجی ........ هتد . بەهاكان چەند رێو شوێن و سەلێنراوێكی بەدەست هاتوون لە هەل و مەرجی كۆمەڵایەتیەوە، تاك تێر دەبێ لێیان، بەهۆیانەوە بریاریشی پێدەدات، بوارەكانی بیركردنەوە و رەفتاری دیاری دەكات و كاریگەریشی بەسەر سەر فێربوونی دەبێت. راستگۆیی دەست پاكی و ئازایەتی لەقسەكردن و گوێ رایەڵی و هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی، هەموو ئەوانە بەهان، تاك لەكۆمەڵگا كەیەوە بەدەستی دەهێنێ كە تێیدا دەژێت . بەهاكان جیاواز دەبن بەپێی جیاوازی كۆمەڵگاكان بەڵكو بەپێی كۆمەڵە بچووكەكانیشەوە . بەها رەنگە ئەرێنی بێت یان نەرێنی، وەك پابەندبوون بەبنەمایەك لە بنەماكان، یاخود بەپێچەوانە ریسواكردنی ویستی دووركەوتنەوە بێت لێی . هەموو بەهایەك دوومانای هەیە، یەكێكیان بابەتیە (objective) بەپێی ئەو مانایە، بەها هەر شتێك لەشتەكان یان بوونێك لەبوونەوەرەكان، وای لێدەكات كە جێگای ویستن و بەدەست هێنان بێت، یاخود جێگای رێز لێنان بێت .ماناكەی دیكەی بەها خودییە (subjective)، ئەویش كەسێكی دیاریكراو ویستی بۆی دەبێت، یان رێزی دەگرێت، لێرەدا بەها لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی دیكە جیاوازی دەبێت بەپێی ئەو هەڵوێستەی كە دەوری هەر یەكێكیان دەدات، هەروەها بەپێی پێداویستی و چێژو حەزیان . لە هەر كۆمەڵگەیەك چەند بەهایەك هەیە كە لە ژماردن نایەن، وەك بەهاكانی جوانی (aesthetical) كەدیاردەی ناشرینی و جوانی روونەدەكەنەوە، واتە پێوەرەكانی ناشرینی و جوانی نیگاردەكێشن، هەروەها - وەك نموونە - ئەوە دەردەخەن كە كەی هونەرەكان جوان دەبن و كەی وا نابن. بەها ئاكارییەكان (ethical) ئەوانیش پێوەرەكانی باشە و خراپە دیاری دەكەن، ئەوەش روونەدەكەنەوە كە كەی كارێك یاخود شتێك باش دەبێت و كەی خراپ دەبێت . بەها لۆژیكیەكان یان ئەقلیەكان (logical or rational) ئەوانیش راستی و هەڵە لەكارو بیرو باوەرەكان روونەدەكەنەوە . بەشیكردنەوەی جۆرەها بەهای جیاواز، دەكرێ ئەوانە رێك بخرێن ئەویش لە پێوەرێكی پلە بە پلەو بەپێی گرینگیان (values scale)، بەها نزمەكان لەخوارەوەی پێوەرەكە بن، دواتر ئەوانی ناوەراست لەناوەراستی پێوەردا، پاشانیش بەها بەرزەكان لەسەرووی پێوەرەكە دەبن، كەناوی لێدەنرێت، باشەی باڵا - بەرزترین چاكە - (summum bonum).

تەماشا بكە : زانستی بنچینەی بەهاكان - ئەكسیولۆژیا -　　**Axiology**

بەهای كۆمەڵایەتی　　**social value**

بەهای زێدەكراو　　القيمة المضافة　　**Value و added**

بەهای خراوە پاڵ

جیاوازی لە نێوان بەهای بەرهەمە نوێیەكە و نێوان بەهای كەل و پەلە نێوەندگیرییەكە، واتە ئەو بەهایەی دەخرێتە سەر بەهای كەل و پەلە نێوەندییەكە، ئەویش وەك ئەنجامێك بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنانەكە . بەهای زێدەكراو بە تێكرای داهاتی نەتەوەیی یاخود بەرهەمی نەتەوەیی دادەنرێت، ئەو بەهایە بریتیە لە كرێ و سوودەكانی سەرمایە و قازانجەكان .

بەهای ئابوری　　القيمة الاقتصادية　　**Value و economic**

لەئابوریدا، بەها زاراوەیەكە گوزارشت لە گرینگی ئابوری دەكات، كە تاك یان كۆمەڵگە دەیخاتە پاڵ كاڵایەك یانیش خزمەتگوزارییەك . تیۆرییە جیاوازەكان دەربارەی بەها، جەخت لەسەر گەڕان و پشكنین دەكەن بەدوای ئەو هێزو لایەنانەی كە نرخە رێژییەكان بۆ كاڵاو خزمەتگوزاریەكان دیاری دەكەن. ئابوریناسان جیاوازی لە نێوان دووبەها دەكەن :

1- بەهای بەكارهێنراو (use -value)، مەبەستیش لێی گرینگی كاڵایەك یاخود خزمەتگوزاریەك لەو رووەوەی كە پێداویستی كەسی بەرهەمهێن تێر دەكات و بەكاریشی دەهێنێت بۆ بەدیهێنانی ئەو تێركردنە، یانیش بۆ ئەو كەسەی كە

بەدەستی دەکەوێت لە پێناوی هەمان مەبەست.

2- بەهای ئاڵ و گۆرکردن (exchange -value)، گوزارشت لەو پەیوەندییە دەکات کەلە نێوان ئەو کاڵایەی کە کەسێك بەرهەمی دەهێنێت و نێوان کاڵاکانی دیکە، ئەوانی لەلایەن کەسانی دیکەوە بەرهەمهێنراون. بە بۆ چوونی -کارل مارکسی - کار ئەو پێوەرە هاوبەشەی نێوان شتەکانە، واتە کاری بەرجەستەکراو لە شتەکاندا، ئەوە پێوریەتی، کار ناوەرۆك یان مادەی بەهایەکە، هەموو کاڵاکانیش، لەو رووەوەی کە بەهان، ئەوانە کاری مرۆڤایەتین بەڵام لەبارێکی بەستوی بێ جوڵە یان بەرجەستە بوون. پێوەری بەهای کاڵایەك، بریتیە لەو ماوەیەك بەکارهێنراوە بۆ بەرهەمهێنانی، واتە، ئەو ماوەیەی پێویست دەکات بۆ بەرهەمهێنانی لە رووی کۆمەڵایەتیەوە، ئەو ماوەیەی کە هەموو کارێك دەیخاینێت بۆ جێ بەجێکردن بەئاستێکی مام ناوەندییانە لە رەنجدان و لێهاتوویی، ئەویش لەبارودۆخێکی ئاسایی بۆ ناوەندێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا . هەندێ لە ئابوریناسان، مەبەستیان لە بەهای کۆمەڵایەتی (social value) رادەی بەشداریکردنی کاڵایەك یان خزمەتگوزارییەکە لە بەدیهێنان خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، ئەو بەشدارییەش رەنگە بە هیچ جۆرێك پەیوەست نەبێت بەو نرخەی کە بەراستی بەکاڵاکە دەدرێت.

**ململانێ - کێشمەکێشی بەهاکان** تضارب القيم **Value conflict**

واتە، دژێتی و ناکۆکی نێوان بەهای گروپە جیاوازەکان لەیەك کۆمەڵگە، ڕەنگە کولتوری گروپێکی کۆمەڵگە، ئاراستەیەکی کۆنە پارێزو بەردەوامی و پارێزگاری داب و نەریتەکانی هەبێت و بەرهەڵستی لە هەموو چاکسازییەك بکات، لە کاتێکدا کولتوری گروپێکی دیکە ئازاد و سەربەست بێت لە هەڵسەنگاندنی بیرو بۆ چوونەکان ئەویش لەسەر بنچینەی سوود گەیاندن، بۆیە پێشوازی لە هەر گۆرانێك دەکات و بە پێشوازییەکی باشەوە .

**وێرانکردن** التخريبية
**تێکو پێکدان** التدميرية **Vandalism**

بنەمای وێرانکردن و کاولکردنی هەر شتێکی جوان و بە ئەنقەست، ئەم وشەیە لە (ئەلوانـدال)ەوە وەرگیراوە، ئەوانی بە ویست و ئارەزووی کاولکاری ناسرا بوون.

**هەلبژاردەی تیاچوو - نەماو -** الاختيار المتلاشي **Vanishing choice**

تیۆرییەکە لە لایەن مێژوو نووسی - ئەرنولد توینبی - یەوە دارێژراوە، ناوەرۆکەکەی بریتیە لەوەی : پێشکەوتنی زانست و تەکنولۆجیا دەبێتە هۆی زور بوونی حالەتی لە یەکچوون و یەکگرتن لە کاڵاو شتەکاندا، ئەو دیاردەیەش ئەنجامەکەی، بەناچاری دەبێتە هۆی لە دەستدانی مرۆڤ بۆ ئازادی هەڵبژاردەن .

**گۆراوەکان** المتغيرات **Variables**

گۆراوەکان لە ئاماردا، ئەو زانیاریانەن کە دەگۆرێن لە حاڵەتی بەهایەکەوە بۆ بەهایەکی دیکە، توێژەر گرینگی بە پێوانە و بەدۆزینەوەی پەیوەندی نێوانیان دەدات . گۆراوەکان سێ جۆرن :

1-گۆراوی سەربەخۆ (independent variable)، واتە فاکتەری هۆکار، وەك ئەوەی ژیانی منداڵێك لەناو چینێکی کۆمەڵایەتی، فاکتەری سەربەخۆ بێت، یان فاکتەری هۆکار بێت بۆ دیاریکردنی ئاستی زیرەکی .

2-گۆراوی متمانەدار، یان ئەنجام، یاخود پەیوەندار (dependent variable)، واتە ئەو فاکتەرەی پشت بە فاکتەری هۆکار دەبەستێت، کە بەزۆری پەیوەست دەبێت پێوەی و ئەنجامیشە بۆی . لەم بارەدا، ئاستی زیرەکی منداڵەکە لە

گریمانەی پێشو، متمانە دەکات و پەیوەستیش دەبێت بە ژیانی و بە گوزەرانیەوە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بەرێگایەکی کۆمەلایەتی دیاریکراو .

3-گۆڕاوی نێوانگیر، یاخود فاکتەری روونکردنەوە (intervening variable)ئەم فاکتەرە لە جۆری فاکتەرەکانی پێشو نیە، ئەگەرچی دەکەوێتە نێوانیان و جۆری پەیوەندی نێوانیانیش راڤە دەکات . لێرەدا ناهۆشیاری نەست و گرێ دەروونیەکان و ئەقلی کۆکراوە، لەو فاکتەرە روونکەرەوانە بۆ جۆری پەیوەندی نێوان فاکتەری سەربەخۆ و فاکتەری ئەنجام.

جیاوازی و
لێك نەچوون | التباين | **Variance**

جیاوازی لە ئاماردا، بریتیە لە، دووجایە ناوەندییەکانی جیاوازی بەهاکان بۆ ناوەندەکە، واتە چارەکە لادانی پێوانەیی . لێك نەچوون لە لادانی پێوانەیی جیاوازدەکرێتەوە بەوەی کە بەکارهێنانی فراوانترە و بە کەڵکی زۆر پرۆسەش دێت .

گۆڕانەکان | التغيرات | **Variations**

شیکردنەوەی ئاماری، گرینگی بەگۆڕانە جیاوازەکان دەدات، هەڵدەسێت بە پێوانە کردنیان، لەبەر ئەوەی ئەو پێوانانە سوودیان دەبێت لە وەرگرتنی بریارەکان دەربارەی پلان و پێش بینیەکانی ئاییندە .

پەچە
تارا | الحجاب | **Veil**

پەچە بەشێکە لە جل و بەرگی ژن، بەهۆیەوە رووی دادەپۆشێ، دیاردەکە لەسەردەمی یۆنان و رۆمانەوە هەبووە، ئاماژەیەکی ئەفسوناوی هەیە و هێمایەکە بۆ نەریتی کچانی پەرستگاکان بەلەبەر کردنی ئەو تارایە لە کاتی ئاهەنگە ئاینیەکان . تارا چەندین رەنگی جیاوازی هەبووە بەدرێژایی سەردەمەکان، هەلگرتنیشی نیشانەیەك بوو بۆ ئازاد بوونی ژن.

تۆڵەی خوێن سەندن | الأخذ بالثأر | **Vendetta**

تەماشا بکە : تۆڵەکردنەوە | **Retaliation**

بریاری سوێند خوران | قرار المحلفين | **Verdict**

بریارێکی بە کۆمەڵە لەلایەن دەستەی سوێند خۆرانەوە، دەربارەی ئەو مەسەلە راستیانەی کە دەخرێنە بەردەمیان . رەنگە بریارەکە بەرێگای پشك خستن (chance verdict) بێت، واتە لەرێگای پشك فرێدان نەك لە رێگای رێککەوتنێکی دروستەوە، ئەو شێوە بریارەدیارە بەرەوا زانراوە، تا ئەو کاتەی یاسا نوێیەکان کۆتاییان پێ هێنا . هەروەها رەنگە بریارەکە بەرازیبوون رێککەوتن (compromise verdict) بێت، دەستەی سوێند خوران وەریدەگرن لە ئەنجامی وازهێنانی چەند ئەندامێکی لە بیروڕای خۆیان .

پەکلاکردنەوە | التحقق | **Verification**

لێکۆڵینەوە | التحقيق

مەبەست لە زاراوەکە، کرداری گەیشتنە بە راستی ئەو گریمانەیەی کە راستگۆییەکەی نەسەلێنراوە، ئەویش لەرێگای شیکردنەوەی ئاماری بۆ زانیاریەکان . لێکۆڵینەوە - یان سەلماندن - رەگەزی بنچینەییەلە میتۆدی زانستیدا . لێرەدا چەند جۆرێکی جیاوازی لێکۆڵینەوە هەیە، لەوانە: لێکۆڵینەوەی دووبارەکراوەیی ( riplication verification)ئەویش بەدووبارەکردنەوەی کارراییەکانی لێکۆڵینەوە. لێکۆڵینەوەی هاوئاهەنگ - بەیەك بەستنەوە ( consistency verification)ئەویش بەرێگای پەیوەست کردنی نێوان بەستنەوەی لۆژیکی بۆ گریمانەکان لەگەڵ سیستەمە تیۆرییەکان. لێکۆڵینەوەی بەرامبەری هاوتایی

(correspondence verification)ئەویش بەکرداری گەیاندنی نێوان سەرنجدانە ئەزموونیەکان و گریمانە تیۆرییەکان بەیەکەوە .

**جەنگاوەری کۆن** — المحارب القديم — **Veteran**

**کۆنە سەرباز**

ئەو کەسەی ئەرکی راژەی سەربازی بەجێگەیاندووە، پاشان گەراوەتەوە سەر ژیانی پێشووی خۆی، ئەویش دوای تەواوکردنی خزمەتی سەربازی .

**مافی نارەزایی - ڤیتو -** — حق الأعتراض الشعبي — **Veto, popular**

نارەزایی دەربرینی ژمارەیەك لە دەنگدەران بە پێی دەستور لەسەر یاسایەك و لەماوەیەکی دیاریکراو لە مێژووی دەرچونیەوە. داواش دەکرێت یاساکە بخرێتە بەردەم راپرسی جەماوەری. لەم بارەدا راپرسییەکە دەبێت ئەنجام بدرێت، ئەگەر رەزامەندی لەسەر یاساکە نەدرا، ئەوا دەبێ هەڵبوەشێتەوە .

**بەد رەفتاری** — ١ – الرذيلة — **Vice**

رەفتاری تاکێك کەرێسا رەوشتیەکان پەسندی ناکات، بەهۆی زیانگەیاندنی بەکەسێتی لەرووی جەستەیی و ئەقلی و کۆمەڵایەتیوە، هەروەها بەهۆی گواستنەوەی کاریگەری بۆ کەسانی دیکە . دەوترێت بازرگانی کردن بە دیاردەی بەد رەفتارییەوە ( commercialized vice)، وەك ئاماژەیەك بۆ داوێن پیسی .

**خراپەکاری** — ٢ –العيب

**کەم و کورتی**

مەبەست لە زاراوەکە لەیاسادا دیاردەی خراپ، یان ئەو زیانەی بەشتێکەوە دەبەسترێتەوە، دیارە ئەوەش رێگا بەلایەنی زەرەرمەند دەدات کە داوای قەرەبوو بکاتەوە .

**بازنەی بەتاڵی هەژاری** — دورة الفقر المفرغة — **Vicious circle of poverty**

بازنەی بەتاڵی هەژاری بریتیە لەکۆمەڵە بازنەیەك لەو هێزانەی کە کارتێکردنیان لەسەر یەك دەبێت و کارلێکردنی هەندێکیان لەگەڵ هەندێك دەبێت، بەجۆرێك هەژارەکان هەربە هەژاری دەمیننێنەوە بەشێوەیەکی بەردەوام . دیارە دەستکورتی و نەبوونی دەبێتە هۆی کەم خۆراکی، ئەویش دەبێتە هۆی لاوازی تەندروستی کە بە رۆڵی خۆی کاریگەری لەسەر کەمی بەرهەم هێنان دەبێت، دیارە کەم بەرهەمیش دەبێتە هۆی دابەزینی کرێ و موچە ..... بەو جۆرە .

**هۆیەکانی روونکردنەوە** — وسائل الأيضاح أو المعينات البصرية — **Visual aids**

ئەو هۆکارانەی کەلە پرۆسەی فێربووندا پشت بەهەستی بینین دەبەستێت، بەرەچاو کردنی ئەوەی کە چاو رێگای سەرەکیە بۆ فێربوون . لە بارێکی ئاسایدا، دەستەواژەی، هۆیەکانی بیستن و بینین (audio- visual aids)، بەکاردەهێنرێت وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو ئامرازانەی کە بەکاردەهێنرێت بۆ چاککردنی پرۆسەی فێربوون و روونکردنەوەی واتای وشەکان، یان بۆ راهێنانی تاکەکان لەسەر شارەزایی و لێهاتوویی یاخود گەشە پێدانی ئاراستەکان یانیش بۆ چاندنی بەهاکان، بێ پشت بەستن تەنها لەسەر وشە و هێما و ژمارەکان .

Village | القرية | گوند - دێ

یەکەیەکی نیشتەجێ بوونی کشتوکاڵیە، زیاتر لەوەی شارنشین بێت، ژمارەی دانیشتوانی لەلایەن هەندێ سەرچاوە بەیەک هەزار کەس تەخمین کراوە، لەهەندێ سەرچاوەی دیکەش ئەو ژمارەیە بە (2500) کەس دیاریکراوە، پێوەرە فەرمیەکان ئەوانی دێهاتەکان دیاری دەکەن جیاوازیان تێدا بەدی دەکرێت لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە.

لەم رۆژگارەدا هەندێ ناوچەی خۆجێ هەیە کە چەند گروپێکی تێدانیشتەجێن، ئەوانە بەگوند ناونراون، بەڵام لەڕاستیدا بەگەڕەکەکانی دەوروبەری شار دادەنرێن.

Village concil | مجلس القرية | ئەنجومەنی گوند

ئەنجومەنەکە، سەرکردەکانی گوندو نوێنەری ئەو دامەزراوانەی کەلەگوند هەیە، دەگرێتە خۆی، کاردەکات بۆ لێکۆڵینەوە لەکێشە کۆمەڵایەتیەکانی ناوچەکەو جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەی کەلەبەرژەوەندی گوندن.

هەروەها ئەنجومەن هەڵدەسێت بەرێکخستنی کاروپەیوەندییەکانی نێوان هەول و ڕەنجەکانی دانشتوانی گوندو نێوان هەوڵەکانی حکومەت بۆ پەرەپێدانی ناوچەکە.

violence | العُنف<br>الاكراه | توندو تیژی<br>ستەمکاری

بەکارهێنانی فشار یان هێز، بەکارهێنانێکی ناڕەواو بەپێچەوانەی یاسا، کە ئەنجامەکەشی کارتێکردن دەبێت بەسەر ویست و ئارەزووی تاکێك.

لەڕووی یاساییەوە ئەگەر توندوتیژی وفشار بەزۆر بەسەر ئەو کەسەی کە گرێبەستێك دەبەستێت سەپێنرا، ئەوا ئەو گرێبەستە ناڕەواو بێ کەڵك دەبێت.

virtue | الفضيلة | کارچاکی<br>ڕەند

خۆبەستنەوە بەشەرەف و ئابڕوو ڕەوشتی ڕاست، زاراوەکە ئەگەر بەژنیش وترا، ئەوا مەبەست لێی داوێن پاکیە.

Vital stabistics | الاحصاءات الحيوية | ئامارە زیندووەکان<br>زانیاری ژیان

ئەو جۆرە ئامارانە، لە بوارەکانی ئاماری دانشتوان و بزاوتیان دەکۆڵێتەوە لەڕووی زۆربوون و کەمبوونەوە، هەروەها لایەنە شاراوەکانی ژیانیان لەڕووی تەندروستی و نەخۆشیەکانیش دەگرێتەوە، لەگەڵ سەرژمێری دانشتوان و ئاماری لە دایك بوان و مردووەکان، سەرەرای ئامارەکانی هاوسەرگیری و لەیەك جیابوونەوە و ئاماری نەخۆشیەکان و بریندار و مردن بەو هۆیانەوە .....هتد، هەموو ئەو لایەنانە دەکەوێتە بواری تۆێژینەوەی ئەو زانستە .

Vitalism | المذهب الحيوي | رێبازی زیندەکاری زیندەکارێتی -

بیروڕایەکە دەڵێت : دیاردە زیندووەکان چەند خەسڵەتێکی دیاریکراویان هەیە، نموونەیان نیە لە دیاردە کیمیاوی و فیزیاوییەکان، بۆیە هێزێکی زیندووی جیاواز لە هێزە مادییەکان دەگرێتەخۆی

Vocation | ١ – المهنة<br>الوظيفة | پیشە<br>بەرپرسیارێتی

Profession occupation — تەماشا بکە : پیشەیەکی سەربەست پیشە

توانایی ئامادەیی — ٢– الاستعداد

aptitude — تەماشا بکە : لێهاتوویی شیاوی

ئاراستەکردن ڕێنمایی پیشەیی — التوجية المهني — Vocational guidance

Guidance و vocational — تەماشا بکە : رابەری ئاراستەکردنی پیشەیی

راهێنانی پیشەیی — التدريب المهني — Vocational training

مەبەست لێی، چەند بەرنامەیەکی کورتە بۆ راهێنان، ئامانجیش لێیان پەرەپێدان و زۆرکردنی زانیاری و شارەزاییەکانی تاکە، ئەویش وەك پێویستیەك بۆ کۆمەڵە پیشەیەکی پەیوەندار لەگەڵ یەك . بەڵام ئەگەر مەبەست لەراهێنانەکە پێگەیاندنی کرێکارانی شارەزا بێت و ئامادەکردنیان و دانپێدانانیان بێت، وەك بەشێك لەسیستمی قوتابخانەیی ئەوا ئەو کارە پێی دەوترێت فێربوونی پیشەیی (vocational education).

Training — تەماشا بکە : راهێنان، مەشق

ڕەوتی ئارەزووخوازی — النزعة الاختيارية — Voluntarism

ویست خوازی — الارادية

ڕێبازێکە هەموو بوونێك بۆ ویستی مرۆڤایەتی دەگەڕێنێتەوە، هەر بەپێی بۆ چوونی ئەو ڕێبازە، ویستی مرۆڤایەتی کارتێکردنی یەکەم و یەکلاکەرەوەی دەبێت لەدیاریکردنی گۆرانی کۆمەلایەتی .مەبەست لەئارەزووخوازی لەبواری لێکۆڵینەوە لە رەفتاری مرۆڤایەتی، ئاراستەیەکە داکۆکی لەسەر گرینگی ویستی بژاردەی تاك دەکات، هەروەها لە وەرگرتنی بریارەکان بۆ ئاراستەکردنی رەفتار . دیدی ئەم رەوتە بۆ رەفتاری مرۆڤایەتی، بریتیە لەوەی کە رەفتار دەبێ ئەقلانی و ئامانجدار بێت، بەگشتیش سنوردار نابێت بە فاکتەرە دەرەکیەکانەوە . نموونە شێوازی ویست خوازی (voluntaristic model) لە رەفتاری مرۆڤایەتی بەرامبەر نموونە و شێوازی هەربوونایەتی( deterministic mode) . دەبێت بەڵام ڕەوتی ویست خوازی لەرەوشتدا، بۆ چوونی وایەکە ویستی مرۆڤایەتی تەوەری هەموو بابەت ڕەوشتیەکانە و بەرزتریشە لە هەر پێوەرێکی رەوشتی دیکە، وەك ویژدان یان هێزی ئەقل، ئەوەی ویست بژاردەی دەکات کاری باش دیاری دەکات . لەبواری یاسادا، رەوتەکە ئەوە دەسەلێنێت کە پابەندبوونی بەرێسا یاساییەکان، گوزارشت لە ویستی گشتی کۆمەڵ دەکات، ئەو ویست خوازییە پشت بەویستی ئەو کۆمەڵە دەبەستێت نەك لایەنی دیکە .

ناوبژیوانی ئارەزوومەندانە - خۆویست - — التحكيم الآختياري — Voluntary arbitration

Arbitration — تەماشا بکە : ناوبژیوانی

گروپە خۆویستەکان — الجماعات الآختيارية — Voluntary groups

ئەو گروپانەی مرۆڤ ئینتیمایان بۆ دەکات بەویستی خۆی، مانەوەش تێیدا یان کشانەوەی هەر بە ویستی خۆی دەبێت. نموونەی ئەو گروپانە : یانەکان، گروپەکانی یاری، گروپەکانی هاورێیەتی، کۆمەڵەکانی هەرەوەزی، گروپەکانی سیاسە.

**Volunteer bureaus** مكاتب المتطوعين نووسینگەی خۆبەخشەکان

نوسـینگەی خۆبەخشـەکان وەك ئـامرازی بەیـەك گەیانـدن، لـەنێوان خۆبـەخش و دامـەزراوەی کۆمەڵایـەتی کاردەکـات، دامـەزراوە کۆمەڵایەتیـەکان لـە رێگـای ئـەو نووسـینگانەوە، کەسـانی خوبـەخش پەیوەنـدییان پێـوە دەکـەن و ئەنجوومەنـە گشتیەکان لەشارو دێهاتەکان پێکدەهێنن . ئەو هاوڵاتیـە خۆبەخشـانە لـەکاتی بـێ ئیشـیان ئـەو کاروبارانـە یـان بـۆ فەراهـەم دەبێت کە شارەزاییان لێی هەیە و دەتوانن کاری تێدا بکەن .

**Voting** التصويت دەنگدان

**Suffrage**
**ana. Ballot** تەماشا بکە : دەنگدان

**Vow** النذر سوێندی خواپەرستی
پەیمانی وشکە سۆفیتی

بـەڵێنێکی پـیرۆزە بـۆ بوونـەوەرێکی سـەرووی سروشـت، بـەپێی ئـەو بەڵێنـە تـاك خـۆی پابەنـد دەکـات بـۆ سـەرفرازی یـان بەدەستهێنانی یارمەتیەکی چاوەروانکراو، یاخود هەستان بەخزمەتگوزارییەکی تایبەت یانیش کارێکی ئاینی، هەروەها خۆ دورخستنەوە لە جۆرە رەفتارێکی دیاریکراودا . دەوترێت، ئاە کردن (votive offering) ئەویش ئەو شتەی کـە دەکرێتـە قوربانی، وەك دڵسۆزییەك بۆ ئەو بەڵێنەی تاك خۆی پێوە بەستووە .

**Voyeurism** أختلاس النظر الشبقي تامەزرۆیی بینینی سیکسی

دیاردەیەکی نائاسایی سیکسـیە، بەهۆیـەوە تـاك دەگاتـە حاڵـەتی مەسـتی و سـەرگەرمی سیکسـی، ئـەویش بـەدیتنی کـردارە سیکسییەکان یان بەدزە تەماشا کردنی شوێنە سیکسییەکانی جەستەی رەگەزەکەی دیکە (بەرامبەر ) .

# W

**Wage** الأجر کرێ

المرتب رۆژانە

کرێ بەپێناسەکردنێکی ئاسایی، ئەو برە پارەیەیەکە ئیش کەرێك وەریدەگرێت، ئەوی توانا و رەنجی خۆی بەرامبەر کرێ دەداتە خاوەن کار، بەمەبەستی بەرهەمهێنانی کالاو خزمەتگوزاریەکان، لەژێر فەرمانی خاوەن کارەکەو بۆ بەرژەوەندی ئەو. بەلام، بەپێناسەیەکی ئابوری، کرێ بریتیە لە نرخی کار - بیری بورژوازی - ، یان نرخی هێزی کار - بیری مارکسی. کرێ رەنگە بنەرەتی - سەرەکی (basic wage)بێت واتە ئەو برە پارەیەی کە دەدرێت لەبەرامبەر ئەو کارەی کە ماوەیەکی ئاسایدا ئەنجام دەدرێت . هەروەها رەنگە کرێ سەربار زیادەکراو (overtime wage) بێت، ئەویش بریتیە لەو زیادەی کە دەدرێت بەکرێکار سەرەرای کرێ ئاساییەکەی خۆی، لەبەرامبەر ئەو کارەی ئەنجام دەدرێت لەدەرەوەی ماوەکانی کارکردنی بریار لەسەر دراو، دیارە ئەو کرێیەش لەکرێی حالەتی ئاسایی زورتردەبێت . لێرەدا، کرێی بەناو دراوی (nominal wage)هەیە، ئەو کرێیەی بەدراو دەدرێتە کرێکار، بەرامبەر ئەو کارەی کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئەنجامی دەدات . هەروەها کرێی راستەقینە (real wage)هەیە، ئەویش کۆی ئەو برە پارە و خزمەتگوزرایانەیە کە کرێکار دەتوانێت بەدەستی بکەوێت لەبەرامبەر ئەو کرێ دراوییەی کە وەری دەگرێت، ئەو کرێیەش لەسەر ئاستی ئەو نرخانە دەوەستێت کە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکەو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگۆرێت. لێرەدا چەند رێگایەك هەیە بۆ ژماردنی کرێ، رەنگە کرێ لەسەر بنچینەی کات (daily or hourly wage)، بدرێت، بەلام ئەو شێوەیە بۆ نرخاندنی کرێ، جیاوازییەکانی نێوان تاکەکان و نێوان کرێکاران، هەروەها جیاوازی لە تواناکانیان دەربارەی ئەرك بەجێگەیاندنی و بەرهەمهێنانی رەچاو ناکات. رێگایەکی دیکەی نرخاندنی کرێ، کرێ پێدانە بەپێی رادەی بەرهەمهێنان (piece rate wage or output wage)، ئەم رێگایەش جەخت لەسەر جیاوازی لە نێوان تاکەکان دەکات و یارمەتی دۆزینەوەی هاندەریشی دەدات لای کرێکار بۆ زۆرکردنی بەرهەم .

**wants** الحاجات پێویستیەکان

خواست

مەبەست لە زاراوەکە لە ئابوریناسیدا، ئەوەیە کە هەستێکی مادی یان مەعنەوی هانی مرۆڤ دەدات بۆ کارو چالاکی ئەنجامدان لە پێناو بەدەست هێنانی کەل وپەل و خزمەتگوزاریەکان، لەوانی دەکرێ ئەو هەستە تێر بکەن، بەتەواوی یاخود لەبەشێکیدا . پێویستی و زەرورەتی تێرکردنیان، دوو هێزی هاندەرن بۆ ئەنجامدانی چالاکی ئابوری، هەر چۆنێك بێت وێنەکەی یان رادەکەی، هەروەها هەر چۆنێك بێت ئاستی پەرەسەندنی مرۆڤ یانیش کۆمەلگەی مرۆڤایەتی .

**War** الحرب جەنگ

چەند کارێکی دوژمنکارانەی چەکدارییە، بەقەبارەیەکی گەورە و پلەیەکی گەورە یان بچووك بەردەوام دەبێت لەنێوان دوو نەتەوە یان دوو دەولەت یاخود دوو حکومەت و یانیش زۆرتر . ئامانج لە پشتی کاروکردارەکانی جەنگ، هەریەك لەو لایەنانە، پاراستنی ماف و بەرژەوەندییە کانیەتی لەبەرامبەر لایەنەکەی دیکە. جەنگ تەنها لە نێوان دەولەتان روودەدات، بەلام خەباتی چەکداری لە نێوان چەند گروپێك روودەدات لەناو سنوری دەولەتێك، یاخود ئەو کاروکردەوانەی کە گروپێك پێی هەلدەسێت دژی دەولەتێکی بیانی . جەنگ روودەدات لە ئەنجامی کارلێکردنی چەند فاکتەرێك، گرینگترینیان: فاکتەرە کۆمەلایەتی و ئابوریەکان، هەروەها سیستمەکانی حوکمرانی لەو لاتانەدا . بەلام بەپێی بیرو بۆچوونی سۆسیالستەکان، ئەوان دیاردەی جەنگ بۆ بوونی چەند پەیوەندییەك دەگەرێننەوە لە نێوان خاوەن بەرژەوەندییە مادییەکان و نێوان جەنگی زۆرداری کە دەبنە هۆکار بۆ ئەو جەنگانە . جەنگەکان دوو جۆرن : جەنگی بەرگری، (defensive )روودەدات کاتێ خەلکی ولاتێك دوژمنێك دەبینن دەیەوێت دەست درێژییان بکاتە سەر ئەوانیش پەنا بۆ بەرگریکردنی دەبەن . جۆری دووەم، جەنگی زۆرداری و دەست درێژییە ( offensive)لێرەدا هێزێکی بیانی پەلاماری

گەلێکی ئاشتیخواز دەدات، هاندەریش بۆ ئەو جۆرە دەست درێژییە : لووت بەرزی و هەستی نەتەوەپەرستی، یان هۆیە ئاینی و سیاسییەکانە، هەروەها لە هۆیەکانی ئەو جەنگە دەستدرێژییە بەهۆی گرێی خۆ بەگەورەزان . دەوترێت جەنگی سارد (cold war)ئەویش زاراوەیەکە بەکارهێنانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی بڵاوبۆتەوە، وەك دەربرینێك دەربارەی حالەتێك لە گرژی، نێو دەوڵەتی، لەئەنجامی ناکۆکیەکانی نێوان ئەمریکاو یەکێتی سۆڤیەت (روسیای ئیستا ) . هەروەها جەنگ دەروونی (psychological warfare) هەیە، مەبەستیش لێی بەکارهێنانی پرۆپاگەندەو هۆکارە دەروونیەکانی دیکەیە بەمەبەستی کارتێکردن لەسەر ورەی دوژمن و ئاراستەکانی، بۆ خولقاندنی دووبەرەکی و نارەزایی لەناو ریزەکانی . هەروەها جەنگی ناوخۆیش (civil war)روودەدات، ئەو جەنگە لەناو رۆڵەکانی یەك وڵات یان زیاتر هەڵدەگیرسێ، هۆیەکانیشی بە زۆری ململانێی حزبی یان بوونی ئۆپۆزسیونێکی توونده بەرامبەر حکومەت .

لەدەستدانی ئابوری | الضياع الاقتصادى | **Waste economic**

بەفیرۆدانی ئابوری | الفاقد الاقتصادى

بەواتای دەست بڵاوی لەبەکارهێنانی دەرامەتەکانی بەردەست، لە دیاردەکانیشی بۆ نموونە زۆربوونی رێژەی بەفیرۆدان، یان لە دەستدانی دەرامەت و کەرەستەکان ئەویش لە رێژەیەکی ئاسایی زیاتر، یاخود پەکخستنی چەند دەرامەت و کەرەستەیەك، ئەگەر پەکخستنەکە لەبەش و لایەکی بێت، یانیش بە گشتی بێت، هەروەها زیادەرۆیی لە خەرجکردن لەسەر بەش و بابەتێکی پرۆژەیەك بێ هەر بیانوویەکی ئابوری . کۆمەڵگە پیشەسازییەکان، روودەکەنە هاندانی تاکەکان بۆ زۆر بەکاربردن، (wast making)، بەمەبەستی برەودان بەکاڵا پیشەسازییە جیاوازەکان، بێ ئەوەی دیاردەکە پێویست بە شت ومەکی راستی بۆ تاکەکان بکات.

هەست بە ئێمەکردن | الشعور بالنحن | **We- feeling**

ئینتیما بۆ گروپ

هەستی تاك لەناو گروپی سەرەتایی کە بەهۆیەوە رۆحی گروپ (we - spirit)پەیدا دەبێت، ئەو هەستە چەندین هێزی هەڵچوون و راکێشانی هەیە و دەبێتە هۆی ئەوەی کەسی لەناو گروپدا (in - group) بێت، هەروەها لە گروپی دەرەکی (our - group) جیای بکاتەوە .

گروپی هاوبەند | الجماعة المتماسكة | **We- group**

یەکپارچەیی

ئەو گروپەی تاك ئینیتمای بۆ دەکات، ملکەچی و دڵسۆزی و رێز و هاوکاری خۆی بۆ گروپەکە بە ئەرك دەزانێت، هەروەها خۆی پێ سەربەرزە بەو ئینیتمایە. تاکەکانی ئەو گروپە بەرِق و قینەوە تەماشای گروپەکانی دیکە دەکەن (they - group).

سامان | الثروة | **Wealth**

بەپێ بیرو بۆ چوونی تاك، زاراوەکە هەموو موڵك و ماڵی تاك دەگرێتەوە، ئەوی بەهای ئاڵوگۆرکردنی هەبێت . سامانی تاك هەموو دەرامەتە بە کەڵکەکانی دەگرێتەوە بۆ تێرکردنی بە پێداویستیەکان ئەگەر مادی بن یان مافێك بێت بەسەر ئەوانی دیکەوە. بەڵام لەتێروانینی کۆمەڵگەوە، سامان هەموو دەرامەتە سروشتیەکان و ئەو کاڵایانەی کە موڵکی کۆمەڵگەیە دەگرێتەوە، هەروەها دام و دەزگا گشتیەکانی وەك، رێگاکان، کانەکان. هێڵەکانی شەمەندەفەر.. هتد. زاراوەی سامان لە بەکارهێنانی تەسکیشدا، یەکسانە بەسەرمایە، ئەگەرچی مانای شێوەی خۆ تێرکردنیش دەبەخشێ، لە کاتێکدا سەرمایە جەخت لەسەر وزەی بەرهەمهێنان دەکات بۆمایەو پاشەکەوت لەو شتانەی کە بەهایەکی ئابورییان دەبێت.

ئاهەنگ شایی، هاوسەرگیری | حفل الزفاف العرس | **Wedding**

چەند هەڵس و کەوتێکی هێمایيە، بەپێی داب و نەریت، یان ڕێسا ئاینیەکان، تێیدا هاوسەرگیری لە نێوان پیاوێك و ژنێك دێتەدی .

خۆشگوزەرانی | ١-الرفاهية | **Welfare**

باشی بژێتی

بارێکە تێیدا پێداویستیە بنچینەییەکانی تاك و کۆمەڵگە، لە خۆراك، فێربوون، تەندروستی، دابینکردن دڵنیایی دژی کارەساتی ژیان دێتەدی .

چاودێری | ٢-الرعاية

خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیە ڕێکوپێکەکان، ئەوانی ئامانجیان چاککردنی بارودۆخی توێژێك یان کۆمەڵێك دەبێت .

خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی | **Cf.social welfare**

ئابورییەکانی خۆشگوزەرانی | أقتصاديات الرفاهية | **Welfare economice**

مەبەست لە زاراوەکە، ڕەچاوکردنی ئەو ڕادەیەی کەتێیدا سیستمی ئابوری دەگاتە ئەو ئامانجە سنوردارانەی کە پێشتر دیاریکراون، واگریمانەش دەکرێت کە بگاتە بەرزترین ئاست لە چاودێری کۆمەڵایەتی . هەروەها مەبەست لە زاراوەکە دانانی پلانە بۆ ئەو سیاسەتە گشتیانەی کارتێکردنیان لە گۆڕانکارییە ئابورییە ئاراستەکراوەکان دەبێت، بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکان. -بیگو ئەو کەسەی زاراوەکەی دارشتووە، دیدی وایە کە خەرجیەکانی بەرهەمهێنان، هەندێ تێچووە کۆمەڵایەتیەکان دەگرێتە خۆی، وەك چارەکردنی کرێکارانی نەخۆشی و چاککردنی هەل و مەرجی کارکردن، بۆیە ناوبراو جیاوازی کرد لە نێوان قازانج و سوودە کۆمەڵایەتیەکان و نێوان ئەوانی بەهۆی بەرهەمهێنانەوە پەیدا دەبن و نێوان قازانجە تایبەتیەکان . بەو پێیە ئابورییەکانی خۆشگوزەرانی، ئەو بەشەیە لە خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی کە پێوەری پارە دەگرێتە بەرباسی، بەرێگایەکی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ پاشانیش ئەگەر وایە کە زۆری خۆشگوزەرانی ئابوری دەبێتە هۆی زۆربوونی ڕکابەری لە خۆشگوزەرانی گشتی .

سندوقی چاودێری کۆمەڵایەتی | صندوق الرعاية الآجتماعية | **Welfare fund**

سیستمێکە لە لایەن دامەزراوەکانەوە پێکدێت، کەسایەتیەکی مەعنەوی سەربەخۆی هەیە، داهاتی تایبەتی لەبەردەستە بۆ خەرجکردن لەسەر بوارەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی .

دەوڵەتی خۆشگوزەرانی | دولة الرفاهية | **Welfare state**

دەوڵەتی خۆشگوزەرانی، ئەوەی کۆمەڵگە چاوەڕیی دەکات لەو دەوڵەتەی کە بەرپرسیارەتی ڕەسمی و ئاشکرا هەڵدەگرێت بۆ بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی بنچینەیی بۆ ئەندامانی . حاڵەتەکەشی دەردەکەوێت ئەگەر کۆمەڵگە یان ئەوانی کاروباری کۆمەڵگەیان بەدەستەوەیە باوەڕیان وابوو کە خوشگوزەرانی تاك لەگەڵ پاراستنی سیستم و ئاسایشی نەتەوەیی گرینگیەکی تەواویان هەیە، ناکرێ وازی لێبهێنرێت بۆ داب و نەریت، یاخود بۆ ڕێکخراوە نارەسمیەکان و پرۆژە تایبەتیەکان، بەڵکو ئەو کارە بەرپرسیاریەتی حکومەتە . لەبەرامبەر دەوڵەتی خۆشگوزەرانی، کە ئەرکی ئامادەکردنی خزمەتگوزارییە بۆ پێداویستییەکانی کۆمەڵگە، دەوڵەتی پاسەوان (gendarme state)هەیە، ئەرکی ئەو دەوڵەتەش کورت دەبێتەوە لە دانانی ڕێساو بنەماکانی پاراستنی سیستم لە کۆمەڵگەدا .

خۆشگوزرانی — الخير — **Well- being**

ئاسوودەیی — الرفاهية

تەماشا بکە : باش بژێتی — **Welfare**

جیهانی بینی — النظرة الشاملة للعالم — **Weltanschauung**

دیدی هەمەلایەن بۆ جیهان

وشەیەکی ئەلمانیە، ئاماژە بۆ چەمکی گشتی شێوەی بینینی جیهان دەکات (world out look)، بەو هەموو کۆمەڵگەو سیستمانەی کە تێیدا یە، ئەویش بەپێی دیدی تاك یان کۆمەڵگە لەمیانەی سیستمێکی بەهایی و پراکتیك کردنی ئەو تیۆرییە بەهۆی رەفتار و ئاراستە لە بار و گونجاوەکان . وەك ئەوەی بوترێت (دیدی ئەفلاتونی بۆ جیهان) یاخود (دیدی چەرخی ناوەراست بۆ جیهان).

خوێن بایی — الفدية، الدية — **Wergild**

گوناە پاککردنەوە

تەماشا بکە : گوناە پاککردنەوە سەرانە - — **Ransom**

چینی فەرمانبەران- یاخە سپی - — طبقة الموظفين — **White collar class**

دەستەواژەیەکە بەو فەرمانبەرانە دەوترێت کەلە کاروباری کارگێری‌و نووسینگەی فرۆشتن و هەر جۆرە کارێکی هزری دیکە کاردەکەن، نەك لەبواری کاروباری جەستەیی، ئەو زاراوەیەشی دەکەوێتە بەرامبەر چینی کرێکار. بەدەربرینێکی دیکە، ئەو فەرمانبەرانە، توێژێکی چینایەتی (stratum)لەناو چینی ناوەراست (middle class) پێکدەهێنن.چینی فەرمانبەران بە پێی دیدی خاوەنداریێتیەوە، ناکەونە نێوان هەردووڕەگەزی کار و ڕەگەزی سەرمایە، بەڵام بەکرێکار دادەنرێن.

تاوانە تایبەتیەکان — الجرائم الخاصة — **White collar crimes**

ئەو تاوانانەی کەسێکی رێزدار و خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرز پێی هەڵدەستێ لە ماوەی بەجێگەیاندنی کارو فەرمانەکانی . نموونەی ئەو تاوانانەش : دزین، فێڵکردن، دەسکەوتی نارەوا، گرێبەستە نایاساییەکانی بازرگانی، فێڵکردن لە جۆرەی کاڵاکان، بەرتیل وەرگرتن .. هتد سزای ئەو جۆرە تاوانانەش وەك باوە، کەمترە لەو سزایانەی کە بەرامبەر تاوانە ئاساییەکان بریاری لەسەر دەدرێت . زانای ئەمریکی (suther laud) لە لێکۆڵینەوەیەکیدا دەربارەی تاوانە تایبەتیەکان، باسی ئەوە دەکات کە زۆرێك لەتاوانەکانی پیاوانی کاروبار، ئەوانی سەربەچینە کۆمەڵایەتیە باڵاکانن، ئەو تاوانانە لە تۆمارکراوەکانی پۆلیس یان دادگاکاندا دەرناکەون، ئەویش بەهۆی لایەنگری دەسەڵاتە شارەزا و تایبەتەکان بۆ ئەوان، دیارە دەست رۆییان، یاخود شارەزایی و رۆشنبیریان دەرفەتیان بۆ خۆش دەکات خۆیان لە چاودێری دەسەڵات رزگاربکەن، چونکە توانای شاردنەوەی زۆر لە دیاردەی رووداوەکانیان هەیە.

کۆیلەی سپی — الرقيق الآبيض — **White slavery**

تەماشا بكە : white و Slavery

**فێربوونی گشتی** التعلم الكلي **Whole learning**

واتە كەسی فێربوو خوێندەوار ئەو بابەتەی خراوەتە روو هەمووی بخوێنێتەوە پاشان دووبارەی بكاتەوە . رێبازی گشتی بۆ فێربوون بەكاردەهێنرێت لەو حاڵەتەی بابەتەكە مانایەكی گشتی دەگرێتەخۆی، ئەوەش وا دەكات كە رەگەزی تێگەیشتن بۆ بابەتەكە بەگشتی كاریگەرییەكی زیندووی بەرچاوی هەبێت لە پرۆسەی فێربووندا. بەها و سوودەكانی ئەم رێبازە گشتیە زۆرتر دەبێت بۆ كەسانی زیرەك، چونكە ئەوان دەتوانن درك بە پەیوەندییەكانی نێوان بەشەكان بكەن و لەدوایشدا تێگەیشتنیان بۆ بابەتەكە وەك یەكەیەكی تەواوكار، زۆرتر بێت.

**بێوەژنی**
**بێوە پیاو** الترمل **Widowhood**

واتە، مردنی هاوسەری یەك لە هەردوو هاوسەرەكە (پیاو یان ژن )، دواتریشی سازنەكردنی هاوسەرگیری نوێ. سیستمەكانی دابینكردن دڵنیابوون ی كۆمەڵایەتی، بریار لەسەر یارمەتی بیمە - پێدان، بۆ ئەو بێوە ژنانە دەدات كە ناویان لەو دەزگا كۆمەڵایەتیە تۆماركراوە، مەرجەكەشی ئەوەیە كە ئەو ژنەی هاوسەگیری نەكرد بێ یان هیچ ئیشی و كارێكی دیكەی نەبێت.

**مافەكانی هاوسەر ژن -** حقوق الزوجة **Wife rights**

مافەكانی ژن بەسەر هاوسەرەكەی زۆرن، لەو مافانە، خەرجكردن بۆ پێداویستیەكان و كرینی جل و بەرگ، ئامادەكردنی خانوویەكی لەباری نیشتەجێبوون، لەو خانووەش پێداویستیەكانی ژیانی تێدا بێت، هەر لەمافەكانی ژن، نابێ مێردەكەی داوای خەرجی پێداویستیەكانی ناو ماڵی لێ بكات، بەڵكو پێویستە پیاو ئەركی ئەو خەرجكردنە هەڵبگرێت . هەندێ یاسا، دەسەڵاتی تەواو دەداتە ژن بۆ بەرێوەبردنی كاروباری ناو ماڵ ئەگەر بە توانا و لێهاتوو بوو، بەڵام چەند یاسایەكی دیكە ئەو مافە نادات بە ژن.

**ویست**
**خواست** ١ –الارادة **Will**

هەستكردن بەو مەبەستەی مرۆڤ ویستی لەسەرە، هەروەها سووربوون لەسەر جێبەجێكردنی . ویست لەبەر رۆشنایی بنەما رەوشتیەكان، چالاكیەكە مەبەست لێی چارەسەركردنی ململانێیە لە نێوان چەند ئامانجێك، ئەویش بەزاڵكردنی ئەو ئامانجەی كە پەیوەستە بەهەستەوە و بە ئەركیشی دەزانێ و دەیسەپێنێ بەسەر ئامانجەكانی دیكە كە هەڵچوونی دەروونی دەیان وروژێنێ . ئازادی ویست لەفەلسەفەی رەوشتیدا دوو ئاراستەی هەیە : ئاراستەیەك دیدی وایە كە مرۆڤ ئازادە و بەرپرسیارە لەبەرامبەر كردارەكانی، رەفتاریشی سەربەخۆیە و كارتێكردنی دەرەكی یان ناوخۆیی بەسەرەوە نیە . بەڵام ئاراستەی دووەم پشت بە بیرۆكەی هەربوونایەتی دەبەستێت، بۆ چوونی ئەم ئاراستەیە ئەوەیە كە تاك ئازادی بژاردنی نیە، بەمانا فراوانەكەی ئازادی.

**وەسیەت سپاردە -** ٢ –الوصية

بەڵگەنامەیەكە، بەهۆیەوە كەسێك ویست و داخوازییەكانی خۆی دەردەبرێ، دەربارەی چۆنیەتی هەڵس و كەوت كردن بەپارە و سامانی لەپاش مردنی . ئەو وەسیەتەش بەپێی رێسا و بنەمایاساییەكان دادەرێژرێت .

دانایی
ژیری

**Wisdom** الحكمة

ئاگاداری و وریایی له بەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا، هەروەها زانیاری تەواو بەهەموو ئەوەی مرۆڤ لە توانایدا دەبێت تێی بگات و زانینیش دەربارەیان پەیدا بکات، ئەویش بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ژیانی یان پاراستنی تەندروستی خۆی . کەسی داناوژیر، ئەو کەسەیەکە بە پێی بڕیارەکانی ئەقل رەفتار دەکات، یان بۆ هەر کارێك کەرەستە و پێداویستیەکانی ئامادە دەکات، یاخود ئەو کەسەی دەسەڵاتی بەسەر خۆیدا دەبێت و لە ویست و ئارەزووەکانی خۆی رزگار دەکات و بەرەو رووی کێشەکانی ژیان دەبێتەوە بە ئارامی و دڵنیایی .

جادووگەری

**Witchcaraft** السحر
الشعوذة

**Sorcery**
تەماشا بکە : جادوو، ئەفسونبازی

کشانەوە

**Withdrawal** الآنسحاب

لە دەروونناسیدا مەبەست لە کشانەوە، یەك لەشێوازەکانی ئەو رەفتارەیەکە دەبێتەهۆی لابردن و نەمانی نوشستی و بێ ئومێدی لای تاك. رەنگە کشانەوە فێلێك بێت وەك حاڵەتێکی بەرگریکردن تاك لەسەری ڕابێت و پەنای بۆ بەرێت . کشانەوە چەند دیاردەیەك دەگرێتەخۆی، لەوانە، ئالودە بوون بەمادە هۆشبەرەکان بۆ دوورکەوتنەوە لە واقیعدا .

مافەکانی ژن

**Woman s rights** حقوق المرأة

**Feminism**
تەماشا بکە : بزووتنەوەی ژنان

کارپێکردن بە ژنان

**Women و employment of** تشغيل النساء

**Female workers**
تەماشا بکە : ژنانی کارکەر

کار
پیشە

**Work** العمل

مەبەست لە زاراوەکە، بەمانا گشتیەکەی، هەر جۆرە کارکردنێك بێت، جەستەیی، ئەقلی کاری ئامێری، یان هێزە سروشتیەکان. لەکاتێکدا وشەی (labour)تەنها لەسەر کاری مرۆیی کورت دەبێتەوە . کارکردن بەپێی سروشتەکەی دابەش دەکرێتە سەر : کاری دەستی (manual)و کاری ئەقلی (intellectual)، بەڵام کارکردن بەپێی شێوەی ئەنجامدانی دابەش دەکرێتە سەر: کاری کارگێری (administrative) و کاری جێبەجێکردن (executive) هەروەها بەپێی جۆری دژواری، کاردابەش دەکرێتە سەر: کاری ئاسان (simple) و کاری پسپۆری (specialized) .

**Labour**
تەماشا بکە : کار

سورانەوەی کار
شۆربوونەوەی کار

**Work flow** تدفق العمل

ئەو چالاکیەی لەیەك لەنووسینگەکان یان لەیەك لەبەشەکان ئەنجام دەدرێت لەرووی چۆن و چەندو هەنگاوەکانی، هەروەها ئەو کاتەی کە دەیخاینێت . لێرەدا نەخشەکانی کار بەڕێوەبردن بەکاردەهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوە لەو بەڕێوەبردنە

لەگەڵ هەوڵدان بۆ زاڵبوون بەسەر فشاری کارەکە یاخود خراپ دابەشکردنی فەرمانبەران .

**Work improvement** — تحسين العمل — چاککردنی کار
چاکسازی لەکاردا

ماندوو بوون و ڕەنجدان، بەپێی بەرنامە و نەخشەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کارکردن، ئەویش لەڕێگای چاودێریکردنی نموونە و تۆمارکراوەکان، هەروەها شیکردنەوەی شێواز و کارراییەکان و چاودێری کردنیان .

**Workload** — عبء العمل — قەبارە بارگرانی سەنگی کار

بڕی ئەو کارەی کەتاك، یان بەشەکە، یاخود دامەزراوەکە، یانیش ئەوەندەی بڕیاری جێبەجێکردنی لەسەردراوە . لەبارێکی ئاسایدا گوزارشت لەو بڕە دەکرێت بەیەکە پێوانەییەکانی کار (standard work units)لێرەدا زانینی قەبارە بارگرانی کار، یارمەتی دەدات بۆ دیاریکردنی ژمارەی ئەو تاکانەی پێویستن لە هێزی کاردا.

**Work measurement** — قياس العمل — پێوانەی کار

پێوانەکردنی کار، یان هەڵسەنگاندنی کات، بریتیە لە تۆمارکردنی ئەو کاتەی هەر بەشێکی دیاریکراو لەو کارە دەیخاینێت، ئەویش لە پێناو شیکردنەوەی ئەنجامەکانی و پشکنینیان بەوردی، هەروەها بۆ ڕزگاربوون لە هەرکاتێکی بێ بەرهەم لە پێناو دانانی چەند پێوەرێکی پێوانەیی بۆ کات.

**Work relief** — أعانة العاطلين — کۆمەککردنی بێکاران

بڕە پارەیەکە لەلایەن چەند دامەزراوەیەکی پسپۆڕ و بەرپرس دەدرێت بەبێکاران، یان ئەوانی دەسکەوتی داراییان بەشی پێداویستیەکانیان ناکات، ئەو کارەشی بەپێی دانانی بودجەی کۆمەککردن دەبێت بۆ ئەو مەبەستە.

**Work simplification** — تبسيط العمل — ئاسانکردنی کار

ئەو کۆشش و هەوڵانەی تایبەتن بەشیکردنەوەی کاروبارە جیاوازەکان، هەروەها بەدواداچوون بۆ سوورانەوە و بەردەوام بوونی بڕەکەشی . ئەویش بەمەبەستی دوور خستنەوەی کاروبارە نازەروریەکان لە پێناو بەدەستهێنانی ئاستێکی گەورە لە لێهاتوویی و گەیشتن بە ڕادەی بەسیەتی لە ئەرك بەجێگەیاندن و کارڕایی و شێوازەکانی . دیارە ئەو دۆخەش وا پێویست بکات بەدووبارە دابەشکردنەوەی فەرمانبەران، یاخود گۆڕینی ڕێنمایی و کارڕاییەکان، یانیش هەموارکردنی سوورانەوەی کار بۆ ئەوەی لەگەڵ بوونیادی ڕێکخراوەیی لەبار و گونجاو بێت، یان بۆ دیاریکردنی دروستی و سەلامەتی بونیادی ڕێکخراوەیی، لە پێناو ئەوەی بەڕێوەبردنی کارەکە و کارڕایی و ئامرازەکانی لە بەردەوامی بەخور بێت .

**Work study** — دراسة العمل — توێژینەوە لە ڕەوشی کار

پرۆسەی پێداچوونەوەیەکی دووروودێژە بەکردارە پیشەسازییە بەدوایەکەکاندا، هەروەها لە وردەکاری و دوورودرێژی هەر بوار و لایەکیان. بابەتەکە لێکۆڵینەوە لە ڕێگاکانی کارکردن (method study)و پێوانەی کار (work measurement) دەگرێتەوە، هەروەها بەکاریش دەهێنرێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە دەستی کارو کەرەستە مادییەکان بەچاکترین شێوە بەکارهێنراون، ئەویش بۆ هەستان بەکارێکی دیاریکراو بەپێی توانا .

**Worker** — العامل — کرێکار

هەر تاکێك بەکارێکی دەستی یان نادەستی هەستێت لەبەرامبەر کرێیەك، کار بۆ خاوەن کارێك بکات و لەژێر دەسەڵات و چاودێری ئەودا بێت . وشەی کرێکار ئەگەر بەتەنها ناوی هات، ئەوە مەبەست لێی هەموو کارمەند و کرێکارانی دەستی دەگرێتەوە .

تەماشا بکە : کرێکار، زەحمەتکێشی | labourer

**Worker independent** | المشتغل لحسابه | کرێکاری سەربەخۆ

کرێکارێك سەربەخۆ کار دەکات، کرێکاری بەکرێ گرتە بەکارناهێنێت بۆ خۆی کار دەکات -، بەڵام ڕەنگە چەند کرێکارێك لە ئەندامانی خێزانی هاوکاری بکەن، ئەویش بەبێ کرێ .

**Worker “s education** | تعليم العمال | فێرکردنی کرێکاران

**Labour education** | تەماشا بکە : ڕۆشنبیری کرێکاری

**Working class** | الطبقة العاملة | چینی کرێکار

گروپی کرێکارانی دەستی لە کۆمەڵگەی پیشەسازی تازەدا، ئەوانی لە فەرمان و کارەکانی ئاستی خوارەوە کار دەکەن لە ناوچینی کۆمەڵگە، دیارە ئەوەشی هۆیەکەی بۆ داهات و پێگەو ئەو هەل و مەرجانەی دەوریانی داوە دەگەرێتەوە . هەروەها بەهۆی ئەو کێشانەی بۆیان خولقاوە لەئەنجامی ئەو بارودۆخەی کە تێیدا دەژین .

**Working conditions** | ظروف العمل | بارودۆخی کار

**Labour conditions** | تەماشا بکە هەل و مەرجی کار

**Working mothers** | الآمهات العاملات | دایکانی کارکەر

**Female workers** | تەماشا بکە : ژنانی کرێکار

**Working population** | الداخلون فى قوة العمل | بەشداربوان لە هێزی کاردا

**Population و active** | تەماشا بکە : دانشتوانی کارا

**Work manship** | المهارة فى العمل / البراعة | کارامەیی لە کاردا

ڕادەی شارەزایی و وردی، یان هەر توانایەکی دیکە کە کرێکار پێی هەستێت لە بەجێگەیاندنی کارەگەی یاخود لەبەرهەمهێناندا .

تەماشا بکە : لێهاتوویی لە پیشەدا | **Proficiency**

**Workshop** | الورشة / المشغل | کارگە

دامەزراوەیەکە، کرێکارانی دەستی کاری تێدا دەکەن، بۆ بەرهەمهێنان، یان کۆکردنەوەی بەرهەم، یاخود چاگگردنی کالاّ و کەرەستەکان . دەوترێت : کارگەی متمانە گێرانەوە ئامادەکردن (rehabilitation workshop) هەروەها کارگەی راهێنان مەشق ( training workshop)

**Works council** لجنة عمل مشتركة **ئەنجومەنی کاری هاوبەش**

لێژنەی کاری هاوبەش، پێکدێت لە نوێنەرانی کارگێری و کرێکاران، تایبەتیش دەبێت بەرێکخستنی کارو چاککردنی بارودۆخە کە و زۆرکردنی بەرهەم و سەرپەرشتی کردنی ئاسایشی پیشەسازی و .. هتد .

**World** العالم **جیهان**

لەفەلسەفەدا، بوارێکە بۆ بوون یان بۆ ئەزموون، وشەکە وەك باوە، کۆمەڵە بوونەوەرێکی لەیەکچوو دەگرێتەخۆی، وەك جیهانی سروشت و جیهانی دەروونی و .. هند . پێویست دەکات نێوان هەردوو زاراوەی جیهان و دونیا زەوی کە ئەستێرەیەکە لەسەری دەژین، تێکەڵ نەکەین. دەوترێت: جیهانی هەستی (sensible) واتە ئەو کۆمەڵە شتەی کە دەکرێ بەهۆی هەستەوە درکی پێ بکرێت. هەروەها، دەوترێت جیهانی ئەقلی (intelligible)، هەر شتێك پەیوەست بێت بەئەقل و بیرکردنەوە، لەجەوهەر و بەهاو ئایدیاکان. لێرەدا ئەو بەرامبەرییە، بنچینەی جیاوازییە لە نێوان رێبازی مادی و رێبازی ئەقلی. دەوترێت: جیهانی سێیەم (third world) بۆ کۆمەڵەیەکی گەورەی دەوڵەتان، کەلە جیهاندا لەرووی دانشتوانەوە پێگەی خۆی هەیە، بەڵام لەرووی ئابورییەوە دواکەوتووە.

**weltanschauung** تەماشا بکە : دیدی هەمەلایەن بۆ جیهان

**Worship** العبادة **پەرستن**
**خواپەرستن**

کۆمەڵە بیرو باوەڕو نەریتێکی ئاینیە، بەهۆیەوە تاك رێز لە هێزی خواوەندی دەگرێت. دەوترێت : خواپەرستی پێشینان باب و باپیران (ancestor worship)ئەویش ئەو شێوە داب و نەریت و خواپەرستیەیە کە لە سەردەمە سەرتاییەکان باوبووە. هەروەها ئاگر پەرستن (fire - worship) و پەرستنی هێز (worship of force) و پەرستنی ئەندامی نێرینە چۆك - (phallic worship) وەك دەربرینێك بۆ شکۆ و سەربەرزی هێزی داهێنەری سروشت، کە نێر هێمایەکە بۆی.

**Worth و net** صافی حق الملكية **مافی خاوەندارێتی**
صافی الاستثمار **پوختەی وەبەرهێنان**

زێدی سەرچاوە داراییەکان دەربارەی داشکاندنەکان لە پرۆژەیەکدا، یان لە مافی خاوەندارێتی.

**Writing** الكتابة **نووسین**

